شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری
(١٨٨٠)
لە بەڵگەنامەی قاجاری دا

محەمەد حەمە باقی

شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری
(١٨٨٠)
لە بەڵگەنامەی قاجاریدا

شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری

(١٨٨٠)

لە بەڵگەنامەی قاجاریدا

محەمەد حەمەباقی

■ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
ت (٢٩٩٩٢)

■ کتێبی ژمارە: (١٤)

■ کتێب: شۆڕشی شێخ عوبدوڵڵای نەهری: ١٨٨٠ لە بەڵگەنامەکانی قاجاری دا

■ نووسینی: محەمەد حەمەباقی

■ چاپی یەکەم: هەولێر - ٢٠٠٠

■ پیتچنین: کۆمپیوتەری بەدرخان- سەقز- عەتا بەرفی

■ بەرگی دەرەوە: محەمەد قادر

■ تیراژ: ٢٠٠٠

■ ژمارەی سپاردن (٤٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٠ی دراوەتێ.

■ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/هەولێر

کـاری ئــەم کتێبـە هــاتبووە دوایـــیو خــرابووە سـەر ترێـس، کـە برای هێژا **نێچیروان بارزانی** بەسوپاسەوە هاودەروێشیی لەگەڵمدا کـردو بـۆ پەیداکـردنــی بــەشێکـی تــر لــە بـەڵـگـەنـامەکانی عـوسمانــی لـەســەر شێخ عوبەیدوڵڵا و شۆڕشـی (١٨٨٠) لـە ئەرشـیفی عوسمـانـیدا، بەخەمـەوە بوو؛ تا لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو چەپکە بەڵگەنامەیـەش بـۆ کتێبێکـی دەوڵەمەنتر ئامادە بکەین، بە ناوی :

شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری

(١٨٨٠)

لەبەڵگەنامەی نیودەولەتیی‌دا

پێشکەشە بە :

یادی (١٧٠) ساڵەی لەدایکبوونی رابەری مەزن :
شێخ عوبەیدوڵلای نەهری

و

یادی (١٢٠) ساڵەی شۆڕشی (١٨٨٠)،
کە هەر ئەو رابەرە نوێخوازە رابەرایەتی کرد و
دۆزی رەوای کوردی گەیاندە قۆناغێکی هەمیشە نوێ.

سوپاس و پێزانین

لەم تەقەللایەی بەردەستتاندا، رەنج و ماندووبوونی هەمەجۆرەی گەلێ هاورێی دڵسۆزی تێدایە، کە بە پشوویەکی درێژ و پەرۆشێکی خاوێنەوە هاوکارییان کردووم و دەبێ بەوپەری سوپاس و پێزانینەوە ناویان بهێنم؛ بەرێزان:

ئاسۆ (محەمەد سەعید نەجاری) ، ناسر وەحیدی، ئیبراهیم حەسەنی، عەبدولخالق یەعقووبی، ئەمین گەردیگلانی – **بۆکان**

سەیید محەمەد سەمەدی، سەلاح پایانیانی – **مهاباد**

حاجی محەمەدشەفیع خزری، تاهیر ئاهەنگەری، ئازاد ئاغایی – **شنۆ**

خانم (م) کە پێی خۆش بوو ناوی نەهێنم، عەتا بەرفی، عومەر عەبدوڵڵابەگی، مەنسوور تەیفووری، مەنسوور شەهلایی، نەجیبە ئەحمەد –– **سەقز**

خانم فەرزانەی فەلاح – **تاران**

ئەنوەر سوڵتانی ، دیاری ئەحمەد –– **ئینگلستان / لندن**

ئەنوەر مەعریفەت – **دیواندەرە**

پێڕست

پێشەکی

هێشتا هیچ یەکێك لەو چەندین راپەڕین و شـۆڕش و بزووتنـەوە ئازادیخوازانـەی گەلـی کورد (کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا روویانداوە)، بە ئـەندازەی شۆڕشـی سـاڵی (١٨٨٠ ز)، لـە لایەن شا و سوڵتانی دەوڵەتانی دراوسـێ و سیاسـەتمەدارانی دنیـاوە، جێـی گرنگییپێـدان و هەڵوێست وەرگرتن و سەرنج لێـدان نـەبوون و لـە هـەمان کاتیشـدا هیچیـان ئـەوەندەی ئـەم شۆڕشە، راپۆرت و نووسـین و لێکۆڵینـەوەی مێژوویـی و کۆمەڵایـەتی و سیاسـییان لـە لایـەن نووسەرانی بیـانی و کـوردەوە لـەبارەوە نەنووسـراوە و هیچیشـیان ئـەوەندەی ئـەم شۆڕشـە و رابەرەکەی، بەڵگەنامەی لە ئەرشـیفەکانی دنیـادا لـەدوا بەجیٚنـەماوە؛ کـە بێگومـان هـۆی سەرەکی ئەم گرنگییپێدان و نووسینە زۆرە؛ هەر دەگەڕێتەوە بۆ جۆری بەرنامە و سیسـتەم و هەڵبژاردنی جوگرافیای راپەڕینەکە و جۆری هەڵکەوتن و بیرکردنەوەی تازە و هاوچەرخانەی رابەرە هۆشیارەکەی، کە شێخعوبەیدوڵڵای نەهرییە.

شێخعوبەیدوڵڵای نـەهری، کـە لـە دوا چـارەکی سـەدەی نۆزدەهـەمدا، وەك رابـەرێکی ئایینی و سیاسەتمەدارێکی سەردەمی تـازە، دەدرەوشـێتەوە؛ کۆمەڵگـەی کـوردی، لەوپـەڕی ژێردەستیی و پەرتـەوازەیی و لێکدابـڕان و هـەژاریی و ژێـر بـاری زوڵـم و زۆرداریـی و بـاج و سەرانە و بێگاریی هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسـمانیدا دەیناڵاند. هەردوو دەوڵەتی ئـێران و عوسـمانیش، کە نزیکـەی چـوار سـەدە، لـە ململانـێ و شـەڕێکی پچڕپچـڕی بـەردەوامدا دەژیان، لە لایەکەوە زۆربەی شەڕ و بەیەکدادانەکانیان لەسەر خـاکی کوردسـتان و لـە سـەر ئەستۆی مەزنان و ئێڵ و جەماوەری کوردستان بووە؛ کە جەماوەری کوردیـش بـە ئـارەزووی خۆیان بووبێت، یان بە زۆرەملـێ، لەم شەڕانەدا تێوەگلاون و بوونەتە سووتەمەنی و پاشکۆی یەکێك لەم دوو دەوڵەتە و چونکە کوردستانیش کەوتبووە نێوان هـەردوو دەوڵەتـەوە، بـوو بـە یەکێك لە رێگە سەرەکییەکانی لەشکرکێشییە گەورەکانی هـەردوو دەوڵـەت، بـۆ پـەلاماردانی شـار و مەڵبـەندە سـتراتیژی و گرنگـەکانی یـەکتری. لـە ئـەنجامی ئەمەشـدا، ئاواییـەکانی کوردستان وێران بوون، سامانی بە تالاّنی لەشکری داگیرکار دەبـرا. بـەروبوومی کشـتوکاڵ و ئاژەڵـی دەفەوتا، زەرەری گیانیی زۆری لێدەکەوت.[1]

ئەم داروبارەش هەمیشە کوردستانی کردبووە مەیدانێکی وێرانە و کاولـی زۆرانبازیی ئـەم دوو دەوڵەتە زلهـێزە و ئەمـەش هەمیشـە دەبـووە مایـەی زیـاتر دواکـەوتنی بـاری ئـابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی... کۆمەڵگەی کوردەواری؛ کە سـەرەرای ئەمانـەش، هـەر ئەم دوو دەوڵەتە، لە دوای هەموو شەڕ و بەیەکدا هەڵپژانێکدا؛ کە بە رێگەی رێکەوتننامـە و

---

[1] ساڵح محەمەد ئەمین ل ٢٦

پەیماننامە، دوایی هاتووە، ئاکامەکانی مەرج و داخوازیی هەریەکەیان لەویتر؛ بە بارێکی گرانتر، بۆ سەر کوردستان گەڕاوەتەوە.

لە سەرەتای سەدەی پازدەهەم و دروستبوونی دەوڵەتی ئێران؛ واتە: دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠١ ز) و هەوڵدانی شا ئیسماعیلی یەکەم (١٤٨٧ ز - ١٥٢٤ ز)، بۆ فراوانبوونی سنووری دەسەڵاتی، بە هەر چوار دەوری دەوڵەتەکەیدا و بۆ پەرەپێدان و بەزۆرسەپاندنی مەزهەبی شیعە (کە لە یەکەمین ڕۆژی شاهێتی خۆیەوە، شیعەی کردە مەزهەبی ڕەسمیی دەوڵەت)، لە زستانی ١٥٠٦ بە دواوە، لەو هێرش و لەشکرکێشییەدا، کە بە ناو کوردستاندا بۆ سەر دیاربەکر و مووسڵ و بەغدا (١٥٠٨) و لوڕستانی کرد و داگیر و کاولی کردن؛ دەستی لە هیچ نەپاراست و قەتلوعامێکی ڕەشۆکییانە و بەربلاوی موسڵمانانی سوننی مەزهەبی کرد.[1]

ئەم کارانەی شا ئیسماعیل، هەڕەشە و مەترسییەکی ڕاستەوخۆی بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروستکرد و سوڵتان سەلیم (١٥١٢ - ١٥٢٠ ز)ی عوسمانیش لە ساڵی ١٥١٤ ز - دا، بە لەشکرێکی گەورەوە، کە بەشێکی کوردی سوننی مەزهەب بوون؛ ئەویش هەر بە ناو کوردستاندا هێرشی بردە سەر تەوریز، (ناوەندی دەسەڵاتی سەفەوی) و سەرانی لەشکری سەفەویش، بۆ بەرگری لە هێرشەکە، بە هێزەکانیانەوە کشانەوە دواوە و لە دوای خۆیشیانەوە، هەموو ئەو ناوچانە، واتە: (کوردستان)یان سووتاند و کاولکرد، تا لەشکری عوسمانی نەتوانێ خۆراکی لەشکر و تفاقی بارەبەرەکانی لێ دابین بکات.[2]

ئەم دوو لەشکرە، لە دەشتی (چاڵدێران)ی باکووری خۆرئاوای زەریاچەی (ورمێ) بەیەکدا هەڵپژان و دوای شەڕ و کوشتارێکی زۆر، لەشکری سەفەوی شکا و لە ئەنجامی ئەم شەڕەشدا بەشێکی زۆری خاکی کوردستان، کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی...

سەرەڕای ئەمەش؛ لە سۆنگەی پشتیوانیکردنی کوردانی سوننی، لە دەوڵەتی عوسمانی، لە دژی دەوڵەتی شیعەی ئێرانی؛ شاکانی بەرودوای ئێران، ڕقێکی ئەستوور و مێژینەیان لە کورد هەڵگرت و بەڕێوەبردنی هەندێ لە میرنشینە میرایەتییەکانی کوردیان لە مەزنەکانی کورد سەندەوە. بەڵام بەپێچەوانەوە سوڵتان سەلیم، لەبەرامبەر ئەم پشتیوانییەی کورد، بە ڕاوێژی زانای ناوداری کورد؛ ئیدریس بدنیسی (١٤٥٢ - ١٥٢٠ ز)، بەڕێوە بردنی میرنشینە میرایەتییەکانی کوردی بە میرەکانی کورد سپاردەوە.

نموونەی ئەمجۆرە زنجیرە جەنگ و کاولکارییە، کە نزیکەی بیست ساڵێك لە نێوان سەفەوی و عوسمانیدا خایاندی؛ لە ئاکامدا بە ڕێکەوتننامەی: ئەماسیە (١٥٥٥ ز)ی نێوان شاتەهماسب (١٥٣١ - ١٥٧٦ ز) و سلێمان قانوونی (١٥٢٠ - ١٥٦٦ ز) دوایی پێهێنرا، کە

---

[1] استانفورد. جی. شاو و ازل کورال شاو . جلد ٢ ل ١٤٦

[2] هامر پورگشتال. جلد ٢ ل ٨٣٦ . هەروەها مجير شيباني، ل ٩١

به گوێرەی بەندەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە، کوردستان بەسەرهەردوو دەوڵەتدا دابەشکرا و بەمەش چەندان میرنشینی خۆجێیی نیمچە سەربەخۆی کورد (کە پێشتر هەبوون)؛ ئەوانەی بەری خۆرئاوا و باشووری کوردستان، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و ئەوانەی بەری خۆرهەڵاتیش، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی سەفەوی.

خاڵە سەرەکییەکانی ڕێکەوتننامەی (ئەماسیە) لە سەردەمەکانی داهاتوودا و پاش دروستبوونەوەی هەموو زنجیرە شەڕێکی تازەی نێوان ئێران و عوسمانی و دەستپێکردنەوەی هەموو دانووساندنێکی ئاشتی؛ دەکرانە بنچینەی گفتوگۆ، بۆ ڕێکخستنی ڕێکەوتننامەی تازە.

بەڵام ڕێکەوتننامەی لەمە ترسناکتر و دوای نزیکەی ٨٤ ساڵ شەڕ و بەیەکدادانی ناوبەناوی لەشکری عوسمانی و ئێران، ڕێکەوتننامەی ساڵی (١٦٣٩ ز) بوو، کە بە ڕێکەوتننامەی (زەهاو) بەناوبانگە و بە سەرەتای یەکەمین دابەشکردنی کوردستان دەژمێردرێ. چونکە لەم ڕێکەوتننامەیەدا ئەو سنوورەی هەردوو دەوڵەت لە سەری پێکهاتبوون، لە ئاخسقەوە، لە قەقفاس بە ناو مەڵبەندەکانی؛ کارس، وان، شارەزوور، بەغدا، بەسرا، تا سەر ئاوی کەنداو، بە ناو جەرگەی خاکی کوردستاندا رادەبوورد و کوردستانی بە دوو بەشەوە دەکرد.[1]

دوای زنجیرە شەڕێکی‌تریش، ڕێکەوتننامەی (١٧٤٦)ی نادر شا (١٦٨٨ – ١٧٤٧ ز) و ڕێکەوتننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم (١٨٢٣ ز) و ڕێکەوتننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم (١٨٤٧ ز) بە هەمان شێوە لە نێوان ئێران و عوسمانیدا دووپاتە دەبێتەوە.

بەڵام لە نێوان ئەم دوو ڕێکەوتننامەیەی دوایی و ڕوونتر؛ لە چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بە دواوە، کە ئەم ڕێکەوتنانە بوونە هۆی خاوبوونەوەی گرژیی نێوان عوسمانی و قاجاری و کەمتر کاریان بە کورد ما؛ ئیتر لە لایەکەوە: سوڵتان مەحموودی دووەم ١٨٠٨ – ١٨٣٩) و سوڵتان عەبدولمەجید خان (١٨٣٩ – ١٨٦١)؛ هەموو میرایەتییە ئۆتۆنۆمییەکانی کوردستانی عوسمانی: سۆران (١٨٣٧)، بابان (١٨٤٢)، بادینان (١٨٤٣)، هەکاری (١٨٤٨)، بۆتان (١٨٤٨)، بتلیس (١٨٤٩) و لە لایەکی‌تریشەوە محەمەد شای قاجار (١٨٣٤ – ١٨٤٧) میرایەتییە ئۆتۆنۆمەکانی کوردستانی ئێران: ئەردەڵان، لوڕستان و موکریانیان بەرودوا بە لەشکرکێشی و زنجیرەشەڕ و تێهەڵچوونێکی خوێناوی و کاولکاری تێکدا و لە جێی ئەوان، دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانی و قاجارییان تێدا دامەزراندن.

ئەگەرچی ئەم میرنشینانەی کورد، بە هۆی دابەشبوونی سیاسی کوردستان بە سەر دوو دەوڵەتی ناکۆکی سوننی و شیعەدا، کە دوو زمانی رەسمیی جیاواز و دوو فەرهەنگی جیاواز و پێڕەوی دوو جۆر ڕێکخستنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری جیاواز و تۆپۆگرافی نالەباری ئەرزی کوردستان و... نەیانتوانیبوو هەنگاوی بەرەو هاوکاری و یەکێتی و یەکبوون و

---

[1] ساڵح محەمەد ئەمین، ل ٣٩

دارشتنی کار و بەرنامەی هاوبەش هەڵبگرن و زۆرجاریش بە دنەدان و نەخشەی سەرانی عوسمانی و ئێران؛ شەڕ و بەیەکدادانی خوێناوییان لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکانی خۆیشیاندا کردووە؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا، ئەم میرنشینانە لە زۆر سەردەمدا سەرومڕ لە پێناوی دروستکردنی نیمچە سەربەخۆییەکی ناوچەیی و پاراستنی داد و ئاسایش و ئازادی دانیشتووانی سنووری ناوچەکانیان و پارێزگاریکردن و گەشەسەندنی فەرهەنگ و ئەدەب و داب و نەریتی کوردەواریدا، لەشکری رێکخرا و و چەکدار و ئیدارەی چەسپاویان هەبووە و هەندێکیشیان پارە و سکەیان بە ناوی خۆیانەوە لێداوە و لە نوێژی رۆژانی هەینیشدا، لە جیاتی ناوی سوڵتانی عوسمانی، ناوی میرەکان هێنراوە و زۆر جاریش هەستی پاکی نەتەوەیی و نیشتمانیی، هانیداون بۆ تەقەللای خۆ رزگارکردن لەو دوو هێزە و پێکهێنانی قەوارەی گەورەتری سەربەخۆیی؛ کە ئەمەیان بە ئاشکرا، لە سەرەتای چارەکی دووەم، تا ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم، لە چەندان راپەڕین و یاخیبوونی پچڕپچڕ و ناوچەیی میرنشینەکانی: بۆتان، سۆران و باباندا خۆی نوواندووە... بۆیە لە ناوبردنیان بۆشاییەکی گەورە و ئاشکرای لە دڵ و دەروونی مرۆڤی کورد و هەمە لایەنەی کۆمەڵگەی کوردیدا دروستکردووە و لەو بۆشاییە گەورەیەشدا، کە نزیکەی چل ساڵێکی خایاندووە، دەسەڵاتی بێگانە؛ چەوساندنەوە و بێدادی و زوڵمی زۆرتری هێناوەتە ناوچەکانیان و شیرازەی ئاسایش و ئۆقرەی ناوچەکانیشیان هەر بەرەو شێواوتر و دواکەوتووتر چووە.

ئەم داروبارە، وەك «وادی جویدە» دەڵێ: زەمینەی بۆ دەرکەوتنی «شێخ»ەکان وەك رێبەرانی سیاسی خۆشکرد، کە دواى سەرکوت و هەڵوەشاندنەوەی میرنشینەکان و ئاکامەکانی[1] ئەو سەرکوتکردنە؛ شێخ‌عوبەیدوڵڵای نەهری، وەك دەرەتان و بانگەوازێکی تازە و رزگارکەر دەرکەوێ و بەرنامە و ئامانجی سیاسی و چارەی کێشەی رەوای کورد رادەگەیەنێ.

دەرکەوتنی شێخ‌عوبەیدوڵڵا، وەك کەسایەتییەکی دیار؛ نیشانەی هۆشیاری زۆرتری میللی‌گەرایی (ناسیونالیست)ی کوردە.[2] هەرچەندە پێشتریش هەستی میللی‌گەرایی لە ناو کورددا هەبووە، (بەڵام قسە راشکاوەکانی شێخ، کە دەیوت: نیازی وایە کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ؛ مەبەستی ئەوە بوو، ئەو حکومەتەی بە نیازە دایمەزرێنێ؛ زۆر جیاوازتر دەبێ لەوانەی پێشووتری خۆی؛ واتە: کەسانی وەك (میربەدرخان‌بەگی بۆتان، کە مەبەستەکانی هەر لە بازنەی خودموختاری‌دا دەسووڕانەوە[3] و لە دەیەی (١٨٢٠)، تا دەیەی (١٨٤٠)، سەرومڕ حوکمی بە سەر چەندان ناوچەی خۆرهەڵاتی تورکیا و باکووری

---

[1] روبرت اولسن، ل ٢١

[2] هەمان سەرچاوە، ل ١٩

[3] روبرت اولسن، ل ٢٠

خۆرهەڵاتی عێراقدا دەکرد و هەمان ئـەو ناوچانـە، دواتـر کەوتنـە نـاو قەڵـەمرەوی حوکمـی شێخعوبەیدوڵڵاوە.[1]

بۆیـە «وادی جویـدە» پێـی وایـە: «دەرکـەوتنی شـێخعوبەیدوڵڵا، دەرکـەوتنی جـۆرە رابەرایەتییەکی نوێیە لە ناو کورددا. بە واتە: شێخعوبەیدوڵڵا یەکـەمین و رەنگـە گـەورەترین رێبەری ئایینی - سیاسیی کوردستان بێت.»[2]

کەواتە دەرکەوتنی شـێخعوبەیدوڵڵا، وەك دەرکـەوتنی ئاسـاییانەی رابـەرانی پێشـووتری کورد نییە؛ چونکە:

١- شێخعوبەیدوڵڵا بە پێچەوانەی رابەرانی پێشووتری کوردەوە، کە مـیر و دەرەبـەگ و سەرۆکهۆز بوون و سەدان ساڵ بوو جڵەوی رێبەرایەتی میرنشینە خوجێیەکانیان لـە دەسـتدا بوو، بەڵام (ئەم) بۆ یەکەمجار لە مێژووی بزاڤی کورددا، دەبێتە یەکـەمین رابـەری ئـایینی؛ کە جڵەوی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلـی کورد بگرێتە دەست.

٢- شێخعوبەیدوڵڵا بە پێچەوانەی رابەرانی پێشووتری خۆیەوە، کە راپـەڕین و شـۆڕش و یاخیبوونیان لە سنووری تەنگی میرنشین و ناوچـەکانی خۆیـان تێپـەڕی نـەکردووە؛ بـەڵام (ئەم) وەك (شێخێك)، هەتا لەو ناوچانەش کە لە ژێر فەرمانی سەرۆك هۆزەکاندا بـوون، بـە دەسـەڵات بـوو.[3] بۆیـە توانـی زۆربـەی سـەرۆکخێڵ و دەسـەڵاتداران و جـەماوەری ناوچـە جیاجیاکانی کوردستان یەك بخـات و راپـەڕینی سـاڵی (١٨٨٠)ی لـە سـنووری ناوچەکـەی خـۆی و کوردسـتانی بندەسـتی عوسـمانی تێپـەڕاند و بـەم کـارەش کێشـەی کـوردی، لــە کێشـەیەکی ناوچـەیی و ناوخۆییـەوە، کـردە کێشـەیەکی رەوای نیشـتمان و نەتەوەیـەکی دابەشکراو و داگیر کراوی نێوان دوو دەوڵەتی عوسـمانی و قاجاری.

٣- لەمانەش گرنگتر، شێخعوبەیدوڵڵا(١٢٠) ساڵ بەر لە ئێستا و بەر لـە کۆکردنـەوەی هێزی چەکدار و بەر لە سەنگەرگرتن و تەقەکردن و دەسـتکردن بـە راپـەڕینی (١٨٨٠ ز) بـۆ رزگـارکردنی کوردسـتان؛ هەوڵـی دروسـتکردنی پـردی پێوەنـدی داوە، لەگـەڵ نوێنـەرانی دەوڵـەتانی ئـەوروپا و سـەرانی قاجـار و عوسـمانی و عـەرەب و مەسـیحی و ئەرمـەنی و ئاسوورییەکانی کوردستان و نامەیەکی یەکجار زۆری لەگەڵدا گۆڕیونەتەوە و نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ لایان ناردووە، تا کێشەی کورد و هەلومەرجی کوردستانیان بۆ روون بکاتەوە.

بەم کارەش، شێخعوبەیدوڵڵا، یەکەمین رابەرێکە، لە رێگەی کاری دیپلۆماسییانەوە، لـە رێگەی (دیالۆگ)ەوە پردی گفتوگۆی لەگەڵ دۆست و دوژمنـانـدا دامـەزراندووە و قسـەی دڵ و داخوازیی ئەشکەوت و گوند و شار و هەستی مرۆڤانەی مرۆڤی کوردی گەیاندۆتـە بنکـەکانی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٢٠

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٢٠

[3] روبرت اولسن، ل ٢٠

دیپلۆماسی دنیا و دەرباری قاجار و عوسمانی و کۆمیسیۆنەکانی نێودەوڵەتی و باڵوێزخانە و کونسوڵگە و مزگەوت و کەنیسە و گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەو رۆژگارە.

ئەم دەستپێشکەرییە دیپلۆماسییانەیەی شێخعوبەیدوڵڵا، هەر زوو بووە جێی سەرنج و ئاوردانەوەی دۆست و دوژمن، لە وڵاتانی دوور و نزیك و هەموویان بە چاوی بایەخدانی تازەوە، ئاوڕی تازەشیان لە کێشەی کورد دایەوە و بۆیان دەرکەوت؛ کە ئەگەر تا ئەو رۆژگارەش سەرنجێکیان لە کێشەی کورد نەدابێتەوە، ئەوا دەبێ بە هۆی شۆڕشی (١٨٨٠)وە، ئاوڕی تازە لە کورد بدرێتەوە. بۆیە «ئاپۆت»ی سەرکونسوڵی ئینگلتەرا لە تەوریز، لە نامەیەکیدا، کە لە رۆژانی هەڵایسانی شۆڕشی (١٨٨٠)دا، بۆ (ئێرل گرانڤیل)ی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرای ناردووە؛ دەڵێ: «من پێم وا نییە ئەورووپا دوایین دەنگی کێشەی کوردی بیستبێ؛ رەنگە دواڕۆژ ئەم پرسیارە بێتە ئاراوە: دەبێ لەگەڵ کوردستان چ بکرێ؟!»[1]

بۆیە ئەم ئاوردانەوە تازەیە، ئەو دەوڵەتانەی وا لێکرد، بکەونە هەواڵ و راپۆرتکۆکردنەوە لە سەر خودی شێخ و خۆ ئامادە کردنی بۆ راپەڕینی (١٨٨٠ ز) و لە گەرمەی راپەڕینەکە و دوای راپەڕینەکە و تا ئێستاش، هەرجێی باسوخواس و لەسەر نووسینە؛ کە هەموو ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانە، وەك سەرەتای قۆناغێکی نوێ دەنوارنە ئەم سەردەمەی کورد و راپەڕینی (١٨٨٠ ز) و رابەرەکەی. هەر لەم بوارەشدا نووسین و بەڵگەیێکی زۆر، لە ئەرشیفی رووسیا، ئینگلستان، دەرباری قاجاری و عوسمانی و لە لایەن سەرانی هەردوو لەشکرەکانیان و نووسەرانیتری رۆژگاری قاجارەوە، لەو راپەڕینە و رابەرەکەی بەجێماون؛ کە تا ئێستا بەشێکی زۆر لەو نووسین و بەڵگەنامانە، بوونەتە کەرەسە و بابەتی هەندێ کتێب، یان فەسڵێك لە کتێب و لێکۆڵینەوە.

بەڵام بەشە زۆرەکەی ئەم بەڵگانە، کە بەڵگەی قاجارین، ئەگەر تا ئێستا (هەندێکیشیان) لە دووتوێی کتێب و لە شێوەی کتێبیشدا چاپ بووبن، دیسان هەر کەرەسەی خاو بوون و سەروبەر نەکراون و بەگوێرەی مێژووی رووداوەکان ریز نەکراون و هێشتا ئەڵقەی پەرتوبڵاو و لەیەکترهەڵوەشاوەی رووداوەکانن و نەخراونەتەوە ناو زنجیرەی رووداوەکان و لە هەمان کاتیشدا بەو هۆیەوە کە زۆربەی ئەم بەڵگەنامانەی قاجاری، هێشتا رووناکییان نەدیوە و دەستی لێکۆڵەرەوە و توێژینەوەیان نەگەیوەتێ؛ بۆیە ئەو چەند کتێبەش کە تا ئێستا لە سەر ئەم راپەڕینە دواون،[2] لەم بەڵگانە بێبەشن.

---

[1] بنوارە پاشکۆی ژمارە ١٣

[2] **بەتایبەتیش کتێبە ناوازەکەی دوکتۆر جەلیلی جەلیل (راپەڕینی کوردەکان – ساڵی ١٨٨٠)، کە تایبەت و تەرخانە بۆ ئەم راپەڕینە و هەروەها کتێبەکانی: دوکتۆر سەیید عەزیز شەمزینی (جووڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان) و (ن. خالفین – خەبات لە رێی کوردستاندا)، کە هەریەکەیان فەسڵێکیان بۆ هەمان**

مەبەستیش لەم بەڵگەنامانەی قاجاری دوو جۆرن:

١- جۆرێکیان ئەو نامە و یادداشتنامە و تەلگرافە ڕەسمییانەن، کە دەوڵەتی قاجاری بە هەموو دامودەزگاکانییەوە (هەر لە ناسرەدین‌شاوە، تا وەزارەتی کاروباری دەرەوە و باڵوێز و کونسوڵ و کارگێڕ و هەموو بەڕێوەبەرایەتی قاجاری) لەگەڵ خودی دامودەزگاکانی خۆیان و لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، رووسی و ئینگلیسدا گۆردراونەتەوە.

٢- جۆرێکی‌تریان ئەوانەن کە سەرانی لەشکر و نووسەرانی قاجاری، لە شێوەی بیرەوەری و کتێبی شەخسیدا نووسیویانن و بریتین لە یادداشت‌کردن و گێرانەوەی رووداوەکانی راپەڕینی ١٨٨٠، بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، کە خۆیان راستەوخۆ لەگەڵ لەشکری قاجاردا، لە سەنگەری دژی راپەڕینەکە بەشدار بوون و شەڕیان کردووە.

ئەگەرچی ئەم دوو جۆر بەڵگەنامانە بە گیانی ناحەزانە و دوژمنانەی رۆژگاری قاجارەوە نووسراون؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا گەنجینەیەکی دەوڵەمەندن و پڕن لە زانیاریی تازە و شاراوە دەربارەی راپەڕینەکە.

بەو هۆیەشەوە کە ئەم بەڵگەنامانە، لە ئەرشیف، یان ناوەند و کتێبخانەیەکی دیاریکراودا نەپارێزرابوون، بۆیە چنگخستن و کۆکردنەوەیان زۆر بە دژواری و لە ماوەی (٨-٩)ساڵی کاوەخۆدا هەموویانم چنگ‌خستوون.[1]

لە بەرانبەر ئەم بەڵگەنامانەی قاجاریدا، بەڵگەنامەی: رووسی، ئینگلیسی و عوسمانیش هەبوون، کە ئەگەرچی ئەمانیش بە گیانێکی دۆستانە نەنووسراون، بەڵام بەڵگەنامەکانی رووسی و (بەتایبەتی) ئینگلیسی، لەچاو ئەوانەی قاجاریدا، بەگیانێکی بابەتییانەتر نووسراون و ئەو داخوازییە بنەڕەتییانەی شێخ عوبەیدوڵڵا، کە بەڵگەنامەکانی قاجاری کردوویانن بە ژێر لێوەوە، یان هەر ونیانکردوون و شاردوویاننەتەوە، لە بەڵگەنامەکانی رووسی و ئینگلیسیدا هەبوون.

بۆیە بۆئەوەی بەڵگەنامەکانی قاجاری لە تەك بەڵگەنامەکانی عوسمانی، رووسی، ئینگلیسیدا پێکەوە ببنە پانۆرامایەکی هەمەلایەنەی راپەڕینەکە، کاری ئەم کتێبەم بەم شێوەیە دارشت:

١- سەرجەمی بەڵگەنامەکانی قاجاری، عوسمانی، ئینگلیسی و رووسی و ئەو کتێب و لێکۆڵینەوانەی کە تائێستا لە سەر ئەم راپەڕینە هەبوون، هەموویانم کردنە یەك خەرمان و لە پوختەی زانیارییەکانی هەموویان، مێژوویەکی کامڵتری راپەڕینەکەم پێکهێنا. واتە:

راپەڕین تەرخانن. بەڵام کتێبەکەی ساڵح محەمەدئەمین ئاوڕێکی زیرەکانەی لە بەشێکی زۆری ئەم بەڵگەنامانەی قاجاری داوەتەوە.

[1] دڵنیام هێشتا زۆری‌تریش لە جێگەی‌تردا مابن و من دەستم پێیان‌نەگەیشتبێ، یان هەر رێگەی دیتنیان پاوان بێت.

بەڵگەنامەکانم بە گوێرەی مێژوویان خستنەوە شوێنی مێژوویی خۆیان و بەمەش گەلێ درز و کەلێنی زەق و بەرچاو پڕ بوونەوە. لەمکارەشمدا هەوڵمداوە وردترین و زۆرترینی ئەو زانیارییانەی لەم بەڵگەنامانەدا هەن، بیانکەمە هەوێنی کتێبەکەم و بە گیانێکی بێلایەن کەڵکیان لێوەربگرم.

٢- تەقەللام داوە رووداوەکانی راپەڕینەکە بە جۆرێك دابڕێژمەوە، شەقڵی بیرەوەریی، یان رۆژژمێرێکی زیندووی بەبەردا بکەم.

٣- لە کۆتایی کتێبەکەشمدا سەرجەمی بەڵگەنامەکانی قاجاری (بەتایبەتی) و هەندێکیتریشم بەشێوەیەکی سەربەخۆ کردنە پاشکۆ، تا مێژوونووسان و توێژەران، پەژارە و دڵەڕاوکەی چنگخستنی ئەم بەڵگەنامانەیان نەمێنێ و بتوانن بۆ بابەتگەلێتری: مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و... وەك بەڵگەنامەی دەستی یەکەم و کەرەسەی خاو، لەبەر دەستدا بن و کەڵکیان لێببینن. چونکە دڵنیام ئەم بەڵگەنامانە ئەوەندە زانیارییتریان تێدایە و ئەوەندەش دەوڵەمەندن، کە جگە لەم کتێبەی بەردەستتان، چەندان لێکۆڵینەوە و کتێبیتریشیان لێپێكدێت.

٤- تەقەللام داوە بابەتە باسکراوەکانی ناو ئەو کتێب و لێکۆڵینەوانەی بەر لەم کتێبەی من لەسەر ئەم راپەڕینە نووسراون، دووبارەیان نەکەمەوە؛ مەگەر زۆر پێویست بووبن. چونکە بەو هۆیەوە کە ئەم کتێبەش لە هەمان راپەڕین دەدوێت، بۆیە ناچار بووم لە هەندێجێگەدا هەمان بابەت دووپاتە بکەمەوە. بەڵام تا توانیومە، بە زۆری ئەو زانیارییانەیان لێبخوازم، کە پشت بە بەڵگەنامەکانی رووسی و ئینگلیسی دەبەستن و ئەو خواستنانەش لە شوێنی خۆیاندا ئاماژەیان پێکراوە.

٥- بە پێی زنجیرەی رووداوەکان، بەدەستی ئەنقەست کاری دیپلۆماسییانەی شێخ عوبەیدوڵلا و دەوڵەتاندنی کێشەی کورد و رۆڵی دواجەنگی رووسی - عوسمانی (١٨٧٧-١٨٧٨) و کێشەی گەلی «ئەرمەن»م بەرجەستە کردوون؛ کە هەر یەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز، کاردانەوەی لەسەر راپەڕینی (١٨٨٠) هەبووە و لە هەمان کاتیشدا ئەوە بڵێم کە زۆربەی راپەڕینەکانی کورد، بەدوای جەنگێکی نێودەوڵەتیی، یان جەنگی نێوان دوو دراوسێی کورددا هاتوون.

بەمپێیە؛ ئەگەرچی ئەم کتێبە ناونراوە: «شۆڕشی شێخعوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا»، بەڵام لەڕاستیدا (وەك پێشتر وترا) سەرجەمی ئەو بەڵگەنامە و نووسینانەی: ئینگلیسی، رووسی، عوسمانی، کە لەسەر ئەم شۆڕشە بڵاو ببوونەوە، یان من چنگم خستوون، هەموویان بوونەتە هەوێنی ئەم کتێبە. بەواتە: هەموو ئەو بەڵگەنامانەی لەسەر ئەم شۆڕشە لە ئەرشیفەکانی نێودەوڵەتیدا هەبوون؛ لەم کتێبەدا کەڵکیان لێوەرگیراوە، بەتایبەتی ئەوانەی قاجاری، کە ئەمە یەکەمین جارە لەو خەرمانە گەورە هێشتا دەستبۆنەبراوەی ئەرشیفی قاجاریدا، ئەم ژمارە زۆرە بەڵگەنامە و نووسینە دەکرێنە

کوردی و سەرەڕای ئەوەش کە هەموویان بە گیانێکی نەیارانە نووسراون، بەڵام بەو هۆیەوە کە کورد خۆی (لەبەر هەر هۆیەك بێت) بەڵگەنامە و مێژووی لەسەر ئەم شۆڕشە مەزنە نەبووە،[1] بۆیە ئەم بەڵگەنامانەی قاجاری، گەورەترین و دەوڵەمەندترین سەرچاوەی جێماوی ئەو شۆڕشەن، کە سەرجەمی بەڵگەنامە و نووسینەکان لە گەرمەی شۆڕشەکە و لەلایەن ئەو کەسانەوە نووسراون، کە ڕاستەوخۆ ئاگادار و لە سەنگەری دژی شۆڕشەکەدا بەشدار بوون و هەموو ڕووداوەکانیان بەچاوی خۆیان دیوە.

لە هەموو ئەم بەڵگەنامانەشدا چەند مانایەکی گشتی ئەم شۆڕشە دەردەکەوێ:

١- گەورەیی و فراوانبوونی شۆڕشەکە و ترسولەرز و ڕقی ڕەش و ئەستووری ناسرەدینشا و دەربار و سەرانی لەشکری قاجاری لە شۆڕشەکە و مەترسیی سەرکەوتنی.

٢- ئەگەرچی ئەم بەڵگەنامانە و نووسینانەی قاجاری و نێودەوڵەتان، بەگیانی نەیارانە لەسەر شۆڕشەکەیان نووسیوە و دەیانەوێ ڕووی ڕاستەقینەی شۆڕشەکە بشارنەوە و ناشیرینی بکەن و بەپێچەوانەوە نیشانی خەڵکیتر و وڵاتانیتری بدەن؛ بەڵام پەیام و گیانی ئازادیخوازانە و مرۆڤدۆستانەی شۆڕشەکە، لەژێر هەموو وشەیەکی ئەم بەڵگەنامە و نووسینانەدا پرشنگ دەدەنەوە.

محەمەد حەمەباقی

بەهار و هاوینی٢٠٠٠

---

[1] مەگەر تاك‌وتەرایەك، كە لە بەشی سەرچاوە و پاشكۆدا ئاماژەیان پێدەكەین.

ئەو مێژووانەی پەیوەندییان بە شۆڕشی(١٨٨٠)وە هەیە

١٨٣٠	لەدایکبوونی شێخ عوبەیدوڵلاّ ی نەهری (شەمزینی)
١٨٣٠-١٨٤٦	بەسەربردنی تەمەنی لاوێتی لە قەڵەمڕەوی میرنشینی بۆتاندا
١٨٤٧	گوێزانەوەی خانەقای سەیید تەهای شەمزینی (نەهری) لە بۆتانەوە بۆ میرنشینی هەکاری.
١٨٥٣	کۆچی دوایی سەیید تەهای شەمزینی
١٨٥٣	شێخ محەمەد ساڵحی برای سەیید تەها (مامی شێخ عوبەیدوڵلاّ) دەبێتە جێنشینی تەریقەتی نەقشبەندی
١٨٥٧	لەدایکبوونی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلاّ
١٨٦٥	کۆچی دوایی شێخ محەمەد ساڵح
١٨٦٥	شێخ عوبەیدوڵلاّ ی نەهری دەبێتە جێنشینی تەریقەتی نەقشبەندی
١٨٦٦	وەفایی شاعیر دەبێتە میرزا (نووسیار)ی شێخ عوبەیدوڵلاّ
١٨٦٥-١٨٧٧	درەوشانەوەی کەسایەتی شێخ عوبەیدوڵلاّ و دروستبوونی کێشە و گیروگرفتی زۆر لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا
١٨٧٧	سەردانی (رامسان) و (کلایتۆن)ی نوێنەرانی ئینگلیس لە ناوچەی هەکاری و باشقەلاّ
١٨٧٧	هەڵگیرسانی جەنگی نێوان رووسیا و عوسمانی
١٨٧٧-١٨٧٨	بەشداریکردنی شێخ عوبەیدوڵلاّ لە جەنگی رووسی - عوسمانیدا
١٨٧٨/٣/٣	کۆنگرەی سانستیڤانۆ
١٨٧٨/٧/١٣	کۆنگرەی بەرلین
	(لەم هەردوو کۆنگرەیەدا بڕیار دەدری ریفۆرمێکی شێوە ئۆتۆنۆمی بۆ ئەرمەن جێبەجێ بکرێ)
١٨٧٨	بڵاوبوونەوەی برسێتی و بێزاریی و یاخیبوونی جەماوەری کوردستان لە دژی عوسمانی
١٨٧٨	خۆئامادەکردنی شێخ عوبەیدوڵلاّ بۆ شۆڕشی ١٨٨٠
١٨٧٨	بانگهێشتنی سەرانی کورد بۆ نەهری
١٨٧٩	سەردانی (گروڤدیر) و (فووزێر)ی نوێنەرانی ئینگلیس بۆ ناوچەکانی کوردستانی عوسمانی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر خۆئامادەکردنی کورد، بۆ شۆڕش.
١٨٧٩-١٨٨٠	دەستپێکردنی زنجیرە کۆبوونەوەکانی سەرانی کورد لە نەهری کە

تا مانگەکانی (٨) و ناوەڕاستی مانگی (٩)ی خایاندووە.

مانگی (٦) ١٨٨٠	پێکهێنانی یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی کوردی بەناوی ((یەکێتی کوردان))
مانگی (٧) ١٨٨٠	سەرکۆنسوڵی ئینگلیس لە وان (کلایتۆن) لە گەرمەی زنجیرە کۆبوونەوەکانی سەرانی کورددا لە نەهری سەردانی ناوچەی هەکاری دەکات و دیدەنی شێخ عوبەیدوڵڵا و سەرانی کورد دەکات.
مانگی (٨ تا ٩) ١٨٨٠	زنجیرە کۆبوونەوەکانی سەرانی کورد لە نەهری بڕیاری شۆڕش و هێزکۆکردنەوە دەدەن
مانگی (٩) ١٨٨٠	بڕیاری دەستپێکردنی شۆڕش لە کوردستانی ئێراندا.
١٨٨٠/٩/٢٠	جووڵاندنی هێزەکان (قۆڵی یەکەم) بە سەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوور بەرەو شنۆ و موکریان
١٨٨٠/٩/٢٥	گەیشتنی هێزەکانی کورد بۆ شنۆ
١٨٨٠/٩/٢٩	گەیشتنی هێزەکانی کورد بۆ ناوچەی موکریان و گرتن و ئازادکردنی شاری سابلاخ و دەوروبەری
١٨٨٠/٩/٣٠	دانانی خانباباخان بە فەرمانڕەوای سابلاخ
١٨٨٠/١٠/٢	گرتنی میاندواو و دەوروبەری
١٨٨٠/١٠/٢	سەرکۆنسوڵی ئینگلیس لە تەوریز (ئابۆت) سەردانی ناوچەی ڕووداوەکان لە ورمێ دەکات و تا ماوەی مانگێك لە ناو جەرگەی ڕووداوەکاندا دەبێ.
١٨٨٠/١٠/١٤	هاتنی بەرایی هێزەکانی کورد (قۆڵی ورمێ) بۆ گرتنی ورمێ. بەسەرکردایەتی خەلیفە محەمەد سەعید و شێخ محەمەد ئەمین
١٨٨٠/١٠/١٥	هێرش بۆ سەر مەڵکەندی و گرتنی.
١٨٨٠/١٠/٢٠	هاتنی پاشماوەی هێزەکانی کورد (قۆڵی ورمێ) بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ گرتنی ورمێ.
١٨٨٠/١٠/٢٤	دەستپێکردنی هێرش و پەلامار و تێهەڵچوونی سەخت بۆ گرتنی ورمێ
١٨٨٠/١٠/٢٥	دەستپێکردنی هێرش و پەلامار بۆ گرتنی بناو
١٠/٢٥ تا ١٨٨٠/١١/٣	هێرش و پەلامار و شەڕ و تێهەڵچوونی بەردەوامی هێزەکانی کورد و هێزی دەوڵەتی ئێران لە ناوچەی بناو
١٠/٢٥ تا ١٨٨٠/١١/١١	زۆربەی سەرۆك‌خێڵەکانی ناوچەی موکریان خۆیان بەدەست هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە دەدەن
١٨٨٠/١٠/٢٨	ئابۆت ناوچەی ورمێ جێدێڵێ و بە ناوچە ئازادکراوەکانی سندووس - سابلاخدا دەگەڕێتەوە سابلاخ
١٨٨٠/١١/٢	ئابۆت لە ورمێوە بە یارمەتی هێزەکانی کورد دەگاتە سابلاخ و

	لەوێشەوە هەر بە یارمەتی هێزەکانی کورد دەگاتەوە بناو – تەورێز
٣ تا ١٨٨٠/١١/٨	تێکشکان و کشانەوەی هێزەکانی کورد لە قۆڵی بناوەوە بەرەو موکریان و سابلاغ
١٨٨٠/١١/١٠	هێزەکانی کورد لە قۆڵی موکریان بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوور دوای (١) مانگ و نیو هێرش و شەڕ و تێهەڵچوون، بە تێشکاوی بەرەو شنۆ و مەرگەوەڕ پاشەکشی دەکەن.
١٨٨٠/١١/١١	خۆ بەدەستەوەدانی خانباباخانی فەرمانڕەوای سابلاغ و کوشتنی خۆی و (١٥) کەس لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە.
١٨٨٠/١١/١٢	دوای هێرش و شەڕ و تێهەڵچوونی خوێناوی بۆ ماوەی نزیکەی (٢٢) ڕۆژ هێزەکانی کورد بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵلا لە قۆڵی ورمێ، بە تێشکاوی بەرەو مەرگەوەڕ و برادۆست پاشەکشێ دەکەن.
١٨٨٠/١١/١٢	گرتنەوەی ناوچەی موکریان و شاری سابلاغ لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوەو دانانی حاجی صەدرلدەولە بە فەرماندارى سابلاخ
١٢ تا ١٨٨٠/١١/٢٢	هێزەکانی دەوڵەتی ئێران دەکەونە ڕاونانی هێزەکانی کورد لە قۆڵی موکریان و ورمێ و دەوروبەریان و بە دەم هاتنیانەوە بۆ ناوچەی موکریان و ورمێ دەکەونە کوشتن و سزادانی بە کۆمەڵ و تالان و سوتاندنی بێلێپرسینەوەی گوند و مەزرای گوندنشینەکان و ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەس.
١٨٨٠/١١/٢٣	هەموو هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لە قۆڵی موکریان، لە گوندی قەرەقشلاغ، لە نزیك سابلاخ کۆدەبنەوە و بڕیاردەدەن ببن بە سێ بەشەوە: بەشێکیان شوێن هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵلا و شێخ عەبدولقادر بەرەو (مەرگەوەڕ) بکەوێ و بەشێکیتریشیان شوێن هەمزاغا و هێزەکەی بکەوێ لە ناوچەی لاجان و سەردەشت و بەشی سێیەمیش لە ناوچەی سندووس بمێنێتەوە.
١٨٨٠/١٢/١٠	دانانی حەسەن عەلی خانی گەڕووس– ئەمیرنیزام، بە فەرماندارى سابلاخ لەجێی حاجی صەدرولدەولە
١٨٨٠/١٢/٣٠ تا ١٨٨١/٦/٤	شێخ عوبەیدوڵلا بە هەمووجۆرێك خەریکی کۆکردنەوەی ئاوارە و ڕێکخستنەوەی جەماوەرە بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و نامەنووسینی زۆر بۆ سەرانی کورد بۆ ئەم مەبەستە.
١٨٨٠/١٢/٣٠ تا ١٨٨١/٦/٣٠	گەلەکۆمەکێی دیپلۆماسی و سەربازیی هێزەکانی ئێران – عوسمانی و ڕووسی بۆ ئابلوقەدانی تەقەللاکانی شێخ عوبەیدوڵلا و گوشار خستنە سەر تورکیا بۆ: بەدەستەوەدان،

	دوورخستنەوە، یان زیندانیکردنی شێخ عوبەیدوڵڵا و سەرانی کورد.
١/٣٠ تا ١٨٨١/٤/٣٠	تەقەللای تورکیا و سەردانی سەرانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ لای شێخ عوبەیدوڵڵا بە مەبەستی هێمنکردنەوەی و بردنی بۆ ئەستەمووڵ
زستانی ١٨٨٠- ١٨٨١	شێخ سدیقی کوری شێخ عوبەیدوڵڵا داوای لێبووردن و خۆبەدەستەوەدانی خۆی لە دەوڵەتی ئێران دەکات.
سەرەتای مانگی ١٨٨١/٣	سەردانی کۆلۆنێل ئەحمەدبەگی یاوەری جەنگیی سوڵتان عەبدولحەمید لە بارەگاکەی شێخ عوبەیدوڵڵا و مانەوەی ٣ رۆژ لای شێخ عوبەیدوڵڵا
٤/٣٠ تا ١٨٨١/٥/٣٠	هەرەشە و گەفی تورکیا لە شێخ عوبەیدوڵڵا بۆئەوەی رازی بێ بچێ بۆ ئەستەمووڵ
١٨٨١/٦/٤	گرتن و بردنی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ئەستەمووڵ
١٨٨١/٦/٤ تا سەرەتای ١٨٨٢/٨	مانەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا بە دەستبەسەریی و زیندانی لە ئەستەمووڵ
١٨٨١/٧/٣٠	کوشتنی هەمزاغای مەنگوور و هاورێکانی لە لایەن ئەمیرنیزامەوە
سەرەتای ١٨٨٢/٨	هەڵاتنی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ئەستەمووڵ و گەرانەوەی بە رێگەی رووسیادا بۆ کوردستان
ناوەراستی ١٨٨٢/٨	گەیشتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ بارەگاکەی خۆی لە نەهری
ناوەراستی ١٨٨٢/٨ تا ١٨٨٢/١٠/٢١	تەقەللای تورکیا بۆ گرتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا
ناوەراستی ١٨٨٢/٨ تا ١٨٨٢/١٠/٢١	سەرلە نوێ تەقەللای خۆئامادەکردنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ شۆرش و پەیمان تازەکردنەوە لەگەڵ سەرانی کورددا.
ناوەراستی ١٨٨٢/٨ تا ١٨٨٢/١٠/٢١	تەقەللای شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ هێمن کردنەوە و ئاشتکردنەوە و پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران
ناوەراستی ١٨٨٢/٨ تا ١٨٨٢/١٠/٢١	ئێران دەست بە داخوازییەکانی شێخەوە دەنێ
١٨٨١/١٠/٢١	دووبارەگرتن و زیندانیکردنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا و بردنی خۆی و خێزان و هەندێ لە خزم و لایەنگرەکانی بۆ مووسڵ
١٨٨٢/١٢/٢٣	بردنی شێخ عوبەیدوڵڵا لە مووسڵەوە بۆ ئەسکەندەروونە،

بەیرووت، حیجاز، مەدینە، تـائیف. ماوەیـەکیش دوای بردنـی شێخ عوبەیدوڵلاّ بۆ مەککە، شێخ عەبدولقادریش دەبـەن بـۆ لای باوکی. بەلاّم شێخ سدیق داوا لە دەوڵەتی تورکیا دەکات نەیبەن بۆ لای باوکی و هەر لە ئەستەموول بێت

١٨٨٣/١٠/١٢	کۆچی دوایی شێخ عوبەیدوڵلاّ لە شاری مەدینە.

دوای مەرگی شێخ عوبەیدوڵلاّ ، شێخ عەبدولقادر هەر لە تـائیف دەمێنێتـەوە و دواتریـش دوای رووخـانی دەولـەتی عوسـمانی، دەگەرێتەوە بۆ تورکیا، خەباتی سیاسـیی و فەرهـەنگیی دەسـت پێدەکاتەوە. تا دوایی، کە لە شۆرشی ساڵی١٩٢٥دا بەشـداری دەکات و شۆرشەکە تێکدەشکێ، لەگەڵ سەدان خـەباتگێری‌تری کورد و شێخ سەعیدی پیران، رابەری شۆرشـەکە دەگـیرێ و لـە ١٩٢٥/٥/٢٤ لەگەڵ سـەیید محەمـەدی کـوری‌دا لـە تورکیـا لـە سێدارە دەدرێن.

ناسنامەی نووسین و کتێب و سەرچاوە دەربارەی شۆڕشی ۱۸۸۰

۱- إفتتاح ناصری: نووسینی: علـی اکبر سرهنگ، کە کوڕی (حیساملولك)ە و خۆی و باوکی لە ئەفسەرانی پایەبەرزی دەوڵەتی ئێران بوون و لە کاتی شۆڕشەکەی (۱۸۸۰)دا، لە تێکرای قۆڵەکانی: بنـاو، میـاندواو، موکریـان، سـندووس،[1] شنۆ، مەرگـەوەڕ و لاجـان، تـا ڕۆژانی گرتن و بردنی شێخ عوبـەیدوڵلاّ بـۆ ئەسـتەموول، واتـە: تـا نزیکـەی (۸-۹) مـانگ ڕاستەوخۆ لە ڕیزی لەشکری ئێراندا دژی هێزەکـانی کـورد، شـەڕ و بەشـداریی بـەردەوامیان کردووە و هەر لەو سەروبەندەشدا ئەم کتێبەی وەك بیرەوەری ڕۆژانـی شـەڕەکان و سـەروەریی خۆیان نووسیوە و بەو هۆیەوە کە خۆی ئەفسـەر بـووە؛ زانیـاریی بـەرەکانی شـەڕ و مێـژووی شەڕەکان و ناوی بەشدارانی هەردوو هێزەکەی کورد و ئەفسەرانی دەوڵـەتی ئـێرانی، زۆر بـە وردیی و ڕاستیی نووسیوە.

زانیارییـەکانی ئـەم کتێبـە، لـە چـاو سـەرچەمی ئـەو بەڵگـە و بـیرەوەری و کتێبانـە دەوڵەمەندترن، کە تا ئێستا لەسەر شۆڕشی (۱۸۸۰) نووسراون.

ئەم کتێبە هێشـتا دەستنووسـە و نوسـخەیەکی کـە پێشـکەش (ناسرەدین شـای قاجـار) کراوە، ئێستا لە کتێبخانەی میللـی تاراندا، بـە ژمـارە (۸۸٤ - ف) و پێرسـتی (ل - ٤١٨) پارێزراوە. ئەم کتێبە (۸٦) لاپەڕەی قەوارە گەورەیە، کە ڕووبەری لاپەڕەکانی بریتییە لە (۲٥ سم × ۱٥/٥ سم) و لە هەر لاپەڕەیەکیشدا (۱٦) دێـڕی بـە خـەتی شکسـتەی نەسـتەعلیق تێدا نووسراوەتەوە.

ئەمە یەکەمین جارە ئەم دەستخەتە، لـە کتێبخانـەی نـاوبراوەوە بـۆ کـاری سـەرچاوەی مێژوویی وەردەگیرێ و ڕاستەوخۆ دەکرێتە کوردی و پێش ئەم کتێبەی بەردەستتان، هێشتا لە هیچ سەرچاوەیەکی‌تری بیانی و کوردیدا نەکراوەتە سەرچاوە و باسی ناوەرۆکی نەکراوە.

۲- تاریخ طغیان اکراد - ئەم کتێبە لـە مـانگی سـەفەری ۱۲۹۸ کۆچـی - ۱۸۸۰ ز - واتە: لە ڕۆژانی شۆڕشەکەدا لە لایەن (ئەسکەندەر غوریانس)ەوە نووسراوە؛ کە نـاو بـراو لـە ئەرمەنییەکانی سەر بە ڕووسیا بووە و ساڵی ۱۸۷۸ - سکرتێر و وەرگێڕی (ئێکسپۆزیسـیۆن)ی پـاریس بـووە. بـەلاّم لـە کـاتی شۆڕشـەکەدا لـە (سـابلاّخ) بـووە و کتێبەکـەش هـەر باسـی ڕووداوەکانی قۆڵـی سابلاّخ و دەوروبەری دەکات.

کورتەیەکی ئەم کتێبە، بۆ یەکەمجار لە لایەن (نادر میرزا)ی نووسەری کتێبی (تـاریخ و جغرافی دارالسلطنه تبریز - بە **ضمیمه** شرح حال بزرگان)، لە لاپەڕەکانی (۳۰٤ تا ۳٥٦)ی کتێبی ناوبراو، کرایە پاشکۆ. ڕووداوەکانیش بە گیانێکی نەیارانە دەگێڕێتەوە.

---

[1] لە دێرزەمانەوە کورد بەو ناوچەیە دەڵێن: سندووس. بەلاّم عەجەمەکان پێی دەڵێن سولدوز

ئەگەرچی ئەم کتێبە لە ساڵی (١٣٢٣ کۆچی - ١٩٠٥ ز)دا، بۆ جۆرە چاپێکی ئەو سەردەمە ئامادە کرا بوو؛ بەڵام ساڵی ١٩٤٥ ز - لە تاران چاپکرا و جارێکی‌تریش لە ساڵی ١٩٧٢دا، لە لایەن (محەمەد مشیری)یەوە چاپکرایەوە.

چەند نوسخەیەکی دەستخەتی ئەم کتێبە، لەم کتێبخانانەدا هەیە:

- کتێبخانەی (آستانە قدس رضوی - مشهد) ژمارە (٤١٨٠)ی دراوەتێ و پێرستەکەیشی ئاوایە: (٧: ٣٢ - ٣٤).

- کتێبخانەی (مؤسسە شرقی کاما - بومبی)، نوسخەی (مانکجی لیمجی هاتریا)، ژمارە (٣١٧)ی دراوەتێ و پێرستیشی ئاوایە: (١٦٧).

- نوسخەی (میرزا ابوالفضل حکمت)، کە ساڵی ١٩٧٤ بیوك آقا خطیبی، نوسخەیەکی‌تری لەبەر نووسیوەتەوە و (علی دهقان)یش لە کتێبە بە ناو بانگەکەیدا: (سرزمین زردشت)، ئاماژەی بۆ ئەم کتێبە کردووە.

- کتێبخانەی میللی (ملك - تاران) ژمارە (٣٧٥٩)ی مێژووی ٢٨ی رەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی دراوەتێ و پێرستەکەیشی (٢: ٨٥) و ژمارەی میکرۆفیلمەکەیش لە کتێبخانەی گشتی دانشگای تاران ئاوایە: (٥٠٦٤).

- عەبدوڵلا مەردووخ لە رووی ئەم نوسخە دەستخەتەی سەرەوە، بە ناوی: (قیام شیخ‌عبیداللە شمزینی در عهد ناصرالدین شاە)، سەرلەنوێ لە ساڵی ١٣٥٦ هەتاوی - ١٩٧٧ بە چاپی گەیاندووە.

٣- شورش شیخ‌عبیداللە: ئەم کتێبە لەلایەن (علی خان گونەخان افشار)ەوە نووسراوە، کە نووسەرێکی فارسی، شیعی، ئازەری و خەڵکی ورمێ بووە و لەبەر گرنگی رووداوەکەش، دوای ئەویش خەتخۆشانی‌تر، دەستاودەستیان پێکردووە و چەند نوسخەیەکیان لەبەر نووسیوەتەوە. ناوبراو خۆی یەکێکە لەوانەی لە رۆژانی شۆڕشەکەدا، راستەوخۆ دژی شۆڕشەکە، شاری کردووە و بەرگری لە ئابڵۆقەشکاندنی ورمێ کردووە، کە هێزەکانی شێخ‌عوبەیدوڵلا. بە مەبەستی داگیرکردنی، ئابڵۆقەیان دابوو. واتە: کتێبەکە باسی رووداوەکانی قۆڵی ورمێ دەکات و بە گیانێکی دوژمنانەوە نووسراوە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش کتێبێکی دەوڵەمەندە و زانیاریی زۆر بە کەڵکی تێدایە.

ئەم کتێبە کراوەتە پاشکۆی کتێبی (تاریخ افشار)، لاپەڕەکانی ٥٢٥ - ٥٧٩، کە (میرزا رشید ادیب‌الشعراء) نووسیویێتی و لەلایەن (پرویز شهریار افشار)ەوە لە ساڵی ١٣٤٦ هەتاوی - ١٩٦٧ ز - دا لە (ورمێ) چاپکراوە.

لەوەدەچێ (علی خان افشار) خوێندەوارییەکی باشی نەبووبێ و هەمیشە (عبیداللە)ی بە (عبادالله) نووسیوە.

ساڵی ١٣٠٥ هەتاوی - ١٩٢٦ ز - رحمت‌اللە خان اقبالی - روونووسێکی ئەم دەستخەتەی نووسیوەتەوە و چاپی ئەو کتێبەی سەرەوە، لەم نوسخەیە وەرگیراوە.

نوسخەی دەستخەتی ئەم کتێبە، لەم شوێنانە هەن:

- کتێبخانەی میللی (ملك - تاران)، بە ژمارە (٣٧٨٢) و بە خەتی (مرتضی قلی بن محمد ابراهیم) و لە ساڵی ١٣١٢ کۆچی - ١٨٩٤ ز - دا نووسراوەتەوە. پێرستەکەیشی ئاوایە: (٣: ٥٤٤ - ٥٤٥).

- کتێبخانەی لەندەن: ئەم دەستخەتە بەم ئەدرەس و ژمارەیە هەیە:

donnreet Lots rary. thernhauyhbStudies the Li ntal and Africaneool of orihSc

2388 - 637 ١٧١ - ٤٤. 00lWCIH OXG Te

pt of Tarikh Al - Akrad icrsersian ManuP

Ms. 46448

ئەم نوسخەیە بە خەتی (میرزا عینایەتوڵڵای لورکانی) نووسراوەتەوە و پێشکەشی (جەمشیدی کوڕی ئەردەشێر)ی ئەفشاری کردووە، کە بە (مجدالسلطنه) ناسراوە. دوای مەرگی مجدالسلطنەش کتێبەکە لەگەڵ سەدان دەستخەتی تری دەگمەندا، پەرتەوازەی کتێبخانەکانی دنیا بووە، تا لە دواییدا لە (کتێبخانەی قوتابخانەی فەرهەنگیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا - سیواس - ی سەر بە زانکۆی لەندەن) گیرساوەتەوە. کتێبخانەی سیواسیش دەستخەتەکەی بەناوی (کورد) تۆمار کردووە. بەڵام ناو نیشانی ئەمەیان ئاوایە: (تاریخ خروج اکراد و قتل و غارت عبیدالله بد نهاد، اغتشاش و فتنه زیاد در مملکت آزربایجان - سنه ١٢٩٧ هـ. ق).

ئەم دەستنووسە (٩٢) پەڕە، واتە (١٨٦) لاپەڕەیە، کە جگە لە دوالاپەڕە، ئیتر هەمووی ساخن و خەتەکەی میرزاعینایەتیش لەوپەڕی جوانیدایە.

عەلیخان ساڵی دەستپێکردن و نووسینی ئەم کتێبەی نەنووسیوە، بەڵام ساڵی (١٢٩٩ کۆچی - ١٨٨١ز) لە نووسینی بۆتەوە.

(مجدالسلطنه)ش پێشەکییەکی کورتی بەمجۆرەی بۆ نووسیوە:

«ئەم کتێبە بە خەتی خوالێخۆشبوو عینایەت لورکانی نووسراوە و خوالێخۆشبوو عەلیخانی کوڕی میر - مجدالسلطنه - ی پێشووی ورمێ نووسیویەتی و (جەمشید کوڕی ئەردەشێر) پێشکەشی کردووە، تا نوسخەی تریشی لەبەر بنووسرێتەوە.

لە دواوێنەکانیشدا (مجدالسلطنه) ئەم مێژووەی لەسەر ئەستخەتەکە نووسیوە: سەرەتای رەمەزانی ١٣١٦ کۆچی و مۆری (جەمشید مجدالسلطنه)ی پێدا ناوە. بەم پێیە دەبێ (عەلیخان) لەنێوان ساڵانی (١٢٩٩ کۆچی - ١٨٨١ز)، (١٣١٦کۆچی - ١٨٩٨ز) کۆچی دوایي کردبێت.

لە هەر لاپەڕەیەکدا (١٣) دێڕ نووسراوە و قەوارەی لاپەڕەکانیش بریتیە لە (٧/٥ سم × ١٦/٥). هەندێ وردە جیاوازیشی لەگەڵ نوسخەکەی کتێبخانەی تاراندا هەیە.

٤- گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی (راپۆرت و نامەگەلی دیوانی و نیزامی ئەمیر نیزامی گەڕووسی). ئەم راپۆرت و نامانەی ناوبراو، کە نزیکەی (١٥٥) نامە دەبن، ساڵی ١٣٧٣ هەتاوی - ١٩٩٤ ز - لە کتێبێکی گەورەی (٥٩٠) لاپەڕەییدا چاپکراون.

ئەم نامانە، لە دوای کشانەوەی هێزەکانی شێخعوبەیدوڵڵا، لە دەوروبەری شاری (ورمێ) بەرەو خاکی عوسمانی، بۆ خودی (ناسرەدین شای قاجار - ١٨٣٢ - ١٨٩٦) و سەرانی دەربار و وەزیری دەرەوەی ئێران و باڵوێزی ئێران لە تورکیا و سەرانی لەشکری ئێران نووسراون.

نووسەری ئەم راپۆرت و نامانە: حەسەن عەلی خان (١٨٢١ - ١٨٩٩)ی کوڕی محەمەد سادق خانی کەبودوەندە و خۆی بە بنەچە، کوردی ناوچەی گەڕووسە. رووناکبیر و خۆشنووس و ئەدیب و سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتە و دنیادیدەی زۆر زیرەك و بە توانا بووە. چەندان کتێبی وەك: «منشآت»، «پندنامە یحیویە»ی نووسیوە، یان بە خەتی خۆی و لە سەر ئەرکی خۆی، کتێب و دیوانە شیعری شاعیرانی ناوداری ئێرانی نووسیوەتەوە و چاپکردوون. چەندان جار سەردانی ئەورووپای کردووە و بۆتە باڵوێزی ئێران لە تورکیا و لەبەر ئازایەتیش، پلەی سەرهەنگ و سەرتیپ و جەنەراڵ ئاجودانی لە لەشکری ئێراندا پێدراوە. دواتریش چەند جارێك بۆتە وەزیر؛ کە لە پێش شۆڕشەکەدا (وەزیری فەوائید) بووە. بەڵام لەبەرئەوەی لە دەرباری قاجار و خودی ناسرەدین شا، نزیك و جێی متمانەی تەواو بووە؛ لە کاتی شۆڕشەکەی شێخعوبەیدوڵڵادا، لە هەمەدانەوە بە هێزێکی گەورەوە هێنراوەتەوە ناوچەی سابلاخ، تا بەشداریی لە دامرکاندنەوەیدا بکات.. بەو هۆیەشەوە کە لە دید و بەرژەوەندی دەرباری قاجارەوە بۆ شۆڕشەکەی نواڕیوە، بۆیە ئەم نامە و راپۆرتانە، بە گیانی دوژمنانە نووسراون؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەو هۆیەوە کە لە ناو جەرگەی رووداوەکاندا بووە و شارەزای ناوچەکە و کۆمەڵگەکە بووە، هەواڵ و زانیاریی زۆر گرنگ و تازەیان تێدایە.

٥- یادداشت علی اکبر فیض. نووسەری ئەم یادداشتە (١٨٢٩ - ١٨٩٤ ز) خۆی لە ئەدیبانی پڕکاری شاری (قوم) بووە و لە کاتی شۆڕشەکەی (١٨٨٠)دا، کوڕەکەی لە تەلگرافخانەی (بیجار - گەڕووس) بووە؛ کە رووداوەکانی بۆ ئەو کوڕەی گێڕاوەتەوە، ئەویش لە دەفتەرێکی خۆیدا بۆ یادگار نووسیویتی. نوسخەیەکی ئەم یادداشتانە، لە کتێبخانەی (آیةالله مرعشی - قم) پارێزراوە و ژمارە (١: ١٨١ - ١٨٢)ی دراوەتێ. دکتۆر (حسین مدرسی طباطبائی) ئەم یادداشتانەی کردووە بەو تارێك و لە گۆڤاری (وحید)ی ژمارە (٢٥٤ - ٢٥٥)ی ساڵی ١٣٥٨ هەتاوی - ١٩٧٩ ز - دا، چاپی کردووە.

٦- گزارش نمره (٤) أبوالقاسم: نووسەری ئەم راپۆرتە، لە کاتی شۆڕشی (١٨٨٠)دا، کارگێڕی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بووە لە سابلاغ. کاتی خۆی ئەم راپۆرتە لە (زیقەعیدەی ١٢٩٨ کۆچی - ١٨٨٠ ز)دا، بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران نێردراوە و بریتییە لە گێڕانەوەی رۆژانەی شۆڕشەکە. ئەم راپۆرتە لە بەشی (٣)ی زنجیرە کتێبی (گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثماني - ص ٦٧٤ - ٧٠١)دا، چاپکراوە.

٧- یادداشت میرزا حسن منشی (کاتب): ئەم بیرەوەرییانە، حەسەنی کاتب ئەسرار نووسیویتی، کە سالانێکی زۆر نووسەری میرزا حسینخانی سوپاسالاری ئێران و هاوسەفەری سەردانەکانی بووە، لە تاران و ئەستەموول و هاودەم و میرزایشی بووە. ئەم بیرەوەرییانە، کە تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکدا ئاماژەی بۆ نەکراوە؛ لە کۆتایی ئەو کتێبەدا نووسیویتی، کە ناوی‌ناوە: تبصره المسافرین و بریتییە لە رووداوەکانی ژیان و شەرحی‌حالی سەفەرەکانی خۆی لە سالانی ١٨٧٣-١٨٨١.

٨- ئەو بەڵگەنامانەی لە ئەرشیفی کۆنی وەزارەتی دەرەوەی ئێراندان؛ هەر هەمان وەزارەت، لە ناو زنجیرە کتێبی (گزیدە اسناد سیاسی ایران و **عثماني**)، کە لە سالی ١٣٦٩ هەتاوی - ١٩٩٠ ز - بە دواوە چاپ دەکرێن و تا ئێستا (٧) بەشیان لێ‌چاپکراوە، کە لە بەشی (٣)ی ئەم زنجیرەیەدا، پاشکۆیەکی تایبەت، لە لاپەرە (٦٧٤ تا ٧٠١)، بە ناوی سەربەخۆی (مسئله شیخ‌عبیدالله)وە چاپکراوە. ئەم پاشکۆیە (٧٢) بەڵگەنامەی تێدایە. ئەم بەڵگەنامانە، زۆربەیان بە گیانێکی دوژمنانە و چەواشەکارانە و نابابەتییانە و دوور لە راستیی نووسراون.

٩- لە ناو ئەو نامانەی وەزارەتی دەرەوەی ئێراندا، پێشتر (ابراهیم صفایی) چوار نامەی لێ‌هەلبژاردوون و لە دووتویی کتێبێکدا بە ناوی: (مدارك تأریخی) لاپەرەکانی (١١٠ تا ١١٣) سالی ١٣٥٥ هەتاوی - ١٩٧٤ ز - چاپی کردوون. نامەکانیش ئەمانە بوون:

نامەی (میرزا محەمەد حسین خان - مجتهد ارومیە)

نامەی ١٨٨٠/١٠/٤ (٢٨ی شەوال ١٢٩٧ کۆچی) سەبارەت بە هاتنی شێخ‌عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوور بۆ سابلاغ.

نامەی باڵوێزخانەی رووس (هەر لەو بارەیەوە).

نامەی شێخ‌عوبەیدوڵلای نەهری بۆ کوردانی سەر سنوور.

١٠- دیسان هەر «ابراهیم صفایی» کتێبێکی‌تری بەناوی «نامەهای تاریخی» چاپکردووە، کە لەوێش بەڵگەنامەیەکی بە خەتی ناسرەدین‌شا تێدایە، تایبەتە بە شۆڕشی ١٨٨٠.

١١- هەر بە پشتیوانی ئەو نامانەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، زنجیرە کتێبێك، کە (٤) بەشە و بە ناوی (اسناد و مکاتبات تاریخی ایران _ قاجاریە)، لە لایەن (محمد رضا نصیری)یەوە، لە سالی ١٣٦٦ هەتاوی - ١٩٨٧ ز - تا ١٣٧٢ هەتاوی - ١٩٩٣ ز - چاپ

و بلاو بوونەتـەوە. لـە بەشـی (٣)ی ئـەم زنجیرەیـەدا، لاپـەڕەكانی (٢٠٤، ٢٠٨، ٢١٥)، ژمارەی (٣) نامەی تایبەت بە شۆڕشی (١٨٨٠)ی تێدایە؛ كە ئەمانەن:

نامەی میرزا سەعید خان (وەزیـری دەرەوەی ئـێران) بـۆ (محسـن خـان موشـیردەوله)ی باڵوێزی ئێران لە توركیا، بە مێژووی: ١٨٨٠/١٢/٢٢ (١٩ محرم ١٢٩٨ی كۆچی).

نامەی میرزا سەعید خان بۆ محسن خان موشـیردەوله، بـە مێـژووی ١٨٨١/٩/٢٦ (٢ی زیقەعیدە ١٢٩٨ كۆچی).

نامەی شێخعەبدولكەریم بۆ ئیمام جومعەی ورمێ، بـە مێـژووی ١٨٨٢/٩/٥ (٢١ شـەوال ١٢٩٩ كۆچی).

١٢-لە پێرستی كتێبخانەی سەڵتەنەتی‌دا، بەشێكی زۆر بە نـاوی: مێـژوو، جوگرافیـا، سەفەرنامە.. پێناسە كراوە. لەم پێڕستەدا دووجار باسی كتێبێك كراوە، كە خوێنەر وا هەست دەكات دوو كتێب بن. ئەم دووجارە، ژمارەكانیـان ئاوایـە: (٢١٠) و (ص ٤٩٤) بـە نـاوی: (روزنامە گزارش وقایع اكراد) و (٢٩٩) و (ص ٧٣١) بە ناوی: (وقایع فتنـە شـیخعبیدالله)، هـەردوو ژمارەكـەش، هـەر هـی یـەك كتێـبن، بـەڵام كـەمێك جیاوازییـان هەیــە. ژمـارەی راستەقینەی ئەم كتێبە، لە دەفتەری كتێبخانەكەدا بۆتە (٩٢٤) و پێناسـەكەی بەمجۆرەیـە: نامیلكەیەكە، باسی ڕووداوەكانی ئـاژاوە و بەدكارییـەكانی عوبـەیدوڵلاّ و كوردانـی سـنووری ئازەربایجان و لە ڕەگوریشە دەركێشـانیان لـە لایـەن سپای سـەركەوتووەوە دەگێڕێتـەوە؛ بـە مێژووی مانگی ڕەمەزانی ١٢٩٧ كۆچی.

وەك نووسەرەكەی لە پێڕستەكەیدا دەڵێ: یادداشتی ڕۆژانەن، لە سەر شۆڕشی نـاوبراو. لە مـانگی ڕەمـەزانی پـیرۆزی سـاڵی ١٢٩٧ كۆچییـەوە تـا مـانگی صەفـەری ١٢٩٨ كۆچـی. ئەگەرچی ئەمیش هەر بە گیـانێكی ناحەزانـە لـە سـەر ڕاپەڕینەكـە دەدوێ؛ بـەڵام وەك لـە پێناسەكەیدا دەڵێ؛ دەبێ زانیاریی و هەواڵی زۆر گرنگیان تێدا بێـت. ئـەم دوو سـەرچاوەیە (٧٧٣) لاپەڕەن.[1]

١٣-لـە (مركـز اسـناد ملـی ایـران - تهـران)یـش ژمـارەی (٩) بەڵگەنامـەی‌ترم چنگخستوون، كە سەر بە چەپكە دوكومینتەكانی بەشی (٣)ی زنجیرە كتێبی (اسناد سیاسی ایران و عثمانی)ن و هـەر یەكـەیان بـە جیـا و بـە گیـانێكی نەیارانـە و لـە دیـدی دەربـاری قاجـارەوە، لـە لایـەنێكی شۆڕشـی (١٨٨٠) و ڕووداوەكـانی دەدوێ. ئـەم بەڵگانــەش بـۆ یەكـەمجارە لـێرەدا بـلاو دەكرێنـەوە و ژمارەكانیشـیان بـەمجۆرەن: ٢٩٥-١/٣٦٧/٥، ٢٩٥-٤/٢٦٢/٢، ٢٩٥-٤/٢٦٢/٤، ٢٩٥-٤/٢٦٢/٥، ٢٩٥-١/٢٨٩/٤، ٢٩٥-٣/٩٦٢/٤، ٢٩٥-٤/٤٢٣/١، ٢٩٦-١/٦٩٨/١، ٢٩٦-١/٧٢٢/١.

---

[1] ئەم سەرچاوەیە دوای ڕووخانی ڕژێمی شا - ١٩٧٩ ، سەرو سۆراخێكی نییە.

١٤–حكومت سايەها: مكاتبات محرمانه و سياسی ميرزا حسين‌خان سپهسالار – به كوشش: محمد رضا عباسی ناشر: سازمان اسناد ملی ايران– چاپخانه شقايق. ١٣٧٢ ش.

ئەم كتێبە تايبەتە بەو نامە و راپۆرتە ڕەسمييانەی ميرزا حسين‌خان، كە لە ڕۆژانی شۆڕشەكەدا بە پەلە كرايە سوپاسالار و سەركردايەتی هەموو لەشكری ئێرانی پێ‌سپێردرا بۆ سەركوتكردنی شۆڕشەكە، كە هەندێ لەو نامانەی ناوبراو بۆ ناسرەدين‌شا و وەليعەهد و سەرانی لەشكری ئێرانی ناردوون، لێرەدا ئاماژەيان پێكراون. بەتايبەتی لە لاپەڕەكانی ٢٨٠ تا ٢٩٤دا.

١٥–حديقه ناصريه: نووسينی: علی اكبر وقايع نگار. لاپەڕەكانی (٢٤٤ – ٢٤٦). ئەم كتێبە سالی ١٣٠٩ كۆچی – ١٨٩١ ز – نووسراوە و سالی ١٣٦٤ هەتاوی – ١٩٨٥ ز – لە لايەن محەمەد ڕەئووف تەوەكوللی‌يەوە لە تاران چاپ و بلاو بۆتەوە.

١٦–تحفه ناصری: نووسينی شكرالله سنندجی (فخرالكتاب)، لاپەڕەكانی (٣٦٤ – ٣٦٨). ئەم كتێبە سالی ١٣١٩ كۆچی – ١٩٠١ ز – نووسراوە و سالی ١٣٦٨ هەتاوی – ١٩٨٩ ز – لە لايەن (دكتر حشمت‌الله طبيبی)يەوە ئامادە و چاپ و بلاو بۆتەوە.

ئەو دوو كتێبەی سەرەوە ئەگەرچی نووسەرەكانيان بە ڕەگەز كوردن، بەلام بە هەمان نەفەسی نووسەرانی قاجاری نووسراون.

١٧–اوضاع سياسی كردستان – از سال ١٢٥٨–١٣٢٥هجری – مجتبی برزويی – انتشارات فكر نو – چاپ اول زمستان ١٣٧٨ ش.

ئەم كتێبە لە بەهاری (٢٠٠٠)دا چاپ و بلاو بووەوە. لاپەڕەكانی (٢٥ تا ٩٢) تەرخانە بۆ شۆڕشی (١٨٨٠)، كە نووسەرەكەی لە ديدی بەلگەنامەكانی قاجارەوە، بە زمانی فارسی لێكۆلينەوە لە سەر شۆڕشی ناوبراو هەلدەسەنگێنێ.

١٨–لە تاريكی‌يەوە بۆ ڕووناكی: حكومەتی ئينگليس، سالی ١٨٨٠، واتە: لە گەرمەی شۆڕشەكەی (١٨٨٠)دا، كتێبێكی ئينگليزی، بە ناوی: (Papers Parlamentary) چاپ و بلاو كردبووەوە. ئەم كتێبە تايبەت بووە بەو راپۆرت و نامانەی لە لايەن وەزيری دەرەوە و بالوێز و كۆنسولەكانی ئينگلستان، لە پێش شۆڕشەكە و لە گەرمە و لە دوای شۆڕشەكەش، لە سەر شۆڕشی ناوبراو كۆ كراونەتەوە.

سەرەتای سالی ١٩٩٩ نەوشيروان مستەفا ئەمين ئەم كتێبەی دەستخستووە و پێشەكی بۆ نووسيوە و (جەمال ميرزا عەزيز) لە زمانی ئينگليزييەوە كردوويەتی بە كوردی و بە ناوی (لە تاريكی‌يەوە بۆ ڕووناكی – بەلگەكانی شۆڕشی ١٨٨٠)، لە هاوينی ١٩٩٩دا، وەك ژمارە (٣٥)ی چاپەمەنييەكانی دەزگای چاپ و پەخشی (سەردەم)، لە سلێمانی چاپ و بلاو بۆتەوە. ژمارەی بەلگەنامەكانی ئەم كتێبە (١٦٠) لاپەڕەييە، (١٥٠) بەلگە و نامە زياترە. كتێبێكی يەكجار بەنرخە و زانياريی زۆر گرنگی تێدايە.

– هەر لە ئەرشیفی بەریتانیا، هێشتا بەڵگەنامەی بە زمانی ئینگلیزی و فارسی، لە سەر شۆڕشی (١٨٨٠) هەن، کە نموونەی ئەم بەڵگەنامانە؛ نامەیەکی (ئابوت)ی سەرکۆنسوڵی ئینگلستانە، بۆ (ئێرل گرانڤێل)ی وەزیری دەرەوەی ئینگلستانی ناردووە. نامەکە مێژووی (١٠ی ئاگستۆسی ١٨٨٠)ی پێوەیە. ژمارەی نامەکەش لە ئەرشیفی ئینگلستاندا بەمجۆرەیە: (oF376 248 /)[1]

شورش شیخ عبیدالله – نووسینی: علی‌خان گونەخان افشار – پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەم دەستخەتە کرد.

بەڵام دڵنیام هێشتا لە ئەرشیفی ئینگلستاندا دوکومینتی‌تری لە سەر ئەم شۆڕشە (بە تایبەتی قۆناغی دوای تێشکانی شۆڕشەکە)، زۆر تێدابن.

١٩– جووڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان _ دوکتور سەیید عەزیز شەمزینی – وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی فەرید ئەسەسەرد – چاپی سێیەم – سلێمانی ١٩٩٨[2]

بەشێکی ئەم کتێبە لە لاپەڕە ٨١ تا لاپەڕە ٨٨ تەرخانن بۆ لێدوان لە راپەڕینی ١٨٨٠ و چەند بەڵگەیەکی گرنگی لە ئەرشیفی رووسیای خستۆتە بەرچاو.

٢٠– خەبات لە ڕێی کوردستاندا: نووسینی «ن. آ. خالفین» بە زمانی رووسی، وەرگێڕانی بۆ کوردی: جەلال تەقی – ساڵی ١٩٧١ – لە سلێمانی چاپخانەی راپەڕین لە چاپدراوە.

بەشێکی زۆری ئەم کتێبە و بەتایبەتیش لە لاپەڕە (١١٩ تا ١٩٣) بۆ راپەڕینی ١٨٨٠ تەرخانکراوە و بەڵگەنامەی زۆر گرنگی تێدایە.

٢١– راپەڕینی کوردەکان – دوکتورانامەی جەلیلی جەلیل – ە و لە سەرەتادا بە زمانی رووسی نووسراوە و دواتر دوکتۆر کاوس قەفتان کردوویەتی بە کوردی و ساڵی ١٩٨٧ لە بەغداد چاپخانەی الزمان لە چاپدراوە.

ئەم کتێبە کە ٢٥٤ لاپەڕەیە، یەکەمین کتێبە کە لە بنەڕەتەوە تایبەت درابێت بە شۆڕشی ١٨٨٠ و تەقەللایەکی گەورەیە و بە گیانێکی دۆستانە لە سەرەتا و هۆیەکانی دەستپێکردن و تێشکانی دەدوێت. دەستی گەیوەتە گەلێ سەرچاوە و ئەرشیفی رووسیا؛ کە

---

[1] ئەم نامەیە کاك ئەنوەری سوڵتانی لە لەندەنەوە بۆمی ناردبوو.

[2] پێدەچێ دوکتور سەیید عەزیز شەمزینی یەکەمین کورد بێ دوکتورای لەسەر مەسەلەی کورد وەرگرتبێ؛ کە خۆی نەوەی شێخ عوبەیدوڵلا یە و ئەوەی وەك ئەفسەرێکی ئازادیخواز پێوەندیی بە شۆڕشی بارزان و دواتر بە کۆماری مهابادەوە کردووە، لەگەڵ گرووپێك کە کۆماری مهاباد پاڵاوتوونی، بۆ خوێندن چووە باکۆ و ئەم کتێبەی تێزی دوکتوراکەیەتی، کە ساڵی ١٩٥٩ هەندێ بەشی بە عەرەبی لە رۆژنامەی «خەبات» لە بەغدا بڵاو کردووەتەوە و دواتر لە ساڵی ١٩٨٥دا هەموو بەشەکانی بەسەریەکەوە لە چاپخانەی ئیبراهیم عەزۆ، لە بەرگەڵوو چاپکرا.

هەر ئەم نووسەرە دوای چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبەی، دیسان (٣) بەڵگەنامەی لە سەر شۆڕشی ١٨٨٠ لە ئەرشیفی ئەرمینیادا چنگخستووە، کە ساڵی ١٩٧١ لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری «هەواڵی ئەرشیفی ئەرمینیا»دا لە زمانی فەرانسەیی و فارسییەوە کردبوونی بە رووسی و خۆیشی سەرنجی لە سەر نووسیبوون. دوای ئەویش دوکتۆر ئەنوەر قادرمحەمەد هەمان ئەو بەڵگانەی کردبوونە عەرەبی و ناردبوونی بۆ گۆڤاری «دراسات کردیە»؛ کە بە داخەوە گۆڤاری ناوبراو تەنیا (١) دانە لەو بەڵگەنامانەی لە ژمارە (١- ل ٩٨ - ٩٩)ی گۆڤاری ناوبراودا بڵاو کردبوونەوە. ئێمەش هەمان بەڵگەنامەمان لەو گۆڤارە وەرگرتووە.

٢٢- کورد و عەجەم: نووسینی: ساڵح محەمەد ئەمین. چاپی یەکەم و دووەم ١٩٩٢ لەندەن - سلێمانی.

ئەم کتێبە گەورەیە، کە (٤٠٠) لاپەڕەیە، بەشێکی گرنگی لە لاپەڕەکانی (١٤٩ تا ١٩٦) بۆ شۆڕشی ساڵی ١٨٨٠ تەرخانکراوە. ئەم کتێبە بە گشتی و بەتایبەتیش ئەو بەشەی بۆ شۆڕشی ١٨٨٠ نووسراوە، سەرچاوەیەکی بابەتییانە و ناوازە و بە برشت و زانستییانەیە، تەقەللایەکی هەمە لایەنەی شۆڕشی ناوبراو و هۆیەکانی سەرهەڵدان و دەستپێکردن و تێشکان و ئاکام و جێگەی شۆڕشەکە لە مێژووی تازەی کورددا، بە قووڵیی شیدەکاتەوە. لەم کتێبەدا بۆ یەکەمجار پشت بە سەرچاوەیەکی زۆری قاجاری بەستراوە.

٢٣- بیرەوەرییەکانی وەفایی: شاعیری ناوداری موکریانی (وەفایی - ١٨٣٨؟ - ١٨٩٩؟)، کە ساڵی (١٨٩٥ ز) لە سەر داخوازیی (شێخعەبدولقادری کوڕی شێخعوبەیدوڵڵا) بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە؛ لەو بیرەوەرییانەدا باسی ئەوە دەکات، کە ماوەی (١٤) ساڵ (میرزا) و (نووسەر) و (ڕازگر)ی تایبەتی شێخعوبەیدوڵڵابووە و لەو بیرەوەرییانەدا لە سەر زۆر لایەنی ژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریی شێخعوبەیدوڵڵا، یادگار و بیرەوەری تێروتەسەلی نووسیوە، بەڵام جێی داخە، زۆر بە ڕاگوزاری و تەنك و تەماویی، ئاماژەی بە هەندێ ڕووداوی سیاسی ژیانی شێخعوبەیدوڵڵا و کوردستان کردووە و زۆر خۆپارێزانە، خۆی لەو باسە گرنگانە نەبان کردووە؛ کە ئەگەر (وەفایی)، بە پێودانی شاعیرێکی هاوڕۆژگاری خۆی وەك (حاجی قادری کۆیی ١٨٣٨ ؟- ١٨٩٧) شتێك کەمتریشی بۆ یادگار بۆ بەجێ بهێشتینایە، دڵنیام لە هەموو کەس ئاگادارتری ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە بووە، چونکە هەر خۆی ڕاستەوخۆ، لە ناو جەرگەیاندا ژیاوە و لە هەموو کەس زیاتر، لە شێخعوبەیدوڵڵا نزیك بووە.

ئەم بیرەوەرییانە، ماوەیەکی زۆر، لای: مامۆستا (قازی محەمەد خزری - شنۆ - ١٨٧٧- ١٩٩٨/٤/٢٦) پارێزرابوون و دواتر لە ساڵی ١٩٩٥دا، کەوتە لای من و لە زمانی فارسییەوە کردمانە کوردی و ساڵی ١٩٩٩، لە کتێبێکی (٣٠٤) لاپەڕەییدا، لە هەولێر - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەك بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (ڕامان) چاپ و بڵاو بووەوە.

٢٤- حاجی قادری کۆیی، کە لەو رۆژگارەدا لە ئەستەموول ژیاوە؛ بەلاّم بە سۆزێکی پاکەوە تێکەلّ رووداوەکانی سالاّنی (١٨٧٠ ز - ١٨٨٠)ی کوردستانی بندەستی عوسمانی بووە و ئەوەی لە خەرمانی شیعرەکانی لەم بارەیەوە لەبەر دەستدابن، ژمارەی (٤) شیعرن، کە لە لاپەڕەکانی: (٨٥ - ١٤٠ - ١٧٨ - ٢٠١)ی دیوانە چاپکراوەکەیدان. ئێمەش بە گوێرەی پێویست ئەو شێعرانەمان بۆ ئەم کتێبە، بە سەر کردوونەتەوە.[١]

٢٥- بەیتی هەمزاغا: ئەگەرچی ئەم بەیتە وا ناونراوە؛ بەلاّم وەك دەردەکەوێ باسێکیّ پچڕپچڕ و ناتەواوێ شۆڕشی ١٨٨٠ بێت.[٢]

---

[١] دیوانی حاجی قادری کۆیی - لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی : سەردار حەمید میران و کەریم شارەزا - پێداچوونەوەی مەسعوود محەمەد - ١٩٨٦

[٢] بنوارە پاشکۆی ژمارە ١٥

بەشی یەکەم

کورد لە سەرەتای ١٨٥٠ بە دواوە

زنجیرە جەنگە نەپساوەکەی نێوان رووس و عوسمانی، کە نزیکەی ٢٠٠ ساڵی خایاند و تیایدا «١٠» جەنگی خوێناوی و سەخت لە نێوانیاندا قەوما؛[1] هێشتا نەبڕابوونەوە، کە لە چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدە بەدواوە، میرنشینە کوردییەکانی: سۆران «١٨٣٧»، بابان «١٨٤٢»، بادینان «١٨٤٣»، بۆتان «١٨٤٨»، هەکاری «١٨٤٨»، بتلیس «١٨٤٩» لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەرودوا بە لەشکرکێشی گەورەی درێژخایەن و شەڕ و تێهەڵچوون لەناوبران و لەجێی میر و سەرۆکهۆز و دەرەبەگی کورد، کاربەدەستانی بیانی و لە جێی بەڕێوەبەرایەتییە نیمچە سەربەخۆکانی ئەو میرنشینانەش، داوودەسگای ناوەندیی عوسمانی، بە خورتی بە سەر خەڵکی کوردستاندا سەپێنران.

ئەم ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەی بە سەر کۆمەڵگەی کوردیدا هات، وەك کریس کوچێرا دەڵێ (کوردی بێسەر هێشتەوە)،[2] چەند گوزەرانی خەڵکی شێواند و چەند بەرەو خراپتری برد؛ ئەو جەنگانەش ئەوەندەیتر و چەندان بارتەقای ئەم ئاڵوگۆڕە، کۆمەڵگەی کوردستانیان هەڵتەکاند.

ئەو زنجیرە هێرش و پەلامارانەی کرانە سەر میرنشینەکانی کورد و ئەو زنجیرە جەنگەی نێوان تورکیا و رووسیاش، کە «٤» یان لە ماوەیەکی کورتی شەست ساڵییدا، واتە: لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا بەرووداو رووویاندا و هاوزەمان بوون لەگەڵ لەناوبردنی میرنشینەکانی

---

[1] ١- ژمارە و ساڵی جەنگەکان بەمجۆرەن:

١- جەنگی ساڵی ١٦٧٦-١٦٨١ز	٦- جەنگی ساڵی ١٧٨٧-١٧٩١ز
٢- جەنگی ساڵی ١٦٨٦-١٦٩٩ز	٧- جەنگی ساڵی ١٨٠٦-١٨١٢ز
٣- جەنگی ساڵی ١٧١٠-١٧١٣ز	٨- جەنگی ساڵی ١٨٢٦-١٨٢٩ز
٤- جەنگی ساڵی ١٧٣٥-١٧٣٩ز	٩- جەنگی ساڵی ١٨٥٣-١٨٥٦ز
٥- جەنگی ساڵی ١٧٦٨-١٧٧٤ز	١٠- جەنگی ساڵی ١٨٧٧-١٨٧٨ز

(الدکتور کمال مظهر احمد - دراسات فی تاریخ ایران الحدیث و المعاصر، ل ١)٢

[2] کریس کۆچیرا - ل ٢٦

کورددا و لە دووبارە بوونەوەی هەریەکێکیش لەم جەنگانە، سەرلەبەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە گشتی و بەری خۆرهەلاتی بەتایبەتی، واتە: کوردستان، کە هاو سنووری رووسیا بوو، دەکەوتە بەر هێرش و پەلاماری لەشکری رووس و داگیر و کاول و تالان دەکرا؛ بەتایبەتێش دوو جەنگی دواییان: (شەڕی قرم ١٨٥٣ – ١٨٥٦) و (شەڕی ١٨٧٧ – ١٨٧٨)، کە لە ماوەی نزیك بیست سالدا روویاندا، بارێکی ئێجگار گران و دژواریان بە سەر کۆمەلگەی کورددا هێنا، چونکە لە لایەکەوە: رووسیا؛ کە لەم جەنگانەدا سەرکەوتن و دەسکەوتی گەورەی بەدەستدەهێنا، چەشەی دەسکەوت و فراوانخوازیی زیاتر ببوو. لەبەرئەوە کاتێ ناوچەکانی بەری خۆرهەلاتی عوسمانی داگیردەکرد، یان ئابلۆقەی شار و ناوچەیەکی دەدا؛ تا ماوەیەکی زۆر تیایاندا دەمایەوە.. لە بەرامبەریشیدا: لەشکری عوسمانی؛ کە تەقەللای بەرگری و دەرپەراندنی لەشکری رووسی دەدا؛ لە ئاکامدا هەر ناوچەی شەڕەکان: (کوردستان) کاول دەکرا[1] و بەو هۆیەشەوە، کە (لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بە ناوی داکۆکی و بەرگری لە ئایینی ئیسلام و دەولەتی ئیسلام، کردبوویە خوو، بانگی جیهاد و غەزای دژی لەشکری کافر – رووس رادەگەیاند).[2]

بۆیە خەلکی کورد بە ناچاری و بە زۆرەملی و رەشبگیرانە، دەکرانە سەرباز و وەك سووتەمەنی رەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکران؛ جگەلەوەی کە هەموو ئەو گوند و شارۆچکە و شارانەی لە شەڕەوە نزیك بوونایە، دەبووایە خۆراك و پۆشاك، بۆ سەرباز و بۆ بەرەکانی شەڕ ئامادە بکەن؛ یان سەرباز لە مالەکانیاندا دابەش و دابین بکرێت.[3]

ئەم جەنگانە، چەند بە سەر گەلانی ناو قەلەمڕەوی عوسمانییەوە بارێکی گران بوون؛ ئەوەندەش بە سەر خودی دەولەتی عوسمانییەوە مایەی داتەکاندنی سامان و دارایی و خەزێنە بوون؛ کە دیسانەوە هەر دەولەتی عوسمانی، بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی و پڕکردنەوەی خەزێنە چۆلەکەی؛ باج و سەرانەی زۆرتری لە سەر خەلکی ناو قەلەمڕەوەکەی زیاتردەکرد و بەمجۆرەش بێزاریی و نارەزایی خەلك زیاتردەبوون. هاوزەمان لەگەل ئەم رووداوانەدا، بەو هۆیەوە کە ژمارەیەکی زۆری گەلانی ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقیا، کەوتبوونە سنووری قەلەمڕەوی عوسمانییەوە و ئەم گەلانەش پەیتا پەیتا و لە هەمولایەکی ئیمپراتۆریەتەکەوە (هەر لە راپەڕینی محەمەد عەلی پاشای میسرەوە، لە سالانی ٢٠– ٣٠ی سەدەی نۆزدە، تا راپەڕینەکانی گەلانی بالکان: بولگار، سرب، رۆمانی، یۆنانی – لە

---

[1] بە درێژایی سالانی ١٨٥٤–١٨٥٥ زۆربەی هێزی سپای خۆرهەلاتی تورکیا، لە ئەرزەڕۆم و کارس کۆببوونەوە. ئەویش لە ١٨٥٥دا، لە لایەن رووسەوە گیرا.

[2] استانفورد. جی. شاو – ازل کورال شاو – جلد ٢– ل ٣١٦

[3] جەلیلی جەلیل – ل ٥٢

نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا)، بۆ ئازادی راپەرین؛ دەسەڵات و سامی ئیمپراتۆریەتەکە، تا دەهات کەمتر دەبوونەوە، بە پێچەوانەشەوە کاتێ دەوڵەتی عوسمانی، لەشکرکێشی دەکردە سەر ئەم راپەرینانە و دامرکاندنەوەیان، ئەوەندەی‌تر سامان و دارایی و توانای ئیمپراتۆریەتەکە دادەهێزرا و لە ناودەچوو.

سەرباری ئەمانەش، دەوڵەتانی ئەوروپا؛ کە فراوانخوازیی رووسیا ترساندبوونی و لە ناو خۆیاندا خەریکی پێشبڕکێی بازاڕی تازە پەیدا کردن و شوێن‌پێ‌خوشکردن بوون لە کەنداو و هیند و خۆرهەڵاتی زەریای ناوەڕاستدا؛ بە شێوەی جۆراوجۆری وەك: ناردنی مسیونێر، ئارکیۆلۆژ و گەڕیدە و بەبیانووی داکۆکیکردن لە مافی گەلان و بە تایبەتیش لە مافی ئەرمەنی و مەسیحی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و چاککردنی باری ئابووری دەوڵەتی عوسمانی و... لاواز بوونی هەمەلایەنەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان بە هەل دەزانی و چاویان بریبووە میراتەکەی، بۆیە خۆیان لە کاروباری ناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی هەڵدەقورتاند و پەیماننامەی نا بەرامبەریان بە سەردا دەسەپاند و دەیانکرد بە ژێرباری قەرزی زۆر و خاکی زۆریشیان لێ‌داگیردەکرد.

هەموو ئەم قەیران و تەنگژانەش، لە سەر یەك کەڵەکە دەبوون و دەبوونە سۆنگەی هەڵوەشان و داتەپینی داودەسگای ئیمپراتۆریەتەکە و زەمینە خۆشکردن لەبەردەم کاربەدەستاندا، بۆ زیاتر رەها بوون و بێ‌پەروایی لە جۆری بەڕێوە بردن و تەشەنە کردنی زوڵم و زۆرداریی و سەرانە و رووتاندنەوەی میللەت و بەرتیلخۆریی، لە سەرەوەی دەربار، تا خوارەوەی مووچەخۆران.[1]

---

[1] لەم بارەیەوە حاجی قادر کە لەو سەردەمەدا خۆی لە ئەستەموول بووە و لە نزیکەوە ئاگاداری زوڵمی عوسمانییەکان بووە، دەڵێ:

حاکمی رێگری مەعموورەیە، قازیی دزی رۆژ — وزەراو وکەلای گورگە، رەعییەت گەلەیە

١/١ كورد لە نێوان دوو جەنگی دوایی رووس و عوسمانیدا (١٨٥٣ - ١٨٧٧)

لەم داروبارە داپڕاوەدا برسێتی برستی لە خەڵك سەندبوو. خەڵك لەتاو برسێتیی و بە دوای ناندا، لە گوندەکانەوە روویان لە شارەکان و شارەکانیش (روویان لە سنوورەکانی رووسیا و ناوچەکانی ئێران دەکرد.[١]) لە ساڵی ١٨٧٣دا، سەرهەڵگرتن و ولات جێهێشتن گەیشتە رادەیەکی ئەوتۆ، گەلێك لە کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکی ترساند.[٢]

«یاکیمانیسکی»ی یاریدەدەری کۆنسوڵی رووسیا لە دیاربەکر، ساڵی ١٨٧٣، دەربارەی برسێتیی کوردستان نووسی: «کوردستان بۆنی ئەوەی لێدێت، بەهێزترین دوژمنی مرۆڤایەتی؛ واتە: برسێتیی، باڵی بە سەردا بکێشێت؛ دیاریشە کە برسێتیی بڵاو بووەوە؛ گرانەتا و چەندان پەتای تریشی لەگەڵدا دەبێ.[٣]

سەرەڕای ئەمانەش، بەو هۆیەوە کە لەشکرەکانی تورك لە کوردستاندا بە درێژایی ساڵ، لە لایەن دەوڵەتەوە مووچەیان پێنەدەدرا، ئەوانیش «پەلاماری دانیشتووانیان دەدا و تالانیان دەکردن.[٤]»

یاکیمانسکی لە ٢٣ی تەمووزی ١٨٧٣دا، بۆ «لا بانۆڤ رۆستوڤیسکی»ی باڵوێزی رووسی لە ئەستەموول نووسی: لەشکری چوارەمی تورك لە کوردستاندا، پتر لە سێ ساڵە مووچەیان وەرنەگرتووە و بە کۆمەڵ هەڵدێن.[٥] لەبەرئەوە کاربەدەستان، بێبەزەییانە رادەی باجەکانیان بەرز دەکردەوە و ماوەی کۆکردنەوەشیان کورتتر دەکردەوە و ژمارەی مەڕ و ماڵاتیان زۆر لەوە زیاتر دادەنا، کە لە راستیدا هەبوون. باجی موڵك و زەوی و بەروبومەکەی و باجیتریشیان دووقات دادەنا.[٦] «شتێکی سەیر نەبوو جارەهای جار، روو بدات کاربەدەستانی عوسمانی، داوا لە جووتیارەکان بکەن بەرهەمی ساڵی داهاتوویان بدەنێ...[٧] جگە لەمانەش «ماڵات و کەلوپەلیان، بە ناوی یارمەتی جەنگەوە رفێنرا. بۆ وێنە: بایی پتر لە «٤» ملیۆن پیاستەر - قرۆش لە دانیشتووانی هەکاری و لەوەش پتر، لە دانیشتووانی ئەرزەڕۆم دزرا. لەشکری

---

[١] جەلیلی جەلیل، ل ٣٩

[٢] هەمان سەرچاوە، ل ٣٩

[٣] خالفین، ل ١٥٩

[٤] هەمان سەرچاوە، ل ٩٥٩

[٥] هەمان سەرچاوە، ل ١٥٨

[٦] جەلیلی جەلیل، ل ٦٢

[٧] هەمان سەرچاوە، ل ٦٢

تورك بە پێی «پسوولە»، هەموو شتێكی لە دانیشتووان دەسەند و پاش كۆتایی جەنگ، كاربەدەستان گوێیان نەدەدایە ئەم «پسوولانە»، بۆ گێڕانەوەی ئەم شتانە.[1]

تووڕە بوون و بێزاریی و برسێتی خەڵك، گەیشتە رادەیەك، لە زۆر شوێن رادەپەڕی و «دەست بە چەكەوە پەلاماری عەمارەكانی گەنم و جۆی دا و مووچەخۆرە دەوڵەمەندەكانی كوشت و سەركێشانە رووبەرووی ئەو هێزانەی عوسمانی وەستا؛ كە بۆ تەمێكردن و باج كۆكردنەوە نێردرانە سەری».[2]

ملنەدانی خەڵك دژی باجی گران و چەوساندنەوەی بێ‌سنوور، چەندان جار شەقڵی‌تری وەردەگرت و بە شێوەیەكی رێكخراو و بەربڵاو، لە ناوچەیەك روویاندەدا و بە هێزی لەشكر و ئاگر و ئاسن و شەڕی خوێناوی و دووبەرەكیی و ئاژاوەنانەوە لە نێوان ریزی راپەریوەكاندا، سەركوت دەكرا و سەرلەنوێ لە ناوچەیەكی‌تر سەری هەڵدەدایەوە.

لە گەرمەی شەڕی قرم «١٨٥٣ - ١٨٥٦»دا، یەزدان شێر راپەڕینێكی گەورە و رێكخراو و بەربڵاو و چەكدارانەی دەست پێكرد. ئەم راپەڕینە لە ناوچەی «هەكاری» دەستی پێكرد و یەزدان شێر نارەزایی و تووڕەبوونی دانیشتووانی قۆستەوە و ئەو ئالآیەی هەڵیكردبوو، بریتی بوو لە: «نەهێشتنی دەسەڵاتی عوسمانی لە ناوماندا». لە كۆتایی ساڵی ١٨٥٤ و سەرەتای ١٨٥٥دا، لە ماوەیەكی كورتدا پەلاماری شارەكانی (بتلیس، مووسڵ، سیرت)ی دا و زۆر ناوچەی‌تری گرت و ژمارەی لەشكرەكەی لە نێوان «٦٠ -١٠٠» هەزار كەسدا بوون.[3] ئەم راپەڕینە بووە هۆی گەلێ راپەڕینی‌تریش لە ناوچە جیاجیاكانی كوردستاندا. بە تایبەتیش ئەم شۆڕش و راپەڕین و یاخیبوون و بێزاریی و بێ‌هیواییەی خەڵك، لەو كاتانەدا زیاتر هەڵدەكشا، كە سەرەتاكانی دووبارە دروستبوونەوەی جەنگی تازە، لە نێوان عوسمانی و رووسدا سەری هەڵدەدایەوە؛ وەك ئەو تارمایی و نیشانانەی جەنگی نوێی ١٨٧٧، كە تا دەهات، زیاتر و زیاتر دەردەكەوت.

---

[1] خالڤین، ل ١٥٧

[2] جەلیلی جەلیل، ل ٧٠

[3] خالڤین، ل ١٠٧. هەروەها بلەچ شێركۆ لاپەڕە ٤٤ - ٤٥

شێخعوبەیدوڵلای نەهری

میرنشینەکانی کورد هێشتا لە گوڕ و تینی ژیاندا بوون، کە لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدە بە دواوە؛ لە کوردستاندا دوو تەریقەتی ئایینی لە گەشە کردن و ململانێدا بوون؛ یەکێکیان «قادری» و ئەویتریان «نەقشبەندی» بوو. یەکەمیان «شێخمارفی نۆدێیی(١٧٥٣ – ١٨٣٧ ز» و دووەمیشیان مەولانا خالیدی شارەزووری «١٧٧٩ – ١٨٢٦ ز» رابەرایەتییان دەکرد.

لەو کاتەوەی مەولانا خالید کەوتبووە ژیاندنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی؛ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بە خێرایی پەرەی سەند و بلاو بووەوە. مەلای پایەبەرزی ناودار، لە شوێنی جیاجیا، بوون بە خەلیفەی مەولانا خالید، بۆ بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی تەریقەتی نوێ و بەهەزاران مورید و مەنسووب و سۆفییان تێئالا. لە دوای کۆچی کتوپڕی مەولانا خالید بۆ بەغدا (١٨٢٠) و دواییتر لەوێوە بە یەکجاریی بۆ «شام» و مەرگی ناکاوی هەر لە شام (١٨٢٦)، دوو کەس لە خەلیفەکانی، لە هەموو ئەوانیتر چالاکتر و بە نفووزتر بوون و خانەقاکانیان بوو بە ناوەندی گرنگی ئیرشاد و رابەرایەتی بلاوکردنەوەی تەریقەت، کە یەکەمیان: شێخعوسمانی سیراجوددینی بیارە (١٧٨٠ – ١٨٦٦) و ئەویتریان: شێختەهای نەهری (؟ – ١٨٥٣) بوو.[1]

بنەچەی سەییدتەها، لە رووی سەییدایەتییەوە دەچنەوە سەر عەبدولقادری گەیلانی (١٠٧٧ – ١١٦٦ ز) و لەم رووەوە بە خۆیان دەڵێن: گەیلانیزادە. شێخعوبەیدوڵلاکوڕی شێختەهایە و ساڵی ١٨٣٠، یان ١٨٣١ لە نەهری لە دایك بووە.

بە قسەی «لایارد»[2]دا، وا دەردەکەوێ سەیید تەها تا ساڵی ١٨٤٣، خانەقاکەی لە قەڵەمڕەوی میرنشینی «بۆتان»دا بووە، بەڵام کە میربەدرخان پاشای بۆتان، فرمانی کۆکردنەوەی باجی لە سەر ئاسووری و مەسیحی ناوچەی «تیاری»ی ناو میرنشینەکەی دەرکردووە و بەو بۆنەیەشەوە، کە لە دەمێکەوە سوڵتانی عوسمانی و کاربەدەستەکانیان، چاویان بەم میرنشینە گەشەکردووە بەهێز و بە دەسەڵاتەدا هەڵنەهاتووە و لە دەرفەتێك

---

[1] ساڵح محەمەد ئەمین، ١٥٧

[2] کریس کۆچیرا، ل ٢٦ هەروەها: بابامەردووخ رۆحانی، جلد ٣ ل ٥٦٠ هەروەها خالفین، ل ١٦٦.

گەراون، تا داد و ئاسایش و یەکسانیی چەسپاوی ناو میرنشینەکە بشێوێنن، بۆیە مەسەلەی باج کۆکردنەوەیان لە سەر مەسیحی و ئاسووری کردە بەهانەیەکی باش و کەوتنە دنەدانی ئەو ئاسووری و مەسیحییانە، تا سەرپێچی فرمانی میربەدرخان بکەن. لە کاتێکدا (هەمووان دەیانزانی میربەدرخان چەند دادپەروەر و یەکسانیخوازە و هیچ کاتێ لە سەر بناغەی ئایین و رەگەز، جیاوازیی نەناوەتەوە. بە تایبەتی کە بە دەستپێشخەریی میر؛ هەموو نەریتە کۆنەکان، کە بەسەر موسڵمانەکاندا سەپێنرابوون؛ هەڵوەشێنرانەوە و بریاردرا بە یەکسانیی رەفتار لەگەڵ موسڵمان و ناموسڵماندا بکرێ».[1] بەم بۆنەیەوە (هەر بە قسەی - لایارد)، سەیید تەها کەوتۆتە هاندانی میربەدرخان و پەیرەوکارانی، تا هێرش بکەنە سەریان و بە رەشەکوژیی «١٠» هەزاریان لێبکوژن و ژمارەیەکیشیان بە دیل بگرن؛ کە ئەم هێرش و پەلامارەی بەدرخان، لە ساڵی ١٨٤٦یشدا دووبارە بۆتەوە.

ئەم کارەی بەدرخانبەگ، ئینگلیس و فەرانسەی خرۆشاندووە و ئەوانیش گوشاریان بۆ دەوڵەتی عوسمانی بردووە؛ تا لەشکری بەهێز بنێرێتە سەر میری بۆتان و دەسەڵاتی لە ناو ببات. دەوڵەتی عوسمانیش لەشکرێکی بە سەرکردایەتی «عوسمان پاشا» ناردۆتە سەر میری بۆتان و تێکیشکاندووە و بە دیلی گرتووە.[2] لەم سەروبەندەدا سەیید تەها خۆی گەیاندۆتە نەهری،[3] بۆ سنووری «موسا بەگ»ی میری «هەکاری»، کە بە قسەی «لایارد»، وەك لە ساڵی ١٨٤٩دا، سەردانی کردووە، تاقانە میرێکی کورد بووە، کە هێشتا بە شێوەیەکی رەسمیی، خۆی بە دەست تورکەوە نەداوە؛ بەڵام دەسەڵاتی لەق بووە.[4] نەهرییش گوندێکی ناوچەی شەمزینانە، لە ویلایەتی هەکاری، کە لە رووی جوگرافییەوە دەکەوێتە ناوەڕاستی کوردستانەوە.

بەم پێیە، ئەو کاتەی شێخعوبەیدوڵلا لەگەڵ باوك و بنەماڵەکەیاندا چوونەتە نەهری، ئیتر میرنشینەکانی کورد لە ناو براون و کۆمەڵگەی کوردەواری لە رووی سیاسییەوە، پارێزەرانی نەماوە و راستەوخۆ بەرەورووی بەزەیی و دەسەڵاتی رژێمەکانی عوسمانی و قاجاری کراوەتەوە. بە واتەیەکیتر: شێخعوبەیدوڵلا لە هەرەتی لاوێتیدا، لەشکر کێشیی و هێرشی هێزەکانی عوسمانی و شەڕ و کوشتار و کاولکاریی بێبەزەییانەی بۆ سەر میرنشینی بۆتان، بە چاوی خۆی دیوە و ئاکامەکانی لە ناوبردنی ئەو میرنشینە پێشکەوتووەی، لەگەڵ زوڵم و بێدادیی لە رادەبەدەری رژێمی عوسمانی بەراورد کردووە؛ کە وەك گەرێدە و ئەفسەر

---

[1] سەیید عەزیز شەمزینی، ل ٧٧

[2] کریس کۆچیرا، ل ٣٣٢

[3] مارتین ڤان بروینسن، ل ٢٩

[4] کریس کۆچیرا، ل٣٣٢

و مسیۆنێرانی ئەوروپایی و ئەمەریکایی، لە پێش روخاندنیدا سەردانیان کردووە و بە چاوی خۆیان شێوەی بەڕێوەبردنی یاسا و داد و ئاسایش و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، ئابووری...میرنشینەکەیان دیوە و نووسیوەتەوە؛ هەموویان ئەوە دەسەلمێنن، کە لە چاو هەرێمەکانی ژێر دەسەلاتی عوسمانیدا، زۆر جیاواز و لە پێشتر بووە و «دەتوانرێت بە ناو ولاتی بەدرخاندا، منداڵی ساوا بە زێڕەوە بە مەلاولادا بنێردرێت، بێئەوەی مەترسیی ونبوونی لێبکرێت».[1]

بنەماڵەی شێخانی نەهری، خاوەنی نفووزی دینی و دنیایی بوون. لە رووی دینییەوە مەلای چاك و ناوداریان تێدا هەڵکەوتووە. لە رووی دنیاییشەوە خاوەنی زەوی‌وزاری کشتوکاڵ و خاوەنی «٢٠٠» ئاوایی بوون؛ کە ئەم ئاواییانە لە هەردوو بەری سنووری نێوان عوسمانی و ئێراندا بوون. دەسەلاتی ئیرشادی تەریقەتیش، پایەی دینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی لە جاران بە هێزتر کردبوون.[2]

شێخ‌عوبەیدوڵلا، کوڕی ئەم بنەماڵە دەسەلاتدارە بەڕێزە بوو، شارەزای زانستەکانی عیرفان و دین بوو. بە گوێرەی گێڕانەوەکانی: «بیرەوەرییەکانی وەفایی»، شێخ عوبەیدوڵلا خوێندەوارێکی بالادەست و شاعیرێکی بەدەسەلات بووە. دیوانێکی شیعریی زۆر بالای بە ناوی «مثنوی شیخ‌عبیداله» هەیە، کە لە سەرکێشی «رمل مسدس محذوف»ە و هێشتا چاپ نەکراوە.[3] هەروەها «عەقیدەنامە»یەکی کوردیشي هەیە.[4]

سەیید تەها دوای ئەوەی لە خانەقای نەهری، درێژەی بە ئیرشادی ئایینی‌دا و لە ماوەیەکی کورتی کارکردنیدا «بە گوێرەی زانیاریی خانێکۆف، کونسوڵی رووسیا لە تەورێز»، تا ساڵی ١٨٥٠ زیاتر لە «١٠» هەزار موریدی لە دەوری تەریقەتی نەقشبەندی کۆ کردۆتەوە.[5] لە ساڵی١٨٥٣دا کۆچی دوایی کردووە[6] و «شێخ‌محەمەد ساڵح»ی برای بۆتە

---

[1] مارتین ڤان بروینسین، ل ٣٣١. هەروەها کریس کۆچێرا ل ٢٦. هەروەها لە تاریکییەوە بۆ رووناکی، ل ٢٩.

[2] ساڵح محەمەد ئەمین، ل ١٥٤

[3] نوسخەیەکی دەستنووسی لای من هەیە.

[4] بنوارە گۆڤاری کاروان – ژمارە ٣٢

[5] خالفین، ل ٩٦–٩٧

[6] ژیننامەی سەیید تەهای نەهری کە «سەیید مەنسوور گەیلانی گریك» نووسیوێتی و لە تورکییەوە کراوەتە فارسی و هێشتا چاپ نەکراوە.

جێنشینی ئیرشاد و ئەمیش دوای ماوەی «١٢» ساڵ ئیرشاد، لە ساڵی ١٨٦٥ دا کۆچی دوایی کردووە[1] و شێخ‌عوبەیدوڵلاّ بۆتە جێنشینی.

بەم پێیە، شێخ‌عوبەیدوڵلاّ لە تەمەنی «٣٤» ساڵیدا بۆتە جێنشین و رابەری تەریقەتی نەقشبەندی؛ کە سەردەمی بەدەستەوەگرتنی جڵەوی رابەرایەتی‌کردنی تەریقەتی نەقشبەندی، لە لایەن شێخ‌عوبەیدوڵلاّوە، نزیکەوزەمانە لەگەڵ مەرگی گەورەترین رابەری ئەو رۆژگارەی هەمان تەریقەتدا، لە ناوچەی هەورامان، کە شێخ عوسمانی سیراجوددینە(١٨٦٦) و بەمەش شێخ‌عوبەیدوڵلاّ دەبێتە گەورەترین و تاقانە شێخێکی ئیرشادی ئەم تەریقەتە، کە بە هۆی زانایی خۆی و بە تەنگەوەهاتنی چارەسەرکردنی گیروگرفت و کێشەی کۆمەلاّیەتی و دابینکردنی داد و ئاسایش بۆ خەڵك و پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ مەسیحی و ئاسووری و ئەرمەنییەکانی ناوچەکەدا، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، توانی جێگەیەکی یەکجار مەزن و بەربلاّو لە سەرتاسەری کوردستاندا بۆ خۆی بکاتەوە و هەر لە نەهرییەوە رابەرایەتی رێکخراوێکی فراوان و بەربلاّو بکات، کە پێکهاتبوو لە سەدان مەلا و میرزا و ئاغا و سەرۆك‌عەشیرەت و خەلیفە و مورید و سۆفی لە ناوچەی جیاجیای کوردستان و ولاّتانی ئیسلامیدا.

بە واتەیەکی‌تر: لە دوای دەسەلاّت سەندنەوە لە میر و دەرەبەگ و سەرۆك هۆزی کورد، شێخ‌عوبەیدوڵلاّ دەبێتە یەکەمین رابەری ئایینی، لە مێژووی نوێی کورددا، کە جڵەوی بزاڤی سیاسی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بگرێتە دەست.

شاعیری ناوداری موکریان: «وەفایی»، کە کتێبێکی لەبارەی بیرەوەری خۆی، لە خزمەت شێخ‌عوبەیدوڵلاّو پایەی ئایینی و کۆمەلاّیەتی و کەراماتی «شێخ»ەوە نووسیوە؛ زانیاریی زۆری دەربارەی شێخ نووسیوە. وەفایی دەڵێ :

کاتێ ئەو زاتە، لە سەر کورسی رابەرایەتی تەریقەت دانیشت، رۆژگار بوو بە رۆژگارێکی دیکە و سەردەمێکی رێکوپێکتر هاتە کایەوە.

هەرچەندە ئەو زاتە لە جیهانی مەعنەوی و زانستی تەریقەتدا، بە راستی پێشەوای خەڵك و سەردەم و یاریدەدەری تاك و گشتیش بوو، لە رووی رووالّەتیشدا خوای مەزن، هێز و شکۆ و سامان و دەزگایەك کە بەو زاتەی بەخشیبوو، بە پێی گێڕانەوەی پێشینیان و دواییینان، بە هیچ کەسێك لە پیرانی تەریقەتی سوفییە نەبەخشرابوو. باب و باپیرانی بەرێزی ئەو زاتە، هەریەکەیان ماوەیەك لە سەر کورسی رابەرایەتی تەریقەت و شێخایەتی

---

[1] لەم مێژووەدا پشتمان بە «بیرەوەرییەکانی وەفایی– تحفه‌المریدین» بەست، کە دەڵێ : ماوەی ١٤ ساڵ لە خزمەت شێخ عوبەیدوڵلاّ دا بووم. واتە مەبەستی ئەوەیە تا کاتی راپەرینەکەی ١٨٨٠ لە خزمەت شێخ عوبەیدوڵلاّ بووە. بەم پێیە ئەگەر چواردەساڵ لە ١٨٨٠ دەرباوێژین، دەکاتە ١٨٦٦. بەلاّم دیسان هەر وەفایی دەڵێ ساڵێك دوای ئەوەی شێخ عوبەیدوڵلاّ بووە جێنشین، ئەوسا چوومە خزمەتی. بەمجۆرە دەبێ شێخ محەمەدساڵح لە ساڵی ١٨٦٥دا کۆچی دوایی کردبێ.

دانیشتبوون، هەمووشیان هەتا دەمی مەرگ، ئاکاری ساکار و سادە و مەشرەب خاکینە بـوون. هـەرگیز لـە روالـەتدا ئـەوەندە هـێز و دەسـەلاتیان نـەبووە؛ کـە لـە بەرامبـەر زۆرداریکـدا، لایەنگریی لە دەستکورتێك بکەن، یان لە بەرامبەر زۆرداریکدا چاودێریی بێدەسەلاتێك بکەن. بۆ نموونـە: وەك بیسـتوومە گوایـە لـە سـەردەمی حـەزرەتی شـێخمحەمەد سـالحی مـامیدا، زۆرداریك لە سەربانی خانەقا، نۆکەریکی ئەو زاتـە دارکـاریی دەکـات و بـە زەبـری کوتـەك هەمووگیانی زامدار کردووە. چەند جاریکیش کارەساتەکەیان بۆ گێراوەتەوە. کەچی خۆی لـێ بێدەنـگ کـردووە و هیچـی نـەوتووە!.. بـەلام حـەزرەتی شـێخعوبەیدوللا، لـە خراپـە و دوورخستنەوەی زۆردار، لە بێدەسەلاتان، نموونەی نەبوو. ئەم هـەموو غیرەتـەی ئـەو زاتـە، شایانی ئەم راستیەیە، کە ئاکاری ئەو زاتـە پێچەوانـەی رەوشـتی ئـەوانی دیکـە بـووە. لـەو رۆژەوە کە تەختی رابەرایەتی تەریقەت، بـە وجـوودی موبـارەکی رازایـەوە، هـەتا لـە دنیـا دەرچوو، لەو دەوروبەرە و لـە ناوچـە دوور و نزیکـەکانیش هیچ زۆرداریـك توانـای ئـەوەی نەبووە دەستدرێژییەکی بچکۆلە بکاتە سەر بێدەسەلاتێك. خۆ ئەگەر بە رێکەوت چەتەیـەك، یان زۆرداریك، لە هەر دەشت و رێبازێك، کەسێکیان رووت بکردایەتەوە، هەر ئەوەندەی ئەو زاتە ئاگادار بکرایەتەوە، لە دوای فەلاقە و دارکـاریکردن، مالـە تالانییەکـەی لـە چەتـەکان دەسەندەوە و دەیدایەوە بە خاوەنەکەی... زۆربەی کاتی ئـەو زاتـە، هـەر بـە داوەریکـردن و سەندنی مافی هەژاران بە سەر دەبرد. چاکەکار و خۆشخوو بـوو. هەمیشـە بـە چاکـە نـاوی دەبرا. هەمیشە زمان شیرین و رووکراوە و میهرەبان بوو... لە دەر و ژوورووی ولاتەوە مورید و خوازیار، کاروان کاروان زیارەتیان دەکرد. هەرگیز خانەقا؛ لە لادێیی و شاریی و بەلخی و بوخارایی چۆل نەبوو. خەلیفەکانی ئەو زاتە، لە ئێران و شیروان[1] و کوردستان و داغستان و خاکی رۆم و ئەو دەوروبەرانە، خەریکی پـەرەپێدانی ئـایین و رێنوێنـی خوازیـاران بـوون... نیـوەرۆ و ئێـوارە سـفرەی بـۆ میوانـان کـراوە بـوو. هـەموو رۆژێـك لـە «٣٠٠-٤٠٠» میـوان کەمتریان لە دیوەخانەکەیدا نەدیوە. مەگەر لە سێ مانگەی زستاندا، کـە بـە هـۆی بـەفر و سەرما و رێبەندانەوە، هاتوچۆ کـەمتر ببووایەتـەوە. هـەندێ جـار رادەی میـوان دە گەیشـتە «١٥٠٠» کەس.[2]

---

[1] شیروان ناوچەیەکە لە باشووری خۆرهەلاتی قەفقاز، سەر بە هەرێمی باکووری رووباری ئاراس و کوورا. ئەم ناوچەیە بە گوێرەی رێکەوتننامەی گولستان (١٨١٣)،کە لـە نێوان رووس و ئێراندا پێکهـات، بـەر رووسـیا کەوت. (محـمـد رضا نصیری، جلد ١ ل ١٨)

[2] بیرەوەرییەکانی وەفایی، ل ٣٧. هەروەها لـۆرد جـورج کـورزون، کـە لـە سـالی ١٨٨٩ - ١٨٩٠ لـە ئێران پەیامنێری رۆژنامەی «تایمز» بووە، دەلێ: رۆژانە (٥٠٠ تا ١٠٠٠) میوانی هەبووە. (جلد٢ ل ٧٠١)

٣- دەربارەی تەریقەتی نەقشبەندی

ئەگەرچی تەریقەتی نەقشبەندی، لە ئاسیای ناوەندەوە سەری‌هەڵداوە و بە ناوی شێخ بەهائەدین نەقشبەند بوخاری (١٣١٨-١٣٨٩)یەوە ناسراوە، کە هەندێ ئاڵوگۆڕ و دەستکاریی بە سەر تەریقەتەکەدا هێناوە. بەڵام تەمەنی تەریقەتەکە لەو مێژووە کۆنترە و دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری یوسف هەمەدانی (١٠٤٩-١١٤٩) و دواتر بۆ سەردەمی عەبدولخالق غونچەوانی (؟-١٢٢٠ز)، کە بۆ یەکەمجار هەندێ بەرنامەی‌تر و یاسای نوێی بۆ دانا و دوای ئەویش بۆ سەردەمی عوبەیدوڵڵای ئەحرار (١٤٠٤-١٤٩٠ز) و موریدەکانی ئەمیش، کە تەریقەتەکەیان لە (هیند)ەوە گەیاندە تورکیا و دواتریش ئەحمەد فاروقی، کە ئەمیش ئاڵوگۆڕی زۆرتری بەسەرداهێنا و موریدەکانی ئەم، گەیاندیانە ناوچەکانی ئێران و تورکیا و بەمجۆرە ئەم تەریقەتە، وردەوردە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش دوای دەرکەوتنی زیائەدین خالید حسەین (مەولانا خالیدی شارەزووری)، زیاتر تەشەنەی سەند و بڵاو بووەوە.[1]

مەولانا خالید ئەم تەریقەتەی لە «دەهلی» و لەسەر دەستی شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی‌دا بە دەستهێنا و لە کوردستاندا بڵاوی کردەوە.

سەردەمی گەڕانەوەی مەولانا خالید بۆ کوردستان (١٨١١-١٨٢٠ز) و بەتایبەتیش بۆ (سلێمانی)ی پێتەختی میرنشینی بابان، هاوسەردەمی هەڵکشانی شەڕ و ململانێی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی میران و سەرانی (بابان)ە لەسەر دەسەڵات، کە شەڕەکانیان ببووە ئاژاوە و تێکدانی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و بارێکی گران بەسەر ئەستۆی جەماوەر و بێزاریی دانیشتووانی ناو میرنشینەکە.[2] لە لایەك و لە لایەکی‌تریشەوە؛ سەرەتای داهێزرانی هەمەلایەنەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و خەریکبوونی بوو، بە شەڕی نەپساوی رووس و بڵاوبوونەوەی هەژاریی و برسێتیی و لە یاسالادانی کاربەدەستانی عوسمانی و بەرتیلخۆریی و

---

[1] (مارتین ڤان بروین سن-آغا، شیخ و دولت - ص ٣٢٠-٣٢١).

[2] بەتایبەتیش بێزاریی «بازاڕیی»یەکانی ناو پێتەختی میرنشینەکە (سلێمانی) . بۆ زیاتر ئاگاداریی، بنواڕە: هەڵکەوت حەکیم -ابعاد ظهور الطریقة النقشبندیه فی کردستان فی اوائل القرن التاسع عشر- مجله دراسات کردیه - العدد (١) کانون‌الثانی ١٩٨٤-ص٥٥-٦٧.

باج و سەرانە و زوڵم و بێدادیی لەرادەبەردەر... کە ئەمانە هەمووی، سۆنگەی ئەوە بوون خەڵك لە دەسەڵاتی کاربەدەستان تووڕە و بێزار بێت و لە ڕێگەی ئەو چەندان یاخیبوون و ڕاپەڕینانەی لەو ڕۆژانەدا، لە چەندین لاوە، دژی سیستەمی عوسمانی ڕوویانداوە، هەموویان تەقەللای ئەوە بوون بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکدا بگەڕێن، تا ئۆژخنێك بە ڕۆحی ماندوویان ببەخشێت و لەو داروبارە شێواوە دەربازیان بکات.

بۆیە کاتێ کەش و هەوای ناوەوەی ئەم تەریقەتە، لە ڕێگەی زیکر و پەیڕەوکردنییەوە، جۆرە ئۆقرە و ئۆژخنێکی بە ڕۆحی پەژارە و شپرزەیان دەبەخشی؛ کە جیاواز بوو لەگەڵ کەش و هەوای داپڵۆسێنەری ئەو واقیعە تاڵەی تیایدا دەژیان و جگە لەمانەش چونکە لە ماوەی چوارسەد ساڵی ڕابووردودا، دیدی ئایینی، بەجۆرێك تێکەڵ دیدی سیاسی ببوو؛ هەڵوێستی سیاسی لە سەر دادەڕێژرا و لەمەشدا مەزهەبی سوننی، لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی و مەزهەبی شیعەش، لایەنگریی دەوڵەتی قاجاری دەکرد و ئەم تەریقەتە تازەیەش لایەنگری و پشتیوانیی لە هیچکامێکیان نەدەکرد و لە هەمان کاتیشدا، هەر لە سەرەتای گەڕانەوەی مەولانا خالید و بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکەدا، لە لایەن ئەورەحمان پاشای بابان و خودی سوڵتانی عوسمانی و تەریقەتێکی‌تری مێمڵ و پێشتر چەسپاوی وەك تەریقەتی «قادری»یەوە، تەقەللای تا ڕادەی تیرۆر کردن و هەڕەشە و بەربەرەکانێی دەکرا...[1] بۆیە ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی ئەم تەریقەتە وەك هەڵوێستێکی دژ بەدەسەڵاتی زوڵم وەربگیرێ و بە خێرایی و دەستەبەدەستە و بە شەپۆل، خەڵك پێشوازییان لە وەرگرتن و پەسەندکردنیدا کرد و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، بە سنە و سلێمانی و ناوچە دوورەکانی وەك هەورامان و نەهری و بارزان و سەرتاسەری کوردستان و وڵاتانی‌تری ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، وەك سووریا، فەلەستین، عێراق و قەڵەمڕەوی قاجاری و داغستان و...دا بڵاوببێتەوە؛ بەجۆرێك بەرلەوەی مەولانا خالید، بە یەکجاریی تەنگی پێهەڵبچنرێ و سلێمانی بەجێبهێڵێ؛ ژمارەی موریدەکانی گەیشتوونەتە (١٢) هەزار[2]و هەندێکیش دەڵێن (٢٠)هەزار[3] موریـد و (٣٤) خەلیفەی کورد و (٣٣) خەلیفەی سەربە نەتەوەکانی‌تری هەبووە...[4] کە ئەم ئامارە زۆر و جوگرافیا بەرینە؛ بۆ ئەو ماوە کورتەی مەولانا خالید، تیایدا بۆ کوردستان هاتەوە(١٨١١ز)، تا کوردستانی جێهێشت(١٨٢٠ز)، جێی سەرنج و بەڵگەی ئەوەن، کە خەڵك چەند لەو سیستەمەی ئەو ڕۆژگارە بێزارن و لە هەمان کاتیشدا توانای ئەم تەریقەتە دەردەخەن، بۆ

[1] هەڵکەوت حەکیم، ل ٥٥-٦٧

[2] کلودیوس جێمس ریچ- گەشتی ریچ بۆ کوردستان ، ل١٥٧

[3] عباس العزاوی – مولانا خالد النقشبندی – مجله المجمع العلمی الکردی – العدد الاول – بغداد-١٩٧٣، ل٦٩٦-٧٢٧

[4] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس- یادی مەردان- بەرگی یەکەم – بەغداد ١٩٧٩، ل٨٣-٨٦ ...

قۆستنەوەی نارەزایی و بێزاریی ئەو خەڵکە و کۆکردنەوە و ڕێکخستنیان بە شێوازێکی تازەتر، لە شێوازی تەریقەتی قادری.

تەریقەتی نەقشبەندی سەرەڕای ئەوەش، کە هێشتا لێکۆڵینەوەی قوولّ و زانستییانەی دەربارە نەکراوە؛[1] بەڵام ئەگەر سیما گشتییەکانی لە چەند بڕگەیەکدا بەسەر بکەینەوە، ئاوا دەردەکەون:

١- بانگاشەی دژایەتی زوڵم و بێدادیی دەکرد.

٢- گەوهەری تەریقەتەکە، باسی خۆپاککردنەوە لە تاوان و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی هەق و ڕاستیی و جوانیی دەکرد.

٣- کەمتر خۆی لە سەرانی دەوڵەت و کاربەدەستان نزیك دەکردەوە و لەم بوارەدا وتمان میرانی بابان و خودی سوڵتانی عوسمانی و داودپاشای والی بەغدا، دژایەتی و بەربەرەکانییان کردووە؛[2] کە وەك دەردەکەوێ، ئەم هەڵوێستەی سەرانی بابان و دەوڵەتی عوسمانی، ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی تەریقەتی نەقشبەندییە، بەرامبەر بەوان و لەم بوارەدا بەڵگەی ئەوەش هەیە کە تەریقەتی نەقشبەندیش، هەمان هەڵوێستی بەرامبەر ڕژێم و سەرانی دەوڵەتی قاجارییش هەبێت. بۆیە بە پێویستی دەزانین چەند بڕگەیەك لە دوو نامەی مەولانا خالید، بۆ سەیید تەهای نەهری، بخەینە بەرچاوی خوێنەران:

نامەی یەکەم:

«...دڵسۆز و جگەرسۆزم سەیید تەها، خوا پشت و پەنات بێت و هەمیشە لە شەڕی هەوەس و ئارەزوو پارێزراو بیت، کە دەردێکی گەورەیە و زۆربوونی موریدانیش بۆ مرۆڤی ناتەواو، بەڵایەکی گەورەیە و خوای مەزن لەوەت لابدات. دڵدانیش بە وڵاتی عەجەم، بە ژەهرێکی کوشندە و ژارەمار دەزانرێ؛ جا ئیتر چوون بۆ وڵاتەکەیان و دیداری (شا)ی ئەوان، چۆن دەبێ و هەرگیز لێت قبووڵ ناکەم. بەڵام بەو هۆیەوە کە دراوسێن؛ ئەوا ئاکاری جوان نواندن و دوور و دۆست بوون، زیانێکی نییە. بە یاریدەی خوا ئەوەش سەرناگرێ. تەنانەت ئەگەر (شا)ش داوای دیتنتانی کرد، جا چ بگات بە کەسانی لەو پلە نزمتر![3] وەڵام ئەمەیە:

---

[1] (ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین ماموّستا «هەڵکەوت حەکیم» دکتۆرانامەیەکی بە ناونیشانی: «مەوداکانی دەرکەوتنی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا». پێشکەش دانشگای (سۆربۆن)ی فەرانسە کردووە و بەشی سێیەمی ئەم تێزە، لە ژمارە (١)ی گۆڤاری مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد- پاریسدا بڵاوبۆتەوە - کانوونی دووەمی ١٩٨٤، ل ٥٥-٦٧

[2] هەڵکەوت حەکیم، ل٦٦

[3] وەك لە دووتوێی نامەکەدا دەردەکەوێ (سەیید تەها) پێشتر لە نامەیەکیدا مەولانا خالید ئاگادار دەکاتەوە و تکای لێدەکات، تا ڕێی بدات، بە دەنگ بانگهێشتنی دەرباری قاجارەوە بچێت؛ کە ئەگەرچی ئەم نامەیە مێژووی لەسەر نییە، بەڵام مێژووی گەڕانەوەی مەولانا خالید بۆ کوردستان (١٨١١) و سەرهەڵگرتنی لە سلێمانی (١٨٢٠) و کۆچی دوایی لە شام (١٨٢٦)، هاوزەمانە لەگەڵ فەرمانڕەوایی فەتحعەلیشای قاجار

ئێمە دەروێشین و کارمان لە دنیا دابڕانە و دوعاکردنە بۆ پاشای ئیسلام و سەرخستنی دینی سەروەر و سالارمان (دروودی خوا لە خۆی و یارانی)، هاونشینی و هاوڕێیەتی‌کردنی ئەوانە، بە چاك نازانم و ئەمەش لە تەریقەتی ئێمەدا نییە. لەبەرئەوە، ئەوە جێبەجێبکە، کە لە سەرت پێویست کراوە و لێی لامەدە (فالزم ما امرلك و لا تخالف). داهاتووشت بەختەوەر بێت...[1]

نامەی دووەم:

«... هەرگیز دیداری فەرمانڕەوایان بە چاك نازانم و ددانی پێدا نانێم، مەگەر ئەوەی بە دڵی پاك و نیازەوە بێن بۆ لاتان... بەڵام بۆیان بپاڕێنەوە، تا یەزدانی مەزن بیانخاتە سەر ڕێگەی ڕاست؛ جا چ شیعە بن، چ سوننی، چونکە خێر و چاکەی دەسەڵاتداران و کاربەدەستان، لە بەختەوەریی بندەستان و هەژاراندایە...»

خالد النقشبندی المجددی[2]

بەم پێیە، بە دڵنیاییەوە هەموو بەڵگەکان بەلای ئەوەدا دەچن، کە تەنگپێهەڵچنینی مەولاناخالید، لە لایەن میرانی بابان و سوڵتانی عوسمانی و دەستەی مێملێ (قادری) و زمانلێدان و ڕاپۆرت نووسینیان لای میرانی بابانی و سەرانی عوسمانی و نامەکانی مەولانا خالید بۆ میرانی بابانی و شێخ مارفی نۆدێیی و داودپاشا و ناچارکردنی مەولانا خالید، بەسەرهەڵگرتن و جێهێشتنی کوردستان،[3] بە ڕوونی دەری دەخەن، کە لەو ڕۆژگارەدا مەولانا

(١٧٧١-١٨٣٤) و عەباس میرزا (١٧٩٨-١٨٣٣)ی چوارەمین کوڕی فەتحعەلی‌شادا، کە ئەمی دواییان سەروکاری لەگەڵ کوردستاندا زۆرتر بووە...

[1] بنواڕە: پاشکۆی ژمارە ١٢

[2] بنواڕە: پاشکۆی ژمارە ١٢

(سەرنج): جگە لەم بەڵگانەش، خەلیفەیەکی‌تری مەولاناخالید، بەناوی (عەبدولوەهاب سوسێی)؛ پێوەندییەکی زۆرکەم لەگەڵ سوڵتانی عوسمانیدا پەیدا دەکات. بەو مانایەی ئەمڕۆ، گەر باسی بکەین، سۆڵتانی عوسمانی دەیەوێ (شێخ عەبدولوەهاب سوسێی) بکڕێ و بەلای خۆیدا ڕایبکێشێت. کەچی مەولانا خالید یەکسەر لە تەریقەت دەری‌دەکات و یەکسەریش نامە بۆ هەموو خەلیفە و موریدەکانی دەنووسێ و دەڵێ : (عەبدولوەهاب)مان لە تەریقەت دەرکردووە و جارێکی‌تر بۆی نییە بگەڕێتەوە ناو تەریقەت (یادی مەردان - ل ٣٦١-٣٦٢).

[3] بۆ زیاتر ئاگادار بوون لە ژیانی مەولانا خالید، بنواڕە:

-الشیخ محەمەد الخال- الشیخ معروف النودهی البرزنجی- بغداد ١٩٦١-ص٦١.

-ابراهیم فصیح البغدادی -المجد التالد فی مناقب الشیخ خالد - استانبول-١٨٧٢.

-عباس العزاوی - مولانا خالد النقشبندی - مجلە المجمع العلمی الکردی - العدد الاول- بغداد ١٩٧٣- ل ٦٩٦-٧٢٧.

خالید و تەریقەتی نەقشبەندی، تاقانە ئەلتەرناتیڤێکی شۆڕشگێرانە بوون. دژی ئەو داروبارە بۆگەنکردووەی ئەو سەردەمە؛ کە ئەم هیوا بەستنەوەیە بەم ڕێباز و تەریقەتەوە، تەنانەت دوای مەرگی مەولانا خالیدیش، شێلگیرانەتر و بەگوڕتر، بەردەوام دەبێ و خەلیفەکانی مەولانا خالید، وەك شێخ شامیل (١٧٩٧-١٨٧١ز)ی[1] ڕابەری ڕزگاریخوازی داغستان و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخانی بارزان و شێخ سەعیدی پیران، نموونەی ڕابەرە شۆڕشگێڕ و ڕاپەڕیوەکان دەبن، دژی دەسەڵاتداران و زاڵمانی ڕۆژگار؛ کە لەمبارەیەوە زانای هاوچەرخی ئەمەریکایی (بەرنارد لویس) لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە تەریقەتی نەقشبەندی، ڕێبازێکی هەمیشە سیاسی و هەمیشە دژ بە تورکیا بووە.[2] هەروەها «ئیڤانۆڤ»ی کۆنسوڵی رووسیا لە ئەرزەرۆم، هەر لەمبارەیەوە دەڵێ: «نە عوبەیدوڵڵا و نە باوك و باپیری، قەت حەزیان نەکردووە هەڵوێستێکی ناحەزیان هەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەمیشە دژی عوسمانی بوون و هەمیشە لە ژێر پەردەی پاراستن و پارێزگارییەوە، بە دەنگ ئەو بنەماڵە سەردارانەی میسۆپۆتامیاوە چوون، کە دژی میری ڕاست دەبوونەوە و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکردن.[3]

سەرەڕای ئەمانەش، لە تێکرای هەڵوێست و هەڵسوکەوت و لە دووتوێی نامەکانی مەولانا خالیددا، کەشوهەوایەکی کوردییانە هەست پێدەکەین، کە پوختەی هەموو ئەمانەی مەولانا خالید ، بەتایبەتی لە وەسیەتەکەیدا هەست پێدەکرێ، کە دوای ئەوەی گەیشتۆتە (شام)، یەکسەر (٦) خەلیفەی خۆی، بۆ (٦) ناوچەی خۆرهەڵات داناوە و هەر شەشیشیان کورد بوون!

ئەمە لە کاتێکدا (وەك وتمان)، کە مەولانا خالید (٣٤) خەلیفەی کورد و (٣٣) خەلیفەی سەربە نەتەوەکانیتری هەبوون و دەبووایە بە گوێرەی ئایینی ئیسلامیش، ئەم جیاوازییە لە نێوان خەلیفەکانیدا دانەنێت![4]

شێخ شامیل، کە لە ساڵانی ١٨٣٧ تا ١٨٥٩، واتە: نزیکەی (٢٢) ساڵ تەمەنی خۆی بۆ ئازادی و ڕزگاریی داغستان تەرخانکرد و لە پێناوی سەربەخۆیی داغستانیشدا، بە دیلی

-مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس- یادی مەردان- مەولانا خالیدی نەقشبەندی - لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا ١٩٧٩)

[1] ئەگەرچی ناوی شێخ شامیل لە لیستی ناوی خەلیفەکانی مەولانا خالید دا نییە، بەڵام ئەم هەواڵە پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ پێی ڕاگەیاندووم، کە دیارە ناوبراو بەو هۆیەوە کە ساڵانێکی زۆری لەناو وڵاتی (شووڕەوی) ئەوسادا بەسەر بردووە، ئەم زانیارییەی لەوێوە وەرگرتووە.

[2] جەلیلی جەلیل- ڕاپەڕینی کوردەکان١٨٨٠ز-ل ٢٣٧

[3] جەلیل-٥١

[4] یادی مەردان-ل٥١-٥٧

ئاوارەی شاری (مەدینە) کرا و هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد،[1] لە ساڵانی (١٨٥٠) بەدواوە، زۆر بە گەرمیی تەقەللای دروستکردنی پردی پێوەندی بووە لەگەڵ سەیید تەهای نەهری (باوکی شێخ عوبەیدوڵلا) و سەرۆك هۆزەکانی کورد دا؛ کە ئەم تەقەللایەی شێخ شامیل، بۆتە جێی سڵ و ترس و گومانی گەورە لێپرسراوان و سەرانی لەشکری رووس؛ بۆیە لە ساڵی (١٨٥٠)دا (ن.ڤ. خانیکۆڤ)ی کۆنسۆلی رووس لە تەورێز، یەکەمین کەس بوو هەستی بە تەقەللای نزیکبوونەوەی شێخ شامیل و سەیید تەهای نەهری و کوردانی داغستان کرد و بە پەلە بۆ (چیرینکۆڤ)ی نووسی: کە شێخ شامیل لە ساڵی (١٨٤٦)ەوە خەریکی نزیکبوونەوەیە لە کوردانی سوننی داغستان و سەیید تەها، کە (١٠)هەزار موریدی هەیە و دۆستایەتییەکی هەمیشەی لەگەڵ شێخ شامیلدا هەیە... لە کاتێکدا (چیرینکۆڤ) خۆی ئاگاداری ئەوە بوو، کە (شامیل) نامە و دیاری بۆ سەیید تەها و دەرەبەگی کورد (کەریمخانی رەواندزی) ناردووە و (حەسەن) ناوێك، کە خۆیشی ناودەنا (حاجی مورتەزا)، بە فرمانی شامیل، سەری لە گوندە کوردنشینەکانی دەوری (شنۆ) و (ناوچیا)ی هەکاری دەدا.

ئەم ترس و گومانەی کاربەدەستانی رووس، بووە پەژارەیەك، دەیانویست بزانن ژمارەی ئەو موریدانە چەندن، بەتایبەتیش کە لە سەرەتای شەڕی (قرم-١٨٥٣)دا، جووڵانەوەکانی شامیل، ترسی ئەوەی لێدەکرا بگاتە ئەودیو قەفقاز و ئەمەش وای لەو کوردانە دەکرد، کە هەڵوێستی دژی رووسیایان هەبێت. لە کاتێکدا رووس بە هەموو توانایانەوە هەوڵیاندەدا کورد بکەن بە دۆستی خۆیان.[2]

[1] لغتنامه دهخدا -جلد٩- ص ١٤٠٤٠ - ١٤٠٤١... وەك دواییتر بۆمان دەردەکەوێ، چارەنووسی شێخ عوبەیدوڵڵاش وێنەیەکی دووبارەی هەمان چارەنووسی شێخ شامیل بووە.

[2] خالفین، ل ٩٦-٩٧

٤ - درەوشانەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا

شێخ عوبەیدوڵڵا لە ساڵی ١٨٦٥دا، بووە جێنشینی تەریقەتی نەقشبەندی؛ کە وەك: «بیرەوەرییەکانی وەفایی» و نووسەرانی کورد و بیانی و بەڵگەنامەکانی ئینگلیسی و رووسی و قاجاری و عوسمانی پێمان دەڵێن؛ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا و بە گوێرەی ئەو زەمینە لەبارەی کە کۆمەڵگەی کوردەواری لە بۆشاییەکی سیاسی گەورەی داڕووخان و لەناوبردنی میرنشینانی کورد و بەرئەنجامە تاڵەکانی جەنگە وێرانکار و نەپساوەکانی نێوان رووس و عوسمانی و بەتایبەتیش دوو جەنگی دوایی (١٨٥٣–١٨٧٨ز) و زوڵم و زۆری عوسمانی و قاجاری و... هەموویان بوونە هۆی ئەوەی رۆژلەدوای‌رۆژ، جەماوەرێکی بە لێشاو، لە شێخ عوبەیدوڵڵا کۆ ببنەوە و ببێتە جێی هیوایان و وەك دەرەتان و پشتیوان و دالدەیەك بۆی بنوارن و رووی تێبکەن. بۆیە ئەو ئاماری لێشاوە خەڵکەی، کە «وەفایی شاعیر»[1] و «ئابۆت»ی[2] سەر کونسوڵی ئینگلیس لە تەورێز و (لۆرد کرزن)ی[3] پەیامنێری ئەو رۆژگارەی رۆژنامەی «تایمز» لە ئێران؛ دەڵێن: رۆژانە (٥٠٠ تا ١٠٠٠) کەس، لە هەمەجۆرە چینەکانی میللەت لە ماڵەکەیدا میوانداریی کراوە، بەڵگەی ئەوەیە، ئەو خەڵکەی لە هەموو شوێنە جیاجیاکانی کوردستانەوە روویانتێکردووە؛ وەك ئەرمەنییەکی ئەو رۆژگارە دەڵێ: «تا دەردەدڵ و داماویی خۆیانی بۆ هەڵبرێژن».[4]

سەرەڕای ئەمانەش، بەو هۆیەوە کە هەر لە سەردەمی سەیید تەهای باوکییەوە، بنکەیەکی جەماوەری زۆر بەربڵاوی بە میرات بۆ مابۆوە و لە نامەکەی (خانیکۆف)یشدا، کە بۆ (چیرینکۆف)ی نووسی؛ زانیمان لە ساڵی (١٨٥٠ز)دا، سەیید تەها، خاوەنی (١٠) هەزار مورید بووە و بێگومانیش ئەم ئامارە تا سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵا ، دەبێ چەندان ئەوەندەی‌تر زیادی کردبێ و موریدی زیاتری لێ کۆ بووبێتەوە، چونکە جگە لە (وەفایی شاعیر)، چاودێرانی‌تری سیاسی لە دیپلۆماتەکانی رووس و عوسمانی و ئێرانی و ئینگلیسی، کە بە وردی سەرنجی هەڵسوکەوت و ژیانی شێخ عوبەیدوڵڵا یان داوە؛ ئەوە دەسەلمێنن، کە بێ سێ و دوو کردن و بێ بەڵگەهێنانەوە «بە نفوزترین کەس لە خۆر هەڵاتی کوردستاندا، شێخ عوبەیدوڵڵا یە و شەخسی خۆی و دەسەڵاتی لەناو کوردانی سنووردا، زۆر لەوەکانی سوڵتانی عوسمانی پیرۆزترە».[5]

---

[1] بیرەوەرییەکانی وەفایی – ل ٣٧

[2] لە تاریکی‌یەوە بۆ رووناکی – ل ٢٩

[3] لورد جورج کرزن – ایران و قضیه ایران – جلد ٢– ص ٧٠١

[4] جەلیلی جەلیل – ڕاپەڕینی کوردەکان – ل ١٠٧

[5] لە تاریکی‌یەوە بۆ رووناکی–ل ٢٩

هەر ئەم قسەیە، لە لایەن «حەسەن عەلی خان - میرزا نیزامی گەرووس»ەوە چەسپاوتر دەسەلمێ و دەڵێ: «ئەم شێخە، موریدێکی وای هەیە، بێ‌سێ‌ودوو فرمانەکانی جێبەجێ دەکەن و ئەم موریدانەش هەر لە بایەزیدەوە، تا مووسڵ و سلێمانی و کەرکووك و دیاربەکر دەگرنەوە.[1]

فەخری بەگی باڵوێزی ئەو سەردەمەی تورکیاش لە ئێران، هەمان ئەم قسەیە بە جۆرێکی‌تر دەسەلمێنێ و دەڵێ: شێخ عوبەیدوڵڵا دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، کە لە بایەزیدەوە، هەتا بەغداد دەگرێتەوە.[2]

هەر لەم بارەیەوە (لۆرد کرزن) دەڵێ: «ناوبانگی پیرۆزیی و شارەزایی شێخ عوبەیدوڵڵا، هەموو لایەکی گرتبووەوە، بە جۆرێك کە وردەوردە، بە چاوی رابەرێکی نەتەوەیی کورد سەیری بکرێت».[3]

چونکە شێخ عوبەیدوڵڵا ، وەکو (شێخ)، هەتا لەو ناوچانەش کە لە ژێر فەرمانی سەرۆك هۆزەکاندا بوون، بە دەسەڵات بوو.[4] بۆیە «هەندێك لە سەرۆك هۆزەکانی ئەو رۆژگارە، ئەویان بە - حەزرەتی شێخ - بانگ دەکرد».[5]

هەروەها کوردێکی رووناکبیر و ئاگاداری ئەو رۆژگارەش: (عەبدولعەزیز یاමولکی)، لە باسی دەسەڵاتی «شێخ»دا دەڵێ: «ناوبردنی شێخ و باسکردنی وەك پیاوێکی دادپەروەر و پارێزەری مافی گەل، لە دەستدرێژیکردن و زۆرداریی و رووتاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی؛ ناوی شێخیان بەرز کردبۆوە و ببوونە هۆی ئەوەی هەزاران کوردی رەشورووت، لە هەموو لایەکەوە رووی‌تێبکەن و پشتی بگرن. ناوی «باوك»ی لێنرابوو. ناوەکەی بووە رەمزی خۆشەویستی و رێزلێگرتن. هەر کە ناوی دەهات، خەڵکی بەرێزەوە لە جێی خۆیان راست دەبوونەوە. کوردەکانی هەکاری، ئەوانەی لە لایەن مووچەخۆرانی عوسمانییەوە دەرووتێنرانەوە، بەچاوی سەردارێکی دادپەروەر و پارێزەری میللەت و کاربەدەستێکی بێ‌وێنە، سەیری شێخ عوبەیدوڵڵا یان دەکرد.[6]

---

[1] امیر نظام گروس - گزارشها و نامه‌های دیوانی و نظامی - ل ۹۵

[2] ن.ا.خالفین-خەبات لە رێی کوردستاندا-ل ۲۰۰

[3] جورج کرزن - ایران و قضیه ایران - ج ۲ - ص ۷۰۱

[4] رابرت اولسن - قیام شیخ سعید پیران - ترجمه ابراهیم یونسی - موسسه انشارات نگاه - چاپ ۱۳۷۷- ص ۲۲

[5] هەمان سەرچاوە- ل۲۰

[6] جەلیلی جەلیل: راپەرینی کوردەکان-ل۱۰۷

ئەم هەڵسەنگاندنانە، لە لایەن «ئابۆت»ی سەرکۆنسوڵی ئینگلیز لە تەوریز، زۆر باڵاتر هەڵدەکشێ و ناوبراو لەو راپۆرتەیدا، کە پێش ساڵی ١٨٨٠، بۆ «ئیرل گرانڤیل»ی وەزیری دەرەوەی ئینگلیسی ناردووە، بەمجۆرە پلەوپایە و کەسایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا باسدەکات:

«شێخ عوبەیدوڵڵا لە دوای سوڵتانی عوسمانی و شەریفی مەککە، خۆی بە سێیەم کەس دادەنێ و مەلیکی سیڤیل(Givil) و پەسەند و دان پیانراوی هەموو کوردانە.[1] بە شێوازێکی «شا»یانە دەژی، رۆژانە: ٥٠٠ بۆ ١٠٠٠ میوانی هەمەجۆرەی چینەکان لە ماڵەکەیدا میوانداریی دەکردین. ناوبانگ و کەسایەتی بە ئاشکرا جیاوازە لەوەی کە لە کاربەدەستانی ئێرانی و تورکەکاندا دەبینرێ. خۆی و شێخ عەبدولقادری کوڕی، بەرودوا، بە شەخسی هەموو ئەو کەسانە دەبینن، کە بۆ کاردێن.. ئیتر گرنگ نییە ئەوکارە هەرچۆنێك کەم و بێبایەخیش بێت. ژیانی ماڵەوەی زۆر ساکارترە، لە بەیانییەکی زووەوە، تا درەنگانێکی شەو، خۆی و میراتگرەکەی (مەبەستی لە شێخ عەبدولقادری کوڕێتی) بە بەرژەوەندی حکومەت و میللەتەکەیەوە خەریکن [مەبەستیان لە حکومەتەکەی؛ جۆری ئەو ئیدارەیەی شێخ هەڵیدەسووڕێنێ]. میللەتەکەی شێخ، رێز و خۆشەویستی زۆریان بۆی هەیە، ئەوان دەڵێن حاکم و قازییەکی عادیلە، هەرگیز بەرتیل وەرناگرێ و رێگەش نادات فەرمانبەرەکانی وەریبگرن. هەرکەسێکیش لە یاسا لابدات، حوکمی مردنی دەدرێت. شێخ زیرەکەو بە پەرۆشیشە بتوانێ دەربارەی ئایدیا و ژیانی شارستانێتی بزانێ، شێخ هەوڵدەدات میللەتەکەی بکاتە هاووڵاتی و دز و جەردە و تاڵانی نەهێڵێت؛ بۆئەمەش زەوی کشتوکاڵ لە: گەوەڕ، باشقەڵا، مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ دەکرێ...»[2]

«لە بەڕێوە بردنی کاروباریشدا، زۆر بە دەسەڵات و بەشکۆی دەنواند، کە لە راستیدا لە ناو کوردانـدا ببووە مەلیکێکی بچووك» لە چەندین نامەشدا، کە بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا نووسراون، بەو نازناوانە ناو دەهێنرێن، کە تەنیا بۆ (شا) و (سوڵتان) بەکاردەبرێن.[3] لە کاتی لەشکرکێشی و ئابلۆقەدانەکەی شاری (ورمێ)شدا، وەك لەشکری رەسمیی دەوڵەتێك، شێخ عوبەیدوڵڵا تیپی مۆسیقای جەنگیی و تایبەتی لەگەڵ لەشکرەکەیدا هێنابوو، کە تێکڕای مۆسیقاژەنەکانی تیپەکەی لە مەسیحییەکانی ناوچەی هەکاری بوون.[4]

دیسان هەر «ئابۆت» لە نامەیەکیتریدا بۆ هەمان وەزیری دەرەوەی ئینگلیس، دوای ئەوەی خۆی راستەوخۆ، دیداری لەگەڵ شێخدا کرد؛ بەمجۆرە دێتەوە سەر ستایشی

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ١٧–١٨. هەروەها: جەلیلی جەلیل – ل ١٠٧

[2] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ١٧–١٨

[3] بنوارە لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ١٣٩، ١٤٠، ١٤١

[4] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – لە ٧٢

«شێخ»: ئاکاری جوانی شێخ عوبەیدوڵلا ، هوشیاریی و تێگەیشتوویی خواپێداوی، دڵپاکی و میهرەبانیی لە هەڵسوکەوتیا، دەروونپاکیی و ئازایی شێخ لە کاتی ئاخاوتن و دەمەتەقێدا؛ ئەوانە هەمووی راستیگەلێکن، کە من دەبێ وەك بەشێکی سەرنجراکێشی ژیانم چاویان لێبکەم.[1]

لە سەرەتای ساڵی ١٨٧١ بەدواوە، بەڵگەکانی قاجاری عوسمانی و رووسی و ئینگلیزی، زنجیرە هەواڵێکی زۆریان دەربارەی رۆڵ و پلە و پایە و دەرکەوتنی شێخ عوبەیدوڵلا ، بە شێوەیەکی ئاشکراو بەرچاو تێدایە.

بەڵام ئەم دەرکەوتن و دەسەڵاتەبەرینەی شێخ عوبەیدوڵلا ، بووە مایەی نیگەرانی و پەژارە و سڵ و مەترسیی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری. چونکە هەردوولایان پێیان وابوو، دەبێ کوردانی ناو قەڵەمرەوەکانیان پابەند و ملکەچی داوودەسگا و فەرمانەکانی ئەوان بن و مەترسیی ئەوەیان دەکرد، دەسەڵاتێکیتر، کۆیان بکاتەوە و لە دژی ئەوان بەکاریان بهێنێ.. بۆیە هەر زوو کەوتنە بیانوو پێگرتن و تەنگپێهەڵچنین و گوشار خستە سەر خۆی و موریدانی و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی و ئازاردانی مورید و مەنسووب و گوندنشینەکانی سەر بە «شێخ».

---

[1] بنوارە پاشکۆی ژمارە (١٣) نامەی ئابۆت بۆ ئێرل گرانڤیل

٥ - هەڵوێستی شێخ عوبەیدوڵڵا
لە جەنگی ١٨٧٧ - ١٨٧٨ی نێوان رووس و عوسمانی

ئەگەرچی نیشانەکانی جەنگ لە دەمێکەوە دەبینران و لە دەمێکەوە هەردوو دەوڵەتی رووس و عوسمانی خۆیان بۆ ئامادە دەکرد، بەڵام رووسیا زووتر خۆی بۆ هەڵگیرساندنەوەی جەنگ ئامادە دەکرد. بۆیە باڵوێزی رووسیا لە ئەستەموول، لە ٢٤ی نیسانی ١٨٧٧دا، بریاری راگەیاندنی جەنگی بە بابیعالی راگەیاند و خۆی بە پەلە بۆ وڵاتەکەی گەرایەوە.

مەبەستی سەرەکی رووسیا لەم جەنگەدا، هەڵپەی گەیشتنە زەریای سپی ناوەراست بوو. بۆئەمەش دەبووایە لە کێوەکانی «باڵکان» تێپەر بێ و بەپەلە لە ئەستەموول نزیک بکەوێتەوە و بگاتە تەنگەکانی خۆرئاوای عوسمانی و لە هەمان کاتیشدا: کارس، ئەردەهان و ئەرزەرۆم داگیر بکات، تا لە رێگەی وشکانییەوە بگاتە ئەسکەندەروونە و لەوێشەوە ئازادانە دەست بە سەر زەریای سپی ناوەراستدا بگرێ؛ کە لەم هەلومەرجەدا وڵاتانی سلاڤی ناوچەی باڵکان، لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانیدا نامێنن و دەکەونە ژێر دەسەڵاتی رووسیا و بەمەش سەنگەری رووسیا، لە بەرامبەر وڵاتانی ئەوروپادا بەهێز دەبێت.[1]

عوسمانییەکانیش بو پێشگیریی لەم جەنگە چاوەنوار کراوە، هێلی بەرگریی خۆیان لەبەری خۆرئاواوە قایمکرد، کە بریتی بوو لە بەهێز کردنی لەشکرەکانیان لە «دانووب»، واتە: ناوچەکانی نێوان «ڤارنا» و «ڤیدین» و قایمکردنی «سیلیسترە، روسچوك، نیکوپۆلیس، ڤیدین و کێوەکانی باڵکان». لەتەنگەی «داردانیل»یشدا هێزی زۆریان بەرامبەر پێشبینی گەیشتن و هێرشی پاپۆری جەنگیی رووسیا ئامادە کرد.

لە خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریشەوە، سەربازگەکانی: کارس و ئەرزەرۆمیان پتەوتر دامەزراندەوە و سەربازێکی زۆریان تێدا خر کردنەوە، کە لەم قۆڵەوە سەنگەرەکانی بەرگریکردنیان بریتی بوو لە ناوچەکانی نێوان زەریای رەش و زەریاچەی «وان». لەم قۆڵانەدا «٩٥/٥» هەزار سەربازیان ئامادەی ئەم بەرانە کردبوو.[2]

جگە لەمانەش، سوڵتان عەبدولحەمید بۆئەوەی پشتیوانی تێکرای موسڵمانان بەلای خۆیدا رابکێشێت، بە فەرمانێکی شاهانە، بانگی «جیهاد»ی شەری پیرۆزی دژی رووسیا راگەیاند و خۆی ناونا: «غازی»، واتە: موجاهیدی رێگەی باوەر و ئایین و جەنگەکەیشی وەك جەنگی نێوان کافر و موسلمانان ناو نا و داوایشی لە زانایان و رابەرانی موسڵمانان کرد، تا جەنگەکە وەك جەنگی رێگەی خودا و بەرگریی لە ئایینی ئیسلام رابگەیێنن و

---

[1] استانفورد جی شاو، جلد ٢ ل ٣١٥

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٣١٥

ئالاّی پێغەمبەر «د.خ»ی ئیسلامیشی لە کۆشکی «تۆپقاپی - بابیعالی» هێنایە دەرێ و بەمەش نەك هەر تەنیا هەستی خەڵکی ڕەشۆکیی بزواند، تا داکۆکی لە ئیمپراتۆری عوسمانی بکەن؛ بەڵکو پارە و سامانێکی زۆریشی بۆ یارمەتی جەنگەکە، لە خەڵك کۆ کردەوە. کە ئەم نەریتە پێشتریش لە زۆربەی جەنگەکانی ڕووسی - عوسمانیدا بە گشتی و بە تایبەتیش لە پەنجا ساڵی دواییدا پەیڕەو دەکرا.[1]

لە سەرەتای جەنگەکەدا کاربەدەستانی تورکیا داوایان لە گەورەترین سەرۆكهۆز و پیاوانی سیاسی کورد کرد، تا پشتی تورکیا بگرن[2] و سەرانی سپای تورك و کاربەدەستەکانیان لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عوسمانیدا کەوتنە کۆکردنەوەی سەرۆكهۆزەکانی کورد و هاندانیان بۆ بەشداری لە جەنگدا. فەرمانڕەوای مووش ، هەموو هۆزەکانی ناوچەکەی کۆ کردەوە؛ بۆ ڕازیکردنی هۆزەکانیتریش؛ پیاو ماقووڵانی ناسراو لە هۆزەکانی خۆیان بۆ لایان نێردرا.[3]

کاربەدەستانی عوسمانی دەیانویست لەشکرێکی تایبەتی لە سوارە کوردەکانی «وان» پێك بهێنن بۆ پەلاماردانی لەشکری «یەریڤان» و ڕێی لێبگرن، ئەگەر ویستی بەرەو ئەرزەڕۆم بکشێ.[4]

فەرماندەی گشتی لەشکری تورك، لە سەر هێلی قەفقاز - ئاسیای بچووك، ئەحمەد موختار پاشا داوای لە فایەق پاشای سەرلەشکری «وان» کرد، کە پێویستە لەشکرێکی «١٥» هەزارسوارەی لە پیاوەکانی عوبەیدوڵلا ، سەربدلی هەمزە و موسولو محەمەد، بۆ بەرەنگاری لەشکری ڕووسیا ئامادە بکات.[5]

پلە و پایە و دەسەڵات و توانا و ناوبانگی شێخعوبەیدوڵلا، وەك سەرۆك و ڕابەری یەکێك لە تەریقەتە موسڵمانە هەرە گەورەکان، لە ئاستێکدا بوو، نەیدەتوانی لەم جەنگە سەرتاسەری و بەربلاوەدا، خۆی داشارێ، یان خۆی لێ نەبان بکات. بە تایبەتیش کە لە لایەکەوە سنووری خۆرهەڵاتی کوردستانی تورکیا، ڕاستەوخۆ هاوسنووری ڕووسیا بوو. واتە کوردستانی عوسمانی دەروازە ڕاستەوخۆکانی هاتنی لەشکری ڕووس بوو. لە لایەکیتریشەوە ناوچەکانی خودی شێخعوبەیدوڵلاش دەبوونە مەیدان و شەقامەڕێی لەشکرکێشیی عوسمانی. کە لەم بارەدا، ئەگەر لە بەرامبەر بانگی جیهاددا دوورەپەرێز بووایە، خۆی و موریدەکانی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٣١٦

[2] خالفین، ل ١٤١

[3] هەمان سەرچاوە ، ل ١٤٥

[4] هەمان سەرچاوە، ل١٤٣

[5] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٣ و ١٤٤

دەبوون بە ژێر دەست و پێی لەشکری جەنگی و باری‌گرانی سوخرە و باجە هەمە جۆرەکانی جەنگەوە. بۆیە لەم هەلومەرجەدا، لە دوو ڕێگە زیاتری لە بەردەمدا نەبووە: یان دەبوایە بەشداری جەنگەکە بکات؛ یان سەرپێچی بانگەوازی «جیهاد»ی سوڵتانی عوسمانی بکردایە و یاخیبوون و شۆڕشی رابگەیاندایە؛ کە بۆئەمەشیان وەك بەڵگە و نیشانەکان دەری دەخەن، هێشتا زەمینە و هەلومەرجەکان لەبار و ئامادە نەبوون. لەسەروو ئەمانەشەوە، شێخ‌عوبەیدوڵلاّ مرۆڤێکی زیرەك و هوشیار بوو، دەیزانی ئەگەر بە پیر بانگەوازی جیهادەوە نەچێت، ئەوا سوڵتانی عوسمانی، ئەمە دەکاتە بەهانە و ئەو لەشکرەی بۆ جەنگی لەشکری رووسیایان ئامادە کردووە، بەشێکی دەکەنە سەر شێخ و لایەنگرانی و ناوچە هەژارەکەی و دەسەلاّت و توانای دادەبێژن؛ کە ئەمەیشی بەزیان دەزانی و نەیدەویست پردەکانی نێوان خۆی و سوڵتان و پیاوانی دەرباری عوسمانی، لەبەرامبەر بیانووی بچووکدا لە دەست بدات و لەم چەندان ساڵەشدا، هەر بە هۆی ئەمجۆرە پردانەوە توانیبووی ئەو دەسەلاّتە فراوان و گەورەیە، بۆ خڕ کردنەوەی ئەو جەماوەرە زۆرەی دەوری خۆی دەستەبەر بکات.

لە بەرامبەریشیدا، سوڵتانی عوسمانی و سەرانی دەرباریش، حسابی گەورەیان بۆ دەسەلاّت و توانای شێخ دەکرد و ئەوانیش بۆ راگرتنی لەنگەری ئاسایشی سنووری عوسمانی و قاجاری، بە سڵ و ترسەوە پردەکانی نێوان خۆیان و شێخیان بەپاراست و ڕێزی زۆریان لێدەگرت. بە رادەیەك وەك وەفایی لە «بیرەوە رییەکانی وەفایی»دا، باسی دەکات، جێی لێرامان و سەرنجدانە.[1]

بەلاّم شێخ‌عوبەیدوڵلاّ، کە خۆی خاوەنی ئامانجی سیاسی و خەونی گەورە بوو؛ دەیزانی بە دەنگەوە چوونی «جیهاد» و پشتیوانیکردن لە رژیمی زوڵم و قێزەونی عوسمانی، کارێکی دژوارە و پلە و پایەی ئایینی و سیاسی و کۆمەلاّیەتی لەق دەکات و لای دراوسێکان و بە تایبەتیش لە ناو کوردا جێی پرسیار دەبێت؛ کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا، دژی کاربەدەستان راست دەبوونەوە و بە دەنگ داواکاریی دەوڵەتەوە نەدەچوون و ئەوانەش کە هاوکاری دامودەسگاکانی دەوڵەتیان دەکرد، لای خەڵك «ناویان دەزڕا و دەسەلاّتیان بە سەر کوردەکاندا نەدەما، بگرە گەلێك لەوانەی هاوکاری دەوڵەتیان دەکرد، وەك میللەت فرۆش سەیر دەکران و بە کوشتن سزا دەدران.[2] لە زۆر شوێنی‌تریش وەك ناوچەکانی دەرسیم[3] و کارس،[4] ملیان بۆ سەربازیی نەدا و بە پیر جیهادەوە نەچوون و حەزیان نەدەکرد ئەو جۆرە

---

[1] بیرەوەرییەکانی وەفایی، ل ٥٣ – ٥٤

[2] جەلیلی جەلیل، ل ٤٤

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٤٦

[4] خالفین، ل ١٥٢

کردەوە جەنگییانە بکەن. لەبەرئەوە هەر لە سەرەتای شەڕەکەوە ناڕەزایی خۆیان و ملنەدانیان نیشانی سەرۆکە شێخەکانیان دەدا.[1]

لە لایەکی‌تریشەوە شێخ‌عوبەیدوڵڵاش وەك هەموو ئەو ڕووناکبیرانەی ئەو ڕۆژگارە، ئاگاداری تواناى جەنگیی و لێشاوی لەشکر و تاقیکردنەوەی جەنگەکانی پێشووتری ڕووسیا بوو، کە لەگەڵ دراوسێکانی و لەگەڵ تورکیادا کردبوونی و لە هەموویاندا بە سەرکەوتوویی لێی دەرچووە؛ بە تایبەتیش هەر لەو دە ساڵەی دواییدا، واتە: لە ساڵاتی ١٨٦٨، ١٨٧٣، ١٨٧٦دا، خانەکانی بوخارا و خیوە و جوقندی خستە ژێر دەستی خۆی و لە خۆرئاوای زەریای قەزوینەوە گەیشتبووە سەر ئاوی ئاراس و لەبەری خۆرهەڵاتیشیەوە گەیشتبووە سەر ڕووباری ئەترەك... ئیتر بەشداربوونی هێزێکی بچووك و عەشایەری مەشق پێنەکراوی کورد، چی لە تەرازووی هێزەکان دەگۆڕێ!... بۆیە ڕووناکبیرێکی گەورە و ئاگاداری وەك حاجی قادری کۆیی «شاعیر»، کە بە پەرۆشەوە ئاگاداری ئەو ڕووداوانە بووە؛ بە پلار و تەشەرەوە، بەشداربوونی کورد بە ناوی جیهاد و غەزاوە، لەم جەنگانەی دوایی نێوان ڕووس و عوسمانیدا، لە قەسیدەیەکدا باس دەکات و لە تاکە بەیتێکی ئەو قەسیدەیەدا ڕاستەوخۆ دەیدرکێنێ، کە:

ناکرێ بەم های و هوویە، دەفعی ڕووس
هەر وەکوو شێخی بوخارا و ئەندەلووس[2]

بەڵام سەرەڕای ئەمانەش دەبووایە شێخ‌عوبەیدوڵڵا بە پیر ئەو بانگەوازی جیهادەوە بچێت. یان بە واتەیەکی‌تر: بەجێهێنانی ئەرکی جیهاد، لە کۆڵ خۆی و لایەنگرانی بکاتەوە. کە وەك بەڵگەکان پێمان دەڵێن، زۆر درەنگ و کەمتەرخەمانە، بە پیر بانگەوازەکەوە چووە. چونکە ئەم جەنگە، کە کورتترین جەنگەکانی نێوان عوسمانی و ڕووس بوو، هەر تەنیا «١١» مانگی خایاند و لە سەرەتادا لە مانگی حوزەیرانی ١٨٧٧دا دەستی پێکرد؛[3] کەچی شێخ‌عوبەیدوڵڵا «٧» مانگ دوای دەستپێکردنی جەنگ، واتە: لە کانوونی دووەمی ١٨٧٧دا، چووە بۆ «وان» بۆ پێکهێنانی لەشکری کورد لەم ناوچەیەدا و ئەم کارەش زۆر دژوار جێبەجێ کرا.[4]

بەم پێیە، زۆر دوای دەستپێکردنی جەنگ لە مەڵبەندەکەی خۆی جووڵاوە. چونکە «چەند ڕۆژێك دوای دەستپێکردنی جەنگ، فایەق پاشا، لە ٢ی مایسی ١٨٧٧دا بۆ موختار

---

[1] جەلیلی جەلیل، ٥٣

[2] دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ٢٠٢

[3] ستانفورد. جی . شاو، ل ٣١٥

[4] خالفین، ل ١٤٤

پاشای نووسی: ئەو لەشکرانەی کە عوبەیدوڵلاّ بەڵێنیداوە، هیچیان نەگەیشتوون».[1] بە درێژایی ماوەیەکی زۆریش فایەق پاشا، هەر داوای لە سەرۆك هۆزەکانی کورد دەکرد، کە «یەك کەس» بە ناوی لەشکری شێخەوە، نەهاتە سەربازگەکەی».[2]

ئەم کارە «کاربەدەستانی سوڵتانی زۆر شڵەژاند و بە تایبەتی داوایان لە فایەق پاشا کرد، تا دەری بخات ئاخۆ عوبەیدوڵلاّ لە ناردنی سەربازدا، بەڵێنەکانی بەجێدەهێنێ یا نا؟ فایەق پاشا وەڵامی دایەوە: دەربارەی یارمەتییەکانی شێخ، هێشتا هیچ دیار نییە و چەند لەشکرێکی دەوری ناوچەکە، لە کۆبوونەوە و ئامادە بووندان؛ کە ئەمەش هەر بە هۆی زۆر لێکردن و داواکاریی من و کاربەدەستان، بۆ لایان پێکهاتووە».[3]

ئەمە لە کاتێکدا کە سامی پاشای موشیری ئەرزەڕۆم، ساڵێك بەر لە دەستپێکردنی جەنگ، چالاکانە کەوتبووە پێکهێنانی هێزی سوارەی کورد.[4]

ئەمانەش نیشانەی ئەوە بوون کە شێخعوبەیدوڵلاّ، توانا و دەسەڵاتی خۆی، لە ناو کورددا، بۆ پشتیوانیکردنی ئەم جەنگە، نەخستۆتە کار و کاتێکیش بڕیاریدا، بۆ بەرەکانی جەنگ بچێت، ژمارەیەکی کەمی «۳۰۰» کەسیی لەگەڵ خۆیدا برد[5] و لەوێش لە ڕۆژانی شەڕدا، نزیکەی «۵» هەزار کەس لە سەرتاسەری کوردستانەوە هاتبوون و لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا کۆ ببوونەوە.[6] کە ئەم ژمارە کەمەش زۆر نابەدڵ بەشداریی جەنگیان کردووە و «هیچ حەزیان نەکردووە لەبەرچاوی ڕەشی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، خۆیان بە کوشت بدەن. بۆیە زۆری پێنەچوو زۆربەیان هەڵاتن و چەکە ئینگلیزییەکانی چەشنی «مارتین» و جبەخانەکانیشیان لەگەڵ خۆیاندا برد. بەمجۆرە ئەم ژمارە کەمەش تا دەهات کەمتر و کەمتر دەبوونەوە.

لە ۱۲ی تەمووزی ۱۸۷۷دا، فایەق پاشا بە تەلگرام ئاگاداری موختار پاشای کرد، کە سەربازە کوردەکان لە ناو لەشکری تورکدا ناگەنە «۳» هەزار: ۱٤٤۳ سەربازی شێخعوبەیدوڵلاّ، «۸۰۰» سەربازی جەلالەدین ئەفەندی، «٤٥۰» کەسی هەمزە ئەفەندی. ئەوانیتر هەموو بە خۆیان و چەکەکانیانەوە هەڵاتوون.[7] ئەوانەش کە لە شەڕگەکاندا

---

[1] خالڤین، ل ۱٤٤

[2] هەمان سەرچاوە، ل ۱٤٤

[3] هەمان سەرچاوە، ل ۱٤٤

[4] جەلیلی جەلیل، ل ٤٥

[5] هەمان سەرچاوە، ل ٥١

[6] ساڵح محەمەدئەمین، ل ۱٥٤

[7] خالڤین، ل ۱٥۰

دەمانەوە، زۆر کەم گوێیان دەدایە بەجێهێنانی ئەو کارانەی پێیان دەسپێردرا و هەر هیچ بە گوێی ئەفسەرە تورکەکانیان نەدەکرد. هەر هەوڵیان دەدا تالانیی زیاتر بەرن، بێئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی هی کێیە. هێرشیان دەکردە سەر گوندەکانی ژێر دەست تورک و وەك مالی دوژمن بێت، تالانیان دەکرد. هەموویشی لەبەرئەوە بوو، کە سەرکردە تورکەکان خۆراکیان بە کوردەکان نەدەدا و دەبووایە لە سەر حسابی خۆیان بیانخواردایە. بەم هۆیەشەوە زۆر جار ناکۆکی دەکەوتە نێوان سەرۆکهۆزە کوردەکان و سەرکردە جەنگییەکانی تورکەوە. بۆ وێنە: کە فایەق پاشای سەرلەشکری «وان» داوای لە شێخعوبەیدوڵلاکرد: کە کوردەکان واز لە تالانیی گوندەکان بهێنن و چییان فڕاندووە بیدەنەوە بە خاوەنەکانیان؛ شێخعوبەیدوڵلا، لە ١٢ی تەمووزی ١٨٧٧دا، بۆ فایەق پاشای نووسی: ئامادەم لەگەڵ ئەفسەرەکاندا داواکارییەکەتان بەجێبهێنم؛ بەڵام وام بۆ دەرکەوتووە، ئەمە «٧ – ٨» رۆژە، هیچ خواردن بە سەربازە کوردەکان نەدراوە.[١]

تەنانەت هەندێك لە چاودێران پێیان وایە شێخ و هاوکارانی «بە هیوای تالانی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد».[٢] بەڵکو هەندێکیتر لەمە زیاتریش تێدەپەڕێنن و دەڵێن «کوردان لەباتی ئەوەی کەڵك و سەرکەوتن بە دەوڵەتی عوسمانی بگەیەنن، زیانیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی لە قازانجیان زیاتر بوو»[٣]

هەڵبەت کاربەدەستانی عوسمانیش ئەمەیان دەزانی، بۆیە بە تەنگ ئەوەوە نەبوون خەمی خۆراك و پۆشاکیان بۆ بخۆن؛ تەنانەت «چەکیشیان نەدانێ».[٤]

قۆڵی بایەزید[٥] بۆ شێخعوبەیدوڵلاو هێزەکەی دیاری کرابوو. ئەم قۆڵەش «فایەق پاشا» سەرکردایەتی دەکرد. بەڵام بەرلەوەی شێخ و هێزەکەی بگەنە ئەوێ؛ بایەزید لە لایەن رووسیاوە داگیر کرابوو. چونکە لە یەکەمین هێرشەکاندا رووسیا لە دوو قۆڵەوە هێرشی کردە سەر درێژایی رۆخی دانووب؛ کە قۆڵێکیان رووەو قوولایی «دوبرجا» و قۆڵی دووەمیشیان لە وشکاییەکانی نێوان «روسچوك» و «نیکوپولیس»ەوە بوو. لەم قۆڵەیاندا خەڵکێکی زۆری «سیستۆڤا»ی بولگاریایی، هاوکاری لەشکری رووسیایان کرد و لە هەردوو قۆڵەوە، لە ماوەیەکی کەمدا، هەموو هێڵەکانی بەرگری عوسمانییان تێکشکاند و هەموو ئەو ناوچانەیان داگیر کرد و رژانە بولگارستانی باکوورەوە و خەڵکێکی زۆری موسڵمانانیشیان رەشەکوژ کرد.

---

[١] خالفین، ل ١٤٩

[٢] هەمان سەرچاوە، ل ١٤١

[٣] جۆرج کرزن، ل ٧٠٠

[٤] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی، ل ١٤٨

[٥] بایەزید شارێکی تورکیایە لە نزیك سنووری رووسیا و ٢٥٠ کیلۆمەتر لە خۆرهەڵاتی ئەرزەرۆم و ٤٠ کیلۆمەتریش لە باشووری چیاکانی ئاراراتەوە دوور دەبێ.

لەبەری خۆرهەلاتیشەوە، رووسیا بە هەمان شێوە هێرشی کردە سەر قایمکارییەکانی عوسمانی و بەرودوا: قەلای ئەردەهان و بایەزید، خۆیان پێنەگیرا و داگیر کران. لە قوڵی بایەزیددا لەشکری رووس هەمان کاری رەشەکوژیی موسلمانانیان دووبارە کردەوە، کە لە بولگارستان کردبوویان. لەم کارەشدا مەسیحییەکانی ناوچەکانی خۆرهەلاتی ئەنادوڵ (واتە کوردستان)، کە لە لایەن لەشکری رووسیاوە چەکدار کرا بوون و سەرکوتی بەرەنگاریی ناوخۆیی موسلمانانیان پێسپێردرا بوو، هاوکارییەکی راستەوخۆی بێبەزەییانەی رووسیایان کرد.[1]

بەمجۆرە داروباری بەرەکانی بەرگری خۆرهەلات و خۆرئاوای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە ئاکامی جەنگ و ئابلۆقەدانی درێژخایەندا، تا دەهات لەبەریەك دەترازان و زیان و کوشتار و دیلی بە هەزاران دەدا.[2]

لە ٦ی تشرین دووەمی ١٨٧٧دا، کارس گیرا و بەدوایدا شکاندنی لەشکری تورك، لە ئەرزەرۆم و بایەزید و ناوچەکانیتردا، کارێکی دەروونیی کردە سەر کوردستان و زۆر لە سەرکردە کوردەکانی وەك شێخعوبەیدوڵلا، لەشکری تورکیان بەجێهێشت.[3]

وەفایی شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێ: بە هۆی ناپاکیی هەندێ سەرکردە و کاربەدەستی دەوڵەتی عوسمانی، لە ژێرەوە بۆ ماڵی دنیا، خیانەتیان کرد و لەگەڵ دەوڵەتی رووسدا دەستیان تێکەڵ کرد، ئەردەهان و بایەزید و چەند ناوچەیەکیتریان بە رووس سپارد و شکان و کشانەوە... لە ئاکامدا ئەو زاتەش (شێخعوبەیدوڵلا) بە ناچاری لەشکر و جەماوەری ئیزندا و لە «وان»ەوە بۆ «نەهری» گەرایەوە.[4]

---

[1] استانفۆرد. جی. شاو، ل ٣١٧

[2] هەر بۆ وێنە دەڵێین: رۆژی ١٤ ئۆکتۆبەری ١٨٧٧، (٦٥٠٠) سەربازی تورك لە «ئالاداخ» ناچار بوون خۆیان بەدەستەوە بدەن. لە (١٠)ی حوزەیرانی ١٨٧٧یشدا لە ناوچەکانی بالکان (٤٢)هەزار سەرباز و عوسمانپاشای سەرکردەشیان خۆیان بە دەستەوە دا. لە (٩)ی حوزەیرانی ١٨٧٧دا هێزەکانی جادەی «شیپکا» لە شەرێکی سەخت و خوێناویدا بەزین و(٣٢)هەزار سەربازیان لێکوژرا. جگە لە لەدەستدانی هەزاران پارچە چەك و تۆپ و جبەخانەی قورس لە هەموو بەرەکانی شەردا.(استانفۆرد. جی. شاو، جلد ٢ ل ٣٢٢)

[3] بیرەوەرییەکانی وەفایی، ل ٥٨

[4] هەمان سەرچاوە، ل ٥٨

٦- ڕووداوی تازە و گرنگ

لـەم سـەروبەندەدا، لەشـکری عوسـمانی و تێکـڕای هـێزە شـپرزە و لەبـەر یـەك هەڵوەشاوەکانی خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ، کە بەرودوا دەبەزین و خۆیان بـە دەسـتەوە دەدا، یـان هەڵدەهاتن، لـە «کـارس» دەگیرسـانەوە و کـارس ببـووە مەڵبـەندی چـالاکی و بـەرەنگاری و دیواری بەرگریی لەبەردەم پێشڕەویکردنی زیاتری هێزەکانی رووسیادا؛ کە ئیـتر پێشـڕەویتر و سـەرکەوتنی خـێراتری هـێزی رووسـی ئاسـان نـەبوو. بۆیـە رووسـیا بۆئـەوەی ئـەم سەرکەوتنانەیشی لە دەست دەرنـەچێت، پەلـەی ئـەوەی بـوو لـە رێگـەی «رێکەوتننامـە»وە مەرجەکانی خۆی، بەسەر عوسـمانیدا بسەپێنێ، کە گرنگەکانیان ئەمانە بوون:

١- دەوڵەتێکی فیدرالـی بۆ بولگارستان پێكبهێنرێ، کـە سنووری تـا ریـزە کێوەکـانی (باڵکان) بێت.

٢- سەربەسـتی تـەواو بـە «رۆمـانی» بـدرێ و بـە شـێوەیەکی رەسـمیش دان بـەو سەربەخۆییەدا بنرێت زیانەکانیشی بۆ ببژێردرێت.

٣- ئەو زیانانەی رووسیا لەم جەنگەدا لێی کەوتوون، دەبێ دەوڵـەتی عوسـمانی بـۆی ببژێرێ.

بەڵام وڵاتانی نەیاری رووسیا و لەسەروویانەوە ئینگلیس و نەمسا «ئوتریش» نەیاندەویست مەرج و گوشاری رووسیا، لەسەر عوسـمانی پەرە بسێنێ و لەوەش زیاتر پێشڕەویی بکات و لە گەرووەکانی عوسـمانی نزیـك ببێتـەوە. بـە تایبـەتیش کـە دەیـانزانی مەبەسـتی رووسـیا لـە پێکهێنـانی بولگارسـتانێکی بـەرین و لـە ژێـر چـاودێری رووسیاشـدا، هـەر بـە تـەنیا بـۆ فراوانخوازیی دەسەڵاتی رووسیایە، بەسەر باشووری خۆرهەڵاتی ئەوروپادا. لەبەرئەمە نامەی نارەزاییـان کـردە سـەر ئەلکسـاندری دووەمـی رووس و ئاگاداریـان کـرد؛ کـە ئەگـەر هـەر پەیماننامەیەك لە نێوان رووس و عوسـمانیدا مۆر بکرێت، نابێ هەر بە تـەنیا رووسـیا خـۆی بێت. بەڵکو دەبێ دەوڵەتانی ئەورووپاش بەشدار و ئامادەی ئەو رێکەوتننامەیە بین.

بۆئەمەش ئینگلیس پاپۆری جەنگیی خۆی گەیاندە نزیك ئەوبەر ئەستەمووڵ. چونکە لەم کاتەدا لە ناوەوەی ئینگلستاندا، خەڵك هاتبوونە کوڵ و دەیانویست هەر بە رێگەی شـەڕکردن لەگەڵ رووسیادا، دەسـەڵاتی رووسیا لە سەر وڵاتـانی هینـد و خۆرهـەڵاتی ناوەراسـت کـەمتر بکرێتەوە.... بەڵام لە هەمان کاتیشدا، چ رووسیا و چ ئینگلیسیش لە چاکـەیان نـەبوو، شـەڕ بەردەوام بێت. بۆیە ئینگلیس بە چاکی نەزانی سـەرباز لـە پـاپۆری جـەنگیی خـۆی پیـادە بکات؛ کە لە رۆخەکانی ئەوبەرەوەی ئەستەمووڵ لەنگەریان خستبوو. لە کاتێکدا هێزەکـانی

رووسیا بێپەروا هەر ملیان دەنا و رووەو «چەتاڵچە»ی نزیك و دەوروبەری ئەستەموول ببوونەوە و سوڵتانی عوسمانی و بابیعالییان خستبووە ژێر گوشارەوە.[1]

١/٦ پەیماننامەی سان ستیڤانۆ

لەم هەلومەرجەدا پەیماننامەی «سان ستیڤانۆ» لە ٣ی مارتی ١٨٧٨دا، بە بێ بەشداریکردنی دەوڵەتانی ئەوروپا، لە نێوان رووسیا و عوسمانیدا بەسترا و پێش پەیماننامەکەش؛ عوسمانییەکان هەرچی قەلاّ و بورج و بارێك، کە لە بولگارستان بە دەستیانەوە مابوون، دایاننە دەست رووس و رازیش بوون سەربەخۆیی فیدرالی بە (بۆسنی و هەرزەگۆیین) بدەن و لە ژێر چاودێریی ئەوروپاشدا گۆڕانکاریی لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتیاندا بکەن. لە هەمان کاتیشدا رازی بوون بەوەی رووسیا دەسەلاّتی تەواوی بە سەر تەنگە و گەرووەکانی عوسمانیدا هەبێ و زیانەکانی جەنگیش بۆ رووسیا ببژێرن؛ سنووری بولگارستانیش بریتی دەبێ لە: «دانووب» تا «ئیجە»، کە هەرێمەکانی «مناستەر و سالونیك» و بەشێکیش لە رۆخەکانی زەریاچەی ئیجە دەگرێتەوە. جگە لە بەندەرەکانی: «دلە» و «سالونیك»، کە دانیشتووەکانیان موسڵمان و جوولەکەن. بەمجۆرە بولگارستان سێ ئەوەندەی جارانی لێدێت و میرەکەیشی بە دەنگدانی ئازادانەی خەڵکی ولاّتەکە، هەڵدەبژێردرێ و سوڵتانی عوسمانیش بە شێوەیەکی رەسمی دەیناسێ.... دیسان بە گوێرەی بڕیارێکی‌تری ئەم پەیماننامەیە، هێزەکانی رووسیا بۆ ماوەی دوو ساڵ لەم دەوڵەتە میرنشینەدا دەمێنێتەوە؛ لە کاتێکدا کە هێزەکانی عوسمانی دەبێ بەجێی بهێڵن.[2]

بەلاّم ئەوەی بەلای ئێمەوە لەم پەیماننامەیەدا مەبەستە، ئەو بڕیارە بوو، کە سەبارەت بە ئەرمەن درا و بۆئەمەش بە گوێرەی ئەو بڕیارە، ئەرمەنەکانی ناوچەی ئەرمەن‌نشینەکانی قەڵەمڕەوی عوسمانی، دەبوونە خاوەنی بەڕێوەبەرایەتییەکی شێوە خودموختاری.

ئەم کێشەیەی ئەرمەن، بیانوویەکی بە کەڵك بوو بە دەست رووسیاوە، کە تا سەردەمێکی زۆر لە چاکەی خۆی بەکاری هێنا.[3]

هەموو ئەم رازیبوونە بێمەرج و سنوورانەی عوسمانی، لە بەرامبەر رووسیادا، بەو نیازە بوو نەك دەوڵەتانی ئەوروپایی کۆسپ و تەگەرە بخەنە رێکەوتننامەکە و هەلومەرجی دەوڵەتی عوسمانی داهێزراوتر بکەن. بۆیە دەوڵەتی عوسمانی مەبەستی بوو بە پەلە هەموو مەرج و

---

[1] استانفورد. جی. شاو، ل ٣١٤-٣٢٤

[2] استانفورد جی شاو، ل ٢٢٤-٢٢٥

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٦

داواکانی رووسیا جێبەجێ بکات. که لەم حاڵەدا دەوڵەتی عوسمانی دەبووە هاودەستی رووسیا.[1]

بەڵام ئاکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە بۆ ئینگلیس، نەمسا، ئیتالیا و ئەڵمانیا سەخت و دژوار بوو. چونکە هەریەکە لەم نەیارانەی رووسیا، ئیرەیی و مەترسییان لەم سەرکەوتن و دەسکەوتنانەی رووسیا، لا دروست بوو.... نەمسا داوای دەکرد بەرینایی وڵاتی بولگارستانی تازە، بچووکتر بکرێتەوە؛ تا بەو هۆیەوە دەسەڵات و سێبەری رووسیا، بە سەر ئەوروپای خۆرهەڵاتەوە، کەمتر بکرێتەوە و لە هەمان کاتیشدا رووسیا قایل بێت «نۆڤی پازار» و «بۆسنی و هەرزەگۆیین» بخرێنە سەر نەمسا.

رووسیا بەم داوایەی نەمسا قایل بوو. بۆیە ئیتر نەمساش ئەو هاوئاهەنگییەی کە پێشتر لەگەڵ ئینگلیس کردبووی، بۆ چاوگێرانەوە و سەرلەنوێ دەستکاریی کردنەوەی سەرلەبەری بەندەکانی پەیماننامەی سان ستیڤانۆ. ئەوەندە بە خەمییەوە نەما. ئینگلیسیش لەبەردەم ئەم هەڵوێستەی نەمسادا، ناچار بوو خۆی راستەوخۆ بە ناوبژیکردنی «بسمارک»ی سەرۆك وەزیرانی ئەڵمانیا لەگەڵ رووسیادا، تێکەڵ دانووساندن بێت و بەم پێیەش بولگارستان بچووك بکرێتەوە و ناوچەکانی تریشی، بە شێوەی هەرێمێکی سەربەخۆ بە ناوی رومیلیای خۆرهەڵات پێك بێت و بە پەلەش ریفۆرمێکی تێدا ئەنجام بدرێت. هەروەها بڕیار درا ئەو ناوچانەی ئەنادۆڵی خۆرهەڵات، کە رووسیا بە گوێرەی پەیماننامەی سان ستیڤانۆ، لە عوسمانی زەوت کردووە، هەموویان بە عوسمانی بدرێنەوە. جگە لە کارس و باتۆم و بسارابیای باشوور، کە دەبنە بەشی رووسیا.[2]

بەم پێیە رووسیا خرایە ژێر گوشاری زۆرەوە و ناچار کرا؛ کە: یان دەبێ ئامادەی جەنگێکی تازە بێت لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە، یان دەبێ ئامادە بێت سەرلەنوێ پەیماننامەیەکیتر، لەگەڵ عوسمانی و بە بەشداری ئینگلیس، نەمسا، ئیتالیا و ئەڵمانیا ساز بکاتەوە. کە سەرەڕای ئەمانەش، هێشتا ئینگلیس نیگەرانی ئەوە بوو، کە رووسیا، دواییتر و لە قۆناغیتردا، لە توانایدا دەبێ رووەو زەریای سپی ناوەراست، یان کەنداوی فارس پێشرەویی بکات... یان ئەرمەنەکانی ئەنادۆڵ ببزوێنێ و بە بیانووی ئەوانەوە، خۆی لە کاروباری ئەنادۆڵی خۆرهەڵات هەڵقورتێنێ.

لەبەرئەوە بۆ پاراستنی سەرلەبەری خاکی عوسمانی، لە ئەنادۆڵی خۆرهەڵاتدا؛ نەمسا پێشنیاری کرد «قوبرس» بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیس، تا ئەگەر هەر کێشە و تەنگوچەڵەمەیەك لەم بارەیەوە روویدا، ئینگلیس بتوانێ بەرپەرچدانەوەیەکی لە بەرامبەر رووسیادا هەبێت و لە هەمان کاتیشدا، لە کاتی هێرشی رووسدا بۆ سەر ئەنادۆڵی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٦

[2] استانفورد. جی. شاو، ل ٣٢٦-٣٢٧

خۆرهەڵات، ئینگلیس بە بێ درێغی کردن، هەموو جۆرە یارمەتییەکی عوسمانی بدات. کە ئەم بڕیارە، بۆ چاکەی ئینگلیس دەبێ و دەسەڵاتی رووسیا کەمتر دەکاتەوە. هەر چەندە سوڵتان عەبدولحەمید لە ئاست ئەم پێشنیارەدا هیچ جۆرە رەزامەندییەکی نیشان نەدا.[1]

٢/٦ پەیماننامەی بەرلین و بڕیاری ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی ئەرمەن

لە ١٣ی تەمووز(پووشپەڕ)ی دووەمی ١٨٧٨دا، کارەکانی پەیماننامەی «بەرلین» دەستی پێکرد، کە پێشتریش بڕیار و پێشنیارەکانی ئامادە و گەڵاڵە کرا بوون... رووسیا؛ کە بە هۆی ئەم جەنگەوە، سامان و دارایی زۆری لە دەستدا بوو، بەڵام بەوپەڕی توانایەوە تەقەللای دەدا، ئەو بڕیارنامانەی کە پێشتر لە پەیماننامەی «سان ستیڤانۆ»دا بە دەستی هێنا بوون، لە دەستیان نەدات. هەرچەندە هەر زوو بڕیاری پێکهێنانی بولگارستانی گەورە هەڵوەشایەوە و بولگارستان کرایە سێ بەش.[2]

بۆسنی و هەرزەگۆیین بە نەمساوە لکێنران. ئەردەهان و باتۆم درانە رووسیا و رووسیا بەڵێنیدا، سوپەر و قایمکارییان تێدا دروست نەکات. دۆڵی ئەلاشگیرد و بایەزید، کە لە دەسکەوتەکانی پەیماننامەی سان ستیڤانۆ بوون، درانەوە بە عوسمانی. ئەو زیانانەی کە دەبوایە عوسمانی بە رووسیای بدات، لەم پەیماننامەیەشدا پابەندی بووەوە؛ ئەگەریش ئەم زیانەی پێ دەستەبەر نەکرا؛ ئەوا دەبێ لە جیاتی ئەوە، رووسیا داوای هەر خاکێکی عوسمانی کرد، بێ‌سێ و دوو بیدرێتێ.[3]

بەڵام دیسان ئەوەی لەم پەیماننامەیەشدا ئێمە مەبەستمانە و قسەی لە سەر کرایەوە، ئەو بڕیارە بوو، کە لە پەیماننامەی «سان ستیڤانۆ»دا، لە چاکەی «ئەرمەن» درا و لەم پەیماننامەیەشدا بە هەندێ دەستکاری و ئاڵوگۆڕی کەمەوە، سەر لە نوێ سەلمێنرایەوە.[4]

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٠

[2] بۆ زیاتر ئاگاداری لە بڕیارەکانی ئەم بڕیارە، بنوارە هەمان سەرچاوە ل ٣٢٨و...

[3] هەمان سەرچاوە ، ل ٣٢٨

[4] هەمان سەرچاوە ، ل ٣٢٨

بەشی دووەم

کوردستان دوای بڕانەوەی جەنگی ۱۸۷۷- ۱۸۷۸

لەگەڵ ئەوەشدا کە شێخعوبەیدوڵلا بەو مەبەستە، بەو ژمارە کەم و هێزە کەمەوە لە دوا جەنگی رووسی و عوسمانیدا بەشداریی کرد، تا لە لایەکەوە خەڵکی کورد لەو جەنگە کوشندە و کاولکارەدا، کەمترین زیانی گیانیی و ماڵیی لی‌بکەوێت و لە لایەکی‌تریشەوە، تا گوشار و پەڵپ و بیانووەکانی دەولەتی عوسمانی (تا رادەیەك) لە سەر جەماوەری کورد کەمتر بکاتەوە.

کەچی بڕانەوەی جەنگ و ئاکامەکانی، بوونە سەرەتای وەرچەرخانێکی تازە و سەرهەڵدانی پەیتاپەیتای تەنگوچەڵەمە و کێشەی هەمەجۆر و دژوار و زۆربەی گیروگرفتەکانیش بەرئەنجامی ریکەوتننامەکانی سان ستیڤانۆ و بەرلین و ملکەچکردنی سوڵتان بوو بۆ مەرجەکانی رووسیا و ئینگلیس و دەولەتانی ئەورووپا و پێکهێنانی قەوارەی سیاسی، بۆ نەتەوەکانی دوورگەی باڵکان بە گشتی و پێداگریی رووسیا و ئینگلیس بۆ پێکهێنانی ریفۆرمێك، بۆ کێشەی ئەرمەن بە تایبەتی و ئەو زیانە گیانیی و نیشتمانیی و داراییانە بوون، کە دەوڵەتی عوسمانی لەم جەنگەدا بە سەر خۆی و بە سەر دانیشتووانی قەڵەمڕەوەکەی خۆیدا هێنابوونی، کە بریتی بوون لە:

۱- دەیان هەزار کوژراو و سەدان هەزار بریندار و پەرتەوازە بوونی سەدان هەزاری‌تریش.

۲- لە دەستدانی هەزاران پارچە چەکی گەورە و بچووك.

۳- لە دەستدانی چەندان ناوچەی گرنگ و شارانێکی زۆری عوسمانی، کە دەبوونە دوو لەسەر سێی هەموو خاکی عوسمانی و یەك‌لەسەر پێنجي هەموو دانیشتوانی عوسمانی، لە خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئیمپراتۆریی عوسمانی. واتە: «٥/٥» ملیۆن کەس، کە نیوەیان موسڵمان بوون و لە دوورگەکانی دانووب و هەرێمەکانی ئەنادۆڵ، واتە: کارس، ئەردەهان و بایەزیددا، بە رووسیا سپێردرابوون و نەیاندەویست لە ژێر دەسەڵاتی رووسیا بمێننەوە. بۆیە ئەمانەش دەبووایە لە ماوەی «٣» ساڵدا، هەموو ماڵ و موڵکەکانیان لەو ناوچە داگیرکراوانەی ژێردەستی رووسیادا بفرۆشن و بگەڕێنەوە ناوچەکانی‌تری عوسمانی و بەمەش لێشاوێکی زۆری خەلکی بێ‌خانومان و ئاوارە و بە تایبەتیش موسڵمانەکانی بولگارستان روویان دەکردە شارە گەورەکانی وەك ئەستەموول و شارانی‌تر و ئەم لێشاوە خەڵکەش، جگە لەوەی لەگەڵ خۆیاندا، توورە بوون و رقێکی زۆریان بەرامبەر مەسیحییەکان، بۆ ئەو شارانە دەهێنایەوە، کە بوونە رێنوێنی لەشکری رووس و زیانی زۆر بۆ خەڵك و.... بەرامبەر سوڵتانیش؛ کە لە لایەکەوە تووشی شەرێکی تێشکاو و لە لایەکی‌تریشەوە کە ملکەچی مەرجەکانی رووس بووە... لە هەمان کاتیشدا تەنگوچەڵەمەی زۆری کۆمەڵایەتی و داراییان بۆ کۆمەڵگەی داماوی عوسمانی زیاتر دەکرد.

سەرباری ئەمانەش، دەبوایە دەوڵەت ساڵانە بری «٤» بلیۆن رۆبڵ قەرزی زیانەکانی جەنگیی بە رووسیا بدات، کە ئەم برە پارە ساڵانەیە، لە هەر ساڵێکدا دەیکردە داهاتی گشتیی چوار ساڵی دەوڵەت[١] و دەوڵەتیش ئەمەی لە توانادا نەبوو. بۆیە دەبوو سەرلەنوێ گوشار و باج و سەرانەی تازەتر و زیاتر، بخرێتە ئەستۆی خەڵك و بەمەش گوزەران و ژیانی خەڵك ئەوەندەی‌تر، شێواوتر دەبوو.

بەڵام بەرلەوەش ئەو باجە زیادانە دەست پێبکەن، برسێتی و هەژاریی و نەخۆشیی، لە هەموو لایەکی ولاتەکەوە پەرەی سەند و بارودۆخی کوردستانیش، لە چاو زۆربەی ناوچەکانی‌تری قەڵەمڕەوی عوسمانیدا، لەو پەری شپرزەیی و داهێزراندا بوو.

راپۆرتەکانی ئەو رۆژانە، سەبارەت بە برسێتی هەموو ناوچەکە و کوردستان بە تایبەتی، دەنووسن: خەڵك لە برساندا ناچار بوون گۆشتی کەر، یان گژوگیا و رەگی درەخت بخۆن[٢]... «رۆژانە نزیکەی (٣٠) کەس لە برساندا دەمرن».[٣]

کونسۆلی فەرانسە لە مووسڵ، لە ساڵی ١٨٧٩دا دەڵێ: «رۆژانە لە مووسڵ (٥) کەس دەمرن. ئەم قات و برییە لە شاری کەرکووکیش سەختتر بوو؛ مەترانی کلدانی لە هەمان ساڵدا لە کەرکووکەوە بۆ پەتریارکی نووسیوە، دەڵێ: رۆژانە لە کەرکووك «٣٠» کەس دەمرن و نزیکەی «٤٠» گوندی دەوروبەرەکەیشی چۆڵیان کردووەو و سەری خۆیان هەڵگرتووە.[٤]

ئەنجامی بەرز بوونەوەی نرخی نان، وەك ئەنجامی شەڕەکە و بێبارانیی بوو. ئەوە بوو هەژاریی لە رادەبەدەر و برسێتی؛ دەرد و نەخۆشیی بە دوای خۆیدا هێنا. بۆ نموونە: زەحیریی لە «نەهری» تەشەنەی کرد. کاربەدەستانی تورکیا لەوە تۆقان نەخۆشییەکە تەشەنە بکات. بۆیە خێرا لە ئەرزەڕۆمەوە «لافۆیان»ی پزیشکیان نارد بۆ ئەوێ. ئەویش بڵاوی کردەوە؛ کە زیاتر لە «١٠» هەزار کەس لە هەکاری، لەتاو برسێتی مردن.

وەفایی شاعیر، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسی ئەوە دەکات، کە چەند جارێك پەتای «رشانەوە - کولێرا» لە نەهری بڵاو بۆتەوە و خەڵکێکی زۆریشی کوشتووە و وەفایی و شێخ‌عوبەیدوڵڵاش ئەم دەردەیان بە جۆرێك گرتووە، کەس بە هیوایان نەبووە.[٥]

لە هەرێمی باشقەڵا، بەلای کەمەوە «١٠» هەزار کەس بە نەخۆشیی زەحیریی مردن. «٢ تا ٣» هەزاریش لە «بایەزید» و «ئەڵاشگرد» تێدا چوون. ژمارەیەکی وەهاش لە ناوچەکانی:

---

[١] استانفورد. جی. شاو، جلد ٢ ل ٣٢٦

[٢] خالفین، ل ١٦٠

[٣] هەمان سەرچاوە، ل ١٦٠

[٤] علی الوردی، ل ٣٦-٣٧

[٥] بیرەوەرییەکانی وە فایی، ل ٥٥

میدیات، بۆتان و جزیره لە ناو چـوون. باسـی سـەدان کەسیش نـەکرێت، کـە لـە رێگـە و بانەکاندا بە لادا هاتن.[1]

رووداودیوەکان نووسیویانە: هەموو رێگە و بانەکانی کێوی ئارارات، بە کـوردی رووت و برسی تەنرابوون، گەلێك لەوانە، لەتاو لاوازیی و بێهێزیی مردن.[2]

دەنگوباسی برسێتی و هەژاریی و نەخۆشیی کوردسـتان، ئـەوەندە بێئـەندازە و بـەربڵاو بووە؛ رۆژانە لـە رێگـەی راپۆرتـی بـاڵوێز و کونسـوڵەکانی ئینگلیسـەوە، کـە بـۆ سـەرووتری خۆیانیان دەناردن، دەگەیشتنە رۆژنامەی «تایمز»ی لەندەنی و رۆژنامەی ناوبراویش بەردەوام بـڵاوی دەکردنـەوە و داوای پیتـاك و بـاربووی بـۆ لێقـەوماوانی کوردسـتان و ناوچەکـە، لـە خێرخوازان دەکرد؛ کە ئەم برسێتییە تا ساڵی «١٨٨١»یـش بـەوجۆرە هـەر بـەر دەوام بـووە. هـەمان رۆژنامـە دەڵـێ: «برسـێتی لـە کوردسـتان و ئـەرمینیا و رۆژئـاوای ئـێران، بـاربووی فریاگوزاریی، کە لە لایەن کۆنسۆڵەکانی حکومەتی خاوەن شکۆوە رێکخراوە و پێشنیار کراوە، بریتین لە :

قەدیس ئارچبیشۆپی کانتەربری – مارکیزی سالیسبوری K.G – ئـێرل گرانڤێـل K.G – ئێرل شەفتسبێری K.G – بەرێز ر.نی. گلادستون – فەریق سێرهنری راولنسـتون K.C.B – بەرێز ئەلبیرت ساسۆن K.C.S.I. ئەمانیش ئەم بانگەوازەیان بڵاو کردوتەوە:

تکای یارمەتی زۆر پێویست دەکەین بـۆ ئـەو دانیشـتووانەی لـە کوردسـتان، ئـەرمینیا و خۆرئاوای ئێران تووشی ئێش و ئازار بوون و لـەو برسـێتییە رزگاریـان بـووە، کـە سـاڵی پـار نەخۆشیی خەڵکێکی زۆری لـەو وڵاتانـەدا کوشـت و ئێسـتا پێویسـتیان بـە یارمـەتی هەیـە، بۆئەوەی بتوانن تا دروێنەی بـەهاربژین. نرخـی گـەنم لـە هـەموو شـوێنێك زۆر بـەرزە. لـە کاتێکدا خەڵکەکە هەرچییان هەبووە، فرۆشتوویانە. تەنانەت دار و تەختـەی ماڵەکانیشـیان، بۆئەوەی خۆراکیان دەسـگیر بێـت. باسـکردنی ئێـش و ئـازاری دانیشـتووان زۆر دڵتەزێنـە و کونسـوڵەکانی ئینگلیسـیش بـە بـەردەوامیی نامـە دەنووسـن و داوا لـە خـەلکی خـێرخوازی ئینگلیس دەکەن، کە هەرچی پێویستە بۆ مانەوەی براکانیان لەم وڵاتەدا بینێرن.

کاپتن کلایتون لە «وان»، دوای گەشـتەکەی بـە ناوچـەکاندا، دەنووسـێت: برسـێتی و ئێش و ئازار لەم زستانەدا زۆر خراپتر دەبێت لـەوەی کـە مـن چـاوەنوارم دەکـرد. بـە هـۆی سەرمای نائاسایی پاییزەوە، دانەوێڵە و گەنمەشامی هیچی نەما. من نازانم لە کوێ یارمـەتیم بۆ ئەم خەڵکە داماوە چنگ بکەوێت! گەر کۆمیتەکەی ئێوە، بۆم رەوانە نەکەن، من پێشبینی دەکەم (هەندێ ناوچە نەبێت) هەموو دانیشتووان ناوچەکە جێبهێڵن. کۆلۆنیل گرانتلـی لـە بتلیس بە بەخشندەییەوە، ئەو برە پارە کەمەی بۆی نێردرابوو، خۆراکی پێکڕیوە و داوێتییـە

---

[1] جەلیلی جەلیل، ل ٦٩

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٧١

سەدان کەس. کە ئەگەر ئەوە نەبووایە دەمردن. هەروەها نەخۆشخانەیەك و دەرمانخانەیەکی دروستکردووە بۆ چارەسەری نەخۆشەکان، لە دوای برسێتییەکە. لەمانە: ١٣٤٢ کەس لە مردن رزگار کراون. کۆلۆنێل نۆرتۆن زۆر بە پەرۆشەوە داوای پارە دەکات بۆ کڕینی خۆراك و جل و بەرگ بۆ هەزاران لێقەوماو.[1]

«کەچی کۆشکی سوڵتان پارە و پوولێکی زۆری بۆ خۆشیی و رابواردنی خۆی خەرج دەکرد. موتەسەریفی هەرێمەکانی خۆرهەڵات، بە بروسکە فرمانیان بۆ دەهات، بە گورجی بڕێ پارەی دەستنیشانکراو بۆ ئەستەموول بنێرن، بەو نیازەی بۆ ئەم، یان ئەو پێویستی کۆشك خەرج بکرێت... ساڵی ١٨٨٠، والییەکەی ئەرزەرۆم بروسکەیەکی بۆ هات، تیایدا داوای لێکرا: خێرا «١٥» هەزار لیرە، بۆ کۆشك ئامادە بکات.[2]

لە گەرمەی ئەم جەنگەی دواییدا، برسێتی تینی بۆ دانیشتووانی کوردستانی عوسمانی هێنا، تا روو بکەنە ئێران، بۆ شارەکانی: خۆی، سابلاخ، ورمێ، سنە و شوێنیتر، کە لەم ناوچانەدا خەڵکێکی زۆر بەدی دەکران، لەتاو برسێتی، لە تورکیاوە هەڵاتبوون.[3]

هەر لە گەرمەی ئەم جەنگەشدا، کە بەر لە هەموو شتێك شیرازەی یاسا و ئاسایشی بە ئەندازەیەك تێکدابوو. گێرودەی چەندان تەنگوچەڵەمەی هەمە جۆر کردبوو. بێزاریی و یاخیبوون و راپەڕین، گەلێ ناوچەی کوردستانی بندەستی عوسمانی گرتەوە. بە تایبەتی ناوچەی دەرسیم، کە هەر لە سەرەتای جەنگەکەوە، ملیان بۆ هیچ فرمانێکی دەوڵەت نەدا و دوای ئەوانیش لە پاییزی ١٨٧٨دا، راپەڕین و یاخیبوون ناوچەکانی: وان، مووش و بتلیسی گرتەوە و بەرەبەرە گەیشتە ناوچەکانی بۆتان و هەکاری و خەریك بوو شەقڵی بزووتنەوەیەکی رێکخراوی وەردەگرت، بە تایبەتی دوای ئەوەی هەردوو کوڕە ئەفسەرەکەی میربەدرخانبەگ، واتە: عوسمانبەگ و حسەینبەگ سەرکردایەتییان کرد. ئەم دوو برایە، تا ئەوکاتە لە دەستەی ئەرکانی سپای تورك، لە ئەستەموول ئەفسەر بوون.[4]

---

[1] پیتاك لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە وەردەگیرێت: فیسکاونتس سترانگفورد لە ئەدرەسی: ئەپەر برووك ستریت. جێمس براس ئەندامی پەرلەرمان لە ئەدرەسی: V نۆرفۆلك سکوێر. بەڕێز: إ. گرەی متیلاند، لە ئەدرەسی: ود فۆرد. ئەسکێس: بانکی هاوبەشی لەندەن، لە گرمیڤن رۆد پاینگتن.

بڕێ ئەو پارانەی کە تا بڵاو کرنەوەی دوا لیست گەیشتووە: دکتۆر جۆن میور «٢٥» پاوەند. کلیسای بارکلی فری «٢٠» پاوەند و «١٦» شلینگ .ف. «١٠» پاوەند. بەڕێز .ج.ر. کلارکسون «١» پاوەند و «١٠» شلینگ. ویلسون «١» پاوەند و «١٢» شلینگ و «٥» پێنس.(جەمال میرزا عەزیز، دەنگوباسەکانی کوردستان لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٢٠٦٣چوارشەممە ٢٠٠٠/٢/٢)

[2] جەلیلی جەلیل، ل ٦٥

[3] جەلیلی جەلیل، ل ٧٢

[4] هەمان سەرچاوە، ل ٧٥

ئەم بزووتنەوەیە، کە لە هەموو لایەکی ولاتەوە، دەستە دەستە کوردی چەکدار روویان تێکرد، «بۆتان»ی کردە مەڵبەندی بزووتنەوەکە و لە ماوەیەکی کورتدا شاری (جزیرە و جولەمێرگ و زاخۆ و ئامێدی و ماردین)یان گرت و بانگی جیابوونەوە و سەربەخۆییان لە دەوڵەتی عوسمانی راگەیاند. عوسمانبەگ نازناوی «میر»ی لە خۆی ناو لەوتاری رۆژانی هەینیدا لە مزگەوتەکان ناوی لەگەڵ ناوی سوڵتاندا دەهات.[1]

تەنینەوەی راپەرینەکە، کاربەدەستانی عوسمانی ترساند و کەوتنە تەقەللای سەرکوتکردنی. لە سیرت و دیاربەکر و ئەرزنجان و ئەرزەرۆمەوە هێزێکی سەربازیی «١٧» بەتالیۆنی نێردرایە سەر و بە دەم رێوە، سێ بەتالیۆنی ئەم هێزە رووی کردە شارۆچکەی «دیخ» و درندانە کەوتنە گیانی دانیشتووە بێدەسەلاتەکەی. بەلام هێزەکەی حسەینبەگ فریا کەوت و پەلاماری ئەم سێ بە تالیۆنەیدا و ناچاری کرد خۆی بە دەستەوە بدات. ئەم سەرکەوتنە بووە مایەی هاندانی راپەریوەکان، تا تەقەللای سەرکەوتنیتر بدەن. بەلام کاربەدەستانی عوسمانی، خێرا هێزیان لە بایبورت و ئەرزنجانەوە هێنایە مووش، تا نەیەڵن راپەریوەکانی دەرسیم و جزیرە، دەستیان بە یەکتری بگات[2]، گەمارۆی راپەریوەکانیاندا و لە چەند شەڕ و تێهەڵچوونێکدا، لەبەر یەکیان هەڵوەشاندن و سەرکردەکانیشیانی بە فرتوفێڵ گرت.

دوای ئەمانیش، لە ڕێبەندانی ١٨٧٩دا، لە باکووری زەریاچەی واندا، بزووتنەوەیەکیتر روویدا. لە ناو عەشیرەتی حەیدەرانلیدا لە سەرەتای ئابی ١٨٧٩شدا کوردانی گەراگلی، لە ئەنجامی بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی عوسمانیدا، لە یەکەم بە یەکدا چووندا، کوشتارێکی زۆر لە کوردەکان کرا و «٤٠» کەسیان لێ بە دیل گیرا و... لە زۆر ناوچەیتری کوردستان، راپەڕین و یاخیبوونی پچڕپچڕ و لە یەك دابڕاو، دروستبوون.

ئەم هەموو رووداوە تازە و خێرایەی نێو دەوڵەتیی و ناوچەیی و هەلومەرجی کوردستان و سەرهەڵدانی کێشەی ئەرمەن، بە تایبەتی شێخیان خستە بەردەم چاوگێرانەوە و هەڵسەنگاندنێکی خێرای رووداوەکان و وەك «روبەرت ئۆڵسن» دەڵێ : «دانانی ستراتیژێکی ئاڵۆز و بە بەرنامە»[3] و بە خۆ کەوتن بۆ رووبەروو بوونەوەیان؛ کە لەم پێناوەدا بناغەی کارێکی چەند لایەنەی لە سەر ئەم بنچینانە دارشت:

١- یەکخستن و رێکخستنی ریزەکانی کورد

[1] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٧٦

[3] رۆبرت ئۆڵسن، ل ٢٥

٢- هەڵوێست لە کێشەی ئەرمەن
٣- کاری دیپلۆماسی و دەوڵەتاندنی کێشەی کورد
٤- هەڵگیرساندنی شۆڕش

١|١ : یەکخستن و ڕێکخستنی ڕیزەکانی کورد:

ئەو جۆرە ڕاپەڕین و خەباتە پچڕپچڕ و لە یەك دابراوانەی لە دێر زەمانەوە، لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا سازدەبوون و کرابوونە پیشە، لە دێر زەمانیشەوە لە لایەن داگیرکارانی کوردستانەوە، نەخشە و بەرنامەی لە ناو بردنیان بۆ کرابووە نەریت و زۆر بە ئاسانی میر و سەرۆك هۆزەکانیتریان لێ‌هاندەدان و دەیانکردە سەر یەکتری و لە ناویان دەبردن. بەمەش لە یەك کاتدا ئەو ڕاپەڕینانەیان لە ناو دەبرد و لە هەمان کاتیشدا دوژمنایەتی نێوان ئەو میر و سەرۆك هۆز و شۆڕشگێرانەیان قووڵتر دەکردەوە، کە دیپلۆماتەکانی ئەوروپاش ئاگاداری ئەم بەرنامە دوژمنانەیەی عوسمانی و ئێران بوون. بۆیە «میجەر تروتێر»ی سەر کۆنسوڵی ئینگلیس لە ئەرزەڕۆم، لە نامەیەکیدا دەنووسێ: «تا ئێستا سیاسەتی تورکیا، بە گژا کردنی خێڵێك، دژی یەکێکیتر بووە و ئەو شۆڕشانەی کوردستانیش کە لە دوو ساڵی دواییدا ڕوویانداوە، لە هەموو حاڵەتێکدا بە یارمەتی سەرۆك هۆزیتر، دامرکێنراونەتەوە»[1]

شێخ‌عوبەیدوڵڵا، کە لەم بوارەدا ئاگاداری تاقیکردنەوەی ڕاپەڕینەکانی کورد بوو، دەیزانی چارەنووسی ئەو بزووتنەوە بچووك و ناوچەیی و لەباو کەوتووانە، هەمان چارەنووسی ئەوانەی پێش خۆیان دەبێ. لەبەرئەوە پێی‌وابوو، دەبێ ڕێگەیتر بگیرێتە بەر. ڕێگەی تازە و هاوچەرخانە، کە بە گوێرەی بەرنامەی دیاریکراو، هەنگاو بنێن و کاری بۆ بکەن.

١/١: بانگەواز بۆ کۆکردنەوەی سەرانی کورد

بۆئەمەش، هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی ئەو ڕاپەڕینانەی لە گەرمەی جەنگ و لەو چەند مانگەی دوای بڕانەوەی جەنگدا ڕوویاندا، «بانگەوازێکی بۆ ناردن»[2] و داوای لێکردن بۆئەوەی خەباتیان یەك بخەن، دەبێ لە یەکتر نزیك ببنەوە و یەکبگرن.

بە دوای ئەم بانگەوازەشدا «نامە و نوێنەری قسەزان و زمانپاراویشی ناردە لای سەرۆکە کوردەکان، لە هەر چوار قورنەی وڵات»[3]

---

[1] بنواڕە لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی – ل ٢٨

[2] جەلیلی جەلیل، ل ٩٢

[3] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

ئەو نوێنەرانەی شێخ، گەیشتنە لای کوردەکانی ئەرمینیا و رووسیاش.[1]

شێخ لە نامەکانیدا ئەو راستییەی دەسنیشان دەکرد، کە تا چ رادەیەك میللەت لە دۆخێکی قورس و تاڵدا دەژی.[2]

لەگەڵ ئەم نامە و نوێنەرانەشدا، کەوتە ناردنی وتاری ئاگرین، بۆ خێڵە کوردەکانی ئێران[3] و پێوەندیگرتن و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆكهۆزەکان و ناوداران و گەورە پیاوانی کوردستان و بیرورا گۆڕینەوە و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی کوردستان و ناوچەکە و هاندانیان بۆیەکێتی و بۆ ئەوەی «هەموو کورد، بێگوێدانە جیاوازیی خێزان، بنەماڵە، خێڵ، ناوچە، لەهجەی زمان... لە سەر بنچینەی پێوەندی نەتەوەیی کۆ بکاتەوە»[4] و بە گیانی نەتەوەیی و نیشتمانیی هوشیاریان بکاتەوە.[5] لەم مەیدانەشدا وەك دەستپێشکەریی، بۆ پتەو کردنی ریزەکانیان: توانی خێڵەکانی مامش، مەنگوور و پیران ئاشت بکاتەوە.[6]

بەڵگەنامەکانی رووسیا، لەم بارەیەوە ئاگادارمان دەکەنەوە، کە چەند مانگێ دوای برانەوەی جەنگ و روونتر: لە مانگی کانوونی یەکەمی «١٨٧٨»وە، کەوتۆتە بانگهێشتن و کۆ کردنەوەی «خێڵە کوردەکان و موریدەکانی لە دەوری خۆی».[7] ئەم بانگهێشتنانەیشی «لە رێگەی یەکێك لە ئەفسەرە ئەساسییەکانییەوە، کە نامەکانی بۆ ئەو مەبەستە، دابەش و بڵاو دەکات، بانگهێشتن کردوون».[8] وەك دەریشدەکەوێ، بە هۆی بانگهێشتنی زۆربەی ناوداران و سەرۆك هۆزەکانی کورد و بە هۆی دووریی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانیش لە یەکتری؛ ئەم زنجیرە کۆ بوونەوە ناو بە ناوانە، زۆری خایاندبێ و تا مانگەکانی تەمووز و ئابی «١٨٨٠» درێژەی کێشابێ. چونکە لە گەرمەی ئەو کۆبوونەوانەدا «کلایتۆن»ی جێگیری کۆنسوڵی ئینگلیس لە «وان»، لە تەمووزی «١٨٨٠»دا، گەشتێکی بۆ «نەهری» کرد و لەوێ چاوی بە نوێنەری ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کەوت و گفتوگۆی لەگەڵ زۆریاندا کرد، لەوانە:

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١٠٥. هەروەها لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ١١

[2] جەلیلی جەلیل، ل ١٠٥

[3] بنوارە لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ٤٨

[4] ساڵح محەمەد ئەمین، ل ١٥٦

[5] جەلیلی جەلیل، ل ١١٧

[6] هەمان سەرچاوە، ل ١١٧

[7] خالفین ، ل ١٦٧

[8] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ٨٣

«سەرۆکە کوردەکانی سلێمانی، ئامێدی، هوورەمار، بۆتان، ساسۆن، سیرت، مووش، ویلایەتی وان و کوردەکانی کوردستانی ئێران»یش.[1]

٣/١: پێکهێنانی یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی کوردیی

ئەنجامەکانی ئەم نامە ناردن و پێوەندی و کۆبوونەوە سازدان و بیروەڕا گۆڕینەوانە؛ پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی کوردی لێکەوتەوە، کە دواتر لە ڕاپۆرتەکانی ئەرمەنی و باڵوێز و کونسوڵەکانی رووسیا و ئینگلیس[2] و چاپەمەنی تورکیدا[3] بە «یەکێتی کوردان The Kurdish Leagve» ناوی دەرکردووە.[4]

بۆ یەکەمجار و بەگوێرەی بروسکەیەکی پەتریارکی ئەرمەنەکان، کە ڕۆژی ٢٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٨٠، بۆ وەزیری دەرەوەی ئینگلیس، ئێرل گرانڤیلی ناردووە و ئەویش دەقی هەمان بروسکەی بۆ «گوشن»ی گەورە باڵوێزی ئینگلیس، لە ئەستەموول ناردۆتەوە، باس لە پێکهاتن و جموجووڵ و چالاکی ئەم کۆمەڵەیە کراوە.[5]

واتە: ئەم کۆمەڵەیە، لەو مانگەدا (حوزەیرانی ١٨٨٠)، کە ئەو ڕاپۆرتەی تێدا نووسراوە، لە گەرمەی کار و چالاکی نواندندا بووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە شێخعوبەیدوڵڵا، هەر دوای برانەوەی جەنگ و ئاکامەکانی ڕێکەوتننامەی سان ستیڤانۆ و بەرلین، بە یارمەتی هاوکارەکانی، ئەم کۆمەڵەیەیان پێکهێناوە.

بەم پێیە ئەم کۆمەڵەیە، یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی کوردییە، لە مێژووی «کۆمەڵە و ڕێکخراو و حیزبی کوردی‌دا»، کە بەداخەوە، کورد خۆی هیچ ئاگادارییی و بەڵگەنامەیەکی لە سەر ئەم کۆمەڵەیە نییە. بەڵام لە دوتوێی ئەو چەندین بەڵگەنامە ئاماژە پێکراوانەدا، تێدەگەین، کە:

١- شێخعوبەیدوڵڵای نەهری، خۆی سەرۆکی ناوەندەکەیەتی.

٢- بەحری بەگی کوڕی بەدرخانی گەورە، کارگێڕەکەیەتی.[6] ئامانجەکانیشی برتیین لە:

---

[1] خالفین، ل ١١٣

[2] جەلیلی جەلیل، ل ١٠٥ هەروەها خالفین ل ١٧٨ - ١٧٩ هەروەها دوکتۆر سەیید عەزیز شەمزینی، ل ٨٢ هەروها ڕۆبرت ئۆلسن، ل ١٦، ٢٤

[3] فەیسەڵ دەبباغ، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٩٤٦، ڕۆژی چوارشەممە ١٩٩٩/١٠/١٣

[4] بنوارە لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی - ل ١١، ٢٨، ١٣١

[5] هەمان سەرچاوە

[6] هەمان سەرچاوە

١- رزگار کردنی کورستان لە دەست زوڵم و زۆری قاجاری و عوسمانی.
٢- پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردستانی یەگکرتووی ئازاد، لە هەردوو بەشی قاجاری و عوسمانیدا.
٣- دانانی شێخ‌عوبەیدوڵلای نەهری بە حوکمداری کوردستان.
٤- دۆستایەتی کردنی گەلی ئەرمەن و مەسیحییەکانی کوردستان.[1]
زانیاریی‌تر دەربارەی ئەم کۆمەڵەیە (لەو بەڵگەنامانەدا) برتیین لە:
١- کۆمەڵە، لکی لە هەموو شارەکانی کوردستاندا هەیە.
٢- ژمارەی «٤» هەزار تفەنگی مارتینی هەیە، کە «٢٠٠»دانەیان ئێرانییە و ئەوانیتریان تورکین.
٣- زۆربەی سەرۆك خێڵەکانی هەموو کوردستان «بەوانەی رووسیا و ئەرمینیا شەوە»، ئەندامی ئەم کۆمەڵەیەن.

١/٣: ناوەرۆك و بایەخی کۆمەڵەی (یەکێتی کوردان)

ئەگەرچی ئەم کۆمەڵەیە لە روخساردا پێویستییەکی شارستانییانە بووە؛ بەلام پێکهاتەیەکی خێڵەکییانەی هەبوو. چونکە جگە لەوەی لە سەرانی ئەو خێلانە دروست بووە، کە هێشتا خۆیان گوندنشین، یان ئەگەر گوندنشینیش نەبووبن، بەلام بیروباوەریان شارستانییانە نەبووە. هۆیەکەیشی ئەوە بووە، کە کۆمەڵگەی کوردستان خۆی، هێشتا کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی بووە و ئەو بنەما بابەتییانەی کە بۆ پێکهێنانی رێکخراوێکی میللی پێویستی دەکرد، وەك: فەرهەنگ، ئابووری، تەکنولۆژی، سیاسی؛ هێشتا لای کۆمەڵگەی کورد نەخەملێبوون. بەڵکو ئەو زوڵم و چەوساندنەوە زۆر مێژینەیەی لە ئەستۆی کورد و ئەو بۆشاییە گەورەیەی دوای لەناوبردنی میرنشینەکانی کورد بە گشتی و هەلومەرجی گۆرانکارییە خێراکانی دوای برانەوەی جەنگیش بەتایبەتی؛ وەك پێویستییەکی کتوپر، پێکهێنانی ئەم کۆمەڵەیەی زووتر لەوادەی خۆی هێنایە کایەوە. هەر بۆیەش تەمەنی ئەم کۆمەڵەیە، ئەوەندەی تەمەنی سازبوون و لە ناو چوونی شۆرشی «١٨٨٠» بری کردووە و لەوە بە دوا، ئیتر شتێك دەربارەی چالاکی ئەم کۆمەڵەیە، لە هیچ بەڵگەنامەیەکدا بەر چاو ناکەوێتەوە.

بەلام سەرەرای ئەمانەش، پێکهێنانی ئەم کۆمەڵەیە لەو کاتەدا، جگە لەوەی «وەك وتمان»، یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی کوردییە، لە هەمان کاتیشدا لە رۆژگارێکدا، کە «گەلی کورد لە رووی کۆمەلایەتییەوە، دابەش ببوو بە سەر چەندین تیرە و هۆز و خێڵی گەورە و

[1] ئەم هەڵوێستەی ئەم کۆمەڵەیە، لە بەڵگەنامەکانی ئەرمەن و ئینگلیسدا، بە تەفرەدانی ئەرمەن ومەسیحی ناونراوە. (لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ١١، ٢٨)

بچووکدا[1] و لەم کۆمەڵە پچڕپچڕانەشدا، کە «دڵسۆزیی بـۆ بنەماڵـە، دڵسـۆزیی بـۆ خێـڵ، دڵسۆزیی بۆ ناوچە، دڵسۆزیی بـۆ دیـن، دڵسـۆزیی بـۆ مەزهـەب، دەکەوتـە سـەروو هـەموو دڵسۆزییەکی‌تری وەك: دڵسۆزیی بۆ نەتەوە، یان بۆ دەوڵەت[2]»، کارێکی یەکجار گرنگە و بـە تایبەتیش کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا، ئـەو ژمـارە زۆرەی سـەرۆك هـۆز و جوگرافیـا بەرینەی کوردستان، خـۆی لـە خۆیـدا کـۆ بکاتـەوە و پـەروەردە و فێریـان بکـات بۆئـەوەی «دڵسۆزیی بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەیان، بخەنە سەروو هەموو دڵسۆزییەکی‌ترەوە»[3] ئەوە ئیـتر ئــەم کۆمەڵەیــە، ڕووداوێکــی زۆر تــازە و هاوچەرخانەیــە و ڕوخســاری بزووتنــەوەی ئازادیخوازانەی کورد، بە شێوەیەکی نوێتر دەگۆڕێ و دەسەڵات و توانای بزووتنەوەکەش، بە گەورەتر و فراوانتر دەخاتە بەردەم دۆست و دوژمنانی کورد.

بۆیە ئەو لێکۆڵەرەوانەش کـە شـوێنپێی گەشـەکردن و پێگەیشـتنی بزووتنـەوەی میللـی کوردیان هەڵگرتووە، پێیان وایە دەرکەوتنی شێخ‌عوبەیدوڵڵا لەم قۆناغەدا (کە ڕەنگرێــژی ئـەم بەرنامەیەیە)، دەرکەوتنی ئەو سـەرکردانەیە، کـە توانـای پێشـبینی کردنیـان، لـە مـەودای تاقیکردنەوەی خۆیان دوورترە.[4]

لەبەرئەوە ئەم دەست‌پێشکارییەی شێخ‌عوبەیدوڵڵا، لە پێکهێنانی ئەم کۆمەلەیەدا، نــەك هەر بۆ کۆمەڵگەی کوردستان، شتێکی تازە بـووە؛ کـە لـە خـەباتی نەپسـاوی ئـەو چـەندین سـەدەیدا، لـە دژی زوڵـم و بێدادیـی داگیرکـەران و بـۆ سـەندنەوەی مافــەزەوتکراوەکانی، پێویستییەکی زۆر گرنگ بـووە، بـەڵکو لـە ناوچەکـەدا و بـە تایبـەتیش بـەلای گـەلێکی وەك ئەرمەنیشـەوە، کـە چـارەنووس و مێـژووی چەوساندنەوەی ئـەوانیش، بـە دەسـت هــەمان دوژمنانی هاوبەشیانەوە، ئەگەر لە کـورد زۆرتـر نـەبووبێت، کـەمتر نـەبووە و دەبووایـە لـەم بوارەدا ئەوان «ئەرمەن»، کە لە زۆر ڕووەوە (لەبەر زۆر هۆ) زۆر لە کورد پێشکەوتووتر بـوون؛ زووتـر ئـەمجۆرە کۆمەڵـە و ڕێکخراوانـە پێکبهێنـن. کـەچی ڕێکخـراوی لـەمجۆرەی گەلــی ئەرمەن، ماوەی «٧» ساڵ دەکەوێتە دوای مێژووی پێکهێنانی ئـەم کۆمەڵـە کوردییـەوە؛ کـە ڕێکخراوی «هەنجاك»ی ئەرمەنییە و ساڵی ١٨٨٧ پێکهاتووە. لە کـاتێکدا کێشـەی ئەرمـەن، لەو «٥٠» ساڵەی دواییدا، چەند جارێك زەمینەی ئەوەیان بۆ خۆشـکرا و جـەند جـارێکیش بۆیان هەڵکەوت ببنە باس و خواسـی نێـو دەوڵـەتیی. وەك ئـەمجارەی دوای برانـەوەی ئـەم جەنگە گەورەیەی تورکیا و ڕووسیا، کە سـەرنجی هـەموو ناوچەکـە و زۆربـەی زلهێزەکـانی

---

[1] ساڵح محەمەد ئەمین، ل ١٥٧

[2] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

[3] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

[4] سیامەند. ز. عثمان، ل ٢٢

دنیای بـۆ لای خـۆی راکێشـا و کێشـەی ئەرمـەن، بـووە یـەکێك لـە بابەتـەکانی مشـتومڕ و بڕیارەکانی بڕانەوەی ئەم جەنگە و بــە ئاشـکرا دیـاریکردن و پێکهێنـانی قەوارەیـەکی شـێوە ئۆتۆنۆمی، کە ڕێگە بە ئەرمەن بدات، خۆیان کاروباری بــەڕێوە بردنـی ناوچـەکانی خۆیـان بگرنە ئەستۆ... ئەم بڕیارەی هـەردوو کۆنگـرەی سـان سـتیڤانۆ و بـەرلین، بـەر لـە هـەموو لایەك؛ سەرنجی رووناکبیرانی کورد و «یەکێتی کوردان»ی بەلای خۆیدا راکێشا. چونکە بەر لە هەموو لایەك، راسـتەوخۆ لەگـەڵ چارەنووسـی کێشـەی کـورد و نیشـتمانی کوردسـتاندا، رووبەڕوو دەبووەوە و بووە سەرەکیترین رووداوی سیاسی، کە گەلـی کورد و کێشـەی کـوردی خستە بەردەم تاقیکردنەوەی زۆر سەخت و دژوار.

٢- کێشەی ئەرمەن

١/٢: پێشینە و ناسنامەی ئەرمەن:

ئەرمەن لە نەتەوە هەرە دێرینەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە. سنووریان لە باکوورەوە بە گورجستان و لە خۆرهەڵاتەوە بە زەریای خەزەر و لە باشوورەوە بە دۆڵی سەرووی رووباری دیجلە و لە خۆرئاواشەوە بە رۆژئاوای دۆڵی فورات، یان قەرەسوو دەورە دراوە. بەشی زۆری هەرێمەکەیان کەوتۆتە تورکیاوە و بریتییە لە ناوچەکانی دەوروبەری زەریای وان و دۆڵی سەرووی چرووك و ئاراس. دۆڵە بەرینەکانی ئەریوان و رۆخی زەریاچەکانیان بە پیت و پڕ دانەوێڵە و درەختی بەردار و رەزی زۆریان تێدایە. لە هەندێ جێگەشدا پەمووی لێ دێتە بەرهەم. مەڕ و ماڵاتیشیان زۆرە. بەڵام بەو هۆیەوە کە کانی مەعدەنیان کەمە، پیشەسازییان زۆر پێشکەوتوو نەبووە. ئاوریشم و لیمۆدۆزییان زۆرە و لە دروستکردنی پارچە چەکی نایابیشدا بە سەلیقەن.

ئەرمەنەکان، هیندوئەروپایین و زمانەکەشیان لە بنەماڵەی هیند و ئەوروپاییە و بە قسەی هەندێکیش ئاریایی ئێرانین. لە سەرەتادا لە رێگەی «بۆسفۆر»ی تراکیەوە، لە ئەوروپاوە بە ئاسیای بچووکدا تێپەڕیون و ماوەیەك هەر لە ئاسیای بچووکدا ماونەتەوە. دوایی لە ساڵانی (٢٢٠٠)ی پێش زاییندا لەگەڵ «هیتی» تێکەڵ بوون و هەندێ شوێنەواری «هیتی»شیان تێدا ماوەتەوە. لە سەرەتای سەدەی شەشەمدا لە «کاپادۆکی»یەوە رووەو ناوچەکانی ئارارات، یان وەك لە نووسینەکانی ئاسووری‌دا باسکراوە؛ بەرەو ئۆرارتۆ چوون و دەوڵەتی «وان»، یان «ئارارات»یان لەناوبردووە. ئەرمەنەکان بە خۆیان دەڵێن هایك، کە دەبێتە کۆی هایت و بە وڵاتەکەشیان دەڵێن هایسدان، بە واتە جێگە و مەڵبەندی هایگەکان. واژەی «ئەرمەن»یش لە واژەی «ئەرەم»ێ عیبرییەوە وەرگیراوە.

بە گوێرەی نووسراوی مێخی، ئەرمەنستان لە سەردەمی ماددا بە ئۆرارتوو ناوبراوە. ئەم هەرێمەش هەمیشە لەبەر هێرشی شاکانی نەینەوادا بووە. ئەوکاتەی بابلی و مادەکان یەکیان گرت و نەینەوایان داگیرکرد (٦٠٦ پ.ز) هووخشتەر - کیاکزارسین زۆر بە ئاسانی ئەرمەنستانی داگیر کرد. بەمەش وڵاتی ئەرمەن بووە بەشێك لە وڵاتی ماد.

دوای لە ناوچوونی دەوڵەتی ماد، لە سەردەمی هەخامەنشیدا، ئەرمەنستان بووە بەشێك لە هەخامەنشی. داریووشی یەکەم لە نووسینەکانی سەر کێوی بێستوون و تەختی جەمشید و نەخشی رۆستەمدا، ئەرمینیای بە ئەرمینا ناوبردووە و هەرێمێکی ئیمپراتۆریەتەکەی بووە. بەڵام لە سەرەتای دەسەڵاتی داریووشدا ئەرمەنستان لە هەرێمە راپەڕیوەکان بووە، کە دوای شەڕ و کوشتارێکی زۆر، بۆتە بەشێك لە هەخامەنشی. لەوە بەدواوە ئەرمەن شۆڕشی‌تریان

دژی هەخامەنشی نەکردووە. باج و سەرانەیان داوە و لە کاتی پێویستیشدا سەربازیان بۆ پشتیوانیی هەخامەنشی ئامادەکردووە....

بەمجۆرە لەوە چووە لە دەوڵەتی هەخامەنشی ناڕازی نەبووبن، بۆیە لە کاتی لاوازبوونی هەخامەنشیدا، بەتایبەتیش لە سەردەمی ئەردەشێری دووهەمدا، کە هەرێمەکانی خۆرئاوای ئێران و قوبرس و میسر داوای سەربەخۆییان کردووە، ئەرمەنستان ئارام و بێدەنگ بووە. جگەلەمەش لەباری نەژاد و ڕەوشت و نەریتەوە جیاوازییەکی بنەڕەتییان لەگەڵ ئێرانیگەلدا نەبووە و جیا نەکراونەتەوە.

ئەرمەنستان تا ڕۆژگاری هێرشی ئەسکەندەر بۆ سەر خۆرهەڵات، هەر بەوجۆرە ماوەتەوە؛ کە ئەسکەندەریش هات،" نەچووە ئەرمەنستان. بەڵام دواتر جێگرەکانی ئەسکەندەر ئەرمەنستانیان بە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی ئەسکەندەر داناوە. دوای سەردەمانێکیتریش، کە دەوڵەتی ئەسکەندەر بە شێوەیەکی ڕەسمی دابەش بووە، ئەرمەنستان بەر بەشی سلووکس (نیکاتوری یەکەم) کەوتووە و ئەوان بەڕێوەیان بردووە. ئەم داروبارە هەروا مابووەوە تا «تیوخۆس»ی سێیەم لەگەڵ ڕۆمەکاندا لە «ماگنزیا» تێشکا. ئەرمەنەکان ئەمەیان بە هەل زانی و سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند و دوو ڕابەری ئەرمەنی «ئارماکسیاس» و «زاریادرس» ئەرمەنستانیان لە نێوان خۆیاندا بەشکرد و بەڕێوەیان برد.

لە سەردەمی ئەشکانیشدا ئەرمەنستان هەر بەوجۆرە دەمێنێتەوە، تا میهردادی یەکەمی ئەشکانی هەرێمەکانی خۆرئاوای ئێران، واتە: ماد، خووزستان و بابلی لەدەست سلووکی دەرهێنا. لەم سەردەمەدا ئەرمەنستان لە دژی سلووکی ڕاپەڕی و جیابووەوە.

لە سەردەمی ساسانیشدا، ساڵی ٣٨٧ ، ئەرمەنستان لە نێوان ساسانی و دەوڵەتی بیزەنتیدا دابەشکرا.

تا پێش ئەوەش ببنە مەسیحی؛ وەك هەموو گەلانی ناوچەکە پێڕەوی ئایینە بەرودواکانی خۆرهەڵات بوون. بەڵام لە سەدەی چوارەمدا ئایینی مەسیحی بەناو ئەرمەندا بڵاو دەبێتەوە و دەبنە سەر بە کلیسای کاتۆلیك و بارەگای ئەسقۆفی مەزنیان لە «ئەچمیادزە»ی ئەرمەنستانی رووسە. ئەرمەنستانی رووسیاش کەوتۆتە نێوان «چرووك» و «کروارس»ەوە و بریتییە لە هەرێمەکانی ئەریوان و ئەلیزابوتپول.

لە سەرەتای سەدەی هەشتەوە ئەرمینیا بووە بەشێك لە دەوڵەتی عەرەبی - ئیسلامی. لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەدا دیسانەوە کەوتەوە دەست بیزانسەکان و پاشان سەلجووقییەکان، کە بۆی بوونە مایەی گەلێك مەینەتیی. لە ناوەڕاستی سەدەی سیازدەدا تەتەر و مەغووڵەکانیش گەلێك سەرگەردانی و کاولکارییان بەسەردا هێنا. لە نێوان سەدەی شازدە و هەژدەدا ئەرمینیا بووە یەکێك لە مەڵبەندە گرنگەکانی ناکۆکی و شەڕی داگیرکارانەی نێوان عوسمانی و سەفەوی و ئەمەش ئەوەندەیتر بووە مایەی دواکەوتنی ئەرمەن.

شاعەباسی یەکەمی سەفەوی، کە دەیانهەزار کوردی لە مەڵبەندی باوباپیرانی خۆیان هەڵکەند و ئاوارەی ناوچە دوورەکانی ئێرانی کردن، هەر بەوجۆرەش دەیان هەزار ئەرمەنی لە خاکی دێرینی خۆیان ئاوارە و دەربەدەر کرد. ساڵی ١٦٣٩ کە رێکەوتننامەی زەهاو لە نێوان ئێران و عوسمانیدا ئیمزا کرا و بۆ یەکەمجار کوردستان لە نێوان عوسمانی و ئێراندا دابەشکرا، ئەرمینیاش بە یەکجاریی دابەشکرا: ئەرمینیای خۆرهەڵات خرایە سەر دەوڵەتی سەفەوی و خۆرئاوایشی بەر عوسمانی کەوت. لە جەنگی ساڵانی ١٨٢٦-١٨٢٨ی نێوان رووسیا و ئێراندا، کە ئێران تیایدا ژێرکەوت، بە گوێرەی رێکەوتننامەی تورکمانچای (١٨٢٨)، ئەرمینیای خۆرهەڵات بووە بەشێك لە رووسیا. لەم دوا جەنگەی نێوان رووسیا و عوسمانی (١٨٧٨)یشدا لە رێکەوتننامەی تەمووزی هەمانساڵدا بەشێکیتریش لە خاکی ئەرمەن کەوتە بەر هێرشی لەشکری رووس.

بەم پێیە، چارەنووس و مێژووی هەردوو گەلی دێرینە و دراوسێی کورد و ئەرمەن، لە زۆر رووەوە لە یەك دەکەن، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەرمینیا وەك کوردستان بووە بەشێك لە ئێران و تورکیا. ئیتر پێوەندیی نێوان ئەم دوو گەلە، بە گوێرەی هەلومەرجی رووداوەکان، بە لایەنی چاك، یان خراپەوە پەرەیان سەندووە، یان هێور بوونەتەوە.

٢/٢: ئەو هۆیانەی کورد و ئەرمەن لە یەك نزیك دەکاتەوە:

داگیرکاران و چەوسێنەرانی مێژوویی هەردوو گەلی ئەرمەن و کورد لە سەدان ساڵ لەمەوبەر و بەتایبەتیش لە سەردەمی عوسمانی و سەفەوییەوە، هەریەك دوژمنی هاوبەشیان بووە و هەر داماویی و دابەشکردن و راگوێزانێك بە سەر کوردیان هێنابێ، بە سەر ئەرمەنیشیان هێناوە.

لەم مەیدانەدا، جگە لەوەی هەردووکیان چەوسانەوەی نەتەوایەتییان لەسەر بووە، هاوکاتیش وەك چۆن لە سەردەمی سەفەوی و قاجاریدا، کوردانی سوننی مەزهەبیان چەوساندووەتەوە، بە هەمان شێوە گەلی ئەرمەن، کە ئایینیان مەسیحییە، چەوسانەوەی ئایینی لە هەردوولای عوسمانی و ئێران لەسەر بووە. چونکە ئەگەرچی ئایینی مەسیحی لە ژێر سێبەری دەوڵەتی ئیسلامیدا بە شێوەیەکی رەسمی ناسراوە، بەڵام هەرگیز مەسیحییەك ئەو مافانەی نەبووە کە موسڵمانێك هەیبووە و زۆر جاریش ئەو جیاوازیەیان لێکراوەتە بیانووی چەوساندنەوە و ئازاردان و سووکایەتی پێکردن و تاڵان و کوشتن و باج و سەرانەی زیاتر، لە چاو هاووڵاتیانیتردا. هەرچەندە لە باج و سەرانەدا کوردیش باج و سەرانەی بە هەمان دوژمنی هاوبەش و بە خەزێنەی هەمان دوژمنی هاوبەش داوە و ئەم گوشارەش هەمیشە لە زیادبووندا بووە.

٣/٢: ئەو هۆیانەی لە یەکتری دوور دەخستنەوە:

١/٣/٢: جیاوازیی ئایین و زمان:

ئەگەرچی جیاوازیی ئایین و زمان، لە سەرومری پێکەوە ژیانی کورد و ئەرمەندا، هۆی ناکۆکی و دوژمنایەتی نەبووە و سەدان ساڵی ئارام و ئاسایش و بی‌تەنگ و چەڵەمە، پێکەوە ژیاون و ئایین و زمان و نەریتی ئەرمەن، لەناو جەرگەی کوردستانا پارێزراوە. بەلاّم زۆرجاریش مەلا و شێخانی کورد لە لایەك و لە لایەکی‌تریشەوە لە سەرەتای سەدەی نۆزدە بە دواوە، کە میسیۆنێرانی ئەوروپایی و ئەمەریکایی، بەناوی پەرەپێدان و داکۆکی لە ئایینی مەسێحی، هاتوونەتە ناوچەکە و تیایدا ماونەتەوە، درز و دەلاقەی جیاوازیی ئایینیان لە نێوان ئایینی مەسێحی و گەلانی مەسیحی و گەلانی موسڵمانی دراوسێی ئەرمەن و مەسیحییەکاندا زەقتر و گەورەتر کرد و ئەم جیاوازییەیان کردە بنەمای ناکۆکی و تا ئەم قۆناغە مێژووییەی ئێمە لێی دەدوێین و تا دەستێوەردانی ئەمانە شتێکی وا لە ناو ناواندا نەبووە، کێشە و ئاژاوەیەکی‌وا، لە نێوان کورد و ئەرمەندا رووی‌نەداوە، شایانی باس بووبێت.

٢/٣/٢: جیاوازیی فەرهەنگیی و ئابووری

بەو هۆیەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چەند جارێك گەلی ئەرمەن بۆیان هەڵکەوتووە ببنە خاوەنی دەوڵەت و سەربەخۆیی و بە سۆنگەی ئەوشەوە کە بەشێکی نیشتمانەکەیان لە رووسیادا بووە و رووسیاش لە چاو هەردوو ولاّتی ئێران و عوسمانیدا، ولاّتێکی پێشکەوتووی ئەوروپایی بووە؛ بۆیە هەر زوو بوونە خاوەنی فەرهەنگ و ئەدەبی بەرز و ئەلفبای سەربەخۆی خۆیان و خاوەنی ئۆپێرا و شانۆ و چاپەمەنی و رۆژنامە و لەم بوارەدا ئەرمەن لە ساڵی ١٧٩٤ بەدواوە، واتە ١٠٤ ساڵ بەرلە کورد بوونەتە خاوەنی رۆژنامە و بەڵکو دەیەمین میللەتی خاوەن رۆژنامەن و لەم بوارەدا پێش ئەمریکا و تورکیاش کەوتوون. لەو مێژووەش بەدواوە، ژمارەی رۆژنامەیان هەر لە زیادبووندا بووە، کە لە ساڵی ١٨٤٠ تا ساڵی ١٨٦٦، چوارده رۆژنامەیان لە ئەستەموول و ئەزمیر و شارانی‌تری تورکیادا بووە.[١]

جگەلەمەش، ئەرمەن لە چاو کوردستاندا زووتر تێکەڵی بازاڕی سەرمایەداریی و بازرگانیی جیهانی بوون، کاری بازرگانیش ئاڵوگۆڕی فەرهەنگیی لەگەڵ خۆیدا دروست‌دەکرد و زووتر کاری پیشەسازیی و بەتایبەتیش پیشەسازیی دەستیی لە ناویاندا

---

[١] هراند پاسدرماجیان ،تاریخ ارمنستان، ل٣٣١.

گەشەی کرد و زۆربەی بازرگان و وەستا دەستڕەنگینەکانی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتیش کوردستانی بندەستی عوسمانی، وەك: زێڕگەریی و خانووسازیی و پزیشك و سەڕڕافی و... ئەرمەن بوون.

سەرەڕای ئەمەش، لە قەڵەمڕەوی عوسمانیدا ژمارەیەکی زۆری یۆنانی، لە کاروباری بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عوسمانیدا کار و پلەی گەورەیان بەدەستەوە بووە. بەڵام دوای شۆڕشی خەڵکی یۆنان(١٨٢٨–١٨٣٠)، ئەم یۆنانییانەش دەستیان لە کار کێشایەوە و لە جێی ئەوان ئەرمەنییان دانا. ئەرمەنەکانیش چونکە لە زمانی بیانی و کاروباری دارایی و ڕێکخستن و بەڕێوەبردندا شارەزا بوون، هەر زوو لە وەزارەتخانەکانی دارایی، ناوخۆ، دەرەوە، خوێندن و پەروەردەکردن، دادگا، پۆست و تەلگراف و جێگەی گرنگدا، جێی خۆیان کردەوە و سەرمایەدار و بازرگانەکانیشیان منداڵەکانی خۆیانیان بۆ خوێندنی باڵا دەنارده ئەورووپا بە گشتی و فەرانسەش بەتایبەتی، ئەمانەش لەگەڵ گەڕانەوەیاندا فەرهەنگ و ژیارێکی زۆر جیاوازیان بۆ کۆمەڵگەی خۆیان و کۆمەڵگای عوسمانی دەهێنایەوە...[1] کە ئەمانە هەمووی لە ژینگەی ئەرمەندا، بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئاڵوگۆڕی گەورە و گەشەکردنی ژیار و شارستانێتی ئەرمەن.

لە حوزەیرانی ساڵی ١٨٤٩دا، فەرمانڕەوایی یەریڤان دامەزرا و باری ژیانی ئەرمەن ئەوەندەی‌تر چاکتر بوو. بەم هۆیەوە ئەرمەنەکانی بندەستی عوسمانی، ئارەزووی نزیکبوونەوەی زیاتریان بەرەو ئەرمینیای رووسیا لا پەیدا بوو. ساڵی ١٨٥٠ نزیکەی (٩٠)هەزار ئەرمەنی سنووریان بڕی و چوونە ئەرمینیای بەشی رووسیە. کارگێڕان و سەرانی ئەرمەن، پێش ئەمەش و دوای ئەمەش هەمیشە بە نامە و بە هەموو رێگەیەك داوایان لە «چار»ەکانی رووسیا کردووە، تا دەستی یارمەتی هەمەجۆرەیان بۆ درێژ بکەن. هەر بۆیە لەو شەڕانەشدا کە لە نێوان «رووسیا – ئێران» و «رووسیا – عوسمانی» و بەتایبەتیش لە دوا دوو جەنگی ساڵانی (١٨٥٣–١٨٥٦) و (١٨٧٧–١٨٧٨)دا، روویاندا، ئەرمەنەکان بە نهێنی و بە ئاشکرا لایەنگری لەشکری رووسیایان دەکرد و زۆریشیان دایانە پاڵ لەشکری رووس. بەپێچەوانەوە کورد لەو دوو جەنگەی دواییدا پشتیوانیی لە لەشکری عوسمانی کرد.

٣/٣/٢: ژیاندنەوە و دەوڵەتاندنی کێشەی ئەرمەن:

تا پێش ئەو پەنجا ساڵەی دواییش، کە ئەو دوو جەنگەی نێوانی دەوڵەتی عوسمانی و رووسیای تێدا روودا، ئەرمەنەکان چ یاخیبوون و شۆڕشێکیان دژی دەوڵەتی عوسمانی نەکردووە؛ مەگەر ئەوەی کە بەشی زۆری ئەرمەن، گریگۆری بوون و لە ژێر چاودێری پەتریارکی ئەستەمووڵدا، سەربەخۆیی مەزهەبی و فەرهەنگی خۆیان پاراستووە و جارجارە،

---

[1] استانفورد. جی. شاو، تاریخ امپراتوری عثمانی و... ل ٣٤٧–٣٤٨.

که گله‌یيان له شێوەی بەڕێوەچوونی ئایینی بووبێت، مەزهەبەکەیان بە کاتۆلیك، یان بە پرۆتستان گۆڕیوە.[1] که ئەم مەزهەب گۆڕینه لەناو موسڵمان و ناموسڵمانیشدا روودەدات. بەلاّم هاتن و جێگیربوونی مسیۆنێرانی ئەمەریکایی له سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بۆ خۆرهەلاّتی ناوەراست،ڕۆڵی گەورەیان له زیندووکردنەوە و هوشیارکردنەوەی گیانی میللی مەسیحییەکانی ناوچەکەدا گێراوە. چونکه ئەم مسیۆنێرانه لەگەڵ هاتنیاندا بۆ ناوچەکە، کەوتوونەته دامەزراندنی مەڵبەندی فەرهەنگی و لەو مەڵبەندانەشدا دەستیان کردووه به بلاّوکردنەوەی کلتووری ئەرمەنی. بەلاّم لەباتی ئەوەی ئەو کتێبه پیرۆزانەی خۆیان به زمانی کلاسیك بلاّو بکەنەوە، به زمانی ناوچەیی چاپ و بلاّویان دەکردنەوە و بەو زمانه ناوچەییەش، جۆره ئەدەبێکی تازه له ناویاندا دروستبوو، که سەرلەبەریان تێی دەگەیشتن و لەناو ئەو ئەدەبیاته ناوچەییەشدا جگه له بیروباوەڕی ئایینی، بیروباوەڕی تازەی نووسەرانی ئازادیخوازیش بلاّو دەبووەوە، که گیانی تازەی میللیگەراییان تیادا بلاّودەبووەوە.

بلاّوبوونەوەی ئەم شەپۆله ئەدەب و فەرهەنگه تازەیەش، نەوەیەکی نوێی له خوێندەوارانی ئەرمەن پێگەیاند، که له دەیەی ١٨٦٠دا هەندێ لەم رووناکبیرانەی ئەرمەن، تێکەڵ بزووتنەوەی تورکەلاوەکان بوون.[2]

راپەڕینی نەتەوەکانی باڵکان (١٨٧٥ – که ئەوانیش هەر مەسیحی بوون)، که ئەورووپا به گشتی و رووسیا بەتایبەتی پشتیوانی له رزگارکردنیان کرد، زەنگێکیتری هوشیارکەرەوەی ئەرمەن بوو. بۆیه به هەمان هیوای پەیداکردنی پشتیوانی رووسیا و ئەورووپا، له دوا جەنگی ١٨٧٧–١٨٧٨ی نێوان عوسمانی و رووسدا، به نهێنی و به ئاشکرا پشتیوانییان له لەشکری رووس، دژی عوسمانی کرد و له هەندێ ناوچەشدا شانبەشانی لەشکری رووسیا چەکیان هەڵگرت. ئەمەش بووه هۆی ئەوەی له گەرمەی ئەم جەنگه و دوای برانەوەی، هێزەکانی عوسمانی زنجیرەیەك تۆڵەسەندنەوە له ناوچەکانی بایەزید و دیادین و ئەلاّشگیردا دەست به رەشەکوژی ئەرمەن بکەن، که هەر به تەنیا له شارێکی وەك بایەزیددا ٢٤٠٠ ئەرمەنی بکوژن.[3] هاوکاتیش ئەرمەننشینەکانی کارس، باسن و وان، زیانی زۆریان بەرکەوت.

لەمباره تەنگانەیەدا کارگێڕانی ئەرمەنەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی، ناچاربوون داوا له سەرفەرماندەی هێزەکانی رووسیا بکەن، تا له رێکەوتننامەی ئاشتی داهاتووی نێوان خۆیان و عوسمانیدا، پاراستنی ئەرمەن دەستەبەر بکرێ. سەرفەرماندەش دوای وەرگرتنی رەزامەندی تزار (ئەلکساندەری دووەم)، به خۆشییەوە قایل بوو بەوەی لەو رێکەوتننامەیەدا

---

[1] استانفورد. جی. شاو، تاريخ امپراتوری عثمانی و... ل ٣٤٥

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٨

[3] هراند پاسدرماجيان، تاريخ ارمنستان، ل ٣٧٨

داخوازییەکانی ئەرمەن باسبکات، کە ریفۆرمێکی لە دەسگاکانی بەڕێوەبەرایەتی ناوچە ئەرمەننشینەکانی عوسمانی و پێکهێنانی نیمچە خودموختارییەکی ئەو ناوچانەی کە خۆیان دەیانوت زۆربەیان ئەرمەنین وەك: ئەرزەڕۆم، وان و مووش دەستپێبکرێ.

کۆنگرەی سانستیڤانۆ لە ٣ی مارتی ١٨٧٨دا، لە نێوان رووسیای سەرکەوتوو و تورکیای ژێرکەوتوودا بەسترا و گرینگترین مەرجەکانی رووسیا، کە لەم رێکەوتننامەیەدا بە سەر عوسمانیدا سەپێنرا (وەك پێشتر وتمان)، پێکهێنانی دەوڵەتێکی قەوارەگەورە و سەربەخۆ بوو بۆ بولگارستان لە خۆرئاوای ئیمپراتۆری عوسمانی و لە خۆرهەڵاتیشا ناوچەکانی: باتۆم، ئەردەهان، کارس، بایەزید و ئەڵاشگیردی پێبڕا. بەڵام رووسیا پابەند بوو شاری ئەرزەڕۆم، کە هێزەکانی داگیریان کردبوو، چۆڵی بکات و بیداتەوە دەست عوسمانی. هاوکات بە پێداگری «نەرسین»ی پەتریارکی نوێنەری ئەرمەنەکانیش، کە لە کاتی بەستنی کۆنگرەکەدا خۆی چووە سانستیڤانۆ و هیوا و پێشنیاری لە رووسیا ئەوە بوو، یارمەتی و هاوکارییان بکات، بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. بەڵام رووسیا (کە دواتر باسیدەکەین)، بەجۆرێکیتر بیری لە کێشەی ئەرمەن دەکردەوە و بە چاکی زانی بۆ دڵنەوایی ئەرمەن و لە بەرانبەر ئەو هاوکارییەی بە نهێنی و بە ئاشکرا لەتەك رووسیادا، دژی عوسمانی کردبوویان و بۆ تۆڵەسەندنەوەش لە کورد، بەرانبەر بەو هاوکارییەی لەگەڵ تورك دژی رووس کردیان، بڕیارێکیان لە دووتوێی بەندی ١٦ی پەیماننامەکەدا لە چاکەی ئەرمەنەکان نووسی، کە بەمجۆرە دارێژرا:

> «لەبەرئەوەی ئەو ناوچە ئەرمەننشینانەی، کە هێزەکانی رووس داگیریان کردووە و دەبێ بدرێنەوە بە دەوڵەتی عوسمانی و لەمەشدا گریمانی ئەوە دەکرێت نوژمنایەتییەك لەو ناوچانەدا دروستبێت و زیانێك بە پێوەندی چاکەوەبووی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بگەیەنێ، بۆیە بابیعالی پابەند دەبێت، بە پەلە بەڕێوەبەرایەتییەکی ئۆتۆنۆمی تایبەت بە داخوازییە پێویستەکانی ناوچە ئەرمەننشینەکان پێكبهێنێ و ئاسایش و پاراستنی گیان وماڵیشیان لە چەرکەس و کورد دەستەبەر بکات.»[1]

لە سەرەتادا نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بە خۆشییەوە پێشوازیی لە داخوازییەکانی ئەرمەن کرد. چونکە هێشتا تەمی تێشکانەکانی خۆی، لە بەرامبەر رووسیا و مەرجەکانی رووسیادا، لێنەڕەویبوونەوە و لەوەش دەترسا رووسیا بۆ هەمیشە لەو ناوچە داگیرکراوانەدا (ئەرمەننشینەکانی تورکیادا) بمێنێتەوە.

بەڵام کە لەوە دڵنیا بوو رووسیا ئەو ناوچانە چۆڵ دەکا و دوایش کە لە داخوازییەکانی ئەرمەن وردبووەوە و تێگەیشت چارەنووسی ئەو ناوچانە دەکەونەوە چنگ خۆی و لە ژێر

---

[1] هراند پاسدرماجیان، تاریخ ارمنستان، چاپ دوم، ١٣٧٨ش، ل ٣٧٩

چاودێریی خۆیشیدا ئەو ریفۆرمانــە سازدەکرێن، ئەوسا بـە پشـتیوانیی ئینگلیس داوای لـە نوێنەری رووسـیا کـرد، تـا ئـاڵوگۆڕێك لـە دەقەکـەدا بکـرێ و لــە جیـاتی واژەکـانی «بەڕێوەبەرایەتییەکی ئۆتۆنۆمی»، بکرێنە: «چاکەکاری و ریفۆرم».

رووسیاش بەمە رازی بوو. کەچی ئـەم ئـاڵوگۆڕە ئینگلیسـی قـایل نـەکرد و هێشـتا لـەوە دەترسا رووسیا ئەم بەندە بکاتە سۆنگەی چۆڵنـەکردنی ناوچـە ئەرمەننشینەکان و بەمەش رووسیا، دەسەڵات لەو ناوچانەدا زیاد بکات. لە کاتێکدا ئەم بەندە بۆ ئەوە داڕێژرا، تا پێش ئەوەی لەشکری رووس ئەو ناوچانە چۆڵ بکات، ئەو ریفۆرمە خێرایە، لەو ناوچانەدا بکرێـن و هەر لەبەر ئەمەش بوو نوێنەرانی ئەرمەن لە دیار رێکەوتننامەکە ئامادە بوون.

بەڵام ئینگلیس پێی داگرت، کە دەبێ ئەو ئـاڵوگۆڕە لـەو بـەندەدا بـەجۆرێك بێـت، تـا رووسیا دەستبەجێ و پێش ئەو ریفۆرمە، ئەو ناوچانە چۆڵ بکات.[1]

ئەمـەش وایکـرد ئـەم بـەندە جێبـەجێ نـەکرێت. چونکـە سـەرۆکوەزیرانی ئینگلیـس (دیسرائیلـی) دەیخواسـت بـە هـەر نرخێکـی بـووە، تەقـەللا بـدات دژایـەتی سـەرلەبەری رێکەوتننامەکە بکات. بەتایبەتیش ئەوەندەی پێوەندی بە پێکهێنانی دەوڵـەتی بولگارستانەوە هەبوو، کە لە ئاکامیشدا خواستی ئینگلیس سەریگرت و رووسیای ناچارکرد چاوپۆشیی لـەو رێکەوتننامەیە بکات و لە رێکەوتننامەیەکیتردا لە بەرلین بریارنامەیتر بنووسرێت.[2]

لە نێوان ئیمـزای رێکەوتننامـەی سانسـتیڤانۆ و بەرلینیشـدا، سیاسـەتی ئینگلیـس، کـە دیسرائیلـی هەڵیدەسووراند، بەجۆرێك کاری دەکرد، کە هەمیشە و تەنیا و تەنیا بەرژەوەندی ئینگلیسـی لەبـەرچاو دەگـرت و دەیویسـت بـە هـەر نرخێـك بـووە، نەیـەڵێت ئیمـپراتۆری عوسـمانی لاواز بێـت، بەتایبـەتیش زۆر دژایـەتی بـەندەکانی پێکهێنـانی بولگارسـتانی سەربەخۆی دەکرد. ئەم سیاسەتەش رووسیای ناچارکرد کـە هـەر بـە ناوچـەکانی: باتووم، ئەردەهان و کارس رازیبێ و چاوپۆشی لـە ئەڵاشـگیرد و بایـەزید بکـات، کـە بەشـی زۆری ئەرمەنەکانی ئەو ناوچانە زیانمەند بوون. هاوکاتیش دیسرائیلـی لە چـواری تـەمووزی ساڵی ١٨٧٨دا، بە نهێنی لە دوورگەی قوبرس، لەگەڵ عوسـمانییەکاندا پەیمانێکیان بەست، تێیدا ئینگلیس پابەند بوو، تا پێش جێبەجێکردنی ئەو ریفۆرمەی تایبەتە بە ئەرمەنەکان، رووسـیا ناچـار بکـات ناوچـە ئەرمەننشینەکانی عوسـمانی چۆڵبکـات. لـە بەرامبـەردا سـوڵتانی عوسـمانیش پابـەند بـوو بـەوەی بـەڵێن بـدات: «ریفۆرمێـك سـەبارەت بـە چـاککردنی بـەڕێوەبردنی کاروبـار و پاراسـتنی مەسـیحی و کەمەنەتـەوەکانیتری سـەر بـە دەوڵـەتی عوسـمانی، کە لە هەمان ئەو ناوچانەدا دەژین، بگرێتە ئەستۆ».[3]

---

[1] هراند پاسدرماجیان، تاریخ ارمنستان، چاپ دوم، ١٣٧٨ش، ل ٣٨٠

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٠

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٠

له یاداشتی ئەم چاکەیەشدا، کە ئینگلیس بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەکات، دوورگەی قوبرسی دەدرێتێ.[1]

ئەرمەنەکانیش لای خۆیانەوە دەستەیەکیان پێکهێنابوو تا لە کۆنگرەکەدا داکۆکی لە مافی خۆیان بکەن.[2] ئەم دەستەیە لە ئەستەمووڵەوە بەرەو بەرلین، بە شارەکانی: رۆما، پاریس و لەندەندا تێپەرین و لە لەندەن لە لایەن ئینگلیزەکانی دۆستی مەسیحییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست پێشوازییان لێکرا. لە بەرلینیش لە لایەن بسمارك و دیسرائیلییەوە بە توندی رێی بەشدارکردنی کۆنگرەیان لێگیرا. بەڵام بە پێچەوانەوە لە لایەن سەرۆکی نوێنەرایەتی فەرانسە و دوو ئەندامیتری نوێنەری ئینگلیسەوە، (وادینگتن و لورد سالیسبوری) بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.[3]

داخوازییەکانی ئەرمەن، بریتی بوون لە: ریفۆرمێکی پێویست و گشتی، بۆ چارەسەری دەسبەجێ و خێرای بارودۆخی زۆر دژوار و شێواوی ناوچەی ئەرمەننشینەکان و بەتایبەتیش لە ئەرزەرۆم، مووش، وان و پێکهێنانی بەرێوەبەرایەتییەکی پۆلیسی هاوبەش، لە تورك و ئەرمەن و دانانی فەرمانرەوای مەسیحی بۆ ناوچەکانی خۆیان.

ئەم داخوازییانەی ئەرمەنەکان داوایاندەکرد، ئەگەر بۆیان جێبەجێ بکرایە، ئەوا دەبووە شێوەیەکی خودموختاری، وەك ئەوەی کە لەساڵی ۱۸٦۱دا بە خەڵکی لبنان دراوە.[4]

پەیماننامەی بەرلین، دوای مانگێك دانووساندن و راگۆرینەوە ئیمزاکرا و گرنگترین ئاڵوگۆرێکیش کە سەبارەت بە کێشەی ئەرمەن بەسەر رێکەوتننامەی سانستیڤانۆدا هێنرا، بریتی بوو لە: «رووسیا لە هەنگاوی یەکەمدا، بە ناوچەکانی باتۆم، ئەردەهان و کارس رازی دەبێ و دەسبەرداری ئەلاشگیرد و بایەزید دەبێ.»

لە لایەکیتریشەوە بەندی ۱٦ی بریارنامەی سانستیڤانۆی تایبەت بە ئەرمەن، دەبێتە بەندی ٦۱ و بەمجۆرە دادەرێژرێتەوە:

«بابیعالی پابەندی ریفۆرمێکی بە پەلەی پێویستییەکانی ناوخۆی ناوچە ئەرمەننشینەکان دەبێ، کە ئاسایشیان لە چەرکەس و کورد دەستەبەر بکات. بۆئەمەش بابیعالی پابەندی ئەوە دەبێ: ناوبەناو ئاکامەکانی چۆنیەتی بەرێوەچوونی ئەم ریفۆرمە، بەو دەوڵەتانە رابگەیەنێت، کە چاودێری جێبەجێکردنە کە دەکەن.»[5]

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ۳۸۱

[2] دەستەی نوێنەرایەتی ئەرمەن بۆ کۆنگرەی بەرلین، بریتی بوون لە: خریمیان هایریك، قەشە نەربەی، میناس راز و پاپازیان.

[3] هراند پاسدرماجیان، تاريخ ارمنستان، ل ۳۸۱

[4] هراند پاسدرماجیان، تاريخ ارمنستان، ل ۳۸۳

[5] هەمان سەرچاوە، ل ۳۸۳

تایبەتمەندیتی ئەم بەندە، بە بەراورد لەگەڵ بەندی ١٦ی پەیماننامەی سانستیڤانۆدا، لەوەدا بوو کە ریفۆرمە لەبەرچاوگیراوەکان بە پێویست نەزانران و هێشتیانەوە بۆ دوای کشانەوەی هێزەکانی رووس و لە لایەکیتریشەوە ئەوەی کە لەم بەندەدا دەبوایە بۆ ئەرمەن بهێنریتە دی، بە تەنیا نەکەوتە ئەستۆی بابیعالی؛ بەڵکو کەوتە ئەستۆی نێودەوڵەتیی و ژێر چاودێری هەموو دەوڵەتانی زلهێز، کە بەمەش وەك «دۆك ئارجیل» وتوویەتی: هەرکارێك بخرێتە ئەستۆی گشت، کەس خۆی بە خاوەنی نازانێ.[1]

ئەرمەنەکان خۆیان پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت و مەبەستیان بوو ئەم خودموختاری و ریفۆرمکارییە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی: ئەرزەرۆم، مووش و واندا ئەنجامبدرێت. چونکە جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد، کە گوزەرانی ئەرمەن لەو ناوچانەدا، لەوپەڕی دواکەوتوویی و ژێردەستەی خەڵکانی لە خۆیان دواکەوتووتر بوون.[2]

بەڵام بەندەکانیتری پەیماننامەی سانستیڤانۆ و بەرلین، لە روویەکیترەوە بوونە یارمەتیدەر و پشتیوانێك بۆ دەوڵەتی عوسمانی. چونکە دیسرائیلی (سەرۆك وەزیرانی ئینگلیس) شوێنی تورکیای وەك قەڵا و بنکەیەك، بۆ سەرەڕێی بەرەو هیندستان دەزانی و هەر لەبەرئەمەشبوو ئینگلیس گوێی خۆی لەوە خەواند، کە ملیۆنان مەسیحیتر، لە نیمچە دوورگەی باڵکاندا، وەك کۆیلە لە ژێر ستەمی عوسمانیدا مابوونەوە.[3]

رووسیاش ئەوەندە دەربەستی چارەنووس و بەرژەوەندی ئەرمەن نەبوو، بۆیە زۆر پێداگریی و گوشاری نەدەخستە سەر تورکیا و لەمەشدا پێشینەی تاقیکردنەوەیەکی لەوجۆرەی لەگەڵ گورجستان و وڵاتانی باڵکاندا هەبوو؛ کە نهێنی ئەو تاقیکردنەوەیە، دواتر سیاسەتمەدارێکی ئەوکاتەی رووسیا، زۆر بێپەردە و دزێوانە، لای (ئەی. ج. دیلن)ی سیاسەتمەداری ئیرلەندی درکاندوویەتی و وتوویەتی: «ئێمە دوو جۆر ئاکارمان لەگەڵ گەلانی مەسیحی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، کە هەردووکیمان لە تاقیکردنەوەکانماندا لەگەڵ بولگارستان بەدەستهێناوە. یەکێکیان ئەوەبوو کە لە سەدەی هەژدەدا گورجستان کەوتە بەر هێرشی ئێران؛ (وەك هاوڕێ و هاوپەیمان) داوای یارمەتی و پشتیوانییان لە ئێمە کرد، تا بە دەنگیانەوە بچین. ئێمەش پێمان وتن: لە شوێنیترەوە سەرقاڵین و ناتوانین یارمەتیتان بدەین... بەڵام کە ئێران وڵاتەکەیانی تاڵان و کاولکرد و دوو لەسەرسێی دانیشتووانیانی رەشەکوژ کرد، ئەمجارەیان گورجییەکان (وەك ستەمدیدە و بێدەسەڵات) هانایان بۆ هێنایین؛ ئەمجارەیان ئێمەش لەسەریان هاتینە دەنگ و بەشداری جەنگ بووین؛ بەڵام نیشتمانەکەیانمان بە نیشتمانی خۆمانەوە لکاند!

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٤

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٤ (مەبەستیشیان لە: خەڵکانی لە خۆیان دواکەوتووتر، گەلی کورد بوو!)

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٥

سەبارەت بە بولگارستانیش، بە پێچەوانەوە کەوتەوە و خۆمان تووشی هەڵەیەك کرد. چونکە پێش ئەوەی بیەڵێن دوو لەسەرسێی دانیشتووانیان رەشەکوژ بکەن، (بێ هیچ مەرج و پەیمانێك) بە هاواریانەوە چووین و لە چنگ ستەمی تورکمان رزگار کردن. کەچی ئێستا وا کەوتووەتەوە: ئەو برا بچووکانەی بولگارستان دوژمنایەتیمان دەکەن! لەبەرئەوە بریارمان داوە ئیتر هەمان هەڵە، لەگەڵ ئەرمەن و دانیشتووانی مەکدۆنیاشدا دووبارە نەکەینەوە.[1]

ئەم سیاسەتە، دوای کوشتنی ئەلسکاندری دووەم و هاتنە سەرکاری گرووپەکەی «پوبیبیە دونستسف»یش لە ناوخۆی رووسیادا هەر بەوجۆرە هەڵدەسوورا و سیاسەتی بە زۆر بە رووسیکردنی هەموو گەلانی «نا – رووس»یان بەرانبەر ئەو گەلانە گرتبووەبەر، کە وەك میللەتانی فینلەند، بالتیك، پۆڵۆن و ئەرمەن پێشکەوتوو بوون.[2]

ئەم هەڵوێست و کەللەرەقییەی رووسیا بەرامبەر ئەرمەن، بەوەی کێشا وردەوردە ترسی ئەوەی لا دروستکردن، نەکەن بەراستی ریفورمی بریاردراو، لە شارانی ئەرمەننشینی عوسمانیدا ئەنجامبدەن، کە هەنگاو بەرەو خودموختاری دەگرێتەبەر و دوایی دەبێتە زەمینەخۆشکردن بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەرمەن و ئەم دەوڵەتەش دەبێتە چاولێکەریی و هاندەرێك بۆ ئەرمەنەکانی ناو رووسیا و دواییش دەبێتە دیوار و بەربەستێك لە بەردەم چوونە پێشەوەی رووسیادا بەرەو ئاسیای بچووك.[3]

لەم هەلومەرجەدا، ئینگلیس بە پێچەوانەی رووسیاوە دەجووڵایەوە. چونکە لە کاتێکدا دەیویست وڵاتانی باڵکانیش پێشبکەون و گەلانی مەسیحی خۆرهەڵاتی ناوەراستیش ئازاد بن، کەچی هاوکاتیش دەیویست دەسەڵاتی رووسیایان بەسەرەوە نەمێنێ.

بەڵام دواتر، ئینگلیسیش بەو ئەنجامە گەیشت کە ئازادبوونی ئەو گەلانە، دەبێتە هۆی بەشێنەیی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی. ئەوسا ئینگلیسیش بەو ئاکامە گەیشت کە دەبێ لە جێی ئیمپراتۆری عوسمانی، دەوڵەتی تازەتر، لە گەلانی وەك: عەرەب، ئەرمەن و کورد دروست بکات.[4]

ئەم ئاڵوگۆرە لە سیاسەتی ئینگلیسدا بەرامبەر تورکیا، هەر زوو لە لایەن خودی سیاسەتمەدارانی ئینگلیسەوە هەستی پێکراوە و باسی لێوەکراوە. بەتایبەتی لە لایەن «لۆرد برایس»ی نووسەری گەورە و سیاسەتمەداری ئینگلیزی، زۆر بە ئاشکرا درکاندوویەتی، کە: «کارەکە لەوەدا نەماوە، بە هەر نرخێك بووبێت، دەبێ ئیمپراتۆری تورکیا زیندوو بکەینەوە،

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٦

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٧

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٧

[4] هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٧

بەڵکو دەبێ تێبکۆشین و سەرنجبدەین، تا بزانین بە کامە ڕێگا و بە چ هۆیەك دەتوانین ئەلتەرناتیڤێك بۆ تورکیا دروستبکەین.»[1]

لەمەش ڕوونتر، سالیسبووری وەزیری دەرەوەی کابینەی دیسرائیلی و سیاسەتمەداری ئینگلیزی، کە خۆی لە کۆنگرەی بەرلیندا نوێنەری ئینگلیس بووە؛ کەچی هەر خۆی زوو بەو ئاکامە گەیشتووە، تا بڵێت: «ئەو لایەنگیریی و پشتیوانییەی ئێمە، لە یەکپارچەیی خاکی ئیمپراتۆری تورکیا لە کۆنگرەی بەرلیندا نواندمان، وەك ئەوە وابوو: گرەو لە سەر ئەسپێکی چەمووش بکەین».[2]

بەڵام دیسرائیلی، سیاسەتی هەڵەی خۆی بەرامبەر تورکیا درێژە پێدا و بۆئەمەش، بەڕێوەبەرایەتی کونسوڵگەکانی خۆی، لە ئاسیای بچووك و لە ئەرمەنستاندا فراوانتر کرد و «٨» کۆنسوڵی سەر بە لەشکری خۆی، بە سەرۆکایەتی «مێجەر ترۆتێر»ی سەرکۆنسوڵی ئەرزەڕۆم و «مێجەر چارلز ویلسن»ی سەرکۆنسوڵی «سێواس»ی بۆ ئەو ناوچانە نارد، کە ئەرکی ئەو کۆنسوڵانە ئەوە بوو: هەواڵ و داروباری ئەو ناوچە و شارانە، بە ئینگلیس ڕابگەیەنن، تا دەوڵەتی ئینگلیس بتوانێ لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکانیاندا ئاگاداری بارودۆخەکە بێت.[3]

لە لایەکیتریشەوە فەرمان درا بە «سیر هنری لایارد»ی باڵوێزی گەورەی ئینگلیس، لە ئەستەموول، تا بە گوێرەی بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی، پێوەندی بەردەوامی لەگەڵ سوڵتاندا هەبێت و گوشار بخاتە سەر سوڵتان، بۆئەوەی ئەو ریفۆرمانەی لە بەندی ٦١ی کۆنگرەی بەرلیندا، سەبارەت بە ناوچە ئەرمەننیشنەکان، بەڵێنیان دراوە، دەست بە جێبەجێکردنیان بکرێت.

لەم پێناوەشدا سالیسبوری پرۆژەی ریفۆرمێکی گەڵاڵە کرد، کە کاروبارەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و دارایی و یاسا، لە ناوچە ئەرمەننشینەکاندا، بە چاودێری وڵاتانی ئەورووپا دیاریدەکرد.

سالیسبوری بۆئەوەش ڕەزامەندیی سوڵتان بە لای جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا ڕابکێشێت، بە بیریشیدا هات، قەرزێکی «٦» ملیۆن لیرەییش بە پرۆژەکە پێشنیار بکات.[4]

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٨

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٧

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٣٩٠

[4] ا هەمان سەرچاوە، ل ٣٩٠

لەم سەروبەندەشدا هەموو ئەو راپۆرتانەی لە لایەن کونسوڵگەکانی ئەو ناوچانەوە بە ئینگلیس دەگەیشتن، باسی ئەوەیان دەکرد، کە ئەرمەنەکان لە ژێر زوڵم و ستەم و رووتاندنەوەدان.[1]

سالیسبوری هەر لە تەقەللادا بوو، بەڵام چونکە سوڵتان عەبدولحەمید لەوە دڵنیا بوو، کە هێشتا دیسرائیلی دەستی دەڕوات و پشتیوانیی لێدەکات، بۆیە گوێی خۆی لە سالیسبوری خەواندبوو.

لە مانگی مایسی ۱۸۸۰دا، گلادستۆن لە جێی دیسرائیلی بووە سەرۆکوەزیران. بەڵام ئەم بە پێچەوانەی سەرۆکوەزیرانی پێشووەوە، دۆستی ئەرمەن بوو. «گۆشن»ی لە جێی «هنری لایارد» کردە گەورە باڵوێزی ئینگلیس لە ئەستەموول و «لۆرد ئیرلگرانڤیل»یشی بۆ ئەوە کردە وەزیری کاروباری دەرەوە، تا بە شێوەیەکی رەسمیی، سوڵتان لە جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیماننامەی بەرلین ئاگادار بکاتەوە و بۆئەوەش بە تەواوی مل بە سوڵتان بدەن؛ کەشتییەکی جەنگییان بۆ هەرەشە ناردە ئەزمیر، تا ئەگەر سوڵتان سەرپێچی کرد، دەست بە سەر گومرگی ئەو بەندەرەدا بگرن.

باڵوێزی گەورەی ئینگلیسیش لە ئەستەموول (گۆشن)، یەکسەر دوای دەستبەکاربوونی، بە فەرمانی دەوڵەتەکەی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی عوسمانیدا کەوتە دانووساندن و گفتوگۆ بۆ راپەڕاندنی بەندی ٦١ی بەرلین. بەڵام کە هەستی کرد گوێی لێناگیرێ و بەقسەی ناکەن؛ یادداشتێکی نارەزاییدا بە دەوڵەتی عوسمانی و بەدوایدا نوێنەرانی وڵاتانی زلهێزی ئەوروپاش، لە یانزەی حوزەیرانی ۱۸۸۰دا، یادداشتێکی لەو بابەتەیان دایە عوسمانی و تیایدا بە ئاشکرا رایانگەیاندبوو کە دەوڵەتەکانیان ناتوانن لەوە زیاتر چاو لە جێبەجێنەکردنی ئەو ریفۆرمانە بپۆشن.

بابیعالیش لە «٥»ی تەمووزی ۱۸۸۰دا، وەڵامی دانەوە و تیایدا ئەوەی نیشاندابوو کە لەو بارەیەوە نیازی بە دەنگەوەچوونیانی نییە. ئەمجارە زلهێزەکان بە هەرەوەز، لە ٧ی تەمووزدا یادداشتێکی توندیان لە وەڵامی نامەی ١١ی حوزەیراندا بۆ دەوڵەتی عوسمانی ناردەوە و داوای جێبەجێکردنی دەسبەجێی بەندی «٦١»یان لێکردەوە.

بەڵام دەوڵەتی عوسمانی دیسانەوە لە کوڵ خۆی دەکردەوە و ئاماژەی بەوە دەکرد کە سوڵتان توانای راپەڕاندنی ئەو ریفۆرمەی نییە. بۆیە وەزیری دەرەوی ئینگلیس، لە ١٢ی کانوونی ۱۸۸۱دا، داوای لە باڵوێزەکانی ئینگلیس، لە: پاریس، بەرلین، ڤییەنا، سنپترزبۆرگ و رۆما کرد، تا ئەو وڵاتانەی تیایدان، گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی عوسمانی و ناچاری بکەن بەڵێنەکانی خۆی، بۆ ئەو ریفۆرمانەی دەربارەی ئەرمەن، جێبەجێ بکات.[2]

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٣٩٠

[2] ارمنستان، ل ٣٩١-٣٩٢

٤/٢ هەڵوێستی کورد لە کێشەی ئەرمەن:

ئەو رووداوە سیاسی و نێودەوڵەتییە خێرایانەی لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی نێو دەوڵەتیدا، بۆ ئەرمەن هەڵکەوت؛ کە ماوەی نێوان هەردوو کۆنگرەکەش، هەر تەنیا (٤) مانگ (٥٣، مارتی ١٨٧٨–١٣ی تەمووزی١٨٧٨) بوو؛ زەمینەیەکی وای بۆ رەخساندن، کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی سیاسی ئەرمەندا، کێشەکەیانی لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا، گەیاندە بریار لە سەردان و هەموو دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو رۆژگارەش، ئاگادار و پشتیوانی ئەو بریارە بن.

ئەم ئاکامە، چەند بۆ گەلی ئەرمەن دەستکەوتێکی سیاسی و سەرکەوتنێکی نەتەوەیی گەورە و چەند بۆیان هەبوو لەو پێناوەدا تەقەللای هێنانەدی مافە رەواکانی خۆیان بدەن، بەڵام هاوکات بۆ کورد، جێی سەرسوورمان و داچڵەکین بوو. چونکە لە کاتێکدا کورد خۆی بۆ کارێکی‌تری چارەنووس‌ساز کۆدەکردوەوە و تەقەللا و کۆششی یەکدەخست، بۆ رزگار بوون لە زوڵم و ستەمی سەدان ساڵەی داگیرکارانی، کەچی لە لایەکەوە:

١– هەردوو بەندی (١٦) و (٦١)ی بریارنامەی هەردوو کۆنگرەی (سان‌ستیڤانۆ) و (بەرلین)، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ریفۆرمێکی نزیك بە ئۆتۆنۆمی، بۆ ناوچە ئەرمەن‌نشینەکان پیادە بکەن! کە وەك خودی ئەرمەنەکان لەو کاتەدا دەیانسەلماند و پێیان لە سەر دادەگرت؛ مەبەستیان لەو ناوچە ئەرمەن‌نشینانەش، ناوچەکانی: وان، ئەرزەرۆم، مووش و دیاربەکر بوو، کە وەك خۆیان دەیانوت: لەو شوێنانەدا ئەرمەن زۆرینەی دانیشتووانیان پێکدێنا.[1]

لەمەشدا، نەك هەر مەبەستیان لەوەبوو کە ئەو ناوچانە زۆرینەیان ئەرمەنن؛ بەڵکو رووناکبیران و سیاسەتمەدارانی ئەرمەن، کە «باسی ئەرمینیای گەورە، یا ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی ئەرمینیایان دەکرد، مەبەستیان هەموو ئەو ناوچانە بوو، کە رۆژێ لە رۆژانی زوو، زۆرینەی دانیشتووانیان ئەرمەن بوون، یان لە ژێر دەستی ئەو دەوڵەتانەدا بوون، کە کاتی خۆی ئەرمەنەکان دایانمەزراندبوون. هەر بۆ وێنە: شاری دیاربەکر و دەوروبەری (بەلای ئەوانەوە) ناوجەرگەی ئەرمینیایە. ئەمجۆرە بیرەش لە چاپەمەنی و ئەدەب و خەباتی رۆژانەی ئەرمەندا، زۆر زەق و بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش رەنگی دابووەوە.»[2]

٢– لە لایەکی‌ترەوە، لە دەقی هەردوو بەندی (١٦) و (٦١)ی هەردوو رێکەوتننامەکەدا، بە ئاشکرا و بێ‌پێچ و پەنا، جەختیش لەسەر ئەوە دەکەن، بۆ ئەنجامدانی ئەم ریفۆرمە بۆ ئەرمەنەکان، دەبێ پاراستنی سەر و ماڵی ئەرمەن، لە «کورد» و «چەرکەس» دەستەبەر بکرێ! بە واتەیەکی‌تر: دەبێ لەو ناوچانەدا، دەستی کورد کورت بکرێتەوە و

---

[1] هراند پاسدرماجیان، ل ٣٨٢

[2] دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، ل ١٢٤ – ١٢٥

دەسەڵاتی ئەوەی لێ‌بسێنرێ، لە بەرامبەر پێکهێنانی ئۆتۆنۆمی‌دا بۆ ئەرمەنەکان، هیچ کاردانەوەیەك نەنوێنێ. یان روونتر بڵێین: لە کاتی داگیرکردنێکی‌تری نیشتمانەکەیدا، لە ئاست داگیرکارانیدا، نەبزوێ! ئەمەش لەبەرچاونەگرتن و پێشێلکردنی نارەوای راستی و نیشتمان و مافە رەواکانی کوردی دەگرتەوە.چونکە چەمکی ئەوە دەگەیەنێ، کە دەبێ ئەو چەند ساڵەی رابردوو، دەسەڵاتی داگیرکارانەی کورد (نەك دەسەڵاتی عوسمانی) بەسەر ئەرمەندا زاڵ بووبێ و کورد نەیهێشتبێ قەوراەیەکی سیاسی بۆ ئەرمەن پێك‌بێت![1]

کەچی لە کاتێکدا ئەرمەنەکان بەوجۆرە بیریان دەکردەوە، لە هەمان‌کاتیشدا ئەوەیان لە یاد نەدەما، کە گەلی کوردی دراوسێ و هاوچارەنووس و هاوخەمی سەدان و هەزاران ساڵەی خۆیان، لە دوای رووخانی دەوڵەتی (ماد)ەوە، بەو هۆیەوە، کە نەیتوانیوە ببێتەوە بە خاوەنی دەوڵەتی خۆی؛ بۆیە نەك هەر نەیتوانیوە خاکی گەلانی دراوسێی داگیربکات، بەڵکو خاك و نیشتمانی خۆیشی پێ‌نەپارێزراوە و بە درێژایی سەدان ساڵی رابوردوو، لە لایەن دەوڵەتە سەردەستەکانیەوە، هەمیشە تەنگی پێهەڵچنراوە و هەمیشە جوگرافیای خاك و نیشتمانەکەی زەوتکراوە و بچووك و بچووکتر کراوەتەوە.

ئەو بانگاشانەش، کە ئەرمەن بۆ ئەو ناوچانەیان دەکرد، بانگاشەیەکی نارەوا و بێ‌بنەما بوون. چونکە لەمەدا پشت‌بەستن بە ئاماری دانیشتووانی ئەو ناوچانە (لەو رۆژگارەدا)، باشترین بەڵگەن بۆ دەرخستنی راستی و رێژەی ئەرمەن لەو ناوچانەدا:

ئاماری گشتی ئەرمەن لە (٦) ویلایەت - لە ساڵی ١٨٨٢دا

ویلایەت	گریگۆری	کاتۆلیك	پرۆتستان	کۆی گشتی	کۆی گشتی هەموو ویلایەت	ئەرمەن (لە سەدا)
ئەرزەرۆم	١٠١/١٣٨	٦/٧٣٠	١/٩٧٠	١٠٩/٨٣٨	٦٥٩/١٥٥	٦١٦
مووش	١٠١/٣٥٨	٦/٩٤٨	١/٤٩٨	١٠٧/٨٠٤	٢٧٦/٩٩٨	٣٨/٩
وان	٦٠/٤٤٨	—	—	٦٠/٤٤٨	٢٦٩/٨٦٠	٢٢/٣
دیاربەکر	٤٦/٨٣٣	٩/٩٥٥	٣/٩٨١	٦٠/٧٦٩	٢٨٩/٥٩١	٢٠/٩٨
جزیرە	٧٣/١٧٨	١/٩١٥	٤/٩٧١	٨٠/٠٦٤	٤٨١/٣٤٦	١٦/٦
سیواس	١١٦/٢٥٧	٣/٢٢٣	١/٩٩٤	١٢١/٤٧٣	٩٢٦/٥٦٤	١٣/١

---

[1] هەڵبەتە لێرەدا دەبێ بۆ حەقیقەت و بۆ مێژوو، ئەوە بڵێین کە لە زۆر ناوچە و بەتایبەتیش لە گوندەکاندا، ئاغا و دەرەبەگی دەسترۆیشتووی کوردی پشت ئەستوور و سەر بە دەوڵەتی عوسمانی، زوڵمی لە رادەبەدەر و زۆر نارەوایان لە ئەرمەن کردووە. لەم بوارەشدا دکتور کەماڵ مەزهەر، لە کتێبە بەنرخەکەیدا: (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا – لاپەڕەکانی ٩٥ بەدواوە)، نموونە و کارەساتی زۆر نامرۆڤانە و دڵتەزێنانەی لەو بارەیەوە لە پێش کوشتارەکانی ئەرمەنی ساڵانی ١٨٩٤–١٨٩٦و... پێش یەکەمین جەنگی جیهانیش) بە بەڵگەوە گێراوەتەوە؛ کە ئەمانە بۆ ناوزڕاندنی کورد و دروستکردنی گیانی رق و تۆڵە، لە ناو ئەرمەندا بەرامبەر کورد، رۆڵی زۆر دژواریان هەبووە.

کە ئەم ئامارە، هی ساڵی (١٨٨٢)[1] واتە: هی سەردەمی دوای تێشکانی شۆڕشی (١٨٨٠)ی کوردە و کورد دەسەڵاتی ئەوەی نییە لەو ناوچانەدا تەنگ بە ئەرمەن هەڵبچنێ، یان گوشار و ترسی بخاتە بەردەم و نەوێرێ ڕەگەزی خۆی ناونووس بکات. بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئاماری ڕۆژگارێکە کە سەرەڕای بێدەسەڵاتیی کورد لەو ناوچانەدا، هێشتا دەوڵەتە زلهێزەکان بە گەرمیی پشتیوانییان لە کێشەی ئەرمەن دەکرد و ئەرمەنیش لەو ناوچانەدا، لە سێبەری ئۆقرە و ئاسایش و دوور لە گەف و هەڕەشەی عوسمانیش دەژیان.

بەڵام سەرباری ئەمانەش، ئەرمەن هەڵێکی سیاسی و مێژوویی نێودەوڵەتییان قۆستبووەوە و لە ڕێگەی کاری سیاسی و پێوەندی لەگەڵ بەرپرسان و سیاسەتمەدارانی دەوڵەتانی زلهێزەوە، توانیبوویان دەنگی خۆیان بگەیەننە دوو کۆنگرەی نێو دەوڵەتی و قایلیان بکەن، کە ئەوان لەو ناوچانەدا زۆرینەی ستەملێکراون و بەمەش پشتیوانیی ئەو دەوڵەتانە، بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن.

بە پێچەوانەشەوە، ساوایی و لاوازیی کاری سیاسی کورد لەو کاتەدا، لە چاو ئەرمەندا «زۆر دەنگی نەدابووەوە و هێشتا قەوارەی تەواوی خۆی، وەك هی ئەرمەنەکان وەرنەگرتبوو. بۆیە زۆر کاریگەر نەبوو»[2]

٥/٢: حاجی قادری کۆیی، بزوێنەری جەماوەر بۆ شۆڕشی ١٨٨٠

هەر بەو ئەندازەیەش کە دەنگی کورد لەو کۆنگرە نێودەوڵەتییانەدا نەدەبیسترا، بە هەمان ئەندازە، کورد هەستی دەکرد بڕیارێکی تازە، بۆ زیادکردنی زوڵمێکی تازە، لەسەری زیاد دەکرێ. بۆیە ئەو بڕیارەی لە دووتۆیی بەندی (١٦) و (٦١)ی کۆنگرەی سانستیڤانۆ و بەرلیندا، کرانە بڕیار؛ بوونە مەترسییەکی گەورە و ڕەوا، لای جەماوەری کورد و بوونە مایەی هەڵچوون و خرۆشان و هەڵلایەکی سەرتاسەریی جەماوەر بە گشتی و خوێندەواران و ڕووناکبیرانی کورد بەتایبەتی؛ کە حاجی قادری کۆیی، نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو ڕووناکبیرە پێشەنگ و خرۆشاوانەیە و بەو هۆیەوە کە لەو کاتەدا خۆی لە ئەستەموڵ و بە پەرۆشیشەوە لە ناو جەرگەی ڕووداوەکاندا بووە؛ دوو قەسیدەی بە کوڵ و بە سۆز و خرۆشاوی بۆ ئەم بڕیارنامانە و بۆ ئەم ڕووداوانە نووسیوە.

قەسیدەی یەکەم:

خاکی جزیر و بۆتان، یەعنی وڵاتی کوردان
سەد حەیف و سەد مخابن، دەیکەن بە ئەرمەنستان[3]

---

[1] استانفورد. جی. شاو، ل ٣٤٦

[2] دوکتۆر کەمال مەزهەر، کوردستان لە ساڵەکانی... ل ١٢٥

[3] دیوانی حاجی قادر کۆیی ل ٨٥–٩٠

قەسیدەی دووەم:

وادیارە رەسم و قانوونێکی دەوران دادەنێ
کوردی ئێمە، گەردشی گەرمێن و کوێستان دادەنێ[1]

ئەم دوو قەسیدەیەی حاجیقادر، کە بە شیعرە زۆر بەرزەکانی دادەنرێن، لێوالێون لە باس و خواسی گرنگ و سیاسی رۆژانی دوای بڕیارەکانی هەردوو کۆنگرەی (سانستیڤانۆ) و (بەرلین)، کە حاجیقادر بە هەموو توانایەوە، بۆ بزواندن و هوشیارکردنەوەی جەماوەری کورد بۆ پێشبینی و مەترسیی لە ئاکامەکانی دوو بڕیاری ناوبراو، هەرچی لایەنی وروژاندنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی و شانازیی بە سەروەرییەکانی پێشینیانەوە و تەنانەت بە گیانی داکۆکی لە ئایینی ئیسلامیشەوە لەدەستیهاتووە، تەقەللا دەدات بتوانێت گەورەیی مەترسییەکە پیشانبدات و هەڵوێست لای خەڵکی کورد بەرامبەر بە بەندەکانی (١٦) و (٦١) دروستبکات.

کەشوهەوا و وێنەی شیعریی و گیانی حەماسی هەردوو قەسیدەکە، ئەوەندە لە یەك نزیکن، وا هەست دەکرێ وروژان و هەڵچوونەکە، ئەوەندە کاریگەر بێت،هەردوو قەسیدەکە لە چەند رۆژێکدا و بە هەمان کەف و کوڵی کوردانەوە نووسرابن.

بۆئەوەش لە رێگەی ئەم دوو قەسیدەیەوە بتوانین کەمێك لە کەشوهەوای ئەو رۆژگارە وروژاوە نزیكببینەوە، با سەیری (هەندێ) بەیتی هەردوو قەسیدەکە بکەین.

قەسیدەی یەکەم:

وا رێگەتان دەبەسترێ، عێلاتی جاف و بڵباس
گەر مردوون لە گەرمێن، مەمنووعە بچنە کوێستان
کامی کچ و هەتیوی شیرین بێ، رایدەکێشن
هاوار دەبەنە بەر کێ؟ پەشمە دەخیل و ئامان
مەسجید دەبێتە دێرە، ناقووسیان موئەزین
مەتران دەبێتە قازی، موفتی دەبێتە رەهبان

---

[1] هەمان سەرچاوە ل ١٧٨–١٨٣

هیچ غیرەتێك نەماوە، سەد جار قەسەم بە قورئان
پەیدا بێ ئەرمەنستان، نامێنێ یەك لە کوردان
سەرتان لە قوڕ هەڵێنن، ئەحواڵمان ببینن
چۆنین لە دەستی زوڵمی بێدینی دوور لە ئیمان
وەڵاهی ئوممە بیلا، تەڵڵاهی ئەم بەڵایە
هەر هێندەی پێدەزانن، ئیقلیمی کردە تۆفان
ئەم قسەیەی کە کردم، ناگاتە چەند ساڵێ‌تر
ئەم حاڵەتە دەبینن، یەك‌یەك بە چاوی خۆتان
حاڵ ئێستێکە وەهایە، مەگەر خودا بە سووکیی
تێکیاندا وەئیلا دوورە لە عەقڵی ئینسان
هەرچی وەکو بەیانم بۆ کردوون بە تەحقیق
پەیدا دەبن سەگانە، کام قوڕ بکەین بە سەرمان!
کوا والیی سنەندوج، بەگزادەیی ڕەواندز؟
کوا حاکمانی بابان، میری جزیر و بۆتان؟
کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون
سوڵتانی موڵك و میللەت، ساحیبی جەیش و عیرفان
جۆشێك بدەن وەکو هەنگ، تەگبیر بکەن بە بێدەنگ
ئەسبابی شەڕ پەیدا کەن، تۆپ و تفەنگ و هاوان
هەم حەققیانە ئەرمەن، غیرەتکەشی یەکترن
وەك ئێمە نین لەگەڵ یەك، دەعوا بکەن بە شیران
بۆ فەننی حەرب و سەنعەت، بۆ زەبت و ڕەبتی میللەت
دەینێرنە ئەورووپا، گەورە و بچووکی خۆیان
حاجی کەسێکە بێکەس، بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ
گوێی لێ‌دەگرن زەریفە، ناگرن بەڵا لە خۆتان

قەسیدەی دووەم:

بۆ کەیە ناموس و عار و بۆچییە ئیمان و دین؟
خاج و ئینجیلی لە جێی تەفسیر و قورئان دادەنێ
هەر کە تاجی نایە سەر، تەختی لە کوردستان دەبێ
خەرج و پیتاکی لە سەر گۆران و سۆران دادەنێ
مەدرەسە، دەیکاتە جێی قیسیس و ڕەهبان و کەشیش
بانگە ناقووسی، لە تەکیەش پیری مەتران دادەنێ

هەر لە پاش چەند ساڵیتر، تەسخیری بەغدادیش دەکا
شارەزووری قشڵەیە، دەببۆ لە بابان دادەنێ

خانەتان وێران دەکا ، قەسر و قوسووری لێدەکا
بۆ ئەمەی نەچنە عەجەم، ئیلچی لە تاران دادەنێ

تا وەها بێئیتیفاق و سەرکەشیی بێ شێوەتان
تاجی کیبر و نیخوەت و غیرەت لە سەرتان دادەنێ

لە بەیتێکی قەسیدەی یەکەمدا، حاجیقادر، چارەسەری کێشەی کورد، بە ڕێگەی خۆنزیککردنەوە لە دەوڵەتێکی زلهێزدا دەبینێ، کە وەك ئەرمەن چۆن خۆیان لە رووسیا و ئینگلیس نزیکخستەوە؛ کوردیش خۆی بە تەنیا و بێپشتیوانیی دەوڵەتێکی گەورە، هیچی پێناکرێت. بۆیە دەڵێ ئەگەر بە (فیلّ – ئۆین)یش بێت، خۆتان لە دەوڵەتێك نزیکبخەنەوە:

گەر هیچ نەبێ بە «ئۆین» تابیع بە دەوڵەتێ بن
بێگانە چاکن دوشمن، نەك دوشمنی لە خۆتان

بەڵام ئەم دەوڵەتە (رۆم – تورکیای عوسمانی) نەبێت، لەبەرئەوەی لە هەردوو قەسیدەکە و بەیتیتری قەسیدەیتریشیدا دەستەوداوێنی کوردان دەبێت، کە پشت بە رۆم نەبەستن. چونکە جگەلەوەی کورد ئەو چەندانجارە بە دەنگ بانگەوازی (غەزا) و (جیهاد)ی تورکەوە چوون و پشتیوانییان لێکردوون، کەچی ئاکام هیچیان دەسگیر نەبووە. دیسان حاجیقادر دەزانێ ئیتر دەوڵەتی تورکیا سەنگ و قورساییەکی نێودەوڵەتیی نەماوە و زۆر لاواز و بێدەسەلاّت بووە و هیچی لەدەستنایەت و نابێ پشتیان پێببەسترێ.

١- (رۆمی) وەکو بەنی موون، کەس پشتیان پێنەبەستێ
کەوتوونە داوی خۆیان، سەرگەشتە ماون و حەیران

٢- بەیتی (حاجی) چونکە ئەفسانەی (تورکبازیی) نییە
زۆر وەڕینە، با وجوودی دوڕ و مەرجان دادەنێ

٣- چــــی پیـــاو بـــی، تێدەگـــا (ڕۆمـــی) چییـــە

باســــــی ڕمبـــازی و ســـــواری بـــــۆ نییـــــە.[1]

[1] هەمان سەرچاوە – ل ٢٠٦ (کەش و هەوای ئەم قەسیدەیەش لەگەڵ دوو قەسیدەی پێشوودا، زۆر بە یەکتر نزیکن).

سەرنج: بەو هۆیەوە کە وەك دیارە قەسیدەی دووەم لە چاپەکانی پێشووی دیوانی حاجیقادردا نەبووە، بۆیە تا ئێستا هــەر قســە لەســەر قەسیدەی یەکـەم کـراوە و لـەم بـوارەدا ئـەم قەسیدەیە سـەرنجی ژمارەیـەك لـە نووسەرانی کوردی ڕاکێشاوە. بەتایبەتی مامۆستایان: (مەسعوود محەمەد، جەلال تاڵـەبانی، دکتـۆر ئیحسـان فوئاد، دکتۆر عیزەدین میسـتەفا ڕەسـووڵ، محەمـەدی مەلاکـەریم و دکتـۆر کـەمال مەزهـەر– کوردسـتان لـە ساڵەکانی ... ل ١٢٦) کە هەریەکەیان لایەکی سیاسییانەی قەسیدەکەی بینیوە، بەڵام دکتۆر کەمال مەزهــەر کە لایەنی مێژوویی ئـەم قەسـیدەیەی دیـوە و پێیوایـە مێـژووی نووسـینی قەسـیدەکە، دەکەوێتـە سـاڵانێکی دواتری ساڵی (١٨٨١) و لەمەشدا لە دەمێکەوە لای من جێی تێبینی و وەڵام بوو. بۆیە ئەم دەرفەتــە بـە هـەڵ دەزانم تا چەند سەرنجێك عەرز بکەم کە یەکێکیان تایبەتە بەم لایانە و ئـەوانیتریش لـە جێـی خۆیـدا بـاس دەکەم.

سەرنجی یەکەم:

دکتۆر کەمال مەزهەر لە ڕوانگەی دوو بەیتی ئەم قەسیدەیەوە، پێیوایە مێژووی نووسینی ئەم شێعرە دەکەوێتە دوای ساڵی (١٨٨١). دوو بەیتەکەش ئەمانەن:

هەر دوێنێ ئەهلی (سوودان) هەستانە پێ وەکو شێر ئێستێکە موستەقیلن، مەحسوودی کوللی ئەدیان

جۆشێك بدەن وەکو هەنگ، تەدبیر بکەن بە بێدەنگ ئەسبابی شەڕ پەیداکەن، تۆپ و تفەنگ و (هاوان)

سەبارەت بە بەیتی یەکەم کە باسی ڕاپەڕینی (سوودان) دەکات، دکتۆر کەمال بۆ مێژووی دەستپێکردن و بە ئاکامگەیشتنی ڕاپەڕینی خەڵکی (سوودان)ی بە ساڵی ١٨٨١ تا ساڵی ١٨٨٣ نووسیوە. کە لەمەدا دەڵێم:

١– وەك هەموو دەزانین زۆر ڕووداوی مێژوویــی هــەن، ڕەنگــە لــە کـاتی خۆیـاندا هەواڵـەکانیان بگەنـە جێـی دووریش و مشتومڕ و باس و خواسێکی خێراش دروستبکەن، بەڵام دواتـر لـە سـەرجەمی مێـژووی گشـتیدا، دەبن بە ژێر ڕووداویترەوە و شوێنەوارێکیان لێبەجێنامێنی، یان ئەگەریش بەجێبمێنێ، زۆر بە ئاستەم و لـە پەنا و پاساری ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا یادیان مابێت. حاجیقادریش بەو هۆیەوە کە لەو ساڵانە لـە تورکیـای پڕ لە ڕۆژنامەدا بووە، دەشی سەرەتاکانی ئەو ڕاپەڕینەی (سوودان)ی لە ڕاپەڕینەکاندا بەرچاوکەوتبی و سەیریش ئەوەیە، هەر لە بەیتێکیتری ئەم شێعرەی حاجیقادردا، کە لێی دەدووین، خـۆی باسـی ئـەوە دەکـات کـە (ڕۆژنامە) بایەخی زۆری پەیداکردووە:

سەد قائیمە و قەسیدە، کەس نایکڕی بە پووڵێ ڕۆژنامە و جەریدە، کەوتوونە قیمەت و شان.

٢- هەر ئەم باسی ڕاپەڕینەی (سوودان)، نموونەیەکی زیندووی تاقیکردنەوەیەکی ئەم ماوەیەی خۆمە، کە لەگەڵ نووسینی ئەم کتێبەدا خەریکبووم. نموونەکەش لەوێدا لێم هاتە پێش کە لە وتارە بەناوبانگەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە کاتی بەستنی کۆنگرەی (یەکێتی کوردان) لە تەمووزی ١٨٨٠، لە نەهری و سۆنگەی ئەوەی بۆچی کوردوستانی ئێرانی بۆ مەیدانی شۆڕش هەڵدەبژێری، دەڵێ: چونکە دەرفەتی ئەوە دەقۆزمەوە کە لەشکری ئێران، بە شەڕی تورکمانە ڕاپەڕینەکانەوە خەریکن...) بۆئەمەش سەرچاوەیەکی زۆری مێژووییم لەوبارەیەوە خوێندەوە، تا زانیاریەکم لە سەر ڕاپەڕینی (١٨٨٠)ی تورکمانەکان چنگ بکەوێت، هیچم لەو کتێبە مێژووییانەدا گیر نەکەوت. کەچی لە وەرگێڕانی نامەکانی ناسرەدینشا-ی تایبەت بەم کتێبە، لە نامەیەکی ناسرەدینشادا کەوتم بە سەر سووکە ئاماژەیەك بۆ ڕاپەڕینی تورکمانەکان و خۆشبەختانەش دواتر، کە بەڵگەنامەکانی ئینگلیسم لە سەر ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا، دەستکەوت، لەوێشدا سووکە ئاماژەیەکی زۆر کزم لەو بارەیەوە بەرچاوکەوت، کە دیاربوو ڕاپەڕینی تورکمانەکان، هەرچەند ڕۆژێکی خایاندووە.

٣- وەك لە سەرتاپای قەسیدەی ناوبراوی حاجیقادر ورددەبینەوە، تێدەگەین کە قەسیدەکە، مەترسییەکی گەورە دەخاتە بەر هەست و چاوی جەماوەری کورد؛ کە ئەرمەنەکان خەریکن دەبنە خاوەن هەموو شتێکی کوردستان، هەر لە دەستبەسەراگرتنی خاك ومرۆڤ و ئایینی ئیسلام و دەسەلاتی یاساوە، تا بەڕێوەبردنی هەموو خەڵکی کوردستانیش.

ئەم ڕووداوەش دیارە هەر باسی ئەو ڕووداوە دەکات کە ئێمە لێی دەدووین و ئەم ڕووداوەش هەر بەرئەنجامی ڕێکەوتننامەی (سانستیفانۆ) و (بەرلین)ە، کە لە (٣ی مارت و ١٣ی تەمووزی ١٨٧٨)دا، ئەو دەوڵەتانە بڕیاریان داوە ڕیفۆرمێك لە ناوچە ئەرمەننشینەکاندا پیادە بکەن. ئەم بڕیارەش بۆ یەکەمجار و لە مێژووی سیاسی ئەرمەندا، لەو ساڵەدا (١٨٧٨)، لە چاکەی ئەرمەن درا و بەدوایدا وروژان و خروشانی کورد (کە حاجیقادر لەم قەسیدانەدا باسیان دەکات)، لە شۆڕشی ساڵی (١٨٨٠)ی کورد، بە ڕابەریی شێخعوبەیدوڵڵادەست پێدەکات (کە ئاکامەکانی ئەم شۆڕشە وەك دواتر باسیان دەکەین، هەتا کۆتایی ساڵی ١٨٨١ دەخایەنی). بەمپێیە مێژووی نووسینی ئەم قەسیدەیە دەکەوێتە نێوان ساڵانی (١٨٧٨ تا ساڵی ١٨٨٠) نەك دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٨٨٣)ی خەڵکی (سوودان). چونکە ئیتر تا پەیمانی (سیڤەر)، هەرگیز ناوی سەربەخۆیی ئەرمەنستان لە پەیمانە نێو دەوڵەتییەکاندا نەهاتۆتە ئاراوە و دیارە حاجیقادریش فریای ئەم ڕووداوەی دواییان نەکەوتووە و ساڵی ١٨٩٧ کۆچی دوایی کردووە.

٤- دەربارەی ناوهێنانی (هاوان)یش لە بەیتێکیتری ئەم قەسیدەیەدا، وەك ئەوەی هەر دکتۆر کەمال خۆی باسیدەکات، ئەمجۆرە چەکەش هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە پەیدا بووە و خودی دەوڵەتی عوسمانیش لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەدا، لە شەڕەکانیاندا بەکاری هێناوە. ئیتر بۆچی بە دوای ئەوەدا بگەڕێین ئەگەر لەم شێعرەدا ناوی هێنرابی، دەبێ لەو کاتەدا ناوی ئەو چەکە هاتبێ، کە دوا قۆناغی پێشکەوتنی ئەم چەکە، پێویستی دەکات! چونکە ئەم لایانەیان، لایەنی مێژووی تەکنیکی چەکەکەیە و چ سەروکارێکی لەگەڵ شێعردا نییە. بە واتەیەکیتر: کاتی حاجیقادر داوای خۆکردنەوە و خۆچەکدار کردنی کورد دەکات، بۆ سەندنی مافی خۆی، باسی پەیداکردنی ئەم چەکەیش دەکات، کە چەند سەدەیەك پێش ئەم شێعرە هەبووە

٦/٢ هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی شێخ عوبەیدوڵلا بەرانبەر بە ئەرمەن

وەفایی شاعیر، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، ئاکارێکی شەرفرۆشانەی رابەرێکی ئەرمەنی و هەڵوێستێکی ئاشتییانەی شێخ عوبەیدوڵلا دەگێڕێتەوە؛ بە چاکی دەزانم وەك هەڵوێستێکی ئاشتیخوازانەی شێخ عوبەیدوڵلا ، بۆ ئێرەی بگوێزمەوە: ساڵێکیان پێشەوای ئەرمەنییەکانی دەڤەری (وان)، کە پێی‌دەوترێ مارشەمعون – لەتەك دەست و پێوەندەکانیدا هەموو چەکدار بوون و ئامادەی شەڕی شێخ عوبەیدوڵلا بوون. هەتا دەڤەری وانیش هاتە پێشەوە. لەوێوە هەواڵیان بۆ ئەو زاتە نارد، کە خۆی ئامادە بکات و دەبێ تا سەرلەبەرێ شەمزینان تەفر و توونا نەکەین، خەو و خۆراکم لێ حەرام بێ.

پاش چەند رۆژێك بەم لەشکرەوە لە (وان)ەوە تا ناوچەێ (گەڤەر)، کە دوو قۆناغەرێ لە نەهرییەوە دوورە؛ نزیکبوونەوە. لەملاشەوە جەماوەری کورد هەموو رۆژێك و هەموو سەعاتێك دەستەدەستە دەهاتن و دەچوون. شێخ عوبەیدوڵلاێش دەیفەرموو: پێویست بە کۆکردنەوەی خەڵك ناکات و بڕۆن لە ماڵی خۆتان ئاسوودە دانیشن. رۆژێکیان (مەلا ئەحمەدی کاتوونەیی) خواست و بە نوێنەرایەتی خۆی، بۆلای مارشەمعوونی نارد و مەلائەحمەد لەگەڵ دوسێ کەسدا چوونە ناوچەی (گەڤەر) و بە مارشەمعون رادەگەیەنن، کە لە لایەن ئەو زاتەوە هاتوون. ئەویش دەڵێ من دەستهەڵناگرم و سوێندی وامخواردووە و نەزری وامکردووە، لە ڕێگەی حەزرەتی مەسیحدا، یان سەری خۆم دادەنێم، یان دەبێ خاکی شەمزینان بە توورەکە بپێژم. مەلائەحمەدیش بە پەلە پیاوێکی گورج و سووکەڵەی بە نامەوە ناردەوە خزمەت شێخ و پێی راگەیاند، کە ئەم تۆفانە بەجۆرێکیوا نەورووژاوە و ئەم ملهورە بە چەشنێك ئاگر ناپرژێنێ، تا چارەسەر بکرێت. بۆیە یان دەبێ ئامادەی شەڕبین،

و بەکاربراوە. هەر لێرەدا ئەوەش بە بیر دکتۆر کەمال مەزهەر دێنمەوە، کە مامۆستا مەسعوود محەمەدیش پێی‌وایە ئەم شێعرەی حاجی‌قادر، لە وەڵامی ڕێکەوتنامەی بەرلینی ساڵی ١٨٧٨دا نووسراوە (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا- دکتۆر کەمال، ل ١٢٧)

سەرنجی دووەم:

دکتۆر کەمال هەر لە پەراوێزی ئەم سەرنجانەدا، باسی ئەوە دەکات، کە لە بەندەکانی (١٦) و (٦١)ی ئەم دوو بڕیارنامەیەدا، ناوی (ئۆتۆنۆمی – خودموختاری) بۆ ئەرمەنەکان نەهێنراوە. بەڵام من دەقی هەردوو بڕیاری (١٦) و (٦١)ی ئەم دوو ڕێکەوتننامەیەی (سان‌ستیڤانۆ) و (بەرلین)م لە سەرچاوەکانی ئەرمەن خۆیانەوە گواستۆتەوە بۆ ئەم کتێبە و دیارە ئەوانیش راستەوخۆ لە ئەرشیفی ئەو دوو کۆنگرەیەوە هێناویانن، کە هەر لە بنەڕەتدا ئەو دوو بەندە، بە شێوەی (ئۆتۆنۆمی) ناوی ئەو ریفۆرمەیان هێناوە و (بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ١٨٨٠)ش، کە هەمان ساڵ لە ئینگلیس بە زمانی ئینگلیزی و دواتریش ساڵی ١٩٩٩ بە کوردی چاپکراون، هەر بە زاراوەی (ئۆتۆنۆمی) ناوی دێنن. لەگەڵ داوای لێبووردنمدا بۆ زانای گەورە دکتۆر کەمال مەزهەر

یان دەبێ شەمزینان بەجێبهێڵین. شێخیش دەستبەجێ وەڵامی بۆ نووسییەوە: ئەمشەوی داهاتووش بچۆرەوە بۆ لای مارشەمعون. هەر ئەو شەوە مارشەمعون مەلائەحمەد دەخوازێ و ئەمجارەیان بیرورا و ئاخاوتنی لەگەڵدا دەکا و دەڵێ: لەو کارەی کردوومە، زۆر پەشیمان بوومەتەوە و ئێستاش خۆم بە دۆست و ئاشنای شێخ دەزانم و ئاییینی هەردووکیشمان دەستبەرداربوونی ئارەزووە، نەك بیرکردنەوە لە خەیاڵاتی چەپەڵ و نەفسی پڕ و پووچ و شەیتانی. بۆچی بە فرو فێڵ و هەوای کۆمەڵێك نەزان، ببینە هۆی خوێنڕشتنی کۆمەڵێکی زۆر لە هەردوولا و ببینە مایەی هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاژاوە و رق و کینە؟[1]

بە گوێرەی راپۆرتی (تروتێر)ی سەرکۆنسوڵی ئینگلیس لە ئەرزەرۆم، کە بۆ (گۆشن)ی بالوێزی گشتی ئینگلیس لە ئەستەمووڵی ناردووە؛ ئەوە دەسەلمێنێ کە لە گەرمەی جەنگی ١٨٧٧–١٨٧٨ و لەو کاتەدا کە هێزەکانی عوسمانی، لە تۆڵەی ئەوەی کە ئەرمەنەکان رێنوێن و لایەنگری هێزەکانی رووس بوون بۆ سەر خاکی تورکیا؛ کەوتنە رەشەکوژکردنیان (وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد و وتمان ٢٤٠٠ کەسیان لێکوشتن). لەم کاتەدا کە شێخ عوبەیدوڵلا بە هێزەکەیەوە لەو ناوچەیەدا بوو «نفووزی خۆی بەکارهێنا، بۆ مەسیحییەکان و ژمارەیەکی زۆریانی لە تیاچوون رزگارکرد»[2]

ئەم هەڵوێستە لای شێخ عوبەیدوڵلا لە دەمێکەوە ببووە باوەڕێکی نەگۆڕ و بەرنامەی کار و سیاسەتی. چونکە تاقیکردنەوەی رەشەکوژیی مەسیحییەکانی قەڵەمڕەوی میرنشینی بۆتان (١٨٤٣–١٨٤٦) و دەستتێوەردانی ئینگلیس و فەرانسە لە دژی کورد لای بابیعالی، بۆ شێخ ببووە پەندێك، کە رێگە لە هاندان و دەستتێوەردانی دوژمنانی کورد و ئەرمەن بگرێت. بۆیە پێیوابوو ئەرمەنەکانیش هەمان هەڵوێستیان بەرامبەر کێشەی کورد دەبێ. هەر لەبەر ئەمەشە، کە بۆ یەکەمجار بڕیاری جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەرمەنەکان بیستووە؛ شەمزاوە و هەڵچووە و وتوویەتی «ئەمە چییە من دەیبیستم، گوایە ئەرمەنەکان دەیانەوێت وڵاتێکی سەربەخۆیان لە (وان)دا هەبێت؟ من هەرگیز رێگە نادەم. تەنانەت ئەگەر پێویست بکات ژنانیش چەکدار دەکەم...»[3]

---

[1] بیرەوەرییەکانی وە فایی – ل ١٢٧–١٢٩. داخەکەم وەفایی مێژووی ئەم رووداوەی یاد نەکردووە. کە من پێموایە، هەر دەبێ لە نێوان ساڵانی ١٨٧٨–١٨٨٠ بێت. چونکە پێش ئەو مێژووە، ئەرمەن پرکێشی ئەوەیان نەکردووە لەگەڵ رابەرێکی خاوەنهەزاران کەسی وەك (شێخ عوبەیدوڵلا)دا لەشکر کۆبکەنەوە.

[2] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ٢٩

[3] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ١٣ (هەرچەندە ئەو سەرچاوەیەی ئەم هەواڵەی لە زمانی شێخەوە بۆ (تروتێر)ی سەرکۆنسوڵی ئینگلیس لە ئەرزەرۆم گەیاندووە؛ کاربەدەستێکی دەوڵەتی عوسمانییە و گومانی ئەوەی لێدەکرێت بۆ بزواندنی رقی ئینگلیس، بەرامبەر بە کورد، ئەمەی کربێت کە لەو کاتەدا ئینگلیس (وەك دواتر باسی دەکەین) پشتیوانییەکی گەرمی لە پیادەکردنی ریفورمی ناوبراو دەکرد.

هەڵبەتە چاودێران و سیاسەتمەدارانی رووسیا و وڵاتانی ئەورووپا و بەتایبەتیش ئینگلیس، چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کاردانەوەی لەوجۆرە، لە کوردان بوەشێتەوە. چونکە هەر خۆیان دەیانزانی چ گوڵمەز و بەزمێکیان لە ناوچەکەدا ناوەتەوە. بۆیە هەر خۆیان لە راپۆرتەکانیاندا ئەوە دەسەلمێنن، کە ناوچە کوردنشینەکان لە هەڵچوون و هەژاندان. بۆ وێنە هەر مێجەر ترۆتێر، لە نامەیەکیدا بۆ (گۆشن) لەمبارەیەوە دەڵێ : «من خۆم ئاگاداری ئەوەم بە هۆی ئەوەوە، کە مەسەلەی ئەرمەنەکان زۆر باسدەکرێت، هەڵچوونێکی زۆر لە ناو کوردەکاندا هەیە. هاوینی پار (١٨٧٩) لە (وان)، چەند کاربەدەستێکی بەرز، دەربارەی مەسەلەکە قسەیان بۆ کردم. سەرۆکە کوردەکانیش خۆیان لە گفتوگۆکانیاندا دەربارەی مەسەلەکە، لەگەڵ مندا ئاماژەیان بۆ کردووە. گریمانێکی زۆر هەیە، کە ئەگەر مافێکی نائاسایی بە ئەرمەنەکان بدرێت و کوردەکانی لێ‌دەربکرێن؛ لەوانەیە کوردەکان دژی مەسیحییەکان و حکومەتیش یەکبگرن و لەوانەشە ئەو یەکبوونە بە قەتڵوعامی مەسیحییەکان لە شوێنە دوورەکاندا تەواوبێت. کە مەسیحییەکان ناتوانن هیچ بەرهەڵستییەك بکەن. تەنانەت حکومەتیش (دەوڵەتی عوسمانی) ئەگەر بیەوێ رێ لەو کوشتارە بگرێ، هێزی نابێت.[1]

هەروەها (ئابۆت)ی سەرکۆنسوڵی ئینگلیس لە تەوریز، لە نامەیەکیدا لە ١٥ی تەمووزی ١٨٨٠ بۆ (میستەر تۆمسن)ی باڵوێزی ئینگلتەرا لە تاران نووسیویەتی، دەڵێ : «من لەو باوەڕەدام کە شێخ بلێسەی تەعەسوب بە زیندوویی لە ناوموسڵمانەکاندا دەهێڵێتەوە و گەر کردەوەکانی رانەگیرێت، ئەوا جارێکی‌تریش دەبێتە کارەساتێك بۆ دانیشتووە مەسیحییەکانی نزیکی. هەروەك ئەوەی لەو جەنگەی دواییدا روویدا (مەبەستی کوشتارەکەی بایەزیدە)[2] دیسان (کلایتون)ی جێگری سەرکۆنسوڵی ئینگلیس لە (وان)، لە نامەی (٥ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٠)دا بۆ مەیجەر ترۆتێر، دەنووسێ: «...هەروەك لە نامەی ١١ی تەمووزی ١٨٨٠شدا باسم کردبوو، بیستوومە کە شێخ کۆنفرانسی تازەی لەگەڵ سەرۆککوردەکاندا کردووە، بەڵام سەبارەت بە ئامانجەکەیان، من ناتوانم بڵێم ئەگەر دژی دەسەڵاتی تورك بێت، یان بە هۆی واتەواتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنییە، کە موسڵمانەکانی ئەم ناوچانەی ئەوەندە هەژاندووە».[3]

٧/٢ : شێخ عوبەیدوڵڵا دۆستی هەمیشەی ئەرمەن

بەڵام سەرەڕای ئەمانەش وەك دیپلۆماتەکانی بیانی چاوەڕێیان دەکرد، کە لە کاردانەوەی ئەم بڕیارەی لە مەڕ ئەرمەنەکاندا، کورد هێرش بکاتە سەر ئەرمەن و قەڵاچۆی ئەرمەن

---

[1] هەمان سەرچاوە – ل ٢٨

[2] هەمان سەرچاوە – ل ١٧

[3] هەمان سەرچاوە – ل ٤٠

بکەن؛ خۆشبەختانە وا دەرنەچوو. چونکە وەك نیشانە و بەڵگەکانی دواتر دەریدەخەن، شێخ عوبەیدوڵلاّ زۆر هوشیارانە هەڵوێستی بەرامبەر ئەرمەنەکان نواندووە و لە جاران زیاتر هەوڵی نزیكخستنەوە و دۆستایەتیکردنی ئەرمەنەکانی داوە.

لەمبارەیەوە هەر لە سەرەتای خۆئامادەکردنیدا بۆ پێکهێنانی (یەکێتی کوردان)، کەوتە (پێوەندی بەستن لەگەڵ ئەرخیماندریت ئوگانیس و نوێنەرانی کلیسای ئەرمەندا).[1] (بۆئەوەی لە دۆخی وڵات بدوێن و ڕێ و شوێنی بەکەڵك بدۆزنەوە)[2]

لەگەڵ ئەمانەشدا سیاسەتی دووربینانە و هوشیارانەی شێخ عوبەیدوڵلاّ توانی وا لە ئەرمەنەکان بکات، ئەگەر بە گشتیش نەبنە پاڵپشتی جووڵانەوەکەیشی، ئەوا نەبنە کۆسپ لەبەردەم بەرنامەکانیدا و هەندێکیشیان ڕاستەوخۆ وەك پێشمەرگە تێکەڵ شۆڕشی ١٨٨٠ بوون، کە (سیمۆنئاغا)ی ئەرمەنی، نموونەیەکی بەرجەستەی ئەرمەنەکانە و چاودێرانی بیانی، پێیانوایە: ناوبراو وەزیری کاروباری دەرەوەی شێخ عوبەیدوڵلاّیە.

سەرەڕای ئەمانەش، لە ڕۆژانی گرتنی کۆنگرەی سەرانی کورد (یەکێتی کوردان)دا لە نەهری (مانگەکانی تەمووز و ئاب)، کاتێ چەند سەرۆك خێڵێك (ئەوانەی عوسمانییەکان کڕیبوویانن)، هەر لە سەرەتای کۆنگرەوە، ئەوەیان خستە بەردەم (یەکێتی کوردان)، کە بەر لە هەموو شتێك و بۆ پاککردنەوەی (بەرەی ناوەوە)، لە پێشدا دەستبکرێت بە کوشتاری ئەرمەنەکانی کوردستان. بەڵام شێخ عوبەیدوڵلاّ نەك هەر ئەمەی پەسەند نەکرد، بەڵکو لە وەڵامدا وتی: ئەگەر ئەستەموول هەتا ئەو ساتەش بە سەرزارەکیی پشتی کوردی گرتبێت، ئەوە بەو مەبەستە بووە، لە ئەرمەنی و مەسیحی و ئاسوورییەکانی ئەنادۆڵ ڕاستیان بکاتەوە. خۆ ئەگەر هاتوو ئەرمەنەکان لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستەدا تێداچوون، ئەوسا کورد لای کاربەدەستانی عوسمانی نرخیان نامێنێ و بە فلسێك نایانکڕن. جگەلەمەش ئەو ڕاستییەی خستە بەرچاویان: کە ئەگەر هاتوو ڕاپەڕینەکەی کورد ئاراستەی ئەرمەن بکرێ؛ ئەوسا دەوڵەتانی ئەوروپا، لە کورد ڕاستدەبنەوە.[3]

دوای گرتنی کۆنگرەکەش، کە شێخ عوبەیدوڵلاّ هێزەکانی بۆ گرتنی (ورمێ) جووڵاند، (لە کاتی ئابلۆقەدانی ورمێدا، شێخ بە هەموو جۆرێك هەوڵیدەدا پارێزگاری ژیان و ماڵ و موڵکی مەسیحییەکانی ورمێ بکات. هەر بە فەرمانی شێخ سەدان ئاڵای شین دروستکران، بۆئەوەی لە سەر ماڵی مەسیحییەکان دابنرێن و لە ماڵیتر جیا بکرێنەوە).[4]

---

[1] جەلیلی جەلیل – ل ١٠٨

[2] هەمان سەرچاوە – ل ١٠٩

[3] جەلیلی جەلیل – ل ١١٢

[4] هەمان سەرچاوە – ل ١٣١

(له ١٨٨٠/١٠/٢٣دا، کاتێك شێخ بڕیاریدا پەلاماری ورمێ بدات، (ئابۆت)ی لە پەلاماردانەکە ئاگادار کرد، بۆئەوەی مەسیحییەکانی ورمێ فریابکەون شارەکە جێبهێڵن. داوای لە ئابۆت کرد لەگەڵ سیمۆنئاغای ئەرمەنیدا شارەکە جێبهێڵێ و شار بەجێهێشتنیش بۆ دانیشتووەکان ڕێك بخات.[1])

دواتریش لە کاتی هەڵاتنی شێخ لە ئەستەمووڵەوە بۆ شەمزینان، بە هەندێ لە ناوچەکانی ئەرمەننشینەکاندا تێپەڕی. پیاوە گەورەکانی بینین، لە سەر داخوازی و بانگکردنی ئەرخیماندرێت ئۆگانیس کاجوونی، لایدایە کلیسای قەدیس فارڤۆلۆمیای ئەرمەنی، لە هەرێمی وان. شێخ لەو کلیسایەدا وتارێکی خوێندەوە و وتی: سوپاس بۆ ئەو پێشوازییە دۆستایەتییەتان. لای ئێمە لە کۆنەوە ئەرمەنەکان وەك مرۆڤی چاکەخواز و پاك و بە نامووس ناسراون. ئاشکرایە لە ڕۆژانی دێرینەوە، باو و باپیرانمان، برایانە و دۆستانە بە یەکەوە ژیاون. ئامانجی ئێمەش ئەوەیە ئەم ڕاستییە لەیاد نەکەین، ئەرمەنەکان لەوە دڵنیا دەکەم، کە لەلایەن میللەتەکەمەوە زیانیان لێنادرێت.

پاش ئەمە، شێخ بە هەموو ئەو کوردانەی ڕاگەیاند، کە لەگەڵیدا بوون: ئەرمەنەکان بە دۆست و برای خۆیان دابنێن و هەرگیز دڵیان نەشکێنن. خۆ ئەگەر هاتوو بەقسەیاننەکرد؛ ئەوە هەموو کردەوەیەکی نارەوایان دژی ئەرمەنەکان، بە زۆرداری و کردەوەیەکی ناهەموار دادەنێ، وەك ئەوەی لە خۆی وەشابێتەوە.[2]

لە نامەیەکیشدا کە شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ شێخ خەلیفەی ئەڵاشگێردی ناردووە، بەشێکی نامەکەی بۆ باسی نێوان کورد و ئەرمەن تەرخانکردووە. شێخ لەو نامەیەدا دەڵێ: ئەرمەنەکان بەردی بناغەی ڕاپەڕینەکەی کورد بوون. هەر بە هێز و توانا و پشتگیریی ئەوانیش بوو، بەتەمای دروستکردنی حکومەتێکی کورد بوو... «هەرچۆنێك بێ، من بڕوام بە ئەرمەن زیاترە وەك لە ئێران و تورك. بۆ ئێمە باشتر وایە نەك لەگەڵ ئێران و تورکدا، بەڵکو لەگەڵ ئەرمەندا یەكبگرین. چونکە ئێران حەز لە چارەمان ناکات و تورکیش هەمیشە چاویان لەوەیە بمانکەنە داردەستی سیاسەتی خۆیان»[3]

٨/٢: هەڵوێستی ئەرمەن لە کێشەی کورد

بڕیاردانی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەرمەن، بەرهەمی ڕێکەوتننامەیەکی نێو دەوڵەتیی بوو، کە زلهێزەکان و بەتایبەتیش ڕووسیا و ئینگلیس داکۆکییان لێکردبوو. لێرەوە ڕابەران و سیاسەتمەدارانی ئەرمەن، دەیانزانی کاری سیاسی و دیپلۆماسی کورد، نەگەیشتۆتە ئاستێك،

---

[1] هەمان سەرچاوە –ل ١٣١

[2] هەمان سەرچاوە – ل ١٥٢

[3] هەمان سەرچاوە – ل ١٤٥–١٤٦

دەستی بگاتە ئەو کۆنگرە نێو دەوڵەتیانە. بۆیە پێیـان وابـوو چارەنووسـی ئـەوان، بـەندە بـە پێوەندی و دۆستایەتیکردنی بەردەوامی ئەو زلهێزانەوە. کـە ئـەوان دەتوانـن گوشـار بخەنـە سەر دەوڵەتی عوسـمانی و سەر کوردیش کە لە کاتی جێبەجێکردنی ریفورمیٚ ناوبراودا، بۆ بەرەو ئۆتۆنۆمی ئەرمەنەکان، کورد نەبێتە بەربەسـتێك لەبـەردەمیاندا و لـە هـەمان کاتیشـدا بەردەوام (بە نهێنی)، چالاکی و بزووتنی سیاسـی کوردیـان بـە ڕێگـەی راپۆرت دەگـەیاندە پەتریارکی خۆیان و ئەویش راستەوخۆ دەیگەیاندە وەزیری دەرەوەی ئینگلیس (گرانڤیـلٚ)، تـا رقی ئینگلیس لە کورد ئەستوور بکەن.[1]

هەر لەم روانگەیەوە بوو، کاتیٚ سەرانی «یـەکێتی کـوردان» و لـە سەروویشیانەوە شێخ عوبەیدوڵلاٚ، تەقەللا و داوای پێوەندی و یەکتردیتن و هاوکاریان لە سەرانی ئەرمەن دەکرد، وەڵامێکـی وایـان دەدانـەوە، هیـوای ڕێکـەوتنی لـیٚنەدەکرا. لەمبارەیـەوە (مارشـەمعوون) کەمتەرخەمییەکەی خۆی بەوە روون دەکردەوە کە گوایە سەرۆکی ئایینی کوردان، نـاتوانیٚ و بۆی ناکریٚ جێگەی دەوڵەتانی ئەوروپایان بۆ بگرێتەوە.[2]

(کامسـاراکان)ی یـاریدەدەری کۆنسۆلـی رووسـیا، لـە (وان)، کـە خـۆی بـە بنەچـە ئەرمەنییە،[3] لە یەکێك لە نامەکانیدا کـە لـە ٢٩ی نیسـانی، ١٨٨٠دا نووسـراوە؛ لـەم رووەوە دەڵێت «وادیارە مارشەمعوون هەست بەوە دەکات ئەگەر بێت و لابداتە لای کوردەکان، بـەوە دەوڵەتانی مەسیحی (ئەوروپایی) لـە خـۆی دەکـات. هـەر لەبەرئەمـە نایـەویٚ لەگـەڵ شـێخ عوبەیدوڵلاٚ یەكبگرێت».[4]

لە کۆتایی مایسی ١٨٨٠دا، کە کامسـاراکان لەگـەڵ مارشـەمعووندا یـەکیان بینـی، بـە ئاشکرا ئەو راستییەی بۆ درکاند و وتی: «شێخ هەوڵـیدا بە لای خۆیدا رایبکێشـێت، بـەڵام رازی نەبوو بەشداریی بزوتنەوەکەی شێخ بکات. چونکە رایوابوو، ئەمرۆ بێت یان سـبەی، دەوڵەتانی ئەوروپا باری سەرشانی مەسیحییەکانی دەوڵەتی عوسـمانی سووك دەکەن».[5]

ئەمەی کامساراکان لە زوانی مارشەمعوونەوە دەیگێڕێتەوە، راستییەك بوو خۆیان، واتـە: باڵوێزان و سەرکۆنسوڵ و مسیونێر و سیاسەتمەدارانی رووسیا و ئینگلیس، کە مەڵبـەندیان لـە زۆر جێگەی ناوچەکە و بەتایبەتیش لە: وان، ئەرزەرۆم، تەورێز و ورمـیٚ... هـەبوو؛ پێیـان

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ١١ – هـاوپێچی (٦)ی نامـەی ژمـارە (٦) هـەروەها ل ١١٦ – هـاوپێچی (٢)ی نامەی ژمارە (٨)

[2] جەلیلی جەلیل – ل ١٠٩

[3] هراند پاسدر ماجیان، تاریخی ئەرمەنستان – ل ٥٣٩

[4] جەلیلی جەلیل – ل ١١٠

[5] هەمان سەرچاوە – ل ١١٠

سپێردرابوو ئامۆژگاری سەرانی ئەرمەن بکەن و زۆریان بۆ بهێنن تا بەشداری بزووتنەوەی کورد نەبن و یارمەتی و هاوکاری نەکەن و خۆیانی لێدووربخەنەوە.[1] چونکە پێیان وابوو کێشەی (ئەرمەن)یان بەسە بۆئەوەی لە ڕێگەی ئەوانەوە دەستبخەنە کاروباری دەوڵەتی عوسمانییەوە. بەلام لەگەڵ ئەمانەشدا، سەرانی ئەرمەنەکان، دوژمنایەتی بزووتنەوەی کوردیان نەکرد و نەبوونە کۆسپ و تەگەرە لە ڕێگەیدا و ڕێگەی دۆستایەتییان هەڵبژارد.[2]

٩/٢ : هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشەی ئەرمەن

کێشەی ئەرمەن، کێشەیەکی ڕەوای گەلێکی دابەشکراوی ژێردەستە بوو، کە بە دوای ڕێگەچارەی ئازادیدا دەگەڕان و بۆئەمەش، لەو ڕوانگەیەوە کە ڕووسیا لە چەند جەنگێکدا، لەگەڵ عوسمانیدا توانیبووی گوشار و مەرجی بەردەوام بەسەر عوسمانیدا بسەپێنێ و بە چاولێکەرییش لە ئازادبوونی گەلانی باڵکان، کە ڕووسیا پشتیوانیی لە ڕزگارکردنیان کرد؛ مەیل و ئارەزووی ئەرمەن بە لای ڕووسیادا زۆرتر بوو. هەر بەم هیوایەشەوە لە هەردوو جەنگی دوایی نێوان ڕووسیا و تورکیادا بە نهێنی و بەئاشکرا، پشتیوانییان لە لەشکری ڕووسیا کرد و لە پاداشتی ئەمەشدا، ئەوە بوو ڕووسیا لە هەردوو کۆنگرەی (سان ستیڤانۆ) و (بەرلین)دا، مەرجی لە سەر تورکیا دانا، کە بەڵێن بدات ریفورمێ بەرەو ئۆتۆنۆمی بۆ ئەرمەن جێبەجێ بکات.

بەلام ئەم بڕیارەش بەو هۆیەوە کە دەوڵەتانی زلهێز، ئاگادار و شارەزای جوگرافیای ئەو بەشانە نەبوون، کە زۆرینەیان ئەرمەننشینە، بۆیە لە باتی ئەوەی بە ڕوونیی دەستنیشانی ئەو ناوچانە بکەن، کە زۆرینەیان ئەرمەنە، هاتن لە بەندی (٦١) پەیماننامەی بەرلیندا، شێوەیەکی تەماوییان دارشت، کە بریتی بوو لە: ریفۆرم لە هەموو ناوچە ئەرمەننشینەکانی عوسمانیدا و بەمەش چونکە ئەرمەن نەك هەر لە بانووی ئەرمەنستاندا، بەڵکو وەك ئەرمەنەکان خۆیان دەیانوت: لە ئەرمەنستانی بچووك، واتە: لە ناوچەکانی (سیواس، مەلاتیە، خەربووت، دیاربەکر و کیلیکیە) و تەنانەت لە ئاسیای بچووکیشدا: (تەکت، ئامازیا، یوزگت و ئانگورا)شدا هەن. لەبەرئەوە ئەو ڕستە تەماوییە، وای دەهێنایە بەرچاوی کاربەدەستانی عوسمانی، کە ئەم بڕیارە هەموو ئەو ناوچانەی ئاسیای بچووکیشی دەگرتەوە و لەدەستدانی ئەو جوگرافیا بەرینەش بۆ ئەوان (عوسمانی)، زیانێکی گەورە دەبوو، بۆیە ئەم پەیماننامەیە، بووە بیانوویەك بەدەست تورك و لایەنگرەکانیانەوە، تا ڕێگریی لە

[1] هەمان سەرچاوە – ل ٩٠، ٩٢، ١٠٩

[2] بەلام دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی ١٨٨٠ و لەو کاتەدا کە شێخ عوبەیدوڵڵا لە ئەستەموول دەستبەسەر بوو، «ئەسکەندەر غوریانس»ی ئەرمەنی، کتێبێکی نەیارانەی لەسەر شۆڕشەکە نووسی(بنوارە پاشکۆی ژمارە ٧)

ئەنجامدانی بکەن. بیانووەکەیشیان ئەوەبوو، کە ئەگەر ڕێگەی ئەنجامدانی ئەو ریفۆرمە بدەن، ئەوا دەسەڵات و فەرمانڕەوایی عوسمانی، لە زۆرینەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی (زۆرینەی بەشی ئاسیا)دا، لەدەست دەدەن.[1] کە نموونەی ئەمجۆرە ریفۆرمانە، پێشتر لە باڵکاندا ئەنجامدراون و ئاکامیش بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی بەردەوامی دەسەڵاتی عوسمانی لە ناوچەکانی باڵکاندا.[2]

نزیکایەتی و ئارەزووی ئەرمەنیش بەلای ڕووسیادا و ڕێنوێنیکردنیان لە لەشکری ڕووسیا، بۆ داگیرکردنی ئەرمینیای عوسمانی، رقی موسڵمانەکانی قەڵەمڕەوی عوسمانی بە گشتی و بەتایبەتیش رقی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەرمەن هەستاند، کە بوونە مایەی داماویی زیاتری ناوچەکە و دەوڵەتی عوسمانی.

کەچی دەوڵەتی عوسمانی لەباتی ئەوەی بیر لە بەپیرەوەچوونی نارەزایی و داخوازیی و چارەسەریی کێشەکەیان بکاتەوە و بە لای خۆیدا رایانبکێشێت؛ رقی زیاتر لێیان هەستا و ئەوانی بە سۆنگەی دەستتێوەردانی دەوڵەتانی ئەوروپایی، لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتەکەی دەزانی و لە هەلێك دەگەرا تۆڵەیان لێبکاتەوە. بەڵام لەم هەلومەرجەدا، کە ئەوروپا داکۆکی لێدەکردن، نەیدەوێرا ڕاستەوخۆ، خۆی تۆڵەیان لێبکاتەوە. هاوکاتیش بە سڵ و پەژارەوە چاودێریی جموجوڵی کوردی دەکرد و لەوە دەترسا ڕاپەڕینێك لە ناو کورددا ڕووبدات و ئاگاداری ئەوەش بوو، کە (یەکێتی کوردان) پێکهاتووە و لەبەرامبەریشیدا هیچی بۆ نەدەکرا. لەبەرئەوە لەم کاتەدا بە بیریدا هات، وەك چۆن لە دوا جەنگیدا لەگەڵ ڕووسیادا، بەناوی سیاسەتی پانئیسلامیزمەوە (کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بە درۆ و بە ڕاست) گرتبوویە بەر و توانیبووی کوردان بکێشێتە تەك خۆی و لە دژی لەشکری ڕووسیا، غەزا و جیهادیان پێبکات؛ هەر بەوجۆرەش بە هەلی زانی لە بەرامبەر بڕیاری جێبەجێکردنی ریفورمێ لە مەڕ ئەرمەنەکاندا، کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرژەوەندی کێشەی کورددا ئاوقەی یەکتر دەبوون؛ ئێستاش زەمینە لەبارە، تا کارێکی وا بکات (یەکێتی کوردان)، وەك «لەشکرێکی بێمەسرەف»[3] لە دژی ئەرمەن بەکاربهێنێ و کورد دەست بە کوشتاری ئەرمەن بکات، بەمەش رق و تووڕەبوونی ئەوروپا، لە کورد بورووژێنێ و تێیان بگەیەنێت، کە (یەکێتی کوردان)، بۆ دوژمنایەتی ئەرمەن دروستبووە و لەم ڕێگایەشەوە بتوانێ پشتیوانیی دەوڵەتانی ئەوروپا، بۆ لێدانی بزووتنەوەی کورد دەستەبەر بکات. کە بەم کارە، لە یەك کاتدا دوو نیشان بە تیرێك دەپێکێ. واتە: لە سەرێکەوە کێشەی ئەرمەن لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە، (کە مایەی دەستتێوەردانی وڵاتانی بیانین). لە سەرێکیتریشەوە

---

[1] هراند پاسدر ماجیان، تاریخی ئەرمەنستان – ل ٣٨٤

[2] روبرت اولسن – ل ٢٥

[3] بنوارە پاشکۆی ژمارە (١) بەڵگەنامەی ٥٧٤، یادداشتی رۆژی ١٨٨٠/١١/٣٠

کێشەی کورد لەبار دەبات، کە ئەگەر ریفورمێ بەرەو ئۆتۆنۆمی بۆ ئەرمەنەکان جێبەجێ بکرێ؛ ئەوا لە هەنگاوی دواتردا، بە هەمانشێوە دەبێ چارەسەری کێشەی کوردیش بکات. کە ئەمجۆرە چارەسەرەش دەسەڵاتی فەرمەنڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی، لە ئەرمەنستان و کوردستانی بندەستیدا، بە یەکجاری لەناو دەبات.

لەم پێناوەدا تورکیا هەوڵی زۆری لەگەڵ سەرانی کورد و بەرپرسانی (یەکێتی کوردان)دا دا و تا رادەیەکیش توانی هەندێکی سادە و خۆفرۆش بە لای ئەم سیاسەتەی خۆیدا رابکێشێ و هانیانبدات؛ تا لە ناو ریزەکانی (یەکیتی کوردان) و جەماوەری کوردستاندا، گیانی دوژمنایەتی و شەرکردنی ئەرمەن بلاو بکاتەوە. بەلام (یەکیتی کوردان) بە گشتی و خودی شێخ عوبەیدوڵلا بەتایبەتی، خۆیان لەم پلانەی تورکیا پاراستووە.[1]

---

[1] کەمال مەزهەر – کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا – ل ١٣٢

٣ - کاری دپبلۆماسی و دەوڵەتاندنی کێشەی کورد

کە لە بەڵگەنامەکانی ساڵانی دەیەی (١٨٧٠- ١٨٨٠)ی هەردوو وەزارتی دەرەوەی قاجاری و عوسمانی و تەنانەت بەڵگەنامەکانی ساڵانی دواتری رووسیا و ئینگلیسیش ورد دەبینەوە؛ بۆمان دەردەکەوێ، کە زۆرترین ژمارەی ئەو بەڵگەنامانە، تایبەتن بە کێشەکانی سنووری نێوان قاجار و عوسمانی؛ کە کێشەکانی ئەو سنوورانەش، مەبەست لە کێشەی هەردوو بەشی کوردستانی بندەستی ئەو دوو دەوڵەتەن و لەهەموو بەڵگەنامەکانیشدا تێکرای ئەو کێشانە، بەرەورووی شێخ عوبەیدوڵڵا بوونەتەوە؛ یان خودی شێخ عوبەیدوڵڵا راستەو خۆ، خۆی لەو کێشانە گەیاندووە.

بەمجۆرە لەو (١٠) ساڵەدا، شێخ عوبەیدوڵڵا وەك تاقانە رابەرێکی دوای لەناوبردنی میرەکانی کورد، لە رووبەرێکی جوگرافیایی یەکجار بەریندا، بە تەنیا و بۆ بەرەو بەپیرەوەچوونی دەیان گیرو گرفت و رووداوی گرنگ و داد و گازندەی ئەو لێشاوە خەڵکەی، ئەویان بەدەرەتان و پشتیوانی خۆیان زانیوە؛ خۆی لەناوجەرگەی کاری سیاسیدا دیوەتەوە و وەك «ئەسکەندەر غۆریانس» دەڵێ: «ئەم کۆمەڵە رووداوە، شێخیان کردە سیاسییەکی دووربین؛ کە خەیاڵ لە داهاتووی دوورتر بکاتەوە»[1]

ئەم تاقیکردنەویەش وای لە شێخ کردووە؛ وەك «خاڵفین» دەڵێ: «ئەم پێشەوا کوردە، لە سیاسەتی دەوڵەتاندا شارەزا بووە»[2]

بەتایبەتیش دوای تاقیکردنەوەی لە جەنگی رووسی - عوسمانیدا، کە «ئەگەر تا ئەو کاتە وەك رێبەرێکی ئایینی لە ناو کورددا سەیر کرابێت؛ بەڵام دوای بەشداربوونی لەو جەنگەدا، بووە رابەرێکی سیاسیش»[3]

بۆیە بەشداربوونی لەو جەنگەدا، قاڵتری کرد و هوشیاری سیاسی قووڵتر کرد. نفووزی ئەوروپا و پێوندییەکانی نێوان دەوڵەتان تێگەیشت.

بەڵام دیسانیش ئەرکی ئەم قۆناغەی زۆر لە ساڵانی پێشووتری دژوارتر بوو. چونکە هەر خۆی رابەرایەتی «یەکێتی کوردان» و بزووتنەوەکەشی دەکرد و بیروبۆچوونەکانی ئەویش دەبوونە رێباز و دیاریکردنی دید و هەڵویست لە رووداوەکان و لە دەوڵەتان و پێوەندیگرتن لەگەڵ دنیای دەرەوەدا.

لەبەرئەوەش لەم هەلومەرجەدا رێکەوتننامەی «بەرلین» زۆر شتی براندبوومەو و جڵەوی کاریش بەتەنیا بە دەست تورکیاوە نەمابوو؛ بەڵکو بەدەست دەوڵەتانی زلهێز و بەتایبەتیش

---

[1] ئەسکەندەر غۆریانس، ل ٢٦

[2] خاڵفین، ل ٢٠٥

[3] کریس کۆچیرا، ل٢٦

بە دەست ئینگلیس و رووسیاوە بوو. کە ئەوانیش لە پێناوی جێگیربوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خۆیاندا، لە ململانێ و زۆرانێکی سەختدا بوون و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان کردبووە مەیدانی ئەو ململانێ و زۆرانە.

لەمەش سەختتر بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا و «یەکێتی کوردان»، ئەوە بوو کە رووسیا و ئینگلیس، گەلی کوردیان لەم ململانێ و زۆرانەدا، لە پەراوێزی رووداوەکاندا دانابوو. بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵا بایەخ و رۆڵی ئەم دەوڵەتانەی لە بڕیاردانی چارەنووسی گەلاندا دەزانی و دەیزانی دەسەڵاتی هەرەوەز و گەلەکۆمەکی دەوڵەتانی زلهێز دەتوانن دەوڵەتان بڕووخێنن و دەوڵەتانی تازەش دروست بکەن؛ دەستی میللەتان بگرن و دەستی میللەتانیش ببڕن!

بۆیە ئەگەر تەقەللا خێرا و هەمەلایەنەکانی ئەم قۆناغەی کاری سیاسی و دیپلۆماسی شێخ عوبەیدوڵڵا بەسەر بکەینەوە، بەمجۆرە کۆدەبنەوە:

١/٣ : هەڵسەنگاندنی هێزی کورد و دوژمنەکانی:

لەناوبردنی میرنشینەکانی کورد، ئەگەر لە رووی سەربازییەوە بەدوای هۆی تێشکانیاندا بچین، زۆر زوو تێدەگەین، کە لە ئاکامی نابەرامبەریی هێزی چەکداری ئەو میرنشینانە و هێزەکانی قاجاری و عوسمانیدا لەناوچوون و شێخ عوبەیدوڵڵاش ئەوەی ئەم تاقیکردنەوە و ئەم رۆژگارە بووە. لە تافی لاوێتی ئەودا، بەهێزترین میرنشینەکانی سۆران(١٨٣٧)، بابان(١٨٤٢)، بۆتان(١٨٤٨)، بە لێشاوی لەشکری داگیرکەر لەناو بران. کە ئەم تاقیکردنەوەیەش بەشی ئەوەی کردووە، شێخ عوبەیدوڵڵا بیکاتە پەندێکی بەرجەستە و تێبگات: هێزی سەربازیی کورد، لە چاو هێزی سەربازیی رێکخراو و مەشقپێکراو و پڕچەکی دوژمنەکانیدا، هێزێکی نابەرامبەر و بێتوانایە، بەتایبەتیش کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، سەدان ئەفسەر و پسپۆری سپایی ئەوروپایی، لەناو ریزی هێزە چەکدارەکانی هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانیدا، بە تازەترین شێوەی ئەوروپایی، مەشقیان بەو لەشکرانە دەکرد.

ئەم راستییە چەند سەختیش بووبێت؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەرئەنجامەکەی ئەوەی سەلماندووە؛ کە چەندایەتی و چۆنایەتی هێزی سەربازیی، رۆڵی گرنگ و سەرەکیی، لە لابەلاکردنەوەی ئامانجی سیاسی و کاری دیپلۆماسیدا هەیە و بزافی ئازادیخوازانەی کوردیش، کە لە مێژووی خۆیدا و پێش هەموو شتێك، پشتی بە هێزی چەکدار بەستووە و ئەم هێزەش کە هەمیشە لە ئاکامی هەلومەرجێکی کاتیی رووداوەکانی کوردستان و لە ژێر فەرماندەیی سەرۆك خێڵەکاندا(نەك لە ژێر سەرکردایەتییەکی یەگکرتوودا)، بەخواست و ئارەزووی خۆیان کۆبوونەتەوە. لە هەمان کاتیشدا، هەروەك لە یەکەمین سەرکەوتنندا، بەرامبەر هەندێ دەسکەوتی بچووك و بێبەها، بە ئارەزووی خۆیان و بێپرس بڵاوەیان

دەکرد؛ دیسان لە یەکەمین تێشکان و ژێرکەوتنیشدا، هەر بە ئارەزووی خۆیان بلاوەیان لێکردوتەوە.

لەبەرئەوەش بە تێپەڕبوونی رۆژگار و پێشکەوتنی جۆری چەك و جۆری زانست و تاکتیکی جەنگیی و دیسیپلینی هێزی سەربازیی دوژمن، هێزی چەکداری کورد، هەر بەرەو دواوە چووە. بۆیە بەگوێرەی تاوتوێکردنی بەڵگەنامەکانی سالانی (١٨٧٠ / ١٨٨٠)ی عوسمانی و قاجاری، بۆمان دەردەکەوێ کە شێخ عوبەیدوللا لەو چەند ساڵەدا، ئەگەر لە نێوان پەنابردن بۆ کاری سەربازیی، یان سیاسی، سەرپشك بووبێت، ئەوا هەمیشە و بێ سێودوو، کاری سیاسی، لەچاو کاری سەربازیدا بەلاوە پەسەندتر بووە و کاری سیاسی بە کارێکی تازە و پێویست، بۆ چارەسەر و زیاترناساندنی کێشەی کورد، بە ناوچەکە و بە جیهان زانیوە و لەم رووەوە ، هەر زوو سیاسەتمەدارانی ئەوروپا ناسیویانە و بەوە پێناسەیان کردووە، کە ئاکار و هەڵسوکەوتی، وەك مەلیکێکی مەدەنی(«CIVIL» دەچێ![1] ئەمەش رەگەزێکی ئەو وەرچەرخانە تازەیەیە، کە شێخ عوبەیدوللا بە سەر بزاڤی ئازادیخوزانەی کوردیدا هێنای و دەیخواست پەیام و بانگەوازی سەنگەر و ئەشکەوت و چیا و دۆڵی دووره شاری کورد بهێنێتە ناو شار و ناو جەماوەر و سەر شەقامی شارەکان و لەم پێناوەشدا؛ بەر لە کۆکردنەوەی هێزی چەکدار و سەنگەر گرتن؛ «یەکێتی کوردان»ی پێکهێنا، تا لە رێگەی لق و بەشەکانی و رێکخستنی جەماوەری ناوشارەکانەوە، کێشەی کورد بگاتە ناو بازاڕ و خوێندەواران و مزگەوت و کلیسا و کۆڕ و کۆبوونەوەی سالۆنەکان و دیپلۆماسانی جیهان.

٢/٣: جوانترکردنی وێنەی کورد:

دوژمنانی کورد لە دەمێکەوە بۆئەوەی وای نیشان بدەن، کە کورد گەلێکی ناشایانە و مافی ژیان و ئازادی و تێکەڵبوونی کاروانی مرۆڤایەتی نییە و دژی خواست و ئازادی و ئاسایشی دەر و دراوسێکانێتی. بۆیە وێنەی کوردیان وەك (وێنەی گەلێکی دواکەوتوو، نەخوێندەوار، درندە، شەڕانی ، فەناتیك، جەردە و رێگر، تالانکەر، کە لێوەشاوەیی بەڕێوەبردنی ولاتەکی خۆی نییە»[2]، خستبووە مێشکی هاوولاتییانی خۆیان و دراوسێ و میسیۆنێر و گەڕیدە و باڵوێز و سیاسەتمەدارانی ئەوروپاوە.

شێخ عوبەیدوللاش ئەمەی دەزانی و لەو نامانەدا ، کە بۆ (ئیقبالدەولە)ی فەرمانڕەوای ورمێ و (کۆچران)ی پزیشکی دەستەی میسیۆنێری ئەمەریکی لە ورمێ و لێپرسراوانی بیانی و گفتوگۆکانی لە گەڵ باڵیوز و کۆنسۆڵ و میسیونێرانی بیانیدا، ئەوەی بۆ روون دەکردنەوە، کە

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ١٧

[2] ساڵح محەمەدئەمین، ل ١٧٨

«ئەم هەموو سیفەتە خراپانە، لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانی و ئێرانەوە، بە خۆڕایی بۆ کورد دروستکراون و بە زۆر پێوەی دەلکێنن».[1]

لەبەرئەوە شێخ عوبەیدوڵڵا تەقەللای ئەوەی دەدا، ئەو دیمەنە بە زۆر و بە ناڕەوا ناشیرینکراوەی کورد بسڕێتەوە و وێنەیەکی ڕاستەقینەی مرۆڤانە و جوانتری مرۆڤی کورد، نیشانی دۆست و دوژمنی بداتەوە و تێیان بگەیەنێت، کە ئازادی و ڕزگاربوونی کورد، لە ژێردەستەیی و زوڵمی قاجاری و عوسمانی، ئەگەر کەڵکیشی بۆ ئەوان و بۆ پێشخستن و گەشەکردنی هەمەلایەنەی ناوچەکە نەبێت، ئەوا زیانی نابێت بۆیان: «خۆ ئەگەر هاتو کردەوەیەکی ناڕەوا ڕوویدا، ئەوە بەڵێن بێ ئەو کردەوانە، زیانی بۆ هیچ میللەتێکیتر نەبێت».[2]

بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجەش، شێخ عوبەیدوڵڵا یەکەمین ڕابەرێکە، لە ڕێگەی کاری دیپلۆماسییانەوە، لە ڕێگەی (دیالۆگ)ەوە، پردی گفتوگۆی لەگەڵ دۆست و دوژمندا دامەزراندووە و نامەی لەگەڵدا گۆڕیونەتەوە و نوێنەری خۆی بۆ لای سەرانی قاجار و بابیعالی و عەرەب و تورك و مەسیحی و ئەرمەنی و نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەوروپا ناردووە و هەموویان لەوە دڵنیا دەکات، کە زیانی نابێ بۆیان و لە ئاکامیشدا دەبێتە دۆستیان. بۆئەمەش بەتایبەتی داوای لە دەوڵەتانی ئەوروپایی دەکرد، تا پشتیوانیی مەعنەوی لە کێشەی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکەن، کە کورد شیاوی ئەوەیە و لە بارێیەتی کاروباری وڵاتەکەی خۆی بەڕێوەببات. شێخ داوای دەکرد: با لەم مەیدانەدا «تاقی بکرێتەوە و ئەگەر نەیتوانی کوردستان پێكبهێنێ و لەوێ حکومەتێکی بەهێزی دروست نەکرد، ئەوە لەبەردەم دادگای نوێنەرانی ئەوروپادا، دادگایی بکرێت و ئاکامەکانیشی دەگرێتە ئەستۆ».[3]

لەدوای تێشکان و پاشەکشێی شێخ بۆ هەکاری، «حکومەتی عوسمانی بەپێویستی زانی زەبروزەنگ نیشانی کوردەکان بدات؛ بە هەڕەشەوە داوای لە شێخ عوبەیدوڵڵا کرد، لەگەڵ نێردراوی سوڵتاندا کۆببێتەوە و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات. شێخ عوبەیدوڵڵاش داوای کرد لیژنەیەك پێك بێت؛ بۆئەوەی لە دۆخەکە بکۆڵێتەوە. پێشنیاریشی کرد نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەوروپا، بەشداریی لیژنەکە بکەن. عوبەیدوڵڵا هەوڵیدا، نەك هەر لە ڕێی چەك بەکارهێنان و شەڕەوە، سەربەخۆیی کورد دەست بخات؛ چاوی لە یارمەتی و پشتگیریی لیژنە جیهانییەکەشەوە بوو».[4]

---

[1] جەلیلی جەلیل، ل ۱۷۱–۱۷٦

[2] لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی – ل۸٦ هەروەها جەلیلی جەلیل، ل ۱۷٦

[3] جەلیلی جەلیل، ل ۱۳۰

[4] جەلیلی جەلیل، ل ۱۵۰

٣/٣: جێگاگردنەوە بۆ کێشەی کورد:

لە وردبوونەوەیدا لەو ململانێ و زۆرانەی رووسیا و ئینگلیس، بەدوای درز و دەلاقەکانی ئەو زۆرانەیاندا دەگەڕا، تا بتوانێ لەوێوە داخوازیی کوردیان پێبگەیەنێت؛ یان سەرنج و ئاوڕێك لە کورد بدەنەوە و لە دەرفەتی پشتیوانیی ئەوروپاشدا، لە سەرهەڵدانی شەپۆلی رزگاریی گەلانی ژێردەستە بە گشتی و بەتایبەتیش نەتەوەکانی باڵکان و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆیان و هێنانەپێشەوەی کێشەی ئەرمەن، لە رێکەوتننامەی بەرلیندا، بە هەڵی دەزانی بە هەمان پێوانە، بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ، باسی مافی ئازادیی کورد و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان لەگەڵدا بکات. کە ئەم رێگا چارەیە، بە چاکترین رێگەچارەی یەکجاریی کێشەی کوردی دەبینی و لێرەوە ئەوەی تێدەگەیاندن، کە خواستەکانی گەلی کورد، لەگەڵ رەوتی بەرەوپێشەوەچوونی دنیادایە و دەمانەوێ «ئەو مافانەمان هەبێت، کە میللەتانیتر هەیانە».[1] یان: «ئێمە میللەتێکی دابەشکراوین، دەمانەوێ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆمان، بە دەست خۆمانەوە بێت».[2]

بۆیە لەم بارەیەوە رۆژنامەی «ئەتگۆلۆسك»ی ئەو رۆژانە، راپەڕینی گەلی کورد و گەلانی باڵکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و دەنووسێت: «بۆ یەکەمجار ئەو راپەڕینە (راپەڕینی کورد) لەگەڵ رووداوەکانی دەورپشتیدا پێکەوە دەبەستێت و لەو رووداوانە جیای ناکاتەوە؛ بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوە دوویات دەکاتەوە، کە «گیانی ئەو رۆژانە» ، واتە: گیانی سەردەمی نوێ، کاری تێکردبوو و بیر و هەستی نەتەوەیی گەیشتە ئەو سووچە دوورە پشتگوێخراوەی ئاسیاش»[3] و شێخ عوبەیدوڵڵای رابەری ئەو راپەڕینە، بەو رابەرە خاوەن بیری نەتەوەییە دادەنێ؛ کە هەوڵیدا: هەموو کوردەکانی ئێران و عوسمانی، یەك بخات و بە سەرۆکایەتی خۆی، حکومەتێکی نەتەوەیی دروست بکات» .[4]

لەو بۆشاییە بەرینەشدا، کە لە ناوبردنی میرنشینەکانی کورد، لەدوای خۆیان هێنابوویانە ئاراوە، رێگەچارەیەکی لەم رێگەیە باشتر نەدەبینرا، چونکە وەك «مارتین برویین سن» دەڵێ : «بەدرێژایی ماوەی ٣٠ ساڵێك دوای لەبەریەكهەڵوەشاندنەوەی میرنشینەکانی کورد(١٨٤٨-١٨٨٠)، کوردەکان چ لە ناو قەڵەمڕەوی حکومەتی عوسمانی، یان لەناو خۆیاندا، کەمتر لێكنزیكبوونەوە و کەمتر توانییان رووەو حکومەتێکی تایبەت بەخۆیان،

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١٧٦

[2] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ٨٦. هەروەها جەلیلی جەلیل، ل ١٧٦

[3] جەلیلی جەلیل، ل ١٦١

[4] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

بچنە پێش، بە رای ئەو، لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی میرنشینەکانی کورد، جگە لە حکومەتێکی راستەوخۆ، مانایەکی نەبوو».[1]

٤/٣ هەڵوێست لە ئینگلستان

ئەگەرچی لەم کاتەدا ئینگلیس دەیویست ولاتانی بالکان پێش بکەون و گەلانی مەسیحی خۆرهەلاتیش (ئەرمەن و ئاسووری) ئازاد بن؛ بەلام هاوکاتیش دەیخواست دەسەلاتی رووسیایان بەسەرەوە نەمێنێ. چونکە کێشەی چەوساندنەوەی مەسیحییەکان، لە دەمێکەوە لە لایەن رووسیا و ئینگلیس و ولاتانی ئەوروپاوە کرابووە بیانوویەك بۆ دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی ئیمپراتووری عوسمانی و قاجاری. ئینگلیسیش دەیویست ئەم بیانووە هەر بە دەست خۆیەوە بێت، نەك رووسیا، بۆیە لەکاتی گرتنی کۆنگرەی (سان‌ستیڤانۆ)دا بە یارمەتی: نەمسا، ئیتالیا و ئالمانیا، گەلەکۆمەکییان لە رووسیا کرد؛ تا مەرج و دەسەلاتی رووسیا لەسەر دەوڵەتی عوسمانی کەم بکەنەوە و تەقەللا بدەن داکۆکیکردنیشی لە کێشەی ئەرمەن، لە دەست دەربهێنن. بۆئەمەش، مەرجیان لەسەر رووسیا دانا، کە چارەسەری کێشەی ئەرمەن، لە قەلەمڕەوی عوسمانیدا، دوای دەرچوونی هێزەکانی لە ناوچە داگیرکراوەکانی عوسمانیدا جێبەجێ دەکرێت. جێبەجێکردنەکەش ئینگلیس گرتییە ئەستۆی خۆی و بۆئەمەش (وەك پێشتر وتمان)، بە پەلە و یەکسەر کەوتە فراوان کردنی ژمارە و تۆڕی کۆنسوڵگەکانی خۆی لە قەلەمڕەوی تورکیا و بەتایبەتیش لە ئەرمەنستانی تورکیادا و گوشار خستنەسەر سوڵتان عەبدولحەمید، بۆ جێبەجێکردنی ریفۆرمەکانی لەمەڕ ئەرمەن.

دوای ئەمەش ئینگلیس بۆئەوەی بە یەکجاریی رێگەی دەستێوەردانی رووسیا لە قەلەمڕەوی عوسمانیدا ببڕێت، دەبوایە ئەو تورکیایەی وەك قەلا و بنکە و بەردەبازێك، بۆ سەرەڕێی بەرەو هیندستان چاوی تێبڕیبوو؛ تەقەللا بدات کێشەی ناوخۆی نەهێڵی و ئاسایشی تورکیا و پاراستنی یەکپارچەیی تورکیا بپارێزێت.

ئەم هەڵوێستەی ئینگلیس، بۆ ئارام و دامرکاو راگرتنی تورکیا، هەر زوو لەگەڵ کورد دا پیادەیان کرد و لە کاتی جەنگی قرم (١٨٥٣-١٨٥٦)ی نێوان رووسیا و تورکیادا، کە «یەزدان شێر» راپەڕینی دەستپێکرد، «ئینگلیس داوای لە دیپلۆماتانی خۆی، لە خۆرهەلاتی تورکیادا کرد، بە هەر جۆرێك بێت، راپەڕینی کوردەکان لەناوبەرن».[2]

لەم پێناوەشدا «راسام»ی نوێنەری کۆنسوڵی ئینگلیز لە مووسڵ، لەگەڵ یەزدان شێر و سەرانیتری راپەڕینەکەدا کەوتە گفتوگۆ. راسام بە ناوی ناوبژیکردن لە نێوان کورد و کاربەدەستانی ئەستەمووڵدا، دیاری و خەلاتی زۆری بە یەزدان‌شێر پێشکەش کرد و بە ناوی

---

[1] روبرت اولسن، ل ٢٤

[2] خالفین-خەبات لە رێی کوردستاندا- ل ١٠٩

گفتوگۆوە رایانکێشایە کۆبوونەوە و لەیەکێك لە کۆبوونەوەکانیاندا بە دیل گیرا و بۆ ئەستەموولْ نێردرا و لەوێ زیندانی کرا.[1]

دیسان لە کاتی خۆئامادەکردنی تورکیاشدا، بۆ جەنگی داهاتووی (١٨٧٧–١٨٧٨) لەگەڵ رووسیادا، «کۆنسوڵی بەریتانیا لە ئەرزەڕۆم، لە سەر داخوازی ئیلیوت، کۆنسوڵی بەریتانیا لە ئەستەموولْ، گەشتێکی بە هەموو کوردستاندا کرد؛ بەو نیازەی زانیاریی دەربارەی ئەو سەرۆکە کوردە بە دەسەڵاتانە کۆبکاتەوە، کە بۆ دەوڵەتی عوسمانی، مایەی مەترسیی بوون».[2]

لە ئەنجامی زانیارییەکانی ئەم گەشتەدا، ئینگلیس «زۆری لە کاربەدەستانی عوسمانی دەکرد: هەموو سەرۆکە کوردە بەدەسەڵاتەکان، لەسەر سنووری نێوان تورکیا و رووسیا، رابگوێزێ و دووریان بخاتەوە».[3]

هەر لەمبارەیەوە «ئۆبەر میللەر»ی کۆنسوڵی رووسیا لە ئەرزەڕۆم دەنووسێت: «لەم کێشەیەی ئێستای کوردەکاندا، نەك عوسمانی، ئینگلیزەکانیش دەوری سەرەکییان هەیە... کۆنسوڵی ئینگلیز لە ئەرزەڕۆم، فەرمانی پێدراوە راپەڕینی کورد، بەجۆرێك لەناو بەرێت، راستبوونەوەی بۆ نەبێت».[4]

بۆ دەستەبەرکردنی ئەمانەش تورکیای بەوە قایل کرد، کە دەبێ هەنگاو بۆ دەستپێداهێنانەوەی ئیمپراتۆریەتێکی سەرلەنوێ بووژاوەی عوسمانی هەڵبگرێ و هانی تورکیای دەدا؛ تا ریفۆرم و دەسکاریی لە دەسگای بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆییدا بکات.

بەم راوێژ و بەرنامەی دەستێوەردانەش، دەیویست قەوارەی سیاسی تورکیا، لە ژێر نفوزی خۆیدا، بە سەربەخۆیی و ئارام و ئاسایشەوە، لە بەرامبەر دەوڵەتانیتردا رابگرێ.

بۆئەوەش پردەکانی سەرەڕێی بەرەو هیندستان قایمتر بکات؛ دەبووایە ئێرانیش لە نێوان هیندستان و تورکیادا، وەك لەمپەرێك و بە شێوەی تورکیای رابگرێ و لە داگیرکردن و پشێویی و دەستێوەردانی وڵاتانیشی بپارێزێ؛ کە لەم پێناوەدا ئینگلیس لە دەرکەوتنی یەکەمین نیشانە و سەرەتاکانی شۆڕشی (١٨٨٠)ی کورددا، زۆر بە پەرۆش و بە هەڵپەوە تەقەللای پێکهێنانی پەیمانێکی دۆستانە و درێژخایەنی نێوان ئێران و تورکیای دەدا و کاری زۆری بۆ دەکرد.[5]

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١١١

[2] جەلیلی جەلیل، ل ٤٨

[3] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

[4] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

[5] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ١٨ (نامەی ژمارە ٩)، ل ٢٤ (نامەی ژمارە ١٥)، ل ٣٠ (نامەی ژمارە ٢٣، ٢٤)، ل ٣٥ (نامەی ژمارە ٣٣)و....

وەك دەستپێشكەریش بۆ ڕێگەگرتن لە هاتوچۆی كوردانی ئێران و عوسمانی «كە لەم كاتەدا هاتوچۆی گەرم و گوڕیان سەبارەت بە چارەنووسی كورد، یەك دەخست و نوێنەرانی شێخ عوبەیدوڵلاش پەیتا پەیتا دەچوونە ئێران و كوردانی ئێرانیان بۆ خۆئامادەكردن هان دەدا»،[1] دیپلۆماتەكانی ئینگلیس «هاتنە كایەوە و بۆئەوەی سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران كونبر بكرێت و ڕێ لە كوردەكان بگیرێ، ئەمدیوئەودیو نەكەن و سنوور دابخرێت، باڵوێزی بەریتانیا لە تاران و ئەستەموول، لەگەڵ (شا) و (سوڵتان)دا، كەوتنە گفتوگۆ، بەو نیازەی توانای هەردوولایان بۆ لێدانی بزووتنەوەی كوردەكانی سەر سنوور یەكبخرێت. «تۆمسن»ی گەورەباڵوێزی بەریتانیا لە تاران، بێ‌وچان لەوێوە لەندەنی لە هەموو ئەو هەوڵ و تەقەللایانە ئاگادار دەكرد».[2]

دواتریش «ئەمە بووە هۆیەك و یارمەتییەكی تەواو، تا ڕاپەڕینەكەی كورد لەناوبچێت».[3]

هەر لەم بوارەشدا گوشاری زۆریان دەخستە سەر توركیا، تا لە كێشەی شۆڕشەكەی شێخ عوبەیدوڵلا دا، هەڵوێستی توندتر بەرامبەر شێخ بنوێنێ و بیگرێ و زیندانیی بكات و... دووری بخاتەوە.[4]

لەم داروبارەدا، هەروەك كورد دەوڵەتی نەبوو؛ سنووریشی لەگەڵ سنووری ئینگلیسدا نەبوو. بەڵام شێخ عوبەیدوڵلا دەیزانی ئینگلیس لەو كاتەدا نفووزی زۆری لە ناوچەكەدا هەیە و خاوەنی گەورەترین هێزی زەریایی دنیایە و تەقەللای ئەوەی دەدا، ئەگەر نەشتوانێ پشتیوانیی ئینگلیس بەدەست بهێنێ؛ بەڵام دەبێ كارێكی وابكات ئینگلیس نەورووژێنێ.

ئینگلیسیش دەیزانی كورد دەتوانێ ئاسایش و ئارامیی توركیا تێكبدات، یان زیان بە بەرژەوەندی و بەرنامەكانی ئینگلیس بگەیەنێ. بۆیە هەر كە هەواڵی بە خۆكەوتنی شێخ عوبەیدوڵلا و سەرانی «یەكێتی كوردان» گەیشتە لای باڵوێز و كۆنسوڵ و میسیۆنێر و گەڕیدە و جاسووسەكانی ئینگلیزی و چاودێرانی سیاسی، خێرا كەوتە هەڵپەی كۆكردنەوەی زانیاریی لە سەر خۆئامادەكردنی شێخ عوبەیدوڵلا و «یەكێتی كوردان» و لەم پێناوەشدا ساڵی ١٨٧٧ز «ڕامسان» بۆ كۆكردنەوەی زانیاریی، چووە ناوچەكانی «باشقەڵا» و «هەكاری».[5]

«ساڵی ١٨٧٩، گروڤدیر و فووزێر بۆ ناوچەكانی باكووری خۆرهەڵاتی عوسمانی نێردران؛ تا لەو دەنگوباسانە بزانن كە دەربارەی خۆئامادەكردن و سازكردنی ڕاپەڕینێك

---

[1] خالفین – ل ١٦٨

[2] جەلیلی جەلیل، ل ١١٠–١١١

[3] هەمان سەرچاوە، ل ١١٠

[4] لە تاریكییەوە بۆ ڕووناكی – ل٣٨، نامەی ژمارە ٣٨ و ٣٩

[5] (خالفین – ل ١٧٥)

دەبیسترێن. ئەم دووانە، لەم سەردانەیاندا چوونە ناوچەکانی: ساسۆن، ئەماسیە، سێواس، ئەرزنجان، مووش، بتلیس، وان، مەلازگرد و ئەرزەرۆم»[1]

٧/٤/٣ دیداری شێخ عوبەیدوڵڵا و نوێنەری ئینگلستان

دیسان لە تەمووزی ساڵی ١٨٨٠دا، واتە: لە گەرمەی زنجیرە کۆبوونەوەکانی سەرانی کورد لە نەهری، «کلایتۆن»ی جێگری کۆنسۆلی ئینگلیس لە وان، بەو نیازەی زانیاریی دەربارەی خۆئامادەکردنەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا و «یەکێتی کوردان» و بارودۆخی ناوچەکە کۆبکاتەوە؛ گەشتێکی دوور و درێژی کرد و تیایدا چووە شەمزینان بۆ لای شێخ و لەوێ رێزێکی زۆری لێگیرا و پێشوازییەکی گەرمی خۆی و یاوەرەکەی کرا، «بە درێژایی رێگاکە، سەدەها کوردی پڕ چەك، بە ریز بۆ کلایتۆن وەستابوون. سەیید محەمەد سدیقی تەرجومان و عەبدولقادری کوڕی شێخ، چوون بە پیر کلایتۆنەوە و پێشوازییان لێکرد».[2] دواییش لەگەڵ شێخدا، دانیشتن و کۆبوونەوەی کرد.

دانیشتنی یەکەمی کلایتۆن و شێخ عوبەیدوڵڵا کورت بوو. قسەوباسەکانیان سرووشتێکی رەسمییان هەبوو. بە درێژایی دانیشتنەکە، شێخ بە کوردی دەدوا.

لە دووەم دانیشتندا، کلایتۆن هەڵوێست و پێوەندی ئینگلیسی بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی بۆ شێخ باسکرد[3] و روونی کردەوە، کە ئینگلیس دژی هەمووجۆرە پشێویی و بێیاساییەك دەوەستێتەوە؛ کە دەبێتە مایەی هەڕەشەو مەترسیی، بۆ یەکێتی ئیمپراتۆری عوسمانی.[4]

شێخ عوبەیدوڵڵاش بە وردیی «گوێی لە وتارە درێژەکەی کلایتۆن گرتبوو. دوایی هاتە وەڵامدانەوە و هەموو ئەو دەنگوباسانەی بەدرۆخستەوە، کە دەربارەی لە یاسالادان لە هەکاریدا بڵاوکراونەتەوە و کلایتۆنی لەوە دڵنیا کرد، کە وڵاتەکە (ناوچەکە) لە رووی ئاسایشەوە، هیچ کەموکوڕییەکی نییە».[5]

بەواتەی «بەگداساریان»ی بازرگانی ئەرمەن، کە لەو رۆژانەدا لەوێ بووە و دوایی لە ملاولا گێڕاوێتییەوە؛ ئەو بازرگانە سەری لە مەنتیق و قسەی بە پێزی شێخ سوورماوە.[6]

---

[1] جەلیلی جەلیل، ل ٨٧

[2] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

[3] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

[4] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١١٢

[5] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

[6] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

«کلایتۆن لە شەمزینان، گەلێك لە سەرانی کوردی بینی و گفتوگۆی لەگەڵیاندا کرد. لەوانە: سەرۆکە کوردەکانی سلێمانی، ئامێدی، هوورەمار، بۆتان، ساسون، سیرت(سیعرت)، مووش، ویلایەتی وان و کوردەکانی ئێران».[1] لەم سەردانەی کلایتۆندا، شێخ عوبەیدوڵلا نامەیەکی بۆ کاربەدەستانی ئینگلیس پێدا نارد؛ شێخ لەو نامەیەدا رایگەیاندبوو:

((دانیشتووانی هەموو کوردستان دەیانەوێ یەك بن و نایانەوێ بە دابەشکراویی بمێننەوە))[2]

بەڵام کلایتۆن لەم سەردانەیدا دیپلۆماسانی سەرووی خۆی لە مەترسیی پێکهێنانی «کوردستانی سەربەخۆ» ئاگادار کردەوە. ئەوانیش هەڵوێستی نەیارانەیان بەرامبەر ئەم بەرنامەیە و «یەکێتی کوردان» نواند و پێیان وابوو ئەم بزووتنەوەیەی کە شێخ عوبەیدوڵلا رابەرایەتی دەکات «نیازی لێك جیاکردنەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانییە»[3]، ئەمەش ئەگەر پەرە بسێنێ؛ «ئەوا عەرەبەکانیش بۆ داواکردنی ئەو مافانە دەورووژێنێ».[4] جگەلەمەش، پرۆپاگندەیەکی زۆریشیان لەناو ئەرمەنەکاندا بڵاوکردەوە، کە گوایە «یەکێتی کوردان» لە دژی خواستەکانی ئەرمەن و بەندی (٦١)ی رێکەوتننامەی بەرلین پێکهاتووە؛ کە ئەم هەڵوێستەی ئینگلیس، تا دوای تێشکانی شۆرشی (١٨٨٠)یش، بەرامبەر کورد هەر بەردەوام بووە و هەر دنەی تورکیایان داوە و سەرکۆنەیان کردووە، کە دەبێ چاو لە جموجووڵی کورد غافڵ نەکەن و نەیەڵن ببنە رێگر لە بەردەم جێبەجێکردنی بەندی (٦١)ی بەرلیندا، بۆیە دوای ساڵێکیش بەسەر تێشکانی ئەو شۆرشەدا، کەچی «ئابۆت» لە تەورێز، لە نامەیەکیدا کە لە ١١ی ئابی ١٨٨١دا، بۆ وەزیری دەرەوە (ئێرل گرانڤیل)ی نووسیوە و لە هەڵسەنگاندنی بەرنامەکەی شێخدا، بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ، لە هەردوو بەشی عوسمانی و قاجاریدا، گلەیی لە کەمترخەمیی تورکیا دەکا و دەڵێ: «لەشکری تورکیا دەبێ لەو راستییە ئاگادار بێ، کە غافڵ بوون لەو بزووتنەوەیەی (بزووتنەوەی کورد)، کە بوونی ئەرمەنەکان دەخاتە مەترسییەوە؛ کارێکی زۆر ناعاقڵانەیە»[5]

«مەیجەر تروتێر»ی سەرکۆنسوڵی ئینگلیسیش لە ئەرزەرۆم، نامەیەکی بۆ «گۆشن»ی گەورە باڵوێزی ئینگلیس لە ئەستەموول نارد.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١١٣

[2] خالڤین، ل ١٧٦

[3] بنوارە پاشکۆی ژمارە ١٣

[4] بنوارە پاشکۆی ژمارە ١٣

[5] بنوارە پاشکۆی ژمارە ١٣

ئەویش لای خۆیەوە بۆ (ئیرل گرانڤیل)ی وەزیری دەرەوەی ئینگلیسی نارد و ئەم هەواڵانەی بەخۆکەوتنی کوردان و دروستبوونی (یەکێتی کوردان)، بە جۆرێك ئینگلیسی پەژارە و نیگەران کرد «نوێنەرانی پەرلەمانی ئینگلیس، خێرا ئەو کێشەیەیان خستە بەردەم پەرلەمانی ئینگلیس و داوای لێکۆڵینەوەیان کرد».[1]

٢/٤/٣: دوو نامەی شێخ عوبەدوڵلا بۆ دوکتۆر کۆچران

لە کۆتایی مانگی ٩ و سەرەتای مانگی ١٠ ی(١٨٨٠)دا، بەرلەوەی لەشکرکێشیی کورد بۆ سەر ئێران دەستپێبکات، شێخ عوبەیدوڵڵا لە نێوان (١٠) رۆژدا، دوو نامەی لە رێگەی (کۆچران)ی پزیشکی میسیۆنێری دەستەی ئەمەریکی، بۆ ئابۆت لە تەورێز و کلایتۆن، لە (وان) نارد و تکای لێکردن راستییەکانی کێشەی کوردستان، بە حکومەتی ئینگلیس بگەیەنن و روونی بکەنەوە «بۆئەوەی ئەگەر کێشەی کوردستان گەیشتە ئەو ئاستەی باس بکرێت، لە تواناشدا هەبێت».[2]

نامەی یەکەم: لە شێخ عوبەیدوڵلا وە بۆ دکتۆر کۆچران

> بێگومان تۆ بیستووتە، کە چۆن لە ساڵانی پێشوودا ((شوجاعولدەولە)) بووە هۆی سەربڕینی (٥٠) کەس لە لایەنگرەکانم، بە بێ‌هیچ خەتا و تاوانێك و زیاتر لە (١٠٠/٠٠٠) تمەنیشی زیان لێدام.
>
> عوسمانییەکان و حکومەتی ئێران، هیچکامیان نیازیان پاك نییە. هەرگیز خۆیان لە قەرەی مافەکانمان نادەن. سەرەڕای ئەمەش بە جۆرێکی وا لە ((فەرەجوڵڵای خانی کوڕی حاجی غەفووریان داوە؛ - یەکێك بووە لە سەرۆك خێڵەکانی شنۆ - کە یەکسەر مردووە.)) دیسان ساڵی پاریش ((موعینولدەولە))، عەبدوڵڵاخان و ئیبراهیمخانی خەڵکی شنۆی برد و (٢٠/٠٠٠)تمەنی لێسەندن. بەو شێوەیە بە تەواوی ماڵەکانیانی کاولکرد. هەروەها (١٠) ژنیشی بە دیلی بردووە. ئەمساڵیش حاکمی ناوچەی موکری، عەبدوڵڵابەگی برد و کەوتە سزادانیشی. ئەگەرچی بێ‌تاوانیش بوو، بەڵام (١٥٠٠)تمەنی جەریمە کرد. دیسان هەندێ ژنی خێڵی تونکوی بە زۆر لە مێردەکانیان زەوتکرد. لەو ماوە کورتەی دواییشدا حاکمی سابلاخ، بە ناوی نیشاندانی باوەڕ و متمانەوە، هەمزاغای مەنگووڕ، کە سەرۆك خێڵی چەندین ئێلی ئەو ناوچەیەیە، بانگێشتن کردبوو بۆ سابلاخ. بەڵام لە راستیدا بە مەبەستی گرتن و زیندانیکردنی بووە. هەمزاغا توانیبووی لە

---

[1] جەلیلی جەلیل - ل ٩٦

[2] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی - ل ٨٤ - ٨٥ . هەورەها جەلیلی جەلیل ل ١٢٢

ژوورەکە دەرباز ببێت و بە دەرپێوە دووکەس بکوژێ و بە گێرمە و کێشەیەکی زۆرەوە خۆی رزگار بکات.

ناتوانرێ ئەنجامی ئەمجۆرە رووداوە پڕ لە زەبر و زەنگ و چەوساندنەوانە باسبکرێت.

بەهۆی ئەمجۆرە کردەوانەوە بووە، کە کوردستان ناچار بووە و ناچاریشە بە پێویستی یەکبوون و (لەوەش زیاتر) ناتوانێ خراپەکاریی و مالوێرانیی هەڵبگرێ. لەبەرئەوە ئێمە زۆر تکاتان لێدەکەین، کە ئەو مەسەلەیەی دواوە؛ بۆ کۆنسوڵی بەریتانی لە تەوریز روون بکەنەوە،[1] بۆئەوەی خوایاربێ، دوای وردبوونەوە لەسەر مەسەلەی کوردستان، بکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە. بۆئەوەش ((مەلا سمایل))م ناردووە بۆ روونکردنەوەی ئەو مەسەلەیەی ئاماژەی بۆکراوە.

(٢٥ ئەیلوولی ١٨٨٠)

نامەی دووەم:لە شێخ عوبەیدوڵلا وە بۆ دکتۆر کۆچران

مەلا سمایلم ناردووە، تا ئەوەی بە نهێنی، وەك بە دەمیی رامسپاردووە، دۆخی ئێرەتان بۆ روونبکاتەوە و بەتایبەتیش تکاتان لێدەکەم راستییەکانی مەسەلەی کوردستان و چوونی کوڕەکەم[2] بۆ سابلاخ، بە حکومەتی ئینلگستان رابگەیەنن و روون بکەنەوە.

گەلی کورد، کە زیاتر لە (٥٠٠) هەزار بنەماڵە پێکهاتووە؛ میللەتێکی تایبەتییە، مەزهەبەکەیان، لە مەزهەبی ئەوانیتر جیاوازە و نەریت و رەوشت و خووی تایبەتییان هەیە. لەناو هەموو میللەتاندا بە نەتەوەیەکی زیانبەخش و کەللەرەق و درِ ناو دەبرێن. بەوجۆرە باسی کوردستان کراوە. گەر یەکێك (لەناویاندا) کردەوەیەکی نارەوا و ناشیرینی لێ بوەشێتەوە؛ ناوی هەزارەها پیاوچاك و بێوەیی پێوە لەکەدار دەکرێ.

با لاتان ئاشکرا بێت ئەم هەموو سیفەتە خراپانە، لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانی و ئێرانییەوە بە خۆرایی بۆ کورد دروستکراون و هەڵبەستراون. چونکە کوردستان لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدایە و هەردوو حکومەتەکەش ئەوەندەیان لەباردا نییە، چاك و خراپ لە یەك جیا بکەنەوە. بەمجۆرە، کەسە خراپەکان دەمێننەوە و

---

[1] مەبەست لە میستەر (ئابۆت)ە

[2] مەبەست لە شێخ عوبدولقادرە، کە لەو کاتەدا لەگەڵ هەمزاغای مەنگووڕدا، سەرکردایەتی ئەو لەشکرەیان دەکرد، کە سابلاخ و میاندواویان ئازاد کردبوو و بەرەو بناو دەکشان.

خەڵکە چاکەکانیش لەکەدار دەبن و تێدا دەچن. بێگومان لەناو شتە درپۆنگەکانیتردا، ناوی خێڵی «عەلیئاغای شکاک»ت بیستووە؛ کە بە کردەوەی خراپ و نارەوا ناویان دەرکردووە؛ چۆن ئازاری هاوولاتی بێگانەیان دەدا، بە هەمان شێوەش دەستدرێژییان دەکرد سەر موسڵمانان و خەڵکانیتریش. هەروو دەوڵەتەکە ئاگایان لە کردەوە خراپەکانیان بووە. جا لەبەر گوێپێنەدان و هەوڵدانی ئێران، بۆ قایمکردنی دەسەلاتی، ئەم خەڵك و خوایە هەمیشە دوور دەبن لە شارستانییەت و بە دواکەوتوویی و درندەیی دەمێننەوە. کردەوە خراپەکانی خێڵی (هەرکی)، کە رەعیەتی تورکیان، دیار و ئاشکرایە. حکومەتی عوسمانی دیسان وەك ئێران، یان خۆی لە پێشخستنی ئەم میللەتە گێل دەکات؛ یان بە چاوێکی نزمەوە سەیری دەکات. هەمیشە کوردستان بە خراپی ناوبراوە و بە سووکی سەیر کراوە. جیاوازیی ناکرێت لە نێوان خەڵکانی بێوەی و شەڕانیدا.

سەرۆك و بەڕێوەبەرەکانی کوردستان، جیا لە رەعیەتەکانی عوسمانی، یا ئێران و هەر هەموو دانیشتووانی کوردستان، خۆیان یەکخستووە و گەیشتوونەتە ئەو بڕیارە، کە چیتر لە توانایاندا نەماوە، لە ژێر سێبەری ئەو دوو دەوڵەتەدا بژین و پێویستە شتێك بکەن؛ دەوڵەتانی ئەورووپا والێبکات لە مەسەلەکە ورد ببنەوە و لە دۆخەکەمان تێبگەن و بپرسنەوە.

ئێمەش میللەتێکی دابەشکراوین. ئێمە دەمانەوێت بەڕێوەبردنی کاروباری خۆمان، بەدەست خۆمانەوە بێت، بۆئەوەی لە سزادانی تاوانکارانی خۆماندا، بەهێز و سەربەخۆ بین و ئەو مافانەمان هەبێت، کە میللەتانیتر هەیانە و سەبارەت بە خەتابارەکانیش، ئێمە ئامادەین ئەوە بگرینە ئەستۆی خۆمان (بەڵێن دەدەین)، کە ئازار و زیان لە هیچ میللەتێك نەکەوێت. ئەمەیە ئامانجی ئێمە و هۆی چوونی کورەکەم بۆساباڵاخ، بۆئەوەی لە دۆخی کوردستان وردببنەوە و بپرسنەوە و هیچ خراپەیەك روونەدات. دەنا سەرتاسەری کوردستان مەسەلەکان دەخەنە دەستی خۆیانەوە. چونکە میللەت لە توانایدا نەماوە، خراپە و چەوساندنەوەی بێوچانی ئەو دوو دەوڵەتە هەڵبگرێ.[1]

لە جێی خۆیدایەتی بڵێین «ویلسون.ن.هاول» بەم نامەیەی دواییان دەڵێ : «یەکەمین بەڵگەنامەی نەتەوەیی کورد».[2]

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ٨٤–٨٥. هەندێ برگەی ئەم دوو نامەیە، لە چەند سەرچاوەیەکیتریشدا هەیە. بەلام لەو سەرچاوەیەدا بە تەواوی هەن، کە ئێمە لێمان وەرگرتووە.

[2] سیامند ز. عثمان: ملاحظات تاریخیة حول نشأة الحركة القومية الكردية - مجلة: دراسات كردية - مركز الابحاث في المعهد الكردي - باريس - العدد (١) كانون الثاني ١٩٨٤- ل ٢٢

٣/٤/٣: سەردانی نوێنەری ئینگلیس بۆلای شێخ عوبەیدوڵلا

لە کاتی لەشکرکێشییەکی شۆڕشگێڕانی کوردیشدا، بۆ سەر ئێران و ئابلۆقەدانی شاری ورمێ، ئابۆت لە تەورێز: لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر)ی ١٨٨٠دا، لە ڕێگەی تەورێزەوە بە پەلە و بە ڕێگەی: «سەلماس، خۆی، ورمێ»دا خۆی گەیاندە ناوچەکانی لەشکرکێشیی شێخ عوبەیدوڵلا ، لە تەرگەوەڕ و شنۆ و شاری ورمێ و لە کاتێکدا هێزەکانی کورد، لەبەر شوورەکانی شاری ورمێدا، خەریکی هێرش و هەڵمەت بوون؛ ئابۆت چەند جارێك سەردانی شێخ عوبەیدوڵلای کرد و بۆ ئارامکردنەوە و دامرکاندنەوەی هێرشەکەی لەشکری کوردیش، کەوتە ناوبژیکردن لە نێوان شێخ عوبەیدوڵلا و «ئیقبالدەولە»ی حاکمی ورمێ و لەم پێناوەشدا تەقەللای زۆریدا. بەڵام نەك هەر «ئیقبالدەولە»ی پێ رازی نەکرا، بەڵکو سووکایەتی زۆریشی بە ئابۆت کرد. شێخ عوبەیدوڵلا بۆئەوەی بۆ ئینگلیس بسەلمێنێ، کە هەڵوێستی بە پێچەوانەی ئیقبالدەولەوەیە و دژی خوێنڕشتن و شەڕ و ئاژاوەیە و بە پیر داخوازیی و راوێژەکانی (ئابۆت)ی نوێنەری ئینگلیسەوە چووە؛ «داوای لە ئابۆت کرد: بەڵگەیەکی بداتێ، تا لە دوا ڕۆژدا، بە بەڵگە دەربکەوێت، کە کردەوەکەی شێخ عوبەیدوڵلا ، تا چ رادەیەك مرۆڤدۆستانە بووە. بەڵام ئابۆت خواستەکەی شێخی بەجێ نەهێنا».[1]

هەتا ئەو کاتەی «ئابۆت»یش لە ورمێ مایەوە؛ شێخ عوبەیدوڵلا چەند جارێك «سەیید محەمەد سەعید»ی نوێنەری خۆی، بە نامە و راسپاردەوە و بۆ زیاتر روونکردنەوەی هەڵوێستی کورد، لە ئینگلیس و ئەوروپا و کێشەی ئەرمەن بە گشتی، نارده لای ئابۆت.[2]

ئابۆت بە ئاشکرا، لە خۆدی شێخ و لە نوێنەرەکانی دەگەیاند، کە «دووبەرەکییەکەی نێوان کورد و هێزەکانی ئێران، بە لایەوە گرنگ نییە و گوێیەکی ئەوتۆی ناداتێ».[3]

لەوەش زیاتر، ئابۆت کە ئاگای لەوە بوو میسیۆنێرانی ئەمەریکاییش زۆر لە شێخ رازی بوون[4] و لە هەمانکاتیشدا (٣٠٠) ئاسووری بە سەرۆکایەتی ماریوسفی مەترانی نەستووری، لە (ناوچیا)وە، وەك پێشمەرگە لەگەڵ هێزەکانی شێخدا هاتبوون،[5] زۆر شپرزە بوو. نەیدەزانی چۆن لە شێخیان دوور بخاتەوە. لەبەرئەوە، بۆئەوەی «ئاسوورییەکانی دەوروبەری

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ٦٨. هەروەها: جەلیلی جەلیل–ل ١٣٢

[2] هەمان سەرچاوە – ل ٦٨ و ١٣١. هەروەها جەلیلی جەلیل، ل ١٣١

[3] جەلیلی جەلیل – ل ١٣٠

[4] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ٨٤

[5] هەمان سەرچاوە – ل ٧٢

زەریاچەی وان، لە دوارۆژدا نەدەنە تەك کوردەکان»؛[1] «خێرا خۆی گەیاندە کلیسا و لەوێ لە خەڵکەکەی گەیاند، کە بەریتانیا هەمیشە چاوی لە چاکە و چارەنووسی دانیشتووە مەسیحییەکانە. لەبەرئەوە دەبێ لە بزووتنەوەکەی کورد دووروپەرێز بوەستن».[2]

ئابۆت لە گەرمەی گیروداری شەڕ و تێهەڵچوونی کورد و هێزەکانی دەوڵەتی ئێراندا، کاتێ بۆی دەرکەوت رووداوەکان لە چاکەی شێخ ناگەڕێن؛ ئەوسا بڕیاریدا بەرەو تەورێز بگەڕێتەوە. لە گەڕانەوەشیدا، لەبەر نائەمینی رێگەی ورمێ – سەلماس – خۆی (کە پیایدا هاتبوو) و بەدەست هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە بوون؛ بە رێگەی: شنۆ – سندووس – سابلاغ – میاندواودا گەڕایەوە، کە لەو کاتەدا ئازادکرابوون و بەدەست شۆڕشگێرانی کوردەوە بوون. بۆئەمەش شێخ عوبەیدوڵڵا ، نامەی بۆ شێخ عەبدولقادری کوری پێدا نارد، کە تا بەرەو بارەگاکەی بەرێی بکەن و تا سابلاخیش پێشمەرگەی خستە تەك. لە سابلاخیش «شێخ عەبدولقادری کوری شێخ و هەمزاغا و زۆریتر، لە سەرانی شۆڕشگێری کوردی بینی و دیداری لەگەڵدا کردن».[3]

لە سابلاخیشەوە، شێخ عەبدولقادر (٣٠٠) پێشمەرگەی بە سەرۆکایەتی هەمزاغای مەنگوور و عەبدوڵلاخانی زەرزا و چەندان سەرخێڵی ناوداریتردا، تا ناوچەی (بناو) لەگەڵدا نارد.[4]

بەڵام هەر کە گەیشتە ناو هێزەکانی ئێران، دەنگوباسی ژمارە و جێگەکانی شۆڕشگێرانی کوردی، لە سەرانی لەشکری ئێرانی گەیاند.[5]

ئەم هەڵوێستەی ئابۆت، بۆ بەدەنگەوە نەچوونی ئەوجۆرە داوایانەی شێخ عوبەیدوڵڵا ، نموونەیەکی زیندووی هەڵوێستی هەموو دیپلۆماتەکانیتری ئینگلیس بوو، لە ناوچەکەدا «کە لە نامە و راپۆرتەکانی خۆیاندا، بۆ سەرووتری خۆیان، بۆ چوونی خۆیان، بەجۆرێکی نادۆستانە دەردەبری:

١– خواستە نەتەوەییەکانی کورد پشتگیری نەکرێ.

٢– داوا لە کورد بکرێ: گوێڕایەڵی حکومەتە مەرکەزییەکان بێ.

٣– گەلە مەسیحییەکان لە بەشداریکردنی جووڵانەوەکە دوور بخرێنەوە.

---

[1] جەلیلی جەلیل ، ل ١٣١

[2] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

[3] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ٦٦

[4] هەمان سەرچاوە،

[5] هەمان سەرچاوە – ل ٧١

٤- ناوبانگی جوولاّنەوەکە بشێوێنرێ، تاوانی هاندانی رووسیە و ئاگاداری و پشـتیوانی سـوڵتانی تورکـی بـە پـاڵ بـدرێ. بۆئـەوەی گوایـە ئـێران لاواز بکـرێ و رووس ئــەو هەڵــە بقۆزێتەوە».[1]

٣- هەڵوێست لە رووسیا

رووسیا هەروەك لـە درێـژەی زنجـیرە (١٠) جەنگەکـەیدا، لەگـەڵ دەوڵـەتی عوســمانی تەقەللای فراوانخوازیی خۆی هێنـابووە دی و چـەندان رێکەوتننامـەی پـڕ مـەرج و گوشـاری بەسەر ئیمپراتۆریی عوسـمانیدا سەپاندبوو؛ کە دواترینیـان رێکەوتننامـەی بـەرلین (١٨٧٨) و بەدەستهێنانی ناوچەکانی: کارس (قارس)، ئەردەهان و بـاتۆم بـوون؛ هـەر بـەوجۆرەش لـە ماوەی (٢٠٠) ساڵ و لە زنجـیرەی (٤) جـەنگی گـەورەی نێـوان سـالآنی: (١٧٢٢، ١٧٩٦، ١٨٠٣ -١٨١٣، ١٨٢٦ -١٨٢٨)دا، توانیبووی چەندان هـەرێمی گرنگـی قەڵـەمڕەوی ئـێران داگیر بکات و بیانخاتە سەر قەڵەمڕەوی خۆی، وەك: داغستان، گورجستان، ئازەربایجان و ئەرمەنستانی خۆرهەلاّت.

بەم پێیەش رووسیا لە دواچارەکی سەدەی نۆزدەدا، سام و دەسەلاّتێکی بـەرفراوانی وای لە ناوچەکەدا پەیدا کردبوو؛ نــەك هــەر گــەورەترین هـێزی ناوچەکـە بـوو، بـەڵکو خـاوەنی گەورەترین هێزی زەمینی هەموو دنیاش بوو.

لەو زنجیرە جەنگانەیدا، کە لەگەڵ دەوڵەتی عوسـمانی و دەوڵـەتی ئـێراندا کردبـووی، کوردستان ببووە مەیدانی لەشکرکێشـی و لـە هـەموو جەنگێکیشـدا ناوچەیـەکی کوردسـتان و هەندێ خێڵی رەوەندی کورد، دەکەوتنە ژێر دەسەلاّت و ناو قەڵەمڕەوی رووسیاوە.

ئەم نزیکایەتییەی کوردستان لـە دەوڵـەتی رووسـیاوە، ببـووە سـۆنگەی ئـەوەی هـەردوو لەشکری عوسـمانی و ئێران، هێزی زۆری کوردیشیان تێدابێ؛ کە رووسیا ئاواتی ئــەوە بـوو، لەو شەڕانەدا کورد بەلای خۆیدا رابکێشێ و هێزیــان لــێ‌پێك‌بهێنێ، یـان ئەگـەر ئەمەیشـی پێ‌نەکرابێ؛ هەوڵیداوە کورد لەو شەڕانەدا بێلایەن بێت. بۆئەمەش، پێوەندیی زۆری لەگــەڵ سەرۆك‌هۆز و ناودارانی کورددا کردووە و توانیوێتی چەند تیپێکی پیـادە و سـوارە، لـە کـورد دروست بکات و لە دژی ئێران و عوسـمانی بیانخاتە تەك هێزەکانی خۆی؛ وەك ئـەوەی لـە جەنگی ساڵی ١٨٢٨دا کردی و توانیبووی (٤) تیـپ لـە موسـڵمانان پێك‌بهێنـێ و یـەکێکیش لەمانە، کورد بووە.

هەروەها لـە جـەنگی (١٨٥٣-١٨٥٦)دا، دوو تیپیـان لـە کوردەکـانی کـارس و یـەریڤان پێکهێنابوو. لە جەنگی ساڵی (١٨٧٨)یشدا تیپێکیان لە کورد پێکهێنابوو، کە (١٣٠٠) کـەس بوون.[2]

---

[1] ساڵح محەمەدئەمین، ل ١٨٥

بەڵام بە پێچەوانەشەوە، لە دوا جەنگەکانی نێوان رووسیا – تورکیا، رووسیا – ئێران؛ بەشێکیش لە هێزی کورد، بەناوی غەزا و جیهادەوە، شانبەشانی لەشکری عوسمانی و ئێران، لە دژی هێزەکانی رووس جەنگاون. وەك لە دوایین جەنگدا (١٨٧٨) روویدا و شێخ عوبەیدوڵلا و چەند دەسەڵاتدارێکیتری کورد، پشتیوانییان لە دەوڵەتی عوسمانی کرد.

رووسیاش ئەمەی پێ ناخۆش بوو. بۆیە لە هەردوو کۆنگرەی «سان ستیڤانۆ» و «بەرلین»دا، تۆڵەی لە کورد کردەوە و پشتیوانیی لە کێشەی ئەرمەن کرد.

بەڵام ئەو سام و دەسەڵاتەی کە رووسیا، لە دوا چارەکی سەدەی نۆزدەدا لە ناوچەکەدا پەیدای کردبوو؛ ببووە مایەی ئیرەیی و پەژارە بۆ ئینگلیس و دەوڵەتانیتری ئەوروپا. بەتایبەتیش بۆ ئینگلیس؛ کە دەسەڵاتی رووسیای لە ناوچەکەدا، بە بەربەستێك دەزانی لە بەردەم بەرنامەکانی خۆیدا، بۆ چاوبڕینە هیندستان و بۆئەمەش بە هەموو شێوەیەك تەقەللای ئەوەی دەدا دەسەڵات و نفووزی رووسیا لە ناوچەکەدا گەمارۆ بدات؛ وەك لە کۆنگرەی بەرلیندا، بە هاوکاری: نەمسا، ئیتالیا، ئاڵمانیا، گەلە کۆمەکییان لە رووسیا کرد و هەندێ گوشار و مەرجیان، لەسەر دەوڵەتی عوسمانی پێکەم کردەوە و هەندێ ناوچەی تازە داگیرکراویشیان بۆ تورکیا گەڕاندەوە. لە هەمانکاتیشدا بۆئەوەی بیانوو بەدەست رووسیاوە کەمتر بکەنەوە؛ تا کەمتر دەستبخاتە ناو کاروباری قەڵەمڕەوی عوسمانییەوە؛ ئەوە بوو کاری جێبەجێکردنی بەندی (٦١)ی رێکەوتننامەی بەرلین؛ (کە تایبەت بوو بە کێشەی ئەرمەنەوە)؛ ئینگلیس ئەوەشی خستە ئەستۆی خۆی.

شێخ عوبەیدوڵلاش ئەم فێڵ و تەڵەکە و گەلە کۆمەکییە نێو دەوڵەتییەی دەدی، کە زلهێزەکانی ئەوروپا، بەرێنوێنی ئینگلیس، دژی رووسیا دەیکەن و ئەوەشی دەزانی، کە سەرکەوتنەکانی رووسیا، بە هۆی لەشکرکێشیی زۆر و جەنگینی راستەوخۆ و ئازایەتی و توانای سەربازیی لەشکرەکەوەیەتی؛ نەك فرت و فێڵ و کاری سیاسییانەوە. بۆیە پێی وابوو رووسیا وێنەی ئازایەتی و (شێرایەتی) و ئینگلیسیش وێنەی فێڵ و تەڵەکەیە، کە کاری (رێوی)یە، لەبەرئەوە لەم هەلومەرجەدا، بە چاکی دەزانی لایەنگریی رووسیا، واتە (لایەنگریی شێر بێت، نەك هی رێوی)، چونکە:

١– لە بەشی باکووری ئێران و خۆرهەڵاتی تورکیاوە، راستەوخۆ هاوسنووری کوردستان بوو.

٢– هێزێکی گەورە و بڕیاردەر بوو لە ناوچەکەدا و هەر بەرنامەیەکی هەبووبێت، بە رێگەی جەنگ بە دەستی هێناوە.

---

٢ (مینورسکی – الاکراد – ترجمە: د. معروف خزینەدار – بغداد ١٩٦٩ – ص ٨٢ ، ٨٣)

٣- راپەڕینەکانی گەلانی باڵکان و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆیان؛ بە پشتیوانیی رووسیاوە هاتبووە دی.

٤- داکۆکیکردن لە کێشەی ئەرمەن بۆ رزگارکردنیان لە ژێردەستەیی و زوڵمی عوسمانی و هێنانە گۆڕی بەندی (٦١)ی پەیماننامەی بەرلین، هاندەرێك بوو بۆ شێخ عوبەیدوڵلا ، تا بە هەمان ئاوات و چاولێکەریی، چاو ببڕێتە رووسیا.

٥- بەو هۆیەوە کە ئینگلیس جێبەجێکردنی بەندی (٦١)ی پەیماننامەی گرتبووە ئەستۆی خۆی؛ بۆیە رووسیا بە ئەندازەی دیپلۆماتەکانی ئینگلیس، پروپاگندەیان لەناو ئەرمەنەکانی عوسمانیدا، دژی کورد و «یەکێتی کوردان» نەدەکرد.

٦- نفووزی رووسیا لە ناوچەکە و لە ناو کوردیشدا، لە چاو ئینگلیسدا، زۆرتر بوو.

١/٥/٣: ناردنی یوسفئاغا- بۆ دووەمین جار - بۆ لای کۆنسوڵی رووسیا

لەم پێناوەشدا شێخ عوبەیدوڵلا لە سەرەتای هەنگاو هەڵگرتنیدا بۆ پەیداکردنی پشتیوانیی مەعنەویی لە کێشەی کورد؛ رووەو رووسیا بزوا و بە هەموو جۆرێك تەقەللای دەدا پێوەندی لەگەڵ دیپلۆمات و باڵوێز و کۆنسوڵگەکانی رووسیادا دروستبکات و یەکسەریش دوای کردنەوەی کۆنسوڵگەی رووسیا لە «وان»، لە ئەیلوولی ١٨٧٩دا، بە هەڵی زانی «نوێنەرەکانی بە هەموو برو بیانوویەك خۆیان دەکرد بە کۆنسوڵگەی رووسدا لە ئەرزەرۆم»...[١] لەمبارەیەوە (کامساراکان)ی سەرکۆنسوڵی رووسیا لە وان، دەنووسێ: «هەر ئەوەندەی یاریدەدەرێتی کۆنسوڵخانەکەمانم لە وان گرتە دەست، خێرا عوبەیدوڵلا دووجار «یوسف ئاغا»ی باوەڕپێکراوی خۆی بە پێشنیارەوە ناردە لام».[٢]

شێخ عوبەیدوڵلا لەم تەقەللایانەیدا، لەوە نائومێد و ماندوو نەدەبوو، کە ئەو باڵوێز و کۆنسوڵانە، دەستیان بە رووی نوێنەرەکانییەوە دەنا و وەلامێکی روون و بنبڕیان نەدەدانەوە. بۆیە پەیتا پەیتا و بۆ زیاتر بیرخستنەوە و ناچارکردنیان بۆ وەڵامدانەوە و هەڵوێست نیشاندان، دەیناردنەوە هەمان باڵوێزخانە و گوشاری ئاشتییانەیان دەخستنە سەریان... ئەمکارەیشی (زۆرتر) هەر لەگەڵ دیپلۆماتانی رووسیادا کردووە و ئەوەندەی سەری کردۆتە سەر باڵوێز و کۆنسوڵخانەکانی رووسیا؛ بەو ئەندازەیە لەگەڵ ئینگلیسدا نەیکردووە.

لەم پشت بەستنەیشیدا بە رووسیا؛ بەوە روونی دەکردەوە، کە «رووسیا دراوسێی کوردە؛ لەبەرئەوە هەمیشە زیاتر لە بەریتانیا رێزی لێگیراوە».[٣]

---

[١] خالفین، ل ١٦٩

[٢] جەلیلی جەلیل-ل ٨٤

[٣] هەمان سەرچاوە - ل ٨٥

٢/٥/٣: ناردنی سەیید محەمەد سەعید - بۆ سێیەمین جار - بۆ لای کۆنسوڵی رووسیا

لە تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر)ی ١٨٧٩دا، بـۆ سێیەمین تەقـەڵلا، نوێنـەرێکی‌تری شـێخ عوبەیدوڵلا ، واتە: خەلیفە محەمەد سەعیدی ناردەوە بـۆ لای کامساراکان. لـەم جارەیـاندا هەموو ئامانجە سیاسییەکانی و هەموو ئەو هۆیانەی وایان لێدەکرد، راپەڕێت؛ بە ئاشکرا بـە سەیید محەمەد سەعیددا راسپاردبوو، تا بە کامساراکان رابگەیەنێ، کـە: «شـێخ گەیشـتۆتە ئەو بڕوایەی ئیمپراتۆریەتەکە (ئیمپراتۆریی عوسـمانی) لە توانایدا نەماوە، ئـەمن و ئاسایشـی میللەتانی ژێردەستی بپارێزێت و ئەمەش لە ئەنجامدا دەگاتە ئەوەی ببێتە هۆی هەرەشـەیەك بۆ ماڵ و موڵکی خەڵکی وڵاتەکە. لەبەرئەوە (شێخ) راستبوونەوە لە پێنـاوی چاکـە و کـەڵکی ئەو میللەتە، بە کـارێك و ئـەرکێکی سەرشـانی دادەنێـت. میللـەتیش (شـێخ) بـە پـارێزەری راستەقینەی خـۆی دەزانـێ... شـادەماری هـەموو خراپەیـەك لـە تـەماعکاریی دەسـگاکانەوە دەستپێدەکات، لە نوێنەرانی پلەی هەرەخوارەوە، واتە: لە زەبتییەکانەوە دەستپێدەکات و لە پلەکانی سەرەوەی دەسگاکاندا دوایی دێت؛ ئەوانەی دوا دڵۆپی خوێنـی میللـەت دەمـژن. ئەو میللەتەی داخ و زۆرداریی چەشتنی، گەیشتۆتە سەر لووتی و تینی تێدا نەماوە. نەك هەر مەسیحییەکان، بەڵکو کوردەکانیش خوێنیان دەمژرێت. هەر لەبەر کردەوەی خراپ و نارەوای دەسـگاکانی بەڕێوەبەرایەتییـە، کـە کوردەکـان ناچـار دەبـن رووبکەنـە جـەردەیی و راو و رووت... شێخ لەو خەباتەیدا دژی دەوڵەتی عوسـمانی بەرپای کردووە، پشتی بە پاراسـتن و لێپرسینەوەی رووسیا ئەستوورە و هەمیشە حسابی بۆ دەکات... ئەگـەر هـاتو رووسـیا لەگـەڵ تورکیا، یان لەگەڵ بەریتانیادا بکەوێتە شەڕەوە؛ ئەوە کورد دەتوانێ رۆڵـی لـە چارەنووسـی شەڕەکەدا هەبێ، چونکە هەموو رێگاوبانە شاخاوییە گرنگەکانی: وان، دیاربەکر، بەدەسـت کوردەوەیە»[١]

دیپلۆماتەکانی رووسیا، سەرەڕای ئەوەی زۆر بە پەرۆش و سەرنجەوە، لە هەردوو بەشـی بندەسـتی عوسـمانی و قاجـاریدا، لـە رێگـەی بـاڵوێز و کۆنسـوڵ و چـاودێر و جاسووسەکانیانەوە، شـوێنپێی تەقـەڵلا و پێوەندییـەکانی شـێخ عوبـەیدوڵلا و رووداوەکانیـان هەڵدەگرت و سەرەڕای ئەوەش کە «ئیڤانۆڤ»ی کۆنسوڵی رووسـیا لـە ئـەرزەڕۆم، دەربـارەی هەلومەرجی هەڵچووی کوردستان، بۆ سەرووتری خۆی دەنووسێ: «بڕوام وایە کوردستان بیر لە راستبوونەوە دەکاتەوە و بگرە خۆی بۆ ئامادە دەکات».[٢]

یان «کریبلی»ی کۆنسوڵی رووسیا لە ئێران، لە ساڵی ١٨٧٨دا، کە ئاگاداری ئەوە بوو، شێخ عوبـەیدوڵلا خـەریکی خۆئامادەکردنـە، بۆ راپـەڕین و شۆڕش دژی عوسـمانی و هـەر خۆیشی بۆ سـەرووتری دەنووسـێ: «شـێخ نیـازی وایـە هەرایـەك دژی دەوڵـەتی عوسـمانی

---

[١] جەلیلی جەلیل – ل ٨٤–٨٥

[٢] هەمان سەرچاوە، ل ٥٥

هەڵبگیرسێنیّ؛ بەتـەمای ئەوەیـە لـە کوردسـتانی عوسـمانی، حکومـەتێکی سـەربەخۆ، بـە سەرۆکایەتی خۆی پێك‌بهێنیّ»[1] بەلاّم دیسانیش رووسـیا لـە هیـچ قۆنـاغێکی خۆئامـادەکردنی شێخ عوبەیدوڵلاّ بۆ شۆڕش، هیچ‌جۆرە هەڵوێستێکی دۆستانە و بـیرورا گۆڕینەوەیـەکی لەگـەڵ شێخ نەنواند! کە لەم‌بارەیەوە «رۆبەرت ئۆڵسن» دەڵیّ : «چونکـە رووسـیا نەیدەویسـت ئـەو ناوچانەی بە پێی پەیماننامـەی بـەرلین، لـە خۆرهـەلاّتی تورکیـا، بەدەسـتی‌هێنابوون؛ کـە هەندێکییان بە تەواوی کورد بوون، لەدەست خـۆی بـدات. هـەروەها نەیدەویسـت ولاّتێکـی کورد، بەتایبەتیش کاریگەر بە ریبازی نەقشبەندی، لە دراوسێیی سنووری قـەفقازدا هـەبیّ. چونکە لە دەیەی (١٨٣٠)دا، خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی «شێخ شامیل»دا تووشی کێشە بـوو، زۆریش بە زەحـمـەت سـەرکوتی‌کردبوو.[2]

٣/٥/٣: ناردنی نوێنەری کورد - بۆ چوارەم و پێنجەم جار - بۆ لای نوێنەری رووسیا

بەلاّم شێخ لە رووسیا بیّ‌هیوا نەبوو، چونکە: دوای ئەوەش کـە گەلەکۆمـەکیی ئـێران – رووسیا – بەریتانیاشیان لێکرد و دواییتر بابیعالـی داوای لێکرد: دەبیّ بۆ ئەستەموول بچـیّ؛ شێخ عوبەیدوڵلاّ پێش ئەوەی لـە کوردسـتانەوە بکەوێتـە ریّ؛ هەمدیسـان تەقـەللای لەگـەڵ رووسـیادا دەسـت‌پێکردەوە و بۆئەمـەش لـە سـەرەتای بـەهاری (١٨٨١)دا، خەلیفـە سـەیید محەمەد سەعیدی نارده لای کامساراکان، کە «بڕوای شێخ بە رووسیا و هیـوای یارمـەتیدانی پیّ‌رابگەیەنێت»[3]

دوای هەلاّتنیشی لە ژیانی دەستبەسـەریی لـە ئەسـتەموول و گەڕانـەوەی بـۆ هـەکاری و دەستپێکردنەوەی تەقەللای نویّ بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش؛ جارێکی‌تریش «عەلـی قاسـم ئۆغلـی»ی نوێنەری خۆی بـۆ لای کامسـاراکان لـە وان نـاردەوە و لـە زمـانی شـێخەوە پێـی راگەیاند، کە کوردەکان لەمـە زیـاتر نـاتوانن فـەرمانڕەوایی رەقـی تـورك قبـووڵ بکـەن و لـە خەباتدا دژی ئەستەموول، داوای پشتگیریی لە رووسیا دەکـەن. لـە بەرئـەوە ئەگـەر رووسـیا قایل ببیّ، وا شۆڕشێکی سەرتاسەریی کوردی بەرپادەکات»[4]

شێخ عوبەیدوڵلاّ لـەم پێداگرتـن و هیـوا نەبڕینـەیدا لەگـەڵ دیپلۆماتـانی رووسـیا، تـەنیا پشـتگیریی مەعنـەویی رووسـیای مەبەسـت بـوو، ئـەگینا وەك خـاڵفین دەڵـیّ «داوای هیـچ

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١٦٧

[2] روبرت اولسن – قیام شیخ سعید پیران ، ل ٢٧

[3] خالڤین ، ل ١٦٩. هەروەها: جەلیلی جەلیل – ل ١٤٤–١٤٥

[4] خالڤین، ل ٢٠٦

یارمەتییەکی ماددی نەدەکرد»[1] و بە هیوای ئەوە بوو دوای رزگارکردنی کوردستان، ئەوسا «هەتا هەتایە دەچێتە ژێر دەسەڵاتی رووسیاوە، کە کوردەکان زۆریان پێخۆشە».[2]

سەیر ئەوەیە، شێخ عوبەیدوڵڵا دوای سەرنەکەوتنیشی لە دووەمین تەقەللای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشدا و دوای ئەوەی لە لایەن هێزەکانی عوسمانییەوە بە گیراویی بەرەو مووسڵ و مەککە دەبرا، هێشتا هیوای بە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشێکیتر هەبوو. بۆئەمەش هێشتا دەیویست بۆ ئەم قۆناغەشیان، هیوا لە رووسیا نەبڕێ و داوای پشتیوانیی لێبکاتەوە... بەم هیوایەوە و بە گیراویی و بە دەمڕێوە بۆ (مەککە)، پێشنیاری بۆ «چیلینگاروف»ی بازرگانی رووسی، لە هەکاری کرد، تا «بە دزییەوە بچێت بۆ ئەودیو قەفقاس» و پێوەندی بە نوێنەرانی رووسیاوە بکات و ئاگاداریان بکات، کە «شێخ لەگەڵ ئەستەمووڵدا تێکچووە»[3]

٤/٥/٣: هەڵوێستی رووسیا لە کێشەی کورد

«بەڵام هەڵسەنگاندنی دیپلۆماتە بچووکەکانی رووس لە ناوچەکەدا، ئەگەرچی لە دیاریکردنی هەڵوێستی دەوڵەتەکەیاندا، رەنگە هۆیەکی بڕیاردەر نەبێ، بەڵام بێگومان دەتوانێ کاری ئیجابی، یان سەلبی بکاتە سەر، بەم پێیە هەڵوێستی نادۆستانەی دیپلۆماتەکانی رووس لە ناوچەکەدا، دەوری هەبووە، لە هاندانی دەسگاکانی سەرووتردا، بۆ بڕیاردانی خێرا لە دژی»[4]

لەم رووەوە، ئەو «کامساراکان»ەی کە کۆنسوڵی رووسیا بووە لە (وان) و شێخ عوبەیدوڵڵا چەندان جار بە دڵی پڕ لە خۆزگە و هیواوە، نوێنەری خۆی بۆ لای ناردووە و داوای پشتیوانیی مەعنەویی لێکردووە؛ کەچی کامساراکان، کە خۆی بە بنەچە (ئەرمەنی) بووە؛ دوور نییە ئەم دیپلۆماتە رووسە، هەمیشە راپۆرتی نادۆستانەی بە پێچەوانەی راستیی و بە پێچەوانەی خواستی کورد و شێخ عوبەیدوڵڵاوە بە سەرووتری خۆی گەیاندبێت، بۆئەوەی:

«(١- پشتی داواکانی کورد نەگیرێ و خواستەکانیان رەت بکرێتەوە.

٢- پشتی حکومەتە مەرکەزییەکان بگیرێ.

٣- لە باتی کورد، پشت بە مەسیحییەکان ببەسترێ، کە پێشکەوتووتر و زیرەکترن و زووتر شت فێر دەبن و دەوڵەمەندترن»[5]

---

[1] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

[2] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

[3] هەمان سەرچاوە-ل٢٠٨

[4] ساڵح محەمەدئەمین، ل ١٨٢

[5] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

٤- پیشاندانی جووڵانەوەکە، کە دەستی ئینگلیزی تێدایە و لەوانەیە ئینگلیز بۆ دەسکەوتی خۆی بیقۆزێتەوە. ئەمەش بۆ شێواندنی، لای دەسگاکانی سەرووی خۆیان.[1]

٦/٣: هەڵوێست لە ئێران

مێژووی پێوەندیی نێوان ئێران و شێخ عوبەیدوڵلا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوورتری پێوەندیی نێوان سەیید تەهای باوکی شێخ عوبەیدوڵلا لەگەڵ فەتحعەلیشای قاجار (١٧٧١-١٨٣٤) و عەبباسمیرزا (١٧٩٨-١٨٣٤) بە گشتی و بەتایبەتیش بۆ رۆژگاری شاهێتی محەمەدشای قاجار (١٨٣٤-١٨٤٧)، کە رێز و دۆستایەتییان لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ پلەوپایە و ناوبانگی سەییدتەها و لە لایەکیتریشەوە بۆ ئەو هۆیەی کە یەکێك لە ژنەکانی محەمەدشا (خەدیجە خانم)، کچی یەحیاخانی چەهریق بووە؛ کە یەکێك بووە لە میرە کوردەکانی هەکاری و بنەماڵەکەیان خۆیان بە وەجاخزادەی خەلیفەکانی عەبباسی داناوە و لە هەمانکاتیشدا لە تەریقەتدا نەقشبەندی و موریدی سەیید تەها بوون.

محەمەدشا، چەند گوندێکی سەرسنووری ئێران - عوسمانی (لە ناوچەی مەرگەوەڕ)، بە دیاری لە سەر سەیید تەها (وەقف) کردووە و بەو بۆنەیەوە دانیشتووانی ئەو چەند گوندەش باجیان بە دەوڵەتی قاجار نەداوە.

محەمەدشا، لە سەرەتای دانانی جێنشینی خۆیدا، (ناسرەدین)ی کوڕە گەورەی کردبووە جێگری خۆی، کە لە ژنی یەکەمی بووە بەناوی (مەلەك جیهان خانم - نازناوی مەهدعولەییا - یشی هەبووە). هاوکات کوڕێکیتریشی زۆر خۆشویستووە، کە لە ژنە کوردەکەی بووە و لە خۆشەویستیدا بەناوی باوکییەوە ناوی ناوە: (عەبباس میرزا)، کە (٨) ساڵ لە (ناسرەدین)ی باوك برای بچووکتر بووە.

بەڵام ماوەیەك پێشمەرگی، دڵی لە (مەلەك جیهانخانم) رەنجاوە و ویستوویەتی (ناسرەدین) لە (وەلیعەهد - جێنشین)ی بخات و لە جێی ئەو، عەبباس میرزای کوڕی دووەمی بکاتە جێگری خۆی و بۆئەمەش نازناوی (نائبالسلطنه)ی پێداوە، بەم هۆیەوە (مەلەك جیهانخانم) و (ناسرەدین) رقیان لە خەدیجە خانم و عەبباسی کوڕی هەڵگرتووە.

کە محەمەدشا مرد، ناسرەدین کرا بە (شا) و هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیشییەوە، گومان و مەترسیی ئەوەی لە عەبباسمیرزا دەکرد، کە تەخت و تاجەکەی لێداگیر بکات. بۆیە هەر زوو دەستیکرد بە پەلپ و بیانوو گرتن بە عەبباس و خەدیجەخانم و هەرچی خشڵ و داراییەکیان هەبوو، لێی داگیرکردن و هەمیشەش خەریکی لەناوبردن و بێسەر و شوێن کردنیان بوو.

---

[1] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

ئەم ترس و گومانەی ئەوەندە بەسەریدا زاڵ بوو، هەتا ئەو ڕۆژەش کە لە لایەن میرزا ڕەزای کرمانییەوە کوژرا (١٨٩٦)، هەر لە دڵی دەرنەچوو.

ساڵی ١٨٥١ (بابی یەکان) تەقەللای کوشتنی (ناسرەدین شا)یان دا و بریندارییان کرد. ناسرەدین ویستی بەسەر عەبباسدا بیهێنێ و بیکاتە بیانووی کوشتنی، یان گرتنی. مەلەك جیهان خانمی دایکیشی ویستی کوێری بکات؛ بەڵام باڵوێزانی ئینگلیس و ڕووسیا بە جووتە کەوتنە تەقەللای ڕزگارکردنی و ناسرەدینشایان ڕازی کرد. بۆ زیاتر دڵنیاکردنیشی، بە چاکیان زانی بۆ شوێنە دوورەکانی قەڵەمڕەوی عوسمانی دوربخرێتەوە.

عەبباس میرزا لە سەرەتای ساڵی ١٨٥٢دا چووە بەغدا و نزیکەی ٢٦ ساڵی تێدا مایەوە. ماوەیەکیش چووە ئەستەموول. ساڵی ١٨٧٧، ناسرەدینشا ڕێگەی دا عەبباس میرزا بگەڕێتەوە ئێران و لە ١٨٧٨دا، واتە: لە گەرمەی جەنگی ڕووسیا – عوسمانیدا گەیشتەوە تاران. بۆئەوەش خولیای تاج و تەختی شاهێتی لەسەردا نەهێڵێ، نازناوی (نائب‌السلطنه)ی لێ‌سەندەوە و نازناوی (ملك‌ئارا)ی پێبەخشی، ماوەیەکیش کردییە فەرمانڕەوای (زنجان). بەڵام زۆری لێ‌نەمایەوە و لە ترسی گیانی، بەرەو قەفقاس هەڵات. دوای چەند مانگێك ناسرەدینشا بەخشی و لە سەرەتای ١٨٧٩دا بۆ ئێران گەڕایەوە.

ئەم ڕق و قینەی ناسرەدینشا و دایکی، لە عەبباس میرزای نیوەکورد و دایکە کوردەکەیشی؛ هەر زوو پریشکی بەر شێخ عوبەیدوڵڵاش کەوت و کەوتنە تەقەللای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شێخ عوبەیدوڵڵا، لە سەر سنوورەکانی ئێران – عوسمانی و لە ناو کوردەکانی قەڵەمڕەوی قاجاریدا، کە لەم ساڵانەدا شێخ عوبەیدوڵڵا، تا دەهات ڕەگوڕیشەی لەناو کوردەکانی ئێراندا قووڵتر و بەربڵاوتر دەبوو. جگەلەمەش (وەك لە بەشەکانی پێشوودا وتمان)، کەوتبووە کڕینی زەوی‌وزاری کشتوکاڵ و گوندی زۆر لەو ناوچانەی سەرسنووردا و ژمارەی گوندەکانی گەیاندبووە (٢٠٠) گوند.[1]

لەم ماوەیەدا (١٨٧٠) ناسرەدینشا کەوتە پەلپ و بیانووگرتن بە مورید و گوندنشینەکانی سەر بە شێخ و هەر بە فرمانی دەرباری قاجاریش بوو، کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٧٢دا «حاجی یوسف‌خان – شوجاعدەولە»ی سەرداری «ورمێ» و «خۆی»، بە ناوی کۆکردنەوەی باجەوە گوشاری بۆ سەر گوندنیشنەکانی ناوچەی «مەرگەوەڕ»ی سەر بە «شێخ» برد و لەشکرێکی گەورەی نارده سەر مەرگەوەڕ و سەربازەکانی زۆر بێ‌بەزەییانە کەوتنە سووتاندنی گوند و سامانی کوردان و تاڵانکردنیان.

---

[1] جەلیلی جەلیل، ل ٨٠

که شێخ بەمەی زانی، سوارەکانی نارد و شەڕ و تێهەڵچوونێکی قورس، لەگەڵ لەشکری دەوڵەتەدا روویدا.[1] لە ئەنجامدا (٤٨) کەس لە گوندی (گردوان) کوژران و بایی (٥٠) هەزار تمەن، سامانی ناوچەکە بە تالاَن برا.[2]

١/٦/٣: ناردنی نوێنەری کورد بۆ تاران

بەڵام بۆئەوەی کارەساتەکە گەورەتر نەبێت، شێخ عوبەیدوڵلاّ بە پەلە «سەیید حەسەنی سابلاّخی» بە نوێنەرایەتی خۆی بۆ لای بەرپرسانی قاجاری نارد[3] و هاوکاتیش داوای لە سوڵتانی تورك کرد، تا داوا لە ئێران بکات لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی کارەساتەکە پێك‌بێت و لەگەڵیشیدا ئەو بەڵگانەیشی پێدا ناردبوون، کە دەیسەلمێنن ئەو گوندانە، کاتی خۆی لە لایەن محەمەدشای قاجارەوە، لەبارەی باجەوە بەخشراون. بەلاّم کاربەدەستانی ئێران گوێیان بە مافەکانی شێخ نەدا. شێخیش هەڕەشەی لە سوڵتان کرد، کە ئەگەر بۆ ئەم کارە بە دەنگییەوە نەچێ، ئەوا راپەڕینێکی سەرتاسەریی کوردان بەرپا دەکات.

سەرکۆنسوڵی رووس لە ئازەربایجانی خواروو، لەم رووەوە دەڵێ: «ئەم هەڕەشەیەی عوبەیدوڵلاّ کارێکی گەورەی کردە سەر تورك، چونکە دەیانزانی ئەگەر عوبەیدوڵلاّ راپەڕێت، ئیتر جڵەوی ناگیرێتەوە.[4]

ئەم کارەی شوجاعولدەولە، کێشەیەکی سیاسی گەورە و پشێویی بۆ هەردوو سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران دروستکرد. بۆیە والی ئەرزەرۆم داوای لە کۆنسوڵی تورك لە تاران کرد، تا هەموو تەقەللایەك بدات، بۆ رازی‌کردنی عوبەیدوڵلاّ لە لایەن ئێرانییەکانەوە. خاڵفین دەڵێ: پشتگرتنی ئەم داوایەی عوبەیدوڵلاّ، لە لایەن تورکەوە، دوو هۆی هەبوو؛ هۆی یەکەمیان: ئەستەمول نەیدەتوانی هێز و دەسەلاّتی شێخ عوبەیدوڵلاّ لە بەرچاو نەگرێ؛ چونکە (شێخ) لای دانیشتووانی ناوچەکانی دەوروپشتی، پایەیەکی پیرۆزی هەبوو. هەروەها لای پیاوماقوولاّنی ئەستەموولیش جێگای بەنرخ بوو؛ بە رادەیەك وەك «نوڤیکۆڤ»ی کونسوڵی رووسیا، لە تورکیا دەڵێ: کە عوبەیدوڵلاّ لە رێی حەجەوە چوو بۆ ئەستەموول، زۆر لە وەزیرەکان هاتن بە پیرییەوە و کرنۆشیان بۆ برد و دەستیان ماچ کرد.[5]

---

[1] بنوارە پاشکۆی ژمارە ١، بەڵگەنامەی ژمارە ٥٩٩

[2] هەمان سەرچاوە، هەمان بەڵگە

[3] هەمان سەرچاوە، هەمان بەڵگە

[4] خاڵفین، ل١٢١

[5] خاڵفین، ل١٢٢

٢/٦/٣: پێکهێنانی کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی

لەبەر ئەم هۆیانە، کۆمسیۆنێکی نێـو دەوڵـەتییان بـۆ پێکهێنـاوە، کـە بریتـی بـووە: لـە نوێنـەرانی هـەردوو دەوڵـەتی ئـێران و عوسـمانی و نوێنـەری شـێخ عوبـەیدوڵلاّ ، کـــە وەك (وەفایی)ی شاعیر لە بیرەوەرییەکانیدا باسی دەکات: «وەفایی» خۆی لەو کۆمیسیۆنەدا بۆتـە نوێنەر و دەمراستی شێخ و لە هەمان کاتیشدا بۆتە سـکرتێری کۆمیسـیۆنە سـێقۆڵییەکە و بـۆ ماوەی (١٤–١٥) مانگ خەریکی چارەسەری ئەو کێشەیە بوون؛ کـە لـەم (١٤–١٥) مانگـەدا (٨) کۆبوونەوەی هاوبەشیان پێکهێناوە.[1]

پێکهێنانی ئەم کۆمسیۆنە سێ قۆڵییە، سەرەرای ئەوەی بەڵگەی دەسەلاّت و پلە و پایە و گوشاری شێخ عوبەیدوڵلاّیە، لە سەر هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی؛ کـە نـەك هـەر بتوانێت ناچاریان بکات لەسەر داوای خۆی؛ کۆمیسیۆنی سێقۆڵیی بۆ پێـك بهێنـن، بـەڵکو نوێنەرێکی خودی (شێخ)یش ببێتە لێپرسراوی کۆمیسیۆنەکە.

لەم کۆمیسیۆنەدا، کە (ئاقا میرسادق) نوێنەری دەوڵەتی ئێران بوو؛ نـاوبراو لـە ئاکـامی تۆێژینەوەکانیدا بۆ ئێرانی نووسی، کە: شێخ عوبەیدوڵلاّ بەڵگەی یاسایی لە لایـەن محەمـەد شای قاجارەوە بە دەستەوەیە؛ بێ هیچ چەند و چوونێك دەیسەلمێنن کە ئـەو گوندانـە، هـی خودی شێخ عوبەیدوڵلاّن و شوجاعدەولەش ئەم هێرش و پەلامارەی هەر بۆ بەرژەوەندی خۆی کردۆتە سەر ئەو ناوچانە و ئەو شەڕ و کوشتارەی کردووە و ئەو بە پەلـە دەوڵەمـەند بوونـەی (شوجاعولدەولە)ش جێی پرسیارە!! لە بەرامبـەر ئەمانـەدا، بـالیۆزی دەوڵـەتی عوسـمانی، داوای بژاردنی زیانەکانی شێخ عوبەیدوڵلاّی کردووە. کەچی لەباتی وەلاّم؛ باڵوێزی ئێران بە پێچەوانەوە، داوای باجی (٣) ساڵ کەڵەکەبووی پێشتری لە شێخ عوبەیدوڵلاّ دەکرد.[2]

لەبەرئەوە روو وەرگێڕانی ئێران لە داواکانی شێخ عوبەیدوڵلاّ و دەوڵەتی عوسمانی، بووە هـۆی نـارەزایی عەشـایەری کـوردی قەڵـەمڕەوی عوسـمانی و هـێرش بردنـە سـەر ئـێران و زیانگەیاندن بە (شنۆ) و گوندەکانی دەوروبەری.

ئەم هێرش و پەلامارە، کە نزیکـەی (٧) هـەزار سـوارە و پیـادەی کـوردی تێـدا بەشـدار بوون؛ بووە مایەی راگیرانی کاری کۆمیسیۆنە هاوبەشـەکە. بەتایبـەتیش کـە جـەنگی سـاڵی ١٨٧٧–١٨٧٨ی رووس و عوسـمانی بەسەرداهات؛ بێدەنگییان لێکرد.

ئـەم کۆمیسـیۆنە نێـو دەوڵەتییـە، جگـە لـەوەی لـە «بیرەوەرییـەکانی وەفـایی»دا باسـی لێوەکراوە؛[3] لە زۆر لەو بەڵگەنامە و کتێبە مێژووییانەشدا، باسی لێوە هـاتووە، کـە سـەبارەت

---

[1] محەمەدرضا نصیری ، اسناد و مکاتبات ایران (قاجاریه) جلد ٣، ل: سی‌ویك (مقدمه).

[2] پاشکۆی ژمارە یەك، بەڵگەنامەی ژمارە ٥٦٥

[3] بیرەوەرییەکانی وەفایی – ل ٢١

به «شێخ»یان نووسیوه.[1] بەتایبەتیش بەرگی سێیەمی (گزیده اسناد سیاسی ایـران و عثمانی) کە (١٥) بەڵگەنامەی سەبارەت بەم بابەتانە تێدایە و زۆربەیان ئەو نامانەن، کـە لـە نێـوان وەزیرانـی دەرەوە و بـاڵوێزانی ئـێران و عوسـمانیدا گۆڕدراونەتـەوە.[2] لـەم بەڵگەنامانـەدا دەردەکەوێ کە دوای تەنگ پێهەڵچنین و هێرشی «شوجاعولدەولە»، بۆ سەر گوندنشینەکانی سەر بە شێخ عوبەیدوڵڵا ، جارێکیتریش (ئیقبالدەولە)ی فەرمانڕەوای (ورمێ)، پێش ئـەوەی بیەڵـێ شوێن زامەکانی کارەساتەکەی شوجاعولدەولە، لـە جەسـتەی دانیشـتووانی ناوچـەی (مەرگـەوەڕ)دا سـاڕێژ بکـرێ، هێرشێکی دڕندانـەی بردۆتـە سەر هـەمان ناوچـە و زیـان و کوشتارێکی بێبەزەییانەی لە لایەنگرانی (شێخ) کردووە.

لە دووتویی ئەم بەڵگەنامانەی لە نێوان بەرپرسانی ئەم دوو دەوڵەتەدا گۆڕدراونەتەوە، بە ئاشکرا دەردەکەوێ، کـە بـۆ مـاوەی نزیکـەی (١٠) سـاڵی نێـوان سـاڵانی (١٨٧٠-١٨٨٠)، زۆربـەی ململانـێ و کێشـەکانی نێـوان سـنوورەکانیان، هـەر ئاکـامی فراوانبوونـی زیـاتر و بەردەوامی دەسەڵاتی شێخ عوبەیدوڵڵایە و هەردوو دەوڵەتەکەش دەیانەوێ سـنوورێك بـۆ ئـەو فراوانبوونـە و دەسـەڵاتەی شـێخ دابنێـن؛ بەتایبـەتیش زۆربـەی ئـەم تـەنگ پێهـەڵچنین و شەڕپێفرۆشتنانە، لەلایەن دەوڵەتی قاجارییەوە سەرچاوە دەگرێت. چونکە دەوڵـەتی قاجـاری دەیزانی سەرەتا و نیشانەکانی گرژبوونەوە و دروستبوونەوەی جەنگێکی تازە، لە نێوان رووس و عوسـمانی؛ واتـە: جـەنگی (١٨٧٧-١٨٧٨) دەرکـەوتوون. بۆیـە دەیویسـت لـە رێگـەی دروستکردنی کێشە و گوشاری سنوورەوە لەگـەڵ تورکیـادا، کۆنـەقین و داخـوازی و پـەلپ و بیانووەکانی خۆی بە تورکیا جێبـەجێ بکـات. لـە بەرامبەریشـدا دەوڵـەتی عوسـمانی، کـە راپەرینە پەیتاپەیتاکانی گەلانی باڵکان و تێکچوونی پێوەندی نێوان تورکیا و رووسیا و ئێران، گوشـاریان بـۆ هێنـابوو، نـەیدەوێرا پـێ بـە پێـی ئـێران، وەك جـاران، دڕندانـە قـەلاچۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بکات.[3]

لە نێوان ئەم بەڵگەنامانەوە دەردەکەوێ کە هێزەکانی «شـێخ» هیچکـاتێ دەستپێشـخەری هێرش و پەلامار نەبوون، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کاردانـەوەی ئـەم هـێرش و پەلاماردانـەیان داوەتەوە. بۆیە لە خوێندنەوەی ئەم «١٥» بەڵگەنامەیەدا دەزانین، کـە هـێرش و شـاڵاوەکانی ئەم ماوەی چەندان ساڵە، بە لای زۆرەوە لای هێزەکانی قاجارەوە بوون....

---

[1] محـمـد رضا نصیری - اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه) جلد٣- چاپ اول ١٣٧١ش- انتشارات کیهان - ل (سیویلکمقدمه)

[2] بنوارە پاشکۆی ژمارە (١)، بەڵگەنامەکانی (ژمارە: ٥٤٥، ٥٦٠، ٥٦١، ٥٦٢، ٥٦٣، ٥٦٤، ٥٦٥، ٥٦٦، ٥٦٧، ٥٦٨، ٥٦٩/١، ٥٦٩/٢، ٥٧٠، ٥٧١، ٥٧٢).

[3] خالفین-ل١٤٠

٧/٣: قۆستنەوەی ناکۆکی

بەڵام بەدەم ئەم گیروداره‌شەوە، شێخ عوبەیدوڵڵا بە وردی ئاگاداری ناتەبایی و ناکۆکییەکانی ناو بنەماڵەی ناسرەدین‌شا و دەرباری قاجار بووە. بۆیە بەهیوای قۆستنەوەی ئەم ناتەبایی و ناکۆکییەی ناو ریزی دوژمنەکانی و کەڵکوەرگرتن لە ناتەبایی ناو بنەماڵەکەیان، لەسەر کێشەی حوکمڕانیی؛ لە کاتی لەشکرکێشییەکەیدا بۆ سەر ئێران، هەموو بەرنامەکانی (لای خۆیەوە) بەجۆرێك هاوئاهەنگ دارشتبوو، تا کە ورمێ و موکریان و ئازەربایجانی ئازاد کرد؛ ئەو کاتە بتوانێ لەرێگەی عەبباس‌میرزاوە، دەستی بگاتە دەرباری قاجار(تاران) و لە ئێراندا دەسەڵات بگرێتە دەست. چونکە:

١- لە کاتی ئابلۆقەدانی ورمێ‌دا، لە نامەیەکدا کە بۆ «میرزا حسین آقا مجتهد»ی گەورەی ئاخوندە شیعەکانی ورمێ نووسیوێتی، باس لەوە دەکات، کە تەنیا (٢) رۆژ لە ورمێ دەبێ و لەوێوە دەچێ بۆ «تەورێز».[1]

٢- ئەوکاتەی شێخ بەهیوای گرتنی شاری تەورێز بوو، شاری تەورێز دووەمین شاری گەورەی دوای (تاران)ی پایتەخت و جێگەی جێنشینی (شا)ش بووە، واتە (وەلیعەهد) لە تەورێز دادەنیشت. بۆیە شێخ لای خۆیەوە بە دڵنیاییەوە ئەوەی براندبووەوە، کە گرتنی تەورێز بۆ هێزە زۆرەکەی، زۆر ئاسانە. چونکە وەك دواتر باسی‌دەکەین و شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوور سەرکردایەتی ئەو هێز و هێرشەیان دەکرد، کە دەبوو تەورێز بگرێ و ئەم هێزەش تا (بناو) و (مەلیكکەندی - مەلکەندی) و دەوروبەری (مەراغە)ش چووە.[2] بەڵام گەلەکۆمەکێی هێزەکانی ئێران، لەسەر هێزەکانی کورد و بێ‌شیرازەیی هێزەکانی کوردیش خۆیان؛ ئەم ئاواتەی شێخیان نەهێنایەدی.

٣- ئەگەرچی لەو نامەیەی شێخدا بۆ عەبباس‌میرزا (وەك دواتر باسی‌دەکەین)، بە ئاشکرا و راستەوخۆ داوای لە عەبباس‌میرزا نەکردووە، لە چ جێگەیەکدا پێوەندی بە شێخەوە بکات، بەڵام دواتر عەبباس‌میرزا لە ژیننامەی خۆیدا، کە باسی ناوەرۆکی ئەم نامەیەی شێخ و چۆنێتی پێوەندی گرتنییەوە بە شێخ، باسی ئەوە دەکات کە شێخ بە دەمیی، بە هەڵگرانی نامەکەی راسپاردووە، تا عەبباس‌میرزا بهێنن بۆ بارەگاکەی شێخ لە تەورێز.

---

[1] بنوارە پاشکۆی ژمارە ٦

[2] شێخ عەبدولقادریش لە بەرەکانی شەڕ و هێرشی گرتنی «بناو»ەوە، لە نامەیەکیدا بۆ باوکی، داوای لێدەکا بە پەلە بەرەو بناو بچێت، تا لەوێوە بەرنامەی گرتنی تەورێز جێبەجێ بکەن.

١/٧/٣: نامەی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ عەبباس‌میرزا

بۆئەمەش لە پێش ئابڵۆقەدانی ورمیٚدا، بە دوو کەسی باوەڕپێکراوی خۆیـدا، نامەیـەکی نهێنی بۆ عەبباس‌میرزا نارد و تیایدا داوای لێکردبوو، بە پەلە بداتە پاڵ شۆڕشەکەی کورد و لەبەرامبەر ئەمەشدا بەڵێنی پێدابوو، بیکاتە (شا)ی ئێران.

عەبباس میرزا لە دوو و سیٚ جێگـە زیـاتردا باسـی گەیشـتنی ئـەم نامـە گرنگـەی شـێخ عوبەیدوڵلای بە نووسین و بە گێرانەوەش یاد کردووە:

١- جارێکیان لە ژیننامەی خۆیدا، کە خۆی (شرح حال)ی خۆی نووسیوەتەوە. لـەوێدا بەوردی باسی چۆنیەتی گەیشتنی نامەکە و ئەو داچڵەکینەی خۆی دەکات، کە نامەکـە بـە سـەر باری دەروونیدا هێناوە و ئەو هەموو تاوتوێکردن و سـیٚودووەی سـەبارەت بـە بڕیـار و هەڵوێست وەرگرتنی خـۆی، بەسـەریهاتووە، کـە لـە سـەرەتای باسـکردنەکەدا دێتـە سـەر هۆیەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشەکەی کورد (کە بە فیتنەی ئەکرادی ئازەربایجان ناوی دەبات) و دەیباتەوە بۆ زوڵم و زۆر و دستدرێژیی کاربەدەستانی دەوڵەت و چاوچنۆکیی (موزەفـەرەدین میرزای وەلیعەهد – کە لەو کاتەدا لە تەورێز دانیشـتووە) بـۆ زیاترکۆکردنـەوە و لەسـەریەك کەڵەکەکردنی پارە و بەرتیل و رابواردنـــی نـارەوا و ئـازاردانی کوردەکـانی ئازەربایجـان و... ئەوسا هەواڵی تازەی شۆڕشەکەی کورد و خۆئامادکردنی دەوڵەت بۆ دامرکاندنەوەی.

عەبباس میرزا دەڵیٚ :

«... تەلگرافچی لە تەورێزەوە هەواڵی هەندیٚ لەم رووداوانەی بۆ تاران ناردبوو. لە تـاران هێزێکیان بـە سـەرکردایەتی شـازادە حـەمزە مـیرزا، نـاوبراو بـە «حشـمت‌الدولە»ی کـوری خوالێخۆشـبوو عـەبباس‌میرزا نائب‌السـلطنە پێکهێنـا و ناردیـــان. مـیرزا حســـین‌خانی موشیردەولەش، کە پێشتر بۆ قەزوینیان نـاردبوو، بـەگورجی بـە پێشـکاری ئازەربایجـان بـۆ تـەورێز بچـیٚ و میرزائەحـمـەد بـە شـەرمەزاریی بێتـەوە تـاران و حاجی‌تەیموورپاشـاخانی ماکۆیـی، بە فەوجی ماکۆ و کۆکراوەکانی خۆیەوە روو بکاتە ورمیٚ.

حەمزەمیرزا هێشتا نەگەیشتبووە جیٚ، لە رێگـەدا نەخۆشکـەوت و مـرد. ئـەم هـێزە لـە تارانەوە جوولاٚ و ئەو لەشکرانەش، کـە لـە تـەورێز و مـاکۆوە رۆشـتبوون، هـەرچی گوندێـك هاتبووە سەرڕێیان لە دەوروبەری ورمیٚ، مەراغە، هەموویان تالاٚنکرد و دەربەسـتی نـاموس و ئابرووی کەس نەبوون و زۆر خراپتر لە لەشکری کورد، ئەو ناوچانەیان وێران و کاولکرد.

لەم سەروبەندەدا، رۆژێکیان بە تەنیا لە کونجی ماڵەکەی خۆم دانیشتبووم، سەیرم کـرد دووکەس هاتنە ماڵەکە و هەواڵی منیان لە نۆکەرەکان پرسی. هاتنەلام. پاکەتێکیان دەرهێنـا و دایانمیٚ. نواریم، نامەی شێخ عوبەیدوڵلایە و بـۆ منـی نووسـیوە و داوای لێکـردووم بچـم بـۆ جەنگ.

ئەوانەي نامەکەیان هێنابوو، یەکێکیان ناوی عەبدولڕەحیم و پیر بوو. ئەویتریان ناوی حسێنقولی و هەردووکیشیان برا بوون. عەبدولڕەحیم پێمی وت: «پێویست ناکات دابمێنیت، ئەگەر لەگەڵمان بێیت، بە دڵنیاییەوە دەبیتە (شا)».[1]

ئەمەش نامەکەی شێخ عوبەیدوڵلا یە:

لە شێخ عوبەیدوڵلاوە بۆ عەبباس میرزا (موڵکئارا)

«ئەو چاکە و هەستە پاکەی، کە خاوەنشکۆ، (شا)ی خوالێخۆشبوو، لە سۆنگەی بەرژەوەندی گشتیی و خێر و پیاوەتییەوە، نیشانی باوکمی دەدا و خۆشەویستی و دڵسۆزیی باوکی خوالێخۆشبووشم بۆ خاوەنشکۆ، کە شەو و ڕۆژ باوکم بە بەردەوامیی و دڵسۆزانە، دوعای بۆ حکومەتەکەی دەکرد، پێویستە هەموو کەسێك لە هەموو شوێنێك بیزانێت. دیسان پایەبڵندی شاهەنشاشتان باش ئاگادارە لەو دۆستایەتییەی لە نێوان شای خوالێخۆشبوو و باوکمدا هەبوو. ئێستا هەروەك پەندێك دەڵێ: «کوڕ دەچێتەوە سەر باوکی – گیا لە سەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە»، هەروەك پەندێکیتریش هەیە، کە دەڵێ: «خۆشەویستی بەرامبەر، میراتییە». ئێستا من بەشبەحاڵی خۆم و وەك پابەندییەکی ئەخلاقی، هەرگیز کەمتەرخەمیم لەو ئەرکە نەکردووە، کە پێمسپێردراوە و بەو پێیەش پێویستە پایەبڵندی شاهانەتان بە هەمان هەستی خوالێخۆشبوو خاوەنشکۆوە کاربکەن و ئەوەش بە ڕۆحێکی شاهانەوە ئەنجام بدەن، هەروەك باوکت دەیکرد. چونکە بە هەمان شێوەی ساڵانی ڕابردوو، من شاد دەبووم بە سۆز وچاکەی شای خوالێخۆشبوو. لەبەرئەوەی ئێستا دڵم بە لوتف و سۆزی پایەبڵندی شاهانەتان خۆشدەبێت. بزانە ئەو وتەیە چەند جوانە: «کاتێ گوڵ سیس دەبێ و گوڵی باخچە دەوەرێ؛ مرۆڤ دەتوانێ لە کوێ بۆ جوانیی گوڵەکە بگەڕێت! تەنیا لە گوڵاوەکە نەبێت؟».

لە کۆتاییدا عەبدولڕەحیم، کە شوێنی متمانەی ئێمەیە، پەیامەکانمانتان بە دەمیی پێدەگەیەنێت».[2]

---

[1] شرح حال عباس‌میرزا ملك‌آرا _ به کوشش عبدالحسين نوايی – انتشارات بابك – چاپ مهارت – تهران ١٣٦١ شمسی – ل ١٥٦ – ١٥٧

[2] نامەکە لەم (شرح حال)ەدا جێگەکەی بە چۆڵیی هێڵرا بووەوە. ئەم دەقەم لە (لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی) گواستۆتەوە بۆ ئێرە و هەر لە لاپەڕەکانی (٨٠ و ٨٨)ی ئەم سەرچاوەیەشدا ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەم نامەیە، لە ١٨٨٠/١٠/٢٩دا گەیشتۆتە دەست عەبباس میرزا لە تاران. بەڵام دیارە زۆر زووتر نووسراوە؛ کە بەلای زۆرەوە لە ڕۆژانی یەکەمی پێش هێرشی هێزەکانی کورد بۆ سەر ورمێ نووسرابێت، ئەم هێزەیان لە چاو هێزەکەی، کە هێرشی کردە سەر قۆڵی سابلاخ، دەرمنگتر جووڵا و ئەم هێزەش خۆدی شێخ عوبەیدوڵلا

۲/۷/۳: بە دەستەوەدانی پەیامنێری کورد

کە ئەم نامەیەم خوێندەوە، شڵەژام. لە لایەکەوە ترسام لەوەی نەوەکو نۆکەرەکانم پێبزانن و بچن بە هەرجۆرێ بووبێت، هەواڵەکە بەکاربەدەستانی دەوڵەت و شا بگەیەنن. چونکە لە ئێران ئەوە بۆتە باو، جاسووسی لە هەموو شوێنێ داناوە و هەرکەسێك ناسراوبێت، یەکێك یان دووکەس لە نۆکەرەکانی خودی ئەو کەسە، بێئەوەی خۆی پێبزانێ، بە دزییەوە پارەی دەدەنێ، بۆئەوەی سۆراخی هەڵسوکەوتی ئەو کەسە بکەن بە راپۆرت.

لە نۆکەرەکانی خۆم، سێ کەس زیاتری لێنەبوو، ئەوانیتر هەموویان تارانی بوون.

لە لایەکیترەوە رارایی کەوتە دڵمەوە، کە دەبێ چبکەم! ئایا بۆ چارەکردنی ئەو هەموو خراپەیەی کە ناسرەدینشا، بەرامبەر منی کردووە، دەبێ برۆم و ببمە مایەی بە هێزبوونی شێخ عوبەیدوڵلاّ و بە نامەنووسین، بێ خوێن رشتن تەوریز بگرم و پەلاماری تاران بدرێ، لە بەر ئەوەش هەرچی خەڵکە لە جۆری هەڵسوکەوتی ناسرەدین شا رەنجاون، دەتوانرێ تارانیش بگیرێ؟ یاخود بە سۆنگەی خۆشەویستی نیشتمان و هەم ئایینان و خواردنی نان و نمەك، نابێ خیانەت بکرێ و نابێ ببێتە هۆی رشتنی خوێنی شیعەیان! ئەی لە حاڵەتی رۆیشتندا؛ دەبێ چۆنچۆنی برۆم، کە لەو (۲۰) قۆناغە رێیەدا نەگیرێم. لە حاڵەتی مانەوەشدا، دەبێ چ تەگبیری بکەم؟ کە ئەم دوو کەسە بە دوای مندا هاتوون، کەس نەیانناسێ و بێهوودە و بە هیچ و پووچ، لە تاران تووشی بەڵا نەبم!

بە کورتی بە جۆرێ وەسوەسە دایگرتم، کە مەرگم بە ئاوات دەخواست. مەسەلەکەش بۆ ئەوە نەبوو بشێ راوێژ بە کەس بکەم.

بەو دوو کەسەم وت: ئێوە بە پەلە بە نۆکەرەکانی من بڵێن: ئێمەش بۆ ئەوە هاتووین ببینە نۆکەر. بازەوان و راوکەرین. کەمێکیش لە نۆکەرەکان بپارێنەوە، تا ئەوان بۆتان تێبکەون. ئەوسا لە ماڵ دەربچن.

ئەوان رۆیشتن و منیش کەوتمە بیرکردنەوە، تا شەو داهات. ئەو شەوە خەوم لێنەکەوت. بەرەبەیان هەستام، دەستنوێژم گرت، روو بە قیبلە دانیشتم، زۆر گریام، زۆر پاڕامەوە و ناڵاندم. لە (قاضی الحاجات)م خواست: چی خێرە ئەوە بکەم! وا بە دڵمدا هات، کە خیانەت بە وەلیـنیعمەتی، زاهیری خۆم نەکەم و نەبمە مایەی ئاژاوە و فەساد. ئەگەر خراپەیان لەگەڵدا کردووم، ئەوا من بە خوایان بسپێرم و خۆم بچمە حزووری شا و نامەکەی شێخ عوبەیدوڵلاّی بدەمێ و ئەو دوو کەسەش بە دەستەوە بدەم. (النجاه فی الصدق).

سەرکردایەتی دەکرد. رێگەی نێوان (تاران–ورمێ)ش، کە ئەوسا بە پێ، یان بە ئەسپ بووە، (۲۰) قۆناغە رێیە (واتە: ۹٤٦ کیلۆمەتر)ە. بەم پێیە، گەیاندنی ئەم نامەیە نزیکەی (۱۵–۲۰) رۆژی پێچووە.)

دوای ئەوەی ئەم بڕیارەمدا، ئیستیخارەی (ذات‌الرقاع)یشم کرد: «باش بکە و خراپ مەکە» دەرچوو.

دوای هەتاوکەوتن لە حەرەم دەرچووم و وەك هەموو ڕۆژانی‌تر دانیشتم. پرسیاری ئەو دوو کەسەم کرد: لە کوێن؟ نۆکەرەکان وتیان: ئەوانە وتوویانە لە ڕێوە گەیشتووین و ماندووین. ئەسپەکانیشمان لە کاروانسەرایە. دەچین بۆ کاروانسەرا. لەوێ دەخەوین و سبەی بەیانی دێینەوە.

کە ئەمەم بیست، شڵەژام. نەوەکو ئەو دوو کەسە نەیەنەوە. یان بگیرێن و منیش تووشی بەلایەك ببم. دوو سەعات بەمجۆرە مامەوە. لە گیانەلا ناخۆشتر بوو. تا سەیرم کرد هاتنەوە ناو ماڵەکە. سوپاسی خوام کرد. فەڕاشباشیم ڕاسپارد. تا ئەو دوو کەسە، لە قاوەخانەکە خەریك بکەن و نەیەڵن بۆ هیچ جێیەك بچن. خۆمیش سوار بووم و چووم بۆ حوزووری شا... لە باخی عەمارەت، لە تەنیشت نارنجستانەوە دانیشتبوو. عەرزم کرد، کە عەرزێکم هەیە. فەرموویان: چییە؟ عەرزم کرد: با ئەو مەسەلەیە عەرزی شا بێ، کە من کەسێکی خیانەتکار نیم. ئەگەر بۆ ئەستەمووڵ ڕۆیشتم، خوا دەیزانێ لە برسا بوو. ئەگەر چووم بۆ رووسیا؛ لە ترسا بوو. لە (شا) ترسان نە عەیبە و نە تاوانە. بەلام خیانەت لە من ناوەشێتەوە... ئێوارەی دوێنێ، دوو سواری کورد، لە لایەن شێخ عوبەیدوڵلا وە هاتن و نامەیەکیان بۆ هێناوم. داوای لە من کردووە بۆ جەنگ.

فەرمووی: نامەکە لە کوێیە؟ دەستبەجێ دامە دەستی. خوێندییەوە. پرسی: ئەو دوو کەسە لە کوێن؟ وتم: هەردووکیان لە ماڵەکەی منن. فەرمووی: بنێرە بیانهێنن. وتم: ئەمر بفەرموون چەند نۆکەرێکی دیوان بچن، بیانگرن. چونکە خەنجەریان پێیە، نەوەکو کەسێك بریندار بکەن و هەڵبێن.

چەند کەسێك نێردران. دوای ئەوەی هێنایانن، عەرزم کرد: من ئەوانەم بە دەستەوەدا. ئێستەش نەوەکو لە ترسی گیانی خۆیان و بۆ خۆ دەربازکردن، تاوانێکم بۆ هەڵبەستن. فەرمووی: دڵنیابە.

ئەو دوو کەسەیان هێنا و بە (محەمەد ڕەحیمخان - علاالدولە)[1]یان سپاردن، تا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات و لە هەلومەرجی لەشکری شێخ ئاگاداربێ. دوای لێکۆڵینەوە؛ حوکمی زیندانیکردنی ئەبەدییان فەرموون.

بەرامبەر بەم خزمەتە، ئەموستیلەیەکی ئەڵماسی بە من لوتف فەرموو، کە (٢٠٠) تمەنی دەهێنا و حکومەتی (قەزوین)یشی مەرحەمەت کرد، بێئەوەی هیچ پێشکەشیی لە من وەربگرێ و یەك تۆپی سەرداریی تورمەی خراپی بە خەڵات دامێ...[2]

---

[1] مەبەست لە محەمەد ڕەحیمخانی ئەمیر نیزامە.

[2] شرح حال عباس میرزا ملك‌ارا - بە کوشش د.عبدالحسین نوائی.ج - تهران - بابك ٢٥٣- ل ١٥٦-١٥٨

٢- رۆژێك دوای گەیشتنی نامەکەی شێخ، دەستبەجێ عەبباس میرزا رۆژی (٣٠ تشرینی یەکەمی ١٨٨٠)، لە ڕێگەی (تۆمسن)ی گەورە باڵوێزی ئینگلیسەوە لە تاران، چۆنێتی گەیشتنی نامەکەی شێخی بۆ وەزیری دەرەوەی ئینگلیس (ئێرل گرانڤیل) بەمجۆرە باسکردووە:[1]

لە عەبباس میرزاوە بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە

٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٠

دوێنێ: هەینی ٢٩ی تشرینی یەکەم، دوو کورد، کە برابوون و جاران خزمەتی منیان دەکرد. یەکێکیان ناوی عەبدولرەحیم و ئەویتریان حسین قولی، هاتنە ناو ماڵەکەمەوە. وتیان: کاتێ مووچەی دەوڵەتیان هەبووە و لە ڕێگەی (ئازیزخان سەردار)ەوە پێیان دراوە. بەڵام ئێستا ئەو مووچەیە بڕدراوە و داوایان لێکردم بکەومە نێوانەوە و هەوڵیان بۆ بدەم.

بەو بیانووەشەوە، کە یەکێکیان دەیویست فرمانێکم نیشانبدەن، یەکێکیان نامەیەکی دەرهێنا. دای بە من و لە هەمان کاتیشدا پێمیوت کە لە شێخ عوبەیدوڵڵاوەیە.

نامەکەم خوێندەوە و هەروەکو دەڵێت: عەبدولرەحیم زانیاریتریشم بە دەمیی پێدەگەیەنێ، بانگمکردە ژوورێکی تایبەتییەوە، وتی: ئەو لەلای شێخەوە نێردراوە و پەیامەکەش ئەوەبوو، کە: هێزێکی گەورە ئامادەیە و پێویستە چەند زوو دەتوانم، خێرا بکەم و بدەمە پاڵ کامپەکەی شێخ و ئەویش بۆ ئەوە نێردراوە، تا بۆ بارەگاکەی شێخم بەرێت.

لەبەرئەوەی خاوەن شکۆ (شا)، رۆحم بە قوربانی بێت، نازی بە من داوە و پێی گەیاندووم و منیش هەرگیز ناتوانم هیچ جۆرە خیانەتکارییەك بکەم؛ ئەو دوو کوردەم گرت و بەدەستمەوەدان.[2]

٣- هەمان رۆژ (٣٠ تشرینی یەکەمی ١٨٨٠)، عەبباس میرزا، هەر لەگەڵ هەواڵی چۆنێتی گەیشتنی نامەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا دا، کە بە هۆی «تۆمسن»ەوە بۆ وەزیری دەرەوەی ئینگلیسی نووسیبوو، دەقی نامەکەی شێخ عوبەیدوڵڵاشی بۆ تۆمسن ناردبوو. ئەویش لای خۆیەوە بۆ وەزیری دەرەوەی ناردبوو.[3]

ئەو دەقەی پێشتر نووسیمانەوە، لەم جێگایەوە گواستبوومانەوە.

---

[1] لەگەڵ گێڕانەوەکەی پێشوودا کەمێك جیاوازە.

[2] لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی - ل ٨٨ - ٨٩، هاوپێچی (٦)ی نامەی ژمارە (٦١). (ئەم نامەیەی عەبباس میرزا کراوەتە هاوپێچی نامەی ژمارە (٦)ی ئەو چەند هاوپێچەیتر، کە لەگەڵ نامەی ژمارە (٦١)ی ناو دو کومێنتەکانی کتێبی ناوبراودا، لە لایەن میستەر (تۆمسن-ی باڵوێزی ئینگلیسەوە لە تاران، بۆ ئێرل گرانڤێل - نێردراون).

[3] سەرچاوەی پێشوو - (دەقی ئەم نامەیە کراوەتە هاوپێچی ژمارە (٤)ی ئەو چەند هاوپێچەیتر، کە لەگەڵ نامەی ژمارە (٦١)دا لە لایەن میستەر تۆمسن-ەوە بۆ ئێرل گرانڤێل نێردراون)

بلاوکردنەوەی هەواڵی ئەم نامەیـەی شێخ عوبەیدوڵلا و چۆنێتی گەیشتنی لە لایەن عەبباس میرزاوە، دوو نیشانەی هەیە:

١- عەبباس میرزا ئەوەندە لە ناسرەدینشای باوکبرای دەترسیٚ، دڵی بەوە ئاوی نەخواردۆتەوە، کە خۆی دەقی نامەکەی شێخی نیشانی خودی ناسرەدین شا داوە و دەیەوێ کەسانیتری وەك وەزیری دەرەوەی ئینگلیس و گەورە باڵوێزی ئینگلیس (تۆمسن)یش ئاگادار بکاتەوە، تا هەواڵەکە لە زمانی عەبباس میرزاوە زیاتر بلاو ببێتەوە و ناسرەدینشا، ئەم هەواڵە، لە زمانی عەبباس میرزاوە، لە چەند جێگەیەکیتریشەوە ببیستێتەوە.

٢- گەورەیی و ناوبانگی شێخ عوبەیدوڵلا و شۆڕشەکەی؛ کە عەبباس میرزا خۆی پێوە هەڵدەکێشیٚ.[1]

٨/٣: نامەی شێخ عوبەیدوللا بۆ وەلیعەهد

ئەم نامەیەی سەرەوەی شێخ عوبەیدوڵلا، بۆ عەبباسمیرزا، بۆ پایتەخت بوو لە تاران؛ بەلاٚم وەك بەڵگەنامەکان دەریدەخەن، پێشتریش نامەیەکیتری بۆ تەورێز، بۆ نشینگەی (وەلیعەهد - موزەفەرەدین میرزا)ی کوڕی ناسرەدینشا نووسیوە و لەم نامەیەدا بە شێوازێکیتر و بە زمانێکیتر، لەگەڵ (موزەفەرەدین میرزا)دا دواوە.

ئەم نامەیەی شێخ عوبەیدوڵلا، تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکیتردا ئاماژەی پیٚنەکرابوو. بەلاٚم موزەفەرەدینمیرزا خۆی درکاندوویەتی و ناوبراو لە نامەیەکیدا، کە ساڵی ١٨٨٠، بۆ ناسرەدینشای باوکی نووسیوە، ئاوا دەڵیٚ: «شێخ عوبەیدوڵلا بە هێز و توانای خۆیدا راپەڕمووە و (ڕەزابەگ)ی نۆکەری پێشووی (عەزیزخانی سەردار)ی بە نهێنیی لەگەڵ تفەنگێکی مارتینی بە دیاری بۆ ناردووم... لە نامەکەیدا ویست و ئامانجەکانی خۆی روونکردۆتەوە؛ کە دەیەوێ لەگەڵ تورکیادا شەڕبکات و لە خۆرهەلاٚتی سنووری تورکیاوە، تا ئەستەمووڵ بگریٚ و خۆی ببێتە فەرمانڕەوا و شاری (مووسڵ)یش بکاتە پایتەخت. لەم جموجووڵەشدا هیچ زیانێکی بۆ ئێران و هیچ داوایەکیشی لە ئێران نابیٚ، لەوە زیاتر کە تەنیا و تەنیا، ئێران کۆسپ و تەگەرە نەخاتە سەر ڕێی گەیشتن بەم ئامانجە... ئەوسا ساڵ بە ساڵیش باج و خەراجی خۆی بە حکومەتی ئێران دەدات.[2]

---

[1] ئیسان هەر میستەر تۆمسن لە چەند جێگەیەکیتری نامەکانیدا بۆ سەرووتری خۆی باسدەکاتەوە (بنوارە: پاشکۆی ژمارە (١٤))

[2] حکومت سایەها - اسناد محرمانه و سیاسی میرزا حسینخان (سپهسالار). به کوشش محمدرضا عباسی - انتشارات سازمان ملی ایران -١٣٧٢ شمسی - ل ٢٨١

ئـەم نامـە و تەقەللايـەی شـێخ عوبـەیدوڵلاّ، کـە لــە ڕێگــەی موزەفــەڕەدین مــیرزای وەلیعەهدەوە لەگەڵ ئێراندا کردوویــەتی؛ وەزیـری دەرەوەی ئـەو ڕۆژگـارەی ئـێرانیش (مـیرزا سـەعیدخان)، لـەو نامەیــەیدا دەیســەلێنێ، کــە لــە ٢٢/١٢/١٨٨٠دا لــە تارانــەوە بــۆ «موحسین‌خانی موشیردەولە»ی گەورەباڵوێزی ئێرانی لە ئەستەموول نووسیوە.

وەك لەو نامەیەدا دەردەکەوێ دەوڵەتی ئێران زۆر سارد و کەمتەرخــەم و بێبایەخانــە بـۆ ئـەم نامەیـەی شـێخیان نواڕیـوە و دوای تێپـەڕبوونی نزیکـــەی ســاڵێکیش درکاندوویانــە و نوێنەرەکەیشان بە بێ وەلاّمدانەوە ناردووەتەوە.[1]

٩/٣: نامەی شێخ عوبەیدوڵلاّ بۆ ئیقبالّدەولە

دیسان هەر پێش لەشکرکێشی بـۆ سـەر ورمـێ؛ شـێخ عوبـەیدوڵلاّ لـە (١٥ی ئەیلوولــی ١٨٨٠)دا، نامەیەکی‌تری بۆ یەکێك لە کاربەدەستە گەورەکانی قاجار دەنووسێ؛ کـە ئـەویش (ئیقبالدەولە)ی حاکمی ورمێ‌یە و لە دەربار نزیکە و دەیەوێ لـە لایەکـەوە، لـە هێرش‌کردنـە سەر ورمێدا، بە بێ خوێن‌ڕشتنی خەڵك، شارەکە بە دەسـتەوە بـدات و لـە لایەکی‌تریشــەوە بزانـێ دەم ودووی دەربـاری قاجـار، لـەبارەی کێشـەی کـوردەوە چییـە! ئەمـەش پوختــەی نامەکەی شێخ عوبەیدوڵلاّ یە:

لە شێخ عوبەیدوڵلاّ وە بۆ ئیقبالدەولە

> «دوای ڕێز و سلاّو پێگەیاندن، دەڵێت حاجی مەلاسـمایلـی ناردووە بۆئەوەی بــە دەمیی پێوەندی بــە حاکمــەوە بکـات. ئـەو بێئاگـا نییـە لـە پابەندییـەکانی پێشـوو و هەمیشە وای بۆ چووە، کە شتێکی ڕاست بێت، ئەوەی بــە بـیریدا دەهـات بەکـەڵك بێت بۆ حکومەتی ئێران، بە ڕاشکاوی باسـی بکـات و حکومـەتیش سـەربەسـت بـوو لەوەی بەو شێوەیەی پێی‌خۆش بوو، بۆ چوونەکانی پەسەند بکات، یا نەیکات.
>
> بێگومان حکومەت ئاگادارە لەوەی کە (٥٠٠) هەزار بنەماڵە لە کوردستاندا هــەن (بە ڕەعیەتی تورك و ئێرانییشەوە).
>
> لەبەرئەوەی تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەیەکی بنەوەشیی لەسەر دۆخـی کوردسـتان نـەکراوە، هەمیشـە خەڵکەکـەی بـە پیسـترین شـێوە لـە قەڵـەم دراون... لەوانەیە کەسانی خراپ لە ناویاندا هەبێت، بەلاّم بۆچی خەڵکە بێ‌تاوانەکە لەگـەڵ تاوانکارەکاندا لەیەك ڕیزدا دابنرێن؟
>
> هۆی ئەوەی کە بۆچــی گلـەیی و گـازندە لـە کوردەکـان دەکرێـت، ئەوەیـە کـە حکومەتی عوسـمانی و ئێران، هیچیان نە دەسەلاّتیان هەیە و نە دەخوازن بــە باشـی و ڕێکوپێکی حوکمیان بکەن.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٢٨١. هەروەها بنواڕە پاشکۆی ژمارە ٢ بەلگەنامەی ژمارە ١٠٨.

کورد لە هەموو ئەمانەوە لەکەدار کراون و ئەوانیش بەشبەحالی خۆیان هیچ پێوەندی و ڕێزێکیان بۆ فەرمانڕەواکانیان نییە.

بە هۆی ئەم بارودۆخەوە، کوردەکانی ئێران و تورکیا بڕیاریان داوە، یەکبگرن و دەوڵەتێك پێكبهێنن و لە ناو خۆیاندا یاسا بپارێزن و (بە نووسین)یش بەڵێنی ئەوە بدەن، کە هیچ هەڵلا و بێیاساییەك لە وڵاتەکەیاندا ڕوونەدات.

مەحاڵە بتوانرێ ئەم جووڵانەوەیەی ئێستا، بە زەبری هێز دابمرکێنرێتەوە. خۆ ئەگەر حکومەت پەنای بۆ (هێز) برد، ئەوا دەیدۆڕێنن و زیانێکی گەورەتریش لە هەردوولا دەکەوێت.

لەبەرئەوە شتێکی باش دەبێت، ئەگەر حکومەت ڕێ و شوێنی هێمنانە بگرێت. گەر واش نەبێت، هیچ وەڵامێك بۆ ئاکامەکانی نییە.

شێخ دەگاتە ئەو ئاکامەی کە بڵێت، ئەوە دووبارە دەکاتەوە، کە تەنیا هەستی دڵپاکی و دۆستایەتی مەبەستە و حاکمیش بۆی هەیە چی بە باش دەزانێت، بیکات....

١٥ی ئەیلوولی ١٨٨٠».[1]

بەڵام یەکخستن و کۆکردنەوەی خەڵك و ڕاپەڕاندنیان لە دژی دەسەڵاتی ناسرەدینشا و هێرش و پەلاماری بەشێکی زۆری چەکدار و ڕاپەڕیوی گەلی کورد، بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت و ئازادکردنی ناوچەیەکی بەرین و پەلاماردانی ناوچەکانی دەوروبەری شاری تەورێز؛ (کە دوای تاران دووەمین شاری گرنگی ئێرانە) و هاندانی عەبباسمیرزای برای ناسرەدینشا، بۆ یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە و بەشداریی لە شۆڕشی کوردستاندا، کە ئامانجی شۆڕشەکە، دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوو؛ بەڕێبەرایەتی شێخێکی تەریقەتی سوننی مەزهەبی کورد!... بە گشتی مەترسییەکی یەکجار گەورەیان بۆ سەر دەسەڵات و تەختی سەڵتەنەتی ناسرەدینشا دروستکردبوو، کە ناسرەدینشا خۆی لەو کاتەدا، لە تەنگوچەڵەمەیەکی هەمەلایەنە و قووڵدا بوو... بۆیە ناسرەدینشا لەم هەلومەرجە بەجۆرێك تووڕە ببو، تا بە پەلە گەورەترین هێز، لە سەر هێزەکانی کورد کۆبکاتەوە و پێش ئەوەی بیەڵێت بۆ ناوچەکانی: سنە، کرماشان و هەورامان بتەنێتەوە؛ دایمرکێنێتەوە.

ئەم تووڕەبوونەی ناسرەدینشا، ئەوەندە زەق و ئاشکرا بووە، کە لە سەرەتای سەرهەڵدان و پلانی دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەدا، یەکەمین فرماننامە، خۆی و بە خەتی خۆی، بۆ سەرکردەی سپای ئێران (میرزا حسینخان)، بەمجۆرە نووسیوە:

«سەرەڕای سەرقاڵیی و ماندووبوونی زۆریشم، ناچار بووم بە خەتی خۆم، فرمانێکی کورتتان بۆ بنووسم... بۆیە بە گەیشتنی ئەم فرمانە، بە وتەی خەڵکی ڕەشۆکیی: ئەگەر

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی – ل ٨٧ – ٨٨، هەروەها جەلیلی جەلیل ل ١٧١–١٧٢

ئاویشت بــه دەستەوەیە؛ مـەیخۆرەوە و بگـەرە ئازەربایجـان و... بـه پەلـه پشێویی ئـەوێ چاربکرێ و... بەتایبەتی کوردانی موکری، زۆر بە سەختی تـەمێ بکرێـن و سـەرلەبەریان و سەرۆکەکانیان بە زنجیر کراوی بنێریتە تاران... بە خێرایی فریا بکـەوە، بـەڵکو سـەرکوتیان بکەیتەوە...».[1]

سەرەڕای ئەمانەش، زۆربەی ئەو نامانــەی بـۆ دامرکاندنـەوەی شۆڕشـەکەی کـورد، لـه نێوان وەزیرانی دەرەوەی ئێران و عوسـمانی و باڵوێزەکانیان و سـەرانی لەشـکر و بەرپرسـاندا گۆڕدراونەتەوە و گەیشتوونەتە دەرباری شـا، دیسـان هـەر ناسرەدین شـا، قسـەی سـووك و درشـت و نابـەجێی وەك: پدرسـوختە، ملعـون، حـەرامزادە...ی لــه دووتوێــی ســەرنج و فرمانەکانی خۆیدا، بە خەتی خۆی، لەسەر دامێنی زۆربەی ئەو نامانەدا بە شێخ عوبەیدوڵلا وتووە!!

٣/١٠: هەڵوێست لە دەوڵەتی عوسمانی

بە دەنگەوە چوونی شێخ عوبەیدوڵلا ، بۆ بانگەوازی جیهاد و غەزای جەنگە دۆڕاوەکەی دەوڵەتی عوسـمانی، لە دژی رووسیا، ئاکامێکی بێهوودەی بۆ شێخ عوبەیدوڵلا هێشتەوە و بە دەستی خاڵـی گەڕایەوە نـاو کوردسـتانێکی هـەژار و بێ‌دەرەتـان و نەتەوەیـەکی ژێردەسـتەی پشتگوێ خراوی نـاو رێکەوتننامـەکانی سان‌سـتیڤانۆ و بـەرلین و کردەوەکـانی کاربەدەسـتانی عوسـمانیش (وەك خاڵفین دەڵێ) پله و پایەی شێخ عوبـەیدوڵلایان خسـتبووە مەترسییەوە و دەبووایە کارێکی وای بکردایە، تا لایەنگرەکانی بڕوای پێ تازەبکەنەوە.[2]

لەبەرئەمـە، یەکسـەر دوای بڕانـەوەی شۆڕشـەکە و بڵاوبوونـەوەی زانیــاریی لــەبارەی رێکەوتننامەکانی سان‌ستیڤانۆ و بەرلینەوە، کە نەك هەر هیچیان بۆ کورد تێدا نەبوو، بـەڵکو (وەك پێشتر وتمان) کوردیشیان تێدا بەدناو کرابوو.

شـێخ عوبـەیدوڵلا نوێنـەری تایبـەتی خـۆی، بـه هەرەشـەوە بــۆ ئەسـتەموول نــارد و ئاگاداریکردن، کە دەبێ باری کورد چاکتر بکرێ.[3]

حکومەتی عوسـمـانیش زۆر زوو ئاگـاداری جـموجوڵ و خۆ ئامادەکردنی شێخ عوبەیدوڵلا بوو. بەڵام تازە لە جەنگێکی سەخت و مەرج و گوشاری قورسی رووسیا و ولاتـانی ئـەورووپا، هاتبووە دەرێ و رووبەڕووی تەنگو چەڵەمەی زۆرتر ببووەوە و ئێرانیش کێشەی کۆنی سـنوور و داواکاری تازەی لە ناوچەکانی (قوتوور) و (زەهاو) زیندوو کردبـووەوە و نەیدەپەرژایـە سـەر

---

[1] بنوارە پاشکۆی ژمارە (٣). هەروەها: ابراهیم صفائی – نامەهای تاریخی ایـران – چـاپ بـابك – ١٣٥٥ ش – ص ٩–١٢.

[2] خاڵفین – ل ١٦٧.

[3] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەرە

زەوتکردنی هەموو ناوچەکانی قەڵەمڕەوەکەی خۆی. لەگەڵ ئەمانەشدا نەیتوانی چاو لە تەقەللای بەردەوام و زنجیرە کۆبوونەوەکانی سەرانی کورد لە نەهری بنوقێنێ و ئەوەندەی لە داهاتووی ئەو جموجوڵەی کورد دەترسا، ئەوەندە لە داهاتووی کێشەی ئەرمەن نەدەترسا. بۆیە هەر زوو بە پیر هەرەشەکەی شێخەوە، (موفتی)ی شاری (وان)ی بە نوێنەرایەتی (سوڵتان) ناردە لای شێخ عوبەیدوڵلا، بە ئومێدی ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵدا بکات. هەرچەندە گفتوگۆکە هەفتەیەکی خایاند، بەڵام ئاکامێکی ئەوتۆی نەدا، بە دڵی کاربەدەستانی عوسمانی بێت. شێخ عوبەیدوڵلا مەبەستی خۆی بۆ «موفتی» خستە روو؛ بەتایبەتی نارەزایی خۆی دەربارەی دەسگاکان و خراپ بەکارهێنانی بەڕێوەبەرایەتی ئەو دەسگایانە دەربڕی[1] و ئاگاداریشی کرد، کە جامەکە پڕ بووە و خەریکە لێی دەڕژێ.[2] روونیشی کردەوە، کە کارە ناڕەواکانی کاربەدەستان، ژیانی کوردستانی کردووە بە دۆزەخ.[3] موفتی بەڵێنی دایە، کە هەوڵبدات داخوازییەکانی بەجێبهێنێ.[4]

جەنەراڵ زێلیونی لەو راپۆرتەیدا، کە لە (١٥)ی شوباتی ١٨٨٠دا، بۆ فەرماندەی گشتی ئەرکانی قەفقازی نارد، دەربارەی هەڵوێستی شێخ لەو گفتوگۆیەدا، دەنووسێت: «شێخ نیازی وایە سوود لەو بێهێزیی و بێدەسەڵاتییەی ئەمڕۆی عوسمانی ببینێ. لەو رایەدایە عوسمانی بەرەو رووخاندنێکی تەواو دەڕوات. لەبەرئەوە دەیەوێ لە عوسمانی جیا ببێتەوە و سەربەستییەکی راستەقینە دەستبخات».[5]

دوای هاتنی (موفتی - وان)، ئینجا موشیر «سەمیح پاشا»ی فەرماندەی گشتی لەشکری خۆرهەڵاتی تورکیا، بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ شێخدا، هاتە وان.[6] بەڵام لە ئەنجامی گفتوگۆ زۆرەکانیاندا، هیچ بڕیارێکی باش بۆ کورد نەدرا و وەك (کامساراکان)ی سەرکونسوڵی رووس لە وان دەڵێ: «سەمیح پاشا هەموو هەوڵێکی هەر بۆ چاکەی مووچەخۆرە تاوانبارەکان بوو».[7]

حکومەتی عوسمانی دەیزانی ئەو هەڵچوون و وروژانەی لە کوردستاندا لە ئارادایە، هەروا بە ئاسانی دانامرکێتەوە. بۆیە بە هەر هەوڵ و تەقەللایەك بوو، دەیویست رێگەکانی دامرکاندنەوە بگرێتە بەر و لەم رووەوە، جگە لە رێگەی گفتوگۆ، لەگەڵ خودی شێخ

---

[1] جەلیلی جەلیل - ل ٨٢

[2] خالفین - ل ١٦١

[3] هەمان سەرچاوە - ل ١٦٨

[4] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[5] جەلیلی جەلیل - ل ٨٢.

[6] خالفین - ل ١٦٨

[7] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

عوبەیدوڵڵادا، ڕێگەی قایمکردنی ناوچە کوردنیشینەکانیشی بە هێزی لەشکر و سەرباز گرتەبەر.

لە پایزی ساڵی ١٨٧٩دا، موشیر سامی پاشا، لە جێگەی دەروێش پاشا دانراو کرا بە فەرماندەی لەشکری چوارەمی ئەنادۆڵ و دەسەڵاتێکی زۆریشی پێدرا. سامی پاشا بە هێزەکەیەوە گەیشتە وان. بە ناوی فریاکەوتن و یاریدەدانەوە، بە هێزێکی پیادە، لەگەڵ دوو بەتارییەدا لە ئەرزەڕۆمەوە بەرەو وان کەوتنە ڕێ. جگە لەمەش سامی پاشا، چەند بەتالیۆنێکی بەدەوری هەکاریدا کۆکردەوە، ئەم بەتاریانەی لە شارە دراوسێکانی وەك: دیاربەکر، ئەرزنجان و مووسڵ کۆکردەوە. نیازیش لەمە ئەوە بوو پێوەندی (هەکاری) لەگەڵ کوردە دراوسێکاندا بپچرێت.[1]

یەك دوو ئاسووری، کلایتۆنی جێگری کۆنسوڵی ئینگلیسیان لە وان ئاگادار کرد، کە: «لەبەرئەوەی هەموو ڕێگەوبانەکان بە سپا تەنراون، کوردەکان بۆیان ناکرێت فریای ڕاپەڕینەکەی شێخ بکەون»[2]

سامی پاشا هەر کە گەیشتە وان، خێرا داوای لە شێخ عوبەیدوڵڵا کرد، لەگەڵ «بەحریبەگ»ی کوڕی بەدرخانبەگی گەورەدا، بکەوێتە گفتوگۆ، کە یاوەری سوڵتان عەبدولحەمید بوو.[3]

بەحریبەگ ڕاسپێردرابوو بە هەمووجۆرێك (جا لە ڕێی پارەوپوول و دەمچەور کردنەوە، یان لە ڕێی بەڵێن و گفت بەخشینەوە) بێت، وا لە شێخ بکات، واز لە نیازی ڕاستبوونەوە بهێنێ.[4]

بەڵام ڕاپۆرتی ئەرمەنەکان، سەبارەت بە ئەم سەردانەی بەحریبەگ، بۆ لای شێخ، پێچەوانەی ئەم زانیارییانەی چاودێرانی رووسیایە و لەو ڕاپۆرتەی پەتریارکی ئەرمەنیدا، کە بۆ ئێرل گرانڤێلی وەزیری دەرەوەی ئینگلیسی ناردووە، دوو هەڵوێستی جیاوازی «بەحری بەگ»ی تێدا بەدی دەکرێ. چونکە ڕاپۆرتەکە لە لایەکەوە دەڵێ «کاتێ بەحریبەگ، وەك هەڵگری میدالیای دەوڵەت، کە حکومەتی عوسمانی پێی بەخشیبوو، هات بۆ ئاغباغ (هەکاری)، ئەم وتەیەیدا: من بانگهێشتنی شێخ دەکەم بچێت بۆ ئەستەموول، گەر بەرهەڵستی بکات، ئەوا منیش لای خۆمەوە، بە هێزەکانی ئیمپراتۆرییەوە، هەڵدەکوتمە سەری».[5] لە هەمانکاتیشدا دەڵێ: «لەگەڵ ئەم قسانەشدا، بەحریبەگ هەر ئەوەندەی

---

[1] جەلیلی جەلیل – ل ٨٨

[2] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[3] هە.ان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[4] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[5] پاشکۆی ژمارە (١٤)،

گەیشتە لای شێخ، نەك هەر تەنها سەرۆك كوردەكانی ئەرمینیای بانگكردە لای شێخ، بەڵكو ئەوانەی ئێرانیشی بانگكرد»...[1] بەحریبەگ بانگهێشتنی خێڵەكانی: میلان، ئەلكان و دوودەری ئێرانیشی كردووە، كە بێن و بچنە ژێر ركێفی شێخەوە...[2] بە هۆی بەهانەی جیاوازەوە دەخوازێت بچێت بۆ وان، بۆئەوەی كوردەكانی ئەو ویلایەتە هانبدات بچنە ناو بزووتنەوە گشتییەكەوە...[3] بەحریبەگ دەچێت بۆ لای سەرۆكخێڵە كوردەكان و هەندێ جار بەڵێنیان دەداتێ و هەندێجاریتریش تكایان لێدەكات و هەندێجاریش هەڕەشە بەكار دێنێت بۆ یەكخستنی هەموویان لە دەوری یەك سەرۆك، كە ئەویش شێخ عوبەیدوڵلایە.[4]

بە كورتی لەم راپۆرتەی بە تریاركدا دەتوانین ئەم زانیارییانە هەڵگۆزین:

١- بەحریبەگ لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ لای شێخ عوبەیدوڵلاّ و سەرۆك خێلانی كورد نێردراوە.

٢- وادیارە بەحریبەگ، بە دەمیی لەناو خەڵكدا بەجۆرێك قسە دەكات و بە كردەوەش شتێكیتر دەكات.

٣- بەلاّم ئەوەی زۆرتر لەنگەری لە سەر دەگیرێت، ئەوەیە كە دەوڵەتی عوسمانی دەزانێ ئەو هەڵچوونە رەوایەی لە ناو كوردستاندایە، لە رێگەی بەكارهێنانی لەشكركێشی و زەبر و زەنگەوە دانامركێ و خودی دەوڵەتی عوسمانیش دەرەتانی ئەوەی بۆ نەبوو. بۆیە بۆئەوەی ئەو هەڵچوونە، لە بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی بەكاربهێنێ؛ دەیەوێ راستەوخۆ شوێن دەستی خۆی، لەو هەڵچوون و پێكهێنانەی «یەكێتی كوردان»دا هەبێ و بەمەش لە روخسار و ناوەرۆكی «یەكێتی كوردان» ئاگادار بێ و لە هەمان كاتیشدا، كەم و زۆرێك جڵەوەكەی لەدەست خۆیدا بێ و لەم رێگەیەشەوە بزووتنەوەكە ناشیرین بكات.

٤- ئەرمەنەكان بە خۆئامادەكردنی «یەكێتی كوردان» بترسێنێ و بوروژێنێ؛ كە كوردان لە دژی بەندی (٦١)ی رێكەوتننامەی بەرلین راستدەبنەوە و ئەمەش گریمانی ئەوەی لێدەكرێت شەڕ و تێهەڵچوونی گەورە و خوێناوی لە نێوان كورد و ئەرمەندا روودات و لەم رێگەیەشەوە (وەك پێشتر وتمان)، رق و توورەبوونی وڵاتانی ئەوروپا، لە دژی كورد بقۆزێتەوە ئەوسا بە ئارەزووی خۆی، تۆڵە لە كورد بكاتەوە و لە ئاكامیشدا دوو نیشان پێكەوە بپێكێ و لەدەست ئەرمەن و لەدەست كوردیش رزگاری دەبێ.

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] هەمان سەرچاوە.

[4] هەمان سەرچاوە.

«بۆ ئەم مەبەستەش سامیپاشا و بەکربەگی یاوەری سوڵتان، لەگەڵ ئەم و ئەو سەرۆکی کورد دا، گفتوگۆیان کرد. هەوڵیاندا ئەو راپەرینەی لە تەقینەوەدا بوو، ئاراستەی ئەرمەنەکانی بکەن و بیکەن بەگژیاندا»[1]

ە- لەبری لە دەستدانی ئەو ناوچە زۆر و زیانە زۆرانەی بە گشتی لە ناوچەکانی باڵکان و بەتایبەتیش لە خۆرهەڵاتی تورکیا، لە جەنگە دۆراوەکەیدا، لێی کەوتووە؛ بتوانێ لە خۆرئاوای ئێراندا قەرەبووی بکاتەوە، کە لەم کاتەدا ئێرانیش دوای برانەوەی جەنگەکە و بە گوێرەی بەندی (٦٠)ی رێکەوتننامەی بەرلین، کە رووسیا داکۆکی دۆستانەی لە ئێران کردبوو، قوت ببوەوە و داوای ناوچەکانی: (قوتوور و زەهاو)ی دەکردەوە، کە «دەمێك بوو کێشەیان لە نێواندا لەسەریان هەبوو».[2] جگەلەوەی کۆنەقینی رۆژانی جەنگەکەیشی لە ئێران هەبوو. چونکە (بە درێژایی شەری ١٨٧٧-١٨٧٨، ئێران هەوڵی دەدا، لەگەڵ رووسیادا یەك بگرێت)[3] و دژی دەوڵەتی عوسمانی بچێتە جەنگەوە.

لەم پێناوەدا کاربەدەستانی عوسمانی، لە قۆناغی یەکەمی تەقەللاکانی شێخ عوبەیدوڵلاّ بۆ یەکخستنی سەرانی کورد لە «یەکێتی کوردان»دا، پرۆپاگندە و چاووراوێکی زۆریان لەناو خەڵکدا بلاّوکردەوە، کە لە پشت خۆئامادەکردن و کۆبوونەوەکانی «یەکێتی کوردان»ەوەن و بۆئەوەش ئەم شتانە بە کردەوە، لەبەرچاوی خەڵك بسەلمێنن، پەیتاپەیتا، نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی، سەردانی ناوچەکە و بارەگای شێخ عوبەیدوڵلاّیان لە نەهری کرد و گەلێ بەڵێنی گەورەشیان بە خودی شێخ عوبەیدوڵلاّ دەدا. بەلاّم وەك کلایتۆن دەڵێ؛ «من لەو باوەڕەدانیم، شێخ گوێیان لێ بگرێت».[4] لە راستیشدا مەبەستیان بووە وەك ئامرازێکی گوشار خستنە سەر ئێران و کێشەی ئەرمەن، بەکاری بهێنن.

بەلاّم تەقەللا دیپلۆماسییەکانی شێخ عوبەیدوڵلاّ، بە هەموو نیشانەکانیانەوە، ئەوەیان دەگەیاند، کە شێخ هیچ هیوایەکی بە دەوڵەتی عوسمانی نەمابێ و بە دوای رێگەچارەی تازەدا دەگەڕا، تا لە دەرەوەی دەسەلاّت و سێبەر و حەزی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەرنامەکانی خۆی دابرێژێ و ئەوپەری توانای خۆی خستەکار، بۆئەوەی زەبری ئەو پرۆپاگندانەی دەوڵەتی عوسمانی، کار لەسەرانی کورد و رۆڵەکانی نەکات و ناوبانگی کوردیش، لای گەلانی دراوسێ و ولاّتانی ئەورووپا بپارێزێ.

---

[1] جەلیلی جەلیل - ل ١١٤

[2] خالفین - ل١٥٢

[3] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[4] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی - ل ٥٣- هاوپێچی (١)ی نامەی ژمارە (٥٤)

١١/٣: هەڵوێست لە گەلی عەرەب و گەورەپیاوانی:

شێخ عوبەیدوڵڵا جگە لەو تەقەللایانەی لەم بوارەدا لەگەڵ (دەوڵەتاندا) دەیدا، لە هەمان کاتیشدا هەوڵی دەدا پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ ژێردەستە و نەیارانی دەوڵەتی عوسمانیدا پتەو بکات؛ کە ئیمپراتۆری عوسمانی گەلانێکی زۆری خستبووە ژێر باری زوڵموزۆری خۆی و دەیچەوساندنەوە و دیارترینیان گەلی عەرەب بوو.

گەلی عەرەبیش لەدوای بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامەوە، لە ناو کورددا خۆشەویست وبەرێز بووە، «ژمارەیەکی زۆر لە خێزانی سەیید و شێخ و مەلا و پیر و گەورەپیاوەکانی کورد، بە راست بێت یان هەڵبەست، رێچەڵەکی خۆیان دەبردەوە سەر عەشیرەت و بنەماڵە و گەورەپیاوە مێژووییەکانی عەرەب».[1]

جگە لە پێوەندی هاوئایینی و هاومەزهەبیی، لای خۆراوا و باشووری نیشتمانەکەیەوە، هاوسێی عەرەب بوو. پێوەندی فەرهەنگیی و بازرگانیی بەهێزیش لەنێوان هەردوومیللەتا هەبوو. بگرە لە هەندێ شوێن تێکەڵاویی و پێوەندی خزمایەتیش لەنێوان عەشیرەتەکانیاندا هەبوو.

نەتەوەی عەرەب کە خۆی بە خاوەن و میراتگری ئایینی ئیسلام دەزانی، بە لایەوە دژوار و گران بوو ئیمپراتۆری عوسمانی بۆ ماوەی نزیکەی ٤٠٠ ساڵ زیاتر، نەك هەر ئەم میراتەی لە عەرەب زەوت کردبوو، بەڵکو خۆی بە میراتگری ئایینی ئیسلام و مەڵبەندە پیرۆزەکانی وەك: مەککە و مەدینە دەزانی و کاربەدەستیان لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ دیاری دەکرا. بۆیە بۆ خۆرزگارکردن لەم زوڵموزۆرە نارەوایە، هەوڵی زۆریان داوە و بەڵگەنامەکانی بەردەستمان ئەوە دەسەلمێنن، کە لە سەروبەندی خۆئامادەکردنی شێخ عوبەیدوڵڵادا بۆ شۆرشی ١٨٨٠، کێشەی سەخت لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و «خدێوی میسر» و «شەریفی مەککە»دا بوون.[2]

شێخ عوبەیدوڵڵاش کە خۆی و بنەچەکەی خۆیان بە موسڵمانێکی راست و پاك دەزانی، پێویستی بەوە بووە رەوایی بزووتنەوەکەی و لە رێسا دەرچوونی کاربەدەستانی عوسمانی لە ئایینی ئیسلام، بۆ پیاوانی ئایینی عەرەب بسەلمێنێ و «هەوڵبدات پشتیوانیی مەعنەوی - سیاسی گەلی عەرەب و گەورەپیاوەکانیان بەدەستبهێنێ. بۆ ئەم مەبەستە پێوەندی لەگەڵ چەندین شوێن کردووە. نامە و نێردراوی ناردۆتە لایان.»[3]، لەوانە:

---

[1] ساڵح محەمەدئەمین، ل ١٦٥ - ١٦٦

[2] بنواره پاشکۆی ژمارە (١)، بەڵگەنامەکانی: ٥٨٤، ٥٩٣، ٥٩٦، ٦٠٠، ٦٠٢. هەروەها: جەلیلی جەلیل، لاپەڕەکانی ٨٦، ١٦٧، ١٦٨

[3] ساڵح محەمەدئەمین، ل ١٦٦

١- شەریفی مەککە: کە زێوانی گۆڕێ پێغەمبەر و شــوێنە پیرۆزەکـانی ئیسـلام بـووە و هەموو ساڵ دەیانهەزارکەس لە سەرانســەری وڵاتـانی ئیسـلامییەوە بـۆ بـەجێهێنانی ئـەرکی حەج، روویانتێکردووە. کاریگەرترین و گرنگترین ناوەندی کۆبوونەوەی ساڵانەی موسڵمانانی دنیـا بـووە. لەمـەش دیـارە مەبەســتی بەدەســتهێنانی پشــتیوانی مەعنــەوی – سیاســی کاربەدەستی پیرۆزترین ناوەندی ئیسلامی جێگەی ڕێزلێنانی هەموو موسڵمانانی دنیا بووە.

٢ – خدیـوی میسـر: ئەگـەرچی لـەو سـەردەمەدا لاواز ببـوو، کـەوتبووە ژێـر نفــووزی دەوڵەتانی ئەوروپییەوە، بـەڵام میسـر گرنگییـەکی گـەورەی فەرهـەنگی هـەبوو، جگەلەوانـە گرنگترین زانستگەی دینی – ئیسلامی (جامعەالازهر) لە قاهیرەدا بوو.

٣- هەندێ لە گەورەپیاوانی عەرەب لە ویلایەتەکانی مووسڵ و بەغداد، کە هاوسنووری نفووزی سیاسی و دینی خۆی بوون. هەندێ ســەرچاوە وا رادەگەیـەنن لـە دوا راپەڕینەکـەی شێخدا نزیکەی (٥) هەزار عەرەبی ویلایەتەکانی بەغداد و مووسڵ لە ناوچـەکانی هـەکاری، بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی شێخ عوبەیدوڵڵا کۆبوونەتەوە.[1]

---

[1] ساڵح محەمەدئەمین، ل ١٦٦

٤ - شۆڕش

٤/١: قۆناغی یەکەم : بیروڕای جیاواز

شێخ عوبەیدوڵڵا بە دەم کار و چالاکی سیاسییانەوە، بەردەوامیش زنجیرە کۆبوونەوەکانی سەرانی کوردی لە نەهری ڕێبەرایەتی دەکرد؛ کە لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٨٨٠وە دەستی پێکردبوو.

ئاکامی ئەم کۆبوونەوانە (وەك پێشتر وتمان)، لە سەرەتادا ئاشتبوونەوەی خێڵە ناکۆکەکانی کورد و دواتر «یەکێتی کوردان»ی لێ پێکهات و دواتریش بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کورد، تا مانگەکانی تەمووز و سەرەتای ئابی ١٨٨٠ بەردەوام بووە.

لە سەرەتای مانگی ئاب[١]دا لە گوندی نەهری گەورەترین و دواترینی ئەم کۆبوونەوانە، لە شێوەی کۆنگرەیەکی نیشتمانی و نەتەوەییدا ساز دراوە، کە نوێنەری هەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی تێدا بانگهێشتن کراوە و لە گەرمەی ئەم کۆبوونەوانەدا (وتمان)، کە (کلایتۆن)ی جێگری کۆنسوڵی ئینگلیس لە وان، سەردانی کردبوو؛ چاوی بە سەرۆکە کوردەکانی: سلێمانی، ئامێدی، هوورەمار، بۆتان، ساسۆن، سیرت، مووش، ویلایەتەکانی وان و کوردەکانی کوردستانی ئێران کەوتبوو.[٢]

هەموو بەڵگە و سەرچاوە مێژووییەکانی دۆست و دوژمنی کورد، سەبارەت بە بەرنامەکانی ئەم کۆنگرەیە، لەسەر ئەوە یەکن، کە ئەم کۆبوونەوە فراوانەی نەهری و بەشداربوونی (٥) شێخ و (٢١) خەلیفە و (٤٢) میرزادە،[٣] بە مەبەستی دارشتن و دانانی پرۆگرام و بەرنامەیەك بووە، بۆ ئازادکردنی هەردوو کوردستانی بندەستی قاجاری و عوسمانی و پێکهێنانی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ.[٤]

---

[١] هەندێ وردە جیاوازیی سەبارەت بە مێژووی ئەم زنجیرە کۆبوونەوانە، لە نێوان (خالفین) و (جەلیلی جەلیل)دا هەیە، کە وەك بەڵگەنامەکانی (لە تاریکییەوە بۆ رووناکی) و رووداوەکان دەریدەخەن، ئەو مێژووانەی (خالفین) بۆ ئەم مەبەستە دیاریکردوون، راستترن (بنوارە: خالفین: ل ١٧٩–٢٨٠. هەروەها: جەلیلی جەلیل. ل ١١٤–١١٦)

[٢] جەلیلی جەلیل – ل ١١٣.

[٣] محمدرضا نصیری – اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریە) جلد ٣ – ل (سیوچهار مقدمە) چاپ اول ١٣٧١–سازمان انتشارات کیهان.

[٤] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.

شێخ عوبەیدوڵلا لەم کۆنگرەیەدا «دووبارەی کردووە، کە پێویستە کوردستانێکی یەکگرتوو دابمەزرێنرێ و چالاکانە دژی تورکیا و ئێران بجووڵێن، چونکە وەك شێخ دەیـوت: ئـەم دوو دەوڵەتە، لە زەروو دەکەن و رێی پێشکەوتنمان دەگرن.»[1]

بەڵام لە سەرەتای کۆنگرەکەدا، سەبارەت بە چۆنێتی دەستپێك و هەڵبژاردنی جوگرافیا و مەڵبەندی شۆرش، مشتومر و بیروڕای جیاجیا، لە لایەن بەشدارانەوە ئاڵوگۆر کراوە.

لە سەرەتادا بریاردرا لە یەك کاتدا شۆرش دژی هەردوو دەوڵـەتی عوسـمانی و قاجـاری هەڵایسێنرێ و بەمجۆرەش دەستپێکرێ:

١- شێخ محەمەد سـدیقی کـورە گـەورەی شـێخ، سـەرکردایەتی خێڵـەکانی: مـامش و مەنگوور بکات و رەواندز بگرن و لەوێشەوە پەلاماری بەغداد بدەن.

٢- شێخ عەبدولقادری کوڕی دووەمی شێخ، مووسڵ و ئامێدی بگرێت.

٣- شێخ عوبەیدوڵلاش خۆی، وان بگرێت.[2]

لەمەشدا فەرهان پاشای سەرۆك هۆزەکانی عەرەب و ویلایەتی بەغداد بەڵێندەدا، کە لە کاتی هێرشکردنە سەر مووسڵدا، یارمەتی شێخ بدات.[3]

شێخ عوبەیدوڵلا پێش ئـەوەی خـۆی بریـاری یـەکجاری لەسـەر بڕیارەکـان بـدات، بـە دووربینییەکی هوشیارانەوە سەرنجی بیروراگۆرینەوەکانی بەشدارانی کۆنگرەیدا و هەستیکرد «جیاوازیی بیروڕای سـەرۆکە کوردەکـان لەمسـەرییەوە دەهـات و لەوسـەریەوە دەردەچـوو»،[4] چەند سـەرۆك عەشـیرەتێك، ئەوانـەی دەوڵـەتی عوسـمانی کڕیبوونـی، هـەر لـە سـەرەتای کۆنگرەکەوە، بە ناوی پاککردنەوەی ریزەکانی ناوخۆی کوردستانەوە، پێشنیاریان کـرد: لـە سەرەتادا قەلاچۆی مەسیحی و بەتایبەتیش ئەرمەنەکانی کوردسـتان بکرێـت، کـە بـە هـۆی بەندی (٦١)ی رێکەوتننامەی بەرلینەوە، بوونەتە کۆسپێك لە رێی کێشەی کورددا.

ئەم پێشنیارە زۆر بە گەرمی لە لایەن ئەوانەوە پشـتیوانیی لێدەکـرا، کـە (شـێخ فـەهیم) رێبەرایەتی و سەرپەرشتی دەکردن. ئەم شێخ فەهیمە، خەلیفەیەکی بە تەمەنی شێخ تـەهای باوکی شێخ عوبەیدوڵلا بـوو، کـە لـە سـەردەمی ژیـانی شێخ تـەهادا، پلـە و پایـە و رێـز و ناوبانگێکی زۆری لای شێخ تەها و لە ناوچەکەدا هەبوو.[5] ئەویش ئەم رێـز و نەوازشـەی لای

---

[1] خاڵفین. ل ١٨٠

[2] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[3] جەلیل ل ١١٤

[4] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[5] ژیننامەی سەیید تەهای نەهری، کە «سەیید مەنسوور گـەیلانی گردیـك» بـە تورکـی نووسـیویەتی و لـە تورکییەوە کراوەتە فارسی و ئێمەش کردوومانەتە کوردی، هێشتا لای خۆم دەستخەتە.

موریدەکانی خۆیەوە قۆستبۆوە و توانیبووی بڕوای کۆمەڵێك بەلای ئەم بۆچوونەی خۆیدا رابکێشێ. ئەمەش هەلێکی باش بوو، دەست دەوڵەتی عوسمانی کەوتبوو. بۆیە لەم سەروبەندەدا، دەوڵەتی عوسمانی بەشێکی بەشداربووانی کۆبوونەوەی نوێنەرانی خێڵەکانی بە هۆی شێخ فەهیمەوە فریو دابوو. دەوڵەت بە پارە شێخ فەهیمی هاندابوو، تا گوشار بخاتە سەر بەشدارانی کۆنگرە، بۆئەوەی دەست بە کوشتنی ئەرمەنەکانی کوردستان بکەن و کورد بەربداتە گیانی ئەرمەن و بەمجۆرە شەڕی لاوەکیی هەڵگیرسێنێ و جووڵانەوەکە، لە شاریی ئاسایی خۆی لابدات.[1]

بەلام «شێخ عوبەیدوڵلا بە توندی دژی ئەم هەلوێستە وەستا و بۆ هەموویانی روونکردەوە، کە هەلوێستێکی وەها، مەترسیی تا رادەی تێداچوونی بۆ کورد هەیە لە دوارۆژدا»[2] ئەم پێشنیارەی خستە ناو ئەو بەرنامەیەی دەوڵەتی عوسمانییەوە، کە لە ئاکامدا دەبێتە دۆزەخێك بۆ کورد و دوایی «کورد لای کاربەدەستانی عوسمانی نرخیان نامێنێ و بە فلسێك نایانکڕن». «جگە لەمەش عوبەیدوڵلا ئەو راستییەی خستە بەرچاویان، کە ئەگەر هاتو راپەرینەکە، ئاراستەی ئەرمەنەکان بکرێت، ئەوسا دەوڵەتانی ئەوروپا، لە کورد راست دەبنەوە».[3]

٤/٢: ئاڵوگۆڕی بەرنامە:

شێخ عوبەیدوڵلا لە کاتی کۆنگرەدا «کە بۆیدەرکەوت لە نێوان چەند سەرۆکێکی کورددا، دوورایی هەیە و چەند سەرۆکێکیتریش حەز بەوە ناکەن لە دەوڵەتی عوسمانی راستببنەوە»،[4] هەلوێستی دوژمنانەی دەوڵەتی عوسمانی بۆ روونکردنەوە، کە «سوڵتانەکانی عوسمانی، بە زۆری زۆردارەکی ناوی خەلیفەیان بۆ خۆیان زەوتکردووە و لە ژێر پەردەی خەلافەتدا، دەسەلاتی ئایینیان بەسەر کوردەکاندا سەپاندووە»[5] و بە درێژایی ئەو خۆسەپاندنەش، هەر بە ناوی ئایینەوە زوڵم و زۆری زۆرتریان لە کورد کردووە. بۆیە هەمیشە

---

[1] دکتۆر عەزیز شەمزینی – جووڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، ل ٨٣. (بێگومان لێرەدا دەبێ ئەوە بوترێ، کە دکتۆر شەمزینی بەو هۆیەوە، کە خۆی نەوەی شێخ عوبەیدوڵلا یە، جگەلەوەی ئەم هەواڵەی لە ئەرشیفی رووسیا وەرگرتووە، لە هەمانکاتیشدا، سنگا و سنگ لە پیرانی بنماڵەکەی خۆیانەوە پێگەیشتووە).

[2] جەلیلی جەلیل – ل ١١٤

[3] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.

[4] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.

[5] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.

ئەوەی دووپات دەکردووەوە، کە «بەسە، ئیتر لە تواناوادا نەماوە لە ژێردەستەیی عوسمانییە لە ئایین لادەرەکاندا بمێنینەوە؛ پێویستە خۆمان رزگار بکەین».[1].

ئەم هەڵوێستە جیاوازەی ناو کۆنگرەکە، کارێکی وای کرد شێخ عوبەیدوڵلا قووڵتر سەیری کێشەکان بکات و پێش ئەوەی مەترسیی بۆ کورد دروستبکەن، بریاری لابەلاکردنەوەیان بدرێت. لە سەرێکیتریشەوە، کە هەستی کرد بڕیارەکانی کۆنگرە «زۆر کەم و کورتیی هەبوو»،[2] بەتایبەتی ئەوەندەی پێوەندی بەو بڕیارەوە هەبوو، کە «بە یەكجار پەلاماری دوو وڵاتیان بدایە».[3]

«شێخ هەستی بەم کەم و کورتییە کرد، بۆیە بڕیاریدا دووبارە سەیرێکی بڕیارەکانیان بکەنەوە»[4] و سنوورێك بۆ ئەو مەترسییانە دابنێت. «بۆئەوەی مەسەلەکە لە بیری هەڵخەڵەتاوەکان بەرێتەوە»،[5] بڕیاریدا «نەخشەی راپەرینەکە بگۆڕێت» و لە پێشەوە شۆڕش و راپەرین لە کوردستانی بندەستی قاجارییەوە دەست پێبکرێت.

شێخ عوبەیدوڵلا بۆ روونکردنەوەی ئەم بڕیار و هەڵوێستەی؛ وتارێکی مێژوویی لە کۆنگرەکەدا خوێندەوە، کە ئەمە چەند بڕگەیەکی وتارەکەیەتی:

«٥٥٠ ساڵ لەمەوبەر، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دامەزرا. عوسمانییەکان بە رێگەی نامەشروع دەسەڵاتیان گرتە دەست. پاش (٤٠٠–٥٠٠) ساڵ حوکمڕانیی، وازیان لە دینی ئیسلام هێنا و رێگەی کفریان گرت. لەوساوە ئیتر کەوتە داهێزران، تا دێت لە رووخان و هەڵوەشان نزیك دەکەوێتەوە. هەڵوەشانەکەیشی ئەوەندە بەخێرایی دەڕوات، گومانی تێدا نییە بەم نزیکانە دەڕووخێ و دوایی دێت.

کوڕە خۆشەویستەکانم:

دەبێ گوێڕایەڵی راسپێرییەکانی باو و باپیرانی خۆمان بین. بەسە ئیتر نابێ باری زوڵم و دیلایەتی تورکی کافر هەڵبگرین. پێویستە خۆمان رزگار بکەین. نە تەنیا ئێمەی کورد لە تورکیای عوسمانی، بەڵکو دەبێ براکوردەکانی ئێرانیشمان، لەم دوو حکومەتەی رێی پێشکەوتنیان لێبڕیوین؛ رزگار بکەین.

باو و باپیرانمان داوامان لێدەکەن لە پێناوی دین و ئازادی نیشتمانەکەماندا، لە خوێنی خۆمان ببورین.

---

[1] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[2] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[3] خالڤین، ل ١٨٠.

[4] جەلیلی جەلیل، ل ١١٥

[5] دکتور عەزیز شەمزینی، ل ٨٣

زانایان وتوویانە: قۆستنەوەی هەلی لەبار، زانایی و ژیرییە. ئێران ئێستە لەگەڵ تورکمان بە شەڕەوە خەریکن، هەموو هێزەکانی خۆیان ناردۆتە سەر ئەوان، ئەمەش بەمەعنای ئەوەی ئێستە هەلومەرج بۆ جووڵانەوەکەی ئێمە دژی حکومەتی ئێران لەبارە. ئەگەرچی ئێمە لە فارس ناترسین، چونکە ئەگەر بە شەڕیشەوە خەریك نەبن، چەندین هێزی گەورەی جەنگیی کۆبکەنەوە، لە (١٠٠) هەزار سەرباز زیاتریان پێ کۆناکرێتەوە؛ کە ئەویش نیوەی زیاتری لەو برا کوردانەی خۆمانن، کە حکومەتی ئێران دەیانچەوسێنێتەوە و هەمان هەستی ئێمەیان هەیە.

لەبەرئەوەی بەشێکی دەوڵەمەند و بەپیتی کوردستان، لە ژێر دەستی ئێراندایە، دەبێ ئەو بزووتنەوەیەی خەریکین، لە پێشدا بەرامبەر دوژمنە لاوازەکە دەست پێبکات. بەمەش براکانمان و نیشتمانە دەوڵەمەندەکەیان رزگار دەکەین. ئەمەش سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندمان بۆ دابین دەکات. یارمەتیمان دەدا؛ بۆ بەگژدا چوونی دوژمنی دووەممان، کە بەهێزترە؛ ئەویش تورکی عوسمانییە...»[1]

«وتارەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا و خواستەکانی، بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ، لە لایەن بەشدارانی کۆنگرەکەوە پەسەند کرا»[2]

٣/٤: گواستنەوەی جوگرافیا:

ئەگەرچی لە دوتویی وتارەکەی شێخدا، ئاماژەی بۆ هۆی هەڵبژاردنی جوگرافیای کوردستانی ئێران تێدایە؛ بەڵام دیسان پێویستی بە لەنگەر گرتنیتریش هەیە. بۆئەمەش ئاوڕێکی خێرا، لە کوردستانی ئێران دەدەینەوە و دەڵێین: لە شەڕی «قەڵای دمدم – ٦٠٩ز» بەدواوە، تا سەردەمی شۆڕشەکەی (١٨٨٠)؛ کە دەکاتە نزیکەی (٢٨٠) ساڵ، گەلێ یاخیبوون و شۆڕش و راپەڕین، لە نێوان کوردی ئێران و دەوڵەتی ئێراندا روویانداوە. پێبەپێی ئەمەش، هەر لەو (٢٨٠) ساڵەدا، (بەڵام بە شێوەیەکی هەڵکشاوتر) لە کوردستانی بندەستی عوسمانیدا، دەیان راپەڕین و یاخیبوون و شەڕ و تێهەڵچوونی سەخت و خوێناوی، لە لایەن میرنشینەکانی کورد بە گشتی و بەتایبەتیش لە میرنشینەکانی: بۆتان، سۆران و بابانەوە، دژی دەوڵەتی عوسمانی روویانداوە؛ کە هێزەکانی عوسمانی، لە رێگەی لەشکرکێشیی گەورە و درێژخایەنەوە؛ ئەو یاخیبوون و راپەڕینانەیان پێدامرکێنراونەتەوە. ئاکامیش ئەوە بوو، لە دوا چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، کە تێکرای میرنشینەکانی کوردیان لە قەڵەمڕەوی عوسمانی، بە لەشکرکێشی و شەڕ و تێهەڵچوونی سەخت و خوێناوی لەناوبرد؛ بەڵام میرنشینەکانی کوردیان لە قەڵەمڕەوی قاجاریدا، بە چەند

---

[1] دکتور عەزیز شەمزینی، ل ٨٥. هەروەها سالح محەمەد ئەمین – ل ١٥٩

[2] جەلیلی جەلیل – ل ١١٥

فرماننامەیەك، لە ڕێگـەی دانـان و ئـاڵوگۆڕی چـەند کاربەدەسـتێکی تـازەوە لـەناوبرد! وەك ئەوەی لە ساڵی (١٨٤٢) بەدواوە، لەگەڵ میرنشینی ئەردەڵاندا کردیان، کە گەورەترینی ئەو میرنشین و دەسەڵاتگەلە کوردییانەی کوردستانی ئێران بوون.

دیسـانەوەش دوای دامرکاندنـەوەی شۆڕشـی سـاڵی (١٨٨٠)؛ کـە زنجـیرە شۆڕشـەکانی کوردسـتانی تورکیـا و عـێراق لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم و هەرەسـهێنانی ئیمـپراتۆریی عوسـمانیدا، بـە رابـەریی چـەندان سـەرکردەی وەك: شـێخ مەحـموودی حـەفید و شـێخ سـەعیدی پـیران و ئیحسـان نـوری پاشـا و سـەیید رەزای دەرسـیمی و... هتـد. دەسـت پێدەکەنەوە و خەبات و تێکۆشـانی سـەختییان دەگاتـە دەیـان هـەزار قوربـانی و راگوێزانـی سەدان گوندی کوردستانی تورکیا و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستانی باشوور، بە سـەرۆکایەتی شێخ مـەحموود -١٩١٩_١٩٢٣و بەدەسـتهێنانی پـەیمانی (سـیڤەر- ١٩٢٠و... بـەڵام کوردستانی ئێران بێدەنگ دەبێ!

گەڕان بەدوای رەگوریشەی هۆیەکانی ئەم (هەندە) جیاوازیی و هەلومەرجەی کوردستانی ئـێراندا، لـە چـاو بەشـەکانیتری کوردسـتاندا، ئـەو ئاکامانـەمان گیردەخـەن، کـە (رادەی خەباتی سیاسی کوردستانی ئێران، بە بەراورد لە چاو خەباتی سیاسی کوردستانی تورکیـا و عێراقدا، بەو ئەندازەیە، توند و تیژ و هەڵکشاو نەبووە).[1]

لەمەشـدا رەنگـە زۆر پێوەنـدی و نزیکایـەتیی مێژوویـی و جوگرافیـایی و فەرهـەنگیی و کۆمەڵایەتی کورد، لەگەڵ تێکرای گەلانی ئێراندا، ئـەوەندە کۆیانبکاتـەوە؛ کـە بـەم شـتانە هـەمووی، هەسـتی ئـێرانییبوونی لا دروسـتکردوون و ئەمـەش وای کردبێـت جیـاوازیی ئاشکرایان لەگەڵ کوردانی تورکیا و عێراقدا لا دروست بووبێت؛ کە ئەگەرچی ئـەم لایەنـە، ئەوەندەش جیاوازیی لە نێوان ئەو بەشانەی کوردستاندا زەق نەکردۆتەوە، تا کوردانی ئێران، هەستی خۆ بە کورد زانینیان کەم بێت؛ بەڵکو رەگوریشەکانی پێوەندییان، لەگـەڵ دێرینـە و جوگرافیا و فەرهەنگیی ئێراندا، ئەوەندە قووڵە، کەمتر هەست بە نامۆیی دەکـەن، وەك ئـەو نامۆییـە زۆرەی کوردانـی تورکیـا و عـێراق، لەگـەڵ نـاوەندی دەوڵەتـەکانیاندا هەیانـە؛ بەتایبەتیش کوردانی جوگرافیای ئەردەڵان، کە لـە دەمێکـەوە لەگـەڵ دەوڵەتـە بـەرودواکانی ئێراندا سەر و پێوەندییان بووە؛[2] لە زۆربەی ئەو کێشانەدا، کـە پێوەندییـان بـە چارەنووسـی کوردەوە بووە، خۆیـان تـەریك گرتـووە و ئـەو ململانـێ دێرینـەش، کـە جارجـارە لـە نێـوان کوردانی سوننی مەزهەب و شیعەی عەجەمدا ، لە ناوچەکانی بـاکووری خۆرئـاوای ئـێراندا

---

[1] دکتر حمید احمدی–قومیت و قومیتگرایی در ایران از افسانه تا واقعیت–تهران– نشر نی– چاپ اول ١٣٧٨ش– ل٧٨.

[2] لە زۆر سەردەمی مێژووییشدا، هەندێك سەران و میران و بنەماڵەی ئەردەڵان و بەتایبەتیش لە سەردەمی ئەمانوڵڵاخانی گەورەدا، بوونە شیعە.

روویانداوە؛ کوردانی ئەردەڵان (کە سوننی مەزهەبیشن) خۆیان نەبان کردووە! تەنانەت ئـەم بەشەی کوردستان (ئەردەڵان)، لە ڕووداوی گەورە و گرنگی وەك كۆمـاری مـەهاباد (١٩٤٥-١٩٤٦)یش، کـە چارەنووسـی هـەموو کوردانـی بڕیـارداوە، کـەچی چ نزیـك، چ دوور، بەشدارییەکی نەبووە.[1]

بە واتەیەکیتر: لـە دوای شـەڕی چاڵدێران (١٥١٤)ەوە، کـە زنجـیرە دابەشـکردنێکی سیاسیشی بە دوای خۆی و بەسەر کوردستاندا هێنا؛ تا زەمان تێدەپەڕێ، کوردانی بندەستی عوسـمانی، زیاتر هەستی جیاوازیی و نامۆییان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی تورکیا و دواتریـش؛ دوای دروستبوونی حکومـەتی عـێراق (١٩٢٠)، ئـەم هەسـتە لای کوردانـی عـێراقیش زەقـتر بووەوە؛ کە لە ناخدا هەستیان‌دەکرد بە ڕێگە یاساییەکی ناچاری، بە دەوڵەتێکی تازەی وەك عێراقەوە دەبەسترێنەوە.

کەواتە ئـەو ڕەگوڕیشـە و هۆیانـەی کوردانـی (ئـێران)ی بـە ئێرانـەوە دەبەسـتەوە، لـەو ڕەگوڕیشە و هۆیانە بەهێزتر بوون، کـە کوردانـی تورکیـا و دواتریـش کوردانـی عـێراقی، بـە دەوڵەتەکانی تورکیا و عێراقەوە دەبەستەوە. بۆیـە ئامـاری ڕاپـەڕین و شۆڕشـی چەکدارانـەی قەڵەمڕەوی کوردانی ئێران، لە چاو بەشەکانیتری کوردستاندا، کەمتر بووە.

هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، کە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا ، بە لای خەڵکی ئێرانەوە، چەند مایەی نامۆیی و داچڵەکین بووە و نووسـەرانی دەربـار و شـیعە مەزهـەبی ئـێرانی، کتێـب و ڕاپۆرت و نووسینی هەمەجۆرەی نەیارانەیان لەسەر نووسـیوە؛ بـە هـەمان شـێوە نووسـەرانی کـوردی ئـێرانیش (بـە شـیعە و سـوننییەوە)، بـە پێودانـی نووسـەرانی دەربـاری قاجـاری، شۆڕشەکەیان بە (فیتنە) و ڕابەرەکەیشیان بە: (مـەلعوون) و (حـەرامزادە) و... دانـاوە. وەك نموونەکانی: علـــیاکبر وقایع‌نگـار[2] و مـیرزا شـکرالله سـنندجی[3]، کـە هـەردوو سـەرچاوەکە سەبارەت بە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا ئەوە دەگێڕنەوە؛ گوایە کابرایەکی ئەردەڵانی بە ناوی «شرف‌الملك»، لای ناسرەدین‌شا خـۆی گییـف کردۆتـەوە و بـەڵێنی داوە؛ کـە ئەگـەر «شـا» بخوازێت، بە بێئەوەی یەك دینـار زیـان بـە دەوڵـەت بگـات، بەتـەنیا فـەوجێکی خـەڵکی کوردسـتانەوە (مەبەسـتی دانیشـتووانی ئەردەڵانـە)، بـە هەڵمـەتێك شـێخ عوبـە یدوڵـڵاو لەشـکرەکەی و نـاو و ناوبـانگی تـەفر و توونـا دەکـات و لـــە سـەر لاپـەڕەکانی ڕۆژگـاردا

---

[1] هەڵبەتە سەرانی کۆمارەکەش لە ئاکامدا، کە لەشکری ئێران هاتە سەری؛ شەڕی دەوڵەتی ناوەندییان هەڵنەبژارد.

[2] حدیقه ناصریه – لاپەڕەکانی (٢٤٤- ٢٤٦)

[3] تحفه ناصریه – لاپەڕەکانی(٣٦٤ – ٣٦٨)

ئەم دوو سەرچاوەیە، لە بەشی «ناسنامەی نووسین و کتێب و سەرچاوە دەربارەی شۆڕشی ١٨٨٠»دا، ئاماژەمان پێکردن.

نایانهێڵێت! تەنانەت یـەکێکی وەك: ئایـەتوڵڵا محەمـەد مـەردووخ، کـە مێـژووی (کـورد و کوردستان)ی نووسیوە!! کەچی ئەویش شۆڕشەکەی بە (فیتنە) ناوبردووە.[1]

بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، شێخ عوبەیدوڵڵا ، کوردستانی ئێران و لە ئێرانیشدا ناوچــەی (ورمێ)ی هەڵبژارد!

[1] شیخ محەمەد مردوخ کردستانی – تاریخ کرد و کردستان (توابع) چاپ اول ۱۳۵۱– انتشارات غریقی– سنندج– جلد دوم– ل (۲۰۷–۲۱۰).

(سەرنج): ئێستاش بە هەمان نەفەسی دوژمنانەی قاجاری و ساواکی جاران، هەندێك هـەن، هـەمان دیدیـان بەرامبەر ئەم ڕاپەڕینە شکۆدار و ڕابەرە مەزنەکەی (شێخ عوبەیدوڵڵا) هەیە.

٤/٤ بۆچی کوردستانی ئێران و لەوێش ورمێی هەڵبژارد؟

١/٤/٤: پێشینەی ورمێ:

سیاسەتی شاعەباسی یەکەم (١٥٨٧-١٦٢٩ز)ی سەفەوی، لە کوردستاندا «لەسەر ٣ پایەی سەرەکی دامەزرابوو:

١- گۆڕینی بنەڕەتیی هەلومەرجی دیموگرافی سەرووی خۆرهەڵاتی کوردستان و ڕاگوێزانی ئێڵە گەورەکانی کورد، بۆ ناوچە دوورەکانی خۆرهەڵاتی ئێران، بەتایبەتی بۆ خۆراسان و هێنان و جێگیرکردنی ئێڵەکانی ئازەر بۆ کوردستان.

٢- هەوڵدانی گۆڕینی زۆرەملێی مەزهەبیی خەڵکی کوردستان، لە سوننییەوە بۆ شیعە.

٣- سەرکوتکردنی بێبەزەیی و توند و تیژیی هەموو سەرکێشییەکی کورد.

لە بەرامبەریشدا، گەلی کورد کەوتبووە بەرهەڵستییەکی سەخت و سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی.

لە سەرەتای سەدەی حەڤدەدا، کە (ئەمیرخانی برادۆست - خانی لەپزێڕین)ی مەزنی ئێڵە کوردەکانی: تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ، سۆما، برادۆست و موکریان و حاکمی ورمێ، دەسەڵات و توانای پەیدا کرد و لەشکری پێکەوەنا و قەڵای (دمدم)ی نزیك ورمێی ئاوەدان و قایمکردەوە و هێزەکانی زۆرتر و زیاتر پڕچەك کرد؛ شاعەباس ئیرەیی بە دەسەڵاتی ئەم میرە کوردە هات و لێی کەوتە گومانەوە؛ کە لەو خۆسازدانە، ئامانجی سەربەخۆیی بێت. لەبەرئەوە کەوتە بەهانە و بیانوو پێگرتنی و لە ساڵی ١٦٠٩دا هێزێکی گەورەی ناردە سەری... پاش شەڕێکی سەخت و ئابڵوقەدانێکی درێژ، شاعەباس قەڵاکەی گرت و هەزاران کەسی لێکوشتن.

شاعەباس لە دوای داگیرکردنی قەڵای دمدم و نەهێشتنی دەسەڵاتی ئەمیرەکانی کورد لە ورمێ و سپاردنی دەسەڵات لە ناوچەکەدا بەکاربەدەستانی عەجەم (١٦١٠ز)، ڕاستەوخۆ هێرشێکی گەورەی کردە سەر موکریان و لەوێش کوشتارێکی زۆری لە کورد کرد و ژن و منداڵی بە دیل بردن.[٢]

ئەم هێرشەی شاعەباس، کە (٦٠) هەزار سوار بوون، ٤ ڕۆژ و ٤ شەو، خەریکی قەتڵ و عام بوون.[٣]

---

[١] ساڵح محەمەد ئەمین - ل ٢٩

[٢] اسکندر بیگ ترکمان - تاریخ عالم آرای عباسی- ج٢- تهران- امیرکبیر- ١٣٥٠ش- ل ٨٠٧-٨١٠.

[٣] نصرالله فلسفی - زندگانی شاعباس اول - ج ٣- ج ٤- تهران- علمی- ل ١١٠٢.

٢/٤/٤: هێنانی ئێلی ئەفشار بۆ ورمێ:

ڕاگوێزانی بە کۆمەڵی دەیان هەزار خێزانی ئێلە کوردەکانی دەوری ورمێ، بۆ خوراسان و دواییتر تێشکانی تراژیدی ئێلی برادۆست و موکری و گیرانی قەڵای دمدم و کوشتنی مەزنەکانی کورد و کوشتنی زۆرایەتی لایەنگیرەکانی (ئەمیرخان) و کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی موکریان، بوون بە سەرەتای گۆڕانێکی بنەڕەتیی لە پێکهاتنی دیموگرافی دانیشتووانی ناوچەکەدا و لە تەرازووی هێزەکانی ئەم ناوچەیەدا سەنگی قورسی جارانی نەما. دەسەڵاتی حوکمڕانیشی لەدەستدەرچوو؛ کە جاران بە دەست گەورە خۆجێیەکانی کوردەوە بوو.

ئێلی (ئەفشار)، یەکێك بوو لەو (٧) ئێلە قزلباشە، کە بەشداریی سەرەکی لە شەڕەکانی شائیسماعیل (١٤٨٧–١٥٢٤) و دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠١ز)ی شیعەدا کردبوو.[١] ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی دەوڵەت، لە سەرانسەری قەڵەمڕەوی سەفەوی‌دا، لەناو ئەواندا هەڵدەبژێردران و دەسەڵاتێکی زۆریان لە دەرباری شاکانی عەجەمدا هەبوو. ئەم خێڵەی ئەفشار چەندین پشت‌بوو وا پەروردە کرابوون، کە پابەندی هیچ جۆرە ئیعتبارێکی بنەماڵەیی، عەشیرەتیی، دینی، نەتەوەیی، زمان و شوێن نەبن و بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆیان و بردنەوەی جەنگ و بەدەستهێنانی سەرکەوتن، گوێیان نەدەدایە ترسی دینی و دنیایی.[٢] هەر بۆیە ئەم ئێلە بە هاوکاری ئێلە ئازەرییەکانی قزلباش؛ کە بە درێژایی سنووری خۆرهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ کرابوون و ئەرکی سەرکوت و دەستەمۆکردن و سەرپێدانەواندنی کوردیان پێسپێردرابوو، کە نەریتی ژیان و جۆری جیهانبینی و خووڕەوشتی کۆمەڵایەتیی و پەروەردەی دینییان لەگەڵ ئەوان جیاواز بوو، بۆیە ئەمە بوو بە یەکەمین هۆی دروستکردنی ناکۆکییەکی قووڵی گشت لایەنە، لە نێوان دوو میللەتدا، کە ڕووداوەکانی ناوچەکە، بە زۆر کردبوونی بە دراوسێی یەکتری.[٣]

ئەگەرچی مەڵبەندی ورمێ بە کردەوە کەوتبووە دەست عەجەم، بەڵام ئیتر ئارام و ئاسایشی تێدا نەما. لە لایەك هێرشی یەك لە سەریەکی سپای عەجەم بۆ تەمێکردن و سەرپێدانەواندنی ئێلەکانی کورد و هێنانە ژێر باری فەرمانبەری و لە لایەکی‌تریشەوە بەرهەڵستی توند و تیژی بەردەوامی ئێلەکانی کورد، بۆ پاراستنی «کەسایەتی سەربەخۆ»ی خۆیان.

---

[١] دکتر مجیر شیبانی – عالم آرای صفوی – تشکیل شاهنشاهی صفویه – تهران – دانشگاه تهران– ١٣٤٦ش. ل ٧٩

[٢] ساڵح محەمەدئەمین – ل ٣٦

[٣] هەمان سەرچاوە – هەمان لاپەڕە

سەرباری ئەمانەش، ناوچەکە خۆی یەکێك بوو لە شارێچکەکانی لەشکرکێشیی عوسمانی و عەجەم بۆ سەر یەکتری.[1] بۆیە درێژەکێشانی ئەم حاڵەتە؛ ناکۆکی کورد – عەجەمی بردە قۆناغێکی ئاڵۆزی واوە، کە رەنگی سیاسی، نەتەوەیی، دینی بە خۆیەوە گرت و لە پێوەندییەکانی دوا رۆژی هەردوو گەل و لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگیی ناوچەکەدا تاوی دایەوە. ناکۆکییەکان بە خۆشیی بەلادا نەدەکەوتن، ئاسایش بە تەنیا بە زۆری چەك رادەگیرا. عەجەم هەرچەن هەلێکی بۆ هەڵبکەوتایە، ئەوپەڕی زەبر و زەنگی بەکار دەهێنا بۆ سەرکوتکردنی کورد و بەتاڵانبردنی سامان و دارایی و بەدیلگرتنی ژن و منداڵ و لەشکرکێشی دەکردە سەر گوند و ئاوایی و هەواری رەوەندەکانی.

ئێلەکانی کوردیش هەرچەن بە خۆیاندا رابپەرموونایە، هەڵیاندەکوتایە سەر عەجەم؛ لێیان دەکوشتن و تاڵانیان دەکردن و بە هەر رێیەکی بۆیان بگونجایە، ئازاریان پێدەگەیاندن، تەنانەت هەندێجار، ئۆردووی عوسمانییان دەهێنایە سەریان.[2]

بەم پێیە و بە گوێرەی ئەوەی کە لە ماوەی ئەو چەندسەد ساڵەدا، بەڕێوەبردنی ناوچەی ورمێ، هەر لە دەست عەجەمدا بووە و سەرەڕای ئەو ناکۆکییە ریشەدارانە؛ یەکێکیش لە رێگەکانی بێزارکردن و قورسکردنی باری شانی دانیشتووانی کورد، کە ئەو فەرمانڕەوا عەجەمانە بە ئەنقەست گرتبوویانە بەر؛ ئەو باج و سەرانە زۆر و هەمەجۆرە بووە، کە بە چەندان بڕوبیانوو، لە کوردیان دەسەند. ئەم لایەنە، رۆژ دوای رۆژ بەدەست فەرمانڕەوا چاوچنۆکەکانەوە لە زیادبووندا بووە، کە شان بە شانی ئەم باج و سەرانە زیادکردنانە، بێزاریی و تووڕەبوونی کوردیشی زیاتر کردووە و ناکۆکییەکانی قووڵتر و زەقتر کردۆتەوە.

هەر لە ناوچەی ورمێدا، جگە لە کورد، لە دێرزەمانەوە وەك زۆر ناوچەیتری کوردستان، مەسیحییەکی زۆریش (ئەرمەنی و ئاسووری) دەژین.

ئەرمەنەکانی کوردستان (وەك پێشتر وتمان)، هەر شاعەباس دەیان هەزار «ئەرمەن»یشی لە خاکی خۆیان دەربەدەر کرد و دواتر ساڵی ١٦٣٩ لە رێکەوتننامەی (زەهاو)دا؛ کە لەگەڵ عوسمانییەکاندا ئیمزاکرا و بۆ یەکەمجار کوردستان لە نێوان عوسمانی و ئێراندا دابەشکرا، ئەرمینیاش بە یەکجاری دابەشکرا. ئەرمینیای خۆرهەڵات خرایە سەر دەوڵەتی سەفەوی و خۆرئاوایشی بەر عوسمانی کەوت. بەم پێیە داگیرکاران و چەوسێنەرانی مێژوویی هەردوو گەلی ئەرمەن و کورد، هەر داماویی و دابەشکردن و راگوێزانێك، بە سەر کوردیان هێنابێ؛ بەسەر ئەرمەنیشیان هێناوە.

شانبەشانی کورد و ئەرمەن، لە دەمێکەوە ئاسووریش لە ناوچەی ورمێدا هەن.

---

[1] هەمان سەرچاوە – هەمان لاپەڕە

[2] هەمان سەرچاوە – ل ٣٩.

ئاسوورییەکان، کە لە سەدەکانی پێشوودا بە (نەستووری) ناوبراون؛ خۆیان بە پاشماوەی ئیمپراتۆری ناسراوی ئاشووری دادەنێن. لە دوای رووخانی ئیمپراتۆری ئاشووری و کاولبوونی پایتەختەکەیان، ئاوارە و دەربەدەر بوون و خۆیان لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا حەشارداوە. ئەمانەش کە وەك ئەرمەنی، سەر بە ئایینی مەسیحین، جگە لەوەی وەك کورد، چەوساندنەوەی نەتەوایەتییان لەسەر بووە؛ هاوکات جیاوازیی مەزهەبیشیان لێکراوەتە بیانووی چەوساندنەوە و ئازاردان و سووکایەتی پێکردن و تالان و کوشتن و باج و سەرانەی زیاتر، لە چاو هاووڵاتییانیتردا. لەمبارەیەوە ئابۆت لە راپۆرتێکدا، کە ساڵی ١٨٨٠ نووسیویەتی: باسی ئەوە دەکات لە شوێنێکی وەك ورمێدا، کە خاوەن موڵکەکان ئەفشار و شیعە مەزهەبن، باجی خانوو؛ کە لەسەر موسڵمان (٥) قران بووە؛ لەسەر مەسیحی (٨) قران بووە؛ واتە (٣) قران زیاتر.[١]

زۆرجاریش بە بیانووی ئەوەی لە لایەن وڵاتانی ئەوروپاوە، داکۆکییان لێکراوە، رقی کاربەدەستانیان لە سەر ئەستوورتر بووە. لە بەرئەمانە؛ ناوچەی ورمێ، ناوچەیەکی پڕ دژایەتی و ناکۆکی و گرژیی کێشەکان و هۆیەکانی تەقینەوەی بەردەوامی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە.

٣/٤/٤: کێشەی ئەرمەن:

کێشەی ئەرمەن، کە لەم کاتەدا دەوڵەتانی ئەوروپا و لە سەروویانەوە ئینگلیستان، خۆیان لێکردبووە خاوەنی و بڕیاریان دابوو چاودێریی ئەو ریفۆرمانە بکەن، کە لە بەندی (٦١)ی رێکەوتننامەی بەرلیندا بڕیاری لەسەر درابوو. بۆئەمەش «هاتنی کۆنسوڵە تازەکانی ئینگلیس بۆ کوردستان، کە دەبووایە بە پێی پەیماننامەی: «رێکەوتننامەی بەرگری هاوبەش»ی ٤ی حوزەیرانی ١٨٧٨، چاودێریی ریفۆرمەکان بکەن، ئەو ترسەی زۆرتر کرد، کە کوردەکان لە بەرامبەردا هەیانبوو. ترسەکەش بێبناغە نەبوو؛ چونکە هاوچەرخان و خودی کونسوڵەکانیش، لەو بارەڕەدا بوون کە ئەم کارە، سەرەتای خولی ژێرچاودێریی (ئینتیداب)ی ئاسیای بچووك دەبێ»[٢]

بەواتەیەکیتر: دەوڵەتانی ئەوروپا، کە بە چاوی نارازی سەیری کوردیان دەکرد؛ راستەوخۆ کوردستانیان دەخستە ژێر چاودێریی خۆیان و داکۆکییان لە ئەرمەن و جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی ئەرمەنەکان دەکرد. کە وەك پێشتر وتمان: ئەمەش یەکسەر لەگەڵ کێشەی کورددا ئاوقای یەکتر دەبوون. بۆیە ئەگەر شێخ عوبەیدوڵڵا لە کوردستانی تورکیاوە

---

[١] لە تاریکیینەوە بۆ رووناکی – ل ٥٩

[٢] روبرت اولسن – قيام شيخ سعيد پيران – ل ٢٥

دەستی بە شۆڕش بکردایە؛ ئەوا لە یەك کاتدا دەوڵەتی تورکیا و دەوڵەتانی ئەورووپاش لێی ڕاست دەبوونەوە.

لەبەرئەمە، بۆئەوەی ڕێگە لە گوشاری دەوڵەتانی ئەورووپا، لەسەر کێشەی کورد کەم بکاتەوە، لە کوردستانی تورکیاوە دەستی پێنەکرد، بەڵکو ئێرانی هەڵبژارد. لەمەشدا (لە دەستپێکردندا لەگەڵ ئێراندا وای بۆچووبێت، کە گریمانی هەراسان کردن و تووڕە کردنی دەوڵەتانی ئەوروپا، لەسەر کێشەی کورد، کەمتر بێت)،[1] تا «ئەگەر لەمەدا سەرکەوتوو بوایە، ئەوا دوای جێگیر بوونی دەسەڵاتی بەسەر دیوی ئێراندا، لایدەکردەوە بۆ بەدەستهێنانی هەمان شت سەبارەت بە کوردەکانی تورکیا، لە حکومەتی عوسمانی»[2]

هەڵبەتە ئەم کارەی شێخ، جگە لەو هیوایەی کە ڕێگە لەوە بگرێت ئەورووپا گوشار نەخاتە سەر شۆڕشی کورد؛ لە هەمانکاتیشدا ڕێگەی لەو نەخشە دۆزەخییەی تورکیاش گرت، کە دەیویست بە هۆی تووڕە بوون و هەڵچوونی کوردەوە، لە دژی ئەرمەن؛ زەمینە بۆ ئەوە خۆش بکات ئەو دوو نەتەوەیە بکەونە شەڕ و کوشتارێکی بێ‌سنووری یەکتری و دەست بخەنە خوێنی یەکترەوە.

لەمەشدا وەك ڕووداوەکان دەریانخست، شێخ عوبەیدوڵلا لە بنەڕەتەوە بڕوای بە دۆستایەتی کورد و ئەرمەن هەبوو، نەك شەڕ و کوشتاریان.

هەرچەندە جێی داخە، دوای شۆڕشەکەی ساڵی ١٨٨٠، کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی، زۆر دڕندانە لە ساڵانی ١٨٩٤، ١٨٩٦، ١٩٠٥، ١٩١٥، ١٩١٨،[3] زنجیرە کوشتارێکی دڵتەزین و بێبەزەییانەی ئەرمەنیان بە جۆرێك کردووە، کە تەنانەت گێڕانەوەیشی مایەی شەرمە و لەمەشدا کەم و زۆرێك کوردیشیان لەگەڵ خۆیاندا تێوەگلاندووە و دەستیان بە خوێنی ناڕەوای ئەرمەن سوور کردووە.

بەڵام ئەوە بۆ شێخ عوبەیدوڵلا بە سەروەریی و شانازیی دەژمێردرێ، کە لە گەرمە و لووتکەی ساتەکانی هەڵچوون وروژاندنی کێشەی ئەرمەندا، لە بەهاری ساڵی ١٨٧٨ بە دواوە، تا ساڵی ١٨٨١ (کە شێخ عوبەیدوڵلا تاقانە بڕیاردەرێکی ئەم خۆلادان و خۆ دوورخستنەوەیە بووە لە شەڕی ئەرمەن)، ڕێی لەوە گرتووە، کە گەلی ئەرمەنی دۆست و هاوسێی سەدان و هەزاران ساڵەی کورد، بە دەستی ئازادیخوازانی کورد زیانیان پێبگات.

---

[1] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[2] لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی – ل ٢٩

[3] هراند پاسدر ماجیان، تاریخ ارمنستان – لاپەڕەکانی: ٤٠٨، ٤١٩، ٤٦٠، ٤٨٠. هەروەها: دکتور کەمال مەزهەر، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا – ل ٨٩–١٥٦.

٤/٤/٤ بنکەیەکی جەماوەریی گەورە و بەربڵاو:

بنەماڵەی شێخ عوبەیدوڵڵا ، لە سەردەمی شێخ تەهای باوکییەوە ڕێز و خۆشەویستی و ناوبانگێکی زۆریان لەناو ئێران و کوردانی ئێران بە گشتی و بە تایبەتیش لە ناوچەکانی موکریان و مەرگەوەڕدا هەبوو. ئەو ژمارە زۆرە مورید و لایەنگرانەی لە سەردەمی باوکیدا هەبوون، لە سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵا دا زۆر زیاتر بوون. لەبەرئەوە «شێخ عوبەیدوڵڵا خۆیشی لەناو کوردەکانی ئێراندا ناو و شۆرەتێکی گەورەی هەبوو».[1]

ئەو ژمارە گوندە زۆرەی هەیبوون و لە (٢٠٠) گوند زیاتر دەبوون، زۆربەیان لە ناوچەکانی دەوروبەری ورمێ، شنۆ و موکریان بوون؛ کە دانیشتووانی ئەم ناوچانە سەرلەبەریان خۆیان بە مورید و لایەنگری شێخ عوبەیدوڵڵا دەزانی؛ بۆیە زۆربەی ئەو گیروگرفتانەی کە شێخ عوبەیدوڵڵا لە ساڵانی (١٨٧٠–١٨٨٠)، لەگەڵ ئێراندا بۆی دروست ببوو؛ لە ئەنجامی داکۆکیکردنی شێخدا بوو، لە پاراستنی سەروماڵی ئەم لایەنگرانەیدا. ئەوانیش سەروماڵی خۆیان لە پێناویدا بەخت دەکرد. شێخ عوبەیدوڵڵا لەگەڵ زۆربەی ئەمانەدا، چ خۆی و چ کوڕەکانی، سەروپێوەندی خزمایەتی و ژن و ژنخوازیی بەربڵاویان هەبوو. بە واتەیەکیتر:

«گەلێك لە عەشیرەتە کوردەکان، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، خۆیان بە پیاو و ژێر دەستەی ئەو؛ نەك حکومەتی ئێران دادەنا».[2]

هاوکات لە گەرمەی زنجیرە کۆبوونەوەکانی «یەکێتی کوردان» لە نەهری «بە درێژایی مانگی ئاب، ڕووداوی وەها لە کوردستانی ئێران سەریان دەرهێنا، بوونە هۆ و هاندەری نوێ، بۆ هەڵچوونی کوردەکان».[3]

بەڕێوەبردنی ناوچەی سابڵاخ، بە شازادەیەکی هەرزە و بەرتیلخۆر و چاوبرسیی سپێردرابوو، ناوی (لوتفعەلیخان) بوو. ئەم شازادەیە هەر ڕۆژەی دەینارد بە شوێن ناودارێکی ناوچەکەدا و بە بیانووی جۆرواوجۆرەوە، سەرباری سووکایەتی پێکردن و دارکاریی و ئازاردان و زیندانیکردنیان، داوای باج و سەرانەی زۆر و سزادانی نارەوا و جەریمەکردن و ئابڕووبردن و کوشتن و ڕاونان؛ زۆربەی دانیشتووانی ناوچەکەی بێزار و هەراسانکردبوو.

یەکێك لەو سەرۆك عەشیرەتانەی لەو مانگەدا (١٥ی ڕەمەزانی ١٢٩٧ کۆچی – ١٨٨٠/٨/٢٢ز)، کە شازادە ناردبووی بە دوایدا و دەیویست دوای سەرانە لێ‌سەندنی؛ بە

---

[1] جەلیلی جەلیل – ل ١١٧

[2] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[3] هەمان سەرچاوە – ل ١٢٠

زنجیر کراوی بۆ تەورێزی بنێری؛ هەمزاغای مەنگوور بوو، کە گەورەترین سەرۆک عەشیرەتی مەنگوور و پیاوێکی ئازا و جوامێر و چابووک بوو، کە ناسیاویی پێشینەی لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلادا هەبوو. ساڵانێکی دوور و درێژ لە بەغدا و ئەستەمووڵ زیندانیی کێشابوو. پیاوێکی زیرەك و سەردەرچوو بوو.

ئەم سەرۆك خێڵە کوردە، هەر کە زانی دەیانەوێ زنجیری بکەن؛ دەست دەداتە خەنجەر و دووکەس لەوانە دەکوژێت کە دەیانەوێت بیگرن و دەتوانێت خۆی دەرباز بکات. هەمزاغا هەر ئەو شەوە خێڵە گەورەکەی کۆدەکاتەوە و ئابلۆقەی سابلاخ دەدات و شازادەی حاکمیش بە پەلە داوای یارمەتی لە سەرووتری خۆی دەکات و سەرلەبەری ناوچەکە بە گشتی و بە تایبەتی شاری سابلاخ دەشێوێ و دەخرۆشێ و خەڵك چاوەنواڕی رووداوی گرنگ و تازە و پرمەترسیی و رزگارکەرێك دەبن، کە لەدەست ئەوجۆرە کاربەدەستە بێبەزەیی و ناسازە رزگاریانبکات.

هەمزاغاش هەر ئەو شەوەی تیایدا هەڵدێ، سەرجەمی خزم و خوێش و خێڵەکەی خۆی کۆدەکاتەوە و بە تەپڵ و کەڕەنای جەنگەوە، ئابلوقەی شاری سابلاخ دەدات.

شازادەی نەشارەزاش بە پەلە هەواڵی یاخیبوونی هەمزاغا بە کاربەدەستانی تەوریز دەگەیەنێ. ئەوانیش لەوێوە محەمەد حسێنخانی بەختیاری، بە (٣٠) سوارەوە و رەحیمخانی سەرکردەی چەلبیانی بە (١٠٠) سوار و محەمەد سادقخانی موقەدەم ئاجودانباشی بەرەو سابلاخ دەنێرن و بەمجۆرە سەرەتای یەکەمین راپەڕین لە سابلاخدا رادەگەیەنرێ و ئەمانەش بەدەم هاتنیانەوە، لە تەورێزەوە بەرەو سابلاخ تووشی هەرکەس دەبن، دەیکوژن و بە هەر گوندێکیشدا تێدەپەڕن، تاڵانیدەکەن و دەیسووتێنن.[1]

بەڵام هەر لەو ماوەیەدا هەمزاغا خۆی دەگەیەنێتە مەرگەوەڕ و پێوەندی لەگەڵ شێخ عەبدولقادر و شێخ عوبەیدوڵلا دا دەکات و بەرنامەی هاتنیان بۆ سابلاخ و راپەڕین دادەڕێژن.

هاوکاتیش بەر لە هاتنی هێزی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بەرەو سابلاخ، زووتر محەمەدئاغای مامش، برازاکەی خۆی (سولەیمان ئاغا)ی بۆ نەهری دەنێرێ، تا هەرکاتێ هێز بجووڵێ، هەواڵەکەی بۆ محەمەد ئاغا بنێرێ. ئەویش خێرا هەواڵی نارد، کە شێخ عوبەیدوڵلا نامەی بۆ هەموو سەرانی کورد ناردووە و خەریکی لەشکر کۆکردنەوەیە.

لەولاشەوە هەواڵی هەڵاتنی هەمزاغا و وروژانی سابلاخ، دەگاتە شێخ عوبەیدوڵلا و ئەویش خێرا «شێخ کەمال»ی نوێنەری خۆی دەگەیەنێتە لای هەمزاغا و کاروباری هاوکاریکردنی لەگەڵدا باسدەکات.[2]

---

[1] اسکندر غوریانس – پاشکۆی ژمارە ٧

[2] بەڵگەنامەیەکی یەکجار زۆر، دەربارەی هەمزاغا و یاخیبوونەکەی و سەرکردایەتیکردنی هێزەکانی شۆڕشگێرانی کورد، لە قۆڵی سابلاخ و میاندواو و بناودا و دواییتر کەوتنە دا و و بە نامەردانە کوشتنی لەلایەن «میرزا نیزامی گەڕووس»ەوە؛ لە ئەرشیف و سەرچاوە مێژووییەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران

«هەمزاغا دوای کۆبوونەوەکەی شەمزینان، چالاکانە کەوتە خۆئامادەکردن؛ بۆ ئەو راپەرینەی ئەمرۆ، یان سبەی دەتەقێتەوە»[1]

«هەمزاغا گەلێك لە سەرۆك خێڵەکانیتری رام کردبوو، لابدەنە لای راپەرینەکە».[2]

جگە لەمانەش، ئەو نەخشەیەی لە کۆبوونەوەکەی شەمزیناندا بۆ پێکهێنانی راپەرینەکە دانرا، لە لایەن گەلێك لە دانیشتووە کوردەکانی ئێرانەوە، پەسەندکرا و پێشوازیی لێکرا. کۆنسۆلی رووسیا لە (وان)، ئەو هەواڵەی گەیاند، گوایە کوردەکان کە لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە زۆریان لێدەکرێت و دەرووتێنرێنەوە، سەریان بەرز کردۆتەوە و قین دایگرتوون. بۆیە کوردەکانی ئێران بەوپەڕی شادییەوە پێشوازیی شێخ دەکەن و بە رزگارکەری دادەنێن»[3] و «هەر لە سەرەتاوە، کە شێخ هێشتا خەریکی خۆئامادەکردن بوو بۆ پێکهێنانی راپەرینێك دژی دەوڵەتی عوسمانی، دەنگوباسی ئەو خۆئامادەکردنە، دەنگدانەوەیەکی خۆشی بەناو هەموو کوردەکاندا دایەوە و بەوپەڕی دڵخۆشییەوە پێشوازیی لێکرا. ئەوەبوو شارەکانی کوردستانی ئێران؛ وەك: خۆی، سابلاخ، ورمێ و شنۆ بوونە بنکە بۆ ئامادەکردنی چەك و جبەخانە بۆ راپەریوەکان.[4]

ئەمانە، کە بەشێکیان سەرباز و چەکداری دەوڵەتیشیان تێدابوو، شێخ دڵنیابوو لەوەی لە کاتی هەڵگیرساندنی شۆڕشدا، ریزی لەشکری قاجاری جێدێڵن و دەدەنە پاڵی؛ کە لە ئاکامیشدا لە زۆر جێگەدا هەر وایانکرد.

لە سەرەتای شۆڕشەکە و لە کاتی پێشرەویکردنی ئەو هێزەدا، کە شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوور سەرکردایەتییان دەکرد و بەرەو موکریان دەچوون، خەڵکی سابلاخ و دەوروبەری، بە دەهۆڵ و سوورناوە، بە پیر شۆڕشگێڕانەوە چوون.[5]

لە رۆژانی ئابڵوقەدانی ورمێشدا، ئەو هێزەی لەگەڵ (ئیقبالدەولە)ی حاکمی ورمێدا، لە دەرەوەی شارەوە بەرەو ورمێ، بۆ بەهاناوەچوونی ورمێ دەگەڕانەوە؛ بەشێك لە سەربازەکانی (ئیقبالدەولە)، کە کورد و لایەنگری شێخ بوون، پەلەی ئەوەیان بوو، هەتا زووە

و (مرکز اسناد ملی– ایران) و عوسمانی و ئینگلیسدا هەن و لە دەمێکەوە هەموویانم چنگخستوون و کردوومنە کوردی و بوونەتە کتێبێکی سەربەخۆ. لە دەرفەتێکی نزیکدا بە چاپی دەگەیەنم.)

[1] جەلیلی جەلیل – ل ١٢٠

[2] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[3] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[4] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[5] اسکندر غوریانس – پاشکۆی ژمارە ٧

له هێزەکەی (ئیقبالدەوله) هەڵبێن و خۆیان بگەیەننە لەشکرەکەی شێخ و هەواڵی هێزەکەی ئیقبالدەوله، بە شێخ بگەیەنن؛ تا شۆڕشگێڕەکان دەست لە هێزی دوژمن بوەشێنن.[1]

٥/٤/٤: خەریکبوونی ئێران بە شەڕی ناوخۆوە:

بە پێی زانیاریی شێخ عوبەیدوڵڵا ، هێزەکانی ئێران بە شەڕی خێڵەکانی تورکمانەوە خەریك بوون؛ کە ئەم زانیارییەی شێخ، سەبارەت بە ڕاپەڕینی تورکمانەکانی خۆرهەڵاتی ئێران، لەو نامەیەشدا دەردەکەوێ، کە میستەر (تۆمسن)ی باڵوێزی ئینگلیس لە تاران، لە ڕۆژی ١١ی تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەری ١٨٨٠)دا، بۆ (ئێرل گرانڤێل)ی وەزیری دەرەوەی ئینگلیسی ناردووە و لە زمانی ناسرەدینشای قاجارەوە گلەیی لە تورکیا دەکات و دەڵێ : «چاوەنواری نەکردووە، کە ڕەعیەتەکانی سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم) لە خۆرئاوادا (مەبەستی کوردستانە)، ڕەفتاریان وەك تورکمانەکان بێت لە خۆرهەڵاتدا»[2]

بەم پێیە، ئێران لەباری سەربازییەوە، لە تورکیا لاوازترە. ئەم لایەنە، کلایتۆنی سەرکۆنسۆلی ئینگلتەراش لە وان، لە نامەیەکدا دەیسەلمێنێ، کە ڕۆژی ٢٧ تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەری ١٨٨٠) بۆ (تروتێر)ی سەرکۆنسۆلی ئینگلیس، لە ئەرزەڕۆم ناردوویەتی.[3]

٦/٤/٤: ئێران لە تورکیا دەوڵەمەندترە:

دەوڵەتی عوسمانی لە دوو جەنگە دۆڕاوەکەیدا لەگەڵ ڕووسیادا: (١٨٥٣-١٨٥٦) و (١٨٧٧-١٨٧٨)، باری ئابووری و گوزەرانی بەجارێ داهێزرابوو. ڕۆژی دەیانکەس لە ناوچە هەژارەکاندا لە برساندا دەمردن. بۆیە ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی تورکیا دەرەقەتی حەواندنەوە و تێرکردنی هێزی پێشمەرگە و باربەرەکانی نەدەهات. بەڵام کوردستانی ئێران، خاکێکی دەوڵەمەند و بە پیتی هەبوو، دەرەتانی ئەوەی تێدابوو ببێتە بنکەیەکی لەبار، بۆ خۆسازدان و ئازادکردنی کوردستانی عوسمانی.

---

[1] بنوارە پاشکۆی ژمارە ٦ (علیخان گونە خان افشار – ل ٥٣٧ – ٥٣٨)

[2] لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی – ل ٢١

[3] هەمان سەرچاوە ل ١٣٣ – ١٣٤

٥ - قۆناغی دووەم: بزواندنی هێز و لەشکرکێشیی:

١/٥: قۆڵی خۆرهەلاتی ورمێ:

بەو پێیەی شێخ عوبەیدوڵلا ، ناوچەی ورمێ و ناوچەکانی باشووری خۆرهەلات و خۆرئاوای زەریاچەی ورمێی بۆ مەیدانی لەشکرکێشیی و پەلاماردانی دەسەلاتی ئێرانی هەڵبژارد، هێزەکانیشی کرد بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەمیان: بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادری کوڕی خۆی و هەمزاغای مەنگوور بوو، کە لە (١٨٨٠/٩/٢٠ز) بەدواوە، لە تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕەوە بەرەو شنۆ کەوتنە رێ.

ئەم هێزە دەبووایە بە پەلە، هەلی هەڵچوون و بارودۆخی ورووژاوی ناوچەی موکریان بە گشتی و شاری سابلاخ بەتایبەتی بقۆزێتەوە، کە دوای راسان و هەلاتنی هەمزاغا، لە دەست شازادەی زاڵم، سەعات بە سەعات زیاتر دەشێوا و هەواڵی پێوەندیکردنی هەمزاغاش، بە شێخ عوبەیدوڵلاوە، خەڵکی ناوچەکانی موکریان و سندووس و شنۆ و لاجانی خستبووە چاوەنوارییەکی بێئۆقرە و بەرێوەبەری سابلاخ (شازادە لوتف عەلی خانی کوڕی موئەیدالدەولە)ی لە مەترسی و پەژارەیەکی بەردەوام و بێئەندازەدا راگرتبوو.

بۆیە هەواڵی بەرێکەوتنی ئەم هێزە بەرەو شنۆ، دەماودەم بە ناوچەکانی شنۆ و سابلاخدا بلاودەبێتەوە و خەڵکی ناوچەکە، بە پەرۆش و کاربەدەستانی دەوڵەتیش، بە ترس و لەرزەوە چاوەنواری نزیکبوونەوەی دەکەن.

ئەم هێزە، کە دەگاتە شنۆ، بۆ حەسانەوە و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجەکان، ماوەی (٣) رۆژ لە شنۆدا دەمێنێتەوە و لەو ماوەیەدا لەسەر داوا و بانگیهێشتنی هەمزاغا، کاکەڵلای برای، بە خۆی و خێڵەکەیەوە، کە نزیکەی (٦٠٠) کەسن و مامەندئاغای سەرۆکی خێڵی پیران، بە (٣٠٠) سوارە و سوارئاغای برازای هەمزاغا؛ کە سەرۆکی خێڵی زوودییە، بە (٣٠٠) تفەنگچی و بە هەمووشیان (١/٢٠٠) تفەنگچی و سوارەن، پێوەندی بە لەشکری شێخ عەبدولقادرەوە دەکەن. هاوکاتیش داوا لە محەمەد ئاغای مامش دەکەن، تا بداتە پاڵیان، بەلام بە دەنگیانەوە ناچێ.

ئەم لەشکرە کە لە شنۆوە بەرەو پیران و لاجان و سابلاخ بەرێدەکەون، وەك ئەسکەندەر غوریانس دەڵێ: نزیکەی (١٠/٤٠٠) کەس بوون.

لە کاتی هاتنی ئەم هێزانەدا بەرەو سابلاخ، خەڵك بە سەدان و بە هەزاران، بە پیریانەوە دەهاتن و تێکەڵ لەشکرەکە دەبوون. بەلام هەر کە لە شنۆوە بەرەو سابلاخ دەجوولێ، محەمەد ئاغای مامش و بیوك خانی سەرۆکی قەرەپەپاغ، هەواڵی جوولان و بەرێکەوتنی ئەم هێزە، بە شازادەی فەرمانڕەوای سابلاخ دەگەیەنن. ئەویش داوا لە ئاغاکانی سابلاخ دەکات، تا یارمەتی بدەن و بگەنە شنۆ و بەر بەو لەشکرە بگرن؛ بەلام کەس

نەچووە. تەنیا سەلیم خانی چاردۆڵـی و محەمەد سادق خـان و رەحیم خـانی چـەلبیانی ئامادەبوون و لەگەڵ محەمەد ئاغای مامش و بیوك‌خانی قەرەپەپاغدا بەرەو سندووس چـوون. کـەچی لـەوێ کـە لێشاوی هێزەکـە و داروبارەکـە هەڵدەسـەنگێنن، هـەندێ لـە سـەرانی قەرەپەپاغ، بۆ پاراستنی سەر و ماڵیان بە پیر هێزەکەوە دەچـن. ئیتر شازادەش کـە دەزانـێ قەرەپەپاغەکانی سندووس بە پیر شێخزادەوە چوون و خەڵکی سـابلاخ و خێڵـەکانی موکریـش لەگەڵ شێخ عەبدولقادردا هاودڵن، لە هـەلاتن زیـاتر، ڕێگـەیتر شـك نابـات و ناچـار ڕۆژی دووشـەممە (١٨٨٠/٩/٢٧ز) لەگـەڵ هـەندێ لــە ئاغاکـانی شـار و محەمـەد سـادق‌خانی ئاجودانباشی و محەمەد حسین‌خانی بەختیاری و رەحیم‌خانی چەلبیانی (کە ئەمانـە پێشـتر بۆ یارمەتیدانی شازادە هاتبوون!)، سابلاخ جێدێڵن و بەرەو میاندواو و بناو هەڵدێن.

ئەم هێزە کە لە سندووسەوە بەرەو سابلاخ دەهات، هەر خەڵکی زیاتر تێدەئالا. هێشتا لە سابلاخ لە نزیك نەببوونەوە، کە خەڵکی سـابلاخ، بـە دەهـۆڵ و سـوورنا و بـە ئـالاوە، بـە پیریانەوە چوون و هەموو مەڵبەندی سـندووس و موکریـان، بـە بێ‌بـەرەنگاریی هـێزی ئێران ئازادبوون.

٢/١/٥: ئازادکردنی موکریان و دەوروبەری

ئەم هێزە، دوای نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە، ڕێکـەوتی (١٨٨٠/٩/٢٩ز) گەیشـتە نـاو سابلاخ و ڕۆژی دواتریش، پێنج‌شەممە (١٨٨٠/٩/٣٠ز) خان باباخانی کوری مـەجیدخانیان کردۆتە فەرمانداری سابلاخ. ئەم هێزە، وەك عەلـی ئەکبـەر سـەرهەنگ دەڵـێ پێکهاتەکـەی بریتی بوو لەم خێلانە:

هەموو هۆزی مەنگوور، عەبدوڵلاخان و ئیبراهیم‌خانی زەرزا، عەلـی ئاغا لەگـەڵ هـۆزی هەرکی، محەمەد ئاغا لەگەڵ خێڵی ڕەوەند، شێخ جیهانگیر لەگـەڵ خێڵـی بنـاری، مامـەند ئاغای پیران، قەرەنی ئاغـا لەگـەڵ خێڵـی زوودی، قاسـم‌ئاغای کـوری عەلـی‌خان لەگـەڵ سوارەی شکاك، دەروێش ئاغای نەعمان ئاغای هەرکی، عەبداڵبەگ لەگەڵ هـۆزی دەشـتی، قۆیتاس ئاغا لەگەڵ خـەڵکی سۆمای برادۆسـت، محەمـەد ئاغـای مسـتکانی، کوێخـا ملهـم لەگەڵ خەڵکی مەرگەوەڕ، عوسـمان ئاغای گەورك، محەمەدئاغا لەگەڵ خێڵی مـامش هاتنـە سابلاخ. بەلام شێخ عەبدولقادر لە ئاقاری شار و کەنار چۆمی شار بارەگای دانا و ڕەشـماڵێکی سەربازییانەی بۆ خۆی هەڵدا و (٥-٦) ڕۆژ لە سابلاخدا مایەوە.

٣/١/٥: گرتنی میاندواو و دەوروبەری

بەشە سەرەکییەکەی ئەم هێزە، (٣) ڕۆژ لە سابلاخدا مایەوە و لەو (٣) ڕۆژەدا ژمارەیـان گەیشتە (١٢) هەزار کەس. بەلام لەو (٣) ڕۆژەدا نامـەیان لـە گونـدە کوردنشینەکانی نێوان مەراغە و میاندواوەوە بۆ هاتبوو، کـە ئەگـەر زوو نەگەنـە فریایـان، ئـەوا عەجەمـەکانی ئـەو

ناوچانە، دەستدرێژیی زۆریان دەکەنە سەر. جگەلەمەش، هەر بەرەبەیانی رۆژی هەینی (١/١٠/١٨٨٠ز) بەشێکی ئەم هێزە، بەرەو «مەرحەمەت‌ئاوا» و بەشێکی‌تریشیان کە بریتی دەبن لە (٢٠٠) سوارەی بڵباس، بە فەرماندەیی (میربەگ)ی[1] خاڵۆی شێخ عەبدولقادر، بەرەو گرتنی میاندواو دەکەونە رێ.

ئەو کەسانەی چ خەڵکی شار و چ ئاغایانی موکری، لەم هێرشەدا بەشدار بوون، بریتی بوون لە: میرزا عەبدوولوەهابی قازی، میرزا قادری قازی، میرزا قاسمی قازی، شێخ جەسیمی ئیمامجومعە، شێخولئیسلام، بایز ئاغای نەقیب، مامۆستا رەسووڵ ئاغا، ئیسماعیل‌ئاغا، عەزیزئاغا، رەحمان‌ئاغا، محەمەدئاغا، برایم ئاغا، گوڵاوی ئاغا، رەییس ئاغا، براکانی ئیبراهیم ئاغا، رەزا قولی میرزای کوڕی مەلەکولقاسمی میرزا، عەبدوڵڵائاغای کوڕی مەحموودئاغا، خەلیل ئاغا، کوڕەکانی محەمەد کەریمبەگ، فەتحوڵڵاخان کوڕی موزەفەرولدەولە، کوڕەکانی‌تری مەجیدخان، ئەمین ئاغا کوڕی قادر ئاغا، سەلیمبەگ و کوڕەکانی، فەیزوڵڵابەگ، عەزیزی فەتاح، حەسەن ئاغا، کوڕە بەناوبانگەکانی ئاغا و خەلیفە و شێخەکانی‌تری ئەهلی سوننەت.

تا بەرەو ناوچەکانی میاندواویش دەچوون، گوندە کوردنشینەکانی ئەو ناوچانە دەچوونە ناو لەشکرەکەوە و بە پێی ئاگاداریی عەلی ئەکبەر سەرهەنگ، ئەم هێزە، کە گەیشتنە گوندی «حاجی حەسەن»ی یەك قۆناغە رێی میاندواو، ژمارەیان گەیشتبووە (٥٠) هەزار کەس. وەك بەڵگە و نیشانەکان دەریدەخەن، ئەم هێزە رووەو قووڵایی ناوچەکانی ئازەربایجان کشاوە و بەرنامەی ئازادکردن و گرتنی هەموو ئازەربایجان و مەڵبەندی ئازەربایجان (تەورێز) بووە، کە لەو کاتەدا نشینگەی «وەلیعەهد» بووە.

بەڵام هاوکات، گوند و شارۆچکە و شارە عەجەم‌نشینەکانی مەراغە و میاندواو و بناو، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم لەشکرەی کورد دەکەونە خۆیان و هەر دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی هاتنی شێخ عەبدولقادر بۆ سابلاخ، عەلی‌خانی حاکمی مەراغە، لەگەڵ محەمەد سادق‌خانی سەرکردەی سوارەی بەرەی پێشەوە و محەمەد حسین‌خانی بەختیاری و محەمەد سادق‌خانی ئاجودانباشی و حاجی رەزا قولی‌خانی ئیسفەهانی و رەحیم‌خانی سەرکردەی سوارەی چەلبیانی، بە گالیسکەیەك لە مەراغەوە بەرێ‌کەوتن. لەناو رێ لەگەڵ سەلیم‌خانی چاردوڵی یەکدەگرنەوە و پێکەوە بەرەو میاندواو دەچن و تۆپ لە دەرەوەی شار دادەمەزرێنن و سەنگەر و مەتەرێزی قایمیش ئامادە دەکەن و خەڵکی‌تریش کۆدەکەنەوە و بۆ بەرگریی هانیان‌دەدەن.

ئەو هێزەی «میربەگ» سەرکردایەتی دەکات، وەك یەکەمین بەرایی لەشکری کورد، دوای‌نیوەڕۆی رۆژی (٢/١٠/١٨٨٠ز) هێرش دەکاتە سەر میاندواو. لە سەرەتای هێرشیاندا بۆ

---

[1] لە هەندێ سەرچاوەدا بە «نوری بەگ» ناوی‌براوە، بەڵام دوای سۆراخکردنی ناوەکەی، دەرکەوت کە «میربەگ»ە.

سەر میاندواو، دەکەونە ناو بۆسە و بەر دەستریژی عەلی‌خانی حاکمی مەراغە و هاوریکـانی و بە گوللەی سەلیم‌خانی چاردۆلی دەکوژری. سوارەی بلباس بە کوشتنی «میربەگ» دەبەزین و هەلدین. بەلام شیخ عەبدولقادر کە هـەوالی کوژرانـی خالۆی و تیشکانی سوارەی بلبـاس دەبیستی؛ بریاری هیرشی تازەی سەر میاندواو دەدات. ئەم هیرشـە تازەیـە بەسـەرکردایەتی جەلیل ئاغا دەبیت، کە بە (١٠٠) سوارە و (٣٠٠) پیادەوە هیرشی دەستپیکرد.

بەدوای ئەم هیرشەدا، هیزەکانی کورد هەموویان لە سابلاخەوە بـەرەو میـاندواو کەوتنـە ری. عەلـی‌خانی حـاکمی مەراغـە و شـەرکەرانی میـاندواو، خۆیـان لەبـەر ئـەم هیرشـــەدا پیناگیری و هەلدین و لە دوای خۆیشـیانەوە، تـۆپ و تەقەمـەنی زۆر جیدەهیلـن و بـە دوای ئەوانیشدا خەلکی شاری میـاندواو، هەرکـەس توانـای هـەلاتنی هـەبوو، هـەلات و ئـەوانیتر کەوتنە دەست هیزەکانی هیرشکاران. ئەم هیرشە ماوەی (٣) رۆژ دەخایـەنی و کوشـتاری زۆر لە خەلکی میاندواو دەکری و دیـل و تـالانیی زۆریشـیان لـی‌دەگیری. بـە گویـرەی زانیـاری ئەسـکەندەر غوریـانس (٨٠٠) موسـلمان و (٢٠) ئەرمـەنی و (٥٠) جوولەکـــە لـــە میـــاندواو کوژراون.[1]

لە گەرمەی شەر و کوشتاری میاندواودا، هەندی کەسی وەك «رەزا قولـی کـوری مەلـەك قاســم مـیرزا» لەگـەل چـەندان کەســی‌تردا، جلوبـەرگی کوردییـان لەبـەرکردووە و بـۆ بـەدناوکردنی کـورد، دەکەونـە دزی و تـالانیی گوندەکـانی ناوچـەی مەراغـــە، میـــاندواو و مەلکەندی.

لە کاتی شەر و تیهەلچوونی هیزەکانی کورد و خەلکی میاندواودا، جەلال‌خانی ئەفشـار بە دزییەوە هەوالی ئەوە بە محەمەد ئاغای مامش دەگەیەنی، کە لەشـکری «خـۆی» لەگـەل شەجیع عەلـی‌خان گەیشتوونەتە ورمی و ئیقبالدەولەش دەیەوی لـە سندووسـەوە هـیرش بـۆ سەر سابلاخ بهینی. محەمەد ئاغاش هەوالەکە بە ناو هیزەکانی کورددا بلاو دەکاتـەوە. بۆیـە شیخ عەبدولقادر و هەمزاغا بە پەلە بەرەو سابلاخ دەگەرینەوە، تا تەدارەکی بەرگری ســابلاخ ئامادە بکەن. لەگەل خۆیشیاندا تۆپیك، کە لە میاندواو گرتبوویـان، بـەرەو سـابلاخ دەبـەن. بەلام لە ریگە دەیشکینن. لە سابلاخەوە محەمەدئاغای مـامش بـەرەو سـندووس دەنـیرن، تـا سۆراخی هەوالەکەیان بۆ بکـات. ئـەویش چونکـە بـە دوودلـی و ناچاریی کەوتۆتـە شـوین لەشکری شیخ و بەهیوا بووە ئەگەر لەشکری دەولـەت لـە ورمـی‌وە بگـات، پیوەندییـان پیـوە بکات، بەم هیوایـەوە چـەند رۆژیـك لـەوناوە، خـۆی خـەریكدەکات، بـەلام کـە هەوالەکـە شوینەواریکی نابیت، هەروا بۆ ناو لەشکری شیخ دەگەریتەوە. بـەلام ئـەم هەوالـەی هـاتنی هیزی ئیقبالدەولە، دەبیتە سۆنگەی ئەوەی لەشکری کورد درەنگتر هیرش بکەنە سـەر بنـاو و

---

[1] کە هەوالی کوشت و بر و تالانی ناوچەکانی میاندواو بە شیخ عوبەیدوللا گەیشتووە، نامەیەکی سەرکۆنەی بۆ شیخ عەبدولقادری کوری نووسیوە.

بەمەش، تا ئەو کاتە فەوجێك سەرباز لە تەورێزەوە بە هانای بنــاوەوە دێـت و دەبێتـە هـۆی نەگرتنی بناو.

لە ١٥/١٠/١٨٨٠دا، لەشکری کورد لە میاندواوە بــەرەو «مەڵکـەندی» جـوولاً و ژمـارەی سـوارە (٨-٩) هـەزار و پیـادەش نزیکـەی (١٠) هـەزار کـەس بـوون. لـەم هێرشـــەدا شـێخ عەبدولقادر فرمانیدابوو، هەموو خەڵکی سابلاغ بەشداریی بکەن.

٤/١/٥: فرماننامەی شێخ عەبدولقادر بۆ فەرمانداڕانی سەقز و بانە

لەم ڕۆژانەدا، کە هێزەکانی کورد بەرەو میاندواو دەچوون، شێخ عەبدولقادر ئەم نامەیەی بۆ فەرمانداری شاری سەقز و بانە، بەم ناوەڕۆکەوە نارد:

«تا ئێستا نیوەی ئازەربایجانمان گرتووە و لە ژێـر دەسـەڵاتماندایە. کاربەدەسـتی زۆریشـمان بۆ کوردستان دیاری کردووە و هەواڵیشـمان نـاردووە، کـە لـەم هەفتەیـەدا کاربەدەستمان دەچێتە ئەوێ. تۆش کە حاکمی سەقز و بانـەیت؛ بـە گەیشـتنی ئـەم فرماننامەیە، بە خـۆت و دەسـت و پێوەنـد و قشـوونتەوە، ئەگـەر خـۆت بگەیەنیتـە لەشکری ئێمە، ئەوا خۆشەویستن و گەورە دەبـن. بـەڵام ئەگـەر بیخەنـە پشـتگوێ و خۆتان گێل بکەن، ئەوا هەفتەیەکیتر، بە سزای خۆتان دەگەن».[1]

لەم ماوەیەدا هۆزی پیران هێرش دەکەنە سەر قەڵای لاجان و دەیگرن و (١٥٠) سـەرباز و تۆپچی و عەرادەیەك تۆپ دەگرن و سـەربازەکان بۆ لای شێخ عەبدولقادر دەبەن؛ بەڵام شـێخ عەبدولقادر هەموویان ئازاد دەکات.

٥/١/٥: تەقەللای تەورێز

دوای ئەوەی لە تەورێز هــەواڵی هــەڵاتنی شـازادە لوتفعەلــی دەبیسـتن، بڕیـار دەدەن حاجی «سەردەولە» بکەنە فەرمانداری سابلاغ و لەگەڵ کۆمەڵێك سوارەی تەهماسبقولیخان یۆزباشی ڕەوانەی دەکەن. کە خەڵکی مەراغە و بناویش هـــەواڵی شـەڕ و کوشـتاری میـاندواو دەبیستن، نامە بـۆ «موزەفـەرەدین مـیرزا»ی وەلیعـەهد دەنـێرن و داوای یارمـەتی لێدەکـەن. ئەویش بڕیار دەدات: ئاغاخانی سەرتیپی ئەفشار و لوتفعەلی خانی سەرهەنگ، بە (٤٠٠) سەرباز لــە فــەوجی چـوارەم و فــەوجێکی ئەمیریـە، بـە چـوار گالێسـکە تۆپـەوە، لـە ڕۆژی (١/١٠/١٨٨٠ن) بخەنە ڕێ، بۆ ڕۆژی دوایــی (٢/١٠/١٨٨٠ن)، محەمـەد خـانی سـەرهەنگ موهەندیس، کـە ئـەویش فـەرمانی پێکرابـوو، بێـت؛ لـە نزیـك بارەگـای «خانـەقا» لەگـەڵ ئاغاخانی سەرتیپ و حاجی سەردەولە، یەکدەگرنەوە و پێکەوە دەچنە بناو و لە دەوروبەری شارەکە سەنگەر و مەتەرێز دروستدەکەن و لە هەر دۆڵێکدا تۆپ و سەرباز دادەمەزرێنن.

---

[1] بنوارە پاشکۆی ژمارە (١)، بەڵگەنامەی ژمارە: ٦٠٤.

که هەواڵی ئەم ناوچانەش گەیشتنە تاران، بڕیار درا: مستەفا قولیخان (ئیعتیمادسەڵتەنە)ی سەرۆکی لەشکری ئازەربایجان، وەك سەرکردایەتی گشت لەشکر بەڕێبکەوێ. ناوبراو لەگەڵ فەوجی بەهادۆرانی، بە یاوەری سەیید محەمەدخان و فەوجی دووەمی تایبەت، سەرهەنگ عەلی‌خانی کوڕی حاجی حسام‌الدوله و (٣) دەسگا تۆپ و تەقەمەنی، گەیشتنە بناو. شەو لەوێ مانەوە و بەیانی، محەمەدخانی سەرهەنگ، لە دەرەوەی شار شوێنی هۆردوو دادەمەزرێنێ. ئیعتیمادسەڵتەنەش بارەگاکەی خۆی لە ناوەڕاستی بارەگاکانی‌تردا دامەزراند، کە راستەوخۆ رووبەڕووی ڕێگای هاتنی لەشکری کورد و مەیدانی شەڕ بوو.

سەرکردایەتی لەشکرەکانی بناو، بریتی بوون لە: ئیعتیمادسەڵتەنە، حاجی سەدردەولە، ئاغاخانی سەرتیپ لەگەڵ (٤٠٠) سەربازی فەوجی چوارەمی تەورێز، حاجی عەلی‌خانی سەرهەنگ، لەگەڵ فەوجی دووەم، بەتایبەتی سەیید محەمەد خانی یاریدەدەری فەوجی بەهادۆران، لوتف‌عەلی‌خانی سەرهەنگ لەگەڵ دەستەی ئەمیرییە، بیوك‌خانی سەرهەنگی مەراغە، محەمەد خانی سەرهەنگ (موهەندیس)، لەشکری سوارەش بریتی‌بوون لە: محەمەد حسین‌خانی بەختیاری بە (٤٠) کەسەوە، ئیبراهیم ئاغای قەراجەداغی بە (٢٠) کەسەوە؛ بۆ قۆڵی ورمێ.

٦/١/٥: تەقەللای تاران

کە لە تارانیشەوە هەواڵی بەڕێکەوتنی شێخ عوبەیدوڵڵایان بیستبوو، فرمانیان دەرکردبوو: کامەران میرزای نائب‌السلطنە، لەشکرێکی گەورە بەرەو ئازەربایجان بنێرێ، تا بوون و مانی خراپەکاران بە فەنادا بدات! هەروەها بڕیاردرا «حەمزە میرزا – حشمت‌الدولەی مامی ناسرەدین‌شا» بکرێتە سەرداری لەشکر و دوو فەوجی ئازەربایجانیش، کە بە محەمەد قولی‌خانی حسام‌الدوله سپێردرابوو، لە تارانەوە بەرەو بناو بەڕێبکەوێ. بەڵام حشمت‌الدوله بۆ دابین‌کردنی کەلوپەلی پێویست، (٣) رۆژ بە تۆپخانە و هێزەکەیەوە، مانەوە. ئەم هێزە لە رۆژی (١٥/١٠/١٨٨٠ز)، لە مەیدانی ئەسپسوارییەوە قۆناغیان بردە گوندی (کەن)ی نزیك تاران. رۆژی ١٦/١٠/١٨٨٠ ئەم هێزە لە گوندی ناوبراوەوە کەوتنە رێ.

بەڵام ئەو هێزەی بۆ قۆڵی ئازەربایجان (ورمێ) دیاریکرابوو، پێش ئەم هێزە کەوتبووە رێ و لە گوندی (کەرەج) قۆناغیان گرتبوو. ئەم دوو هێزە لە کەرەج یەکیان‌گرتەوە و دوای چوار رۆژ رێ لە (٢٠/١٠/١٨٨٠ز)دا گەیشتنە قەزوین و رۆژێکیان بۆ کۆکردنەوەی سەربازی قەزین‌و حەسانەوەی لەشکری پیادە تەرخانکرد. رۆژی (٢٢/١٠/١٨٨٠ز) فرمانی بەرێکردنی لەشکر دەرچوو. ئەم هێزە بەردەوام بەڕێوە بوو، تا لە رۆژی (٣٠/١٠/١٨٨٠ز)دا، گەیشتنە شارۆچکەی «بیجاڕ» و لەوێ باروبنەیان خست. ئەوسا بەرەو «هەمەدان» کەوتنە رێ، کە بە

(٨) رۆژ گەیشتنێ. بەڵام حشمت‌الدوله، کە گەیشتە «بیجار»، سێ رۆژی تێدا مایەوە و هەر لەوێ نەخۆشکەوت و دواتر رۆژی ١٨٨٠/١١/٧ز، لە ناوچەی ئەفشار، گوندی «گۆك ئاغاج»ی[1] لای «سایین‌قەلاّ» دەمرێ.

ئیعتیمادسەڵتەنەش کە گەیشتە بناو، دوای تەواوبوونی کاروباری سەنگەر و مەتەرێز ئامادەکردن، خزمەتکارێکی لە لابوو، ناوی «عەبدوڵڵابەگ» بوو. ئیعتیمادسەڵتەنە چەند نامەیەکی بە دەستی عەبدوڵڵابەگدا بۆ سەرۆکەکانی موکری و قەرەپەپاغ نووسی، کە فریوی شێخ مەخۆن و لە سزادانی (شا) بترسن و بگەڕێنەوە سەر ڕێگەی دەوڵەتخوازیی و شا لێتان خۆشدەبێ.

ئیسماعیل‌ئاغای سەرۆکێکی قەرەپەپاغ و چەند خزم و کەسێکی و دوای ئەویش «گولاّوی ئاغا» خۆیان بەدەست لەشکری بناوەوە دەدەن... بە قسەی گولاّوی ئاغا، کە دوای خۆبەدەستەوەدانی، بۆ سەرانی لەشکری دەوڵەتی لە بناو کردووە؛ دەڵێ : لەشکری کورد لە ژمارە نایەن و بە گوێرەی قسەی عەلی‌ئەکبەر سەرهەنگیش، لەشکری کورد وەك «ئەستێرە دەروشاوە بوون». ئالاّی سوور و زەرد و شین و بنەوشیان هەڵگرتبوو.

گولاّوی ئاغا لە بناو خۆی بەدەست هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە دەدات و ئامار و توانا و نهێنییەکانی لەشکری کورد، لە سەرانی لەشکری دەوڵەتی ئێران دەگەیەنێ و خۆبەدەستەوەدانیشی دەبێتە مایەی دڵساردیی و چاولێکەریی ئاغاکانی‌تر.

٧/١/٥: تەقەللای گرتنی بناو

وتمان لە ١٨٨٠/١٠/١٥دا، هێزەکانی کورد ڕووەو مەڵکەندی جووڵاّ و دوای شەڕ و تێهەڵچوونی سەخت، مەڵکەندی گیرا و دوای ئەویش بەرەو «بناو» هێرش کرا. بەڵام پێش‌ئەوەی هێرش‌بکەنە سەر بناو، نوێنەریان نارده لای بەرپرسانی بناو، تا پێش شەڕ و خوێن ڕشتن، بناو بەدەستەوە بدەن. کەچی گوێ لە ڕاسپاردەکانی نوێنەری کورد نەگیرا و هێرش و شەڕ دەستی‌پێکرد. ماوەی (٣) رۆژ هێزی کورد و هێزی دەوڵەت لە بناو، بێ‌پسانەوە جەنگاون. لەم شەڕانەدا (بەقسەی عەلی ئەکبەر سەرهەنگ)، خاك و خۆڵی بناو بە خوێنی کورد، بووە قوڕاو.

لەو دەشتە پڕ قینەدا دەتووت زەوی دەمی داپچڕیوە، ئەوەندە کورد کوژرابوون، دەتووت زەوی هەمووی تەپۆڵکەی مردووە! بە کورتی تا (٣) رۆژ، هەوری بەلاّ، ئاسمانی تەنیوە و بارانی گوللە وەك تەرزە باریوە. بەجۆرێك دنیا سەری سوورماوە. لە یەکەم هەڵمەتدا هێزەکانی کورد، ڕووەو شار بوونەوە و ئەو ماڵانەیان وێران و کاولکرد و خەڵکەکانیان کوشتن،

---

[1] لە کوردەواریدا پێی‌دەڵێن: گوێ ئاغاج

کە لە ئاقار و دەرەوەی شار بـوون. بەقسـەی ئەسـکەندەر غۆریـانس، نزیکـەی (٣٠٠) کـورد کوژراون.

٨/٧/٥: نامەی هەمزاغا بۆ شێخ عوبەیدوڵلا

لە دوای دووەمین ڕۆژی شەڕ و هێرش، هەمزاغای مەنگووڕ، کە خـۆی لـە بنـاو لەگـەڵ هێرشکاراندا بووە؛ نامەیەکی بۆ شێخ عوبەیدوڵلاّ ، بەمجۆرە نووسیوە:

«ماوەی دوو ڕۆژە ئێمـە لـە شـاری بنـاو شـەڕ دەکـەین و بـە تـەواوی گـەمارۆی شوێنەکەمان داوە. بۆئەوەی هیچ کەسـێك نـەتوانێ لـە قەلاّکـە دەربچـێ. ئومێـدەوارم خوای گەورە سەرکەوتنمان مسۆگەر بکات و لەشکری دوژمنیش وەك تۆوی خەشخاش بلاّوە پێبکات.

بە گەیشتنی ئەم نامەیە، لـە پایەبـەرزتان دەخـوازم بـە پەلـە (١٠٠٠) کـەس و ئەوەندەی دەتوانرێت تفەنگی مارتینی و تەقەمەنیم بۆ بنێریت. من دڵنیـام لـەوەی لـە دوعاکانتدا لەبیرمناکەیت»[١]

لەم سەروبەندەدا بە فرمانی ئیعتیمادسەڵتەنە، چەند گوللـە تۆپێـك لـە دەرەوەی شـارەوە گیرایە سەنگەری هێزەکانی کورد. میرزا عەلـی قازیش لەگەڵ خەڵکی شاردا هێرشـیان کـردە سەر سەنگەرەکانی لەشکری کورد و لە شار دەریانکردن. دوای کوشـتاری (٣) ڕۆژ و شـەوی بەردەوامی کوردان، چونکە هەواڵی گەیشتنی لەشکری «ئەراك»یشـیان بیسـت و بـەرگریی و خۆراگریی ئیعتیمادسەڵتەنە و خەڵکەکەیشیان بینی، لەشکری کورد ناچار بەرەو مەڵکـەندی و میاندواو کشانەوە.

بە پێی قسەی ئەسکەندەر غوریاس، ئەگــەر کەمتەرخـەمیی و خـۆ دوورە پـەرێز گرتنـی دێبوکرییەکان نەبووایە، بناو دەگـیرا. چونکـە ژمـارەی هـێزی کـورد (١٥) هـەزار کـەس و ژمارەی لەشکری دەوڵەت (٣) فەوج بوون.

٩/٧/٥: دوو نامەی شێخ عەبدولقادر بۆ شێخ عوبەیدوڵلا

لە دوای کشانەوەی لەشکرەکەی کورد لە بناو، شێخ عەبدولقادر دوو ڕۆژ لـە مەڵکـەندی دەمێنێتەوە و پاشان دەچێتە «چلیك» و لەوێش کە زۆربەی لەشکرەکەی بە برسـیی دەبینـێ، هەندێکیان مۆڵەت دەدات. هەر لە چلیك مۆڵەتی سـوارەکانی قەرەپـەپاغیش دەدات. چونکـە دڵـی لێیان پاك نابێ و پێیان دەڵێ بچن بۆ لای شێخی گەورە لە ورمــێ. لـە هەمانکاتیشـدا ئەم نامەیە بۆ باوکی دەنووسێ:

---

[١] لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی – ل ١٣٩

«شەرەفی وەرگرتنــی نامەکـەی خـاوەن شـکۆتانم هەیـە، کـە دابووتانـە دەسـت مەلاحەسەن و گەلێك خۆشحاڵ بووم بە بیستنی ئـەوەی کـە: ورمـێ گـەمارۆ دراوە؛ دوو تۆپ گیراوە؛ لەشکری موسڵمانەکان سەرکەوتوون و خەڵکەکـەی ورمێش زۆر لـە نارەحەتییەکانیان کەم بۆتەوە...

تکامان وایە خوا سەرکەوتنی خێرا و تەواومان پێبەخشێ. (٢٠٠٠) سوارە بۆ لای خاوەنشکۆتان دەنێرم، کە رۆژ و شەو لە خزمەتتدا بن. سەرکردەکانیشیان پـەیمانی دڵسۆزییان داومەتێ. هێزەکەی من لێرە بچووکە. بە تـەنیا لایـەنگرەکانی خـان بـەها خان، هەمزاغا و چەند خێڵێکـی مـەنگووڕی لێیـە، دوژمـن لـە بەردەممانداییـە. گـوڵ عەلـیخان چۆتە سەریان. دەمووچاوی رەش هەڵگەڕاوە! دوای گرتنی ورمـێ، تکایـە (١٠٠٠) کەس و تەقەمەنی پێویستم بۆ بنێرە. خۆشت بە خێرایی وەرە». [1]

لە دوای تێشکانیشیان لە قوڵـی بناو، دیسان ئەم نامەیەی بۆ باوکی نووسیوە:

«سەبارەت بە تێشکانەکەم لە بناو، هۆی ئـەوەی کـە سـەرکەوتوو نـەبووم ئـەوە بوو: کە هەندێ لە خەڵکەکـە لەگـەڵ دوژمنـدا رێککـەوتن. شـەڕەکە دوو شـەو و رۆژ بەردەوام بوو. بڕیار درا بکشێینەوە بۆ میاندواو، تا سزای خێڵـی (چاردوڵـی) بدەیـن. ئیمرۆ دەگەینە چاردوڵی.

لەوەدەچێ ئەوانەی لەگەڵمدان، بیانەوێ بـڵاوەی لـێبکەن و منیش بـۆ چـەند رۆژێکە هەوڵدەدەم کارەکان رێكبخەمەوە. ئەگـەر نەترسـن. بێگومـان هـەموو بـڵاوەی لێدەکـەن. پێویسـتە جـەهال خـانی قەرەپـەپاغ و ئیسـماعیل ئاغـای حـاجیخۆش زیندانیی بکەین، تا بۆ خـەڵکیتر، ببنـە پـەند. پێویسـتە لـەبارەی منـەوە، نامـە بـۆ هەندێ لەوانە بنووسیت.

ئەو خێڵانەی لەگەڵ مندان، کۆنترۆڵکردنیان گرانە». [2]

١٠/١/٥: دوو نامەی تر بۆ شێخ عوبەیدوڵلا

هەر لە کاتی ئازادکردنی ناوچەکانی موکریان و بەشێکی زۆری ئازەربایجاندا، لە لایەن لەشکری کوردەوە، دوو نامەیتر بۆ شێخ عوبـەیدوڵلا، لـە ئەرشـیفی ئینگلیسـدا پـارێزراون، یەکێکیان لە ئەلیکساندەر رەینارت، رەعیەتی فەرەنسییەوەیە کە ئاوایە:

«چەند ساڵێك لەمەوبەر، خاوەنشکۆتان لوتفتان فەرموو، کە من بە یـەکێك لـە لایەنگرەکانتان دابنێن و ئەو بەڵگەیەش کە دەرتانکردبوو، لە بەردەستدایە. من ئێسـتا خاوەنی گوندێکم، بەشێکی دانیشتووانەکەی موسڵمان و بەشـەکەیتریش مەسـیحین.

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ١٣٩ – ١٤٠

[2] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٠

یەك شیعەیان لە ناودا نییە. تکا بفەرموون خاوەنشکۆتان نامەیەکی ئیمزاکراو بۆ ئەو خەڵکە بنووسن؛ بۆئەوەی لەشکرە سەرکەوتووەکەتان ئازار و زیانیان پێنەگەیەنن و هەموویشیان دەبنە رەعیەتی دڵسۆزی ئێوە».[1]

نامەی دووەم ئیمزای نووسەرەکەی پێوە نییە؛ کە ئەمەیە:

«ئەو فرمانانەی کە خاوەنشکۆتان بە لوتفەوە فەرمووبووتان، بە تەواوی و رێك و پێکیی و بە شێنەیی جێبەجێکران. بە هیمەتی شێخی خاوەنشکۆی پیرۆز، یەكکەس چییە لە ناو گوندەکاندا نەماون. خەڵکەکە لە ترسی سەربازە هێرشهێنەکان هەموو لەترسدا هەڵاتوون. مەحاڵە هەستی بەرزی دادوەری خاوەنشکۆتان، رێگە بەو جۆرە کارانە، لەو جۆرە شوێنانەدا بدات. کێڵگەکانی مەرەزە، بێخاوەنن. دووکانەکانی شارەکە تالانکراون. من ترسی ئەوەم هەیە، کە لەوانەیە لەشکرە سەرکەوتووەکەی خاوەنشکۆتان، بەم کردارەی بۆ پێویستی ئازووقە، لەکەدار بێت. لە خوا داواکارم خاوەنشکۆت سەرکەوتوو بێت. تکا لە خاوەنشکۆت دەکەم (٢٠) یان (٣٠) کەسم بۆ بنێریت، تا ماڵ و موڵکەکەم بپارێزن. لێرە زۆر سوارە هەن، لە خزمەتی خاوەنشکۆتدا، بەڵام گوێڕایەڵیی من ناکەن».[2]

دوای چەند رۆژێك شەڕ و تێهەڵچوون لە ناوچەکانی دەوروبەری چلیك و مەڵکەندی و بناو، لەشکری کورد سست و خاو دەبێتەوە و هەندێ لە سەرۆك خێڵەکانیش خەریکی خۆ خەریككردن و خۆپاراستن دەبن لە هێرش و پەلامار. ئەم شەڕ و بەیەکدادانەی هەردوو لەشکری کورد و هێزەکانی دەوڵەتی ئێران، تا رۆژی (١٨٨٠/١١/٣ز)ی خایاندووە، کە هێزەکانی کورد هەر لە سەرەتای ئەم هێرش و پەلاماردانانەدا؛ ئەوەندەی خەریکی کۆکردنەوە و گواستنەوەی تالانی و شەڕەخۆریی بوون، ئەوەندە بەتەنگ بەرگری و

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١٤١

[2] هەمان سەرچاوە ، ل ١٤٠. سەرنج: ئەم دوو نامەیە و دوو نامەی پێشووتریش، کە وەك دیارن هەموویان دەستەهێزەکانی دەوڵەتی ئێران کەوتوون و ئێستا لە ئەرشیفی ئینگلیسدان، کاتی خۆی ناسرەدینشا، بە «تۆمسن»ی گەورە باڵوێزی ئینگلیسی سپاردوون، تا لە رێگەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلیسەوە نیشانی هەموو نوێنەرانی دەوڵەتانی بدەن و بزانن شێخ عوبەیدوڵلا بەهیوای پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستانە. چونکە ئەو نازناوانەی لەم (٤) نامەیەدا بەکارهێنراون، ئەوانەن کە بەتایبەتی ئاراستەی «شا» و «سولتان» دەکرێن. میستەر تۆمسن – یش لە سەر داخوازیی ناسرەدینشا، ئەم سەرنجەی بۆ ئێرل گرانڤیل نووسیوە: «خاوەن شکۆ دەخوازێت کە جەنابتان سەرنجی شێواز و ئەو ناونیشانە بدەن کە ئاراستەی شێخی پێکراون و هەر ئەوانەن کە بە ئاسایی لە ئێراندا بەکاردەهێنرێن، کاتێ نامە بۆ (شا) خۆی دەنووسن. خاوەنشکۆ ئەمە وەك بەڵگەیەك دەهێنێتەوە کە ئامانجەکانی شێخ چەند (گەورە) بوون، وەك ئیدعای ئەو لەقەبانە دەکات بۆ خۆی لەسەر خاکی ئێراندا، کە تەنها هی فەرمانڕەوایی وڵاتەکەیە»... (لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل١٣٨ –١٣٩)

خۆڕێکخستنەوە نەبوون، بۆیە بەشێکی ئەم هێزانە، لەبەر سەرقاڵییان بە هێنان و بردن و گواستنەوەی دەسکەوت و تالآنییەوە، بەرەکانی شەڕیان جێهێشتووە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی، ئەو شوێنانەی دەیانگرت، زۆر زوو لێیان بسەندرێتەوە، تا ئەوەی کە ئیتر ڕۆژ دوای ڕۆژ دژەهێرش،پاشەکشێی پێدەکردن و وردەوردە ناوچەکانی مەڵکەندی و میاندواو لەدەستبدەن و بەرەو موکریان و سابلاخ پاشەکشێ بکەن.

١١/٧/٥: سەردانی کۆنسوڵی ئینگلیس لە ناوچەکانی ڕاپەڕین

لە ١٨٨٠/١١/٢دا، ئابۆت کە لە سەردانی ورمێ بۆ جێگەکەی خۆی لە تەورێز دەگەڕایەوە، گەیشتە سابلاخ و نامەی شێخ عوبەیدوڵلای بۆ شێخ عەبدولقادر پێبوو، تا هاریکاری و پارێزگاری گەڕانەوەی بکەن. لەم کاتەدا شێخ عەبدولقادر لە سابلاخ بوو. شێخ عەبدولقادریش هەمزاغا و عەزیزی فەتاح و مینائاغا و قادرئاغای بە (٣٠٠) سوارەوە لەگەڵ دەنێرێ، تا لە قەڵەمڕەوی موکریانەوە دەیگەیەننە (گردە ڕەش)ی نزیك میاندواو و دوو ڕۆژ لەو ناوچەیە دەمێنێتەوە و دوایی بۆ جێگەکەی خۆی لە تەورێز دەگەڕێتەوە. بەلآم لە بناو زۆربەی سەرانی فەرماندەکانی لەشکری دەوڵەت دەبینێ و بۆ بەرگری و هێرش بۆ سەرلەشکری کورد، هانیاندەدات و دەربارەی هێز و توانای لەشکری کوردیش، ئاگاداریان دەکاتەوە. کەچی سەیر ئەوەیە دوو هەفتە دوای ئەوەی ئابۆت گەیشتبووە ورمێ، میرزا حسەینخان (سوپاسالار) تەلگرافی بۆ ناسرەدینشا کردووە و تێیدا ئاگاداری دەکات کە: مانەوەی ئابۆت لە ورمێ بە چاك نازانێ و مەترسی ئەوەی لێدەکات پشتیوانیی لە بزووتنەوەی کورد بکات؛ «...مانەوەی کۆنسوڵی ئینگلیس لەم کاتەدا بە چاك نازانرێ. بۆیە بەندەی خانەزاتان بە شێوەیەکی جوان نامەم بۆ نووسیوە و بانگهێشتنیم بۆ تەورێز کردووەتەوە. بەجیاش تەلگرافم بۆ خاکی بەرێی موبارەکتان کردووە، تا وەزیری دەرەوە هەمان تەلگراف نیشانی گەورەباڵوێزی ئینگلستان بدات و لە ورمێ بانگی بکەنەوە.»[1]

هەر لەم سەروبەندەدا «حەسەن عەلیخانی گەڕووسی – وەزیری فەوائید» لە ناوچەی گەڕووسەوە، لەگەڵ فەوجی گەڕووس و سوارە و (قادرئاغادا بە ١٠٠ سوارەوە) لە کوێستانەکانی مەراغە و ساییندقەڵاوە خۆی گەیاندبووە لەشکری وەزیر و گەیشتنە بناو و لەوێوە دوای (١٤) ڕۆژ بەرەو «قەرەقشلاغ» کەوتنە ڕێ. لەم کاتەدا شێخ عەبدولقادر لە سابلاخ بوو، کە هەواڵی بە ڕێکەوتنی ئیعتیمادسەڵتەنەی بەرەو (چلیك) بیست و بە هاتنی لەشکری «ئەراك»یشی زانی.

لە ڕۆژی (١٨٨٠/١١/٥ز)دا، ئەم لەشکرەی ئێران، کە بریتی بوو لە (٦) هەزار پیادە و (٥٠٠) سوارە بەرەو «چلیك» بەڕێ دەکەوێ و دەکەونە شوێن لەشکری کورد. لە چلیك دوو

---

[1] بنواڕە پاشکۆی ژمارە ١٤

خزمی‌تری گولاوی ئاغا: «ئیسماعیل ئاغا و بایەزید ئاغا» دەدەنە پاڵ لەشکرەکەی ئیعتیمادسەڵتەنە و هانی‌دەدەن، کە بە پەلە بکەوێتە شوێن هێزەکانی عەبدولقادر.

١٢/٧/٥: کوشتنی بەکۆمەڵی کورد

لەم رۆژانەدا نزیکەی (٥٠٠) کەس لە هۆزی «شاهسەوەن»، بە سەرۆکایەتی فەرەزی‌خان نەجەف قولی یورتچی، لە تەورێزەوە دەکەونە رێ و بێئەوەی بچنە چلیك و لای لەشکرەکەی ئیعتیمادسەڵتەنە خۆیان ناونووس بکەن، یەکسەر و بە رێگەیەکی‌تردا دەچنە قەڵەمرەوی موکریان و لە خۆیانەوە گوندەکانی «رەفوان» و «قزقەلا» و «قزلجە» تالان دەکەن و. ئاگریان تێبەردەدەن و ژمارەیەکی زۆری ژن و پیاوی خەڵکی ئەو ناوچانەش دەکوژن و دوای تالانەکە و بەسەری بڕداوی کوردانەوە دەچنە لەشکری ئیعتیمادسەڵتەنە، کە لە سەرەتادا گلەیی لە سەرکردەکانیان و کارەکانیان دەکات و رێگەیان نادات بچنە لەشکرەکەیەوە، تا تالانییەکان نەبەنەوە. بەڵام سوارەکانی شاهسەوەن دەڵێن کە فرمانی کوشتوبڕ و تالانکردن و سووتانیان لە تەورێزەوە وەرگرتووە و ئەگەریش ئەو کارانەی ئەمانی پێناخۆشە، با لەشکرەکە بەجێ‌بهێڵێ! ئەوسا ئیعتیمادسەڵتەنە ناچار دەبێ گوێڕایەڵیان بێت. دووبارەش ئەمسوارانە داوای مۆڵەت لە ئیعتیمادسەڵتەنە دەکەنەوە، تا شوێن شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بکەون؛ بەڵام رێگەیان پێنادرێت.

لەم کاتەدا شێخ عەبدولقادر بە (٤٠٠-٥٠٠) کەسێکەوە لە سابڵاخدا دەمێنێتەوە و لە تۆڵەی خیانەتی ئاغاکانی دێبوکری‌دا، چەند گوندێکیان دەسووتێنێ. هاوکاتیش تێدەگات کە ئاغا و بەگزادەکان نایانەوێ بێنە ناو سابڵاخ و هەندێکیشیان چوونەتە پاڵ لەشکری دژمن. ئەوسا دەگەڕێتەوە ناو سابڵاخ و لەگەڵ هەمزاغادا زەمینەی جێهێشتنی شار سازدەکەن. پێشەکیش ئامۆژگاری خەڵکی شار دەکات، کە شار جێ‌بهێڵن. چونکە لە هەموو ئەو ناوچە و گوندانەی لێیان‌کشابوونەوە و کەوتبوونەوە دەست هێزی ئێران، زۆر توند و بێ‌بەزەییانە، تۆڵەی سەختیان لە دانیشتووانەکانیان کردبووەوە و هەموو گوندەکانیشیان تالانکرد و سووتاند. تەنانەت کە گەیشتنە سابڵاخ، ئەویشیان تالان و کاولکرد و لە ترساندا کەسی تێدا نەما.

١٣/٧/٥: کشانەوەی هێزەکانی کورد لە موکریان

رۆژی (١٠/١١/١٨٨٠)، دوو سەعات دوای خۆرئاوابوون، شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوور، لە سابڵاخ چوونە دەرێ و هەر ئەو شەوەش بە دوایاندا، نزیکەی (٥٠٠) خێزانی سابڵاخی بە خۆیان و ماڵ و منداڵەوە لە سابڵاخ دەرچوون و روویان لە سەردەشت و بانە و شوێنە سەختەکانی‌تر کرد. تەقەی تفەنگ و دەمانچە و هاوار و ناڵەی ژنان و منداڵان و هات و هاواری سەیروسەمەرە، لە سابڵاخ و دەوروبەری هەڵدەستا و تا بەرەبەیانی ئەو شەوە، هەر

بەردەوام بوو. کە ڕۆژ بووەوە؛ لە ئاماری (١٤٠٠) بنەماڵە، تەنیا (٣٠٠) خێزان لە سابلاخدا مابوونەوە. کۆشك و تەلاری ماڵان لە گۆڕستان دەچوون.

ڕۆژی (١١/١١/١٨٨٠ن)، خانباباخان، کە ڕۆژی ١٨٨٠/٩/٣٠ ز، لە لایەن لەشکری کوردەوە دوای ئازادکردنی سابلاخ کرایە فەرمانڕەوا و نزیکەی ٤٠ ڕۆژ فەرمانداری یەکەمین شاری ئازادکراوی کوردستان بوو! لە گوندی مەلالەری نزیك بۆکان، خۆی بە دەست هێزەکانی ئێرانەوە دەدات، بەڵام هەر هەمان ڕۆژ و لە هەمان جێ، سەربازانی دەوڵەت بە بێ پرسیار، خۆی و ١٥ کەس، کە لەگەڵیدا دەبن، دەکوژن.

هەر هەمان ڕۆژ پاشماوەی خەڵکی شار و پیاوانی ئاییني و سادات و قازیگەل، بە کۆمەڵ چوون بۆ لای هۆردووی دەوڵەت، کە لە «قەرە قشلاغ»ی سێ قۆناغە ڕێی سابلاخ بارەگایان کردبوو، تاملکەچی خۆیان بەرامبەر دەوڵەت نیشا، بدەن.

ڕۆژی (١٢/١١/١٨٨٠ن)حاجی سەردەولە لە لایەن هۆردووی قەرەقشلاغ و فەوجی گەڕووس و سوارەی سەرکەوتووەوە بە حاکم (فەرمانڕەوا)ی سابلاخ دانرا.[1]

قەرەپەپاغەکانیش کە زانییان شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا، ڕووەو شنۆ کشاونەتەوە؛ لە ترسی ئەوەی نەوەکو شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا، بەدەم ڕێگەوە گوندەکانی ئەوان (کە دەکەونە سەرەڕێی نێوان سابلاخ و نەغەدەوە)، وێران بکەن و بسووتێنن؛ بە پەلە خۆیان گەیاندە ئیعتیمادسەڵتەنە و داوایان لێکرد ڕێگەیان بدات بکەونە شوێن لەشکری کورد. ئیعتیمادسەڵتەنەش (٧٠٠) سوارەی چەلبیانی و شاهسەوەنی لەگەڵدا ناردن و فرمانی پێکردن، کە دەبێ بگەنە شنۆ و لەگەڵ شێخدا بجەنگن. ئەوانیش چوون و دوای شەڕێکی خێرا، نزیکەی (٢٠٠) کەس لە قەرەپەپاغ کوژران و بریندار کران. شێخ قادر لە کێوی ژووررووی شارەوە بەرەو مەرگەوەڕ هەڵکشا. ئەوانیش لە شارەکەدا دەستیان کرد بە کوشتن و تاڵانکردنی خەڵك و بۆ قەرەقشلاغ گەڕانەوە، تا کاتی هاتنی سوپاسالار.

---

[1] بەڵام حاجی سەردەولە هەر تەنیا (١) مانگ فەرمانڕەوای سابلاخ بوو. چونکە لە لایەکەوە بە گوێرەی دڵی کاربەدەستان نەجووڵایەوە و درۆ و دەلەسەی بۆ نەدەکردن و لە لایەکیتریشەوە زوڵم و زۆر و کوشتوبڕ و تاڵانی لەشکر و کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێرانی پەسەند نەدەکرد و هەر یەکەم ڕۆژی دانانی بە فەرمانڕەوای سابلاخ، وتبووی: نوێنێ کە هەندێ فەرماندە و سەرکردەی لەشکری دەوڵەت، چەند جارێك ئاگری ئەو گوندانەیان نیشانی من دەدا، کە سووتاندبوویانن و بەرەو ئاسمان هەڵدەچوون، پێمیان وت: ئەوە چراخانی جەژن و ئاهەنگی دانانی تۆیە بە فەرمانڕەوای سابلاخ! بەڵام لەجیاتی ئەوانیش، من شەرمەزارم... منیان کردوتە فەرمانڕەوای شارێکی تالانکراوی چۆڵ و هۆڵ، کە گیانلەبەری تێدا نییە و فەرمانڕەوای دیواری چۆڵم! بنوارە پاشکۆی ژمارە ٧ – ئەسکەندەر غوریانس.

بۆیە دوای مانگێك، سوپاسالار بە چاکی زانی (حەسەن عەلی خانی گەڕووسی – وەزیری فەوائید)ی بکاتە فەرمانڕەوای سابلاخ.

هێشتا هێرش و پەلامار و شەڕی سەخت و خوێناوی نێوان هێزەکانی کورد و دەوڵەتی ئێران، لە ناوچەکانی میاندواو و بناو لەوپەڕی توند و تیژیدا بوون، کە شێخ عوبەیدوڵڵا، بەرەیەکی تازەی هێرش و لەشکرکێشی بۆ سەر شاری ورمێ و دەوروبەری بەسەرکردایەتی خۆی دەستپێکرد.

ئەم بەرەیە نزیکەی (٢٠) ڕۆژ دوای لەشکرکێشی قۆڵی یەکەم بوو، کە شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بۆ ئازادکردنی موکریان و ئازەربایجان سەرکردایەتییان دەکرد.

بەرایی ئەم لەشکرکێشییە، ڕۆژی (١٨٨٠/١٠/١٤ز) بە سەرکردایەتی خەلیفە سەیید محەمەد سەعید و شێخ محەمەدئەمین و شێخ محەمەدسدیقی کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا دەستی پێکرد، کە بە (٦) هەزار کەسەوە لە مەرگەوەڕەوە گەیشتنە نزیك ورمێ و لە قەڵای ئیسماعیل ئاغا (سێ قۆناغەڕێی ورمێ) هۆردوویان خست. بەڵام هێزەکەی شێخ محەمەد سدیق بارەگاکەی بردە ٢٤ کیلۆمەتری شاری ورمێ و لە «نێرغی» هۆردووی خست و ئەرکەکەی گرتن و ئازادکردنی «خۆی» و «سەلماس» بوو.

بە گوێرەی زانیاریی «ئابۆت» لە تەورێز، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و خێڵی کورد، لەو ناوچەیەدا (مەرگەوەڕ) کۆبوونەتەوە. ئەمانە لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بە دەوری بەیداخەکەی شێخ عوبەیدوڵڵادا کۆمەڵەیان کردووە. چونکە شێخ لە ڕێگەی یەکێك لە ئەفسەرە ئەساسییەکانییەوە، کە نامەکانی بۆ ئەو مەبەستە دابەش و بڵاو دەکات، بانگهێشتن کردووە.[1]

١/٢/٥: گەیشتنی شێخ عوبەیدوڵڵا و هێزەکەی بۆ نزیك ورمێ

نیوەڕۆی ڕۆژی (١٨٨٠/١٠/٢٠ز) شێخ عوبەیدوڵڵاش خۆی لە مەرگەوەڕەوە گەیشتە نزیك ورمێ و سەرەتا لە «باراندوز» بارگەوبنەی ڕاگیرکرد و چاوەڕێی گەیشتن و یەکگرتنەوەی هێزەکان بوو. دوای چەند سەعاتێك، کە هێزەکانیتریشی دەگەن، بەرەو ئاوایی (سیر- قۆناغەڕێیەك لە ورمێوە دوورە)، دەوکەونە ڕێ.

بە گوێرەی زانیاریی «عەلی‌خانی گۆنەخان ئەفشار» ئەم هێزانەی لەگەڵ شێخدا بوون، ژمارەیان (١٢) هەزارکەس بووە. بە گوێرەی زانیاریی «عەلی ئەکبەر سەرهەنگ»یش، ناوی هەندێ لەو فەرماندە و سەرۆك هۆزانەی لەگەڵ ئەم هێزەدا بوون، ئەمانە بوون:

تەمیرئاغای شکاك، ڕەشیدبەگی نوچە، عەبداڵ بەگی نوچە، ئیبراهیمخان، قادربەگ، ئەمینبەگ، سەعیدبەگ، سەمەدخان، وەهابخان، عەزیزبەگی دەشتی، عەبدولسەمەد بەگی

[1] لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی – ل ٨٣

بناری، سەعیدئاغای هەرکی، خزم و کەس و کاری شێخ، شێخ عەبدولکەریمی مامی شێخ، شێخ ئەبولقاسم، شێخ بەهادین، شێخ نوورەدین، حاجی عەلادینی ئامۆزای شێخ، ماریوسفی مەترانی نەستووری بە خۆی و (٣٠٠) نەستووری، کە لە ناوچیاوە لەگەڵ شێخدا هاتبوون.

شێخ عوبەیدوڵلا لەم هاتنەیدا، بە شکۆ و دەبدەبەکی شاهانەوە کەوتبووە رێ و هەر لە نەهرییەوە لەگەڵ خۆیدا تیپی مۆسیقای مارشی سەربازیی هێنابوو، کە ئەوانیش هەر لە نەستوورییەکانی ناوچیا بوون.

مەبەستی شێخ لەم لەشکرکێشییەی قۆڵی دووەم، چەند شتێك بوو:

١- ئازادکردنی ورمێ و دەوروبەری.

٢- بۆئەوەی گوشار و گەلەکۆمەکیی هێزەکانی دەوڵەت، لەسەر هێزەکانی قۆڵی یەکەمی لەشکرکێششییەکەی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا، کەمتر بکاتەوە و بەشێك لەو هێزانەی دەوڵەت ناچاربکات بەرەو ورمێ بێن.

٣- بۆئەوەی رێ لە تالانیی و شرەخۆریی و کوشتوبڕ و زوڵموزۆری هێزەکەی خۆی بگرێ و کارەساتی تالانی و کوشتوبڕی ناوچەکانی میاندواو و ناوچەکانی مەراغە و بناو دووبارە نەکرێتەوە، کە خۆی دواتر ئەم لایەنەی بەتایبەتی لە نامەیەکیدا باسکردووە.[1]

هێزەکانی شێخ بۆئەوەی نیشانەی هاتن و بڵاوبوونەوەی خۆیان نیشانی خەڵکی ورمێ بدەن و خۆیان بە لەشکرێکی گەورە نیشانبدەن، لە سەر لووتکەی کێو و هەموو بەرزاییەکانی دەوروبەری ورمێ، ئاگری زۆریان کردەوە.

لە کاتی هاتنی هێزەکانی کورددا بۆ دەوروبەری ورمێ، ئیقبالدەولەی فەرماندار و حاکمی ورمێ لە دەرەوەی ورمێ، لە گوندی (بەدەلبوو)[2]ی نزیك ورمێ بوو. وەك بەڵگە و نیشانەکان دەیسەلمێنن. چوونە دەرەوەی هێزەکەی ئیقبالدەولە، بۆ دەرەوەی ورمێ، بەو مەبەستە بووە؛ تا لە پێشەوەی هێزەکانی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا، لە سندووسەوە بچێتە سابلاخ و لەوێوە هێرش بکاتە سەریان.

بەڵام هاوکات لەوە چووە شێخ عوبەیدوڵلا هەواڵی چوونە دەرەوەی ئیقبالدەولەی زانیبێ و هەلی چۆڵکردنی ورمێی قۆستبێتەوە.

---

[1] بنوارە پاشکۆی ژمارە (١)، بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٩٩- رۆژی ١٨٨٢/٩/١٩ز. (جگەلەمەش، بەواتەی رۆژنامەی «ستاندارت»ی ئینگلیسی، لە کاتی ئابلۆقەدانی ورمێدا و لەسەر ئەوەی هەندێ لە پێشمەرگەکانی شێخ دەستدرێژی و تالانییان کردبوو، (٣) کەسیانی ئیعدام کرد (جەلیلی جەلیل -١٣١).

[2] (بەدربوو)یشی پێدەڵێن.

٢/٢/٥ : دوو نامەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ زانایانی ورمێ

شێخ عوبەیدوڵڵا هەر ئەو ڕۆژەی گەیشتە نزیك ورمێ (٢٠/١٠/١٨٨٠ز)، دوو نامـەی بـۆ میرجەمالەدین ئاغای شێخولئیسلامی ورمێ و مـیرزا حسـین موجتـەهیدی ئـەو کاتـە نـارد و ناوەرۆکی نامەکانیش بەمجۆرە بوون:

«من بۆ دادخوازیی جەماوەر و لابـردن و نەهێشـتنی زوڵـم و زۆری سـەر خـەڵك هـاتووم. دوو ڕۆژ لـە ورمـێ میوانـی ئێـوە دەبـم. لـە ئێـوەش جگـە لـە دابینکردنـی پێداویستی سەرباز و لەشکر، هیچیترم ناوێ و لە مزگەوتی جامیعەی ورمێ، لەگـەڵ ئەو خەڵکـە موسـڵمانە نوێـژ دەکـەم و هـەموو خاوەنکـارێکیش لەسـەر کـاری خۆیـان دەمێنن و خۆم بۆ تەورێز دەچم. ئەگەر ئیقبالدەولە گوێڕایەڵ بێت، پایەیەکی گەورەی دەدەمـێ و ئەگـەریش بەقسـەی نـەکردم، ڕێگـەی مـەدەن بێتـەوە نـاو شـار. چونکـە دەرکردن و لابردنی بۆ مـن ئاسـانە. بـە پێچەوانـەی ئەمەشـەوە بجووڵێتـەوە، دەبـێ چاوەنوارِ بن ئەوەتان بەسەربێت، کە بەسەر دانیشتووانی میاندواو هات. من بۆ خـۆم بۆیە لەگەڵ لەشکرەکە هـاتووم، تـا یـەکێکی نـاو لەشـکر، زیـانێك بـە خـەڵکی شـار نەگەیەنێت. چونکە ورمێ بە ماڵـی خـۆم دەزانـم. خوایـاربێ ئـەوەندەی پێمبکـرێ، لەگەڵ خەڵك چاکە دەکەم».

٣/٢/٥: فێڵکردن لە شێخ عوبەیدوڵڵا ؟ یان تکای مۆڵەت؟

دوای وەرگرتنی نامەکان، ماقووڵان و ناسراوانی شار کۆبوونەوە و لـە نـاوەرۆکی نامـەکان ئاگادارکران. دوایی بیروڕای زۆریان هاتە سەرئەوەی بەو هۆیەوە کـە هێزەکـانی ئەفشـار، لـە ناو شاردا نەبوون، بەرگریکردن لە شار زۆر ئەسـتەمە. لەبەرئـەوە دەبـێ کـارێکی وا بکـرێ شێخ عوبەیدوڵڵا پەلاماری کتوپڕ نەکاتە سەر شار و رابگیرێ.

بۆئەمەش پیاماقووڵان و زانایانی ورمێ نامەیەکیان بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا نووسی و بە میرزا غەفوور و ئاغا میر جەعفەری پێشنوێژ و حاجی میرزا جـەباری ڕەوزەخوێـن و حسـین بـەگی خەلەجدا بۆیان نارد، کـە بۆیـان نووسـیبوو: ئێـوە لەگـەڵ دەوڵـەتدا شـەڕتانە، یـان لەگـەڵ هاووڵاتی؟ خۆ ئەگەر لەگەڵ دەوڵەت شەڕتانە، ئەوا دەوڵەت لە ناو شاردا نییە؛ ڕاوەستن تا ئیقباڵدەولـە بـۆ نـاو شـار دەگەڕێتـەوە. چونکـە ئێمـەی هـاووڵاتی توانـای شـەڕ و بڕسـتی بەربەرەکانیمان نییە. هەموومان سەری تەسلیممان شۆڕکردووە و بـەدەمییش پێیـان ڕاگـەیاند، کە (٣) ڕۆژ مۆڵەتیان بداتێ و ئەوانیش لەم (٣) ڕۆژەدا، دانیشتووانی شار ئاگـادار بکەنـەوە، تا شار بۆهاتن و پێشوازیی شێخ و هێزەکەی ئامادە بکەن.

شێخیش که ئاگاداری ئەم فرت و فێڵە نەبوو؛ وتبووی: تەنیا (٢) ڕۆژتان مۆڵەت دەدەمێ، بە مەرجێ نەیەڵن ئیقباڵدەولە بێتەوە ناو شار. نێردراوەکانیش وتبوویان ئەگەر ئیقباڵدەولە مل بۆ مەرجەکانی شێخ نەدات، نایەڵین بێتەوە ناو شار.

هاوکاتیش زانایانی شار، خێرا نامەیەکیان بۆ ئیقباڵدەولە نووسی و بە (میرجەعفەری خاڵخاڵی و حاجی مەلا جەعفەری تاجر)دا بۆیان نارد و ڕووداوەکەیان بۆ گێڕایەوە. ئەویش شێخ عەلیخانی سەرتیپی بە سپای دەیەمی (خۆی)یەوە بەرەو شار بەڕێکرد و خۆیشی لە شەوی (٢٢/١٠/١٨٨٠ن) دا، چووە ناوشار، هەتا ئەو هێزەی ناردبوویان و دەبوایە بگاتێ، شار بپارێزێ. خەڵکی شار خەریکی قایمکردنی قەڵا و دەروازەکان بوون.

خەڵکی شار، کە لە چەند هەفتەی ڕابووردوودا، هەواڵ و ڕووداوەکانی میاندواو و مەراغە و بناویان بیستبوو، هەموویان تۆقیبوون و دەترسان چارەنووسیان وەك ئەو ناوچانە بێت، بۆیە کە هێزەکەی شێخ عەلی خانی سەرتیپ گەیشتێ، وردەی خەڵك بەرزبووەوە و گەورە و بچووك خۆیان بۆ بەرگری ئامادەکرد.

لەم سەروبەندەدا هێزەکانی هەردوو سەرکردەی کورد: شێخ محەمەد ئەمین و خەلیفە محەمەد سەعید، بە هێزەکانیانەوە گەیشتنەوە لای هێزەکەی شێخ و ئاماری هەموویان گەیشتە (٣٠) هەزار کەس. هێزەکەی ئیقباڵدەولەش، هەر (٣) فەوجی پەرتوبڵاو بوون و لەم کاتەدا لە دەرەوەی شار بوون.

شێخ عوبەیدوڵڵا بۆئەوەی گوشار بخاتە سەر خەڵکی شار و ناچاریان بکات خۆیان بە دەستەوە بدەن؛ ئاوی چۆمی شار (ئاجو)ی گرت و بەری کارێزەکانیشی بەست، تا ئاو بۆ دانیشتووان نەچێ و بەمجۆرە دوو ڕۆژ مۆڵەتەکەش تەواوبوو. بەڵام خەڵك خۆیان بەدەستەوە نەدا و ئەوسا شێخ بۆی دەرکەوت فێڵیان لێکردووە و هەلێکی زۆر چاکی لەدەستچووە.

کە هەواڵی بەرێکەوتنی ئیقباڵدەولەش بەرەو ورمێ، بە شێخ گەیشت، فرمانی بە شێخ سدیقدا، تا بە (٢)هەزار کەسەوە لە گوندی (گجین) بۆسەی بۆ دابنێ. هاوکات (ڕەزابەگ) ناوێکی ناردە ناوشار، تا دانیشتووان ڕازیبکات، بە بێشەڕ خۆیان بەدەستەوە بدەن. بەڵام خەڵکی شار زۆر بە توندی دژی داواکەی شێخ ڕاوەستان و وەڵامی ڕەقیان بۆ شێخ ناردەوە، تا ئەو ڕادەیەی لە کاتی گەڕانەوەی ڕەزابەگدا، کەوتنە شوێنی و دوو سواری هاورێیشیان بریندارکرد.

٤/٢/٥: گەڕانەوەی ئیقباڵدەولە بۆ ورمێ

لە (٢٢/١٠/١٨٨٠ن) دا ئیقباڵدەولە بە سەرباز و تۆپخانەوە لە گوندی (بەدەلبوو)وە بەرەوشار کەوتنە ڕێ. بەڵام بەو هۆیەوە کە هەواڵیان دابوویە: شێخ سدیق لە ئاوایی گجین (کە دەکەوێتە سەرەڕێی بەرەوشار)، بۆسەی بۆ ناوەتەوە؛ بە پێچەوانەی جارانەوە، بە

ڕێگەی (باڵو)دا[1] گەڕایەوە. لێرەدا (٣٠) سەربازی کورد، کە لەگەڵ هێزەکەی ئیقبالدەولەدا بوون و سەر بە شێخ بوون و ویستوویانە خۆیان لە هێزەکە بدزنەوە و بە پەلە هەواڵی هاتن و ڕێگە گۆڕینی هێزەکە بە شێخ بگەیەنن، بەدەم ڕێوە داوای مۆڵەتیان لە ئیقبالدەولە کردووە. ئەویش بێئەوەی خۆی شلوێ بکات، مۆڵەتی داون. بەڵام هەتا ئەم (٣٠) سەربازە گەیشتنە لای شێخ و هەواڵەکەیان گەیاندێ، ئیقبالدەولە ماوەیەکی زۆری ڕێگەکەی بڕیبوو. بۆیە کە شێخ سدیق کەوتە شوێن ئەم هێزە، ئیقبالدەولە دەمێکبوو گەیشتبووە ناو شار.

٥/٢/٥: سەردانی کۆنسوڵی ئینگلیس لە ناوچەکانی ڕاپەڕین

ئیقبالدەولە هەر کە گەیشتە ناو شار، دەستیکرد بە قایمکردنی شوێنە ئەستەمەکانی شار و فەرماندەکانی خۆی و سەران و ڕێبەرانی شاری نارده ناو سەنگەر و مزگەوتی «یۆردشا»ی کرده بارەگای سەرکردایەتی خۆی و ڕۆژی (٢٣/١٠/١٨٨٠ز) لەماڵی حاجی سادق ئاغای کلاودوور کۆبوونەوەی بە پیاوماقووڵانی شار پێکهێنا و دەربارەی بەرگری شار، بیروڕایان گۆڕییەوە. هەر هەمان ڕۆژ، (٣) سەعات دوای خۆرئاوا بوون، ئابۆت، کە لەو ڕۆژانەدا لە سەر داوای گەورە باڵوێزی ئینگلتەرا (تومسن) لە ٢/١٠/١٨٨٠دا، خۆی گەیاندۆتە ناو جەرگەی ڕووداوەکان، دەچێتە ناو کۆبوونەوەکانی خەڵکی شاری ورمێ و پێشنیاری ناوبژی و خۆبەدەستەوەدانی شار بە ئیقبالدەولە دەگەیەنێ؛ بەڵام ئیقبالدەولە گوێی لێ‌ناگرێ و دانیشتووان لە ناو خۆیاندا فێڵ لە کۆنسوڵ دەکەن و بە ئیقبالدەولە دەڵێن: ئێمە هیچ جۆرە شەڕێکمان لەگەڵ شێخ نییە و ئەگەر دەتانەوێ شەڕ بکەن، شەڕەکە بەرنە دەرەوەی شار و ئێمە خۆمان دەتوانین دوو ڕۆژیتریش مۆڵەت لە شێخ وەربگرین و بۆئەمەش جەنابی کۆنسوڵ ئاگادار بێ، کە دانیشتووانی ورمێ، هیچ جۆرە دوژمنایەتییەکیان لەگەڵ شێخدا نییە.

کۆنسوڵ کە ئەم قسانە دەبیستێ، زۆری پێخۆش‌دەبێ و دەڵێ لە شێخ دەپاڕێمەوە، دوو ڕۆژیتریش مۆڵەت بە خەڵکی ورمێ بدات، بەو مەرجەی ئیقبالدەولە بە ڕاشکاوی بنووسێ: دوای ئەم دوو ڕۆژە، یان خۆی بە دەستەوە دەدات، یان لە شار دەچێتە دەرەوە.

ئیقبالدەولەش چونکە ئەم مۆڵەتە، بۆ قایمکردنی شار بە پێویست دەزانێ، نامەیەکی مۆرکراوی دایە کۆنسوڵ.

کاتی کۆنسوڵ بە نیازی چوونە لای شێخ ڕێ‌دەگرێتە بەر، لە ماوەیەکی کورتی نزیک شاردا، تووشی شێخ و لەشکرەکەی دەبێ و بڕیاری هێرشی بۆ سەر شار داوە. کە کۆنسوڵ ئەم بڕیارەی شێخ تێدەگات، نامەکەی خەڵکی شاری ورمێی ناداتێ و ڕووەو شار و بە مەبەستی گەڕاندنەوەی نامەکە دەگەڕێتەوە بۆ ناوشار، بەڵام خەڵکی شار، دووبارە نوێنەری خۆیان بۆ لای شێخ دەنێرنەوە و داوای (٢) ڕۆژ مۆڵەتی‌تری لێدەکەنەوە. شێخ عوبەیدوڵڵا

---

[1] باڵاو – یشی پێدەڵێن

بروایان پێناکات. بەڵام دیسانیش چەند سەعاتێکی‌تری ئەو ڕۆژە، مۆڵەتیان دەداتێ و لە هەمانکاتیشدا دکتۆر (کۆچران) بۆ ورمێ دەنێرنەوە، تا لەبارەی شار بەدەستەوەدانەوە وتووێژ لەگەڵ خەڵك و ئیقباڵدەوله بکاتەوە. دکتۆر کۆچرانیش دیسانەوە ناسراوانی ورمێ کۆدەکاتەوە و ڕاوێژیان پێدەکات. بەڵام ئیقباڵدەوله بە توندی وەڵامی دەداتەوە و بڕیاری بەرگریی دەدات و فرمان دەدات شەیپووری جەنگ لێبدەن.

٦/٢/٥: تەقەللای شێخ عوبەیدوڵلا بۆ پاراستنی مەسیحی و خوێنەڕشتن

شێخ عوبەیدوڵلا هاوکات لەگەڵ نامەکانی میرجەمالەدین و میرزا حسیندا، هەمان ڕۆژ (١٨٨٠/١٠/٢٠ز)، نامەی بۆ دکتۆر کۆچرانیش ناردووە و سەبارەت بە میسۆنێر و کۆمەڵە ئەوروپی و مەسیحییەکان ڕاوێژی پێدەکات، کە (ئابۆت) لە بیرەوەری ڕۆژانەی خۆیدا، ئەو ڕاوێژانەی شێخ عوبەیدوڵلا بەمجۆرە دەگێڕێتەوە:

دوای نیوەڕۆی (١٨٨٠/١٠/٢٠ز) دکتۆر کۆچرانم بینی، نامەیەکی لە شێخ عوبەیدوڵلاوە پێگەیشتبوو؛ دەڵێت ئەوشەوە لە چیای «سیر» دەبێت. میسیۆنێرەکانیش دڵنیادەکات، کە ئەو ڕێز لە کۆمەڵە ئەوروپی و مەسیحییەکان دەگرێت و ئامۆژگارییان دەکات، کە چەندێك دەتوانن، هەموو خەڵك و کەسەکانیان پێکەوە لە شوێنێکی ئەمیندا کۆبکەنەوە. هەر زوو بیناکانی کۆلیجەکە پڕ بوو لە ژمارەیەکی زۆر لە نەستووری؛ پیاوان، ژنان لەگەڵ منداڵاندا، کە پەنایان بۆ ئەوێ بردبوو.

ڕۆژی ١٨٨٠/١٠/٢١، شێخ دوو نێردراوی لە ورمێوە نارد. داوا لە خەڵکەکە دەکات تەسلیمبن و تا نیوەڕۆ مۆڵەتی داونەتێ، کە بیری لێبکەنەوە. دکتۆر کۆچران و مستەر لابارین ڕۆیشتن بۆ مار سورعینس بۆ دیداری شێخ.

سەرلەبەیانێ ڕۆژی ١٨٨٠/١٠/٢٢ز، بە سواریی لەگەڵ دکتۆر کۆچراندا چووینە ناو شارەوە و دیدارێکمان لەگەڵ ئیقباڵدەولەدا کرد. حاکم وتی لەگەڵ ستافەکەیدا بڕیاریانداوە بەرەنگاریی بکەن. بەڵام هاووڵاتیان چییان پێخۆشە، باوابکەن. ئامۆژگاری ئیقباڵدەولەم کرد، کە لە دەرەوەی شوورەکانی ورمێ شەڕ بکات، بۆئەوەی شارەکە لە تاڵان و کوشتن و بڕین دوور بێت.

مەلا گەورەکان ناردیانە لای شێخ و بەناوی خۆیان و شارەکەیانەوە، مل دانەواندنیان پیشاندا. ئیقباڵدەولە وەك خزمەتێك داوای لێکردم هەوڵی دیدارێك لەگەڵ شێخدا بدەم بۆئەوەی وای لێبکەم جەنگەکەی ڕابگرێت و لە هەمانکاتیشدا پێوەندی بە پایتەخت و تەورێزەوە دەکات. ئەگەر شێخ واز لە نیازی پەلاماردانی ورمێ بهێنێت، وا ئیقباڵدەوله ڕازی دەبێت شەڕ ڕابگرێت. بەڵام ئەگەر شێخ سوور بێت لە سەر شەڕ، ئیقباڵدەولە پێشنیار دەکات؛ تا بۆ ئەو مەبەستە، بچنە دەرەوەی شار.

لە گەڕانەوەمدا بۆ کۆلێجەکە، بیستم شێخ لەگەڵ سپاکەیدا بەڕێوەیە بۆ شارەکە. لەبەرئەوە سەرنجێکم بۆ ئیقبالّدەولە نووسی، بۆئەوەی لەمە ئاگادار بێت. پاشان لەگەڵ دکتۆر کۆچران و مستەر شێردا رووەو بارەگاکەی شێخ رۆیشتین. دەستبەجێ بە شێخ و سپاکەی گەیشتین، رووەو ورمێ دەکشان. شێخ زۆر خۆشمەعشەر بوو. داوای بەتەنگەوەهاتنی مەسیحی و هەموو خەڵکە شەڕ نەکەرەکانم لای شێخ کرد. ئەویش بەڵێنیدا، کە هەرچی لە توانایدا بێت، بیکات بۆ پاراستنی ژیان و ماڵیان. ئینجا پەیامەکەی ئیقبالّدەولەم دایە. شێخ وتی؛ ئێستا ئیتر کاتی ئەوە بەسەرچووە، کە بکەوینەوە وتوویژەوە و زۆریش گازندەی لە حکومەتی ئێران کرد. پێم ڕاگەیاند، کە من پێویستە بچمە هەر باسێکەوە سەبارەت بەو شەڕەی لە نێوان ئەو و ئێراندا سەری‌هەڵداوە و ئەوەی کە حکومەتی خاوەن شکۆ، ئاشتی و ئارامیی لە نێوان سنوورەکانی تورکیا – ئێراندا دەخوازێت و لە دڵەوە خێروخۆشی دانیشتووانی ئەو ناوچانەم دەوێ، بە بێ‌گوێدانە رەگەز ، یان باوەڕ. دوای ئەوە مۆڵەتم وەرگرت و رۆیشتم.[1]

٧/٢/٥: هەڵایسانی جەنگ

شەڕی شەوی ٢٤/١٠/١٨٨٠ز

کە دکتۆر کۆچران بۆ لای شێخ گەڕایەوە و ئەوەی لە شار دیبووی، بۆ شێخی گێڕایەوە، شێخ زانی فێڵی لێکراوە و هەلێکی زۆر چاکی لەدەستچووە و ئەو شارەی دەیتوانی زۆر بە ئاسانی داگیری بکات، ئێستا ئامادەی شەڕ و بەرگرییە، بۆیە سەرکردەکانی سپاکەی کۆکردەوە و دەستپێکردنی شەڕی ڕاگەیاند و سپاکەی رووەو ورمێ شۆڕ کردەوە و ئابلۆقەی شاریاندا.

لە بەرامبەریشدا ئیقبالّدەولە و سەرانی هۆزەکانی ئەفشار لە دەروازەی (یۆردشا) لە تەنیشت تۆپەساز و ئامادەکانیاندا چاوەنواری ئەوەبوون هێزەکانی شێخ بێن و بگەنە مەودای گوللەیان و ئەوسا هێرشیان بردە سەر شوورەکانی شار. بەڵام کەس تەقەی لێ‌نەکردن، تا نزیکبوونەوە و دایاننە بەرتۆپ و دەستڕێژی گوللە. لەم شەڕانەدا تەنانەت ژنانی ئەفشاریش بە کۆشی پڕ لە بەردەوە چووبوونە سەر دیوار و قەڵاکان و هێرشکارانیان بەردەباران دەکرد.

هێزەکانی شێخ کە زانییان ناتوانن زیاتر بێنە پێشەوە، تەقەللای ئەوەیاندا لە دەروازەی (عەسکەرخان)ەوە هێرش بکەن.

هێزەکانی کورد زۆر لە دەروازەی عەسکەرخان نزیکبوونەوە. ئیقبالّدەولە بۆ زیاتر لە دڵنیابوونی بەرگریی دەروازەی عەسکەرخان، خۆی لە پاڵ دەروازەدا بەرگریی دەکرد و هەمیشە ئەوەیان کردبووە پیشە، تا هێزەکانی کورد تەواو نزیک نەبوونایەتەوە، تەقەیان

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ٦٧ – ٦٨

لی‌نه‌ده‌کردن. ئه‌مکاره‌ش هێرشکارانی کوردی شپرزه کردبوو. به‌ڵام شێخ عوبه‌یدوڵلا به‌هیوای ئه‌وه بوو که‌له‌به‌رێك بدۆزێته‌وه و پیایدا بچێته ناوشار. تا بیست هه‌نگاوی ده‌روازه‌که‌ش نزیك‌بووه‌وه، به‌ڵام له پڕ گرمه‌ی گولله تۆپ و ڕێژنه و قرمه‌ژنی گولله، پاشه‌کشه‌ی پێکرد. شێخ سدیقی کوڕی شێخ عوبه‌یدوڵلاش هه‌نگاوی بوێرانه‌ی بۆ پێشه‌وه هه‌ڵهێنا و له‌گه‌ڵ هاوڕێکانیدا خۆی گه‌یانده به‌ر ده‌روازه‌که. به‌ڵام محه‌مه‌د ره‌زاخانی سه‌رتیپی تۆپخانه، به‌ر گولله تۆپی دان و چه‌ند که‌سێك له ده‌سته‌که‌ی شێخ سدیق کوژران و پاشه‌کشه‌یان کرد

. شێخ عوبه‌یدوڵلا، که داروباره‌که‌ی به‌مجۆره بینی، فرمانی پاشه‌کشه‌ی‌دا و خۆی چووه ته‌نیشت قه‌ڵای ئینگلیسه‌کان و سه‌ربازه‌کانیشی له باخه‌کانی ده‌وروبه‌ری شار دامه‌زراند. شێخ سدیقیش هێزه‌که‌ی برده گوندی (دیزه‌جی له‌یلی ئاوا)، که ده‌ینوارییه ده‌روازه‌ی عه‌سکه‌رخان؛ تا شه‌و له‌وێ بمێنێته‌وه. به‌ڵام له نیوه‌شه‌ودا چرای ئه‌و ژووره‌ی تێیدا دانیشتبوو، له لایه‌ن تۆپچییه‌کانی ده‌روازه‌وه به‌دی‌کرا و درایه به‌ر گولله تۆپ، ماڵه‌که‌یان کاولکرد و چه‌ند کوردێك کوژران. به‌ڵام شێخ سدیق به ساغی ده‌رچوو. بۆ سبه‌ینی، که خۆر هه ڵدێ و ته‌رمی کوژراوه کورده‌کان ده‌بینرێ؛ وره‌ی شه‌رکه‌رانی ورمێ به‌رز ده‌بێته‌وه.

به‌ڵام به‌ر له ده‌ست‌پێکردنی شه‌ڕ، شێخ عوبه‌یدوڵلا له ۱۸۸۰/۱۰/۲۳دا، داوای له «ئابۆت» کرد، تا له‌گه‌ڵ «سیمۆن ئاغای ئه‌رمه‌نی، نوێنه‌ره‌که‌ی شێخدا» هه‌وڵی پاراستن و ڕزگارکردنی سه‌روماڵی مه‌سیحی و میسیونێر و شه‌ڕنه‌که‌ره‌کانی ورمێ بده‌ن و بۆ جیاکردنه‌وه‌ی ماڵه‌کانیان، ئاڵای ئینگلیس له سه‌ربانی ماڵه‌کانیان هه‌ڵبکه‌ن، یان له شار بچنه ده‌رێ.

ئابۆت له‌مباره‌یه‌وه ده‌ڵێ : له سه‌عات (۸)ی سه‌رله‌به‌یانیدا شێخ په‌یامێکی بۆم نارد، تیایدا خۆی بۆ په‌لاماردانی شاره‌که ده‌رخست، که له دوای نیوه‌ڕۆدا ده‌ست‌پێده‌کات. شێخ وتی حه‌ز ده‌که‌م هه‌موو خه‌ڵکانی شه‌ڕ نه‌که‌ر، جا هاووڵاتی بن، یان بێگانه، ده‌رفه‌تێکیان هه‌بێ و پێشه‌کی شاره‌که به‌جێ‌بهێڵن. مه‌به‌ستیشی ڕێگه گرتن‌بوو له ڕشتنی خوێنی ناپێویست. بۆ ئه‌وه داوای لێمکرد، تا له‌گه‌ڵ «سیمۆن ئاغای»ی لای خۆیدا، بچمه ناو شاره‌که و کاری جێهێشتنی خه‌ڵکه شه‌ڕنه‌که‌ره‌که، له شاره‌که له‌گه‌ڵ ئیقباڵده‌وله‌دا ڕێك‌بخه‌م.

ئه‌م پێشنیاره‌م قبووڵکرد و سه‌عات (۹)ی سه‌رله‌به‌یانی، له‌گه‌ڵ دکتۆر کۆچران و سیمۆن‌ئاغا و دوو پاسه‌وانه ئێرانییه‌که‌دا، ڕووه‌و ده‌روازه‌ی سه‌ره‌کی شاره‌که که‌وتینه ڕێ، بۆ ئه‌و کاره‌ی که ئێمه بیرمان لێده‌کرده‌وه، کارێکی به‌زه‌ییانه بێت. به‌گه‌یشتنمان بۆ ماوه‌ی (۲۰۰) یارده‌یه‌ك بۆ ده‌روازه‌که، پاسه‌وانێکم نارد بۆ گه‌یاندنی مه‌به‌ستی میسیۆنه‌که‌مان. به‌ڵام هه‌ر ئه‌و ساته، ئێرانییه‌کانمان بینی؛ که‌وتنه ته‌قه‌کردن لێی. له ڕاستیدا له چه‌ند چرکه‌یه‌کی که‌مدا، هه‌موو دراینه به‌ر گولله و له ناو ده‌ستڕێژی گولله و ده‌ستڕێژی فیشه‌کی

تفەنگدا بووین، کە بە خەستی لە هەموو لایەکمانەوە بەردەبووەوە. ئینجا خـۆم و هاوەڵـەکانم خێرا پاشەکشەمان بۆ کۆلیجەکە کرد و بە زیندوومانەوەشـم، دەگەڕێتەوە بۆ خێرا دەرچوونـی ئەسپەکەم.[1]

عەلـی دەهقـان ئـەمکارەی پاراسـتنی سەروماڵـی مەسـیحییەکانی ڕۆژانـی ئابڵوقـەدانی ورمێ، بەجۆرێکیتر دەگێڕێتەوە، کە زۆر جیاوازیی لەگەڵ «ئابۆت»دا هەیە:

«لە کاتی ئابڵوقەدانی ورمـێدا، خەلیفـە کلودێـك(ی پێشـەوای ئـایینی کاتۆلیکـەکان)، خواجە داوودی کۆنسوڵـی عوسـمانی لەگەڵ قەشە سولومون، نـاردە لای شـێخ عوبـەیدوڵڵا. داوای لە شێخ کرد فرمان بە لەشکرەکەی بدات ئازاری مەسیحییەکان نەدەن. شێخ پێشوازی لێکردن و دوای ئەوەی گوێی لە قەشە سولومون گرت. لە خواجە داوودی پرسـی: تـۆ کێـی؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی نوێنەری شابەندەری عوسـمانییە. شێخ وتی: من بڕیـارم داوە ئـێران و توران فەتحبکەم و ئەم دوو وڵاتە لەدەست دەسەڵاتدارانی زاڵم دەربهێنم و زوڵم لەسەر خــەڵك لابەرم، ئەوانەی لێرەدا دەیانبینیت، سەرۆکی ئێلاتـی قەڵـەمڕەوی عوسـمانین و لـە دەسـت زوڵمی کاربەدەستانی عوسـمانی هاتوونەتە لای من. دوای تەواوبوونی کـاری ئـێران، نـۆرەی دەوڵەتی عوسـمانی دێت»[2]

جیاوازییـە زەقەکـەش لەوەدایـە، ئـەوەی ئـابۆت دەیگێڕێتـەوە، ئـەوە دەســەلمێنێ کـە پێشنیارەکە هەر لە بنەڕەتدا شێخ عوبەیدوڵڵا بـۆ (ئـابوت)ی نوێنـەری ئینگلیـس و هاوئایینـە مەسیحییەکانی ورمێی کردووە. کەچی ئەوەی عەلـی دەهقان دەیڵێت، لـە لایەکـەوە خـودی مەسیحییەکان داوای پاراستنی سەر وماڵیان لە شێخ دەکەن. لە لایەکیتریشـەوە شـێخ زۆری ڕێز لە داواکەیان نەگرتووە! کە ئەمە نیشـانەی گێڕانـەوەی نابابەتییانـەی ڕووداوەکانـە، لـە لایەن نووسەرانی عەجەم و ئەفشارەوە؛ بۆیە جگە لە عەلـــی دەهقـان، دیسـان هـەر هـەمان ڕووداو، عەلـی ئەفشار بە پێچەوانەی «ئابۆت»ەوە دەیگێڕێتەوە و دەڵێ:

بـەڵام کـە «ئـابۆت» ئـەم ڕاسپاردەیەی شـێخی بـە «میسـیۆ ئـەمانۆئێل»ی خەلیفــەی کاتۆلیکەکان گەیاندبوو، لە وەڵامدا پێی وتبوو:

لە باتی ئـەوەی دڵسـۆزیی بـۆ ئەرمەنـەکان بکـەیت، یـان داوا لـە دانیشـتووانی ورمـێ دەکەیت بۆ خۆبەدەستەوەدان؛ چاکتر وایە داوا لە شێخ بکەیت دەست لـە خەیاڵــی گرتنـی ورمێ هەڵبگرێ.[3]

دوای ئەمەش خەلیفەی کاتۆلیکەکان فرمـانیدا چـەکدارە کاتۆلیکـەکان لـە گوندەکانـەوە هاتنە ناوشار و شانبەشـانی پـارێزەرانی خـەڵکی ورمـێ، دەسـتیانکرد بـە شـەڕ و یارمـەتی

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی – ل ٦٨

[2] علی دهقان – رضائیه یا سرزمین زردشت – تهران – ابن‌سینا – ١٣٤٨ش – ل ٤١

[3] بنواڕە علی افشار – ل ٥٥٠، هەروەها پاشکۆی ژمارە ٦

دڵسۆزانەی خەلیفە و کاتۆلیکەکان، لە ماوەی شەڕدا، بووە هۆی ئەوەی دوای تەواوبوونی کێشەکە، ناسرەدین‌شا، موستیلەیەکی گرانبەهای ئەڵماسی، بە خەڵاتدا بە خەلیفە.

سەبارەت بەو کارەش کە دارودەستەکەی ئیقباڵدەولە؛ ئابۆت و دکتۆر کۆچران و سیمۆن ئاغای ئەرمەنی‌یان داوەتە بەر دەستڕێژی گوللە، عەلی ئەفشار شانازیی بەوەوە دەکات، کە توانیویانە ئەم سووکایەتییە، بەم ناوبژیکارانەوە بکەن.[1]

بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵا ویستی جیاوازیی هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی خۆی و هەڵوێستی شەڕخوازانەی ئیقباڵدەولە، لەم بارودۆخەدا لە ئابۆت بگەیەنێ و بۆی روون بکاتەوە، کە چەند بە تەنگ ئەوەوەیە ئامانجەکانی بە ڕێگەی ئاشتی بێتە دی. بەڵام ئابۆت خۆی لەمبارەیەوە دەڵێ:

«پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، سیمۆن‌ئاغا نامەیەکی لە شێخەوە بۆ هێنام، تیایدا دوای بە کورتی باسکردنی ئەو رووداوانەی سەرەوە، داوام لێدەکات: نامەیەکی ئاراستە بکەم، تا بتوانێ لە داهاتوودا بیخاتە بەردەست دەوڵەتان، بۆ سەلماندنی پەرۆشیی خۆی، بۆئەوەی رەوشی ئەو شاڵاوەی ئێستا بگەیەنێتە بیر و بۆچوونی مرۆڤایەتییەوە.[2]

لێرەدا دەبێ ئەوە بە یاد بێنینەوە، کە ئابۆت ئەم داوایەی شێخی نەهێنایە دی. چونکە ئابۆت خۆی دەڵێ : من رەفزم کرد کە بەڵگەیەکی لەو جۆرە بدەم بە شێخ. بەڵام نامەیەکی کورت و بە وریاییەوەم ئاراستە کرد و دوای ئەوەی گەیشتنی ئەو نامەیەم پێ‌ڕاگەیاند، کە بۆمی نووسیبوو؛ خۆم لەوە نەبان کرد کە بڵێم: دەبێت لەوە دڵنیابێت، کە بە دڵسۆزییەوە راپۆرتی هەموو وردەکارییەکانی ئەم جەنگەی ئێستا، بۆ حکومەتی خاوەن‌شکۆ دەنێرم.[3]

شێخ عوبەیدوڵڵا بەرنامەیەکی‌تری بۆ گرتنی ورمێ بەکارهێنا. بەرنامەکەش ئەوەبوو: نزیکەی (١٠٠) کەسی خۆی بگۆڕێ و بە جلوبەرگی شارییانەوە، بیاننێرێتە ماڵانی سوننییەکانی ورمێ و لە نیوەشەودا دەست بە تەقە و دەستڕێژ بکەن و سەرنجی دانیشتووانی قەڵا و بورج و بارەکان، بە ناوەوەی شارەوە خەریك‌بکەن و لەم هەلەدا، هێزەکانی دەرەوەی شار هەڵکوتنە سەر قولیپ و دەروازەکانی شار. بەڵام هەر زوو لە شارەوە ئەم بەرنامەیەیان پێزانی و کەوتنە پرسینەوە لەو کەسانەی لە دەرەوەی شارەوە هاتبوونە ناو شار. بەمەش ئەم کۆمەڵە دیاریکراوەی شێخ ناسران و خرانە زیندانەوە و سوننیەکانی ناوشاریشیان خستە ژێر چاودێریی.

شێخ کە بۆی دەرکەوت ئەم نەخشەیەی ئاشکرا بووە، فرمانی‌دا، هەموو سەرکردەکانی کۆکردەوە و سوێندی‌دان، کە هەر لەو ڕۆژەدا هەموو هێز و توانایان بۆ گرتنی شار بخەنە کار

---

[1] هەمان سە رچاوە ل ٥٥٣ ، هەروەها پاشکۆی ژمارە ٦

[2] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ٦٨

[3] هەمان سەرچاوە ، هەمان لاپەڕە

و بەمجۆرە ڕۆژی ۱۸۸۰/۱۰/۲۳ ، شەڕێکی‌تر دەستی‌پێکردەوە، بەڵام لەشکری شێخ لەو ڕۆژەدا کەوتە پەلامار و پێشرەویی کردن. تەقەی گولله و تۆپ دەستی‌پێکرد و هەتا لە دیوار و قولیپەکان نزیکتر دەبوونەوە، گوللەبارانیش توندتر و خەستتر دەبوو. هەردوولا شەڕی زۆر سەختیان کرد و هێزەکانی کورد بە خەنجەری ڕووتەوە هەڵیانکوتایە سەر سەنگەرەکان، چونکە هێرشەکەشیان بێ‌ترس و دلێرانە و لە ناکاو بوو،[1] لە سەرەتادا توانیان چەند سەنگەرێك داگیربکەن و ڕێی چوونە ناوشار بکەنەوە. بەڵام بەرگریکاران هێرشیان کردەوە سەر سەنگەرە لەدەست‌چووەکانیان و هێزەکانی کورد پاشەکشێیان کرد. لەم شەڕ و تێهەڵچوونەدا هەردوولا ئەوەندە لە یەکتر نزیك‌ببوونەوە، دەرەتانی تفەنگ تەقاندنیان نەمابوو، بۆیە هەردوولا بە خەنجەر و قۆناغە تفەنگ بەربوونە یەکتری.

زیانی کوژراوی هێزی کورد لەم شەڕەدا (۲/۵۰۰) کەس بوون.

۸/۲/۵: نامەی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ ئیقبالدەولە

ڕۆژی دوایی ۱۸۸۰/۱۰/۲٤ز،[2] شێخ عوبەیدوڵلا نامەیەکی بەمجۆرەی بۆ ئیقبالدەولە نووسی؛

«سەرداری سەردارانی گەورە، ئەی دۆست، ئەی میهرەبان! یەکەم ئەوەی کە لەو دۆستە میهرەبانە ڕوون و ئاشکرایە، بنەماڵەی ئێوە لە دەمێکەوە لەگەڵ بنەماڵەی سەیید تەهای خوالێخۆشبوودا دۆست‌بوون و منیش جەنابتم زۆر خۆش‌دەوێ و ورمێ بە ماڵی خۆم دەزانم و پێم‌خۆش‌نییە هیچ کاتێ خوێنی موسڵمانان بڕژێ. چەندان جار فەرماندەکانی سپا و عەشیرەکان ویستوویانە دەستە و خەنجەر و شمشێر هەڵکوتنە سەرشار، بەڵام من نەمهێشتووە و نەمویستووە موسڵمانان بکوژرێن و تالان‌بکرێن. ئەگەر خۆڕاگریی تۆ، بۆئەومیە هێزی یارمەتیت بگاتێ، ڕێی یارمەتیت لێگیراوە و لە هیچ لایەکەوە یارمەتیت پێناگات. ئەگەر دوو سێ ڕۆژێکیش لە قەڵادا خۆ ڕابگرن، نان و گولله و بارووتتان تەواو دەبێ و ئەوسا بە ناچاری و لێبڕاوی، خۆبەدەستەوە دەدەن و سەر شۆڕ دەکەنەوە.

ئەگەر ئەمڕۆ خوێن بڕژێ، دوو ڕۆژی‌تر پەشیمان دەبیتەوە و چاك وایە کاری ئەمڕۆ نەخەیتە سبەینێ و نەبیتە هۆی دوژمنایەتی. ئەم قسانەم بە دڵ و بە گیان لێوەربگرە و هیوادارم بگەیتە پلەوپایەی بەرز و تەواو».[3]

---

[1] ئەمانە قسەی خودی عەلی ئەفشارن، کە خۆی لە سەنگەری دژی ئەمانەدا شەڕی کردووە ل ٥٥٢ هەروەها پاشکۆی ژمارە ٦

[2] لە بەسەرکردنەوەی ئەو مێژووانەی ناو ئەو چەند سەرچاوەیەی ڕووداوەکانی ئەم شەڕانەیان گێڕاوەتەوە، هەتا ڕۆژی ۱۸۸۰/۱۰/۲۸ پشتم بە بیرەوەریی ڕۆژانەی ئابووت بە ستووە کە بەڕاستترم زانیوە.

٩/٢/٥: وەلامی ئیقبالدەولە بۆ شێخ عوبەیدوڵلا

ئیقباڵدەولە لە وەلامی نامەی شێخدا نووسی:

((ئەی قیبلەگا! نامەی بەرێزتان کە بە حسینعەلیدا ناردبووت، گەیشتە دەستم و تێیگەیشتم. لە بابەت سەلماندن و خۆبەدەستەوەدانی منەوە، شتێکت نووسیبوو، خۆبەدەستەوەدانی چی؟ هەموو خەڵکی وڵات و سەرکردەکان دەزانن کە لە هەموو شوێنێك لەشکری خاوەنشکۆ، هاتۆتە کوڵ و جۆش و خرۆش و ئەمرۆ و سبەینێ ورمێ دەبێتە ئۆردووگایەکی گەورە، بەلام جەنابت بیرت لە شان و شکۆ و ئاکامی کاری خۆت نەکردۆتەوە و بەهیوای هاورێ بێوەفاکانت ئەم خەیاڵە خاوانە کەوتۆتە سەرت و بوویتە هۆی کوژرانی موسڵمانان.

هاورێکانت چاك دەناسم، سێچوار رۆژێك لە خزمەت جەنابتدا دەبن و کاتێ هەوا ساردی کرد و ئەو لەشکرەی ناردوویانە بگاتێ، هەرکامێکیان دەسکەوتێکیان لە ماڵی خەڵك دەبێ و دەگەرێنەوە ماڵی خۆیان. جەنابیشت لە لایەن هەردوو دوڵەتەوە بە تاوانبار دەناسرێیت.

چاکتر وایە ئەم خەیالاتە لە سەرت دەربکەیت و هەتا کاریش لە کار نەترازاوە، پاساوی رابووردووت بدەیتەوە.

ئێستاش ئەم قسە بێغەل و غەشانەی من وەربگرە و ئێرە بەجێبهێڵە. جگەلەمەش ئەگەر جەنابت بەهیوای داگیرکردنی ئەم وڵاتەیت، ئەوا هەمزەمیرزای نەوابی بەرێز، کە بە لەشکری (ئەراك) و ئازەربایجانەوە ناردوویانە، گەیشتۆتە (میانە) و تەیمووریاشاخانیش بە سپای ((خۆی و ماکۆ و سەلماس))ەوە لە ((چیمەن درشکی سەلماس)) ئۆردووی خستووە. ئەگەر جەنابت دەتوانیت هەردوو لەشکرەکە ببەزێنیت، ئەوا بزانە کە ورمێ لە هەموو وڵاتەکان چاکتر لە خزمەت جەنابتدا دەبێ و ئەگەریش وا نەبێت، خۆ خاوەنشکۆ، منی نەکردۆتە وەکیلی خۆی، تا قەلا بدەمە دەست جەنابت. ئەگەر داواش لە سەربازەکان و دانیشتووانی ورمێ بکەم، سەر بۆ جەنابت شۆر بکەن، لێم قبووڵ ناکەن و نایسەلمێنن. ئەگەریش شەری جەنابت لەگەڵ دانیشتووانی ورمێیە؛ هەتا یەك کەس لەو شارەدا بمێنێ و تا دوایین هەناسە، لەگەڵت بەشەر دێن. ئیتر خۆت دەزانیت و بە دوعا))

---

[٣] عەلی ئەفشار ل ٥٥٦، هەروەها پاشکۆی ژمارە ٦

شەڕی ڕۆژی ٢٧/١٠/١٨٨٠

کە شێخ وەڵامەکەی ئیقبالدەولە بێهیوای کرد و هەڕەشەی ئەوەیشی بیست، کە هێزی یارمەتیدەر دەگاتێ؛ ڕۆژی ٢٧/١٠/١٨٨٠ز، جارێکیتر هێرشی کردەوە. ئەمجارە خۆی لە پێش هێزەکانییەوە هەڵیکوتایە سەر شار و گەمارۆی دایەوە و شەڕ و تێهەڵچوون و تێکڕژان دەستیپێکردەوە. هەردوولا بە خەنجەری ڕووتەوە هێرشیان دەبردە سەر یەکتری.

«شەڕ و تێهەڵچوونی ئەو ڕۆژە بە جۆرێك بوو، لە سەرووی عەقڵ و چاوەنوارییەوە بوو. هەردوولاش لەوپەڕی ئازایەتیدا شەڕیاندەکرد. تا لە ئەنجامدا خۆڕاگریی دانیشتووان، بووە هۆی تێشکانی هێرشکاران و تەنانەت شێخ، خۆیشی هەتا باخی سیاوەش، پاشەکشەی کرد»[1]

یەکێك لەو هۆیانەی بووە مایەی سەرنەکەوتنی هێزەکانی کورد، کەمبوونی باڕووت و قورقوشم بوو. بۆ دابینکردنی ئەمەش، شێخ عوبەیدوڵلا جوولەکەیەکی شارەزای ڕاسپارد، تا بۆ پەیداکردنی کەرەسە و پێویستی شەڕ، لە شێوەی نەناسێکدا بچێتە ناو شاری ورمێوە. بەڵام پێش ئەوەی جوولەکەکە ئەمکارە جێبەجێ بکات، لە شار دەیناسن و کارەکە ئاشکرا دەبێت.

ڕۆژی ٢٨/١٠/١٨٨٠ز، ئەو تێشکانەی هێزەکانی کورد، دەبێتە هەلێك بۆ دەستەیەکی هێزی بەرگری شاری ورمێ، لە شارەوە هێرش دەکەنە سەر گوندی (چوار بەخش) و پاشماوەی هێزەکانی کورد لەو گوندە دەردەپەڕێنن. لەم گیرودارەدا خێڵەکانی بلباس و شنۆ، کە لە ڕێگەی سندووسەوە بۆ یارمەتی هێزەکانی شێخ دەهاتن، سەرهەنگ ئاغاخانی ئەفشار، بە (١٠٠٠) سەربازی سوارە و (٢٠٠) سەربازی پیادەوە، لە گوندی (شەیتان ئاوا)ی نێوان ورمێ و سندووسدا، هێرشی کردە سەریان و نەیهێشت ئەو هێزانە بگەنە هێزەکانی شێخ.

هەر ئەمرۆ ئابۆت کە داروباری ڕووداوەکان و هەلومەرجی شەڕەکان هەڵدەسەنگێنێ و چارەنووسی شەڕەکان لە چاکەی ئیقبالدەولە دەبینێ، بە چاکی دەزانێ ناوچەکە بەجێبهێڵێ و ئەمجارە بە ڕێگەی: ورمێ، شنۆ، سندووس و سابلاغدا، بەرەو میاندواو و تەوریز بگەڕێتەوە، کە ئەو ناوچانە، تا ئەو ڕۆژانە و دوو هەفتە دواتریش تا میاندواو، بەدەست هێزەکانی کوردەوە بوون و ئازاد کرابوون.

لە گەڕانەوەی ئابۆتدا، شێخ عوبەیدوڵلا نامە و پێشمەرگەی پارێزەری داوەتێ، تا لای شێخ عەبدولقادری کوڕی، کە ئەویش (پێشتر وتمان) نزیکەی (٣٠٠) پێشمەرگەی بۆ پاراستنی داوەتێ و تا ناوچەکانی نزیك دەسەڵاتی هێزەکانی ئێران بە ڕێزەوە ڕەوانەیان کردووە.

---

[1] بنواڕە پاشکۆی ژمارە ٦

ئابۆت لە بیرەوەری رۆژانەی خۆیدا، سەبارەت بە شەڕەکانی ئەم هەفتەیە و بارودۆخی سابلاخ و ناوچەکە دەڵـێ:

«هێرشەکە لە ١٨٨٠/١٠/٢٢زدا، دەستیپێکرد، دوژمن (مەبەستی لە کوردە) لـە هـەموو لایەکەوە گەمارۆی شارەکەی دابوو. بەڵام تا ٢٨ی مانگیش هیچ شتێکی ئـەوتۆیان نـەکرد بـۆ سەر شوورەکان. کوردەکان تەنیا یەك‌جار تا نـاو دەروازەکـەی (چواربـەخش – چـوار بـاش) هـاتن. بـەڵام بـە زیانـەوە پاشەکشـەیان پێکـرا. لـە هەمان‌کاتیشـدا دانیشـتووانەکە ویسـتیان تەسلیم‌بن، بەڵام ئیقباڵدەولە بڕیاریدا بەرگری لە شارەکە بکات.

هەلێکم بەدەستهێنا بۆ بە هاناچوونی دانیشتووانە مەسیحی و خەڵکـە شـەڕنەکەرەکانەوە لای شێخ؛ کە بەڵێنیدا ڕێز لە ژیان و ماڵیان بگرێت. بەڵام چـەندین گونـدی دەشـتی ورمـێ تالانکرا، کە لەوە دەچوو شێخ دەستی نەبێ سەرکوتیان بکات.

کاتێ ورمێ ـ م جێهێشت، شێخ بە (٦) هەزار کەسەوە بارگەی لە خوار چیـای «سیر» لێدابوو. نامەیەکی بۆ کورەکەی دامێ، کە زۆر بە ڕێز و لوتفەوە پێشوازیی لێکردم.

لەشـکری کوردەکـان لـە سـابلاخ لـە (١/٥٠٠) کـەس زیـاتر نـەبوون. چونکـە زۆربـەی خێڵەکان بەو تالانییەی لە دەشتی میاندواو دەستیان کەوتبوو ڕۆیشتبوونەوە بۆ ماڵەکانیان.

ناوچەکەی نێوان ڕووباری «تەتەهوو» و «جەغەتوو»، کە من پێیدا تێپەڕبووم، بە تەواوی لە لایەن کوردەکانـەوە کـاولکراوە و لـە سـەروو (٢) هـەزار گونـد سـووتێنراوە و (١٠) هـەزار کەسیش بێ‌لانەن.

لێکمداوەتەوە، ئەوەندەی (٢) هەزار ئێرانییەك لـە میـاندواو کۆمـەڵکوژ کرابـوون و لـەناو قوربانییەکاندا ژن و منداڵیان تێدابوو. هەروەها لاشەی (٣٠) ئەرمەنی و (٥٠) جوولەکە لەوێ بینرابوون. لـە لایەکی‌تریشـەوە (٩٠) ئەرمـەنی، کـە توانیبوویـان دەربـاز بـبن، لـە گونـدی تاجرباشییەکانی ڕووس، نزیك سابلاخ سەرپەرشتی دەکران. لە (٣٣٠) کەس لە دانیشـتووانی جوولەکە، تـا ئێسـتا تـەنیا (١٣) کەسـیان بـە زیندوویـی بیـنراون و ژمارەیـەکی زۆری ژن و منداڵـی جوولەکە، لای کوردە کان بەدیل‌گیرابوون.

لەبەرئەوەی بە تەواوی لە ژێر ڕەحـمـەتی شێخ‌عەبدولقادر دابووم، ناچاربووم ڕازی‌بم بـە هەر ڕێکخستنێك کە بۆ گەیاندنەوەم دەیکرد بۆ ناو خەتی ئێرانییـەکان. پێمـی ڕاگـەیاند کـە (٣٠٠) سوارەی کورد، بە پاسەوانیی لەگەڵمدێن بۆ مەسافەیەکی نزیك بە کامپی ئێرانییـەکان و بەوجۆرە منیش لەگەڵ ئەو هێزە گەورەیەدا سابلاخم جێهێشت.

هـەمزاغای سـەر خێڵـی مـەنگوور، عـەبدوڵلاخانی زەرزا، ئیبراهیم‌خـانی بـرای و زۆر سەرخێڵی ناوداری‌تر، لەگەڵ هێزەکەدا بوون.

بە گەیشتنمان بۆ «چلیك» سەرخێڵەکان لە پڕ شێوە مۆڵەتێکیان لە من وەرگـرت و سـوارە کوردەکانم لەبەرچاو ونبوون. بەڵام بە هۆی ئەو دووکەڵەچرەی، کە دواتر لـە هـەموو لایـەکی دەشتەکەوە دەرکەوت، ئاشکرابوو، کە خەریکی ئاگرتێبەردانی گوندەکانی ئەو نزیکانە بوون.

بە سواری وڵاخەوە بە ناو زۆر لەو گوندانەدا تێپەڕیم، کە هەندێکیان وێرانکرابوون. هەموو ئەو دانیشتووانەی مابوون، کۆمکردنەوە و ئەو مەترسییەم بیرهێنانەوە، کە لییان نزیك دەبووەوە. بەم شێوەیە توانیم ژیانی نزیکەی (٣٠) ئێرانی بێدەسەڵات رزگار بکەم و لەگەڵ خۆمدا بیانهێنم بۆ بناو.[1]

شەڕی رۆژی ٣٠/١٠/١٨٨٠ز

دیسانەوە هێرش بۆ سەر ورمێ دەستی پێکردەوە. لەم رۆژەدا شەڕێکی وا قەوما، کەس شتیٚ وای بە خەیاڵدا نەهاتبوو. دەستەیەك لە پارێزەرانی ورمێ، بە سەرکردایەتی حاجی رەحیمخان، هەڵمەتیان بردە دەرێ و بەرەنگاری هێرشکاران بوونەوە. بەڵام کاتێ چاویان بە زەریای سپای شێخ کەوت، دوای سەعاتێك خۆڕاگریی، بۆ ناو قەڵا گەڕانەوە.

پاشەکشەی ئەم دەستەیە، بووە هۆی بەرزبوونەوەی ورەی هێزی کورد و هێرشەکەیان توند و خەست کرد، بەجۆرێك کە تا (باخی دڵگوشا) بەرەو شار نزیكبوونەوە.

بەڵام ئیقباڵدەولە بۆئەوەی کۆبوونەوەی ئەم هێرشکارانە بڵاوە پێبکات، فرمانیدا باخی دڵگوشایان تۆپباران کرد، کە ئەمکارە، زیانێکی نەدا و تەنیا چەند کونێکی کردە دیواری باخی دڵگوشاوە، کە هێزەکانی کورد هەر لەو کونانەوە، قەڵایان بەر گوللەدا و دوو تۆپچی و چەند کەسێك و محەمەد ئەمین بەگی (نایبی تۆپخانە)یان کوشت و هەر لەم شەڕەدا تۆپێکی دەرەوەی قەڵاکە، کە تۆپچییەکانی کوژرابوون و بێخاوەن مابوو، بۆئەوەی نەکەوێتە دەست هێزی کورد، بە فرمانی ئیقباڵدەولە و شێخعەلی خانی سەرتیپ، دەستەیەك هەڵمەتیان برد بیهێننەوە. بەڵام هەموویان کەوتنە بەر دەستڕێژی هێرشی کورد و کوژران. دوایی بە گوللەباران کردنی سپای کورد، هەلی ئەوە رەخسا، تۆپەکە ببرێتەوە ناو قەڵا.

شەڕی رۆژی ٣١/١٠/١٨٨٠ز

درێژەکێشانی شەڕ، بێجگەلەوەی ورەی خۆڕاگریی دانیشتووانی دادەهێزراند، وردەوردەش خۆراك و پێویستی ژیانی رۆژانەی ناوشاری ورمێش کەمتر دەبوونەوە. ئەو چاوەنوارییەش، کە دەبووایە هێزی یارمەتی بە خەڵکی ورمێ بگات؛ ئەمیش درێژەی کێشا و خەڵکی شار دەترسان. بۆیە ئیقباڵدەولە و فەرماندەکانی بەرگریی، بۆئەوەی ترس و لەرزی دانیشتووان کەمبکەنەوە و ورەیان بەرز بکەنەوە؛ بەشێك سەربازیان بە نهێنی، بە جل و بەرگی گۆڕدراوەوە ناردە دەروازەی «باڵو»، کە رووەو رێگەی تەورێزە، ئەوانیش بە تەپڵ و دەهۆڵ و مۆسیقای مارش و بە هاتوهووتێکی زۆرەوە، هاتنەوە ناوشار و لە گەڕەکە جیاجیاکانی شار دامەزران.

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ٧١ و ٧٢

ئەمکارە، سەرەرای ئەوەی خەڵکی شاری بە هاتنی یارمەتی هیوادار کرد؛ لە هەمانکاتیشدا هێزەکانی کوردیشی تووشی ترس و پەژارە کرد.

١٠/٢/٥: تەقەڵلای‌تری شێخ عوبەیدوڵلا

شێخ عوبەیدوڵلا بۆئەوەی بەر لە گەیشتنی هێزی یارمەتیدەر، کۆتایی بە گرتنی شار بهێنێ، هێرش و پەلاماری توندتر و خەستتری کردە سەر هەموو دەروازەکانی شار. لەم شەڕەدا عەلی‌سوڵتان کوڕی ئاغاخەلەج کوژرا کە فەرماندەیەکی ئازا و دلێری ناو شاری ورمێ بوو. ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی وورەی هێزی کورد و هێرشەکەیان توندتر کرد و کوردان بە دەست و شمشێری رووتەوە لە باخی دڵگوشاوە هێرشیان بردە سەر قەڵای دیوانبەگی. بەڵام پارێزەرانی قەڵاکە، تۆپەکانیان داگرتەوە و کەوتنە تۆپبارانی هێرشکاران، بە جۆرێك کە ژمارەیەکی زۆر لە هێزی کورد کوژران و بۆ دواوە کشانەوە.

شەڕی رۆژی ١٨٨٠/١١/١

شەڕ دەستی پێ‌کردەوە، بەشێك لە هێزەکانی کورد بە دەنگی دەهۆڵ و ئالاوە، لە باخی دڵگوشاوە هێرشیان بردە سەر شار و شەڕێکی سەخت هەڵگیرسا. هێزەکانی شێخ هەر دەچوونە پێشترەوە، بەجۆرێك کە ئالاکەی شێخیان لە نزیکی خەندەقی دەوری شوورەی شار هەڵکرد. بەڵام دیسان پاشەکشە بە هێرشی کوردان کرایەوە.

شەڕی رۆژی هەینی ١٨٨٠/١١/٢

لەم رۆژەدا شێخ عوبەیدوڵلا چووە گوندی «سەنگەر» و نوێژی جومعەی تێداکرد. هێزی بەرگری شار بۆئەوەی هێزەکانی کورد لە باخی دڵگوشا هەڵبکەنن، بڕیاریان دا دیواری باخەکە برووخێنن. بەو هۆیەشەوە کە پێشتر نەیانتوانیبوو ئەم دیوارە بە گوللە تۆپ برووخێنن، ئیقبالدەولە میعمارەکانی شاری کۆکردەوە و فرمانی دا رەهەند و رەهۆڵ بۆ بن دیوارەکان لێدەن و باڕووتیان تێبکەن و بیانتەقێننەوە. بەڵام بەرلەوەی ئەم پلانە ئەنجام بدرێ، هەواڵەکە بە هێزەکانی شێخ گەیشت و پێش وەخت باخی دڵگوشایان بەجێهێشت و دیسان لە کێوی «سیر» ئۆردوویان لێدا.

شەڕ و تێهەڵچوونەکانی ئەو چەند رۆژەی دوایی، هیچی بە لایەکدا نەخست و هێزی یارمەتیدەری دەوڵەتیش لە شار نزیك ببوونەوە.

١١/٢/٥: نامەی‌تری شێخ عوبەیدوڵلا

شێخ عوبەیدوڵلا چەند نامەیەکی‌تری بۆ ئیقبالدەولە ناردەوە و لە هەموویاندا داوای شار بە دەستەوەدانی لێدەکرد. ئیقبالدەولەش بۆ کات بەسەربردن، بە نەرمونیانی وەڵامی نامەکانی دەدایەوە.

شێخ لە نامەیەکیدا داوای لە ئیقبالدەولە دەکرد:

١- پێداویستی و خواردەمەنی هێزەکەی بۆ دابین بکات.

٢- ئیقبالدەولە لە شار بچێتە دەرەوە، تا شەڕێکی یەکجاریی و لێبڕاوانە بکەن و چارەنووسی شاری ورمێ بە لایەکدا بخرێ.

ئیقبالدەولەش لە وەلامدا بۆی نووسی:

«دابینکردنی بژێوی هێزەکانی خۆت، لەسەر خۆتە و بۆیشم نییە لە قەلا بێمە دەرێ. چەند رۆژێکیش سەبر بکە، تا هەمزە میرزا و تەیموور پاشاخان بگەنێ، ئەوسا وەلامی خۆت لە دەرەوەی شار وەردەگریتەوە»

شێخ دیسان رازی نەبوو. داوای کرد چەند کەسێك لە زانایان بچنە لای، بۆ دانووساندن. دەڵێن ئەم داخوازییەی لە خەلیفەی ئەرمەنەکانیش کردبوو.

ئیقبالدەولە بۆئەمەش، سەرەرای قسە و باس گۆڕینەوە لەگەڵ پارێزەرانی شار و خەلیفەی ئەرمەنییەکان، ئەم داوایەیشی گێرایەوە.

لەم سەروبەندەدا هەواڵی ئەوەش بلاو بووەوە، کە فەرماندەیەکی عوسمانی، بۆ سەرکوتکردنی شێخ عوبەیدوڵلا نزیك بۆتەوە.

شەڕی رۆژی ١٨٨٠/١١/٣ز

شێخ عوبەیدوڵلا کۆبوونەوەی‌تری بە فەرماندەکانی کرد و بڕیاریان دا دواتر (هەینی) دیسان هێرش بۆ سەر ورمێ، تازە بکەنەوە. هەموو هێزەکان بە خەنجەر و شمشێرەوە بەشداری شەڕ بکەن.

بە پێی بڕیاری رۆژی هەینی، دوای نوێژی بەیانی، لەشکری کورد هێرشی بۆ سەر شاری ورمێ دەست پێکردەوە. بەلام دیسان بە خەستی تۆپباران و گوللەباران کرانەوە و کۆمەڵێکی زۆریان لێکوژرا. شێخ عوبەیدوڵلا لەم هێرشەشدا خۆی بەشداریی کردبوو. ئەویش لەگەڵ هێرشکاراندا پاشەکشەی کرد.

١٢/٢/٥: گەیشتنی هێزەکەی تەیموورپاشاخان

شەڕی رۆژی ١٨٨٠/١١/٤ز

رۆژی ١١/٤/ ١٨٨٠تەیموور پاشاخان لەگەڵ (١٠) هەزار سەربازی «خۆی و ماکۆ و سەڵماس»، لە «چەمەن درشکی»ی سەڵماسەوە بەرەو ورمێ کەوتە رێ و لە هەمان رۆژدا گەیشتە گوندی قوشچی (هەشت قۆناغەرێی ورمێ)[1] و لەوێ ئۆردووی خست و دوای حەسانەوەی، بەرەو ورمێ کەوتە رێ.

---

[1] ئێستا هەر چوار کیلۆمیتر لە شاری ورمێوە دوورە.

کاتێ هەواڵی بەرێکەوتنی تەیمووریاشاخان بە شێخ عوبەیدوڵلاّ گەیشت، بۆئەوەی ڕێ لە هاتنی بگرێ و سپاکەی تێک بشکێنێ، بە هەموو هێزەکەیەوە چووە قەڵای «ئیسماعیل ئاغا»، کە لەسەر ڕێی تەیموور پاشاخاندا بوو. لەم کاتەدا تەیموور پاشاخان لە «چیمن عەلی بەگلوو» ئۆردووی دامەزراندبوو. باربەرەکانی سپاکەیشی لە دەوروبەری دەلەوەڕان.

لەشکرەکەی شێخ لەبەرئەوەی شوێن و جێی شەڕەکەیان پێ لەبار نەبوو، چەند کەسێکیان کردە بەرپرسی ڕاونان و بلاّوەپێکردنی چوارپێ و باربەرەکانی تەیموور پاشاخان و وای تێبگەیەنن، کە چەند چەتە و شرەخۆرێك دەیانەوێ ماڵاتەکە بفرێنن و بەمجۆرە بەدوای خۆیاندا بیکێشنە شوێنی حەشار و بۆسەی هێزە سەرەکییەکە و بە یەکجاریی تەفروتونای بکەن.

دوای بزواندنی باربەرەکان، تەیموور پاشاخان تا ماوەیەك شوێنیان کەوت، بەڵام کە زانی چەند هەزار سەربازێکی سپاکەی شێخ، لە حەشار و بۆسەدان، وازی لەوکارە هێنا و هێزەکەی بۆ شەڕ سازکرد و هێرشی بردە سەر قەڵای (قیزلار)، کە هێزەکانی کوردی لێ دامەزرابوون و دوای چەند سەعاتێك شەڕ، ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی کورد کوژران و بەشێکیان بەدیل گیران.

دوای ئەم شەڕە، تەیموور پاشاخان لە دەرەوەی شاری ورمێ ئۆردووی دامەزراند و بۆئەوەش هەواڵی سەرکەوتنەکانی خۆی بە دارالسلطنەی تەورێز بگەیەنێت، فرمانی دا سەری دیلەکانیان بڕی و بە دیاری ناردنی بۆ تەورێز.

لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا، هەندێ دەستە و هێزی شرەخۆر و تالاّنکاری هێزەکانی شێخ، هێرشیان دەکردە سەر گوندەکانی دەوروبەری ورمێ و تالاّنیان دەکردن. کاتێ ئەو گوندنشینانە هاواریان دەبردە بەر تەیموور پاشاخان، کە تۆڵەیان بسێنێ؛ گوێی نەدەدانێ، چونکە تەیموور پاشاخان هەر خۆیشی دەستی بە تالاّن و بڕۆی ئەو گوندانەی سەر سنوور کرد. لەبەرئەوەی ناوبراو لەگەڵ ئیقبالّدەولەدا ناکۆکییان هەبوو، ئەم گوندانەش هی ئیقبالّدەولە بوون.

ڕۆژی ١٨٨٠/١١/٨ز، سێ سەعات پێش خۆرئاوا بوون، هێزەکانی کورد لە سەر کێوی «جهوودلەر» دامەزران و دەستیان بە گوولەبارانی هێزەکانی تەیموور پاشاخان کرد. هێزەکانی تەیموور پاشاخانیش لە بەرامبەردا دەستیان کردەوە و شەڕێکی سەخت لە نێوان هەردوو هێزدا دروست بوو. شێوازی تەیموورخان لەم شەڕەدا ئەوە بوو، کە هێرشی توند و خێرای دەکردە سەر سەنگەری هێزەکانی کورد و ئەوپەڕی تەقەللای دەدا لە ماوەیەکی کورتدا، ئەو سەنگەرانەیان پێ چۆڵ بکات و پاشەکشەیان پێبکات. لەم شەڕەدا نزیکەی (٥) هەزار تفەنگ و چەکی هەمەجۆرەی لێگرتن. بە گوێرەی قسەی عەلی ئەفشار لەم پاشەکشەیەدا شێخیش لەگەڵ هێزەکەدا بووە و لە ئەسپەکەی داکەوتووە و باسکی بە سەختی بریندار بووە.

١٣/٢/٥: پاشەکشەی هێزەکانی کورد لە ورمێ

بەڵام دوای کشانەوەی هێزەکانی کورد، شێخ عوبەیدوڵڵا دیسان کۆی کردنەوە و ڕێکی خستنەوە و جارێکی تر نەخشەیان بۆ شەڕێکی تر کێشا. بە پێی ئەم نەخشەیە، هێزەکانی کورد هەڵیانکوتایە سەر کێوی «جهوودلەر»، کە بەسەر هێزەکانی تەیموور پاشاخان دا دەینواری،شەڕێکی سەختیان دەست پێکرد. ئەم شەڕە چەند سەعاتێك درێژەی کێشا. بەڵام هێزەکانی کورد زۆریان بۆ هات و پاشەکشەیان کرد؛ کە ئەمە ئیتر دوا پاشەکشەی هێزەکانی کورد بوو.

فەرماندەکانی لەشکری قاجاری، پێیان وایە تەیموور پاشاخان، کەمتەرخەمیی لە ڕاوانانی هێزەکانی کورددا کردووە و ئەگەر بیویستایە، دەیتوانی زیانی زۆرتر لە هێزەکانی کورد بدات؛ یان شێخ بەدیل بگرێت.[1]

دوای پاشەکشەی هێزەکانی کورد، هێزەکانی تەیموور پاشاخان کەوتنە تاڵان و بڕۆی گوندەکان و کارەساتێکی وایان کرد، وەك عەلی ئەفشار دەڵێ: «قەڵەم توانای نووسین و لێکدانەوەی ئەو شتانەی نییە. لەباتی ئەوەی لەوکارەی خۆی ناوبانگ و شانازیی و سەربڵندیی بەدەست بهێنێ، تەنیا شەرم و ڕووڕەشیی بۆ مایەوە».[2]

---

[1] بەڵام بەگوێرەی نامەیەکی شێخ عوبەیدوڵڵا و ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژانەی ئەستەموول، ئەم شەڕانە پێچەوانەی گێڕانەوەی نووسەرانی عەجەم و ئەفشارە و شێخ لەو نامەیەیدا وا دەگەیەنێ کە ئەگەر مەبەستی زیانپێگەیاندن و شکاندن و کوشتوبڕی هێزەکەی تەیموورپاشاخانی ببوایە، دەیتوانی زۆر چاك تەفروتونای بکات.

(بنوارە پاشکۆی ژمارە ١، بەڵگەنامەی ژمارە ٥٩٩. هەروەها: بەڵگەنامەی ژمارە ٥٧٤، بروسکەی ڕۆژی ١٨٨٠/١٢/١٥)

[2] عەلی ئەفشار، ل ٥٦٩، هەروەها پاشکۆی ژمارە ٦

بەشی سێیەم

١- تێشکان و تەقەللای هەستانەوە

١/١: قۆناغی سێیەم: کشانەوە و ئاکام

٢/١: قۆڵی موکریان:

لەشکرکێشی هێزی چەکداری کورد، لە دوای نیوەی مانگی (٩ی ١٨٨٠ن)دا، بە دوو لەشکری بەرودوا دەستی پێکرد و قۆڵی سابلاخ زووتر، لە مەرگەوەڕەوە بەرەو شنۆ و سندووس و سابلاخ هاتن و لە (١٨٨٠/٩/٢٩ن)دا گەیشتنە سابلاخ و تێکڕای شنۆ، سندووس، لاجان، سەقز، بانە و ئەو ناوچانەیان بە بێ بەرگریکردن[1] ئازاد کرد و ڕۆژی دواتر: (١٨٨٠/٩/٣٠ن)، بە مەبەستی پێکهێنانی حکومەتی کوردستان، «خان باباخان»یان کردە فەرمانڕەوای سابلاخ و هاوکاتیش فرماننامەیان بۆ فەرماندارانی شارەکانیتری کوردستان نارد و داوای هاوکاری و پێوەندیگرتنیان لێکردن و بەردەوامیش پەیتاپەیتا سەرۆك خێڵ و ئەفسەری ناو لەشکری ئێران بە هەموو تفاقێکەوە و[2] لێشاوی جەماوەری تووڕە و داخ لە دڵ، پێوەندییان بە لەشکری ڕزگارکەرەوە دەکرد و بە پێی هەندێ سەرچاوە، ژمارەی ئەم هێزە لە نێوان (٣٠ تا ٥٠)هەزار کەسدا بووە؛ کە بالاترین ژمارەکەی، لە ڕۆژانی گرتنی میاندواودا لەوپەڕی هەڵکشاندا بووە. وەك نیشانەکان دەریدەخەن، ئامانجی پێشڕەوییکردنی ئەم لەشکرە لە سابلاخەوە بەرەو میاندواو، مەڵکەندی، دەوروبەری بورجی فەلەکیی مەراغە و بناو؛ ئازادکردن و گرتنی شاری تەوریز بووە؛ کە نشینگەی وەلیعەهد بووە.

ئەم هێزە، لە دوو هەفتەی یەکەمدا، پێشڕەویی و سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێنا. بەڵام دوای ئازادکردنی شاری میاندواو و دەوروبەری و بەشێك لە ناوچەکانی نزیك بناو و بە کۆمەڵکوشتنی دانیشتووانی ئەو ناوچانە و تالان و سووتاندنی گوند و مەزرایان؛ ئیتر دیسپلینی سەربازییانەی لەدەستدا و بەوهۆیەوە کە خێڵە بەشدارەکانی ناو لەشکرەکە، کەوتنە چنینەوەی دەسکەوت و گوێزانەوەی ئەو دەسکەوت و تالانییانە، نەتوانرا لە لایەن سەرۆك خێڵەکانیانەوە کونترۆڵ بکرێن. بەمەش:

١- لە لایەکەوە بە هۆی گواستنەوەی ئەو تالانی و دەسکەوتانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، بەرەکانی شەڕ و هێرشیان چۆڵکرد و ژمارە و توانای لەشکری کورد، کەم و کەمتر بووەوە.

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی - ل ٤٤

[2] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

٢- له لایەکی‌تریشەوە، دانیشتووانی ئەو ناوچە عەجەم‌نشینانە، لە ترسی پاراستنی گیان و ماڵ و ناوچەکانیان، کەوتنە بەرگرییەکی بە هەرەوەز و شەڕی ژیان و مردنیان دژی هێزەکانی کورد دەستپێکرد.

٣- بەرگریکردنی دانیشتووانی ئەو ناوچانەش، بووە سۆنگەی درەنگ پێشڕەویکردن و ئەنجامیش ڕاگرتنی شەپۆلی هێرش و کشانی هێزەکانی کورد، بو گرتن و ئازادکردنی ئەو ناوچانە و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی، لە کاتی پێویستدا و بە هاناوە هاتنی هێزی سەربازیی دەوڵەت و بەرەو دواوە گێڕانەوەی هێرشی هێزەکانی کورد و بەشێنەیی پاشەکشە پێکردنی و لەدەستدەرهێنانەوەی ئەو ناوچانەی ئازادی کردبوون و دواتریش ڕاونانی هێزەکانی کورد بە یەکجاریی و دوای نزیکەی مانگ و نیوێك هێرش و شەڕ و کوشتاری خوێناوی، لە (١٨٨٠/١١/١٠ن)دا، لەشکرکێشی کورد بۆ ناوچەکانی موکریان و ئازەربایجان، دوایی دێت و بێئەوەی بەرنامەی ئەم هێزە، بۆ گرتن و ئازادکردنی (تەورێز) سەربگرێ؛ ناچاردەکرێ بۆ پاشەکشەی یەکجاریی و دەرپەڕاندنی لە سنووری ئێرانەوە بۆ مەرگەوەڕ و ناو قەڵەمڕەوی تورکیا.

٣/١: قۆڵی ورمێ:

لە گەرمەی هێرش و پەلامار و شەڕ و تێهەڵچوونەکانی قۆڵی سابلاخ - ئازەربایجاندا، شێخ عوبەیدوڵڵا بە پێویستی زانی بەرەیەکی‌تری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی ئێراندا دروستبکات، بۆئەوەی:

١- بەرەنگاریی و دژە هێرش و پەلاماری هێزەکانی ئێران، بۆ سەر هێزەکانی کورد، لە قۆڵی ئازەربایجان کەمتر بکاتەوە و هەندێك لەو هێزانەی لەو قۆڵەوە بە هەرەوەز پەلاماری هێزەکانی کورد دەدەن، سەرنجیان بۆ قۆڵی ورمێ بچێ و هەندێك لەو هێزانەی بۆ بنێرن. بەمەش ڕێگە لەبەردەم لەشکرکێشی هێزەکانی کورد، ڕووەو قووڵایی ئازەربایجان و گرتنی شاری تەورێز ئاسانتر و خێراتر بکات.

٢- گرتنی شاری ورمێ دەستەبەر بکات، کە شارێکی گرنگ و ستراتیژی و بنکەیەکی فراوان و بەهێزی بەرەکانی پشتەوەی ئازادکردنی ئازەربایجان دەبێت.

٣- لە هەمانکاتیشدا ببێتە پێگەیەکی دڵنیا، بۆ گریمانی تێشکانی هێزەکانی کورد و کشانەوەی ئەو هێزانە، بەرەو دواوە و بەرەو ناوچەکانی پێشوویان لە مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ.

لەبەرئەمانە، شێخ عوبەیدوڵڵا لە (١٨٨٠/١٠/١٤ن)دا، لە پێش خۆیەوە هێزێکی بە سەرکردایەتی خەلیفە سەیید محەمەد سەعید و خەلیفە محەمەد ئەمین نارد، تا ئەو هێزەی ئێران سەرقاڵ بکات، کە بە فەرماندەیی ئیقباڵدەولەی حاکمی ورمێ، پارێزگاری ورمێ دەکەن و هەلی گرتن و ئازادکردنی ورمێ لە بەردەم هێزی دووەمدا ئاسان بکەن، کە دواتر و لە دوو قۆڵەوە خودی شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ محەمەد سدیقی کوڕی، لە

(١٨٨٠/١٠/٢٠ز)دا، سەركردایەتیان كرد و بە هەر (٣) هێزەكە دەبوونــە (١٢) هەزاركــەس، ئابلۆقەی ورمێ بدەن و بیگرن.

بەمجۆرە، هێرش و پەلامار لە (١٨٨٠/١٠/٢٠ز)دا، دەستیپێكرد و بۆ ماوەی (٢٢) رۆژ، واتە: تا (١٨٨٠/١١/١٢ز) شەڕ و كوشتاری زۆر، لە هەردوولا بەتایبەتیش لە هێزەكانی كورد زۆر كرا و ئاكامیش شاری ورمێ نەگیرا.

بەواتا: سەرومڕی لەشكركێشی و هێرش و پەلاماری هێزەكانی كورد، بۆ سەر ناوچەكانی ئازەربایجانی خۆرهەڵات (تەورێز) و ئازەربایجــانی خۆرئــاوا (ورمــێ)؛ بــە هــەمووی مــاوەی مانگونیوێكی خایاند و دوای شەڕ و كوشتاری زۆر لە هەردوولا، هەردوو هێزەكەی كورد، لــە قۆڵــی سابلاخ و ورمێ، ناچار بە پاشەكشە دەكرێن و ئــەم دوو هــێزە بــەرودوا، بــە ناوچــەی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ و برادۆســتدا دەگەڕێنــەوە ناوچــەی هــەكاری و شــەمزینان و دواییــتر گیرسانەوەیان لە (نەهری)؛ كە ئەگەر هۆیەكانی نەگرتنی هەردوو شاری تەورێز و ورمێ، لــە چەند خاڵێكدا كۆبكەینەوە، دەبێتە ئەم هۆیانە:

١- لە هەردوو قۆڵــی سابلاخ و ورمێ، هێزەكانی كورد بە گوێــرەی بەرنامــە و ڕێنوێنــی شــێخ عوبــەیدوڵلا ، بــۆ خۆپاراســتن لــە شــەڕ و خوێنڕشــتن و بــە ئاشــتی جێبــەجێكردنی داخوازییــەكانی كــورد؛ دەستپێشــكەریی ئاشــتییانەیان كــرد و داوایــان لــە بەرپرســان و دانیشتووانی هەردوو شاری (بناو) و (ورمێ) كرد، شارەكانیان بدەنە دەست. كە بەم كــارەش دانیشتووان و بەرپرسانی ئەو شارانە، كەوتنە خۆئامادەكردن و قایمكردنی سەنگەر و مەتەرێز و بەرگری و بەتایبەتی شاری ورمێ، سەرەڕای خۆقایمكردن و بەرگریی، فێڵێكی گەورەیان لە شێخ عوبەیدوڵلا كرد و ماوەی چەند رۆژێك ماتڵیانكرد؛ تا هێزی ســەربازیی و یارمــەتیدەری دەوڵەتیان بە هاناوە بێت.

٢- ئــەو تــالآن و بــە كۆمەڵكوژییــەی هێزەكــانی كــورد (بــەگوێرەی بەڵگەنامــەكانی بەردەست كە زۆرتر عەجەم و ئەفشار نووسیویانە) لە سەرەتای هێرشیاندا، لە قۆڵــی سابلاخ و میاندواو، بەرامبەر گوندنشین و مەزرا و گوندەكانی عەجەمیان كرد، بــووە مایــەی تــرس و تۆقاندنی دانیشتووانی ورمێ، تا فەرمانرەوایان و بەرپرسانی ئەو شار و ناوچانە، پرۆپاگندەی ترسناك و تۆقێنەری پێوە بكــەن و خــەڵكی بــۆ شــەڕی ژیــان و مــردن هــان بــدەن و بــەرگری سەخت و دڵسۆزانە بكەن و شاری بناو و ورمێ بەدەستەوە نەدەن.

٣- نــاڕێكوپێكیی و بێشــیرازەیی هــێزە مەشــقنەدیتە و نەشــارەزاكانی كــورد، لــە زانستەكانی سەربازیی و تاكتیكەكانی جەنگیدا، كە نەیتوانی هیچ شێوە شەڕێكی پارتیزانی و درێژخایەن لەگەڵ لەشكری ئێراندا بكات. بۆیە هەروەك لە ماوەیەكی كورتدا ئەو چەند شار و ناوچانەی لە قۆڵــی موكریان و ئازەربایجان، ئازادی كردبوون و بەدەستخۆیەوە بوون؛ بە هەمان شێوە، لە ماوەیەكی كورتیشدا لێیسەندرایەوە و بەجێیهێشتن.

٤- هەندێ لەو سەرۆك خێڵ و ئێلانەی لە سەرەتای راپەرینەکەدا بەشداربوون؛ بە نهێنی، یان بە ئاشکرا، بە هۆی دەسکەوت و تالانییەوە، یان لە ترساندا، یان لەبەر دەوڵەتخوازیی؛ ورەیان بەردا و ریزی راپەرینیان جێهێشت و هەندێکیتریشیان هەر لە سەرەتا و لە بنەوە، پێوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ سەرانی لەشکری ئێراندا بووە و پیلانیان دژی گێراوە و لە گەرمەی راپەرینەکەشدا، کەسانی وەك: محەمەدئاغای مامش و قادرئاغا و گولاوی ئاغای دیبوکری؛ چوونە پاڵ لەشکری ئێران و پشتی خەڵکانیتریان سارد کردەوە و بوونە چاولێکەریی بۆ زۆربەی خێڵەکانی موکریان، کە لە کاتی دەرکەوتنی بەراییەکانی هێزی دەوڵەتی ئێراندا، هەڵبقۆزنەوە و خۆیان بەدەست لەشکری ئێرانەوە بدەن.

لەبەرئەمانە، ئەوکاتەی لەشکری کورد لە قوڵی ورمیۆوە و بەسەرکردایەتی خودی شێخ عوبەیدوڵلاّ لە (٢٠/١٠/١٨٨٠ز)دا کە دەیویست قورسایی هێزی ئێران، لەبەرەکانی قوڵی موکریان و دەوربەری مياندواو و بناو، لەسەر هێزەکانی کورد کەمتر بکاتەوە و بەرەیەکی تازەتر لە بەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتی ئێراندا دروستبکات؛ هەلومەرج کەوتبووە درەنگ و شەرکەرانی هێزەکەی کورد لە قوڵی موکریان، بەرەو بڵاوەپێکردن و چۆڵکردنی بەرەکانی جەنگ دەچوون. تەنانەت ئەو بەرە تازەیەش کە شێخ عوبەیدوڵلاّ لە قوڵی ورمێ دایمەزراند (بە پێچەوانەی ناوچەی موکریانەوە) بە پیرەوەچوونی جەماوەر و گوندنشینەکانی ئەو ناوچانەی کەمتر بە خۆیەوە بینی. بۆیە هەستدەکەین لەم بەرە تازەیەی ورمێدا، خودی شێخ عوبەیدوڵلاّ پەلەی ئەوەیەتی چارەنووسی ئەم بەرەیە زووتر بە لایەکدا بخات و هەموو هەوڵیشی ئەوەیە هاوولاتیان و شەرنەکەرانی شاری ورمێ (بە مەسیحییەکانیشەوە)، پریشکی جەنگەکە نەیانگرێتەوە... ئەگینا وەك شێخ عوبەیدوڵلاّ دواتر لە نامەیەکدا باسی دەکات؛ هەموو هەوڵی بۆئەوەیە، بە بێخوێنرشتنی هاوولاتیان، دەست بە سەر ورمێدا بگرێت.[1]

لە کاتێدا سەرلەبەری عەجەمەکانی ناوشاری ورمێ و دەوروبەری، بە دڵ و بە گیان و پێش بە هاناوە چوونی هێزەکانی دەوڵەتیش، شەری هێزەکانی کوردیان کرد و بە هەموو شێوەیەك دەیانویست جەنگەکە بکەنە جەنگێکی مەزهەبیی نێوان شیعە و سوننی و شەقڵێکی فاناتیزمی پێبدەن... ئاکامیش هەر بەم رێگەیە توانییان هەموو ناوچە عەجەمنشینەکانی ئازەربایجان و ورمێیان لێبورووژێنن و هەتا هێزی یارمەتیدەری دەوڵەتیان بە هاناوە دێت، هێزەکانی کورد بە شەری خۆیان و لابەلاوە خەریكبکەن و بپسێنن.

٥- نەتەنینەوەی راپەرینی کورد بۆ ناوچەکانی سنە و کرماشان و هەورامان، کە بەشێکی فراوان و گرنگی کوردستان بوون.

بەمجۆرە، بەرنامەی ئازادکردنی کوردستانی بندەستی قاجاری، بە تێشکان دوایی هات و لەشکری کورد بە بێئەوەی بتوانێ شارێکی گەورە و ستراتیژی ئازاد بکات، هێزەکانی

---

[1] بنوارە پاشکۆی ژمارە (١)، بەڵگەنامەی ژمارە ٥٩٩

هەردووقۆڵەکەی لەشکری کورد، بە بێبەرنامە و شیرازە و بە نارێكوپێکیی بڵاوەیان لێکرد و سەرەتا شێخ عەبدولقادر لە ناوەراستی مانگی تشرینی دووەم بە دواوە، پاشماوەی هێزەکەی لە بنارەکانی مەرگەوەڕ و دالانپەڕ راگرت و هەمزاغای مەنگووڕیش (سوپاسالاری قۆڵی موکریان و ئازەربایجان)، هاوکات بە لایەکیتردا لە قەندیل چوو بەودیودا و ئەویش وەك تێکرای سەرۆكخێڵەکانیتری ئێران، بەهیوای ئەوەبوو لێبووردنی گشتی بۆ دەربچێ و خۆی بەدەست هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە بدات!

دوابەدوای ئەمانیش هێزەکەی قۆڵی ورمێ، بە سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵلا و شێخ سدیقی کوڕی، لە دوای نیوەی دووەمی مانگی تشرینی دووەمدا، بەرەو مەرگەوەڕ و دواتر بە برادۆستدا، بەرەو هەکاری و نەهری گەڕانەوە.

٤/١: بەرپەرچ و کاردانەوەی سەربازییانەی دەوڵەتی ئێران:

وەك لە دوتوێی زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەکاندا دەردەکەوێ، سەرجەمی ئاماری هێزەکانی دەوڵەتی ئێران، کە لە سەرکوتکردن و دامرکاندنەوە و دەرپەڕاندنی ئەم راپەڕینەدا بەشدارییان کردووە؛ بە هێزی گەورەی میلیشیا و خێڵە ئازەری و کوردەکانیشەوە، دەگەیشتە (٢٠ تا ٣٠) هەزار کەس و ئەم هێزەشی بە دژوارییی و لە چەندین جێگەی جیاجیا و لە یەکتر دوورەوە کۆکردەوە.[1] لە کاتێکدا ئێران دەوڵەتێکی دێرینە و دامەزراو بوو؛ کە لە دەمێکەوە خاوەنی لەشکر و قشوونی مەشق پێکراوی چەندان جەنگی رووسی – ئێرانی؛ تورکی – ئێرانی دیبوو. بەتایبەتیش لە دوا جەنگی رووسی – ئێرانیدا، کە عەبباس میرزای کوڕی فەتحعەلیشا، سەرکردایەتی دەکرد، بۆی دەرکەوت جەنگکردن لەگەڵ دەوڵەتێکی ئەوروپایی وەك رووسیادا «بە بێفێربوونی زانستی جەنگ و چەك و مەشقی نوێی ئەوروپایی، کارێکی دژوارە. ناپلیۆن دەستەیەك ئەفسەری فەرانسەیی بۆ رێکخستنەوە و مەشقپێکردنی قشوونی ئێران بۆ ناردن. ئینگلیسیش بۆئەوەی نفووزی فەرانسە بۆ ناوچەکە نەتەنێتەوە و تەشەنە نەکات، کارێکی وایکرد لەباتی ئەفسەرانی فەرانسەیی، ئەفسەرانی ئینگلیسی بچنە ناو قشوونی ئێرانەوە. بە پێی سارد و گەرمیی پێوەندییەکانی دەرباری قاجار، لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپایی؛ ئەفسەرانی ئینگلیسی، فەرەنسی، مەجارستانی، رووسی، ئوتریشی هاتبوون بۆ ئێران، بۆ رێکخستنەوەی قشوونی ئێران لە سەر شێوەی سپاگەلی ئەوروپایی»[2]

لە دوا چارەکی سەدەی (١٩)دا، هێزە چەکدارەکانی ئێران (٣) جۆر بوون:

١– سوارەی میلیشیا، کە پێکهاتبوو لە هێزی تیرە و خێڵی شوێنە جیاوازەکانی ئێران، بە سەرکردایەتی سەرۆکەکانی خۆیان کۆدەکرانەوە.

٢– قشوونی ئێران لە سوارە، پیادە، تۆپخانە، کە بە لاساییکردنەوەی سپاکانی ئەوروپا رێکخرابوون، مەشق پێکراو و چەکدار کرابوون.

٣– هێزێکیتری شێوە نیزامیی تفەنگدار، کە بۆ پاراستنی سەر و سامانی کاربەدەستان لە خەڵکی ناوشارەکان پێکهاتبوو.

قشوونی ئێران دەبوو لە نزیکەی (١٠٠) هەنگ پێك‌بێت. هەر هەنگێکیش دەبوو (٨٠٠ تا ١٠٠٠) کەس بێت. بەڵام لە راستیدا وەکو کرزن دەڵێ لە (٦٠٠ تا ٧٠٠) کەس پێکدەهاتن.

---

[1] وردەکارییەکانی سەرجەمی ئامار و پێکهاتەی قشوونی بەشداربووی دەوڵەتی ئێران لە راپەڕینەکەدا، لە بەڵگەنامە و پاشکۆکانی ئەم کتێبەدان.

[2] کرزن – ل ٧٤٦

ئەو شوێنانەی ئەم هەنگانەیان لیٚدادەمەزرێنرا، بریتی بوون لە: ٢٦ هەنگ لە ئازەربایجان، ١٢ هەنگ لە خۆراسان، ٧ هەنگ لە مازەندەران، ١٠ هەنگ لە گیلان، ٥ هەنگ لە ئەسفەهان، ٥ هەنگ لە خەمسە، ٤ هەنگ لە دەماوەند، ٣ هەنگ لە قەزوین، ٤ هەنگ لە کرماشان، ٦ هەنگ لە کەزاز و زاهان، ٤ هەنگ لە هەمەدان، ٢ هەنگ لە لۆرستان، لە هەرکام لەم شوێنانەش هەنگێك: گەرووس، گوڵپایەگان، مەلایەر، نەهاوەند، کوردستان.

ناوەندی سەربازگەکانی قشوون لەمشوێنانە دامەزرابوون: تەورێز، تاران، میاندواو، ئەردەبیل، سابڵاخ، مەشهەد، سەرەخس، ئوستراباد، نەسرەتئاباد، قاین، ئەنزەلی، ئەسفەهان، موحەممەرە، کەلات، بووشەهر، بەندەرعەبباس، شیراز، سنووری بەلووچستان، سنووری کوردستان، سنووری رووسیا.[1]

دەسگاگەلی ئێرانی، لە ساڵنامەی رەسمی خۆیاندا، تێکرای هێزی چەکداری ئێرانیان بە (٢٠٠) هەزار کەس داناوە. لەوانە (١٥٠) هەزار نیزامی و (٥٠) هەزار میلیشیا. بەڵام کرزن ئەم ژمارە گەورەیە، بە خۆ هەڵکێشانێکی ناراستی دەسگاکانی ئێران دادەنێ؛ چونکە خۆی هێزەکانی ئێران (ئەوەی کە بە کردەوە لە ریزی قشووندا بوون)، بە (٣٠) هەزار کەس دەقەبلێنێ.[2]

لە چەکی قورسیشدا تۆپخانەی ئێران، خاوەنی ١٦٤ تۆپی باش و بیٚکەڵکی جۆراوجۆر بووە. بۆ پێگەیاندنی ئەفسەریش لە سەر شێوازی فەرەنسی «کولێژی سەڵتەنەتی» هەموو ساڵیٚ چەندین ئەفسەری پەروەردە دەکرد.[3]

لە راستیشدا تێکرای ئەو هێزانەی بۆ بەرگری و دامرکاندنەوەی راپەرینەکەی کورد، لە چەندان جێگەی دوور و جیاجیاوە بۆیان کۆکرایەوە، هەر نزیکەی (٢٠ تا ٣٠) هەزار کەس دەبوون. لەم ژمارەیەش نزیکەی (٢٠) هەزار کەسیان لە کۆتایی مانگی (١١– تشرینی دووەمی ١٨٨٠ز)دا لە ناوچەی بناو و میاندواو بۆ پێشگریی لە پێشرەویی لەشکری کورد، بەرەو تەورێز کۆکردبووەوە.[4]

بەڵام لە سەرەتای هێرشی هێزەکانی کورددا بۆ سەر میاندواو و گرتنی میاندواو و هەڵاتنی هێزی بەرگریی و عەلیخانی حاکمی مەراغە و یارانی، موزەفەرەدین میرزای وەلیعەهد، لە تەورێزەوە بریاردەدات «مستەفا قولیخانی ئیعتیمادسەڵتەنە»ی سەرۆکی

---

[1] کرزن – ل ٧٦٢. هەروەها: ساڵح محەمەدئەمین – ل ١٦٨–١٦٩

[2] هەمان سەرچاوە – ل ٧٤٩–٨٤٨و ٨٦٣

[3] هەمان سەرچاوە ، هەمان لاپەرە

[4] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ٧٢

لەشکری ئازەربایجان، بکرێتە سەرۆکی گشتی لەشکر و لەگەڵ هێزێکی (٣) هەزار سەرباز و (٣) عەرادە تۆپ و جبەخانەدا بەرەو بناو بەرێبکەوێ، کە پێشتریش هێزیتری لێبوو.

دواتریش کە هەمان هەواڵ بە پایتەخت و دەرباری قاجار و خودی ناسرەدینشا دەگات، بڕیار دەدەن «حشمت‌الدولەی هەمزەمیرزا»ی مامی ناسرەدینشا بکرێتە سوپاسالار و بە هێزێکەوە لە تارانەوە بە ڕێگەی بیجاڕدا بگاتە ناوچەی ڕاپەڕینەکە. ئەم هێزە بریتی بوو لە (٤)هەزار سەرباز، لەگەڵ (٥) ئەفسەری نەمسایی و (١٢٠٠) سەربازی ئێرانی، کە ئەفسەرانی نەمسایی ڕایانهێنابوون،[1] ناوبراو پێشتر ئەرکی دامرکاندنەوەی یاخیبوونی خێڵە تورکمانەکانی پێسپێردرابوو. بەڵام هەمزەمیرزا، کە بە هێزێکەوە بەرەو کوردستان دەچوو، بەرلەوەی فریای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە بکەوێت، ڕۆژی ١٨٨٠/١١/٧ز، بە دەمڕێوە لە نزیك «سایینقەڵا» نەخۆش دەکەوێ و دەمرێ و «میرزا حسینخان»ی موشیردەولە، لە جێی دەکەنە سوپاسالار، کە ناوبراو لەوکاتەدا دەستی لە کار کێشرابووەوە و کرابووە فەرمانڕەوای «قەزوین». هێزێکیتریش لە هەمەدان و گەڕووسەوە بە فەرماندەیی «حەسەنعەلیخانی گەڕووس– وەزیری فەوائید»، بریتی بوو لە (٢) فەوج و (٧٠٠) میلیشیا، فرمانی پێدەکرێ بگاتە مەراغە و پێوەندی بە هێزەکەی ئیعتیمادسەڵتەنەوە بکات.[2]

بەڵام هەر هەڵبژاردنی گەورە پیاوێکی بە ئەزموونی وەك «میرزا حسین خان»ی ئەورووپا دیتە و باڵوێزی پێشووتری ئێران لە بابیعالی و وەزیری کاروباری دەرەوەی ماوەیەکی ئێران و سەردەمێکیش سەرۆك وەزیرانی ئێران و بەشداریکردنی ئەو هەموو سەرکردە و ژمارە زۆرە سپاییەی ئێران، بۆ ئامانجی سەرکوت و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی کورد؛ دەریدەخات کە ناسرەدینشا، تا چ ئەندازەیەك ئەم ڕاپەڕینەی بەلاوە گەورە و ترسناك و مایەی پەژارە و پەرەسەندن و درێژەکێشانی بووە.

بۆیە بە هەمان ئەندازەی گەورەیی و مەترسیی ئەم ڕاپەڕینە، فەرماننامەی بە پەلەی بۆ سەرکوت و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە، بە خەتی خۆی، بۆ «میرزا حسینخان» بەوجۆرە نووسیوە، کە «بە گەیشتنی ئەم فرمانە، بە وتەی خەڵکی ڕەشۆکیی: ئەگەر ئاویشت بە دەستەوەیە، مەیخۆرەوە و بگەرە ئازەربایجان و بە یاریدەی خوا، بە پەلە، پشێویی ئەوێ چارە بکرێ و... هەر کە گەیشتیتە ئەوێ، چارەیەکی گورج و بنبڕیان بۆ ببینەوە...»[3]

میرزا حسەینخانی سوپاسالاریش بە شوێن ئەو هێزانەدا گەیشتە ناوچەی سابلاخ، کە لە تاران و تەورێز و ئەراك و هەمەدان و گەڕووسەوە، پێشتر گەیشتبوونە بناو و میاندواو.

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی – ل ٧٩ ، نامەی ژمارە ٦١

[2] هەمان سەرچاوە، هەمان نامە

[3] ابراهیم صفائی – ل ٩–١٢.

ئەم هێزانەش دوای ڕاگرتن و پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی کورد و شوێنکەوتنیان بەرەو سابلاغ و دواتریش (پاش ئەوەی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوور، لە ١٨٨٠/١١/١٠دا، سابلاخیان جێهێشت)؛ ئەم هێزانەی دەوڵەتی ئێران بە دەم هاتنیانەوە بەرەو سابلاخ، کەوتنە کوشتنی بە کۆمەڵ و سزادانی خەڵکی ناوچەکە و تاڵان و ئاگرتێبەردانی گوند و مەزرا و زەوتکردنی مەڕ و ماڵات و سامانی خەڵکی و خەڵکەکەش هەرکەس بۆیکرا، خۆی لە دەستیان ڕزگار بکات؛ بە ژن و منداڵ و ماڵاتەوە، بە هەزاران و دەیانهەزار، خۆیان لە ناوچە کوێستانی و شوێنە قایمەکاندا حەشاردا.

هاوکات تەیموور پاشاخانیش لە قۆڵی ورمێ بە هێزێکی (١٠)هەزار سەرباز و (٦) عەرادە تۆپ و هێزێکی زیادەش، کە بریتی بوو لە فەوجێکی پیادە و (٣٠٠) سوارە و تۆپێکی (٩) ڕەتڵی،[1] بەرەو ورمێ هات و هەمان کارەساتی بە کۆمەڵ کوشتن و بڕین و تاڵان و سزادانی گوندنشینە کوردەکانی ناوچەی ورمێ‌ی دەستپێکردبوو؛ بەجۆرێك کە هەموو نووسەرانی ئەفشار و عەجەم و بەڵگەکانی قاجاری (کە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدان)، ئەوە دەسەلمێنن کە هێزەکانی ئێران، لە هەردوو قۆڵی موکریان و لاجان و شنۆ و ورمێ و مەرگەوەڕ، کارێکیان کردووە، لە مێژووی ئەو ناوچانەدا نموونە و پێشینەیان نەبووە.

بەڵام دوای گەیشتنی میرزا حسینخانی سوپاسالار بۆ ناوچەکە (هەرچەند درەنگیش گەیشت)، ئەو شاڵاوی کوشتن و بڕین و تاڵان و تۆقاندن و سزادانە بە کۆمەڵە ڕاگیرا و دڵنەوایی خەڵکیش کرا.

ئەم هێزانەی موکریان، ڕۆژی دووشەممە: ١٨٨٠/١١/٢٢ز، هەموویان بە ئامادەبوونی میرزاحسینخانی سوپاسالار لە گوندی قەرەقشلاغی نزیك سابلاخ یەکدەگرنەوە و ڕۆژی سێشەممە: ١٨٨٠/١١/٢٣، لە کۆبوونەوەیەکی سەربازییانەدا لە قەرەقشلاغ، بڕیاردرا لەو هێزە گەورەیە؛ دوو هێزی گەورە پێكبێت و بە دوو قۆڵدا بچن بۆ شوێنکەوتنی هێزەکانی شێخ عەبدولقادر لە قۆڵی مەرگەوەڕ و هێزەکانی هەمزاغای مەنگوور لە ناوچەی لاجان؛ کە هێزێکیان بە سەرکردایەتی حیسامولمولك بۆ قۆڵی مەرگەوەڕ و ئەویتریان بە سەرکردایەتی حەسەنعەلیخانی گەڕووس، بۆ ناوچەی لاجان پێکهات، ئەوەیشی کە لە لەشکرەکە دەمێنێتەوە، بگوێزرێتەوە بۆ سندووس (نێوان سابلاخ و شنۆ).

هێزەکەی حەسەنعەلیخانی گەڕووس بریتی بوون لە: (٤) فەوج، بە فەرماندەیی عەزیزخانی سەرتیپ، عەلیڕەزاخانی سەرهەنگی تۆپخانە بە (٤) تۆپ و سوارەی قەرەپەپاغ بەسەرکردایەتی حەسەنعەلیخان و (٢٠٠) کەس و دوێرن و ئێرانلوو و سوارەی بەختیاری و سوارەی یورتچی و فەوجی قەهرەمانیە و حەوتەمی شوقاقی، فەوجێکی ژەنراڵ حەسەنعەلیخان.

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی – ل ٨٩، هاوپێچی (٧)ی نامەی ژمارە ٦١

هێزەکەی حیسامولمولکیش بریتیبوو لە: (٥) فەوج، (٨) عەرادە تۆپی نەمسایی لەگەڵ کاپتن (واگنر) و مسیۆ (بارون)ی نەمسایی و (١٥٠٠) سوارە.

ئەم هێزە، رۆژی (١٨٨٠/١١/٢٤ز) بەرەو سندووس و شنۆ بەرێکەوت و رۆژی (١٨٨٠/١١/٢٨ز) گەیشتە شنۆ و (٢) رۆژ لەوێ مایەوە دوایی بەرەو مەرگەوەڕ چوو.

دوابەدوای ئەمانیش تەیموورپاشاخان و هێزەکەی، لە قوڵی ورمێوە خۆیان گەیاندە مەحاڵی مەرگەوەڕ و ئەم دوو هێزە ماوەی (١٠) رۆژ لە مەرگەوەڕ مانەوە. بەڵام لەبەرئەوەی ناوچەکە لە ترساندا چۆڵکرابوو، بەفرێکی زۆریشی لێباریبوو، بە کەڵکی ئەوە نەدەهات تێیدا بمێننەوە؛ بۆیە گەڕانەوە. لە گەڕانەوەشدا بەو هێزە گەیشتن، کە خودی سوپاسالار سەرکردایەتی دەکرد و یەکسەر لە سابلاخەوە هاتبوون.

دوای چەند رۆژێك فرمان بە حیسامولمولك کرا بچێت بۆ «خۆی»، بەڵام بە دەمڕێوە دەبن، کە فرمانیان پێدەگات بگەڕێنەوە بۆ ورمێ و زستان لەوێ دەمێننەوە. لە زستاندا شێخ سدیقی کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا، چەندجارێك هەواڵی نارد و داوای بەخشین و لێبووردنی کرد؛ بەڵام داواکەیان پەسەند نەکرد.

لە هەفتەی یەکەمی مانگی حوزەیران (ژوئین)ی ١٨٨١دا ئیعتیمادسەڵتەنە و هێزەکەیشی گەیشتنە ورمێ. دوای هاتنیان حیسامولمولك لەگەڵ فەوجەکانی سێقۆڵیی عاشقلو و (١٠٠) سوار و دەستەیەك مۆسیقاژەن و (٦) عەرادەتۆپ، بە سەرهەنگیی عەلیڕەزاخانی گەڕووسی، بەرەو لاجان چوون.

(١٠) رۆژ دوای بەڕێکەوتنی ئۆردووی لاجان، ئیعتیمادسەڵتەنەش لەگەڵ نصرالملك و فەوجەکانی قەزوین و فەوجێکی ئەفشار و سوارەی ڕەحیمخان و فەڕوخخانی چەلبیانلوو، بە (٦) عەرادە تۆپەوە بەرەو مەرگەوەڕ چوون.

ئەم دوو هێزەی لاجان و مەرگەوەڕ، تا کۆتایی مانگی حوزەیران لەو ناوچانەدا مانەوە. بەڵام دوای ئەوە بە هۆی ئەوەی کە:

١- لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٨٨٠دا، شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ئەستەموول دەبرێ و بەدەست بەسەریی دەیهێڵنەوە.

٢- لە رۆژی (١٨٨١/٧/٣٠ز)دا، هەمزاغای مەنگوور و هاورێکانی لە سابلاخ، بەهیوای لێبووردنی گشتی، دەکەونە فێڵ و تەڵەکەی پەیمانی حەسەنعەلیخان (میرزا نیزامی گەڕووس)ەوە و دەکوژرێن.

ئیتر مانەوەی ئەم هێزانە، بە پێویست نازانرێ و بەرەو شوێنەکانی پێشووی خۆیان دەگەڕێنەوە.

بەم پێیە، هاتنی ئەم هێزانە بۆ ئەم ناوچانەی سەرسنوور و مانەوەیان تێیدا بۆ ماوەی نزیکەی (٩) مانگ، هەر لە بنەڕەتدا بۆ ڕاماڵین و کێومالی هێزەکانی کورد بوو، کە لە ناوچە ڕاپەڕیوەکانەوە، بەرەو لاجان، مەرگەوەڕ، تەرگەوەڕ، برادۆست و هەکاری کشابوونەوە و

دواییش بۆ ڕێگریی بوو لە گریمانی سەرهەڵدانەوەی ڕاپەڕینی کورد، کە مەترسیی لەشکرکێشیی دووبارەی شێخ عوبەیدوڵلاّیان دەکرد. چونکە بە درێژایی ئەو چەند مانگەی هێزەکانی لەشکری کورد، کشابوونەوە نەهری؛ تەقەللای هەمەلایەنەی شێخ عوبەیدوڵلاّ ، بۆ ژیاندنەوەی ڕاپەڕینێکی نوێ، بێ‌پسانەوە بووە... بەڵام دوای گرتن و بردنی شێخ عوبەیدوڵلاّ بۆ ئەستەموول، ئیتر مەترسیی سەرهەڵدانەوەی ڕاپەڕینی کورد خاو بووەوە و پێویستی مانەوەی ئەو هێزانەش لەو ناوچانەدا کەم بووەوە؛ چونکە ئەرکێکی زۆر گرانی دەخستە سەر دارایی دەوڵەتی ئێران.

ناسرەدینشا و دەربارى قاجارى، پێبەپێی کارى لەشکرکێشیی بۆ سەرکوت و لەناوبردنی راپەرینەکە، هاوکات بە پەلە و بە هەڵپە، کەوتنە تەقەللای هەمەلایەنە و بەربلاو بۆ گەمارۆدانی سیاسی و دیپلۆماسی و جەنگیی راپەرینەکە.

بۆئەمەش بە گەرمیی لەگەڵ باڵوێز و کۆنسوڵەکانی ئینگلیس و رووسیادا بیرورا گۆرینەوەی بەردەوامیان بە یەکتر دیتن و نامە و تەلگراف و راسپاردە دەستپێکرد.

لەم زنجیرە کار و چالاکییە دیپلۆماسییانەیەی ئێراندا، خودی ناسرەدینشا، لە سەرووی کارەکانەوە جەمسەری هەموو فرمان و بەرنامە و پێشنیار و نامەکانی لەدەست خۆیدا راگرتبوو. زۆربەی ئەو نامانەش کە لەم بوارەدا لە نێوان ئێران و وڵاتانی رووسیا، ئینگلیس و عوسمانیدا گۆردراونەتەوە؛ خودی ناسرەدینشا، چاوی پێیانکەوتووە و سەرنجی خۆی لە دامێنی نامە و فرماننامەکاندا نووسیوە و لە هەموویاندا بە ئاشکرا ئەوە رەنگدەداتەوە، کە ئەم راپەرینەی کورد، چەند مەترسیی و هەرەشەی سەخت و پەژارە و دڵەراوکەی بۆ دروستکردوون و خودی ناسرەدینشا چەند بە پەرۆشەوە مەبەستێتی، بە هەرجۆر و بە هەر نرخێك بێت، راپەرینەکە لەناوبەرێت. بۆئەمەش ئامادە دەبێ هەموو کێشە و تەنگژەکانی خۆی لەگەڵ رووس[1] و ئینگلیس و بەتایبەتیش عوسمانیدا، بەلاوە بنێ و سازش بۆ لەناوبردنی ئەم راپەرینە بکات.

ناسرەدینشا لە گەرمەی راپەرینەکەدا، داوای لە کاربەدەستانی عوسمانی دەکرد هێزەکانی خۆیان بهێننە سەر سنوور و رێگەی هاتوچۆی هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا و یارمەتی کوردانی عوسمانی و ئێران لە راپەرینەکە پاوان بکەن؛ کە بۆ ئەنجامدانی ئەم داخوازییانەی ناسرەدینشا، میرزاسەعیدخانی وەزیری دەرەوەی ئێران و موحسینخانی باڵوێزی ئێرانیش لە دەرباری عوسمانی، بە گوێرەی فرمان و راوێژی ناسرەدینشا، لەگەڵ بابیعالی و باڵوێز و نوێنەری ئەو وڵاتانەی لە تاران و لای بابیعالی باڵوێز و نوێنەریان هەبوو، بەتایبەتیش باڵوێزانی ئینگلیس و رووس، هەڵسوکەوتیان دەکرد.

هەر لە سەرەتای راپەرینەکەدا؛ روونتر لە ١٨٨٠/١٠/١١دا، کە نزیکەی (١٠) رۆژ بوو هێزەکانی کورد میاندواویان گرتبوو و بۆ گرتنی بناویش هێرشیان دەکرد، میرزا سەعیدخان،

---

[1] ناسرەدینشا خۆی بروسکەیەکی بۆ (چار)ی رووسیا کرد و داوای لێکرد ناوبژیی ئێران و تورکیا بکات: «تکاتان لێدەکەم، بۆ پاراستن و سەلامەتی سنوورەکانی ئازەربایجان، چی بە راست و بە پێویست دەزانن بیکەن.»

وەزیری دەرەوەی ئێران یادداشتێکی تێر و تەسەلی دەربارەی راپەرینەکەی کورد، پێشکەش نوێنەرانی دەوڵەتە زلهێزەکان کرد.[1]

بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامە زۆرەی لەمبارەیەوە لە بەردەستدان، بە درێژایی ماوەی (٢٨٠) ساڵی پێوەندی نێوان ئێران وعوسمانی، هێشتا هیچ کێشەیەکی سیاسی و سەربازیی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە دراوسێیە، ئەوەندەی ئەم راپەرینەی کورد، کێشە و گرژیی لە نێوانیاندا بۆ دروست نەکردوون. ئاماری گشتیی ئەو نامە و نارەزایینامە و گلەیی و گازندە نامانەی، کە ئێران لای خۆیەوە پەیتاپەیتا سەبارەت بە ئەم بزووتنەوەیەی کورد، بۆ دەوڵەتی عوسمانی ناردووە، لە نامەی هەموو کێشەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە پترە.[2]

لە زۆربەی ئەم نامانەدا ئۆباڵی پەرەسەندن و هاندان و زەمینەخۆشکردن و خودی راپەرینەکەش دەخرێتە ئەستۆی دەوڵەتی عوسمانی و کەمتەرخەمیی کاربەدەستانی عوسمانی.[3] چونکە ئێران پێی وابووە دوای ئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، لە ئەورووپادا کەم بۆتەوە و خاکی زۆری لەدەستچووە و زیانی زۆری لێکەوتووە دەیەوێ؛ لە سەر حسابی ئێران بەدەستیانبهێنێتەوە. بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەمەش تورکیا دەیەوێ موسڵمانانی سوننی مەزهەبی ناوچەکە یەکبخات و بیانخاتە ژێر دەستی خۆی؛ کە کوردانی سوننی مەزهەبی بندەستی قاجاریش دەچنە ناو بازنەی ئەم بەرنامەیەی عوسمانییەوە.

سەرەرای ئەمانەش، دەوڵەتی عوسمانی ئەوەی لە یاد نەکردووە؛ کە لە گەرمەی دوا جەنگی خۆیدا، لەگەڵ رووسیا (١٨٧٧-١٨٧٨ز)، ئێران بە پەرۆشەوە داوای لە رووسیا دەکرد شانبەشانی رووسیا، لە دژی عوسمانی بەشداریی جەنگەکە بکات.

دەوڵەتی عوسمانیش لە روانگەی کێشەی دێرینە و بەسەریەکدا کەڵەکەبووی نێوان خۆی و ئێرانەوە، هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێران و لەگەڵ راپەرینەکە دەکات و ئەویش گلەیی و گازندەی تایبەتی خۆی هەیە؛ کە لە دووتوێی چەندان نامە و نارەزایینامەیەکی ناو چەپکە نامە رەسمییەکانیدا روونیان دەکاتەوە.[4]

ئەم نامە و یادداشتنامە رەسمییانەی نێوان ئێران و عوسمانی دەریدەخەن، کە ئەم دوو دەوڵەتە بە هۆی ململانێی دێرینەوە، بروایان بە یەکتر نەماوە و کێشە و تەنگوچەڵەمەی

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی - ل ٧٥، نامەی ژمارە (٦٠-هاوپێچی ١).

[2] سەرلەبەری ئەو نامانە کراونەتە کوردی و لە بەشی پاشکۆی ئەم کتێبەدان.

[3] یادداشتنامە گرنگەکانی ئێران بۆ دەرباری عوسمانی، بنوارە: پاشکۆی ژمارە (١) بەڵگەنامەکانی ١٠٨، ١٠٩، ٥٩١، ٦٠٢. هەروەها لە تاریکییەوە بۆ رووناکی - ل ١٠٦، نامەی ژمارە (٧٤) و هاوپێچەکانی: ١، ٣، ٥، ٧، ٨، لاپەرەکانی ١٠٦، ١١٢، ١١٥، ١١٨، ١٢٠

[4] ئەو نامانەی تورکیاش هەموویان کراونەتە کوردی و لە بەشی پاشکۆی ئەم کتێبەدان.

قوولیان لە نێواندایە و بەزم و گێچەڵ بە یەکتر دەگێڕن و هەریەکەیان بیانووی کێشەیەکی‌تر و کۆنەقینێکی‌تر، دەخاتە ئەستۆی ئەویتر و یەکتر تاوانبار دەکەن.

بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، تەقەللای بێ‌پشووی دیپلۆماسییانەی ئێران و سەرکردنە سەر باڵوێزەکانی رووسیا و ئینگلیس و عوسمانی کارێکی کرد، کە بەتایبەتی هەڵوێستی دەوڵەتی ئینگلیس (لە چاو ئەوانیتردا) زۆرتر بە لای خۆیدا رابکێشێ و ئینگلیس، شان‌بەشانی تەقەللای دیپلۆماسی ئێران، بە پەرۆش و پەلەپرووزێ، هەوڵی ناوبژیی نێوان ئێران و عوسمانی بدات و بەرنامەی کاری هاوبەش و هاوئاهەنگیی نێوان ئێران - رووسیا - عوسمانی - ئینگلیس، یەکبخات و تەقەللای خێرای سەرکوتکردنی راپەڕینەکە بدەن... بۆئەمەش هەریەکەیان لای خۆیەوە و بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆی، کەوتە جموجووڵ:

٦/١: هەڵوێستی ئینگلستان :

ئینگلیس پێی‌وابوو ریشە داکوتانی گرژیی نێوان ئێران و عوسمانی، کارێك دەکات ئێران مەیلی بەرەو لای رووسیاوە بچێت. چونکە ئێران بە تەنیا ناتوانێ بەرژەوەندی هاونیشتمانانی رووس لە ئێران بپارێزێ و رووسیاش ئەمە بکاتە سۆنگە و بیانووی خۆتێهەڵقورتاندن لە کاروباری ناوخۆی ئێران و بۆ داکۆکی لە هاونیشتمانانی رووس، رووسیا بێتە ناو ئێرانەوە و دۆستایەتی ئێران و رووسیا پتەو بێت و بەم رێگایەش شوێن پێی رووسیا لە ئێران و ناوچەکەدا قایم و فراوان دەبێ. لەمەشدا راپەڕینی کوردی بە مایە و سۆنگەی ئەو گرژییە دەزانی و دەیویست هەتا زووە، راپەڕینەکەی کورد لەناو ببرێت.

لەبەرئەوە ئینگلیس چونکە لەم‌بارەیەوە بە پەرۆشتر لە رووسیا تێهەڵچووبوو؛ لە دەمێکەوە لە ناوچەکەدا زانیاریی لە سەر خۆئامادەکردنی شێخ عوبەیدوڵلا کۆدەکردەوە و خۆی لە سەرومڕی رووداوەکان هەڵدەقورتاند و پێشبینی ترسناك و خراپی دژی راپەڕینەکە بە گوێی ئێران و عوسمانی دەگەیاند... تەنانەت مێجەر تروتێری کۆنسۆلی ئینگلیس لە ئەرزەڕۆم، لە نامەیەکیدا بۆ باڵوێزی خۆیان لە ئەستەمووڵ (گوشن)، گلەیی لە سەرانی عوسمانی دەکات، کە نازانن بزووتنەوەکە هەڵسەنگێنن و رێوشوێنی لەناوبردنی دابنێن و ددان بەوەشدا دەنێ؛ ئەو راپۆرت و دەنگوباسە گرنگانەی دەربارەی نهێنییەکانی راپەڕینەکە، پێی گەیشتوون، هەمووی داوەتە کاربەدەستانی تورك. ناوبراو هەر خۆیشی ماوەیەکی درێژ لە ئەرزەڕۆم مایەوە، تا لە چۆنێتی دانانی رێ و شوێنی لەناوبردنی راپەڕینەکەدا بەشداربێ.

«ئابۆت»ی سەرکۆنسۆلی ئینگلیسیش لە تەورێز، زۆر بە وردی خۆی لە رووداوەکان و راپەڕینەکە هەڵدەقورتاند و هەواڵ و نهێنی راپەڕینەکەی بە سەرانی لەشکری ئێران

دەگەیاند.[1] هاوکاتیش کلایتۆن، سەرکۆنسوڵی ئینگلیس لە «وان» هەواڵەکانی راپەرینەکەی بە سەرانی عوسمانی دەگەیاند.

بە دەم ئەمانەشەوە ئامۆژگاری شێخ عوبەیدوڵڵا یان دەکرد دەست لە راپەرین هەڵگریّ و ئامۆژگاری ئەرمەن و مەسیحی و ئاسوورییەکانیان دەکرد، خۆیان لە راپەرینەکە دوورەپەرێز بگرن... ریّ و شوێن و چۆنێتی لەشکردناردنیان بۆ ئێران و تورکیا، بۆ ناوچەکانی راپەرینەکە و بۆ سەر سنوورەکانی ئێران - عوسمانی - رووسیا دادەنا و لە نامەکانیاندا لەشکری کوردیان بە لەشکری (دوژمن) ناودەبرد.

میستەر تۆمسن، گەورە باڵوێزی ئینگلیس لە تاران، کە لە رێگەی هەواڵنێرەکانیانەوە لە کوردستانەوە، جموجووڵی خۆئامادەکردنی کوردیان دەبیست بۆ راپەرین، هەر زوو پێشنیاری کۆبوونەوەی سیّ قۆڵیی ئینگلیس - ئێران - عوسمانییان دەکرد، تا پەیماننامەیەکی دۆستانە بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد مۆر بکەن.

لە کاتی راپەرینەکەشدا هەر تۆمسن، رۆژانە وەزیری دەرەوەی ئێرانی دەدی و بەردەوامیش لەگەڵ ناسرەدینشا پێوەندییان هەبوو، راوێژ و پێشنیاری لە چاکەی ئێران لەگەڵدا دەگۆڕینەوە. لە کاتی لەشکرکێشیی ئێرانیشدا بۆ ناوچەکانی راپەرینەکە، لە قۆڵی موکریان و ورمیّ، بە ئاشکرا لە نامەی (٣١/١٠/١٨٨٠ن)دا، کە بۆ «ئێرڵ گرانڤیل»ی وەزیری دەرەوەی ئینگلیسی ناردووە، (کە هەندیّ لەو هێزانەی ئێران بەهیوا بوون بۆ قۆڵی مەراغەیان بنێرن). تۆمسن پێشنیاری بۆ ئێران کردووە. چاکتر وایە هێزی ناوبراو راستەوخۆ، لە تەورێزەوە بۆ ورمیّ بنێرن... بۆ لەدەستنەدانی کاتیش، هەر تۆمسن پێشنیاری کردووە؛ فرمان بە «ئیعتیمادسەڵتەنە» بکرێت لە مەراغەوە پێشڕەویی بەرەو ورمیّ بکات. چونکە ناردنی هێزی زیادە و خێرا، بۆ ورمیّ پێویستتر بوو. ئەم پێشنیارەی تۆمسن، راستەوخۆ دراوە بە ناسرەدینشا و ئەویش پەسەندیکردووە و بۆ ئەنجامدانیشی؛ فرمانەکەی بە بروسکە بۆ سوپاسالار (میرزا حسینخان) ناردووە.[2]

---

[1] وەك پێشتریش وتمان: لە گەرمەی راپەرینەکە و ئابڵۆقەدانی ورمێدا لە لایەن هێزەکانی کوردەوە، ئابۆت لە ٢/١٠/١٨٨٠دا خۆی گەیاندە ورمیّ و چەندان جار شێخ عوبەیدوڵڵا و ئیقبال'دەولەی بینی و لە نزیکەوە لە نهێنی بەرنامەکانی شێخ و ئاماری هێزەکانی کورد و جێگاکانیانی زانی و بە ئیقبال'دەولەی گەیاندن و پێشنیار و رێنوێنی پێشکەش ئیقبال'دەولە کرد و هەر ئەویش ئیقبال'دەولەی هان دا تا داوای ناردنی هێزی زیاتر، لە تەورێز واتە وەلیعەهد، بۆ بەرگری و قایمترکردنی ورمیّ بکات. ئابۆت لەم سەردانەدا نزیکەی مانگێك لەو ناوچانەدا مایەوە. (لە تاریکییەوە بۆ رووناکی - ل ١٢٦و هاوپێچی ژمارە (٥)ی نامەی ژمارە ٧٧)

[2] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی - ل ٧٩، نامەی ژمارە ٦١

سەرنج: لەوە دەچیّ ئەم پێشنیارەی تۆمسن لە سەر راسپاردەی ئابۆت بوو بێت، چونکە دوای سەردان و گەڕانەوەی ئابۆت لە ناوچەکانی راپەرین، وای پیّ چاك بووە گرنگیی بە ناوچەی ورمیّ بدریّ.

هەر لە ڕێگەی تۆمسنیشەوە ناسرەدینشا، بەردەوام تکا و داوا و گوشاری دەگەیاندە سەر دەوڵەتی عوسمانی، تا دژی کورد بکەوێتە شەڕەوە و هێز بۆ سەر سنوور بنێرێ و داوای کاری هاوبەش و بیروڕا یەکخستنی لێدەکرد.[1]

دوای تێشکانی ڕاپەڕینەکەش، کە شێخ عوبەیدوڵڵا لە نەهرییەوە خەریکی خۆئامادەکردن بوو بۆ ڕاپەڕینێکی نوێ، «گرانڤێل» لە کانوونی دووەمی ١٨٨١دا لەو نامەیەدا کە بۆ «ئێرل دەڤەرین»ی نارد، ڕاستەوخۆ و بێپێچوپەنا دەربارەی تەقەڵلای ئینگلیس و ڕووسیا، بەرامبەر کێشەی کورد دەنووسێت: «جاران ناوبژیکردنی دووقۆڵی ئینگلیس و ڕووسیا بۆی هەبوو، بگرە سەرکەوتووانە پیی‌دەکرا بە یەکداچوونی تورکیا و ئێران خاو بکاتەوە. ئێستاش هەمان تەقەللا لە تواناذا هەیە ئاشتی و ئۆقرە لەو دوو دەوڵەتە شێواوەدا بچەسپێنێ.»[2]

دیسان «گۆشن» بە ئاشکرا داوای لە کاربەدەستانی عوسمانی کرد: شێخ عوبەیدوڵڵا سزا بدەن، یان تەسلیمی ئێرانی بکەن.[3]

٧/١: هەڵوێستی ڕووسیا:

ڕووسیا دوای سەرکەوتنی لە دوا جەنگیدا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و بەدەستهێنانی دەسکەوتی زۆر و سەپاندنی مەرجەکانی بەسەر عوسمانیدا، نەیدەویست بە ئەندازەی ئینگلیس، خۆی لەو گیروگرفتانە هەڵقورتێنێ، کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە خۆیەوە نییە. بەڵام بەو پێیەی کە لە چاو ئینگلیسدا، لە کوردستانەوە نزیکبوو، سنووری بە سنووری ڕووداوەکانی کوردستانەوە تێکەڵ بوو؛ بۆیە ڕووسیاش وەك ئینگلیس و ئێران و تورکیا، هەر لە سەرەتای خۆئامادەکردنی شێخ عوبەیدوڵڵاوە، لە ڕێگەی باڵوێز و کۆنسوڵەکانییەوە، ئاگاداری ڕاپەڕینەکە بوو. بە کەمتەرخەمییەوە شوێنپێی هەواڵەکانی هەڵدەگرت و هەر لەم ڕوانگەی کەمتەرخەمییەشەوە «نۆڤیکۆف»ی باڵوێزی ڕووسیا لە ئەستەموول، داوای لە فەرمانبەران و کۆنسوڵگەکانی خۆیان و تەنانەت مەسیحییەکانیش کرد، هیچ جۆرە پێوەندییەك لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا و نوێنەرەکانی شێخدا نەکەن، نەوەك کاربەدەستانی ئێران و عوسمانی وابزانن پشتیوانیی لە ڕاپەڕینەکە دەکەن. هاوکاتیش بۆ دڵنەواییکردنی ئێران و عوسمانی و ناوزڕاندنی ئینگلیس، لە ڕێگەی باڵوێز و کۆنسوڵ و فەرمانبەرانی خۆیەوە، بڵاویکردەوە کە ڕاپەڕینی کوردەکان بە هاندانی ئینگلیسە.

---

[1] زۆربەی بەڵگەنامەکانی لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی سەرەڕای ئەوەی دەنگوباسی زۆر گرنگیان تێدایە، لە هەمان کاتیشدا سەرومڕیان بریتین لە هەڵوێستی ئینگلیس بەرامبەر ڕاپەڕینی کورد

[2] لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی – ل ١٣٥، نامەی ژمارە ٨١

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٩٠، نامەی ژمارە ٦٢

ئەم هەڵوێستی خۆ نەبانکردنەی رووسیا لە رووداوەکـانی راپەرینەکـە، تـا ئـەو سـنووره بوو، کە ئینگلیس بە ئازادی و بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی، ببووە ناوبژیکاری نێوان ئـێران و عوسـمانی و ئەمکارەش شوێنی رووسیای لەم نێوانەدا لەقدەکرد. بۆیە بۆ راگرتنی تەرازووی هێز و قورسایی خـۆی لەناوچەکـەدا و دواییـش لـە ژێـر داوای گـەرم و بـەردەوامی ئـێران و ئینگلیسدا، رووسیاش خۆی لە راپەرینەکە گەیاند و لە (١٨/١١/١٨٨٠ن)دا، ئەلەکسـەندەری دووەم رازیبـوو لەسـەرئەوەی وەزارەتـی دەرەوەی رووسـیا؛ بـە زینۆفیێـف رابگەیـەنێت، تـا ناسرەدینشا ئاگادار بکاتەوە بەوەی کە رووسیا ئامادەیـە یارمـەتی سـەربازیی ئـێران بـدات و فرمانیشی بە لەشکری قافقاس کرد، لەسەر سـنووری ئازەربایجـانی خـوارووو هۆردووبخـات و لەکاتی پێویستدا یارمەتی ئێران بدات.

لـە ٢٠/١١/١٨٨٠دا، هێزەکـانی رووسـیا گەیشـتنە نەخچـەوان و هـێزێکی (٥٠٠) سەربازیش گەیشتوونەتە (جولفا).[1] دوای چەند رۆژێك ئەم هـێزە، ببوونـە (١٠٠٠) سـەرباز و چاوەنواریش دەکرا ببێتە (٦) هەزار سەرباز...[2] جگەلەمەش لەوەبەدواوە بـەردەوام پشتگیریی داواکانی ئێرانی کردووە..[3] تا لە رێگەی باڵوێزەکەی خۆیەوە لە ئەستەموول، بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ ئێران و ئینگلیسدا گوشار بخەنە سەر تورکیا، بۆئەوەی هێز بنێرێتە سەر سنوور.

٨/١: هەڵوێستی عوسـمانی:

سوڵتانی عوسـمانی و پیـاوانی بابیعالـی پێیـانخۆشبوو ئـێران بگلێتـە تەنگوچەڵەمـەی سەخت و قووڵەوە و توانای دەربازبوونیشی نەبێت. چونکە لە کاتێکدا دەوڵـەتی عوسـمانی، دوای جەنگە دۆراوەکەی لەگەڵ رووسـیا (١٨٧٧–١٨٧٨ن)دا، ببـوو بـە ژێـر زیـان و مەرجـە گرانەکانی پەیماننامەی بەرلین و داوا سەختەکانی رووسیا و وڵاتانی ئەوروپاوە؛ کەچی ئێران بە هەلـی زانیبوو، کێشە دێرینەکانی خۆی و عوسـمانی ژیاندبووەوە و داوای هەندێ ناوچە و خاکی سەر سنووری دەکردەوە، وەك: قوتوور و زەهـاو و... لـە هەمانکاتیشـدا لـە سـەرەتای راپەرینەکەدا، بە کەمتەرخەمیی و ساردییەوە سەیریاندەکرد گوێیان لە داخوازی و گلـەیی و گازندەی ئێران نەدەگرت و لەو بـاوەرەدا نـەبوون، کـە هێزەکـانی ئـێران بتوانـن خۆیـان لـە

---

[1] بۆ زیاتر ئاگاداربوون بنوارە: لە تاریکییەوە بۆ رووناکی – ل ٤٩ – نامەی ژمـارە: ٤٧ لاپـەرە ٧٩، نامـەی زمارە ٦٧ لاپەرەی ١٠١ ، نامەی زمارە ٧٠ و هاوپێچی ژمارە ١، نامەی ژمارە ٧١)

[2] بنوارە: هەمان سەرچاوە، ل ١٢٥، هاوپێچی ژمارە (٤)ی نامەی ژمارە (٧٦).

[3] بنوارە هەمان سەرچاوە، ل ١٣١، نامەی ژمارە: ٧٩، ل ١٣٥ نامەی ٨١، ل١٤٧ نامەی ژمارە ٨٨

بەرامبەر ڕاپەڕینی کورددا پێبگیرێ[1] و وەڵامی نامەکانیشیان بە زمانێك دەدایەوە، کە زۆرتر زمانی یەکتر تاوانبار کردن و بیانوو بە یەکترگرتن بوو.[2]

بەڵام پێشبینیکردنی ئەم ڕاپەڕینەی کورد و مەترسییەکانی داهاتووی بۆ سەر هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی؛ زەمینەی ئەوەی لا خۆشکردن، هەرچی کێشەی سەرەکی و لابەلایان هەیە، بیخەنە ئەولاوە و بەپیر ئەوەوە بچن ئەم ڕاپەڕینەی کورد تەشەنە نەکات و زیاتر نەتەنێتەوە. لەبەرئەوەی شێخ عوبەیدوڵلا لە وتەکانی و لە نامەکانیدا بۆ باڵوێز و کونسوڵەکانی ڕووسیا و ئینگلیس و بۆ دکتۆر کۆچێران و تەنانەت بۆ ئیقباڵدەولەش، هیچی تێدا نەهێشتبووەوە و بە ئاشکرا باسی ئەوەی دەکرد: دوای ئازادکردنی کوردستانی ئێران، نۆرەی ئازادکردنی کوردستانی بندەستی عوسمانییە.

ئینگلیسیش زۆر بە پەلە و بە هەڵەداوان، مەترسییەکانی ئەم بەرنامەیەی شێخ عوبەیدوڵلایان بە (شا)ی ئێران و (سوڵتان)ی عوسمانی دەگەیاند؛ تا ناچاریان بکەن زووتر لە یەکتر نزیكببنەوە و چارەیەکی خێرا بۆ ڕاپەڕینەکە بدۆزنەوە.

ئەوەی ئێران و ئینگلیس و ڕووسیا لە بابیعالییان دەویست، چەند کارێکی خێرا و بەپەلە بوو:

١- ناردنی سەرباز بۆ سەر درێژایی نەواری سنووری نێوان ئێران و عوسمانی؛ تا لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی کورددا بۆ خاکی عوسمانی و لە هەمانکاتیشدا لە کاتی ناردن و هاتنی یارمەتی لە کوردستانی عوسمانییەوە بۆ لای هێزەکانی کورد لە ئێران، ڕێگەیان لێبگیرێت.[3]

تورکیاش ئەم کارەی ئەنجامدا و ئەم هێزانەی لەم ناوچانەدا بەمجۆرە دامەزراند:

گەوەر: (٢) بەتالیۆن، (٤) تۆپی شاخ. باشقەلا (١) بەتالیۆن، (٢) تۆپی شاخ. جولەمێرگ (١) بەتالیۆن، (٢) تۆپی شاخ. وان (٤) بەتالیۆن، (٤) تۆپی شاخ. هەروەها (٢) بەتالیۆن لە دیاربەکرەوە بەرەو ئەو ناوچانە هاتوون و (٢)یتریش لە ئەرزنجانەوە. دیسان هەر لە ئەرزنجانەوە. (٤) بەتالیۆنیتریش فرمانیان پێکرابوو بەرەو سنوور بچن...[4] کە ئاماری ئەم هێزانە، بە هەمووی (١٠) هەزار سەرباز بوون.[5]

---

[1] بنوارە هەمان سەرچاوە، ل ٤٤، نامەی ژمارە (٤٥)

[2] بنوارە: هەمان سەرچاوە، ل ١١٠، ١١٣، ١١٧ هاوپێچی (٢،٤،٦)ی نامەی ژمارە ٧٤

[3] بۆ نموونە: تەیموورپاشاخان (١٦٠) بار حوشتری تفەنگ و فیشەکی لە ناوچەی برادۆست گرتبوو، کە لە (وان)ەوە دەبرا بۆ (ناوچیا) (لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی – ل ١٠١، هاوپێچی ٢ی نامەی ژمارە ٧٠)

[4] بنوارە: لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی – ل ٥٤، هاوپێچی (٢)ی نامەی ژمارە (٥٤)

[5] بنوارە: هەمان سەرچاوە، ل ٤٤، نامەی ژمارە (٤٥): (ئەم هێزانەش تا گرتن و بردنی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ ئەستەموول، هەر لەو سەرسنوورانە مانەوە.)

٢- بە دەستەوەدان، یان گرتن، یان دوورخستەوەی شـێخ عوبـەیدوڵلا ... کـە دیسـان تورکیا هەموو ئەم تەقەللایانەیشی لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلا دا کرد و دوایی بەوە شکایەوە، کە بە ناوی بانگهێشتنەوە بۆ ئەستەموول، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٨٨٠ز)دا، گرتیان و لـە نزیك سنووری ئێران دووریان خستەوە و بەمەش تا رادەیەك و بـۆ ماوەیـەك، ئـاو بـە ئـاگردا کرا.

٩/١: تەقەللای تری ئێران بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە:

جگە لە تەقەللای سەربازیی و دپیلۆماسیی؛ دەرباری قاجاری بەرنامەیەکی بەربلاوی بۆ دابینکردنەوە و ڕێکخستنەوەی ناوچەکانی ڕاپەڕینەکە تەرخانکرد. چونکە تێشکانی ڕاپەڕینەکە، شوێنەوارێکی ترسناکی لە دوای خۆی جێهێشت و ئەو شەپۆلی بە کۆمەڵکوشتن و سزادان و ترس و تۆقاندنەی بەرامبەر دانیشتووانی ناوچەکانی ڕاپەڕینەکە لە: موکریان، فەیزوڵڵابەگی، سندووس، لاجان، شنۆ و مەرگەوەڕ دەکران؛ تا نزیکی (٣-٤) مانگ درێژەی کێشا و سەرلەبەری ئەم ناوچانە، لە دوو لایەنەوە ئازار و سزای زۆریان پێگەیەندرا:

١- هێزی سەرباز و میلیشیای شەڕەخۆر و تاڵانکار، کە بە هەڵیاندەزانی و بەناوی سزادانەوە ئەو ناوچانەیان تاڵاندەکرد.

٢- شار و گوندە عەجەمنشینەکانی دراوسێی شار و گوندە کوردنشینەکان؛ کە لە کاتی ڕاپەڕاینەکەدا زیانی گیان و ماڵییان لێکەوتبوو، ئەمانیش بە ڕقێکی زۆر و بەناوی تۆڵە و سزای ڕاپەڕینەکەوە و لە تۆڵەی کوژراوەکانی خۆیاندا، گوند و مەزرای کوردیان دەسووتاند و دانیشتووانەکانیان بە کۆمەڵ و بە بێلێپرسینەوە دەکوشت.[١]

دانیشتووانی ئەو ناوچانەش بە ناچاری و لە ترسی گیانیان، دەستیان لە ماڵ و مەزرایان هەڵدەگرت و خۆیان لە شوێنە سەخت و سەرسنوورەکاندا دەشاردەوە.

بە گوێرەی سەرچاوەی جێی باوەڕ و یادداشتنامەی بابیعالی، لە (٢٩/١١/١٨٨٠ز)دا بۆ باڵوێزی ئێرانی،[٢] نزیکەی (٧٠) هەزار کەس و بە گوێرەی بەڵگەنامەیتریش کە کوردانی ئاوارە باسیدەکەن (١٠٠)هەزار بنەماڵەی کورد ئاوارە بوون؛[٣] کە لەمانە بە تەنیا (١١٠٠) بنەماڵەیان خەڵکی سابڵاخ[٤] و پێنج هەزار بنەماڵەیان خەڵکی ورمێ، لە ماڵ و جێگەی خۆیانەوە، کۆچیان بۆ تورکیا کردووە و (٢) هەزار کەسیان چوون بۆ هەکاری.[٥] ژمارەی (٢) هەزار گوند سووتێنران.[٦] تا نزیکەی (٤) مانگ، دوکان و بازاڕ و قوتابخانە و جومعە و

---

[١] میرزا نیزامی گەڕووس- ل ٨٤، ١٦٥، ٢١٨.

[٢] لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی - ل١١٧ هاوپێچی (٦) نامەی ژمارە (٧٤)

[٣] پاشکۆی ژمارە ١١. هەروەها پاشکۆی ژمارە (٨)، هەروەها: ئۆسکارمان (توحفەی موزەفەرییە) ل ٥٣١

[٤] پاشکۆی ژمارە (٨) . هەروەها میرزا نیزام - ل ١٥٧.

[٥] لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی - ل ١١٧، هاوپێچی (٦) نامەی ژمارە (٧٤)

[٦] لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی - ل ٧٠، هاوپێچی (٢) نامەی ژمارە (٥٦). (بۆ نموونەیتر دەڵێین: چەندینهەزار سەرباز و میلیشیا هێرشیان کردۆتە سەر گوندی (باڵو) لە ناوچەی ورمێ و تاڵانیان کردبوو.

جەماعەت لە تێکرای ئەو ناوچانە و بەتایبەتیش لە سابلاخ، داخرابوون...[1] ئەم داروبارە هەر درێژە دەکێشێ و بەو هۆیەوە کە هێشتا دەوڵەت، دەسەڵاتی لەو ناوچانەدا دانەمەزراندۆتەوە، بە کەس کۆنترۆڵ ناکرێن.

ئەگەرچی دەوڵەت لە ١٨٨٠/١١/١٢دا، حاجی سەردردەولە وەك فەرمانداری سابلاخ دادەنێ؛ بەڵام ناوبراو ناتوانێ چاوپۆشیی لەو هەموو کوشتن و برین و زوڵمە زۆرە بکات و هەر تەنیا مانگێك دان بە خۆیدا دەگرێ. سەرانی دەوڵەتیش کە دەزانن هەڵسوکەوتی بەگوێرەی خواستی دەوڵەت نییە؛ لایدەبەن و لە جێی ئەو، لە (١٨٨٠/١٢/١٠)دا، حەسەنعەلیخانی گەرووس(وەزیری فەوائید)، دەکەنە فەرمانڕەوای سابلاخ و دەسەڵاتێکی بێسنووری دەدەنێ. ناوبراو خۆی کوردی ناوچەی گەرووس بووە و پیاوێکی دنیادیدە و خوێندەوار و زیرەك و لە باوەڕپێکراوە زۆر نزیکەکانی دەرباری قاجار و خودی ناسرەدینشا بووە. ئەوکاتەی ئەم ئەرکەیان پێسپاردووە، هێشتا پلەی (وەزیر فەوائید) بووە و بۆئەوەش دەسەڵاتی زۆرتر بکەن، ناوچەکانی: خۆی، سەلماس، ورمێ، ساییِنقەڵای ئەفشاریشیان لەگەڵ سابلاخدا کردۆتە یەك و خستوویانەتە ژێر دەسەڵاتییەوە. ئەمیش سەرەڕای ئەوەی پیاوێکی زۆر دەوڵەتخواز بووە، بەڵام کۆنترۆڵی هێرش و شاڵاوی خەڵکی میاندواو و دەوروبەری بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان پێنەکراوە. بۆیە بەردەوام و راستەوخۆ، بۆ چارەی ئەم داروبارە، نامەی بۆ خودی ناسرەدینشا و میرزاحسین (سوپاسالار) و وەلیعەهد ناردووە.

بەڵام بەوهۆیەوە کە پێشتر ئاشنایەتی لەگەڵ سەرتاپای ناوچەکە و ناسراوەکانی ناوچەکەدا هەبووە و هەر خۆیشی موڵکێکی زۆری لە سابلاخدا هەبووە؛ بۆیە زۆر بە دڵسۆزیی و پەرۆش و پشوویەکی درێژەوە هەوڵی سەقامگیرکردنەوە و هێورکردنەوەی بارودۆخەکەی داوە.

لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە، بە پشتیوانی ئەو سەرۆكخێڵانەی لە دەمێکەوە سەر بە دەوڵەت بوون، هەوڵی هەڵتەکاندن و لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی ریزەکانی سەرۆك خێڵ و خێڵە کوردەکانی داوە. بۆ ئەنجامدانی ئەمەش، جگەلەوەی هەر زوو محەمەدئاغای مامشی کردە بەڕێوەبەری لاجان؛ تۆرێکی سیخوریی و هەواڵنێریی لە محەمەدئاغای مامش و قادرئاغای ئیندەرقاش – دیبۆکری و گوڵاوی ئاغای دیبۆکری و میرزاقاسمی قازی و نموونەکانی وەك ئەوان دروستکردووە.

ماڵەکانیشیان ئاگر تێبەردابوو. (٥٠) نێرینەشیان تێدا کوشتبوو. هەندێکیشیان لە ناو قەڵاکەی ئیسماعیلئاغادا کوشتبوو، کە هێزێکی ئێرانی چووبوون بۆ گەڕان بەدوای شێخدا. زۆر لە کابرایەکی حاجی کرابوو، کە کەللەسەری کوڕە کوژراوەکانی بکات بە دامێنی جلەکانییەوە و بە ناو ئۆردووەکەدا بیانگێڕێ و پیشانی خەڵکیان بدات... (هەمان سەرچاوە، ل ٩٤، هاوپێچی «١» نامەی ژمارە (٦٦)».

[1] میرزا نیزامی گەرووسی: ل ١٥٧.

لە چەندان نامـەیدا بـۆ ناسرەدینشـا و سـەرانی قاجـار؛ بـە شـانازییەوە خـۆی بـەوەوە هەڵدەکیشێ، کە توانیوێتی(«فیتنە» و «دووبـەرەکی» و «ئـاژاوە» لـە نێـوان سەرۆکعەشـیرەتە هاورێ و دۆستەکانی یـەکتریدا دروسـت بکـات و هـەموویان بترسـێنێ و بـە سـەر یـەکترەوە بیانکات بە جاسووس و باوەری دەوڵەتخوازییان لا دروستبکات.

هەر زوو کەوتە تۆقاندنی لایـەنگرانی راپەرینەکـەی کـورد و خـودی شـێخ عوبـەیدوڵلا و هەوڵـی دوورخستنەوەیان لە شێخ، بەوەی کۆبوونەوەی فراوان و خێرایان پێبکـات و نامـەی پەشیمانیی و ملکەچییان بۆ ناسرەدینشا پێبنووسێ. دەستیکرد بـە هێنانـەوەی ئـەو لێشـاوە خەڵکەی لە ترسـاندا ناوچـەکانی خۆیـان چۆڵکردبـوو. پیـاوانی ئـاییني و سـەرۆکخێڵەکانی موکریـان و لاجـان و شـنۆ و هـەندێك لـە ئاغاکـانی زەرزا و سەردەشـتی هێـور کـردەوە و بـۆ ناوچەکانی خۆیانی هێنانەوە. نامەی «رووڕەشیی» ئەوەی پێنووسین؛ کـە پەشـیمانن لـەوەی پشتیوانییان لە راپەرینەکە کردووە و هەر بە ناوی «رووڕەشیی»یشەوە نامەیـەکی بـە خـەڵکی سابڵاخ نووسی؛ کە:

١- بەڵێن بدەن بە هەر نرخێك بێت، بە زیندوویی، یان مردوویی هـەمزاغای مـەنگوور بە دەست دەوڵەتەوە بدەن.

٢- باجێکی (٤٠)هەزار تمەنی، وەك «رووڕەشیی - رووڕەشییانە» بە دەوڵەت بدەن.

لـە رێگـەی ئـەو سـەرۆکخێڵانەی کردبوونـی بـە تـۆری سیخوریی، زانیـاری لەسـەر پێوەندییەکانی شێخ عوبەیدوڵلا و لایەنگرانی، چنگ دەکەوت و بۆ دەرباری قاجاری دەناردن.

پێوەندییەکانی ئەم ماوەیـەی شـێخ عوبـەیدوڵلاش لەگـەڵ لایـەنگرانی، ئـەو بانگـەواز و راگەیاندن و نامانەبوون، کە بێهەدادان بۆی دەناردن و داوای لـێدەکردن دڵسارد نەبنـەوە، چونکە تەقەڵلای راپەرینی تازە بەرێوەیە.

ئـەم کارانـەی حەسەنعەلـیخانی گـەرووس، تـا هـەردوو دیـوی سـنووری ئـێران - عوسـمانی تەنیبوو. بەگوێرەی قسەی خۆی، بنکەکانی هـەواڵنێریی لـە: رەوانـدز، هـەولێر و سلێمانی هەبوون، تا جـموجووڵ و چالاکییەکانی شێخ عوبەیدوڵلای بـۆ بنـێرن و ئـەویش بـۆ سەرووتـری خۆی بنێرێ.

ئەم بەرنامەیەی حەسەنعەلـیخان، کاری لەسەر هەستی ناوچە راپەریوەکان کرد و لـە ماوەی (٨-٩) مانگدا، پردێکی زۆری لە نێوان شێخ عوبەیدوڵلا و لایەنگرەکانیدا پساند. ئـەو لایەنگرە زۆرانەی کە هەمیشە حەسەنعەلـیخان لە نامەکانیدا بە ئاشکرا ددانی پێدا دەنـێ؛ کە سەرلەبەری ناوچە کوردنشینەکان، چ ئاشکرا، چ نهێنی، لە ژێر سێبەری خۆشەویسـتیی شێخ عوبەیدوڵلادان. بۆ لە یـەکتر رەشـکردن و دوژمنایەتینانـەوەی نێـوان ئـەو لایەنگرانـە؛ دەڵێین: جارێك هێزێکی سەربازیی و میلیشیای پێکهێنـابوو بـۆ گرتـن و کوشـتنی هـەمزاغا، بەرەو سەردەشتی بنـێرێ؛ کـە هـەمزاغا بـە درێژایـی ئـەو (٨-٩) مانگـەی دوای تێشـکانی راپەرینەکـە، لـە ناوچـەی سەرسنووری ئـێران - عوسـمانی دەژیـا. بۆئەمـەش داوای لـە

«عوسمانئاغای گەورك» کرد، تا سەرکردایەتی ئەم هێزە بکات. عوسمانئاغاش ناچارکرا، بەو هێزەوە بچێتە سەر هەمزاغا... ئەگەرچی لەم هێرشەدا عوسمانئاغا هیچی پێنەکرا، بەڵام هەر مەبەست ئەوەبوو، نێوانی ئەو دوو کەسە تێكبدات، کە پێشتر هەردووکیان دۆست و هەردووکیشیان لە راپەرینەکەدا هاوبەش و هاوسەنگەر بوون.[1]

یەکێك لەو بەرنامە سەرەکییانەی هەرلەسەرەتای کاری حەسەنعەلیخانەوە، بە هاوکاری سەرۆكخێڵەکانی ناو تۆری سیخورییەکەی، رەنگی بۆ دەرشت، لەناوبردنی هەمزاغای مەنگوور بوو. بۆئەمەش بە یارمەتی میرزاقاسمی قازی و قادرئاغای دیبۆکری، کەوتە ناکۆکی نانەوە لە نێوان هەمزاغا و (کاکەڵڵا)ی برایدا و دەسەڵاتی سەرۆکایەتی خێڵی مەنگووری بە (کاکەڵلا) سپارد، تا هەمزاغا ئیرەیی بە براکەی ببات، چونکە هەمزاغا ئەو کارەی بە شانی خۆی رەوا دەدی و لە سەرلەبەری ناوچەکەدا پیاوێکی ناسراو و جوامێر و جەربەزە و سەرکەش بوو. ماوەی نزیکەی (١٢) ساڵ، لە بەغداد، کەرکووك و ئەستەموولدا زیندانیی و دەربەدەری چەشتبوو. سەرانی قاجار و عوسمانی دەیانناسی و حسابی گەورەیان بۆ دەکرد. زمانی کوردی و تورکی و عەرەبی و فارسی بە باشی دەزانی. پیاوێکی دنیادیدە بوو، بۆیە دوای تێشکانی راپەرینەکە و دوایئەوەش لە ژیانی ئاوارەیی ماندوو ببوو. بەتایبەتیش دوای گرتن و بردنی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ ئەستەموول،دەیویست بە چاولێکەریی لەو سەرۆكخێلانەی لە راپەرینەکەدا بەشداربوون و دەوڵەت لێیان خۆشببوو؛ ئەمیش بەهیوای سەندنەوەی سەرۆکایەتی خێڵی مەنگوور و بە دنەدانی میرزا قاسمی قازی و قادرئاغا، راسپێریی نارده لای حەسەنعەلیخان و داوای لێبووردنی لێکرد و ئەویش داوای یەکتر دیتنی لێکرد.

لە دواییدا، پاش گۆرینەوەی چەندان نامە، لەگەڵ حەسەنعەلیخان و سوێند و بەڵێنی میرزاقاسمی قازی و قادرئاغادا، داوایان لێکرد بۆ یەکتردیتن، بێتە سەردانی حەسەنعەلیخان لە سابلاخ و بەمرێگەیە توانی هەمزاغا بخاتە داوەوە و بیکوژێت؛ کە کوشتنی هەمزاغا، لەوکاتەدا، لای هەردوو بەشی کوردستانی قاجاری و عوسمانی، وەك رەمزی ئازایەتی و نموونەی راپەرین بوو لە دژی زوڵم و زۆر، بۆ شێخ عوبەیدوڵلاش وەك قەڵایەکی پتەو بوو؛ کە هەرەس بهێنێ.

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی ل ١٠٣، هاوپێچی (٣) نامەی ژمارە (٧٠)

٢ - قۆناغی چوارەم:

تەقەللای هەستانەوە و ژیاندنەوەی ڕاپەڕین.

دوای کشانەوەی هێزەکانی ڕاپەڕین، لە هەردوو قۆڵی سابلاغ و ورمێ، بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر و شێخ عوبەیدوڵلا و شێخ محەمەد سدیق و فەرماندەکانیتری هێزەکان، کە بەرودوا لە (١٠ و ١٢/١١/١٨٨٠ن)دا، سابلاغ و ورمێیان جێهێشت، سەرەڕای ئەوەی کە هێزەکانی عوسمانی سنووریان بە (١٨) بەتالیۆن سەرباز و (٣٦) عەرادە تۆپەوە تەنیبوو؛ بەڵام گەیشتنەوە شوێنەکانی جارانی خۆیان لە نەهری و زۆربەی ئەو سەرۆکخێڵە کوردانەی ئێرانیش، کە لە ڕاپەڕینەکەدا بەشدارییان کردبوو، چوونەوە پاڵ دەوڵەتی ئێران و بە تەنیا هەمزاغای مەنگوڕ بە ئاشکرا، لەگەڵ بەشێك لە خێڵەکەیدا لە ناوچەی سەردەشت و نێوان سنوورەکانی ئێران – عوسمانیدا مایەوە و جارجارەش شەڕی پارتیزانانەی دژی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران دەکرد.

هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانیش کە لەو ناوچانەدا حەسەنعەلیخانی گەڕووس سەرکردایەتی دەکردن، بە هەموو توانایانەوە تەقەللای گرتن و کوشتنیان دەدا.

شێخ عوبەیدوڵلا دوای گیرسانەوەی لە نەهری و چاوگێڕانەوە و بەسەرکردنەوەی هێزەکانی و هەڵسەنگانی بارودۆخەکان، دوای نزیکەی دوو مانگێك کەوتەوە خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینێکی نوێ، کە دیسان ئەمجارەش هەر لە کوردستانی ئێرانەوە دەستپێبکاتەوە... بۆئەمەش سەرەڕای نالەباریی هەلومەرج و چەندان کەموکووڕیی، بەڵام دیسان بەرنامەیەکی خێرای دەستپێکرد. هەرچەندە خۆئامادەکردنیش بۆ ڕاپەڕینی نوێ، لە چاو هەلومەرجی ڕاپەڕینی پێشوودا سەختتر بوو، چونکە:

١- هێزەکانی تورکیا بە شێوەیەکی بڵاو، نیمچە ئابڵوقەیەکی ناوچەکەیان دابوو؛ پردەکانی پێوەندی نێوان شێخ و شارەکانی تورکیایان لە بەردەم شێخدا سەختتر کردبوو.

٢- لەبەری خۆرهەڵاتیشەوە سنوورەکانی ئێران خرابوونەوە ژێر دەسەڵات و چاودێریی هێزێکی زۆری ئێرانی کە دەتوانین بڵێین زۆربەی هێزەکانی ئێران، لە مەرگەوەڕەوە تەنیبوویان و بە درێژایی سنووری ئێران – عوسمانی هێزی سەرباز و میلیشیای لێدانرابوو. بەمەش ڕێگەکانی پێوەندی و هاتوچۆ سەخت ببوون.

٣- لەبەری باکووری خۆرهەڵاتیشەوە هێزەکانی رووسیا لە ناوچەی ماکۆ و جولفا ئامادەبوون.

٤- جەماوەری کوردی ئێرانیان، چاوترسێن و تۆقاندبوو. هێشتا تەمی ترس و لەرزی بە کۆمەڵ کوشتن و تاڵانی و سزادانیان بە تەواوی لەبەرچاو نەڕەویبووەوە، سڵ و گومان و دردۆنگیی، شیرازەی یەکێتی ڕیزەکانیانی لەبەریەك هەڵوەشاندبوو. نەخۆشیی زۆر، لە هەموو

لایەك و بەتایبەتیش لە ناوچـــەی ورمـێ داکـەوتبوو، بـەجۆرێك کـە یەكلەسەرسـێی هـەموو دانیشتووەکانی کوشتبوو.

٥- بـاری ئـابووری کوردسـتان، بـە هـۆی سـووتاندن و تـــالأنکردن و جێهێشـتنەوە، داهێزرابوو.

بـەلأم بـە گوێـرەی بۆچوونـەکانی شـێخ عوبـەیدوڵلاّ، پێیوابـوو دەتوانرێـت راپـەڕین و داواکانی مافی کورد زیندوو بکرێنەوە.

جگە لەم هۆیانـــە، دەبـێ ئـەوەش بلێـین، کـە لـەم سـەروبەندەدا ئیـتر دەنـگ و رەنگـی «یەکێتی کوردان» لە باس و خواس و بەڵگەنامەکاندا نەما. بۆیــە زۆربـەی تەقـەللا و ئـەرکی گران، کەوتە ئەستۆی شێخ عوبەیدوڵلاّ و هەندێ لە خەلیفە و هاوڕێ چالاکەکانی.

بەر لە هەمووشتێك، ئەو لێشاوی نزیکەی (١٠٠) هەزار ئاوارەیەی روویانکردبووە خاکی عوسـمانی، کارەساتێکی دڵتەزێن بوو. دەبووایە شێخ عوبەیدوڵلاّ بە پیر کێشەکەیانەوە بچێت و لە هەمانکاتیشدا، نارەزایی دەربڕینێکی مرۆڤانەی پێبوروژێنێ.

وەك دەریشدەکـەوێ، شـێخ عوبـەیدوڵلاّ خـۆی هـەموویانی بەسـەرکردۆتەوە و پۆلێـك ناسـراوی لـە نـاودا هـەڵبژاردوون و رێنوێنـی کـردوون، تـا بـە نـاوی هـەموو ئـاوارە و زوڵـم لێکراوەکانەوە، یادداشتێکی نارەزایی بە دەوڵەتی رووسـیا بـدەن و پووختەیـەکی کارەسـات و کێشـەکەیان بخەنـە بـەردەم بـیروڕای رووسـیا و لـەو کلاورۆژنەیـەوە، کێشــە و کارەسـاتی تراژیدیـایی بـە کۆمـەڵ کوشـتن و سـزادان و راونـان و ترسـاندن و لـــە جێگـەی باووباپـیر هەڵکەندنیان، بۆ رووسیا باسبکەن و تکای لێبکەن ئەم بانگەوازەیان بـە دەوڵـەتانی گـەورەی دنیا بگەیەنێ و نوێنەری خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە، لە داروبار و گوزەرانی خەڵکی کورد، بنێرنـە کوردستان و چارەیەکی بنبڕ بۆ ئاشتی و ئارامیی ژیانی خەڵك بدۆزنەوە. کە ئەمکارەی شێخ عوبەیدوڵلاّ دیسان دەکەوێتە ناو خانەی کاری دیپلۆماسی و دەوڵەتاندنی کێشەی کوردەوە.

١/٢: سکالأنامەی خەڵکی ئاوارەی کوردستان

سکالأنامەی خەڵکی ئاوارە و زوڵملێکراوی کوردستان

بۆ بەر پێی خاوەن بیر و راستیی کۆنسۆلـی دەوڵەتی مەزنی رووسیا

داوای خەڵکی ئـاوارەی خـاکی دەوڵـەتی ئـێران، بـۆ دەوڵـەتی بـالأی رووسـیا، ئەوەیە: ئێمەی خەڵکی کوردستانی ئێران، کە ژمارەمان (١٠٠) هـەزار بنەماڵەیـە، بـە هـۆی زوڵـم و دەسـتدرێژیی و بێیاسـایی و بێـدادی هەمـەجۆرەی دەوڵــەتی ئـێران، نەمانتوانیوە ژیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا بەسەر بەرین، بۆیە لە رووی ناچارییەوە؛ کـە بە هیچجۆرێـك لـە توانـادا نـەمابوو ددان بـە خۆمـاندا بگریـن، بەشێك لـە خـەڵکی

کوردستان بۆ راگرتن و لەناوبردنی ئەو دەستدرێژییانە، بە هانای ئێمــەوە، هاتنــە نــاو ئێرانەوە و ئەمەش بووە هۆی ئــەوەی لەولاشــەوە، لــە لایــەن دەوڵــەتی عوســمانییەوە هەڕەشە و تۆقاندن رووبەڕوومان بێتەوە و لە لایەکیتریشــەوە دەوڵــەتی ئــێران دوژمنــی خوێنخۆرمان بووە و ئەگەرچیش دەمانتوانی خۆمان لە دەست زوڵمی دەوڵــەتی ئــێران رزگار بکەین؛ بەڵام لە ترسی دەوڵەتی عوسـمانی، دەستبەرداری شەڕی ئێران بوویــن و ناچار (١٠٠) هــەزار بنەماڵــە، ئاوارەییمــان هــەڵبژاردووە و دوای ئــەم ئاوارەییــەش، دەوڵەتی ئێران، کە لە ناو خاکی کوردستانی ئێراندایە؛ لەشکرکێشــیی کردۆتــە ســەر خەڵك و کوشتوبڕی ژن و پیاو و منداڵان و بەدیلگرتن و بەتاڵانکردنی هەرچی کەتۆتە بەردەستیان، هیچ دریغیان نەکردووە. لــە کــاتێدا ئــەو خەڵکــە هــەژار و دامــاوەی لــە کوردســتاندا ماونەتــەوە، هیچجــۆرە تــاوان و ناتەواوییــەکیان لــێنەوەشاوەتەوە و هــەر خەریکی کار و کاسبی خۆیان بوون و خراپە و شەڕێکی دەوڵەتی ئێرانــان نــەکردووە؛ کەچی کەوتوونەتە گیانی موسڵمان و مەسیحی و پیاوانی ئایینی ئێمــە و هــەموویانیان لەناوبردوون. بۆیە ئێستا داوای بەزەیی و سۆز لە دەوڵەتی هێژای رووسیا دەکەین، تــا دەستی زوڵم و دەستدرێژیی، بە هەر شێوەیەك بێت، لەسەر ئێمەی مەزڵووم هەڵبگرێ و لەناوبــەرێت. ئێمــەش هــەموو پێکــەوە: چ ئــاوارە و چ ئــەوانیترمان لەســەرئەوە هاودەنگین، کە بەزەییتان پیاماندا بێتەوە و دەنگمان بە دەوڵــەتانی گــەورە بگەیــەنن و بــە گشــتی بــەزەییان بەرامبــەرمان بــبزوێ و هــەر دەوڵەتێکیشــیان لای خۆیانــەوە، مەرحەمەت بفەرموون کاربەدەستێکی تایبەت و خاوەن ویژدانی مرۆڤدۆستانە بنێرێتــە لامان و بە وردی لە داروباری کوردستان و زوڵــم و ستەمی خەڵکەکــەی وردبێتــەوە و بنچینەی کارێکمان بۆ دابڕێژن، کە هەر میللەتێك بەوپەڕی ئاسوودەیی بتوانێت لــە نیشتمانی دێرینە و خووپێگرتووی خۆیــدا، بــە ئــارام و ئاسایش بــژی و دوایئــەوەش دەوڵــەتانی گــەورە، لــە ژیــان و گوزەرانــی کوردســتان ورد دەبێتــەوە، ئەوســا بۆیــان دەردەکــەوێت، کــە ئــاخۆ خــەڵکی کوردســـتان کێــوی و درنــدەن، یــان ئەوانــەی کوردستانیان داگیرکردووە و بــە درۆ و نــاڕەوا، لــەناو دەوڵــەتانی دنیــادا، ئاوبــانگی: خراپ و دواکەوتوویی و ناشارستانیی دەدەنە پاڵ کورد!؟

ئێمە دوای ئەوەی بۆمان دەرکــەوتووە، کــە ئــەرك و پــەیامی دەوڵــەتی رووسیای دادپــەروەر، هەمیشــە بــۆ ئــەوە بــووە؛ بــەزەیی بــە حاڵــی هــەژاران و زوڵملێکراوانــدا هاتۆتەوە، بۆیە تکای بەزەییتان لێدەخوازین، کە لە هەر لایــەنێکی ئــەم سکاڵانامەیە بکۆڵنەوە و زوڵم و دەستدرێژیی زاڵمان لەسەر لابەرن.[1]

---

[1] بنوارە پاشکۆی ژمارە ١١

٢/٢: گەلەکۆمەکێی دەوڵەتان لە دژی کورد

لە کاتێکدا شێخ عوبەیدوڵلاّ هاوار و هانای دەیانهەزار لێقەوماوی کوردی بۆ رووسیا دەبرد، کاربەدەستانی رووسیا لەباتی بە دەنگەوە هاتنی بانگەوازی مرۆڤدۆستانە، کەچی بە پەرۆشەوە لەگەڵ تورکیا و ئێران و ئینگلیسدا، هاوکاری و هاوئاهەنگییان دەکرد بۆ سرینەوەی شوێنەوارەکانی راپەرینەکە و گەراندنەوەی ئەو ئاوارانە وتەقەلالای گەمارۆدان و گرتن و دوورخستنەوەی شێخ و کورەکانی و دادگاییکردنی سەرانیتری راپەرینەکە، کە رەنگە شێخ لەمکاتەدا هەستی بەوە کردبێت ئینگلیس لە رووسیا پەرۆشتر بە دەنگ هاواری ئێرانەوە چووە، بۆیە لە نێوان هەڵوێستی رووسیا و ئینگلیسدا، بەناچاریی پەنای بۆ رووسیا بردووە.

بەڵام هێشتا گلەیی و گازندەی نێوان ئێران و تورکیا لە یەکتری هەر بەردەوام بوو. ئێران لە هەموو هەوڵەکانیدا بۆ رازیکردنی تورکیا، پەنای بۆ ئینگلیس دەبرد و خودی ناسرەدینشا و وەزیری دەرەوەی ئێران (میرزا سەعیدخان) بەردەوام «تۆمسن»ی گەورە باڵوێزی ئینگلیسیان دەدی و لە رووداوەکان ئاگاداریاندەکرد.

تۆمسن لە نامەیەکیدا بۆ ئێرلگرانڤێل، کە لە (١٨٨١/١/٣١ز)دا، لە تارانەوە بۆی نووسیوە، دەڵێ:

«گەورەم. دوێنێ وەزیری کاروباری دەرەوە، دوو بروسکەی بۆ خوێندمەوە، کە هەر ئەوسا لە کاربەدەستانی سنوور لە «خۆی»وە گەیشتبوونە دەست حکومەتی ئێران، دەیگەیەنن کە جارێکیتریش شێخ عوبەیدوڵلاّ چالاکانە خەریکی خۆئامادەکردن و سازدان بووە بۆ دەستپێکردنەوەی کاری دوژمنکارانە لەگەڵ ئەم وڵاتە و حکومەتی تورکیاش هیچ هەنگاوێکی نەناوە، بۆ رێگەگرتن، لە کۆکردنەوە و سازدانی لەشکر و کرینی چەك بۆ ئەو مەبەستە.

میرزا سەعیدخان دەیوت: شا دەخوازێ تا داوا بکەم ئەم هەواڵە بگەیەنمە جەنابتان و بڵێم ئەگەر بابیعالی رازینەکرێت رێ و شوێنی کاریگەر بگرێت بۆ وەستاندنی شێخ و کورەکانی، ئەوا گریمانێکی زۆر هەیە کە لە بەهاردا هێرشێکی نوێ لە تورکیاوە بۆ ناو ئێران رووبدات.

ئێران تا ئێستا نەیتوانیوە رەزامەندیی بۆ داواکارییە مامناونجییەکانی بە دەست بهێنێ سەبارەت بە گواستنەوەی شێخ عوبەیدوڵلاّ لە سەرسنوور و بۆ تەسلیمکردنەوەی ئەو سەرۆکە کوردە ئێرانییانەی کە لە راپەرینەکەی دواییدا بەشدارییانکردبوو، لەبەرئەوە «شا» روونیکردەوە کە بەردەوامبوون لەسەر جەختکردن بۆ ئەم داواکارییانە لە حاڵیحازردا، کات بە فیرۆدانە. تەنیا دووپاتکردنەوەی ئەو بەڵێنە نادیارانەی لێدەبێتەوە، کە تورکیا تا ئێستا داوێتی و هیچ ئەنجامێکی عەمەلیی لێیەیدا نابێت و شێخ عوبەیدوڵلاّش لەمکاتەدا خۆئامادەکردن و سازدانی تەواوکردووە و شەر و دوژمنکارییەکانی دەستپێکردۆتەوە.

بیروبۆچوونی شا ئەوە بوو، کە مادام هێشتا وەخت ماوە، کاری ژیرانەتر لەوەدایە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو زەمانەتە بدرێت، کە بابیعالی هەندێ رێوشوێنی کاریگەر بگرێت بۆ رێگەگرتن لە شێخ عوبەیدوڵلاَ، تا جارێکیتر بە هێزێکی چەکدراوەوە نەچێتەوە ناو خاکی ئێران. لەم روانگەیەشەوە بە بروسکە ئامۆژگاری بۆ باڵوێزی ئێران لە تورکیا نێردرا، تا واز لە دواکارییەکان بهێنێ و ئێستاش حکومەتی تورکیا هانبدات بۆئەوەی بە نووسین بەڵێنێکی رەسمیی بدات و ئەوە بخاتە ئەستۆی، کە رێگە بە هیچ هێزێکی چەکدار نەدرێت لە هیچ بەشێکی خاکی تورکیا بچێتە ناو ئێرانەوە.

وەزیری کاروباری دەرەوە وتیشی: شا زۆر بە جدی داوایکردووە کە حکومەتی خاوەنشکۆ، لە رێگەی کۆنسوڵە خۆشمەعشەرەکەیانەوە لە ئەستەمووڵ، پشتگیری لەو داوایە بکات کە ئامۆژگاری حاجیموحسینخان (گەورە باڵوێزی ئێران) کرابوو، بۆ بەدەستهێنانی ئەم بەڵێنە ئاراستەی بابیعالی بکات.»[1]

رۆژێك دوای ئەم نامەیە، واتە (١٨٨١/٢/١ز) ناسرەدینشا دیداری لەگەڵ تۆمسن کردووە و زانیاریی زۆرتری سەبارەت بە خۆئامادەکردنی شێخ عوبەیدوڵلاَی پێگەیاندووە. تا ئەویش لە رێگەی خۆیەوە ئینگلیس ئاگادار بکات و گوشار بخەنە سەر تورکیا، بۆ پووچەڵکردنەوەی بەرنامەکەی شێخ... تۆمسن رۆژی ١٨٨١/٢/٢ز، ئەو زانیارییانەی ناسرەدینشای لەم نامەیەدا بۆ ئێرلگرانڤێل ناردووە:

«شەرەفی ئەوەم هەیە بۆ زانیاری جەنابتان ئەوە رابگەیەنم، کە لە دیدارێکی تایبەتیدا، کە دوێنێ کردم، گفتوگۆیەکی دوورودرێژم لەگەڵ (شا)دا کرد... شا دەیوت لە بروسکەکانی میرزا رەزاخاندا،[2] کە گەیشتوونەتە حکومەتی ئێران، وادەرکەوتووە کە شێخ عوبەیدوڵلاَ لەشکری کۆکردۆتەوە و بە ئەفسەری کەمدەرەجەی کارکەنارەوە[3] (کە هەتا ئەم دواییانەش خزمەتی حکومەتی تورکیایان کردووە) راهێنراون. چەك و تەقەمەنی لەو فەرمانبەرە ناونجییە تورکانە کڕیوە، کە گوایە بە شێوەیەکی نهێنی لە جبەخانەکانی حکومەتەوە دەستیان کەوتووە.

ئەم خۆسازدان وخۆئامادەکردنانەش بە ئاشکرا و بە ددانناندا بە نیازی پەلاماردانێکی نوێ بۆ خاکی ئێران ئەنجامدراون. حکومەتی تورکیاش بە تەواوی بە کردارەکانی شێخ عوبەیدوڵلاَی زانیوە؛ کەچی سەرباری ئەوەش هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ رێگەگرتن لێیان،

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی ل ١٣٦، نامەی ژمارە (٨٢)

[2] میرزا رەزاخانی یاوەری شا و میستەر فۆن لیتنیوری و میرزا هاشمخانی سەریەرشتی ئەرمەنەکان، لە لایەن ئێرانەوە نێردراون بۆ تورکیا، تا داوا لە سوڵتان و دەوڵەتانی ئەورووپا بکەن، قەناعەت بە سوڵتان بکەن دەبێ شێخ عوبەیدوڵلاَ بگیرێت و لە هەمووجۆرە جموجوڵێکبخرێت.□

[3] جەلیلی جەلیل – ل ١٤٧ (لەم سەرچاوەیەدا دە ڵێ ئەو ئەفسەرانە (٦) بوون.)

یان وەستاندنیان. ئێران بێهوودە هەوڵی‌داوە پەیمانێکی لە بابیعالی‌یەوە دەستکەوێت، کە بتوانێت بە هۆیەوە دڵنیا بێت لەوەی هێرشێکی نوێ لە تورکیاوە ناکرێتەوە ناو خاکەکەی. داواکارییەکەی بۆ دوورخستەنەی شێخ عوبەیدوڵلا و کورەکانی لە سنوور و بەدەستەوەدانی سەرۆکە یاخیبووەکانی ئێران جێبەجێ نەکرا و ئێستاش حکومەتی ئێران بڕیاری‌داوە داوای پەیمانێکی نووسراو بکات بۆئەوەی لە داهاتوودا ڕێگە بە هیچ هێزێکی چەکدار نەدرێت، لە تورکیاوە بچێتە ناو خاکی تورکیاوە. خاوەن‌شکۆ دەیوت ئەگەر ئەمانە پەسەند نەکەن، ئەوا شتێکی ئاشکرایە، کە بابیعالی کردارەکانی شێخ عوبەیدوڵلای پێ‌باشە و هانی‌دەدات و ئێرانیش لە ڕاستیدا مامەڵەی لەگەڵ یاخیبووە کوردەکاندا نەکردووە، بەڵکو لەگەڵ تورکیادا، کە فەرمانبەرەکانی خەریکی ڕێکخستن و هاندانی کردەوەی دوژمنکارانەن دژی ئەم وڵاتە.

هیوای وابوو کە حکومەتی خاوەن‌شکۆ، هانی بابیعالی بدات تا پێشنیارەکەی پەسەند بکات و لەو باوەرەشدا بوو کە سوڵتان ناتوانێ داواکەی رەفز بکات، گەر ئینگلیس و رووسیا گوشاری بخەنە سەر. چونکە هێزی ناوبژیکاران و لەمکاتەدا بارەگا چالاکەکانیان بە شێوەیەکی نەگۆر بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی سنوور لە نێوان دوو دەوڵەتە موسڵمانەکەدا بەکارهێناوە.

بە خاوەن‌شکۆیم ڕاگەیاند، کە پێشتر داواکەیم لە سەر ئەم مەسەلەیە بە بروسکە بە حکومەتی خاوەن‌شکۆ گەیاندووە. بەڵام من لەو باوەڕەدا بووم، لە کاتێکدا حکومەتی ئێران هەوڵی‌دەدا سەبارەت بە کردەوەکانی شێخ عوبەیدوڵلا بگاتە تێگەیشتنێك لەگەڵ بابیعالی، پێویست‌بوو ئاگاداری ئەوەش بن، بەجۆرێك خۆیان ئامادە بکەن، تا بتوانن بەرپەرچی هەر هێرشێك بدەنەوە، کە لەوانەیە بکرێتە سەریان.[1]

هەر لە هەفتەی یەکەمی مانگی شوبات (فبرایەر)ی ١٨٨١دا، چەندان نامەی‌تری لەمبابەتە، لە نێوان ئێرلگرانڤێل و باڵوێز و کۆنسوڵەکانی ئینگلیس لە تاران و ئەستەموول و شارەکانی‌تری وان و تەورێزدا گۆڕدراونەتەوە و هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە پشتیوانیی رووسیاش بخەنە تەك دەنگی خۆیان و پشتیوانیی لە داواکانی ئێران بکەن و گوشاریش بخەنە سەر تورکیا، تا زۆر بۆ شێخ عوبەیدوڵلا بهێنێ و بە هەر شێوەیەك بێت لە سنووری ئێران دووری‌بخاتەوە و لە ناوی‌بەرێت.[2]

ئەمە لە کاتێکدا ئەم ترسەیان دەخستە بەر ئێران و ئەم گوشارەیان دەخستە سەر تورکیا؛ کە چ ئێران و چ تورکیا، هەردووکیان هێزی سەرباز و میلیشیایان بە هەموو فەرماندەکانیانەوە، لە سەر سنوور و بەرامبەر یەکتری، بۆ سرکردن و گەمارۆی شێخ عوبەیدوڵلا دامەزراندبوو... بەڵام مەبەست لەم هەڵلا و گوشارە، هەر ناچارکردنی تورکیا

---

[1] لە تاریکییەوە بۆ رووناکی ل ١٣٧– نامەی ژمارە (٨٣)

[2] هەمان سەرچاوە ، ل ١٤٦– نامەی ژمارە: ٨٧، ل ١٤٧ نامەی ژمارە ٨٨، ٨٩.

بوو، تا کیشەی شێخ عوبەیدوڵڵا بەلایەکدا بخات و مەترسیی ئەوەیان هەبوو لە وەرزی بەهاردا شێخ لەشکرکیشی دەستپێدەکاتەوە. ئەگینا هێشتا شێخ عوبەیدوڵڵا خەریکی ئابلۆقەدانی ورمێ بوو، کە سوڵتان عەبدولحەمید چەندجارێك داوایلێکرد بکیشێتەوە ناو خاکی تورکیا و دوای پاشەکشێ کردنیشی، بەردەوام راسپاردەی دەنارده لای و داوای لێدەکرد بلاوە بە هێزەکەی بکات و سەردانی ئەستەمووڵ بکات...

شێخ عوبەیدوڵلاش داوایدەکرد لیژنەیەك پێكبێت، بۆئەوەی لەو دۆخە بکۆڵێتەوە. پێشنیاریشی کرد: نوێنەرانی دەوڵەتی ئەوروپا بەشداری لیژنەکە بکەن. هاوکاتیش داوای لە کاربەدەستانی عوسمانی دەکرد: هەتا ئەو لیژنەیە بریاری خۆی دەدات، کۆکردنەوەی هێزەکانی عوسمانی لە دەوروبەری هەکاری رابگیرێ.[1]

٣/٢: تەقەللای تورکیا بۆ هێمنکردنەوەی شێخ عوبەیدوڵلا

بەلام سەرانی دەوڵەتی عوسمانی دەیانویست بە ئارامیی و لەسەرخۆ لەگەڵیدا بجووڵێنەوە و بە خۆشیی بیخەنە داوەوە. لە زستانی ١٨٨١دا، بە گەرمیی کەوتنە هاتوچۆ بۆ لای و گفتوگۆ لەگەڵی، بۆئەوەی بیبەن بۆ ئەستەمووڵ.

لە ١٨٨١/٣/٤دا، محەمەد ئاغای مامش، لە رێگەی هەواڵنێرەکانییەوە، حەسەنعەلیخانی گەرووس بە نامە ئاگادار دەکاتەوە، کە کۆڵۆنێل ئەحمەدبەگی یاوەری جەنگیی سوڵتان عەبدولحەمید، سەردانی شێخ عوبەیدوڵلای لە بارەگاکەی خۆی لە نەهری کردووە.[2]

هەر هەمان رۆژ، نامەیەکیتر بە حەسەنعەلیخان دەگات و هاوپێچ نامەیەکی شێخ عوبەیدوڵلای تێدایە بۆ «محەمەئاغای ئاکۆ»، کە شێخ عوبەیدوڵلا خۆی نامەکەی مۆرکردووە و کورتەیەکی هەواڵ و سەردانەکەی کۆڵۆنێل ئەحمەدبەگی بۆ محەمەدئاغلای ئاکۆ نووسیوە و و داوایلێدەکات هەرکات «ئەحمەد بەگ» سەردانی ناوچەکەتانی کرد، رێزی لێبگرن؛ کە ئەمە نامەکەیە:

٤/٢: نامەی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ محەمەدئاغای ئاکۆ

«دۆستی راستگۆی پایەبەرز محەمەد ئاغای ئاکۆ ، خوا بیپارێزێ.

دوای گەیاندنی سلاوی ئەوپەری دۆستانە. ئەگەر لە رووی دۆستایەتی و راستییەوە، لە من بپرسیت، سوپاس بۆ خوا و دنیا و کاروباریش بە دڵی دڵسۆزانە، لە لایەن دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانییەوە، جەنابی بەختەوەر، جەنابی

[1] جەلیلی جەلیل – ل ١٤٩

[2] ئەمیرنیزام – ل ١٨٦

ئەحمەدبەگی یاوەری تایبەتی حەزرەتی موبارەکی شاهانە، بۆ هەندێ کاری تایبەتی و نهێنی هاتووە. لە هیمەتی پیرانی مەزنەوە ئەوەی مەبەست و ئاواتی ئێمە بووە، هەر ئەمەیە؛ کە لە هەموو دەوڵەتاندا عەجەمیان بە ناهەق داناوە و هەقیان بە ئێمە داوە. بۆ رێنوێنی و شارەزاییش، جەنابی یاوەر و هاورێکانی؛ نووری چاوان: شێخ عەبدولقادر و شێخ محەمەد سەعیدم تا رەواندز و هەولێر لەگەڵدا ناردوون. بۆیە بە پێویستمزانی پێشتر ئێوەش ئاگادار بکەمەوە؛ تا پێشوازیی و چاوپێکەوتنی ناوبراو بکەن، چونکە لە هەموو روویەکەوە ئاگاداری هەموو شتێکن و هەموو باسێکتان بە تەواوی بۆ شی دەکەنەوە.

بە کورتی لە لایەن دەوڵەتانەوە، کاروبار بە دڵی ئێمەیە. ئەوەندە هەیە، دەبێ خەڵکی کوردستان یەکدڵ و یەکگرتوو بن. سوپاس بۆ خوا، کوردستانی قۆڵی ئەناتۆڵ یەکدڵ و یەکگرتوون. هیوادارم لە قۆڵی عێراقیشەوە هەروا بن. غیرەتی ئایین و ئیسلامیش لەدەستمەدەن. هەمیشە چاوەڕێی مژدەی سەلامەتیتانم. ئیتر بە دوعا»

١٢/٢/١٨٨١ز – (١٢ رەبیعلئەوەلی ١٢٩٨ کۆچی)[1]

دیسان هەر حەسەنعەلیخان، رۆژی ١١/٣/١٨٨١ز، لەگەڵ هەندێ هەواڵیتردا، کە بۆیان ناردووە؛ نامەیەکیتری شێخ عوبەیدوڵڵای دەستکەوتووە، کە بۆ «مامەند ئاغای پیران»ی ناردووە و بە هەمان ناوەرۆکی نامەی پێشوو نزیکە، (لەگەڵ هەندێ وردە جیاوازیدا)؛ کە دیارە هەر لەگەڵ نامەکەی پێشوودا ناردوویەتی و درەنگتر گەیشتووە و بەمجۆرەیە:

٢/٥: نامەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ مامەند ئاغای پیران

«پایەبڵندی راستیی پیشە، مامەندئاغا ، خوا بیپارێزێ.

هەمیشە هاوجووتی سەرفەرازیی و بێوەی بێت. ئیتر ئەگەر لە رووی خۆشەویستیی پاکەوە هەواڵمان بپرسیت، سوپاس بۆ خوا، کاروبار بە دڵی دڵخوازانە. لەم رۆژانەدا ئەحمەدبەگی یاوەری تایبەتی حەزرەتی سوڵتان، سەبارەت بە برێ کاری تایبەتی و نهێنی، تەشریفی بۆ ئێرە هێنابوو. لە بەخشندەیی خواوە کاروبار بە دڵی دڵسۆزانە. هەموو دەوڵەتان، دەوڵەتی عەجەمیان بە تاوانبار و ناهەق داناوە و هەق بە ئێمە دراوە. دەوڵەتان نیازیان وایە کوردستان بدەنە دەست خۆمان. ئەگەر لە خەڵکی کوردستانەوە شتێك نەوەشێتەوە، کار

---

[1] ئەمیرنیزام – ل ١٩١–١٩٢

تەواوبووە. ئەوەندە هەیە ئێمە لەسەر یەکێتی خۆمـان سووربین و ئاوارەکـان ئارامیـان هـەبێ و ددان بـە خۆیـاندا بگـرن و نەگەڕێنـەوە بـۆ لای عەجـەم؛ چونکـە عەجـەم کەوتۆتە تەنگانـە و بـە قسـەی پـڕ و پـووچ و تەڵەکـە هەوڵـی دڵدانـەوە و ڕاکێشـانی هەڵاتووەکان دەدات. دیـارە تـا بۆتـان‌دەکرێ ورەیـان بـەرز بکەنـەوە و هانیـان‌بدەن و ئامۆژگـاری هـەڵاتووەکان بکـەن و بڵێـن ئـەو هـەمووە ددانتـان بـە خۆتـاندا گرتـووە، کەمێکی‌تریش ئارام بگرن، چونکە کار بە دڵی هەمووان دەبـێ، بۆیشـم دەرکـەوتووە ئەو جەنابە بۆ پشـتیوانیی و دڵنـەوایی ئێوە تێدەکۆشـێت. ئافـەرین بـۆ ئێـوە. دیـارە ئێوەش لە جاران زیاتر پشتیوانییان دەکەن. خوا بیەوێ پاداشتی ئێوە بە فیڕۆ نـاچێ. بۆ ڕێزلێنان و بەڕێکردنی جەنابی یاوەر؛ نووری چـاوانم: شـێخ عـەبدولقادر و شـێخ حەمەسەعیدم تا ڕەواندز و هــەولێر لەگـەڵدا نـاردن. بـە پێویسـتم‌زانی پێشـتر ئێـوەش ئاگادار بکەمەوە، کە پێشوازیی و دیتنی پێویستە و ئێوە لە هەموو هەواڵێك ئاگــادارن. برێ کاریش هەن، لە نامەدا جێگایان نابێتــەوە. ئیـتر دنیـا بـە دڵتـان دەبێـت. خـوا بتانپارێزێ..[1]

هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیدا، دوو هەواڵنامەی‌تریشیان لەگەڵدا بووە:

١- لە ڕۆژنامەیەکی ئینگلیسدا چاپکراوە، کە هـەرچی کوردستـانە، داویانـە بـە شـێخ عوبەیدوڵلا و جەنابی ئەوانیش ڕازی‌بوون.

هەموو ڕۆژێك سەرباز و زەخـیرەی زۆر دێتـە سـلێمانی. نووسیبووشـی: (٧٠) تـابووریش دەبێ بدرێتە دەست شێخ. جگەلەمە هەواڵێکی‌تر نییە. بەڵام ئاشـکرایە ئـەم بـەهارە ئاژاوە و شـەڕ و شۆڕێکی گەورە بەرپا دەبێ. ئیتر خۆتان باشتر دەزانن. پێویستی بە وتنـی ئێمـەمانان نییە. خۆتان عەقڵتان هەیە.[2]

٢- ئەحمـــەدبەگی یاوەری جەنگیی سوڵتـان، دوای ئـەوەی (٣) ڕۆژ لـە ماڵــی شێـخ عوبەیدوڵلا ماوەتەوە و چەندان‌جار وتوویـژی نهێنـی و دوو قوڵییـان کـردووە و دوای ئـەوەی شێخی ئەرخایەن کردووە؛ دوایی لەگەڵ شێخ قادری کوڕی و شێخ محەمەد سەعیدی برازای شێخ عوبەیدوڵلا گەیشتوونەتە ڕەواندز و قایمقامی ئەوێ، ئــەوەی پێویسـتی ڕێـز و حورمـەت بێت، بەجێی‌هێناوە و لە ماڵـی مستەفا بەگیش ئەسپێکیان بە ڕەختــی زیـوەوە پێشـکەش بـە کوڕی شێخ کردووە. هەر بـەوجۆرە لەوێشــەوە بـەرەو هـەولێر چـوون و لـەوێ بـە ڕێنوێنـی و ئامۆژگـاری ئەحــەمەدبەگی یـاوەر، کۆبوونەوەیـەکیان بـەو سـەرۆك عەشـایەر و جــەماوەرە کردووە، کە پێشتر شـێخ عوبـەیدوڵلا لـە هـەموو ناوچەکانـەوە بانگهێشـتنی کـردوون و هـەر

---

[1] ئەمیرنیزام – ل ١٩٤–١٩٥

[2] ئەم هەواڵە کەسێك لە شاری سلێمانییەوە بۆ براکەی ناردووە، کە لە شاری «بانە» بووە (هـەمان سـەرچاوە – ل ١٩٥–١٩٦)

لەویش کە ناوەندی تەلگرافخانەیە، تەلگرافێکی تێر و تەسەلیان بۆ خاوەنشکۆ، سولتان بە سکالاَ و گازندەوە، بەمجۆرە کردووە:

«...بۆچی دەوڵەتی رووس، لایەنگریی لە کۆمەڵ و دینی خۆی، بۆ پشتیوانیی لەگەلی قەرەباغ و سربستان کردووە. کەچی ئێوە، کە خەلیفەی موسڵمانانن، چۆن رازی دەبن دەوڵەتی عەجەم بۆ خزمەتی مەزهەبی خۆی، خوێنی ئێمە برێژێ و ماڵمان تالآن بکات و مەزهەبمان بگۆڕێ و لە نیشتمانی راستەقینەی خۆشمان ئاوارەمان بکات!؟»[1]

دەوڵەتی عوسمانیش ئەم تەلگرافەی کردووە بە بەڵگە و دەوڵەتە گەورەکانیشی کردووە بە پشتیوانی شێخ عوبەیدوڵلا ....

دەوڵەتی ئینگلیس و پرووس و فەرانسەش بە ئاشکرا دەوڵەتی عوسمانییان دڵنیا کردووە، کە ئەگەر بێتو دەوڵەتی رووس لەم رووەوە لەگەڵ ئێراندا یەكبێت، ئەوا ئەم سێ دەوڵەتەی ئێمە، لەگەڵ ئێوە دەبینە یەك و دژی رووسیا جەنگ رادەگەیەنین.[2]

٦/٢: نامەی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ کوردانی سەرسنوور

وادیارە شێخ عوبەیدوڵلا نامەی تری بۆ زۆر لە سەرۆكخێڵەکان ناردووە، تا بۆ پێشواز و بەپیرەچوونی ئەحمەدبەگی یاوەری جەنگیی سوڵتان ئامادە بن و دیداری لەگەڵدا بکەن، کە ئەمەش نامەیەکی تری لەوجۆرەیە و بۆ کوردانی سەرسنووری نووسیوە:

«هێژایان. جوامێران و پشت و پەنای دۆستان و دڵسۆزانی راستەقینە. سلاَوی خوا لە هەمووتان. دوای پێراگەیاندنی سلاَوی تاسە و سۆز. هەرکات لە رووی خۆشەویستییەوە هەواڵی ئەم لایە بپرسن، سوپاس بۆ خوا، کارەکان لە لایەن پایەبەرزی دەوڵەتی بالآوە، بە ئارەزووی خۆشەویستانە. لەم رۆژانەدا جەنابی بەختەوەر: ئەحمەدبەگی یاوەری حزووری هومایۆنی حەزرەتی شاهانە، خوا دەوڵەتی بپارێزێ؛ بۆ هەندێ کاروباری نهێنی، بۆ ئێرە نێردرابوو. هات و سوپاس بۆ خوا لە هەموو روویەکەوە کارەکان روو بە رێگە و بە گوێرەی مەبەستە. ئەگەر ناتەبایی خەڵکی کوردستان و بێسەبریی ئاوارەکان نەبێ، کار بە ئەنجام گەیشتووە و

---

[1] ئەمیرنیزام – ل ١٩٧

[2] ماوەیەك دوای کۆبوونەوەکەی هەولێر، نامەی رەسمیی دەوڵەتی عوسمانی بۆ هەمزاغا هاتووە، بکرێتە قایمقامی «رۆژدەر و بێتوێن» و رۆژانەش لەشکر و چەك و تەقەمەنی زۆریش لە دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ (سلێمانی) نێردراوە و کەسیش نەیزانیوە ئەم هەموو چەك و خۆراکەیان بۆچییە!؟... بەلام سەرانی قاجار وایبۆچوون کە دەوڵەتی عوسمانی، پشتیوانیی بەپەلەی دەستپێکردنەوەی راپەڕینی شێخ دەکات.(ئەمیرنیزام – ل ٢٥٦)

جێبەجێ بووە. چونکە هەموو دەوڵەتان، حکومەتی عەجەمیان بە ناهەقدناوە و هەقیان بە ئێمە داوە و بریار وایە کوردستان تەسلیمی خۆمان بکەن. لەبەرئەوەیە عەجەم شلەژاون و هەوڵی دڵنەوایی ئاوارەکان دەدەن. هەڵبەت ئەوەندەی لە توانای ئێوەدا بێت، دەبێ هەوڵی یەکێتی و ئیتیفاقی کوردستانی ئەولا بدەن و ئاوارەکان تەقوییەت بکەن و ئامۆژگارییان بکەن کە ئارامبگرن و بێئارامیی نەکەن و بە درۆ و دەلەسەی ئێرانییەکان هەڵنەخەڵەتێن و هەرکەسیش بێئاگاداری و بێئیزنی ئێمە، هاتوچۆ بکات و بگەرێتەوە، بە دوژمنی گەورەی ئێمە دادەنرێ».[1]

٧/٢: تەقەڵلای کرینی چەك و تەقەمەنی

هەر لەم ماوەیەدا شێخ عوبەیدوڵلا بە نهێنی پێوەندی لەگەڵ ئەو مووچەخۆرە تورکانەی ناوچەکەدا کرد، کە ریزیان دەگرت. نوێنەرێکی خۆی نارده لای قایمقامی شاتاخ و داوایلێکرد چەکی بۆ پەیدا بکات: «چیت پێدەکرێ بیکە و چەند تفەنگێکی مارتینی، کاپاخلی، سنێدیر، فینچیستیر، لە هەمووشیان زیاتر: مارتینیم بۆ بنێرە».[2]

ئەم تەقەللا بەربلاو و زۆرە،[3] دەریدەخەن کە شێخ چەند بە پەلە و پەرۆشەوە خەریکی دڵنەوایی و بەسەرکردنەوە و چەکدارکردنی جەماوەر و کۆکردنەوە و یەکخستنەوەیان بووە. بۆیە لە سەرەتای بەهاری ١٨٨١دا، خەلیفە سەیید محەمەد سەعیدی باوەرپێکراوی خۆی نارده لای کامساراکان، بەو نیازەی داوای لێبکات رێگا بەو کوردانە بدرێت کە لە تێشکانی راپەرینەکەدا، لە ئێرانەوە چووبوون بۆ رووسیا، بگەرێنەوە بۆ هەکاری.[4]

لەوەدەچێ ئەو بەڵێنانەی ئەحمەدبەگی یاوەر بە خودی شێخ و بە ئامادەبووانی کۆبوونەوە فراوانەکەی هەولێری دابوون،[5] جێی بروا و دڵنیاکردنی شێخ عوبەیدوڵلا و

---

[1] ابراهیم صفائی – مدارك تاریخی – ل ١١٣

[2] جەلیلی جەلیل، ل ١٤٧

[3] ئەمیرنیزام – ل ٢٤٨ (وەك هەواڵنێرەکانی ئەمیرنیزام دەڵێن: شێخ عوبەیدوڵلا بەردەوام ئەو نامە و بانگەوازانەی بۆ هەموو لایەك ناردووە).

[4] جەلیلی جەلیل – ل ١٤٤

[5] لەو کۆبوونەوەیەدا زۆربەی سەرۆکخێڵەکانی گەرمیان و کوێستانی کوردستان ئامادەبوون و هەموو سوێند و تەلاقیان خواردووە، کە هەموو یەکدڵ و یەکدەنگ، ستایشێکی زۆری شێخ عوبەیدوڵلا یان کردووە و بۆ جارێکیتریش هەر ئەویان بە سەرۆك و رابەری خۆیان زانیوە و بە زوویی و بە کۆمەڵ لەشکر بۆ سەر کوردستانی ئێران بنێرنەوە.

شێخ عەبدولقادر ئەوەندە لەوە دڵنیا بووە، کە بە زوویی لەشکرکێشی بۆ سەر موکریان دەستپێدەکاتەوە، نامەی بۆ ناسیاوێکی خۆی بۆ سابلاخ ناردووە، تیایدا نووسیبووی: ئەو (٦٠) تمەنە قەرزەی لەسەرمە،

سەرانی‌تری کورد بووبن. چونکە هەر دوای کۆبوونەوەکەی هەولێر، شێخ عەبدولقادر بە نیازی بەسەرکردنەوەی عەشایەرەکانی ناوچەی کۆیە و پژدەر و رێکخستنەوەیان، سەردانی کۆیە و پژدەری کردووە و لەوێشەوە چۆتە بێتوێن و ماوەیەك میوانی «مامەند ئاغای پیران» بووە.[1]

دوای سەردانەکەی شێخ عەبدولقادر بۆ ناوچەکانی سەرسنووری ئێران - عوسمانی، حەسەن‌عەلی‌خان لە (١٨٨١/٣/٩ز)دا، هەواڵ بە سەرانی قاجار دەگەیەنێ، کە بریار بووە شێخ عوبەیدوڵلا خۆیشی لە سەرەتای بەهاردا سەردانی رەواندز بکات و دیدەنی ئەو خێڵە رەوەندانە بکات، کە لە کوێستانەکانی ئەو ناوە، خەریکی هاوینەخۆرن.[2]

ئەم بەرنامەی سەردانانەی شێخ عوبەیدوڵلا و شێخ عەبدولقادر و لایەنگرەکانیان بۆ لای سەرۆك‌خێڵە کوردەکانی: پژدەر، بێتوێن، کۆیە، هەولێر و رەواندز... ئاوردانەوەیەکی تازەی شێخ عوبەیدوڵلایە، لە کوردانی باشووری خۆرئاوا، کە ئەم بەشەی کوردستان، لە چاو بەشداریی کوردانی بندەستی قاجاری و باکوور، لە راپەرینی پێشوودا، کەمتر بووە. دیارە شێخ عوبەیدوڵلا ئەمجارە دەیەوێ ئەم ناوچانەش بخاتە بەر تاقیکردنەوە و بەکارهێنان.

٨/٢: برِوای شێخ عوبەیدوڵلا بە دەوڵەتی عوسمانی

بلاوکردنەوەی ئەو نامە و راگەیاندنە زۆرەی بۆ سەرۆك خێڵ و لایەنگرەکانی خۆی (کە بە پێی ئەو چەند نامەیە، ئەوانیش هەر بۆ کوردانی باشووری خۆرئاوا بوون)، چەند بۆچوون و لێکدانەوەیەك هەڵدەگرن:

١- رەنگە سۆنگەی تێشکانی راپەرینەکە، لای جەماوەری کوردستان، بەوە لێك درابێتەوە، کە گەلی کورد پشتیوانێکی لە لایەن دەوڵەتێکی زلهێزەوە نەبووە، بۆیە وەك گەلانی (باڵکان) سەرکەوتن دەستەبەر ناکات. لەبەرئەوە ئەگەر سەرنجبدەین شێخ عوبەیدوڵلا دڵنیایان دەکات، کە دەوڵەتانی ئینگلیس و پرووس و فەرانسە بە گشتی و دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی، پشتیوانیان لێدەکات.

هەندێکیم بۆ ناردییت و ئەویتری کەلام دەمێنێ، بۆ خۆم بە زوویی دێم بۆ سابلاخ و دەتدەمەوە (ئەمیر نیزام- ل٢٦٥).

سەیر ئەوەیە، بە چاولێکەریی لە کۆبوونەوەکەی هەولێر، سەرانی قاجاریش رۆژی (١٨٨١/٣/٢٧ز) کۆبوونەوەیەکی فراوانیان بە خەڵکی سابلاخ و گەورە پیاوانی ناوچەکە کردووە و سوێند و بەڵێنیان لێ‌وەرگرتوون، کە یارمەتی و هاوکاری شێخ عوبەیدوڵلا نەکەن (میرزا نیزام - ل ٢٦٦).

[1] ئەمیرنیزام- ل ٢٦٣

[2] هەمان سەرچاوە - ل ٢٣٧

٢- لەوەدەچیٚ شێخ عوبەیدوڵلاٚ خۆیشی تا رادەیەك بڕوای بە قسە و بەڵێن و بڕیارەكانی دەوڵەتی عوسمانی كردبێت.

كاربەدەستانی توركیاش ئەم ماوەیە بە گەرمیی و بە ئاشكرا هاتوچۆی شێخیان دەكرد. كە دیاربوو چەند مەبەستێكیان هەبوو:

١- تا شێخ عوبەیدوڵلاٚ ئارام و دڵنیا بكەنەوە و رازیبكەن بچێت بۆ ئەستەموول.

٢- تا وەك ئامرازێكی گوشار، بەرامبەر ئێران بەكاریبهێنن و داواكانی خۆیانی پیٚ جێبەجیٚ بكەن.

ئەم سیاسەتی خۆنزیكردنەوەیەی دەوڵەتی عوسمانی لە شێخ عوبەیدوڵلاٚ، سەرنجی چاودێرێكی سیاسی وەك «ئابۆت»ی بە جۆرێك بۆ لای خۆی راكێشا، تا ئابۆت وا بیربكاتەوە، كە توركیا دەیەویٚ چارەی سیاسی كێشەی كوردستانی عوسمانی بكات.

ئابۆت لەمبارەیەوە دەڵیٚ: «لەوانەیە بابیعالی بە شتێكی بەكەڵك و گونجاوی بزانێت كە ددان بە شێخدا بنێت وەك سەرۆكێكی كورد؛ بە مەرجێك بتوانێت راگرتنی نیزام لەناو خێڵە كوردەكاندا دەستەبەر بكات و باج و خەراجی ساڵانەی تەواویش بە سوڵتان بدات. لە لایەكیتریشەوە لەوانە نییە بە تەواوی پێشبینییەكی ناڕاست بێت، كە شێخ لە ئاكامدا بخوازێت خۆی لە فەرمانڕەوایی توركی لابدات، یان ئەو گوشارەی لە ئەوروپا خراوەتە سەر بابیعالی، دۆخێكی وای هێناوەتە كایەوە، كە بە هۆیەوە تەرەفەكەی بەرامبەر بخوازێت گۆڕانكارییەك بخولقێنیٚ».[1]

لە سەرەتای مانگی مایسی ١٨٨١دا، دەوڵەتی عوسمانی، لەسەر پێشنیاری شێخ عوبەیدوڵلاٚ، نارەزاییننامەیەكیان دا بە ئێران، لەسەرئەوەی پیرەوانی مەزهەبی سوننی لە ئێران دەچەوسێنرێنەوە... ئێرانیش بەم نارەزاییننامانە، زۆر تووڕە دەبوو.

هاوكات توركیا داوا و بانگهێشتنی شێخ عوبەیدوڵلاٚی بۆ ئەستەموول دووپاتە دەكردەوە. شێخیش بە بیانووی نەخۆشبوونییەوە خۆی دوادەخست. ئەوسا توركیا دڵنیابوو، كە شێخ بە ئاسانی و بە خۆشیی بە دەنگیانەوە ناچێت. بۆیە خۆیان لیٚگرژ كرد و بە ناوی سوڵتانەوە بە توندی داوایان لێكرد، كە دەبیٚ بچێت بۆ ئەستەموول... ئێران هەستی بەم ئاڵوگۆڕە كرد و داوای سزادانی شێخیان لە توركیا دووپات كردەوە. توركیا بە دەم داواكردنی شێخەوە بۆ ئەستەموول، هێز و لەشكری زیادەیان لە دەوری هەكاری كۆدەكردەوە و ئێرانیشیان ئاگادار كرد، كە ئەگەر بچنە سەر شێخ و لەدەستیان هەڵات، سنوورەكانی ئێران قایم بكەن.[2]

---

[1] لە تاریكییەوە بۆ رووناكی ل ١٢٩ – هاوپێچی (٤)ی نامەی ژمارە (٧٧)

[2] ئەمیرنیزام – ل ٣٢٣

٩/٢: بردنی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ ئەستەمووڵ

لەدوایدا لە ڕۆژی (٤/٦/١٨٨١ز)دا، لە ئەنجامی زۆر لێکردن و سەرکردنە سەری، ناچاربوو بچێت بۆ لای سوڵتان[1].

ڕەنگە تا رادەیەك شێخ عوبەیدوڵلا هەقیبوو بێت بڕوا بە کاربەدەستانی عوسمانی بهێنێ. چونکە وەك «وەفایی» شاعیر لە دووتوێی بیرەوەرییەکانی خۆیدا بە وردی بۆمان دەگێڕێتەوە، کاربەدەستانی عوسمانی بە چ ڕێز و نەوازش و شکۆ و پێشواز و دەبدەبەیەکی شاهانەوە، شێخیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەستەمووڵ بردووە.[2]

وەفایی لەمبارەیەوە دەڵێ :

«دەوڵەتی خاوەنشکۆ، بە ناچاری ئەو زاتەیان بۆ ئەستەمووڵ خواست. لەبەرئەوەش جێبەجێکردنی ئەمری خەلیفەی ئیسلام شتێکی پێویست بوو، ئەو زاتەش لە خاکی شەمزینانی نیشتمانەوە لەگەڵ کۆمەڵێك لە کەس و کاری ڕێکەوت.

هەتا گەیشتنی ئەو زاتە بە کەناری زەریا، شار بە شار و قۆناغ بە قۆناغ، لە هەموو لایەکەوە سوارە و پیادە، بەلای کەمەوە (٥-٦) هەزار مورید و لایەنگر بۆ پێشواز و زیارەتی دەهاتن. بەتایبەت سەربازی دەوڵەت، دەستەدەستە بەوپەڕی ڕێزەوە شاربەشار لەتەك ئەو زاتەدا بوون... دوای گەیشتنی بە کەناری زەریا، بە فرمانی خەلیفەی خاوەنشکۆ(خوا دەوڵەت و شەوکەوتی بپارێزێ)، پاپۆری بەناوی (پیالە)یان بۆ سوارکردنی ئەو زاتە هێنا و لەگەڵ هاورێکانیدا سواربوون و گەیشتنە کەناری ئەستەمووڵ. لەوێش گشت سادات و خانەدان و گەورە پیاوانی شار، لەگەڵ سەربازی دەوڵەتدا هاتنە پێشواز و لە نزیك سەرای دەوڵەت و لە نێوانماڵەکانی خاوەنشکۆدا، دەستەماڵێکی تایبەتییان بۆ ئەو زاتە و هاوسەفەرەکانی دیاریکرد و تیایدا نیشتەجێ بوون. لە لایەن پایەبەرز خەلیفەی خاوەنشکۆوە، بە ڕادەیەك ڕێزی گەورەیی و مەزنایەتی ئەو زاتە گیرابوو، لە هەموو دەوڵەتانی دەرەوە، چ خۆرهەڵات و چ خۆرئاوا، ناوبانگی ئەم ڕێزگرتنە دەنگی دابووەوە.[3]

---

[1] هەمان سەرچاوە - ل ٤٠٤

[2] بەڵام ئیعتمادوسەڵتەنە، کە خۆی لە کاتی شۆڕشی ١٨٨٠دا سەرلەشکری دەوڵەتی ئێران بووە لە قوڵی ئازەربایجان، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویتی: «ڕۆژی هەینی پێنجەمی جمادیالثانی ١٢٩٨ کۆچی (٤/٥/١٨٨١) بەپێی هەواڵێك کە «فەیروز»ی نۆکەری میرزا سەعیدخان - وەزیری دەرەوەی ئێران، وەك مزگێنی هێنابووی، دەڵێ : شێخ عوبەیدوڵلا لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە بە گیراویی بۆ ئەستەمووڵ برا و لە بەرامبەر ئەم مزگێنییەدا، شاڵێکیان بە دیاری بە فەیرووز و نازناوی «خانی»یشیان پێبەخشی. شا - ش زۆر دڵشاد بوو». (شرح‌حال رجال ایران - قرنهای ١٢، ١٣، ١٤ - مهدی بامداد - جلد ١ - ص ٤٢٠ - چاپ چهارم ١٣٧١ شمسی

[3] بیرەوەرییەکانی وەفایی - ل ٥٩-٦٠

بەڵام ئەم ڕێزگرتن و پێشوازییە، هەر نزیکەی (٢) مانگ بووە، چونکە وەك (نیلسۆن) دەڵێت: دەرکەوت کە لە ئەستەموول میوان نییە و دەستبەسەرە![1]

١٠/٢ - هەڵاتن لە زیندان

بەمجۆرە شێخ عوبەیدوڵڵا بۆیدەرکەوت، گوێ بۆ خواستە سیاسییەکانی نەگیراوە.

بەڵام لەمکاتەدا کاربەدەستانی عوسمانی ویستیان کەڵك لەم ڕووداوە وەربگرن و وەك ئامرازێکی گوشار خستنە سەرئێران بەکاریبهێنن.

لە سەرەتای حوزەیرانی ١٨٨١دا، دووبارە لە لایەن شێخەوە، گلەیی و گازندەیان بە ئێران گەیاندووە، کە لە ئێراندا سوننی مەزهەب ئازار دەدرێن...[2]

لە ١٨٨١/١١/٢٤دا، فەخریبەگی گەورەباڵوێزی تورکیا لە تاران، داوای لە ئێران کرد کە هەر زیانێك لە ساڵانی (١٨٧٠،١٨٧٦و١٨٨١)دا لە شێخ دراوە، بۆی ببژێرن. فەخری بەگ هەڕەشەی ئەوەی کرد، کە ئەگەر ئەم داوایە پەسەند نەکرێ، یان دوابخرێت، لەوانەیە ڕاپەڕینێکی تازە ڕووبداتەوە.[3]

وەزیری دەرەوەی ئێرانیش (میرزا سەعیدخان)، بە پێی ئامۆژگاری زینوفیف، باڵوێزی ڕووسیا، داواکەی تورکیای پەسەند نەکرد، بە بیانووی ئەوەی، ئەو ناوچانەی شێخ داوایان دەکات، هیچی موڵکی ئەو نەبوون، بەڵکو هەندێکی بە کرێگرتوون و هەندێکیتریشی بە تاپۆی ساختە داگیرکردوون و لە ئەنجامی یاخیبوونەکەیدا، دەست بەسەر هەموویدا گیراوە.

ئێرانیش داوای بژاردنی ئەو زیانانەی دەکرد، کە بە هۆی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵاوە لێیکەوتووە.

بەڵام خواستەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا، بۆ هەردوو دەوڵەتەکە، خواستی سیاسی بوون و هەردوو دەوڵەتەکەش دەیانکرد بە پەڵپ و بیانوو بۆ سەر یەکتری!

شێخ عوبەیدوڵڵاش بە پێچەوانەی بەرژەوەندی هەردوو دەوڵەتەکەوە، بەرنامەی خۆڕزگارکردنی لەدەست هەردووکیان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردستان بوو! بۆیە کە زانی گوێ بۆ خواستە سیاسییەکانی ناگیرێت، کەوتە تەقەللای خۆدەربازکردن لە ئەستەموول و پێوەندیکردن بە شێخ عەبدولقادری کوڕییەوە.

---

[1] جەلیلی جەلیل – ل١٥٠

[2] ئەمیرنیزام – ل ٤٠٤

[3] خالفین – ل ١٩٩

وەك وەفایی لە بیرەوەرییەکانیدا بۆمان دەگێڕێتەوە، شێخ عوبەیدوڵڵا ماوەی (١٠)مانگ[1] لە ئەستەموولدا بە دەستبەسەرکراوی هێڵراوەتەوە[2] و دوای ئەو (١٠) مانگەش، سوڵتان بەو زاتەی وتووە: دەبێ بۆ حیجاز کۆچ بکەیت![3]

لە دوای ئەم هەواڵە، ئەو زاتەش (٣) شەو لە سەریەك بیری لەوە کردەوە، کە ئاخۆ رازیبێت کۆچ بۆ حیجاز بکات، یان نا؟! تا لە دواییدا ئەوەی بە چاك زانیوە، مل بۆ فرمانی سوڵتان نەدات و لەدەستیان هەڵبێت. بۆئەمەش جەژنی مانگی رەمەزانی ١٢٩٩ کۆچی(مانگی ١٨٨٢/٨ز) بە هەلزانی و لەناو خەڵکدا بڵاوی‌کردەوە، کە بە درێژایی مانگی رەمەزان، خەریکی خواپەرستی و چلەکێشان دەبێ و تکای‌کرد دۆستان و لایەنگرانی لەو ماوەیەدا سەری لێنەدەن و نەچنە زیارەتی.[4]

هەر لەو ماوەیەدا بە پاسپۆرتێکی دروستکراو، بەناوی بازرگانەوە، ڤیزای رووسیای وەرگرت و لە بەرگی بازرگانێکدا، لە رێگەی زەریای رەش، تفلیس، یەریڤان، کارس، بایەزید، ئالاشگرد و گوندی قەراچیانەوە گەرایەوە بۆ هەکاری و بۆ بارەگاکەی خۆی لە نەهری.[5]

هەر ئەوەندەش دەنگ بڵاوبووەوە، کە شێخ لە سەر سنوورەکانی رووسیا و تورکیادا بەدی‌کراوە، کوردستان هاتە هەژین. گەلێك عەشیرەت، بۆئەوەی بەوپەڕی رێزەوە پێشوازی شێخ بکەن، هێزی چەکداریان پێکهێنا. شێخ عەبدولقادر بە چەندهەزار چەکدارەوە، بە پیر باوکییەوە چوو.[6]

---

[1] لە ماوەی ئەم (١٠) مانگەدا، بە قسەی وەفایی، شێخ عوبەیدوڵڵا و وەفایی چەندان نامەیان لە نێواندا گۆڕدراوەتەوە، کە شێخ بەردەوام داوا لە وەفایی دەکات بچێتە لای بۆ ئەستەموول، کە بەداخەوە ئەو نامانە شوێنەواریان دیار نییە. (ئەوەی جێی سەرنجە شێخ عوبەیدوڵڵا ماوەی ساڵێك زیاتر لە ئەستەموول بە دەستبەسەرکراویی ماوەتەوە، نەك دە مانگ.)

[2] بەڵام بەگوێرەی بەڵگەنامەکان، شێخ‌عوبەیدوڵڵاماوەی (١٠) مانگ زیاتر، بەڵکو ساڵێك زیاتریش، بە دەستبەسەری لە ئەستەموول هێڵراوەتەوە.

[3] بیرەوەرییەکانی وەفایی – ل ٦١

[4] محەمەدرچا نصیری – ل (سی و پنج – مقدمە)

[5] وەك دەگێڕنەوە: دوای ئەوەی شێخ دەگاتە ناوچەی وان، دەگاتە هەر عەشیرەتێك، شەوێك میوانیان دەبێ و پەیمان تازە دەکەنەوە. شەوی ١٨٨٢/٨/١٧ز، لە ماڵی «تەمرئاغای گەورە و حاکمی موکری و شەوی (٨/١٨)یش لە ماڵی محەمەدخانی حاکمی میلان و شەوی دواتریش (١٨٨٢/٨/١٩) لە ماڵی یوسف‌خانی ئامۆزای دەرباسی خانی بەڕێوەبەری قەرە حەسار–ی قەڵەمڕەوی عوسمانی بووە. بەمجۆرە دەگەڕێ و پەیمان تازەدەکاتەوە و ئەوسا بەرەو ماڵی خۆی دەگەڕێتەوە (پاشکۆی ژمارە ١، بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٨٣)

[6] جەلیلی جەلیل – ل ١٥٢

١١/٢: ئێران و تورکیا دژی داخوازییەکانی شێخ عوبەیدوڵلآن:

کاربەدەستانی ئێران کە هەواڵی هەڵاتنی شێخیان بیست، زۆر شپرزە بوون و هاواریان‌لێ‌هەستا. سنوورەکانی ئێران – تورکیایان قایمترکرد و دیوارە نیوەرووخاوەکانی شوورەکەی ورمێیان لە ماوەیەکی کورتدا چاککردەوە. لە هەمانکاتیشدا هێزێکی گەورەی تورك بەرەو وان کەوتە رێ. لە ئەرزەرۆم و ئەرزنجانیشەوە (٤) بەتالیۆن و (١٤) تۆپی گەرۆك بەرەو وان رەوانەکران. دوای‌ئەمەش هەر لەوانەوە (١٥) بەتالیۆنی‌تر، بە سەرۆکایەتی موسا پاشای کوندوف بەرەو هەکاری کەوتە رێ.[1]

هەردوو دەوڵەتی ئێران وعوسمانی، کەوتنەوە گلەیی و سەرکۆنەی یەکتری. ئێران گومانی‌دەکرد، کە شێخ عوبەیدوڵلا بە بێ‌یارمەتی و هاوکاری و رێنوێنی تورکیا، نەیتوانیوە هەڵبێ و لەمبارەیەوە نامە و یادداشتنامەیەکی زۆر لە نیوانیاندا گۆردراونەتەوە. زۆربەی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ئێران تەرخانن بۆ ئەم بابەتە.[2]

١٢/٢: بەرنامەی ئەمجارەی شێخ عوبەیدوڵلا :

بە گوێرەی بەڵگەکانی بەردەست، وا دەردەکەوێ شێخ عوبەیدوڵلا لەم جارەیاندا هاوتەریب دوو مەبەستی پێکەوە پیادە کردبێت:

١- ئارامکردنەوەی ئێران و هەوڵی خۆنزیككردنەوە لە ئێران.

٢- پێبەپێی ئەمەش هەوڵی خۆئامادەکردن بۆ راپەرین و کۆکردنەوەی هێز.

لە سەرەتای هەڵاتنی شێخدا، چەندجارێك نوێنەر و راسپێردراوی خۆی ناردە لای کاربەدەستانی ئێران، تا هەستیان رابگرێ و بزانێ هەڵوێستی ئێران بەرامبەری چۆنە![3]

کاربەدەستان بە توندی دەستیان بە رووی نوێنەر و راسپێردراوەکانی شێخەوە نا... هەرچەندە کاربەدەستانی ئێران گومانیان لەوە هەبوو کە شێخ نیازی هێرش و پەلاماری نییە. بۆیە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێرانیش، زۆر بە ترس و سڵ و گومانەوە، هەوڵدا و هەڵپەی ئەوەیان بوو بزانن شێخ بەرنامەی تازەی چییە. لەبەرئەوە نزیکەی دوو هەفتە دوای هەڵاتنی شێخ لە زیندان، کارگێری وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران لە «وان» بەتایبەتی راسپێردراوی ناردۆتە لای شێخ عوبەیدوڵلا، تا لێی بپرسن: «لەبەرچی و بە چ خەیاڵێك هەڵاتووە؟!»[4] دوای‌ئەویش ئیمامجومعەی ورمێیان راسپاردووە، تا پرسیاری هەڵوێستی شێخ

---

[1] هەمان سەرچاوە – ل ١٥٤

[2] بۆ نموونە، بنوارە پاشکۆی ژمارە ١، بەڵگەنامەکانی (٥٨٢ تا ٦٠٩)

[3] بنوارە پاشکۆی ژمارە (١)، بەڵگەنامەی ٥٩٤

[4] پاشکۆی ژمارە (١)، بەڵگەنامەی ژمارە ٥٩٣

بەرامبەر ئێران بکات. ئیمامجومعەش لەوبارەیەوە نامەی بۆ «شێخ عەبدولکەریم»ی دۆستی شێخ عوبەیدوڵلا ناردووە. ئەویش نامەیەکی بەم ناوەرۆکە بۆ نووسیوەتەوە:

«...سەبارەت بە گەڕانەوەی حەزرەتی شێخ عوبەیدوڵڵای پایەبەرز – گیانم فیدای‌بێت – پرسیارتان لێکردبووم؛ دەبێ بڵێم کە ئەو جەنابە گەڕاوەتەوە و تەشریفی بۆ (نوچە) بردووە و بۆ خۆم چوومە خزمەتی و بە خزمەتی گەیشتم. هەرچۆنێك گەڕابێتەوە، بەختەوەرانە ئەوەندەی دۆستدار و لایەنگر لە کوردستان و تەنانەت لە ئەستەموولیش و لە هەموو وڵاتی ئیسلامیدا هەیە، کە منەتباری کەس نەبێت. لە سایەی خواوە تەشریفی بۆ هەر شوێنی بردووە، تێکڕا ئەو خەڵکەی ئەوێ، بەجۆرێك سام و گەورەیی شێخ لە دڵیان نیشتووە، کە بە حورمەتێکی زۆرەوە تا گەیشتۆتە نەهری، بەڕێیان کردووە... (٦) هەزار و بگرە زیاتریش، سوارە و پیادەی عەشایەر لە خزمەتیدا بوون.

بە مەرحەمەتی خوای دلۆڤان، لەوپەڕی بەدەماخیدایە. بەڵام چونکە بەندە خێرخوازیی دەوڵەتی ئێران بە ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم، حەزدەکەم گەورە پیاوانی دەوڵەتی ئێران، هەلومەرجێك سازبکەن، بۆئەوەی نێوانی خۆیان و شێخ خۆشبکەنەوە و ئاشتیی بکەوێتە نێوانیانەوە، تا سنوورەکان هێمن ببنەوە و هەژاران و لێقەوماوان، ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ دابین‌بکرێ؛ ئەگینا دیارە کەڵکێك لە هێز کۆکردنەوە نایەتەبەر. ئەگەرچی من ئاگادارییم لە داروباری شێخ نییە، بەڵام ئەگەر جەنابتان لای خۆتانەوە، هەوڵی ئاشتبوونەوە بدەیت، ئەوە منیش دەتوانم لێرەوە هەلومەرج بڕەخسێنم و کارێکی وا بکەم، ئاشتی بە هەموو مانای وشەوە، لە نێوان هەردوولادا سەقامگیر بێت و خەڵکی هەژاری سنوورەکان نیشتەجێ ببنەوە. ئەگەریش بەمشێوەیە نەبێت، هەرگیز ئەم خەڵکانە، بە زۆری هێز کۆکردنەوە و شەڕ، بێدەنگ نابن. لەسەر ئێمەمانانیش پێویستە بەر لە هەڵگیرساندنەوەی کێشەیەکی نوێ، هەوڵی چارەسەرکردن و پێشگریی ئەو کێشەیە بدەین و شوێنەواری ناکۆکییەکان بسڕینەوە»[1]

١٣/٢: نامەی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ میرزا موحسین

هەر بەم نەفەسە، شێخ عوبەیدوڵلاش خۆی نامەیەکی بۆ «میرزا موحسین»[2] ناردووە:

«پیاوی نزیکی بارەگای بەرزی شا؛ دۆستی میهرەبانم.

---

[1] بنواڕە پاشکۆی ژمارە ٢، بەڵگەنامەی ژمارە (١١١)

[2] رەنگە یەکێك بێت لە پیاوە نزیکەکانی دەرباری قاجار، یان گەورە پیاوێکی شاری ورمێ بێت.

پاش عەرزی دوعاگۆیی. ئەوە بیستم لەبەر هەندێ بەرژەوەندی دەوڵەت، تەشریفتان بۆ ئەم (محاڵی دە شت)ە هێناوە، بۆیە بە پێویستمزانی نوێنەری تایبەتی خۆم بنێرم و ئەحواڵپرسیێ بکەم و بیرەوەرییەك بەیاد بێنمەوە.

ئەگەرچی دوای ئەوە، دژایەتی کەوتە نێوان من و دەوڵەتی ئێرانەوە. بەڵام دیسانیش هەرکەس عاقڵ بێت، دەزانێ کە لە هیچ حاڵێکدا من زیانی ئێرانم مەبەست نەبووە... لە سەرەتاوە لە (کۆر) لە گوندی (گردوان)،[1] جەنابی شوجاعدەوله، هەرلەخۆیەوە (٤٨) کەسی لە سەرۆك عەشایەری قەتڵوعام کرد و بایی (٥٠)هەزار تمەنیشی بە تالان برد. لە کاتێکدا هەرئەوڕۆژەش دەمتوانی تۆڵەی خۆم و دین و لەبەینچووەکانم بکەمەوە. بەڵام بە پێی لەبەرچاوگرتنی مافی دۆستایەتی لە مێژین لەگەڵ مەملەکەتی ئێران، ڕازینەبووم خراپە بکرێ و بۆ کوژاندنەوەی ئاگری شەڕ و شۆڕەکەش، نوێنەری تایبەتی خۆم: سەیید حەسەنی سابڵاخیم ناردە تاران و بە تەواوی بۆ ئەمیندارانی دەوڵەتی ئێرانم ڕوونکردەوە، کە ئەم فیتنە گەورەیە بەجۆرێك چارەسەر بکرێ. چونکە لێمڕوونە، عەشایەری کوردستان لە بەرامبەر تۆڵەسەندنەوەدا بێدەنگ دانانیشن. دەترسم لە داهاتوودا ببێتە هۆی شەڕوشۆڕ و پشێویی.

کەچی خوالێخۆشبوو: سوپاسالار، ڕاسپێردراوەکەی منی بە درۆ و قسەی بێماناوە ناردەوە و ماوەی (١٠-١٢) ساڵ جڵەوی عەشایەرم گرت و نەمهێشت ئاژاوە بەرپابکەن. تا ناچاریی کوردان گەیشتە سەر ئێسقان. پاشان عەشایەری مامش[2] هاتن و (لەمبەرەوە) چەند تاوانکارییەکیان کرد، ساڵی ڕابووردوش ئەو کارەساتەیان خولقاند؛ کە خوا دەزانێ کارەساتی محاڵی میاندواو، بە ئاگاداریی بەندە نەبووە و من هەرگیز بەوە ڕازینەبووم، عەشایەری (ئەوبەر) ئەمەیان لە خۆیانەوە و لەبەر خاتری خۆیان کرد. هاتنیشم بۆ ورمێ، لەبەر دامرکاندنەوەی ئاگری هەڵایساو بوو. دەموت: نەوەك لێرەش وەك میاندواو بکەن. هەموو عالەم دەزانێ، دوای تێشکانی هێزەکانی ئیقباڵدەوله و گرتنی تۆپەکانی و ئابلۆقەی شاری ورمێ، بە دوای لەشکردا چووم، تا کارەساتی میاندواو دووبارە نەکرێتەوە. چونکە ئەگەر بە نیازی شەڕ چووبام، هەموو گەورەپیاوان و سەیید و پیاوماقووڵانی شار، لە دەروازەی شارەوە بە پیرمەوە هاتن، بۆچی هیچیانم نەگرت؟!

---

[1] دەکەوێتە مەرگەوەڕ، بەرامبەر گوندی «دزە»ی مەرگەوەڕ.

[2] شێخ عوبەیدوڵڵا لێرەدا زۆر زیرەکانە ناوی مامش دێنێ، چونکە سەرۆکەکانی ئەو خێڵە، زیانی زۆریان لە هێزی ڕاپەڕیندا. بۆیە شێخ دەیەوێ لە تۆڵەی ئەوەدا، دڵی دەوڵەتیان بەرامبەر ڕەشبکات.

ئیقبالدەولە داوای لێخۆشبوون و مۆڵەتی کرد؛ تا لە شار بچێتە دەرەوە و لەشکری ئێمە بچێتە ناو شار، ئەی بۆ من لەشکرم نەناردە ناو شار؟! ئەی بۆ لە هەموو گوندێك لە گوندەکانی ورمێ، دوو و سێ سەربازم دانا، تا ئاگاداریی بکەن، نەوەك کەسێکی ناو لەشکرەکە خراپە بکات! لە گوندی عەسکەرئاوا لەشکری تەیموورخان بەجۆرێك تێکشکان، کە ئەگەر لەشکری ئێمە دوایانبکەوتنایە، کەسیان لێ‌دەرنەدەچوو. ئەی بۆ نەمهێشت شوێنیان بکەون!؟ هەموو عالەم دەزانێ لە کارەساتی – عەسکەرئاوا لە پێشدا نامەی دڵنیابوونم بۆ ناردبوون، تا وەك گوندەکانی ورمێ، کەس دەستدرێژییان نەکاتە سەر. کەچێ لە کاتی هاتنی تەیمووخاندا، خەڵکی گوندی ناوبراو، بە دنەدانی تەیموورخان، بەریان بە لەشکری ئێمە گرت و شەریان لەگەڵدا کردین. کاری خۆیان بوو... دوکەڵەکە چووە چاوی خۆیانەوە و بووە هۆی تالآنکردنی خۆیان... ئێرانی دەست لە هیچ ناپارێزن. زۆر بێ‌ئینسافن. ئەگینا تەیموورخان، کە گوایە بۆ یارمەتی ورمێ هاتبوو و منیش لە دوژمنانی ئەو بووم، ئاخۆ کاولکارییەکانی ئەو، بۆ گوندەکانی ورمێ، زیاتربووە، یان هی لەشکری ئێمە؟!

ئێستاش وا لە ئەستەموول گەراومەتەوە. دەمەوێ هیچ دڵئێشەیەك لە نێوان ئێمە و دەوڵەتی مەزنی ئێراندا نەمێنێ. چونکە بە تەنگ ئەوەوەم: قەرەبووی کەموکووریی و ژیاندنەوەی رابووردوو بکرێت.. جگەلەمە، هەندێ راسپاردەشم بە دەمیی بە هەڵگری نامەدا ناردووە؛ عەرزتان بکات. هیوادارم بە گوێچکەی دڵسۆزانە بیبیستن.»[1]

بەڵام کاربەدەستانی قاجاری و لە سەروویانەوە ناسرەدین‌شا، زۆر رەق و توند وەڵامی ئەم هەڵوێستەی شێخیان دایەوە.[2] شێخ عوبەیدوڵڵاش شان‌بەشانی ئەم تەقەللایانە، خەریکی کۆکردنەوەی خەڵك و ئامادەکردنیان و رێکخستنیان بوو.

لە (٤/١٠/١٨٨٢ز)دا، شێخ عەبدولقادر بە (٤٠٠) کەسەوە هەڵمەتی بردبووە سەر «هورەمار» و گرتبووی و (٢٠) بەننای رێگەوبان و قەلآ و بورج و بار چاککردنەوەی لەگەڵ خۆیدا بردبووە ئەو ناوچەیە و خەریکی رێگەوبان چاککردن و دەستپێداهێنانەوەی قەلآ و بورج و بارەکانی ناوچەکە بووە. دوو نانەوایشی لەگەڵ خۆیدا بردۆتە هورەمار و دووکانی نانەوایی بۆ دامەزراندوون، تا رۆژانە نان بۆ ئەو خەڵکە زۆرەی لەشکرەکەی شێخ بکەن.[3]

---

[1] پاشکۆی ژمارە (١) – بەڵگەنامەی ژمارە (٥٩٩)

[2] پاشکۆی ژمارە (١)، بەڵگەنامەی ژمارە (٥٩٤)

[3] هەمان پاشکۆ، بەڵگەنامەی ژمارە (٦٠١)

١٤/٢: دواگرتن و بردنی بێگەڕانەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا

سوڵتانی عوسمانیش، کۆلۆنێل یوسف بەگی ناردە لای شێخ عوبەیدوڵڵا ، بەو نیازەی بە شێوەیەکی رەسمیی داوای لێبکات واز لە خۆئامادەکردنی جەنگیی بهێنێ. بەلام یوسف بەگ لە هەوڵدانەکەیدا نەگەیشتە ئەنجام.[١]

لە ناوەڕاستی مانگی ١٨٨٢/٨دا، کەمال بەگ، سێیەم سکرتێری سوڵتان هاتە وان، تا شێخ رازی بکات لە یەکێك لە شارە پیرۆزەکانی وڵاتی عەرەب دابنیشێت. بەلام شێخ گوێی پێنەدا و لە قەلای هوورەمار خۆی قایمکرد. هێزەکانی عوسمانی ئابلوقەی قەلاکەیاندا.[٢]

شێخ عوبەیدوڵڵا رازیبوو بچێتە مووسڵ دابنیشێت، بەلام دیسان بۆئەمەش بیانووی دەهێنایەوە و پەلەی نەبوو. لە هەمانکاتیشدا مەبەستی بوو داواکانی عوسمانی، بێ خوێنڕشتن جێبەجێ بکات. بەلام ئابلوقەدانی قەلاکە (١٨) رۆژ درێژەی کێشا و لە ئەنجامی بۆردومانێکی بێوچاندا، رووخا و تەپی. ئەم قەلایە ئەوەندە سەخت بوو، وەك رۆژنامەی «مشاك» نووسیبووی: «لەسەر جۆری دروستکردنی، هەراوهوریایەکی زۆری پەیداکرد و گەیشتە ئەو رادەیەی سەرنجی رۆژنامەکانی ئەوروپا رابکێشێت.»[٣]

قەلاکە داگیرکرا و هێزە چەکدارەکانی تورك بە فرمانی بابیعالی و سەرکردایەتی کامیل بەگ و مستەفا نەعیمپاشا، لە «٧ی زیالحەجە ١٢٩٩ کۆچی(١٨٨٢/١٠/٢١)دا، شێخیان بە دیل گرت و بە هێزێکی گەورەوە، لەگەڵ (١٠٠) خێزانی لایەنگری، رەوانەی مووسڵ کرا.[٤]

لە ١٨٨٢/١١/٢٧دا، گەیاندیانە مووسڵ.[٥]

شێخ داوایکرد هەر لە مووسڵ نیشتەجێ بێت، بەلام گوشاری بەردەوام و خواستی تورکیاش لەوەدابوو دوورتری بخەنەوە. شێخ هەتا ١٨٨٢/١٢/١٤،[٦] لە مووسڵ مایەوە.

---

[١] جەلیلی جەلیل – ل ١٥٥

[٢] هەمان سەرچاوە – ل ١٥٥

[٣] جەلیلی جەلیل – ل ١٥٦

[٤] هەمان سەرچاوە – ل ١٥٦. بەلام ئێعتمادوسەڵتەنە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت: ٢٧ شەوالی ١٢٩٩ کۆچی واتە ١٨٨٢/٩/١١ شێخ عوبەیدوڵڵا لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە گیرا و رەوانەی مەدینە کرا. (شرححال رجال ایران – جلد ١ – ص ٤٢١)

[٥] پاشکۆی ژمارە (١)، بەڵگەنامەی ژمارە (٦٠٧).

[٦] هەمان پاشکۆ، بەڵگەنامەی ژمارە (٦٠٦).

له ١٨٨٢/١٢/٢٣دا،[1] له بابیعالی‌یەوە فرمان بە کامیل‌بەگ کرا، کە شێخ بەرەو (مەدینـە) ڕەوانە بکات. ئـەویش لـە مووسڵەوە[2] شـێخی ڕەوانـەی ئەسـکەندەروونە کـرد و دواییـش بـۆ بەیرووت و لەوێشەوە بۆ حیجاز دوور خرایەوە و لەوێ لە «تائیف» نیشتەجێ بوو، تـا سـاڵی داهاتوو، کە شێخ لـە ڕۆژی عارفـەی ئـەو سـاڵەدا، بـۆ زیـارەتی حـەج چـووە و هـەر ڕۆژی عارفەش بە نەخۆشی «ڕشانەوە»، لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

ئەمەش مانای وایە ڕۆژی کۆچی دوایی شێخ عوبـەیدوڵلا دەبێتـە: «٩ی زی‌الحەجـەی ١٣٠٠ی کۆچی - ١٨٨٣/١٠/١٢ز».

سێ ڕۆژیش دوای مەرگی خۆی، هاوسەرەکەی و کوڕێکی،[3] بە هەمان نەخۆشیی، کۆچی دوایی دەکەن و لـە گۆڕسـتانی «موعـەللا»ی مەککـەی پـیرۆزدا، لـە نزیـك گڵکـۆی دایکـی بەڕێزی حەزرەتی محەمەد(د.خ) لە پاڵ یەکتریدا دەنێژرێن.[4]

---

[1] هەمان پاشکۆ، بەڵگەنامەی ژمارە (٦٠٨).

[2] چۆنێتی بردنی شێخ لە نەهرییەوە بۆ مووسڵ و دواتریش بۆ ئەسکەندەروونە، لە بەڵگەنامەکانی رووسیدا بە درێژی باسی لێوەکراوە،(بنوارە: جەلیلی جەلیل - ڕاپەڕینی کوردەکان - پاشکۆ).

[3] داخم ناچێ لەم جێگەیەی بیرەوەرییەکانی وەفاییدا نووسرابوو: «سێ ڕۆژیش دوای خۆی، هاوسەرەکەی و «کوڕی ڕەشیدی»»... بۆیە لە کاتی تەرجەمەکەیدا «کوڕی ڕەشید»م بە «شێخ محەمـەد سـدیق» لێکدابـووەوە و لە پێشەکی تەرجـەمـەی «بیرەوەرییـەکانی وەفـایی»دا هـەروام نووسـیبوو. کـەچی کـە دواتـر لـە سـەرچاوەی جێی‌باوەڕ، بۆم دەرکەوت کە شێخ محەمەد سدیق لە مەککە کۆچی دوایی نەکردووە. بەڵام کاتێ ئەمەم‌زانی، کە کتێبی ناوبراوم خرابووە سەر (ترێس) و بۆ چاپخانە دەچوو. بۆیە ئەم هەڵە دەقۆزمـەوە، تـا ئـەو هەڵەیـەم ڕاستبکەمەوە و داوای لێبـوردن لـە خوێنـەرانیش بکـەم. چونکـە شـێخ محەمـەد سـدیق، نـەك هـەر لـەو ئاوارەبوونەی باوکیدا، لەگەڵیدا نەبووە بەڵکو هەرچەند مانگێك دوای تێشکانی ڕاپەڕینەکە، خۆی لە سـەرانی عوسـمانی نزیك‌کردۆتەوە و بە یەکجارییش بە ڕێ و شوێنی باوکیدا نـەچووە و هـەر لەبەرئـەمـەش بـووە، کـە شێخ عوبەیدوڵلا زوو ناسیویەتی و هەتا خۆی لە ژیاندا بووە، هەر شێخ عەبدولقادری بە جێگـر و بڕواپێکـراوی خۆی زانیوە. شێخ عەبدولقادریش، کە دواتر و دوای مەرگی بـاوکی و دایکـی و دوای رووخـانی ئیمپراتۆریی عوسـمانی، ڕێگەی پێدرا بۆ ئەسـتەموول بگەڕێتـەوە. دوای گەڕانـەوەی، لـە مـاوەی نێـوان (١٩١٠-١٩٢٠ز) بەشداریی کاریگەری لە پێکهێنانی ڕێکخراوی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا کردووە و لە ساڵی (١٩٢٥ز)یشـدا، لە ئاکامی بەشداریکردنی لە شۆڕشی (١٩٢٥ز)دا، کە لە سەرکردە درەوشـاوەکانی ئـەو شۆڕشـە بـووە و شـێخ سەعیدی پیران ڕابەرایەتی کردووە. هێزەکانی تورك زۆر دڕندانە ئەو شۆڕشـەیان سـەرکوتکرد و ڕووناکبـیرانی کوردستانی تورکیایان بە سەدان و بە هەزاران گرتن و کوشتن، یان لە سێدارەیان‌دان، کە شێخ عەبدولقادر(لـە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا) و سەیید محەمەدی کوڕی، لە ڕۆژی (١٩٢٥/٥/٢٤ز)، لەگـەڵ شـێخ سـەعیدی ڕابـەری شۆڕشەکە و هەڤاڵانی‌تریاندا، لە تورکیا لە سێدارە دران.

[4] بیرەوەرییەکانی وەفایی، ل ٦٣

ئەنجام

لە چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە، واتە: لە نێوان هەردوو ڕێکەوتننامەی یەکەم (١٨٢٣) و دووەم (١٨٤٧)ی ئەرزەڕۆم، کە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانیدا مۆر کرا و گرژییەکانیانی خاو کردەوە، هەردوو دەوڵەت دەستیان کرد بە لەناوبردنی میرنشینە کوردییە نیمچە سەربەخۆکانی قەڵەمڕەوەکانیان و بەمەش ئەو هەندە ئازادییەی هەردوو بەشی کوردستانی بندەستی قاجاری و عوسمانی هەیانبوو، لە دەستیان دا و وەك کریس‌کۆچیرا دەڵێ: «کوردیان بێسەر هێشتەوە» و هەردوو دەوڵەتەکەش لەجێی ئەو میرنشینانە، کاربەدەستی ناکوردیان دامەزراند، کە ئەم کاربەدەستانە بێئەوەی لە تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی، کۆمەلایەتی، مێژوویی... کۆمەڵگەی کوردستان تێبگەن؛ کەوتنە بەڕێوەبردنێکی نەشارەزایانە و بێبەزەییانە و زاڵمانەی کوردستان و بە ئارەزووی خۆیان و بێپەروا دەسەلاتی چەوسێنەرانەی خۆیان و باج و سەرانەی زۆرتریان، ڕۆژدوایڕۆژ هەلکشاوتر دەکرد.

لەنێوان ئەو زوڵمە بێسنوورەی کاربەدەستانی هەردوو دەوڵەت و بێپشتیوان‌هێشتنەوەی جەماوەری کوردستاندا شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بە هۆی بنکەیەکی بەربلاو و پێشینەی ئایینی بەهێز و زیرەکی دووربینانەی خۆی و لە ئاکامی بەتەنگەوەهاتن و بەپیرەوەچوونی داخوازیی و تەنگوچەڵەمەکانی خەڵکی کوردستانەوە، لە دەیەی (١٨٧٠ – ١٨٨٠) دەبێتە بەرجەستەترین کەسایەتی مەزن و درەوشاوەی کوردستان، کە جەماوەری کوردستان بە دەرەتان و تروسکەی هیوای خۆی بزانێ.

شێخ عوبەیدوڵڵا لەبەردەم گێروگرفتی کەڵەکەبووی خەڵك و زوڵمی بەردەوامی کاربەدەستانی قاجاری و عوسمانیدا، بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی ڕێگەچارەیەك بۆ ڕزگاری خەڵك بدۆزێتەوە.

لەم پێناوەشدا کە بە مێژووی شۆڕش و ڕاپەڕینە بەرودواکانی کورددا دەچێتەوە، دەگاتە ئەو ئەنجامەی دەبێ شێوازێکی تازەی خەباتی ڕزگاری بگیرێتەبەر و هاوکاتیش لە دەیەی (١٨٧٠ – ١٨٨٠)دا، گەلانی ئەوروپا لە بوارەکانی ئابووریی، سیاسیی، فەرهەنگیی و سپاییدا، بەخێرایی لە پێشکەوتندا بوون و (نەتەوە) دەبووە بنچینەی دروستکردنی دەوڵەت و لەم بوارەشدا گەلانی باڵکان بە هۆی پشتیوانیی رووسیاوە توانییان دەوڵەتی نەتەوەیی

پێك‌بهێنین؛ كه به چاولێكـەریی لـەم دەرفـەت و تاقیكردنەوەیـە، گەلـی ئەرمـەنی هاوسێی دێرینەی كورد، لە دوا جەنگەكانی نێوان رووسیا – توركیادا و بەتایبەتیش لە جەنگی ١٨٧٧ – ١٨٧٨ ، بە نهێنی و بە ئاشكرا پشتیوانییان لە هێرشی لەشـكری رووسـیا، دژی دەوڵـەتی عوسـمانی كرد و بەپێچەوانەشـەوە گەلـی كـورد لەهـەمان ئـەو جەنگانـە و بەتایبـەتیش لـە دواجـەنگی رووسـی – عوسـمانیدا، شێخ‌عوبەیدوڵلا بـەدەم بانگـەوازی (غـەزا و جیهـاد)ی دەوڵەتی عوسـمانییەوە دەچێ و پشـتیوانیی لـە لەشـكری عوسـمانی دژی رووسـیا دەكـات و جەنگەكەش بـە تێكشـاندنێكی گـەورەی دەوڵـەتی عوسـمانی دوایـی دێـت و بـەدوای‌خۆیدا برسێتیی و هـەژاریی و قـات‌وقڕی و نەخۆشـیی و پەتایـەكی لەرادەبـەدەر دەهێنـێ و دەبێتـە مایەی بێزاریی و یاخیبوون و راپەڕینی جەماوەر لە زۆرجێگەی ئیمپراتۆری عوسـمانیدا و لـە هەمان كاتیشدا هەر دوابەدوای برانەوەی جەنگ، لە سەرەتای بـەهاری ١٨٧٨ و لـە هـەردوو رێكەوتننامەی سان‌ستیڤانۆ و بەرلیندا، كە ئاكامەكانی جەنگەكە سـەروبەر دەكـەن، رووسـیا لە پاداشی ئەو چاكەیەدا، كە گەلی ئەرمەن بەرامبەری كردووە، بەسـەر توركیـاوە دەیكاتـە مەرج، كە دەبێ ریفۆرمێكی شێوە ئۆتۆنۆمی لە ناوچە ئەرمەن‌نشینەكاندا بۆ گەلـی ئەرمـەن جێبەجێ بكرێ و بەوپێیـەش كـە ئـەو شـوێنانەی ئەرمەنـەكان دەیانویسـت ئۆتۆنۆمـی تێـدا جێبەجێ‌بكەن، زۆربەی كوردنشینەكانی قەڵەمڕەوی عوسـمانی بـوو؛ ئەمـەش هەڵوێسـتێكی دژواری بۆ كورد دروست‌دەكرد. چونكە دوای‌ئەوەی رووسیا و ئینگلستان ئـەم مەرجـەیان لـە بەندی (٦١)ی كۆنگرەی بەرلیندا دەچەسپێنن، دەوڵەتانی ئەوروپا و بەتایبـەتیش ئینگلسـتان پشتیوانیی ئەم مەرجە دەكەن و گوشاری جێبەجێكردنی بۆ سەر توركیا دەبەن.

توركیاش لەمە زۆر بێزار و توورە دەبێ و گەلی ئەرمەن بە مایەی دەستێوەردانی ولاتانی ئەوروپا لە كاروباری ناوخۆی دەزانێ‌و بەدوای رێگە چارەیەكدا دەگەڕێ، تا تۆڵە لە ئەرمـەن بكاتەوە. بەڵام چونكە لەو كاتەدا ولاتانی ئەوروپا پشتیوانییان لە ئەرمەن دەكـرد، نەیدەوێرا خۆی راستەوخۆ تۆڵەیان لێبكاتەوە، بەڵكو دەیویست دەرفەتی ئـەو هـەڵچوون و خرۆشـانەی گەلـی كورد بقۆزێتەوە، كە كێشـەكەی لەگـەڵ كێشـەی ئەرمـەندا ئاوقـای یـەكتر دەبـوون و بەمەش لە یەك كاتدا دوو نیشانی پێكەوە دەپێكا و كوشتاری گـەورە و خوێنـاوی لـەنێوانیاندا روویدەدا.

شێخ عوبەیدوڵلاش بۆ بەپیرەوەچوونی ئەم بارودۆخە نوێیە، بانگهێشتنی سەرانی ناوچـە جیاجیاكانی كوردستان بۆ بارەگاكەی خۆی لە نەهری دەكات و دوای زنجیرەكۆبوونەوەیەكی بـەردەوام، كـە چـەندان مـانگ دەخایـەنێ ، بـە رابـەری و رێنوێنـی شـێخ‌عوبەیدوڵلاچەند بڕیارێكی گرنگ دەدرێ:

١– كاری سیاسیی و دەوڵەتاندنی كێشەی رەوای كورد دەست‌پێ‌بكرێ، بۆئەوەی بەرلە كۆكردنەوەی هێز و لەشكر، بـە رێگـەی دیـالۆگ و نـاردنی نوێنـەر و نامـە بـۆ لای بـاڵوێز و نوێنەرانی ئەروپا و رووسیا و تەنانەت بۆ لای سەرانی قاجاری و عوسـمانی؛ كێشـەی رەوای

کوردیان بخرێتە بەردەم و ئەو وێنە بەزۆر ناشیرینکراوەی کورد، جوانتر نیشان بدەن، کە گەلی کورد نەتەوەیەکی ئازادی و ئاشتیخوازە و نایەوێ زیانی بۆ هیچکەس هەبێ و بۆ ئەوەش دڵنیابن شیاوی ئەوەیە، خۆی کاروباری خۆی بەڕێوەببات، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەرفەتێك بە کورد بدرێ و تاقی بکرێتەوە. ئەوسا ئەگەر نەیتوانی خۆی بەڕێوەببات، یان زیانی بۆ دەرودراوسێی هەبوو، ئەوا ئامادەیە لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرێت.

٢- یەکەمین ڕێکخراوی سیاسیی کوردی، بە ناوی (یەکێتی کوردان)، یان (کۆمەڵی کوردان) دروست بکرێ.

٣- خەبات بۆ ڕزگاری لە دەسەڵاتی عوسمانی و قاجاری دەستپێبکرێ و لە هەردوو ئەو بەشەی کوردستاندا، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دروستبکرێ.

بۆ ئەنجامدانی ئەم بەرنامەیەش، لە سەرەتادا شێخعوبەیدوڵڵا بەرنامەی ڕزگارکردنی کوردستانی بندەستی عوسمانی هەبوو. بەڵام دوای هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی کوردستان و بەو هۆیەوە کە دەوڵەتی عوسمانی، تازە لە جەنگێکی دۆڕاو ببۆوە و لەبەر زۆر هۆ (کە پێشتر باسکران)، بە چاكزانرا لەپێشدا شۆڕش لە کوردستانی ئێرانەوە دەستپێبکرێ و دوایی دەست بە ئازادکردنی کوردستانی عوسمانیش بکرێ.

لەم پێناوەدا لە کۆتایی مانگی (٩) و سەرەتای (١٨٨٠/١٠)دا، لە دوو قۆڵەوە لەشکری پێکهاتووی کورد لە جەماوەری هەموو ناوچەکانی کوردستان، کە نزیکەی (٣٠ تا ٤٠) هەزار کەس بوون، بە نیازی گرتن و ئازادکردنی کوردستانی ئێران، هێرشیان بۆ سەر موکریان و ئازەربایجان و ورمێ برد و لە سەرەتای هێرشدا لە قۆڵی موکریانەوە، کە شێخعەبدولقادر و هەمزاغای مەنگووڕ سەرکردایەتییان دەکرد، لەماوەیەکی زۆر کورتدا توانییان ناوچەیەکی فراوان: شنۆ، نەغەدە، سابلاخ، میاندواو ئازاد بکەن. بەهیوای پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان، کاربەدەست بۆ ناوچە ئازادکراوەکان دادەنێن.

لە قۆڵی (ورمێ)ش کە شێخ عوبەیدوڵڵا خۆی سەرکردایەتی دەکرد و بەرنامەی گرتنی شاری ورمێی بوو، دوای هێرش و پەلامار و شەڕ و تێهەڵچوونێکی سەخت و خوێناویی، کە نزیکەی مانگونیوێکی خایاند، هەردوو قۆڵەکەی موکریان و ورمێ، نەیانتوانی مەبەستەکانی خۆیان جێبەجێبکەن و هەردوو هێزەکە بەرودوا، لەدوای هەفتەی یەکەمی مانگی (١٨٨٠/١١) بەرەو مەرگەوەڕ و دواتر بەرەو نەهری پاشەکشێ دەکەن.

لەم شەڕانەدا، سەرەتا هەموو دانیشتووانی ناوچە عەجەمنشینەکانی میاندواو، مەراغە، بناو و ورمێ و دواتریش هەموو لەشکر و هەموو سەرانی بەرجەستەی لەشکری ئێرانی، لە سەرتاسەری ئێرانەوە بە پەلە کۆکرانەوە و ڕەوانەی قۆڵەکانی ڕاپەڕین کران و بە ڕقێکی ئەستوورەوە، دژی هێزەکانی کورد شەڕیانکرد... پێبەپێی ئەمەش، دەرباری قاجاری بەپەلە و پەژارەوە کاری دیپلۆماسی بۆ ڕازیکردنی رووسیا و ئینگلستان دەستپێکرد؛ تا رووسیا لەشکر

بگەیەنێتە سنوورەکانی ئێران – تورکیا و هاوکاتیش رووسیا و ئینگلستان گوشار بخەنە سەر تورکیا، تا لە سەرکوتکردنی راپەرینەکەدا بەشدارییان بکات.

ئەم شۆرشە، جگەلەوەی لەبەر زۆر هۆ، بۆ ناوچەکانی ئەردەلان و کرماشان و هەورامان نەتەنییەوە و نەبووە راپەرینێکی سەرتاسەری هەموو کوردستانی بندەستی قاجاری، لە هەمانکاتیشدا هەموو ئەو ناوچانەش کە ئازادکرابوون، بەزوویی لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە سەندرانەوە؛ کە ئەگەر هۆیەکانی تێشکانی سەربازییانەی شۆرشەکە بەسەربکەینەوە، بەم ئەنجامانە دەگەین:

١– هەیئەتی ئەرکان، یان سەرکردایەتییەکی شارەزای زانستەکانی جەنگ و تەجرەبەی جەنگینی نیزامی نەبوو.

٢– لە دەستە و تیپی لەیەکچوودا، بێگوێدانە خێڵ و ناوچە، کۆنەکرابوونەوە و رێکنەخرابوون. بەڵکو هێزی هەر خێڵە پێکەوە بە فەرماندەیی سەرۆکی عەشیرەتەکان کۆببوونەوە.

٣– نە فەرماندەکانی هێزەکە و نە جەنگاوەرانی لەشکرەکە، مەشقی جەنگیی دانەدرابوون.

٤– چەکی قورسیان نەبوو. چەکەکانیتریان بە زۆری خراپ و بەشێکیشیان چەکی ئاگرداریان هەر نەبوو.

٥– خۆراك و جلوبەرگ و پێویستییەکانیتریان دەبوو لە لایەن خۆیانەوە دابینبکرێ.

٦– لەشکرێکی نارێکوپێك، مەشقنەدیو، بێدیسیپلین، بێتەجرەبە... بە ئارەزووی خۆیان کۆببوونەوە و بە ئارەزووی خۆیشیان بلاوەیان لێکرد.[1]

بلاوەلێکردنەکەش کە هەر زوو دەستیپێکرد، لەبەر دوو هۆ بوو:

١– لە سەرەتای هێرش و پەلاماردا بۆ سەر میاندواو و دەوروبەری، هێزەکانی کورد کەوتنە کوشتن و تالانی و شرەخۆری ئەو ناوچانە و خەریکبوون بە گواستنەوەی ئەو تالانییانەوە، کە ئەمە وایلێکردن هەرزوو بەرەکانی شەر بەجێبهێلن و تالانییەکان بگەیەننە ناوچەکانی خۆیان.

٢– زۆر لە سەرۆكخێڵەکانی موکریان، بە نهێنی و بە ئاشکرا، لە پێش شۆرشەکە و لە گەرمەی شۆرشەکەدا، پێوەندییان بە لەشکری دەوڵەتی ئێرانەوە کردبوو، کە دوای خۆبەدەستەوەدانی هەر دەستەییکیان، دەبوونە مایەی دڵساردیی بەشدارانی شۆرش و چاولێکەریی بۆ سەرۆكخێڵ و خەڵکانیتریش.

بەڵام لە رووی سیاسییەوە سەرکەوتن و ئاڵوگۆری تازەی هێنایە کایەوە:

---

[1] سالحمحەمەدئەمین، ل ١٦٨

١- شۆڕشی ١٨٨٠ وەرچەرخانێکی نوێ و هەمەلایەنەی سیاسیی، فەرهەنگیی، کۆمەڵایەتیی بوو بە سەر بزووتنەوەی کورددا هات. چونکە تێکرای بزووتنەوەکانی پێشووتری کورد، هەر لە راپەرینی ئەمیرخانی برادۆست (١٦٠٩)، تا راپەڕین و شۆڕشەکانی نێوان چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدەی میرانی: سۆران، بابان، بتلیس، بۆتان و ئەوانی دواتریش، کە لە دژی زوڵم و زۆرداریی عوسمانی و سەفەوی و قاجاری راساون؛ هەموویان ئەنجامی پێشخواردنەوە و تەقینەوەی ئەو هەستە مێژینەیەی گەلی کورد بوون کە پێشتر لە سەردەمی شەرەفخانی بتلیسی(١٥٤٣-١٦٠٤) و دواتریش لە سەردەمی ئەحمەدی خانی(١٦٥٠-١٧٠٧)دا، سەری هەڵدابوو. ئەم هەستەش بریتی بوو «لە هەستی خۆبەبێگانەزانین لە رۆم و عەجەم، هەستی خۆبەکوردزانین، هەستی پێویستی یەکبوون و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی بەهێز، کە کورد و کوردستان لە دەستدرێژی و ململانێی نارەوای ئەو دوو هێزە بێگانەیە بپارێزێ».[1] بەلام لەبەر نەخەملین و نەرەخسان و« نەگەیشتنی هەلومەرجی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی... ئەم هەستە هەروەك نەبوو بە ئایدۆلۆژیای چینی هەڵبژاردەی کۆمەڵ و نەیشبوو بە خواستی خەڵك و بزووتنەوەی جەماوەر»، تا لە دواچارەکی سەدەی نۆزدەدا « هاوزەمان لەگەڵ سەرکەوتنی نەتەوەکانی ئاڵمان و ئیتالیا، لە پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی یەکگرتوودا و هاوزەمان لەگەڵ پەرەسەندنی خەباتی نەتەوەکانی باڵکان: بولگاریا، سرب، رۆمانی، یۆنان...دا، بۆ رزگاربوون لەژێردەستی تورك و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ، لە ئەنجامی ئەو گۆرانە ناوەکییە قووڵانەی لەرووی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیی...یەوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هات، خەباتی کورد چووە قۆناغێکی نوێوە، کە دەگونجێ دابنرێ بە سەرەتای گۆڕانی «هەستی نەتەوەیی» بۆ «هۆشی نەتەوەیی» و دانانی بناغەی سەرەتا گشتییەکانی چوارچێوەی ستراتیژی کاری نەتەوەیی کورد، لەپێناوی رزگاری و یەکگرتنەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆدا».[2]

٢- ئەم بەرنامە تازەیەی شێخ عوبەیدوڵلا، مەترسییەکی گەورە و تازەشی بۆ هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی و تەنانەت بۆ وڵاتانی ئەوروپا و بەتایبەتیش بۆ ئینگلستان و رووسیا پەیدا کرد، کە شێخ عوبەیدوڵلا بێ‌هەدادان تەقەللای دیپلۆماسییانەی ئەوەی لەگەڵیاندا دەدا قایلیان بکا پشتیوانیی لە داخوازییەکانی بکەن؛ چونکە بەدیهاتنی بەرنامەکەی شێخعوبەیدوڵلا دەبووە هۆی ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕواننەکراو و نەزانراوی تازە، لە تەرازووی هێزەکانی ناوچەکە و ئەو ململانێ بەتینەی رووسیا و ئینگلستان، لەسەر ئارام و دامرکاو راگرتنی ئێران و ئیمپراتۆری عوسمانی هەیانبوو، کە ئەم دوو هێزەی رووسیا و ئینگلستانیش لەو رۆژگارەدا گەورەترین زلهێزی جیهان بوون. لەبەرئەوە بەرنامەکەی شێخعوبەیدوڵلا دەبووە تێکدانی تەرازووی هێزەکانی نێودەوڵەتیی، کە وەك ئابوت دەڵێ :

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١٥٢ - ١٥٣

[2] سالحمحەمەد ئەمین، ل ١٥٢-١٥٣ (بە هەندێك دەستکارییەوە)

«ئەم بەرنامەیەی شێخ عوبەیدوڵلا دەبووە مایەی لەبەریەکترازانی ئیمپراتۆری عوسمانی و بزواندنی عەرەبەکانیش بۆئەوەی ئەوانیش داوای جیابوونەوە لە عوسمانی بکەن».[1] ... بۆیە گەورەباڵوێزی رووسیاش هەر سەبارەت بەم بەرنامەیەی شێخعوبەیدوڵلا دەڵێ : «شێخ دژی گەورەگەورەکان هەنگاو هەڵدەگرێ»[2]

هەرلەبەرئەمەش بوو کە رووسیا و ئینگلستان، نەك هەر بەدەنگ بانگەوازە زۆرەکانی شێخەوە نەچوون، کە داوای لێدەکردن بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد، ددانپیانانێکی نێودەوڵەتییان لێوەربگرێ؛ بەڵکو زۆر بەسەختی دژی داخوازییەکانی کورد وێستان و گەڵەکۆمەکی نێودەوڵەتییان دەکرد.

بەڵام لە هەمانکاتیشدا شۆرشی (١٨٨٠) سەرنجی دەوڵەتانی ئەورووپای بۆلای کێشەی کورد و گرنگیی جیۆپۆلێتیکی کوردستان راکێشا و لە جاران زیاتر بەچاوی بایەخپێدانەوە بنوارنە کوردستان، کە تەنانەت شۆرشی (١٨٨٠) بووە هۆی ئەوەی وڵاتێکی وەکو ئەمەریکا ، بۆ یەکەمجار دەوڵەتی ئێران بەشێوەیەکی رەسمیی بناسێ و دوو ساڵ دواتر، لە ساڵی (١٨٨٢)دا، بەناوی: بەرگری و داکۆکی لە مافی مەسیحییەکانی ناوچەکە، نوێنەری خۆی بۆ ئێران بنێرێ[3]

بەواتەیەکیتر: ئەم شۆرشەی (١٨٨٠) بووە مایەی ئاوردانەوەیەکی تازەی نێودەوڵەتیی لە کێشەی کورد، کە وەك ئابۆت دەڵێ : «ئەگەر تا ئەوکاتەش ئەورووپا دەنگی کێشەی کوردی نەبیستبێ، دەبێ ئاوری تازەی لێبدرێتەوە و لە دواڕۆژدا حسابی ئەوە بکرێ، کە دەبێ لەگەڵ کوردستان چبکرێ؟»[4]

٣ - بزووتنەوەی کورد لە هەردوو بەشی بندەستی قاجاری و عوسمانیدا، لەدوای لەناوبردنی میرنشینەکانی کوردەوە، بۆ ماوەیەکی درێژ هێوربوونەوەیەکی بەسەردا هاتبوو. سەرانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری خەریك بوو شێوە لەبیرچوونەوەیەکی کێشەی کوردیان بە سەر خۆیاندا دەهێنا. بەڵام ئەم شۆرشە بۆ هەردوو دەوڵەتەکە وریاکردنەوە و بیرخستنەوەیەکی پێویستی لا دروست کردن، کە سەرانی عوسمانی هەر زوو کەوتبوونە خۆیان و دەیانویست بۆ بەرژەوەندی خۆیان، باوەشی درۆزنانە بۆ کورد بکەنەوە و لەپێش و لە گەرمەی شۆرشەکەدا تەقەلای ئەوەیان دا، کێشەی کورد دژی ئەرمەن لەلایەك و لەلایەکیتریشەوە وەك گوشارێکیش بۆ هێنانەدی ئاوات و مەرجەکانی خۆیان، بەرامبەر ئێران بەکاریبهێنن... دوای دامرکاندنەوەی شۆرشەکەش، سەران و میران و میرزادە و شێخ و مەلای کوردیان، لەخۆیان نزیکخستەوە و مووچەیان بۆ زۆریان بڕییەوە و دواتریش لە

---

[1] بنوارە پاشکۆی ژمارە (١٣)، نامەی ئابۆت بۆ گرانڤیل

[2] بنوارە پاشکۆی ژمارە (١)، بەڵگەنامەی ژمارە ٥٩١

[3] کریس کۆچێرا، ل ٢٧

[4] بنوارە پاشکۆی ژمارە (١٣)

سالی (١٨٨٥) بەدواوە، هێزێکی گەورەیان بەناوی: سوارەی حەمیدییە، لـێ پێکهێنان، کـە لە کاتی بەکارهێنانی ئەم هێزەدا بۆ سـەرکوت و دامرکاندنـەوەی شۆڕشـی گـەلانی باڵکـان و ئاشنایەتی پەیداکردنی ئەفسـەرانی کـوردی نـاو ریزەکـانی سـوارەی حەمیدییـە، لەگـەڵ ئەفسەرانی ناسیۆنالیزمی تورکدا، هوشیاریی نەتەوەییان زیاتر گەشەی کرد و بەناو ریزەکـانی عەشایەر و شارەکانیشدا بڵاو دەبووەوە و... دواتریش رووناکبیرانی کـورد کەوتنـە دەرکردنـی رۆژنامـە بـە زمـانی کـوردی و پێکهێنـانی یانـە و رێکخـراوی سیاسـیی، کۆمەڵایـەتیی و فەرهەنگیی و دروستبوونی زنجیرە راپەڕین و شۆڕشەکانی چارەکی دووەمی سـەدەی بیسـت، کە دیارترینیان شۆڕشی (١٩٢٥) بـوو بـە سـەرکردایەتی «شـێخ سـەعیدی پـیران»ی هـەمان پەیڕەوی سەر بە رێبازگەی نەقشبەندی.

٤- ئەگەرچی دەوڵەتی عوسمانی لە دەمێکەوە و بـە تایبـەتیش لـەدوای برانـەوەی جـەنگی (١٨٧٨)ەوە، دەیویسـت لـە رێگـەی بـەگژداکردنی کـوردەوە، تۆڵـەی سـەخت لـە ئەرمـەن بکاتەوە، بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵا زۆر هوشیارانە گەلـی کـوردی لـەم پلانـە پاراسـت و بـەهۆی گواستنەوەی جوگرافیای شۆڕشەکەوە، لە کوردستانی عوسـمانییەوە بۆ کوردسـتانی ئێران، توانی (لە رۆژگاری خۆیدا) شانازیی دۆستایەتی کورد و ئەرمەن بپارێزێ.

بەڵام دواتر سەرانی عوسـمانی لـە رێگـەی سوارەی حەمیدییـەوە، ئـەو کۆنـە قینـەیان، بـە ئەرمەن رشت و لە چەند شاڵاوێکی بەربڵاوی درێژخایەندا، کـە دەبێتـە (٥) جـار: ١٨٩٤، ١٨٩٦، ١٩٠٥، ١٩١٥، ١٩١٨، قەتڵوعامێکی زۆر دڕندانـەیان لـە گەلـی ئەرمـەن کـرد... ئەمەش ئەوەی دەرخست کە ئەگەر دەسەڵاتی کورد بەدەست رێبەرانی خۆیەوە بوایـە، ئـەو چـەند شـاڵاوە دڕندانەیـەی بـەهۆی سـوارەی حەمیدییـەوە کرانـە سـەر ئەرمـەن، هـەرگیز روویان نەدەدا.

بەشی چوارەم
پاشكۆ

پاشکۆی ژمارە (١)

بەڵگەکانی ئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران

ئەم بەڵگانە لە بەرگی (٣)ی زنجیرە کتێبی «گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی» وەرگیراون، کە لە ساڵی ١٩٩٠ بە دواوە لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران «دفتر مطالعات سیاسی و بین‌المللی» دەست بە چاپ و بڵاوکردنەوەیان کراوە و تا ئێستا (٧) زنجیرەیان لێ بڵاو بووەتەوە.

ئەم بەڵگانە (٧٢) دانەن و لەو بەشە سەربەخۆیە وەرگیراون، کە بە ناوی (مسئله شیخ عبیدالله) و بە سەربەخۆ لە لاپەڕەکانی (٥٧١ تا ٧٦٨)ی زنجیرەی ناوبراودا بڵاو کراونەتەوە.

لە نێوان ئەم (٧٢) بەڵگەنامەیەدا، ژمارەی (١٦) بەڵگەیان تایبەتن بەو کێشە و گیروگرفتانەی پێش شۆڕشی(١٨٨٠)واتە ساڵانی (١٨٧٠ تا ١٨٨٠)ی نێوان شێخ عوبەیدوڵڵا و دەوڵەتی ئێران، کە ئەمانەن:

٥٤٥، ٥٥٩، ٥٦٠، ٥٦١، ٥٦٢، ٥٦٣، ٥٦٤، ٥٦٥، ٥٦٦، ٥٦٧، ٥٦٨، ٥٦٩/١، ٥٦٩/٢، ٥٧٠، ٥٧١، ٥٧٢. ئیتر ئەوانیتر هەموویان تەرخانن بۆ شۆڕشی ١٨٨٠.

ژمارەیەکیش لەم بەڵگانە مێژوویان بە سەرەوە نەبوو، یان هەڵە لە مێژووەکانیاندا هەبوون؛ ئەوانەشمان لە جێگەی خۆیاندا راستکردوونەتەوە.

بەڵگەی ژمارە: ٥٤٥

بابەت: کێشەی سنوور و شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: ١٨٧٣/٥/١٧ ز (٢١ ربيع‌الاول ١٢٩٠ کۆچی – ٢٦ / ٣/ ١٢٥٢ هەتاوی)

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢ / ع

لە باڵوێزی ئێرانەوە بۆ باڵوێزی باڵای عوسمانی

برووسکەی بەڕێز (موعینولمولك) باڵوێزی گەورەی دەوڵەتی باڵای خۆمان و ئەو وەڵامەی، کە بە فرمانی خاوەن شکۆ نووسرابوو، لە کۆڕی چاو پێکەوتنی دۆستانەدا، بە ئاگاداریی ئەو بەڕێزەم گەیاند. دەستبەجێ پێخۆشبوونی ئەو بەڕێزە و ئەوەی رابووردووم بە ئاگاداری خاوەن شکۆ گەیاند... دوای فەرمووده پڕ لە متمانەکانی خاوەن شکۆ سەبارەت بەو بەڕێزە، فرمانیان دا، ئەوەتان پێ‌رابگەیەنم، کە ناردنی راسپاردەی تایبەتی لەلایەن خاوەن‌شکۆوە، بە نامەی دۆستانەوە، کە لە برووسکەکەی بەڕێز (موعینولمولك) دەردەکەوت، دیاردەی ئەوپەڕی دۆستایەتی و مایەی شادمانیی خاوەن شکۆیە.

ئەگەر کۆمیسیۆنیش بۆ جێبەجێکردن و راستکردنەوەی داهاتووی سنوور، لە هەردوولایەنەوە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی پێویست پێك بێت، لەلایەن خاوەن شکۆوە پەسەندە و پشتیوانیی لێ‌دەکرێ. بەڵام هەروەك لە نووسراوەکەی خاوەن شکۆدا بە ئاگاداریتان گەیشت و لە دوورەوە برووسکە بۆ بابیعالی و باڵوێزی ئەم دەوڵەتە کرا، چارەسەری کارەکە ناکات. بە تایبەت لە رووی فەرمایشەکانی سوڵتان و گەورە باڵوێزی خۆمانەوە، کە لە قسەی شێخ دەگێڕنەوە و وا دەردەکەوێ کوردەکان لە بەهاردا هەموو بە یەکەوە بەڕێدەکەون. من ببم، یان نەبم، لە سەر شانی سوڵتانیی پێویستە، کە تا زووە، شێخ لە سنووری ئێمە دوور بخەنەوە، یان دڵنیامان بکەن، کە ئیتر لە ناو خاکی عوسمانییەوە هێرش ناکرێتە سەر خاکی ئێران. ئەگەر ئاوا نەبێ، چۆن بەم دەم و دەستە کۆمیسیۆن پێکدێ! یان نامەی خاوەن شکۆ و نێردراوی تایبەت دەگاتێ!؟ چونکە ئەمانە هەموویان پێویستییان بە وەختێکی زۆرە و ئێمەش بۆ هەردووکیان ئامادەین. بەڕێزتان لە رووی ئەوپەڕی خێرخوازیی و ئاگادارییەکی کە دەستتان خستووە و لەگەڵ ئەو فەرمایشانەی لە رۆژی مەولوودی حەزرەتی محەمەددا، لە زمانی موبارەکی بابیعالی بیستووتانە، بە برووسکە بابیعالی لەم بابەتانە ئاگادار بکەنەوە.

برووسکەیەکی ئاواش لە وەزارەتی دەرەوە، بۆ بەڕێز موعینولمولك، گەورە باڵوێز دەنێردرێ. لەوە زیاتریش بێزارتان ناکەم.

بەڵگەی ژمارە: ٥٤٦

بابەت: ڕێگرتن لە دەستدرێژیی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: نییە (دوای هەڵاتنی شێخ لە ئەستەمووڵ و گەڕانەوەی بۆ نەهری - واتە: دەبێ دوای مێژووی مانگی ٩ی ١٨٨٢ بێت.)

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢/ع

نامەی وەزارەتی دەرەوە بۆ ناسرەدین‌شا

بەسەرگەردی خاکی بەرێی موبارەکی هومایوونتان بم، هەر کە زیارەتی دەستخەتی هومایوونەتانم کرد، خێرا میرزا «مەهدی‌خان»م بۆ لای ئیلچی گەورە نارد و بە گوێرەی فرمان لە رووی نووسراوەکەوە ناوەڕۆکەکەیم تێگەیاند، داواشم لێکرد تا لێپرسراوێکی ناسراوی خۆیان بنێرێتە لای شێخی (واوا لێکراو)، تا بە توندی ڕێ لە هاتنی بگرێ. ئەویش وتبووی ئەگەر بۆ گەماڕۆی ورمێ بەرێ بکەوێ (کە جەنابیشتان لەو هەواڵە ئاگادارن)، لێپرسراوی باڵوێزخانەش هیچی لەگەڵ پێناکرێ و بگرە هەر ئەو لێپرسراوە، خۆیشی دەکەوێتە مەترسییەوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە، بەڵێنی دابوو بە گورجی برووسکە بۆ ئەستەمووڵ و موشیری (وان) بەرێ بکات و جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی دەستخەتی هومایوون ئاساتان بە پەرۆشەوە بە دەوڵەت و موشیری وان بگەیەنێت.

میرزا مەهدی‌خان سەبارەت بە ناردنی لێپرسراوێك، پێی داگرتبوو؛ کە تا فەرمایشی نامەی موبارەکتان بەجێ‌نەهێنێ نەگەڕێتەوە. چونکە میرزا مەهدی بۆی دەرکەوتبوو، کە هیچ لێپرسراوێکی عوسمانی، چ ناسراو، چ نەناسراو، لە باڵوێزخانەدا نین. بۆیە بۆی دەرکەوتبوو، کە پێداگرتنەکەی، لە سەروو توانای باڵوێزەوە بووە. بەڵام لەبارەی جەختکردن بۆ برووسکەناردن بۆ ئەستەمووڵ و وان و پەلە لێکردنیان لەسەرئەوەی، کە هەتا زووە، ریشی ئەم شێخە (واوا لێکراوە) بگرن و بیکێشنە دواوە؛ دریغی نەکردووە و ئێستاش کە سەعات دوو و نیوی دوای نیوەشەوە، لەوە زیاتر پرکێشی ناکەم و بەربەیان، بە هەر دژوارییەکیش بێت، میرزا مەهدی‌خان دەچێتە باڵوێزخانە، تا بزانێ ئێلچی گەورە، برووسکەکەی چۆن نووسیوە و هەر خۆیشی وەڵامەکەی لە ئێلچی گەورە وەردەگرێتەوە، تا بە پەلە جەنابتان ئاگادار بکاتەوە.

لە ئاخاوتنەکەدا روون نەبوو ئەم قسەیەی چۆن کردووە، کە لە هەواڵە تەلگرافییەکانی ئێوەدا، لای منەوە، گومانێکی تێدا نییە. بەڵام ئەم هەواڵە، لەگەڵ هەندێ هەواڵی‌تردا یەك ناگرنەوە و دەبووایە ئێلچی هەرچییەکی کردبایە، بە ئاگاداری ئێوەی هێژا گەیشتبا.

پەراوێز: دەستخەتی ناسرەدین‌شا:

جەنابی وەزیر. وا دیارە بە هەڵە تێگەیشتوون. گوایە لێرەوە، لە باڵوێزخانەی عوسمانییەوە لێپرسراوێك بچێت و ریشی شێخ بگرێ و بیگێڕێتەوە! بەڵكو نووسیبووم: لە ئەستەمووڵەوە فرمان بدرێ، لێپرسراوێكی سەربازیی جێی بروا، لە لەشكری (وان)ەوە بچێتە لای شێخ، تا پێشی پێ بگرێ و فرمانی سوڵتانی پێڕابگەیەنێت. هەڵبەتە دەبێ هەواڵەكە بۆ باڵوێز راست بكرێتەوە و لەو هەڵەیەی دەربێنن.

بەڵگەی ژمارە: ٥٤٧

بابەت: هاتنی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ سنووری ئێران

مێژوو: نییە (دوای هەڵاتنی شێخ لە ئەستەموول و گەڕانەوەی بۆ نەهری. واتە: دەبێ دوای مێژووی مانگی ٩ی ١٨٨٢ بێت.)

كارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢/ع

نامەی وەزارەتی دەرەوە بۆ ناسرەدین شا

بە قوربانی خاكی بەرێی گەوهەر ئاسای پیرۆزتان بم. دەستخەتی شای گەورە و فەرمانرەوام زیارەت كرد و بووە هۆی شانازیم. پێش ئەوەش زیارەتی نامەكەتان بكەم، نامەیەكم ناردە خزمەتتان و تیایدا داواكاریی خۆم بۆ رێگە چارەی دووەم پێشكەش خاكی بەرێی موبارەكتان كردبوو. ئەگەرچی وادیارە پێش خوێندنەوەی نامەكەی من، جەنابتان لە مەسەلەكە گەیشتوون و فەرمووتانە؛ بەڵام دیسانیش بە پێویستم زانی دوو مەسەلەی دیكەش رابگەیەنم:

یەكەم: لە مەڕ هاتنی وەزیر موختاری رووس، ئەگەرچی هەر فرمانێكی موبارەكتان هەیە بیفەرموون، با دانیشتنەكەی پێ تێر و تەسەل بكەین و چاوپێكەوتنەكان وشك و بێگیان نەبێت.

دووەم: ئەو نامەیەی كە لەمەڕ وەڵامەكانی وەزیر موختاری ئینگلیس، ناردمە خزمەتتان، پێم مەرحەمەت بفەرموون، تا لە روویەوە برووسكەیەك بۆ (روكن‌الدولە) بنێردرێ، با ئەویش بۆ بەڵگە تۆماری بكات.

پەراوێز: دەستخەتی ناسرەدین‌شا:

لەلایەن منەوە رێز و خۆشەویستیم پێشكەش وەزیر موختاری رووس بكە و ئەحواڵی بپرسە. بە تایبەتی بڵێ كە زۆری پێخۆشە بتانبینێ. چونكە هەندێ فەرمایشی هەیە بۆتان. ئەمەیش بە دەمیی بڵێ و لەمەڕ هەڵاتووەكانی (شاسەوەن)یشەوە گفتوگۆ بكەن و لەو دەمگۆیەی هاتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا و هاتوچۆكردنیشی لە سنوورەكانی شاری (خۆی) و

(ئەواجیق)، کە ناوبانگی دەرکردووە؛ بپرسە و پێیان بڵێ لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێراندا ناگونجێ. بەوە رازی بێت، کە ئەم شێخە سەگبابە بگەڕێتەوە سنووری ئێران و تیایدا هاتوچۆ بکات.

بەڵگەی ژمارە: ٥٤٨

بابەت: شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: نییە (دوای هەڵاتنی شێخ لە ئەستەموول و گەڕانەوەی بۆ نەهری. واتە: دەبێ دوای مێژووی مانگی ٩ی ١٨٨٢ بێت.)

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢/ع

نامەی وەزیری دەرەوە بۆ ناسرەدین‌شا

وەرگێڕدراوی برووسکەی میرزا ئاغاخان بە ئاگاداری همایۆن دەگات. لەوەی لە هەلومەرجێکی وادا عوسمانییەکان لە بوونی ئەمیر نیزام تۆقیون، گوایە شتێکی وتووە. چونکە چەند رۆژێك لەمەوبەر رۆژنامەی حاجی حەبیب بەگ، کە ئەمیر نیزام ناردبووی و بە عەرزی موبارەکیشتان گەیشت، باس لەم کردەوەیە دەکات. رەنگە لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا سەردانی شێخ لەم ناوچەیە، بە جۆرێك چارەی خێرای بۆ لەبەرچاو گیرابێ. بیروڕای نۆکەرانت پوخت نین. بەڵام بۆ ئاگاداریتان زیانیشیان نییە. هەڵبەتە رای هەڵە و راستەقینە، رای ئێوەی مەزنە.

پەراوێز: دەستخەتی ناسرەدین‌شا:

جەنابی وەزیر: خوا یار بێ سبەینێ کە هەینییە، دێمە شار. شەویش لە شاردەمێنمەوە. سەر لە بەیانی رۆژی شەممە، لە دەرباری گەورە خڕببنەوە. لەم بارەیەوە ئەرکی پێویست بە ئاگاداریتان دەگات.

بەڵگەی ژمارە: ٥٤٩

بابەت: بڕینی سنوور، شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: نییە (دوای هەڵاتنی شێخ لە ئەستەموول و گەڕانەوەی بۆ نەهری. واتە: دەبێ دوای مێژووی مانگی ٩ی ١٨٨٢ بێت.)

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢/ع

نامەی وەزیری دەرەوە بۆ ناسرەدین‌شا

بە قوربانی خاکی بەرپێی وەك گەوهەری پیرۆزتان بم.

دوای ئەوەی مۆڵەتم لە خزمەتتاندا وەرگرت، هەر کە گەیشتمە ماڵەوە، باڵوێزی رووسم ئاگادار کرد. ئەویش هات. ئەوەندەی کە رێگەتان فەرمووبوو، قسەمان لەگەڵیدا کرد. باسی ژمارەی قشوون نەهاتە ئاراوە. وا دیارە مێژووی برووسکەی (وان)، پێش برووسکەکەی ئەوانە بۆ ئێمە. دیسان بە برووسکە لەوە دەکۆڵمەوە، با بزانم لە چ رۆژێکدا برووسکەی کۆنسوڵەکەیان گەیوەتە تفلیس!

راپۆرتی دانیشتن لەگەڵ باڵوێزی گەورە و هەروەها وەڵامەکانی ئەویشم لەگەڵ ئەمدا خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە وەڵامدا وتی: منیش هیوادارم هەر بەمجۆرە بێت. هەواڵێکی خۆشی پێ بوو، کە ئەم نۆکەرە گیان فیدایەت بە چاکی زانی خێرا پێت رابگەیەنێت:

ئەمرۆ مسیۆ غرس برووسکەیەکی لە رووی برووسکەکەی (نۆڤیکۆف) باڵوێزی گەورەی ئەستەمووڵەوە کردووە؛ کە دەڵێ: سوڵتان بە توندی لە دوای شێخی نارد، تا بێتە لای، بەڵام شێخ بەقسەی نەکردووە. کە بڕوای باڵوێزی گەورە لە برووسکەکەیدا ئەمە بووە، کە ئەگەر بێتو شێخ، ئەمجارە بگەڕێتەوە و سنوور ببەزێنێ و دەستدرێژیی بکات، یان ئاژاوە بنێتەوە، ئەوا ئەو هێزانەی دەوڵەتی عوسمانی، کە لە سنووردان، بە بێگومان و بە دڵنیاییەوە، بە توندی بەرهەڵستیان دەبن.

وەزیر موختار بەم هەواڵە زۆر گەشابووەوە و گێڕانەوەیشی بە مزگێنی دەزانێ. ئەم هەواڵەم تەنیا لەبەر ئاگاداری زاتی موبارەکتان راگەیاند. ئەمری پیرۆزتان لە سەر سەرمە.

پەراوێز: دەستخەتی ناسرەدینشا:

جەنابی وەزیری دەرەوە. لەو شتانەی نووسیوتە، ئاگادار بووم. هەواڵی وەزیری موختاری رووس، کە سەبارەت بەبرووسکەکەی (غرس) داویتی، زۆر چاکە. بەڵام ئێوە هەرئێستا ئەم هەواڵە بە رەمز بۆ (موعینولمولك) بنێرن و سبەینێ زووش بیدەن بە (مخبرالدولە)، تا بۆ ئەستەمووڵی بنێرێ و ئەوەش بنووسێ، کە ئەم هەواڵە، لە زمان (نۆڤیکۆف)ی وەزیر موختاری رووسەوە بێژراوە کە ئەویش لە رووی برووسکەکەی غرسەوە وەریگرتووە. ئێوەش کە باڵوێزی ئێمەن و لە ناو جەرگەی کارەکەدان، دەبووایە ئێوە زووتر لەم هەواڵە ئاگادار ببونایە و بە ئێمەتان رابگەیاندبایە. بۆ کەمتەرخەمیتان کردووە و راتان نەگەیاندووە!؟ برووسکەکە زوو بنێرن و پێیان رابگەیەنن، کە دەبێ زوو وەڵام بدەنەوە.

بەڵگەی ژمارە: ٥٥٠

بابەت: بەرگری لە ئاژاوەی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: نییە (دوای هەڵاتنی شێخ لە ئەستەموول و گەڕانەوەی بۆ نەهری. واتە: دەبێ دوای مێژووی مانگی ٩ی ١٨٨٢ بێت.)

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢/ع

نامەی وەزیری دەرەوە بۆ ناسرەدین‌شا

فیدای خاکی بەرپێی وەك گەوهەرت بم. فەرمووبووتان هەڵە لەوەدا کراوە، کە باڵوێزی عوسمانی لێرەوە لێپرسراوێك بنێرێت، تا پێش بە شێخ بگرێ. لە کاتێکدا دەبووایە لە ئەستەمووڵەوە برووسکەیەك بکەن، تا لەوێوە سەرکردایەتی لەشکر بنێردرێ. دوێنێ شەو، ئەم داخوازییانە لە گەورە باڵوێز کرا. ئەویش دەستبەجێ فەرموودەی جەنابتانی بە ئەستەموول ڕاگەیاند و داکۆکی زۆری لەسەر بەجێهێنانی ئەمری موبارەکتان کردبوو. بۆ لە هەڵە دەرهێنانی باڵوێزیش، بە فەرموودەی جەنابتان، هەر ئێستا، کە خۆرئاوا بووە، میرزا مەهدی‌خان بەڕێ کرا، تا باڵوێز لەم داوایە ڕزگار بکات.

ئەمرۆ کە پێنج شەممەیە و پۆستی ئازەربایجانیش دەکەوێتە ڕێ و بەڵگە و نامەکانی ئەستەمووڵیش دەبات؛ شەرحێکم لەسەر ئەم بابەتە بۆ (معین‌الملك) نووسی، تا نامەکانی شێخ عوبەیدوڵڵاش، کە درابوونە باڵوێزی عوسمانی، خودی نامەکان، یان وێنەکان بۆ ئەستەموول بەڕێ بکات. ئەو دوو فرماننامەیەش کە ئەسڵەکانیان نێردرابوون، نموونەکانیانیشم بە مۆری باڵوێز مۆر کردووە و ژمارەی نامەیەکیش کە ئەوانەی لەگەڵدا ناردبوو؛ هەڵگرتوە و ناردم بۆ (معین‌الملك)، تا ئەسڵەکەی لەوێ وەربگرێت و بە خزمەت سوڵتانی بگەیەنێت. کاکڵی نامەی موبارەکیشتانم پێ نووسی و داکۆکیم لە سەر ناردنی ڕاسپێردراوی تایبەتی و دەستەبەر کردنی پێویستگەلی پاشەکشەی شێخ کردووە.

پەراوێز: دەستخەتی ناسرەدین شا:

جەنابی وەزیر، زۆر چاکە، جا نازانم هەواڵتان لە سەفارەتی ڕووس، سەبارەت بە برووسکە کردنی فەرموودەی دەمیی هەیە، یان نا!؟ لەوبارەوەیەوە هەواڵ بپرسە و ئاگادارم بکە.

بەڵگەی ژمارە: ٥٥١

بابەت: ناردنی فرمانی وەزارەت بۆ (٥) دەوڵەت و ناردنی بابەتی شێخ عوبەیدوڵلا

مێژوو: نییە (بەڵام دەبێ سەرەتای مانگی ١٠ و ١٨٨٠/١١ بێت)

کارتۆن: ١٤

دۆسییە: ١٢/ع

پێرستی داخوازی وەزارەتی کاروباری دەرەوە

بە گوێرەی فرمانی گەورە و بەتوانا و مۆڵەتی شکۆداری هومـایوونی پایەبـەرز و سـێبەری خوا (رۆحمان بە قوربانی بێت)، بە شانازییەوە بەدەست گەیشتنی ئـەو رەشنووسـەی خـۆم رادەگەیـەنم، کـە بـە وەزارەتـی دەرەوەم پێشکەشـکردووە و بـۆ بـاڵوێزی ئـــەو (٥) دەوڵەتـــە نێردراوە، کە نارەزاییان دەربڕیوە،[1] تا هەرکاتێك پەسـەندکرا، ئـەوا (٥) نوسـخە لـە هـەمان رەشنووس بە بێجیاوازیی بۆ باڵوێزانی ئەو (٥) دەوڵەتە بنێردرێ. رەشنووسێکیشـم سەبارەت بەکێشەی شێخ عوبەیدوڵلا و کوردان بۆ باڵوێزەکانی هەر سێ دەوڵـەتی عوسـمانی و رووس و ئینگلیس ئامادەکردووە و هاوپێچ ناردمە خزمەتی بەرێتان، کە ئەگەر دەسکارییەکی پێویست بوو، شـەرەفی ئـەوەم هـەبێت، بـە قەڵەمـە پـڕ موعجـیزە و موبارەکەکـەتان چاکیـان بکـەن. ئەمرۆش دوو نوسخەم لەو رەشنووسە ئامادە کردووە و بۆ ئەوانەم ناردووە. فرمانی گەورەش بۆ جەنابتانە.

نەوابی حشـمت‌الدوله، بارەگاکەی بۆ دەرەوەی دەروازەی ئەسپسوارییەکە گواستۆتەوە. سەبارەت بەدیداریان لەگەڵ گەورەباڵوێزدا، کە دوێنێ عەرزی بەرێیی هومایوون کـرا، ئێسـتا داروبارەکە ئاڵوگۆڕی بەسـەردا هاتووە و لەبارەی داوای لێبووردن، یـان بریـاری دیدارەکـەوە، هەرکامێکیان کـە جـەنابتان بـە پەسـەندی دەزانـن بیفـەرموون. ئـەم نۆکـەرەتان جێبـەجێی دەکات.

دەستخەتی ناسرەدین‌شا:

١- جەنابی وەزیر. دیداری گەورەباڵوێز و حشـمت‌الدوله زۆر لەجێی خۆیدایەتی. ئیـتر جەنابتان بە هەرجۆرێك ئەو دوانە بە یەکتر دەگەیەنن؛ راوێژەکە لای خۆتانە.

٢- نوسخەکان راست و تەواون. بیاندەن؛ با بگەیەنرێن.

---

[1] واتە دەربارەی راپەڕینەکەی کورد، نارەزاییان دەربڕیوە.

بەڵگەی ژمارە: ٥٥٢

بابەت: گرتنی شێخ عوبەیدوڵلا، بە هاوکاری لەشکری ئێران و عوسمانی

مێژوو: نییە (دوای کشانەوەی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ نەهری. واتە: دەبێ مێژووی مانگی ١٢ی ١٨٨٠ بێت).

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢/ع

نامەی ناسرەدین شا بۆ وەزیری دەرەوە

لە دوایین برووسکەی ئەمیر نیزام دا، وا دەردەکەوێ کە سپای عوسمانی بە رەنگاریی شێخیان پێ نەکراوە و لە هێزەکانی تۆقیون و هەروا گەڕاونەتەوە. شێخیش ئەمرۆ سبەی دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی لە ناو چیا. کەوابوو بە پەلە برووسکەیەکی توند وتیژ بۆ (معین‌الملك) لێبدەن و ئاگاداری بکەن تا هەر بەو توند و تیژییە بە گەورەباڵوێز رابگەیەنێت، کە سپای عوسمانی نەیانتوانیوە بەر بە شێخ بگرن.

زۆر سەیرە! کە سپای دەوڵەتی عوسمانی و فەرماندەکانی نەیانتوانیوە رێگە لە یاخییەکی واوا لێهاتوو بگرن، لە سنوور بپەڕێتەوە و خۆی بەماڵیانڵا بکات. ئەگەر لە کاتی ئاوادا دەوڵەتی عوسمانی، هێزێکی بەوجۆرەی لە سەر سنوورەکاندا بۆ بەرەنگاریی نییە، خۆ بە پێی رێکەوتنی نێوان دوو دەوڵەت، قۆشەنی هەردوولا یەکن و جیاوازییان نییە. کەوا بوو بهێڵن با لەشکری ئێران، لەگەڵ سپای عوسمانی، لە دوولاوە پەلاماری (ناوچیا)ی خانەی ئەو جەردە واوالێکراوە بدەن و دەستبەجێ باوکی بسووتێنن و گوێیبگرن. ئاشکرایە دوای سەرکوتکردنی ئەو ئاژاوەگێڕە و شێنەیی بوونەوەی سنوورەکان، لەشکری ئێران بێدواکەوتن دەگەڕێتەوە خاکی خۆی... هەڵبەت هەروا کە نووسیویە، خێرا برووسکە بۆ (معین‌الملك) بکات و لەگەڵ گەورە بالێۆزدا قسە بکات و برووسکەکەش بۆ ئەمیرنیزام رەوانە بکات.

بەڵگەی ژمارە: ٥٥٣

بابەت: دوورخستنەوەی کوڕانی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: نییە (دوای گرتنی یەکەمجاری شێخ عوبەیدوڵڵا یە بۆ ئەستەمووڵ. واتە: دەبێ مێژووی دوای مانگی ٦ی ١٨٨١ بێت.)

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢/ع

نامەی وەزیری دەرەوە بۆ ناسرەدین شا

بەسەرگەردی خۆڵی بەرپێی گەوهەر وێنەی پیرۆزتان بم. لە جەنابی ئەمیرنیزامەوە برووسکەیەك دەربارەی کوڕانی شێخ عوبەیدوڵڵا و ئەوانەوە گەیشتووە، کە لەگەڵ ئەم نامەیەدا دەینێرمە خزمەتی موبارەکتان (رۆحم بە قوربانت بێت).

چونکە ئەم نۆکەرە گیان فیدایەت لە ئاوەز و هۆشی موبارەکتان ئاگادارم و دەمزانی ئەمر دەکەن، کە ئەم بابەتە بە برووسکە بۆ ئەمیرولمولك بنێردرێ؛ بۆیە بە گەیشتنی برووسکەکە، دەستبەجێ برووسکەیەکی رەمزی بۆ ئەستەمووڵ کرا، کە ناوەرۆکی برووسکەی ئەمیرنیزامیشی لەگەڵدا بوو. موعینولمولك ئەوجۆرەی پێویست بوو لەمەڕ داخوازی دوورخستنەوەی کوڕانی شێخی شەرانیی و شتەکانیتر، ئامۆژگاری کرا، تا چ بکا و روونووسی ئەو برووسکەیەی کە بۆ موعینەلمولکیش کراوە، لەگەڵ برووسکەکەی جەنابی ئەمیرنیزام دەنێرمە خزمەتی موبارەکتان (گیانم بە قوربانت بێت). برووسکەیەکی رەمزیشم بۆ میرزا ئاغاخانی کاربەدەستی وان نارد و ئەویشم لە ناوەرۆکی برووسکەکەی ئەمیرنیزام ئاگادار کرد. ئەو وەڵامەش کە بە برووسکەکەی ئەمیرنیزام دراوەتەوە، ئەوا دەینێرمە خزمەتی موبارەکتان.

ئەمری پیرۆزتان لە سەر سەرمە.

پەراوێز: (دەستخەتی ناسرەدین شا):

برووسکەکەی ئەمیرنیزامم بینی. قسەیەکی تازەی تێدا نییە. هەر ئەوەیە کە هەمیشە وتوومە، تا ئەم دوو کورە نەفرین کراوە، دەرنەکرێن و هەمزاغا تەسلیم ئێمە نەکەن، نەك هەر کارەکە ناتەواوە، بەڵکو هەروەك سەرەتا وایە. دەبێ بە هۆی باڵوێزەکان و موعینولمولك و باڵوێزی رووسەوە زۆری بۆ بهێنن و کارەکە تەواو بکەن.

بەلگەی ژمارە: ٥٥٤

بابەت: خۆبەدەستەوەدانی شێخ عوبەیدوڵلا

مێژوو: نییە (دوای کشانەوەی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ نەهری. واتە: دەبێ دوای مانگی ٦ ی ١٨٨١ بێت).

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢/ع

برووسکەی وەزارەتی دەرەوە بۆ باڵوێزخانەی ئێران لە ئەستەمووڵ

روونووسی برووسکە رەمزییەکە بۆ موعینولمولك

سەبارەت بەچوونی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ ئەستەمووڵ، یان خۆبەدەستەوەدانی هەواڵ چییە؟. لە سنوورەکانی لای ئێمەوە، هیچ هەواڵێك نییە، جگە لەوەی کە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی تەقەللا دەدەن لە رێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی، یان لە رێگەی ئامۆژگارییەوە، شێخ بهێننە ژێر فرمان. ئەویش تا ئێستا هەر دەستی دەستییان پێدەکات. ئەوانیش نەیانوێراوە ناچاری بکەن. لەشکر و لێپرسراوانی هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانیش لە بێباکیی و کات بە فیرۆدانی ئەم شێخە (واوا لێکراوە)، دەستەوەستان و گیرۆدە داماون. ماوەیەکە ئێوە هەواڵی خۆبەدەستەوەدانی ئەوتان بە برووسکە راگەیاندووە، کەچی هیچ شوێنەوارێکی نییە، ئەگەر شتێك بوو دەستبەجێ ئاگادارمان بکەن.

بەلگەی ژمارە: ٥٥٥

بابەت: پاراستنی سنوور لە دەستدرێژیی شێخ عوبەیدوڵلا و کوردەکان

مێژوو: نییە (دوای کشانەوەی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ نەهری)

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢/ع

نامەی وەزیری دەرەوە بۆ ناسرەدین شا

رۆژنامەی چاوپێکەوتن و ئاخاوتنی نۆکەرتان لەگەڵ گەورە باڵوێزی عوسمانی. ئەمرۆ سەعاتێك پێش خۆرئاوا بوون، باڵوێزی مەزنی عوسمانی هاتە دیتنی نۆکەرتان. لە دوتوێی ئاخاوتنەکەیدا رایگەیاند، کە لە بابیعالییەوە برووسکەیەکی بەمجۆرەی بە دەست گەیشتووە:

هەموو برووسکەکانتانمان بە دەست گەیشتووە. پارێزگارییەك کە سەبارەت بە پاشای خاوەنشکۆ خواستبووتان، بە جێدەهێندرێ. بەڵام بریاری پاراستنی داهاتووی سنوورەکان بە پێی مەرج، بەستراوەتەوە بە دوایی هاتنی کێشەی یۆنان ـەوە.

مەبەستی باڵوێزی مەزن ئەوەیە، کە بڕیار وابوو بۆ پاراستنی سنوورەکان لە دەستدرێژیی شێخ و کوردەکان، بڕیاری نووسراو لە وەزارەتی دەرەوە بۆ موعینولمولك لە ئەستەمووڵ و لە باڵوێزخانەی گەورەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە لە تاران دەربچێت. چی لەوەش باشترە کە

بەدیهاتنی ئەو دوو دۆزە، بە هۆی نامەی سوڵتانەوە بێت، کە بە راسپێردراوێکی تایبەتیدا دەینێرن و دەڵێ کە من برووسکەیەکم بۆ ئەستەموول کردووە، وا باشە ئێوەیش برووسکەیەکی لەو جۆرە بۆ موعینولمولك بکەن.

ناردنی نامە و راسپاردنی هاورێیەکی تایبەت، هۆی رەزامەندیی هومایۆن دێنێتە دی. هەڵبەتە ناوەرۆکی نامەکە دەستەبەری پەیمانی پارێزگارییەك دەکات کە جەنابی همایۆن خواستبوویان. ئێوەش لێکۆڵینەوەی پێویست بکەن. ئەوسا ئێمەش لە چۆنێتی نامەکە و سەعاتی بەرێکەوتنی راسپێردراوەکە ئاگادار بکەن.

دەستکەوتی وتوویژی باڵوێزی مەزن، هەر ئەوانە بوون، کە عەرزم کردن.

بەڵگەی ژمارە: ٥٥٦

بابەت: گرتنی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: (تەنیا ٢٢ی جمادیالاولی بە بێ ساڵ پێوەیە)، کە دیارە دەبێ (٢٢ی جمادی الاولی ساڵی ١٢٩٨ کۆچی بێت. بەم پێیەش مێژووەکەی دەبێتە: ١٨٨١/٤/٢٢ ز).

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢/ع

برووسکەی باڵوێزخانەی ئێران لە ئەستەموڵەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە

سوپاس بۆ خوا، لە سایەی سەری همایۆنەوە کارەکان جێبەجێ دەبن. ئێستا وەزیری دەرەوە، بە پێی فرمانی جەنابتان هاتە لام و وتی: گرتن و هێنانی شێخ دەرچووە. ئەگەر بێتو مل نەدات، چەکی لەگەڵدا بە کار دەهێنرێ. بۆیە ئەگەر شێخ هاناتان بۆ بهێنێ، وەڵامتان چییە؟ وتم بە هۆی برووسکەوە پرسیار دەکەم. بەڵام بێگومان پشتیوانیی لێناکرێت. بێ دواکەوتن وەڵام بنێرنەوە و بە ئازەربایجانیش رابگەیەنن ئامادەبن. چونکە لەوانەیە شێخ خۆی تێکەڵ خەڵك بکات و هەڵبێ.

سوپاس بۆ خوا، پاش چەند مانگێك هەناسەیەکی ئۆخەیم هەڵکێشا

بەڵگەی ژمارە: ٥٥٧

بابەت: دەربڕینی رەزامەندیی لە تاراندنی شێخ

مێژوو: نییە (دوای کشانەوەی شێخ بۆ نەهری دەبێ دوای مانگی ٤ی ١٨٨١ بێت).

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢/ع

نامەی ناسرەدین شا بۆ وەزیری دەرەوە

جەنابی وەزیر، برووسکەکانی ئەمیرنیزام و رۆژنامەی میرزا جەوادخانم خوێندەوە. زۆر چاکە، بە ئەمیر نیزام رابگەیەنن خێرا هەواڵەکان بەرێ بکات. بۆی بنووسن، دەزانن بە چ

جۆرێك سەبارەت بە تاراندنی ئەو واوالیهاتووە، بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی، دەبێ ڕەزامەندیمان دەرببڕین. ئەویش خۆی لای گەورەباڵوێز ڕەزامەندی خۆی دەرببڕێ. هەڵبەت دەبێ دەستخۆشانەش بەو کاربەدەستانە و بەرپرسانەی عوسمانی بوترێ، کە لەم پێناوەدا هەوڵیانداوە.

بۆ ئاگاداری وەزارەتی دەرەوە و ئەمیرنیزام، پێش بە دەست گەیشتنی ئەم نامە و برووسکانەی ئێوە، نامەیەکم بۆ نووسیون. دیارە سەرنجتان داوەتێ. ڕەوانە و حاڵی بکرێ.

بەڵگەی ژمارە: ٥٥٨

بابەت: تاراندنی کوڕەکانی شێخ و بە چۆکداهێنانی عوبەیدوڵلا و ناردنی بۆ ئەستەموول

مێژوو: (بەڵگەکە مێژووی نیە، بەڵام مێژووی برووسکەکە دەبێتە: ١٨٨١/٧/٢٥ واتە: ٢٨ی شەعبانی ١٢٩٨ کۆچی)

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢/ع

برووسکەی کارگێڕی ئێران لە وان بۆ وەزارەتی دەرەوە

بە پێی فرمانی جەنابتان چاوم بە والی پاشا کەوت و سەبارەت بەم شتانە لەگەڵیدا ئاخاوتم: بڕیارنامەی نێوان دوو دەوڵەت، تاراندنی کوڕەکانی شێخ، پشکنینی ناوچەکەی ئێستایان، گرتن و خۆبەدەستەوەدانی هەمزاغا و شوێنەکەی، کە لە سەرەرێی نزیك سەردەشت هەڵکەوتووە، هەلاتنی سدیق، وتووێژی موعینولمولك باڵوێزی گەورە، لەگەڵ وەزیری دەرەوە و سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانیدا و ناردنی فرمانێك بە موشیرپاشادا، تا ئەوانە بە دەست بهێنێ. لەگەڵی ئاخاوتم و وتم ئەگەر کوڕەکانی و هەمزاغا نەڕۆن، کار ناتەواوە و بگرە لە سەرەتاش خراپتر دەبێ.

بە ئاشکرا نەیوت بڕیاری ناردنی کوڕەکانی شێخ لە بەرژەوەندی نییە، بەڵکو وتی ئەوانە لە دەسەلاتی خودی سوڵتاندایە. دەبێ بەراویژ و وریاییەوە کار بکرێ. (١٠) ڕۆژیتر شێخ دەگاتە ئەستەموول، لە گرتن و ناردنی کوڕەکانیدا پەلە مەکەن، چاك وایە لەسەرخۆ کار بکەن.

دوایی چوومە لای موشیرپاشا و چاوم پێکەوت. دەیوت بە پێی فرمان شێخمان نارد. دڵنیاشین کە نایەڵن بگەڕێتەوە. بەڵام نازانین چی لەگەڵ دەکەن و بۆ کوێی دەبەن! شێخیش خۆی زانی و وتی: بۆ هەرکوێم دەبەن، با خێزانەکەشم لەگەڵ بێت. وتم: قادری کوڕت لێرەیە. وتی: جا ئەو چی لە دەست دێت؟! وتم: با بچێتە ئەستەموول، ئەوسا هەر شوێنێکیان بۆ هەڵبژاردیت، خێزان و کوڕەکەشت بۆ دەنێرن.

قادر ئێستا لە نەهرییە و دوای گەیاندنی شێخ بۆ ئەستەموول، ناردنی ئەوانیش بۆ ئەستەموول هیچ گومانێکی تێدا نییە.

فرمانی گرتنی سدیق، لە وەزیری دەرەوە بۆ موشیرپاشا نەگەیشتووە. سدیق دەڵێ رووی لە باوکی وەرگێڕاوە. خێزانەکەی کە خزمی عەلیخانی شکاکە، بۆ ئێرانی ناردۆتەوە، نازانرێ ئێستا خۆی لە کوێی ئێراندایە!

هەمزاغاش لە خاکی ئێمەدا نییە. لە خاکی ئێران و سنووردایە. ئەگەر لە خاکی ئێمەدا بێت، پێم رادەگەیەنن. بۆیە پێویستە لە سەرمان سدیق بتارێنین و هەمزاغاش بە چۆکدا بێنین. دەبێ ماوەیەکیش ئاراممان بێت، تا گەیشتنی شێخ و دەست پێکردنی کار، نۆکەرتان چاودێری دەکات و لە کار غافڵنابم.

بەڵگەی ژمارە: ٥٥٩

بابەت: دیاریکردن و لێکۆڵینەوە دەرباری ئەو زیانانەی لە هۆزی هەرتووش دراون.

مێژوو: ١٨٧٣/١٢/٣٠ (٨ی زیقەعیدەی ١٢٩٠ کۆچی - ١٢٥٢/١٠/٩ هەتاوی)

کارتۆن: ١٤

دۆسییە: ١٢/ع

نامەی باڵوێزی عوسمانی لە تاران بۆ وەزارەتی دەرەوە.

لە ناوەرۆکی وەڵامنامەکانی بەرێز وەزارەتی دەرەوە، بە مێژووی ٢٦ی شەوالی ١٢٩٠ کۆچی، سەبارەت بەوەی کە هەندێك لە خێڵی هەرتووش-ی سەر بە عوسمانی؛ کە لە خاکی ئێراندان و هێرشیان کردۆتە سەر خێڵی میلان-ی سەر بە (وان)؛ لە ئاکامی لێکۆڵینەوەی کاربەدەستانی هەردوولاوە دوایی پێهێنراوە. ئەو جەنابە بەرێزەش لەو نامانەدا فەرمووتانە کە لەلایەن کارگێری کاروباری دەرەوەی ئازەربایجان و باشبەندەری دەوڵەتی باڵای نیشتەجێ لە تەورێزەوە، دوو کەسی بێلایەن و بەویژدان رۆیشتوون و لە چۆنێتی کارەکە و بری ئەو پارەی زیان و کەلوپەلە تاڵانکراوەیان کۆڵیوەتەوە و دەستنیشانیان کردووە، چاوەڕێی ئەوەبوون لەلایەن دۆستدارەوە وەڵامیان پێبگات. ئێمەش بەوپەڕی رێزەوە ئەوە دەزانین کە ئەمکارانە مایەی ماندووبوونن. چونکە ئەو برگەیەی کە تایبەتە بە کارەکەی جەنابی شەخسیەتی پایەبەرزی: شێخ عوبەیدوڵڵا ئەفەندی، کە تا ئێستا بۆتە هۆی درێژەپێدانی ئەم هەموو دانووساندن و نامەگۆڕینەوانە و مخابنی سەرانی دەوڵەتی عوسمانی؛ بەراستی دەبووایە ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجامبدرایە، تا هەق و راستیی، سەقامگیربن...[1]

---

[1] ئەم بەڵگەیە تا ئێرە پێوەندی بەم مەبەستەی ئێمەوە هەیە.

بەڵگەی ژمارە: ٥٦٠

بابەت: لێکۆڵینەوە لەو زیانانەی کە لەلایەن شێخ عوبەیدوڵڵاوە لە ئێران دراوە.

مێژوو: ١٨٧٤/١/٥ (١٤ زیقەعیدەی ١٢٩٠ کۆچی - ١٢٥٢/١٠/١٥ هەتاوی)

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢ / ع

وەڵامنامەی وەزارەتی دەرەوە بۆ باڵوێزی عوسمانی لە تاران (وەڵامی باڵوێزی عوسمانی)

لە وەڵامی نامەی (١٨٧٣/١٢/٨)ی ئەو بەڕێز و گەورەیەدا، کە سەبارەت بەکارەساتی شێخ عوبەیدوڵڵا تکایان کردبوو، تا لەگەڵ لێکۆڵینەوەی زیانەکانی هەرتووشدا، لە زەویوزاری دانیشتووانی قەڵەمڕەوی ئێران و ئەوەی «میلان»یشی بخرێتە تەك؛ لە بارەگای خاوەن شکۆش مۆڵەت وەردەگیرێ و بەوپەڕی ڕێز و پێخۆشبوونی تەواوە، کە هەمیشە پێشنیاری سەرۆکانی دەوڵەتی بەڕێزی ئێران بووە و زەحمەتتان پێدەدرێ (کە دیارە ئەم ڕاگەیاندنە بە برووسکە بۆ خاوەن شکۆش دەچێ) و دوای وەرگرتنی وەڵام لەلایەن خاوەن شکۆوە، خێرا ناوی فەرمانبەرانی ئەملا، بە حوزوور و خاتری بەڕێزتان دەگات، کە بە یارمەتی خوا، فەرمانبەرانی هەردوولا، بەوپەڕی یارمەتی و ڕەزامەندییەوە، خەریکی ئەنجامدانی ئەرکی خۆیان دەبن، یان با لای بەڕێزتان ڕوون ئاشکرا بێ، کە شوێنی کۆبوونەوەی فەرمانبەران لە جێی ڕووداوەکان دەبێ، کە بە وردی و لە ڕووی بێلایەنییەوە و بە لە بەرچاوگرتنی کەرەسەی لێکۆڵینەوەوە، دەست پێدەکەن. هەمیشەش ڕێزی زۆری من بۆ خۆتان پایەدار بزانن.

بەڵگەی ژمارە: ٥٦١

بابەت: لێکۆڵینەوە لە کارەساتی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: ١٨٧٤/٣/٧ (١٨ محرم ١٢٩١ کۆچی - ١٧/١٢/ ١٢٥٢. هەتاوی)

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢/ ع

نامەی باڵوێزی عوسمانی بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران

جەنابی بەڕێزی خاوەن گەورەیی و پشتیوانی دڵسۆزی هەموو لایەك

هەڵبەت ئەو خۆشەویستە ئاگادارن، کە بە پێی خواست و ڕەزامەندیی پایەبڵندانی دەوڵەتی باڵای ئێران، بەڕێز (ئەمیر سادق) لەلایەن کارگێری گەورەی دەرەوەی ئازەربایجانەوە، بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بەداوای جەنابی شێخ عوبەیدوڵڵا ئەفەندییەوە نێردرابوو و ناوبراو چووبووە شوێنی کارەساتەکە و ئەرکی خۆی بەجێهێنابوو. نامەیەکیشی بۆ (مقرب الخاقان میرزا یوسف خانی ڕاوێژکاری وەزیران نووسیوە؛ کە لەو سەردەمەدا

کاربەدەست و لێپرسراوی ئازەربایجـان بـووە، کـە بـەندەتان دەستنووسێکی لـیٚ‌پێچایەوە و لەگەڵ ئەم نامەیەدا بۆم ناردیت، تا ئەو بەرێزە چاوی پێی بکەوێ و بزانێ کـە ئـەم رووداوە بەو جۆرە سەلێنراوەی فەرمانبەری بەرێزی ئێوە بووە. ئەی ئیتر چۆن رەوایە لە بەر هـەندێ روونکردنەوە و تێکەولێکەی (شوجاعدەولە)، لەبەرچاوگرتن و بە لاداخستنی ئـەو شـتە، بـەو هەموو ئینساف و گەورەناسییەی بەرێزان و سەرانی ئێرانەوە، ئەم هەمووە پشتگوێ خـراوە؟!
لەمە زیاتر بێزارتان ناکەم.

بەڵگەی ژمارە: ٥٦٢

بابەت: لێکۆڵینەوە لە ناکۆکی نێوان شوجاعدەولە و شێخ عوبەیدوڵلاٚ

مێژوو: ١٨٧٤/٣/٧ (١٨ محرم ١٢٩١ کۆچی - ١٧ /١٢/ ١٢٥٢ هەتاوی)

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢ / ع

پاشکۆی نامەی باڵوێزی عوسـمانی بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە - نمرە ١٨٩

«دەستنووسی نامەی گەورەپیاو: ئاغا ئەمیرسادق بەرپرسی لێکۆڵینەوە بۆ مقرب الخاقـان میزرا یوسف خانی راوێژکاری وەزیران و لێپرسراوی رابووردووی ئازەربایجان»

خاوەنی هەموو لایەك. بەندە، کە بـە پێـی فرمـانی جـەنابی بـەرێزی خاوەنمـان (خـوا بەختـەوەرتری بکـات)، هـەروەها لەبـەر بـەرزەوەندی و فرمـانی بـاوەرپێکراوانی دەوڵـەتی پایەبـەرز، بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەو ناخۆشـییەی کـەوتبووە نێوانـی جـەنابی بـەرێزی شێخعوبەیدوڵلاٚ(خوا بیپارێزێ) و پێشکاری (امیر الامرإ **العظام** شـوجاعدەولە)، راسپێردرابووم و چوومە ئەو ناوچەیە، ئەو هـەڵدێر و رژد و تەلانـە زۆر سـەیر و سـەمەرانەی، کـە مـن لـە سەفەری کوردستان دیمن، جێی سەرسورمانە. لە سەختی و هەڵـەمووتی کێوەکـان و رێگـەی (ناوچیـا)، چ بنووسـم! دژوارییـەك، کـە لـەو سـەفەرەدا پێـم گەیشـتووە، لـە سـەفەری فەرەنگستانیش نەمکێشاوە. دوای گەیشتنی بەندە بۆ ناوچەی ورمێ، هەر شتێ کـە لـە رووی سەرنج و لێکۆڵینەوەوە لەم ناوچەیە و دەوروبـەری گـیرم خسـتووە و لـە کەسـانی بێلایـەن و کەسانی راستگۆ و باوەر پێکراوم پرسیوە؛ خوا هەڵناگرێ زوڵم و زۆرێکی لە رادەبـەدەریان لـە جەنابی شێخ عوبەیدوڵلاٚ (خوا بیپارێزێ) کردووە. راستییەکەیشی ئەوەیە کـە کاربەدەسـتانی (پێشکار امیرالامرإ **العظام** شجاع الدولە)، لـە قشـوون و سـەرباز و جاشـە کوردەکـانی شـنۆ، هێزێکی زۆریان بردووە و چوونەتە سەر گوندی جەنابی شێخ (خوا راگیری بکات) و رژاونەتە ناو گوند و بە جارێ کەوتوونەتە تاڵان و برۆ و (٤٨) کەسیشیان لەو گونـدە کوشـتووە. هـەر چەندە کە جەنابی شێخ (ئەو پیاوە گەورەیە) لەلایەن خاقانی خوالێخۆشبوو (محەمەد شـا) و لە کەسانی وەك (نەواب اشرف ئەمجەد والاٚ) و لە (وەلیعەهد - گەورەییەکەی هـەر پایـەدار بێت) و پێشکار ئاغای مسـتەوفی و جـەنابی سـاحێب دیوانـەوە، چـەندان فرمـان وبەڵگـە و

قەواڵەی پێیە، کە بە هیچ جۆرێك و هیچ کەسێك مافی دەستدرێژیی کردنە سەر دێهاتی شێخی بەڕێزی نییە و من خۆم ئەو قەواڵە و فرمان و نامانەم یەکەیەکە بە چاوی خۆم بینین و خوا یار بێت وێنەیان لێدەگرمەوە و دەیاننێرمە خزمەتتان.

رواڵەتی وا دەردەکەوێ کە (امیرالامرإ العظام شجاع الدوله) خەیاڵی ئەوەی هەبووە، بە هەر رێگەیەك بێت، ئەم چەند گوندە لە دەستی جەنابی شێخی گەورە و بەڕێزە دەربهێنێ، کە لە راستیشدا ئەو هەموو زەوی و موڵکە دەوڵەتییەی کە (میری‌میران شوجاعدەوله) لەم سنوورانە و بەم ماوە کەمە، کۆی کردوّتەوە، لەتوانای یەکێك لە ئەمیندارانی دەوڵەتدا نییە و عەقڵ قبووڵی ئەوە ناکات، کە ئەم هەمووە بە زێڕ و پارە سەندرابێ و ئەوەی من بۆم دەرکەوتووە، بە زۆری زۆردارەکی سەندراوە. منیش دوای گەڕانەوەم لەم سەر سنوورانە بۆ ورمێ، ئاماری سەرلەبەری زیانەکان دەگرم و دەینێرمە خزمەتتان و هەر لێکۆڵینەوەیەکی‌تریش لە ناوچەی ورمێ کراوە؛ ئەوانیش بە زوویی بۆ خزمەتتان دەنووسم.

بەڵگەی ژمارە: ٥٦٣

بابەت: پێکهێنانی لیژنە بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: ١٤/٥/١٨٧٤ (٢٧ ربیع‌الاول ١٢٩١ کۆچی – ٢٥/٢/ ١٢٥٣ هەتاوی)

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢ ع

نامەی باڵوێزخانەی عوسمانی لە تاران بۆ وەزارەتی دەرەوە

جەنابی بەڕێزی گەورە و پشتیوانی یاران، دڵسۆز، دلۆڤان

وەڵامنامەکەی ئەو بەڕێزە، لە ٢١/٥/١٨٧٤دا، بە نمرەی (٤)، دەربارەی کارەساتەکەی شێخ عوبەیدوڵڵائەفەندی گەیشت، بەڵام چونکە لەو نامەیەدا هەمدیسان باسی رووداوی هەرتووش کرابوو، بە ئاشکرایی دەڵێم کە بەندەتان ویست و ئەرکی دەوڵەتی باڵای ئێرانم عەرزی بارەگای باڵا کرد، کە ئەگەر بلوێ و پێویست بێت، لێکۆڵینەوەی ئەویش بنێرنە ئەو کۆمیسیونەی بۆ ئەم بەشە ناوبراوە گیراوە، یان بە کۆمیسیۆنێکی‌تر، بەمجۆرە لەوپەڕی رێزدا داوام هەیە کە جەنابی موستەتاب اشرف کۆمیسیۆنی ئەم بەشەی کارەکە جەنابی شێخ دوا نەخەن و لە کاتی هاتنی فەرمانبەرانی ئەملا، من ئاگادار بکەن، تا بنووسم فەرمانبەرانی ئەولاش وا بێن، کە گەیشتنیان پێکەوە بێت. لەوە زیاتریش بێزارتان ناکەم.

مۆری: محەمەد تاهیر مونیف

بەڵگەی ژمارە: ٥٦٤

بابەت: لێکۆڵینەوە دەربارەی کێشەی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: ١٨٧٤/٥/٢٠ (٤ ربیع الثانی ١٢٩١ کۆچی - ١٢٥٣/٢/٣١ هەتاوی)

کارتۆن: ١٤

دۆسیە: ١٢ / ع

وەڵامنامەی وەزارەتی دەرەوە بۆ باڵوێزی عوسمانی

نامەی ژمارە ٥٦ی ڕێکەوتی ١٨٧٤/٥/١٤ی نمرە ٢٣ی ئەو بەڕێزە، سەبارەت بەکارەساتی شێخ عوبەیدوڵڵا ، کە بەڵێنێتان فەرمووە؛ باری سەرنجی منیش دەبارەی ئەو پرکێشییەی بەرامبەر «هەرتووش»ییەکان کرابوو، لەگەڵ وەڵاماکەی ڕێکەوتی ١٨٧٤/٥/١١، نمرە (٤٠)، عەرزی بارەگای گەورە دەکەیت. دیاریکردنی کاتی ڕۆیشتنی کاربەدەستانی بەرێزی دەوڵەتی ئێرانیشتان ویستبوو، بە دەستمان گەیشت و بەوپەڕی ڕێزەوە زەحمەتی وەڵامەکەیمان کێشا و تا ئەوپەڕی تواناش تەقەللای پێکهاتن و یارمەتی لە توانادا دەدەین، بە فەرمایشەکانی ئێوە پێشنیار کرا. لێپرسراوی دەوڵەتی باڵا، بۆ کۆمیسیۆنی ناوبراو، تا ڕۆژی (١٨٧٤/٦/١٥)، لە تارانەوە بەڕێ بکەون. بەڵام بەم نامەیە بە روونی و راشکاویی دەڵێم و زەحمەتتان دەدەم، کە هەتا دەتوانیت دەوڵەتی بەرزی عوسمانی، مەرجێك لە ماف سەندنەوەی مافەکانمان لە کارەساتی شەڕ و دەستدرێژییەکانی عەبدولرەحمان ئاغادا، دیاری نەکەن، ئەوا بە هەمان شێوە، ئاکامی لێکۆڵینەوەی کێشەی شێخ عوبەیدوڵڵا ئەفەندیش بەرەو پێش ناچێ و مافەکانی وەکو یەك لە وەختی خۆیدا، لەبەرچاو ناگیرێ.

بەڵگەی ژمارە: ٥٦٥

بابەت: بە دەنگەوە چوونی داخوازیی شێخ عوبەیدوڵڵا ، لە سەر سنوور

مێژوو: ١٨٧٤/٤/٢١ (٤ی ربیع الاول ١٢٩٢ کۆچی - ١٢٥٣/٢/٢ هەتاوی)

کارتۆن: ١٥

دۆسیە: ١٢ / ع

نامەی وەزارەتی دەرەوە - نمرە ٣

بۆ باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی دەنووسرێ.

ئەو جەنابە گەورە رەوشتە، باش دەزانن کە ئەو کۆمیسیۆنەی لەسەر سنوور بۆ چارەسەری داخوازییەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا درووستکرا و کاربەدەستیشی بۆ دیاریکرا، زۆر درێژەی کێشاوە، بۆیەش تا ئەو بەڵگە و فرمانانەی کە شێخی ناوبراو لایەتی، با ببینرێن، کە بە هۆی ئەو بەڵگە و فرمانەوەیە لە ژێر موڵکایەتی ئەو و لە ژێر دەستی دەوڵەتدایە، چاوەنوارین هەر گوندێك بێ هیچ بەهانەیەك، چ لە دەست، یان بە پێی ئەو فرمانە بەو

درابێ، هەمدیسان بیدەنەوە، ئەگەریش وا نەبێ، ئەوا هەق وایە بە پێی یاسای پێشینە، ئەو ناوچەیە (کۆراڵ) بکرێ و باج و خەراجەکەیشی حکومەتی (خۆی) وەری بگرێ، کە باجی (٣) ساڵە و نەیانداوە. کەچی شێخی ناوبراو تا ئێستا ئەو بەڵگە رەوایەی نیشان نەداوە و لەوەش زیاتر ناتوانین لە بەر گوێ‌لێ‌خەواندنی شێخ، لە دانی باج و خەراج، دەوڵەت لە ماڵی خۆی ببوورێ، یان کاربەدەستانی هەردوولا، بێهوودە لەوێ بمێننەوە.

لەبەرئەوەی زەحمەتتان پێدەدرێ لە مێژووی نووسینی ئەم نامەیەوە، تا دوومانگی دیکە، ئەگەر ئەو بەڵگە و قەواڵانەی، کە دەڵێ هەمە، با نیشانی کاربەدەستانی هەردوولای بدات، ئەگینا دەسەڵاتدارانی حکومەتی (خۆی) ئەو فرمانەی ئەو، هەر هەمووی، بێ بناغە و هەڵبەستراو دەزانن و دەست دەکەن بە وەرگرتنی باج و خەراجی ئەمساڵ و (٣) ساڵی رابوردوو لە رووی یاسای (کۆراڵ)ەوە. تکایە ئەو بەرێزە جەلالەتمەئابەش لەم بارەیەوە رەزامەندیی بە کاربەدەستانی خۆی رابگەیەنێت. بەندەش بە (مقرب‌الخاقان محمد علی خان سرتیپ)ی راسپێردراوی دەوڵەتی بەرزم راگەیاندووە. هەروەها فرمانی کارکردنی لەمجۆرەشم بۆ فەرمانڕەوایەتی (خۆی) ناردووە. هەمیشە رێزتان لای من هەر هەیە. لەوە زیاتریش بێزارتان ناکەم.

بەڵگەی ژمارە: ٥٦٦

بابەت: کۆمیسیۆنی هاوبەش بۆ کێشەی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: ١٨٧٥/٧/١٧ (١٣ جمادی الآخر ١٢٩٢ کۆچی)

کارتۆن: ١٥

دۆسیە: ١٢ / ع

نامەی باڵوێزی عوسمانی لە تاران بۆ وەزارەتی دەرەوە

جەنابی بەرێزی بەشەرەفی گەورە و پشتیوانی دۆستان و دڵسۆزی هەمووان

کۆمیسیۆنی دوولایەنە سەبارەت بەداوای جەنابی شێخ عوبەیدوڵڵا ئەفەندی، نزیکەی ساڵێکە پێکهاتووە. بە جۆرێك کە پەیتاپەیتا گازندەی لێ‌هاتۆتە لامان. کاربەدەستانی ئێران لە ماوەی ئەم یەك ساڵەدا، لە باتی ئەوەی تەقەللای خۆیان بۆ خستنەرووی راستییەکانی کێشەکە تەرخان بکەن، نازانم لەبەرچی خەریکی خۆنەبان‌کردنن، لە حەق و راستیی رووداوەکان! کاربەدەستانی عوسمانی بەم هەموو دژوارییەوە کە هەیانبوو، راستیی و درووستیی حاڵیان نیشانداوە و دایانە خزمەت دەوڵەتی خۆیان.

ئێستا جەنابی شێخ عوبەیدوڵڵا ئەفەندیش، لەو رووەوە کە چاوی لە نیعمەت و کەرەمی دەوڵەتی ئێران هەبووە، بەدنمەکی نەکردووە و لەبەر پاراستنی دین و موسڵمانەتی، ملی بۆ بەرژەوەندی داوە. وەکو بیستوومانە خێرا چۆتە لای هەردوو دەوڵەت. لەبەر ئەمە بارەگای گەورە رایگەیاندووە، کە پێکهێنانی کۆمیسیۆنی ناوبراو ئیتر بێ‌مانایە و هەڵیبوەشێننەوە و

نوێنەرانی کاربەدەستانی عوسمانی بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و بە هەمان شێوەش دەوڵەتی ئێران هەمان فرمان بە کاربەدەستانی خۆی رابگەیەنێت.

بەمجۆرە مافەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەم نێوانەدا دەمێنێتەوە. ئەگەر هەوڵ و تەقەللاکانی جەنابی شێخ، جێ نەگرێ و مافی عوسمانی نەدرێ، ئەوا ئەو کاتە بارەگای گەورە، هەرچی پێخۆش بێت دەیکات.لەوە زیاتر بێزارتان ناکەم.

مۆر: محەمەد تاهیر مونیف

بەڵگەی ژمارە: ٥٦٧

ناوەرۆك: دەستدرێژیی عەشایەر و شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: ١٨٧٦/٨/١٥ (١ی رەجەبی ١٢٩٣ کۆچی – ١٢٥٥/٦/٢١ هەتاوی)

کارتۆن: ١٥

دۆسیە: ١٢ / ع

نامەی باڵوێزی عوسمانی لە تاران بۆ: وەزیری دەرەوە

جەنابی بەڕێز و بەشەرەف و گەورە و پشتیوانی دۆستان و هەمووومان

لە ناوەرۆکی نامەی رێکەوتی ٢٠ مانگی رەجەبی ١٢٩٣ی ئەو بەڕێزەوە و ئەو هەواڵانەی کە لە سنووری ئازەربایجانەوە گەیشتوون، ئاگادار بووم، مایەی پەژارە بوون، بە پەلەش تەلگرافم بۆ بارەگای گەورە و ویلایەتی ئەرزەڕۆم کرد، کە ئەگەر ئەو هەواڵانە راست و درووست بن، چارەسەری بکەن. بەڵام ئەوەش لەبەر چاوی بەڕێزتان شاراوە نەبێت، کە ماوەیەکە هێرش و دەستدرێژیی عەشایەری ئەملا، بۆ سەر خاك و دانیشتووانی وڵاتی عوسمانی، یەك بە دوای یەکدا هەیە و دەبینرێ و هەمیشە بە هاتنی ئەو گازندانەی لە ئەرزەڕۆم و وان و باڵوێزی (سننیە)وە دێن؛ بە دەمیی و بە نووسین عەرزم کردوون و جەنابیشتان هەمیشە فەرمووتانە چارەسەر دەکرێن و بەم حاڵەشەوە لەو بڕیارانەی فەرمووتانە، لە هیچ شوێنێ ئاگادار نەکراومەتەوە، کە ئاکامێکیان هەبووبێت. وەك دەڵێن وردەوردە عەشایەری ئەولاش، دەست بکەنەوە و دەست بکەن بە هێرش بۆ ئەملا؛ جا کەوا بووبێ، ئەوا لە لایەن عەشایەرەوە بووە، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەوە روودەدات کە کەس چاوی بە سەریانەوە نییە؛ ئەو شتانەش کە دراونەتە پاڵ جەنابی شێخ عوبەیدوڵڵا ئەفەندی، بەندەتان ناتوانێ باوەڕ بکات، چونکە شێخی ناوبراو، بەو هەموو زیان و زوڵمەی لەلایەن حاکمی پێشوو، خوالێخۆشبوو (شوجاعدەولە)وە لێی کرابوو، هێشتا لە بەر نفوسپاکیی خۆی و منەتباریی دەوڵەتی ئێران، لەبەر ئەو چەند گوندە، هەمیشە بە جۆرێك جووڵاوەتەوە، کە نەبێتە مایەی رەنجاندنی هەردوو دەوڵەت. ئەم راستییەش لای کاربەدەستانی هەردوولا، روون و ئاشکرایە. وێدەچێ ئەم تاوانبارکردنە، لەلایەن دەستە و تاقمی خوالێخۆشبوو (شوجاعدەولە)وە بێت؛ کە دیسانەوە لە ناوچەی (ورمێ)، کاروباریان

کەوتۆتە دەست و رقی شەخسییان لێیەتی. خوداش هەڵناگرێ پێش ئەوەی لێکۆڵینەوە بگاتە ئەنجام، لای لایەنێکەوە زیانی پێ بگەیەنرێ. هەڵبەت ئینسافی ئاشکرای جەنابیشتان ئەوە دەسەلمێنێ؛ کە ناکرێ پێش سەلماندنی تاوان؛ رازی بن سزای بۆ دیاری بکرێت. وەك فەرمووشتان مەسەلەی لێکۆڵینەوەکەش، بەندە عەرزی بارەگای گەورەم کردووە. لەوە زیاتریش ماندووتان ناکەم.

جێگەی مۆر: محەمەد تاهیر مونیف

بەڵگەی ژمارە: ٥٦٨

بابەت: دەستدرێژی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ سەر شنۆ و دێهاتی تر

مێژوو: ١٨٧٦/٨/٢٠ (٢٦ی رەجەبی ١٢٩٣ کۆچی – ١٢٥٥/٦/٢٦ هەتاوی)

کارتۆن: ١٥

دۆسیە: ١٢ / ع

وەڵامی باڵوێزی ئێران بۆ دەوڵەتی عوسمانی (نامەی وەزارەتی دەرەوە)- نمرەی ١٩

ناوەرۆکی نامەی رێکەوتی ٢١ی رەجەبی ١٢٩٣ی ئەو بەرێزە، کە سەبارەت بەو دەستدرێژیی و کوشتوبڕ و تالانییەی لەلایەن عەشایەری عوسمانییەوە و بە هاندانی شێخ عوبەیدوڵڵا بووە و چوونەتە سەر شنۆ و گوندەکانی‌تر، ئاگادار بووین، لەوەشدا کە بە پەلە نووسیبووت و هەواڵەکەشت بە بارەگای بەرز گەیاندبوو، زۆر خۆشحاڵت کردبووین. منیش چاوەڕێی ئاکامی تەلگرافەکەتانم، کە گەیشتەوە، زۆرتر شادمانمان دەکات.

بەڵام لەو بەشەیدا کە فەرمووبوت ماوەیەکە هێرش و تالانی عەشایەری ئێران بۆ سەر خاك و دانیشتووانی عوسمانی، پەیتا پەیتا هەیە و چونکە کەسیش چارەسەری بۆ نەدۆزیوەتەوە و بۆتە مایەی هاندانی عەشایەری عوسمانی؛ دەبێ بەوپەڕی رێزەوە بە یادتان بهێنمەوە، کە هەر بە تەنیا لەم دوو و سێ ساڵەدا سەرچڵ و کەللە شەقەکانی ئێلی (هەرتوش) نزیکەی (٥٠ – ٦٠) هەزار تمەن سامان و پارەی خەڵکی ئێرانیان بە تالان بردووە و کوشتوبڕ و سووتاندنی ماڵی خەڵکیان زۆر کردووە؛ کە بڕیار بوو لە کۆمیسیۆنەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا دا بە دوایدا بچن. کەچی لەلایەن باڵیوزخانەی بەرێزەوە، هیچ هەنگاوێکی بۆ هەڵنەگیرا. لەبەرئەوە عەشایەری ئەو لایە، کاتێ ئەم تاوانەیان لێ روو دەدات و کەس نییە پێیان بڵێ: لەل، ئەوسا توند و تیژتر دەبن و دیارە ئەم هێرشەی ئەم دواییەشیان بە دنەدانی شێخ عوبەیدوڵڵا کردووە و ئەو هانیداون.

لەملاشەوە عەشایەری ماڵ براو و تالانکراو، هەرچی ویستیان تۆڵەی خۆیان بە دەستی خۆیان بستێننەوە، سنووردارانی ئێران رێگەیان پێ نەدان. ئەمەش بەڵگەیەکی دیکە بوو، بۆ زیاتر لاساریی و رووداربوونی عەشایەری (ئەوبەر). ئەمجارەش کە نزیکەی (٧٠٠٠) سوار و پیادە، سنووریان بەزاندووە و ئەم خەڵکە زۆرە، دیارە بێ مۆڵەت و بێ‌رەزامەندیی

سنووردارانی عوسمانی نەیانتوانیوە بپەڕێنەوە؛ کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا گەورەترین بەڵگە و نیشانەی پرکێشی عەشایەر بووە، بۆ «ئەمدیو».

بۆیە ئەگەر کار لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە، ئاوا بڕوا و ئاوا گوێیان لێ بخەوێنن، ئەوانە زیاتر چاوقایم دەبن و ئەوە ئیدی پێویست دەکات ئێمەش بیەڵین عەشایەری (ئەملا)، خۆیان تۆڵە بکەنەوە.

بەڵام لە بارەی شێخ عوبەیدوڵڵاوە، کە دەفەرموون: خوا هەڵناگری، کەسێك بێ سەلماندنی تاوان، سزا و جەزرەبەیەك بدرێ، ئەوا سەلماندنی هەنگاوەکانی شێخ و دنەدانی عەشایەر، لەلایەن ئەوە وە و ئەم ئاگر هەڵایسانە، وەك ڕۆژی ڕوون، بۆ ئێمە دیارە و بە هیچ جۆرێك جێی شك و گومان نییە، چونکە نزیکەی (٧٠٠٠) کەسی ناردۆتە سەر شنۆ و ئەو تاڵان و بڕۆیە کراوە و گەڕاونەتەوە؛ کەچی هێشتاش کوردەکانی لە خۆی دوور نەخستۆتەوە و هەر ڕۆژەش هەڵدەکوتێتە سەر ناوچەیەك و بە ئاشکرا ئەم ئاپوورەیەی لەگەڵ خۆی خستووە و ڕایگرتوون. هێرش بردنی (٧٠٠٠) کەسی سوارە و پیادە، شتێك نییە بشاردرێتەوە، یان کەس نەزانێ و باوەڕی پێ نەکات. لەبەرئەوە دەوڵەتی ئێران هەرگیز ناتوانێ کەسێك کە زیانی بۆ کاروباری دەوڵەتی هەبێ، لە خاکی خۆیدا داڵدەی بدات. لەوە زیاتریش ماندووتان ناکەم.

بەڵگەی ژمارە: ٥٦٩/١[1]

بابەت: ناردنی سەرباز بۆ سنوور

مێژوو: ١٨٧٦/٩/١٦ (٢٧ی شەعبانی ١٢٩٣ کۆچی – ١٢٥٥/٧/٢٥ هەتاوی)

کارتۆن: ١٥

دۆسیە: ٥ / ح

وەڵامی باڵوێزی ئێران بۆ دەوڵەتی عوسمانی (نامەی وەزارەتی دەرەوە) - ژمارە ٢٦

نامەکەی ئێوەی خاوەن شکۆ، لە ڕێکەوتی ٢٤ی مانگی شەعبانی ١٢٩٣دا فەرمووبووتان کاربەدەستانی ئێران کێشەی شنۆ-یان کردۆتە بیانوو و سەربازیان بۆ سنوور ناردووە و سنوورپارێزانی عوسمانییان ناچار کردووە، تا وەك ئەوان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. هەروەها لەوپەڕی خێرخوازییدا بەڵێنتان داوە، کە لە داهاتوودا هاتوچۆی عەشایەری عوسمانی لە ژێر چاودێریدا دەبێ و کۆنترۆڵ دەکرێن و تکایان کردبوو، کە سەربازەکانی هەردوولا لە سنوور بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و دیلەکانی هەردوولاش بەرەڵڵا بکرێن. نامەکەتان ڕێزی لێگیرا و لە وەڵامدا دەڵێین: یەکەم؛ هەروەك بە دەمیی وتراوە و بە

---

[1] لەبەرئەوەی ئەم بەڵگەیە و ئەوی دواییش هەر ژمارە (٥٦٩)یان پێوەیە، بۆیە ئەمەیان دەکەینە (٥٦٩/١) و ئەویتریش (٥٦٩/٢).

نووسراویش زەحـمـەتم داون، دەوڵەتی گەورەی ئێران بە هیچ جۆرێك لە ناردنی ئەم لەشکرە کەمە بۆ سـنوور، مەبەستی خراپـی نـەبووە؛ بـەڵکو تـەنیا بـۆ پاراستنی سنوور بـووە لـە دەستدرێژیی و تاڵانیی عەشایەری عوسمانی. ئێستاش کە ئێوەی خاوەن شکۆ، لە رووی نیاز پاکییەوە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی مـەزنی ئـێران پێکهـاتوون و بـەڵێنتان داوە، کـە چیدی عەشایەری عوسـمانی دەستدرێژیی نەکەن و بریارتان داوە لەو دەستدرێژیی و تاڵانانـە بکۆڵنەوە، کە لە ناوچەی شنۆ کردوویانە. ئـەم لایـەنگرەتان لەگـەڵ دەربرینـی پێخۆشـبوونی خۆم لەم خێرخوازییەتان و رازیبوونتان بە پێی تکا و پارانەوەی باڵوێزەکان، کـە کردوویانـە؛ برووسکەیەکم بۆ کارگێرانی ئازەربایجان کرد، تا هێزی هەردوولا وێکـرا بگەرێنـەوە نـاوەوەی وڵاتی خۆیان و میوانە ئێرانییەکان و سوارە نیزامییەکانی عوسـمانیش، بە یەکجار بگەرێنـەوە و ئاڵوگۆر بکرێن.

ئەم لایەنگرەتان هیوادارە بە پێی ئەو نیازپاکییەی کـە سـەبارەت بـە جـەنابتان هەمـە؛ ئێوەش بە زوویی برووسکە بۆ شـوێنی پێویسـت بکـەن، کـە سـنووردارانی عوسـمانی، بـەم شێوەیە لەگەڵ سـنووردارانی ئـیرانی پێـك بێـن و ئـۆردووی هـەردوولا بگەرێنـەوە و کێشـەی هەردوو وڵات دوایی بێت، تا ئەو جۆرەی وتووێژی لە سەر کـراوە، لێکۆڵینـەوە لـە بارەیـەوە بکرێ. لەو باوەرەشدام کە ئەم لایەنگرەتان لە چۆنێتی هاوکاریتـان، ئاگـادار دەکەنـەوە. پـتر سەرتان نایەشێنم.

پەراوێز:

دیسان سەرلەنوێ زەحـمـەتتان دەدەم، کە دوای گەرانەوەی سەربازەکانی هــەردوولا لـە سنوورەکان، دەوڵەتی گەورەی ئێران بەڵێنتان دەداتێ، کە عەشایەرەکان کۆنترۆڵ دەکات.

بەڵگەی ژمارە: ٢/٥٦٩

بابەت؛ بۆ لێکۆڵینەوەی کاری کومیسیۆنی هەردوولا لە سەر سنوور

مێژوو: ١٨٧٦/٩/٢٣ (٤ی رەمەزانی ١٢٩٣ کۆچی – ١٢٥٥/٧/١ هەتاوی)

کارتۆن: ١٥

دۆسیە: ٥ /ح

وەڵامی باڵوێزی ئێران بۆ دەوڵەتی عوسمانی (لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئێرانەوە)

لە ناوەرۆکی نامەی بەرێزی ئەو خۆشەویستە گەیشتم، کـە لـە رێکـەوتی ٢٣ی مـانگی شەعبانی ١٢٩٣دا نووسرابوو. هەروەها لـە روونووسـی تـەلگرافی ئوسـتاندار و سەرلەشکری «وان»یش ئاگادار بووم، کە سەبارەت بـەبێتاوانزانینی (شـێخ عوبـەیدوڵڵا)، لـە کارەساتە گەورەکەی شنۆ-دا بۆ ئەیالەتی ئـەرزەرۆمیان نووسـیبوو. لەگەڵیشـیاندا وەڵامناکـەی منیشـت پێچابووەوە، کە لە ٢٠ی مانگی رەجەبی ١٢٩٣دا، بە ژمـارە ١٤ ناردبوومـە خزمـەتتان. لـە هەمووی گەییم و زۆر دڵگەرم و شادمان و رازیم لەوەی ئـاوا ئاگـات لـە بارودۆخەکـە هەیـە و

ئاگادارمان دەکەیت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەوە بزانە کە لەلایەن سنووردارانی ئێرانیشەوە راپۆرت و هەواڵی پێچەوانەی ئەوانەش بە ئێمە دەگات. بۆیە باشترە رێوشوێنی تێگەیشتن لەم مەبەستە و هەروەها لە نامەکەی ٢٠ی رەجەب، کە بەژمارە ١٤ ناردمە خزمەتتان، ئەوەیە: کۆمیسیۆنێکی هاوبەش لە هەردوولا، بچێتە سنوور و لێکۆڵینەوەی رووداوەکە بکات، ئەوسا ئاکامی لێکۆڵینەوەکە، بە کوێ دەگات؛ بەو پێیە هەنگاو هەڵدەگرین. هەمیشە رێزی ئەم دۆستەتان، بۆ خۆتان بە بەردەوام بزانن. لەوەش زیاتر ماندووتان ناکەم.

بەڵگەی ژمارە: ٥٧٠

بابەت: تێشکانی شێخ عوبەیدوڵڵا لەلایەن شوجاعدەولە و ئیقبالدەولەوە.

مێژوو: ١٨٧٦/١٠/٣ (١٤ی رەمەزانی ١٢٩٣ کۆچی – ١٢٥٥/٨/١١ هەتاوی)

کارتۆن: ١٥

دۆسیە: ١٢ / ع

نامەی باڵوێزی عوسمانی لە تاران بۆ وەزیری دەرەوە

جەنابی دۆستی هێژا و میهرەبان و بەشکۆ و گەورە و ...

جێی داخە، شوێن ئەو زامانەی، کە خوالێخۆشبوو (شوجاعدەولە) لە جەنابی (شێخ عوبەیدوڵڵا ئەفەندی) کردبوونی؛ هێشتا سارێژ نەببوون؛ کەچی وا ئەم کارەساتە دڵتەزێنەش روویدا.

ئیقبالدولە بە هێزێکی سەربازییەوە، کە بریتی بووە لە سوارە و پیادەی چەکدار و تۆپ، هێرشی کردۆتە سەر ناوچەی مەرگەوەڕ و گوندەکانی (شێخ). خەڵە و خەرمان و پووش و پاوانیان سووتاندووە و هەموو ئەو گوندانەشیان ئاگر داوە، کە هی شێخ، یان مریدەکانی ئەون و زۆریشیان خەڵکی وڵاتی عوسمانین. خەڵکیش لە ترساندا پەنایان بۆ دەوڵەتی عوسمانی بردووە. تاقە ژنێك، کە بەجێمابوو، ئەویشیان کوشتووە. ئەگەر ئەم کارە بێڕەحمانەیە، لە بەرامبەر رووداوەکەی (شنۆ)دا بێت، کە درابووە پاڵ (شێخ)، خۆ هێشتا لەو بارەیەوە هیچ لێکۆڵینەوەیەك نەکراوە و هیچی لەسەر نەسەلمێنراوە، تا شایان و رەوای تۆڵەسەندنەوە و تەمێکردن بێت. یان گریمان وایش بووبێت؛ دەبووایە بە شێوەیەکی رێکوپێك و ژیرانە وەڵام بدرێتەوە، نەك بەمجۆرە. جا ئەو شتانەش، چ سەر بە ئێران بن، یان بە عوسمانی؛ بە هیچ جۆرێ شایانی سووتاندن نەبوون. ئێستاش بەوپەڕی رێزەوە تکا لە جەنابی ئەشرەف دەکەم و دواکارم کە لە وەڵامی ئەم نامەیەدا، بۆ روونکردنەوەی ئەم کارەساتە، دریغی نەکەن و هۆی ئەم جووڵانەوەیەیان پێ بفەرموون، چونکە ئەم دۆستەتان دەبێ ئەو وەڵامەی ئێوە؛ بە دەوڵەتی پایەبڵندی خۆم بگەیەنم.

جێگەی مۆر: محەمەد تاهیر مونیف

بەڵگەی ژمارە: ٥٧١

بابەت: ئاکاری شێخ عوبەیدوڵڵا لە بارەی هاندانی خەڵکی ئێرانەوە بۆ جیهاد

مێژوو: ١٨٧٧/٧/٥ (٢٣ جمادیالآخر ١٢٩٤ کۆچی - ١٢٥٦/٥/١٥ هەتاوی)

کارتۆن: ١٥

دۆسیە: ١٢ ع

نامەی باڵوێزی ئێران لە پترزبۆرگ بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە

گەورە و بەڕێز. چاوم بە فرمانە شیاوەکانی جەنابت کەوت، کە لە ٢٨ی مانگی جمادیالاولدا ناردبووتان. زۆر بە چاکێ لە ناوەرۆکی نووسراوەکە گەیشتم. باسی کردەوەکەی شێخم بۆ بەرپرسانی ئەم دەوڵەتە کرد، کە خەڵکی ئێرانی بۆ جیهاد هانداوە. هەروەها ئەوەشم پێراگەیاندن کە بەرپرسانی دەوڵەتی خۆمان، هەر کە بەوەیان زانی، بۆ پاراستنی دۆستایەتیی و بێلایەنیی خۆیان، بەریان پێگرت. تەنانەت گۆڕینی حاکمی سابلاخیشم دایە پاڵ ئەم بابەتە و وامنواند، کە ئەم کارە بۆ پاراستنی دۆستایەتی ئەم دەوڵەتە کراوە.

بە کورتی دەتوانم ئەوەندەتان عەرز بکەم، کە بەرپرسانی دەوڵەتی رووس، بەو هۆیەوە کە دەوڵەتی ئێران لەم گێرە و کێشەیەدا، لایەنی دۆستایەتی و هاودەنگییان لەگەڵ ئەواندا پاراستووە؛ زۆر رازین. تەنانەت جێگری بەڕێز، ئەو بابەتەی سابلاخ و شێخ عوبەیدوڵڵای بە تێروتەسەلی بۆ شازادە شانسلیە نووسیوە و بۆ ئۆردووی بەڕێکردووە. ئیسماعیل ئەفەندی - کاردار و بەرپرسی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانیش، کە هەندێ گلەیی و گازەندەی لە بارەی پێکهێنانی لەشکری سنووری شاری (خۆی) کردبوو و جەنابیشت لەوپەڕی سەنگینی و لەسەرخۆیی و بە بەڵگەی تەواوە وەڵامت دابووەوە، جێی هەزار ئافەرینە و هەموو دەوڵەتێکی گەورە و خاوەن شارستانێتی و دادگەریش، ئەو هەڵوێستەی جەنابت دەسەلمێنێ. بریا لە هەزاردا یەکێك لەو کارانەی ئێمە، بۆ پاراستنی دۆستایەتی و بێلایەنیی سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانی دەیکەن، نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانیش لە کات و ساتی خۆیدا بیانکردایە. خوا بەو رۆژە نەکات، ئەگەر ئەم جەنگە لە ئێراندا بقەومایە، هەرگیز دەوڵەتی عوسمانی، ئەو جۆرەی کە ئێران بێلاینی خۆی پاراستووە، بێلایەن نەدەمانەوە. دەوڵەتی عوسمانی ئەو مافەی نییە گلەیی و گازەندە بکات. هەر چەندە دەوڵەتی ئینگلیس لە دوایین جەنگی نێوان ئاڵمان و فەرانسەدا، ئەوپەڕی بێلایەنی خۆی دەربڕیبوو، دیسان لە نیو دینار قازانج و بەرژەوەندی خۆی خۆش نەدەبوو. شازادە بیسمارك هەمیشە هاوار و دادی بوو، کە دەوڵەتی ئینگلیس، بێلایەنیی خۆی ناپارێزێ و هەر کاتێ دەوڵەتی فەرانسە پێویستی بە شتێك بێت، دەینێرێ. دەوڵەتی ئینگلیسیش وەڵامی هەموو ئەم قسانەی دەدایەوە و لە قازانج و بەرژەوەندی خۆی خۆش نەدەبوو. ئەگەر دەوڵەتی خۆمان هەزاریەکی ئەم کردەوانەی

لـیدەربکەوتایە، خوا دەزانێ هاوار و دادیـان دەگەیشـتە کـوێ! ئێسـتا خۆیـان ئـەوەندەیان هیمەت نییە، هەر هیچ نەبێ؛ کارێکی وا بکەن، ئەو ئێرانییانەی لـە خـاکی عوسـمانیدان، بە باشی و تیروتەسەلیی بژین. هەر رۆژەی ناهەقییەکیان لێدەکەن.لەوە زیاتر بڵێم چی!
شوێنی مۆری: ساعیدولمولك

ژمارەی بەڵگە: ٥٧٢

بابەت: پاکانەی شێخ عوبەیدوڵلا، سەبارەت بەپشێویی مەرگەوەڕ و قەڵای زێوێ
مێژوو: ١٨٧٨/٨/١ (١ی شەعبانی ١٢٩٥ کۆچی – ١٢٥٦/٦/٩ هەتاوی)
کارتۆن: ١٥
دۆسیە: ٥ / ح

نامەی باڵوێزی ئێران بۆ باڵوێزی گەورەی دەوڵەتی عوسـمانی (نامەی وەزارەتی دەرەوە)

نامـە بەرێزەکـەی جـەنابتان، کـە لـە رێکـەوتی ٢٩ی رەجـەبی ١٢٩٥دا نووسـرابوو، گەیشت. روونووسی نامەکەی شێخ عوبەیدوڵلای تێدا بوو، کە بۆ (باش شابەندەر)ی دەوڵەتی گەورەی عوسـمانی لە تەورێز نووسیبوو، تیایدا پاکانەی بۆ خۆی و لایەنگرانی کردووە، لـە سەر پشێویی مەرگەوەڕ و قەڵای زێوێ و کوشتوبڕی خەڵك و ماڵ تالانکردن.

باوەڕ بفەرموون ئێمە ئەوەندە لە بەجێهێنانی وەفای دۆستایەتی ئێوە دڵخۆشین، بۆیە بـە پێویستم زانی بەوپەڕی رێز و سوپاسەوە، سوپاسنامەتان بۆ بنووسـمەوە. بـەڵام ئـەو بـەرێزە، لای روون و ئاشکرایە، کە شێخ دەیەوێ هەتا بۆی دەکرێ بەرپرسایەتی ئەم کـارە، لـە سـەر خۆی و کورەکانی داماڵێ. لە هەمان کاتیشدا وەك ئەو بەرێزە نووسیویێتی؛ دەبێ چاوەنواڕی هەنگاو هەڵگرتنی ویلایەتی.پایەبڵەندی (وان) بین.

بەڵگەی ژمارە: ٥٧٣

بابەت: مەبەستەکانی شێخ عوبەیدوڵلا و گرتنی یوسف بەغدادی (جوولەکە)
مێژوو: ١٨٨٠/٩/٢٨ (٢٢ی شەوالـی ١٢٩٧ کۆچی – ١٢٥٩/٧/٦ هەتاوی)
کارتۆن: ١٦
دۆسییە: ١٢/ع

راپۆرتی وەزیری دەرەوە لەگەڵ باڵوێزی عوسـمانی بۆ ناسرەدین شا

دوو سەعات پێش خۆرئاوابوون لە هاوینەهەواری باڵوێز، دیـدارم لەگـەڵدا کـرد. سـۆزی بەرزی بێوێنە و دەستخەتی موبارەکی شاهەنشام نیشاندا و بۆمخوێندەوە. ئـەویش سـوپاس و پێزانینی زۆری خۆی سەبارەت بەو مەرحەمەتانە دەربڕێ، کە بەرامبەری کرابوون. سوپاسی منیشی کرد، کە هەمیشە لوتف و خۆشەویستیی گەورەی (شا)م پێگەیاندووە.

دوایی وتی چەند رۆژێك لەمەوبەر میرزا نەسروڵڵاخان، لە فەرموودەی هومایوونەوە بە درێژی باسی جموجووڵی بێسەروبەری شێخ عوبەیدوڵڵای بۆ باسکردووم، کە لەو سەرسنوورانە بە خۆی و ئەو خێڵانەی لێوەی نزیکن، دەستیکردووە بە سەرەرۆیی. منیش هەر هەمانرۆژ تەلگرافم بۆ ئەیالەتی وان کرد و دوێنێ لە دەمەوخۆرائاوابووندا وەڵامێك لە جێگری ئەیالەتی وانەوە هاتبۆوە. ناوەرۆکەکەی ئەوەبوو، کە شتێکی وا بەرچاو دەربارەی (شێخ) لە سنجاقی هەکاریدا هەست پێنەکراوە. بەپەلەش سوارێکی تایبەتم بۆ ئەوێ نارد؛ کە هاتەوە دیسانەوە ئاگادارتان دەکەمەوە.

تەلگرافی باسکراویشی دامێ، کە دەقەکەی تورکی و هەر بەم ناوەرۆکەوە بوو. منیش وەك خۆی ناردم، تا بگاتە بەرێی بەرز و گەردوون ئاسای هومایوون...[1]

بەڵگەی ژمارە: ٥٧٤

بابەت: دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: لە (٥/١٠/١٨٨٠ تا ١٢/١/١٨٨٢)، (لە ٢٩ی شەوالی ١٢٩٧ کۆچی – تا ٣٠ صەفەری ١٢٩٨ کۆچی)

کارتۆن: ١٦

دۆسییە: ١٢/ع

برووسکەکانی باڵوێزخانەی ئێران لە ئەستەمووڵ بۆ وەزارەتی دەرەوە

(وێنەی هەندێ لە برووسکەکان – بۆئەوەی ئاشکرا نەبن بە رەمز نێردراون)

بۆ بەرێی پیرۆزی هومایون، سەبارەت بە شێخ عوبەیدوڵڵا بە دەمیی و بە نوسراویش لەلایەن سوڵتانەوە دڵنیا کراوم. بە درێژیی بە نووسراو پێتان رادەگەیێنم کە بۆ رێزلێنان لە خودی هومایون، بەرێزەوە ئیحتیشاموالسەڵتەنەیان بردە کۆشکی «کۆکسو»وە. مونیف خانەخوێیە. دووجاریش بڕی سیودوو هەزار تمەن بە بەندە گەیشتووە.

١١/١٠/١٨٨٠ (٥ی زیقەعیدەی ١٢٩٧ کۆچی – ١٨/٧/١٢٥٩ هەتاوی)

بۆ بەرێی پیرۆزی هومایوون، برووسکەی فەرمانی سێرۆژە گەیشت. کە تێیدا هاتبوو گوایە برووسکەی بەندە نەگەیشتووە. هەرچەندە بە دەمیی و بە نووسراویش لەلایەن سوڵتانەوە دڵنیاکراوین، بە پێی ئەو دەستوورە بابیعالی و دەربارم ئاگادارکردووە. سوڵتان کاربەدەستێکی بەتایبەتی ناردووە بۆ لێکۆڵینەوە و رێگەگرتن لە شێخ.

---

[1] لێرەبەدواوەی ئەم بەڵگەنامەیە دەربارەی یوسفبەغدادییەکی جوولەکەیە و پێوەندی بە مەبەستی ئێمەوە نییە.

(سامیح) لە وان-ەوە و لە وەڵامی جەختەکانی دەرباردا بەجۆرێك ئاسایشی سەرسنووری خستووەتە روو، کە داوای مۆڵەتی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا بەندە برێ دەستپێشکەریی پێویستم کردووە. بەڵام دڵنیاکردنەکەی بابیعالی بەس‌نییە و دەبێ کەرەسەی بەرگریکردن دەستەبەر بکرێ.

۱۸۸۰/۱۰/۱۶ (۱۰ی زیقەعیدەی ۱۲۹۷ کۆچی - ۱۲۵۹/۷/۲۳ هەتاوی)

دوێنێ‌شەو برووسکەی هومایوون گەیشت. بەیانی داوای دیداری سوڵتانم‌کرد. ئەمڕۆ وەڵامم دەدەنەوە. پێرێ‌شەو لەگەڵ شازادەدا میوانی سوڵتان بووین. لەگەڵ سوڵتان و سەرۆك‌وەزیراندا وتووێژکرا، بە پێی ئەو فەرمانەی بە برووسکە ناردبووتان، ئەمڕۆ وەزیری دەرەوەم بینی و پێم لەسەرنەوە داگرت کە وەڵامی سەرلەشکر بخوێننەوە، کە سەرباز و تۆپی ناردۆتە سەر سنوور و ڕێی هاتووچۆ و ناردنی یارمەتی لە کوردەکانی ناو قەڵەمڕەوی عوسمانی بگرێ. بەردەوامیش سەرباز دەنێرن. بەڵام بە راپۆرتەکەی وەزیری دەرەوەدا دەرکەوت کە لای ئێمەوە هیچ خۆئامادەکردنێك نییە. شەو و ڕۆژ بەندە سەرقاڵی ئەم کارەم. بەڵام قایل‌بوونی باڵوێز بە بەکارنەهێنانی چەك، چ سوودێکی هەیە. سەرچاوەی تێکچوونی کاری عوسمانییەکان بووە هۆی ڕاپەڕینی دەستەیەك خەڵکی بۆسنی و هێرزەگۆیین. داواکردنی پاراستنی سنوور لە دەر و دراوسێ، مایەی نائومێدی دۆست و بەهێزبوونی دوژمنە. چونکە ئەوانە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا ڕێگەنادەن لە سەر سنوورەکانی ئێمە پشێویی رووبدات. هەر بەڕاستیش ئەوە دەسەلمێنن. بەڵام لەولاشەوە ناردنی قشوون و چارەسەرییەکەی، خوانەخواستە دەبێتە هۆی دەستتێوەردانی لایەنی‌تر. لەدەستدانی هەل دەبێتە مایەی پەشیمانی.

۱۸۸۰/۱۰/۱۷ (۱۱ی زیقەعیدەی ۱۲۹۷ کۆچی - ۱۲۵۹/۷/۲٤ هەتاوی)

ئەمڕۆ برووسکەی هومایوون بە سوڵتان گەیەندرا و ئاکامی خراپی خۆ گێل کردنی لەم‌بارەیەوە بە ڕێکوپێکی لێکدراوەتەوە و وەڵامەکەیشی ڕاستەوخۆ دەنێرینەوە بۆتان، فەرموویانە: پێتان رابگەیێنم کە ساڵێکە باجی هەردوو دەوڵەتەکە بە هۆی شەڕ و هەڵلای سەر سنوورەوە، کە زیانی بۆ هەردوولا هەیە، بە یەکەمین کەشتی، بە دەستی کاربەدەستێکی تایبەتدا دەنێرین.

شێخ عوبەیدوڵڵا بێنن بۆ ئێرە، کوڕەکەیشی پەلکێش بکەن. لەشکر چوونەتە سنوور و ڕێگەی گەڕانەوەی کوردانی یاخی و گەیشتنی یارمەتی لە کوردانی ناو قەڵەمڕەوی عوسمانییەوە دەگرێ. با پایەبەرزی هومایوون دڵنیابێ کە دەستێکی بێگانە لەم کارەدایە. خوا یاربێ بە گوێرەی بەرژەوەندی هەردوو دەوڵەتی ئیسلام و بێ‌خوێنڕێژیی، چاکی‌دەکەم. ئەگەر وانەبێ هەر خزمەتێك بە دۆستان بکەین، مەبەستێکمان هەیە. فەرمانیشم بە

سوپاسالار کردووه بۆ دڵنیایی یارمەتی لەشکری ئێران بدات. ئێوەش ئەرخایەن بن کە پێچەوانەی ئەوە روونادات. مەبەستی من یەکێتی راستەقینەی هەردوو دەوڵەتی ئیسلام و موسڵمانەکانە. بەڵام ئەوەی بەندە عەرزی کردن، هەر بۆ دڵنیایی بوو. ئەگینا پێویستە زۆر بە پەلە لەشکر بنێرن.

١٨٨٠/١٠/٢٦ (٢٠ی زیقەعیدەی ١٢٩٧ کۆچی - ١٢٥٩/٨/٣ هەتاوی)

دیسانەوە سوڵتان بە دەمیی دڵنیای کردینەوە کە کاربەدەستی تایبەتی ناردووە، تا رێگە لە کوردەکانی ناو قەڵەمڕەوی عوسمانی بگرن و نەیەڵن یارمەتی بنێرن. هەڵاتووە یاخییەکانمان بەدەست دەدەنەوە. شەڕ و ئاژاوەی سەر سنوور لە بەرژەوەندی بابیعالی نییە. دەقی گفتوگۆکانتان بە درێژی و بە نوسراو بۆ دەنێرین. لێرە سەبارەت بە ناردنی لەشکری پێویست، خۆئامادەکردنی تەواوکراوە. پێویستە بە پەلە و بەردەوامیش بەندە لە رووداوەکانی رۆژانە ئاگادار بکرێم. لەم رۆژانەدا (دلْسینە) دەخرێتە سەر قەرەداغ. بیرورای گشتی ئەوروپا لە بەرژەوەندی عوسمانییەکانە. برووسکەی فارسی دەربارەی کارگێرەکەی شاری (جدە) گەیشت و بەوپێیە ئەوە راستە و کاربەدەستە ئینگلیسەکە کەمتەرخەمە. بریاربدەن کە هەردوو باڵوێزخانەکە لێیبکۆڵنەوە. بەندەش کاربەدەستی تایبەت دەنێرم، هەر کەسێکیش تاوانبار بێت، دەبێ سزابدرێ. پاشان بە درێژی عەرزتان دەکرێ.

١٨٨٠/١١/٥ (١ی زیحەجەی ١٢٩٧ کۆچی - ١٢٥٩/٨/١٣ هەتاوی)

برووسکەی ژمارە ٧ی پێری لە سەعات هەشت و نۆی دوێنێدا گەیشت. لەگەڵ سەرۆکوەزیران و وەزیری دەرەوەدا دەربارەی بەدەستەوەدانەوەی یاخیبووەکان بەدەمیی دڵنیایان کردینەوە. راپۆرتم نووسیوە و رەنگە بەڵگەیەکی رەسمیم دەستبکەوێ. داوای دیدەنی سوڵتانم کرد، سەبارەت بە دانانی کاربەدەست و شتی‌تر، لەپاش دیدەنییەکە پێتان‌رادەگەیەنم. خوا دەیزانێ سرەوتم نییە. چاوەنواری هەواڵی باشترم.

١٨٨٠/١١/١٠ (٦ی زیحەجەی ١٢٩٧ کۆچی - ١٢٥٩/٨/١٨ هەتاوی)

سامیح‌پاشای سوپاسالاری سەرسنوور راسپێردرا تا لەگەڵ سوپاسالاری ئێمەدا بدوێ، هەرچەندە بابیعالی دڵنیاشی کردوین، بەڵام راپۆرتم نووسیوە ئەگەر شێخی یاخی نەگیرێنەوە و یارمەتی لەلایەن کوردەکانی ناو قەڵەمڕەوی عوسمانییەوە بگات، ئەوە ئۆباڵەکەیم خستووەتە ئەستۆی بابیعالی. لەگەڵ باڵوێزەکاندا گفتوگۆم کردووە و داوای دڵنیاییم لێکردون، بەڵام قسەی ئەمانیش جێی بڕوا نییە و دەبێ کارەکە قایمتر بکرێ. کوردەکان چەکی تازە و تەواویان هەیە و پێویستمان بە ژمارەی زیاترە بۆ بەرەنگاری. هەواڵەکانی ئێرە جیاوازن. بێئاگابوونی باڵوێزخانەکان کارێکی خراپ و زیانبەخشە. ناردنی هەواڵی رۆژانە پێویستە.

هێشتا دیدەنیمان لەگەڵ سوڵتاندا نەکردووە، دوایی لە ئاکامەکەی ئاگادار دەکرێنەوە. نزیکەی شەشهەزار تمەنی برووسکەم هاتوەتە سەر. تا ئەوکاتەی دەتوانرێ ئەو قەرزە بدرێتەوە، ئەوەندەی دەتوانرێت برووسکەیەك بفەرموون. ئەگینا من دەرەقەتی ئەوە نایەم، بەتایبەتی کە لە بودجەی ئەمساڵ لە هەزار لیرەی عوسمانی زیاتر نەگەیشتووە. ماتلی ئەو قەرزەم.

١٨٨٠/١١/١٦ (١٢ی زیحەجەی ١٢٩٧ کۆچی – ١٢٥٩/٨/٢٤ هەتاوی)

برووسکەی بەڕێزتان ژیانی بە بەردا کردینەوە. (سامیح پاشا) لابرا و نافیزپاشا لەجێی دانرا، ئیتر لەمەودوا ئەم پردی پەیوەندی ئێمەیە. لەگەڵ سەرۆکوەزیران و وەزیری دەرەوەدا گفتوگۆمکرد. حەسەنپاشا لادەبرێ. ئەمڕۆ لەگەڵ سوڵتاندا بە دووقۆڵی گفتوگۆمانکرد، ئاکامی خراپی ئەو بەدگومانییەم بە درێژی بۆ لێکدایەوە، ئەویش جەختی لەسەر بڕیار و بەڵێنی پێشووی کردەوە و فەرمووی: هۆی کەلاخستنی سامیح هەر ئەو نەرمییەی بوو لە ڕێگەگرتن لە کوردەکانی ناو قەڵەمڕەوی عوسمانی، لەو ئاڵوگۆڕەی لەناو بەڕێوەبەرایەتی بەغدادیشدا کراوە، ئەرخایەن بن. کاربەدەستە تازەکان باشترن و یەکجار دۆستی هەردوو دەوڵەتەکەن. فەرموویان: جەژنە پیرۆزە عەرزی هومایون بکەن. بابیعالی باڵوێزەکانیشی دڵنیاکردووە. والی تازەی بەغدا برێك دەمارگیرە، بەلاّم عیزەت پاشای سەرداری ئەوێ باشە. بۆیان بنووسن کە کارگێڕەکە وریا بێت. منیش لای خۆمەوە هەر ئەوەیان بۆ دەنووسم. دووربینیی پێویستە. خەلاّتکردنی شازادە لە شەوی میوانییەکەدا شتێکی کتوپڕبوو. چونکە هی یەکێ لە ئامادەبووان بوو. ماوەیەکە هەوڵ و تەقەللام بۆ شازادەکانە، خوا یار بێ سەردەکەوین. ئەوەی نەبیخان عەرزیکردن پێچەوانەی ڕاستییە. بە درێژی عەرزتان دەکرێ. لە سایەی سەری هومایونەوە ئابڕوی باڵوێزخانە پارێزراوە. پەلە لە ناردنی بڕیارەکان و قەرزەکانیشدا بکەن. ئەو بەستە تایبەتییەی ناردبووتان زۆر چاكبوو.

١٨٨٠/١١/٢٠ (١٦ی زیحەجەی ١٢٩٧ کۆچی – ١٢٥٩/٨/٢٨ هەتاوی)

ئەمڕۆ سوڵتان داوای دیتنمی کرد. دوای گەیشتن، یەکسەر کاربەدەستێکی تایبەتی نارد و شێخ و کورەکانی بۆ جێگای خۆیان گەڕاندنەوە و برووسکەی کرد کە ملکەچم و هۆی ئەو هەرایەش زوڵمی کاربەدەستانی ئێران بووە لە کوردانی سوننی. فەرمووی لە زمانی منەوە عەرزی هومایون بکە کە گەڕانەوەی شێخ، پەژارە ناهێڵێ. ئێستا چاکە کۆمیسیۆنێك پێكبێت تا هەندێکیان سزابدرێن و هەندێکیشیان ببەخشن. منیش کۆمیسیۆنەکەم سەریشك کرد کە ئەگەر گازندەیان لە بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمەش هەیە، لێی بکۆڵنەوە. بەرژەوەندی هەردوولا لەوەدایە کە بە ئارامیی ئەو پەژارەیە لەناو ببرێ، تا لە دواییدا چارەی بۆ دەدۆزرێتەوە. وتم: برووسکەکەی شێخ وا دەگەیەنێ کە گەڕاوەتەوە و ملکەچی فەرمانە. فەرموویان بەرژەوەندی

هەردوو دەوڵەتەکە لەوەدایە کە زۆر بە پەلە گرژییەکان خاوبینەوە، ئەوسا بە کاوەخۆ کاری پێویستی بۆ بکرێ. داخوازی بەندەش هەر ئەوەیە کە لە رووداوەکان ئاگادارم بکەن. دەیانەوێ هەکاری بکەنە ویلایەت و عەبدوڵلاپاشای کورد بکەنە والی. زۆریش بە تەنگ ئەوەوەن کە ئەم کارە رێگەی لێنەگیرێ. درێژەی ئەم باسانە بەرێوەن. دەربارەی پارەی برووسکەکانیش زۆر شپرزەم. بە برووسکە پێمان بفەرموون.

١٨٨٠/١١/٢٧ (٢٣ی زیحەجەی ١٢٩٧ کۆچی – ١٢٥٩/٩/٥ هەتاوی)

هەتا گەیشتنی نافیز، سامیح هەواڵ دەنێرێ. درێژەی برووسکەکەشی هەر بەو ناوەرۆکانەوە گەیشت. لەگەڵ بابیعالی و باڵوێزەکاندا گفتوگۆم کردووە و کەمتەرخەم نەبووم. ئاکامەکەیتان عەرزدەکەم. کلیلی رەمزەکان بگۆڕن.

١٨٨٠/١١/٣٠ (٦ی زیحەجەی ١٢٩٧ کۆچی – ١٢٥٩/٩/٨ هەتاوی)

من و باڵوێزەکانیش، تەسلیم، یان دوورخستنەوە، یان زیندانیکردنی شێخمان دەوێ. دەیانەوێ کۆمیسیون بنێرن بۆ لێکۆڵینەوە و شێخیش بە خۆشی بێ، یان ناخۆشی، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێ. ئەگەر هەنگاوهەڵگرتنی خێرای ئێمە نەبوایە، کوردەکانی ناو قەڵەمڕەوی عوسمانیش دەچوونە پاڵیان و ئەوسا کارەکە دژوارتر دەبوو. دووبارە بەندە و باڵوێزەکان دڵنیا دەکەنەوە. بەڵام قسە و کردەوەیان یەك نییە. سوڵتان خەیاڵی وایە لە بەرامبەر دەستتێوەردانی ئینگلیس لە ئەناتۆڵی و مەسەلەی ئەرمەنییەکاندا، شێخ لەشکرێکی بێ مەسرەفە، لەبەرئەوە رەنگە پشتیوانیی لێبکەن. هەڵبەتە بەوجۆرەی کە بۆ ئیقبالدەولەیان نووسیوە، بۆ ئەمانیش نووسراوە. بەندە قایمکاریی پێویستدەکەم. لە سەر کاربەدەستانی دەوڵەتیش پێویستە هەمیشە وریا و بەئاگابن و بەرەو بەغداش خۆیان قایمبکەن. خۆسازدانی خێرا و بەپەلەش بەرەو سنووری ئازەربایجان پێویستە. بۆئەوەی لەشکر و وێرانکردنی گوندەکان نەبێتە هۆی پەژارەیەکیتر.

دڵسینە تەسلیمی قەرەداغ بوو. یونان لە رادەبەدەر خۆی تەیار دەکات. هەروەها عوسمانییەکانیش. لەوانەیە لە بەهاردا شەڕ هەڵگیرسێتەوە. هەواڵی کوردەکانمان پێبگەێنن.

١٨٨٠/١٢/٢ (٢٨ی زیحەجەی ١٢٩٨ کۆچی – ١٢٥٩/٩/١٠ هەتاوی)

دڵنەواییکردنی ئەو کوردانەی بە رووکەش تێکەڵاوی جەنگ نەبوون و دەرکردنی بڕیاری لێبووردن لەوانەی بە چەکەوە خۆیان دەدەن بەدەستەوە، لەلایەن هومایونەوە زۆر پێویستە. ئاکامی ئەوەش هەرشتێك بوو ئاگادارمان بکەنەوە. ئاگادار نەکردنی باڵوێزەکان کارێکی زیانبەخشە. برووسکەکان وەڵام بدەنەوە.

۱۸۸۰/۱۲/٥ (۲ی موحەڕەمی ۱۲۹۸ کۆچی - ۱۲٥۹/۹/۱٤ هەتاوی)

سەبارەت بە سزادانی شێخ، داوای لێبوردنیان کردووە. چونکە ملکەچیی خۆی بۆ سوڵتان دەربڕیوە. سەبارەت بە هەڵاتووەکانی‌تر بۆ لەبەرچاوگرتنی دۆستایەتی، چەکەکانیان لێوەردەگیرێ. ئەوان بە نووسین بەرپەرچی ئەوەیان داوەتەوە کە بەرپرس بن لەو کارە. لەگەڵ ئەو دڵنیایی‌کردنەشدا من وەڵامم نووسیوە، یاخیبووەکان، دەوڵەتی دراوسێیان بە دوژمن زانیوە. بەڵام خەم و پەشیمانی دادێك نادات. جەختم لە سەر گەڕانەوەی هەڵاتووەکان و سزادان، یان دوورخستنەوە و زیندانی هەتاهەتایی شێخ کردووە. وەزیری دەرەوە بە گەورەباڵوێزی ئینگلستانی وت: خێڵەکانی ئێرانیش کوشتار و تاڵانی و دەستدرێژی زۆریان کردووە، ئەی کێ ڕێی لەوە گرت کە نەیەڵێ کوردی ئێرە بچنە پاڵیان؟ پەنابەرەکان چەکەکانیان لێ‌وەردەگیرێ. دەبێ مەمنوونیش بن. دیاریشە کە بە بێ‌ئاگاداری ئەمانە نەبووە. ئەوجۆرە بەڵێن و بڕیارە میهرەبانانەش هەر بۆ چەواشەکردنمان بوو. بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکانی ئێرەش بەڵگەی ئەوەن کە سەرەڕای گلە و گازندەیان لەوبارەیەوە، قەدەغەیان ناکەن. سیاسەتی سەرۆك‌وەزیرانی ئێستا، درۆ و فێڵە. چونکە لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی بەرلیندا، وڵاتان دەخەڵەتێنن. شێخ و کوردەکان بە کەرەسەی کاری گەورە دادەنێن. ئاکامی گفتوگۆ لەگەڵ باڵوێزەکاندا بووە هۆی گەیشتنی ڕێنوێنی و ئامۆژگاری بۆئەوەی بۆ دەست‌پێشکەرێکانی بەندە پاڵپشت بن. عەبدوڵلاپاشا بوو بە والی (معموره العزیز). کۆپی ئەو نامانەی لەگەڵ بابیعالیدا ئاڵوگۆڕ دەکرێن، لە سەرەتای زیحەجەدا نێردراون، گەیشتوون یان نە؟ وەڵامی برووسکەکان نەگەیشتوون.

۱۸۸۰/۱۲/۸ (٥ی موحەڕەمی ۱۲۹۸ کۆچی - ۱۲٥۹/۹/۱۷ هەتاوی)

دوێنێ شەو برووسکەی ۲۸ی زیحەجە و ۲ی موحەڕەم گەیشتن، هەنگاوی پێویست هەڵدەگیرێ برووسکەی ۱۹ی زیحەجە و جفرەی ژمارە ۱۹ گەیشتوون. پێدەچێ هەر بە تایبەت برووسکەکانی بەندە نەگەیەنن. برووسکەی ژمارە ۸، ۱۲، ۱٦، ۲۳ و ۲٦، دوبارە ۲٦، ۲۸ی زیحەجە، ۲ی موحەڕەم، گەیشتوون یان نە؟ هەڵاوێردکردنیشیان پێویستە.

۱۸۸۰/۱۲/۹ (٦ی موحەڕەمی ۱۲۹۸ کۆچی - ۱۲٥۹/۹/۱۸ هەتاوی)

برووسکەیان کردووە، ئەگەر ئاژاوەچییەکان بە خاکی عوسمانی و بەغدادا تێپەڕن، ئەوە سزادەدرێن. تاڵانییەکان بگێڕنەوە و چاودێری یاسا و نەزم بکەن. بەڵام دەڵێن کە ئەو جێگایانە خاکی عوسمانی نین. ئەوەش ڕاستنییە کە ئاژاوەچییەکان عوسمانین. شکات لەوە دەکەن کە بڕیاربوو ئەحمەدوەند تەمێ بکرێ، کەچی ئەنجام نەدرا. دەستنیشانکردنی جێگای ئاژاوەچییەکان پێویستە. وەڵامی برووسکەکان بدەنەوە.

١٨٨٠/١٢/١٢ (٩ی موحەڕەمی ١٢٩٨ کۆچی - ١٢٥٩/٩/٢١ هەتاوی)
لەپاش گەیشتنی وەڵامی برووسکەی ١٧ی زیحەجەی، ٧ برووسکەم ناردووە، هەرکامێکیان نەگەیشتووە دەستنیشانی بکەن. بروسکەی ١٩ی زیحەجە و ١٩ی عالی نەگەیشتوون.

١٨٨٠/١٢/١٥ (١٢ی موحەڕەمی ١٢٩٨ کۆچی - ١٢٥٩/٩/٢٤ هەتاوی)
هۆی نەگەیشتنی وەڵامی برووسکەکان چییە؟ ڕۆژنامەکانی ئێرە سەبارەت بە گەڕانەوەی شێخ، ئابڵۆقەی ورمێ، تێشکانی تەیمووریاشا دەنووسن. بە بێهەواڵێکی راست و تەواو، داروبارەکە نادیارە. قسەو کردەوەی بەرێزان یەکناگرێتەوە. دەمارگیریی بەسەر عەقڵدا زاڵە. بێگومان هەر ئەولایەنەش بەهێز دەکەن، بەڵگەی ئەمانەش ئەو ڕووداوانەیە کە لە ڕێگا تووشی ڕێبواران دەبێ، نەکا سوپاسالار بڕوا بەقسەی سەرداری عوسمانی بکات. ڕەشنووسی ئەو نووسراوانەی نێوان ئێمە و باڵوێزی بابیعالیتان بۆ دەنێرم. لەگەڵ ئەو نامەیەی کە بۆ باڵوێزەکانم نووسیووە. برووسکەکانی زیحەجە گەیشتوون یان نە؟

١٨٨٠/١٢/٢٤ (٢١ موحەڕەمی ١٢٩٨ کۆچی - ١٢٥٩/١٠/٣ هەتاوی)
ئەمڕۆ برووسکەی هومایونم بە سوڵتان گەیاند. ئەوی پێویست بوو وتم. فەرموویان: کاربەدەستی تایبەتی ناردووە. ئەم ڕۆژانە هەواڵی دەگات و داروبارەکە ڕوون دەبێتەوە. عەرزمکردن: ئەگەر دەتانەوێ خودی هومایوون منەتبار بکەن، بەپەلە سەرچاوەی ئەو ئاژاوەیەی ئەوێ لەناوببەن، ئەگینا زیانی بۆ ئێوە زۆرتر دەبێت. فەرمووی: عەرزی هومایون بکە کە دڵنیابێت وادەکەم ئاژاوە نەمێنێ و ئاسایش ببێ. بفەرموون وەڵامەکەی ڕاستەوخۆ دەنێردرێتەوە. سێشەممەی داهاتوو بێنەوە بۆ وەڵامەکەی. ئاجوودانی من دێتەوە و ئاکامی کار دەردەکەوێ. لەگەڵ سەرۆکوەزیران و وەزیری دەرەوەدا بە دوور و درێژی گفتوگۆم کرد. سەبارەت بە دوورخستنەوەی شێخ و گێرانەوەی یاخیبووەکان، وەڵامی بنبڕم ویست، وتیان لە ئەنجومەندا گفتوگۆ کراوە. وەڵام دەدەینەوە. دووشەممەی داهاتوو دوای دیدەنیکردنیان و سێشەممەش پاش دیتنی سوڵتان، بە دوور و درێژی برووسکە دەکەم. بەرنامەی کاری باڵوێزی ڕووس گەیشتووە. هی ئینگلیس هێشتا نەگەیشتووە. سەبارەت بە سنووری قوتوور، ئەو هێڵەی کاربەدەستانی هەردوولا دیاریانکردووە، پەسەندکراوە. بابیعالییان ڕاسپارد کە ئەویتریشی بگێڕێتەوە. بۆچی دەفەرموون کەمتەرخەمم و بێدەنگ دانیشتووم؟ ئەوەنییە ئێستاش هەر تێدەکۆشم! لەو دڵساردییە بەردەوامە هیوابڕاو بووم. گەورەباڵوێز برووسکەی کردووە دەڵێ دەوڵەتی ئێران سوپاسی بابیعالی دەکات، سەبارەت بە دامرکاندنەوەی ئاژاوە. وەڵام بۆ بەندە دەنووسن کە دەوڵەتی ئێوە سوپاسمان دەکات. وەڵامی برووسکەی تایبەتی عالی بە دوورودرێژی و بە نووسراو عەرزتان دەکرێ. زۆر بڕوا بە قسەکانی گەورەباڵوێز مەکەن.

۱۸۸۰/۱۲/۲۹ (۲٦ی موحەڕەمی ۱۲۹۸ کۆچی - ۱۲۵۹/۱۰/۸ هەتاوی)
لەگەڵ وەزیرەکاندا دانوساندنم کرد، دەڵێن زانیاریەکانی ئێمە و ئێوە جیاوازییـان هەیـە. دەڵێـن کورەکـانی شـێخ و هـەمزە لـە خـاکی عوسـمانیدان. دەسـەڵاتدارانی ئێمـە دەڵێـن لـە ئێراندان. کاربەدەستی تایبەت دەنێرین بۆ لێکۆڵینەوە. پاشان وادەکەین کە دەوڵەت لە ئـێران دڵنیا بێت. هەرواشیان بە گـەورەباڵوێزی رووسـیا و فەرانسـە و نەمسـا راگـەیاندووە. دوێنـێ چوومـە خزمـەت سـوڵتان، فـەرموویان سـەبارەت بـەفر، هێشـتا کاربەدەسـتی تایبـەت نەگەیشتووە. ناوبراو جێی متمانەمن و پسپۆرە. لەمڕۆژانەدا هەواڵی گەیشتووە، سـەبارەت بـە شـێخیش داروبارەکـە دەزانـرێ. ئـەویش یـان پـاڵێکی پێوەدەنێـین، یـان بـە جـۆرێ دووری دەخەینەوە کە خودی هومایونی شاهەنشا ئەرخایەن بێت. ئەوەم روونکردوەتەوە کە درێژەدان بەو ئاژاوەیە، بۆ یـەك سـەعاتیش زیـانی بـۆ هـەردوو دەوڵەتەکـە و بەتایبـەتی بـۆ دەوڵـەتی عوسـمانی هەیە. فەرموویان بێگومان هەردوو دەوڵەتەکە لە چاکە و خراپەدا هاوبەشن. هەرکە هـەواڵ بگـات، دوابڕیـار دەدرێ و ئاگادارتـان دەکەینـەوە. وەڵامـی برووسـکەکەی هومـایون دەنووسـم. کورتەی دانوساندنەکە ئاوایە و وردەکارییەکان و درێـژەی باسـەکەش بـە نووسـراو عەرزتان دەکەم. بەڵام بەندە تا بەڵگەی رەسـمی و قـایمم نـەبێ، ئەمانـە هـەر بـە کـات بـە فیرۆدان دەزانـم. نایـەڵم پـارێزەرانی دەوڵـەت و باڵوێزەکـان بحەسـێنەوە. واتـەواتی گۆڕینـی وەزیرەکان هەیە. ئەگەر وابێ، کارەکە ئاسان دەبێت. کێشەی یۆنان دەئـاڵۆزێ. رەنگـە شـەڕ رووبـدات. سـەبارەت بـە والـی بـەغدا، بەرلـە گەیشـتنی برووسـکەی عالـی، والـی تـازە نێردرابوو. گرنگیی بە کارەکە دەدەم.

۱۸۸۰/۱/۲۱ (۳۰ی صەفەری ۱۲۹۸ کۆچی - ۱۲٦۰/۱۱/۲ هەتاوی)
سوڵتان رازگرەکەی خۆی لەگـەڵ کاربەدەسـتی تـەلگرافی تایبـەتیدا نـاردووە، هـەواڵیان ناردووە کە ناوبراو گەیشتووەتە وان. برووسکەی لێکۆڵینەوەکانی بەمزووانە گەیشتووە. بڕیـاری ئاسایشـی سەرسـنوور و ئەرخایـەنبوونی هومـایون دەدەیـن. بـەردەوامبوونی ئـاژاوە، دژی بەرژەوەندی هەردوولایە و دەبێ بە زوویی لەناو ببرێ. هەواڵ گەیشتووە کە خێڵی هەمـەوەند نیازی دەستدرێژییان هەیە. تکا دەکەم کە زۆر بە تایبـەتی رێیـان لێبگـیرێ. گـەورەباڵوێزی ئینگلستان لەگەڵ شارژ دافر-دا چوون بۆ لەندەن. هێشتا بەرنامەی کـار نەگەیشـتووە. ئـاخۆ گەورەباڵوێزی فەرانسە رازیدەبێ! . روونکردنەوەی دانوسـاندنەکانی بـەندە لەگـەڵ سـوڵتاندا کاریگـەرە و داروبارەکـە چاکـترە. هیـوادارم لەمڕۆژانـەدا مزگێنـی ئـەنجامدانی کارەکـەتان پێبگەیێنم.

بەڵگەی ژمارە: ١/٥٧٥

بابەت: شێخ عوبەیدوڵلا

مێژوو: ٦/١٠/١٨٨٠ (٣٠ شەوالی ١٢٩٧ کۆچی - ١٤/٨/١٢٥٩ هەتاوی)

کارتۆن: ١٦

دۆسیە: ١٢/ع

برووسکەی باڵوێزی ئێران لە ئەستەمووڵ بۆ وەزارەتی دەرەوە

دەربارەی شێخ عوبەیدوڵلا ، بۆ خاکی بەرپێی شا.

هەم بە دەمیی و هەم بە نووسراو، بەڵێنی تەواوم لە خودی سوڵتان وەرگرتووە، کە وردەکارییەکانی ئەم باسە، بە نامە دەنێرمە خزمەتتان.

(نەواب **حسام السلطنه**) بە حورمەتی ئەوەی کە خزمایەتی لەگەڵ زاتی موبارەکی (شا)دا هەیە، رێزی پێویستی لێگیراوە و لە کۆشکی (کوك سوخت) ماڵیان داوەتیّ و مونیف میواندارییی لێدەکات. دووجاریش پارە دراوەتە ئەم نۆکەرەت، جارێك (٢) هەزار تمەن و جارێکیش (٣) هەزار تمەن.

پەراوێز: دەستخەتی ناسرەدینشا:

جەنابی (ئاغا)[1] بیبینێت.

بەڵگەی ژمارە: ٢/٥٧٥

بابەت: بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵلا

مێژوو: ٦/١٠/١٨٨٠ (٣٠ شەوالی ١٢٩٧ کۆچی - ١٤/٨/١٢٥٩ هەتاوی)

کارتۆن: ١٦

دۆسیە: ١٢/ع

برووسکەی کارگێری تەورێز بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران

بە پێی فەرموودەی خۆتان، جەنابی (صدیق‌الملك) ماندوو دەکەم و ئەم برووسکەیە لە تەلگرافخانەوە دەکەم. لە قەڵەمرەوی ورمیّ-وە تا سنووری (ماکۆ) هەموو سەرۆکخێڵ و هۆزەکان لەگەڵ ئاژاوەی شێخ عوبەیدوڵلا نەیاریی دەکەن. ئەوەیشی کە جەنابی گەورە باڵوێزی دەوڵەتی گەورەی عوسمانی دەڵێن لەلایەن شێخەوە دژایەتی بەرچاو ناکەویّ و حکومەتیّ (وان) هەر کات هەست بەوە بکات بەرەنگاریی دەکات، وانییە. چونکە هەر ئێستا تەلگراف لە سەر سنووری (خۆی)یەوە گەیشت، کە لە کوردە سوارەکانی عوسمانی، ژمارەیەکی زۆر کۆ بوونەوە و چوونە لای عەبدولقادری کوری شێخ عوبەیدوڵلا ، بە تایبەتیش

---

[1] ناسرەدین شا، مستوفی الممالك -ی سەرۆك وەزیرانی بە (ئاغا) ناو دەبرد.

لە ناوچەی (ساتلمیش)ەوە، کە خاکی عوسمانییە، جەماوەرێکی زۆر لە سوارە کوردەکان سنووریان بەزاندووە و هاتوونەتە خاکی دەوڵەتی گەورە و پایەبڵندی ئێرانەوە. دەی ئەگەر وایە چۆن دەتوانرێ باوەڕ بکرێ، کە شێخ خەیاڵێکی دژی ئەم حاڵەی ئێستای قشوونی ئێرانی نییە و نازانم کاردەگاتە کوێ؟

ساعیدلمولك

پەراوێز: دەستخەتی ناسرەدینشا:

برووسکە بکرێ (حشمت‌الدوله) بە (١٠) هەزار سەربازەوە ئامادە بێ و روونووسی برووسکەکەش بدەن بە گەورە باڵوێز.

بەڵگەی ژمارە: ٥٧٦

بابەت: دەست بە سەراگرتنی سابلاخ لەلایەن هەمزاغاوە

مێژوو: ١٨٨٠/١٠/٦ (٣٠ شەوالی ١٢٩٧ کۆچی - ١٢٥٩/٨/١٤ هەتاوی)

کارتۆن: ١٦

دۆسیە: ١٢/ع

تەلگرافی کارگێری تەوریز بۆ وەزارەتی دەرەوە

دەڵێن چەند رۆژێکە حاکمی سابلاخ لەوێ رۆیشتووە و چۆتە میاندواو. وەك دەڵێن لەم رۆژانەدا تاقمێ لە سوارە کوردەکان بە رابەرایەتی هەمزاغای مەنگووڕ هاتوون سابلاخیان گرتووە و هێرشیشیان بۆ سەر (بناو) و (مەراغە) بردوە و هەندێ لە گوندەکانی مەراغە دەستیان کردۆتەوە دوای تەقە و تێهەڵچوون، بۆ مەراغە گەڕاونەتەوە.

پەراوێز: دەستخەتی ناسرەدینشا:

برووسکەیەکی بێ‌مانای کردووە. هەڵبەتە دەزانێ، کە ئەم بزووتنەوە بێباکانانە، لەلایەن شێخەوەیە. ئەو چاوی لێ‌دەقووچێنێ.

بەڵگەی ژمارە: ٥٧٧

بابەت: هاتوچۆی شێخ لەگەڵ دەرەوی وڵات

مێژوو: ١٨٨٠/١٠/١٤ (٨ زیقەعیدەی ١٢٩٧ کۆچی - ١٢٥٩/٩/٢١ هەتاوی)

کارتۆن: ١٦

دۆسیە: ١٢/ع

نامەی کارگێری تەوریز بۆ وەزارەتی دەرەوە

برووسکەی رەمزی، کە باسی شێخ عوبەیدوڵڵا و کورەکانی بە نهێنی لەگەڵ دەرەوەی وڵاتی تێدا باسکرابوو، گەیشت و ماچم کرد. لەگەڵ ئەم نامەیەدا هاوپێچ، ئەسڵی نامەی میرزاهاشم خانی کارگێری ورمێشم بۆ ناردیت. وا دەردەکەوێ کە جەنابی مسیۆ (ئابۆت)ی

کۆنسوڵی ئینگلیس، لەوە پێش شتگەلێکی کردووە و بە ناوی جۆراوجۆرەوە ئازوخەی کۆکردۆتەوە. چۆنیتی (میری‌میران ئیقبالدەوله)ش لەگەڵ خەڵکی ورمێ و قوشوون و رادەی چەکوچۆڵی ئەولاشی تێدا دیارە. بەندە بە میرزاهاشمی حاکمی ورمێشم وتووە، کە بە نهێنی و بە ئاشکرا ئاگای لە جموجووڵی جەنابی کۆنسوڵ هەبێت، تا چ جووڵانەوەیەکی لێ روو دەدات. وەك دەردەکەوێ، مسیۆ (ئابۆت) ماوەیەکی زۆر لە ورمێ دەمێنێتەوە، چونکە دوای سەفەری ئابۆت، خێزانەکەی بە بەهانەی ئاڵوگۆڕی ئاووهەواوە لە ورمێوە چۆتە تفلیس. لەوە زیاتر بێزارتان ناکەم

بەڵگەی ژمارە: ٥٧٨

بابەت: دەستدرێژیی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: مانگی ١١/١٨٨٠ (زیحەجەی ١٢٩٧ هەتاوی - مانگی ١٢٥٩/٨ هەتاوی.) (دەبێ کۆتایی مانگی ١١/١٨٨٠ بێت)

کارتۆن: ١٦

دۆسییە: ١٢/ع

نامەی کارگێڕی ورمێ بۆ وەزارەتی دەرەوە

لەدەورت‌گەڕێم. دوای ئەوەی ماوەیەك چاو لە دەرگا بووم، نامە بەڕێزەکەی مێژووی ١٤ی مانگ نووسیبووتان، ئێستا بەدەستم‌گەیشت و گەورەی‌کردم و بە زیارەتی سەربەرز و دڵشاد بووم. خوا لە هەموو بەڵا و ناخۆشییەك بتانپارێزێ و سێبەری بەرزتان بەسەر ئەم بەندانەوە هەر بمێنێ. بە لوتفی سەروەرانەوە داروبارەکە هەر ئەوەیە، کە دوو رۆژ لەمەوبەر عەرزتان کراوە. گەورە و میری‌میران تەیموورپاشاخانی سەرتیپ، نزیکەی هەفتەیەك دەبێت رووەو سۆمای برادۆست رۆیشتووە. هێشتاش هەر لەو ناوەیە. هەروەها میری‌میران ئیقبالدەولەش لە شارەوە بزواو و لە دەرەوەی قەڵاکە هۆردووی دامەزراندووە. تا بەرەو مەرگەوەڕ بچێ. خەڵکەکە تۆقیون و نەیانهێشتووە، وتوویانە ئەگەر خوانەخواستە شتێك رووبدات، ئێمە بە تەنیا توانای پاراستنی شارمان نییە. ئەویش دەستبەجێ وەستاوە. فەوجی شەشەمی شوقاقیش دوێنێ گەیشت. هەواڵێکی تەواویش لە خودی شێخ عوبەیدوڵڵا نییە، کە ئێستاکە لە کوێیە! هەندێك دەڵێن لە ناوچەی مەرگەوەڕە و هەندێکی‌تریش دەڵێن چۆتەوە ناو خاکی عوسمانی. هەندێ‌جاریش وای بڵاودەکەنەوە، کە دووبارە خەریکی لەشکر کۆکردنەوەیە بۆ پەلاماردانی ورمێ. بەڵام ئەوەی من بیزانم لەشکرەکەی شێخ بڵاوەی لێکردووە و خۆیشی خۆی دەرباز کردووە. لەولاشەوە شێخ‌قادری کوڕی هاتووە و پێوەندی بە باوکییەوە کردۆتەوە. هەمزاغاش بە هەڵاتوویی هاتووە و لە دەوروبەری ورمێ‌دایە. لە بڕیارێکیشدا کە دوێنێ لەلایەن حەزرەتی گەورە و بە نامە بە حکومەت گەیشتووە، تەشریفی بۆ لای ئۆردووی سابلاغ بردووە و چەندرۆژێکیش لەوێ دەبێ و شیرازەی ئەو ناوچەیە

ڕێكدەخاتەوە و دیداری لەگەڵ سامیحپاشا كردووە، كە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بەرپرسی سنووری خۆیانە. دواییش تەشریف بۆ ورمێ دێنێت.[1] بە پشتیوانیی خوا و لە سایەی سەری شاهەنشای پایەبەرزەوە، زۆر بە زوویی كوردان ژێركەوتە و لێقەوماو و پەرتەوازە بوون، جۆرە ئۆقرە و ئاسایشێكیش هاتۆتە دی. بەڵام لەو دەوروبەرانە گوندێكی ئاوەدان نەماوە و هێشتا ڕێگەكانیش جێی مەترسین، تا بزانین دوای ئەمە خوا چی بە چاك دەزانی! لەوە زیاتر بێزارتان ناكەم.

جێگەی مۆر: محەمەد هاشم

بەڵگەی ژمارە: ١/٥٧٩

بابەت: خۆ ئامادە كردنی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: ١٨٨١/١/٢٨ ز(٢٧ی صفر ١٢٩٨ كۆچی – ١٢٥٩/١١/٩ هەتاوی)

كارتۆن: ١٦

دۆسیە: ٤/١٢

برووسكەی جێگری شا (موزەفەرەدین میرزا) بۆ ناسرەدین‌شا

لە تەورێزەوە بۆ تاران – لەلایەن جەنابی معتمدالملك–ەوە

بە خاكی پیرۆزی بەرێی خاوەن شكۆ (ڕۆحم بە فیدای بێت). پێرێ كە چوارشەممە بوو، بە وتەی ڕۆژنامە، گوایە شێخ خەریكی ئامادە كردنی پێویستییە. بۆ ئاگاداری ئەعلاحەزرەتی گەورە (ڕۆحم بە قوربانی بێت)، پركێشیم كرد و بە عەرزم گەیاندن.

دوای بیستنی ئەم هەواڵە، دەستبەجێ برووسكەم بۆ ئیقباڵدەولە و ئەمیرنیزام كرد، كە بە نهێنی كەسێك بۆ سیخوریی بنێرن، تا هەواڵی ڕاست دەستبخەن و ئەم نۆكەرەت ئاگادار بكەن. منیش بە ئەعلاحەزرەتی ڕابگەیەنم. بە نان و نمەكی موبارەكتان قەسەم، كە ئەم نۆكەرەت ساتێك غافڵ نەبووم و ناشبم.

نۆكەری بچكۆلەت: موزەفەرەدین

---

[1] دیارە دەبێ مەبەست لە میرزاحسینخانی سوپاسالار بێت.

بەڵگەی ژمارە: ٢/٥٧٩

بابەت: دوورخستەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: ١٨٨١/٦/٢٤ (١٦ی رەجەبی ١٢٩٨ کۆچی - ١٢٦٠/٣/٢٤ هەتاوی)

کارتۆن: ١٦

دۆسییە: ١٢/ع

تەلگرافی باڵوێزخانەی ئێران لە ئەستەمووڵەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە

دەربارەی دوورخستنەوە و بوارنەدان بە ئەحمەدوەند، فرمانگەلی سەلمێنراو نێردراوە. بەوجۆرەش نووسیبووتان «شێخ» لە وان-ە و لە بەردەست موشیردایە. ناسنامەی بوونی بە عوسمانیّ، بە شێوەیەکی کاتیی بووە و تا کاروباری زەوی و زارەکانی سەروبەر دەکات، لەویّ دەبیّ. لە ئێرانیش بە هەمان پەیرەو، دەبیّ خۆی داوا بکات و رەزامەندیی هومایوونیش (شا) بەدەستبهێنیّ و دوای (٣) ساڵ نیشتەجیّبوون لە خاکی عوسمانیدا، بۆ ئێران بگەرێتەوە. ئەگەر وانەکات، ئەوا لای دەوڵەتی عوسمانی هەروەك ئێرانییەك حسابی بۆ دەکریّ.[١]

پەراوێز: دەستخەتی ناسرەدینشا:

جەنابی وەزیر. شتێك لەم تەلگرافە نەگەیشتم و نەمزانی بابەتەکە باسی چدەکات! سبەینیّ لەگەڵ خۆتدا بیهێنە و بە دەمیی عەرزمانی بکە.

بابەتەکەی دوایی، سەبارەت بەوەڵامی تەلگرافی ئەم بەندەیە و لەبارەی مەرجەکانی رازیبوون، بەوەی ببێتە هاووڵاتی و وەڵامەکانیشی بە گشتی، لە یەك تەلگرافدا هاتووە.

بەڵگەی ژمارە: ٣/٥٧٩

بابەت: دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: ١٢٩٨ کۆچی (هەر تەنیا ساڵ-ی پێوەیە، کە وادیارە دوای کشانەوە و بردنی شێخە بۆ ئەستەمووڵ و بەم پێیە، ئەم بەڵگەنامەیە، هی مانگەکانی (١٢ تا ٦)ی ساڵی (١٨٨٠-١٨٨١) بێت.

کارتۆن: ١٦

دۆسیە: ١٢/ع

تەرجەمەی تەواوی ئەو وتارەیە کە لە مانگی ئۆگۆست (١٨٨٠)دا لە رۆژنامەی مۆسکۆسکی ویدومستیدا چاپ و بڵاو بۆتەوە.

---

[١] وەك ناسرەدینشا نووسیویەتی: ناوەرۆکی ئەم بەڵگەنامەیە ئاڵۆزە و باش تێینەگەیشتم.

بە پێی ئەو هەواڵانەی لە تارانەوە بە ئێمە دەگات، ئاژاوەی کوردەکان لە سنووری ئازەربایجان تەواو بووە. هێمنایەتی لە گوندەکانی سەر سنوور سەقامگیر بووە. ئەمەش بە هۆی دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵلا یە، کە سەر باشقەی ئاژاوەچییان و سەرۆکی یاخییان بوو. تا ئەو دەمەی کە شێخ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەرپرسی کارەکانی نەدەدرایەوە و باسی نەدەکرا؛ وا تێدەگەیشت کە ئێوە پێتانخۆشە. بۆیە لە سنوورەکانی ئێراندا، کەوتە تەراتێن و ئاژاوەیەکی لەو ناوچەیەدا نایەوە. کارێکیانکرد کە لە ئاوەز و شارستانێتی بەدووربێ و بەزەییان بە گەورە و چکۆلە نەدەکرد و پەلاماریان دەدا. بۆ رزگاربوونیش لەم بەڵایە؛ سیاسەتێکی راست و سەرنجی تەواو و پێویست بوو، پشتیوانیی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ رزگاربوون لەو ئاژاوەیەی شێخ عوبەیدوڵلا بەدەستبهێنرێ و بە یارمەتی یەکتر، لە سنوورەکان راویبنێن و وڵات هێمن بکەنەوە. لە سایەی سیاسەتی راست و تێبینی عاقڵانە و پڕ لە خێر و بەرەکەتی (میرزا سەعیدخان - مۆتمنالملك)، وەزیری دەرەوەی خاوەنشکۆ شاهەنشاوە، ئەم ئاواتە هاتە دی، سەرەرای ئەوەش کە دەوڵەتی عوسمانی لە کاردا سست و خاوە و هەمیشە سیاسەتی خۆ گێلکردن و کات بە فیرۆدانی بەراست زانیوە و لە وەڵامی وڵاتانی دەرەوەدا، هەر بەڵێنی بێبناغەی بووە. بەڵام دیسانیش میرزاسەعیدخان، بە لێوردبوونەوەی هۆشیارانەی خۆی، ئەم کۆسپانەی لابرد و بە خۆشیی و دڵنەرمیی، دەوڵەتی عوسمانی ناچار بە هاوکاریکرد و سوور بوو لەسەر دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵلا ... بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بەم دواییانە گەیشتوونەتە تاران، شێخ کە خۆی لە تەنگاوی دوو هێزی ئێران و عوسمانیدا دیوە، ناچار بووە داواکەی دەوڵەتی عوسمانی قبووڵ بکات و بچێتە ئەستەموول. دوای دوورکەوتنەوەی شێخ لە کوردستان، لایەنگرەکانی بڵاوەیان لێکرد و برێکیان گیران و ئەوانی دیکەش دەستیانکردەوە بە کاروباری کشتوکاڵی جارانی خۆیان.

لە راستیدا میرزا سەعیدخان، کە (٢٥) ساڵ پترە، کاروباری گرنگی دەرەوەی دەوڵەتی ئێران بەرێوە دەبات، مرۆیەکی زۆر زانا و بە ئەزموونە. زۆرجار سەرنج و بیر و بۆچوونی ئەو، بۆتە هۆی بەرگری لە زیانی دەوڵەتی ئێران. لێکدانەوە و پارێزێك، کە لە کاردا لەبەرچاوی دەگرێ، بەڵگەی پتەویی ئاوەز و راستیی بۆچوونەکانیەتی. بەڵێنی پتەو و بریاری راستە. دۆستایەتیکردنی ئاکامێکی هەیە. دوژمنایەتیکردنیشی بە قازانج نییە. چونکە هیچ بەهانەیەك بۆ دوژمنایەتی، بە دەستەوە نادات. مرۆیەکی خێرخواز و دڵ و دەروون پاکە. ئەگەر تا ئێستا کاروباری دەرەوەی ئێران، بەمجۆرە رێكوپێکە، هەر لە سایەی ئاکاری ئەوەوەیە، کە بە پێی سیاسەتی دەوڵەتی ئێرانە... لەم رووەوەیە، کە خاوەن شکۆ شاهەنشا، هەمیشە بیر و بۆچوونی ئەو دەپرسێ و باوەری بە بۆچوونی خێرخوازانەی هەیە.

(موتمنالملك)یش، کە لەم هەموو ساڵەدا توانیویێتی ئەرکی گرنگی وەزارەت بەرێوە بەرێت؛ بە هۆی ئەو هاندان و پشتیوانییەی کە پەیتا پەیتا لەلایەن شاوە لێیدەکرێت. ئەگەر

خاوەنشکۆ بەمجۆرە پشتی نەگرتایە و لەگەڵ برێك کەسدا- کە بە رواڵەت عاقڵ و زیرەکن، بەڵام بە کردەوە پووچەڵن – وەك یەك سەیری بکردنایە، دیارە ئەویش ماندوو دەبوو و لە کار دەکەوت. ئەمەش مایەی بەختەوەرییە، کە ئێران، پاشای کارزان وهونەردۆستی هەیە.

میرزاحسەین خان – موشیردەولەش، کە لە سەردانی پترسبورگ گەڕایەوە، کرایە حاکمی خۆراسان و ناردیانە مەشهەد و لە ٢٨ی مانگی (٦)دا لە تارانەوە بەرەو خۆراسان کەوتە ڕێ.

ئەمساڵ خەلە و خەرمان لە چاو ساڵانی پێشوودا باشترە. بەهیواین لە هەموو جێگەیەك گرانیی نەمێنێ. کارەکانیش بچنەوە دۆخی جاران و سەرلەنوێ باری ژیان چاك بێتەوە.

وەرگێڕ: بەندەرگاهی – عەلیقی

بەڵگەی ژمارە: ٥٨٠[1]

بابەت: داگیرکردنی سابلاخ و کوشتن و تالانیی مەرحەمەتئاوا لەلایەن شێخعەبدولقادرەوە

مێژوو: (سەرەتای مانگی ١٠ی ١٨٨٠ز – زیقەعیدەی ١٢٩٧ کۆچی)

کارتۆن: ١٦

دۆسییە: نییە

بەڵگەی ژمارە: ٥٨١

بابەت: شێخ عوبەیدوڵلا

مێژوو: ١٨٨٠ (هەر تەنیا مێژووی ساڵەکە لە بەڵگەکەدا هەیە – دوای کشانەوەی هێزەکانی شێخ بۆ نەهری، دەبێ مێژووی ناوەڕاستی مانگی ١٨٨١/٣ بێت).

کارتۆن: ١٦

دۆسیە: ١٢/ع

دەستخەتی ناسرەدین شا

جەنابی وەزیری دەرەوە.

تەلگرافی وەزیری فەوائید هاتووە و نامەیەکی تایبەتی شێخ عوبەیدوڵلای مەلعوونیش، کە بۆ سەرۆك عەشیرەتێکی نووسیبوو، شەرحکراوە و ئەسڵی نامەکەشی بە پۆستدا بۆ تۆ ناردووە.

بۆ موعینولمولك – یشم نووسی، تا ئەویش کۆپیەی ئەو تەلگرافەتان بداتێ. دەستنووسی ئەو نامەیەم بە تەلگرافی رەمز بە معین‌الملك داوە و بە وەزیرم وتووە موعینولمولك راسپێرێ؛ تا

---

[1] ئەم بەڵگەنامەیەمان کردە پاشکۆی ژمارە (٨)

لەگەڵ عوسمانیگەل و باڵویزەکاندا قسە بکات و بڵێ ئاخر چۆن ئەمە دەبێ! بۆ ئەم (پدرسوختە) یەتان خستۆتە ئەم ناوە و هەموو رۆژێك دەبێتە هۆی شەڕ و گێچەڵ و دەقیقەیەکیش نایەڵێ ئەم سنوورانە ئاسوودە بن!

زۆر توند بۆ موعینولولك بنووسە و پێی بڵێ کاروباری شێخ بەم نامەیە (پڕ تبست) بکات، دەستنووسی ئەو نامەیەش بدات بە سوڵتان و بڵێ ئەسڵی ئەم نامەیە لە وەزارەتی دەرەوەی ئێران پارێزراوە. هەر خۆشت لەگەڵ گەورە باڵویز قسەبکە و پێی بڵێ: بڕیار و بەڵێنەکانتان لە پێکهاتن لەگەڵ ئێمەدا، گەیوەتە کوێ؟ ئەو (١٠) رۆژە مۆڵەتەی ئەم دواییەش رابوورد و وەڵامێکی راست و ئاشکرا نابیستم.

رەشنووسی ئەم نامەیە بە دزیەوە بدە بە باڵوێزی رووس و لە زمانی منەوە پێیبڵێ ئەم مەبەستەش دیسانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی رووس بنێرێ و سەرلەنوێ هانیانبدات بۆئەوەی ئەم کارە بەلایەکدا بخەن. هەڵبەت ئەم هەنگاوانە زوو هەڵگرە و ئەنجامەکەیم عەرز بکەنەوە.

بەڵگەی ژمارە: ٥٨٢

بابەت: هەڵاتنی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: ١٨٨٢/٨/١٧ (٢ی شەوالی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٦/٢٦ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/ع

تەلگرافی باڵوێزی ئێران لە ئەستەموول بۆ وەزیری دەرەوە

هەر ئێستا بیستم کە شێخ هەڵاتووە. تەلگرافیان بۆ هەندێ جێ ناردووە. پیاوەکانی شێخ گیراون و لە سەرا خەریکی لێپرسینەوەیانن[1]. دوای لێکۆڵینەوە، ئەو کارانەی دەبێ بکرێ، ئەنجامەکەیتان عەرز دەکەم. ئاگادارکردنەوەی ئەمیرنیزام پێویستە.

بەڵگەی ژمارە: ٥٨٣

بابەت: هاتنی شێخ بۆ سنوورەکانی ئێران

مێژوو: ١٨٨٢/٨/٢١ ز(٦ی شەوالی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٦/٣٠ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/٤

نامەی کارگێری بەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوە - ژمارە ١٣٨

---

[1] مەبەست لەو یاوەرانەی شێخ عوبەیدوڵڵان، کە لە ئەستەموول لەگەڵ شێخدا دەست بەسەر بوون.

خاوەن شکۆ و وەلـی نیعمەتمان. ئەو شتەی بۆتە دەردیسەری گەورەی جەنابی والـی – تا ئەو رادەیەی عەقڵی ناتەواوی بەندە، بڕی کردبێ و جگە لەمەش هیچ شتێکی دیکە نابێ – هاتنی شێخە.

دوای هاتنی جەنابی ئەمیرنیزام، لەگەڵ هێزەکەی بەرەو سنوور؛ پەژارە و دڵەراوکەیـەك رووبەرووی والـی بۆتەوە. ئەو تەگبیرەش کە کردبووی، بریتی بوو لەوەی، بـە رووالـەت بـە ناوی گەڕان و سەیرانەوە بچێتە دەرەوەی شـار و لـە بنیشـەوە دەیویسـت ئـەو خەیالـەی لـە مێشکیدا بوو، تەلگراف بۆ ئەستەموول بکـات، کـە شـێخ بنـێرن و نـاوی هـەلاتووی لەسـەر دابنێن. بە دوایشیدا (٤) تابوور سەرباز بێـت و بچـن و ئاگـاداری بـن، تـا لـە سـنوور هیچ تێهەڵچوون و جووڵانەوەیەك روو نەدات. بەڵام لە دڵیشدا لە کاتی پێویستدا پشتیوانی شێخ بێت. ئەوەش کە بۆچی لە شـاری وانـەوە تـەلگرافی نـەکردووە؛ تـا کـەس لـە تەکبیرەکـەی ئاگادار نەبێ، نەکا کارەکەیان لـێ‌بشێوێنن.

لە لایەکی‌تریشەوە جەنابی والـی چەندجارێك پرکێشی کردووە. ئەمەش بۆ خـۆی زۆرە. ئاکاریشی جۆرێکە، سـەرەڕای ئـەوەی هـەموو کارەکـان خـۆی دەیکـات؛ دەیـەوێ کەسـیش گومانی لـێ‌نەکات و ئەو تاوانبار نەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا لە نامەی ژمـارە (١٣١)دا پرکێشـیم کردبـوو(کـە لەوانەیـە والــی خـۆی تەلگرافی بۆ ئەستەموول کردبێ و بە ئاگاداری ئـەوێ سـەفەری کردبـێ) هەڵبـەت جـەنابی گەورە باڵوێز ئاگاداری سـەرلەبەری خەیاڵەکـەی والـی‌یە و هـۆی هـاتنی شـێخ بـە تـەواوی عەرزی گەورە پیاوانی دەوڵەتیش دەکات.

منیش هەر ئەوەندەم لەدەست‌دێت هەر شتێ کە لەم دەڤەرەوە رووبدات، دەستپێشکەریی بکەم و هەرچۆنێك بێت عەرزی پیاوانی دەوڵـەتی بکـەم. وەك ئـەم هەواڵـەی، کـە دوو رۆژە دوای ئەوەی خەڵکی وان و کۆنسوڵـی رووس بیستبوویان.

وەك دەیگێڕنەوە؛ دوای ئەوەی شێخ دەگاتە ناوچەی (وان)، دەگاتـە هـەر عەشـیرەت و خێڵێـك، شـەوێك میوانیـان‌دەبێ و پـەیمان تـازە دەکەنـەوە. شـەوی (٢)ی شـەوالیش (١٨٨٢/٨/١٧) لە ماڵـی (تەمرئاغای گەورە و حاکمی موکری) و شەوی (٨/١٨)یش لە ماڵـی (محەمەد خانی حاکمی میلان) و شەوی دواتریش (١٨٨٢/٨/١٩)، لە ماڵـی (یوسف خان)ی ئامۆزای (دەرباسی خان)ی بەڕێوەبەری (قەرەحەسار)ی قەڵەمڕەوی عوسـمانی بـووە (کـە تـا قوتوور دوو قۆناغەڕێیە). بەمجۆرە دەگەڕێ و پـەیمان تـازە دەکاتـەوە و ئەوسا بـەرەو ماڵـی خۆی دەگەڕێتەوە.

هەر چۆنێك بێت، جارێ نازانرێ خەیاڵـی چییە و زۆر ئاگاداری نیم، تا پرکێشی بکـەم و عەرزتان بکەم.

شوێنی مۆر: عەبدە ئاقا

بەڵگەی ژمارە: ٥٨٤

بابەت: پێوەندی نێوان شێخ عوبەیدوڵلا و عوسمانییەکان

مێژوو: ١٨٨٢/٨/٢١ (٦ی شەوالی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٦/٣٠ هەتاوی).

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/ع

نامەی کارگێری بەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوە

ئەوەی بڕوای بەندەتان بوو لە بارەی هاتنی شێخەوە، لە نامەی نمرە ١٣٨دا عەرزم کرد. بەڵام ئەو شتەی لە ناو عوسمانییەکاندا بڵاو و دەمگۆی خەڵکە؛ دەڵێن شێخ هەڵاتووە. هەندێ کەس و کۆنسۆلی رووسیش، لە قسەی خەڵکەوە دەڵێن جەنابی گەورە باڵوێزی ئێران و باڵوێزی دەوڵەتی ئینلگیس دەستیان بە شێخەوە ناوە و شێخ هاتووە و لە دژی عوسمانییەکان لەگەڵ ئێرانییەکان یەك بکەوێ. دەوڵەتی عوسمانیش پشێویی کاری خۆی لە (میسر)ەوە دەزانێ. موساپاشا و نافیزپاشا ئەمەیان کردۆتە چاووراو: بە لەشکرەوە دێن شێخ بگرن. هەندێ واتە واتی واش دادەخەن، ناچێتە عەقڵەوە. چۆن دەبێ شێخ، بێ ئاگاداری دەوڵەتی عوسمانی بتوانێ بەم هەلومەرجەوە لە هەرکوێ بیەوێ، میوان دەبێ و پەیمانیان لەگەڵدا تازە دەکاتەوە! ئەگەر ئەمانەی دەیلێن راستبێت؛ دەبێ بە جەنابی گەورە باڵوێز رابگەیەنین، تا بە کاربەدەستە باڵاکانی دەوڵەتی خاوەنشکۆ رابگەیەنێ. لەملاشەوە کۆنسۆلی رووس بڕوای وایە، کە جەنابی والی، لە هاتنی شێخ بێئاگایە، چونکە ئەم هەواڵەی لە کەسێکی دیکەوە بیستووە. منیش وتم: ئەوە ئەوپەڕی سیاسەتمەدارییە، کە ئاوا کار بکات و کەس گومانی لێنەکات. والیش رۆژی (١٨٨٠/٨/٢١ ز) لە سەفەر هاتەوە. هێمان چاوپێکەوتنمان نەبووە. چونکە ئەم چاووراوانەش لە ناو خەڵکدا وتراوە؛ بۆیە زەحمەتم دایت.

شوێنی مۆر: عەبدە ئاقا

بەڵگەی ژمارە: ٥٨٥

بابەت: ڕاگەیاندنی فرمانی گرتنی شێخ
مێژوو: ١٨٨٢/٨/٢٨ (١٣ی شوالی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٨/٦ هەتاوی)
کارتۆن: ١٧
دۆسیە: ١٢/ع

برووسکەی باڵوێزی ئێران لە ئەستەمووڵ بۆ وەزارەتی دەرەوە

پەیتا پەیتا فرمان بۆ گرتنی شێخ، بۆ سنوور دەنێرن. جێگری ئەرزەرۆمیش لە ئەرزەرۆمەوە دەچێت. وەزیری دەرەوە نووسیویە کە عەشایەری ئێران، بڕێکیان وەك کوڕی دەرباز بوو، دەچنە پاڵ شێخ؛ کە دەبێ بەریان پێبگیرێ و لەم ڕووەوە مشوورێك بخورێ. مۆڵەتی چاوپێکەوتنم لە سوڵتان وەرگرت. لەگەڵ پارێزەرانی دەوڵەت و باڵوێزەکان وتووێژ دەکرێ و تەقەللای پێویستی بۆ دەدرێ و بە پشتیوانی خوا تەقەللاکان بێئاکام نابن. لەگەڵ ئەوەشدا لە سنووردا لێهاتوویی پێویستە و دەبێ وریا بن.

بەڵگەی ژمارە: ٥٨٦

بابەت: زیانی دڵخۆشیدانەوەی شێخ عوبەیدوڵلا
مێژوو: ١٨٨٢/٨/٢٨ (١٣ شەوالی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٦/٦ هەتاوی)
کارتۆن: ١٧
دۆسیە: ١٢/ع

برووسکەی وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ ئەمیرنیزام

برووسکەی ڕەمزی جەنابتان گەیشت. لە بارەی عەیبەی دڵنەوایی کردنی شێخەوە، ئەوەی نووسیوتانە، زۆر ڕاستە و هەق بە ئێوەیە. بەڵام لەبەرئەوەی خاتری موبارەکتان لە هەموو جۆرە هەواڵ و برووسکەیەك ئاگادار بکرێت، بۆیە برووسکەکەی موعینولمولکم ناردە خزمەتتان، کە برووسکەکەشم عەرزی خاکپای همایۆن کرد؛ وەڵامی نەسەلماندنی بە موعینولمولك دایەوە و فەرمووی: دڵنەوایی و ئاشتکردنەوەی شێخ، بە تەواوی دژی بەرژەوەندییە و ئەویش لەسەر ئەو ئەمرەی **پێیکراوە**، دەبێ لەگەڵ بەرپرسانی عوسمانی و بە هاوکاری دەوڵەتانی دەسەڵاتدار، نەك **تەنیا** دوورخستنەوە، بەڵکو داوای ئیعدام و لەناوبردنی شێخی سەگباب بکات. **منیش** لێرە لەگەڵ باڵوێزی عوسمانی و باڵوێزانی دیکە، هەر خەریکی وتووێژم. هەر ئەم برووسکەیەی جەنابیشتانم دەستبەجێ ناردە خزمەت شاهەنشا.

پەراوێز: دەستخەتی ناسرەدین شا:
چاکتان نووسیوە، ئەمیرنیزامیش چاکی عەرز کردووە، ئێمەش نووسیمان کە دڵنەوایی شێخ یانی چی؟ چ دڵنەواییەك؟ دەبێ باوکی بسووتێنن. هەرواش برووسکە بۆ موعینولولك بکە.

بەڵگەی ژمارە: ٥٨٧

بابەت: هاتنی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ (ناوچە)

مێژوو: ١٨٨٢/٨/٢٩ (١٤ی شەوالی ١٢٩٩ کۆچی – ١٢٦١/٨/٧ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ٤/١٢

برووسکەی کارگێڕی ئازەربایجان بۆ وەزارەتی دەرەوە

سابلاغ

لە سایەی خواوە شار ئارام و ڕێکوپێك و ئاسوودەیە. شەوی دووشەممە: ١٨٨٢/٨/٢٨، نامەیەکی جەنابی ئەمیرنیزام گەیشت، کە بۆ خەسرەوخانی سەرتیپ – نایب‌الحکومەی نووسیبوو، چۆنێتی هاتنی شێخی بۆ (ناوچە) تێدا نووسرابوو. خەسرەوخان هەموو زانایان و گەورە پیاوان و کوێخاکانی کۆکردنەوە و بۆ خزمەتکردن بە دەوڵەت هانیدان. ئەمینولئیسلام و ئامادە بووانیش هەموو پێکەوە نامەیەکیان بۆ ئەمیرنیزام مۆر کردووە، کە بە هەموو جۆرێك بۆ بەرەنگاریی و دوورخستنەوەی شێخ، ئامادەن....

بەڵگەی ژمارە: ٥٨٨

بابەت: هەڵاتنی شێخ

مێژوو: ١٨٨٢/٨/٣٠ ز(١٥ شەوالی ١٩٩٢ کۆچی – ١٢٦١/٦/٨ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢ / ع

نامەی کارگێڕی بەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوە

دوای هاتنەوەی والی، دوو دیدارم لەگەڵیدا هەبووە؛ جارێکیان لە ماڵی خۆیان و جارێکیش لە شوێنی کارەکەی... جاری یەکەم، کە بە بۆنەی هاتنەوەی بوو، دوای ئەوەی باسی (شێخ) هاتە گۆڕێ، بەندەتان وتم: ئەگەرچی دەڵێن هەڵاتووە، بەڵام من پێم وا نییە وا بێت، چونکە چۆن دەکرێ، کەسێك ئەم هەمووە چاودێرەی هەبووبێ، کەچی زات بکا و بتوانێ هەڵێ! لەوانەیە بە ئاگاداری و پرسیار و مۆڵەتی ئەوان هاتبێ.

وتی: نا، باوەڕ بکە هەڵاتووە، چونکە مانگی ڕەمەزان بووە و لە گۆشەیەکەوە نیشتەجێ بووە و چاودێرییەکی وایشی لێنەدەکرا، تا لە گەڕان و دەرەوە چوون بەرگری لێ بکرێ. بێ

هەواڵ و بە دزییەوە هەڵاتووە. پاشان وتی راپۆرت و هەواڵنامەم بۆ هەموو سەرۆك هۆزەكان ناردووە، كە بە هیچ جۆرێك یارمەتی نەدەن و هەركەسێكیش یارمەتی بدات، دەوڵەت لێی خۆش نابێت. یەكێك لەو نامانەیشی نیشاندام. منیش ناردم بۆ ئەمیرنیزام، كە لەو لاوە هەواڵی كارەساتی شێخی لێ‌پرسیبووم. ئەگەر پێویست بێت، دەگاتە عەرزی گەورە گەورەكانی دەوڵەتیش.

جەنابی والی لێمیشی پرسی: برێك چاووراو هەیە، كە دەڵێن قوشوونی عەجەم هاتۆتە سەر سنوور و داوای هەندێ شت و ئەوانە دەكات؛ ئەرێ راستە؟ وتم: من هیچم نەبیستووە. وتی: من خۆم پرسیار دەكەم. پرسیارەكەشم رەسمی نییە. وتم: جا ئەگەر شتێكی وا ببوایە، دەبووایە بە ئاشكرا بووایە، جا منیش شتی ئاشكرا بۆ دەشارمەوە. لە دواییدا وتی: ئەگەر هەواڵێكی وا هەبێت، كە ببێتە هۆی یەكێتی و نێوانخۆشیی هەردوو دەوڵەت، با بە یەكتری بڵێن، نەك هەر هەواڵەكانی دەوڵەتی و رەسمی. وتم: بە چاوان.لەوە زیاتر ماندووتان ناكەم.

بەڵگەی ژمارە: ٥٨٩

بابەت: هەڵاتنی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: ١٨٨٢/٩/١ ز (١٧ی شەوالی ١٢٩٩ كۆچی - ١٢٦١/٧/١٠ هەتاوی)

كارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢ / ع

نامەی كارگێڕی بەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوە - نمرە ١٤٣

خاوەنی هەموو لایەك، وەلی نیعمەتمان.

١٨٨٢/٨/٣٠ ، جەنابی موساپاشای فەریق، بە رێزێكی زۆرەوە هاتە شار. بەو جۆرەی بیستوومە و دەبینرێ، خەریكی خۆ ساز كردنە، بە قەرایی (٢٠٠) بار گەنم دەبوو، بۆ ئازووخەی سەربازەكان لە بەر خانەی كارگێڕدا، كە دەكەوێتە سەرە رێی باشقەڵا، گوێزرایەوە بۆ باشقەڵا. لەوێشەوە بردیان بۆ (هەكاری)، بیست دانە تۆپیشم دیتن، كە دەیانهێنان. دەڵێن جگە لەوانەش، كە لێرە هەیانە، لە ئەرزەرۆمیشەوە هی دیكە دێنن.

لە هەواڵنێرە نهێنییەكانیانەوە، كابرایەكی عیسایی هەواڵی هێنا، كە جەنابی والی، دوو شەوە هەر خەریكی تەلگراف كردن و وەڵام نووسینە. بەندەتان دوو سێ رۆژە لەرز و تایەكی قورس دایگرتووم. نەمتوانی بچمە دیتنی موساپاشا؛ تا لە قسە و باسەكانی ئەویش خەبەرێك دەست بخەم و عەرزتان بكەم. ئەو شتانەی بیستبووم، بە پەلە ناردمە خزمەتتان.

ئەمرۆ؛ ٣١ / ٨، كاروانێك لە سەلماسەوە هات. ئێرانییەكان دەڵێن (شێخ) لە كاتی هەڵاتندا، بە هەر كام لە سەرۆك‌هۆز و كوردەكان گەیشتبوو، وتوویەتی: هەمیشە بۆ خەڵكی ئێرانی - كە لێرەوە دێن - رێز دابنێن و حورمەتیان بگرن. ئازاریان مەدەن. دیسان هەرچی

هەیە، لە شانس و تێگەیتشنی ئێرانییەکانە. من بە هەڵەدا چوبووم.. هەڵاتنەکەی لەم قسەیەوە دەردەکەوێت. لەوە زیاتر بێزارتان ناکەم.

بەڵگەی ژمارە: ٥٩٠

بابەت: هەڵاتنی شێخ

مێژوو: ١٨٨٢/٩/١ ، (١٧ی شەوالی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٧/١٠ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢ / ع

تەلگرافی باڵوێزی ئێران لە ڤییەنا بۆ وەزارەتی دەرەوە

لە کاتی هەڵاتنی شێخی سەربزێودا، لە ئەستەموول بووم. هەر هەنگاو هەڵگرتنێك، لای بەرپرسانی گەورەی دەوڵەت و باڵوێزەکانی ئەوێ، پێویست بووبێت، هەڵیبگرین، لەگەڵ موعینولولك هەڵمانگرت. عوسمانییەکان زۆر پەژارە و شپرزەن بە کاوەخۆ و دڵنیایی خەریکی کاری خۆتان بن. لە هەموو ولاتانەوە، رێگە چارە و یارمەتی دەگەیەنمە ئەستەموول.

مولکەم

بەڵگەی ژمارە: ٥٩١

بابەت: هەڵاتنی شێخ عوبەیدوڵلاّ و ئاشتی نێوان ئینگلیس و عوسمانی لەسەر یۆنان

مێژوو: ١٨٨٢/٩/٥ ز (٢١ی شەوالی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٧/١٤ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢ / ع

بڕووسکەی باڵوێزی ئێران لە ئەستەموول بۆ وەزارەتی دەرەوە

بە هۆی سەرقاڵیی سوڵتانەوە، چاوم پێی نەکەوتووە. ناوەڕۆکی تەلگرافی هومایونم نارد، لە کەین و بەینی (شێخ) بە پڕوپاگندەی سلێمانپاشا، نارەزایی نیشانداوە و بۆ لەناوبردنی شێخ، دڵنیایی تەواوی داینێ، کاتێ تەلگرافەکەی (شا)م دا بە سەرەك وەزیران و وەزیری دەرەوە، ئەوانیش دڵنیایان کردم. نامەیەکی رەسمی توندم نووسیوە، هێمان وەلامەکەی نەهاتۆتەوە. لەگەڵ باڵوێزەکانی دیکەش ئاخاوتنم کردووە؛ هەموو پێیان خۆشە و دڵنیام دەکەن.

راوێژکاری گەورە باڵوێزی ئینگلیس نەگەیشتووە، بەوجۆرەی باڵوێزی رووس دەیوت؛ شێخ دژی گەورە گەورەکان هەنگاو هەڵدەگرێ....

بەڵگەی ژمارە: ٥٩٢

بابەت: بە درۆخستنەوەی قسەکانی شێخ لەسەر سنوور

مێژوو: ١٨٨٢/٩/٦ (٢٢ی شەوال ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٧/١٥ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/ ع

تەلگرافی ئەمیرنیزام بۆ وەزارەتی دەرەوە

لە ورمێوە هاتووە.

فەرمووبووت و نووسیبووت: ئەگەر خۆم بچمە سەر سنوورەکان بێ جێ نییە. سنوورەکان زۆرن و لە (٧٠) فرسەخ زیاترن. نزیکترین جێیەك لەو سەر سنوورانە، کە شێخ تێیدا دەمێنێتەوە؛ ورمێیە. هەر وەخت و هەر سات و هەر جێگەیەکی دیکە پێویست بێت، بێ راوەستان ئەم نۆکەرەتان خۆی دەگەیەنێتێ. خۆ من بۆ ئاسودەیی بۆ ئێرە نەهاتووم. نامەم بۆ هەموو جێیەك بۆ سنوورەکان بلاۆکردۆتەوە و ناردوومە؛ تا درۆکانی شێخ روون بکرێتەوە. دوو دەستنووس و نۆسخەشم بۆ میرزا جەوادخان ناردووە، تا پیشانی بەرپرسانی عوسمانی بدات.

بەڵگەی ژمارە: ٥٩٣

بابەت: هەلاّتنی شێخ و ئامادەکردنی قشوونی عوسمانی لە سەر سنوور

مێژوو: ١٨٨٢/٩/٧ (٢٣ی شەوالی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٧/١٦ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/ ع

تەلگرافی کارگێڕی وان بۆ وەزارەتی دەرەوە

تەلگرافی موبارەکی ١٨ی شەوال (١٨٨٢/٩/٢) گەیشت، پرسیارم لە موساپاشا کرد، کە سەرلەشکری ئەم مەڵبەندەیە و پیاوێکی زۆر راستگۆ و ناودار و قسە راستیشە؛ وتی: فلاّنی! بۆ هەمووکەس جێی پرسیار و سەر سوورمانە، کە شێخ هەلاّتبێ! بەلاّم ئەمە مەرجی سیاسەتکاریی نییە، کە دەوڵەتێك لە دوو دڵیدا رابگرین. بەخودا و پێغەمبەری خوا، شێخ بە بێئاگاداری سوڵتان هەلاّتووە. ئیتر چۆنە؛ منیش نازانم. چونکە دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن (میسر)ەوە، کاری شێواوە. لەبەر بەرگری لە هەندێ کەڵەگا و سەرەرۆیی هەلپەرست، کە زۆرجار بۆ دەوڵەتی عوسمانی راست دەبنەوە؛ خەریکی ئامادەکردنی سەربازن بۆسنوور. حەسەن ئەفەندیشم ناردە لای شێخ، تا لێی بپرسێ: لەبەرچی و بە چ خەیاڵێك هەلاّتووە؟! هەرچۆنێك دەبێ، دەبێ بیهێنن. بەلاّم بڕوای بەندەتان ئەمەیە، هەموو ئەمانە بۆچارەسەری پەرێشانیی خۆیانە، کە لە هاتنی قوشوونی عەجەم هەیانە، خۆیان خەیاڵی دیکەیان نییە.

میرزا ئاقاخان

بەڵگەی ژمارە: ٥٩٤

بابەت: راسپێردراوەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا سەبارەت بە ملکەچکردنی بۆ حکومەتی ئێران

میژوو: ١٨٨٢/٩/١٣ (٢٩ی شەوالی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٧/٢٢ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/ع.

تەلگرافی کارگێری ورمێ بۆ وەزارەتی دەرەوە

نامەی میرزاجەوادخان: فیدای وجوودی موبارەکت بم. لەو رۆژەوە هاتووم، پەیتا پەیتا لای شێخ عوبەیدوڵڵاوە راسپێردراو دێنە لای ئەم غولامەتان و دەڵێن: شێخ ئێمەی ناردووە؛ بەڵکو کارێك بکەین کە حەزرەتی ئەمیرنیزام بێنە سەر میهرەبانی و ئەویش سوێندبخوات کە دڵنیای بکات. شێخ وتوویە: لە ماوەیەکی کەمدا، لە ئەرزەرۆم بەملاوە، هەمووی بخاتە ژێر دەسەڵاتی ئێران. بەغداش بکاتە ژێر دەسەڵاتی ئێران. خۆیشی دڵنیایان بکات و بێتە ورمێ و نیشتەجێ بێت و لە گیانبەخت کردن لە پێناوی ئێراندا درێغی نەکات.

بەندەتان شکم کرد و وتم: ئەمە، دەبێ بە دەسکیسی بەرپرسانی عوسمانی بێ تا شتێك دەست بخەن. چونکە لە غولامەکانی پاشامان، ترسیان لە دڵدایە. بۆیە منیش دامنە بەر جنێو و نەفرەتم لە شێخ کرد و نەشموێرا باسەکە لای کەس باس بکەم... دوێنێ شەو (جەمال)ی زرکوری شێخ عوبەیدوڵڵا ، کە پیاوی تایبەتی شێخە؛ هەر ئەم هەواڵانەی هێنا و لە سەر ئەم کارەساتە، بەڵێنی (٥٠٠) پێنجسەد تمەن پارەی بەم غولامەتان داوە. خودی شێخیش تکای کردووە، چاوی بەم غولامەتان بکەوێ. منیش بە شایەتیی گەورەی بارەگاکان: حاجی رەفیعخان، دەرمکرد و جنێو و قسەیەکی زۆرم بۆ شێخ نارد و پیاوەکەیم ناردەوە... بۆ ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی خاوەن بەرزیی وجوامێریی و بەخشین، پرکێشیم کرد و ئەمەم نووسی.

پشتەوەی بەڵگەکە: دەستخەتی ناسرەدین شا:

جەنابی وەزیر، هەرچییەکی نووسیوە، وایە و ئەمانە هەمووی قسەی شێخن. ئەگەر بەم زووانە بردیان، ئەوا باشە، ئەگینا دەبێ رێگەیەکیتر هەڵبژێرین. تەلگرافی رەمزیش بۆ ئەمیرنیزام بکە. ئەمیرنیزام خۆی کارزانە. دەزانێ چی دەنووسین و هەر هەمان ئەم نووسینانەش بۆ ئەمیرنیزام بکە بە برووسکە.

بەڵگەی ژمارە: ٥٩٥

بابەت: هاتنی سلێمانپاشا بۆ ئێران

مێژوو: ١٨٨٢/٩/١٤ (کۆتایی شەوالی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٨/٢٣ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسییە: ١٢/ع

تەلگرافی وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ ئەمیرنیزام

دەقی تەلگەرافی رەمز بۆ جەنابی ئەمیرنیزام

سلێمان پاشا کە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بە پێی ئەو بریارەی «موعینولولک» دەریکردووە و بەمزووانە دەگات؛ ئەگەر لە رێگەی ئازەربایجانەوە بێت، هەڵبەت جەنابی گەورە و بەرێزتان ئیشوکاری پێویست بە ئەنجامدەگەیەنێت و ئەگەریش لە رێگەی «ئەنزەلی»یەوە بێت، فرمانی پێویست بە بەرێوەبەرانی ئەوێ دەدرێت. دوێنێ کە باسی لوتفی جەنابی گەورەتانم بۆ نوێنەری گەورە کرد، وتی ساڵی پار، کە سلێمانپاشا لە تارانەوە دەگەرایەوە، بە پێی دەستخەتی هومایون بریار ئاوا درا، کە لەو تفەنگە مارتینی-یانەی بەدەست کوردانی سەرسنوور و شوێنیترەوە هەن؛ هیچ نەبێت بۆ بەڵگەی بەرێوەچوونی فرمانی هومایوون، هەندێکیان بدرێتەوە. کەچی تا ئێستا شتێك لەمبارەیەوە دیار نییە. ئێستاش سلێمانپاشا دێت و ئەم بریارە هیچی بە ئەنجام نەگەیوە و هەروا ماوەتەوە. بۆ منیش جۆرە شەرمەزارییەکە. هەرچەندە ئەم بابەتە پێشینەیە و وەڵامەکانی ئێوەی مەزنیش راستودرووستن، ئەگەر بۆیانبکرایە بریارێکییان لەوبارەیەوە دەدا. بەڵام هەر بۆ دڵنەوایی و دڵنیایی بەرێزتان، بەتایبەتیش کە لەم کاتەدا هەردوولا بەرژەوەندی خۆیان لە یەکتر لاواندندا دەبینن، بۆیە بۆمنووسین، تا بێئاگا نەمێنن.

بەڵگەی ژمارە: ٥٩٦

بابەت: تێشکانی عوسمانی لە میسر لە بەرامبەر ئینگلیس و داوای شێخ بۆ مانەوەی لە مووسڵ

مێژوو: ١٨٨٢/٩/١٥ (١ی زیقەعیدەی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٧/٢٤ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/ ع

تەلگرافی باڵوێزی ئێران لە ئەستەموول بۆ وەزارەتی دەرەوە

دەرهێنانی رەمزی برووسکەی ئەستەموول

عەرەب تێشکاون، ئینگلیس گەیشتە میسر. دەسەڵاتی پاشا، بە هێزی ئینگلیس دامەزرا، شێخ پاراوەتەوە کە هەر لە مووسڵ بیهێڵنەوە. زیانی ئەم داوایەم پێ راگەیادنن، بەڵام

قبوولّیان نەکرد. لەم ڕۆژانەدا دەچمە خزمەت سولّتان و فەرمایشەکانی شاهەنشا ڕادەگەینم. باشترین خەلاّت بۆ من، هەر چاك بەڕێوەبردنی ئەرکە.

موحسین.

بەڵگەی ژمارە: ٥٩٧

بابەت: دوور خستنەوەی شێخ عوبەیدوڵلاّ

مێژوو: ١٨٨٢/٩/١٦ (٢ی زیقەعیدەی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٧/٢٥ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/ع

نامەی باڵوێزی ئێر ان لە مۆسکۆ بۆ وەز ارەتی دەرەوە

خاوەنی هەموو لایەك، تەلگرافی ڕەمزیی گەورەپیاوانی دەوڵەتی پایەبەرز، دەربارەی دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵلاّ و هاندانی کاربەدەستانی ڕووس، بۆ بەهێزکردنی ئەم بابەتە، گەیشت. لە ناوەڕۆکی دەستخەتی موبارەکی هومایونی (ڕۆحمان بە قوربانی بێت) ئاگادار بووم. یەکسەر چوومە وەزارەتی دەرەوەی ڕووس و لەم بارەیەوە وتووێژم کرد. زۆرم پێ لە سەر ئەو بابەتە داگرت؛ کە تەلگرافی توند بۆ ئەستەومولّ بکەن و پیاوانی دەوڵەتی ڕووس بەوپەڕی ویست و خوازەوە، قسەکانی بەندەیان وەرگرت و تەلگرافیشیان بۆ باڵوێزی خۆیان کرد، کە مەبەستەکە بە بابیعالی ڕابگەیەنێ و داوای دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵلاّ بکەن و لەلایەن موعینولولکەوە قایمکاریی تایبەتی خۆیان بکەن. ئەمجارەش لەسەر فرمانەکەی جەنابتان چوومە لایان. هەمدیسان بۆ جەنابی (نیلۆف)ی باڵوێزی خۆیان تەلگرافیان کردەوە، تا پشتیوانیی هەمەلایەنە، لە موعینولولك بکەن و داوای دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵلاّ ، لە دەوڵەتی عوسمانی بکرێت بەلاّم لەم بارەیەوە دوو شتیان فەرموو:

یەکەم: تەنیا داواکاریی ڕووس بەس نییە و دەبێ پێ داگرتن لەلایەن گەورە باڵوێزی ئێرانەوە بکرێ. باڵوێزی ئێمەش دەبێ پشتیوانیی لێبکات. وتم: جەنابی موعینولولك لەم بارەیەوە درێغی ناکات و ئەگەریش تا ئێستا بە ئاکام نەگەیشتبێ، هی ئەوەیە کە دەوڵەتی عوسمانی، لە پشتیوانیی ڕاستە و خۆی ئێوە، پشت ئەستوور نییە. ئەگینا ئەگەر بزانێ بەڕاستی لەگەڵمانن؛ واتە: دەوڵەتی ڕووس لەگەڵماندا هاوبیرە، ئەوا بۆ دوور خستنەوەی شێخ عوبەیدوڵلاّ ، کەمتەرخەمیی و کات بەسەربردن دەخاتە ئەولاوە و کارەکە بە ئەنجام دەگات.

دووەم: وتیان شێخ عوبەیدوڵلاّ ئێستا کڕ و بێدەنگ دانیشتووە و هیچ کارێك ناکات. وتم: بێدەنگیی ساتەوەختی، نیشانەی ئەوە نییە، کە خەیاڵەکەی لەسەردا نەمابێ؛ بەڵکو لەبەرئەوە بێدەنگە، چونکە لە (٣) دەوڵەتان دەترسێ. دوای ئەوەی بێدەنگیی عوسمانی دێت و ڕووسیش چاوپۆشیی دەکات، ئەوسا خەیاڵی کاری بۆگەن دەکاتەوە. هەر مانەوە و

بوونی ئەو لە کوردستان، مانای هاندانی یاخیبوون و پشێویی و ئاڵۆزییە. تا ئەویش لە کوردستاندا مابێت، ئێمە دەبێ ساڵی دوو هەزار تمەن، مەسروفاتی زیادەی قوشوونی تایبەتی لە سنوورەکان بکەین؛ ئەمەش کارێکی زۆر دژوار و سەختە.

دوای ئەم وتووێژە دوورودرێژە، بەڵینیان دا، (هەر بەوجۆرەی بەندە لە ڕێگەی چەندان تەلگرافەوە، داوام کردووە) ئەوانیش دووبارە تەلگرافی توند و پێداگرانە، بۆ ئەستەموول بکەنەوە و دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵلایان لە دەوڵەتی عوسمانی بوێت، هیوادارم ئەم کێشەیە بە زووترین کات لەلایەن گەورەپیاوانی هەردوولاوە، بڕیاری لەسەر بدرێت و ببڕێتەوە و تەقەللای زۆری ئەم بەندەیەشتان بە ئاکام بگات.

اسدالله طباطبایی

بەڵگەی ژمارە: ٥٩٨

بابەت: داوای سوڵتان لە شێخ، سەبارەت بە چوونی بۆ مەککە

مێژوو: ١٨٨٢/٩/١٩ (سێشەممە: ٥ی زیقەعیدەی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٧/٢٨ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/ع

تەلگرافی کارگێڕی وان بۆ وەزارەتی دەرەوە

هەرچی ڕوو بدات و دەستم بکەوێ، دەستبەجێ عەرزی خاك و پێی موبارەکتانی دەکەم، بە تایبەتی لە والیم پرسی، وتی: کارەکە لە دەسەڵاتی مندا نییە. بەڵام لابەلا عەرزت دەکەم، کە مووساپاشا و مستەفاپاشای لیوا و یوسف بەگی میرئالای سوارە، بۆ ئەوە تەرخانکراون، تا تەگبیری باش بکەن، کە هەرا و ئاڵۆزیی ڕوو نەدات. تکای سوڵتانیان بە شێخ گەیاندووە و نیازیان هەیە رازی بکەن شێخ بچێتە مەککە. لە کۆنسوڵی رووسم پرسی؛ وتی: تکای سوڵتان ئەوە بووە شێخ بچێتە مەککە.

شێخ دەڵێ: دەچمە مووسڵ. ماوەتەوە سەرئەوەی رازی بکەن، کامیلبەگی لیواش لە بابیعالییەوە، لە ٢٤ی شەوالەوە (٨/ ١٨٨٢/٩) ماوەی (١٤) ڕۆژە لە ئەستەموولەوە هاتۆتە وان و چووە بۆ (هەکاری). لەوە دەچێ چوونەکەی ئەویش بۆ هەمان مەبەست بێت. کوژران و بریندار بوونی هاوڕێکانی یوسفبەگ، بێبناغە و درۆیە. بەدەستهێنانی هەواڵی هەکاری، لە ورمێوە ئاسانترە. چونکە لەوێوە نزیکە.

بەڵگەی ژمارە: ٥٩٩
بابەت: خەیاڵ و بەدکارییەکانی شێخ عوبەیدوڵلا
مێژوو: ١٨٨٢/٩/١٩ (٥ی زیقەعیدەی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٧/٢٨ هەتاوی)
کارتۆن: ١٧
دۆسیە: ١٢/ع

نامەی میرزانیزام بۆ وەزارەتی دەرەوە

دەرهێنانی نامەی رەمزیی لە ورمێوە.
ئەمە وێنەی ئەو نامەیەی شێخ عوبەیدوڵلا یە، کە بۆ حاجی میرزا موحسینی نووسیوە «پیاوی نزیکی بارەگای بەرزی شا؛ دۆستی میهرەبانم.
پاش عەرزی دوعاگۆیی. ئەوە بیستم لەبەر هەندێ بەرژەوەندی دەوڵەت، تەشریفتان بۆ ئەم (محاڵی دە شت)ە هێناوە، بۆیە بە پێویستمزانی نوێنەری تایبەتی خۆم بنێرم و ئەحواڵپرسی بکەم و بیرەوەرییەك بەیاد بێنمەوە.
ئەگەرچی دوای ئەوە، دژایەتی کەوتە نێوان من و دەوڵەتی ئێرانەوە. بەڵام دیسانیش هەرکەس عاقڵ بێت، دەزانێ کە لە هیچ حاڵێکدا من زیانی ئێرانم مەبەست نەبووە... لە سەرەتاوە لە (کۆر) لە گوندی (گردوان)،[1] جەنابی شوجاعدەولە، هەرلەخۆیەوە (٤٨) کەسی لە سەرۆك عەشایەری قەتلوعام کرد و بایی (٥٠)هەزار تمەنیشی بە تاڵان برد. لە کاتێکدا هەرئەورۆژەش دەمتوانی تۆڵەی خۆم و دین و لەبەینچووەکانم بکەمەوە. بەڵام بە پێی لەبەرچاوگرتنی مافی دۆستایەتی لە مێژین لەگەڵ مەملەکەتی ئێران، رازینەبووم خراپە بکرێ و بۆ کوژاندنەوەی ئاگری شەڕ و شۆڕەکەش، نوێنەری تایبەتی خۆم: سەیید حەسەنی سابلاخیم ناردە تاران و بە تەواوی بۆ ئەمیندارانی دەوڵەتی ئێرانم روونکردەوە، کە ئەم فیتنە گەورەیە بەجۆرێك چارەسەر بکرێ. چونکە لێمروونە، عەشایەری کوردستان لە بەرامبەر تۆڵەسەندنەوەدا بێدەنگ دانانیشن. دەترسم لە داهاتوودا ببێتە هۆی شەڕوشۆڕ و پشێویی.
کەچی خواڵێخۆشبوو: سوپاسالار، راسپێردراوەکەی منی بە درۆ و قسەی بێمانا ناردەوە و ماوەی (١٠-١٢) ساڵ جڵەوی عەشایەرم گرت و نەمهێشت ئاژاوە بەرپابکەن. تا

---

[1] دەکەوێتە مەرگەوەڕ، بەرامبەر گوندی «دزە»ی مەرگەوەڕ.

ناچاریی کوردان گەیشتە سەر ئێسقان. پاشان عەشایەری مامش[1]هاتن و (لەمبەرەوە) چەند تاوانکارییەکیان کرد، ساڵی رابووردوش ئەو کارەساتەیان خولقاند؛ کە خوا دەزانێ کارەساتی محاڵی میاندواو، بە ئاگاداریی بەندە نەبووە و من هەرگیز بەوە رازی‌نەبووم، عەشایەری (ئەوبەر) ئەمەیان لە خۆیانەوە و لەبەر خاتری خۆیان کرد. هاتنیشم بۆ ورمێ، لەبەر دامرکاندنەوەی ئاگری هەڵایساو بوو. دەموت: نەوەك لێرەش وەك میاندواو بکەن. هەموو عالەم دەزانێ، دوای تێشکانی هێزەکانی ئیقباڵدەولە و گرتنی تۆپەکانی و ئابلۆقەی شاری ورمێ، بە دوای لەشکردا چووم، تا کارەساتی میاندواو دووبارە نەکرێتەوە. چونکە ئەگەر بە نیازی شەڕ چووبام، هەموو گەورەپیاوان و سەیید و پیاوماقووڵانی شار، لە دەروازەی شارەوە بە پیرمەوە هاتن، بۆچی هیچیانم نەگرت؟!

ئیقباڵدەولە داوای لێخۆشبوون و مۆڵەتی کرد؛ تا لە شار بچێتە دەرەوە و لەشکری ئێمە بچێتە ناو شار، ئەی بۆ من لەشکرم نەنارده ناو شار؟! ئەی بۆ لە هەموو گوندێك لە گوندەکانی ورمێ، دوو و سێ سەربازم دانا، تا ئاگاداریی بکەن، نەوەك کەسێکی ناو لەشکرەکە خراپە بکات! لە گوندی عەسکەرئاوا لەشکری تەیموورخان بەجۆرێك تێکشکان؛ کە ئەگەر لەشکری ئێمە دوایان‌بکەوتنایە، کەسیان لێ‌دەرنەدەچوو. ئەی بۆ نەمهێشت شوێنیان بکەون!؟ هەموو عالەم دەزانێ لە کارەساتی - عەسکەرئاوا لە پێشدا نامەی دڵنیابوونم بۆ ناردبوون، تا وەك گوندەکانی ورمێ، کەس دەستدرێژییان نەکاتە سەر. کەچی لە کاتی هاتنی تەیمووخان‌دا، خەڵکی گوندی ناوبراو، بە دنەدانی تەیموورخان، بەریان بە لەشکری ئێمە گرت و شەریان لەگەڵدا کردین. کاری خۆیان بوو... دوکەڵەکە چووە چاوی خۆیانەوە و بووە هۆی تالانکردنی خۆیان... ئێرانی دەست لە هیچ ناپارێزن. زۆر بێ‌ئینسافن. ئەگینا تەیموورخان، کە گوایە بۆ یارمەتی ورمێ هاتبوو و منیش لە دوژمنانی ئەو بووم، ئاخۆ کاولکارییەکانی ئەو، بۆ گوندەکانی ورمێ، زیاتربووە، یان هی لەشکری ئێمە؟!

ئێستاش وا لە ئەستەموول گەڕاومەتەوە. دەمەوێ هیچ دڵئێشەیەك لە نێوان ئێمە و دەوڵەتی مەزنی ئێراندا نەمێنێ. چونکە بە تەنگ ئەوەوەم: قەرەبووی کەموکووڕیی و ژیاندنەوەی رابووردوو بکرێت.. جگەلەمە، هەندێ راسپاردەشم بە دەمیی بە هەڵگری نامەدا ناردووە؛ عەرزتان بکات. هیوادارم بە گوێچکەی دڵسۆزانە بیبیستن.»

---

[1] شێخ عوبەیدوڵلا لێرەدا زۆر زیرەکانە ناوی مامش دێنێ، چونکە سەرۆکەکانی ئەو خێڵە، زیانی زۆریان لە هێزی راپەڕین‌دا. بۆیە شێخ دەیەوێ لە تۆڵەی ئەوەدا، دڵی دەوڵەتیان بەرامبەر رەش‌بکات.

بەڵگەی ژمارە: ٦٠٠

بابەت: بڕیاری گرتنی شێخ، بە زیندوویی، یان مردوویی.

مێژوو: ١٨٨٢/١٠/٣ (١٩ی زیقەعیدەی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٨/١١ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/ع

تەلگرافی باڵوێزی ئێران لە ئەستەموول بۆ وەزارەتی دەرەوە

تەلگرافێکی ڕەمزیی لە موعینولولکەوە گەیشتووە، کە زۆر شپرێو و پڕهەڵەیە؛ ڕستەکانی داکەوتوون و دووپاتەی زۆرە. ئەو شتەی بە زەحمەت لێی حاڵیی بووم ئەمەیە:

دڵنیایان کردووین کە شێخ، مردوو، یان زیندوو، دەگیرێ. ئەو هەواڵەی بڕیار بوو، بڵاو کراوەتەوە. کاری خەڵك و بازرگانانیش نییە. کاری دوو کەسی لۆتی و ڕەش و ڕووتە، کە یاخییەکی بەدفەڕ کردوویانە. دەڵێن لە دەست و پێوەندەکانی باڵوێزخانەشەوە هاندەریان هەیە. بازارییەکان هاتوون و لەو کارەی کردوویانە، پاکانەیان کردووە. خوا یار بێ دوایی دنە و دەس کیسەکان دەدۆزینەوە و لە سایەی هومایوونی و بە هەبوونی بەندە، (شەریفی مەککە) لەپڕدا دەگرن و دەیهێننە ئەستەموول. گوایە لەگەڵ عەرەبدا پەیامی ئاڵوگۆڕ کردووە. هێمان (شەریف) دیاری نەکراوە.

موحسین

بەڵگەی ژمارە: ٦٠١

بابەت: داگیرکردنی (هورەمار) لەلایەن شێخ عوبەیدوڵلاّ وە

مێژوو: ١٨٨٢/١٠/٤ (٢٠ی زیقەعیدەی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٨/١٢ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/ع

تەلگرافی کارگێڕی ورمێ بۆ وەزیری دەرەوە

ئێستا عەسری سێشەممەیە: ١٩ی زیقەعیدە (١٨٨٢/١٠/٣)، هەواڵی ڕاست و تەواو گەیشت. شێخ عەبدولقادر لەگەڵ (٤٠٠) سوار، شەوێ چوونەتە ناو (هورەمار) و داگیریان کردووە. (تەها) ناو، کە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەرپرسی گوندەکە بووە، هەڵاتووە. عەبدولڕەحمانیان کوشتووە. عەلی و (٤) ناویتر، کە لە گەورەکانی هورەمارن، لەگەڵ تێکرای خەڵکەکە، خۆیان بە دەستەوە داوە. کوڕانی شێخ عوبەیدوڵلاّ لە هەموو لایەکەوە دانەوێڵە و خواردەمەنی و تەقەمەنی کۆ دەکەنەوە. دوو دوکانی نانەواییان داناوە و نان بۆ ئەو خەڵکەی دەرەوە و ناوەوە دەکەن و خەریکی دابینکردنی قایمکارییەکانیانن.

(٢٠) بەنناyan هێناوە و لە سەر ڕێگە و بانەکانی هورەمار، بورج و قولیپ و شوورە وقەڵا درووست دەکەنەوە و ڕێگەی هاتوچۆش دەبەستن. هەندێ عەشایەریش ڕێگای هاتوچۆیان کردۆتەوە. محەمەدسدیق لەگەڵ تاقمێ هاتووە و قەڵای (برورش)، کە لە ناوەراستی مەرگەوەڕ و (دیری)دایە و کەوتۆتە خاکی عوسمانییەوە و بە (برادۆست)ی قەڵەمرەوی خۆمانەوەیە، داگیری بکات و دەستی بەسەردا بگرێ. شێخ عوبەیدوڵڵا خۆیشی لە (نەهری) نیشتەجێیە و بەرنامە و کار بۆ کورەکانی دیاری دەکات.

کامیل ئەفەندی بەگ، کە چاوەنواری ئەم وەختە دیاریکراوە بوو، ئەم شتەی بیست و چووە (ناوچیا) و لەگەڵ شێخدا چاوپێکەوتنێکی بێهوودەی کرد و گەڕایەوە. هێشتا وەڵامی نەهاتۆتەوە. دەستەیەك سەربازیان ناردووە، تا لە ڕێگای (ناوچیا) پێش قەرەوڵ بن. ئەوانیتریان لە شوێنەکەی خۆیاندا ماونەتەوە. قایمقامیش ماڵ و منداڵەکانی خۆی زۆر بە پەلە و ترسەوە، لە(کۆڕ)ەوە ناردە باشقەڵا.

لە ناو ئەو هەواڵانەدا، کە ئەم ڕۆژانە ڕوویداوە و هەرچەند شیاوی گێڕانەوە نییە؛ بەڵام هەر بۆ ئاگاداریتان: خەڵکی ئەم ناوچەیە لە چ نەزانییەکدان و چ بڕوایەکیان بەم شێخە مەلعوونە هەیە؛ عەرز بکەم، ئەوەیە کە سێ و چوار ڕۆژ لەمەوبەر (٨) شکاکی لە نزیکی (کەدوك قۆشچی) ماڵی بازرگانیخانەی (وەکیلی شابەندەر)ی عوسمانییان تاڵانکردووە، کە خەڵکی ورمێ بووە. بەندەی دەرگاکەی خۆتان، داوای دزەکانم لە حاجی ڕەفیع‌خان ئێل‌بەگی شکاك و حەسەن‌خانی سەرۆکی شکاك کرد. ئەوانیش کەلوپەلەکەیان گرت و دووانیش لە دزەکانیان هێنا. ئەوانیتر هەڵاتبوون. یەکێکیان کە ناسیاوی دزەکان بوو؛ بۆمی گێڕایەوە، دەیوت: لەو کاتەدا کە لێیان‌دەدان، پەیتا پەیتا هاواری دەکرد: یا شێخ، یا شێخ! بڕوای وابوو، کە شێخ بەو پەلە پەلە دێت و لەو بەڵایەی ڕزگار دەکات.

(هورەمار)، ئەوەی کە دیارە، لە نێوان (ناوچە) و (کۆڕ)دایە وجێگەیەکی سەخت و هەڵەمووتە. ئەگەر (١٠) تفەنگچی لەوێ دانیشن، گرتنی زۆر دژوارە. میرزا مەحموودم بە (٣) سوارەوە ناردۆتە (دزە)، تا ئەو هەواڵانەی دەگەن، بە (میرزا جەواد)یان بدات.

بەڵگەی ژمارە: ٦٠٢

بابەت: دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: ١٨٨٢/١٠/٤ (٢٥ زیقەعیدەی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٩/١٢ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/ع

تەلگرافی باڵوێزی ئێران لە ئەستەمووڵ بۆ وەزیری دەرەوە

بە خزمەت سوڵتان گەیشتم. فەرمایشتەکانی هومایوونم عەرز کرد. لەسەر لەناوبردنی شێخ و ئاکامە خراپەکانی مانەوەی، بە درێژیی قسەمان کرد. فەرمووی سڵاوی تایبەتیم

عەرزی حزووری هومایوونی بکەن. سەبارەت بە وەرگرتنی دیارییە ناشایانەکەشم، سوپاس و پێزانینم هەیە. لەبارەی شێخەوە دڵنیا بن، چۆنتان پێخۆش بێت، وای لا دەبەین. داگیرکردنی (هورەمار) ناڕاست و بێبناغەیە. مەبەستی من ئەوەیە، ئاگرەکە بێخوێن ڕشتن بکوژێتەوە. بە دڵنیاییەوە بەڵێنتان دەدەمێ، کە تا جەژنی قوربان، بە خۆشیی بێ و بە ناخۆشیی بێ، دەیبەینە جێگەیەکی زۆر دوور. فرمانی یەکلاییکردنەوەی یەکجارییم ناردووە. ئاسایشی ئێران وەك ئاسایشی عوسمانی لە ئەستۆ دەگرم. (ئەمانە هەمووی قسەی سوڵتانی عوسمانی بوون).

لەم بارەیەوە قسەمان زۆر کرد، بۆ حەزرەتی (ظل‌السلطان)، نیشانی زێرکفتی عوسمانی و بۆ حەرەمی بەڕێزیشیان، چوار پارچە نیشانی سۆز و میهرەبانی دەنێرێ. (شەریف عون) بۆتە ئەمیری مەککە و دوێنێ چوو.[2]

موحسین

بەڵگەی ژمارە: ٦٠٣

بابەت: بەرەنگاربوونەوەی کوڕانی شێخ عوبەیدوڵلا لەگەڵ سپای عوسمانی

مێژو: ١٨٨٢/١٠/١٤ (١ی زیحەجەی ١٢٩٩ کۆچی - ١٢٦١/٦/٢٣ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/ ع

تەلگرافی کارگێڕی وان بۆ وەزیری دەرەوە

دەرهێنانی تەلگرافی ڕەمزیی لە وانەوە

دەبێژرێ کە کوڕەکانی شێخ لە بەرامبەر سپای عوسمانیدا ڕاوەستاون و وتوویانە: شێخ نایەوێت بێت. بەقەرایی (١٠٠٠) سەربازی عوسمانیش، لە هۆزی (مودیکی)، بە هەموو چەك و تەقەمەنییەکەوە پێوەندییان بە شێخەوە کردووە. بەرپرسان و سەرکردەکانی عوسمانیش لە بەرامبەر ئەمەدا، هیچ هەنگاوێکیان هەڵنەگرتووەو چاوەنواڕی فرمانی بارەگای گەورەن.[1]

میرزا ئاقاخان

---

[1] (١)و (٢): بە گوێرەی مێژووی ڕووداوەکان، ژمارەکانی ئەم دوو بەڵگەیەمان پاش و پێش کرد.

بەلگەی ژمارە: ٦٠٤

بابەت: فرمانی کوڕانی شێخ بۆ بەڕێوەبەرانی (حاکم)ی بانە و سەقز

مێژوو: لەسەر بەڵگەکە هیچ نەنووسراوە: ڕەنگە (١٢٩٩ کۆچی – ١٨٨١ز) بێت. بەڵام مێژووی ئەم بەڵگەیە، دەبێ لە نێوان (١٨٨٠/٩/٢٧ – تا: ١٨٨٠/١٠/٢٧) بێت، چونکە هی ڕۆژانی گرتنی ناوچەی موکریانە.

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/ ع

تەلگرافی کارگێڕی کوردستان بۆ وەزیری دەرەوە

لە کوردستانەوە تەلگراف بۆ تاران کراوە.

بۆ خزمەتی پایەبلند... خوا درێژە بە بەختەوەریی بدات.

دوو فرماننامە، لەلایەن کوڕەکەی شێخ عوبەیدوڵڵاوە بۆ حاکمی سەقز و بانە نێردراوە کە ناوەڕۆکەکەی ئەمەیە: (تا ئێستا نیوەی ئازەربایجانمان گرتووە و لە ژێر دەسەڵاتماندایە. کاربەدەستی زۆریشمان بۆ کوردستان دیاری کردووە و هەواڵیشمان ناردووە، کە لەم هەفتەیەدا کاربەدەستمان دەچێتە ئەوێش، تۆش کە حاکمی «سەقز» و «بانە»یت؛ بە گەیشتنی ئەم فرمانامەیە، بە سەرجەمی دەست و پێوەند و قشوونتەوە، ئەگەر خۆت بگەیەنێتە لەشکری ئێمە، ئەوا خۆشەویستن و گەورە دەبن؛ بەڵام ئەگەر بیخەنە پشتگوێ و خۆتان گێل بکەن، ئەوا هەفتەیەکی‌تر، بە سزای خۆتان دەگەن.

لە سەقز و بانەوە، لەشکر و سەرباز زۆریان پێدا گرتووە و داوایان کردووە. سەرباز و هێزی زۆریان بۆ بنێرن، کە ئەوێش نەبێتە سابلاخ. هەر ئێستا لە تەلگرافخانە، چاوەنواری فرمان و ئەمری ئێوەم، کە چ بکەم. دەبێ جەنابی (معاون‌الملك) بنێرنە تەلگرافخانە، تا بڕیارێك بدات و دڵنیام بکات.

ئاژاوەکە زۆر گەورەیە، شێخەکانی ئەم هەرێمە؛ هەموویان موریدی شێخن. ئامادەیی لە هەموو لایەکەوە پێویستە.

(ابوالفتح)

بەڵگەی ژمارە: ٦٠٥

بابەت: دوو نامە و تەلگرافێك

مێژوو: مانگی ١٨٨٣/١٢ (سەفەری ١٣٠٠ کۆچی - مانگی ١٢/١٢٦١ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسییە: ١٢/ع

پشتی پاکەتی نامەکە

دوو نامـەی گـەورەباڵوێزی عوسـمانی و تەرجەمـەی تـەلگرافێکی والـی مووسـڵ و ڕۆژنامەیەك سەبارەت بەو، گەیشتە خوڵی بەرێیی گەوهەرئاسای سەروەری گەورەی بە هێز و توانا و پاکی هومایوون (ڕۆحمان بە قوربانی بێت).

پەراوێز: دەستخەتی ناسرەدینشا:

١- لە نامەکەی گەورەباڵوێزدا، بڕیارێکمان نووسی، وەك خۆی نیشانی بدرێ.

٢- تەلگرافەکان و یادداشتەکەی مووسڵیش بەڵگەیەکە لەبارەی شێخەوە. بیانپارێزن.

بەڵگەی ژمارە: ٦٠٦

بابەت: مانەوەی نایەکجاریی شێخ عوبەیدوڵڵا لە مووسڵ.

مێژوو: ١٨٨٢/١٢/١٤ (٣ی صەفەری ١٣٠٠ کۆچی - ١٢٦١/١٠/٢ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/ع

نامەی باڵوێزی عوسـمانی لە تاران بۆ وەزارەتی دەرەوە

جەنابی بەڕێز و گەورە.

لـەو برووسـکەیەی کـە وەك وەڵام لـە هـەرێمی مووسـڵەوە هـاتووە، ئـەم لایـەنگرەت ڕوونووسێکی دەنێرمە خزمەتی جەنابی خاوەن شکۆ، تا بیبەنە خزمەت ئەعلاحەزرەت؛ کـە هیوادارم سەڵتەنەتی بەردەوام بێ و عەرزی بکەن؛ کـە وەك لـە برووسـکەکەدا دەردەکـەوێ؛ شێخ عوبەیدوڵڵا جارێ لە مووسـڵ دەبـێ و تـا ئەودەمـەی کـە لـەوێش دەبـێ، بـە تونـدی چاودێری دەکرێ.

بەڵگەی ژمارە: ٦٠٧

بابەت: گەیشتنی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ مووسڵ

مێژوو: ٢٠ی تشرینی دووەم ١٢٩٨[1]

کارتۆن. ١٧

دۆسیە: ١٢/ع

ڕوونووسی برووسکەیەکە، لە (٢٠ی تشرینی دووەم) لە ناوچەی گەورەی مووسڵەوە گەیوەتە وەزارەتی دەرەوە.

پێشتر بە برووسکەیەکی ڕەمزیی ئاگادارم کردبوون، کە ڕۆژی (٢٧ تشرینی دوەم ١٢٩٨؟)[1]، شێخ عوبەیدوڵڵا گەیشتۆتە مووسڵ، تا بڕیاری دەوڵەتی لە بارەوە دەردەچێ. لە سەر داواکاری و خواستی وەزیر، بە توندی لە ژێر چاوەدێریدایە. چ بۆمانەوەی لە مووسڵ؛ چ بۆ ناردنی بۆ شوێنێکیتر، لە کاتی خۆیدا پێتان ڕادەگەیەنم.

بەڵگەی ژمارە: ٦٠٨

بابەت: بردنی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ مەدینەی منەوەرە

مێژوو: ١٨٨٢/١٢/٢٣ (١٢ی صەفەری ١٣٠٠ کۆچی – ١٢٦١/١٢/٢ هەتاوی)

کارتۆن: ١٧

دۆسیە: ١٢/ ٤

نامەی باڵوێزی عوسمانی لە تاران بۆ وەزیری دەرەوە

جەنابی گەورە پیاوی تێگەیشتووی بە چاکە ناسراو، هاوڕێی دلۆڤان و بەڕێز

وەك هەواڵێك کە بە منیان داوە (کامیل بەگ) لە مووسڵ ڕاسپێردراوە، تا شێخ عوبەیدوڵڵا بباتە مەدینەی منەوەرە و هەر لەم ڕۆژانەشدا، لەگەڵ ناوبراو دەکەوێتە ڕێ؛ تا ئیتر ئەم ناوبراوە، دەستی بە سنوورەکان نەگات و خەڵکی هەردوولا، لە ستەم و زوڵمی بحەسێنەوە.

بەندەتان بە پێویستم زانی ئەم هەواڵەتان بدەمێ و بیسەلمێنم، کە سەرکەوتنی خۆم ڕابگەیەنم. کە من بۆ خزمەتی پاشای مەملەکەت ئامادەم (خوا موڵکەکەی بەردەوام بکات) و عەرزی ئەویش بکرێ. لەوە زیاتر بێزارتان ناکەم.

شوێنی مۆر: فەخری

---

[1] ئەم مێژووە هەڵەیە و بۆم ساغ نەکرایەوە.

[1] دەبێ ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٨٨٢ بێت.

بەڵگەی ژمارە: ٦٠٩

بابەت: دوور خستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا و ناردنی تووتن بۆ باڵوێزی عوسمانی
مێژوو: ١٨٨٢/٣/٣١ (١٢ی ربيع الثانی ١٣٠٠ کۆچی - ١٢٦١/١/١١ هەتاوی)
کارتۆن: ١٧
دۆسیە: ١٢/ع

نامەی باڵوێزی عوسمانی لە تاران بۆ وەزیری دەرەوە

لە دوای نەهێشتن و دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای شەڕانی و باوك سوتاو لە ناوچەکە؛ شوێنەواری لە هەرێمەکەدا نەماوە. ئێستا ئەو توتنەی کە جەنابتان پێتان خۆش بوو، زۆر لە جاران زیاتر و بگرە چاکتریش هەیە. برێکم داوا کردووە و بۆم هاتووە و دەینێرمە خزمەتتان. خوا یار بێ بە لەش ساغی و دڵخۆشیی دەیکێشن.لەوە زیاتر بێزارتان ناکەم

شوێنی مۆر: فەخری

بەڵگەی ژمارە (٥٥٣)

بەڵگەی ژمارە (٥٥٨)

بەڵگەی ژمارە (٥٦٠)

بەڵگەی ژمارە (٥٦٤)

بەڵگەی ژمارە (٥٦٨)

بەڵگەی ژمارە (٥٧١)

بەڵگەی ژمارە (٥٧٨)

بەڵگەی ژمارە (٥٨١)

بەڵگەی ژمارە (٥٨٣)

از کردستان بطهران تلغراف شده

خدمت بندگان حضرت اقدس امجد اعظم آقای معظم دام اقباله العالی از جانب سید شیخ عبیدالله

حکم بحاکم بانه و سقز رسیده مضمون این است نصف آذربایجان را تا کنون گرفته و تسخیر کرده‌ایم

مأمورین بسیار هم برای کردستان معین کرده و خبر شده‌ام در همین هفته با گاهی ... خواهند آمد شما

که حاکم سقز و بانه هستید اگر بعض ورود این حکم با جمعیت و قشون تمام با بانه و سقز آمده

و خود را با اردوی ما رسانید به مورد مرحمت شده و دارای بزرگیها خواهید شد

و اگر مسامحه کردید و طفره زدید یا غفلت دیگر بجا آورید سزای سخت خواهید رسید از هر طرف

برای قوچ و جمعیت تاکید زیاد کرده‌اند و نوشته‌اند تا قشون و جمعیت آنها رسیده

جمعیت و قوچ و تدارکات را برسانید که صورت ساوجبلاغ نشود الدن در تدارکات خانه

منتظر فرمایش و دستورالعمل مقرر فرمایند جناب آقای معاون الملک بسقز آمده کافی نه

بیاورند و قراری داده شود که اطمینان از کار حاصل شود فتنه عظیم است و مشایخ این

صفحات هم اکثر مردم را تهییج کرده استعداد کاملی از لازم جهت لازم است ابوالقاسم

پاشکۆی ژماره (٢)

بریتین لـه بەڵگەنامـەکانی ژمـاره: ١٠٨ ، ١٠٩ ، ١١١ی لاپـەڕەکانی: ٢٠٤ ، ٢٠٨ ، ٢١٥ی بەشی (٣)ی زنجیره کتێبـی: اسـناد و مکاتبـات تـاریخی ایـران (قاجاریـه)، دکـتر محمدرضا نصیری، سازمان انتشارات کیهان، ١٣٧١ شـمسی. کە لە سـاڵی ١٩٧٨ بـە دواوه تا ئێستا (٤) زنجیرەیان لـێ چاپ و بلاو بووەتەوه.

بەڵگەی ژماره: ١٠٨

بابـەت: ئاژاوەی شێخ عوبەیدوڵلا ی نەقشبەندی

مێژوو: ١٨٨٠/١٢/٢٢ ز (١٩ی محرم ١٢٩٨ کۆچی – ١٢٥٩/١٠/١ هەتاوی)

نامەی میرزا سەعیدخان[1] بۆ موحسینخانی موشیردەوله

هەرچەنده هەمیشه زانیارییه پێویستەکانم بەنامه و بەهۆی تەتەرەوه، لە رێکەوتی (...)[2] و بە ناردنی چەندان برووسکه لە رێکەوتی (...)[3] بۆ ئـەو جەنابـە نـاردووه. بـەلام بۆئـەوەی بزانم کام نامه و برووسـکه نەگەیشـتوون و کامیـان گەیشـتوون و هـەروەها بـۆ تازەکردنـەوەی زانیاری و ئاگاداری ئەو جەنابەش، ناوەڕۆکی نامه و برووسـکەکانی، پێشـووت بـە گوێـرەی ژمارەکانیان، دەنێرمەوه خزمەت. دیسان بە پێویستم زانـی بـە درێژیـی باسـی رووداوەکـانی ئـاژاوەی شـێخ عوبـەیدوڵلای مـەلعوون و کـوڕه ناپاکـەکانی و هـەمزاغا و سـەربزێو و ئاژاوەگێڕەکانی دیکەی کورده بەدناوەکان و هەنگاوەکانی دەوڵەتیش سەبارەت بەوان و ئاکامی ئەم هەنگاوانەش، تا قۆناغی ئێستامان بنووسم.

شێخ عوبەیدوڵلا ، کە جاران وەك پیر و مورید، لەگەڵ بنەماڵە کوردەکان و هاوبیرەکانی خۆیدا هاتوچۆی دەکرد و وردەورده لەبەر زۆر شت، ببوو بە خاوەنی مـاڵ و سـامانێکی زۆر؛ لە کاتی جەنگی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسـمانی و رووسدا، بە هۆی جیهـادەوه، هـێزێکی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوه و ئەو شێواوییەی کرده هەل، بۆ ئەنجامدانی ئاواته پووچەکانی و تا توانی، زیان و کاولکاریی بە سنوورەکانی عوسـمانی گەیاند. خۆی و دەستوپێوەندەکانی، ئەوەندەی لـە توانایـاندا بـوو لـەم رێگەیـەوه خۆیـان تـەیار کـرد و لـە چـەك و جبەخانـەی هێزەکانی دەوڵەتی، چەندەیان پێویسـت بـوو دەسـتیان کـەوت. بـەو شـێوەیە شـێخ چێـژی دەسەڵات و گەورەیی، لەو بزووتنەوەیـە چەشـت. زمانلووسـان و ماسـتاوکارانیش خـەیاڵێکی

---

[1] میرزا سەعید خان: وەزیری دەرەوەی ئێران

[2] لە دەقەکەدا هەروا بوو.

[3] لە دەقەکەدا هەروا بوو.

خۆشیان خستە مێشکییەوە و وایزانی دەتوانێ بە راپەرینێك بازنـەی دەسـەڵاتی خـۆی پـەرە پێبدات.

ئەوە بوو ساڵی پـار نوێنـەری خـۆی نـاردە پێتـەخت و وتـی دەمـەوێ کوردسـتانی ژێـر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسـمانی، بەو هێز و دەسەڵاتەی کە هەمە، داگیری بکـەم و بیکـەم بـە هەرێمێکی سەربەخۆی ژێر دەسەڵاتی خۆم. خۆیشـم لـە ژێـر سـێبەر و پشـتیوانیی دەوڵـەتی ئێران و پەیرەوی شای گەورە و بەختەوەردا دەبم. بـەڵام بـە هـۆی دووربینـی و لێکدانـەوەی ئاکامەکانەوە بە پێویستی دەزانم، کە دەوڵەت بەڵێنێکی وام بداتێ، کە ئەگەر نەمتوانی سـەر بکەوم و ناچار کرام هەڵبێم، دەوڵەتی ئێران پارێزگاریم لـێ بکات و پشتم بگرێت.

بەڵام دەوڵەتی ئێران گوێی بەم قسە پرۆپووچانە نەدا و ئاستی دۆستایەتی و پاراسـتنی بریار و بەڵێنی خۆمانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسـمانی بەرزتر نرخاند و گوێمان نەدایە ئـەم قسـە پووچ و بۆشانە و نوێنەرەکەیمان بە بێوەڵام، لـە دەربـاری دەوڵـەتی نـاردەوە. ئـەویش دوای نائومێدبوون لەم دەوڵەتە؛ (بۆ رۆژی رەشـی خـۆی، کـە ئێسـتا هاتۆتـە رێـی، چ رێگـەیـەکی دۆزیوەتەوە و پشتی بە چێ بەستووە؛ هەر خوا دەیزانێ... !) ئەو، بۆ هـەلێك و بیانوویـەك دەگەرا، کە خیانەتی خۆی تێدا بنوێنێ. لوتفعەلـیخان لاوێکی بـێ ئـەزموون بـوو، کـە لـە ئازەربایجانەوە کرابووە فەرمانرەوای سابلاغ، بە شێوەیەکی ناتەواو هەوڵـی گرتنی هـەمزاغای مەنگووری دا، بەڵام هەمزاغا لە چنگی حکومەت خۆی دەرباز کرد و هەڵات، دەستی کـردە خراپەکاری و ئاژاوەنانەوە. بە گوێرەی بانگهێشتنێك، کە لەلایـەن شـێخەوە بـۆی کـرا و بـۆ ئـاژاوەگێریی لـە سـەری پێکهـاتبوون؛ ئـەویش قـادری کـوری، لەگـەڵ هـەموو ئـەو خـزم و نزیکانەی، کە پێی خۆش بوو،چ لە خاکی عوسـمانی و چ لە خاکی ئـێراندا، لەگـەڵ هـێز و لەشکرێکدا، کە ئامادەی کردبـوون، ناردنییـە وڵاتەکـەمان و خێڵـە کوردەکـانی ئـێرانیش لـە موکری و مامش و مەنگوور... هتد. بە هۆی ناپاکی خۆیانەوە و هەندێکیشیان لە ترسی ماڵ و گیانی خۆیان، دوایان کەوتن. بە هەر شوێنێك دەگەیشتن. لە کوشتاری موسڵمانانی گـەورە و بچووك، پیر و لاو، ژن و پیاو، تەنانەت کۆرپەی بەرمەمك و دزی و تاڵان و بـە دیلگرتنـی کچانی لاو و ئاگر لە خانووبەردان و سووتاندنی تفاق و توێشووەوە؛ هەر تاوان و زۆرداریـیـەك کە لەوە (...) نەبێ، دەستیان لە هیچ نەپاراست و جگە لە گوندەکانی نزیك مەراغـە، هـەتا ورمێش، هەمووی کاول و چـۆڵ ببـوون. ئـەم ئـاژاوەگێرە خوێنمـژانە، بەتـەما بـوون تاقـە کەسێك بە زیندویی نەهێڵنەوە... تـا ئیعتیمادسـەڵتەنەی ئـەمیرتوومان، لـە کـاتێکدا ئـەوان خەریکی ئابلۆقەدانی بناو و مەراغە و وێرانکاریی و سووتاندنی گوندەکانی ئەو ناوە بوون؛ بە بەشێك لە هێزەکانی و تۆپخانەوە، لە تەورێزەوە فریا کەوت و ورەی چەتـەکانی تێکشـکاند و ناچـاری کـردن پاشەکشـێ بکـەن. بـەدوای ئـەواندا چـەند هـێز ودەستەیەکی تریـش بـە فەرماندەیـەتی سـەرکردەکانی (کـاخی)، ناوچـەکانی وڵاتیـان لـێسەندنەوە و ئـاژاوەگێران چوونەوە سابلاخ، ئەوسا لەشکری گەورەی (ئەراك)ی کە بە فەرماندەیی حشمتالدولە بوو،

گەیشتە جێ، جەنابی ئەشرەف سوپاسالاری گەورە، بە فرمانی شا، بۆ سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی گشتی هێزە سەرکەوتووەکان و ئەنجامدانی کارەکان، بە پەلە لە تەورێزەوە بۆ ناو هێزەکان هات و دەستی کرد بە بەڕێوەبردنی فەرمانەکانی شا. ئینجا هەموو بەشەکانی هۆردوو کەوتنە راپەڕاندنی کارەکانیان.

هەمزاغا و ئاژاوەگێران، لەبەر هۆردووی عەزیزڵلاخانی سەرتیپدا، لە سنووری لاجانەوە ئاودیوی سلێمانی بوون. قادر و هێزەکەی، لەبەر هێزەکەیانەوە، رووەو مەرگەوەڕ[1] هەڵات و لەوێوە لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلای مەلعووندا، کە سەنگەر و قایمکاریی سەربازیی دروستکردبوو؛ لە ترسی هێزەکانی تەیمووڕپاشاخان، خۆیان پێ نەگیرا و بەرەو ناوچەی هەکاری هەڵاتن و لە (نوچە)[2] لە ماڵ و حاڵی خۆیاندا گیرسانەوە.

دوای ئەوەی کە خاکی وڵات لە ئاژاوەگێرانی کورد پاککرایەوە؛ جەنابی ئەشرەف سوپاسالاری گەورە و سەرکەوتوو، چووە ورمێ، تا دوای رێکخستنەوەی بارودۆخی ئەوێ، لەگەڵ جەنابی سامیح پاشای راوێژکاری لەشکری وان، لەسەر بڕیاری پێشوو، خەریکی دانووساندن و پەیمانبەستن بێ.

وا ئێستا لەوپەڕی هێوربوونی بارودۆخدا، لە ورمێ هۆردووی هەڵداوە. هەرچەندە زانیارییەکانی جەنابتان و رۆژنامەکانی پایتەختیش بە درێژیی باسی ئەم روداوانەیان کردووە؛ بەڵام بە هۆی ئەو شتانەی کە لەمەوپێش باسکران، ئێستا دەوڵەتی ئێمە، هەموو ئەرکەکانی ناوخۆی وڵاتیان بەجێهێناوە و ئەرکێکی بۆ ئەنجامدان نەماوە و لەوبارەیەشەوە دەبێ (٢٥) هەزار کەس لە هێزەکانی خۆی، بە بێکار و لە ودرزی زستاندا لەسەر سنوورەکان رابگرێ. چونکە ئەگەر وا نەکات، ئەوا خراپەکاریی و ئاژاوەنانەوەی شێخ عوبەیدوڵلا و کورەکانی، لە سەر سنوور هەروا بەردەوام دەبێ بە بێئەوەی سزای ئەو هەموو تاوان و رەوشتە دزێوانەی درابێت. بەڵام دەوڵەتی ئێمە، سەبارەت بە مانەوەی هەمزاغای شەرانی و تەرنکار و هاورێکانی، کە مایەی ئاشکرا و خۆشکەری ئەم ئاژاوەگێری و خوێنڕشتنانە بووە، بە هیچ شێوەیەك زامنی ئەوە ناکرێت، کە جارێکیتر ئەم ئاژاوەیە هەڵنەداتەوە. ئەگەر ئەم هەموو هێزەش وەك وتمان، بە بێکاریی لەسەر سنوورەکان رابگیرێ. دەبێ پارەیەکی زۆریان بە بێ هۆ، بۆ تەرخان بکرێ و کێش هەیە ئەم پارانە لە ئەستۆ بگرێ؟

---

[1] مەرگەوەڕ: یەکێکە لە (٣) قەزاکانی سلێڤانە-ی ورمێ

[2] نوچە: یان: ناوچیا: لە خوارووی واندایە.

لە سەرەتای هەڵگیرسانی ئاژاوەکە، سوڵتانی خاوەن شکۆ و گەورە پیاوانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەستەموول، جەنابتانی دڵنیا کردووە و هەروەها جەنابی فەخری بەگیش[1] لە پێتەخت، حەزرەتی پاشای بەختەوەرمانی دڵنیا کردووە، کە دەوڵەتی عوسمانی، هەموو جۆرە یارمەتییەکی ئێمە دەدەن. تەنانەت جەنابی گەورە باڵوێز (٢٦) تابووری لە هێزەکانی عوسمانی، بە سەرکردایەتی سامیح پاشای موشیر و یونس پاشای فەریق، خستە ژێر فرمانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و رایگەیاند، کە ئەم هێزانە بە درێژایی سنوور دادەنێن، بۆ بەربەستکردن و گرتنی ئەو ئاژاوەگێرانەی، کە دوای شکان لە هێزەکانی ئێران، دەیانەوێ بەرەو خاکی عوسمانی بێن و ئامادەی بەڕێوەبردنی فرمان دەکەن... ئەنجوومەنەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەتیش ئەنجوومەنی وەزیران، وتوویانە: ئێوە فرمانی گرتنی شێخ و کورەکانی و هەمزاغا و ئاژاوەگێرەکانی دیکە، بە هێزەکانی خۆتان بسپێرن، ئەگەر گرتیانن، ئەوا باشتر و ئەگەریش نەیانگرتن، ئەوا ناچاریان بکەن تا بێنە خاکی عوسمانی؛ بۆئەوەی ئێمە بیانگرین.

هێزەکانی ئێمە، بە نیازی گرتن و کوشتن، رەدوویان نان. بەڵام چونکە نزیکە و سنوور بوون، دوای نائومێد بوون لە خۆراگرتن، هەڵاتنە خاکی عوسمانی و لەبەر رێزگرتنی یاساکانی نێوان دوو دەوڵەت، هێزەکانی ئێمە نەچوونە خاکی عوسمانی و بەمجۆرە لە چنگ ئێمە دەرباز بوون.

بەڵام بە پێچەوانەی قسەکانی جەنابی گەورەباڵوێزەوە، کە نەك هەر نەیانگرتن، بەڵکو بە رێزیشەوە وەرگیران.. کە دیارە ئیتر مافی ئاشکرا و روونی ئێرانە، تا داوا لە دەوڵەتی عوسمانی بکات بۆ گرتن و تەمێکردنی شێخ و کورەکانی و دووریانبخاتەوە. هەروەها هەمزاغا و هاورێکانیشی بداتەوە دەستمان و لە پێناوی دۆستایەتی و دراوسێتیدا، بەڵێنەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت. چەندان برووسکەش لەلایەن پاشای گەورەمانەوە، بۆ جەنابی بەرێزتان نێردراوە، کە لە هەموویاندا ئەم ئەرکە بە جەنابتان سپێردراوە و چاوەنوارین بزانن چ ئەنجامێکی دەبێت.

جێی داخ و مخابنیش دەبێ ئەگەر خوا نەخواستە، گەورەپیاوانی دەوڵەتی عوسمانی، هەر ئەو کارانە ئەنجام بدەن، کە جەنابتان لە برووسکەکەی خۆتاندا نووسیبووتان و دەست نەدەنە چارەسەری ئەم رووداوانە و هیوای دەوڵەتی ئێمە و تەنانەت دڵی هەموو خەڵکانی وڵاتمان بشکێنن و ئەم دۆستایەتییە پیرۆزە، کە لە نێوان دوو دەوڵەتدا هەیە، بەبێ‌هۆ، کز و لاواز بکەن. لەولاشەوە سەرچاوەی ئاژاوەیەکی گەورە، لە سنوورەکانی دوو دەوڵەتی ئیسلامیدا بمێنێتەوە؛ کە بۆ هەردوولا، وەك یەك زیانی هەیە.

---

[1] فەخری بەگ لە ساڵی ١٨٧٧ ، تا ساڵی ١٨٨٤ ، ماوەی نزیکەی (٨) ساڵ لە دەرباری ئێراندا، باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی بووە.

بەڕێزتان دەبێ هەموو هەوڵێك بدەن، تا مەبەستی دەوڵەتی ئێمە، سەبارەت بەم باسە، ئەنجام بدرێ و دڵنیا بین و خۆتان سەربەرز بکەن و ببنە خۆشەویستی شای بەختەوەر. واتە: دەبێ شێخ و کورەکانی دوور بخرێنەوە و بگیرێن، یان هەمزاغا و هاورێکانی؛ وەك ئەمین ئاغای کوڕی قادرئاغا و فەتحوڵلاخانی کوڕی موزەفەردەولە و ئەوانەی وەك ئەوانن، بگرن و بیاندەنە دەست کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێمە، تا ئێمەش کارەکانی سنوور بەرێك و پێکی ئەنجام بدەین[1].

بەڵگەی ژمارە: ١٠٩

بابەت: ناکۆکی سەر سنوور

مێژوو: ١٨٨١/٩/٢٦ (٢ی زیقەعیدەی ١٢٩٨ کۆچی - ١٢٦٠/٧/٤ هەتاوی)

نامەی میرزا سەعیدخان بۆ موحسینخانی باڵوێزی دەوڵەتی ئێران لای عوسمانی

بەڕێز! گەورە پیاوانی دەوڵەتی ئێران، لە (١٥) ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستا، چەندان جار دەریانبڕیوە، کە هەڵسوکەوتی پیاوگەلی سەر سنووری عوسمانی، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ مەرجی دۆستایەتی دوو دەوڵەتدا یەك ناگرێتەوە و زیاتریش بە پێچەوانەی خواست و ویستی ئەم دوو دەوڵەتەیە و ئەگەر دەوڵەتی ئێران، لە جیاتی لێبووردن و چاوپۆشی لەو کارانە، بیویستایە وەك ئەوان رەفتار بکات، ئەوا ئاکامەکەی لە ئاڵۆزبوونی ئاسایشی سنوور و تێکچوونی هێوری خێڵەکانی هەردوولا، هیچی تری لێ نەدەهاتە بەر. چونکە بە دەستەوەدانی هەڵاتووەکان و دەست نەگرتن بە سەر عەشایەری یەکتردا، بەشێك لە مەرجەکانی بریارنامەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتە و لە زەمانی سەفەوییەوە، تائێستا، لە دوای هەموو ئاشتبوونەوەیەك، جەختی زیاتر لە سەر کراوە. دەوڵەتی ئێران لە هەموو کاتێکدا ئەم مەرجانەی بەجێهێناوە و بەم شێوەیە (عەزیزبەگی بابان) و خێڵەکەی و هەندێ ئاژاوەگێرانی ناوچەی هەکاری و هەرتووش وئەحمەدوەند چەلەبی و محەمەدئال عەلیخان و و کێ و کێ و .. کە لە راستیدا هەموویان لە عەشیرەتەکانی ئێرانن و مایەی کێشەن، بە بێ لەبەر چاوگرتنی ئێرانیی بوونیان، تەنیا لەبەر بەجێهێنانی مەرجەکانی بریارنامەکان، وەکو گێرانەوەی ئاسایشی سنوورەکان، دراونەتەوە بە عوسمانی بۆ سزادانیان.

کەچی سنووردارانی عوسمانی، لەبری ئەوەی وەڵامی چاکەکانمان بە چاکە بدەنەوە، لە زۆر کاتدا هەوڵ و هەنگاوەکانی ئێمەیان کردووە بە بیانوو، تا لەو رێیەوە عەشایەرەکانی ئێران بۆ لای خۆیان رابکێشن. ئەگەرچی ئەم هەنگاوانەی ئێمە، لەسەر داوا و سکاڵای سنووردارانی عوسمانیش هەڵگیراون. بەمجۆرە خۆیان دەرگا لەسەر ئاژاوەگێریی و یاخیبوون، بۆ عەشایەرەکانی ئێمەش دەکەنەوە. هەروەك چۆن هەمزە مەنگوور؛ کە بووە مایەی ئەم

---

[1] ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوە - بەشی بەڵگەنامەی عوسمانی.

هەموو کوشتارە، سەرەتا لەوپەری ملکەچییدا، لە خزمەتی دەوڵەتی ئێمەدا بوو. سنووردارانی عوسمانی هەندێ گلەییان لێی بوو. بۆیە (شوجاعولولك) پاشاخانی خوالێخۆشبوو، بۆ دلدانەوەی ئەوان، دەستی بەسەردا گرت و پاشان لە کاتی سەرکوتکردنی هەرتووشییەکان و ئەوانی دیکە، لەلایەن عوسمانییەوە عومەربەگ ناوێك، بە خزم و نزیکەکانییەوە چووە لای هەمزاغا و ئەویش بە ئەتکی شەرەف و ناموسی خۆی زانی، کە بیانداتەوە دەست عوسمانی. بەلام کە شوجاعولولك بە چەك و هێزی شەرکەرەوە، ئەرکی بە دەستەوەدانیانی لەلایەن دەوڵەتی ئێمەوە پێ سپێردرا، هەمزاغا، هێز و توانای بەرگریکردنی نەبوو، بۆیە هەلاتە خاکی عوسمانی و سنووردارانی عوسمانیش خۆیان کردە خاوەنی و لە ئەنجامدا هەمزە و هەندێ لە عەشایەری عوسمانی، هێرشیان دەکردە سەر سەردەشت و سابلاخ و تاقمێك قەرەپەپاغی کوشت وهەندێکیتری بریندار کرد و مالو سامانی عەزیزخانی خوالێخۆشبوو، کە زیاتر لە (٥٠) هەزارتمەن زێر و زیو و کەلوپەلی تێدا بوو، تالانکرد و مالەکەی و مزگەوتەکەی سەردەشتیشی سووتاند. چەند کاروانێکی کورد و کاروانیتریشی تالان کرد و گەرایەوە خاکی عوسمانی.

دەوڵەتی عوسمانیش تا ئەم دوواییانە هەر گرتییە خۆی، بێئەوەی ئەم هەموو کوشتار و تالانەی، لێپرسینەوەی ببێت؛ تا وای لێهات، کە بۆ تەواوکردنی خواستە گلاوەکانی، بووە دامەزرێنەری... هەروەها سنووردارانی عوسمانی چەندان جار گلەییان لە سەرەرۆیی سەرۆکەکانی ناوچەی هەورامان کرد. دەوڵەتەکەشمان دەستیکرد بە تەمێکردنیان و هەر یەکە لە ناچاریدا هەلاتە خاکی عوسمانی و دیسانەوە دەوڵەتی عوسمانی بە پەلە و هەر لە خۆیەوە، خۆی کردە خاوەنیان و نەیدانەوە دەست و بەو شێوەیە زیانێکی زۆری لە دەوڵەتی ئێمەدا.

دووبارە ئەحمەدوەند (چەلەبی)مان ناچار کرد هەڵبێت و لەم رێیەدا تەنانەت سەرتیپێك و سنووردارێکی بروا پێکراوی وەك (مەلیك نیازخان)مان لێ کوژرا. کەچی هەر کە گەیشتە خاکی عوسمانی و کەوتە بەردەستی ئەو دەوڵەتە، هەرگیز نەیدایەوە بە ئێران و هەولی ئەوەی نەدا، کە حەزی ئێمە بەجێ بهێنێ... وا ئێستاکەش لە تالانکردن و کوشتنی کاروانچی و رێبوارانی ئێرانی دەست ناپارێزن و هێزەکانی ئێران تا ئەم دواییانەش پارەیەکی زۆری سەرفکردووە و لە هەولی ئەوەدا بووە کە بیانشکێنن و هێشتا لێشمان روون نییە بە تەواوی شکابن، یا نا!... لە سەر تکای والی بەغدا (محەمەد ئالعەلیخان لام)مان دەرکرد. کەچی هەر کە گەیشتە خاکی عوسمانی، دلخۆشیان کرد و لە سەر ئەوە لەگەلیدا رێکەوتن ئاژاوە لە ئێراندا بنێتەوە و ناوچەگەلێکی ئەم ولاتە داگیر بکات، وەك؛ باغسایی و ملختاوی؛ کە ئەگەر نەخۆشیی دەرفەتی بدایە، ئاژاوەیەکی گەورەی وەك ئاژاوەی کوردەکان، لە سنوورەکانی عەرەبستان و لورستان، بە دەستی ئەم عەرەبانە درووست دەکرا.

بەهۆی ئەم شتانەوە بوو، کە ئەمجارە و پاش دوایی پێهاتنی ئاژاوەی کوردەکان، گــەورە پیاوانی دەوڵەتی ئێمە، کــاتی ویســتیان بــۆ جێگــیرکردنی هێمنیــی ســنوورەکان، تــاقمێك لــە عەشـایەرەکانی ئێران تـەمێ بکـەن. بـە پێویستیشـان زانـی بـەر لـە دەسـت پێکردنـی ئـەم تەمێکردنە، بە پێی بڕیارەکانی نێـوان هـەردوو دەوڵـەت، لـە سـەر دەسـتنەگرتن بـە سـەر هەلاتووانی ئێمەدا، بڕیار و بەڵێنی رەسمیی لە گەورە باڵوێزی عوسمانی لە پێتەختی ئـێران و هەروەها لە سنووردارانی ئازەربایجان و فەرمانبەرانی ئەو دەوڵەتە داوا بکەن، بـە تایبـەتی لە سەر دەست نەگرتن بە سەر عەشیرەتی شکاك و عەلـی‌خانی سـەرۆکیاندا، باڵوێزخانـە و سنووردارانی عوسـمانیش، بڕیاری روون و ئاشکرایان بە سەرکوتکردنی ئەم عەشیرەتە دەرکرد و لە هەموو روویەکەوە پێخۆشحاڵیی دەوڵەتی عوسـمانییان لەو بڕیارنامانەدا دەرخسـت. ئـەم سەرکوتکردنەش بە ئەرکێکی پێویسـت بـۆ هێمنایـەتی سـنوورەکانی نێـوان دەوڵـەتی نـاوبراو ژمێردرابوو.

بە دوای ئــەو بـەڵێن و بڕیارنامانـەدا، دەوڵـەتی ئێمـە دەسـتی کـرد بـە سـەرکوتکردنی عەشیرەتی ناوبراو. کـەچی لەگـەڵ ئـەو هـەموو دووربینـی و بیانووبڕینـەکانی سـنووردارانی ئەولا، هەرکە عەشیرەتی ناوبراو لەلایەن ئێمەوە، راونـرا و هـەلاتن و روویـان کـردە خـاکی عوسـمانی، بە گشتی رێگە دران و هەمدیسان بـە پێچەوانـەی هـەموو بڕیـارە رەسـمییەکانی پێشووەوە، دەوڵەتی عوسـمانی پشتگری لێکردن و بە نـارەوا خـۆی کـردە خاوەنیـان... هـەر لەبەرئەمە بوو، کە بە پەلە جەنابتم ئاگـادارکرد و هـەوڵم دا بـە هـۆی جەنابتانـەوە داوا لـە بابیعالـی بکەم عەشیرەتی ناوبراومان بەدەستەوەبدەن.

بە داخەوە وەلامی بابیعالـی سـەبارەت بـەم داوایـە، دوور بـوو لـەو ویسـتانەی کـە دوو دەوڵـەتی ئێمـە و ئـەوان بەرامبـەر هێمنایـەتی ئـەو سـنوورانەی هەمانـە و لەگــەڵ مـەرج و بڕیارەکانی نێوانمان یەکی‌نەدەگرتەوە و بە پێچەوانەی هەموو ئـەو بەڵێنانـەش بـوو، کـە بـە شێوەیەکی رەسـمی لەلایەن گەورە بـاڵوێزی عوسـمانی و سـنووردارانی ئـەو دەوڵەتـە، وەك: حەسەن پاشای والـی وان و موساپاشای فەریق، فەرمانبەری سـەربازیی دەوڵـەتی عوسـمانی لە سنووری ئازەربایجان، پێمان درابوو.

دیارە ئەگەر دەوڵەتی ئێمە، پێی وابووایە دەوڵەتی عوسـمانی بە ناردنەوەی عەلـی‌خان و دوو و سێ کەسی‌تر، ئەرکی خۆی ئەنجامداوە، یـان ئەگـەر مەبەسـتی دەوڵـەتی ئێمـە، لـە وەرگرتنی ئەو هەموو بڕیار و بەڵێنە رەسمییانە، تەنیا وەرگرتنەوەی عەلـی‌خان و دوو و سـێ کەسی دیکە بووایە، ئەوە نە پێویستی بەم هەموو لەشکرکێشییە و مەسروفە قورسە بـوو و نـە پێویستی بە دووربینی و وەرگرتنی ئەو هەموو بڕیارە رەسمییانە بوو، کە یەك لـە دوای یـەك و نەفەر بە نەفەر وەرگیران. بەدەستەوەدانەوەی دوو و سێ ئاژاوەگێڕ شتێکی گرنـگ نییـە، چ بگات بەوەی کە پێویستی بەم هەموو قایمکارییانە بێت! جگە لەمەش، ئەگەر تەنیا یـەکێك لـەم کارانـە نەکرانایـە، لـە رووی تێگەیشـتوویی و پابـەندی دەوڵـەتی عوسـمانی و ویســتە

پاکەکانی سەبارەت بە دراوسێتی، هەرگیز نەدەبوو بابیعالی وەڵامێکی ئاوامان بداتەوە. چونکە بە دەستەوەدانەوەی هەڵاتووان و داگیرنەکردنی عەشایەری یەکتری، بەشێکە لە مەرجەکانی بڕیارنامەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت و هیچ یاسایەکیش بڕیاری نێوان دوو دەوڵەت ناسڕێتەوە و بێ هیچ بیانوو هێنانەوەیەك، بەدەستەوەدانەوەی تێکڕای ئەم عەشیرەتە، ئەرکی سەرشانی دەوڵەتی عوسمانییە. بە تایبەت بە ڕەچاوکردنی بڕیار و بەڵێنە ڕەسمییەکان، کە بەم زووانە بەستبوومان، بەڵگەیەکە لە سەر پێویستی بەدەستەوەدانیان.

لەبەرئەوەی کە باسکرا، بڕیارنامە ناوبراوەکان و ئەو نامە و هەواڵانەی کە لە نێوان گەورە پیاوانی دەوڵەتی ئێمە و کارگێڕانی ئازەربایجان و هەروەها لە نێوان کارگێڕانی ئازەربایجان و سنووردارانی عوسمانی، وەك حەسەنپاشای والی وان و موساپاشای فەریق و... هتد گۆڕدراوەتەوە، بۆ جەنابتی دەنێرم بۆ ئاگاداریتان.

دوای خوێندنەوە و تێگەیشتن لە بەڵگە روونەکانی ئەو نامانەوە، هەروەها بەو زانیارییانەی کە لە مەرجەکانی بڕیارەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتەوە هەتانە، بۆ داواکردنەوە و گەڕاندنەوەی تێکڕای عەشیرەتی ناوبراو و سەرۆکەکانیان، ئەوەی کە پێویستە ئەنجامی بدەن و بە هەموو هەوڵێکەوە، کە لە تواناتاندایە، داوای بەجێهێنانی لە بابیعالی بکەن و بە ئومێدی خوا، فرمانی گەڕاندنەوەیان وەربگرن و بۆمانی بنێرن.

ئەمەشیان بۆ روون بکەرەوە، تا ئەم عەشیرەتە تەسلیم نەکرێتەوە، تا هەموو داواکانمان سەبارەت بە سنوورەکان لەلایەن سنووردارانی عوسمانییەوە نەیەنە دی، بە هیچ شێوەیەك هێمنایەتی و ئاسایشی سنوورەکان دەستەبەر نابێت.[1]

مۆری: میرزا سەعیدخان – وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران

بەڵگەنامەی ژمارە: ١١١

بابەت: شێخ عوبەیدوڵڵا ی نەهری

مێژوو: ١٨٨٢/٩/٥ (٢١ی شەوالی ١٢٩٩ هیجري- ١٢٦١/٧/٥ هەتاوی).

ناوی کتێب: اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه).

بەرگی سێیەم – لاپەڕە: ٢١٥

نامەی شێخ عەبدولکەریم بۆ: ئیمام جومعەی ورمێ

جەنابی هەڵکەوتوو، زانا و دۆستی بەڕێزم، موجتەهیدی ناوچەی (ورمێ). سڵاوی خواتان لێ بێت و هەردەم پایەدار بیت. نامە دۆستانەکەی ئەو جەنابە گەیشت و لە

---

[1] ئەرشیفی وەزارەتی کاروباری ئێران: بەشی: بەڵگەنامەی عوسمانی.

اوەرۆکەکەی ئاگادار بووم. بەو هۆیەوە کە مزگێنی سەلامەتیی جەنابتانی دامیٚ؛ بووە مایەی نۆشحالبوونم.

دەربارەی هەواڵی رووناکی چاوم (بەهائەدین) و ئەوانیتر لە (مەرگەوەڕ) و دەرەوەی مەرگەوەڕ)، بە بیٚ مۆڵەت و ودمی جەنابی پێشەنگی شێخانی مەزن (گیانم بە قوربانی یت)، هەرگیز سەرناگریٚ. هەروەها سەبارەت بە گەڕانەوەی حەزرەتی شێخ عوبەیدوڵڵای ایەبەرز (گیانم فیدای بێت)، پرسیارتان لێکردبووم؛ دەبیٚ بڵێم کە ئەو جەنابە گەڕاوەتەوە و ەشریفی بۆ (نوچە) بردووە و بۆ خۆم چوومە پێشوازی و بە خزمەتی گەیشتم. هەرچۆنێك ەرابێتەوە، بەختەوەرانە ئەوەندەی دۆستدار و لایەنگر لە کوردستان و تەنانەت لە ەستەمووڵیش و لە هەموو وڵاتی ئیسلامیدا هەیە، کە منەتباری کەس نەبێت. لە ەرحەمەتی خواوە تەشریفی بۆ هەر شوێنیٚ بردووە؛ تێکرا خەڵکەکەی ئەویٚ، سام و ەورەیەتی (شێخ)، وا لە دڵیان نیشتووە، کە بە حورمەتێکی زۆرەوە، تا گەیشتۆتە نەهری)، بەرێیان کردووە... شەش هەزار و بگرە زیاتر، سوارە و پیادەی عەشایەر، لە زمەتیدا بوون.

بە مەرحەمەتی خوای مەزن، لەوپەڕی بەدەماخیدایە. بەڵام چونکە بەندە خێرخوازیی ەوڵەتی ئێران بە ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم؛ حەزدەکەم کە گەورە پیاوانی دەوڵەتی ئێران ەل و مەرجێك سازبکەن بۆئەوەی نێوانی خۆیان و (شێخ) خۆش بکەنەوە و ئاشتی بکەوێە ەینیانەوە، تا سنوورەکان هێمن ببنەوە و هەژاران و لێقەوماوان، ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ ابین بکریٚ؛ ئەگینا دیارە لە هێز کۆکردنەوە، کەڵکێك نایەتە بەر.

ئەگەرچی بەندە ئاگاداریم لە داروباری (شێخ) نییە؛ بەڵام ئەگەر ئەو جەنابە لای نۆیەوە هەوڵی ئاشتبوونەوە بدات، ئەوە منیش دەتوانم لێرەوە هەلومەرج برەخسێنم و اڕێکی وا بکەم ئاشتی، بە هەموو مانای وشەیەوە، لە نێوان هەردوولادا سەقامگیر بێت و ەڵکی هەژاری سنوورەکان سەقامگیر ببنەوە. ئەگەر بەم شێوەیەش نەبێت هەرگیز ئەم ەڵکانە بە هێز کۆکردنەوە و شەڕ، بێدەنگ نابن... لە سەر ئێمەمانانیش پێویستە بەر لە ەڵگیرسانەوەی کێشەیەکی نویٚ، هەوڵی چارەسەرکردن و بەرگریکردنی ئەو کێشەیە بدەین ناکۆکییەکان بسرینەوە.

زیاتر زەحمەتتان نادەم. هەر دەم چاوەنواڕی مزگێنی سەلامەتیتاننم. والسلام علیکم.*

---

* ئارشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوە. خودی نامەکان. ژمارە ۱۲۱ - لاپەڕە ۱٤۸.

دەسخەتی ناسرەدین‌شاه بۆ سوپاسالار (میرزاحسەین خان)

بۆ سەرکوتی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا

بەڵگەنامەی مێژوویی

بابەت: کێشەی شێخ عوبەیدوڵڵا

مێژوو: زیقەعیدەی ١٢٩٧ کۆچی (دەبێ لە سەرەتای زیقەعیدەدا – سەرەتای مانگی ١٠/١٨٨٠ – نووسرابێت)

نامەی ناسرەدین‌شا

بۆ: میرزا حسین‌خان (سوپاسالار)

سەبارەت بەسەرکوتکردنی کورد

جەنابی موشیردەوله: سەرەڕای سەرقاڵیی و ماندووبوونی زۆریشم، ناچار بووم بە خەتی خۆم، فرمانێکی کورتتان بۆ بنووسم و هەر ئێستاش سپاردمە (یەحیاخان – موعتەمەدولمولك)[1] کە بە تەتەڕێکدا بینێرێ. بۆیە هەر بە گەیشتنی ئەم فرمانە؛ بە وتەی خەڵکی رەشۆکی: ئەگەر ئاویشت بە دەستەوەیە؛ مەیخۆرەوە و بگەرە ئازەربایجان و بە یاریدەی خوا، بە پەلە، پشێویی ئەوێ چار بکرێ و ناوەرۆکی ئەم فرمانەش بە (وەلیعەهد) بدە، تا بیخوێنێتەوە[2] ؛ کە لەڕاستیدا بە بڕوای من ئەگەر لە دابین کردنی ئازەربایجان‌دا هاوکاریت لەگەڵ نەکات و هەر لەسەر بیروبۆچوونە کۆنەکانی خۆی مابێتەوە؛ ئەوا بانگی دەکەم بۆ تاران... دەوڵەت نەزۆکە و وەجاخی کوێرە و پێویستی بە ڕێکخستنە. کردەوەی ئەم کوردانەش یەکجار خراپ بووە... هەر کە گەیشتنە ئەوێ؛ چارەیەکی بنبڕ و گورجیان بۆ ببینەوە، تا دواتر لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا، بڕیارێکی تۆکمە بۆ داهاتوو دەدەین.

لەشکرێك لە تارانەوە دەنێرم، کە یەکسەر بچێتە ناوچەی (سابلاخ) و ئەو دەوروبەرە ڕێكبخاتەوە و خۆیان بگەڕێنەوە. ئێوەش فرمان بە (حیشمەت دەوله) بدەن؛ کە چی‌بکات.

---

[1] (یەحیاخان–موعتەمەد ئەلدەولە): برای (موشیرئەلدەوله) و مێردی (عیززەت ئەلدەولە)ی خوشکی (ناسرەدین شا)یە. دەبێ ئەوەش بزانرێ کە (موشیر ئەلدەوله)، کاتێ کاروباری ئازەربایجانی پێ‌سپێردرا؛ لە (قەزوین) نیشتەجێ بوو. لەبەرئەوە ئەم نامەیە بۆ (قەزوین) نێردراوە. موشیرئەلدەولە–ش نازناوی (میرزا حسین‌خان)ی سەرۆك هێزە.

[2] لە دەقەکەدا (بیخوێنێت)ە؛ واتە: بە فارسییەکەی (بخاند)ە، نەك (بخواند).

زۆربەی ئەم کارانە، بە چەشنێکن وەك دەڵێن (ئیقبالدەولە)[3] ی حاکمی (ورمێ) نەخۆش و بێحاڵ و پەککەوتەیە و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی (ورمێ)ی داوەتە دەست برازاکەی و ئەویش دۆستایەتی لەگەڵ (شێخ عوبەیدوللا)دا هەیە و ناوچەکانی: (شنۆ) و (تەرگەوەڕ) و (مەرگەوەڕ) و (برادۆست) و زۆربەی شوێنە گرنگەکانی سەر سنووری (ورمێ)ی بە کرێ داوە بە کوڕەکەی (شێخ عوبەیدوڵلا) و خۆی ئەوی هێناوە و خزاندوویەتیە مەملەکەتەوە؛ کە پێشتریش هەر بە هەمان دەستتێوەردانەوە توانیبووی دەسەڵاتی بەکرێدانی ئەو ناوچانە بدات بە (کورد) و بەمجۆرە و بەم ڕێگەیە، تا ڕادەیەك هەرچی ئەو وتوویە، چوونەتە ژێر فەرمانیەوە. ئەمەش هەرزەیی کوردەکانی خۆمانە، بەتایبەتی کوردانی موکری و سابلاخی، کە دەبێ زۆر سەخت تەمێ بکرێن و بە پشتیوانی خوا، سەرلەبەریان و سەرۆکەکانیان بە زنجیرکراوی بنێریتە تاران.

پوختەی داروباری ئازەربایجان ئەمە بووە و ئەمەیە، ئێمەش هەموومان لە تاران بێئاگا لە دەنگوباسین و هەموو ئەمانەش بە پێچەوانە دەگەیشتنە لامان. پشت بە خوا، بە خێرایی فریابکەوە؛ بەڵکو سەرکوتیان بکەیتەوە.

بە گوێرەی هەواڵێکیش کە بیستوومە؛ (تەیموورخان پاشاخان)[4] خەیاڵی پێوەندیکردنی هەیە بە (وەلیعەهد)ەوە. لەبەرئەوە ئەمە بە باش نازانم و هەوڵ بدە سەرنەگرێ. برێ فرمانیش بە (موعتەمەد ئەلمولك) بێژرا، کە بە ئێوەی ڕابگەیەنێ. دوای ئەمانەش ئەگەر لێپرسینەوەیەك، یان قسە و شتێکیتر، هاتە گۆڕێ؛ بە (ئەمین ئەلسوڵتان)م وتووە، کە بە (موعتەمیدولمولك) بڵێ و ئەویش بۆ ئێوەی بنووسێ و وەڵام بدرێتەوە. بە هیچ جۆرێکیش بە دەم و بە دەستی کەسیتر نەگاتەوە. (ئەمین ئەلسوڵتان)[5] پیاوێکی دەوڵەتخوایە و بۆ یەکخستنی کارەکان و لابەلا کردنەوەیان؛ هاوکاریی بکە.

یەکەمین کارێك، کە دەیکەیت بە پشتیوانی خوا، بە هەر ڕێگەیەك و بە گورجی، چارەسەری پشێویی کوردەکانە. دڵی زانایان و موجتەهیدانی (تەورێز)یش بەدەرەوە و بازرگانان و کاسبکاران و تێکرا؛ تێکرا، نائومێد و پەرێشانحاڵ و یەکجار شپرزەن. نازانم چییان کردووە!؟ نەفرەتی خوا لە مرۆی بێفەڕ.

---

[3] (ئیقبال ئەلدەولە) بەڕواڵەت خەڵکی (تەورێز)ە و ئەم نازناوە لە (١٢٩٩ هیجری – ١٨٨١) بە (میرزا محەمەدخان – ئەمین خەڵوەت کاسی) دراوە.

[4] تەیموورخان پاشاخان: فەرماندەی هێزی سوارەی (ماکۆ)یە.

[5] ئاغا ئیبراهیم: ئەمین ئەلسوڵتانی یەکەمە.

دوو وەڵامنامەشمان بە تەلگراف لە (وەلیعەهد)[6] و (موجتەهید)[7] ەوە پێگەیشتووە و بۆ ئێوەم ناردن. دیارە زۆر بە زوویش رادەپەڕیت. (ئیقبال ئەلدولە)ش بە هیچ جۆرێ بەکاری (ورمێ) و هیچی‌تر نایەت؛ کە خوا یاربێ دواتر بە درێژیی باسی دەکرێ.[8]

---

[6] وەلیعەهد: موزەفەرەدین میرزا–یە.

[7] موجتەهید: حاجی میرزا جەواد–ە.

[8] ئەم دەستخەتەی (ناسرەدین شا) لەم سەر چاوەیە وەرگێراوە: نامەهای تاریخی ایران – کۆکردنەوەی: ئیبراهیم سەفایی – چاپ بابك – سال ١٣٥٥ – تهران – میدان ٢٤ اسفند اول ایزنهاور – بازار ایران – طبقه سوم.

دەستخەتی ناسرەدین شا

پاشکۆی ژماره (٤)

بەڵگەکانی : مرکز اسناد ملی ایران - تهران

ئەم پاشکۆیە بریتییە لە (٩) بەڵگەنامە، کە لە مرکز اسناد ملی ایران – تهران چنگم خستوون؛ سەر بە چەپکە بەڵگەنامەکانی بەشی (٣)ی زنجیرە کتێبی «اسناد سیاسی ایران و عثمانی»ن و هەر یەکەیان بە جیا و بە گیانێکی نەیارانە و لە دیدی دەرباری قاجارەوە، لەلایەنێکی شۆڕشی ١٨٨٠ و ڕووداوەکانی دەدوێ. ئەم بەڵگانەش بۆ یەکەمجارە لێرەدا بڵاو دەکرێنەوە. ژمارەکانی ئەم بەڵگەنامانە بەمجۆرەن:

٢٩٥–١/٣٦٧/٥، ٢٩٥–٢/٢٦٢/٤، ٢٩٥–٤/٢٦٢/٤، ٢٩٥–٥/٢٦٢/٤، ٢٩٥–١/٢٨٩/٤، ٢٩٥–٣/٩٦٢/٤، ٢٩٥–١/٤٢٣/٤، ٢٩٦–١/٦٩٨/١، ٢٩٦–١/٧٢٢/١

[illegible] ملاها [illegible] قسم [illegible] نیز [illegible]

وارد شدم سلام کردم جواب باز داد پس مترجم گفت که رئیس سفیر میگوید غرض از زحمت دادن

شما این است که شما هر چه از جناب آقای آقا جمال استحضار دارید ما را اطلاع بدهید و دلالت

نمایید که آسیبی برای ایشان از قتل و حبس نیست و ما اهل فرنگستان در مرتبه صدق

و درستی قول چندان اهتمام داریم که اگر سرمان برود قول ما خلاف نمیشود و من بشما قول

میدهم که از قتل و حبس حکمی در حق جناب آقا نشود نهایت آن است که حاکم کنند مثل سایرین

در این شهر نمانند و غرض من از ملاقات او اینست که ببینم او چگونه کسی است که این همه

مطاعیت دارد و مقصودش چیست و جزوی از روی میز برداشت که این کتاب ایشان است

و من از قواعد شما بهتر از شما اطلاع دارم. جواب گفتم که رئیس مرد بسیار عاقل و دانا

ما باید ملاحظه فرمایید که در صورتیکه در نصف شب زیاده بر شصت نفر پلیس بخانه مردم

بریزند و هشت نه نفر از مردم بگیرند و محبوس نمایند چگونه جناب آقا جمال در این شهر

خواهند ماند و اینهم معلوم است که جناب آقا مرد نیست عالم و دانا و میدانند که حکومت

مکان و مقصد ایشان را ابدا از ایشان جویا خواهد شد نه از دیگران لهذا کسی که وجودش

باینحد در معرض خطر است و محل هم و عداوت بزرگان گشته محل اختفا و مقصد مسافرت

خود را از هم کیشان خود مخفی خواهد داشت و بدین جهت بنده جسارت عرض میکنم که اکثر

از این مسئله از ایشان اطلاع ندارند و استنطاق و حبس اینجانب برای یافتن آقا

ثمری نخواهد برد بعلاوه این بنده که منزلم با خانه آقا مسافت کلی فاصله دارد و روز

و شب بزحمت بکار روزگار مردم مشغولم و لازم نیست که از محل و مکان هم مذهبان خود

مطلع باشم بلکه بسیاری از هم کیشان خود را نمیشناسم و آنکه رئیس سفیر باید

[illegible] از احکام [illegible] شما بهتر از [illegible] اطلاع دارم [illegible] حاکم کافی

[illegible] استحضار و اقوام [illegible] باشد و ما [illegible] از درگاه حضرت

پاشکۆی ژماره (٥)

افتتاح ناصری
نووسینی: عەلـیئەکبەر سەرهەنگ

١- إفتتاح ناصری: نووسینی: عەلـی ئەکبەر سەرهەنگ، کە کـوڕی (حیسامولولك)ە و خۆی و بـاوکی لـە ئەفسـەرانی پایەبـەرزی دەوڵـەتی ئـێران بـوون و لـە کـاتی شۆڕشـەکەی (١٨٨٠)دا، لە تێکڕای قۆڵەکانی: بناو، میاندواو، موکریان، سـندووس،[1] شـنۆ، مەرگـەوەڕ و لاجان، تا ڕۆژانی گرتن و بردنی شێخ عوبەیدوڵڵاّ بۆ ئەستەمووڵ، واتە: تا نزیکـەی (٨-٩) مـانگ ڕاسـتەوخۆ لـە ڕیـزی لەشـکری ئـێراندا دژی هێزەکـانی کـورد، شـەڕ و بەشـداریی بەردەوامیان کردووە و هەر لەو سەروبەندەشدا ئەم کتێبەی وەك بیرەوەری ڕۆژانی شـەڕەکان و سەروەریی خۆیان نووسیوە و بەو هۆیەشەوە کە خۆی ئەفسەر بووە؛ زانیاریی بەرەکانی شـەڕ و مێژووی شەڕەکان و ناوی بەشدارانی هەردوو هێزەکەی کورد و ئەفسەرانی دەوڵەتی ئـێرانی زۆر بە وردی و ڕاستیی نووسیوە و وەك دیارییەك پێشکەشی ناسرەدین شای کردووە.

زانیارییـەکانی ئـەم کتێبـە، لـە چـاو سـەرجەمی ئـەو بەڵگـە و بـیرەوەری و کتێبانـە دەوڵەمەندترن، کە تا ئێستا لەسەر شۆڕشی (١٨٨٠) نووسراون.

ئەم کتێبە هێشـتا دەستنووسـە و نوسـخەیەکی کـە پێشـکەش (ناسـرەدین شـای قاجـار) کراوە، ئێستا لە کتێبخانەی میللـی تاراندا، بـە ژمـارە (٨٨٤ - ف) و پێرسـتی (ل - ٤١٨) پارێزراوە. ئەم کتێبە (٨٦) لاپەڕەی قەوارە گەورەیە، کە ڕووبەری لاپەڕەکانی برتییە لـە (٢٥ سم × ١٥/٥ سم) و لە هەر لاپەڕەیەکیشدا (١٦) دێڕی بە خەتی شکستەی نەستەعلیق تێدا نووسراوەتەوە. هەموو کتێبەکـەش (١٢) بەشـە. ئەمـە یەکـەمین جـارە ئـەم دەسـتخەتە، لـە کتێبخانەی ناوبراوەوە بۆ کاری سەرچاوەی مێژوویـی وەردەگـیرێ و پێـش ئـەم کتێبـەی بـەر دەستتان، هێشتا لە هیچ سەرچاوەیەکیتری بیـانی و کوردیـدا نەکراوەتـە سـەرچاوە و باسـی ناوەڕۆکی نەکراوە، تەنیا ئاماژەیەك بە پێناسە و نووسەرەکەی کراوە..

---

[1] لە دێرزەمانەوە هەر بەو ناوەوە ناوبراوە، بەڵام ئێستا عەجەمەکان پێیدەڵێن سلدوز.

بەناوی خوای مەزن

ڕۆژنامەی هەواڵی ڕووداوێکی سەیر و سەمەرە، کە ساڵی ١٨٨٠ لە ئازەربایجـان ڕوویـدا. باسی باوکی شێخ عوبەیدڵڵا و حاڵ و باڵـی خۆی و شوێنی یاخیگەرییەکەی و ئەو کەسانەی یارمەتیان دا و بە دەسـهێنانی چـەك و تەقەمـەنی و ئـەو پـوڵ و پارانـەی چنگـی خسـت و ڕووداوەکانی بە ڕێکەوتنی لە (ناوچیا) و چوونـی حیسـامولولك بـەرەو مەرگـەوەڕ و لـە بـەر بـەختی بـەرزی شاهەنشـا تـەواو بـوون و تیـاچوونی شـێخ و هاوڕێیـانی و ئـەو قـەوم و عەشیرەتانەی لەگەڵ ئەو بوون، تا کۆتایی ساڵی ١٨٨١.

بەشی یەکەم

لە سەردەمی پاشایەتی شاهەنشای غازی: محەمەد شای خوالێخۆشبوودا، شێخ تەها کە شەیتانێك بوو لە بەرگی کورداندا، خۆی نواند و خۆی وەك یەکێك لە سەیدەکانی **طباطبـایی** ناساندبوو. شـێخ تـەها دانیشـتووی (نـەهری)یـە، کـە گوندێکـە لـە (ناوچیـا) و لـە خـاکی عوسـمانیدایە. لەوێوە تا مەرگەوەڕ، کە سەر بە ناوچەی ورمێیە، و چوار قۆناغەرێیە.

شێخ تەها لە ڕێگای چەند کەسێکەوە خۆی گەیاندە خزمەت شاهەنشای بەرز و بـەڕێز و ئەویش حەوت گوندی لە ناوچەی مەرگەوەڕ پێبەخشی تا ژیان و خانەقای دەروێشانی پـێ بەڕێوە بەرێت.

(٣٠) ساڵ بەم شێوەیە دەستی بەسەر داهاتی ئەم گوندانەدا گرت و مەزنایـەتی لـە نـاو کوردە بێ ئەقڵ و نەفامەکاندا بە دەست هێنا، تا گۆڕبەگۆڕ بوو. پـاش کۆچـی شـێخ تـەها، شێخ عوبەیدوڵلای حەرامزادەی کـوڕی، پەسـتەکی دەروێشـی بـە شـاندا دا و عەشـیرەت و کوردەکانی هەڵفریواند، تا لە نێوان دوڵەتانی ڕووس و عوسـمانی کێشەیەك پەیدا بوو.

هـەر کـە هـەواڵی شـەڕی نێـوان ئـەو دوو دەوڵەتـەی بیسـت، جـەماوەرێکی زۆری لـە عەشیرەت و تیرە و خێڵەکانی کوردی کۆ کردوە و لەو لاشەوە چەکی شەڕی بە ناوی جیهاد و وەك ئەمانەت لە دەوڵەتی عوسـمانی وەرگرت و ڕووبەڕووی لەشکری ڕووس بوونـەوە. ئـەم عەشیرەتە کوردانە لە نزیك «حەسەن قەلا» تووشـی لەشـکری دەوڵـەتی ڕووس هـاتن، بـەڵام چونکە کوردان شەڕی بە پێی بەرنامە و گەڵاڵەیان نەدیوە و بەرنامە و یاسای شەڕ نـازانن، توانـای خۆراگرییـان لـە بەرامبـەر لەشکری دەوڵـەتدا نـەهێنا و پـاش دوو سـەعات شـەڕ و پێکدادان هەڵاتن. ڕێگـەی دەشـت و بیابانیـان گرتەبـەر و بـەو ئـامراز و چەکانـەی کـە لـە دەوڵەتی عوسـمانیان وەرگرتبوو (وەك ئەمانەت) لەگـەڵ خۆیـان بردیـان و بـەدەم ڕێـوە ئـەو گوندانەدیان تالان کرد و خەڵکەکەیان کوشت،کە لە سەر دینی حەزرەتی عیسـا بـوون، یـان دانیشتووانی دەوڵەتی عوسـمانی بوون.

شێخ عوبەید کە سەیری کرد لەشکرەکەی تێکشکاوە و ریسەکەی لێبۆتەوە خوری، خۆیشی لەگەڵ هێندێك خزم و کەس مابوونەوە، بۆیە لەگەڵ سەدیقی کوری هەڵاتن و روویانکردە شارۆچکەی وان، بە رێبەرایەتی شێخ جەلال کە یەکێك لە شێخەکانی ئەهلی سوننەتە و هەموویان پێکەوە دەچنە خزمەت ئەحمەد پاشای سەرۆکی لەشکری دەولەتی عوسمانی.

لە کاتی تێکشکانی لەشکری دەوڵەتی عوسمانیدا، شێخ دەستی لە هاومەزەبی و دۆستایەتی هەڵگرت و دەستی دزی و تالاّنی بۆ سەر چەك و کەرەسەی جەنگیی لەشکری عوسمانی درێژ کرد و تەقەمەنی و چەکی ئەو لەشکرەی هەڵگرت و رووەو (ناوچیا) کەوتنە رێ، کە شوێنی دامەزرانی خۆی بوو. لەم ماوەیەدا بە هۆی چەکی زۆر و تەقەمەنی و زۆر بوونی جەماوەری کوردەوە دەستدرێژییان بۆ هەموو شوێنەکان دەسپێکرد. خەڵکی رەشۆکیش کە هەروەك ئاژەڵن بۆ خۆ نواندن و رشتنی خوێنی موسوڵمانان، لە دەوری کۆبوونەوە و جارلەگەڵ جار زیاتر بناغەی ناپاکی و زۆردارییان پتەوتر دەکرد و خەیاڵی پیسیان لە مێشکدا دەهێنا و دەبرد.

باسی بەسەرهاتی هەڵاتنی عەبدوولڵاخانی زەرزا لە زیندانی نەوابی والاّ معین الدولە و نێو بژێکەری حاجی رەحیم خانی ورمێ و چوونی بەرەو شێخ عوبەید و (ناوچیا) و فەرمانڕەوایی ئیقبالدەولە.

لە کاتی فەرمانرەوایی نەوابی والاّ معین الدولە، لە ورمێ، لە بەرئەوەی عەبدوڵڵاخان و برایم خانی برای، لە شارۆچکەی شنۆ دەستدرێژییان بۆ سەر خەڵك کردبوو، دەستیان کردبوو بە خراپەکاریی، نەوابی والاّ لەگەڵ جەماوەرێك چووبوو بۆ شنۆ، هەردووکیان دەگرێت و پاش تەمێکردن، دەیانخاتە بەندیخانە. هێندێك ئاکار و رەوشتی نالەبار لە هاورێیانی نەوابی والاّ و کەس و کارەکانیان روویدا و ئەوانیش لە زیندان هەڵاتن. کەچی هەر خودی ئەمانە لەگەڵ شێخ دوژمنایەتیان هەبوو، لە ترسی گیانیان و لە ترسی گرفتار بوونیان، پەنایان بۆ شێخ برد. ئەم کارە پتر بوو بە هۆی رووهەڵماڵراویی شێخ.

مەحەمەل ئاغای رەوەند دانیشتووی (دەشتەبێل)، کە هێندێك لە زەوی و زاری (ئیقبالودەولە)ی بە کرێ گرتبوو، پاش بیستنی ئەم هەواڵە هێندێك پوول و پارە و شتوومەکەی ناوبراوی هەڵگرت و پەنای بۆ شێخ برد. خەسرەوخانی سەرهەنگ کوری ئیقبالودەولە، دەستەیەك سەربازی بۆ گرتنی مەحەمەلئاغا بەرەو دەشتەبێل نارد و شێخیش بۆ پشتیوانیکردن لە مەحەمەل ئاغا، حەسەن بەگی بەردەسوور، لەگەڵ سەد تەفەنگچی بۆ بەرەی شەر دەنێرێ. تا دۆڵی قاسملو، کە سەرەتای خاکی ورمێیە و شوێنیان دەکەوێ و دەگەرێنەوە.

عەبدوڵڵاخان ماوەیەك لای شێخ دەمێنێتەوە و ناو و شۆرەتێك پەیدا دەكا. دەستی بە ناوبژیكردنی نێوان خەڵك و شێخ كرد و چەند نامەیەكی بەملاولادا نووسی و خۆشەویستیی شێخی دەرخواردی خەڵكی دەدا. بۆ نموونە نامەیەكی بۆ حاجی ڕەحیم خانی ورمێ نووسی و بە ناوی شێخەوە بانگهێشتنی كرد بۆ نوچە. ناوبراویش بە كەمێك تەعارفەوە بۆ لای شێخ چوو. پاش گەڕانەوەی لە نوچە، باسی هیچی نەكرد تا حكوومەتی دا بە دەس ئیقبالودەولە. جا لەبەرئەوەی لەگەڵ ناوبراو خزم بوو، چەند شتێكی لە شێخ گێڕایەوە، ئیقبالودەولەش كە خافڵ بوو لەوەی كە (الاقارب كالعقارب) – هەر خزمە لێت دەبێ بە دووپشك – فریوی ئەو بێدینەی خوارد و داوای لە مەحمەڵ ئاغا و عەبدوڵڵاخان كرد لەگەڵ ناوبراو بێن بۆ ورمێ. ئیقبالودەولە لە بری خراپەی ئەوان، بە سەریكردنەوە و میهرەبانیی بەرامبەر نواندن. ئەو قەرزەش كە لە سەر مەحەمەڵ ئاغا بوو، لێی خۆشبوو. پاش وتووێژێكی زۆر، بڕیاریان دا كە عەبدولقادری كوڕی شێخ بێنن بۆ ورمێ و حكوومەتی مەرگەوەڕ و شنۆی پێبدا و پاش دامەزرانی حكوومەت، شێخ بێنێ بۆ مەرگەوەڕ. ئیقبالودەولەش بچێ بۆ ئەوێ، هەردووكیان لە مەرگەوەڕ چاویان بە یەك بكەوێ و بڕیار و بەڵێنی خۆیان بدەن. پاش ڕۆیشتنی عەبدوڵڵاخان، محەمەد ئاغای مامش لەگەڵ ٣٠٠ سوار دێن بۆ ورمێ و وایان بڕیاردا، كە بۆ سبەی‌بەیانی لە باخی عەلی‌بەگ ئاجودان، تەنیا بن و پێكەوە قسە بكەن. سبەی چوو بۆ باغی ناوبراو. محەمەد ئاغا ئەو نامانەی كە شێخ بە تایبەتی بۆ ئەوی نووسیبوون، پیشانی ئیقبالدەولەی دا و عەرزی كرد: ئەگەر بتەوێ من ژێر دەستی شێخ بم و حكوومەتی مەرگەوەڕ و لاجان و شنۆی بدەیتێ، ئەوا دەبێتە كەڵەگا، چونكە ئەگەر هێلكەی قەلەڕەشكە، كە بە سرووشت تاریك و ڕەشە، بیخەیتە ژێر تاووسی باخی بەهەشت، ئەو كاتەی هێلكە پەروەردە دەكرێ و لە باخی بەهەشت گەورە دەبێ، ئەگەر ئاوی لە كانی سەلسەبیل بدەیتێ، ئەگەر جبرائیل فوو بەو هێلكەیەدا بكات، دوایی هێلكەی قشقەرە، هەر دەبێتە قشقەرە و تاووس ڕەنجی بێهوودە دەكێشێ. ئیقبالودەولە ئەم شتەی بە نێوان ناخۆشیی ئەو و عەبدوڵڵاخان لێكدایەوە. ئەم وتووێژە ماوەیەك خایاندی، تا شێخ قادر و عەبدوڵڵاخانی زەرزا، گەیشتنە ورمێ. ئیقبالودەولە بە بێ بیر لێكردنەوە و دەسبەجێ فەرمانڕەوایی شنۆ و مەرگەوەڕی پێدا، كە ئەوەی ڕاستی بێ لە ماڵی هەوشاردایە![1] و بە دەستی خۆی، خۆی خستە نێو چاڵاوی سەر سوورمانەوە و بووە هاندەرێك بۆ داگیركردنی ورمێ و هەوشار. فەرمانڕەوایی لاجان -یش درا بە حاجی ڕەحیم خان. محەمەد ئاغای مامش كە لەوە نائومێد بوو فەرمانڕەوایی ورمێی بدرێتێ، ورمێی بەجێهێشت.

---

[1] زۆر سەیرە! هەوشارەكان لە كوردستاندا بە منەت فەرمانڕەوایی شنۆ و مەرگەوەڕ دەدەن بە كوڕێكی خودی ئەو ناوچەیە و بەو ناوچەیە دەڵێن: ماڵی هەوشار!!

ئیقبالودەولە و شێخ ئەم بارودۆخەیان بە دڵ نەبوو. بە محەمەد ئاغایان ڕاگەیاند ئەگەر سەری ملکەچ کردن شۆڕ نەکاتەوە، ئەوا ئەگەر پەیامێك لە نێوان ئێمەدا هەبێ، پەیامی زمانی شمشێرە. محەمەدئاغاش چونکە نزیك سابلاخ ببۆوە، حاڵوباڵی خۆی بۆ (ئاغا شازادە)[1] باس کرد، تا ڕەنگە بە ڕێگای ناوبراوەوە، ئەم باس و خواسە بە خاکی پێی پیرۆزی حەزرەتی ئەقدەس و والا وەلیعەهد بگات (ڕۆحمان بە فیدای بێ) و چاری دەردی بکات. با ئەوەش بڵێین بە ناچار سەری ملکەچکردنی شۆڕ کرد، تا گیان و ماڵی خۆی بەم شێوە بپارێزێ. ئەم شتە بوو بە هۆی بەهێزبوونی شێخ عوبەید. ئەو کەسانەی هەر بە حاڵ لە فەرمانی دەرچووبایەن، ماڵی وێران دەکردن. کەس لە عەشیرەتە کوردەکان توانای ئەوەی نەبوو لە فەرمانی لابدات. ناوبراویش لە خۆی دڵنیا و بەرزەفڕ بوو، تا ڕووداوەکەی هەمزە ئاغای مەنگەوڕی بەسەردا هات.

بەشی سێهەم

کە لە ساڵی ١٢٩٧ کۆچی، فەرمانڕەوایی سابلاخ بە فرمانی حەزرەتی ئەقدەس باڵای شازادە (ڕۆحمان بە فیدای بێ)[2]درا بە نەوابی لوتفعەلی کوری مۆیدالدولە. هەمزە ئاغا سەرۆکی خێڵی مەنگووڕ بوو. لە بەر خراپە و پیسی کە لە سرووشتیدا بوو، هەمیشە لە کاربەدەستانی دیوانی باڵا دەترسا و لە فرمانەکانی شارۆچکەی سابلاخ هەڵدەهات. لەبەرئەوەش لەگەڵ (مقلی میرزای کوری مەلەك قاسمی میرزا) ناسیاوی و ئاشنایەتی لە مێژینەی هەبوو، شازادەش پیاوێکی جێگەی باوەڕ بوو. دوای ئەوەی بەمەی زانی، فرمانی بە مقلی میرزا کرد کە تۆ هەمزە ئاغا لەلایەن منەوە دڵنیا بکە و بیهێنن بۆ شار و پێی بڵێن بە هیچ جۆرێ لەلایەن حکوومەتەوە ئازاری پێناگا. پاش بڕیاردانی باجی خێڵی مەنگووڕ، ساغ و سەلیم بۆ شوێنی خۆی بگەڕێتەوە.

مقلی میرزا ئەم ئەرکەی قبووڵ کرد و دوای تەقەللایەکی زۆر هەمزە ئاغای ڕازی کرد لە حکوومەت دڵنیا بێ. چونکە هەمزە ئاغا جەزرەبەی زۆری لەلایەن کاربەدەستانی دەولەتەوە لێدرابوو، هات بۆ سابلاخ. لە کاتی گەیشتنیدا، خەڵکی شار بەرەوپیری چوون و پێشوازییان لێکرد و بەرێزەوە بۆ لای ئاغا شازادە بەرەو شوێنی حکوومەتیان برد و میهرەبانی و سۆزی زۆریان دەرهەق کرد. بەڵام عەزیزی فەتاح کە لە ئاغاکانی موکری بوو، ئەویش لەبەر باج نەدان لە زەمانی فەرمانڕەوایی حاجی مەحموودخانەوە هەڵاتبوو، لەگەڵ هەمزاغا هاتن بۆ شار. ئاغا شازادە دەسبەجێ گرتی و لە زیندانی کرد و داوای باجی لێکرد. قادرئاغا ئەم هەواڵەی بە گوێی هەمزە ئاغا گەیاند. هەمزە ئاغا نامەی بۆ ئاغا شازادە نووسی

---

[1] ئاغا شازادە، مەبەست: لوتفعەلی خانی فەرمانڕەوای هەرزە و تۆسنی سابلاخە.

[2] مەبەست (موزەفەرەدین-ی وەلیعەهد)ە، کە لە تەورێز دانیشتووە.

و ناوبژیی بۆ کردن. شازادە لە وەڵامدا گوتبووی من کارم بە عەزیز نەداوە، ئەوەندە نەبێ، دەبێ حەبەی حسێبی خۆی لەگەڵ میرزا تەقی بکا و پاشماوەی باجەکەی بدات، ئەوسا ئیتر ئازادە. ئەو حەرامزادەیە، ئەم وەڵامەی بەدڵ نەبوو، خۆی و دە نەفەر لە نزیکانی بە چەکەوە چوونە بەڕێوەبەرایەتی فەرمانداری و وتی دەبێ عەزیز بەربدەن.

شازادەش کارەکەی بە میرزا تەقی سپارد و وتی: با حسابەکەی خۆی بدات و ئەو بیسپێریتە دەست هەمزە ئاغا. بەڵام بەدزییەوە بە محەمەد بەگی فەراشباشی دەڵێ: دەبێ کارێك بکەی، کە ئەم حەرامزادە بێ چاو و ڕووە، زیندانی بکەیت. فەراشباشی یەکسەر لەگەڵ دووسێ فەراشیتردا دەچن بۆ ماڵی هەمزە ئاغا و زنجیرێکیان پێدەبێ و پێی دەڵێ: بە فرمانی نەوابی والا ئەم زنجیرە ماچ بکەن و لە ملی خۆتانی بکەن. هەمزە ئاغاش لە ترسی ئەوەی دەستگیری نەکەن ئاگای لە خۆیی بووە. نزیك و هاودەستەکانی، بە خەنجەرەوە هەڵدەکوتنە سەر فەرمانبەرەکانی دەوڵەت. لوتفعەلی ناوێکی فەراشباش-یش دەست بۆ قەمەکەی دەبا و تۆزێك هەمزە ئاغا بریندار دەکا. کە فەرمانبەرەکان جوامێریی و بوێریی هەمزاغا دەبینن، لە ترسی گیانیان هەڵدێن. هەمزە ئاغا خۆی دەگەیەنێتە دەرگای قەڵا. پاسەوانەکان ناهێڵن بڕوا. بە خەنجەرێکی خوێنڕێژ یەکێکیان دەکوژێ. لە نێوان پاسەوانەکان و هەمزە ئاغادا ئاگری شەڕ داییسێ. ئەحمەد ئاغای برازای هەمزە ئاغاش بە گوللەیەك دەکوژرێ. لەو دەوروبەرانە کوردان کۆ دەبنەوە و بڕیار دەدەن پیاوی دەوڵەت بکوژن و ڕووتیان بکەن. مەلاکانی ئەو ناوچەیە پاش بیستنی ئەم هەواڵە، خۆیان دەگەیەننە لای هەمزە ئاغا و لەم کارە ناشایستەی پەشیمان دەکەنەوە و پێی دەڵێن ئەم کارە دەبێتە هۆی کوشتن و تاڵانکردنی خەڵکی ناوچەکە. ئەویش ڕازی ببوو. ئەوە لە حاڵێکدا بوو، کە لەوەو پێش لەگەڵ شێخ عوبەید دوژمنایەتی هەبوو، سەری ئیتاعەتی بۆ شۆڕ نەدەکردەوە. دەسبەجێ لە ترسی ماڵ و سامان، دەسی هەڵگرت و ڕووەو نوچە بەڕێکەوت. سەری ئیتاعەتی شۆڕ کردەوە و باسی ڕووداوەکانی خۆی گێڕایەوە. ئەم ڕووداوە بوو بە هۆی زیادبوونی دەسەڵات و نەترسی شێخ.

بەشی چوارەم

کاتێك شێخ عوبەید زانی هەمزە ئاغا چاو لە دەستی ئەوە و هەموو عەشایری ئامادە و ملکەچ بینی، چەند فرمانێکی بۆ ئەملاولا نووسی. چەند پیاوێکی تایبەتی بەرەو عێلی مەنگوور و زەرزا و هەرکی و ڕەوەند و بناری و پیران و زوودی و شکاك و دەشتی و مامش و خەڵکی شارۆچکەی شنۆ و لاجان ومەرگەوەڕ و موکری نارد. لە ماوەیەکی کورتدا لەشکرێکی زۆری لە خێڵ و هۆزەکان کۆکردەوە. شێخ قادری کوری کرد بە جێنشینی خۆی و سوپاسالاریی لەشکری دا بە دەست هەمزە ئاغا و بەرەو ئازەرابایجانی ڕەوانە کرد. لەبەرئەوەش هەمزە ئاغا دڵی لە فەرمانڕەوایی شارۆچکەی سابلاخ ڕەنجابوو، بۆیە لە

سەرەتادا لەشکری بەرەو سابالاخ تاودا. پاش بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە، ئاغا شازادەی حاکمی سابلاخ چۆنیتی بارودۆخەکەی بۆ دەسەڵاتدارانی ئازەربایجان راگەیاند و داوای لەشکر و یارمەتی کرد. بەڵام بەرپرسانی ئەو ناوچەیە پێیان وا نەبوو شۆڕشی کوردان بگاتە ئەو ئاستە. فەرمانیان دا محەمەد سادق خانی ئاجودانباشی و محەمەد حسەین خانی بەختیاری، لەگەڵ ٣٠ سوار و رەحیم خانی سەرکردەی چەلبیانی، لەگەڵ ١٠٠ سوار بەرەو سابلاخ بچن._ئاگاداری ئەوە نەبوون، کە لەشکری کوردان چەندێکن و خراپەیان تا چ ئەندازەیەکە. کاتێك شێخ قادر و هەمزە ئاغا لە نوچەوە بەرێکەوتن لە سەرەتادا بۆ هاتنی لەشکر و دابین کردنی کەل و پەلی پێویستی رێگە هاتنە ناو شارۆچکەی شنۆ. ٣ رۆژ لەوێ مانەوە. بەر لەوەی شێخ بێت بۆ شارۆچکەی شنۆ، محەمەد ئاغای مامش سولەیمان ئاغای برازای نارد بۆ نەهری، تا هەر کاتێ شێخ عوبەید پشتیوانی لە هەمزە ئاغا بکا، هەواڵەکەی بنێرێ. ئەویش دەسبەجێ هەواڵی نارد کە شێخ نامەی بۆ دەوروبەر نووسیوە و خەریکی کۆ کردنەوەی لەشکرە. محەمەد ئاغا دەسبەجێ خۆی گەیاندە سندووس و باسەکەی بۆ جەلال خانی حاکمی قەرەپەپاغ گێڕایەوە و تێیگەیاند و برایم ئاغای لەگەڵ جەلالخان بەرەو سابلاخ نارد. ئەوانیش دوای گەیشتنیان، باسەکەیان سەرلەبەر گێڕایەوە[1]. ئاغا شازادە وەڵامی دانەوە: ئێوە برۆن بە کۆکردنەوەی لەشکرەوە خەریك بن، منیش لەگەڵ جەماوەری موکری لە دواوە دێم... دیسان لە مەرگەوەڕەوە هەواڵی هاتنی شێخ قادریان هێنابوو. محەمەد ئاغا لەگەڵ بیوك خانی کوری ئەسکەندەرخان بە پەلە بەرەو سابلاخ رۆیشتن و باسی رووداوەکانیان کرد، ئاغا شازادە، ئاغایانی موکری بانگ کرد و داوای یارمەتی لێکردن تا بچن بۆ شنۆ. بەڵام هەرکام قسەیەکیان کرد و بیانوویەکیان هێنایەوە. ناچار سەلیمخانی چاردۆلی خۆی ئامادە کرد. محەمەد سادق خان و رەحیم خانی چەلبیانی-ش ئامادەییان دەربری و لەگەڵ محەمەدئاغا و بیوك خاندا نێردران. ئەمانە لەگەڵ چەند کەسێکی کەمی مامش و قەرە پاپاغ و... هتد. تا دۆڵی سندووس چوون و سێ رۆژ لەوێ مانەوە.

هەر کە شێخ هاتە شنۆ و دەستەیەکی یارمەتیدەری دی، لەلایەن سابلاخەوە هاتن، دەترسان. لەم ماوەیەدا هەواڵ گەیشت، کە شێخ قسەی راست کردۆتەوە، سەرەتا تایفەی قەرەپەپاغ بکوژن و تالان بکەن. ئەمانە هەر کە ئەم هەواڵەیان بیست ترسان و محەمەد ئاغای مامشیان نارد بۆ شنۆ و خۆیان بەرەو سندووس رۆیشتن. سەلیم خان زۆر هەوڵیدا رایانگرێ، گوێیان نەدایە. ئەویش بە ناچار بە تەنیایی گەرایەوە بۆ سابلاخ. بەڵام شێخ لە شارۆچکەی شنۆوە بەرەو سندووس بەرێکەوت. خەڵکی سندووس و قەرەپەپاغ کە بریتین لە جەلال خانی حاکم و بیوکخان نایبی ئاجودان و حەسەنعەلی خانی سەرهەنگ و خان کیش خان و ئیبراهیم ئاغا و عەباس ئاغا لە هەواڵی هاتنی شێخ ترسان. هەرچی لێکیان دایەوە

---

[1] واتە: باسەکەیان بۆ ئاغاشازادەی حاکمی سابلاخ گێڕاوەتەوە.

دەرەقەتی شەری شێخ نایەن. ئەوسا هەموویان بە سوار و پیادە، چوونە پێشوازی شێخ و بەم شێوەیە گیان و ماڵی خۆیان پاراست. سەد خەروار گەنم و پەنجا خەروار جۆیان بە ناوی سیورسات[1] دا بە لەشکری شێخ. ئەویش بریاریدا کەس هەقی نییە ئازاری خەڵکی دێهاتی سندووس بدات. لەوێوە بەرەو سابلاخ کەوتنە رێ. قەرەپەپاغەکان تکایان کرد چونکێ سوارەکانیان مەئموورێ.... دەبێ بببوورن لەوەی کە ئێمە بۆ سابلاخ نایەین.

شێخ قادر مۆڵەتی دان و بریار درا سیورسات بۆ لەشکر دابین بکەن و بینێرن. شازادەش کە هەواڵی هاتنی شێخ قادری بیستبوو بۆ سندووس و پێشوازیی خەڵکی سندووسیشی بیستبوو، لەولاشەوە خەڵکی سابلاخ و خێڵەکانی موکریشی لەگەڵ شێخ هاودڵ دی، لە هەڵاتن زیاتر، هیچی‌تری شك نەبرد. بە ناچاری لە سابلاخەوە لەگەڵ محەمەد سادق‌خان و محەمەد حسەین‌خان و رەحیم خان بەرەو میاندواو هەڵاتن. شەو لە میاندواو مانەوە و بەیانی بەرەو مەراغە چوون.

لەولاوە شێخ قادر و هەمزە ئاغا لەگەڵ هۆزی مەنگوور و عەبدوڵڵاخان و ئیبراهیم خانی زەرزا و عەلی ئاغا لەگەڵ هۆزی هەرکی، محەمەد ئاغا لەگەڵ عێلی رەوەند، شێخ جیهانگیر لەگەڵ خێڵی بناری، مامەند ئاغای پیران، قەرەنی ئاغا لەگەڵ عێلی زوودی، قاسم ئاغای کوری علی خان لەگەڵ سواری شکاك. دەروێش ئاغای نەعمان ئاغای هەرکی، عەبدال بەگ لەگەڵ هۆزی دەشتی، قۆیتاس ئاغا لەگەڵ خەڵکی سومای برادۆست، محەمەد ئاغای مستکانی، کوێخا مولهیم لەگەڵ خەڵکی مەرگەوەر، عوسمان ئاغای گەورك، محەمەد ئاغا لەگەڵ عێلی مامش هاتنە سابلاخ. خەڵکی شار و ئاغاکانی موکری و مەلاکانی ئەهلی سوننەت پێشوازییان لێکردن. سێ رۆژ لەو شارۆچکەیەدا مانەوە. خان باباخانی کوری مەجید خانیان کردە حاکمی سابلاخ و بەرەو میاندواو کەوتنە رێ. ئەو کەسانەی چ خەڵکی شار و چ ئاغایانی موکری کە لە هاورێی شێخیان کرد و بەرەو میاندواو لەگەڵی چوون، بریتین لە: میرزا عەبدولوەهابی قازی، میرزا قادری قازی، میرزا قاسمی قازی، شێخ جەسیم ئیمام جومعە، شیخ الاسلام بایزئاغای نەقیب، مامۆستا رەسوول ئاغا، ئیسماعیل ئاغا، عەزیز ئاغا، رەحمان ئاغا، محەمەد ئاغا، برایم ئاغا، رەئیس ئاغا، گوڵاوی ئاغا، براکانی ئیبراهیم ئاغا، رەزا قولی میرزا، کوری مەلەکولقاسمی میرزا، عەبدوڵڵائاغای کوری مەحموودئاغا، خەلیل ئاغا، کورەکانی محەمەد کەریم بەگ، فەتحوڵڵاخان کوری موزەففەرولدەولە، کورەکانی‌تری مەجیدخان، ئەمین ئاغا کوری قادر ئاغا، سەلیم بەگ و کورەکانی فەیزوڵڵا بەگ، عەزیزی فەتاح، حەسەن ئاغا، سەلیم بەگ و کورە بەناوبانگەکانی ئاغا و خولەفاو شێخەکانی‌تری ئەهلی سوننەت لە شارەوە بەرەو گوندی حاجی حەسەن،

---

[1] پێویستی لەشکر و باربەر

که یەك قۆناغەرێ لە میاندواو دوورە، چوون و لەو گوندە (٥٠) هەزار کەس سوار و پیادە دابەزین.

بەشی پێنجەم

باسی هاتنی عەلی‌خانی حاکمی مەراغە، بۆ یارمەتیدانی خەڵکی میاندواو و کوشتن و تالانکردنی میاندواو.

پاش بلاو بوونەوەی هەواڵی هاتنی شێخ بۆ شارۆچکەی سابلاخ و هاوکاریکردنی خەلکی ئەوی و خەیالی هاتنی بەرەو میاندواو، عەلی‌خانی حاکمی مەراغە لەگەڵ محەمەد سادق خانی سەرکردەی سواری بەرەی پێشەوە و محەمەد حسەینخانی بەختیاری و محەمەد سادق خانی ئاجودانباشی (ئەفسەر)ی حەزرەتی وەلیعەهد و حاجی رەزا قولیخانی ئیسفەهانی و رەحیم خانی سەرکردەی سواری چەلبیانی بە گالیسکەیەك لە مەراغەوە بەرێ کەوتن، لە نێو رێ لەگەڵ سەلیم‌خانی چاردوڵی[1] یەکدەگرنەوە و پێکەوە بەرەو میاندواو دێن. سێ سەعاتی رۆژ دەمێنێ، دەگەنە شار. تۆپ دەبەنە دەرەوەی شار و بەرامبەر دوژمن لە باستیان دایدەنێن. خانووەکەی ئەحمەد خان دەکەنە بارەگا، کە ئیدارەی دەوڵەتە.

شەو هەتا بەرەبەیان تەگبیری کاری ئەو بێ تەگبیرانە دەکەن. دووسەد کەس لە دەستەی سوارەی بلباس بە فرمانی شێخ قادر و بە سەرکردایەتی نوری بەگی[2] خاڵی ناوبراو، هێرش دەکەنە سەر میاندواو. لەولاوە عەلی خان لەگەڵ هاورێیانی‌تری وەك شێری شەرزە دەستیان کردەوە. ئەو شێرانی شەرە توورە بوون. سەرلەبەری ئەندامەکانی لەشی دوژمنانیان تێکشکاند. لە نێوان سوارەکاندا لەبەر شەر و بگرە و بەردە، گوللەیەکی زۆر تەقیندرا، لە ئاکامدا خاڵی شێخ قادر، گوللەیەکی سەلیم‌خانی بەرکەوت و بەرە و جەهەننەم شۆر بۆوە و سوارەی بلباس تێك شکان و رایانکرد. کاتێك شێخ قادر هەواڵی تێشکانی سوارەی بلباس و کوژرانی خاڵی خۆی بیست، وەك بەرازی پێکراو و ماری بریندار خولی دەخوارد، فرمانی کوشتن و تالانکردنی میاندواوی بەو لەشکرە زۆرەی دا. یەکەم کەس کە بۆ ئەم کارە ناخێرە راست بۆوە، جەلیل ئاغای حەرامزادە بوو. کەچی هەر ئەم جەلیل ئاغایە زۆری چاکە و نیعمەت لە دەست حەزرەتی ئەقدەسی والا وەلیعەهد دیتبوو. چاوی لە نان و نمەکی پۆشی و بە ١٠٠ سوار و ٣٠٠ پیادە بەرەو میاندواو هاتن. کوردەکانی‌تر بە هەمزە ئاغا و ئەوانیترەوە و هەموویان دوا بە دوای ئەوان بەرەو میاندواو کەوتنە رێ. عەلی‌خان و ئەوانی‌تر نەیانتوانی شەر بکەن و جگە لە هەلاتن چارەیەکی‌تریان

---

[1] لە ناو خەڵکا بە چەرداوەڕوو ناسراون

[2] راستییەکەی (میر بەگ)ە.

نەما. بە ناچار تۆپیان بەجێهێشت و رایانکرد. خەڵکی شارەکە هەرکەس توانایەکی هەبوو هەڵات، ئەوانیتر کەوتنە چنگی دوژمنان.

شیعر: لەبەر ئەو خەڵکە بێئەدەبە، رۆژی خەڵکی میاندواو وەك شەوی لێهات.

لەبەر گوللە ئەوەندە سنگ و بەرۆك بریندار بوو، دایك لە بیری منداڵی خۆیدا نەبوو. ئەوەندە کوژراو لێرە و لەوێ کەوتبوو. باوك سۆزی بۆ کور نەمابوو. لە هەموو لایەکەوە خوێن ئەوەندە رژابوو. چاوی خۆر خوێنی تێزا بوو. لە ئاژاوەی ئەو قەومە بێدادگەرە، کەس خۆی نەدەناسیەوە. یەکێك خەنجەری ئاورەنگی بە دەستەوە بوو، یەکێك دەموچاوی بە خوێن شتبوو. ژنان هاوار و واوەیلایان دەکرد. لە هەر سووچێکەوە هاوارێك هەڵدەستا. (رووداوەکە بە جۆرێك بوو) چاوی جیهان بۆ حاڵی ئەو بێچارانە دەگریا و مەریخی خوێنمژ، لە بێبەزەیی ئەو بێبەزەییانە، پەرێشان حاڵ دەبوو. رۆژگارێك بوو، کە لە پشت پەردەی عیسمەتیانەوە، بای سەبا بە حاڵە حاڵ هاتو و چۆی دەکرد. کەچی لەوێ لەچکی عیسمەتیان لە سەریان دەفراند و کیژە ناسکۆڵەکانیان کە لە لانکەی نازدا گەورە ببوون، بەدیل دەگرتن. ئالآی زوڵمیان بە جۆرێك هەڵکرد و ئاگری زۆریان داییساند، کە مناڵی شیرەخۆرە و کەم تەمەنیان لەگەڵ پیری لەپێکەوتوو، بە ئاگری زوڵم دەسووتاند. زوڵم لەوێ ئەوەندە ئالآی هەڵکرد، کە قەڵەم بۆ نووسینی دۆش داماوە.

بەڵێ دوای سێ رۆژ و شەو، کە بەردەوام خەریکی کوشتن و تالآنکردن بوون و یەك کەس لە خەڵکی شاری میاندواو چیتر لەو شارە نەما، ئیتر یان هەڵاتن، یان کوژران، یا بەدیل گیران.

شێخ قادری حەرامزادە، نامەیەکی بۆ باوکی نووسی، کە لە سایەی سەری بنەماڵەی تەها و بەختی حەزرەتی شێخ، لەو رۆژەوەی لە (ناوچیا)وە کەوتووینە رێ، تا ئێستا رووممان لە هەر کوێیەك کردبێ، کەس لە فەرمانمان دەرنەچووە، جگە لە خەڵکی میاندواو، کە پێی بێئەدەبییان کەمێك درێژ کرد و سەرپێچی ئێمەیان کرد. بۆیە بوون و نەبوونیمان وەك خۆڵ بە با کرد و ماڵمان لێ وێران کردن. هەمزاغا و سەرکردەکانیتریش هەر وایان نووسی و بە پەلە بۆ شێخیان نارد.

بەشی شەشەم

بەڵام پاش کوشتاری میاندواو، هەمزە ئاغا و هەندێك لە سەرۆکەکانی موکری و عەشیرەتەکان، لەبەر تاوان و خەیانەتی خۆیان لە غەزەب و تووڕەیی حەزرەت ظل‌اللهی رۆحی عالەم بە فیدای بێ، ترسان و وایان لێکدایەوە، کە ئەم شەڕ و خراپەکارییە، ناشاردرێتەوە و کەس ئەرکی ئەم نەترسییە بە ئەستۆ ناگرێ. کە وایە وا باشترە خێڵی قەرەپەپاغیش بە هاوبەشی خۆیان دابنێن، کە بۆ هەوێنی ئەم خراپەکارییە، هەرچی زۆرتر بێ باشترە کە: شتی لاواز، بە شتی بە هێز تیا دەچێ، هەر بۆیە هەموو پێکەوە چوون بۆ

بارەگاکەی شێخ و وتیان کە خێڵی قەرەپەپاغ دڵیان لەگەڵ دڵی شێخ نییە و لەم شتە دەترسێن ئەوەك ببنە هۆی بڵاو بوونەوەی لەشکر و سەربازەکان. کە وایە وا باشترە جەماوەریان بانگ بکەینە ئێرە، تا خەیاڵی سەرپێچی نەکەن. شێخ قادر بڕوای ئەوانی بە دڵ بوو، فرمانی بۆ جەلال خان و حەسەنعەلیخانی سەرهەنگ و بیوك خان نووسی، کە سەرکردەکانی دەبێ بە سواریی بێن و تێکەڵ لەشکری ئێمە ببن. ئەگەر درەنگ بکەن بە دڵنیاییەوە دەبنە نێچیری گوللەی ئێمە.

لە کاتی گەیشتنی نامەی شێخ قادردا، لەلایەن ئیقبالدەولەوە هەواڵ گەیشت کە لەشکری (خۆی) لەگەڵ شەجیععەلی خان گەیشتنە ورمێ و لەشکری هەوشاریش ئامادەیە. مەترسن بەیانی دەگەینێ. جەلالخان دەسبەجێ ئەم هەواڵەی بە وردی بە گوێی محەمەد ئاغای مامش گەیاند. ناوبراویش هەر کە ئەم هەواڵەی بیست، بە بیانوویەك لە شێخ قادر مۆڵەتی وەرگرت و بەرەو سندووس بەرێکەوت. بەڵام لەشکری کورد بۆ گەیاندنی تالانییەکانیان بۆ ماڵی خۆیان، لە شێخ جیا بوونەوە، شێخیش بۆ سابلاخ گەرایەوە. بەڵام چونکە ئەو رێوی سیفەتانە لە کوشتنی خەڵکی بێچارە و بێوەژنان دەمەچێشتە ببوون و شتێکیشیان چنگ خستبوو، دیسان لە دەوری شێخ کۆ ببوونەوە و بە تەمای سندووس بوون. خەڵکی سندووسیش لە نەگەیشتنی یارمەتی و بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە، زۆر ترسان و جەلال خانیان بە ١٥٠ سوارەوە بەرەو سابلاخ نارد. محەمەد ئاغاش بە ناچاری چاوی لەو کرد. لەوێوە شێخ بە (٥٠) هەزار کەسەوە بەرەو مەراغە و بناو بەرێکەوت، بەڵام هێشتا شێخ لە سابلاخ دەرنەچووبوو، کە هۆزی پیران بەرەو قەڵای لاجان چوون. ١٠٠ سەرباز و.تۆپچی ساخلو ئەوێیان گرت و تۆپەکانیان شکاند و خستیاننە چاڵاوەوە و سەربازەکانیان بۆ لای شێخ هێنا. دیسان محەمەد ئاغای مامش لەبەر نان و نمەك کردنی دەولەت و دۆستایەتی لەگەڵ هەوشار، لەلایەن شێخەوە بەخشران و خوێنی نەڕشتن و مەرەخەسی کردن. ئەوانیش بەرەو ورمێ دەڕۆیشتن و تفەنگ و شت و مەکەکانیان برد.

بەشی حەوتەم

باسی چیرۆکی ئاگادار بوونی بەرپرسانی حەزرەتی ئەقدەس ئەسعەد ئەرفەع... لە خراپەکاری کوردان و ناردنی لەشکری سەرکەوتوو لە تەوریزەوە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەوان و هەواڵناردن بۆ دارالخلافەی تاران و بە رێکەوتنی لەشکری عێراقی بە سەرکردایەتی نەواب ئەشرەف والا حشمتالدولە.

دوای ئاگادار بوونی بەرپرسانی حەزرەتی اقدس ارفع والاوەلیعەهد (رۆحمان بە فیدای بێ) لە چوونی شێخ بۆ شارۆچکەی سابلاخ و هاوکاریکردنی لەلایەن خێڵەکانی قەرەپەپاغ و موکری و هەلاتنی نەواب والا (ئاغا شازادە)، وایان بە باش زانی کە پیاوێکی ئاقڵ و کامڵ و باش بکاتە حاکمی ئەوێ، بەڵکو بە دڵخۆشییدانەوە، عەشیرەت و هۆزەکان دڵنیا بکات و لە

خەیاڵی خراپە دووریان بکاتەوە و کار نەگاتە ئاستی شەڕ و کوشتن. لەبەرئەوەش سەدردەولە کە بە پلەی ئیشك ئاقاسیباشیگری حەزرەتی والا شانازی پیبراوە و لە هونەری سەرکردایەتی و بەڕێوە بردندا دەستی هەبوو، رایانسپارد و لەگەڵ سوارەی کۆمەڵێکی تەهماسبقولی خان یوز باشی، رەوانە کران. بەلام پاش بیستنی چۆنیتی بارودۆخی میاندواو و خەڵکی مەراغە و بناو ترسان و نامەیان بۆ خاکی بەرپێی حەزرەتی والا نووسی و باسی رووداوەکەیان بۆ کرد و یارمەتییان خواست. بە دەستووری حەزرەتی والا رۆحمان بە فیدای بێ، مقرب الخاقان ئاغاخانی سەرتیپی هەوشار و لوتفعەلی خانی سەرهەنگ بە (٤٠٠) سەربازەوە لە فەوجی چوارەم و فەوجێکی ئەمیرییە بە چوار گالیسکە تۆپەوە رۆژی هەینی ٢٥ مانگی شوال المكرم(١/١٠/١٨٨٠) لە تەوریزەوە بەرێکەوتن. بۆ سبەینی شەممە ٢٦ (٢/١٠/١٨٨٠)، محەمەد خانی سەرهەنگ موهەندیس لە بەرەی موهەندیسیەوە ناردوویانە لە نزیك بارەگای خانەقا، کە لە پەنا شاهی دایە، ئاغاخانی سەرتیپ لەگەڵ حاجی سەدردەولە یەکدەگرنەوە و پێکەوە دەچنە بناو و لە دەوروبەری شارەکە سەنگەر دادەنێن و لە هەر دۆڵێکدا تۆپ و سەرباز نیشتەجێ دەکەن و خەریکی پاسەوانیی دەبن.

پاش گەیشتنی ئەم هەواڵە بە دارالخلافەی تاران لە دەرباری همایون ئەعلاحەزرەت قدرقدرت شهریاری (رۆحی من و رۆحی تەواوی جیهانی بە قوربان بێ)، بریار درا کە میری میرانی گەورە: مستەفا قولیخانی ئیعتیمادسەڵتەنە - سەرۆکی لەشکری ئازەربایجان وەك سەرکردایەتی گشت لەشکر بەرێبکەوێ. ناوبراویش لەگەڵ فەوجی بەهادۆران بە یاوەری سەیید محەمەدخان و فەوجی دوهەمی تایبەت بە سەرهەنگ عەلیخانی کوڕی حاجی حسام الدوله و سێ دەزگا تۆپ و جبەخانە هاتنە ناو بناو. شەو لەوێ مانەوە. بۆ بەیانی محەمەد خانی سەرهەنگ موهەندیسی بۆ دەرەوەی شار نارد، تا شوێنی هۆردوو دەسنیشان بکات. ناوبراو دوای دەسنیشانکردنی شوێنەکە رایگەیاند فەوجەکان و تۆپخانە بەرەو دەرەوەی شار بەرێخەن. ئیعتیمادسەڵتەنە بارەگای خۆی لە ناوەندی هۆردوو دامەزراند، کە رووبەرووی رێگای هاتنی کوردان و رووی لە مەیدانی شەڕ بوو. پشتەوەی لەشکرەکەی بە مقرب‌الخاقان ئاغاخانی سەرتیپ سپارد. سەرکردایەتی لەشکرەکانی بناو بریتین لە: میریمیراني گەورە ئیعتیمادسەڵتەنە، حاجی سەدردەولە، مقرب‌الخاقان ئاقاخان سەرتیپ لەگەڵ ٤٠٠ سەربازی فەوجی چوارەمی تەوریز، حاجی عەلی خانی سەرهەنگ لەگەڵ فەوجی دووهەم بە تایبەت سەیید محەمەدخان یاریدەری فەوجی بەهادۆران، لوتفعەلی خانی سەرهەنگ لەگەڵ دەستەی ئەمیریە، بیوکخانی سەرهەنگی مەراغە، محەمەد خانی سەرهەنگ موهەندیس. لەشکری سوارەش بریتین لە: محەمەد حسەین خانی بەختیاری بە ٤٠ کەسەوە، ئیبراهیم ئاغا قەراجە داغی بە ٢٠ کەس، هەموو سەنگەرەکانیان دابەست و چەندین مەتەریزیان درووستکرد و تۆپ و تۆپخانەیان لە جێگای خۆی دانا و ئامادەی شەڕ و چاوەنواری گەیشتنی دوژمنیان کرد. پاش گەیشتنی هەواڵی دەرکەوتنی شێخ عوبەید بە

دارالخلافەی تاران لەلایەن دەرباری موعدەلەت مەداری **حضرت ظل‌اللهی** (روحی من و رۆحی جیهانی بە فیدا بێ)، فرمان درا کە حەزرەتی اشرف ارفع امجد والاّ- کامەران میرزای نایب‌السلطنە ئەمیری گەورە، لەشکرێکی خوێنڕێژ بەرەو ئازەربایجان بنێرێ، تا بوون و مانی خراپەکاران بە بای فەنادا بدات. بۆیە نەواب اشرف امجد والاّ هەمزە میرزای حشمت الدولە - ی کردە سەرداری لەشکر. دوو فەوجی ئازەربایجانی، کە بە محەمەدقولیخان حسام الدولە سپێدرابوون، لە دار الخلافەوە بەرێکەوتن. نەوابی والاّ بۆ دابینکردنی کەل و پەلی پێویست (٣) رۆژ لە مەیدانی ئەسپ سواریدا، بە تۆپخانە و فەوجی شاسەر و ژریمانی یەکەم مانەوە رۆژی هەینی، ٩ی مانگی زیقەعیدە(١٥/١٠/١٨٨٠)، لە ئەسپ سوارییەوە قۆناغیان بردە گوندی (کەن)، کە یەکێك لە گوندەکانی دارالخلافەیە.

بۆ بەیانی بەوپەڕی ڕێك و پێکی لە گوندی ناوبراوەوە بە ڕێکەوتن. بەلاّم دەستەگەلی ئازەربایجانی، کە بەر لە نەوابی والاّ بەرێکەوتبوون، بۆئەوەی هۆردوو بگاتێ، لە گوندی کەرەج راوەستان. بۆیە قۆناغی ئەو رۆژەیان لە گوندی کەرەج بوو. لەوێوە کە فەوجەکان یەکیان گرتەوە، ئیتر لە نێو ڕێ ڕانەوەستان و شتێکی تازە رووی نەدا. رۆژی چواردەی زیقەعیدە(٢٠/١٠/١٨٨٠) گەیشتنە قەزوین.

دەستەگەل و سوارە و خەڵکی قەزوین لەگەڵ نصرالملك کە فرمانێ پێکرابوو لەشکر و سەرباز کۆ بکاتەوە، بەرەو پیریان هاتن. نەوابێ والاّ، بەوپەڕێ سەربەخۆییەوە هەزار (جریب)[1]ێ کرد بە شوێنێ ئۆردوو.

رۆژێکیان بۆ کۆ کردنەوەێ سەربازێ قەزوین وحەسانەوەێ لەشکرێ پیادە تەرخان کرد. رۆژی شازدەهەم(٢٢/١٠/١٨٨٠) فرمان بە رێکەوتنی هۆردوو دەرکرا. جەماوەری هۆردوو دەستە دەستە وەك شەپۆلی زەریا بەرێکەوتن، جگە لە رۆژێك نەبێ کە لە قوتی‌ئاوا بۆ حەسانەوەی سەرباز راوەستان، شتێکی تازە رووی نەدا.

رۆژی ٢٤(٣٠/١٠/١٨٨٠) گەیشتنە شارۆچکەی بیجار، کە حاکمنشینی ویلایەتی گەرووسە و لە پەنا ئەم شارۆچکەیەدا باروبنەیان خست. حیسامولمولك کە لە دارالخلافەی بیجارییەکان بۆ بەرێخستنی ٤ فەوجی هەمەدان، ٤ رۆژ پێشتر لە بەرێکەوتنی نەوابی والاّ بەرێکەوتبوون. ناوبراویش عەلی ئەکبەر خانی سەرهەنگ، فەوجی مەنسووری بۆ ناردنی چادر و جل و بەرگ و کەل و پەلی پێویستی‌تر، لە دارالخلافە دامەزراند و خۆی بۆ هەواڵ ناردن دەچێ. لە هەموو جێگەیەك یاڵی ئەسپیان کردە سەرین و زینیان کردە جێگا خەو و چادریان کردە ئاسمانی سەر سەریان.

[1] جریب: بەرامبەر بە (١٠٠٠٠) مەتر چوارگۆشەیە.

هەشت رۆژ پاش گەیشتن بە هەمەدان، فەوجی شەشەم و مەنسوور و هەوالنێران و (۱۰۰) سواری‌تر، کە خۆیان داوای هاتنیان کردبوو، لە گوندی (قەهرومین)ی مەحالی هەمەدان، کە لە یەك قۆناغە رێی بیجاردایە، حازر بوون. عەلی ئەکبەر خانی سەرهەنگیش بە خۆی و هەندێك کەل و پەلی‌تر، هەر لەو گوندە تێکەڵ بە فەوجەکان بوو. حیسامولمولك ئیتر چاوەڕێی گەیشتنی کەل و پەلی‌تری نەما و دەستبەجێ بەرەو شوێنی دیاریکراو بەرێکەوت. دوو رۆژ بەرلە هاتنی نەواب اشرف والا حشمت‌الدوله هات بۆ بیجار. بارودۆخەکان بە تەلەگراف عەرزی حەزرەتی اقدس ارفع والا، نایب‌السلطنه ئەمیری گەورە گەیاندبوو.

دەقی وەڵامی تەلەگرافی حەزرەتی ئەشرەفی والا رۆحمان بە فیدای بێ:

مقرب‌الخاقان حسام‌الملك، تەلەگرافی ئێوە گەیشت. حەزرەتی پادشا چاوی موبارەکیان پێی کەوت. ئەم خزمەتەی ئێوە و گەیشتنی فەوجی شەشەم و مەنسوور و هەوالنێران و سەد سوار بەر لە گەیشتنی ئۆردووی گەورەی اکرم کامکار حشمت‌الدوله، بە بیجار، زۆر بە دڵی حەزرەتی پادشا بووە، فەرموویان تەلەگرافتان بۆ بەرێ بکەم، کە سەد هەزار جار بژی بۆ ئێوە. لەبەر ئەم خزمەتە سەرنجی زۆریان پێدەدرێ و خزمەتی ئێوە لەبەر چاوی موبارەکیان ون و بێ‌پاداشت نابێ، هەرچەندە بڵێین گەورەییان فەرموو. بۆ اکرم کامکار حشمت‌الدولەش، بە جیا تەلەگراف کراوە، کە بە پێی فرمان، خۆراك و پێویستی ئەسپ و بارەبەر، ۱۰۰ سوار بە پێی نرخی رۆژ بدەن و لەلایەن ئێمەشەوە لە سەربازانی فەوجی هەمەدان بپرسن.

نایب‌السلطنه امیرکبیر

لە وەڵامەکەیدا لەگەڵ لوتفی پادشایەتی فرمانیان دا راوەستن، تا ئۆردووی حشمت‌الدوله دەگا. لە کاتی هاتنی نەوابی والادا، هەر سێ فەوج و سوارە، لەگەڵ حیسام‌الملك و فەرماندەکانی‌تردا، بۆ پێشوازی رەسمیی، لە هۆردوو هاتنە دەرێ و تەشریفاتیان بەجێ هێنا. سێ رۆژ لە شارۆچکەی بیجار مانەوە. لە بیجار نەواب ئەشرەف والا تووشی نەخۆشییەك هاتن، کە لە دواتر بە درێژی باسی دەکەین.

بەشی هەشتەم

چیرۆکی پەناهێنانی گولاوی ئاغای کوری مارف ئاغا، بە ئۆردووی سەرکەوتووی ئیعتیمادسەڵتەنە

کاتێ ئیعتیمادسەڵتەنە گەیشتنە بناو. دوای تەواوبوونی کاروباری سەنگەر و مەتەرێز، چاوەڕێی لەشکری شێخ ما. عەبدوڵلابەگ کە کورد بوو، ماوەیەك لای ئیعتیمادسەڵتەنە خەریکی خزمەتکردن بوو، بەرەو میاندواو بەرێ کرا و چەند نامەیەکی بۆ سەرۆکەکانی موکری و قەرەپاپاغ نووسی، کە لە توورەیی حەزرەتی ظل‌اللهی بترسن و بە هۆی فریو و

ڕێوی گەریی شێخ خۆتان مەکەنە نێچیری شێر و شمشێر. هەڵبەت هەرکەس لەبەر زەلیلی پەنامان بۆ بێنێ بەخششی پادشایانە دەیخاتە ژێر سێبەری خۆی. چونکە لێبووردنی ئەم دەرگایە، پتر لە تاوانەکەیەتی.

پاش گەیشتنی عەبدوڵلابەگ و گەیاندنی نامەکان بۆ خەڵکی موکری و قەرەپەپاغ، ئیسماعیل ئاغا کە یەکێك لە سەرۆکەکانی قەرەپەپاغە، گوێڕایەڵی کرد و لەگەڵ چەند خزم و کەسێکی خۆیدا هاتن بۆ بناو. ئیعتیمادسەڵتەنەش میهر و سۆزی بەرامبەر نواندن و خەڵاتی باشیشی کردن و پاشان ئەمری کرد بگەڕێنەوە تا بەڵکو ئەوانی‌تریش بە میهر و خۆشەویستی ئەوان هیوادار بکەن و لەگەڵ خۆیان بیانهێنن. هەتا بەیانی چوارشەممە، چواردەهەمی مانگی زیقەعیدەالحرام(٢٠/١٠/١٨٨٠) سوارێکی کورد هات و وتی کە گوڵاویئاغای موکری لە تووڕەیی و غەزەبی حەزرەتی ظل‌اللهی ترساوە و گیانبازی کردوتە پیشەی خۆی، ئەوە ئێستا پەنای بۆ لەشکری سەرکەوتوو هێناوە و داوای لێبووردن لە دەرباری عەداڵەت مەداری حەزرەتی همایونی ئەعلایە و چاوەنواڕی دڵنیایی لەم لەشکرە هەیە.

ئیعتیمادسەڵتەنە دوای بیستنی ئەم هەواڵە، ئەمری بە حاجی‌قولیخانی ئیسفەهانی کرد تا لە بارەگای هۆردوو بێتەدەرێ و لە لێبووردنی دڵنیای بکات و بۆ ئۆردووی بەشکۆیان بانگهێشتن بکات. حاجی ڕەزا قولی خانیش دەستبەجێ چوو، لە دابین‌کردن و لێبووردنی دەوڵەت دڵنیای کردن.

کاتێ گوڵاوی ئاغا تەواو دڵنیا بوو، لەگەڵ ناوبراو هاتن بۆ ئۆردوو، دەڵێ ئەوە شێخ قادر و هەمزە ئاغا بە جەماوەرێکی زۆرەوە لە عەشیرەت و تایفەکان دەگەنێ، ئەوەندە زۆرن کە ژمارەی سەربازەکانی لە ئەژمار نایەن. ئەگەر بیانژمێریت، لە هەرچی بیر بکەنەوە زیاترن. ئیعتیمادسەڵتەنە و سەرۆکەکانی‌تر، پاش بیستنی ئەم هەواڵە هەرکام لە سەنگەری خۆیاندا دامەزران و ئامادەی شەڕ بوون.

شیعر: هەموو چاکی مەردایەتیان بە لادا کرد. هەموو کەلوپەلی شەڕیان ساز کرد. کە لە ناکاو لە داوێنی بەربلاوی دەشتەوە، کێوێکی تا بڵێی قورس و قایم دەرکەوت. وەك ئەستێرە درەوشاوە بوون لە هەرلاوە ئاڵا. هەموو سوور و زەرد و کەوی و بنەوش.

هەردوو سپاکە گەیشتنە ڕووبەڕووی یەك. لەم بۆ ئەو و لەو بۆ ئەم، سەدان قسە کرا. پاڵەوانانی پڵنگکوژ، کە دڵیان وەك دڵی شێرە، بە خوێنی دوژمن خاك و خۆڵیان کردە قوڕ. لەبەر دەنگی تۆپ لەو دەشتە پڕقینەدا، دەتوت زەوی دەمی داپچڕیوە. لە کوردان ئەوەندە کوژرابوو دەتوت زەوی هەموو تەپۆڵکەی مردووە. دەستەیەك کە بەرەو سەنگەر هێرشیان دەبرد... سەرباز..گەلێك جار هەڵکەوت سەریان بدۆڕێنن. ئیعتیمادسەڵتەنە خۆی بەو پیرییەشەوە لە شەڕدا خۆی نیشان دا و لەبەر بەرەکانی‌دا خۆڕاگری کرد کە لاوان لەو پیاوە ئەو هیمەتەیان دی، بەڵێ چ بە بارتەقای دەشتی ڕێوی و چ یەك بەچکە شێر. بە کورتی تا

سێ ڕۆژ هەوری بەڵا، ئاسمانی تەنی و بارانی گوللە وەك تەرزە دەباری، بە جۆرێك دنیا سەری سوور مابوو.

دوای داییسانی ئاگری شەڕ و ململانێ، هەندێك لە کوردەکان رووەو شاری بناو هاتن و ئەو ماڵانەیان وێران کرد و کەسەکانیان کوشتن کە لە ئاقار و دەرەوەی شار بوون. لە کاتی قەومانی ئەم ڕووداوەدا بە فرمانی ئیعتیمادسەڵتەنە چەند گوللە تۆپێك، لە سەنگەری دەرەوەی شار، بەرەو ڕوویان هاوێژرا. جەنابی حاجی میرزاعەلی قازی بناویش لەگەڵ خەڵکی شاردا، هێرشیان کردنە سەر و لە شار دەریانکردن.

پاش سێ شەو و ڕۆژ شەڕ و کوشتنی کوردان، چۆنکە هەواڵی لەشکری عێراقیشیان بیست و ئازایی ئیعتیمادسەڵتەنەیان دی، ناچار هەڵاتن و ڕایان کرد. بەڵێ شەڕ کردن لەگەڵ نەرە شێر بۆ ڕێوی پیر ئازایەتی ناهێنێ. چەند ڕۆژ دواتر جەنابی حەسەنعەلیخان، وەزیری (فواید) کە لە سەر داوای خۆی لە ناوچەی گەڕووسەوە بەرەو ئەو شوێنە دەهات، لەگەڵ فەوجی گەڕووس و سوارەی دویرن و قادرئاغا کە بە (١٠٠) سوارەوە لە خاکی ساییینقەڵا چووبووە نێو ئۆردووی وەزیر، هاتن و لەوێوە پاش ١٤ ڕۆژ بەرەو قەرەقشلاق ڕێکەوتن. لەم کاتەدا شێخ قادر لە سابلاخ بوو. هەر کە بە ڕێکەوتنی ئیعتیمادسەڵتەنەی بەرەو چلیك بیست و بە هاتنی لەشکری عێراقیشی زانی، ئیتر خۆی پێ نەگیرا و خەیاڵی هەڵاتن بەرەو شنۆ کەوتە سەری. خەڵکی سابلاخ لە خەیاڵی ئاگادار بوون و چوونە ماڵەکەی و وتیان هەتاهەتایە ئێمەت لای دەولەت بە تاوانبار دانا و بووینە خاین، ئێستاش بە نیازی هەڵاتنیت! ئێمە ئەو کارەمان پێ باش نییە، جا یان دەبێ شەڕ بکەیت، یان سەری ئیتاعەتیان بۆ شۆڕ بکە، ئەگەر بێت و مەسەلەی لێبووردنی حەزرەتی ظل‌اللهی لە ئارادا بێ، ئەوا هەردووڵامان دەگرێتەوە. ناچار شێخ قادر وەڵامی دایەوە، کە هێشتا من ئەوەندە لاواز نەبووم، خەیاڵی هەڵاتن بکەوێتە سەرم، من بۆ دابین کردن و کۆکردنەوەی خواردەمەنی و یارمەتی هاتووم بۆ ئێرە. ئێوە نابێ وا بیر بکەنەوە کە من هەڵدێم و ئەمە کاری مەردی شەڕ نیە، کە گەورە پیاوانی ئێمە لە کاتی گیانەڵلادا وتوویانە: النّار و العار. ئەوانیش وەك عەوامی تێنگەیشتوو، فریوی پیاوێکی بە ئەزموونیان خوارد و بڵاوەیان کرد. شێخ بە هەلی زانی و بە شەو بەرەو شنۆ رایکرد.

لەولاوە ئیعتیمادسەڵتەنە کاتێ هاتە نێو مەحاڵی چلیك، دوو ڕۆژ لە پەنا جەغەتوو مایەوە، لەوێوە بەرەو قەرەقشلاق بەرێکەوتن، کە سێ قۆناغەرێیە (١٨ کیلۆمیتر). هەر کە هەواڵی هەڵاتنی شێخ قادریان بیست، سوارەکانی شاهسەوەن و چەلبیانی لەگەڵ جەماوەری قەرەپەپاغ، دوای شێخ کەوتن. دوای شەڕێکی توند، کە نزیکەی ٢٠٠ کەس لە جەماوەری قەرەپەپاغ کوژران و بریندار کران، شێخ قادر لە کێوی ژووڕووی شارەوە بەرەو مەرگەوەڕ هەڵات. ئەمانەش لە شارەکەدا دەستیان کرد بە کوشتن و تالانکردنی خەڵك و بۆ قەرەقشلاق

گەرانەوە، تا کاتی تەشریف‌هێنانی حەزرەتی ئەجەل ئەکرەم سوپاسالاری گـەورە و لەشـکری عێراقی، کە پاشان باسی دەکەین.

بەشی نۆهەم

باسی گەیشتنی هەواڵی کوشتاری میاندواو بە مەقلی خانی (ئیقبالدەولە) و چوونی شێخ عوبەید بۆ ورمێ:

کـە هـەواڵی گرتنـی سـابلاخ دەگاتـە (ئیقبالدەولـە)ی حـاکمی شـاری ورمـێ، کـزە لـە جەرگییەوە هەستا و مووی لەشی وەك شـیش راسـت بوونـەوە، دەسـتبەجێ لەگـەڵ فـەوجی حەوتـەم و هەشـتەم بـە سـەرکردایەتی خەسـرەوخان وخـان باباخـان و محەمـەد ڕەزاخـان سەرتیپی تۆپخانەی موبارەکە و دوو تـۆپ، لـە سـێ کیلۆمیـتری شـار ئۆردوویـان دابەسـت. شێخعەلـی خانی سەرتیپیش بـە فـەوجی (خـۆی)، پێنج ڕۆژ دوایـی دەگـاتێ و تێکـەڵ بـە ئۆردوویان دەبێ. پاش دوو ڕۆژ مانەوە لە ئۆردوو، هەواڵی کوشتاری میـاندواو لـە ورمـێ بـڵاو دەبێتەوە. ئیقبالدەولـە پاش بیسـتنی ئـەم هەواڵـە ترسـناکە، بڕیـار دەدا لەگـەڵ تۆپخانـە و فەوجەکان بەرەو میاندواو بەڕێ بکەون . بۆیە هەندێ لە ئاغا گەورەکان و سەرۆکەکانی شـار کۆ دەکاتەوە، باسی ڕووداوەکەیان بۆ دەکا و داوای دڵنیاییان لێدەکات، تـا ئاگایـان لـە شـار بێ، ئاغا گەورەکان بریتی دەبن لە: جەنابی ئاغا میرزا حسەینی موجتەهید و جەنابی ئاغـا سەید ئاغای پێشنوێژ و ئاغامـیرزا محەمـەد حسـەین نـاظم العلمـا و حـاجی مـیرزا موحسـین لەشکرنووس، کە ئەوەی ڕاستی بێ یەکێکە لە سەرۆکەکانی شار، لەگەڵ شـەفیع‌خان کـوری جیهانگیرخانی بیگلـەربیگی و عەبدولعەلـی خـانی سـەرهەنگ و حـاجی مـیرزا عـەبدوڵڵای کەلاَنتەر.

بەیانی ئـەو ڕۆژە، کـە ڕۆژی یەکشـەممە ٢٧ی مـانگی زیقـەعیدەالحرام(١٨٨٠/١١/٢)، نزیکەی ٢٠٠٠ سوار و پیادەیان لە دەرەوەی شار ئامادە کرد و دڵنیا دەبێ لەوەی کە ئاگایـان لە شار دەبێ. بەڵام لەولاوە، کاتی هەواڵی لاجان و سندووس و سابلاخ و کوشـتاری میـاندواو بە گوێی شێخ عوبەید گەیشتەوە، بۆئەوەی تەگبیری بکا و فێڵێك ساز بکا، کە ئیقبالدەوله لە شار دەربکا و خۆیشی بـە بێ‌شـەڕ بچێتـە نـاو شـار، شـێخ محەمـەد ئـەمین نـاوێك دەکاتـە سەرۆکی ئۆردوو، لەگەڵ جەماوەرێکی زۆر لە عێلـی شکاك و ... هتد. بەرەو قەڵای سـمایل ئاغا دەنێرێ، کە دوو قۆناغەرێی شاری ورمێیە.

سەعاتێك لە شەو تێدەپەڕێ کە ئەم هەواڵە بە گوێـی ئیقبالدەولـە دەگاتـەوە. نـاو بـراو ناچار بەرەو میاندواو بەڕێناکـەوێ و ڕوو لـە قـەڵای سـمایل ئاغـا دەکـا و بـۆ قایمکـارییش شێخعەلـی‌خانی‌سەرتیپ بە دەستەی خۆی لە چەمەن‌خاتون دادەنێ، کە لـە نزیکـی شـارە. پاش گەیشتن بەو قەڵایە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکـەی شـێخ محەمـەد ئـەمین، چـوار ڕۆژی بـەردەوام خـەریکی شـەڕ و کوشـتن و پێکـدادان بـوون. کـاتێ هـەواڵی زیـاد بوونـی

جەماوەری کوردان بە گوێی شێخعەلی‌خان گەیشتەوە، دەستبەجێ لە دەوروبەری شار دەردەکەوێ و خۆی دەگەیەنێتە ئۆردوو. بەڵام کاتێ شێخ عوبەید هەواڵی ڕێکەوتنی ئۆردووی بیست، لەگەڵ جەماوەرێك لە عەشیرەتەکان و تایفەکان ڕووی لە ورمێ کرد کە ناوی هێندێك لە سەرۆکەکانی ئەو خێڵانە بریتین لە:

ئەمیر ئاغای شکاك، ڕەشیدخان بەگی نوچە، عەبداڵ بەگی نوچە، برایم خان، قادربەگ، ئەمین بەگ، سەعیدبەگ، سەمەدخان، وەهاب خان، عەزیزبەگ خەڵکی دەشتی، عەبدولسەمەدبەگی بناری، سەعیدئاغای هەرکی، خزم و کەس و کاری شێخ کە لەگەڵیدا بوون. شێخ سدیقی کوڕی شێخ عوبەید، شێخ عەبدولکەریم مامی شێخ، شێخ ئەبوالقاسم، شێخ بەهادین، شێخ نورەدین، حاجی عەلائەدین (لەبن ئامۆزاکانی).

نوێژی نیوەڕۆ گەیشتنە گوندی باراندوز. حاجی ڕەحیم خانیش لەم گوندە بوو. پاش نانی نیوەڕۆ پێکەوە بەرەو شار دێن. خەڵکی شار کاتێ هەواڵی هاتنی شێخ عوبەیدیان بیست، وەك شێری شەڕ ڕاست بوونەوە و خۆیان بۆ بەربەرەکانی ئامادە کرد و کەلوپەلی شەڕیان دابین کرد. یەکەم کەسێ کە ئەم کارەی دەسپێکرد و نان و نمەکی دەوڵەتی مەزنیان لە بیر نەکرد و هەقی بە گەردنی خەڵك دانا، جەنابی سەید ئاغا و ئاغا میرزا محەمەدحسەین ناظم‌العلماای ورمێ بوو، کە ئەم سەرشۆڕییەیان قبووڵ نەکرد و چاکی مەردایەتیان بە لادا کرد. چونکە مردن و تیاچوون لە جەنگەی شەڕدا، باشترە لە خۆبەدەستەوەدانی دوژمن، کە ئەویان کاری پیاوانە و ئەمیان پیشەی ژنان. پیاو ئەو کەسەیە؛ دەمی ببەستێ و بازووی بخاتە گەڕ. لەگەڵ دووسەد تفەنگچی لە خزم و کەس و کاری خۆیان ئامادەی شەڕ بوون. خەڵکی‌تر کە ئەمەیان بینی، خوێنی غیرەتیان هاتە کوڵ و ڕەگی غرووریان کەوتە لێدان، لە ئاغا و ڕەعیەت و ناوبەدەرەوە، بێ ناوبانگ و زانا و ڕەشۆکی، ئەم قسەیەیان قبووڵ کرد و تیری دوژمنیان لە تانەی زمانی خراپەکاران بە باشتر زانی. بەڵێ: جراحات السنان لها التيام ولايلتأم ما جرح اللّسان. سنگی پیاو بە تیغی شمشێر بریندار بێ باشترە لەوەی کە گرفتاری دەستی تیری زمان بێ. هەموویان هاودڵ و هاوزمان بوون و قۆڵی هیمەتی شەڕیان لێهەڵماڵی.

لەولاوە شێخ عوبەید گەیشتە کێوی (سیر)، کە قۆناغەرێیەك لە شارەوە دوورە. شەو بۆ حەسانەوە هەر لەوێ مانەوە. حاجی ڕەحیم خان هاتە ناو شار. کاتێ ئەو هەموو خەڵکەی دی، زمانی تانەی هاتە گۆو وتی: ئەوە چیتان بە سەردا هاتووە، وا لە گیانی خۆتان بێزارن و دەتانەوێ وەك خەڵکی میاندواو ببنە نێچیری شمشێر! چاو لێکەن و ببینن، پەنجە لە پەنجەی شێر خستن و شەپ لە شمشیر هەڵدان، کارێکی هاسان نییە، کە ئەمە خۆی نیشانەی ئەوپەڕی نەزانینە. ئێستا شێخ خۆی بە نەفەسی پڕ بایەخی دێ بۆ ئێرە، وەك خەڵکی سندووس و سابڵاخ، سەری بۆ شۆڕ بکەنەوە، تا خاووخێزانتان بە دیل نەگیرێن و ماڵتان لێ وێران نەبێ.

هەندێ کەس پاش بیستنی ئەم قسانە رازی بوون خۆیان بە دەستەوە بدەن. لەلایەن شێخیشەوە بەردەوام و پەیتا پەیتا نامە بۆ خەڵکی شار دەهات، کە ئەم زاتە کاری بە گیان و ماڵی ئێوە نەداوە. لە هەموو روویەکەوە دڵنیا بن و مەترسن. تەنیا ئەوەندە هەیە، گەورەی ئێمە نوێژێك لە مزگەوتی جامیعە دەکا و بەرەو لایەکی‌تر ئۆردووەکەی بەرێدەخا.

هەر کە هەواڵی رازی بوونی خەڵك بە حاجی میرزا موحسینی لەشکرنووس گەیشت، بەرەو ماڵی ئاغا میرزا جەماڵی شێخ الاسلام رۆیی، کە خەڵك لەوێ کۆبببوونەوە و لە رووداوەکەی پرسی، باسەکەیان بۆ گێرایەوە و ئەو نامە ناردراوەیان پێدا، کە نووسیبوویان و مۆریان کردبوو. ناوبراویش چونکە پیاوێکی بە ساڵاچوو و رەنجکێشی چاك و خراپ دیدەی گەرم و سارد چێشتوو بوو، دەستی‌کرد بە ئامۆژگاریی کردن و وتی لەم رازیبوونە چ قازانجی بە ئێوە دەگا، ئەگەر بۆ پاراستنی گیانی ماڵ و منداڵتانە، ئەوا دوای هاتنی شێخ و کوردان بۆ ئەم شارە، ئیتر دەسەڵاتی ماڵ و منداڵ، بە دەس خۆتان نابێ، سەرەرای ئەوە شێخ عوبەید چ توانای ئەم دەسدرێژییەی هەیە و کوا دەسەڵاتی بۆ شەڕ هەیە. ئەوە هەواڵیان هێناوە لەشکرێکی خوێنرێژ لە (ئەراك)ەوە بە سەرۆکایەتی حشمت‌الدولە دێ، دەستەی عەشیرەتەکانی تێك‌شکاندووە و خەڵکی ئەم شارە دەکوژێ و رووتیان دەکاتەوە. باشتر وایە چارەیەك بۆ ئەم کارە بدۆزینەوە، تا هەواڵ بە ئیقبالدەولە بگا و بێتە ناو شار. بۆیە ئاغا سەید ئیسماعیل سەرۆکی بازرگانان و ئاغامیر جەعفەری پیش نوێژ و ئەمین ئەلشەرع و ئاغا میرزا غەفوور و حاجی میرزا جەبار-ی رەوزە خوێن دەنێرنە لای شێخ و پێی دەڵێن ئێوە لەگەڵ سوڵتان شەرتانە، یان لەگەڵ رەعیەت؟ خۆ ئەگەر لەگەڵ دەوڵەت شەڕ و هەراتانە، ئەوە لە ناو شاردا لەشکری دەوڵەتی لێ نییە. راوەستن تا ئیقبالدەولە خۆی بێت، پاشان خۆتان دەزانن رەعیەت کاری بە شەڕ نەداوە. ئەگەر مەبەست شەڕ لەگەڵ رەعیەتە، ئێمە توانای شەڕ و برستی بەربەرەکانێمان نییە، هەمووومان سەری تەسلیمان شۆڕ کردۆتەوە. جا ئێستا بۆئەوەی منداڵ و خاوخێزانمان نەترسن لە ئیمرۆوە تا سبەی ئێوارە دەرفەتی هاتنمان بدەرێ، ئەوسا ئارەزووی خۆتانە. هەروەها دەسبەجێ چەند سوارێکیشیان بۆ لای ئیقبالدەولە بەرێ کرد، کە ئەگەر زوو نەگەرێیتەوە بۆ ماڵ و گیانی خاوخێزانت، پەشیمان دەبیتەوە.

بەڵام کاتێ ئەمانە گەیشتنە لای شێخ و باسی رووداوەکەیان کرد، شێخ لە وەڵامدا بۆیانی نووسی: ئێمە کارمان بە کاری رەعیەت نەداوە و جگە لە پاراستنی حەقی رەعیەت، مەبەستێکی‌ترمان نییە و داوای ئەوان قبووڵ دەکەم، بێئەوەی زیان لە تاکە کەسێك بدرێ. پاش گەیشتن، شەوێك لە شار دەمێنینەوەو کەسێك لە خەڵکی شار دەکەینە حاکم و ئەوسا بەرەو تەورێز دەرۆین.

ئەوانەی لەلایەن خەڵکی شارەوە چووبوون، بە خۆشحاڵییەوە گەرانەوە بۆ شار. شەو بە دزییەوە دەوروبەری قەڵایان دابەشکرد و سەنگەریان سازکرد. بەڵام ئیقبالدەولە دوای ٤ رۆژ شەڕ لەگەڵ شێخ محەمەد ئەمین، رۆژی پێنج شەممە پازدەی هەمان مانگ(١٨٨٠/١٠/٢١)

کاتی ڕۆژئاوا، چونکە دابی کوردان بەمجۆرە بوو، کە دوای ڕۆژئاوا دەس لە شەڕ بکێشنەوە و شەو بحەسێنەوە، دیسان بە یاسای جاران دەستیان لە شەڕ هەڵگرت. ئاغابەگی یاوەر پەلە دەکا، لە ناکاو سەرباز لە سەنگەرەوە بەرەو گوند دەگەڕێنێتەوە. کوردەکان کاتێ بە گەڕانەوەی سەربازیان زانی، بەرەو لای تۆپخانە بەڕێ کەوتن. عەلیبەگ سوڵتانی تۆپخانەی موبارەکەیان کوشت، تۆپەکەیان داگیر کرد. دەسبەجێ هەردوو هەواڵی هاتنی شێخ بۆ ورمێ و داگیرکردنی تۆپ و کوشتنی عەلی سولتان بە دەستی شێخ محەمەد ئەمین، بە گوێی ئیقبالدەولە دەگاتەوە. شیعر: لەم وتووێژە وەها سست بوو، کە لە ماڵ و ژیان دەستی بەردا، لە دەروونییەوە ئاخێکی سارد هاتە دەرێ، زەوی لای پیاو وەك ئاشی لێهات، پیاو گیانی کەوتە لەرزین لە بەر قین و ڕق، ئاسمان و زەوی لەبەر چاوی ڕەش بوون. زمان لە ناو دەمیدا وشك بوو. هەم لەبەر دەردی غیرەت و هەم لە ترسی گیانی. ناچار دەستی لە شەڕ کێشاوە و بەرەو شار بووەوە.

کاتێ هەواڵی هاتنی ئیقبالدەولە بە شێخ عوبەید گەیشت، شێخ سدیقی کوڕی خۆی بە هێزێکی زۆرەوە بۆ شەڕ نارد، تا ئەوان سەریان بە شەڕەوە خەریك بێ و خۆی بچێتە ناو شار، لە بەر بەختی نەمری هومایونی، ئیقبالدەولە بە بێ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ شێخ سدیق بە شەو هاتە ناو شار.

کە بەیانی ڕۆژ بۆوە و شێخ عوبەید بە هاتنی ئیقبالدەولەی بۆ ناو شار زانی، لێی ڕوون بۆوە خەڵکی شار فێڵیان لێکردووە. بۆیە زۆر تووڕە بوو. لە کێوی سیرەوە بەرەو باغی سیاوەش ڕۆیشت. پاش نانی نیوەڕۆ و نوێژ کردن، سەعاتێکی مابوو بۆ ڕۆژئاوا، ڕۆژی شەممە ١٧ی هەمان مانگ(١٨٨٠/١٠/٢٣) فرمانی هێرشی لە لای دەروازەی عەسکەرخانەوە بۆ ناو شار دا. کاتێ تۆپچی و سەرباز و خەڵکی شار، هێرشی کوردانیان بینی، هەموویان لە سەنگەرەکانیاندا ئامادەی شەڕ بوون. بەڵام کەسیان گوللەیان نەتەقاند و تەقەیان لێوە نەهات. بە جۆرێك کە کوردەکان وایان زانی کەس لەم لایەوە بۆ شەڕ نەهاتووە. بێئەدەبانە دەستیان کرد بە هەرا و هوریا و بەرەو لای سەنگەرەکان ڕێیان بڕی، تا ئەو کاتەی هەموویان نزیك بوونەوە. لە پڕێکدا فرمانی شەڕ بە تۆپچی و سەرباز درا، بەجۆرێك کە هێندێك لە کوردەکان هەر بە گوللەیەك تیا چوون. ئەوانەیتر دیواری باخەکانی شاریان کردە سەنگەر و خەریکی شەڕ بوون.

هەر ئەو ڕۆژە شێخ عوبەید فەرمانیدا ئاوی شاریان لێبگرنەوە. پێنج شەو و ڕۆژ هەردوولا بەردەوام نەحەسانەوە و شەڕیان کرد. کوردەکان کە بارودۆخەکەیان بەو جۆرە بینی، چوونە ناو باخی دڵگوشاوە، کە باخی خودی ئیقبالدەولەیە و لە پەنجا هەنگاوی شاری ورمێیە و کۆشکی بەرزی تێدایە و لەسەر بانەکانی، کە بە سەر شاردا زاڵە، سەنگەریان دابەست. ئیقبالدەولە فرمانی بە تۆپچی دا کۆشکەکە بڕووخێنن. بە گوللەی تۆپ و تفەنگ کۆشکی سەردەریان دابەست و تێکیان ڕووخاند. دەستی کوردەکانیان لە

سەرکوتکردنی شار کورت کردەوە. ناچار شێخ لە باخ چووە دەرێ و لـە سـەر تەپۆلکـەی بـە ناوبانگی جهوودلەر خۆیان دامەزراند. لەمە بە دواوە تا هاتنی تـەیموور پاشـاخان، لەشـکری کورد بە ڕۆژ دەچوون بۆ تالاّنی دیهات و شەوانەش خەریکی شەڕ دەبوون.

بەشی دەهەم

باسی هاتنی تـەیموور پاشاخان بـۆ یارمـەتیدانی خـەڵکی ورمـێ و ڕۆیشتنی شێخ عوبـەید بـۆ دەوروبەری شار.

پاش گەیشتنی هەواڵی هاتنی شێخ عوبەید بۆ ورمێ و دەوری شارگرتنی، بـە تەلـەگراف لەلایەن ئەعلاحەزرەت قدرقدرت اقدس ظلروحنافداە، فرمـانی بـە تیموریاشـاخان کـرد، تـا لەگەڵ فەوجی نۆهەمی (خۆی) و دەستەی (ماکۆیی) و سوارەی ئێرانلو و سیستانی و چریکی خۆیی و ماکۆیی دەسبەجێ بەرەو ورمێ بکەونە رێ. ناوبراویش دەستبەجێ لەگـەڵ جـەماوەر و دەستەی یارمەتی لە سوار و پیادە کەوتنە ڕێ.

کاتێ شێخ عوبەید هەواڵی هاتنی تەیموور پاشاخانی بیست، ئەو لەشکرانەی لە دەوری ورمێ دابنابوون، جووڵاندنی و بەرەو قەڵا ڕێیان گرتەبەر، کە لە سەر ڕێیان بوو، ڕێگـای بـە لەشکری تەیموور پاشاخان گرت. هێزەکەی هۆردووکاتێ ئەم ڕووداوەیـان بینـی، وەك شـێری شەڕ هەڵچوون و سەرۆکەکانی لەشکر لە جێی خۆیان راسـت بوونـەوە و لـە دوو لاوە لەشـکر هێرشیان کردە سەر یەك. هەموو ئـامرازێکی شـەڕیان بـە کـار هێنـا، لەبـەر دەنگـی تـۆپ و گرمەی دەهۆڵ، لەشی خەڵك وەك گۆزەی لێهات و دڵیان وەك شەراب. مەگـەر ئـەو دەشـت و دەرە نەبوو بە مەعدەن. کە مەیتی کوژراو لەو دەشتەدا، بوو بە عەقیقی یەمەن.

دڵێران، شێرکوژی بە دەست و برد، بە خوێنی دوژمن دەسـتیان خـەناوی کـرد. پـاش یەك سەعات، نزیکەی دووسەد کەس، لە لەشکری شێخ کوژران و دەسگیر کران. ناچـار بـە لەشکری تێکشاوەوە گەڕانەوە بۆ دەوری شار.

ڕۆژی دواتر دیسان بۆ شەڕ و بەربەرەکانی هاتنەوە، تا گەیشتنە گونـدی عەسـکەرئاوا و خەڵکی ئەم گوندە دەستیان کرد بە شەڕ. تەیموورپاشاخان لە هاتنی بـۆ شـار درەنگـی کـرد. خەڵکی گوندەکەش دەرەقەت نەهاتن و توانای خۆراگرییان نەما. ئەو بێبەزەییانە کە کەمیان دەرفەتی وا بۆ هەڵدەکەوت، کاتیان بە هەل زانی و لە هەموولایەکـەوە هێرشـیان کـردە سـەر گوندەکە. هەموو خەڵکی ئەو گوندەیان بە ژن و پیاو و تەنانەت مناڵـی شـیرەخۆرەش کوشـت و ماڵ و سامانیان بە تالاّن بردن و خانووەکانیان بـە ئـاگری زوڵـم و زۆر سـوتاندن و دیسـان گەڕانـەوە دەوری شـار. تەیموورپاشـاخانیش لـە لایـەکیترەوە دێتـە نـاو شـار و شێخعەلـیخانیسەرتیپیش لەگەڵ فەوجی (خۆی) بەر لە ناوبراو هاتبووە نـاو شـار. لـە شـار دەچێتە دەر و تێکەڵ بە ئۆردووی ئەو دەبێ.

ناوی ئەو لێپرسراو و سەرکردانەی‌کە لەگەڵ تەیموورپاشاخان بوون بریتین لە:
شێخعەلی خانی سەرتیپ لەگەڵ فەوجی دەهەمی خۆی، حەیدەرخانی سەرهەنگ لەگەڵ فەوجی نۆیەمی خۆی، فەوجی ماکۆیی بە سەرکردایەتی ئیسحاق پاشاخانی برای تەیموورپاشاخان، سوارەی ئێرانلوو بە سەرکردایەتی ئاغاخان (ئێرانلویی)، سواری سیستانی بە سەرکردایەتی عەباس قوڵی خانی سیستانی سوارەی ئەباجیقی بە سەرکردایەتی پاشاخان کوری خەلیفە قولی‌خان، سوارەی خێڵی زیلان، سوارەی خێڵی حەیدەرانلو، پەنجا کەس سوارەی شکاك بە سەرکردایەتی کورێکی عەلی‌خانی شکاك، کە کورەکەی‌تری لەگەڵ لەشکری هەمان خێڵ لای شێخ عوبەید بوو، چریکی خۆی و سەلماسی، چریکی ماکۆیی بە سەرکردایەتی ئەمانوللاخان کوری ئیبراهیم ئاغای ماکۆیی.

بەڵام پاش هاتنی تەیموورپاشاخان بۆ دەوری شار، سێ رۆژ شەری نەکرد تا وای لێهات لەشکری شێخ پرکێشی کرد و هێرشی بردە سەر ئۆردووی تەیموورپاشاخان. سەربازانی ئۆردوو، کە جەسارەتی شێخیان تا ئەو رادەیە بینی، دەستبەجێ دەستیان کردەوە و کەوتنە شەر، تا کاتی رۆژاوا بوون هەردوولا دەستیان لە شەر بەردا و هەرکام بۆ بنکەی خۆیان گەرانەوە. ماوەی چوار رۆژ بەمجۆرە تێپەری. رۆژی چوارەم شێخ بارگە و بنەی لەشکرە بەزیوەکەی خۆی تێکەوە پێچا و لە دەوروبەری شار دوورکەوتەوە. تەیموور پاشاخانیش چەند رۆژێك دواتر لەشکری خۆی هەڵگرت و بەرەو مەرگەوەر رۆی و لەوێ تێکەڵ بە ئۆردووی حسام‌الملك بوو، کە لە قەرەقشلاقەوە حەزرەتی اجل‌اشرف افخم موشیردەولە میرزاحسین خانی سوپاسالاری اعظم رایسپاردبوو، کە دواتر باسی دەکەین.

بەڵام سەرلەبەری خەڵکی شار، لە دەستدرێژیی سەربازانی تەیموورخان ئاەوناڵەیان بوو؛ کە ئەوان لە لەشکری کوردان پتر ئەم ناوچەیەیان وێران کرد و بە ئەنقەست یارمەتی خەڵکی عەسکەرئاوایان نەدا و بۆ گرتنی شێخ عوبەیدیش کەمتەرخەمییان کردووە.

بەشی یازدەهەم

باسی بەرێکەوتنی لەشکری ئەراکی لە گەرووسەوە و کۆچی نەوابی والا حشمت‌الدولە.

لەوە پێش باسی ئەوەمان کرد، کە لە بیجار نەوابی ئەشرەف والاحشمەالدولە تووشی نەخۆشیی هات. سەرەرای ئەوەش، دوای گەیشتنی وەڵامی تەلەگراف رانەوەستا. رۆژی ۲۸ی مانگی زیقەعیدە(۱۸۸۰/۱۱/۳) بە هۆی ناخۆشی رێگا و لە بەر لێشاوی سپاوە، خودی نەوابی ئەشرەف امجد والا لەگەڵ هەموو تۆپخانە و فەوجەکانی حاجی حسام الدولە و نصرالملك،کە بریتی بوون لە دوو فەوجی ئازەربایجان و دوو فەوجی قەزوین، لەگەڵ فەوجی شاسەر و ژریمانی یەکەم و سوارەکان لە بیجارەوە بەرێکەوتن، ۳ فەوجی هەمەدان کە ابوالجمع حیسامولولك بوو، لەگەڵ ۱۰۰ سوارەی تێکەڵ، رۆژێك دواتر بەرێکەوتن. لە ناو رێ کە بریتی بوو لە قۆناغەرێی کولتەپە و عەلی ئاوا و جەعفەرئاوا و مەنزلی (سەبیل)،

کە سەرەتای ناوچەی هەوشار بوو، شتێك کە بۆ نووسین و باسکردن بشێ؛ رووی‌نەدا، جگە لە نەخۆشیی نەوابی ئەشرەف‌والاکە توندتر بوو. شەوێك لە قۆناغـەرێی سـەبیل رایـانگرت، بـەڵکو حاڵـی کـەمێ چـاك بێتـەوە و هـێزی رۆیشـتن بێتـەوە بـەری بـۆ .... ئـەو رۆژە حیساموڵولك لەگەڵ فەوجەکانی هەمەدان تێکەڵ بە هۆردووبوو، بەڵام بە هـۆی توندتربوونـی نەخۆشیی نەواب و گەیشـتنی هـەواڵی پەیتاپـەیتای زۆر بوونـی لەشـکری شـێخ و کوشـتن و تاڵانکردن، دڵە خورپە و نیگەرانی کەوتە دڵـی سـەرلەبەری لەشکرەوە. سـەرەڕای ئـەوە بـە هەزار زەحـمـەت بە تەختەرەوان نەوابی والا، تا قۆناغەرێی کوك ئاغاج دێنـن. لـەم ماڵـەدا نەخۆشییەکە توندەبێ و ئاڵ و گۆڕی گشتی تووش دەبێ. بە پێی گوتەی ئایەتی پـیرۆز: اذا جا اجلهم لا یستاخرون ساعة و لا یستقدمون، کۆچـی دوایـی کـرد. مـەرگ خـاکی حەسـرەتی بەسەردا بێژا. پەیمان و بەڵێن بە ئاکام گەیشت و پەیمانە سـەررێژ بـوو. ئـەو لەشـە بـە نـاز پەروەردەیە و ئەو سەرە پڕ غوروورە، بـۆ غوسـڵ و کـافوور و گـۆڕ بـەجێما. عـەیام و زەمانـە سەری پەنجە و شان و باهۆی بەهێزی ئەوی بەند بە بەند لە کار خست. دوای ئەو، حسـام الدوله و حسام‌الملك و نصرالملك و عەزیزوڵلاخانی سـەرتیپی شاهسـەوەن کۆبوونـەوە و پیـاو و دارودەستەی نەوابی والای لەگەڵ پەنجا سواری هەوشاری شاهسەوەن بەرەو دارالخلافـەی تاران بەرێ دەکەون و باسی بەسەرهاتەکە بە خاکی پیی زێڕینی ئەعلاحـەزرەت قدرقـدرت شهریاری (رۆحی من و رۆحی عالەمی بە فیدا بێ) و فەرەج خانی تفەنگدار بە تایبەتی عەرز دەکەن.

مێژووی کۆچی نەوابی والاحشـمەالدوله شەوی شـەممە: پێنجـەمی مـانگی ذیحجةالحرام ۱۲۹۸ رێکەوتی حەوتەمی مانگی (تشـرینی دووەم) لـە گونـدی گۆك‌ئاغـاج، لـە ساین‌قەڵای هەوشارەوە دوای بەرێخستنی مەیتی نەواب والا، هەرکام لە سەر کردە گەورەکان تێکەڵ بە هێزەکانی خۆیان بوون. قۆناغیان لە گوندی (ساینجوود) گـرت. چونکـە میری‌مـیران العظام محەمەد قولـی خان حسام الدوله لەباری خزمەتەوە بە سەر ئەوانیتردا زاڵ و ریش سپی بوو، حیسـاموڵولك و نصرالملـك و عـەزیزوڵلاخانی سـەرتیپ و ئەفرەنگیـەکان کردیانـە سـەرۆکی ئۆردووی خاوەن‌شکۆ. نامەیەکیان نووسی، کە کەس لە جەماوەری هۆردوو هـەقی نافـەرمانی نییە و دەبێ لە قسەی ئـەو دەرنـەچن. لـەم شـوێنەدا سـەلیم‌خانی چاردۆڵـی و بیوك‌خـانی کورەزای سولەیمانخان هاتنە ناو لەشکر و سەری بردراوی چەند سەربازێکی شێخیان هێنـا و بوو بە مایەی دڵگەرمی جەماوەری ئۆردوو.

بۆ ئێواری هەواڵ هات، فەیزوڵلابەگ، کە یەکێ لە سەرۆکەکانی لەشکری شـێخە و لـە تیکان‌تەپەیە، کە تا گوندی ساینجوود مەودای چوار قۆناغە رێیـە، چاوەرێیـە و بـە نیـازە و بریاری داوە ئیمشەو هـێرش بێنـێ. ئـەو شـەوە دەوری هـۆردوو لـە سوارە و پیـادە قـەرەوەڵ دادەنێن، بە جۆرێك کە ئەگـەر دە هـەزار سواریش بویستبایە هـێرش بێنـێ نـەیتوانیبا. تـا

بەرەبەیان هەموو سەرکردە و لێپرسراوان و سەربازەکان بە تفەنگ و کەلوپەلەکانیانەوە لــە نــاو سەربازگەکەدا خەریکی چاودێریی و گەڕان بوون.

بۆ بەیانی سەبارەت بەوەی کە بەجێهێشتنی فەیزوڵڵابەگ و دانانی دوژمنی لە پشتەوەی هۆردوو کارێکی نارەوایە؛ حسام‌الدولە و حیسامولولك و نصرالملك و عەزیزالله خانی سەرتیپ و سەرکردە فەرەنگییەکان، گشت فەرماندە ژێردەستەکانیان بـانگ کـرد و کۆیـان کردنــەوە و باسی ڕووداوەکانیان بۆ کردن و پیاوی شەڕیان ویست. هــەموو فـەرماندەکان وتیـان ئێمـە بـۆ گیان فیداکردن و خزمەتگوزاری بێ‌ئەمری ئێوە ناکەین و لە ئاگر ناکشێینەوە لە سەر ئاوری شــەڕ بــەردەوامین. هــەر بۆیــە بــە گشــت هــێزی تۆپخانــە و لەشــکری ســوار و پیــادە بــەرەو تیکان‌تەپە بەرێکەوتن.

شیعر: شەیپوور گرماندی و نەی دەستی بە ناڵین کرد. دار پەیتا پەیتا لە سنگی دەهــۆڵ دەدرا. فەرماندەکانی لەشکر، کەوتنە خۆ. سەرێکی پڕ لە قین و دڵێکی کینەخواز، تــۆپ کــە دەتوت ئەژدیهای لە دەم دایە، لە سەر زەوی دایاننان. لە بەر تیشك و باق و بریقی تفــەنگی سپا، زەوی ڕوون بۆوە و هــەوا تــاریك بــوو. لەبــەر دەنگــی ســمی سوارە ســم پۆلاییــەکان، ئاســمان داب‌ودەستووری سوورانی لــەبیر چــۆوە. بــە جۆرێــك مــەیدانی شــەڕیان ڕازانــدەوە و ئالاکانیان بەرزکردەوە، کە مانگ لە ترسان پەنای بۆ بورجی عەقرەب برد و موشتەری بوو بە موشتەری بورجــی ســەرەتان و پــاپۆڕی زوهــرە ئازایــەتی خــۆی دۆڕانــد. مــەریخ بــەو هــەموو خوێنمژییەوە ئاســمانی کرد بە سەنگەری خۆی. ئالا هەڵگری سەرکەوتن و ئەجــەل لــە پێــش شەڕ، قەزا لە لای ڕاست و قەدەر لە لای چەپ. هــەروەها لــەو ڕۆژەدا عەلــی‌ئەکبەرخانی سەرهەنگ دەستەی مەنسووری بۆ ئاگاداری لە بارگەو بنە و (ئاقروق – ئازووقــە) و پاراستنی بەشی دواوەی ئۆردوو، لە دواوە ڕاگرت. فرمانێکی لە سەر دەرکرا، کە دەقی فەرمانەکە لـێرە تۆمار کراوە: پاش پێوانی دوو فەرسەخ (١٢ کیلۆمیتر) هەواڵ گەیشت، کە فەیزوڵلا بــەگ بــە هێزێکی زۆرەوە بڕیاری شەڕی داوە. بۆیە لەشکریان بــە حاڵــەتی شــەڕ دەســتەبەندی کــرد و ئامادەی هێرشیان کردن. کاتێ فەیزوڵلا بەگ لە دوورەوە لێشاوی لەشکر و ئەو هەموو سوارە و پیادە ڕێك و پێکانەی دی، وەك ئەم شیعرە دەڵــێ: «هــەڵاتن بــە وەختــی خــۆی و ســەری نەبڕاو، باشترە لە پاڵەوانی و سەری بڕاو.» هەڵاتنی لە ڕاوەستان بە باشتر زانی و ڕایــانکرد. هێندێك لە سەربازە پیادەکانی، کە لە ترسی گیان لە چاڵاو و کەلاوەدا خۆیان حەشــاردابوو، بە گوللەی سەرباز سەریان لە سەر خــاکی ڕەش دادەنــا و ئــەو ژن و منداڵانــەی لــە دێهــات مابوونەوە، بە ئاگر سووتان.

شیعر: ئاگرێکی وایان لەو وڵاتە بەردا، کە بەردی ڕەق وەك مۆمــی لێهــات. پــیر و لاو هەموو ســووتان. ژن و منداڵیــان بــە یەکــەوە لــە نــاو بــرد. ئــەو کەســەی تووشــی بــە تووشــی سەربازەوە بوو، سەری بێ‌لەش و لەشی بێ سەر کەوت.

ئاگر و دووکەڵ و بگرەوبەردەیەکی وەها ساز ببوو، دەتوت قیامەت هەڵساوە. یەکێ داماوە لە خوێن و خوڵ گەوزاوە، یەکێکیتر بە خوێنی دڵی، تەوێڵی وەك هەڵاڵە سوور بوتەوە. دەستەیەك قۆڵی شەڕیان هەڵماڵیبوو، دەستەیەکیتر تازە هیوایان بە مانەوەی خۆیان نەبوو.

خۆرئاوا بوون دەستیان لە کوشتار بەردا. حسام‌الدولە و دەستەی شاسەر و ژریمان، بەرایی گوندی قەرەتەپەیان[1] کرد بە بارەگا، کە لە پەنا چەمی (خشنو) هەڵکەوتبوو. حیسامولولك و نصرالملك بە هۆی تەنگی جێ و ڕێ لەگەڵ ٣ فەوجی هەمەدان و ٢ فەوجی قەزوین و هەندێك لە سوارەکان گوندی (قاشوق)یان[2] کردە قوناغ، کە چارەکە قوناغەرێیەك (١/٥ کیلۆمیتر) لە قەرەتەپە دوور بوو. لە هەردوو ئۆردووەوە پێش قەرەوڵیان بۆ دەوروبەر نارد. شەو حەسانەوە و بۆ بەیانی پاش گەیشتنی حسام‌الدولە پێکەوە بەرەو تیکان‌تەپە بەرێکەوتن.

کە بەیانی خۆی لە پەردەی ئاسمان هێنایە دەرێ و ئاشکرا بوو، مار و مێروو وەخۆکەوتن، سپا دەستە دەستە بەرێکەوتن، وەك چۆن زەریا لە بەر بادا شەپۆل دەدا، لە هەموو شوێنێ پێشقەرەوڵ، سوارەی شاهسەوەن بوون و بە ڕێكوپێکی و شکۆوە دەستەکانیتر و پیادە و سوارە دەڕۆیشتن، چوار سەعات لە ڕۆژی هەینی هەشتی مانگی زیحەجە(١٢/١١/١٨٨٠) تێپەڕیبوو، چوونە تیکان‌تەپەوە. پیاوانی فەیزوڵلابەگ و ڕەعیەتەکانی تاقەواریان نەمابوو. بەڵام تیکان‌تەپە خۆی گوندێکی گەورە بوو، کە لە نێوان دوو کێودا هەڵکەوتبوو. خانووی باش و مزگەوت و حەمامی زۆر باشی بوو. بەر لە هەڵاتن کە خەیاڵی شەڕیان لە سەردابوو، لە دەوروبەری گوند و سەر هەردوو کێوەکە سەنگەری پتەویان ساز کردبوو، ئارد و گەنمێکی زۆریان کۆکردبۆوە. هەمووی پێشێل کرا و زۆربەیان سووتاندبوون، بەجۆرێك کە هەموو بوونە کۆمایەك خۆڵ و خۆڵەمێش. لە هەموو لایەکەوە هەواڵی مەرگ و کاولکاریی بە گوێی گیان دەگەیشت. دیسان هەندێك سەرباز و سواریان کردە پێش قەرەوڵ و گەلێ سەنگەریان ساز کرد. شەوەکەی عەلی ئەکبەر خان سەرهەنگی فەوجی مەنسووری هەمەدان، لەگەڵ وەلیخانی یاوەر، سوارەی چاردۆڵی لە هەموو شوێنێکی هۆردووپاسەوانیان دەرکرد.

بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە، نزیکی نیوەڕۆ خەبەریان‌دا هەندێك لە سەربازەکانی قەزوین کە بۆ تالان لە هۆردوو دەرکەوتبوون، کەوتوونەتە بۆسەی کوردانەوە. لەوکاتەدا نصرالملك لە بارەگای حسام‌الدولە بوو، پاش بیستنی ئەم هەواڵە، عەلیئەکبەر خانی سەرهەنگ دەنێرێتە

---

[1] قورمبەرازیشی پێدەڵێن

[2] قاشوق لە سەر چەمی جەغەتوو، ڕووبەڕووی زولفیلە بووە، بەڵام دوای درووستکرنی بەنداوی بۆکان لەگەڵ گەرمەك کەوتوونەتە ژێر ئاو. ئێستا نزیکەی نیوسەعاتێك لە قورمبەراز دوورە.

لای عەزیزوڵلا خانی سەرتیپ و باسی ڕووداوەکەی بۆ دەکـات. ئـەویش پـاش بیستنی ئـەم هەواڵـە هـەموو سـوارەکانی خـۆی ئاگـادار دەکاتـەوە و دەسـبەجێ سـواری ئەسـپ دەبـن. ئەسفندیار خان سەرتیپی سوارەی بەختیاری ئەرکەکـەی بـەجێ دێنـێ. لەگـەڵ سـوارەکانی خۆی سوار دەبێ. هەموو شێرە پیاوانی مەیدانی شەڕ، کە لە شەڕدا بە پڵنـگ دەڵێـن ڕێـوی، هەموویان مەردایەتییان باڵای کرد، بۆ یارمەتی لە لەشکر جیـا بوونـەوە. کـاتێك ئـەم وتەیـە کەوتە نێو لەشکر، لە هەر چوارلاوە بوو بە زەنازەنا. لە بەر غیرەت مووی لەشی پیاو ڕاسـت بۆوە. دەتوت ئاسن لە کراسی پیاو شین بووە (ڕوواوە).

عەلیرەزاخان سەرهەنگی تۆپخانەی موبارەکە بە دوو دەزگا تۆپ و سوارەی سەلیمخانی چاردۆڵـی بۆ یارمەتی سەربازەکان بەرێکەوتن و تا جەوانمەرد[1] گونـدی ئاغـا پاشـا، بـرازای قادرئاغای موکری غاریاندا. ئەو سەنگەرانەی کە خـەڵکی گوندەکـە سـازیان کردبـوون، بـە گوللەی تۆپ و تفەنگ وێران بوون.

شیعر: پیاوی جوامێر کاتی ڕێی کەوتە جەوانمەرد، لەبەر شـکۆی شـێر، ڕەنگـی زەرد هەڵگەڕا. جەوانمرەدییەکان وتیان ئەم پیاوە کێیە، جوامێرتر لـەم جوامـێرە نییـە. بـە خوێـن سەرتاسەری دەشت ڕەنگا. جیهان بۆ جەوانمەردییەکان، بـوو بـە چەرمـە چۆلەکـە، ناچـار ئەوەی تووشی بە گوللەی تۆپی ئاگرینەوە نەبوو، هەڵات. بەڵام پاش سەعاتێ خەبەر هـات، کە سوارەی شاهسەوەن کەوتوونەتە بۆسەی کوردانەوە. بۆیە لەشکری پیادەش هەستان بچن بۆ یارمەتی، بەڵام هێشـتا لـە هۆردوودەرنـەچووبوون، کـە هـەواڵی سـەرکەوتنیان گەیشـت. سەری براوی چەندان کوردیان هێنابوو، تالانێکی زۆریان کردبوو. شەش سـواری شاهسـەوەن کوژرابوون. ئەو شەوە عەلـیرەزاخانی سـەرهەنگ لەگـەڵ سـوارەکانی سـەلیمخان، بـە هـۆی دووری ڕێ و کـــەمبوونی کاتـــەوە گەڕانـــەوە. ڕۆژی دەهـــەمی مـــانگی زیحجەالحرام(١٤/١١/١٨٨٠) بە هۆی جێژنی قوربـان لـە تیکانتەپـە دەمێننـەوە. ئەوانـەی هۆردووبە خۆشـی ئەعلاحـەزرەت شـەهریاری روح‌العـالمین فـداه. ئـەو ڕۆژە جێژنیـان گـرت و قوربانییان کرد. سەیفەالدین خان کـوڕی سـەردار و ئاغـا پاشـا بـرازای قادرئاغـا، هـاتن بـۆ ئۆردووی سەرکەوتوو. کاتێ سەربازە تورکەکان بە هاتنی ئاغا پاشایان زانـی، دەسـبەجێ لـە جێ هەسـتان و بـەرەو ماڵەکـەی بـەڕێ کـەوتن تـا بیکـوژن و خوێنـی خـەڵکی میاندواویـان لـێ‌بستێننەوە. حیسامولولك خێرا خۆی گەیاندە دەرگای ماڵەکەیان و نەیهێشت سـەربازەکان بیکوژن.

ڕۆژی یازدەهەمی ذیحجة(١٥/١١/١٨٨٠)، حسام الدوله بە دوو فەوجی ئازەربایجـان و ژریمانی یەکەم و تۆپخانەی ئوتریشی لەگەڵ هەندێك سوارە، دیسان بەو هۆیەوە کـە ڕێگاکـە تەنگەبەر بوو، لە پێشەوە دەڕۆیشتن، بۆکانیان کردە قۆناغ، کە هی سەیفەدین خـانی کـوڕی

---

[1] جامەرديشی پێدەڵێن

سەرداره. ناوبراو لە بابەت میوانداریی و پێراگەیشتن درێغی نەکرد. لە گوندێکی نزیك بۆکان پازده دیلی میاندواوی لێبوون کە سەربازەکان ئازادیان کردن و دەیانبەنە ناو ئۆردوو. شەو لە بۆکان دەمێننەوه و بەیانی بەرەو گوندی مەلاڵەر[1] بە رێدەکەون. لەم قۆناغەرێیەدا خان باباخانی کوڕی مەجید خان، کە لەلایەن شێخ عوبەیدەوه کرابووه حاکمی سابلاغ و پاش شکستی شێخ، پەنای بۆ ئۆردووی ئیعتیمادسەڵتەنە هێنا. ناوبراو ئەوی بۆ پێشوازی ئۆردووی عێراقی ناردبوو، کە لە نێو ڕێ نان و ئاو بە هۆردوو بدات. هۆردوو لە قەلا لایدا. کاتێ سەربازەکان ناوی خان باباخانیان بیست، بە بێپرسیار دەرژێنە سەری و لەگەڵ پازده کەسیتر دەیکوژن. خزم و کەسەکانیتری پەنا بۆ گوندی حەمامیان دەبەن. سەربازەکان روو دەکەنە حەمامیان. ئەوانیش دەست لە گیانیان دەشۆنەوه و دوو سەرباز بە گوللە دەکوژن. لایەکی دیوار هەڵدەدرن و بە شەو هەڵدێن. کاتێ ئەم هەواڵە بە حسامالدوله دەگاتەوه، کار لە کار ترازابوو و خان باباخان کوژرابوو، بەڵام هۆی کوژرانی ناوبراو خەڵکی میاندواو بوون، کە لەگەڵ هۆردوو بوون.

بەیانی لە مەلاڵەرەوه بەرێکەوتن و لە ٦ کیلۆمیتری سابلاخ راوەستان. فەوجی شاسەر و ژریمان بۆ یەکەمجار لەوێ نەمانەوه و بەرەو قەرەقشلاق رۆیشتن و تێکەڵ بە ئۆردووی ئیعتیمادسەڵتەنە بوون، بەڵام نصرالملك و حسامالملك و عزیزاللە خانی·سەرتیپ و عەلیرەزاخانی سەرهەنگی تۆپخانەی موبارەکە، بەر لەوەی لە تیکانتەپەوه هۆردوو بەرێبخەن، دوو فەوجی سەربازی مەنسوور لەگەڵ ئاغا حسەین سوڵتان و رووستەم سوڵتان و پەنجا سواری شاهسەوەن و سەلیمخان ناردیانن بۆ پاسەوانی. چەند سەربازێکی تورك کە بە مەبەستی تالانی لە هۆردوودەرچووبوون، کوردەکان شوێنیان دەکەون و دەیانکووژن. لەم نێوانەدا، ئاغاحسەین سوڵتان و رووستەمسوڵتان لەگەڵ سوارەی سەلیمخان و شاهسەوەن رووبەروویان دەبنەوه و بیست کەسیان لێدەکوژن و سەربازەکانیان لە دەس دەردێنن. دوای ئەمە، گشت تۆپخانە و فەوجەکان و سوارە، بە رێكوپێکی بەرێدەکەون، تا لە گوندی مەلاڵەر، لەگەڵ حسامالدوله یەك دەگرنەوه.

رۆژی یەکشەممە حەڤدەی مانگی زیحەجە(١٨٨٠/١١/٢١) چوار سەعات لە رۆژ تێپەڕیبوو دەگەنە قەره قشلاق. لەم کاتەدا هەواڵی کۆچی خوالێخۆشبوو حشمتالدوله لە دارالخلافەوه دەگا بە حەزرەتی اجل اکرم سوپاسالاری گەوره. ئەویش دەسبەجێ لەبەر رێك و پێکی ئۆردوو، بەرێدەکەوێ و رۆژێك بەر لە هاتنی ئۆردووی عێراقی بۆ قەرەقشلاق تەشریف دێنن.

---

[1] گوندێکە لە نێوان بۆکان و میاندواو. واتە لە نێوان داشبەند و قەرەموسالیانە.

بەشی دوازدەهەم

باسی بەرەو محاڵی مەرگەوەڕ و مەنگووڕ چوونی لەشکری سەرکەوتوو بە فرمانی حەزرەتی اجل اکرم حاجی میرزا حسەین خانی موشیرەدوله سوپاسالاری گەورە و شوێن کەوتنی شێخ قادر و هەمزە ئاغا و دڵخۆشی دانەوەی کوردەکانی شارۆچکەی سابلاخ و موکری.

بەڵام دوای تەشریف هێنانی سوپاسالاری گەورە و گەیشتنی هەموو لەشکری عێراقی بۆ قەرەقشلاق، ڕۆژی دووشەممە هەژدەهەمی هەمان مانگ(١٨٨٠/١١/٢٢) بۆ سلامەتی وجوودی پیرۆزی ئەعلاحەزرەت قدرقدرت شهریاری ڕۆحی عالەمی بە قوربان بێ و جەژنی موبارەکی (غدیر خم)، سەرلەبەیانی جەژنیان گرت. لێپرسراوانی گەورە و چکۆلە، هەموو بە خزمەت گەیشتن، هەر کام بەش بە حاڵی خۆیان لە ڕەحمەت و لوتفی بەشدار بوون. پاش سڵاو گەیاندن بە گەورەبەرپرسان داوای کرد: کۆڕێك پێك بێنت، تا لەشکرێك بە شوێن هەمزە ئاغا و شێخ قادردا بنێرن. بۆ بەرژەوەندی خۆیان کۆڕێکیان ڕازاندەوە. دانیشتن، باسیان کرد و پاشان هەستان، لە ئاکامدا ئەو کەسەی فیداکاری کرد: حسامالملك بوو لە سەر خواستی خۆی داوای کرد بینێرن بۆ مەرگەوەڕ. هەروەها عەزیزوڵلاخانی سەرتیپیش لای مەنگووری هەڵبژارد.

ڕۆژی نۆزدەهەم(١٨٨٠/١١/٢٣) عەزیزوڵلاخانی سەرتیپ و عەلیرەزاخانی سەرهەنگی تۆپخانە بە چوار تۆپ و سواری قەرەپەپاغ بە سەرکردایەتی حەسەنعەلیخان دووسەد کەس و دویرن و ئیرانلو و سوارەی بەختیاری و سوارەی یوردچی و فەوجی قەهرەمانیە و حەوتەمی شقاقی و فەوجێکی حەسەنعەلیخانی ژەنراڵ لە ئۆردووەوە بەرەو لاجان و مەنگووڕ بەرێکەوتن. هەر ئەو ڕۆژە حەزرەتی اجل اکرم سپاسالاری گەورە بۆ بەرێخستنی ئەم لەشکرە لە هۆردوو دەرکەوتن. لە گەڕانەوەدا بۆ ئەحواڵ پرسی و ئاگا لێبوون تەشریفیان هێنا بۆ ڕەشماڵی حیسامولمولك. ڕۆژی بیستەمی هەمان مانگ حیسامولمولکیش لەگەڵ دوو دەزگا تۆپی ئۆتریشی و کاپتن (ئەگنر) و دوو دەزگا تۆپی قەدیمی لەگەڵ محەمەد ئاغای یاوەر، فەوجی شاسەر و ژریمانی یەکەم لەگەڵ مسیو (بارن) و ئاغاخانی سەرتیپ لەگەڵ ٤٠٠ کەس لە فەوجی چوارەمی تەوریز، فەوجی شەشەمی قەرەگوێزلو لەگەڵ فەزلوڵلاخانی سەرهەنگ، فەوجی مەنسوور لەگەڵ عەلی ئەکبەر خانی سەرهەنگ، فەوجی (مخبران) لەگەڵ میرزا عەلی لەلایەن جەنابی ناصرالملك سەد کەس سوارەی قەرەگوێزلوو، لەگەڵ دەلیخانی یاوەر، یوسف خان سەرتیپی شاهسەوەن بە ٤٠٠ کەسەوە، خان کەشیخانی قەرەپەپاخ بە ٣٠ کەسەوە، یوسفعەلیخان سەرکردەی خەڵخاڵی بە سەد کەسەوە، محەمەدقولیخانی شاهسەوەنی مشکین بە ١٠٠ کەسەوە، قوربانعەلی خان کوری فەزلعەلی خانی شاهسەوەن مشکین بە ١٥٠سوارەوە، قەراجەداغی عالیشان بەگ و سەردار بەگی قووجە بیگلو بە پەنجا

سوارەوە، تەهماسبقولـی خـان سـەرکردەی سوارەی قەراجـەداغی بـە ١٠٠ کەسـەوە بـەرەو مەرگەوەڕ دەڕۆن.

بەیانی رۆژی بیست و یەکەم(١٨٨٠/١١/٢٥) خودی حەزرەتی اجل اکرم تەشریفیان بـۆ قادر ئاوا هێنا. دوای بەرێکەوتنی هۆردوو گەڕانەوە، بەڵام حیسامولمولك ئیتر لە نیورێدا جگە لەوەیکە بۆ دابینکردنی خواردەمەنی لە دەربـەندی سندووس رایـانگرت، چیـتر لـە رێگـادا نەمانەوە. رۆژی بیست وچوارەم(١٨٨٠/١١/٢٦) گەیشتنە شنۆ. بۆ بەڵەد بوونی رێگا و بـاران بارین، دوو رۆژ لەوێ مانەوە. کاپتن (ئەگنر) لەوێوە بـۆ قەرەقشـڵاق گەڕانـەوە و تۆپخانـەیان سپاردە دەس مسیۆ (بارن).

رۆژی بیست و شەشەم(١٨٨٠/١١/٣٠) وا بڕیار درا کە هۆردوو لـە شـارۆچکەی شـنۆوە بـەرەوگوندی ئـاغبلاغ[1] کـە سـێ قۆناغـەڕێ (١٨ کیلۆمیـتر) لـەوێوە دوورە بەڕێبکـەوێ. لـەو دەشتەدا کاتێ فەوجی سەرباز ریز بوون، دەتوت عەرز بۆتە زەریـا و شـەپۆل. لـە بـەر سـم کوتانی ئەسپ لە چەپ و راستەوە، هاوار لە ماسی نـاو ئـاو، هـەتا ئاسـمان رۆیـی. لەبـەر گرمەی تۆپ و نەڕەی قارەمانی سپا، ماسـی گیـانی دەلـەرزی و مـانگ گـیرا. کـاتێ هـەواڵی لەشکریان بۆ مەرگەوەڕ برد، مەرگەوەڕ بۆ کوردان بـوو بـە مـەیدانی مـەرگ. سـەرەتا سواری قوجە بیگلو و فەوجی مقرب‌الخاقان ئاغـا خـانی سـەرتیپ بـۆ پاسـەوانی و شـارەزایی رێگـا بەرێکەوتن.

پاشان فەوجی ئۆتریشی و تۆپە قەدیمی و تازەکـان لەگـەڵ فـەوجی شەشـەم و دەسـتەی مەنسوور و هەموو کەل و پەل و بارگە و بنەیان بەڕێکەوتن. ئەو رۆژە دەستەی (موخبران) لـە پێشـەوە دانرابـوون و حیسـامولمولکیش خـۆی لەگـەڵ سـەرجەمی سـوارەکانی و سـوارەی یوسف‌خان و قەرەپەپاغ و...هتد. لە هەموو شوێنێکەوە کـە لـە نـاوەندی ئـۆردوودا پێ‌بـەپێی تۆپەکان بەڕێدەکەوتن، بەوپەڕی رێکیوپێکی تا داوێنی گەردەنەکە چوون. هاتنە سەر کێوێك کە لەو سەرەوە دەیانتوانی بە دەست (جدی) و (حمل) راو بکەن.

مسیو بارن کە سەرۆکی تۆپخانەی موبارەکە بوو، پاش ئەوەی لە رێگاکە ورد بۆوە وتـی لەم کێوە پڕ لە بەردەڵانە و رێگا تەنگە کە هەموو بەرد و تەلانـە، ئـەم تۆپانـە بـە سـەرباز و تۆپچی سەر ناکەوێ. باشتر وایە دەسبەجێ بگەڕێینەوە بـۆ شارۆچکەی شـنۆ. بەشـێك لـەم لەشکرە لەگەڵ تۆپخانــە لـە شـنۆ بمێننـەوە و پاشـماوەی لەشکر لـە سـوارە و پیـادە بـەرەو مەرگەوەڕ بەڕێبکەون.

حسام‌الملك ئەم قسـەیەی قبـوول نـەکرد و فرمـانی دەرکـرد، تـا ئەسـپەکان لـە تـۆپ و چەکەکان بکەنەوە و بە سەر ئەو کێوە رەقەنەدا و بە نێـو ئـەو رێگـا تەنگـەدا، کـە مێروولـە دەرفەتی رۆیشتنی نەدەبوو، چنگاڵـی پڵنگ لێـی گـیر نـەدەبوو، تۆپـەکان بـە بێ‌ئەسـپ بوو

[1] کانی‌سپی – شی پی‌دەڵێن

قۆناغەری (١٢ کیلۆمیتر) بە سەر شانی سەربازدا بدەن و لەو سەرما و سەخڵەتەدا شەش سەعات لە شەو تێپەڕیبوو، کە گەیشتنە ئۆردوو، بەیانیەکەی بۆئەوەی سەربازەکان پشوویەك بدەن، هەر لەوێ مانەوە و مسیو بارن بۆ تاقیکردنەوەی ڕێگاکە لەگەڵ دوو سەربازدا نزیکەی قۆناغەرییەك (٦ کیلۆمەتر) سەرکەوتن و گەڕانەوە و وتی لەم ڕیگایە، ئەم تۆپانە بە سەرباز بۆ سەر ئەم کێوانە سەر ناخرێن. چونکێ لە هەندێ جیٚدا هەڵدێری وای هەیە، کە ناکرێ تۆپی پێدا بپەڕێنینەوە. ئەگەر نەگەڕێنەوە بۆ شنۆ، .ئەوا من ئەم کارە ناگرمە ئەستۆ. خەبەریش هاتبوو کە قادری کوڕی شێخ[1] بە (٩٠) هەزار کەسەوە لە نێو ڕێدایە.

مسیو بارن تۆپخانە و فەوجی شاسەر و ژریمانی یەکەمیان ئامادە کرد و وتی ئەوە من بە ڕەزامەندیی خۆم، خۆم لەم کارە کێشایەوە و ئیتر دەسەلاتێکم نییە، هەر شتێکیش حیسامولولك بڕیاری لە سەر بدات، دەبێ ئێوەش چاو لە دەستی بن و سەرپێچی لێنەکەن. پاش ئەوەی قسەی لە خۆ کێشانەوە کرد و بەرلەوەی هۆردوو بەرێکەوێ، سواری ئەسپ بوو، ڕێگای گرتە بەر و لەگەڵ سەرباز و تۆپخانە گەیشتنە داوێنی کێوەکە. لە چەند شوێندا کە هەڵدێر و تەلان بوو، بە فرمانی حیسامولولك بە هەزار زەحمەت و کوێرەوەری و بە دەستی خودی حیسامولولك و سەرباز بە قوڵینگ و پێمەرە چاکیان کرد و دیسان تۆپەکانیان خستە سەرشانی سەرباز و پەڕاندیاننەوە. بە جۆرێك کە فەرزینی ئەقلی مسیۆبارن و فەرەنگیەکانیتر وەك شای شەترەنج لە بزووتنەوەی پیادەی فیلەتەن پاش زەحمەتی ئەسب مات بوو و ڕۆحیان لە خانووی سەرگەردانی دانا و ناچار دەستیان کرد بە ستایش و پێداهەلگوتن.

سەرەتای خۆرنشین بوو، گەیشتنە مەحاڵی مەرگەوەڕ، هەموو خەلکی (ناوچە) لە ترسی گیانیان بۆ کێو و دەشت هەلاتبوون. تاقە کەسێکیش لە مەرگەوەڕدا نەمابوو. دەنگوباسیان عەرزی حەزرەتی ئەجەل اکرم سوپاسالاری گەورە کرد، عەبدوڵلاخانی زەرزا، کە لە کێوی ڕووری شنۆوە (سفتاق)ی هەبوو و فرمانێکی سەبارەت بەو و خەلکی شنۆ نەفەرمووبوو، بەمجۆرە کاری بە ناوبراو نەدا و هەر ئەم باسەشی عەرزی جەنابیان کرد. بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە مقرب‌الخاقانی تەیموور پاشاخان لەگەڵ هەندێك لە فەرماندەکانی خۆی، پاش بیستنی هەواڵی هاتنی ئۆردوو، هاتن بۆ مەحاڵی مەرگەوەڕ، شتێك لە شار و دێهات وەك خواردەمەنی و کا و وێنجە نەمابوو. دەستەی هۆردوو کەوتبوونە تەنگوچەڵەمەوە، کە بەخششی خوا گەیشت و عبدالحسین بەگی نایب کە بۆ هێنانی خواردەمەنی لە باڵەخچی مەحاڵی سندووس لەلایەن حیسامولولکەوە نێردرا بوو لەگەڵ دەستەیەك سواری قەرەگوێزلوو، کە بە وەلیخانی یاوەریان سپاردبوو، لەگەڵ خۆیان سەد بار ئاردیان گەیاندە ئۆردوو، کە پەنجا بار وشتریان هی حیسامولولك و پەنجا باریان لە قەرەپەپاغ بە کرێ

---

[1] شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلا

گرتبوو. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕێگاش گیرابوو و گەزێکیش زیاتر بەفر باریبوو. هەر ئەم دەرفەتە لە بەختی بەرزی پاشای جەمجاە عالەم پەنا، بوو بە هۆی هێمنایەتی هۆردوو و هەڵاتنی لەشکری شێخ. دە ڕۆژ لە مەرگەوەڕ مانەوە. چونکە پێی وا بوو لەم زستانەدا ناتوانن کارێکی خراپ بکەن، بۆیە گەڕانەوە بۆ ورمێ و تێکەڵ بە ئۆردووی سوپاسالاری گەورە بوونەوە، کە لە سابلاخەوە ڕاستەوخۆ بۆ هۆردوو دەهاتن.

پاش چەند ڕۆژێك فرمان کرا کە حسام‌الملك بچێ بۆ خۆی. قۆناغێکیان بڕی و هەر ئەو شەوە دوو گەز بەفر باری. سەرەڕای بەفربارینیش، بۆ بەیانی فەوجەکانیان بەڕێخست،. بە دەم ڕێوە بوون، کە نامەیەکیان پێگەیشت، دەڵێ هەمزاغا یاخی بووە و کوردەکانی لەگەڵە، لەبەرئەوە چوونی ئێوە ڕەوا نییە و بگەڕێنەوە. هەر بەو حاڵ و داروبارەوە بەوپەڕی پەرێشانی و شێواوییەوە گەڕانەوە و هاتنەوە بۆ شاری ورمێ. دواتر خۆیان ئامادە کرد بچن بۆ لاجان، کەچی هەواڵ هات درۆ بووە، بە پێی فرمان لە ورمێ مانەوە. سێ فەوجی هەمەدان و دوو فەوجی قەزوین، لەو زستانە سەختەدا سەرەڕای گرانی خەڵە و خەرمان و نەبوونی جێ و بارەگا، لە پاسەوانێتی شار و دەرەوەی شار دەستیان بەر نەدا و لەگەڵ خەڵکی ورمێ بەوپەڕی نەرمونیانییەوە دەجووڵانەوە. بەڵام لەبەر نەخۆشی تیفووس، هەندێ لە سەربازەکان مردن. هەر چەند دوکتۆرەکانی لەشکرەکە بەرپرسی دەرمانکردنی دەستەی نەخۆشەکان بوون، ئەوپەڕی سەرپەرشتیان دەکردن و هەموو خزمەتێکیان دەکردن، ١٠ سەربازی فەوجی شەشەم و مەنسوور لە ژێر ئاواردا مانەوە. بۆ ئاگاداری لە ڕووداوەکە حیسامولمولك خۆی گەیاندە ئەو شوێنە، حەوت سەربازی نەجات دا و ١٠ سەربازیان بوون بە فیدای خاکی پێی گەوهەر ئاسای پیرۆز.

زستان لە ورمێ مانەوە. بەردەوام سدیق کوڕی شێخ پیاوی دەنارد و داوای لێبووردنی دەکرد. عەرزی جەنابی جەلالئاسای ئەمیر نیزامیان کرد، لەگەڵ ئەو بارودۆخەی ئەو دەیویست، بە چاکیان نەزانی کاریان بە کوڕی شێخ دابێ. حەوتووی دوو ڕۆژ ئیقباڵدەولە و نصرالملك و حیسامولمولك لە شوێنێ کۆ دەبوونەوە و لەگەڵ هەندێ کەسی خەڵکی شار ڕا و تەگبیریان دەکرد و دەنگوباسیان دەگۆڕییەوە و بە تەتەر بڵاویان دەکردەوە. پاش جێژن بە پێی دەستوور، هۆردوو لە دەرەوەی شار دامەزرا و چاوەڕێی گەیشتنی فرمان و هاتنی ئیعتیمادسەڵتەنەیان کرد.

لە ئاخروئۆخری مانگی جمادالثانی (کۆتایی مایسی ١٨٨١دا) ئیعتیمادسەڵتەنە هات، پاش هاتنیان حسام‌الملك لەگەڵ فەوجەکانی سێ قۆڵی عاشقلو و ١٠٠ سوار و دەستەیەك موزیکچی و شەش دەزگا تۆپ بە سەرهەنگیی عەلیرەزاخانی گەرووسی لەوپەڕی ڕێك و پێکی بەرەو لاجان چوون. ١٠ ڕۆژ دوای بە ڕێکەوتنی ئۆردووی لاجان، خودی ئیعتیمادسەڵتەنە لەگەڵ نصرالملك و فەوجەکانی قەزوین و فەوجێکی هەوشار وسوارەی

ڕەحیمخان و فەروخخانی چەلبیانلو لەگەڵ شەش دەزگا تۆپی بنپڕ بەرەو مەرگەوەڕ بەڕێکەوتن.
ئەم لەشکرانە بەوپەڕی ڕێکوپێکی و ڕازاوەیی لە لاجان ومەرگەوەڕ بوون تا مانگی شەعبان؛ کە جەنابی ئەمیرنیزام بە پێی دەستوور تەشریفیان هێنا بۆ لاجان. ڕۆژی تەشریف هێنانیان فەوج و سوارەکان پێشوازییەکی وەهایان لە ئەمیر نیزام کرد، کە لە خەیاڵدا نەدەگونجا، ئەویش ئەوپەڕی گەورەیی خۆی لەگەڵ ئەندامان و نۆکەران دەنواند. حەوت ڕۆژ مانەوە و هەموو ڕۆژێ دەچوون بۆ مەیدانی مەشق، بە تایبەت جارێك تەشریفیان هێنا بۆ ئۆردووی نیزامی و زۆریان تاریفی بارودۆخ و ڕێکوپێکی و پتەوبوونی سەنگەرەکان و پاك و خاوێنی ئۆردووکرد و سەربازە نەخۆشەکانی خەڵات کرد و دەستی بەزەیی بەسەردا هێنان. نانی نیوەڕۆیان لە ڕەشماڵی حیسامولولك خوارد. مووسیقاژەنانی هەمەدانی بۆ پیرۆزبایی تەشریف هێنانی ئەمیر نیزام، بە جۆرێکی وا مۆسیقایان ژەند، کە پەنجا تمەنیان خەڵات کردن و عەلیبەگی سوڵتانی (مۆسیقاژەن) بە پلەی یاوەریی گەیشت و مزگێنی مۆڵەتدانی، ئەو ڕۆژە بە هەموو نۆکەرەکان گەیشت. حەوت ڕۆژ مانەوە و پاشماوەی بڕیاری مۆڵەتدانی بۆ هەر کەسێ بە ئەندازەی گیانبازی و فیداکارییەکەی پێدرا و پاشان تەشریفیان بردەوە. ئەمە دەقی ئەو نامەیەیە، کە خزمەتەکانی حیسامولولك باس دەکا و بۆخزمەت ئەمیر کەبیری نایبالسلطنە وەزیری جەنگ نێردراوە:
قوربانی وجوودی موبارەك بم. کاتێك پلە و پایەی خزمەت و شایان بوونی کەسێ بەوپەڕی خۆی گەیشت دەربەستی پێدا هەڵگوتن نابێ. سەرەڕای ئەوە پێویستە کە بە کورتی باسی خزمەتەکانی عمدەالامرا العظام حسامالملك لە سەفەری ئازەربایجان بکەم. ناوبراو لە سەرەتای ئەرکەکانی ئەم سەفەرەیدا ڕۆژێك لەگەڵ خوالێخۆشبوو حشمەالدولە لە دارالخلافەوە بەڕێ کەوتوون. لە حاڵێکدا کە شازادەی خوالێخۆشبوو ڕاستەوخۆ لە ڕێگای گەڕووسەوە بەڕێکەوتبوو، حیسامولولك دەسبەجێ لە دارالخلافەوە چوو بۆ هەمەدان و لە ماوەی پێنج ڕۆژدا هەر سێ دەستەی قەرەگوێزلو و سەد سواری تازەی خۆی بەوپەڕی شکۆ و ڕێکوپێکییەوە تەیار و ئامادە دەکا و هەر زوو بەڕێ دەکەوێ و چەند ڕۆژێکیش بەر لە هاتنی شازادەی خوالێخۆشبوو لە گەڕووس ئامادە دەبێ. حەزرەتی واڵا دەزانن کە بە ڕێخستنی ئەم سێ فەوجە بەو خێراییە کارێکی وا ئاسان نەبووە و کاتێکیش لەگەڵ شازادەی خوالێخۆشبوو لە گەڕووسەوە بەڕێدەکەون و لە خاکی هەوشاردا ئەو کێشەیە ڕوو دەدا و ئۆردووی دەوڵەتی دەکەوێتە دەس سەرۆکەکان، سەرەڕای ئەو شێواوی و پەرێشانییە، حیسامولولك ئۆردووی خۆی ڕێك و پێكتر و جوانتر لە هەموویان بەڕێدەخا و لە لەشکرگای قەرەقشلاق تێکەڵ بە ئۆردووی ناوەندی دەبێ. لەو ماوەیەی کە ئەرکەکانی خۆی لە مەرگەوەڕ بەڕێوە دەبرد، کە شوێنی نیشتەجێبوونی شێخ قادر بوو، گەورەترین خزمەتەکانی خۆی لەوێ کرد و لەگەڵ کەند و کۆسپی زۆر ڕووبەڕوو بوو، زۆر کەس ئەو ئەرکەی نەدەگرتە ئەستۆ. بەڵام

حیسامولمولك ئەو خزمەتەی بە دڵ قبووڵ کرد. لە جەنگەی سەرما و دژواریی و بەفری زۆر و نەبوونی خواردەمەنی و بە سەختییەکی زۆر، لە شنۆوە تێپەڕی و خۆی گەیاندە مەرگەوەڕ و ئەوەندە ڕۆژەی کە پێویست بوو لەوێ مایەوە. بوو بە فەرماندەی ورمێ. ئەو ماوەیەی لە ورمیش نیشتەجێ بوو، وەك چۆن فەوج و سوارەکانی خۆی بەوپەڕی ڕێکوپێکێ ڕادەگرێ، بە هەمان شێوە خەڵکی ورمێ لە ئاکاری جوانی خۆی ڕازی دەکا و لەم دواییانەدا لە ورمێ بە فەوجی سێ‌قۆڵی و سوارەی خۆی بۆ پشتیوانیی ئۆردووی سابلاخ و پێکهێنانی ئۆردووی لاجان بوو بە فرماندەی شوێنە گرینگەکانی ئەم دەوروبەرە و نزیکەی هەزار سوارەی قەرەپەپاغ و مامشی پێ‌دەسپێردرێ. یەکەم ئەوەی بەوپەڕی ڕێکوپێکی و ئەوپەڕی شان وشکۆ لە ورمێ دەچن بۆ لاجان و دووهەم لەوێ ئۆردوویەکی زۆر ڕێکوپێك بە هەموو پێویستییەکانییەوە دادەمەزرێنێ و ڕێکوپێکی دەکا. ئەوە لە هەلومەرجێکدا بووە کە ئێلی قەرەپەپاغ و مامش لە هاتنی ئۆردووی دەوڵەت بۆ لاجان زۆر دەترسان و سەرەتا زۆربەیان بلاوەیان کرد. بەلام حیسامولمولك بە جۆرێك بۆ هیمنایەتی ئەوان و ڕێکوپێکی لەشکر هەوڵی دا، کە گشت عێلی مامش و قەرەپەپاغ بوونە دۆستی لەشکر و لەو پەڕی ئاسایشدا کار و کاسپی خۆیان دەکرد. حیسامولمولك لە هەموو کەسێ باشتر بۆ پاراستن و ئاگاداریی شوێنە گرینگەکانی ئەم ناوچەیە تێدەکۆشا. ئەوەی پێداویستی سەرۆکایەتی ئەو ئۆردووە و بارودۆخی پاراستن و ئاگاداریی بووە، بە جێی‌هێناوە، بە جۆرێك کە جەنابی وەزیری فەوائیدی گشتی بە ڕێکوپێکی و هەوڵ و تەقەللا و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا هەڵدەگوت و دەستخۆشانەیان بۆ دەنووسی.

لەمکاتانەدا کە ئەم نۆکەرە چکۆلەتان لە سابلاخەوە چووم بۆ لاجان و ئۆردووی ئەوم لە نیزیکەوە بە چاوی خۆم بینی، بە بێ‌لاف و گەزاف عەرزتان دەکەم کە تا ئێستا سەرباز و سوارەی (پاش نۆ مانگ خزمەت) ئاوا تازە و پاك و خاوێن و ئۆردوویەکی بەم ڕادەیە ڕێکوپێك و خاوەن لێپرسراوگەلی ئاوا شایان و چەکی وا تازە و نوێم نەدیبوو و لە هەموو لایەکەوە جێگای پێدا هەڵگوتن و ئافەرینن. ئاشکراشە ئەمانە هەموو لە سایەسەری زەحمەت و لێوەشاوەیی و کارزانی حیسامولمولك ـەوەیە، کە جگە لە گەورەیی بنەماڵە و ڕەسەنایەتی وەجاخزادە بوونی بۆ نۆکەریی شاهەنشا، بەوپەڕی خۆی گەیشتووە و لە ڕیزی سەرکردە و سەرۆکەکانی سپادا هۆی شانازی لەشکری دەوڵەتە، هەرچەند من خۆم سەبارەت بە حیسامولمولك خۆی و دارودەستەکەی، دەرگای سۆز و خۆشەویستیم کردەوە؛ بەلام پاداشی ئەم جۆرە خزمەت و ماندووبوونانە لەم سەفەرەی و بەجێهێنانی لێوەشاوەیی و کارزانیی ئەو، پێوەندی بە بەخشش و خەلاتکردنی ڕەحمی شاهانە و سەرنجپێدانی تایبەتی حەزرەتی ئەشرەفی والایە، ڕۆحمان بە فیدای بێ.

امرکم الاشرف الوالا مطاع ١٢ی مانگی شعبان ١٢٩٨

دوو ڕۆژ دواتر ٣٠٠ سەرباز لە فەوجەکانی سیّ قۆڵی، ٣٠ تۆپچی گەرووس لەگەڵ غولاّم حسەین خانی یاوەر، فەوجی مەنسووری بە سەرکردایەتی حیسامولولك بۆ پاراستنی قەلاّی لاجانی دانا و لەگەڵ وەزیری فەوائید ئۆردوویان بەرێخست و هاتن بۆ سابلاّخ. سەرەرای ترس و دڵەراوکەیەك کە خەڵکی شاری هەیانبوو، بەوپەڕی ڕێكوپێکی و میهرەبانییەوە بەڕێکەوتن. دوو ڕۆژ مانەوە و پاش ئەو ئۆردوویان بەرێخست و لە رێگای میاندواو و ساینقەڵاّ و بیجارەوە هاتنەوە بۆ ولاّت.

نۆکەری گیان لە سەر دەست: عەلی ئەکبەر سەرهەنگی فەوجی مەنسوور، کوڕی حیسامولولك بۆ ئاگاداری هاوڕێیانی بارەگای موبارەکی ئەعلاحەزرەتی قدرقدرت همایونی رۆحم بە فیدای بیّ، ئەم کتێبەی کە بە ناوی ناصریيەوە نێودێر دەکریّ، لە رووی ئاگاداری و زانینەوە پێشکەش بە خاکی بەر پێی موبارەك دەکریّ...کتێبی (نصاری)یش بە زمانی فەرەنسە زەحمەتی کێشاوە، نووسیوێتی کە هەر بەم جۆرە بوو.ئەویش دەگاتە دەستی موبارەکی ئەعلاحەزرەت اقدس ظل‌اللّهی.روحنا و روح‌العالمین فداه.

سەرنج:

بەو بۆنەیەوە کە بۆ یەکەم جارە ئەم سەرچاوە گرنگە دەکرێتە کوردی، بە چاکمان زانی سەروەری دەستخەتەکەش(بەڵگەنامەکەش) وەکو خۆی بلاّو بکەینەوە.

افتتاح بسم الله تعالی ناصری

روزنامهٔ گذارش اتفاقیهٔ فوق العاده که در آذربایجان در سنهٔ ۱۲۹۶

اتفاق افتاده از بدو شیخ عبیدالله حالات خیال او وجه طغیان او و [illegible]

با دولت معاودت نموده و تحصیل اسلحه و وجه نقد که او نموده و وقایع حرکت او

از محال نوچه و رفتن حسام الملک بمرگور و عزیزالله خان [illegible] و از بخت بلند اعلیحضرت

اقدس شهریاری تمام شدن او و همراهان او و طوایفی که همراهی نمودند و با او

بودند الی آخر سنهٔ ۱۲۹۶

فصل اول

در زمان سلطنت شاهنشاه غازی محمد شاه مغفور [illegible]

شیخ طه که [illegible] اکراد جلوه نموده خود را از سادات طباطبائی

بنظرها جلوه داده بود و ساکن در نهری که [illegible] و [illegible] خاک [illegible]

و نام مرگور که بلوکی است از محالات ارومی چهار فرسخ است بوسیلهٔ جنه و جوجو سو

بحضور مبارک شاهنشاهی جلوه داده جمعی قریه از دهات بلوک مرگور را تیول با

مرحمت فرموده صرف معیشت تکیهٔ درویشی مانند سی سال بدین منوال محصول دهات

مذکور را ضبط نمود و قرب منزلتی در انظار اکراد از عقیدتی و شعور بهم رسانید تا بدرک واصل شد

بعد از وفات شیخ طاها شیخ عبید حرامزاده پسر او بر تختهٔ پوست درویشی نشست

عشایر و اکراد را فریفتهٔ عقیدهٔ خود نموده تا که مابین دولتین بهیهٔ روس و علیهٔ عثمانی

نزاع اتفاق افتاد محض شنیدن خبر نزاع دولتین جمعی کثیر از عشایر و طوایف

اکراد جمع آوری نموده اسباب و اسلحهٔ جنگ نیز از دولت عثمانی باسم جهاد در سبیل

الله گرفته بمقاتلهٔ لشکر روس شتافت در نزدیکی حسن قلعه تلاقی فریقین مابین

عشایر و سالدات دولت بهیهٔ روس گردید از آنجا که اکراد جنگی بقاعده ندیده

و قواعد حرب را نفهمیده بودند تاب مقاومت قشون دولتی را نیاورده فرار

در ساعت مقاتله و منازعه فرار بر قرار ترجیح داده رو بگریز نهاده و راه بیابان

پیش گرفته اسباب و اسلحه که از دولت عثمانی برسم امانت گرفته بودند همراه بردند

در بین راه در جائیکه عبور مذهب و رعیت دولت عثمانی بودند تاخت و تاراج نموده

اهالی آنجا را بقتل رسانیدند شیخ عبید چون قشون را شکسته و برگشته را از هم گسسته دیدند

خود نیز با بعضی از اقارب که باز مانده بودند با صدیق نام پسر خویش فرار اختیار و بقصبه وان

با برادری شیخ عبدل که یکی از مشایخ اهل سنت است رسانیده متفقاً خود را بباری

احمد پاشا رئیس عسکر دولت عثمانی رسانیده هنگام وقوع شکست عسکر دولت عثمانی

شیخ چشم از هم مذهبی و تمکن خود پوشیده دست یغما بجانب اموال

و اثقال و آلات حرب قشون مذکور دراز نموده اسباب و اسلحه و قورخانه زیاد

کلیه را برداشته بجانب نوچیه که مسکن او بود روانه میکردد و در اینمدت از

کثرت اسلحه و ازدیاد قورخانه و ازدحام اکراد بهر طرف دست تعدی دراز نموده

عوام کالانعام هم محض جلب منفعت و ریختن خون مسلمانان به دور او جمع گشته آن

بآن بابیه هرزه گوی و جسارت را بیشتر از پیشتر دراز نموده جنایات فاحشه بنیاد

ذکر داستان گریختن عبدالله خان زرزا از حبس نواب والا معین الدوله و دلالت کردن حاجی رحیم خان ارومیه را بجانب شیخ عبید و رفتن او و بتوجه و حکومت اقبال الدوله

هنگام حکومت نواب والا معین الدوله در ارومی از آنجائی که عبدالله خان زرزا و برادرش ابراهیم خان در سمت قصبه اشنویه دست تعدی بجانب رعیت باز نموده پای شرارت را از اندازه خارج دراز کرده نواب والا باشنویه با جمعی حرکت نموده هر دو را گرفته بعد از شهر دنادست حبس فرموده بعضی حرکات ناشایست از ملازمان نواب والا اتعال و کسان آنها ناشی شده خود آنها از حبس فرار کرده و حالا که

با شیخ عبید عداوت داشتند از بیم جان دیگر قاری را پاره پناه باو برده اینقدر
بیشتر اسباب جسارت شیخ گردید

محمل آقای روند ساکن دشت بیل که بعضی از املاک اقبال الدوله را اجاره نموده بعد از شنیدن این خبر مشغول تعدی و جنبش شد مشار الیه را برداشته پناه بشیخ برد
خسرو خان سرهنگ پسر اقبال الدوله هم دسته سرباز مخصوص گرفتن محمل آقا بدشت
بیل روانه داشت شیخ نیز محض حمایت محمل آقا حسن بیک برده سوار را با چهار
صد نفر تفنگچی مقابله فرستاد تا قاسملو که اول خاک ارومی است آنها را تعاقب
نموده مراجعت کردند

فصل دویم عبدالله خان نزد شیخ عبیدی مانده قرب و منزلتی بهم رسانیده
بنای دلالت مردم را بسوی شیخ گذارد و کاغذهای چند باطراف و جوانب
نوشت اظهار محبت شیخ را نمود و سایر مردم نمود من جمله کاغذی بحاجی رحیم خان ارومیه نوشته

و از جانب شیخ او را متوجه دعوت کرد مشارالیه نیز با بعضی تعارفات بسمت

شیخ روان گردید بعد از مراجعت از توجه اظهار مطلبی نموده تا حکومت را باقبال

الدوله مرحمت فرمودند از آنجائیکه با مشارالیه خویش بود مطالب چندی از شیخ پیش

کشید اقبال الدوله که عقرب از الاقارب کالعقارب کول آن بدکیش را خورد

محمد آقا و عبدالله خان را بدستیاری مشارالیه باردوی خواست عوض شرارت

آنها محبت و مهمانی نمود نظر چه از محمد آقا داشت گذشت کرد و بعد از گفتگوهای زیاد

قرار براین دادند که عبدالله خان پسر شیخزا باردوی بیاورد حکومت مزبور و آنرا بشیخزا

بدو داده بعد از برقراری حکومت شیخزا مزبور بیاورد اقبال الدوله نیز

به آنجا رفته هر دو در مزبور ملاقات نمایند و قراری در عمل خود بگذارند بعد از

رفتن عبدالله خان محمد آقای ماشی با سیصد نفر سوار وارد اردوی گردید

و قرار براین شد که فردای آن روز وزرا در باغ عالی یک اجوان خلوت نموده

با هم گفتگو نمایند فردا را بباغ مذکور رفته محمد آقا نوشتجات شیخ را که بخواند و نوشته

بود باقبال الدوله نمود و عرض کرد هرگاه بخواهید مراد در جزو شیخ قرار دهید

و حکومت مرگور و لاهیجان و قصبهٔ اشنویه را بعهدهٔ او واگذارید سبب خسارت او

خواهد شد زیرا که نظم   اگر بیضهٔ زاغ ظلمت سرشت • نهی زیر طاوس باغ

بهشت • بهنگام آن بیضه پروردنش • ز انجیر جنت دهی ارزنش •

دهی آبش از چشمهٔ سلسبیل • در آن بیضه دم در دمد جبرئیل • شود عاقبت

بیضهٔ زاغ زاغ • برد رنج بیهوده طاوس باغ • اقبال الدوله

این مطلب را هیچ نفهمید از عبدالله خان منع چندی این گفتگو بطول انجامید

با شیخ قادر و عبدالله خان زرزا و اردو و رومی که بنا اقبال الدوله بدون تفکر

در دادن حکومت اشنویه و مرگور را که فی الحقیقه در خانه فساد است

بعضیها و منع خود را بدست خویش شد حیرت داد و را بجای گرفتن ارومی و فسار

اندراجنت حکومت لاهیجان نیز بجای حسینخان تعلق گرفت محمد آقای ماشی چون از حکومت

ماکو سر کهنه فرار از اردوی خارج شد اقبال الدوله و شیخ الاسلام وضع بر تقویت

گران آمده بجماعت اعلان نموده سر طاعت اگر پیش نگیرید [illegible] میان ما و شما

گرمایم خواهد بود پیام ما زبان حسام خواهد بود. محمد آقا چون نوبک بساو حیلدغ

بود حالت خود را با آقا شاهزاده عرضه داشت که شاید بواسطه مشار الیه تقصیرکاری

مبارک حضرت اقدس ارفع والا ولیعهد روحنا فداه برسد و چاره جدید خود نشود

و در ضمن با چار سر طاعت پیش گرفت رضا داد مال خود را با این شیوه در آلان دارد

این سبب بیشتر باعث قدرت شیخ عبید کهنه که نیکه اندک سرحد ایران را بشکند

خانه آنهارا ویران نمود اهمی از عشایر اکراد که در برخلاف نبودند مشار الیه برخود

مسلط و به فکر بلند پروازی نمود تا هرچه حمزه آقای منگور الحاق افتاد

فصل بیستم چون در سال لوی ئیل سنه ۱۲۹۲ بجز حکومت ساوجبلاغ با

حضرت اقدس ارفع والا ولیعهد کیومرث محمد روحنا فداه نواب لطفعلی میرزا پسر مؤید الدوله

فرار کرده شد حمزه آقا رئیس طایفه منکور بود از بابت شرارت و هرزگی قطعی همیشه

از مأمورین دیوان عجم هراسان و از حکام قصبه ساوجبلاغ گریزان بود از آشنایی نواب

لطفعلی میرزا پسر ملک قاسم میرزا سابقه و آشنایی قدیم داشت شاهزاده بزرگ مرد

درست قولی بعضی به اطلاع این مطلب با لطفعلی میرزا تکلیف نموده بودند حمزه آقا را

از جانب من خاطر جمع نموده به شهر ساوجبلاغ ورود که هیچ وقت آسیبی از جانب حکومت به

تو نخواهد رسید بود از قرار داد مهمی مالیات طایفه منکور را ملاحظه خود جمعیت نماید

لطفعلی میرزا قصد استقلال را نموده حمزه آقا را به هزار زحمت از جانب حکومت آسوده

و مطمئن کرده بود شاهزاده محض اینکه از حکام بارها صدمه خورده بود با جمعی از کسان خود

به ساوجبلاغ آمد هنگام ورود اهالی قصبه را از استقبال نموده با احترام وارد

و محل مسکنی را او را آقا شاهزاده در محل حکومت قرار داده محبت و مهربانی نشست

مشارالیه فرمودند آقا عزیز قناع که یکی از آقایان تکریتی بود و او نیز از بابت بقایای

مالیات از زمان حکومت حاجی محمودخان فراری بود با حمزه آقا وارد شهر گردید آقای

شاهزاده بدون تأمل او را گرفته حبس فرموده و مطالبه مالیات کردند قادر آقا در این

مطلب را بحمزه آقا رسانیده مشارالیه بآقای شاهزاده عریضه عرض نموده و توسط او را

نمود شاهزاده در جواب نوشته بودند مرا با عزیز کاری نیست مگر مطالبه مال دیوان

فرد احساب خود را با میرزا تقی سردار زد باقی مالیات را بدهد مرخص است آن

حرامزاده این جواب بر طبعش گران آمده خود با ده نفر از اقارب با اسلحه وارد

محل حکومت گردیده عزیز را با بدرها برده شاهزاده نیز سواره رجوع میرزا

تقی فرموده بودند حساب او را رسیده باقی را دریافت کند و او در الحمزه آقا مدت

ولی در باطن به حجت تکفیر از اتباعش میگویند قسم یاد نمایند هر این حرامزاده جسور را

جسور نمایند وزنهایی بدون درنگ با ده نفر در منزل حمزه آقا رفته

در زنجیری با خود بعه باو گفت حسب الامر نواب والا زنجیر را ببوسید و بگردن خود بگذارد

مشار الیه چون از بیم گرفتاری احتیاط خود را داشت فاربین و تفنگ دست بخنجر

حمله بعمله جات حکومت نمودند لطفعلی نام فراشباشی نزد دست بقبضه نموده زخم جزئی

بحمزه آقا میرزه چون کسان حکومت جنگجو او را دیدند از بیم جان فرار نمودند مشار الیه

خود بسوی درب قلعه رسانیده سرباز قراولان مانع از رفتن او میشود با خنجر خود از

یکی را مقتول نموده میان قراولان و حمزه آقا آتش جنگ در گرفته احمد آقای برادر زاده

مشار الیه نیز از عقب گلوله از برای او شلیک از اطراف و جوانب اکراد جمع گشته بخیال

قتل و غارت اجزای حکومتی برخاستند علمای بلد بعد از شنیدن این خبر خود بزودی

رسانیده از این حرکت ناشایسته او را منع مینمایند که این کار فی المآل باعث

قتل و غارت اهل قصبه خواهد شد او نیز قبول این مطلب ننموده و حال اینکه سابقا

با شیخ عبید عداوت داشته سر اطاعت باو فرود نمی آورد و محض از بیم مال

کار غور رسیهاب نبوده منهمه سر اطاعت در پیش و بیان وقایع خویش را ازمنه

این مطلب مزید اقتدار و جسارت شیخ گفته

فصل چهارم چون شیخ عبید حمزه آقا را مطیع و جمیع عشایر را

حاضر فرمان دید حکام چند باطراف و جوانب گذاشت گماشتگان مخصوص

به ایل منگور و زرزا و هرکی و دروند و بناری و شیران و زود و شکاک

و دوستی و مامش و اهالی قصبه اشنویه و لاهیجان و مرگور و ترگور روانه نموده

بفاصله مدت قلیل لشکر کثیر از عشایر و طوایف جمع نموده شیخ قادر پسر خود را

ولایت عهد سپرده و حمزه آقا را سپهسالاری قشون داده بسمت آذربایجان

روانه داشت از آنجا که حمزه آقا از حکومت قصبه ساوجبلاغ رنجیده بود

و دلی از قتل برادرزاده خویش ریش داشت اول قشون را بسمت ساوجبلاغ

حرکت داده بعد از اشتهار این خبر آقا شاهزاده حکمران ساوجبلاغ

کیفیت راپورت کارگذاران آذربایجان اظهار نموده استدعای قشون و استعداد نموده
پیشکاران آنمملکت شورش اکراد را باین پایه گمان نکرده محمد صادق خان [illegible] باشی
و محمد حسین خان تحصیلدار را با سی نفر سوار رحیم خان سرکرده چلبیانی با یکصد نفر سوار
مامور ساوجبلاغ فرمودند غافل از اینکه قشون اکراد در چه پایه و شرارت ایشان
بچه اندازه است تا چون شیخ قادر و حمزه آقا از دو جهت حرکت کردند
اول محض آمدن قشون و تهیه راه بقصبه اشنویه وارد گردیده سه روز در آنجا
زیست نمود قبل از آنکه شیخ بقصبه اشنویه وارد گردد محمد آقای مامش
سلیمان آقا برادرزاده خود را بشهر روانه داشت که هرگاه شیخ عبید عزیمت از
حمزه آقا نماید خبر دهد او نیز مستعجلاً خبر داد که شیخ باطراف و جوانب کاغذ نوشت
و در تهیه جمع آوری قشون است محمد آقا فوراً بسلدوز آمده تفصیل را باسکندر
خان حاکم قراپاپاق حالی نمود ابراهیم آقا را با جلدان خان روانه ساوجبلاغ

داشت آنها نیز بعد از ورود تفصیل را عرض کرده آقا شاهزاده جواب داد شما بروید

در تهیه جمع آوری قشون باشید من نیز با جمعیت کردی از عقب خواهم رسید تا بنا باز

از مذکور ورود شیخ قادر را خبر آوردند محمد آقا با میوک خان پسر اسکندر خان

بسمت ساوجبلاغ شتافتند و بیان واقعه را عرضه داشتند آقا شاهزاده

آقایان کرد را حاضر نموده امداد از ایشان خواسته روانه اشنویه دار د هر یک حرفی

زدند و عذری آوردند ناچار سلیم خان چهاره لی داوطلب گردیده محمد صادق خان

و رحیم خان چپسیانی متابعت را نموده با محمد آقا و میوک خان روانه داشتند

اینها با جمعیت قلیل از ماش و قراپاپاق و غیره تا دربند سلدوز شتافتند سه روز

در آنجا توقف نموده شیخ وارد اشنویه گردید و امدادی از جانب ساوجبلاغ

وارد نمی رسید در این بین خبر رسید که شیخ عزم را جزم نموده ابتدا طایفه

قراپاپاق را قتل و غارت نماید اینها محض شنیدن این خبر متوحش شده

محمد آقای میرپنج را روانه اشنویه کرده و خود بجانب سلدوز شتافته سلیم خان در

حرکت آنها را انکار و تمکین ننموده و نیز تا جای بهتهای مرحمت و چلاغ نموده

اما شیخ از قصبه اشنویه بجانب سلدوز حرکت کردند اهالی سلدوز و قراپاپاق

که عبارت از جلال خان حاکم و بیوک خان نایب اجودان و حسنعلی خان سرهنگ و

خان کیشی خان و ابراهیم آقا و عباس آقا باشند از استماع آمدن شیخ نهایت

وحشت نموده بعد از اندیشه و خیال دیدند از عهده جنگ برنخواهند آمد جمع

سواره و پیاده باستقبال رفته جان و مال خود را با این شیوه حفظ نموده بقدر

صد خروار گندم و پنجاه خروار جو باسم سورسات بقشون شیخ داده اند و نیز حکم

شیخ به جمیع دهات سلدوز رسانیدند و اذیت نرسانند ازآنجا بجانب ساوجبلاغ

حرکت کردند قراپاپاقها خواهش کردند چون سواره ما مأمور خدمات دولت

باید ما را از آمدن ساوجبلاغ معاف دارید شیخ قبول آنها را مرخص نموده قرار دادند

حسن بابا خان پسر محمد خان از حکمران ساوجبلاغ نموده روی بجانب میان دو آب نهاد
[illegible] و از اهالی شهر و آقایان مکری همراهی با شیخ نموده میان دو آب شتافتند اسامی
آنها از این قرار است میرزا عبدالوهاب قاضی میرزا قادر قاضی میرزا قاسم قاضی
شیخ حسین امام جمعه شیخ الاسلام بایزید آقای نقیب مدرس رسول آقا
اسمعیل آقا عزیز آقا رحمن آقا محمد آقا ابراهیم آقا رئیس آقا کلانی آقا
برادران ابراهیم آقا رضاقلی میرزا پسر ملک قاسم میرزا عبدالله آقا پسر محمود آقا
خسرو آقا پسران محمد کریم بیک فتح الله خان پسر مظفر الدوله سایر پسران
محمد خان امین آقا پسر قادر آقا سلیم بیک و پسران فیض الله بیک عزیز
قائم حسن آقا اولاد معروف آقا سایر خلفا و مشایخ [illegible]
از قصبه تغرته حاجی حسن که یکفرسخی میان دو آب است منزل را قرار داده
در آن قریه پنج هزار کس از سواره و پیاده شان دیدند

فصل پنجم ذکر آمدن علی خان حکمران مراغه بیاری اهالی میان دوآب و قتل و غارت میان دوآب

بعد از انتشار ورود شیخ قا در قصبهٔ ساوجبلاغ و اطاعت اهالی آنجا و خیال
آمدن بسمت میان دوآب علی خان حکمران مراغه باتفاق محمد صادق خان سرکردهٔ
سوارهٔ مقدم و محمد حسینخان بختیاری و محمد صادق خان اجودانباشی حضرت ولیعهد
و حاجی رضاقلی خان اصفهانی و رحیمخان سرکردهٔ سوارهٔ چلبیانلو با یکعراده توپ
از مراغه حرکت نموده در عرض راه سلیمخان چهاردولی ملحق گردید متعاقباً
بجانب میان دوآب گذشته تا قریب سه ساعت بغروب مانده وارد شهر شدند
توپ را در بیرون شهر مقابل دشمن در باغستان برقرار نموده منزل را در عمارت
احمد خان در محلی نشیمن حکومت است مشخص و شب را تا صبح در تدبیر کار آن
بی تدبیرها بودند

دویست نفر از سوارهٔ عباس‌ها بر شیخ قادر بسر کرده که نوری بیک خالوی شاه را با
تاخت بجانب میان‌دوآب آورده از آنسمت علی خان با سایر یاران چون شیران
جنگی بمدافعه شتافتند. چه شیر از آنجا برآشوفتند. سرورکیان داعبا کوفتند.
میان سواران بحث و جدل. بس تیر گردید رد و بدل. آخرالامر خالوی
شیخ قادر بضرب گلوله سلیم خان بجهنم واصل شد و سوارهٔ عباس شکست خورده
رو بفرار نهادند چون شیخ قادر خبر شکست سوارهٔ عباس و قتل خالوی
خویش را شنیدند مانند خوک تیر خورده ما ز زخم رسیده بر خود پیچیده حکم قتل و غارت
میان‌دوآب را بآن قشون غیر ظفر نمون داد اول کسیکه باین کار نا صواب
اقدام نمود صیغه آقای حرامزاده بود و حال آنکه از حضرت قدس والا ولیعهد کیوان مهد
روحنا فداه مرحمتها دیده و نعمتها برده چشم از نمک‌خوارگی پوشیده با یکصد نفر
سواره و سیصد نفر پیاده رو بجانب میان‌دوآب نهاد و سایر اکراد با حمزه آقا

و دیگران جنگی پیدا در پی رو به قصبهٔ منوهر علی خان و سایرین از جنگ وا مانده جز فرار

چاره ندیدند تا جای توپ را گذارده فرار کردند اهالی قصبه بی‌کس قوت حرکت و قدرتی

نداشت فرار نموده یا بود دیگری در جنگ عمداً گرفتار شدند نظم شد آن روز زان رزم آوری

براهی میان ره آب نا شد تب • ز بس سینه از تیرها گشت ریش • شدند مادری فکر

فرزند خویش • ز بس کشته هر سوی افتاده بود • پدر از پسر مهر برکنده بود

ز هر سوی خون آنچنان شد روان • که شد چشم خورشید از خون نشان •

ز آشوب آن قوم بیدادگر • نبشناخت کس سر ز پا پا ز سر • یکی را بکف خنجر

آب رنگ • یکی بسته از خون رخ از جان جنگ • زنان پر ز غوغا و از شور و

جوش • ز هر گوشه برخاسته صد خروش • که چشم جهان بر حالت آن

بیچارگان گریان و تیغ خونخوار از سر همراهان در رحمان خاطر پریشان گردید رهائی

به بدبیر همه عصمتشان باد صبا را به سواری گذار نبودی بجز عصمت از سرشان

نبودند و دختر نیز ماه رو که در مهد ناز پرورش یافته بودند اسیر کردند چنان

علم ظلم افراشتند و آتش جور افروختند که بجای شیرخواره و خورد سال را با پیران

سالخورده با آتش جفا سوختند. چنان ظلم و وحشت آنجا عمل. که عاجز از تحریرش آمدیم.

الغرض بعد سه شبانه روز که اتصال مشغول قتل و غارت بودند واحدی از اهل میان

دو آب دیگر در قصبه باقی نماند یا فرار اختیار نموده یا کشته و اسیر گردید شیخ فارغ المراد

تا عذری بجانب پدر نگاشت که از برکت آل طه و اقبال حضرت شیخ لرزد در حضرت

از نوح تا حال هر مکان لشکر وارد گردید کسی سخن از فرمان نداشت که از اهل میان دو آب

که یاد بود را از مدک در بر کرده و سرکشی نمودند هستی و وجود همگی را چون خاک بر باد

داده و خانه آنها را ویران نمودیم حمزه آقا و سایر رؤسا نیز بدین قسم نوشته معجلا

بجانب شیخ روانه داشتند

فصل ششم اما بعد از قتل میان دو آب حمزه آقا و بعضی از رؤسای کرد

وعشایر بنا بر خلاف و خباثت خود از غضب حضرت ظل اللهی روح العالمین فداه اندیشه
ناک گردیده که این شرارت را بعهده توپچی نشاید و از عهده این جسارت شاهد بری نیاید
پس بهتر اینکه طایفه قراپاپاق را نیز در این شرارت شریک خود قرار دهیم
که ماده این هرزگی و خلاف هر قدر بیشتر بهتر است که جزء ضعیف را ماده قوی
از پای درآرد لهذا استقبال منزل شیخ قادر شتافتند و بیان کردند که طایفه قراپاپاق را
دل با شیخ پاک نیست و از این کار اندیشناکیم که مطلب مبادا اسباب پراکندگی
قشون گردد پس بهتر اینکه جمعیت آنها را احضار نمایند تا خیال خلاف نورزند
شیخ قادر از رای آنها پسند افتاده حکمی بکلانتران و حسنعلی خان سرهنگ
و بوکیان نگاشت که حکما باید سواره خود را بردارید و ملحق بقشون ما گردید
اگر تعلل نمایید یقین طعمه تیغ خواهید شد هنگام رسیدن کاغذ شیخ قادر از
جانب اقبال الدوله خبر رسید که فوج خوی با شجاع خان وارد ارومی شده و فوج افشار هم

به حضرت والا نوید دارید که با امداد خواهیم رسید جلال خان فورا محمد آقای باش

این تعصیب را اعلان داده محض شنیدن این خبر مشارالیه هم بهانه از شیخ قادر

رخصت حاصل نموده رو بجانب سلدوز شتافت تا قشون اکراد محض رسانیدن

غارت و چپاول را بخانه خود از سر شیخ پاشیده او نیز تا بیام جهت ساوجبلاغ

نمود از آنجائیکه آن روباه صفتان از قتل رعایای بیچاره و زنان بیوه سیر

گردیده و یغمائی هم بچنگ آورده باز بدور شیخ جمع گشته و قصد سلدوز را

نمودند اما اهالی سلدوز از رسیدن امداد و رسیدن این خبر متوحش گشته جلال خان را

با صد و پنجاه نفر سوار روانه ساوجبلاغ داشته محمد آقا نیز ناچار به متابعت نمود

از آنجا شیخ با پنجاه هزار لشکر رو بجانب مراغه و میاندوآب نهاد اما هنوز شیخ از

ساوجبلاغ حرکت نکرده بود که طایفه بیران رو بقلعه لاهیجان نهاده صد نفر را

دو تپه ی سالو آنجا را گرفته و نوبهار را کشته بچا افکندند و سر او را نزد شیخ

آوردند بار محمد آقای ماش محض نگواره کرلت و ترتیب با افشار توسط کرده بنج
از خون آنها درگذشته مرخص نمود آنها نیز بجانب ارومی شتافتند تفنگ
و اسباب آنها را بردند

فصل هفتم در ذکر داستان اطلاع یافتن کارگذاران حضرت
اقدس اسعد ارفع والا ولیعهد کیوان مهد روحنا فداه از
شرارت اکراد و فرستادن قشون ظفرنمون از تبریز
بمدافعه آنها و اخبار بدار الخلافه طهران و حرکت قشون عراقی
بسرداری نواب اشرف والا حشمة الدوله

بعد از مستحضر شدن کارگذاران حضرت اقدس ارفع والا ولیعهد روحنا فداه
از ورود شیخ ملعون بقصبه ساوجبلاغ و همراهی کردن طوایف قراپاپاق
و مکری و فرار کردن نواب والا آقا شاهزاده چنین مصلحت دیدند که یکنفر مرد

خان کامل و کافی بحکومت آنجا مأمور و باید شاید باستمالت عشایر و طوایف را

اطمینان داده از خیالات فاسد باز داشته کار بمقاتله و منازعه نکشد

از آنجا که صدر الدوله که بمنصب ایشیک آقاسی باشی گری حضرت والا سمت امتیاز

و در فن ریاست کامل و بمردم داری و حکومت عامل بود مأمور فرمودند با سواره

جمعی طهماسب قلی خان یوزباشی عازم گردید اما بعد از شنیدن کیفیت میان

و اهالی مراغه و بناب متوحش گردیده عریضه بخاکپای حضرت والا عرض نمودند

و بیان دفعه را عرضه داشته و امداد خواسته بامر حضرت والا رضاقلی

مقرب الخاقان آقاخان سرتیپ و مقرب الحضرة العلیه لطفعلی خان سرهنگ

با چهار صد نفر سرباز از فوج چهارم و یکفوج امیریه با چهار عراده توپ روز جمعه ۲۵

شهر شوال المکرم از تبریز حرکت کردند فردای آن روز که یکشنبه ۲۶ باشد

محمد خان سرهنگ مهندس را از جهة مهندسی مأمور و روانه داشتند در سراغ

که در کنار شاهی واقع است آقاخان سرتیپ بحاجی صدرالدوله ملحق میشوند متعاقباً وارد
سیاب گردیده و اطراف قصبه را سنگر بسته در هر دربند توب و سرباز گذارده
مشغول حفظ و حراست شدند بعد از رسیدن این خبر بدارالخلافه طهران از دربار همایون
اعلیحضرت قدر قدرت شهریاری روحی و روح العالمین فداه امر و مقرر گردید که امیرالامرا
العظام مصطفی قلیخان اعتماد السلطنه رئیس قشون آذربایجان بحکمرانی کلیه اردو حرکت
نماید بشارالیه نیز با فوج بهادران بادری سید محمد خان و فوج دوم خاصه بسرهنگی
مقرب بحضرت العلیه حاجی علیخان پسر حاجی حسام الدوله و نه عراده توب و قورخانه
وارد قصبه سیاب شدند شب در آنجا توقف نموده صبح محمد خان سرهنگ جهت رکانسیون بجانب
قصبه محض تعیین مکان اردو فرستاده بشارالیه بعد از تعیین مکان اعلان نموده افواج و توپخانه
بمکان مربع قصبه حرکت دادند خود اعتماد السلطنه در مرکز اردو که محاذی دهنه اکراد در مقابل سنگر آن
جنگ بود قرار گرفت میمنه اردو را مقرب الخاقان آقاخان سرتیپ محول داشت کلیه قشون و

که در رکاب حاضر بودند اسامی رؤسای آنها از این قرار است امیرالامراء العظام عمادالسلطنه

عمدة الامراء العظام حاجی صدرالدوله مقرب الخاقان آقا خان سرتیپ با چهارصد نفر از

فوج چهارم تبریز حاجی علی خان سرهنگ با فوج دویم خاصه سید محمد خان یاور فوج بهادران

لطفعلی خان سرهنگ با فوج امیریه مو کیان سرهنگ میرزا محمد خان سرهنگ مهندس

قشون سواره نیز از این قرار است محمد حسین خان بختیاری با بیست و پنج نفر

طهماسب قلی خان یوزباشی با پنجاه نفر رحیم خان چلبیانلو با چهل نفر ابراهیم آقای قرهم[illegible]

بیست نفر همه عسکر مأمور شده و باستیانها ساخته شد توپ و قورخانه را در محل خود جای

داده آماده جنگ و منتظر رسیدن دشمن گردیدند بعد از رسیدن خبر

خروج شیخ عبیدالله بدارالخلافه طهران از دربار معدلت مدار حضرت ظل اللهی روحی

و روح العالمین فداه امر و مقرر گردید حضرت شهریار رفیع المجد والاکرام میرزا

نایب السلطنه امیرکبیر لشکر خوبی از ری به آذربایجان روانه دارد تا دستی جواب اشرار را

بر باد دهند لهذا نواب اشرف امجد والا حمزه میرزای حشمة الدوله را سردار قشون

قرار داده به فوج آذربایجان سپرده به محمد قلیخان حسام الدوله بود و از دار الخلافه حرکت

نمودند چون نواب والا سه روز مخصوص تهیه تدارک راه در میدان اسب خانه با توپخانه و فوج

شاهسون و زریبان اول توقف در محله روز جمعه نهم شهر ذیقعده از اسب خانه به قریه کن که یک

از دهات دار الخلافه است منزل نمودند صبح را در کمال نظم از قریه مذکوره حرکت در محله افواج

آذربایجان چون خبر از نواب والا حرکت کرده بودند مخصوص رسیدن اردو در قریه کرج توقف داشتند

لهذا منزل آن روز را به قریه کرج قرار داده افواج ملحق یک سر شدند از آنجا دیگر توقفی

در بین راه ننموده و تازه روی نداده روز چهاردهم شهر فوق وارد قزوین گشتند

افواج و سواره و اهل قزوین با نصر الملک که به جهت جمع آوری قشون ها مأمور بود به استقبال

آمده نواب والا در کمال استقلال بر از حرب را محل اردو قرار دادند تا بر و ریز مخصوص

جمع آمدن افواج قزوین و استراحت قشون پیاده استقامت نموده در [illegible]

فرمان حرکت اردو صادر گردیده اما لیارد و فوج فوج چون موج دریا بحرکت درآمدند جز

اینکه در قوطی آباد یکروز محض استراحت سرباز توقف کردند تازه رنج نداده روز

بیست و چهارم بقصبه بیجار که حاکم نشین ولایت گروس است وارد و در کنار قصبه

رحل اقامت انداخته حسام الملک که از دارالخلافه بیجار برای حرکت چهار فوج همدان

چهار روز قبل از حرکت نواب والا مامور فرمودند مشار الیه نیز علی اکبر خان سرهنگ

فوج منصور را محض فرستادن چادر و بکس و سایر ملزومات در دارالخلافه گذارده

خود بیجار عازم گردیده بهمه جا یال اسب بالین و بستر استراحت را زین خانه را

خیمه و خیمه را سبزه خضرا قرار داده هشت روز بعد از رسیدن بهمدان فوج ششم و منصور

و مجرلین و یکصد نفر سوار را طلب در قریه قهرودین محال همدان که یکمنزلی بیجار است

حاضر نمود علی اکبر خان سرهنگ نیز خود را با بعضی تهیه و تدارکات در قریه مزبوره

بافواج ملحق نموده حسام الملک دیگر حفظ نرسیدن بقیه ملزومات را نموده بیدرنگ

بجانب محل مأموریت حرکت نموده روز قبل از ورود نواب اشرف والا حشمة الدوله

وارد بیجار گردیده مراتب را مکرراً فالعرض حضور حضرت اقدس ارفع والا نایب السلطنه

امیرکبیر رسانیده جواب مشتمل بالطاف ملوکانه و حکم توقف تا ورود نواب والا حشمة الدوله

فرموده هنگام ورود نواب والا با سر فوج و سواره با حسام الملک و سایر صاحب منصبان

محض استقبال با نظام از محل اردو بیرون آمده تشریفات بعمل آمد سه روز

در قصبه بیجار توقف فرمودند نقاهتی در بیجار بوجود نواب اشرف والا عارض

گردید که تفصیل او من بعد ذکر خواهد شد

فصل ششم

داستان پناه آوردن کلانتر قاین سر معروف آقا باردوی

ظفر نمون اعتماد السلطنه

چون عماد السلطنه وارد بنابشه بعد از اتمام سنگر و باستیان

منظر قشون بشیع گردیده و عبدالله بیک از اکراد و چندی دیگر عماد السلطنه مشغول

خدمتگذاری بود روانه میان رود آب نموده کاغذهای چند به روسای بگری و قراپاپاق

نگاشته که اندیشه از غضب حضرت ظل اللهی دارید و خود را به فریب روباه بازی

شیخ گرفتار چنگال شیر و طعمه شمشیر نخواهید البته هر کس با زنجیر پناه آورد عفو

مونکا شامل حال او خواهد بود که عفو این درگاه بیشتر از جرم ماهاست ع نکته سربسته

ندانی خموش . بعد از رسیدن عبدالله بیگ و رسانیدن نوشتجات را

با مال بگری و قراپاپاق اسمعیل آقا که یکی از روسای قراپاپاق است اطاعت

امر نموده با چند نفر از کسان خود به نایب آمدند عمادالسلطنه نیز درباره آنها به

محبت و مهربانی نموده خلعت شایسته بمشارالیه مرحمت میفرمایند و ثانیاً او را مراجعت

داده که شاید سایرین را بمحبت و مهربانی امیدوار دارد و همراه بیاورد

تا صبح چهارشنبه چهاردهم شهر ذیقعده الحرام سواری از اکراد وارد و اظهار

داشت که کلیه آقای بگری از سخط و غضب حضرت ظل اللهی اندیشه نموده بجانب ساریه

پیشه خود کرده اکنیت پناه بقشون ظفرنمون آورده استدعای عفو از دربار معدلت

حضرت همایون اعلی و اطمینان از این قشون دارد اعتماد السلطنه بعد از شنیدن

این خبر حاجی رضا قلیخان اصفهانی را امر فرمودند تا از اردوی ظفرنمون خارج گردیده

اطمینان عفو مسئولش را بدو داده دولت بار بردی کیوان شکوه پیش نماید حاجی رضا قلیخان

نیز بیدرنگ شتافته تا این وظیفه عفو دولت را انجام دهد چون کلانه آقا اطمینان حاصل نموده

باشد رالیه دار دار رو گردیده عرض میکند این است شیخ قادر و حمزه آقا با جمعیت

کثیری از عشایر و طوایف میرسند و عدد قشون آنها در وهم نگنجد و در قیاس نیاید

از هر چه تصور کنی افزون است اعتماد السلطنه و سایر رؤسا بعد از شنیدن این خبر یک

دست غوغا حاضر در بر قرار شدند و آماده جنگ گردیدند   نظم

همه قد مردی بر افراشتند . همه آلت جنگ برداشتند . که ناگاه از دامن

پهن دشت . چه کوه گرانی عیان گشت . چو سیاره خشان ز هر سو درفش

همه سرخ و زرد و کبود و بنفش • ز سینه نه جز روپیه رو برو. از آن این

از این آن بصد کفشگو • یلان جنگ افکن شیر دل • ز خون عدو خاک را کرده گل

ز آواز توپ اندر آن دشت کین • تو گفتی بدرید سطح زمین • ز اکراد هر سو

چنان کشته بود • که گفتی زمین سر بسر پشته بود • بسی گروهی که میباشند

بسر باز بس سر که بپاشند • خود اعتماد السلطنه با آن حالت پیری چنان رشت

در جنگ نمود و استقامت در جدال فرمود که جوانان از میان آن پیر کردند

بلی ع چه بگذشت روبه چه یک شیر پیر • الغرض تا سه روز ابر بلا خیمه زد

و باران گلوله چون تگرگ بفضی باریدن گرفت چشم جهان خیره گردید بعد از در گرفتن

آتش جنگ و جدال بعضی از اکراد و روسیان قصبه بنا نهادند خانه‌هائیکه در جانب

لشکر واقع گردیده بود ویران و کسان آنها را بقتل رسانیدند هنگام وقوع این

مطلب بحکم اعتماد السلطنه چند تیر توپ از لشکر خارج قصبه بجانب آنها انداختند

جناب حاجی میرزا علی قاضی نایب تبریز با اهالی شهر هجوم آورده گردیده از قصبه آنها را خارج
نمایند بعد از سه شبانه روز معاودت کرده چون خبر آمدن قشون عراق را شنیده
و زینت عماد السلطنه را دیدند تا جای قرار اختیار کردند بلی بحکمت نامه دون
در زیر شمشیر. دلیری باید زر و باده پیر. چند روز بعد جناب حسنعلی خان
وزیر نظام که از کردستان و طلبا عازم آن سرحد بود با فوج کردستان و سواره دو
دسته در آن قدر با صد نفر سوار در خاک صاین قلعه ملحق باردوی وزیر شده بود وارد
گردیده از آنجا بعد از چهارده روز بجانب قرا قشلاق حرکت کردند در این وقت
شیخ قادر در ساوجبلاغ بود چون حرکت اعتماد السلطنه را بچلیک شنید و آمدن
قشون عراق را فهمید دیگر زیست نیاورده خیال فرار بسمت اشنویه گذارد اهالی
ساوجبلاغ از خیال او آگاهی یافته منزلش را غارت نموده از غصه بلب آمده
نمودی شیخ قادر فهمید اگر دیر حال خیال فرار داری اقدام بر این امر نکنیم باید تمکین

جنگ نمائی یا سر طاعت پیش گیری اگر پای عفو و غضب حضرت ظل اللهی در میان
آید شامل حیره کعه شیخ قادر با چاپار جواب داد که مرا هنوز وقتی نرسیده و خیال فرار
تمام محض تهیهٔ آذوقه و استعداد به بیگان آمده شما را گمان فرار در حق ما نباید برین
کار از مردان جنگی بر نیاید که بزرگان ما النار و لا العار در بستر مرگ گفته اند
آنها نیز با تحریف کلام عوام فریب تخته گشته متفرق گردیدند شیخ وقت را
غنیمت شمرده شبانه رو بجانب اشنویه فرار نمود از آن طرف اقتدار السلطنه
چون وارد محال چلیک گردیده دو روز در کنار جغتو ماند از آنجا بقره قشلاق
که سه فرسنگی ساوجبلاغ است حرکت نمود محض شنیدن فرار شیخ قادر سواره
شاهسون و چلیپانی با جمعیت قراپاپاق تعاقب شیخ روانه و شب سواران
تاخت آورده تا باشنویه رسیدند بعد از جنگ سخت و قریب بیست نفر از
جمعیت قراپاپاق مقتول و مجروح گردید شیخ قادر از کوه بالای قصبه بیجا

مرکور فرار کرده اینها نیز قصبه را قتل و غارت نموده معاودت بتوقشلاق

کردند تا هنگام تشریف فرمائی حضرت اجل اکرم سپهسالار اعظم و قشون

عراق که ذکر او بعد خواهد شد

فصل پنجم ذکر رسیدن خبر قتل میان دو آب با مقلی خان اقبال الدوله در قتل شیخ عبید بار دوم

چون خبر گرفتن ساوجبلاغ با قبال الدوله حکمران شهر ارومی رسیده آه سرد از

دل پر درد بر کشید موی بدنش مانند سنان از غضب سراز پیراهن بدر کرد

بدون درنگ با فوج معظم و هشتم بسر کردگی خسرو خان و خان با خان و محمد

رضا خان سرتیپ توپخانه مبارکه و دو عراده توپ در نیم فرسنگی شهر اردو زد

شیخعلی خان سرتیپ نیز با فوج خوی بخیر و زنعبه وارد و ملحق باردوی شار الیه

گردیده بعد از ده روز زینت در اردو خبر قتل میان دو آب منتشر باردو می شد

اقبال الدوله بعد از شنیدن این خبر وحشت اثر عزم را بر این مطلب جزم نموده با توپخانه

و افواج بجانب میاندوآب حرکت نماید لهذا چند نفر از آقایان عظام و رؤسای

شهر را بیرون خواسته بیان واقعه را نمودند و اطمینان از نگاهداری شهر

خواستند آقایان عظام که عبارت از جناب مستطاب آقا میرزا حسین مجتهد و جنابان

آقا سید آقای حسینی زاده و آقا میرزا محمد حسین ناظم العلما و حاجی میرزا محسن لشکرنویس

که فی الحقیقه یکی از رؤسای شهر است با شفیع خان پسر جهانگیر خان بیگلربیگی و عبد

الصمد خان سرهنگ و حاجی میرزا عبدالله کلانتر فردای آنروز را که روز یکشنبه ۲۷

شهر ذیقعدة الحرام باشد قریب دو هزار نفر سواره و پیاده در بیرون شهر حاضر

نموده و اطمینان نگاهداری شهر را امشب را بایشان دادند اما از آنطرف چون خبر [illegible]

و سلب و نهب و اجلاء و قتل میاندوآب بشیخ عبیدالله رسید محض اینکه تدبیری نماید و حیلتی

اندیشید که اقبال الدوله را از شهر خارج نماید و خود بدون جنگ وارد شهر گشته

محمد امین نامی را رئیس اردو قرار داده با جمعیت کثیری از ایل شکاک و غیره بقلعه اسمعیل آقا

که در دو فرسنگی ارومی است روانه مینماید یک ساعت از شب گذشته این خبر باقبال

الدوله میرسد مشارالیه ناچار رفتن بسمت میاندوآب را موقوف داشته

بجانب قلعه اسمعیل آقا حرکت مینماید و شیخ خان سرتیپ را با فوج خوی محض

احتیاط در چمن خاتون خان که در نزدیک شهر است میگذارد بعد از رسیدن بقلعه مذکور

و مقابله با جمعیت شیخ محمد امین چهار روز اتصالاً بمقابله و منازعه مشغول بودند

چون خبر ازدیاد جمعیت اکراد بشیخ خان رسید عجلاً از شهر خارج گردیده خود سوار

ملحق بآن اردو مینماید اما شیخ عبید چون حرکت اردو را شنیده با جمعیت زیاد عشایر

و طوایف ها بعضی از رؤسای آنها از قرار است   تیمر آقای شکاک

رشید خان بیک نوچه   عبدال بیک نوچه   ابراهیم خان   قادر بیک

امین بیک   سعید بیک   صمد خان   وهاب خان   عزیز بیک

از اهالی دشتی عبدالصمد بیگ بناری سعید آقای هرکی لبستانی داوت

شیخ همراه بودند شیخ صدیق پسر شیخ عبید شیخ عبدالکریم عموی

شیخ شیخ ابوالقاسم شیخ بهاءالدین شیخ نورالدین

حاجی علاءالدین از بنی اعمام مشارالیه رو بجانب اروعی نموده هسکنام ظهر وارد

قریهٔ باران حاجی رکردیده حاجی حسینخان نیز در قریهٔ مذکوره لیله بعد از صرف نهار

مستقیماً بجانب شهر می آیند اهل شهر چون خبر آمدن شیخ عبید را شنیدند

مانند شیران جنگی برآشفته و به حرکت مدافعه برخواسته و اسباب حرب را

آماده ساختند اول کسیکه اقدام باین امر نمود و بکوار که دولت قاهره را منظور

داشت و بر گردن ملت حق گذاشت جناب آقا سید آقا و آقا میرزا محمد حسین

ناظم العلمای اردمی بوده قبول این ننگ را ننمودند و قدم مردی در جنگ علم نمودند

که کشته گشتن در عرصهٔ میدان بهتر از تسلیم گشتن بچنگ عدوان است که

آن شیوهٔ مردان است و این شیوهٔ زنان ع مرد آن است که لب بندد و بازو
بگشاید . با جمعیت نفر تفنگچی از اقارب و بستگان خود آماده جنگ کردند
سایر مردم در محلات بسیار ملاحظه نمودند خون غیرتشان جوشیدن گرفت و رگ
تعصبشان بهیجان آمد از مهتر و کهتر اعلا و ادنی عالم و عامی این قول را قبول نمود
ضرب سنان را بهتر از طعن زبان جهان دیدند . بی جراحات السنان لها التیام
ولا یلتام ما جرح اللسان . سینه از جراحت شمشیر ریش نکوتر است از گرفتاری
بدست فرقهٔ کافر کیش جمیع یکدل و یکجهت گشته و کمر همت جنگ را بر میان بسته
از آن طرف شیخ عبید وارد کوه سر که بقلعهٔ فخر شهرت کرده شب را محض
استراحت در همان مکان آرمیده صبح حاجی رحیمخان وارد شهر گردید چون ازدحام
مردم شهر را ملاحظه نمود زبان طعن برگشوده شما را چه افتاده از جان خویش سیر و خود را
چون موم میان موم آب طعمهٔ شمشیر میخواهید نگاه کنید و ملاحظه نمائید نتیجه با شیر

وحشت بر شمشیر زدن نه سهل است که از غایت جهدست اینک شیخ
خود بنفس نفیس باینجا آمده سر اطاعت چون مردم سلدوز و ساوجبلاغ
پیش گیرید و عیالشان اسیر و خانه شان ویران نگردد بعضی از مردمان
بعد از شنیدن این کلام دل بر تسلیم رضا کردند و از جانب شیخ اتصالاً کاغذهای خفی
پی در پی باهل شهر میرسید که این حضرت را با جان و مال شما کاری نیست از هر جهت
آسوده خاطر باشید وحشت و دهشت ننمائید صبح عید حضرت نماز در مسجد جامع
میخواند و بجای دیگر اردو را حرکت میدهد همینکه خبر راضی شدن اهل شهر بمیرزا محسن
لشکرنویس رسید بیشتر بخانه آقا میرزا جمال شیخ الاسلام و مردم در آنجا جمع گردیده
بعضی روانه گردیده و از کیفیت چه باشد بیان واقعه را کردند و کاغذ تسلیم را که نوشته
و مهر کرده بودند پیدا نمودند شیخ را الیه چنین مردی لوسانی زده و رنج بیهوده
دیده تیغ و شمشیر کشیده زبان بنصیحت گشوده اند این تمکین شما را چه سود است اگر

محض حفظ اهل و عیال است اولاً بعد از ورود شیخ و اگر اولیای شهر شما را اختیاری

در حال عیال نخواهد بود که گذشته از این شیخ عبید را چه قدرت بر انخلاف دولت

بر این مصاف است اینک خبر رسیده که لشکر خونخواری از عراق به سرداری حشمة الدوله

می‌رسد جمعیت عشایر را شکسته و این شهر را قتل و غارت خواهند نمود بهر این است

که در این کار حسن تدبیر نمایید تا با اقبال الدوله خبر رسد و وارد شهر گردد لهذا آقای سید

رئیس التجار و آقا میر جعفر مشیر زاده و امین الشرع و آقا میرزا غفور و حاجی میرزا حیدر روضه خوان

را نزد شیخ مأمور شده که شما را یا با سلطان نزاع است یا با رعیت هر گاه با دولت

قاهره نزاع و مجادله دارید چه قشون و دولتی در شهر نیست تأمل نمایند تا اقبال الدوله

بیاید بعد خود دانید رعیت را با جنگ کاری نیست اگر مقصود منازعه با رعیت است

که ما را قوت جدال و قدرت جنگ نیست همه را سر تسلیم پیش است عجالتاً قرار بر آن

است که عیال و اطفال متوحش نگردند امروز را تا فردا عصر خواهش مهلت جهت وجه داریم

ومشت بر شمشیر زدن نه سهل است که از غایت جهد است اینک شیخ
خود بنفس نفیس باینجا آمده سر اطاعت چون مردم سلدوز و ساوجبلاغ
پیش گیرید که عیالتان اسیر و خانه تان ویران نگردد بعضی از مردمان
بعد از شنیدن این کلام دل بر تسلیم راضی کردند و از جانب شیخ متصلا کاغذهائی
پی در پی باهل شهر میرسید که این حضرت را با جان و مال شما کاری نیست از هر جهة
آسوده خاطر باشید وحشت و دهشت ننمائید عید را حضرت با نمازی در مسجد جامع
میخواند و بجانب دیگر اردو را حرکت میدهد همینکه خبر راضی شدن اهل شهر بحاجی میرزا محسن
بیگ نوکر رسید بسبب خانه آقا میرزا جمال شیخ الاسلام که مردم در آنجا جمع کرده
بودند روانه گردیده از کیفیت جویا شده شان دقیقه را کردند و کاغذ تسلیم را که نوشته
و مهر کرده بودند دیده و نمودند شما را به چنین مردی بوسالخورده و رنج بهمه کشیده
دیده و تلخ و شیرین چشیده زبان نصیحت گشوده اند این بکنید شما را چه بوده است اگر

محض حفظ مال و عیال است اولا بعد از ورود شیخ و اکراد شهر شما را اختیاری

در مال و عیال نخواهد بود گذشته از این شیخ عبید را چه قدرت بر انجلاف ورزیدن است

بر این مصاف ساعت اینک خبر رسیده که لشکر خونخواری از عراق به سرداری حشمت الدوله

میرسد جمعیت عشایر را شکسته و این شهر را قتل و غارت خواهند نمود بهتر این است

که در این عرض مدتی زندگی نمائیم تا اقبال الدوله خبر رسد و وارد شهر گفتگو نهاده آقا سعید

رئیس التجار و آقا میر جعفر مشیما زاده امام الشرع و آقا میرزا غفور و حاجی میرزا حیدر در دستخط خوان

را نزد شیخ سفیر نمودند شما را با سلطان نزاع است یا با رعیت هرگاه با دولت

قاهره نزاع و مجادله دارید قشون دولتی در شهر نیست تامل نمائید تا اقبال الدوله

بیاید بعد خود دانید رعیت را با جنگ کاری نیست اگر مقصود منازعه با رعیت است

که ما را قوت و مال و قدرت جنگ نیست همه را از تسلیم هست عجالتا قرار با

اینکه عیال و اطفال متوحش نگردند امروز را تا فردا عصر خواهش مهلت چند روز داده ایم

بعد مختار ند و در ضمن چند سوار مجلا نزد اقبال الدوله روانه نمودند و هرگاه بر دزدی

وارد شهر نگردید مال و جان و عیال خود خرا فسوس نخواهی خورد اما چون اشخاص مذکوره

نزد شیخ رسیده‌اند و بیان واقعه را کردند شیخ در جواب تقریر نمود حضرت ما را

با رعیت منازعه و مقاتله نیست و جز رعایت رعیت منظوری نداریم و استدعای

ایشان را قبول خواهیم فرمود بدون اینکه باعث خسارت وارد آید و صدمه برسد

در دو شب در شهر هستیم دو نفر از اهل خودشان را حاکم قرار داده عازم تبریز خواهیم شد

آقایان هم از جانب اهل شهر رفته بودند به خوشحالی مراجعت بشهر نموده بنای تهیه اطراف

قلعه را قسمت کرده سنگرها و بستها بنا شده اما اقبال الدوله بعد از چهار روز

منازعه با شیخ محمد امین روز پنجشنبه پانزدهم شهر مذکور هنگام غروب آفتاب

از آنجا که رسم اکراد بر این بوده بعد از غروب دست از جنگ کشیده شب را

استراحت میکردند باز بقاعده همه روزه دست از مقاتله کشیدند آقایان که

بود رعجله کرده یکباره سرباز را از سنگر مراجعت بجانب دیگر داده سواره اگر او چون

مراجعت سرباز را دانسته جلوریز بجانب توپخانه حرکت کردند تفنگ سلطان توپخانه

مبارکه رسیده مقتول نموده توپ را تصاحب مینمایند فی الحال خبر ورود شیخ بهاردمی گرفتن

توپ و کشته شدن علی سلطان بدست سواره شیخ محمد امین بعرض نایب الدوله میرسد

نظم ازاین گفتگو آنچنان گشت سست • که از مال و از زندگی دست شست •

بشد از نهادش برون آه سرد • زمین آسیا دار شد پیش مرد •

بلرزید مرد از سر خشم و کین • سیه شد برش آسمان و زمین •

بکام اندرون خشک گشتش زبان • هم از درد غیرت هم از بیم جان •

ناچار دست از مقاتله کشیده روانه شهر کعبه چون خبر آمدن اقبال الدوله

بشیخ محمد رسید شیخ صدیق پسر خود را با جمعیت کثیر بمقابله و سنگر آنها مشغول

جنگ کردند و خود وارد شهر کعبه از اقبال بیزوال همایونی اقبال الدوله

بدون ملاقات با شیخ صمد تو شبانه وارد شهر گردیده چون صبح شد و

شیخ عبید از ورود اقبال الدوله مستحضر گردیده دانست که اهل شهر با او خدعه

کرده و حیله نموده اند از اینجهت غضبناک گردیده از کوه سیر عازم باغ د[illegible]

گردید بعد از صرف نهار و خواندن نماز یکساعت بغروب مانده روز شنبه

پنجم هم شهر مذکور را حکم یورش از سمت دروازه عسکرخانی بجانب شهر سید توپچی

و سرباز داد اهالی شهر چون یورش اکراد را دیدند جمیع در سنگرها و پشت بامها

حاضر و آماده حرب گردیدند ولی هیچیک تیری نینداختند و حرفی نزدند بعضی که

اکراد قطع بر این مسئله کرده که احدی در این سمت نیست بی ادبانه غوغو

کنان رو بجانب سنگر نهادند تا دستگیر جمیع نزدیک گردیدند یکباره حکم

آتش به توپچی و سرباز داده شد جمعی از آنها بیک شلیک از پای درآمدند

باقی دیگر دیوار باغات شهر را سنگر کرده مشغول مقاتله شدند و در همان روز

شیخ عبید حکم کرد قطع آب از شهر نمودند تا پنج شش ماه روز متصل طرفین کشش کرده منازعه نمودند اکراد چون این قسم دیدند وارد باغ دلگشا مخصوص خود قباد الدوله و در پنجاه قدمی شهر از روی آب و عمارات عالی دارد گردیده پشت بامهائی که مشرف بر شهر بود سنگر قرار دادند قباد الدوله بتوپچی حکم بتخریب عمارات را داد با ضرب گلوله توپ و تفنگ عمارت سردر را خراب نمود دست اکراد را از سرکوب شهر بریدند ناچار شیخ از باغ خارج گردیده در تپه معروف جهود امنزل نمود از این بعد تا آمدن تیمور پاشا خان روز قشون اکراد بغارت دهات میرفتند و شب را مشغول مقاتله بودند

فصل دهم در ذکر داستان آمدن تیمور پاشا خان بیاری اهالی ارومی و خارج شدن شیخ عبید از دور شهر

بعد از رسیدن خبر ورود شیخ عبید بارومی و محاصره آنجا ملک آرا از بناب

اعلیحضرت قدر قدرت اقدس ظل اللهی روحنا فداه حکم به تیمور پاشا خان

گردیده با فوج بهم خوئی و فوج ماکوئی و سواره ایرنلو و بیستانی و چریک خوئی

و ماکوئی معجلا بجانب ارومی حرکت نماید مشار الیه نیز بسرعت برق با جمعیت و سعد آ

از سواره و پیاده از جای حرکت نمود شیخ عبیدالله چون خبر آمدن تیمور پاشا خان را

شنید قشون زیاده که در دور ارومی بود برداشته بقدر قلعه که در سر راه بود روانه کرد

و سر راه بر قشون تیمور پاشا خان گرفت اهالی ارومی چون وقعه را شنیده

نمودند مانند شیران جنگی بر آشوفتند و سران سپاه از جای حرکت کردند

ز هر دو لشکر بهم تاختند · همه آلت جنگ را ساختند · ز آوای توپ و ز

بانگ دهل · تن مرد خم گشت در دل اجل · بگرگشت میدان سراسر زمین

ز کشته درو چون عقیق یمن · دلیران شیر افکن تیز جنگ · بیجون عدو

چنگ آکنده رنگ · بعد از ساعتی قریب بیست نفر از قشون شیخ فتنه دیگر

کشته ناچار ناپا با قشون شکسته مراجعت بدور شهر نمود روز دیگر باز بعزم

مقاتله شتافت تا بقریهٔ عسکرآباد رسید اهالی عسکرآباد بنای مقاتله را گذارده

تیمورپاشا خان در آمدن بشهر مسامحه نموده اهالی قریهٔ مزبوره نیز از عهده بر نیامده

و تاب مقاومت نیاورده آن بیچارگان کم فرصت وقت را غنیمت شمرده از

اطراف و جوانب تاخت بجانب دهکده آورده جمیع اهالی آنجا را از زن و مرد

حتی اطفال شیرخوار بقتل رسانند و اموال آنها را غارت و تاراج و خانهای

آنها را بآتش ظلم میسوزانند و مجدداً بجانب ورشهر معاودت مینمایند

تیمورپاشا خان نیز از سمت دیگر وارد [illegible] در شهر [illegible] [illegible] شیخعلی خان سرتیپ

که با فوج خوی قبل از شش رالیه وارد شده بود از شهر خارج و جلو پاپوری او گردید

اسامی صاحبمنصبان و سرکردگان همراه تیمورپاشا خان بودند از اینقرار است

شیخعلی خان سرتیپ با فوج دهم خوئی حیدر خان سرهنگ با فوج نهم خوئی

فوج ماکوئی بسرکردگی اسحق پاشاخان برادر تیمور پاشاخان . سواره ایرنلو
بسرکردگی آقا خان ایرنلوئی . سواره سیستانی بسرکردگی عباسقلیخان سیستانی
سواره اباجقی بسرکردگی پاشاخان پسر خلیفه قلیخان . سواره طایفه زیلان
سواره طایفه حیدرانلو پنجاه نفر . سواره شکاک بسرکردگی یکنفر پسر
علیخان شکاک چه پسر دیگرش با قشون طایفه مزبور در نزد شیخ عبید الله
چریک خوئی و سلماسی چریک ماکوئی بسرکردگی امان الله خان پسر
ابراهیم آقای ماکوئی . اما بعد از ورود تیمور پاشاخان به ورشهر سه
روز را مدام بجنگ نموده تا اینکه قشون شیخ پای جسارت را دراز نموده
بار دیگر بشهر را به یورش آوردند اهالی چون جسارت شیخ را بی‌اندازه دیدند
بی‌تامل دست بمدافعه و مقاتله گشودند تا هنگام غروب آفتاب طرفین
دست از جنگ کشیده هر یک بمقر خود مراجعت نمودند تا چهار روز کار بدین منوال

بود روز چهارم شیخ قشون شکستهٔ خود را برداشته از شهر خارج گردید

تیمور پاشا خان نیز بعد از چند روز دیگر قشون خود را برداشته بجانب گور

شتافت و در آنجا با اردوی حسام الملک که از قرار قشلاق حضرت اجلّ

اشرف افخم مشیر الدوله میرزا حسین خان سپه سالار اعظم مامور فرموده بود

ملحق گردید که شرح آن مذاکره میشود ولی کلیه اهل شهر ارومی از تعدّیات

کسان تیمور پاشا خان آه و ناله داشتند که پیش از قشون اکراد خرابی

باین ولایت رسانیده و بعد امداد از اهالی عسکرآباد ننموده و کوتاهی در

گرفتن شیخ عبید داشت

فصل یازدهم در ذکر داستان حرکت کردن قشون عراقی از کردوس و فوت نوّاب والا حشمة الدّوله

سابقاً مذکور شده در بیجار بقاعهی توجه نواب اشرف والا حشمة الدوله مریض که

با اینحال باز بعد از رسیدن جواب تلگراف توقف نموده روز بیست و ششم

شهر ذیقعده محض تنگی راه و کثرت سپاه خود نواب اشرف امجد والا با کلیه توپخانه

و افواج صاحب حسام الدوله و نصر الملک که عبارت از دو فوج آذربایجان و دو فوج

قزوین با فوج شاهسون و زنبوریان اول و تمام سوار از بیجار حرکت نموده سه فوج همدان

که افواج حسام الملک بود با یکصد نفر سواره جمعی یک روز بعد حرکت نموده در عرض راه

که عبارت از منزل اکلتپه و علی آباد و جعفر آباد و منزل سیسل که ابتدای خاک افشار

بعد چیزی که قابل تقریر و تحریر باشد واقع نگردیده مگر اینکه ناخوشی نواب اشرف والا

بیشتر شدت نموده بسبب در منزل سیسل توقف نمودند که شاید قوت مزاج

و قدرت حرکت پیدا شود محض زیست آن روز حسام الملک با افواج همدان با اردو ملحق

گردیده و لا از جهة بروز مرض نواب والا و رسیدن خبرهای بد پی در پی از کثرت قشون شیخ

و قتل و غارت آنها قلق و اضطراب در قلب کلیه قشون راه یافته با اینحال باز با اردو

رخصت یافت روان نواب والارا تا منزل گوک آقاج آوردند در آن منزل

مرض شدت نموده انقلابی پیدا گشت مصداق آیه شریفه اذا جاء اجلهم لا یستاخرون

ساعة و لا یستقدمون این جهان را بدرود کرد. چه مرگش بسر خاک حسرت بیخت

بسر رفت پیمان و پیمانه ریخت. تن نازپرور سر پر غرور. بیکبارگی ماندند به

غسل و کافور و گور. سرپنجه و بازوی زورمند. فرو بست ایام بند بر بند

الغرض حسام الدوله و حسام الملک و نصر الملک و عزیز الله خان سرتیپ شاهسون

جمع گشته عله جات نواب والارا با پنجاه نفر سوار افشار شاهسون جانب

دار الخلافه طهران روانه نموده مراتب را بخاکپای جواهر آسای اعلیحضرت قدر

قدرت شهریاری روحی و روح العالمین فداه مصحوب فرج خان تفنگدار

خاصه عرضه داشت شد. تاریخ وفات نواب والا حشمة الدوله شب شنبه ۴

پنجم شهر ذیحجه الحرام ۱۲۹۰ مطابق هشتم ماه نوامبر فرنسه در قریه گوک آقاج فرمحمد

همایون قلعهٔ افشار بعد از حرکت دادن نعش نواب والا هر یک از سرکردگان
عظام ملحق بنظام خود گردیده منزل را در قریهٔ ساینجود قرار دادند از آنجائی
که امیر الامراء العظام محمد قلیخان حسام الدوله در قدمت خدمت تقدم
بر سایرین داشت و ریش سفید بود حسام الملک و نصر الملک و عزیز الله خان
سرتیپ و تفنگچیها او را از پیش اردوی کیوان شکوه قرار داده نوشته سپردند
که احدی از اهل اردو سر از فرمان او نه پیچد و از صلاح و صوابدید شان الیه
تجاوز ننماید و در این منزل سلیم خان چهار محلی و پوکنجان نوه سلیمانخان
وارد اردو گردیده و سرهای چند از مقتولین قشون شیخ آورده سبب
تقویت قلوب اهالی اردو گردیده به هنگام عصر خبر رسید که فیض الله بیگ
که یکی از رؤسای قشون شیخ است در تیکان تپه که تا قریهٔ سایجو چهار
فرسنگ است توقف دارد و عزم او بر این مطلب جزم شده که شب را شبیخون آورد

امشب را در هر دو راه از پیاده و سواره پیش قراول گذارده بقسمی که اگر ده هزار

سوار هم بخواهد حمله باردو نماید نتوانند تا صبح جمیع صاحبمنصب و سرباز با تفنگ

و اسباب مشغول قراولی و گردش اردو بودند صبح از حفظ اینکه گذشتن

از فیض الهیت و گذاردن دشمن را در عقب اردو خلاف است حسام الدوله و

حسام الملک و نصر الملک و عزیز الله خان سرتیپ و صاحبمنصبان دیگر جمیع صاحبمنصبان

جزو را اعلان داده حاضر نمودند و بیان واقعه را کردند و از طلب جنگ خواستند

تمام صاحبمنصبها عرض کردند ما سر از فرمانگذاری و جان نثاری نپیچیم و چون

رتبق قراری فرار را اتفاق نداریم مانند شجر ثابت بر نار نایرهٔ جنگ

برقراریم لهذا با کلیهٔ توپخانه و قشون سواره و پیاده بسمت بیگان تپه

حرکت کردند نظم خروشید شیپور و نالید نی . بسینه دهل چوب زد بی رئی

فتادند در سر سران سپاه . سر پر زکینه دلی کینه خواه . ز غرآده کوت

اژدر دهن . به پشت زمین اندر آمد شکن . ز برق تفنگان ز گرد سپاه

زمین گشت روشن هوا شد سیاه . ز سم سواران فولاد سم . ره و رسم

گردش فلک کرد گم . چنان جنگ آراسته شد و علمها افراشته شد که ماه در

چرخ از بیم پناه ببرج عقرب بردی و مشتری ببرج سرطان گشتی زهره

زهره خویش با حسی مریخ با آن همه خون خوارگی فلک را عسکر ساختی

علمدار فتح و اجل پیش جنگ . قضا بر یمین و قدر بر یسار . و نیز در آن روز

علی اکبر خان سرهنگ فوج منصور را محض نگاهداری بنه و آقروق و جراحت

عقبه اردو در عقب گذارده حکمی درباره او مرحمت شد که صورت آن در اینجا

ضبط است بعد از طی دو فرسخ خبر رسید که فیض الله بیگ با جمعیت کثیری

عزم بار جنگ جزم نموده قشون را بوضع جنگ صورت بندی کرده

و آراسته حرب گردیدند چون فیض الله بیگ زور ازدیاد قشون و ازدحام

سواره و پیاده وار آسیمه آنها را ملاحظه نمود مطابق این شعر گریز بهنگام

سر در بجای . به از پهلوانی و سر زیر پای . فرار بر قرار ترجیح داده

رو بر گریز نهادند بعضی از قشون پیاده او که از بیم جان در چاهسار و سقولها

پنهان گشته بودند بضرب گلوله سرباز بر خاک تیره سر باز نهادند و زن و بچه

که در دهات باقی مانده بود با آتش سوختند نظم زدند آتش آنسان در آن

مرز و بوم . که شد سنگ خارا بکردار موم . ز پیر و جوان یکسره سوختند

زن و بچه بر یکدگر دوختند . کسی کو گرفتار سرباز شد . سرش بی تن و

تن ز سر باز شد . زمین و در آتش شد و ازدحام . تو گفتی قیامت نموده قیام

یکی زار افتاده در خاک و خون . یکی را رخ از خون دل لاله گون . گروهی کمر

بسته بر جنگ تنگ . گروهی ز جان شسته بودند چنگ . هنگام غروب

آفتاب دست از قتل کشیده حسام الدوله و فوج شاهسون و زریان اول قریه قرا تپه را

که در ضمن گزارش‌ها به خمسه و نجف منزل قرار داده حسام الملک و نصرالملک

مخصوص تیکمان با سه فوج همدان و ده فوج قزوین و بعضی از سواره در قریهٔ قاتق

که ربع فرسنگ فاصله از قراتپه دشت منزل نموده از هر دو اردو پیش قراول

باطراف و جوانب روانه نموده شب را باستراحت بسر بردند صبح الغد از

رسیدن حسام الدوله متفقاً بجانب تیکمان تپه حرکت کردند.

چو شد صبح صادق ز چرخ آشکار. بجنبید بر خویشتن مور و مار. فتادند

بره سپه فوج فوج. چو دریا که از باد آید بموج. همه جا پیش قراول

از سوارهٔ شاهسون بوده با نظم و شکوه سایر افواج و پیاده و سواره

حرکت میکردند چهار ساعت از روز جمعه هشتم شهر ذیحجه گذشته وارد

تیکمان تپه گردیده از کسان فیض الله بیک در عقب احدی باقی نمانده بود

ولی خود تیکمان تپه ده بزرگی بوده واقع در میان دو کوه گردیده عمارت

عالی و مسجد و حمام بسیار خوب داشت قبل از فرار که خیال جنگ داشتند

اطراف ده و سر هر دو کوه را سنگر محکم بسته بودند آرد و گندم زیادی جمع آورده

تماما پامال گردیده و اغنب را آتش زدند بقسمیکه جز تل خاک و خاکستر

چیزی در نظر نمی آمد   هر طرف آمد بگوشم جان خطاب . بان لدوا للموت

وابنوا للخراب . باز از سرباز و سوار در دو دراره پیش قراول گذارده

سنگرها ساختند شب را علی اکبر خان سرهنگ فوج منصور همدان با ولیخان

یاور سوارهٔ چهارمحالی همه جا در دو دراره بقراولی مشغول بودند فردای

آنروز وزرا غریب بظهر خبر آوردند که بعضی از سربازان قزوین که برای

چوب از دراره خارج شده بودند اکراد آنها را محاصره نموده نصرالملک در منزل

حسام الدوله بود بعد از شنیدن این خبر علی اکبر خان سرهنگ را زود غریز آ

خان سرتیپ روانه نموده و بیان واقعه را اظهار داشته مشارالیه بعد از شنیدن

این خبر کلیه سواره جمعی خود را اخبار نموده بیدرنگ پای در رکیب نهاده سفیدیار خان
سرتیپ سواره بختیاری متابعت او را نموده با سواره جمعی خود سوار گردیده

همه شیرمردان میدان جنگ . که در جنگ روباه خواندی پلنگ . همه قد برافراشتند . ز لشکر بیاری دون تاختند . بلشکر چو پیچید این کشکری
بپا هوی برخواست از چار سوی . ز غیرت بشد رست مو در بدن . که گفتی سنان رسته از پیرهن .

علیرضا خان سرهنگ توپخانه مبارکه با دو عراده توپ
و سواره مسلم خان چهار محال بیاری سرباز از جای حرکت نموده و با جوان مرد
ده آقا پاشا برادرزاده قادر آقای مکری تاحشا در ده سنگرهائی که اهالی
ده بسته بودند بضرب گلوله توپ و تفنگ ویران کردند

نظم

جوان مرد چون بر جوانمرد شد . رخ شیر از هیبتش زرد شد .
جوان مردیان گفته اند مرد کیست . جوانمردتر زین جوان مرد نیست .

زخون سر بسر دشت گلرنگ شد ● جهان بر جوانمردیان تنگ شد ●

ناچار هر کس گلوله توپ آتش بار دوچار نگردیده بود فرار اختیار نمود اما بعد از
ساعتی ثانیاً خبر رسید که سواره شاهسون را اکراد محاصره کرده‌اند قشون
پیاده نیز بحمایت برخواسته ولی هنوز از اردو خارج نشده بودند که خبر فتح رسید
و سرهای چند از اکراد با غارت زیاد آوردند شش نفر از سواره شاهسون بقتل
رسیده بود علیرضا خان سرهنگ شب را با سواره سلیم خان محض قراولی زیاده
بوده‌اند وقت مراجعت کردند روز دهم شهر ذیحجه الحرام را محض عید قربان در میدان
به اطراف نمیه اهالی اردو بسلامتی اعلیحضرت شهریاری روح العالمین فداه آنروز را جشن
گرفته قربانی کشتند سیف الدین خان پسر سردار و آقا پاشا برادرزاده قادر آقا
باردوی ظفر نمون آمدند چون سرداران ترک ورود آقا پاشا را شنیدند صباح از
ازجای حرکت کردند و روی بجانب منزل او آوردند که مشارالیه را بعقب رسانند

و چون اهالی میان جو آب را از او بستانند حسام الملک مستعجلا خود سواران بمنزل

رسانیده سرباز را مانع از قتل آنها گردیدند روز پانزدهم ذیحجه حسام الدوله باردو کوچ

آورده پنجاه نفر از میان ابدال و توپخانه احتیاطی با بعضی از سواره با مجعض تنگ راه از جلو حرکت

نموده منزل را در قلعه توکان که متعلق به سیف الدین خان پسر سردار است قرار داده

مشار الیه از بابت سیورسات و غیره کمال خدمتگذاری را بعمل آورده و در نزدیکی از دهات

نزدیک توکان پانزده نفر اسیر از اهالی میان جو آب بود سربازان آنها را بسر بو

قصاص و بار و جه محض میسازند شب را در توکان مانده صبح بجانب قریه ملا رجب حرکت نمودند

در این منزل آقا خان بابا خان پسر محمد خان که از جانب شیخ عبید در ساوجبلاغ

حاکم بود و بعد از شکست شیخ مذکور باردوی اعتماد السلطنه آورده مشار الیه او را باستقبال

اردوی عراق روانه نموده بود که در بین راه سیورسات باردو بدهد وارد و در قلعه

منزل نمود سربازان چون اسم خان بابا خان را شنیدند بدون سؤال برادر کشته

اورا با پانصد نفر از کسان خود بقتل رسانید با بستگان مشارالیه بناء بجام برد

سرباران بجانب جام شتافته آنها نیز دست از جان شسته صد نفر سرباز را

به تیر میزنند یکطرف دیوار را شکافته شبانه فرار میکنند وقتی این خبر بحسام

الدوله رسید که کار گذشته وخان با خان کشته شده بود ولی پیش بیش

قتل مشارالیه را با اهل میان حاء آب کرده بودند همراه اردو حرکت میکردند صبح را

از ملا حرکت نموده در یکفرسنگی ساد جیلاغ توقف نمودند فوج شاه ... زرتان

اول در آنجا زیست نموده عازم قره قشلاق و ملحق باردوی عمادالسلطنه میشوند

اما نصر الملک و حسام الملک و عزیزالله خان سرتیب و علیرضا خان سرهنگ

توپخانه مبارکه قبل از اینکه اردو را از نیکان نیز حرکت بدهند دو دسته سرباز از

فوج منصور با آقا حسین سلطان و رستم سلطان و پنجاه نفر سوار شاهسون و سلیم خان

محض قراولی روانه نمودند چند نفر از سرباران ترک محض غارت از اردو خارج

بودند اکراد آنها را تعاقب نموده نفر از آنها را بقتل رسانند و در این بین آقا
حسین سلطان و رستم سلطان با سواره سلیم خان و شاهسون دوچار آنها گردیده
بیست نفر از اکراد را بقتل رسانیده و سربازها را از جنگ آنها خلاصی میدهند
تعاقب آنها همه توپخانه و افواج و سواره با نظام حرکت مینمودند تا در قریه
[illegible] ملحق بحسام الدوله گردیده روز یکشنبه هفدهم شهر ذیحجه چهار ساعت از
روز گذشته وارد قرا قشلاق گردیدند در اینوقت خبر وفات مرحوم حشمة
الدوله از دارالخلافه بحضرت اجل اکرم سپهسالار اعظم رسید معجلاً محض
نظم اردو عازم گردیده یک روز قبل از ورود اردوی عراق تشریف فرمای
قرا قشلاق شده بودند

فصل دوازدهم

ذکر داستان روانه شدن قشون ظفر نمون حسب الحکم حضرت
اجل اکرم حاجی میرزا حسین خان مشیر الدوله سپهسالار

اعظم بمحال مذکور و منکور تعاقب شیخ قادر و حمزه آقا

و استمالت اکراد قصبه ساوجبلاغ و مکری

اما بعد از تشریف فرمائی سپهسالار اعظم و رسیدن کلیه قشون عراقی

بقر قشلاق روز سه شنبه هجدهم شهر مذکور را محض سلامتی وجود مبارک

اعلیحضرت قدر قدرت شهریاری روح العالمین فداه و مبارکی عید غدیر خم

کلیه سپاه جشن گرفته صاحبمنصبان کل و جزء جمیعاً شرفیاب حضور مبارک

گردیدند بمرحمت و الطاف گوناگون هر یک بفراخور حال مفتخر و

سرافراز شدند بعد از سلام صاحبمنصبان کل را اعلان داده مجلسی

منعقد فرمودند در قشون تعاقب حمزه آقا و شیخ قادر روانه دارند

بر مصلحت مجلس آرا شد. نشستند و گفتند و برخواستند آخر الامر

کسیکه اقدام بسیان قشون نمود حسام الملک را بطلب قشون مذکور و

عزیزالله خان سرتیپ سمت مسکور را اختیار نمود روز نوزدهم عزیزالله خان

سرتیپ و علیرضا خان سرهنگ توپخانه با چهار عراده توپ و سواره

قراپاپاق با سرهنگی حسنعلی خان و دویست نفر دودیران و بیرانلو و سواره بختیاری

و سواره بوردچی و فوج قدهانیه و هشتم شقاقی جمعی حسنعلی خان جنرال از راه

بجانب الیجان و مسکور حرکت نمودند همان روز از حضرت اجل اکرم سپهسالار

اعظم محض راه انداختن ایلغوان از ارود خارج گردیده در مراجعت به

احوال پرسی و سرپرستی بچادر حسام الملک تشریف آوردند روز بیستم شهر

مذکور حسام الملک نیز با دو عراده توپ اطریشی با کالسکه تن و اکنرو عراده

توپ قدیم با محمد آقای یاور فوج شاسر و زرمیان اول با سیوباران

و آقا خان سرتیپ با چهارصد نفر از فوج چهارم تبریز فوج ششم

قراگوزلو با فضل الله خان سرهنگ فوج منصور با علی اکبر خان سرهنگ

فوج مخبران با میرزا علی از جانب جناب ناصر الملک صد نفر سوارهٔ قراگوزلو

با ولیخان یاور یوسف خان سرتیپ شاهسون با چهارصد نفر خانکیشی خان

قرایاق بای نفر   یوسف خان سرکرده خلجالی با صد نفر محمد قلیخان شاهسون

مشکین با صد نفر قربانعلی خان ولد فضلعلی خان شاهسون مشکین با صد و

پنجاه نفر سواره قراجه داغی عالیشان بیگ و سردار بیگ قوچه بیگلو با پنجاه سوار

طهماسب قلیخان سرکردهٔ سوارهٔ قراجه داغی با صد نفر بجانب مرگور

شتافت روز بیست و یکم خود حضرت اجل اکرم صبح از ابقا در آباد تشریف فرما

شدند بعد از راه افشار ارومی مراجعت فرمودند اما حسام الملک دیگر در

بین راه جز اینکه بکرد زحمت تهیهٔ آذوقه در دربند سلدوز توقف کرده

دیگر زیست ننموده روز بیست و چهارم وارد قصبهٔ اشنویه گردیده روز

محض بلدیت راه و آمدن باران در آنجا اطراق لوکا چه تن و اکنراز

آنجا مراجعت بقرا قشلاق نموده توپخانه را به سیو باربن سپرد روز
بیست و ششم مقرر بر آن گردید که اردو از قصبهٔ اشنویه بقریهٔ آق بلاغ
و دربند و سنگلاخ حرکت نماید. در آن جلگه وقت ستون کش فوج
تو گفتی زمین بحر شد فوج موج. ز ضرب سم اسبها ز چپ و راست
فغان از سمک بر سموات خاست. ز غراده توپ و گرد سپاه
ببرزید ماهی و بگرفت ماه. ز لشکر چو بر مرکور شد خبر. بر اکراد شد
مرکور مرگ ودر. ابتدا سوارهٔ فوج بیگلو و فوج مقرب الخاقان آقا خان
سرتیپ محض قراولی بلدیت راه حرکت نمود بعد فوج افشار و توپهای
قدیم و جدید با فوج ششم و فوج منصور و کلیهٔ بنه حرکت کردند فوج مخبران را
آن روز چنداول قرار داده و خود حسام الملک با سوارهٔ جمعی خود و سوارهٔ
یوسف خان و قراپاپاق و غیره همه جا در مرکز اردو که محاذی توپخانه بود حرکت

بنمودند و بکمال آهستگی تا پای گردنه رسیدند آمده فراز کوهی که از
فراز آن ، نتوان بدست کردن جدی و حمل شکار ، مسیو بارن که رئیس
توپخانه مبارکه بود بعد از ملاحظه راه بیان نمود که از این کوه سنگ و راه
سنگ که جمع نشیب و فراز است سرباز و توپچی را امکان حرکت دادن
این توپخانه نیست بهتر اینکه تا بنا معاودت بقصبه آشنویه نموده قسمتی از قشون
را با توپخانه در آشنویه بگذارند و باقی قشون از پیاده و سواره بجانب
مرگور حرکت نماید حسام الملک قبول این قول را نموده مقرر فرمودند اسبها را
کلیه از توپ و قورخانه بار نموده از آن کوه سنگ و راه سنگ که عبور را
مجال دادن نبود و چنگال میخ بر سنگش بند نمی گشت توپ را بدون ا
دوونک سنگ را ، بدوش سرباز کشیده عبور دادند با برف و سرما شش ساعت
از شب گذشته بود که وارد اردو گردیده صبح الصبح خستگی سرباز در همانجا

توقف فرمودند و سیوباردن محض ملاحظهٔ راه با دویست نفر سوار عرب

یکنفر سنگ جلو رفته معاودت نموده بیان کرد که از این راه با سرباز هم امکان

رد کردن توپ نیست زیرا که چندین محل پرتگاه دارد که مانع از عبور توپ است

هرگاه بجز امید مرحمت باشنو یه نمائید من خود را بالمره از جمیع کار و خدمت خلع میکنیم

جز هم رسیده بود که قادر بسر شیخ با ده هزار نفر در این راه بهت توپخانه د

فوج ساسر و در میان اول الحاضر المشوش گفته شد من خود را میل خواطر از کار خلع نموده دیگر

اختیاری ندارم هر قسم حسام الملک حکم فرمایند باید مطیع باشید و تخلف ننمائید

بعد از عنوان حرف استعفا قبل از حرکت اردو سوار گشته عزم راه نموده با سرباز

و توپخانه بپای کوه رسیده‌اند چند موضع که پرتگاه بوده حسب الحکم بهزار مرارت

و زحمت خود حسام الملک بدست خود اقدام نموده سرباز هم با کلنگ و بیل درست کرده

توپهارا با زید و دوش سرباز عبور دادند تصمیم که فردین عقب سیوباردن و سپاه

دیگرها چون شاه شطرنج از حرکت پیاده کار پیلتن بی حرمت اسب مات گشته

رخ بخانه حیرت نهادند و ناچار زبان بتحسین گشادند اول غروب آفتاب

بود که وارد بلوک مزکور گردیده جمیع اهل ولایت از بیم جان بکوه و بیابان فرار

کرده احدی در محال مزکور پیدا نبود تفصیلا برای منیر حضرت اجل اکرم سپهسالار

اعظم عرض نموده روانه داشته شد عبدالله خان زرزا که در کوه بالای اشنو سغناق

داشت و حکمی درباره او و اهل اشنویه نفر مهر بودند بدین سبب متعرض مشارالیه

نگردیده همین تفصیل را نیز بحضور مبارک عرضه داشته شد فردای آن روز بمغرب زرا

محاقان تیمور پاشا خان با جمعی از صاحب منصبان بعد از استماع ورود ازاره

وارد محال مزکور شدند و چیزی در قصبه و دهات نبود از بابت آذوقه و تعلیق

کار مردم از هر سو تنگ گشته بود به فضل خداوند متعال شامل حال گردیده عبد

الحسین بیک نایب را که محض آوردن آذوقه در باغچی من محال سلدوز حسام الملک

گذاشته بودند با جمعی از سواره قراگوزلو که سپرده عالیجاه ولیخان یاور بود

همراهی آنها صد بار آرد که پنجاه نفر در شترهای حسام الملک و پنجاه بار آن

قراپاپاق کرایه کرده بودند باردو رسانیدند. و حال آنکه راه هم مسدود

و یکذرع متجاوز برف بود همین فقره از بخت بلند پادشاه جم جاه عالم پناه

باعث امتنان اردو و فرار قشون شیخ شده ده روز در مرگور توقف

نموده بود از اطمینان از اینکه در این زمستان امکان حرکت خلافی از آنها

نخواهد بود مراجعت باردو می‌نمودند و ملحق باردوی سپه‌سالار اعظم که از ساوجبلاغ

از راه مستقیم باردوی آمده بودند شدند بعد از چند روز حکم نظامی صادر شد

که حسام الملک بجور برود یک منزل حرکت نموده همان شب دو ذرع

برف آمد با وجود برف صبح از آنجا حرکت داد حکمی در بین راه رسید

که حمزه آقا طغیان نموده و اکراد با او همراهی کرده رفتن شما جایز نیست

مرحمت نمایند با همان حالت با کمال پریشانی بسبب خاطر مرحمت کرده بشهر اردوی

آمده مستعد و حاضر رفتن ملایر بودند خبر رسید که در وقع بقعه حسب الامر تشریف

اردوی شدند سه فوج همدان و ده فوج قزوین زمستان را با گرانی غله و نبودن جا

و منزل بقاعده آنها از قراولی شهر و خارج شهر خودداری کرده با اهالی اردوی در نهایت

مهربانی حرکت کرده ولی از صدمه ناخوشی محرقه و مطبقه جمعی از سرباز تلف شده

با اینکه اطبای نظام که مأمور معالجه و مداوای افواج قاهره بودند کمال مواظبت را داشته

و نهایت اهتمام در خدمت و جان نثاری نمودند ده نفر هم از سربازان فوج ششم

منصور در زیر آوار ماندند محض اطلاع حسام الملک خود را با آن مکان رسانیده

هشت نفر را خلاص نموده ده نفر تصدق خاکپای جواهر آسای مبارک شدند زمستان را

متوقف اردوی بودند مگر صدیق پسر شیخ آدم فرستاده استدعای عفو داشته

جناب جلالتمآب امیر نظام عرض شد با آن شرایط که درینوقت صلاح ندیده

هر هفته دو روز اقبال الدوله و نصر الملک و حسام الملک در یکجا جمع شدند با بعضی

از رؤسای شهر شور و مشورت مینمودند و خبارات را مذاکره کرده با چاپار بعرض

میرساندند بعد از عید حسب الامر اردو بیرون شهر زده منتظر رسیدن حکم و آمدن

اعتماد السلطنه بودند در اواخر شهر جمادی الثانی اعتماد السلطنه وارد شدند پنجروز

بعد از ورود حسام الملک را با افواج ثلثه عاشقلو و صد نفر سوار و یکدسته توپ کالسکه

و شش عراده توپ بسرکردگی علیرضا خان گروسی در نهایت آراستگی روانه

لاهیجان نمودند خود اعتماد السلطنه با نصر الملک ده روز بعد از حرکت اردوی گیلان با افواج

قزوین و کلهر و فوج [illegible] و سواره رحیم خان و فرج خان چلیانلو

با شش عراده توپ های تازه رسیده بمرکور حرکت نمودند این اردو هم در نهایت

نظم و آراستگی در لاهیجان و مرکور رفتند تا شهر شعبان که جناب جلالتمآب

امیر نظام حسب الامر بلاهیجان تشریف آوردند روز ورود دسته جلی افواج

و سواره از امیر نظام بودند که ما فوق او متصور نبود و کمال مرحمت را با آحاد و افراد

نوکر فرمودند بعد سه روز توقف فرموده همه روزه بمیدان مشق تشریف فرما میشدند

مخصوصاً یکروز بار روی نظامی تشریف آورده بودند از وضع و نظم و استحکام سنگر و بناها

و پاکیزه که از روی کمال تمجید را نموده سربازان را بفیض انعام مرحمت نموده نوازش کردند

و نهار را در چادر حسام الملک میل فرموده موزیکانچیان همدانه مخصوص موزیک تشریف

فرما شده امیر نظام تعمیر زده‌هند را آمدند که یکجا و قلان انعام و علیک سلطان موزیکانچی

بمنصب یاوری سرافراز فرمودند و مژده مرخصی آن روز با آحاد و افراد نوکر داده

بعد سه روز توقف فرموده باقی جیره و حکم مرخصی و امتیازات بهر کس تعدد شان

و جابجا شانه و مرحمت نموده تشریف بجند صورت عریضه ایست که تصدیق ما

حسام الملک را بحضور مبارک امیر کبیر نایب السلطنه زیر جنگ عرض کرده اند

قربان حضور مبارکت شوم دستگاه مقام منزلت و لیاقت شخص بجه

کمال رسیده از تعریف مستغنی است مع هذا لازم است که بر هر یک شماره مراتب

خدمات عمدة الامراء العظام حسام الملک در این سفر آذربایجان مختصری عرض

نمایم که مشار الیه در بدو مأموریت باین سفر در یکروز با مرحوم مغفور حشمة الدوله

از دار الخلافه بیرون آمده در حالتی که شاهزاده مرحوم بخط مستقیم از راه کردوس

حرکت کرده بودند حسام الملک مجلا از دار الخلافه بهمدان رفته و در مدت پنج روز

هر سه فوج قراگوزلو و یکصد نفر سواره جدیده خود را با کمال آراستگی حاضر و آماده

و بسرعت هر چه تمامتر حرکت کرده و چند روز قبل از ورود شاهزاده مرحوم

در کردوس حاضر شده و حضرت [illegible] و حرکت دادن این سه فوج

با آن سرعت کار آسانی نبود و همین که با شاهزاده مرحوم از کردوس حرکت

[illegible] کرده و در خاک [illegible] را [illegible] روی اداره [illegible] برتبت [illegible]

در عین آن جنگ و جدال حسام الملک از روی خود [illegible] با نظم [illegible]

از کم

از همه حرکت داده در لشکرگاه قشلاق باردوی مرکزیه ملحق شده و در آنجا نیز قسمت

مأموریت بمرگور را که محل اقامت شیخ قادر و عمده ترین مهمات آن ایام بود با سوابغ

دسکلانی و غالبا از آن مأموریت اکراه داشته حسام الملک با مساعدتی هر چه تمام تر

آن مأموریت را پذیرفته در بحبوحهٔ شدت سرما و کثرت برف و عدم آذوقه مشقتی تمام

از اشنویه عبور کرده بخود مرگور رسیده و تا چند روز که لازم بود در آنجا توقف کرده

مأمور ارومیّه شده در ایام اقامت ارومیّه نیز افواج و سوارهٔ خود را با کمال نظم

نگاه داشته اهالی ارومیه را از حسن رفتار خود راضی و خوشنود کرده هر شب در این

آخر که از ارومیه با افواج ثلثه و سوارهٔ خود بازگشت مینمود اردوی ساوجبلاغ و تشکیل

اردوی ساوجبلاغ مأمور نقاط مهمه این حدود و بقدر هزار نفر سوارهٔ قراپاپاق و تاش باشیان

سپرده شده او هم با کمال نظم و نهایت زرنگی از ارومیه بساوجبلاغ آمده و تا بنیاد دیگر

اردوی سیار منظم بقاعده با شرایط لازمه دایر و مرتب نمود و در مدتی که طوایف

قراپاپاق و پاش از در و دارهٔ دولتی بلاسجان بکمال وحشت داشته و در اوایل غالبا

متفرق شده‌اند حسام‌الملک بطوری در امنیت آنها و حفظ نظم از روی خوبی سعی کرده

همه این پاش و قراپاپاق بادارهٔ دولتی مانوس و محشور و با نهایت امنیت بداد و ستد

مشغول گشته و بهتر از همه در مقتضیات حفظ حدود و حراست نقاط مهمه و معابر

عمده این حدود آنچه لازمه تکلیف ریاست آن اردو و شرایط حزم و احتیاط بود

بعمل آورد بطوریکه جناب معزی فواید عامه با هر رشته از حسن نظم و کثرت اهتمام او اجرای

تکالیف نظامیه ایشان تعریف و تحسین بخصوص شده و این اوقات که خود فدوی

از ساوجبلاغ بلاسجان آمده و اردوی او را رای العین دیدم بی مبالغه عرض میکنم که سربازان

و سواری همه از نه ماه خدمت بدین تازگی و شسته رفته و ادارهٔ بدین نظم و ترتیب

و صاحبمنصبهائی بدین لیاقت و اسلحه بدین تازگی را از هر جهت قابل تحسین و تمجید

دیدم و معلوم است که اینها همه از نتایج اهتمام و حسن کفایت و مراتب لیاقت

السلام

حسام الملک است که علاوه بر شئونات خانوادۀ و اصالت و نجابت که دارد
چاکری شاهنشاه به مرتبۀ کمال رسیده و در سلک امرا و سران سپاه باعث افتخار عساکر
دولت شده و اگر چه فدوی نسبت به کوشش و عنایه ابو المحمد او به وجه استحقاق لازمۀ محبت
و مهربانی کردم لکن پاداش این قبیل خدمات و زحمات او و در این سفر و ادای مراتب
لیاقت او موقوف و منوط به بذل مراحم شاهانه و توجهات مخصوصۀ حضرت
اشرف والا روحی فداه است   امر کم الاشرف الوالا مطاع ۱۲ شهر شعبان ۹۸
۵ روز بعد سیصد نفر سرباز از افواج ثلثه سی نفر و یکی کردی با غلام حسین خان یاور
فوج منصور به جهت حفظ قلعه لاهیجان حسام الملک گذارد و با اتفاق جناب وزیر برو ندا
اردو را حرکت داده به ساوجبلاغ آمده با وجود کمال وحشت که اهل قصبه داشتند
در کمال نظم و مهربانی حرکت نموده ۵ روز توقف کرده بعد اردو را حرکت داده
از راه میان دو آب و صاین قلعه و بیجار به ولایت آمدند

خانه زاد جان نثار علی اکبر سرهنگ فوج منصور پسر حسام الملک مخصوص اطلاعه

ملازمان آستان مبارک اعلیحضرت قدر قدرت همایونی روحی فداه این

کتاب را که مسمی باقتباس ناصریست از روی بصیرت بعرض خاکپای مبارک رسانید

کتاب نصایح هم بزبان فرانسه زحمت کشیده نوشته بهمین حالت بود

او را هم از لحاظ مبارک اعلیحضرت اقدس ظل اللهی

روحنا و روح العالمین فداه

میگذراند

وێنەی هەندێ لەوکەسانەی لەم کتێبەدا ناویان هاتووە

شا ئیسماعیلی سەفەوی

شا عەباسی سەفەوی

ئاغا محەمەد خانی قاجار

فەتح علی شای قاجار

عباس میرزای وەلیعەهد

ناسرەدین شای قاجار

حەمزە میرزای حیشمەت دەولە

میرزا حسەین خان(سوپا سالار)

میرزا نیزامی گەڕوس

حیسامولمولک

ژەنراڵ واگنەر- ی نەمساوی

موزەفەرەدین شای قاجار

میرزا سەعیدخان
(وەزیری کاروباری دەرەوە)

حاجی یوسف خان
(شوجاعولدەولە)

شێخ شامیل
(رابەری رزگاریخوازی داغستان)

ئیقبالدەولە

شورش شیخ عبید الله (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا)
نووسینی: عەلـیخانی گۆنەخانی ئەفشار

ئەم کتێبە لەلایەن (علـی خان گونەخان افشار)ەوە نووسراوە، کە نووسـەرێکی فارسـی، شیعی، ئـازەری و خـەڵکی ورمـێ بـووە و لەبـەر گرنگـی ڕووداوەکـەش، دوای ئـەویش خەتخۆشانیتر، دەستاودەستیان پێکردووە و چەند نوسخەیەکیان لەبەر نووسیوەتەوە. نـاوبراو خۆی یەکێکە لەوانەی لە ڕۆژانی شۆڕشەکەدا، ڕاستەوخۆ دژی شۆڕشەکە، شەڕی کـردووە و بەرگری لە ئابڵوقەشـکاندنی ورمـێ کـردووە، کـە هێزەکـانی شـێخعوبەیدوڵلا. بـە مەبەسـتی داگیرکردنی، ئابڵوقەیان دابوو. واتە: کتێبەکە باسی ڕووداوەکانی قوڵـی ورمێ دەکـات و بـە گیانێکی دوژمنانەوە نووسراوە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش کتێبێکی دەوڵەمەندە و زانیاریی زۆر بە کەڵکی تێدایە.

ئەم کتێبە کراوەتە پاشکۆی کتێبی (تاریخ افشار)، لاپەڕەکانی ٥٢٥ – ٥٧٩، کە (مـیرزا رشید ادیبالشعراء) نووسیوێتی و لەلایەن (پرویز شهریار افشار)وە لە ساڵی ١٣٤٦. هەتاوی – ١٩٦٧ ز – دا لە (ورمێ) چاپکراوە.

لەوەدەچێ (علـی خان افشار) خوێندەوارییەکی باشی نـەبووبێ و هەمیشـە (عبیداللـە)ی بە (عبادالله) نووسیوە.

ساڵی ١٣٠٥ هـەتاوی – ١٩٢٦ ز – رحـمتالله خـان اقبالـــی – ڕوونووسـێکی ئـەم دەستخەتەی نووسیوەتەوە و چاپی ئەو کتێبەی سەرەوە، لەم نوسخەیە وەرگیراوە.

نوسخەی دەستخەتی ئەم کتێبە، لەم شوێنانە هەن:

١– کتێبخانەی میللـی (ملك – تاران)، بە ژمارە (٣٧٨٢) و بە خەتی (**مرتضی قلـی بن محمـد ابراهیـم**) و لـە سـاڵی ١٣١٢ کۆچـی – ١٨٩٤ ز – دا نووسـراوەتەوە. پێڕستەکەیشـی ئاوایە: (٣: ٥٤٤ – ٥٤٥).

٢– کتێبخانەی لەندەن: ئەم دەستخەتە بەم ئەدرەس و ژمارەیە هەیە:

donnreet Lots rary. thernhauyhbStudies the Li ntal and Africaneool of orihSc
2388 - 637 ١٧١ – ٤٤. 001WCIH OXG Te
pt of Tarikh Al - Akrad icrsersian ManuP
Ms. 46448

ئـەم نوسـخەیە بـە خـەتی (مـیرزا عینایـەتوڵلای لورکـانی) نووسـراوەتەوە و پێشکەشـی (جەمشیدی کوڕی ئەردەشێر)ی ئەفشاری کردووە، کە بە (**مجدالسلطنه**) ناسراوە.دوای مەرگی **مجدالسلطنه**ش کتێبەکە لەگەڵ سەدان دەستخەتی تری دەگمەندا، پەرتـەوازەی کتێبخانـەکانی

دنیا بووە، تا لە دواییدا لە (کتێبخانەی قوتابخانــەی فەرهـەنگیی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت و ئەفریقیا – سـیواس – ی سـەر بـە زانکـۆی لـەندەن) گیرسـاوەتەوە. کتێبخانـەی سیواسـیش دەستخەتەکەی بەناوی (کورد) تۆمار کـردووە. بـەڵام نـاو نیشـانی ئەمـەیان ئاوایـە: (تـاریخ خروج اکراد و قتل و غارت عبیدالله بد نهاد، اغتشاش و فتنه زیاد در مملکت آزربایجـان – سنه ۱۲۹۷ هـ. ق).

ئەم دەستنووسە (۹۳) پەڕە، واتە (۱۸٦) لاپەڕەیە، کە جگە لە دوالاپەڕە، ئیتر هەمووی ساخن و خەتەکەی میرزاعینایەتیش لەوپەڕی جوانیدایە.

عەلیخان ساڵی دەستپێکردن و نووسینی ئەم کتێبـەی نەنووسـیوە، بـەڵام سـاڵی (۱۲۹۹ کۆچی – ۱۸۸۱ز) لە نووسینی بۆتەوە.

(مجدالسلطنه)ش پێشەکییەکی کورتی بەمجۆرەی بۆ نووسیوە:

«ئـەم کتێبـە بـە خـەتی خوالێخۆشـبوو عینایـەت لورکـانی نووسـراوە و خوالێخۆشـــبوو عـەلیخانی کـوڕی مـیر – مجدالسلطنه – ی پێشـووی ورمـێ نووسـیویێتی و (جەمشـید کـوڕی ئەردەشێر) پێشکەشی کردووە، تا نوسخەی تریشی لەبەر بنووسرێتەوە.

لە دواوێنەکانیشدا (مجدالسلطنه) ئەم مێژووەی لەسەر ئەسـتخەتەکە نووسـیوە: سـەرەتای ڕەمـەزانی ۱۳۱٦ کۆچـی و مـۆری (جەمشـید مجدالسلطنه)ی پێـدا نـاوە. بـەم پێیـە دەبـێ (عەلیخان) لەنێوان سـاڵانی (۱۲۹۹ کۆچـی – ۱۸۸۱ز)، (۱۳۱٦کۆچـی – ۱۸۹۸ز) کۆچـی دوایی کردبێت.

لە هەر لاپەڕەیەکدا (۱۳) دێڕ نووسراوە و قەوارەی لاپەڕەکانیش بریتیە لـە (۷/٥ سـم × ۱٦/٥). هەندێ وردە جیاوازیشی لەگەڵ نوسخەکەی کتێبخانەی تاراندا هەیە.

شورش شیخ عبیدالله (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا)[1]

بەناوی یەزدانی بەخشەندە و مێهرەبان

سوپاس بۆ یەزدان و سڵاو لە محەمەد، سەروەری پێغەمبەران و بنەماڵە بێگەردەکەی. پاشان، منیش لەوانەبووم کە لەو ماوەیەدا ئابڵوقە درابوون. شەو و رۆژ لەبەر دەرك و دەروازە و سەر دیوار و قەڵاوە، هەموو شتێکم بە چاوی خۆم دیوە و شەرحێك لەسەر کاروبار و چۆنێتی شێخ و خراپەی سپا و ئەوەی دیومە و بیستوومە، لەم نامیلکەیەدا دەنووسم، تا خوێنەر بیخوێنێتەوە و ئاگادار بێ کە شێخ چەندە ئازاری خەڵکی ورمێی سنووری ئازەربایجانی داوە.

ئەم پیاوە بۆتە هۆی کوژرانی سەدهەزار کەس لە خەڵکی موسوڵمانی هەردوو دەوڵەت و هەموو چەشنە خراپە و ئاژاوەیەك. بەلام لە سەردەمی دەوڵەتی هەتاهەتایی خاوەن شکۆ، شای شاکانی دەوران و دادگەرتر لە هەمووان، شای شازادە و خاقانی کوڕی خاقان، حەزرەتی ساحێبقران، شای جیهان (ناسرەدینشا)، خاك و وڵاتی بە بەهەشتی یەزدان بێ، ئاژاوە و شەڕ و شۆڕێکی زۆر لەلایەن نەیارانەوە لە ئێراندا خوڵقاوە.

یەکەم: یاخیبونی محەمەد حەسەنخانی سالار، کە هاوڕێی چاکی ئاسەفودەولەی خوداڵێخوشبوو بوو. شیعری پیاوێکی بەهەشتی کردبووە ویردی سەر زمانی و لە ئاکامیشدا سەری لەو رێیەدا دانا:

مرا عار آید از این زندگی　　　که سالار باشم کنم بندگی

«زۆرم پێ نەنگە ئا ئەم ژیانە　　　بۆ خۆم سالار بم بژیم کۆیلانە»

لەگەڵ جەعفەر قولیخانی ئێلخانی، کە تورکمانە و خەڵکی خۆراسانە، لەشکرێکی کۆکردەوە و هەوای گەورەیی و سەروەری کەوتە سەری و چەند ساڵێك لەگەڵ سپای سەرکەوتووی دەوڵەتدا جەنگا و لە ئەنجامیشدا بووە بە قوربانی کردەوەی چەوتی خۆی.

دووهەم– ئاژاوەی سەیید عەلی محەمەدی باب بوو، کە ئیدیعای بابیەتی دەکرد و زۆربەی ناوچەکانی ئێرانی شڵەژاند و خوێنی رژاند.

پاشان گیرانی قەڵای هەرات و قەڵسبوونی دەوڵەتی ئینگلیس و داگیرکردنی بەندەری بووشەهر و شەڕی شووشتەر و ئەهواز و هیتریش کە تورکمەنەکانی مەرو و سەرەخس بوون.

---

[1] ئەمە ئەودەقەیە، کە (میرزا رشید ادیب الشعرا) کردوویەتییە پاشکۆی کتێبەکەی خۆی (تاریخ افشار) و لە لاپەڕەکانی (٥٢٥ – ٥٧٩)ی کتێبی ناوبراودا، ساڵی ١٣٤٦ هەتاوی – ١٩٦٧ ز– چاپ و بلاو بوتەوە.

سوپاس بۆ یەزدان، لە ژێر سێبەری شمشێری خوێنرێژی لەشکری خاوەن شکۆ ناسرەدینشای ساحێبقران خوا خۆی و ولاتی بپارێزێ، سەرجەمی بەدفەڕ و شەڕخوازان خۆیان شاردبۆوە و نەیاندەوێرا سەریان لە کونە مشکیش بێننە دەرێ و ماوەی (٣٠) ساڵ بوو، هەموو خەڵکی ئێران لە ئازار و گیروگرفتی زەمانە رزگار بوون و خەریکی کاروباری خۆیان بوون. دەوڵەت و بەرپرسانی هێمنایەتی ولاتیش، لەبەرئەوەی متمانەیان بە دۆستایەتی دەوڵەتی عوسمانی کردبوو، کارێکیان بەسەر کاری سنوورەوە نەبوو، تا لە ناکاو شێخ عوبەیدللا لە ساڵی ١٢٩٧کۆچی(١٨٨٠)دا لەگەڵ کۆمەڵێك سەربازی کورد، کە کۆیکردبونەوە لە لای (ناوچیا)ی سنووری دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانییەوە سەریان هەڵدا و زیانێکی زۆریان بە سنوور گەیاند. ویستی هەروەك دەوڵەتی سەفەوی و شائیسماعیل بەرماڵ و تەسبیح بە تەختی شایەتی بگۆڕێتەوە و تەسبێحی نەفیر بکاتە دەنگ و سەدای تەپڵ و دەهۆڵی شایەتی. کەچی ئەوەی نەزانی کە:

نه هر که چهره برافروخت دلبری داند　　نه هر که آینه سازد سکندری داند

نه هر که طرف کله کج نهاد و تند نشست　　سپاه داری و آئین سروری داند

هەرکەسێ خۆی سوور هەڵگەڕاند دڵداری نازانێ　　هەرکەسێ ئاوێنە درووست بکات ئاوێنەساز نییە

هەرکەسێك کڵاوی لار دانا و قورس و قایم دانیشت　　سوپاسالاری و رێوڕەسمی گەورەیی نازانێ

بنە و بنەچەکی شێخ و بیروبڕوای:

مەڵبەندی (ناوچیا) دەکەوێتە ناو قەڵەمڕەوی خاکی رۆم (عوسمانی) و سەر سنووری دەوڵەتی ئێران، نزیکەی هەزار بنەماڵە دەبن و خانووەکانیشیان لە نووچکی کێو و قووڵایی دۆڵ و شیوی ئەو مەڵبەندەیە.

شێخ عوبەیدللا کوڕی شێخ تەهایە و بنەوبنەچەیان رێڕەو و هۆگری مەزهەبی سوننی و رێ و شوێنی عیرفانن و بە درۆ خۆیان بە خەڵك بە خاوەن کەشف و کەرامات ناساندووە و هەر لە خۆڕا خەڵك خۆشیان دەوێن.

شێخ تەها جاروبار دەچووە ناوەندەکانی حکومەت لە تەورێز و تاران و لە لای نۆکەر و دەست و پێوەندەکانی خاقانی بەخشەندەی دادگەر، محەمەدشای خوالێخۆشبوو دەستی دەکرد بە درۆ و دەلەسە و بە هۆی ئەوانەوە بووە خاوەنی (٥٠٠) تمەن بەرات و پێنج ئاوایی لە گوندەکانی مەرگەوەڕ و بوو بە بەراتخۆری دەوڵەتی ئێران. بەڵام هیچ کاتێ ناشکوری نەکرد و ناندێنی نەدراند و بەم بۆنەیەوە بەرپرسانی دەوڵەتی ئێران هەمیشە چاویان لێی بووە و لایەنیشیان رادەگرت.

شێخ عوبەیدوڵڵای کوڕی شێخ تەها، پاش مردنی باوکی، خۆی یەکجار بە سەربەخۆ دەزانی و لە خودا و پێغەمبەری خودا یاخی بوو، هەوای زوڵم و زۆر لە کەللەیدا و بوو بە ئاواڵ سیانەی فیرعەون و شەداد و دەیوت:

پدرم روضۀ رضوان به دو گندم بفروخت ناخلف باشم اگر من به جوي نفروشم

((باوکم باخی بەهەشتی بە دوو دەنکە گەنم فرۆشت
منیش حەرامزادە بم، ئەگەر بە دەنکە جۆیەکی نەفرۆشم))

بۆیە بۆئەوەی پلەوپایە و دەسەلاتی خۆی لە ناو خەڵکدا بەرێتە سەرێ و خۆی بە مرۆڤێکی نائاسایی بناسێنێ، باسی کەشف و کەراماتی دەکرد و خەو و خەیاڵی درۆی هەڵدەبەست. جاری وابوو پیاوێکی دەخستە ناو گۆڕی شێخ تەهاوە و خۆی جل و بەرگێکی سپی لەبەر دەکرد و دەچووە نزیك گۆڕی باوکی و دەستی دەکرد بە پرسیار و وەڵام و بۆ هاندانی خەڵکی نەزان دەیوت: شێخ تەها دەڵێ: دەبێ دەستپێبکەی، جەماوەر کۆبکەیتەوە، لە ئێران ببیتە خاوەنی تاج و تەخت و رەگ و ریشەی رافزییەکان دەربهێنی، پەرە بە رێگای راست بدەیت و فەرمانی خودا و پێغەمبەر بەجێبهێنیت. ئەوسا بۆ هاندانی عەشیرەتەکانی دیکەش جیهادێکی بەم ناوەرۆکە نووسی و بە هەموو ولاتی راگەیاند:
((شێخی پێشوو فەرموویەتی بە کوشتنی رافزیی رازییە و گیان و ماڵیان بۆ ئێوە بە رەوا دەزانێ و مۆژدەی حکومەت و بەهەشتی داوە)).

پاش بلاوبوونەوەی ئەم راگەیاندنی جیهادە، کوردان هەروەك سێلاوی کوێستان لە ژێر سێبەری ئەو یاخییەدا کۆ بوونەوە و ئەویش خۆی بە شای عەشایر ناساند و بەهیوای سەروەری و سەرەرۆیی، کەوتە کۆکردنەوەی کەرەسە و چەك و چۆڵی شەڕ و سەربازیی. لە ساڵی ١٢٩٣کۆچی(١٨٧٧) کە دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ دەوڵەتی رووس لە شەڕدا بوو، شێخ عوبەیدوڵڵا بۆئەوەی لە داهاتوودا لە یارمەتییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەشدار بێ، جیهادی راگەیاند و بە (٣٠) هەزار سوار و پیادەوە رویکردە قارس. پاشایان و سەرکردەکانی سپای عوسمانی بوونی گلاوی ئەویان لە ماوەی شەڕدا بە هەل زانی و لەوپەڕی رێز و حورمەتدا، پێشوازی و میوانداریيان لێکرد. پاش ئەوەی فەرمانی بەرێز پاشای عوسمانییان پێگەیشت، خێوەت و چەك و چۆڵێکی زۆریان دایە، تا لە ماوەی شەڕدا هاریکار و یارمەتیدەریان بێت. بەلام شێخ دوای وەرگرتنی کەرەسە و چەكوچۆڵ و چەند رۆژ شەڕ و لێکدان لەگەڵ لەشکری رووس، لەبەرئەوەی سپا بێسەرە و بەرەکەی نەیدەتوانی بەرەنگاری

سەربازەکانی ڕووس بن و لەگەڵیاندا بەشەڕ بێن، ڕایانکرد و بە تێکشکاوی ڕویان کردە ئاڵباغ.[1]

دانیشتووانی ناوچەی ناوبراو، کە (٣٠) ئاواییە، هەموویان عیسایی و سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون. شێخ بە پێچەوانەی پەیمانەکەی لەگەڵ پاشایانی عوسمانی، دەستی بە قەتلوبڕیان کرد و کلیساکەی ئەوێشی بە دووسەد هەزار تمەن کەرەسەی زێوین و زێڕین و تاجی گەوهەر نیشان، کە دیاری و یادگاری باب و باپیرانیان بوو، تالانکرد و کارێکی وای کرد، پاشماوەی خەڵکی ئاڵباغ بە ڕووتوقووتی، ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشت و بەرەو ورمێ و خۆی و سەڵماس هەڵاتن. ئەگەر بە پیرەوە چوون و یارمەتی خەڵکی ئەم وڵاتانە و دووهەزار تمەن یارمەتییەکەی حەزرەتی وەلیعەهد نەبوایە، تاقە کەسێك لەو ئاوارانە دەرنەدەچوو.

سپای شێخ عوبەیدوڵڵا دوای کوشتوبڕ و تالانی ئاڵباغ، بە دەسکەوتێکی زۆرەوە گەڕانەوە وڵاتی خۆیان و بۆ کوشتار و تالانی ناوچەکانیتر، چاوەنواری فەرمانی شێخ بوون.

هاتنی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ شاری ورمێ:

سێساڵ لەوە پێش، شێخ عەبدولقادر هاتە ورمێ و لەگەڵ ئیقبالدەولە (دوایین حاکمی ورمێ) چوو بۆ تەورێزی پایتەخت و لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە خەڵات کرا و بەراتیشیان بۆبڕییەوە. لەم ماوەیەشدا دیسان داوای کردبوو بێت بۆ ورمێ و ئیقبالدەولەش مۆڵەتی لە بەرپرسانی دەوڵەت بۆ وەرگرتبوو.

شێخ عەبدولقادر ئەمجارە تەیاربوون و بە هیوابوون لەگەڵ عەبدوڵڵاخان و برایمخان بێنە ورمێ؛ کە بنەوبنەچەکیان ساڵەهای ساڵ حاکمی شنۆ بوون و لە ڕۆژگاری حوکمرانیی ئەحمەدمیرزادا بە توندی کەوتبوونە بەر ڕق و تووڕەیی، سزا دران و لە حکوومەتی شنۆ لابران، بۆ ئەوەش خۆیان کاری خۆیان بەڕێوە ببەن؛ دەستیان دایە یەکخستنی سەرانی کورد و عەشیرەتەکان، بۆ وێنە لەگەڵ سەرۆك هۆزی ڕەوەند و فەقێ یۆسفی خۆشکەزای ناوبراو و محەمەد ئاغای مامش و چەند کەسێکیتردا ڕێككەوتن و ئەوسا بۆ دابینکردنی چەك و چۆڵی شەڕ و کڕینی تفەنگ و فیشەك، چەند کەسێکی ڕەوانەی تەورێز کرد.

هەڵاتنی هەمزاغا و پێوەندیکردنی بە شێخ عوبەیدوڵڵاوە:

هەمزاغا پیاوێکی نالەبار و سەرەڕۆ بوو. پازدەساڵ لەوەپێش حەفتا سواری قەرە پاپاغی لە نزیك سابلاخ کوشتبوو. هەرکە پاشاخان موزەفەرودەولەی برازای عەزیزخانی سەرداری

---

[1] ئاڵباغ: مەبەست لە شاری (وان)ە.

گشتی، ئەرکی بەرەنگاری گوشاری ئەوی پێسپێردرا، پەنای بردە بەرخاکی عوسمانی و پاشان بەخشییان و گەڕایەوە خاکی ئێران.

لەو ماوەیەشدا هەرچەند بە رواڵەت سەر بە دەوڵەتی ئێران بوو، بەڵام بە بۆنەی رابردووی پڕ لە شەڕ و شۆڕ و سەرەڕۆیی و تالآن و بڕۆی هەمیشەیەوە، ترس و لەرزی ئەوەی بوو رۆژێ بیگرن و بە سزای کردەوە چەوت و دزێوەکانی خۆی بگەیەنن. لەبەرئەم هۆیە چونکە دەیزانی شێخ چ بیروڕایەکی هەیە و پێشتریش چاویان بەیەك کەوتبوو، چەند کەسێکی لە کاربەدەستانی دەوڵەت، لە سابلاخ کوشت و رایکردە لای شێخ و بووە سەرکردەی لەشکرەکەی.

شێخ عوبەیدوڵلا بە پێشنیار و هاندانی هەمزاغا دەستی کرد بە فراوانترکردنی دەسەڵاتی و پێوەندی کردن بە سەرۆك عەشیرەکان بۆ هاوکاری و یارمەتی لەگەڵیاندا.

لەبەرئەوەی هێزێکی بەرچاوی کۆکردبۆوە؛ بەر لە هەمووشتێك هێرشی بردە سەر قەڵای لاجان و تەفروتووناى کرد(ئەو قەڵایە عەسکەرخان سەرداری بەناوبانگی ئازەربایجان سازی کردبوو).

پاش ئەوەی روویکردە سابلاخ و داگیری کرد؛ هەوای گرتنی میاندواو کەوتە سەری. خەڵکی میاندواو بە ئازایەتی و بوێرییەکی بێهاوتاوە، دەستیان دایە بەرگری و خۆراگری و دوای ماوەیەك گەمارۆدان، شێخ، هێزی بەرگری جەماوەری تێکشکاند و کوشتوبڕ و تالآنێکی کرد، کە تەنانەت بیرهێنانەوە و گێڕانەوەیشی دەبێتە هۆی داخ و کەسەر و داماویی.

دوای کوشتار و تالآنی دانیشتووانی میاندواو و ئاواییەکانی دەوروبەری، بەرەو بناو بزوا و پاش شەڕێکی ترسناك، ئەوێشی داگیرکرد و بە شتومەك و دەسکەوتێکی زۆر و زەوەندەوە بەرەو شنۆ گەڕایەوە. لەبەرئەوەی بە گرتنی ئەو شارانە، لەخۆبایی ببوو، جەماوەرێکی زۆری یاخیشی بە دەورەوە بوو، چوو (سندووس) بگرێ و پاش گرتنی ئەوێش رووی کردە شاری ورمێ.

بەڕێکەوتنی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ گرتنی ورمێ:

١٥ی زیقەعدەی حەرام -١٢٩٧ کۆچی(٢٠/١٠/١٨٨٠)

لە کاتێکدا هێزەکانی سەربازیی هەوشاریی، بە سەرکردایەتی ئیقبالدەولە بۆ بەرەنگاری و دەرپەڕاندنی خراپکار و شەڕخوازەکانی سنوور، لە قەڵای (بەدەلبو)[1] ئۆردوویان لێدابوو، شێخ عوبەیدوڵلاش، کە سەرمەست و لە خۆبایی سەرکەوتنەکانی بوو، لەلایەن شێخ محەمەد ئەمینەوە (کە سەرکردەیەکی کورد بوو)، دنە درا و تێگەیەندرا، کە ورمێ بێ بەرگریی و پارێزەرە و داوای لێکرد ئەم هەلە لەبارە بقۆزێتەوە و هەڵکوتێتە سەر ورمێ و دوایی بە کاری ئەوێ بێنێ و بە لایەکیدا بخات.

---

[1] (بەدربۆ)شی پێدەڵێن

شێخ هەر کە نامەی محەمەد ئەمینی پێگەیی، لە ناوچەی مەرگەوەڕەوە کەوتە ڕێ و بۆئەوەی هەموو هێزەکانی یەك بگرنەوە و لە جێیەك کۆببنەوە، بۆ چەند سەعاتێك لە (باراندوز) ئۆردووی خست و دوای ئەوەی هاوڕێ و هێزەکانی گەیشتنە لای، بە کۆمەڵ بەرەو ورمێ بە ڕێکەوتن و چوونە ئاوایی (سیر)، (کە قۆناغەرێیەك لە شارەوە دوورە). لەم کاتەدا سەرجەمی هێزەکانی شێخ نزیکەی ١٢ هەزار کەس بوون.

سیاسەتی شێخ عوبەیدوڵلا لە داگیرکردنی شارەکان و تۆقاندن و تالاّنی ئاواییەکاندا، بە جۆرێك بوو؛ کە لە پێشدا هەرچۆنێك بوایە، لەشکرەکەی ترس و خورپەی دەخستە دڵی دانیشتووانەوە، هەتا هێزی خۆڕاگریی و بەرەنگاریی پارێزەران تێكبشکێنێ. بەم مەبەستەش کاتێ گوند و کێوەکانی (سیر)یان کردە بارەگای لەشکری خۆیان، فەرمانی‌دا پووشکە و چڕ و چیلکەیەکی زۆریان کۆکردەوە و بە بەرچاوی پڕ پەژارەی دانیشتووانەوە، کە دەیاننوارییە کێوەکانی دەوروبەری ولاّتەکەیان، ئاگریان تێبەردا و ئەوەندەی دیکە هێزەکەی خۆیان زلتر خستە بەرچاو.

بەیانی ئەو ڕۆژە، شێخ عوبەیدۆڵلا دوو نامەی بۆ میرجەماڵەدین ئاغای شێخولئیسلامی ورمێ و میرزا حسەین ئاغا موجتەهیدی ئەو کاتە نارد و ناوەڕۆکی نامەکانیش بەم چەشنە بوون:

«من بۆ دادخوازیی جەماوەر و لابردن و نەهێشتنی ئەو زوڵم و زۆرەی لە سەر خەڵکە، هاتووم. دوو ڕۆژ لە ورمێ میوانی ئێوە دەبم و لە ئێوەش جگە لە پێداویستی سەربازەکان زیاتر، هیچی‌ترم لێتان ناوێ، لە مزگەوتی جامیعەی ورمێ لەگەڵ ئەو خەڵکە موسوڵمانە نوێژ دەکەم و هەموو خاوەن‌کارێکیش لەسەر کاری خۆیان دەمێنن و خۆم بۆ تەوریز دەچم. ئەگەر ئیقبالّدەولە گوێڕایەڵ بێت، پایەیەکی گەورەی دەدەمێ و ئەگەریش بەقسەی نەکردم، ڕێگەی مەدەن بێتە ناو شار، چونکە دەرکردن و لابردنی بۆ من زۆر هاسانە و بێتو بە پێچەوانەی ئەمەش بجووڵێنەوە، دەبێ چاوەنواڕ بن ئەوەتان بەسەربێ، کە بەسەر دانیشتووانی میاندواو هات. من بۆ خۆم لەگەڵ لەشکرەکەم هاتوم، نەکا یەکێکی لەشکر، زیانێك بە خەڵکی شار بگەیەنێت، چونکە ورمێ بە ماڵی خۆم دەزانم. خودا یاربێ ئەوەندەی پێم بکرێ لەگەڵ خەڵك چاکە دەکەم.»

دوای وەرگرتنی نامەکان خەڵکی ناسراو و ماقووڵی شار کۆبوونەوە و لە ناوەڕۆکی نامەکان ئاگادار کران. دوای ئاگادار بوون، بیروڕای زۆربەیان هاتە سەر ئەوەی؛ بەو هۆیەوە کە هێزەکانی هەوشار لە ناوشاردا نەبوون، بەرگری کردن لە شار، زۆر حەستەمە، لەبەرئەوە دەبێ کارێکی وابکەن شێخ عوبەیدوڵلا لە پەلاماری کتوپڕ، خۆ ببوێرێ و چەند ڕۆژێك بە فرت و فێڵ رایگرن و نەیەتە شار. لەم ماوەیەدا ئیقبالّدەولەش کە لە (بەدەلبو)یە، ئاگادار بکرێتەوە. بەمجۆرە زانایانی ورمێ نامەیەکیان بۆ شێخ عوبەیدوڵلا نووسی و بە میرزا غەفور و حسەین‌قولی‌بەگی‌خەلەجدا بۆیان‌نارد و بە دەمیش پێیان ڕاگەیاند، کە (٣) ڕۆژ مۆڵەتیان

بداتێ و ئەوانیش لەم سێ رۆژەدا دانیشتووان ئاگادار بکەنەوە، تا شار، بۆ هاتن و پێشــوازیی شێخ و هاوڕێکانی ئامادە بکرێ.

شێخیش کە ئاگای لەم فرت و فێڵە نەبوو، وتبووی: دوو رۆژتان مۆڵــەت دەدەمــێ، بــەو مەرجەی نەهێڵن ئیقبالدەولە بێتە نێو شار. نێردراوەکەش لە وەڵامدا وتبووی بێتو ئیقبالدەولە فەرمانی شێخ بەڕێوە نەبا و سەر شۆڕ نەکا، هەرگیز رێگەی نادەین بێتە ناوشار.

دوای گەڕانــەوەی مـیرزا غــەفوور و حســەین قولــیبەگی خەلــەج لــە ئـۆردووی شــێخ و گێڕانەوەی رووداوەکە و باسی ئەوەی کە تەنیا دوو رۆژ مۆڵەتی بە دانیشــتووانی ورمــێ داوە، زانایانی شار نامەیەکیان بۆ ئیقبالدەولە نووسی و بە میرجەعفەری خەڵخالــی و حاجی مــەلا جەعفەری تاجردا بۆیان نارد و کارەساتەکەشیان بۆ گێڕایەوە. هــەر کــە ئیقبالدەولــە ئاگــادار بوو شێخ عەلــیخانی سەرتیپی بە سپای دەیەمی خۆیەوە بەرەو شار بــەڕێکرد و ئــەویش لــە شەوی (١٦)ی زیقەعدە – ١٨٨٠/١٠/٢١دا چــووە نــاو شــار. هــەتا ئــەو هـێزەی ناردبوویــان بگاتێ ، خەڵکی شار خەریکی قایمکردنی قەڵا و دەروازەکان بوون، کاروباری بەرگریکردنیان لە شارەکەی خۆیان ئامادە کردبوو. کە هێزەکەی شێخ عەلیخانی ســەرتیپ گەیشتێ، ورەی خەڵك بەرزبوەوە و گەورە و بچووك خۆیان بۆ شەڕ لەگەڵ هێرشکاران ئامادەکرد.

لەم هاتوچۆ و بگرە و بەردەیەدا دوو سەرکردەی کورد، بەناوی شــێخ محەمــەد ئــەمین و خەلیفە سەعید، بە هێزەکانیانەوە گەیشتنە لای شێخ و ژمارەی هێزەکــانی شێخیان گــەیاندە (٣٠)هەزار کەس.

شێخ عوبەیدوڵلاش بۆئەوەی کەمێك هەڕەشە لە دانیشــتووانی ورمــێ بکــات؛ فــەرمانیدا بەری چۆمی شار (ئاجو)یان گرت و بە هەڵدانەوەی خۆڵیش، بەری کارێزەکانیان بەست، تا ئاو بۆ دانیشتووان نەچێ و بەمجۆرە دوو رۆژ دەرفەتەکەش تەواو بــوو. بــەڵام خــەڵك خۆیــان بەدەستەوە نەدا و شێخ بۆی دەرکەوت فێڵیان لێکردووە و هەلێکی زۆر چاکی لەدەستچووە.

کە هەواڵی بەڕێکــەوتنی ئیقبالدەولــەش بــۆ ورمــێ بــە شــێخ گــەیی، فــەرمانی بــە شــێخ سەدیقدا، بە دوو هەزار سەربازەوە لە گوندی (گجـین) بۆسـەی بـۆ دانـێ و پـەلاماری ئـەو هێزانــە بــدا کــە لەگــەڵ ئیقبالدەولــە بــوون. هــەروەها رەزابــەگ نــاوێکی نــاردە ناوشــار، تــا دانیشتووان رازی بکات بە بێشەڕ و شۆڕ خۆیان بەدەستەوە بدەن.

بەڵام خەڵك لە بەرامبەر داواکەی شێخدا زۆر بە توندی راوەســتان و وەڵامــی زۆر رەقیــان بۆ شێخ ناردەوە؛ تا ئەو رادەیەی کە لە کاتی گەڕانەوەی رەزابــەگدا، کەوتنــە شــوێنی و دوو سواری هاوڕێشیان بریندار کرد.

هاتنە ناو شاری ئیقبالدەولە ، لە ١٧ زیقەعدە(٢١/١٠/١٨٨٠)دا

ترس و دڵەتەپە و نیگەرانی هەروا باڵی رەشی خۆی بەسەر ئاسمانی ورمێدا کێشابوو. دانیشتووانی شار لە نێوان ترس و هیوادا مابوونەوە. تەنیا شتێك کە ورەی دەبردنە سەریّ و هێزی خۆڕاگریی پێدەبەخشین، ئەوەبوو پشتیان بە ئیقبالدەولە و هێزی هەوشار ئەستوور بوو، کە دوای بیستنی هات و هاواری شێخ لە بەدەلبوەوە گەڕابوونەوە بۆ شار.

ئیقبالدەولە رۆژی (١٦)ی زیقەعدە(٢٢/١٠/١٨٨٠)، دوای رۆژ ئاوابون بە سەرباز و تۆپخانەوە لە ئاوایی بەدەلبوەوە بەرەو شار کەوتە ریّ. بەڵام بەو هۆیەوە، کە هەواڵیان دابوویە شێخ سەدیق لە ئاوایی گجین (کە دەکەوێتە سەرەرێی بەرەوشار)، بۆسەی بۆ ناوەتەوە، بە پێچەوانەی جارانەوە، بە رێگای (باڵو)دا گەڕایەوە. ئالێرەدا بوو، کە (٣٠) کەس لەو سەربازانەی کە قسەی شێخ کاری تێکردبوون، تا هەواڵی رێگا گۆڕینەکە، بەدەست و پێوەندەکانی شێخ بگەیەنن، داوای مۆڵەتیان لە سەرکردەکەی خۆیان کردبوو.

ئیقبالدەولەش کە پیاوێکی وردبین بوو، بە زیرەکی لە کارەکە گەیشت و بێئەوەی خۆی شلویّ بکات مۆڵەتی پێدان. بەلاّم تا ئەو سەربازانە خۆیان گەیاندە داروودەستەی شێخ و لە گۆڕینی رێی گەڕانەوە ئاگاداریان کرد، ئیقبالدەولە ماوەیەکی زۆری بڕیبوو، بە چەشنیّ، کاتیّ شێخ سەدیق کەوتە شوێن ئەم هێزە مەل لە قەفەز فڕیبوو، ئیقبالدەولە گەیشتبووە ناو شار.

ئیقبالدەولە یەکسەر دەستی کرد بە قایمکردنی شوێنە ئەستەمەکانی شار. فەرماندەکانی خۆی لەگەڵ سەران و رێبەرانی شاری نارده ناو سەنگەر و مزگەوتی «یوردشا»ی کردە شوێنی فەرماندەیی خۆی. بۆئەوەش بتوانیّ هێزەکانی بەرگریی و پیاوەتی و پشتیوانی دانیشتووانی شار زۆر بە چاکی بەکار بهێنیّ، هێزەکانی پارێزەری شاری بەمجۆرە دابەش کرد و لە شوێنە گرنگەکان دایمەزراندن:

پاراستنی دەروازەی یۆردشا (کە شوێنێکی پڕ مەترسی و لە تەنیشت باخی دلگوشاوە)[1]بوو، خۆی بە ئەستۆی گرت. گەڕەکی (نەوگێچەر) و (خوسرەو ئاباد)ی سپاردە دەستی بەرێزان میرجەمالەدین شێخولئیسلام و حاجی پاشاخان و کوڕەکەی محەمەد عەلی خانی سەرهەنگ. پاراستنی گەڕەکی مەهدیلقەدەمی خستە ئەستۆی ئاغا سەید موحسین و دەروازەی (عەسکەرخان)ی دا بە میرزا حسەین ئاغای موجتەهێد. لەم گەڕەکە، محەمەد رەزاخانی سەرتیپی تۆپخانە و شێخعەلیخانی سەرتیپی ماکویی یارمەتی میرزا حسەین ئاغایان دەدا.

---

[1] شوێنی سەربازخانەی ئێستا

پاراستنی دەروازەی (باڵۆ)ی بە حـاجی سـەید ئاغـای پێشـنوێژ و دەروازەی (توچراڵـی قـەڵا)یشی سپاردە جـەنابی حـاجی قـازی و ئیمامجومعـە و عەبدولعەلـیخان و محەمـەد قولـیخانی یاوەر. لە دەروازەی (هەزاران) سەید ئاغای پێشنوێژ و لـە دەروازەی (بازارباشـی) جەنابی سەدرولعولەما و ئاغا میرزا سـەمیع و حـاجی نایبولسـەدر و سـادقخانی سـەرتیپی تۆپخانە، ڕێبەرایەتی دانیشتووانی شاریان بۆ بەرگری لە نیشتمانەکەیان بە ئەستۆ گرت.

حـاجی ڕەحیمخـان و حـاجی شێخعەلـیخان و حـەبیبوڵلا خـانی سـەرتیپیش لەگـەڵ مـەنوچێهرخان و کوڕەکـانیتری حسـەین قولیخـانی بێگلەربـەگی لـە سـەر دیـوار و قـەڵا و سەنگەری دەروازەی (ئەرك) دەستیان دایە بەرگری. بـە کورتـی هـەموو شوێنە گرینگـەکانی شار کەوتنـە ژێـر چـاوەدێری ڕاسـتەوخۆی ئیقباڵدەولـە و پـارێزەرانی بەشـەرەفی هەوشـار و چاوەنواری بەسەرهات و ڕوداوی داهاتوو بوون.

کۆنسۆلـی ئینگلیسیش دەست لە کارەکە وەردەدا:

دوای جێبەجێکردنی ئەوکارانەی بۆ بەرگری شار پێویست بوون. ڕۆژی (١٧ی زیقەعدە) بەڕێز ئیقباڵدەولە دوای چاوپێکەوتنی دەروازە و دیوار و قەڵا، لە ماڵـی حاجی سـادق ئاغـای کلاودروو، بە بەشداربوونی زانایان و پیاوماقوڵانی شار کۆبوونەوەیـەکی پێکهێنـا و سـەبارەت بە چۆنێتی بەرگریکردن لە شار، بیروڕایان گۆڕییەوە.

سێ سەعات پاش ڕۆژئـاوا، لـە پـڕ کۆنسۆلـی ئینگلیس[١] هاتـە نـاو کۆبونەوەکـە و دوای قسەوباسی ئاسایی بە ئیقباڵدەولەی وت: ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین خەڵکی شـار دوو ڕۆژیـان مۆڵەت لە شێخ خواسـتبوو. ئـەمڕۆ مۆڵەتەکـە دوایـی دێ، ئـاخۆ بـەڕێزان لەسـەر پـەیمانی خۆیان ماون، یان دەیانەوێ ٣٠ هەزار سەربازی شـێخ عوبـەیدوڵلا بەربدەنـە گیـان و ماڵـی خەڵك و زیندەوەرێك لەم شارەدا نەهێڵن؟

ئیقباڵدەولە بە دەم پێکەنینێکی تاڵەوە وتی ئێستا، کە جەنابی کۆنسۆڵ بۆتە خێرخوازی خەڵك، چاك وایە مۆڵەتی ڕۆژێکیتریشـمان لـە شـێخ بـۆ وەربگـرێ، تـا لەمبارەیـەوە لەگـەڵ هەموو دانیشتووان ڕاوێژ بکرێ.

کۆنسۆڵ پێی وابوو ئەم مۆڵەتی یەكڕۆژە نادرێ و بۆئەوەی ورەی خەڵك بێنێتە خوارێ، وتی:ئێوە بە ٣ هەزار پیاوی شەڕ نەدیتـە و بێئـەزمون و قەڵایـەکی وێـران و تێـك تـەپیوەوە ناتوانن لە بەرامبەر ٣٠هەزار سەربازی ئازا و لێهاتووی شێخدا خۆڕابگرن و شەڕ و خۆڕاگریی

---

[١] مەبەست لە ئابۆت-ی سەرکۆنسۆلـی ئینگلتەرایە، لە تەورێز، کە لەو کاتەدا خۆی گەیاندووەتە ناوجەرگەی ڕووداوەکان.

ئێوه، قەت بە قازانجی دەوڵەت و میللـەت نییـە و بـۆی هەیـە ئـەم خۆبەدەسـتەوەنەدانەی ئێوه، ورمێش بە دەردەکەی میاندواو بەرێ و داری بە سەر بەردیەوە نەمێنێ.

ئیقبالۆدەولە وتی جەنابی کۆنسۆڵ تۆ زۆرت پێخۆشە، ئێمە تەسلیم بین، بەڵام ئاگات لـە بەرپرسایەتی ئێمە نییە لە بەرامبەر دەوڵەتدا، ئێمـە هـێزی بـەرگریمان هەیـە و لێم روونـە هێزی یارمەتدەریشـمان پێدەگا. کۆنسۆڵ کە بە راشـکاوی پشـتیوانی لـە شـێخ و کردەوەکـانی دەکرد؛ لە وەڵامی ئیقباڵدەولە دا وتی گوایە نەتبیستووە سپای ئینگلیـس لـە ئەفغانسـتان کـە ٢٠هەزار کەس بوون و زۆریش شەڕکەر بوون و چەك و چۆڵێکی سـەربازیی زۆریشـیان بـوو، خۆیان لە شەڕ پاراست و چل ملوێنیان زیان لە دەوڵەتی خۆیـاندا؟ شـەڕ و بـەرگری ئێـوەش لەگەڵ شێخ بێهوودەیە و چـاك وایـە شـار بـە دەسـتەوە بـدەن و خۆتـان لـە ئاکـامی رەشـی بەرەنگاریی شێخ رزگار بکەن.

ئیقباڵدەولـە باسـی جـۆری حکوومەتەکـەی ئینگلسـتانی کـرد و ئـەوەی بـیر کۆنسـۆڵ هێنایەوە، کە لە ئینگلستان کارەکان بەدەست جەماوەر و پارلەمانەوەیە و وتـی ئەگـەر بڕیـار بێت سەر بۆ شێخ دانەوێنم، ئەوسا سوور دەزانم هەرگیز لە رق و تووڕەیـی شـای خاوەنشـکۆ رزگار نابم، لەبەرئەوە ئەگەر لەو شەڕەدا بکوژرێم چاکترە لەوەی ملکەچی شێخ بم و شـار بـە دەستەوە بدەم. ئەگەر شـێخیش مۆڵـەتمان نـەدات، ناچـار دەبـێ بـە شـەڕ بێـین و ئاکـامی شەڕەکەش بۆ شێخ روون و چاوەنوارکرا و نییە.

لەم کاتـەدا بـە پێـی بەرنامەیـەك پیـاوێك بـەناوی غـەفوور هاتـە ژوورێ و رووی کـردە ئیقباڵدەولە و وتی ئێمە لەگەڵ شێخ هیچ شەڕ و کێشەیەکمان نییە و ئەگەر ئێوەش دەتانـەوێ بەشەڕ بێن، شەڕەکە بەرنە دەرەوەی شار و ئێمە خۆمان دەتوانین دوو رۆژی دیکەش مۆڵـەت لـە شـێخ وەرگریـن و جـەنابی کۆنسـۆل ئاگـادار بـێ، کـە دانیشـتووانی ورمـێ، هیـچ دوژمنایەتیەکیان لەگەڵ شێخدا نییە.

کۆنسۆڵ کە ئەم قسانەی بیست، زۆری پێخۆش بوو، نەیزانی ئەوە هەموو بەرنامە بـووە و پێشتر دارێژراوە و وتی: من لە شێخ دەپارێمەوە دوو رۆژیتریش دەرفەت بە خـەڵکی ورمـێ بدات، بەو مەرجەی ئیقباڵدەولە بە روونی و راشکاوی بنووسێ: دوای ئـەم دوو رۆژە، یـان خۆ بە دەستەوە دەدا، یان لە شار دەچێتە دەرەوە.

ئیقباڵدەولە لەبەرئەوەی ئەم دەرفەتەی بـۆ جێبـەجێکردنی بـەرگری شـار بـە پێویسـت دەزانی؛ نامەیەکی مۆرکراوی دا بە کۆنسۆڵ و ناردی بۆ لای شێخ.

دوای چوونـە دەرەوەی کۆنسـۆڵ، لـە شـار لـە مەودایـەکی زۆر نزیکـدا تووشـی هـێزە پەلاماردەرەکەی شێخ هات و کە زانی شێخ سوورە لە سەر هێرش بردن بۆ شار، بە پێویسـتی نەزانی نامەکەی بداتێ و بۆئەوەی نامەکەیان بداتەوە، بەرەو شار گەڕایەوە.

نوێنەرانی دانیشتووانی شار مۆڵەت وەردەگرن:

کاتیّ بە هۆی کۆنسوڵی ئینگلیسەوە هەواڵی نزیکبوونەوەی شێخ لە شار و سووربوونی لەسەر پەلاماردانی شار گەیشتە گوێی بەرپرسانی شار، دەستبەجیّ ئاغا مورتەزای ئەمینوشەرع، ئاغا میرجەعفەری پێشنوێژ، ئاغا سەید ئیسماعیل سەرۆك، حاجی میرجەباری رەوزەخوێن و میرزا غەفوور بە نوێنەرایەتی دانیشتووانی شار بۆ چاوپێکەوتن و وتوویژ و داخوازی مۆڵەت لە شێخ، دیاریکران و بەرەو ئۆردووی شێخ بەریّ کەوتن.

ئەم دەستەیە لە سەرووی چۆمی شار (ئاجو)، تووشی شێخ و هێزە بیّشومارەکەی بوون و چوونە لایان و بۆئەوەی زەمینە بۆ قسەکانی خۆیان خۆشبکەن، وتیان هاتنی حەزرەتی شێخ بۆ ورمیّ ئینشائەڵلاّ موبارەك و پیرۆزە و هەموو دانیشتووانی شار چاویان لە چاکە و کەرەمی شێخە.

شێخ وتی ئەگەر ئێوەی خەڵکی ورمیّ، کەللەرەقی بنێنە ئەولاوە، هەروایە. خەڵکی شار دەبیّ بزانن ئامانجی سەرەکی من داگیرکردنی ورمێیە؛ بەلاّم کارێکی وابکەن بێئەوەی خوێن برژیّ و شەر بکریّ، ئەو مەبەستەم بێتە دی.

نوێنەرانی دانیشتووان وتیان ئێمە هەر بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هاتووینەتە خزمەت شێخ و مەبەستیشمان ئەوەیە خوێن نەرژیّ و کەس نەکوژریّ؛ ئەگەر حەزرەتی شێخ دوو رۆژ ماوە و دەرفەت بە دانیشتووانی شار بدات، ویستی بەرێزیان بەرێوە دەبەین و ریّ بۆ هاتنی شێخ خۆش دەکەین.

شێخ عوبەیدڵلاّ کە لە پەیمانشکێنی چەند رۆژی رابردووی جەماوەر رەنجا و توورە بوو، بیّبروایی خۆی بەم قسانە دەربری و بە میرزا غەفووری وت: ئەی لە «کلیسا کەندی» پێم نەوتیت مەهێڵن ئیقبالّدەولە بێتە نێو شار؟ هەر هاتنی بۆ ورمیّ، نیشانەی فێڵ و تەڵەکەی ئێوەیە.

میرزا غەفوور کە خۆی پیاوێکی سیاسی و لێزان بوو، لە وەلاّمدا وتی: ئیقبالّدەولە لە شەودا هاتۆتە ناو شار و خەڵك لەم کارەدا مسقاڵە زەرەیەك دەستیان نەبووە و ئێمەش، کە مۆڵەتمان لە شێخ وەرگرت و گەراینەوە بۆ شار، بۆ دوایینجار قسەی لەگەڵ دەکەین. ئەگەر بێتو سەر بۆ داخوازییەکانی شێخ دانەنوێنیّ، بە بیّهیچ ئەملا و ئەولایەك لە شار دەریدەکەین و پێی دەڵێین واز لەم خەڵکە بێنە.

شێخ عوبەیدوڵلاّ کە هێشتا دوودڵ بوو، وتی هەرچەند پێموایە درۆ دەکەن، بەلاّم دیسان هەتا دوو سەعاتی مابیّ بۆ خۆرئاوا بوون، لە سەر خەڵك رادەوەستم، بۆئەوەی ئیقبالّدەولە لە شار دەرکەن و تەسلیم بن، ئەگەر واش نەکەن، ئامادەی شەر بن.

خەریکی گفتووگۆ بوون، کە دوو کەس لە یارانی شێخ بە پەشۆکاوییەوە هاتنە پێشیّ و پاش رێزدانان وتیان هەر ئێستا هەواڵیان هێناوە، کە خەڵکی هەوشار لایەنگرانی شێخیان

لەناو شاردا رەشەكوژ كردووە. دیاربوو مەبەستیشیان لە هێنانی ئەم هەواڵە، بۆ ئەوە بوو شێخ بۆ كوشتنی نوێنەرانی خەڵك هانبدەن. بەڵام میرزا غەفوور بێئەوەی خـۆی تێكبـدات، وتـی ئێمە هەر ئێستا لە شارەوە هاتووین و ئەگەر شتێكی وا ببووایە، چۆن دەمانوێرا بێینە ئـێرە؟! ئەم قسانە بۆ ئەوە دەكرێ دووبەرەكیی لە نێوانی شێخ و دانیشتووانی ورمێدا بنێنـەوە. ئێمـە نیو سەعاتێك لەوەپێش كە كۆنسوڵیش لەوێ بوو، ئیقباڵدەولەمان دەنگداوە.

كۆنسوڵـی ئینگلیس كە راوێژكاری شێخ و هەمیشە لە لای بوو، قسەكانی میرزا غەفووری سـەلماند و نوێنـەرەكانی لـە چارەنووسـێكی رەش رزگـار كـرد و شـێخیش كـە چـاوی بەسـەرلەقاندنەكەی كۆنسـوڵكەوت، رێگـەی دان و لـە دواییدا جـارێكیتر مۆڵەتـە چـەند سەعاتییەكەیان بیرهێنانەوە.

نوێنەرەكان یەكسەر گەرانەوە شار و ئەوەی لەگەڵ شێخدا روویدابـوو، بـۆ ئیقباڵدەولـە و دانیشتووانی شاریان گێرایەوە. شێخیش لە كاتێكدا كە رووبەندێكی كەسكی بـە رووی خۆیـدا دابوو، بارەگاكەی خۆی لەوێوە بۆ دیزەجی سیاوەش گواستەوە؛ كە نیو قۆناغەرێ لە شـارەوە دوورە و دیسـان لەگـەڵ كۆنسـوڵدا دەسـتی كـردەوە بـە راوێـژ كـردن و بریـاریدا «حـەكیم ساحێب»[1] بۆ گفتوگۆ لەگەڵ خەڵك و ئیقباڵدەولە بنێرێ بۆ شار تا كاروبـاری بەدەسـتەوەدانی شار، بە بێ شەڕ و خوێنڕشتن جێبەجێ بكرێ.

حەكیم ساحێبیش ناوبژیی دەكات:

ئیقباڵدەولە لە ماڵـی حاجی سادق ئاغای كـلاودوور، كۆبوونەوەیـەكی پێكهێنـابوو، بـۆ راوێژ و بـیرورا گۆرینـەوە، لەگـەڵ گـەورە پیـاوان و زانایـان و نـاوداران و سـەرۆك هۆزەكـان لەبارەی چۆنێتی پاراستنی شار و خۆراگری لە بەرامبەر هێزی پەلامار و هێرشـدا و هێشـتاش چـوار سـەعاتی مـابوو رۆژ ئـاوا بـێ، دیسـان سیمای حـەكیم سـاحێب دەركەوتـەوە، كـە راسپاردەی لای شێخەوە بۆ دانیشتووانی شار هێنابوو؛ تا پێیان رابگەیـەنێت، كـە كاروبـاری شار بەدەستەوەدان ساز بكرێت.

حەكیم ساحێب پاش ئەوەی راسپاردەكەی راگەیاند، وتی دوو سەعاتی مابێ بۆ رۆژئـاوا شێخ دێتە ناو شار و كێشەی ورمێ بە لایەكدا دەخا و بێتو تەقـە لـە تفـەنگی دانیشـتووانەوە بێ؛ فەرمانی كوشتنیان دەدا و تاقە كەسێك بە زیندوویی ناهێڵێتـەوە، لـەو دونیـاش خوێنـی بەناحەقرژاوی هەزاران دەكەوێتە ملـی ئیقباڵدەولە و زانایان و پیاوماقووڵانی شار.

ئیقباڵدەولە وتی رای منیـش هـەر ئەوەیـە خوێـن نـەرژێ و كەسیش نـەكوژرێ؛ بـەڵام وادیارە چارەنووس وا ناڵـێ، چونكە شێخ پێی وایە دەتوانێ شاری ورمێش وەك میاندواو، بـە بێبەرگری بگرێ و بە ئاسانی بە ئاواتی خۆی بگات. بەڵام نازانێ ورمێ لەگەڵ شـارەكانیتر

---

[1] مەبەست دكتۆر كوچران–ە، كە پزیشكی مسیۆنی ئەمەریكی بووە.

جیاوازه و دانیشتووانی ئێره، شێرانی بێشەی شەڕ و گیانکێشانی مەیدانی جەنگن و کایە و گاڵتەیان لەگەڵدا ناکرێ. حەکیم ساحێبیش کە هەروەك کۆنسوڵ دەیویست زانایان و ماقووڵانی شار بترسێنێ، وتی ئێوە خۆتان دەزانن هەر ئێستا لە ئۆردووی شێخ ٣٠ هەزار سەربازی لێیە و ئەوە هەر ئەو لەشکرەیە کە سپای دەوڵەتی لە مەراغە و بناو تێکشکاندووە و لەبەرئەوەی من خۆم بە هاووڵاتی ئێوە دەزانم! دەمەوێ بە چاولێکەری لە جەنابی کۆنسوڵ، رێ لە کوشتار و تالان بگرم.

ئیقباڵدەوله وتی ئەگەر نیاز و مەبەستی تۆ چاکە و خێرخوازییە، دەتوانیت دوو رۆژی دیکەمان دەرفەت لە شێخ بۆ وەربگریت، تا دانیشتووانی ورمێ دوا بڕیاری خۆیان بدەن و یەکێ لەم دووانە؛ خۆ بەدەستەوەدان، یا بەرگری هەڵبژێرن.

حەکیم وتی بەو ئەمڕۆ و سبەینێ کردنانەی تا ئێستا کراوە، شێخ زۆر چاك زانیویە مەبەستی خەڵکی خۆتەیار کردن و سازبوونە بۆ شەڕ. لەبەرئەوەیە، کەمترین دەرفەتتان ناداتێ و لەو کاتەشدا سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و بە دەمییەوە پێکەنینێکی گاڵتە جاڕیی لەسەر لێوی بوو وتی: تا سەعاتێکی دیکە، هێزی شێخ وەك نقێمێك چۆن دەوری دەگیرێ، ئاوا دەوری شار دەگرێ و ئێوەش بەرلەوەی هەل لە دەست بچێ دەتوانن رێگە چارەیەك بۆ خۆتان بدۆزنەوە.

ئیقباڵدەوله کە دەیدی کۆنسوڵ بە ئاشکرا دەست لە کارەکە وەردەدا و لە هەڕەشەی حەکیم ساحێبیش تێکچوبوو، وتی تۆش و شێخیش عەقڵ و هۆشتان لەدەستداوە و پێتانوایە بە پادشایی گەیشتن و تاجی شایی ئەوەندە ئاسان بۆتەوە، کە هەر شروسواڵکەرێك بە کۆکردنەوەی چەند یاخی و بەرەڵڵایەك، دەتوانێ بە ئاواتی نەگونجاوی خۆی بگات؟ شێخ بە فرت و فێڵ و بانگاشەی کەرامات، هێندێ ساویلکەی نەزانی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە و پێیوایە دەتوانێ هەموو کەسێك تەفرە بدات و خەڵك لەو یاخییانەی دەوروبەری دەترسێن؟! پێی بڵێ با ئەو خەیاڵە خاوە لە سەری خۆی دەربکات، چونکە «هێلانەی سیمورغ بەرزە».

من نۆکەری شا و دەوڵەتم و نەیانکردووم بە نوێنەر، تا وڵاتی خاوەنشکۆ بدەم بە شێخ عوبەیدڵڵا. ئێمە ئامادەی شەڕین با تەشریفی بێت و زەبری گورزی پاڵەوانان تاقی بکاتەوە.

ئەوانەیتریش کە لە کۆڕەکەدا دانیشتبوون، کەوتنە توانج و تەشەرلێدانی حەکیم ساحێب و ناوبژێکردنی ئەو و کۆنسوڵیان زۆر بە ناشیرین زانی و لە دواییشدا وتیان تا دوایین هەناسە، لە رێی نیشتمان و خەڵك و ئایندا بە دڵ و بە گیان گیانبازیی دەکەین.

حەکیم ساحێب لەو قسانە زۆر ترسا و کاتێ چاوی بە بوێریی و ئازایەتی کەوت، زمانی چەور و شیرینی خستەکار و لەبەرئەوەی لە گیانی خۆی دەترسا، داوای کرد لە گەڕانەوەدا دوو چەکداری بخەنە تەك، تا خەڵکی شار ئازاری پێنەگەیەنن.

ئیقبالّدەولـە داواکـەی حـەکیم سـاحێبی بـەجێهێنا و دوای بـەڕێکردنی، چـووە نێـو سەنگەرەکانەوە و بە سەری کردنەوە و لە گەڕانەوەشدا فەرمانیدا شەپووری شەڕ لێبدەن.

هەڵگیرسانی شەڕ:

حەکیم ساحێب بە ترس و لەرزەوە لە شار چووە دەرێ و کاتێ گەیشـتە ئـۆردووی شـێخ عوبـەیدڵلا، ئـەوەی لـەناو شـار دیبـووی، وەك تـەیاربوونی سـپا و چـەك و چۆڵـی شـەڕ و سازبوونی دانیشتووان بۆ بەرگریی، هەمووی بە تەواوی بۆ گێرایەوە و ئـاگری رق و تووڕەیـی شێخی هەڵگیرساند. شێخ ئەوەندە رقی هەستابوو، تاڵێك مووی بـەرێز و پـیرۆزی خـۆی بـە ددان هەڵکەند.

شێخ زانی فێڵـی لێکراوە و هەلێکی زۆر چاکی لەدەستچووە و ئەوشارەی دەیتوانـی زۆر بە ئاسانی داگیری بکات، ئێستا ئامادەی شەڕ بووە. بەڵام خۆی بە خـۆی کردبـوو و دەبـوو خۆی بۆ شەڕێکی ترسناك ئامادە بکات و ئـاگری شـەڕێك هەڵگیرسـێنێ، کـە ئەوسـەری لـە کەس دیارنەبێ.

هەرچۆنێك بوو سەرکردەکانی سپاکەی کۆکـردەوە و دەسـتپێکردنی شـەڕی راگـەیاند و بۆئەوەی زۆر چاك هانیان بـدات، بـەڵێنی بەهەشـت و مـوژدەی فـەرمانڕەوایی و پلەوپایـەی بەرزی پێدان و لەبەرئەوەی سروشت و کەسایەتی یاخییەکانی دەناسی و دەیزانـی لەبـەرچی لـە دەوری کۆبوونەتـەوە، پێـی وتـن ئەگـەر بێتـو شـار بگـرن، گیـان و مـاڵ و نامووسـی دانیشتووانی شار بۆ ئێوە رەوایە و بەمجۆرە بڵێسەی ئاگری شەڕێکی خوێناویی، بە هێمنـی و لەسەرخۆ هەڵگیرساند.

شێخ هەر بەوجۆرەی لە پێشدا بـە نوێنـەرانی دانیشـتووانی راگـەیاندبوو؛ دوو سـەعاتی مابوو خۆرئاوا بێ، سپاکەی بەرەو ورمـێ سـەرەوخوار کـردەوە و ٣٠ هـەزار پیـاوی یـاخی و زاڵم، دەوری شاریاندا.

ئیقباڵدەولەش لەگەڵ گەورە پیاوان و سەرانی هۆز، لە دەروازەی (یوردشـا) لـە تەنیشـت تۆپەساز و ئامادەکانیاندا، چـاوەنواری ئـەوە بـوون هێزەکـانی شـێخ بێـن و بگەنـە مـەودای گوللەیان، کە نیشانەکانیش دیاریکران، دەستیان بە تەقە کرد و پـاش دەنگـی تۆپـەکان لـە سەرجەمی سەنگەرەکانەوە بارانی گوللەیان بەسەردا داباراندن. لەم شەڕەدا تەنانـەت ژنـانی ورمێش بە کۆشی پڕ لـە بـەردەوە چووبوونـە سـەر دیـوار و قـەڵاکان و دوژمنیـان بـەردەباران دەکرد.

شێخی بـەدکار کـاتێ تـەنگاو بـوو، زانـی هێزەکـەی نـاتوانێ شـوورەی بـەرگریی تێـك بشکێنێ، بە خەیاڵـی ئەوەی رەنگە شوێنەکانیتر بێپارێزەر و هـێزی بەرگرییـەکی کـەمتری لێبێ، رووی کردە دەروازەی (عەسکەرخان). بەڵام لەوێش سەری لە بەرد کەوت و زەبرێکـی مەردانەیان لێوەشاند. بەمجۆرە شەڕی شەوی ١٨ی زیقەعدە(١٨٨٠/١٠/٢٤) دوایی هات.

درێژەکێشانی شەڕ و هەڵلا :

خەڵکی ورمێ کە باسی خوێنڕێژیی و خراپەی شێخ عوبەیدڵلاّ و دەس و پێوەندەکانیان بیستبوو، وەك هەڵدڕینی سکی منداڵانی بەرمەمکان و بە نووکی نێزەوەکردنیان و هەروەها بڕینی مەمکی ژنان و هەڵقلیشاندنی پیاوان، ترس و لەرزێکی زۆر سەیریان بوو، چونکە بە بەراوردکردنی ئەو هێزەی لەناو شاردا بوو، لەگەڵ زەریای سپای شێخدا، روون و ئاشکرا دیاربوو، کە درەنگ بێ، یان زوو، هێزی خۆڕاگرییان تێکدەشکێ و چارەنووسێکی رەش باڵی خۆی بەسەر ورمێدا دەکێشێ.

برێك شتیتریش لە ناو شاردا بوو، کە ورەی خەڵکیان دەڕووخاند و هیوایان دەتاراند؛ بۆ وێنە: ئەو ئالایەی لەسەر سەربانی ماڵی.مەنسوور پاشای کۆنسوڵی عوسمانی هەڵدرابوو، لەگەڵ ئەو چرا هەڵکران و جەژنەی لە چەند ماڵی سەر بە نەخۆشخانەی بێگانەکان(واتە مەسیحییەکان) بەرپا کرابوو، کۆنسوڵی ئینگلیسیش هەر لە رۆژی یەکەمەوە، ئالای ولاتەکەی خۆی لە سەربانی ماڵەکەی خۆی هەڵدابوو، تا ئەگەر هێزی بەرگری شار تێکشکا، ئازارێکیان پێنەگات.

ئیقباڵدەولە و پارێزەرانی شاریش، لەوە زیاتر، کە پشت بە خۆڕاگریی و پیاوەتی و ئازایەتی خۆیان ببەستن، هیچ رێگا چارەیەکیان نەبوو، لەبەرئەوە کاتێ شێخ رویکردە دەروازەی عەسکەرخان، ئیقباڵدەولە خۆی گەیاندە ئەوێ و دەستی کرد بە قایمکردنی دەروازەکە. فەرماندەی پارێزەرانی عەسکەرخان کە دیتی شێخ و هێزەکەی خەریکن نزیك دەبنەوە، فەرمانیدا هەتا ئەوکاتەی هێزی شێخ نەگەنە بن دەروازە و دیواری قەلاکە، نابێ تاقە کەسێك تەقەی لە تفەنگەوە بێت و هەتا دەتوانن بیانکێشنە پێشەوە. ئەمکارە یەکجار زۆر بەکەڵك بوو، شێخ بەهیوای ئەوەی کەلەبەرێکی دیوەتەوە، لەوێوە بچێتە ناوشار، هەتا بیست هەنگاوی دەروازەکە هاتە پێشەوە و لە پڕ بەرەورووی تەقەی تۆپ و گوللەبارانی پاڵەوانەکانی هەوشار بووەوە و پاشەکشەی کرد.

بەلاّم شێخ سەدیقی کوڕی شێخ عوبەیدڵلاّ، کە خۆی بە یەکە پاڵەوانی زەمان و شێری مەیدان دەزانی؛ هەنگاوی بوێرانەی هێنایە پێشەوە و لەگەڵ هاوڕێکانی خۆی گەیاندە بەر دەروازەکە. لەم کاتەدا محەمەد رەزاخانی سەرتیپی تۆپخانە، فەرمانیدا تۆپەکانیان بە ساچمە ئاخنییەوە و تێیانگرت و بەمجۆرە شێخ سەدیقیش چەند هاوڕێیەکی خۆی لەدەستدا و پاشەکشەی کرد، بۆی روون بووەوە گرتنی ورمێ و سەرکەوتن بەسەر هەوشاردا، ئەوندەش ئاسان نییە، کە بیریان لێکردبووەوە.

شێخ عوبەیدڵلاّ کاتێ داروبارەکەی ئاوا بینی، فەرمانی پاشەکشەیدا و خۆی چووە تەنیشت قەلای ئینگلیسییەکان و سەربازەکانیشی لە باغەکانی دەوروبەری شار دامەزران. شێخ سەدیقیش پەنای بردە ئاوایی (دیزەجی لەیلی ئاوا) کە دەینوارییە دەروازەی

عەسکەرخان، تا شەویٚ لـەویٚ بمێنێتـەوە؛ بـەڵام لـە نیوەشـەودا چـرای ئـەو ژوورەی تێیـدا دانیشتبوو، لەلایەن تۆپچییەکانی دەروازەوە بەدی کرا و بـە گوللـە تۆپێـك ماڵەکـەیان کـلول کرد. هەرچەند لەم تەقەیەدا چەند کەسێك لە کوردەکـان کـوژران، بـەڵام شـێخ سـەدیق بـە ساغی دەرچوو.

بۆ سـبەینیٚ کـاتیٚ خۆرکـەوت و دانیشـتووان چاویـان بـە کوژراوەکـان کـەوت، هـێزی خۆراگریی،ورەیان چووە سەریٚ و بۆ بەرگری لە نیشتمان و زێدی خۆیان پتەوتر بوون.

کۆنسۆلـی ئینگلیس دەستەودامێنی خەلیفەی کاتۆلیکەکان دەبیٚ

لـەم رۆژەدا کۆنسۆلـی ئینگلیـس چـووە چاوپێکـەوتنی مسیۆ ئـــەمانوئێل - خـەلیفـەی کاتولیکەکانی ورمیٚ و مەبەسـتی ئـەوە بـوو کاتولیکـەکان لـە شـار بچنـە دەریٚ، یـان ئـالای ئینگلیس لە سەر سەربانەکانی خۆیان هەڵدەن، تا گیانی ئەرمەنییەکان بپارێزریٚ. هۆیەکەشی ئەوە بـوو پێـی وابـوو بـەم زووانـە هـێزی خۆراگریـی دانیشـتووان تێکدەشـکیٚ و ورمێـش بـە دەردەکەی میاندواو دەچیٚ.

خەلیفە لە وەڵامدا وتی چاكوایە لـەباتی ئـەوەی داوای خۆبەدەسـتەوەدانی دانیشـتوانی ورمیٚ و دڵسۆزیی بۆ ئەرمەنیەکان بکەیت، داوا لە شێخ بکە دەسـت لـەو خـەیاڵـە پڕوپووچـە هەڵگریٚ و هەوای (شا)یەتی لەسەری دەربکات، تا بە خوتوخۆڕایی نەبێتە هـۆی کوژرانـی خەڵکی بیٚتاوان. تازە من ٣٧ ساڵە هاتوومەتە ورمیٚ و لەگـەڵ خـەڵکی ئـەم وڵاتـە لەوپـەڕی یەکێتی و برایەتی‌دا ژیاوم و خۆشـم بە یەکێك لەوان دەزانم و وەك چـۆن لـە کـاتی خۆشـیدا لەگەڵیاندا بووم، ئەمڕۆش خۆم لەوان جیاناکەمەوە.

ئەم وەڵامە لـیٚبڕاوانە و لەدەمدانە، جێی قسەوباسی بـۆ کۆنسـۆڵ نەهێشـتەوە و ئـەویش هـەروەك مـاری برینـدار کـراو، لـە لای خەلیفـە گەڕایـەوە. خەلیفـەش یەکسـەر فـەرمانی‌دا چەکدارە کاتولیکەکان لە ئاواییەکان هاتنە نێو شار و شانبەشانی پارێزەرانی‌تر دەستیان کـرد بە شەڕ.

یارمەتی دڵسۆزانەی خەلیفە و کاتولیکەکان لە ماوەی شـەڕدا، بـووە هـۆی ئـەوەی پـاش تەواوبوونی کێشـەکە، شای خاوەن شکۆ ئەنگوستیلەیەکی گرانبایی ئەڵماس بە خەڵات بـدات بە خەلیفە و بەوجۆرەی کە پێویست و شایانی بووە قەدرزانی لە خزمەتەکانی بکات.

شێخ عوبەیدڵلا رێگایەکی‌تر بۆ سەرکەوتن هەڵدەبژێریٚ

بـەرگری ئازایانـەی دانیشـتووانی شـار، لـە یەکـەم شـەڕدا، خەونـە خۆشـەکانی شـێخ عوبەیدڵلایان زڕاند و تێگەیی داگیرکردنی ورمیٚ، کارێکی هـەروا ئاسـانیش نییـە. لەبەرئـەوە رێگایەکی‌تری بۆ سەرکەوتن هەڵبژارد، مەبەستیشی ئەوە بوو لە پشـتەوە خەنجـەر لـە ورمـیٚ بدات.

نەخشەی شێخ ئەوەبوو کە کەڵك لە دانیشتووانی سوننی ناوشار وەربگرێ و بە دەستی ئەوان لەناو قەڵادا ئاژاوەیەك ساز بکا. بۆ ئەو کارەش بڕیاریدا کۆمەڵێك لە سەربازەکانی خۆی، کە دەوربەری ١٠٠ کەسێك دەبوون، بیانگۆڕێ و جل و بەرگی شارییان لەبەر بکات و بیاننێرێتە ناو شار. هەر کە چوونە ناو شاریش، بچنە ماڵی دانیشتووانی سوننی و لە نیوەشەودا دەستبکەن بە تەقە و گوللەباران و سەرنجی دانیشتووانی قەڵا و پارێزەرانی دەروازەکانی بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، تا هێزی دەوروبەری شار، ئەم هەلە بقۆزێتەوە و کێشەی ورمێ ببڕێنێتەوە.

بەڵام بەرپرسانی پاراستن و جاسووسەکان، بەم فرت و فێڵەیان زانی و هەواڵەکە زۆر زوو بە ئاغا سەید ئاغای پێشنوێژ گەیشت. ئاغا سەید ئاغاش، کە بە جلوبەرگی مەلایەتییەوە زۆر دلێرانە سەرۆکایەتی بەرەی دەروازەی عەسکەرخانی لە ئەستۆ بوو، دەستبەجێ فرمانیدا سەرجەمی ئەوکەسانەی هاتبوونە ناو شار، بیانگرن و لێیان بکۆڵنەوە. بەمجۆرە دارودەستەی شێخ ناسران و کەوتنە زیندان و سوننیەکانیش خرانە ژێر چاودێریی.

شێخ کە بۆی دەرکەوت نەخشەکەی تێکشکاوە؛ فەرمانیدا هەموو سەرکردە کوردەکان کۆببوونەوە و سوێندی دان هەر لە ماوەی ئەو ڕۆژەدا هەموو هێز و توانا و تەقەللای خۆیان بەکاربێنن و شاربگرن. بەمجۆرە شەڕێکی دیکە دەستی پێکرد.

هەرکە سپای شێخ پێشڕەویی کرد، تەقەی گوللە و تۆپ دەستی پێکرد و هەتا پەلاماردەران لە دیوار و قەڵا نزیکتر دەبوونەوە؛ گوللەبارانیش توندتر دەبوو. هەردوولا زۆر بە خەستی یەکتریان گوللەباران کرد و لەبەرئەوەی هێزی پەلاماردەر لەم هێرشەیدا سەرنەکەوت و بووکی سەرکەوتنی لە باوەش نەگرت؛ سەرکردەکانی عەشایر کەوتنە بیری ئەو پەیمان و بەڵێنەی لەگەڵ شێخ دابوویان و بە خەنجەر و شمشێر و بە بێ سێ‌ودوولێکردن هەڵیانکوتایە سەر سەنگەرەکان و چونکە هێرشەکەشیان بێترس و دلێرانە و لە ناکاو بوو، لە سەرەتادا توانییان چەند سەنگەرێکی سپای خۆمان داگیربکەن و ڕێی چوونە ناو شار بکەنەوە. کاتێ پارێزەران چاویان بەو داروبارە نالەبارە کەوت و جەللادی مەرگ و نەمانیان لە پەنا گوێچکەی خۆیان بینی، لە بەرامبەردا و بە دەنگی «یا عەلی» و گەرم و گوڕ، هێرشیان بردە سەر ئەو سەنگەرانەی لەدەستیان چووبوو، بە چەشنێ تەنگاویان کردن، کە سپای شێخ هێز و توانای خۆڕاگریی نەما و پاشەکشەی کرد. بەمجۆرە مەترسییەکی ترسهێنەر، لەسەرمان لاچوو.

دەڵێن لەم شەڕەدا، پەلاماردەر و پارێزەر، وا تێکەڵاو ببوون و لە یەکتر چووبوونە پێشەوە، کە دەرەتانی تفەنگ هاویشتنیان نەمابوو، هەردوولا بە خەنجەر و قۆناغەتفەنگ، بەربوونە یەکتری. بە تێکڕایی، لەو شەڕەدا نزیکەی ٢٥٠٠ کەس لە پەلاماردەران لە خاك و خوێندا گەوزان و دەستیان لەمان و ژیانیان هەڵگرت.

کۆنسۆلی ئینگلیس وەڵامی خۆی لە دانیشتووان وەرگرتەوە:

لەو رۆژە خوێناوی و پڕمەترسییەی کە سەرومڕی دانیشتووان قوڵیان بۆ بەرگری لە شار و ماڵ و ناموسیان هەڵماڵیبوو، پیاوانە لە سەنگەرەکاندا شەڕیان دەکرد،[1] کۆنسۆلی ئینگلیس جارێکیتر بۆئەوەی دانیشتووان بترسێنێ و پارێزەران لەشەڕ سارد بکاتەوە، لەگەڵ پیاوێکی ئەرمەنی بە ناوی (سیمۆن)، کە جێ‌متمانە و ڕێنوێنی شێخ عوبەیدوڵلا بوو، نیازی ئەوەی بوو بێتە ناو شار. لەبەرئەوەش کە دانیشتووان دەیانزانی ئامانج و مەبەستی کۆنسۆڵ لەم هاتووچۆیانە چییە، بێئەوەی مۆڵەت لە ئیقبالدەولە وەربگرن و بەرلەوەی کۆنسۆڵ و سیمۆنی ئەرمەنی بگەنە شار، گوللەبارانیان کردن. بەڵام کارێکی وایانکرد، گوللە جەنابی کۆنسۆڵ نەپێکێ و ئەویش کە کارەکەی بەمجۆرە بینی، نەچووە ناوشار و گەڕایەوە.

لەو ماوەیەدا، کە هێزی شێخ دەوری شاری دابوو، هەموو ئاوایی و گوندەکانی دەوروبەر، لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا بوون و شێخ بۆ دابینکردنی کەلوپەل و خواردەمەنی سپاکەی، نامەی بۆ وەرزێران دەنووسی و بە زۆر و زۆرداری خواردەمەنییەکانی لێ‌دەستاندن و ئەوەش ببووە هۆی نارەزاییەکی زۆر قووڵ و گوندنشینەکانی لە دژی شێخ و داروودەستەکەی هاندەدا.

دوو نامەی مێژوویی:

کاتێ شێخ لە داگیرکردنی ورمێ هیوا بڕاو بوو، ڕێیەکیتری هەڵبژارد و بۆ بەدیهێنانی ئاواتی خۆی، نامەیەکی بەمجۆرەی خوارەوەی بۆ ئیقبالدەولە نووسی:

«سەرداری سەردارانی گەورە، ئەی دۆست، ئەی مێهرەبان!! یەکەم ئەوەی کە لەو دۆستە دڵنەرمە روون و ئاشکرایە، بنەماڵەی ئێوە لە دەمێکەوە لەگەڵ بنەماڵەی سەیید تەهای خوالێخۆشبوو دۆست بوون و منیش جەنابتم زۆر خۆشدەوێ و ورمێ بە ماڵی خۆم دەزانم و پێم‌خۆش نییە هیچ کاتێ خوێنی موسوڵمانان بڕژێ. چەندانجار سەرکردەکانی سپا و عەشیرەکان ویستوویانە دەستە و خەنجەر و شمشێر هەڵکوتنە سەرشار، بەڵام من نەمهێشتووە و نەمویستووە موسوڵمانان بکوژرێن و تاڵان بکرێن. ئەگەر خۆڕاگریی تۆ، بۆئەوەیە هێزی یارمەتیدەرت بگاتێ، ڕێی یارمەتیت لێگیراوە و لە هیچ شوێنێکەوە یارمەتیت پێناگات. ئەگەر دوو سێ رۆژێکیش لە قەڵادا خۆڕاگرن، نان و ئاو و گوللە و باروتتان تەواو دەبێ و ئەوسا بە ناچاری و لێبڕاوی خۆ بە دەستەوە دەدەن و سەر شۆڕ دەکەنەوە.

---

[1] ئەم رووداوە، بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئابوت—ی کۆنسۆلی ئینگلیز لە تەورێز، دەبێتە رۆژی ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٠ (بنوارە: لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی – ل ٦٨)

ئەگەر ئەمڕۆ خوێن بڕژێ، دوو ڕۆژیتر پەشیمان دەبیتەوە و چاك وایە كاری ئەمڕۆ نەخەیتە سبەینێ و نەبیتە هۆی دوژمنایەتی. بە دڵ و بە گیان ئەم قسانەم لێوەرگرە و هیوادارم بگەیتە پلەوپایەی بەرز و تەواو.»

ئیقبالدەولە لە وەڵامی نامەی شێخدا نووسی:

«ئەی قیبلەگا!! نامەی بەڕێزتان كە بە حسەینعەلیدا ناردبووت، گەیشتە دەستم و ئاگاداری ناوەڕۆكەكەی بووم. لەبابەت سەلماندن و خۆبەدەستەوەدانی من، شتێكت نووسیبوو، خۆبەدەستەوەدانی چی؟ هەموو خەڵكی وڵات و سەركردەكان دەزانن، كە لە هەموو شوێنێك لەشكری خاوەنشكۆ هاتۆتە كوڵ و جۆش و خرۆش و ئەمڕۆ و سبەینێ ورمێ دەبێتە ئۆردوگایەكی گەورە. بەڵام جەنابت بیرت لە شان و شكۆ و ئاكامی كاری خۆت نەكردۆتەوە و بەهیوای هاوڕێ بێوەفاكانت، ئەم خەیاڵە خاوانە كەوتۆتە سەرت و بوویتە هۆی كوژرانی موسوڵمانان.

هاوڕێكانت چاك دەناسم، سێچوار ڕۆژێك لە خزمەت جەنابتدا دەبن و كاتێ هەوا ساردی كرد و ئەو لەشكرەی ناردوویانە، بگاتێ؛ هەركامێكیان دەسكەوتێكیان لە ماڵی خەڵك دەبێ و دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیان. جەنابیشت لە لای هەردوو دەوڵەت بە تاوانبار دەناسرێیت.

چاكتر وایە ئەم خەیاڵانە لە سەرت دەربكەیت و هەتا كار لە كار نەترازاوە، پاساوی رابردووت بدەیتەوە.

ئیستاش ئەم قسە بێغەلوغەشانەی من وەربگرە و ئێرە بەجێبهێڵە. بێجگە لە ئەمە ئەگەر جەنابت بە نیازی داگیركردنی ئەم وڵاتەیت، ئەوا هەمزە میرزای نەوابی بەڕێز كە بە لەشكری عێراق (ئەراك) و ئازەربایجانەوە ناردوویانە، گەیوەتە (میانە) و تەیمووریاشاخانیش بە سپای خۆی و ماكۆ و سەڵماسەوە لە (چیمەن درشكی – سەلماس) ئۆردووی خستووە، ئەگەر جەنابت دەتوانی هەردوو لەشكر تێكبشكێنیت ئەوا بزانە، كە ورمێ لە هەموو وڵاتەكان چاكتر لە خزمەت جەنابتدا دەبێ و ئەگەریش وا نەبێ؛ خۆ خاوەنشكۆ، منی نەكردۆتە وەكیلی خۆی، تا قەڵا بدەمە دەست جەنابت و ئەگەر داواش لە سەربازەكان و دانیشتووانی وڵات بكەم سەر بۆ جەنابت شۆڕ بكەن، لێم قەبووڵ ناكەن و نایسەلمێنن.

ئەگەر شەڕی جەنابت لەگەڵ دانیشتووانی ورمێیە؛ هەتا كەسێك لەو شارەدا بمێنێ و تا دوایین هەناسە، لەگەڵت بەشەڕ دێن.ئیتر خۆت دەزانیت، بە دوعا.»

درێژەكێشانی شەڕ:

كە شێخ وەڵامەكەی ئیقبالدەولەی بەدڵ نەبوو؛ لە هەمانكاتیشدا، هەڕەشەی سەبارەت بە هاتنی هێزی یارمەتیدەر پێگەیشت. ڕۆژی ٢١ی بیستویەكەمی زیقەعیدە(٢٧/١٠/١٨٨٠) بۆ جارێكیتر ئاگری شەڕی هەڵكرد و خۆی لە پێش سپاكەیەوە هەڵیكوتایە سەر شار.

جارێکی‌تریش شار وەك نقێمی ئەنگوستیلە، کەوتەوە گەمارۆ و شەڕ دەستی پێکردەوە. چونکە پارێزەرانی شاریش لە چۆنێتی هێرش و پەلاماری یاخییان گەیبوون و ڕێ و شوێنی کارەکەیان دەزانی؛ دێشسان بارانی گوللەیان بەسەردا باراندن و چەندکەسێکی دەست لە گیان هەڵگرتووش، دەست بە خەنجەر و شمشێرەوە، بە ڕەنگاریان بوونەوە.

شەڕ و تێهەڵچوونی ئەو ڕۆژە بەجۆرێك بوو، لە سەروو عەقڵ و چاوەنوارییەوە بوو، هەردوولاش لەوپەڕی ئازایەتیدا شەڕیان دەکرد. تا لە ئەنجامدا خۆڕاگریی دانیشتووان بووە هۆی تێکشکانی هێرشکاران و تەنانەت شێخ خۆیشی هەتا باخی سیاوەش پاشەکشەی کرد.

یەکێ لەو هۆیانەی بووە مایەی سەرنەکەوتنی هێزەکانی شێخ، ئەوە بوو قۆرقوشم و باڕووتیان کەمبوو، ئەویش بۆ دابین کردنی ئەم دووانە، جوولەکەیەکی چاوچنۆکی بە پوول و پارە و لە شێوەی نەناسێکدا ناردە ناو شار، تا کەل و پەلی پێویستی شەڕ، هەر لە خودی شار بکرێ.

بەڵام بە خۆشییەوە ناسییانەوە و سزایاندا و ئاواتی شێخیش نەهاتە دی. ڕۆژی ٢٢ی زیقەعیدە(١٨٨٠/١٠/٢٨) دەستەیەك لە پارێزەرانی شار کە تێکشکاندنە یەك لە دوای یەکەکانی شێخ ورەی بردبوونە سەری، هێرشیان بردە سەر گوندی چوار بەخش و پاشماوەی هێزەکانی شێخیان لەو گوندە دەرپەڕاند. هەواڵی ئەم هێرشە، ئەوەندەی‌تر شێخی تووڕە کرد و فەرمانیدا: هەرکەسێکی خەڵکی ورمێ، لە دەرەوەی شار بەدی بکەن، بیکوژن. بەمجۆرە کۆمەڵێك بێ‌تاوانیان لە خاك و خوێندا گەوزاند و بوونە قوربانی تووڕەبوونی شێخ.

یەکێکی‌تر لەو هۆیانەی کە ورەی پارێزەرانی شاری بەرزکردبووە، داگیرکرانی ئاوایی (شەیتان ئاوا) بوو، لەلایەن ئاغاخانی سەرهەنگەوە. ئەم گوندە کەوتبووە نێوان ورمێ و سندووس. ئەو پیاوە بە هەزار سەربازی پیادە و ٢٠٠ سوارەوە نەیهێشت یارمەتی عەشیرەکانی شنۆ و بلباس بگەنە لای شێخ و ئەوەندەی دیکە شێخی شپرزە و شلەژاند.

ڕۆژی ٢٤ی زیقەعیدە(١٨٨٨٠/١٠/٣٠) جارێکی‌تر شێخ پەلاماری شاری دەستپێکردەوە. شەڕێکی‌وا قەوما، کە تا ئەو ڕۆژە، کەس شتی وای بە خەیاڵدا نەهاتبوو. دەستەیەك لە لاوانی شار و شەڕکەرانی هەوشار، بە سەرکردایەتی حاجی ڕەحیمخان هەڵمەتیان بردە دەرێ و بەرەنگاری هێرشکاران بوونەوە. بەڵام کاتێ چاویان بە زەریای سپای شێخ کەوت، دوای سەعاتێك خۆڕاگریی؛ گەڕانەوە ناو قەڵاکە.

پاشەکشەی ئەم دەستەیە بووە هۆی ئازایەتی شێخ و داروەدەستەکەی و هێرشەکەیان توندوتیژتر کرد. بەجۆرێك کە هەتا باخی دڵگوشا چوونە پێشەوە و لەوێ کۆبوونەوە.

ئیقبالدەولە بۆئەوەی کۆبوونەوەی یاخیبووەکان بڵاوە پێبکات، فەرمانیدا باخی دڵگوشایان بەرتۆپدا. بەڵام گوللەتۆپەکان تەنیا چەند کونێکیان کردە دیواری باخەکە و زیانێکی وای نەدا و هەر لەو کونانەوە هێزەکانی شێخ قەڵایان بەر گوللەدا و دوو کەس لە

تۆپچییەکان و چەند کەسێك لە پارێزەران و محەمەد ئەمینبەگ (نایبی تۆپخانە)یـان شـەهید کرد.

لەم شەڕەدا یەکێك لە تۆپەکانی دەرەوەی قەڵا، کە تۆپچییەکانی کوژرابوون و بێخـاوەن و پارێزەر مابووەوە، مەترسی ئەوە دەکرا بکەوێتە دەست پەلاماردەران. لەبەرئەوە بە فەرمانی ئیقبالدەولە و شێخعەلـیخانی سەرتیپ، چـەند کەسـێك هەڵمـەتیان بـرد بیهێننـەوە، بـەلام هەموویان بە گوللەی گورچوبڕی یاخییەکان پێکران. لە ئەنجامدا بە گوللەباران کردنی سپای شێخ، هەلـیئەوە رەخسا بیهێننەوە، ئیتر ئەو پەژارەیەش نەما.

بۆ شەوێش، کە مەترسیی ئەوە دەکرا کوردەکـان لـە دەروازەی یۆردشـاوە هێرشـمان بـۆ بێنن، زۆربەی هێزی بەرگری شار، لەو دەروازەیە کۆبوونەوە و سەد کەس لـە چـەکدارەکانی مەلای ئازا و دلێر (ئاغا سەیید ئاغا)ش هاتنە لایان و نەیانهێشت ئەوێ داگیر بکرێ.

شەڕی رۆژی ٢٥ی زیقەعیدە(٣١/١٠/١٨٨٠):

درێژەکێشانی شەڕ، بێجگە لەوەی خۆراگریی دانیشتووانی دەتواندەوە، ئەوەشی بە بیردا دەهێنا کە خواردەمەنییەکانی ناو شار بەو زوانە تەواو دەبن و خەڵکی ورمـێ تووشـی قـاتی و قڕیی دەبن. هەروەها دانیشتووانیش هیوایان بەو هێزانە بوو، کـە بڕیـار بـوو لـە شـوێنەکانی دیکەوە بە هاواریانەوە بێن. بەلام چونکە لەو ماوەیەدا هیچ هەواڵێکیان لـەبارەی یارمەتییـەوە پێنەگەیشتبوو، ئەوەندەیتر ترسابوون.

ئیقباڵدەولە و سەرکردەکانی بەرگریی بۆئەوەی ترس و لەرزی دانیشتووان کەم بکەنەوە و ورەیـان بـەرز بکەنـەوە، پەنامـەکی بەشـێك سـەرباز و پـارێزەری شاریان بـە جلوبـەرگی گۆڕدراوەوە ناردە دەروازەی (باڵو)، کە رووەو رێگای تەورێزە و ئەوانیش بە دەهـۆڵ و زوڕنـا و هات و هووتێکی زۆرەوە هاتنە ناو شار و لە گەڕەکە جیاجیاکانی شاردامەزران. ئـەمکارە جیـا لەوەی خەڵکی بە هاتنی یارمەتی هیوادار کرد، لە هەمانکاتدا هێرشکارانیشی تووشی ترس و لەرز کرد.

شێخ عوبەیدوڵلا بۆئەوەی بەر لە گەیشتنی یارمەتی؛ کۆتایی بە کێشـەی شـار بهێنـێ، بۆیە هێرش و پەلاماری خۆی توند و تیژتر کـرد و لەبـەر هـەموو دەروازەکـاندا شـەڕ دەسـتی پێکرد.

کوژرانی عەلـی سوڵتان کوڕی ئاغابەگی خەلـەج، کـە پـارێزەرێکی دلـێر و بـە جـەرگی شاربوو، ورەی کوردەکانی بردەسەرێ و دەستە و شمشێر لە باخی دلگوشاوە هێرشیان هێنا و گەیشتنە قەلای دیوانبەگی. بەلام پـارێزەرانی قـەلا، کـەڵکیان لـە تاقیکردنـەوەی رابـووردوو وەرگرت و تۆپەکانیان داگرتـەوە و کەوتنـە تۆپبـارانی هێرشـکاران. بـەجۆرێك کـە کوردەکـان ژمارەیەکی زۆریان لـێکوژرا و کشانەوە دواوە و گەرانەوە شـوێنی پێشووی خۆیـان. شـەوێش

لێره و لەویٚ و تاق و لۆقە گوللەیان دەتەقاند و تەقەیان دەکــرد، بـەڵام دیسـان دارودەسـتەی شێخ هیچیان بۆ نەکرا.

هەڵاتنی ساتەوەختەی شێخ عوبەیدوڵلا :

ڕۆژی ٢٦ی زیقـەعیدە(١/١١/١٨٨٠) دیسـان شــەڕ دەســتی پێکــردەوە، بەشـێك لــە سەربازەکانی شێخ بە دەنگی دەهۆڵ و ئاڵاوە لە باخی دڵگوشاوە هێرشیان هێنایە ســەر شـار و شەڕێکی توند دەستی پێکرد. هێزەکانی شێخ هەر دەهاتن و زۆرتر دەهاتنە پێشیٚ، بە چەشنیٚ کە ئاڵاکەی شێخیان لە نزیـك خـەندەکی دەوری دیـواری شـار هـەڵکرد. بـەڵام پـارێزەران و هەوشارەکان بۆئەوەی پاشەکشە بە هێزی هێرشکار بکەن، کەڵکیان لە هەموو ئـامراز و چـەك و چۆڵێکی بەردەستیان وەرگرت و پاشەکشەیان پێکــردن. پیـاوێکی پـارێزەری شـار، بـەناوی مەهدی هەڵمەتی بردە دەرەوە و ئاڵاکەی شێخی هەڵکەند و هێنایە ناوشار.

هەرکە هێرشکاران کشانەوە؛ چەند سەربازێك بـۆ بژاردنــی کوژراوەکـانی سپای شـێخ، چوونە دەریٚ، بە دەم بژاردنەکەوە چاویان بە تەرمێك کەوتبوو، کاغەزێك بە باسکیەوە بووە، لێی نوسراوە: «ئەوە لە ژێر چاوەدێری شێخ عوبــەیدوڵلا دایــە». بەمەشـدا دەردەکـەویٚ، کـە شێخ بۆ کۆکردنەوەی سەرباز و شەڕپێکردنیان، لە هەموو چاو و ڕاو و شتێك کەڵك وەردەگریٚ و بەم ئامرازە ساویلکانە، کاری کردۆتە سەر دڵان.

درێژەکێشانی شەڕی ئەمرۆ، گەیشتۆتە ٢٧ی زیقەعیدە(٢/١١/١٨٨٠)، لەم ڕۆژەدا شـێخ عوبەیدوڵلا چووە ئاوایی (سەنگەر) و نوێژی جومعەی تێدا کرد و پاش پەند و مـەوعیزە، ١٦ وەرزێری بیٚتاوانی ورمیٚ، کە لەملاولەولا و لە ڕێگەوبان گرتبوویانن، وەك مەڕ سەریان بڕیــن و خستیاننە بەرپێی شێخ.

هێزی بەرگری شار بۆئەوەی شێخ عوبەیدوڵلا لە باخی دڵگوشـا دەرپـەڕێنن، بڕیاریـان‌دا دیواری باخەکە برووخێنن. بەو هۆیەشەوە کە پێشتر نەیانتوانیبوو ئەم دیوارە بە گوللــە تـۆپ برووخێنن، ئیقباڵدەولە مێعمارەکانی شاری کۆکردەوە و فــەرمانیدا ڕەهــەند و ڕەهـۆڵ بـۆ بـن دیوارەکان لێدەن و بارووتیان تێبکەن و بیانتەقێننــەوە. جاسووسـەکانی شـێخ ئـەم هەواڵـەیان پێگەیاند و شێخیش بۆئەوەی بتوانیٚ لەم گێرەوکێشەیە بـە سـاغی و سـەلامەتی دەربـاز بـیٚ، باخی دڵگوشای بەجێهێشت و دیسان لە کێوی (سیر) ئۆردووی لێدا.

دەڵێن کاتیٚ شێخ بەرەو کێوی سیر دەچوو، فەرمانیدا: هەموو دەرگا و پەنجەرەی باخی دڵگوشایان دەرهێنا و هەروەك دەسکەوت لەگەڵ خــۆی بـردی. دەشـڵێن کـاتیٚ شـێخ بـەڕێوە دەبیٚ گوللە تۆپێك لە تەنیشتی دەتەقێتەوە و زۆر دەیترسێنیٚ. حەسەن‌بەگی دەشتی، کــە لــە هاوڕێیانی شێخ و لەویٚ بووە، ئەو ترسانەی شێخی زۆر پیٚ سەیر بووە. دەڵیٚ حەزرەتی شێخ جەنابت زۆر جاران فەرمووتە: من گوللە بەدەستودەم دەگرمــەوە؛ ئـەی هـۆی ئـەم تـرس و

لەرزە چیە؟ شێخیش کە شپرزە و شڵەژاو بووە، لە وەڵامدا دەڵێ : تۆش دەتوت بە شمشێری رووتەوە هەڵدەکوتمە سەر تۆپەکان؛ ئەی بۆ نەتکرد؟!

سەرەتای نائومێدیی شێخ عوبەیدوڵلا :

شەڕ و لێکدانی بێ‌ئاکامی ئەم چەند رۆژەی دوایی و کوژرانی بەشێك لە سەربازەکانی شێخ، لەشکرەکەی شێخی لەگەڵ ئەم راستیە بەرەورووو کردەوە، کە بەڵێنی پێدان و دڵخۆش کردنەکانی شێخ بناغەیەکی ئەوەندە پتەویان نەبووە و کەرامات و موعجیزاتی بۆ داگیرکردنی ورمێ، هیچیان پێ‌نەکراوە. لەبەرئەوە هێدی‌هێدی جێیان هاتبووە لێژیی و لە ئاکامەکانی کارەکە و سزادانی دەوڵەتی شاهەنشاهی دەترسان.

شێخ عوبەیدوڵلا خۆیشی لە بێ‌ئەنجام مانەوەی هێرش و شەڕەکەی، شپرزە و وەڕز بوو؛ لە لایەکی دیکەوە هەر کە هەواڵی بەرێکەوتنی هێزە یارمەتیدەرەکان بڵاوبووەوە، کە بریتی بوون لە تەیمووریاشاخانی ماکۆیی و هێزەکانی و هەمزە میرزا، بە لەشکری عێراقەوە؛ شێخ ئەوەندەی‌تر بێ‌هیوا بوو، کەوتە بیری ئەوەی کە سەرنەکەوتنی خۆی وا پینە بکات، لەوە زیاتر ئابرووی نەچێ؛ بۆیە دەستی کرد بە نووسینی نامەگەلی جۆربەجۆر. هەڵبەت لەو نامانەشدا دیسان هەر داوای بە دەستەوەدانی شاری دەکرد. ئیقباڵدەولەش بە لەبەرچاوگرتنی هەل و مەرجەکان، هەموو وەڵامەکانی بە نەرم ونیانی دەدایەوە. بە واتەیەکی‌تر: خەریکی کات بەسەربردن بوو.

شێخ لە نامەیەکیدا داوای لە ئیقباڵدەولە کرد؛ یەکەم: پێداویست و خواردەمەنی سپاکەی بۆ دابین بکات و دووەم: لە شار بێتە دەرێ؛ تا شەڕێکی یەکجاریی و لێبڕاوانە بکەن و چارەنووسی سەرکەوتوو و دۆڕاو بە لایەکدا بخەن.

ئیقباڵدەولەش لە وەڵامدا نووسی: دابین کردنی بژێوی سپای خۆت، لەسەر خۆتە و بۆشم نییە لە قەڵا بێمە دەرێ. چەند رۆژێکیش سەبربکە، تا هەمزە میرزا و تەیموور پاشاخان بگەنێ، ئەوسا وەڵامی خۆت لە دەرەوەی شار وەردەگریتەوە.

شێخ دیسان رازی نەبوو، داوای کرد چەند کەسێك لە زانایانی شار بچنە لای بۆ وتوویژ. دەڵێن ئەو داخوازییەی لە خەلیفەی ئەرمەنیەکانیش کردبوو.

ئیقباڵدەولە بۆ ئەم بابەتەش، وێڕای قسە و باس و راگۆڕینەوە لەگەڵ‌پارێزەرانی شار و خەلیفەی ئەرمەنیەکان، ئەم داخوازییەشی رەتکردەوە؛ چونکە دیاربوو شێخ سەری پەتەکەی لە دەست دەرچووە و نازانێ خەریکی چییە و لەوانەیە بەم رێگایە گیانی زانایان بخاتە مەترسییەوە، بەتایبەتیش کاتێ هەواڵی ئەوە بڵاو بووەوە، کە سەرکردەیەکی عوسمانی بۆ سەرکوتکردنی شێخ هاتووە، بە ئاشکرا دەرکەوت شێخ تێکچووە و کاروبارەکەی بە تەواوی لێ‌پێچەوانە بۆتەوە.

قەبوڵ نەکردنی داخوازییەکانی شێخ و هیوابڕاویی و ناکامییەکانی، بوونە هۆی ئەوەی دیسان درۆیەك هەڵبەستێ و دەست و پێوەندکانی خۆی بۆ شەڕ ساز بکات. بەم بۆنەیەوە، ڕۆژی پێنجشەممە سەرکردەکانی ئۆردووی بانگ کرد و پێی وتن سبەینێ ڕۆژی هەینی ورمێ دەگیرێ؛ چونکە خەونم بە شێخ تەهای باوکمەوە دیوە. باوکم وێڕای ئەوەی جێی کوژراوەکانی سپاکەمی لە بەهەشتدا دیاری دەکرد، وتی: سبەینێ شار دەگیرێ.

باسی ئەم کەرامەتە لەلایەن شێخەوە، بووە هۆی ئەوەی هەڵفریواوان بۆ جارێکیتر پێکەوە سوێند بخۆن و بڕیاری گرتنی شار بدەن. بۆئەوەی ئەم کارەش بە تەواوی جێبەجێ بکرێ، بڕیاریاندا هەموو هێزەکان بە خەنجەر و شمشێرەوە بەشداری شەڕ بکەن و تاقەکەسێك لە دانیشتووانی ورمێ بە زیندوویی نەهێڵنەوە.

شەڕی ڕۆژی ٢٨ی زیقەعیدە(١٨٨٠/١١/٣):

بە پێی ئەو بڕیارەی درابوو، ڕۆژی هەینی دوای نوێژی بەیانی، لە کاتێکدا شێخ جل و بەرگێکی کەسکی لەبەر کردبوو، رووبەندێکی سەوزیشی بە ڕووی‌دا دابوو، لەشکرەکەی بۆ شەڕێکی خوێناویی ساز کردبوو، هێرشی بردە سەر شار.

پەلاماردەران کە دیسان فریوی درۆ و دەلەسەکانی شێخیان خواردبوو، ئەوەیان لای خۆیان براندبووەوە، کە شار دەگیرێ، بۆیە بۆ کۆکردنەوەی دەسکەوت و تاڵانی ورمێ، هۆشیان لە لای خۆیان نەمابوو، هەر ملیان دەنا. لە ماوەی ئەم خۆسازدان و پەلامارەدا بۆ سەر شار، شێخ عوبەیدوڵڵا کاری سەیری دەکرد. جاری‌وابوو سەری دەخستە ژێر عەباکەی و بە دەم خوا و پێغەمبەرەوە درۆی هەڵدەبەست. جارجاریش دوعا و نزای دەکرد و بەرەو شار فووی لێدەکرد و سەربازەکانی خۆی هاندەدا و تیژی دەکردن.

هەر کە هەواڵی هێرشی هێزەکانی شێخ بە شار گەیی و پێشەنگی کوردەکان دەرکەوت، پارێزەرانی شار، جارێکی‌تریش خۆیان بۆ شەڕێکی سەخت ساز کردەوە. کە هێزەکەی شێخ هاتە پێشەوە، لە هەموو لایەکەوە بارانی گوللەیان بە سەر پەلاماردەران‌دا باراند و کۆمەڵێکیان لە خاك و خوێندا گەوزاند.

پەلاماردەران کە پێیان وابوو نوشتە و دوعای شێخ وەك لەمپەرێك دەیانپارێزێ، بە کردەوە و بە چاوی خۆیان بینیان هەر لە سەرەتای شەڕدا کۆمەڵێك لە هاورێکانیان لە خاك و خوێندا گەوزان؛ ڕایان‌کرد و سەیریش ئەوە بوو شێخ خۆیشی لەوانە بوو، کە ڕای‌کرد.

تەیموور پاشاخان بە سپاگەلی خۆی و سەلماس و ماکۆوە بۆ یارمەتی دانیشتووانی ورمێ دەگات

تەیموور پاشاخانی ماکۆیی لە ڕۆژی ٢٩ی زیقەعیدە(١٨٨٠/١١/٤)دا بە ٦ هەزار سەربازی خۆیی و ماکۆیی و سەڵماسی لە (چەمەن درشکی)ی سەڵماسەوە بەرە و ورمێ

کەوتە ڕێ و هەر لەو ڕۆژەدا گەییە ئاوایی (قوشچی)ی هەشت قۆناغە ڕێی ورمێ و لەوێ ئۆردووی لێدا. پاش حەسانەوەی سپا بەرە و ورمێ کەوتەڕێ.

کاتێ هەواڵی بەرێکەوتنی تەیموور پاشاخان بە شێخ عوبەیدوڵلا گەیشت، بۆئەوەی بەر لە هاتنی بۆ ورمێ و بەهێزکردنی هێزی بەرگری شار، سپاکەی تێك‌بشکێنێ؛ بە هەموو سپاکەیەوە چووە قەڵای ئیسماعیل ئاغا؛ کە لە سەر ڕێی تەیموور پاشاخاندا بوو. مەبەستیشی ئەوە بوو لە شوێنە کوێستانییەکان بەری سپای یارمەتیدەر بگرێ و تەفرووتوونایان بکات.

لەم کاتەدا تەیموور پاشاخان لە مێرگی (عەلی‌بەگلو) ئۆردووی لێدابوو، چوار پێیەکانی سپا، لە لەوەڕگاکانی دەوروبەر خەریك بوو دەلەوەڕان. لەشکرەکەی شێخ لەبەرئەوەی شوێن و جێی شەڕەکەیان پێ لەبار نەبوو، چەند کەسێکیان کردە بەرپرسی ڕاونانی چوار پێ و باربەرەکانی تەیمووڕپاشاخان و وای تێبگەیەنن، کە چەند چەتە و شرەخۆرێك دەیانەوێ ماڵاتەکەی بفرێنن. بەمجۆرە بە دوای خۆیاندا بیانکێشنە شوێنی حەشاری هێزە سەرەکیەکە و بە یەکجاری پێیان دادەن و تەفروتوونایان بکەن.

پاش فڕاندنی باربەرەکانی لەشکر و ئەنجامدانی کارەکە، تەیموور پاشاخان تا ماوەیەك شوێنیان کەوت، بەڵام کە زانی چەند هەزار سەربازێکی سپای شێخ لە حەشار و بۆسەدان؛ وازی لەو کارە هێنا و هێزەکەی خۆی بۆ شەڕ ساز کرد و هێرشی بردە سەر قەڵای قیزلار، کە هێزەکانی شێخی لێ دامەزرابوون.

هەرچەندە هێزەکانی شێخ لە بەرزاییەکاندا دامەزرابوون و بەسەر هێزی تەیموور پاشاخاندا زاڵ بوون، بەڵام ئەو پیاوە ئازایە هەر پێشڕەویی دەکرد و پاش چەند سەعاتێك شەڕ، هێزەکانی شێخی تێکشکاند ر بەشێکیشی بە دیل گرتن.

کاتێ هەواڵی تێکشکانی هێزەکان بە شێخ گەیی و زانی کارێکی لەدەست نایەت، کەوتە بیری هێرشێکی تۆڵەسێنانە. بەلام لەجیاتی ئەوەی بەرەنگاری پیاوانی شەرکەر بێتەوە، هێرشی بردە سەر ئاوایی بێ‌پارێزەری (عەسکەر ئاباد)، کە کۆمەڵێك خەڵکی ورمێ لەوێ نیشتەجێ بوون.

هێرشی شێخ بۆ سەر عەسکەر ئاباد، بێجگە لە کوشتار و تاڵان و ڕازی‌کردنی هەستی خوێنڕێژیی، هیچ هۆیەکی دیکەی نەبوو. چونکە لە رابردودا دانیشتووانی ئەم گوندە بۆئەوەی نەکەونە بەر هێرشی شێخ و گیان و ماڵ و ناموسیان لەلایەن تاقمێك شەیتان سفەتەوە بە تالان نەچێ، بەوە ڕازی بوون بەشێك لە کەلوپەل و خواردەمەنی سپاکەی شێخ دابین بکەن و هەرواشیان دەکرد. هێرشی شێخیش بۆ سەر ئەم گوندە، تەنیا لەبەرئەوە بوو، کە هێزەکانی لە قەڵای (قیزلار) دا تێکشکابوون.

هەرچۆنێك بێت، شێخ لە گەڕانەوەیدا کاتێ گەیشتە عەسکەر ئاباد، وەك پیشەی هەمیشەی فەرمانی‌دا، کورسییەکیان هێنا و لەسەری دانیشت و دەستی کرد بە وێرد و دوعا

خوێندن و لە پڕ سەری هەڵبڕی و وتـی: ئیلهامم پێکراوە، کـە خـەڵکی (عەسـکەر ئابـاد) هەموویان دەبێ بکوژرێن و خوێن و ماڵ و ناموسیان بۆ من و سەربازەکانم ڕەوایە.[1]

کاتێ ئەم هەواڵە بە دانیشتووانی عەسکەر ئاباد گەیی، یەکجار زۆر ترسـان و بریـار درا کۆمـەڵێك لاو و پیـاو، خۆیـان بـۆ بـەرگری ئامادەبکـەن و چـەند کەسـێکیش بچنـە لای تەیموورپاشاخان و ئـەوەی ڕوویـداوە، بـۆی بگێڕنـەوە. بـەڵام تەیموورپاشـاخان بـە بیـانووی جۆربەجۆر، وەڵامی نەدانەوە. دەڵێن هۆی ئەم کارەی تەیموورپاشاخان، ئەوەبووە کە نێوانـی لەگەڵ ئیقباڵدەولە و شوجاعودەولەدا ناخۆش بووە. چونکە عەسکەر ئابادیش لە ئاواییـەکانی ئیقباڵدەولە بووە، بۆیە تەیموورپاشاخان پێی ناخۆش نەبووە زیانێك بە نەیارەکەی بگات.

بە تێکرایی، خەڵکی عەسکەرئاباد لە بەرامبەر هێزەکانی شێخدا بێیار و یاوەر مانـەوە و خۆڕاگریی و بەرگری پیاوەکانی، لە یەك دوو سـەعاتێك پـتر درێـژەی نەکێشا و ئـەو گونـدە ئاوەدانە، ئەو ڕۆژە بووە تەپۆڵکەیەك خاك و خۆڵ و خەڵکە ئازادەکەیشی بە زەبری شـمشێر داپاچران.

تەیموورپاشاخان دەچێ بۆ ورمێ

دوای ئەوەی دانیشـتووانی عەسـکەر ئابـاد، بەدەسـت داروودەسـتەی شـێخ تێداچـوون و ماڵیان تاڵانکرا؛ تەیموورپاشاخان بەرەو ورمێ کەوتەڕێ و لە دەرەوەی شار ئۆردووی لێدا و بۆ ئەوەش هەواڵی سەرکەوتنەکانی خـۆی، بـە داروسـەلتەنەی تـەورێز بگەیـەنێ، فـەرمانیدا سەری هەموو دیلەکانی ئۆردووی شێخیان سەربڕی و ناردیانن بۆ تەورێز.

لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا، هێزەکانی شێخ هەرچییەکی لە دەوروبەری شار و ئاواییـەکان بەرچاویان بکەوتایە، تاڵانیان دەکرد، بە چەشنێ کە هیچ گوندێك نەمابوو، تاڵان نـەکرابێ. ئـەوەندەی گوندنشینەکانیش هاواریـان دەبـردە بـەر تەیموورپاشـاخان و داوای یارمـەتییان لێدەکرد؛ بەداخەوە گوێی نەدەدانێ و بە یارمەتی خوازانی دەوت: بچن بۆ لای ئیقباڵدەولە.

بـە هـۆی ئـەم بێسیاسـەتی و ئاکـارە ناحـەزەوە، ئاواییـەکانی ورمـێ بـەرەو کـاولبوون دەچوون و دیاردەی بوون و مانەوەی ئەو هەرێمە ئاوەدانە، خۆی دەشاردەوە.

ڕۆژی ٤ زیحـەجە(١٨٨٠/١١/٨)، سێ سـەعات و نیـوی مـابوو خـۆر ئـاوا بـێ، سـوارە کوردەکان بۆئەوەی دەستێك لە ئۆردووی تەیموورپاشاخان بوەشێنن، بە فەرمانی شێخ، لەسەر کێوی (جهودلەر)[2] دامەزران و گوللەبارانیان دەست پێکرد. هێزەکانی تەیموورپاشـاخانیش لـە

---

[1] وانیارە فەرماندەکانی لەشکری هەوشار، بۆ تۆقاندنی سەربازەکانیان و زراندنی ناوبانگی شێخ عوبـەیدوڵڵا، ئەوجۆرە پروپاگەندانەیان بەناوی شێخەوە لەناو سەربازەکاندا بڵاو کردۆتەوە، تا هانیان بدەن شـەڕی مـەرگ و ژیان بکەن.

[2] تەپکی جوولەکانیشی پێدەڵێن

بەرامبەردا دەستیان دایە شەڕ و ئەوەندەی نەبرد هەردوو سپاکە تێکهەڵچوون. شێوەی تەیموورپاشاخان لەو شەڕەدا ئەوە بوو خێرا و بە توندی هێرش بەرێ و هەرچۆن و بە هەر نرخێك بێت سەنگەرەکانی دوژمن بگرێ و لەو ڕۆژەشدا هەروای کرد و ئەوەندە خێرا هێرشی بردە سەر سەنگەرەکان؛ کە دەرێپەڕاندن و هەڵیبڕین و نزیکەی (٥)هەزار تفەنگ و چەکی دیکەی لێ بە دەسکەوت گرتن.

لە کاتی پاشەکشێ و هەڵاتنی کوردەکاندا، کە شێخ خۆیشی یەکێك بووە لەوان، بۆتە بگرە و بەردە و سەرلێشێواوییەك، کە شێخ لە ئەسپەکەی کەوتۆتە خوارەوە و باسکی بە سەختی بریندار بووە.

سەربازەکانی تەیموورپاشاخان کە چاویان بەم بارودۆخە کەوت و پرژ و بڵاویی کوردەکانیان بۆ دەرکەوت، کەوتنە شوێنیان و ئەوەندەی نەمابوو بە یەکجاریی کۆتایی بە کێشەکە بێنن و ڕەگ و ریشەی خراپەی شێخ لە بنەوە هەڵکەنن، کە تەیموورپاشاخان فەرمانیدا بگەڕێنەوە و لەوەزیاتر شوێنیان نەکەون.

کە سەربازەکان گەڕانەوە، شێخیش توانی هێزە هەڵاتووەکانی دیسان کۆبکاتەوە و لەشکرەکەی ڕێکوپێك بکاتەوە.

هەڵاتنی شێخ بۆ ناو چیا:

شێخ عوبەیدوڵڵا پاش ئەوەی لە یەکەم شەڕی خۆی لەگەڵ تەیموورپاشاخاندا تێکشکا، کاتێ زانی سەربازەکانی تەیموورپاشاخان شوێنیان نەکەوتوون، دەستیکرد بە کۆکردنەوەی پاشماوەی هێزەکانی و نەخشەی بۆ شەڕێکی دیکە کێشا.

بە پێی ئەم نەخشەیە هێزەکانی شێخ بۆ جارێکیتر هەڵیانکوتایە سەر کێوی (جهودلەر)، کە بەسەر هێزەکانی تەیموورپاشاخاندا زاڵ بوو، شەڕێکی سەختیان دەستپێکرد. بەڵام وەك هەمیشە، هێشتا چەند سەعاتێك لە شەڕ تێنەپەڕیبوو، کوردەکان زۆریان بۆ هات و خۆیان پێنەگیرا و بۆی دەرچوون. خودی شێخ خۆیشی بۆ جارێکیتر تێکشکا و دەیانتوانی بیگرن، بەڵام دیسان خانی ماکۆیی فەرمانی داوە: شوێنیان مەکەون. پێداگریی ئەوانەیشی نەسەلماندووە، کە وتوویانە: با سەعاتێکیتریش شوێنیان بکەوین.

لەم کاتەدا سوارێك لە سپاکەی شێخ هەڵبڕا و بەخێرایی هات بۆ لای ئۆردووی تەیموورپاشاخان. دەرکەوت ئەو سوارە، نەسروڵڵای ئاشپەزە، کە پێشتر لەلایەن شێخەوە بە دیلی گیراوە و ئەم دەرفەتەی قۆستۆتەوە و رایکردووە.

ئەم پیاوە، بە تێروتەسەلی باسی ترسولەرز و شپرزەیی شێخی کرد و دواییش باسی ئەوەی کرد، کە چونکە شێخ ئەم بارودۆخەی بەدڵ نییە و دڵنیایە لە تێشکانی خۆی، بڕیاری داوە هەڵبێ و هەر لەم ڕۆژانەدا مەیدانی شەڕ بەجێبێڵێ.

خەریکی گفتووگۆ بوون، کە هەواڵی راکردنی شێخیان بۆ ئیقباڵدوەلـە هێنـا. کـەچی کـە سەرکردەکانی داوای شوێنکەوتن و هەڵبرینی شێخیان لـێکردووە، دەسـتی بـە داواکەیانـەوە نایەوە.

بەم چەشنە خوێنرێژێك لەدەست داد و عەدالەت هەڵات.

دوای هەڵاتنی شێخ، کردەوەکانی تەیمووریاشاخان جیاوازییـەکی وای لەگـەڵ کـردەوەی یاخییەکاندا نەبوو، چونکە ئاواییەکانی تالاّن کرد و کارەساتێکی وای کرد، کە قەڵەم توانـای لێکدانەوە و نووسـینی ئـەو شـتانەی نـەبێ، لـەباتی ئـەوەی لـەو کـارەی خـۆی، ناوبـانگ و سەربڵندیی و شانازیی بەدەستبهێنێ، تەنیا نەنگی و رورەشیی بۆ مایەوە.

لەم رۆژە پڕ لە مەینەتیانەدا، دانیشتووانی ورمێ بێجگە لـەوەی تووشـی قـاتی و قـڕی و برسێتیی بوون و کارەساتە دڵتەزێنەکانی شێخ عوبـەیدوڵلاّ و تەیمووریاشاخانیشـیان کـەوتبووە سەرشان، نەخۆشی چاوەقوڵکەش «وەبا» بلاّوبووەوە و نزیکەی سێیەکی دانیشتووانی ورمێـی کوشت.

سوپاسالاریش گەیشتە ورمێ:

پێشتر وتبوومان: بۆ سەرکوت و لەناوبردنی یاخییە تالاّنکارەکانی شێخ عوبەیدوڵلاّ ، لـە زۆر شـوێن داوای هـێزی یارمـەتیدەرکراو وتیشـمان یـەکێك لـە هـێزە یارمـەتیدەرەکان، بـە سەرۆکایەتی تەیمووریاشاخان بوو، کە لە رێی سەلـْماسەوە هات بۆ ورمێ. هـێزێکیتریش بـە سەرۆکایەتی سوپاسالار چوو بۆ سندووس و پـاش رێکوپێـك کردنـی کارەکـان، بـەرێوەبردنی شنۆی سپارد بە بێوکخانی کوڕی ئەسکەندەرخان و محەمەدئاغای مامش و فـەرمانیدا ئـەو شـارە ئـاوەدان بکرێتـەوە. پاشـان بـەرەو ورمـێ کەوتـە رێ و رۆژی (١٢)ی موحەڕەم(١٥/١٢/١٨٨٠) چووە ناو شار و لە ماڵـی ئیقباڵدەولە نیشتەجێ بوو.

سوپاسالاّر سوپاسی هەموو زانایان و سەرکردەکانی ورمێی کرد، کە لە شـەڕدا پیـاوەتی و ئازایەتی و فیداکارییان نواندبوو. هەموویانی لاواندەوە و دەستخۆشیی لێکردن و هەرکەسـێکی بە پێی پلەوپایەی خۆی خەلاّت کرد. لە دواییدا بۆئەوەی لەسەر سـنوورەکان، هێمنایـەتی و هاوئاهەنگییەك پێكبهێنێ، فەرمانیدا، هیچکەس کـاری بەسـەر کـاری کوردانـەوە نـەبێ و لەسەر ئەوە سزا و ئازاریان نەدەن، کە هاوکاری شێخیان کردووە. بۆ بەڕێوەبردن و پشـتگری ئەم فەرمانەش، سەرانی کوردی بانگ کرد و خـەلاّت و بـەراتی دانـێ. کـاتێ لـەم کارانـەش بووەوە؛ میرزا رەزاخانی سەرتیپ و موعینولسەدارەی دیاریکرد، تا لەگـەڵ مـیرزا هاشـمخان بەرپرسی ئەرمەنییەکاندا بچـن بـۆ لای دەوڵـەتی عوسـمانی و لـەبارەی شـێخ عوبـەیدوڵلاّ و دارودەستەکەی، لەگەڵ بەرپرسانی رۆم (عوسـمانی)، قسەو گفتوگۆ بکەن.

چونکە شیرازەی شاریش لە گرێژەنە دەرچووبوو، سێ هێزی هەمەدانی، بە سەرۆکایەتی سـەرکار (حیسـامولمولك)، هـێزی قـەزوینی بـە سـەرۆکایەتی (نەسـیرولمولك)، تۆپچییـەکانی

گەرووسی بە سەرۆکایەتی عەلیڕەزاخانی سەرتیپ و تۆپەکانی ئۆتریش (نەمسا) و بەشێك لە سوارەکانی شاهسەوەن و قەراچەداغیش، کە تێکڕا حەوت هەزار کەس بوون، بە سەرۆکایەتی (نەسیرولمولك) لە ورمێ دانا و خۆشی لە سەرەتای سەفەری ۱۲۹۸ بەرەو تەوریز بەڕێکەوت.

ئاکامی هاتوچۆی سوپاسالار، دابینکردنی ئارامیی و هێمنایەتی بوو، لە ورمێ و ناوچەکانی سەرسنوور.

بەلاّم هێشتا ئاژاوەی شێخ عوبەیدوللاّ بە تەواوی نەکوژابووەوە و دانەمرکابوو. دانیشتووانی ورمێش لەمبارەیەوە هێشتا لە پەژارە و دلّەراوکەدابوون.

هەمزاغای مەنگووڕیش دەکوژرێ:

ڕۆژی ۲ ی شەعبان (۱۸۸۱/٦/۳۰) عەلائودەولە ئەمیرنیزام بۆئەوەی چاوی بە سەر سنوور بکەوێ، لە تەوریزەوە بەڕێکەوت و لە ڕێی دێخورگان[1] و مەراغە و سابلاّخەوە بەرە و ئازەربایجانی خۆرئاوا هات و لە سەر ڕێی گەشتەکەیدا هەموو ئەوانەی لە ماوەی شەڕەکانی شێخ عوبەیدوللاّ دا خزمەتیان کردبوو، یان زیانێکیان پێگەیبوو، چاوی پێیان کەوت و یارمەتیدان و بە هەموو چەشنێك دلّی دانەوە.

کاتێ گەیشتە (لاجان)، محەمەدئاغای مامش بەرە و پیری هات. چونکە لێهاتوویی و توانایی ئەوی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو مەلّبەندە هەلّسەنگاند، حیسامولمولك و عەلی ڕەزاخانی سەرتیپ، کە پێیان سپێردرابوو لە سندووس بمێننەوە و مۆلّەتدران و کاروباری ئەو ناوچەیەی بە محەمەدئاغا سپارد و پێی وت نابێ ڕێگەبدەیت هۆزی مەنگووڕ، هاتوچۆی ئەو ناوچەیە بکەن. ئەگەر دەستیشیدا و کرا، هەمزاغای مەنگووڕ، کە سوپاسالاری شێخ عوبەیدوللاّ بووە، بگرێ و بە مردوویی، یان بە زیندوویی بۆ بنێرێ.

ئەمیر نیزام دوای ئەمکارە، چوو بۆ شنۆ و پاش ڕێكوپێككردنی کاروباری ئەوێ و دلّنەوایی هۆزی زەرزا، لە ۱۸ ی مانگی شەعباندا(۱۸۸۱/۷/۱٦)، بە شان و شکۆوە چووە ناو شاری ورمێ و هێزەکانی ناوشاری ورمێ بەرەو پیری هاتن و پاشان لە باغی دلّگوشا دامەزرا.

وەزیری فەوائیدیش کە لەم کاتەدا لە سابلاّخ بوو، کەوتە تەقەللایەکی زیاتر، تا بتوانێ هەمزاغا بگرێ. هەمزاغاش کە ئاکامی کاری شێخی بەو چەشنە دیبوو، لە کردەوەی خۆی پەشیمان و زۆر سەرلێشێواو و شپرزە و لە ترس و لەرزدا بوو. هۆزی مەنگووڕیش چونکە دەیانزانی بەرپرسانی دەولّەتی شا، ئەویان بە مایەی فیتنە دەزانی و لەبیری لەناوبردنیدان، خۆیان لێ دوور رادەگرت و یارمەتییان نەدەدا. تەنانەت کار گەییە ئەوەی کاکەللاّی برای

[1] ئاوایی گۆگانیشی پێدەلّێن

هەمزاغاش پاڵی بە وەزیری فەوائیدەوەدا و هەمیشە ئاواتی ئەوە بوو، براکەی بکوژرێ و خۆی ببێتە جێگری.

هەمزاغاش کە حاڵ و باڵی خۆی بەم چەشنە نالەبار و ترسناکە دەبینێ، بۆ پاراستنی گیانی خۆی، پەنا بۆ هەموو شتێك دەبات. لەم دواییانەدا کۆمەڵێ زانا و مەلای سابلاخی کردە تکاکار و لە فەرماندەی هێزەکان داوای لێبووردنی کرد.

وەزیری فەوایدیش کە پێی‌خۆش‌بوو ئەم گرێیە بەدەستی تەگبیر بکرێتەوە، قایل بوو بەوەی چاوی بە هەمزاغا و چەند کەسێ لە سوارەکانی بکەوێ. لەپێشدا بۆ کوشتنی نەخشەی کێشا و دەستەیەك چەکداری ئەنگیو و ئازای هێزەکەی خۆی لە چاڵێکدا دامەزراند، کە دەینواڕی بەسەر ئەو خێوەتەی بڕیار بوو هەمزاغای لێدانیشێ و چاوەنواڕی هاتنی هەمزاغا بوو.

هەمزاغاش لە کاتی دیاریکراودا، بە (١٠٠) سوارەی ئازای خۆیەوە گەییە ناو ئۆردووی وەزیری فەواید و بۆ ئەو خێوەتە رێنوێنی کرا، کە بۆی دیاری‌کرابوو. هەرکە چووە ناو خێوەتەکەوە، بارانی گوللەیان بەسەردا باراند و هەمزاغا و هاوڕێکانیان لە خاك و خۆڵدا گەوزاند.

وەزیری فەواید فەرمانی‌دا سەریان بڕی و بۆئەوەی ئەمیرنیزام چاوی پێی بکەوێ، سەرەکەی بۆ ورمێ نارد. عەلائودەولە ئەمیرنیزامیش هەرکە سەری هەمزاغای پێگەیی، فەرمانی‌دا سەری بە نێزەدا بکەن و لە ناوشاردا بیگێڕن و بەم چەشنە سوپاسالار و یاری غاری شێخ عوبەیدوڵلا ، بە سزای کردەوەکانی خۆی گەیشت.

مردنی ئیقباڵدەولە :

لەو ماوەیەدا ئیقباڵدەولە ، ئەو سەرداره رەشید و بەغیرەتە، تووشی نەخۆشییەکی زۆر گران بوو، هێدی‌هێدی لەشی دەتوایەوە. هەتا لە ٦ی مانگی رەمەزانی ١٢٩٨کۆچی - ١٨٨١/٨/٢دا، بە رەحمەتی خودا چوو. پاش مردنی ئیقباڵدەولە ، حاجی رەجەب عەلی‌خانی هەوشار، میرپەنجی تۆپخانەش لە مانگی رەبیعولئەوەلدا، کۆچی دوایی کرد و دوای ئەو، موستەفاخانی هەمەدانی ئیعتیمادوسەڵتەنەش، کە پاش ئیقبالدولە ببووە حاکمی ورمێ، کۆچی دوایی کرد. هێندێك دوای ئەمە، لە مانگی جەمادی‌الثانی‌دا محەمەد رەزاخانی سەرتیپی تۆپخانەش، کە خزمەتە بەرچاو و بەهادارەکانی لەبارەی بەرگری و پاراستنی نیشتمان و زێدی خۆی، لەبیر ناچێ، مرد و بەم چەشنە سپای ئێران لە ماوەیەکی کەم و کورتدا، چوار کەس لە چاکترین کاربەدەستانی خاوەن پلە و پایەی خۆی لەدەستدا.

شێخ عوبەیدوڵڵا دیسان لە ئیسلامبول - ئەستەموول رادەکا:

عەلائودەولە، لە (٤)ی شەعبانی ئەوساڵەدا دیسان هاتەوە بۆ ورمێ و مەبەستی لەم سەفەرەش جێبەجێکردنی کاروباری سنوورەکان بوو. لەبەرئەمە پاش رێکوپێک کردنی کاروباری (خۆی) و (سەلماس) بەرە و ورمێ چوو، لە باخی دلگوشا دامەزرا و لەبەرئەوەش ئەوشتانەی پێویست بوون فێری وەزیری فەوایدی بکات، لە سابلاخەوە بانگی کرد بۆ ورمێ. هەر لەم کاتانەدا هەواڵی هەڵاتنی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ئیسلامبول بڵاو بووەوە. دەڵێن لە ئیسلامبول، کە شێخ لەژێر چاودێریدا بووە، جلوبەرگ و ڕواڵەتی خۆی گۆڕیوە و بە فێڵ و فەرەج و لە ڕێی زەریا و قارسەوە دەرباز بووە و خۆی گەیاندووەتەوە کوردستان و مەڵبەندی (ناوچیا).

هەواڵی ڕاکردنی شێخ لە سەرەتادا ئەوەی بە بیردا دەهێنا، کە بەدەستی ئەنقەست بوویێت بەڵام کاتێ لە بەرپرسانی عوسمانییان پرسی؛ ڕوون بووەوە، کە شێخ بۆ خۆی هەڵاتووە و بە ئەنقەست نەبووە. جووڵانەوەی هێزەکانی عوسمانیش ئەم بابەتەی دەسەلماند.

هەرچۆنێك بێت ڕاکردنی شێخ، دیسان بووە هۆی شڵەژاویی و ترس و لەرز لەناو خەڵکدا. ویست و داخوازی خەڵك ئەوە بوو، ئەم گێرەوکێشەیە ئەوەندەی دەکرێ، زووتر دوایی پێبهێنرێ.

گیرانی دووبارەی شێخ عوبەیدوڵڵا :

لەبەرئەوەی عەلائودەولە ئەمیرنیزام، بۆ بەدیهێنان و دابینکردنی هێمنایەتی ئازەربایجانی خۆرئاوا گەلێ خزمەتی بەنرخی کردبوو، بە تێگەیشتوویی خۆی زۆربەی گیروگرفتەکانی لەسەر ئەم ناوچەیە لابردبوو، لەلایەن شای خاوەنشکۆوە شمشێرێکی گەوهەرداری خەڵاتکرا.

ئەمیرنیزام رۆژی (٢٦)ی زیقەعیدە لە ڕێورەسمێکی شکۆداری سپاییدا شمشێرە خەڵاتییەکەی لە کەمەر بەست. چەند رۆژێکیش مۆڵەتی سەرکردە و سەربازەکانیدا، تا شادی و کەیف و خۆشیی بکەن و هەر لە جەنگەی ئەم جەژن و شادییەدا، لەپڕ حاڵی تێکچوو لەماوەی یەك دوو رۆژدا گیانی دەرچوو، ماڵئاوایی لە دونیا کرد و مەیتەکەیان بە ڕێ و ڕەسمی سپاییەوە بۆ تاران نارد.

پاش مردنی عەلائودەولە، وەزیری فەواید لە ورمێ بوو، بۆ وتوویژ لەگەڵ بەرپرسانی عوسمانی لەبارەی گرتنی شێخ عوبەیدوڵڵاوە، چووە سەر سنوور و پاش بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، بۆ ورمێ گەرایەوە. هەر لەم گەڕانەوەیەدا پلەی سالارلەشکری وەرگرت و بە وەرگرتنی شمشێری گەوهەرنیشان، شانازیی پێبەخشرا و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئازەربایجانی رۆژئاوایان پێدا. سالار لەشکر لە ڕێوە دەستی کرد بە ئاوەدانکردنەوەی ورمێ و

چەندکارێکی کرد. بۆ وێنە: بەرد ڕێژکردنی کۆڵانەکان و سازکردنی بینای تۆپخانە و چەك و جبەخانە، لەو کارانە بوون، کە لەناو خەڵکی ڕەشۆکیدا زۆر دەنگیدایەوە و شوێنەوارێکی باشی بەجێهێشت.

لە بەختی بەرزی سالارلەشکر ئەوەندەی پێنەچوو، شێخ عوبەیدوڵڵا گیرا و لەوپەڕی سووکایەتیدا، بردیانەوە خاکی عوسمانی و ئەم مایەی پڕ شەڕ و شۆڕ و ئاژاوەیە، بۆ هەمیشە لە خاکی ئێران دوور کەوتەوە.

سەرنج:

ئەم چەند لاپەڕەیەی دواییش نموونەی دەستخەتەکەی «میرزا عینایەتوڵڵای لوڕکانی»یە.

تاریخ خروج اکراد و قتل و غارت شیخ عبیدالله و اتباعش و فتنه زیاد در مملکت آذربایجان در سنه

بسم الله الرحمن الرحیم

حمد بیحد و سپاس بیعد صانعی را سزد و زیبد که این خیمه زرد فام را

بیستون پایدار نهاد و شکر و ثنای بیحد و افزون تر از قطرات مطر حضرت

کبریای را سزاوار تر و درخور است که از صور بسیط مختلف صورت

آرائی نمود و درود نامعدود و تحیات از حد بیرون خلعت لولاک

لما خلقت الافلاک حضرت فخر کائنات و باعث ایجاد ممکنات

علیه الاف التحیه و الصلوات گر نبودی ذات پاکش آفرینش را سبب

تا ابد خواستی نبودی آدم عزب و بر وصی بلافصل

ابن عم و کاشف غم او علی امیرالمؤمنین و امام المتقین

و یعسوب الدین و بر اولاد طاهرین او که هر یک شمع قندیل هدایت

و سلطان سریر امامت رحمات بیمنتها باد اما بعد

زر و رو دهان را رعد آسا بلند آوازه ساخته مهرهای آهنین

و آتشین را بهر طرف پراکنده و ورقعه را وادی عقیق

و بعد از آن شعشعه ساخته تقیه السیف کام ناکام رو به سوی بریا زنده

فرار کردند شیخ عبد الله کار را بدینگونه دید خود را

از شهر کنار کرده گاهی در دیزج سیاوش و گاهی در قریه

سنگر بسر برده که هر دو قریه نیمفرسخی شهر بوده و دیگر

شهر نیامد در روز بیستم شهر سرب باروط در میان

طایفه اکراد کمیاب گردید یکنفر یهودی که با آنها

سابقه داشت از راه تبریز او را فرستاده از شهر

سرب باروط گرفته برای لشکر مخالف بر آورده

اهل شهر خبردار شده او را بجزای عمل خود رسانیدند

در روز بیست دویم ماه مزبور جمعی از اهل شهر که

در چهار بخش خطب که نیمفرسخی اورمیه است

پاشکۆی ژماره (٧)

قیام شیخ عبیدالله شـمزینی در عهد ناصر الدین‌شاه
((ڕاپەڕینی شێخ‌عوبەیدوڵڵای شـەمزینی لە سەردەمی نەسرەدین شا - دا))
نووسینی : ئەسکەندەر غۆریانس

ناوە ڕاستەقینەکەی ئەم کتێبە ئاوایە: تاریخ طغیان اکراد .

ئەم کتێبە لە مانگی سەفەری ١٢٩٨ کۆچی ١٨٨٢ ز – واتـە: لـە ڕۆژانـی شۆڕشـەکەدا لەلایەن (ئەسکەندەر غوریانس)ەوە نووسراوە؛ کە ناو براو لە ئەرمەنییەکانی سەر بـە ڕووسـیا بووە و ساڵی ١٨٧٨ – سکرتێر و وەرگێڕی (ئۆکسپوزیسیون)ی پـاریس بـووە. بـەڵام لـە کـاتی شۆڕشـەکەدا لـە سـابلاغ بـووە و کتێبەکـەش هـەر باسـی ڕووداوەکـانی قۆڵـی سـابلاغ و دەوروبەری دەکات.

کورتەیەکی ئەم کتێبە، بۆ یەکەمجار لەلایەن (نادر میرزا)ی نووسەری کتێبـی (تـاریخ و جغرافی دارالسلطنه تبریز – به ضمیمه شرح حال بزرگان)، لە لاپەڕەکانی (٣٠٤ تـا ٣٥٦)ی کتێبی ناوبراو، کرایە پاشکۆ. ڕووداوەکانیش بە گیانێکی نەیارانە دەگێڕێتەوە.

ئەگەرچی ئەم کتێبە لە سـاڵی (١٣٢٣ کۆچـی – ١٩٠٥ ز)دا، بـۆ جـۆرە چـاپێکی ئـەو سەردەمە ئامادە کرا بوو؛ بەڵام ساڵی ١٩٤٥ ز – لە تاران چاپکرا و جارێکی‌تریش لـە سـاڵی ١٩٧٢ ز – دا لەلایەن (محمد مشیری)یەوە چاپکرایەوە.

چەند نوسخەیەکی دەستخەتی ئەم کتێبە، لەم کتێبخانانەدا هەن:

کتێبخانەی (آستانه قدس رضوی – مشهد) ژمـارە (٤١٨٠)ی دراوەتـی و پێڕستەکەیشـی ئاوایە: (٧: ٣٢ – ٣٤).

کتێبخانەی (مۆسسه شرقی کاما – بومبی)، نوسخەی (مانکجی لیمجی هاتریا)، ژمـارە (٣١٧)ی دراوەتێ و پێڕستیشی ئاوایە: (١٦٧).

نوسـخەی (مـیرزا ابوالفضل حکمـت)، کـە سـاڵی ١٩٧٤ ز – بیـوك آقـا خطیبـی – نوسـخەیەکی‌تری لەبـەر نووسـیوەتەوە و (علـی‌دهقان)یـش لـە کتێبـە بـە نـاو بانگەکـەیدا: (سرزمین زردشت)، ئاماژەی بۆ ئەم کتێبە کردووە.

کتێبخانـەی میللـی (ملـك – تـاران) ژمـارە (٣٧٥٩)ی مێـژووی ٢٨ی ڕەمـەزانی ١٢٩٨ کۆچی دراوەتێ و پێڕستەکەیشی (٢ : ٨٥) و ژمارەی میکرۆفیلمەکەیش لە کتێبخانەی گشـتی دانشگای تاران ئاوایە: (٥٠٦٤).

عەبدوڵلامەردوخ لە ڕووی ئەم نوسخە دەستخەی سەرەوە، بە ناوی: (قیام شـیخ‌عبیدالله شـمزینی در عهد ناصرالدین شاه)، سـەرلەنوێ لـە سـاڵی ١٣٥٦ هـەتاوی – ١٩٧٧ ز – بـە چاپی گەیاندووە، کە ئێمەش لەو دەقە کردوومانە بە کوردی:

به سەرگەردی خاکی بەرێی گەوهەرئاسای پیرۆزت بم. ئەگەر ئەم گیانفیدایەت پرکێشی کردووە و کورتەی ئەو رووداوە دڵتەزێنانەی کە لەو سەفەرەیدا لە داروڵسەڵتەنەی تەورێزەوە بەرەو خاکی موکریان بە دیدەی راستبین دیویە و بە گوێچکەی تیژ بیستوویەتی ئاراستەی ئاستانەی روونـاکی دادپەروەرتان بکـا ئەوەیـە: ئەگـەرچی نیازپـاکیی و رەوشتبەرزیی و ئامـانجی پیرۆزی پاشـایانەی (خـاوەن شـکۆ) شـای شـاهان هەمیشە بـۆ پێشکەوتنی شارستانێتی وڵات و ئاسایش و ئازادی بە دڵنیاییەوە بۆ هەمووان بووە، لەم چەند ساڵەدا کارەکانی هەندێ لە کاربەدەستان و بەرپرسانی دەوڵەت بێبەری نەبووە لە هەڵە و رق و کینە، بۆیە ئەم گیانفیدایە بە ئـەرکی چاکـەخوازی و خزمـەتگوزاری خـۆی زانـی کـە بـە گوێرەی توانا؛ راستگۆ بێ و بە دڵپاکییەوە بە سەرهاتەکە بگێڕێتـەوە. هیـوادارم ئـەم رووداوە ببێتە هۆی پێشکەوتنی وڵات و جێی رەزامەندیی خاوەن شکۆ.

xx

دوای ئەوەی هەمزاغای مەنگوور لە خاکی عوسمانی هەڵات وبـۆ نـاو خێڵەکـەی خـۆی گەڕایـەوە، کـە سـەر بـە دەوڵـەتی سـەربەرزی ئێرانـە، لـەوە دەچـوو ئـەو دوو سـاڵە پـڕ چەرمەسەری زینـدان و دەردی ئـاوارەیی عاقڵـی کردبـێ و هێنابێتییـە سـەر رێ و رەوشـتی مرۆڤانە و خووی درندەیی لە کۆڵ کەوتبێ و لەمەودوا خەیاڵـی وابێ ژیانی خۆی بۆ خزمەتی دەوڵەت تەرخان بکا و هۆی ئاسایشـی خـۆی بـەجێ‌بێنێ. هـەروەك ئـەم رێورەوشـتەی لـە ماوەی دەسەڵاتی بەرپرسانی پێشوو لە ناو خەڵکدا بە ناو بانگە. بـەڵام چونکـە بـەڕێوەبردنی سابلاخ درا بە شـازادە (کێشکچی‌باشـی) و نـاوبراو پێچەوانـەی خـدەی پێشـوو جووڵایـەوە. هەرچەندە شازادە زۆر لووت بەرز و بەفیز و خۆ بە زل زان بوو، بەڵام لەو ماوەیـەدا ئاکـار و رەوشتی شایانی هەبوو، دڵـی خەڵکی رادەگرت. بەڵام ئەو شێوە رەفتارە ئەوەندەی نـەخایاند و ئەویش وەك دەسەڵاتدارانی پێشوو دەستی کرد بـە بـەرتیل وەرگرتـن و خـۆ پەرسـتی، کـە دەبووە سەرچاوەی هەموو خراپە و ئاژاوەیەك.

داروباری ئاغاکانی موکری کە بە هۆی خەلە و خـەرمانی باشـی سـاڵی رابـردووەوە لـە رادەی خۆیـان زیـاتر دەوڵەمـەند ببـوون، تـەماحی خسـتە بـەر فـەرمانداریش، سـەرەتا فەیزوڵلابەگی گرت و زنجیری کرد و نزیکەی (١٥٠٠) تمەن جەریمەی کرد، ئەمە هەر ئـەو فەیزوڵلابەگەیە کە چەندان جاری‌تر ئاوای بە سەردا هێنراوە و لەم جـۆرە تاوانـەی لـێ بـار کراوە، بەڵـێ دەوڵەمەندییەکەی لێبووەتە سۆنگەی هەزار دەردەسـەری،چونکـە لـە رۆژگـاری ساحیب دیوانیشدا هەر بەم تاوانە گیراوە و ئەشکەنجەی درندانە کـراوە و نزیکـەی (٤٠٠٠) تمەنیان لـێ‌سەندووە. بە کورتی دوای فەیزوڵلابەگیش، مینە ئاغای کوری قادر ئاغای گرت، کە جەردە و پیـاو کوژێکـی سـەرەڕۆ بـووە. ئەگـەرچی گرتنەکـەی دەبووایـە بـۆ سـەرکوت و تەمێ‌کردنی بوایە، لەبەرئەوەی دنیایـەك لـە دەسـتی رزگـار ببـێ، بـەڵام هـەزار حـەیف و

مەخابن کە لە بەرامبەر (٥٠٠) تمەن بەرتیلدا چاوی شازادەی وا کوێر کرد، کە چاو لە ئاسایشی گشتی خەڵك بپۆشێ و دیسانەوە وەك گورگی چەشەبوو بەریدایەوە ناو رانە مەرەکە.

لەم کاتەدا هەمزە ئاغا و قادر ئاغا هەردوو لە خزمەتی شازادەدا بوون و لە کاروباری وڵات و کۆ کردنەوەی باج و خەراجدا راوێژیان پێدەکرا. شازادە ویستی قادر ئاغا بکاتە پێشکار و ئەرکی کۆ کردنەوەی باج و خەراج بخاتە ئەستۆی، بەڵام چونکە ئەم کارە هەمیشە بۆتە هۆی دژایەتی نێوان ئاغا و بەگزادەکان. بۆیە ئەم کارە لە لایەك پێچەوانەی رای بەگزادەکان بوو، لەولاشەوە قادر ئاغا ئەرکی باج و خەراجی بە قازانجی خۆی نەدەزانی. شازادەش ئەم ئەرکەی بە ئەحمەد بەگی (وەکیل‌ئەلرەعایا) سپارد. ئەوسا قادرئاغا کە سەیری کرد گوێی پێنادرێ، دڵی رەنجا و مۆڵەتی خواست و بۆ چەند رۆژێ گەرایەوە بۆ دێیەکەی خۆی. دوای ئەوە هەمزە ئاغاش مۆڵەتی خواست و رۆیشت. بەڵام شازادە مۆڵەتی ئەوی نەدا، بەڵکو پێی وت: ئەگەر قادر ئاغاش لە دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکەی نەگەرێتەوە شار، ئەوە ئەوی پێویست بێ بۆ تەمێکردنی درێغی لێناکات. بەڵام هەمزە ئاغا گوێی نەدایە و رۆیشت.

شازادە لە مانگی رەمەزاندا بە کاربەدەستانی تەورێزی راگەیاند و هەروەك یاخییەك لە قەڵەمیدا. لەم گیرودارەدا ئیمامقولی میرزای کوری قاسم میرزا لە مولکەکەی خۆیەوە بۆ دیداری شازادە و رێکوپێك کردنی برێ وردەکاری حکومەت گەیشتە سابلاغ و کارێکی وایکرد کە شازادە لە هەمزە ئاغا خۆش بێت و خەڵاتی بداتێ و دڵی چاك بکاتەوە. چەند رۆژێکیش دوای ئەمە شازادە بە بیانووی ئەوەی کە خزمێکی قادر ئاغا باجی نەداوە، زیندانی کرد. هەمزە ئاغا بە شازادەی راگەیاند کە ئەم کەسە خزمی قادر ئاغایە و ئەوەندەی متمانە پێدەکرێ کە باجەکانی خۆی بدات. بەم راسپاردەیەی هەمزە ئاغا کارەکە جێبەجێ بوو.

چەند رۆژێ دواتر عەزیز ئاغای فەتاح کە دۆستێکی نزیکی هەمزە ئاغا بوو، ئەویش بە هەمان دەردەوە گلا. لەم سەروبەندەدا گوایە فەرمانی گرتنی هەمزە ئاغاش لە کاربەدەستانی تەورێزەوە بە شازادە گەیشتبوو.

وا دیار بوو کاربەدەستانی تەورێز وایانزانیبوو دیسانەوە هەمزە ئاغا سەرکێشی جارانی دەست پێکردوەتەوە. بۆیە داوایان لێکردبوو دەبێ بگیرێتەوە. لە کاتێکدا نێوان ئەو و شازادە خۆش بوو.

سەر لە ئێوارەیەك هەمزە ئاغا بە نیازی ئەنجامدانی کار و ئەرکی باج و بۆ تەواوکردنی کاری عەزیز ئاغای فەتاح چووبووە سەرای حکومەت. چونکە میرزا ئەبولقاسمی یادداشت نووسی دەوڵەتی ئێران خۆی لەوێ بووە، ئێمەش چۆنێتی رووداوەکە بێ‌کەموزیاد لە زمانی ئەوەوە وەك خۆی دەگێرینەوە:

له ژێرخانەکەدا شازادە لەگەڵ میرزا تەقی موحەریر دانیشتبووین، کە ناوبراو لە هەموو کارێکدا خۆی هەڵدەقورتاند و هۆی زۆربەی خراپەکارییەکان هەر ئەو بوو. لە پڕدا هەمزە ئاغا و یەکێك لە برازاکانی و نۆکەرێك و قلیاندارێك هاتنە ژوورەوە و دوو نۆکەریتریشی لەو دیو دەرگاکەوە مانەوە. سەبارەت بە باج لەگەڵ میرزا تەقیدا بوو بە قرەیان. میرزا تەقی باجەکانی هەمزە ئاغای بە (١٠٠٠) تمەن قەبلاندبوو. هەمزە ئاغاش لە وەڵامدا وتی: ئێمە هەمیشە (٤٠٠) تمەنمان داوە. میرزا تەقی وتی: ئەگەر وایە ئەی بۆچی پار (١٠٠٠) تمەنتان داوە بە میرزا محەمەدخان؟ هەمزە ئاغا دیسانەوە لە وەڵامدا وتی: (٤٠٠) تمەنی باجەکان بووە و (٢٠٠) تمەنیش دیاری بووە، ئەگەر ئێوەش بتانەوێ ئەوا ئەوەندەش بە ئێوە دەدرێ. لەم ماوەیەشدا کە دانیشتووی ئەم شارەم هەر خزمەتی دیوانم کردووە و نزیکەی (٨٠٠) تمەنم خەرج کردووە. میرزا تەقی دژ بە هەمزە ئاغا و بۆ سووکایەتیپێکردنی وتی: چ خزمەتێکت بە دیوان کردووە؟ بڵێ بزانم تۆ کە خاوەن و سەرۆکی هەزار بنەماڵەیت و لە هەر کامییان دوو تمەن وەردەگریت، چی دەبوو ئەگەر نیوەی ئەم (٢٠٠٠) تمەنەت پێشکەشی شازادە بکردایە؟

میزار تەقی ئەم قسانەی بە جۆرێ دەکرد کە بووە هۆی دڵتەنگیی و دڵئێشانی هەمزەئاغا. لێرەدا میرزا تەقی هەستا و وتی با بڕۆم ئەمانە عەرزی شازادە بکەم. رۆیی و هاتەوە و لە ژوورەکەدا دانیشت.

ئەوەندەی نەخایاند فەڕاشباشییەکەی شازادە لەگەڵ فەڕاشێکی زنجیر بە دەستدا هاتنە ژوورەوە. فەڕاشباشی رووی کردە هەمزە ئاغا و وتی: شازادە ئەم زنجیرەی بۆ ئێوە ناردووە دەبێ زیارەتی بکەیت. هەمزە ئاغا بە بیستنی ئەم قسەیە تێکچوو، دەستی دایە خەنجەر و بە زبانی تورکی عوسمانی وتی: «مەن بونی قەبول ئێتمەیەم». من ئەمە قبوڵ ناکەم. خەنجەری هەڵکێشا و راپەری و روویکردە فەڕاشباشی. میرزا تەقی و فەڕاشباشی لە ترسی گیانیان هەڵاتنە ژوورەکەی سەرەوە، کە شازادە لەوێ چاوەڕێی ئەنجامی فەرمانەکەی خۆی بوو.

«ئەمین تەزکەرە» دەڵێ: منیش خۆم کێشایە سوچێکی تاریك و خۆم بە دیوارەکەوە نووساند و سەرگەردان و تۆقیو سەیرم دەکرد. هەمزە ئاغا گورج چراکەی کوژاندەوە و لەگەڵ برازاکەیدا لە پەنجەرەوە بازیاندا. دەنگی تەقە لە تاریکایی حەوشەکەوە هات. برازاکەی هەمزە ئاغا و قلیاندارەکەی پێکران و کەوتن. هەمزە ئاغا بە خەیاڵی خۆی ئەم تەکبیرە زووتر کراوە و دەرکی حەوشەیان لێ داخستووە، رووەدکاتە دەرگای حەوش و بە پەلە دەچێتە دەرەوە. قەرەوڵێك بە نێزەی تفەنگەکەی بەر بە هەمزاغا دەگرێت. هەمزاغاش بە دەستێك نێزەکەی دەگرێت و بە دەستەکەیتری بە خەنجەر سەربازەکە دەکوژێت. بەرلەوەش لە دەرگا دەرچێ، دەچێتە زیندان و عەزیز ئاغا بانگ دەکات. بەڵام وا دیاربوو نۆکەرەکانی شازادە، عەزیز ئاغایان بریندار کردبوو و گواستبوویانەوە بۆ شوێنێکیتر.

لەبەرئەوەی هەمزە ئاغا وەڵامێکی نەبیست، رووی کردە دەرگا و بە قۆناغـە تفـەنگ دای بە سەر دەرگاواندا و خستییە سەر زەوی و دەرگاکەی بـە دوو کـەس لـە نۆکـەرەکانی خـۆی کردەوە و بۆی دەرباز بوو.

ئەمین تەزکەرە دەڵێ: کاتێ هەمزە ئاغا چووە دەرەوە و تەقـە تـەواو بـوو، مـن چـووم بـۆلای شـازادە؛ سـەیرمکرد نۆکـەرێکی بـۆ پارێزگـاری بـە تفـەنگێکی مارتینییـەوە لـە سـەر پلیکانەکان وەستاوە. کە چوومە ژوورەوە سەیرم کرد شازادەش تفەنگی مارتینی بەدەستەوەیە و تەواو شپرزە و پەشۆکاوە. عەرزم کرد: نەدەبوو هەمزە ئاغا بەمجۆرە بگیرێ. وەڵامی داویەوە: رووی فەراشباشی رەشبێت". (فەراشباشیش لەو کاتەدا لەبەر دەمیدا وەستا بـوو)، کـە منـی دڵنیـا کـرد لـەوەی تـەدارەکی گرتنـی لـە هـەموو روویەکـەوە سـاز کـراوە. بـەمجۆرە هــەموو تاوانەکەی خستە ئەستۆی فەراشباشی.

لە نێوان ئەم قسانەدا ئەحـمـەدبەگ کە تفەنگی مارتینی کردبووە شـانی، هاتـە ژوورەوەو دەستی کرد بە قسەکردن و وتی: بە سەرگەردت بم شازادە! من کەی بە ئێوەم وت ئـاوا بـە شەو و بێ‌وادە و بێ‌تەکبیر هەمزە ئاغا بگرن؟ دەبوایە پێشتر چەند کەسێکت راسپاردایە، کـە بە رۆژی رووناك بیانگرتایە.

بەم قسانەدا دەرکەوت کە پێشتر لە نێوان شازادە و ئەحـمـەدبەگدا سەبارەت بە گرتنـی هەمزە ئاغا قسە کراوە. بەمجۆرە شازادە هەڵەیەکی گەورەی کردووە، چونکە لە لایەکەوە کـە زۆر باش هـەمزە ئاغـای دەناسـی و رادەی سەرکێشـی ئـەوی دەزانـی، کـەچی ئـەوی وەکـو فەیزوڵڵابـەگ تەماشـا کـردووە و دەسـتگیرکردنی پێ‌ئاسـان بـووە و بێ‌هێـچ سـڵ و پــارێزێك زنجیرەکەی بۆ ناردووە. ئاکامی ئەم چاوچنۆکیی و سەر لـێ‌دەرنەچوونەشی بووە هۆی ئەوەی کە خەڵك پێیان وابێت بۆیە شازادە لە شەو داگرتویەتی، تا شتێکی لـێ‌بپچرێ و ئازادی بکا و کەسیش پێی نەزانێ!. بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەوە دەزانن کە ئەو کارەی ئەمڕۆ بـە کەڵکـە و وادەی خۆیەتی، سبەینێ بێ‌جێ و بێ‌وادەیە. ئەوەی لە شوێنێکدا دەبێتە مایـەی قـازانج، لـە شـوێنێکی‌تردا هـۆی زیـان و خراپەیـە. ئـەوەی لـە بابـەت کەسێکەوە دەکـرێ و بــاش دەردەچێ، بۆ کەسێکی‌تر خەتا و هەڵەیە. بە کورتی پیاوی زانا و بە ئەزمون بۆ ئـەنجامدانی کاری، دەبێ داروبارەکە هەڵسەنگێنێ.

کە هەمزە ئاغا گەیشتبووە کوڵان، چەند پیاوێکی ئامادەی خۆی لەوێ دیبوو؛ ناوبراو کە زانی هیچ قەرەوڵ و تفەنگدارێك لەوێ نییە، پەشیمان بوو لەوەی کە زووتر لە سـەرا هـاتبووە دەرێ و فریای کوشتنی شازادە و ئەوانی‌تر نەکەوتبوو. ئەوسا گەڕایـەوە بـۆ ماڵـی خۆیـان و کەوتە کۆکردنەوەی دەسـت و پێوەندەکـەی و تـا رۆژ بـووەوە بـە دەوری شـاردا سووڕانەوە و تەپڵـی شەڕیان لێدا.

رووداوەکەی شەو، بێهودەیی تەقەللای شازادەی بـۆ هـەموو خـەڵکی شـار روونکـردەوە. ئەمجار شازادە بە هۆی زانایەکی شارەوە عەزیز ئاغای بـەردا و تـەرمی کوژراوەکـانی هـەمزە

ئاغایان پێدایەوە. هەمزە ئاغا تەرمەکانی هەڵگرت و بردنییەوە بۆ گوندەکەی خۆی. ئیتر ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە شازادە یەگجار پەژارە و ئاڵۆز بێت، چونکە دڵنیا بوو لەوەی کە هەمزە ئاغا وەك گورگی لە دەم تەڵە بەربووبێ، سڵ لە هیچ خراپەیەك ناکات و تا بۆی‌بکرێ خێڵ و عەشایری ئەو مەڵبەندە کۆ دەکاتەوە و بۆ سەرپێچی و یاخیبوون هەڵیان دەسوورێنێ.

ئەم باسە کە لە سەرەتادا زۆر بچوك و بێبایەخ دەهاتە بەرچاو، وردەوردە گەیشتە شوێنی ئاستەنگ و گەورە بوو، خراپەی زۆری لێ‌پەیدا دەبوو، لەبەرئەوە بەپەلە کارەساتەکەی بۆ کاربەدەستانی ئازەربایجان رەوانە کرد و بۆ گرتنی هەمزە ئاغا داوای لەشکر و هێزی سەربازی کرد. ئەوانیش لەوێوە محەمەد حسەین خانیان بە ٢٠ سوارەی بەختیاری و محەمەد سادق خانی موقەدەم ئاجودان‌باشی و رەحیم خانی چەلەبیانلو بە (٨٠) سوارەوە بەرەو سابلاخ نارد. فەرمان‌نامەش بۆ قادر ئاغا و فەیزوڵلابەگ و ئەوانیتر رەوانە کرا، تا هەموو یەك بگرن و لەشکر کۆبکەنەوە و لە ژێر ئەمری شازادەدا دەست‌بەکاربن و هەمزە ئاغا بگرن. بەڵام لەبەرئەوەی شوێنەکەی هەمزە ئاغا و خێڵەکەی لە ناو لوتکەی کێواندایە، بۆیە ئەم بەرێکەوتن و چوونە سەخت و دژوار بوو. هەرچۆنێك بوو سوارە گەیینە سابلاخ، بەڵام سوارەی چەلەبیانلو بە درێژایی رێگا لە هیچ چەشنە دزی و رێگری و راورووتێکی رێبواران درێغییان نەکرد، هەروەك کۆمەڵێك لە خەڵکی شار شایەتیی بۆ ئەم رووداوانە دەدەن.

هەمزە ئاغا خۆی گەیاندبووە ناوچەکەی خۆی و خەریکی کۆکردنەوەی هێز وکەرەسەی بەرگریکردن بوو، بە هیواش بوو هۆزی پیران کە مامەند ئاغا سەروکێتی و لە قەڵەمرەوی عوسمانیدان و خێڵی زوودی کە سوارە ئاغای برازای خۆی سەرۆکیانە، لەگەڵ خۆیدا رێك بخات. ئەوسا ئامادەی بەرگری بێت. بەڵام کاکەڵڵای برای چونکە دوای گەرانەوەی هەمزە ئاغا سەرۆکایەتی بەشێ لە خێڵی مەنگووری لەدەست چووبوو، لە پێشدا دووری لێکرد، نەکا هەمزە ئاغا لە بەرامبەر لەشکری ئێراندا خۆی نەگرێ و هەڵبێ و دووبارە سەرۆکایەتی خێڵەکەی بدرێتەوە دەست.

هەمزە ئاغاش چونکە لە رۆژانی زیندانی‌بووینداا ئەزمونی زۆری پەیدا کردبوو، تاڵی و سوێری رۆژگاری زۆر چەشتبوو، پێویستی بە پشتیوانێکی بەهێز بوو. بۆیە شێخی بە بیرداهات و کەوتە پێوندی درووستکردن لەگەڵیدا. لای شێخیشەوە نوێنە هات و کەوتنە بیرورا گۆرینەوە.

ئێستاش باسێکی شێخ عوبەیدوڵلا بێنمە سەرکاغەز، کە کەسێکە لە دنیا براوە و لەسەر بەرماڵی پارانەوە ملکەچی دەرگای خوداوەندە و بەرگی دەروێشیی کردوەتە بەر و خوا نەبێ هەمووانی لەبیر بردوەتەوە. پەیمانی لەگەڵ خوداوەندا بەستووە و سوێندی خواردووە کە پێشەوای دین و رێنوێنی خەڵك بێ و دەروازەی بەهەشتیان بۆ بخاتە سەرپشت.

شێخ لە گوندی نەهری، یان (نوچە – ناوچیا) لە قەڵەمرەوی عوسمانیدا نیشتەجێیە و رابەری ئایینی تاقمێکی وایە لە هەرچی دین و رێ و رەسمە بێئاگان و چەتەیی و رێگری

نەبێ، لەسەر هیچ بیروڕایەکی دیکەدانین. دەسەڵاتی تەواوی بەسەریاندا هەیە، تەنانەت دەتوانین بڵێین کە خاوەنی سەر و ماڵیانە. لەمجۆرە موریدانەی لە دەوروبەری سابلاخیشدا زۆر هەیە. لە هەندێ ناوچەشدا لەلایەن خۆیەوە، خەلیفەی وشك و کەللەڕەق و خراپە کار دانراوە، کە لەبەر قازانجی خۆیان هەمیشە ئاگری رقەبەری و دووبەرەکی ئایینی خۆش دەکەن. بە شێخ دەڵێن (رحمەتەللعالمین) و ئەوەیشی لەگەڵیاندا نەبێ، بەر نەفرەت دەکەوێ و بە کافری دادەنێن. ئەم موریدانەش چ لە خاکی عوسمانیدا و چ لە خاکی ئێراندا بێپسانەوە لە ناوچەکانی خۆیانەوە سەردانی شێخ دەکەن. پێویستیش ناکا بڵێین کە دڵی ئەم موریدانە چەندە پڕە لە باوەڕی پڕ و پووچ و ڕۆژلە دوای ڕۆژیش بڕوایان بەم ئایینە کێوییە پتەوتر دەبێ و ڕیزی ئەم رابەرە ئاینییەی خۆشیان لە چ پلەیەکدا دادەنێن. ئەمیان بە کەسێکی خاوەن وەحی و رازی خوداوەند داناوە و هەر فەرمانێ بکات، ئەمان دەبێ جێبەجێی بکەن.

شێخ عوبەیدوڵڵا چەندان گوند و پارچە زەوی و زاری هەیە. بڕێکی لە خاکی ئێران لە مەرگەوەڕدایە و هەندێکیشی لە خاکی عوسمانیدایە، داهاتی هەموو ئاواییەکانی قەڵەمڕەوی عوسمانی بریتییە لە تووتن.

لە ماوەی شەڕی رووس و عوسمانیدا، شێخ عوبەیدوڵڵا وەك گورگی ڕۆژێکی هەورین، دەشتی راو و نێچیری بەربڵاو هاتبووە بەرچاو. لەگەڵ شێخ سدیقی کوڕی و بڕێ لە شێخەکانی‌تردا لە بایەزید بەشداری جەنگی کرد و سەرکەوتنی بە دەستهێنا و بووە جێی متمانەی دەوڵەتی عوسمانی. قایمقامی شاری وان – یان راسپارد (٥٠)هەزار کورد کۆبکاتەوە و لەگەڵ رووسەکاندا بەشەڕبێن. دەوڵەتی عوسمانی بانگی کردنە پایتەخت، هەریەکێ نوێنەرێکی ناردە ئەستەموول. شێخیش ڕەشیدبەگ ناوێکی لەلایەن خۆیەوە ڕەوانە کرد. ئەمانە گەیینە بابیعالی و بەڵێنی زۆر و پڕوپووچیان‌دا و نیشانەی سەربەرزییان وەرگرت و گەڕانەوە. شێخ‌عوبەیدوڵڵا کاتێ لە وان بوو، قایمقام پێی‌وت مانەوەی لەواندا پێویستە، لەبەرئەوەی لە کاتی هێرشی رووسدا بەریان بگرێت و نەیەڵێ وان بگرن. بەڵام چونکە شێخ‌عوبەیدوڵڵا خۆی دەناسی و دەیزانی پیاوی ئەمە نییە لە شەڕدا خۆی رابگرێ، لە مەرگ و لە ناوچوونی خۆی ترسا و گوێی نەدایە قایمقام و گەڕایەوە شوێنی خۆی. ئەمجار داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد ڕێی پێبدا بچێ و لە قەفقازدا و لەگەڵ رووسدا بجەنگێ. بەڵام بابیعالی ڕێی پێنەدا.

شێخ و لایەنگرە کوردەکانیشی هیچ کاتێك نە دۆستی عوسمانی بوون و نە ملیشیان بۆ فەرمانی دەوڵەتی عوسمانی داوە.

لە دوایین شەڕی نێوان رووس و عوسمانیدا دەستەی شێخیان لە کاتی شەڕدا دیوە، سەرەتا بە هیوای تالانوبڕۆ لەگەڵ (باش بوزوق)ەکانا یەکانگیر دەبوون و دەکەوتنە ناو شەڕەوە. بەڵام هەر کە سپای عوسمانی روو لە تێشکان دەبوو، یەکەم کەس ئەمان

ئۆردوەکەیان تالاّن دەکرد. چەکی گرانبـایی عوسـمانییەکان کـە تفـەنگی مـارتینی بـوو، لـە دەست هەلاّتووەکانیان دەردەهێنا و لە سـەر سـنووری ئـێراندا بـە هـەرزان دەیانفرۆشـت. لـە جەنگی باشقەلاّی نزیکی سنووری ئێرانی – عوسـمانیدا، ئەو کوردانەی کە لە ژێر دەسەلاّتی شێخدا بوون، نزیکەی (٥٠) گوندی ئەرمەنیەکانیان تالاّنکرد و ناوچەی ئالاّشگردیشیان وەك دەشت تەخت کرد و گۆرستانی پیرۆزی حەزرەتی بارتیلمی، کە نێردراوی حەزرەتی عیسایە و زیارەتگای ئەرمەنییەکانە، لە سنووری عوسمانیدایە و سامانێکی زۆر و شـتی بایـەخداری تێدایە، لەگەلّ کوری عەلیخانی شکاکدا تالاّنیان کرد و کلیسەکەشیان کاول کرد.

هەر ئەم جەللادە ئەمجۆرە کارانەی بە سەر زۆر گۆرستانی ئاسووری و مەسیحیدا هێنـا، تەنانـەت سالّی پار کورەکەی شێخ لەگەلّ دەولّەتی عوسـمانیدا لێیان بووە ناکۆکی و برێکیشـی لـێ‌کوشتن. دوای شـەری عوسـمانی و رووس، شـێخ تـالاّن و بـرۆی زۆری کۆکـردەوە و سـامانێکی زۆری نایـە سـەریەك و ناوبـانگی پـەیدا کـرد و کەوتـە خەیالّـی خـاوی بێ‌سەروبەرییەوە.

لـە لایەکی‌تریشـەوە دەمـێ سالّ بـوو دلّـی لـە دەولّـەتی ئـێرانی رەنجابوو، بـیری لـە تۆلّەسەندن دەکردەوە. چونکە شوجاعولدەولەی یوسف خـان لـە مەرگـەوەر چـەند گوندێکـی ئەمی سوتاندبوو. چل و پێنج کەسی لە خەلّکی ئەو گوندانە بـە ژن و پیـاوەوە کوشـتبوو. لـە سۆنگەی ئەمـەدا نزیکـەی دوو سـالّێك هـەردوو دەولّـەتی عوسـمانی و ئـێران کەوتبوونـە مشت‌ومرکردن. ئەمسـالّیش سـەرباری هـەرچی بـارە، فـەرمانداری ورمـێ (ئیقبالودەولـە) لـە جیاتی ئەوەی لە داروباری شێخ گەیشتبێ و بەوپەری وریاییەوە چارەیەك بدۆزێتـەوە. نـازانم لەبەر قازانجی خۆی، یان خەیالّێکی نادیاری‌تر، یان لەبەرچاو نەگرتنی داهاتوو، پەرەی بە دەسـەلاّتی شـێخ داوە و عوسـمانی بوونـی شـێخی لەبـەرچاو نـەگرتووە و محالّـی شـنۆ و دەشتەبێلّ و سۆما و برادۆست و مەرگـەوەری داوەتـە دەستی. لاجـانیش کـە زووتـر لـە ژێـر دەسـەلاّتی محەمەد ئاغای مامش‌دا بوو، بە تکای ئیقبالودەوله لە سـابلاّخ جیـا کـرا بـووەوە و درابوو بە شێخ.

ئێمە لەم چەشنە پشتبەسـتنەی ئیقبالودەولـە بـە چەتەیـەکی رێگـری یـاخی وەك شـێخ تێناگەین و ئەوپەری پێچەوانەی دوربینی کردن و لێزانینە. مەگەر هۆیەکی جیاواز و تایبەتی بووبـێ. ئەگـەر لـەو رونکردنەوانـەی لەمـەودوا دەینووسـم وردبێتـەوە تێدەگـا وەك چـەك دانەدەست دوژمن و مار لە باوەشدا پەروەردە کردن وایە.

کاتێ کەلّکەلّـەی مولّکداری و سـەودای سـەرۆکایەتی لـە مێشـکی شـێخ عوبـەیدوللاّ دا گەیشـتە لووتکـە، هێشـتا رادەی دەسـەلاّت و دەستروێشـتنی ئـەوەندە نـەبوو. چـەند جـار لەم‌بارەیەوە نامەی بۆ هەمزە ئاغـا نوسـیبوو، داوای لێکردبـوو چـاوی پێـی بکـەوێ، بـەلاّم هەمزە ئاغا گوێی نەدابوویە و وەلاّمی نەدابووەوە.

بەڵام ئەمجارەیان لە هەردوو سەرەوە رێگـەی یـەگکرتنیان کراوەیـە و سـەرباری ئەمـەش ساڵانێکی زۆر بوو مریدەکانی شێخ کە بە نیازی زیارەتی شێخ لـە موکریانـەوە بـۆ سـەردانی دەچوون، گلە و گازندەییەکی زۆریان لـە دەسـت بەرێوەبەرایـەتی سـابلاخ دەگـەیاندە شـێخ. دیسانیش عەبدوللاخان و برایمخان، کە دوو برای دانیشتووی شنۆ بوون و ساڵی پار لەلایـەن شازادە ئەحمـــەد میرزاوە زوڵمی زۆریان لێکرابوو، دڵیان لە حکومەت رەش ببوو.

حاجی رەحیم خانی زاوای ئیقبالودەولەش هەمیشە لەگەڵ شێخ، لە نامەگۆرینەوەدا بوو. لەم سەروبەندەدا شێخ بە هۆی شێخ کەمالەوە، کە خەلیفەیـەکی خـۆی بـوو، نامەیـەکی بـۆ هەمزە ئاغا نارد و قسەی دڵـی خـۆی بـۆ کـرد و بانگهێشـتنی بـۆ لای خـۆی کـرد، کرديیـە پشتیوانی خۆی. لەولاشـــەوە کـورە چکۆلەکـەی، (شێخعەبدولقادر)ی بـە بیـانوی سـەردانی گوندەکانەوە بە سەد و پەنجا کەسەوە نـاردە ناوچـەی تەرگـەوەڕ و مەرگـەوەڕ. هـەمزە ئاغـا دوای چاوپێکەوتنی شێخ کەمال، چووە خزمەتی شێخ.

هـەواڵی ترسـناکی پـەنابردنی هـەمزە ئاغـا بـۆ نـەهری و خـەیاڵـە خراپـەکانی شـێخ، پەیتاپەیتا و بە شێوەگەلـی جۆراوجۆر لە سابلاخدا بڵاو بووەوە. جاری وابوو دەوتـرا: هـەمزە ئاغا کەمەندکێشی شێخ بووە و تازە گەرانـــەوەی بـۆ نییـە. جـاریواش بـوو دەیـانوت: شـێخ لەشکر بەرەو سابلاخ دێنی و هێرشی دەکاتە سەر. رۆژ بە رۆژ هەواڵەکان ناخۆشتر دەبـوون و مورید و خەلیفەکانی شێخ لەبەر سوودی خۆیان، هـــەواڵی درۆیـان بـلاو دەکـردەوە، تـا ئـەم هەواڵە بە دڵنیایی بە خەڵکی درا، کە لەلایەن خوداوە فەرمان بە شێخ کراوە لەشـکرێکی زۆر بکاتە سـەر سـابلاخ و خـاکی موکـری و هاودینـانی خۆیـان لـە دەسـتدرێژی و زوڵـم و زۆری داسەپێنراوی چەند ساڵە رزگار بکات. ئەم هەواڵەش لە وەڵام نامەکەی ئیقبالودەولەدا کە لـە وەڵامی هاوارنامەکەی شازادەدا نوسیبووی بە راست دەرچوو.

ئەم هەوالانە بوونە هۆی پەژارەی خەڵکی و بەتایبەت شازادەی حاکمی موکری. ئاغا و بـەگزادەی موکـری کـە هـەندێکیان بـۆ گرتنـی هـەمزە ئاغـا هـاو ئـاوەزنگی شـازادە بـوون، برێکیشیان لەگەڵ بەشـــی سـوارەی تفـەنگچیتردا خۆیـان گـەیاندە شـار و ئامـادەیی خۆیـان نیشاندا، شازادە لە جیاتی ئەم یەکدڵـی و کۆبوونـــەوە و ملکـەچی و گیانفیدایيـە، بـە هـەل بزانیێ و چارەیەك بدۆزێتەوە و سەری کارەکان بگرێتە دەست و ئەنجامێکی پێبدات، دەسـتی کرد بە وەڵام ناردن و پرسیار کردن لـە حکومـەتی تـەورێز و پارانـەوە و یارمـەتی خواسـتن و داوای هێز کردن. ئەگەرچی لەوەش دڵنیا بوو کە هیچ هێزێکی سپایی لە تەورێزدا نەما بوو.

قادر ئاغا کە شیاوترین ئاغایـانی موکریـان بـوو، وەك بـیرورای خـەڵك و رووداوەکـانی داهاتووش دەیسەلمێنن، بە رواڵەت لەگەڵ شازادەیە و لە دڵیشەوە بە دووروویی لەگەڵ شێخ و هاورێکەی خۆی (هەمزە ئاغا)دا، رێی پەیك و نامەیان نەك هەر ئاواڵەیە، بـەڵکو پەیتاپـەیتا هانیان دەدا بۆ شۆرش و خراپەکاری و گرتنی سابلاخ.

لەم کاتەدا لە سەر داوای هەمزە ئاغا،کەکەڵڵای برای بە لەشکر و هۆزەکەی خۆیەوە نزیکەی (٦٠٠) کەسێك و مامەند ئاغای سەرۆك هۆزی پیران بە (٣٠٠) کەس و سوار ئاغای برازای سەرۆك خێڵی زوودی بە (٣٠٠) تفەنگچییەوە، کە بە هەموویانەوە (١٢٠٠) تفەنگچی و سوارە دەبوون، لە شنۆ دایانە پاڵ لەشکری شێخ. بەڵام محەمەد ئاغای سەرۆکی خێڵی مامش، لە سەر سنوور لە هەمووان بە هێزتر و سەبارەت بە لەشکریش، دەست رۆیشتووتر بوو. ماوەیەکیش لەگەڵ خێڵی مەنگووردا کێشە و ناخۆشییان بوو. تکای هەمزە ئاغای بە هیچ نەگرت و ملکەچی دەوڵەتی ئێرانی پێ باشتر بوو تا یاخیبوون و شۆڕش و خراپەکاریی.

لە سابلاخدا سات لەگەڵ سات زەمینەی شۆڕش فراوانتر دەبوو. هەواڵی درۆ و راست بلاو دەبووەوە و کەس لە رادەی توانا و هێزی دوژمن ئاگادار نەبوو. خەڵکی و ئەوانەی مەبەستێکیان بوو، هێز و توانای شێخیان گەورە دەکردەوە و دەیانوت: ژمارەی تفەنگە مارتینییەکانی شێخ لە (١٠)هەزار تێپەڕیوە. چونکە بڕیاردان لە سەر توانای هەر لەشکرێك، پێوەندی بە ژمارەی ئەم تفەنگەوە بوو، بۆیە ژمارەی ئەم تفەنگەیان لای شێخ زیاتر دەنواند، بە جۆری توانای هەرکام لە ئاغاکانیان بە زۆری و کەمی تفەنگی مارتینییەوە لە قەڵەم دەدا، نەك بە کەم و زۆری سپاوە. ئەو لات و لووت و سووك و چروکانەی کە زۆربەیان لایەنگری شێخ و خنکاوی زەریای دەمارگیری ئایینی بوون، ژمارەی لەشکری شێخیان بە زیادەوە و بە (٢٠)هەزار و(٣٠)هەزار و جاریواش بە (٥٠)هەزار دەگەیاند و وایان بلاو کردبووەوە، کە حەزرەتی شێخ گۆچانی چارەنووسی خواوەندی بە دەستەوەیە و بەسەر لەشکرێکەوەیە، کە هەموویان لەلایەن خواوەندەوە پشتیوانی دەکرێن و لەلایەن ئەوەوە فەرمانی گرتنی خاکی موکریانیان پێدراوە. کێ دەتوانێ خۆی لە بەرامبەریاندا رابگرێ؟ هەرکەس شیریان لێهەڵکێشێ ، یان تەقەیان لێبکات، کافری شەڕە و بۆ هەمیشە تووشی سزای سەخت و زۆر دەبێ.

نووسینی ئەم هەموو قسە پڕ و پووچانە هیچ سودێکی بۆ ئێمە نییە، بەڵام هەرکەس تۆزێ تێبگات، دەزانێ ئەم چەشنە وتە و ئەفسانە بێپایە و خەیاڵە خاوانە، لە نێوان خەڵکی رەشۆکیدا بەتایبەت لە ناو گەلێکی وەکو گەلی کورد (بێرەوشت و دوور لە مرۆڤایەتی)، تا چ رادەیەك دەبێتە هۆی خراپە و فیتنە و چ ئاژاوەیەکی لێدەبێتەوە. کەسێکی وەك ئیقبالودەولە بەهێز و توانا دەبوایە لە کاتی ئاوادا، لە چۆنیەتی کاروباری شێخ و هێزی لەشکرەکەی ئاگاداری تەواوی پەیدا بکردایە و هەواڵی بە شازادەی حاکمی موکری بدایە و دڵی بدایەتەوە و هانیبدایە بۆ بەرگری لە دژی شێخ. بەڵام بێدەنگیی کردە پیشە و ئەمەش بووە مایەی زیاتر ترساندنی شازادە. شازادەش ئەگەر تۆزقاڵێ کارزان و لێزان بووایە، ئەوەی هیچ بۆ گرنگ نەدەبوو، بە هۆی سیخوری هوشیار، یان بە هۆی قەرەپەپاغەکانەوە، کە دراوسێی شێخ و دوژمنی خوێنی هەمزە ئاغان، لە هەموو چەشنە مەبەست و خەیالاتێکی شێخ لەم سەفەرە دوو رۆژەدا تێدەگەیشت. بەڵام هیچ بیریان لەمانە نەدەکردەوە و لە

ژوورەکەی خۆیاندا دانیشتبوون و خۆیان بە قسەی پووچ هەڵدەفریواند و لە زەریای ماخۆلاندا نوقم دەبوون. ڕێبوار و وڵاخدار و تەتەر، کە لای شنۆوە دەهاتن دەیانگرتن و دەیانهێنانە خزمەت شازادە و هەواڵی شێخیان لێدەپرسین. ئەمانەش لە هەموو ژیانیاندا کۆمەڵێکی (٥٠٠) سواریان بەسەریەکەوە نەدیووە. لەبەرئەوە ئەگەر (١٠٠٠) سواریان بدیایە، بە (٢٠) هەزار تێدەگەیین و تۆزێکیش زیادییان دەوت و دیانکرد بە (٣٠)هەزار. ئەم خەڵکە تا ژمارەی (١٠٠) یان بە زۆر بۆ دەژمێردرێ، ئەویش بە نۆك، لە جیاتی چل، دەڵێن: دوو بیست. یان چوار دەیی. لە جێی خۆیدایەتی لێرەدا ڕووداوێکی بچوك بگێرمەوە: کاتێ لەشکری رووس گورجستانی گرت، یەکێ لە گورجییەکان دەبێتە چاپار و تەتەر و هەواڵ دەباتە ئازەربایجان. حاکمی ئازەربایجان ژمارەی لەشکری رووس دەپرسێ. گورجییەکە دەڵێ : چی دەپرسی؟ ئەستێرەی ئاسمان دێتە ژمارە، سپای رووس لە ژمارە نایەت. دیسانەوە دەپرسێ، دەڵێ : مووی کلکی ئەسپ لە حیساب دێ و لەشکری رووس لە حیساب نایە. سەری سێجارە گورجی دەڵێ : ریخی ئەو دەشتە دەژمێردرێ، بەلاّم سوپای رووس ناژمێردرێ. حاکم تورە دەبێ و دەڵێ : بلێ بزانم لەشکری رووس چەند کەسە؟ گورجی دوای برێ رامان دەڵێ : لە حەوت بیستیش زیاترە! هەواڵدەرەکانی ئێمەش ئاوان! مسیۆنێرە ئەمریکاییەکانیش کە لە ورمێ دانیشتەجێن، پێیان وایە بالوێزی ئەوروپان و هەندێ درۆ و دەلەسە بە خەڵك دەگەیێنن.

وەك وتمان و دیسانیش دەیلێینەوە، شازادە دەبوایە کۆبوونەوە و هاودڵی ئاغاکانی بە هەل بزانیایە و بەوجۆرەی کە لە ئێراندا باوە، نامەی مۆرکراوی لە هەموویان وەربگرتایە و هەموو سوارە و پیادەی لە شاردا کۆ بکردنایەتەوە و بە وتاری بەکەڵك، مەترسی ئەم کارەی شێخ و سەرئەنجامی کارەکەی و بەرپرسایەتی ئاغایانی لەم بارەیەوە و لەم چەشنە چارەسەرکردنانەی بۆ روون بکردنایەتەوە. چونکە هەموو هێز و توانای موکریانیش لە ژێر دەسەلاتیدا بوو، هەڵکەوتی شاریش بە جۆرێك بوو قایمکاری و سەنگەری تیا دەکرا و دەتوانرا خۆراك و کەرەسەی بژێویش بە ئاسانی دابین بکرێ، ئیتر مەرج نەبوو سەرکردەیەکی بلیمەت و یەگجار زانا بێت.

دەبێ بزانرێ بۆ سەلماندنی ئەم وتانە، وا بە درێژیی باسی چۆنیتی و توانای خاکی موکریان دەکەین.

ئەم هێزە بە چوار رۆژ لە شاردا کۆ دەبوونەوە، قادر ئاغا کە خاوەنی کوری زۆرە، (١٠٠٠) سوارە و تفەنگچی هەیە. فەیزولاّبەگ باوکی پانزە کورە و (١٠٠٠) سوارە و تفەنگچی هەیە. محەمەد ئاغای مامش (٧٠٠) کەس، خان بابا خان (٦٠٠)، گولاّوی ئاغا (٤٠٠) کەس، عوسمان ئاغا و خدرئاغای گەورك (١٠٠٠) کەس، بەگزادە و ئاغاکانیتریش دوو سێ هەزار. بە هەموویانەوە دەبنە (٧٤٠٠) سوارە و تفەنگچی، جگە لەمان، سوارەی بەختیاری و چەلەبیانلوو و چواردوڵی و قەرەپەپاغیش لە خزمەت شازادەدا ئامادە بوون.

ئەگینا ئەم لەشکرە دەبووە (٨٠٠٠) سوارە و تفەنگچی. لە چاو ئەمان، لەشکری شێخ و هەمزە ئاغا یەکجار کەم و بێدەسەڵات و لە پێکداداندا دەشکان و هەمزە ئاغا و شێخ خۆیان ژمارەی لەشکری خۆیان و شازادەیان لە خەڵکیتر باشتر دەزانی. لێرەدا بە (١٠٤٠٠) کەسەوە لە شنۆ دانیشتبوون و تەماداری هەڵکەوت و خەریکی فێڵبازی بوون، بەڵکو بە هات و هاوار شازادە بترسێنن و لە سابلاخ دەریبکەن و بێزەحمەت و قڕە و بڕە شارۆچکەکە بگرن. ئەگەر شازادە لە بەرامبەریاندا بوەستایە، نە ئەوان توانای هاتنە پێشەوەیان دەبوو، نە ئەوەندەش خراپەکاران پەیدا دەبوون. کەچی شازادە ئەو هەموو هێزەی لە ژێر دەستا بوو وەك مرۆڤێکی ئیفلیج، بە هیچی نەزانین و چاوەڕوانکردنی بۆ یارمەتی تەورێزیش بوو بە هیچ و هەموو بیرورایەکی هاتە سەر ئەوەی خۆی دەرباز بکات.

بازرگانانی ئێرانی و بیانیش لە سابلاخدا کە زانیان ئەم ئاژاوەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە دەسێنێ و کوشتن و بڕینی لێ پەیدا دەبێ، ناچار بە پەلە هەڵاتن.

لەم داروبارەدا ئێمە لەگەڵ زۆربەی ئاغاکاندا قسەمان دەکرد و لە بابەت ئەو پڕوپاگەندە پڕ و پووچانەوە کە سەبارەت بە توانای شێخ دەیانوت و خەڵکیان هان دەدا، بۆئەوەی ملکەچی شێخ بن، بە بەڵگەوە بە درۆمان دەخستەوە و دەمانسەلماند کە شێخ خەیاڵی خاوە و جیاوازی نێوان تاج و تەختی پاشایەتی لەگەڵ کەوڵ و تەپڵەی دەرویشیمان بۆ شیدەکردنەوە و دەمانوت: پاشایەتی زۆر شتی دەوێ و بە کۆمەڵێك ڕەشورووت و دز و درۆزنەوە بەیداخی پاشایەتی هەڵناکرێ. ئەگەر شێخ دوو سێ وڵاتیش داگیر بکات، هێشتا بۆ پاشایەتی چەند هەزار پلەی ماوە، کە شێخ ناتوانێ تەنانەت بە یەکێکیشیاندا سەربکەوێ. زۆربەی ئاغاکان و بە تایبەتیش فەیزوڵلابەگ دەیوت: ئێمە لە نێوان ئاگری سوور و شمشێری تیژدا گیرمان خواردووە.

یەکەم: لە نێوان ئێمەدا جیاوازی بیرورا هەیە. دووەم: مانگێکە سەرلێشێواوین. نە لە ئازەربایجانەوە یارمەتیمان پێدەگات و نە شازادە ئەوەندە دەسەڵاتی هەیە فرمانمان پێبدا بەر بە دوژمن بگرین، نە ڕێشمان دەدا بگەڕێینەوە ماڵی خۆمان. باسەکە بەمجۆرە بوو: محەمەد ئاغای مامش و بیوك خانی سەرۆکی قەرەپەپاغ هاتنە سابلاخ و بە شازادەیان وت: کاتی ئەوە هاتووە بدەین بە سەر دوژمندا و بەر بە هێرشی بگرین. لەم ڕۆژەدا شازادە هەموو زانا و ڕیش‌سپی شاری کۆ کردەوە، تا سەبارەت بە بەرەنگاری دوژمن ڕاوێژ بکەن. محەمەد ئاغا وتی: ساڵانێکی دوور و درێژە خزمەتگوزاری دەوڵەتی ئێرانم و هەموو چەشنە گەورەیی و پیاوەتییەك دەرحەق من کراوە، بۆیە پێویستە لە سەرم لەگەڵ خێڵەکەمدا بەر بە دوژمن بگرم.

بیوك ئاغاش هەر وای وت. محەمەد ئاغا وتی: ئێمە هاتوین بزانین ئاغا و بەگزادەکان بۆ خۆیان لەگەڵماندا یەك دەکەون، یان سوارە و تفەنگچیمان پێدەدەن! ئەگەر ئەوانیش لەگەڵماندا نەبنە یەك، یان یارمەتیمان نەدەن، خۆمان هەر ئامادەین ڕێی خێڵی مەنگوڕ و

زوودی و پیران بگرینە بەر و نەهێڵین لەگەڵ لەشکری شێخدا یەککەون. ئاغا و بەگزادەکانیش وتیان: ئێمەش خزمەتکار و ملکەچی دەوڵەتی ئێرانین. زانایانیش وتیان: ئێمەش دوعاگۆی خێرین و بە هاتنی شێخ نارازین. بەڵام ئاغا و بەگزادەکان لە یارمەتیکردندا دوودڵ بوون و یەك نەدەکەوتن. شازادەش بە هیچ جۆرێ پێیدا نەگرت و زۆری لە کەس نەکرد. قادر ئاغا وتی: جا ئەگەر من یارمەتی بدەم ئەوە خۆشم دەبێ بڕۆم، چونکە لە هەموولایەکەوە قسەی بێسەروبەر کراوە. لە دواییدا خان باباخان وتی: ئێمە لەو رووەوە کە زۆربەی خەڵکی شار موریدی شێخن، لێیان دڵنیا نین و خیانەتمان لێدەکەن. لەبەرئەوە لە ماڵەکانی ناوشاردا ناتوانین لە شکرەکەمان جێ بکەینەوە. یەکێ لە حاجییەکان دژ بە وتەکەی ئەو وتی: ئێمەی رەعییەت هیچمان پێناکرێ، شەڕ و کێشە، کاری سپایە و لە ئەستۆی ئاغاکاندایە، نەك ئێمەی شاری و کاسبکار. لێرەدا قادر ئاغای دووروو وتی: خەڵکی شار خەیانەتمان پێدەکەن. بەڵام لەوە دەچوو فەیزوڵلابەگ دڵی پێوەبێ بچێتە شەر. سەرئەنجام یارمەتیدان بوو بە هیچ و هەر کات بە فیرۆدان بوو. محەمەد ئاغا و بیوك خان چاویان لێبوو شازادە ورتەی لێوە نایەت و ئاغاکانیش قسەیان یەك نییە، بە دوو قۆڵی رووەو دوژمن بەرێکەوتن. شازادەش لەمبارەیەوە خەڵاتی کردن. کە ئەمان گەیشتنە سەڵدوز و دەرکەوت کە هێزەکانی مەنگوور و پیران و زوودی داویانەتە پاڵ شێخ. دوو رۆژیش لەبەرامبەر دوژمندا خۆیان گرت و بە هیوا بوون یارمەتییان لە شارەوە بگاتێ. لە لایەکیترەوە شێخزادە خەڵات و دیاری بۆ محەمەد ئاغا نارد و بانگهێشتنی کردبوو تا لەگەڵیاندا رێك بکەوێ، بەڵام محەمەد ئاغا دیارییەکان دەنێرێتەوە و بانگهێشتنەکەش رەت دەکاتەوە. لە دواییشدا بۆیدەرکەوت کە لە هیچ لایەکەوە یارمەتی ناگاتێ. لە لایەکیتریشەوە سەرنجیدا کە توانای خۆی لە بەرامبەر شێخدا وەك هیچ وایە. لەولاشەوە دەیزانی خێڵی قەرەپەپاغ دەکەونە سەرەرێی لەشکری شێخ و بەرگە ناگرن و لەناو دەچن، ناچاربوو مل بۆ شێخزادە بدات.

کاتێ هەواڵی خۆبەدەستەوەدانی محەمەد ئاغا و بیوك خان گەیشتە سابلاغ، وتیان تازە کار لە کار ترازاوە. برێ لە بەگزادەکان بە تایبەتی ئەحمەدبەگی (وەکیل ئەلرەعایا) لەم سەروبەندەدا شازادەی هاندەدا بۆئەوەی هەڵبێ و دەرباز بێت. هەروەها ئاجودانباشی محەمەد سادق خان لەگەڵ قادر ئاغادا لە سەر یەك باوەر بوون و لە هەردوولاوە زۆریان بۆ شازادە هێنا بوو دەرباز بێ و خۆی رزگار بکا. شازادە هیوای لە خەڵکی شار بریبوو، ئامادەی رۆیشتن بوو. هەواڵی هەڵاتنی شازادە لە شاردا بڵاو بووەوە و شار بە یەکجاریی شێوا. کوچە و کۆڵانی شار سیخناخ بوو لە تفەنگدار و تا دەهات پشێویی پەرەی دەسەند. لەم کاتەدا شازادە لەگەڵ ئاغاکان و سوارەی چەلەبیانلوو موقەددەم و چوار دۆڵی و بەختیاریدا لە (٢٨ / ٩ / ١٨٨٠ز)[1]دا لە شار دەرچوون. بەڵام لەو کاتەدا کە شازادە

---

[1] ٢٢ شوال – ی ١٢٩٧ کۆچی– ١٢٥٩/٧/٦ هەتاوی

خەریك بوو بەرێدەكەوت، سەلیم خانی چواردۆڵی گەیشتە شارۆچكە و هەواڵی بۆ شازادە نارد كە ئێمە ئاگاداری توانای لەشكری دوژمن هەین و دەتوانین لە بەرامبەریاندا خۆمان رابگرین و بیانبەزێنین و رۆیشتنی ئێوە بێوادەیە. بەڵام شازادە ئەوەندە پەشۆكاو و شڵەژاو بوو، ئاغاكانیش لە هەموو لایەكەوە بۆ رۆیشتن هانیان دەدا. بەڵكو بەم چەشنە لەو ناكۆكییە دوور بكەوێتەوە كە لەگەڵ شێخزادەدا هەیبوو. ئەم پێشنیارەی سەلیم خان پەسەند نەكرا و شازادە رووی كردە میاندواو. گەلێك لە ئاغا و بەگزادەكانیش هاوئاوزەنگی ئەو بوون. ئێمەش چونكە نەماندەزانی كە ئەگەر لەشكری شێخزادە بێتە ناو شار، چۆن هەڵسوكەوت دەكات، بۆ خۆ پاراستن لەگەڵ ئاغا رەشدا شارمان بەجێهێشت و لە ترساندا پەنامان بردە ماڵی گولاوی ئاغا، بە دەم رێشەوە پۆلپۆل ئاغایانی تفەنگچیمان بەدی دەكرد، كە بەرەوشار و بۆ ماڵەكانی خۆیان دەگەرانەوە.

لە سەرەتای ئەم شۆرشەدا، گولاوی ئاغا لە ماڵی خۆیدا نەخۆش و لە جێگەدا كەوتبوو، هیچ جۆرە خۆتێكەیاندنێكی لە رووداوەكاندا نەبووە. دوای ئەوەی ئاغا و بەگزادەكان شازادەیان بە سەلامەتی گەیاندە میاندواو، بەرەوناو شار گەرانەوە. لەم كاتەدا شێخعەبدولقادر و هەمزە ئاغا، دنیایان بە دڵی خۆیان دی و شازادەیان هەڵفراند و هیچ چەشنە بەربەستێكیان لەبەردەم خۆیاندا نەدی و دوو رۆژ دوای رۆشتنی شازادە لە (٩/٣٠ / ١٨٨٠ز)[1] دا هاتنە ناو شارەوە.

سەرەتا هەمزە ئاغا بە نیازی ئەوەی هەواڵی چۆنێتی شاری دەست بكەوێ، بە (٢٠٠) سوارەوە هاتە ناو شار. خەڵكی شار بە هۆی ئەو باوەرە قووڵەوە كە هەیانبوو، ئەوەیان بە مزگێنی زانی و بە بەیداخ و تەپڵ و زورناوە چوونە پێشوازی هەمزە ئاغا و بە دوای ئەویشدا بە سەر بەرەوپیر و پێشوازی شێخزادەوە چوون.

هەمزە ئاغا كە چاوی بە زانایان دەكەوێ، روو دەكاتە حاجی سەیید بایەزید و پێی دەڵێ: قورمساغی نامەرد! ئەمە چییە؟ ئێوە دەبوایە نەك بە سواری، بەڵكو بە پێیان تا چەندان قۆناغ بچوونایەتە پێشوازی شێخزادە!

بە كورتی شێخزادە بە هەرا و هوریا لەشكری بێسەروبەری خۆی و لەشكری زەرزا و مامش و مەنگوور و زوودی و پیران، كە بە سوارە و تفەنگچییەوە (٤٠٠٠) كەسێك دەبوون، هاتنە ناو شار و ئاقاری شار و كەناری چۆمیان كردە ئۆردوگا. لەم سەروبەندەدا نهێنییەكان ئاشكرا بوون و ئەو هەموو زل كردنەی لەشكر و تفەنگی مارتینییە كەوتنە روو.

یەكەم: لەشكری تایبەتی شێخ بریتی بوو لە دەستەیەك سوارە و هەندێ تفەنگچی لە مسكێنانی مەرگەوەر و تەرگەوەری لای ئاواییەكانی خۆی و هەمووشیان بێسەروبەر و رووتوقووتەكان بوون. هەندێكیشیان خەڵكی زەرزای شنۆ بوون، كە مسكێنی شێخ بوون.

---

[1] ٢٤ شوال ١٢٩٧ كۆچی – ١٢٥٩/٧/٨ هەتاوی

ئەوانی‌تر خەڵکی ناوچەی سابلاغ بوون، کە لەگەڵیدا رێك کەوتبوون و هاتبوون. ئەم لەشکرەش بە هەموویانەوە ٣٠٠ یان ٤٠٠ تفەنگی مارتینیان پێبوو. دەرکەوت شێخزادە بە باڵی خەڵك دەفڕێ. هەروەك وتمان رەشماڵی تایبەتی شێخزادە رەشماڵێکی سەربازی بوو، بێ‌هیچ چەشنە زەرق و بەرقێك، کە محەمەد ئاغای مامش پێی‌دابوو، کەرەسەی پاشایەتیش دوو لبادی شڕ و چوار تەپڵی دڕا و بوو. چەند نۆکەرێکی لات و لووت و سەر و چاو کوڵکن و کێوییش دەهاتن و دەچوون و سەبیل و قاوەیان دەهێنا. باروبنەی دوو سێ کوتە شڕە و پڕە و هێستری رووتی بێ‌جل بوو.

شێخزادە خۆی لاوێکی بیست و سێ ساڵانەیە. نابار و زۆر خۆ بە زلزان و فشەکەر و کەم عەقڵ بەڵکو گەوجیشە، ئاکاری داهاتووی ئەم قسەیەی من دەسەلمێنێ.

سەرۆك و سەر گەورە و سوپاسالار و پێشکاری گشتی ئەم لەشکرە، هەمزە ئاغا بوو. سەرۆکەکانی‌تر حەمە ئاغای مامش و مامەند ئاغای پیران و سوار ئاغای زوودی و عەبدوڵلاخان و برایم خانی زەرزا بوون. لە راستیدا هەمزە ئاغا سەرۆکی تەواو و شێخزادەش ببووە داردەستی.

هەندێ لەو ئاغایانەی دەهاتنە هەواڵپرسی گوڵاوی ئاغا، کاتێ لە کەمدەسەڵاتی شێخ ئاگادار دەبوونەوە، پەشیمان دەبوونەوە لەوەی پێکەوە بەریان پێنەگرتووە، گوڵاوی ئاغاش سەرکۆنەی دەکردن کە بێئەوەی چاویان لە دوا رۆژ بێ و بیری داهاتوویان ببێ، ئاوایان کردووە و پایەیان بە هەمزە پاڵەوان داوە.

گوڵاوی ئاغا بەو نەخۆشییەشەوە دەستی کرد بە یەکخستنی ئاغاکان دژ بە هەمزە ئاغا. نامەیەکی بۆ خان‌باباخان نووسی و داوای لێکرد بێتە دیتنی. بەڵام خان بابا خان لە وەڵامدا نووسی ناتوانم بێم، تازە کات درەنگە و نامەی شێخزادە گەیشتووە و دەبێ هەرچۆنێك بێ سبەی نیوەڕۆ بگەمە شار.

بەڵام ئەوەی لە بابەت یەکێتییەوە نووسیبوتان سەرنجمدا.

هەر ئەو رۆژەش نامەیەکی شێخ‌عوبەیدوڵلا، کە بە دەستی کورەکەی خۆیدا بۆ گوڵاوی ئاغای نووسیبوو، گەیشت. ناوەڕۆکی نامەکە دوای چاك و چۆنی ئەمە بوو:

ئێوە ریش‌سپی و تێگەیشتووی دیبوکریەکانن، من ئێوەم زۆر خۆش دەوێ. لەم کاتەدا یەکتر دیتنی من و تۆ زۆر گرنگە، تا دەربارەی چارەسەری هەندێ کاروباری موسلمانان بدوێین. گوڵاوی ئاغا نامەکەی دڕاند و وتی: ئەم منداڵ بازارە چییە بە سەر ئێمەیدا دەهێنن، وەڵامی چی!

لەم ماوەیەدا خان بابا خان دەگاتە شار و بەڕێوە بردنی شاری دەدەنێ و عەبایەکی تورمەشییان پێ‌خەڵات کرد، کە کفنبایی بوو. برێ لە ئاغاکانیش لە خزمەتی شێخزادەدا ئامادە بوون و بۆ برێکی‌تریشیان نامە نوسراو بانگهێشتنی ناو شار کران.

دوای هاتنی شێخزادە، خێڵی مەنگوور و پیران کە زۆربەی ژیانیان لە چۆڵگەدا وەك کێویی بەسەربردبوو، کەوتنە سەرە ڕێگەکان و ڕێبوارانیان ڕووت دەکردەوە و دەستدرێژییان لە ئاواییەکانی نزیکی شاردا دەکرد و بەقەد توانا لە شار دزییان دەکرد و ئاژاوەی تەواویان لە هەموو لایەکەوە نابووەوە. نە کەس دەیتوانی لەملا بچێ بۆ ئەولا و نە لە شاریشدا کەسێ خاوەنی سەر ومالی خۆی بوو.

ئاژاوە گەییە دوا پلە و قات و قری لە شاردا پەیدا بوو، خەڵکی دوکان و بازاریان داخستبوو و لە ماڵەوەدا دانیشتبوون. سەرەتا خەڵکی شار شێخیان بە خێر و بەرەکەتی گەورە دەزانی و هاتنیشی بە سەرکەوتنی ئیسلام تێگەییبوون. زیان و خراپەی ئەم بیروڕایەی خۆیان بە چاو دەدی. شار نە حاکمی هەیە و نە یاسایەك، نە دادێ نە دادگەرێ. هەرکەس هەرچییەك بکات، بەرپرس نییە. نە گەورەیەکیان هەیە نە سەرکردەیەك. بڕێکیش لەم سوارانە ئاغاکانیان هانیان دەدەن و ئەو ئاواییانەی کە لەگەڵ خاوەنەکانیاندا دوژمنایەتی و کۆنە قینیان هەبووە و تا ئێستا هەلیان بۆ هەڵنەکەوتووە، ئێستا هەلە و تالان بکەن. جا ئەگەر ئەمانە لە خاکی موکریدا دەبنە هۆی ئەم گشتە، لە خاکی دوژمندا چیدەکەن؟ بەلام ئەگەر لێی ورد بینەوە ئەمانە ناحەقیان نییە، چونکە لەشکری شێخزادە کە لە ماڵی خۆیانەوە بەرێکەوتوون، نە دیناری زیو و نە دەنکێ نیسکیان پێنەبووە. خۆ دیارە بە هەواش ناژین. بەڵکو دەبێ ماڵی ئەوانە بەش بکەن، چونکە دنیا دنیای خەڵکە و ماڵ ماڵی خودایە! هەمووانیان بۆ تالان هانداوە، بە خەمی زیان و قازانجی کەسەوە نین ماڵی دوژمن و ماڵی خەڵکەکەی خۆیانیان لەلا یەکە. ئەمانە نە هۆش و فام، نە بەزەییان هەیە!

هەرکە نامەکانی شێخزادە دەگاتە ئاغاکان، بە دوایدا هەڵسوکەوتی ناشایستە و ڕەفتاری زاڵمانە و چەتەگەریی بە دوایەکدا ڕوودەدا. بەلام کەڵکی چییە؟ کار لە کار ترازاوە و هەڵخەڵەتاون و ڕێیان بە دوژمن داوە. کلیلی شاریان داوەتە دەستی. ناچار برێ کەس کوڕیان و بڕێکیش خۆیان و چەند کەسێکیان دەچوونە ناو لەشکری شێخزادەوە و چاوەنواری ئاکامی کارەکە دەبوون. قادر ئاغا کە لەگەڵ هەمزە ئاغادا یەکبوون، بەلام بێئەوەی نزیکیان بکەوێ لە دوورەوە سەیری دەکرد و چاوی لە شێوازی جولانەوەی شێخزادە و هەمزە ئاغا بوو، کە بە دڵی ئەو ڕەفتار بکەن.

کۆنترۆڵ کردنی ئەم لەشکرە ڕێگرە، نە لە وزەی شێخزادەدا بوو، نە لە توانای هەمزە ئاغادا. لە گشت لایەکەوە پەیتا پەیتا داد و سکالا دەگەیشتە ڕەشماڵەکەی شێخ. بەمجۆرە شێخزادە پێنج شەش ڕۆژێکی لە کەنار چۆمی سابلاغدا بە سەر برد و دەرکەوت کە نیازی داگیر کردنی هەوشار و سەقزی هەیە، بەلام چارەنووس جۆرێکیتر بوو. چەند گوندێکی (سیلکی) کورد، کە لەولای میاندواوە و لە ئاواییەکانی مەراغەدا نیشتەجێ بوون، هاوارنامەیەکیان بۆ شێخزادە نووسی، تێیدا وتبویان: بەمجۆرە ئەگەر لەلایەن کوردەکانەوە یارمەتییەکمان نەگاتێ، ئەو عەجەمانەی بە دەور و پشتمانەوەن ڕەگ و ڕیشەمان دەردێنن.

بە گەیشتنی ئەم هەواڵە شێخزادە فەرمان دەدا سوارەکان هێرش بەرنە سەر مەرحەمەت ئاوا. سەرەتا خاڵۆی شێخزادە، میربەگی بەردەسووری بە (٢٠٠) کەسەوە وەك پێشەنگ دەگاتە نزیکی مەرحەمەتئاوا. سەلیم خانی چاردۆلی و محەمەد حسەین خانی بەختیاری و سوارەی موقەددەم و عەلی خانی حاکمی مەراغە کە لە میاندواودا بوون و هەرکە لەم رووداوە کتوپڕە ئاگادار دەبن، ڕێ بە دوژمن دەگرن. سەلیم خان و محەمەد حسەین خان پەلاماریان دەدەن و چەند کەسێکیان لێدەکوژن و خاڵۆی شێخزادەش سەر دەبڕن.

بە دوای ئەوەدا سەیریان کرد شەپۆلی لەشکر لە لای سابلاغەوە دەرکەوت، ئیتر زانیان بەم سپا کەمەوە دەرەقەتی ئەو هەموو لەشکرە خوێنخۆرە نایەن، بۆیە ناچار خۆیان دەرباز دەکەن و هەڵدێن. لە قەڵای میاندواودا چەند سەرباز و تۆپچی و چەند تۆپێك بوون، بەڵام گوللە و باروت کەم بوون. چەند تۆپێ دەتەقێنن، بەڵام کەڵکێکی نابێ لەشکر چوار دەوری میاندواویان‌دا.

هەر کە شێخزادە چاوی بە تەرمی لەتلەتکراوی خاڵۆی دەکەوێ، بڕیاری کوشتاری میاندواو دەردەکا. خەڵکی میاندواویش بە کورد و تورکەوە کۆ دەبنەوە و لەسەر کۆڵانەکاندا بەر بە دوژمن دەگرن و سێ سەعاتێك بەرگری دەکەن و نایەڵن دوژمن بێتە ناو شار. بەڵام لەم کاتەدا جەلیل ئاغای برای باباخان (جێگری میرئاخوری پێشوو)، کە تا ئێستا لەگەڵ خەڵکی میاندواودا یەکبووە و ڕووبەڕووی دوژمن وەستاوە، پەلاماری بازاڕی میاندواو دەدا و دەیماشێتەوە و ئاگری تێبەر دەدا و دوای ئەوە ئیتر دەچێتە پاڵ دوژمن و دژی خەڵکی میاندواو دەجەنگێ.

خەڵك لەبەر کەمیی گوللە و باروت وردە وردە کز بوون و دوژمنیش تا دەهات زۆری بۆ دەهێنان و دەهاتە ناو شار. ئەم ڕووداوە لە (٣ / ١٠ / ١٨٨٠ز)[1] دا ڕوویدا، کە ٣ سەعات لە شەوی هەینی تێپەڕیبوو. کوردی بێبەزەیی و دڵڕەق، خەنجەر و نێزە و شمشێر بە دەستەوە ڕژانە گەڕەکەکان و بێجیاوازی هەر کەسێکیان بەردەست دەکەوت لە ژن و پیاو و گەورە و منداڵ و پیر و لاو و زانا و ڕەشۆکی و سەیید و فەقێ، لە هەر شوێن و جێگەیەکدا لە ماڵ و باغ و تەکیە و مزگەوتیشدا بوونایە، دایاندەپاچی و لە هەموولایەکەوە لافاوی خوێنیان هەڵساند. شێخزادە و هەمزە ئاغا لە کۆڵانەکاندا سوارەکانی لەشکرەکەیان بۆ خوێنڕشتنی زیاتر هان دەدا. بەڵام بەمجۆرەی بیستوومە محەمەد ئاغای مامش بە سوارەکانی خۆیەوە شەقامەڕێی تەوریزیان گرتبوو و ڕمەکانیان بە دیوارەکانەوە هەڵپەساردبوو و ڕێگەیان نەدابوو سوارەکانی خۆیان کەس بکوژن و خەڵکیان دەرباز کردووە. ئەم کوشتار و خوێنڕشتنە تا بەیانی درێژەی دەبێ و زۆربەی خەڵکی، هەلی تاریکەشەوەکە دەقۆزنەوە و هەریەکە بە لایەکدا هەڵدێن.

---

[1] ٢٥ شەوالی ١٢٩٧ کۆچی ١١ / ٧ / ١٢٥٩ هەتاوی.

ئەوانەی تاریکایی شەو پەردەی بە سەردا کێشا بوون و لە تیغی دوژمنـان پاراسـتبوونی، رووناکی رۆژ دەریخستن و دیسانەوە خستنییەوە بەر زەبری شـمشێری خوێنخۆری دوژمن.

بەیانی سەرەتای تالأنکردن بوو. سـوارەی مـەنگوور و مـامش و پـیران کـە زۆر شـارەزای تالأن و برۆ بوون، ئەوەی بە سەنگ سووك و بـە قیمـەت گـران بـوون لەگـەڵ چـەندان ژن و کچۆڵـەی دیـل و مێگـەل و رەشـەوڵاخدا هـەڵیانگرتن و رووەو ئـەو کوێسـتانانە چـوون، کـە مەنزڵگاکانی خۆیانی لێبوون.

کـە هـەواڵی کوشـتوبری میـاندواو گەیشـتە گوندەکـانی موکـری، لـە هـەموو لایەکـــەوە دەستەدەستە بۆ تـالأنکردن قۆڵیـان هەڵماڵـی. شـوێنەکەش شـوێنێکی وابـوو کـە پـڕ بـوو لـە هەرجۆرە شت و مـەکێکی نـاو مـاڵ و ئازوخـە و مـەڕ و مـاڵات و بەتایبـەت دانەوێڵـەی لـە رادەیەدەر، بۆیە تا دە رۆژ تالأنکرا. دوایی شاریان ئاگردا و کردیانە مشتێ خۆڵـەمێش. بـەو جۆرەی من بۆمدەرکەوتووە، (٨٠٠) موسڵمان، (٢٠) ئەرمەنی و (٥٠) جولەکـە کەوتنـە بـەر تیغی خوێنرێژانی کورد. تەرمی کوژراوان لە کوچە و کۆڵاناندا کەوتن و بۆگەنیان کرد و بوونە خۆراکی سەگەل.

دوای ئەمە لەشکری شێخزادە دەستە دەستە روودەکەنە ئاواییەکانی مەراغە. دەستدرێژی و تـالأن و بگرەوبـەردە دەسـت پێدەکـەن. مەڵکـەندی کـە دەکەوتـە ئـەولای میـاندواوەوە و گوندێکـی نـاودار بـوو، ئـەویش کەوتـە بـەر تـالأن و بـرۆ و بـە دیـل گرتـن و دەریـەراندنی دانیشتوانەکەی. مینە ئاغای کوڕی قادر ئاغا و عەزیزی فەتاح، کە هـەردووکیان چەتـە و دز و رێگـری نـاوداری موکریـن، هێشـتا شـێخزادە نەگـەیبووە سـابلاغ، دەسـتیان کردبـوو بـە روتانـەوەی ئاواییـەکانی موکـری و میـاندواو، ئـەمجار پـەرەیان بـە کارەکـەیان دا و خۆیـان گەیاندە. شوێنگەلـی دوورەدەست و بە باری وشتر، تالأنی زۆریان هێنایەوە.

لەولاشەوە چونکە لە هەموو روویەکەوە بارەکە لەبار بوو بـۆ شـۆڕش و پشـێوی بـەرەڵلا و لاتولووتیتری ئێرانی، هەلیان قۆستەوە و جل و بـەرگی کوردییـان کـردە بـەر و لـە هـەموو لایەکەوە کەوتنە تالأن و دزیکردن، کە رەزا قولـی میرزای کوڕی مەلەك قاسم مـیرزا لەوانـە بوو، کە لەم کاتەدا گوندەکانی میرزا عەبدوڵلای سەرڕشتەدار و چەند گوندێکیتریشی تـالأن کرد و سـوتاند، تـا لـە ئاکـامدا بـە دەسـت ئاجودانباشـی گـیرا. ئـەم هەواڵـە ترسـناکە لـە ناوچەکەدا بلاو بووەوە و خەڵکی پاراستنی گیانی خۆیان و ماڵ و منالیان لە هەموو شـت بـە گرنگتر زانی و هەرچییەکیان بوو، بۆ دوژمنیان بەجێهێشت و هەلاتن.

دوای دوو رۆژ هەواڵی هـاتنی ئیقبالودەولـە بـە چـەند فـەوج سـەرباز و تۆپـەوە گەیشـتە شێخزادە و هەمزە ئاغا. ئەوانیش بە پەلـە گەڕانـەوە سـابلاخ و ئـەو تۆپـەی لـە میـاندواوەوە هێنابوویان، چونکە نەیاندەزانی بەکاریبێنن، لە سەر رێگەدا لەت و کوتیان کرد و فرێیـاندا. دوایی بۆ ساغکردنەوەی ئەم هەواڵە، محەمەد ئاغای مامشیان نارد بۆ سەڵدوز. محەمەد ئاغـا راسپێردرابوو لە گەڕانەوەدا دوای سۆراغی هەواڵەکە بچێتە قەلای لاجان. ئـەو قەلایـەی کـە

شێخزادە بە دەم هاتنییەوە بۆ میاندواو گرتبووی و چەند تۆپێکیشی تێدابوو، گرتبوونی و سەربازەکانیشی دیل کردبوو.

دەبوایە محەمەد ئاغا بچێت و ئەو قەڵایە بروخێنێ و دوبارە بگەڕێتەوە بۆ ناو ئۆردوەکەی سابلاغ. محەمەد ئاغا بەدوای ئەم راسپێریەدا چوو، بەڵام زۆربەی خەڵکی دەیانزانی بە دڵ لەگەڵ شێخزادەدا نییە، بەڵکو کارێکی زۆرەملێیە. دەشیانوت: هەر کاتێ ئیقبالودەولە بگاتە سەڵدوز، لەگەڵ ئەودا یەك دەکەوێت و تازە ناگەڕێتەوە. بەڵام بەداخەوە هەواڵی هاتنی ئیقبالودەولە بە درۆ دەرچوو. هەرچەندە هەواڵەکە بێ کەڵکیش نەبوو، چونکە ئەم هەواڵـە کوردەکانی تۆقان و هێرشەکەیانی بۆ سەر بناو پێدواخستن تا لەشکر لە تەورێزەوە گەیشتە بناو.

محەمەد ئاغاش بە هیوای ئەوەی لە ورمێوە لەشکری دەوڵەت بگات و تێکەڵیان بێ، چەند رۆژێ لەملا و لەولا خۆی خەریك کرد، بەڵام لەبەرئەوەی لە هەموو لایەکەوە نائومێد بوو، ناچار بەرەو ئۆردووی شێخزادە گەڕایەوە.

لە دوای کوشتاری میاندواو، ئێمە کە لە وەتەمیشی مۆلکی گولاوی ئاغادا بووین وتووێژمان لەگەڵ ئەو ئاغایانەدا بوو، کە لە هاتوچۆدا بوون و هەر نامەیەك لە هەرلایەکەوە بهاتایە، چ لەلایەن ئاغاکان و چ لەلایەن زاناکانەوە، ئێمە پێماندەزانی. وا دیار بوو زۆربەی ئاغا و بەگزادەکان لەوەی شێخزادەیان هێناوەتە سابلاغ ئێجگار پەشیمانن. دەیانوت: ئەمە چ حاڵ و رۆژێکە، ئەم کوشتوبڕ و تالانە لە سەر چ ئاینێکە؟ چونکە شێخزادە بەڵێنیدابوو کاروباری موسلمانان چاك بکاتەوە و خەڵکی لە دەستدرێژی دەوڵەتی ئێران رزگار بکات و ئاسایش و ئاسوودەییان بۆ بەدەستبێنێ. بەڵام لە جووڵانەوە و هەڵسوکەوتی ئەم لەشکرەی کە لە ژێر دەسەڵاتی شێخزادە و هەمزە ئاغادا بوون، ئەمانە نەدەهاتنە دی. بەڵکو بە پێچەوانەوە هەم خاکی موکری و هەم خاکی عەجەم لە دەستدرێژی و تالان و بڕۆیان کاول و لە دەست چووبوون. هەرچی بیریان دەکردەوە ئەمانە بۆ وادەکەن، سەریان لێدەرنەدەکرد. نە شێوازی موڵکداری لەم چەشنە رەفتارەدا بووە، نە شێوەی یارمەتی و دەستگیرۆیی. بەڵکو هەرجۆرێك بوو لە رێگری و چەتەگەری. برێك لەم ئاغایانە دڵنیا بوون ئەم شێوە رەفتارە سەرئەنجامێکی ناباری دەبێ. ئەمانە لەشکرێکی یاخی بێسەروبەرن، کە دوای ئەوەی دنیایان لە شەڕ و خراپە پڕکرد، لە بەرامبەر هێزی ئێراندا لەناو دەچن. ئەو زۆردارانەی بوونەتە هۆی داگیرسانی ئەم ئاگرە؛ شێخزادە و هەمزەئاغا و کەس و کاریانن. هەموویان خێڵاتی و خێوەتنشین و چیاییین. هەڵدێن و پەنا دەبەنە بەر لوتکەی بەرزی کێوان و بە تالانییەکانیانەوە ژیان بە سەر دەبەن. ئەگەر شوێنیشیان بکەون، روودەکەنە خاکی عوسمانی و خۆیان دەرباز دەکەن. شێخزادە بە پیادە بەرەڵلاکانییەوە خۆی دەگەیێنێتە لای باوکی لە نوچە، یان نەهری، ئەوسا ئاغا و بەگزادەکان ناتوانن موڵکەکانیان جێبهێڵن، چونکە مایەی بژێوییانە. بۆیە لە تۆڵەی ئەواندا ئەمان دەکەونە ژێر دەست و پێی

لەشکری ئێرانی. هەموویان ئەم ڕۆژە ڕەشەیان لە بەرچاو بوو، نائومێدانـە دەیـانزانی تـەریش بە گوناحی وشکەوە دەسووتێ و ئەوانەش کە هەمیشە دۆستی دەوڵەتی ئێران بـوون و خۆیـان لە شێخزادە دەپاراست و بێلایـەن دانیشـتبوون، لـە ڕق و قینـی دەوڵـەتی ئـێران ڕزگاریـان نەدەبوو. چونکە دەیانوت لە دەوڵەتی ئێراندا لێکۆڵینەوەیـەك نییە و حوکم بـە دادگـەری و یاسا نادرێ. هەرچی تاوانبار و بێتاوانە وەك یەك حوکم دەدرێن. هـەر تـاوانێك بـۆ یـەكێك درووست بکەن ئیتر بەسە بۆ تاوانبار کردنی.

قادر ئاغای دووروو کە لە سەرەتادا دەیتوانـی بـە زەبـری دەسـەڵاتی خـۆی و تـەکبیر و چارە، ئـەم ئاژاوەیـە دووربخاتـەوە، ئێسـتا کـە ئـەم چەشـنە جوڵانـەوە کێوییانـەی دەدی، بیروڕای گۆڕا و هیچ نەچووە لای شێخزادە و هەمزە ئاغا و وەڵامی نامەی بانگهێشتنەکانیشی نەدانەوە و لە بەرامبەر هەڕەشە و گوڕشـەی ئـەواندا کشـابووە دواوە. هـەموو چـاوەڕێی ئـەوە بوون کە ئەم سەرکێشییەی ببێتە هۆی ئەوەی شێخزادە لەشکر بکاتـە سـەری و ئاواییـەکانی تاڵانبکا و بیسووتێنێ. بەڵام هەمزە ئاغا لە ژێرەوە لەگەڵیدا یەك بوو و نامـەش لـە نێوانیـاندا ئاڵوگۆڕ دەکرا، کە ئەمەش بووە هۆی پاراستنی ئاواییەکانی. لەباتی ئـەو، کـوڕە یاخیەکـەی کردە سەرۆکی لەشکرەکەی کە (٨٠٠) سوارە و تفەنگچی بوون و خستنییە سەر ئۆردوەکـەی. خەڵکی هەموو دڵنیا بوون قادر ئاغا دەستی لە هەردوولادا هەیە و دوا ڕۆژی لەبەر چاوە، کـە هەرواشبوو. چونکە سەرۆکایەتی لەشکر و دەسەڵاتی بە سەر گونددا، لە ڕواڵەتدا بە دەسـت قادر ئاغاوە نەمابوو، بە سەد نۆکەر و سوارەوە چوو بۆ ئاوایی جوانمەرد، کە نزیکـی خـاکی هەوشار بوو، لەوێ مایەوە تا لە کاتی پێویستدا، بداتە پاڵ لەشکری دەوڵەتی ئێران.

بێینە سەر باسی گوڵاوی ئاغا کە ڕیش چەرموی دیبوکریانە. کەسێکی تۆبـەکار و سـۆفی و داوێنپاکە. لە هەموو کـارێکدا دژی هـەمزە ئاغایـە. هەمیشـە بـە کوێـرە و شـێتە و هـەمزە پاڵەوان ناوی دەبات. لە ڕوانگەی ئەوەوە شێخ عوبـەیدوڵڵا پیـاوێکی نەزانـە، کـە هەوسـاری منداڵێکی گەوجۆکەی داوەتە دەست هەمزە ئاغا. دەبوایە هەر لە سـەرەتاوە لـە داروبـاری ئـەو بگەیشتایە. ئەوەی شێخزادە دەیکا، کایەی منداڵانە. دەیوت شێخزادە و هـەمزە ئاغـا کـافر و بێدینن. چۆن دەبێ موسلمانێك کە کتێبی هەیە و نوێژ دەکـا، ماڵـی بـە حـەڵاڵ بزانـرێ و فەتوای غەزای لە سەر بدرێ؟ مەلا عەبدوڵڵاش کـە لـە گوندەکـەی ئـەمدا نیشـتەجێیە و لـە هەموو موکریانیشدا لە زانینی شەرع و عیلمدا بە ناوبانگــە، ئـەویش وەك ئـەو سـەبارەت بـە شەڕکەرەکان بیری دەکردەوە.

لەم سەروبەندەدا ناو بە ناوێك نامەی هاورێکانی لە ناو ئۆردووی شێخزادەوە بە گوڵاوی ئاغا دەگەیشتن و داوایان لێدەکرد کە ئەمجۆرە قسانە نەکا و ئاگای لە خۆی بێ و لەشکر بـۆ ناو ئۆردوو بنێرێت و خۆیشی بێت. چونکە هەموو ڕۆژێ شێخزادە و هەمزە ئاغاش پـاش ملـە هەڕەشـەی لێدەکـەن و دوورەپەرێزییەکـەی بـە جـۆرێ لـە کەمتەرخـەمیی و گـوێ پێنـەدان دادەنێن. گوڵاوی ئاغاش کە پیاوێکی کەللەڕەق بوو، بیانووی دەهێنایەوە و خۆی لەو ڕۆیشتنە

دەپاراست و دەیوت: ئەوپەڕی گوندەکەم تالاّن دەکەن و خۆشم دەکوژن، لەوە باشترە من بچم و ملکەچی ئەم تاقمە شەڕخوازە بم.

برایم ئاغای برای و ئاغا ڕەشی هاوڕێی و هەموو خەڵکی ناو ماڵ و کەسوکاری، هەر لەوە دەترسان سەرئەنجام ئەم ملنەدانەی گولاّوی ئاغا ببێتە مایەی تالاّنی ئاواییەکانی بە دەست لەشکری شێخزادەوە. پاشان لە سەر پێداگرتنی کەسوکار، ناچار برازایەك و برایەك و چەند تفەنگچییەکی ناردە ناو ئۆردووی شێخزادەوە. خۆیشی کەوتە قایمکاریی خۆی. نامەی بۆ خزم و خوێش و بەتایبەتیش بۆ محەمەد ئاغای مامش نووسی و داوای لێدەکردن دژ بە شێخزادە و هەمزە ئاغا یەگکرن. مستەفا ناوێکیشی ناردە لای سەلیم خانی چاردۆڵی، تا تێیبگەیەنێ کە نیازی وایە بە هاوکاری ئەوان هەمزە ئاغای سەردار لە ناو بەرێ و کەسوکارەکەی، کە بوونەتە هۆی ئەو هەموو ئاژاوە و خراپەیە، لە ناو ببا و ئەوسا شێخزادەش هەڵدێ و دنیا ئاسوودە دەبێ.

گولاّوی ئاغا پیاوێکی سست و تەمەڵە. زۆرتر خەریکی نوێژ کردنە. هیچ لەوە نەدەچوو کاری وای لە دەست بێت، چونکە لە کاری گرنگدا لێزانی و کارزانی و دەستوبرد و راوێژی گرنگ پێویستە.

ماوەیەك لەمەوبەر کە شێخعوبەیدوڵلاّ خوازبێنی کچی سەرداری خوالێخۆشبووی کردبوو بۆ شێخ عەبدولقادری کوڕی، بەلاّم وەلاّمیان دابووەوە، کە وەکالەتی کچانی سەردار بە دەست جەنابی ولیعەهدە، ئەمجارەش کە شێخعەبدولقادر دوای کارەساتی میاندواو لە سابلاّخ بووە، بە هەلی زانیوە و بە دوای زێڕوزیو و شتومەکی گرانباییەوە بووە، بۆئەوەی لە کاتی خۆیدا ژنەکەی بگوێزێتەوە.

کاتێ ئۆردووی شێخزادە دوای کارەساتی میاندواو لە سابلاّخدا بارگەیان خستبوو، چەکدارەکان تالاّنییەکانیان بردبوەوە ماڵی خۆیان و گەڕابوونەوە، نامەکانی شێخزادەش بە درشتی هەڕەشە و گوڕەشە بوو بۆ هەموو ئاغایانی گەورە و بچوك، کە دەبێ بە هەموو پێویستی و کەلوپەلێکەوە بگەڕێنەوە ناو ئۆردوو. چونکە پەلەیان بوو کە بەرەو بناو و مەراغە بەرێکەون و ئەو ناوچانە داگیربکەن. چونکە بیستبووشیان چوار فەوج بە سەرۆکایەتی ئیعتمادولسەڵتەنە لە تەورێزەوە بەرەو بناو بەرێکەوتوون.

ئاغا ڕەش کە پیاوێکی کاسب و هەژار و هەمیشەش لای گولاّوی ئاغا بوو، نامەیەکی لە خان بابا خانەوە بەم ناوەرۆکەوە بۆ هاتبوو: «برای ئازیز. ئەم نامەیە بە حەسەنبەگی کولیجە و خەلیلبەگ و محەمەد سەلیمبەگ بگەیەنە. ئەگەر ئێوە دوای ئەوان تا سبەی نیوەڕۆ بە پیادە و سوارە و ئازوخە و چادر و کەلوپەلی ترەوە بگەنە ئۆردووی شێخزادە، ئەوە بەلاّیەکی گەورەتان لە کۆڵ خۆتان کردوەتەوە، ئەگینا بەلاّیەك بە سەر ماڵ و گیان و دەستو پێوەندەکانتاندا بێت، من هیچم پێناکرێ. من نە ولاّخم هەیە، نە بە پێش دەتوانم بڕۆم.

دایکیشم مردووه و پرسەدارم – چونکە دایکی یەکێکیان مردبوو– ئەمانەش بە گوێی کەسدا ناچیێ، ئیتر خۆتان دەزانن، ئەوا من بۆم نووسین.»

ئاغارەشی بێچارەش کە هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، ناچار لە ترسی گیانی نامەکانی بەوان گەیاند و خۆیشی هەرچی سوارە و پیادەی بوو، کەوتە تەك ئۆردوو.

هەواڵی هێرشی شێخزادە بۆ سەر شارە گەورەکان بە وڵاتدا بڵاو بووەوە. تاڵانکەری چاو چنۆك کۆمەڵ کۆمەڵ یەکانگیربوون و تێکەڵاوی هۆردووبوون، هەندێ لەوانەش کە لە میاندواو هیچیان دەست نەکەتبوو، ئێستا خۆیان تەیار کردبوو، بە جۆرێ کەوتبوونە رێ کە موکریان کەسی تێدا نەما بوو. ئۆردووی شێخزادەش هێشتا نەجولابوو، کە لە هەموو لایەکەوە بە هەزاران کەوتبوونە دەستپێشکەریی و ببوونە پێش قەرەوڵ و بەرەو خاکی ئازەربایجان هێرشیان دەبرد و تا دەستیان گرتی، لە هەڵمەت و تاڵان و برۆ درێغییان نەکرد.

هەموو ئاواییەکان هەر لە سابلاخەوە تا نزیکەو تەوریز، کەوتە بەر هەڵمەت و پەلاماریان و کاولکران. کەس نەبوو تەقەیەکیان لێبکات. هەرچەند سوارەیەك روویان دەکردە دێیەك، کەسێ نەبوو بەریان پێبگرێ و تفەنگێکیان تێدا خاڵی بکاتەوە. زۆربەی ئەوانەش کە توانای هەڵاتنیان نەبوو، دەکەوتن بە سەر دەست و پێی ئەو سوارانەدا تا نەیانکوژن. هەڵاتنی ئەمانەش ئەوەندەی‌تر کوردەکانی ئازا کردبوو، گریمان لە جێی ئەو عەجەمانە کورد بوونایە، وەك ئەوان و بگرە خراپتریش دەبوون. خۆ زۆر دەمێکیش نییە کە (١٠٠) کورد عەجەمێکیان دەبینی، ئەبڵەق دەبوون و کونە مشکێکیان بە سەد تمەن دەکڕی! بۆیە ئەوە درۆیە کە کورد بە ئازا ناوی دەرکردووە. لە هیچ خێڵێکی کێویدا ئەو ئازایەتییە راستەقینەیە نییە، کە پێی دەوترێ جوامێریی. چونکە جوامێری و ئازایەتی جۆرە غیرەت و توورەبوونێکی ئەوێ، تا هانیبدات وەك ئاینداریی و نیشتمانپەرستیی و پاراستنی شکۆی کەسایەتیی. بەڵام کورد هیچ یەکێ لەمانەی نییە و دەمارگیریشی نییە. چونکە هیچ لە ئایین نازانێ! مەبەستیان هەر تاڵانکردنە و ملکەچییەکی کوێرانەیە بۆ شێخ و ئاغاکانی خۆیان، کە ئەوانیش هەموو جۆرە خراپە و خوێنرشتنێکیان پێدەکەن. لەبەرئەمە ئازایەتییان وەك ئازایەتی گیانلەبەرانی درندەیە. جا چ کورد بێ و چ خێڵی کێوی‌تر، ئەگەر زەبریان پێبگات، (١٠٠) کەس لەبەرامبەر یەك کەسدا هەڵدێن. ئێستاش با هەندێ سەبارەت ئیقلیمگیری شێخزادە بدوێین.

وەك وتمان شێخزادە جەستەیەکی بێگیانە و ئەگەر دەنگ و فەرمانێکیشی لە دەم دەردێت، ئەوە دەنگ و فەرمانی هەمزە ئاغایە کە لەودا بەرجەستە دەبێت و بە گوێرەی نیازی ئەو پیادە دەکرێ. وتیشمان کە لە ماڵی خۆیان دەرکەوتن دینارێکیان پێنەبوو. ئەم گەلە کێویە رووت و برسییەی کە شێخ خستبوونییە تەك کورەکەی و لە ژێر دەسەڵاتی هەمزە ئاغادا بوون، تامەزرۆی تاڵان و کاولکردنی وڵات بوون. ئیتر نە بەر لە کارەساتی میاندواو نە ئێستاش کە لەشکرەکەیان گەیشتوەتە (١٠٠٠٠)، نە چنگێ ئازوخە و نە پاشەکەوتێکیشی

هەبوو. کەچی هەر بە خەیاڵیشیدا نەدەهات، هەمیشە وەکو ئەو کەسە دەژیا کە دوای سەعاتێك هەرچییەکی هەیە بەجێی دێڵێ و کۆچ دەکات. ئەم دە هەزار کەسەش بە دزی و دەغەلی و تالآن، لەباتی نان،برێشکە و ترێ و کشمیش و کاڵەکی میاندواویان دەخوارد و ئالفی ئەسپەکانیشیان یان گژ و گیای کوێستان بوو، یان ئەو کاوجۆیەی کە بە زۆرەملێ لە خەڵکە مسکێنەکەیان دەسەند. یان کاروانیان رووت دەکردەوە. بەو هیوایە دەژیان کە بچن و ئێرانییەکان رووت بکەنەوە و غەزایان کردبێ. ئەگەر تالآنی نەبێ هیچی تیا نامێنێتەوە. لەشکرێکی ئاوا رووت و قووت لە شوێنگەلی کاول و بێپەنادا، لە داوێن کێو و پانتایی دەشتدا، بە بێئازوخە و بژێو، تاکەی بردەکا! بەلام باشیان بۆ هاتبووە پێشێ، چونکە نە لە تەورێز و نە لە تارانەوە هێز و لەشکرێك نەدەهات. سەرەرای ئەمەش بۆ پێشخستنی بەرنامە و کارەکانیان یەگجار کەمتەر خەم بوون. چەندیشمان بیر کردەوە، تێنەگەیشتین کە شێخ عوبەیدوڵلاَ لەم ئێقلیمگیریەدا چ مەبەستێکی هەیە! نیازی چی بوو؟ ئەگەر لە پێناوی قازانجێك و ئازادیدایە، ئەم خوێنرشتن و کاولکارییە بۆ بکرێ! چونکە ئەو کارانەی خۆ لە یاسا و چوارچێوەی وڵات گرتندا نەبوو. ئەگەریش لە پێناوی هاومەزهەبی و هاونەتەوەیی خۆیدا بووایە و بۆ چاکتر کردنی ئەوانە و بەدەستهێنانی دەستکەوت بووایە، چۆن دەبوو کورەکەی خۆی بداتە دەست کەسێکی تاوانباری وەك هەمزە ئاغا، کە مەبەست و بیروڕای لەگەڵ ئامانجەکانی شێخدا یەگجار لێك دوور بوون. کەواتە ئێمە شێخ عوبەیدوڵلاَ بە کەسێکی بێمێشك و گەوج و کەللەرەق و تالآنکەر و نەزان دەناسین و ئەوەی روویداوە هەموو لەبری تۆڵەی هەمزە ئاغادایە. چونکە هەمزە ئاغا وەك خۆی چەندان جار دانی پێدانـاوە؛ کەسێکە تاوانبار کراوە و شیاوی کوشتنە! لە سێدارە و جەللاد هەلآتووە، ئازادی بە نرخی گیان و لەناوچوونی لەشی بەدەست هێناوە. هیوای لە ژیان بریوە و رووی ئاسوودەیی نەدیوە. دەستی نەگەیشتوەتە سەرۆکایەتی و دەسەلآت. نە هەوای کەیف و شادی دنیای لە دڵدایە و نە ئەوەیە هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشێ و هەنگاوێ بە ئازادی هەڵبێنێ. پزیسکەی تۆڵە لە دڵییەوە دەپرژێت و خەڵکی نەفرین دەکات. خۆی بە مردووی زیندوو بووەوە دەزانێ. ژیان لە روانگەی ئەوەوە نە نرخی هەیە و نە خۆشیی. چارەنووس لە دنیای مرۆڤایەتییەوە بەرەوجیهانی دڕندایەتی بردووە و گۆڕیوێتی و دڵی کردووە بە بەرد. تاقە ئاواتی تۆڵەسەندنە لە ئێران! لە خوێن رووبار هەڵسێنێ و لە لاشەی کوژراو دروست بکات و دێهات بسووتێنێ و شاران کاول بکات. شوورەی شاران بڕوخێنێ و ئەو بەرتیلانەی حاکمانی موکری لە مێژەوە وەریانگرتووە، بە زیادەوە لە قوڕگیان دەرکێشێ. وتوویەتی ماوەیەکی دوور و درێژ، زنجیر لە گەردن، تاڵیی و سوێریی ژیانم چەشتووە، تامەزرۆی حەسانەوە بووم، هەلم دەستکەوت ماوەیەك بحەسێمەوە، بەلآم شازادە لەبەر چاوچنۆکیی دەیویست تووشی بەلآم بکا و ژینم لێبسێنێ، منیش دەبێ ئەوەندەی لە توانامدا بێ، بەرامبەرکێی لەگەڵدا بکەم و بوونم لە پێناویدا دانێم. بەو ئاغایانەی کە دژایەتییان لەگەڵ دەکرد وتبووی: من ئێوەشم وەك خۆم

لێکرد و تاوانبارم کردن، ئێستا دەیکەن بیکەن، نایکە مەیکەن! ئەمەبوو رادەی تێگەیشتن و جۆری تۆڵەسەندنەوەی هەمزە ئاغا.

لە ئۆردووی شێخزادەدا بەرلەوەی لە سابلاخ دەرکەون قات و قڕی داکەوت. هەمزە ئاغا فەرمانیدا هەماری ئەوانەی هەڵاتبوون چ لە دەرەوەو چ لە ناو شاردا داگیر بکەن.

شێخزادە لە (١٥ / ١٠ / ١٨٨٠ز)[1]دا بەرەو کەلاوەکانی میاندواو بەرێکەوت و فەرمانی دەرکرد، کە دەبێت هەموو خەڵکی سابلاخ بدەنە پاڵ ئۆردو. تەنانەت زانا و حاجی و هەرچی هەیە، ناچار تێکەڵاوی ئۆردوو بوون. ئیمام جومعە نەبێ، کە بەوپەڕی رەزامەندییەوە دەیکێشا بە ملیدا و دەیوت: بڕۆن غەزایە و تاڵان بکەن و تاوانەکەشی بە ئەستۆی من.

لەشکر بەم گشتە خەڵکەوە بەرەو بناو کەوتنە رێ.

لەم کاتەدا سوار ئاغای برازای هەمزە ئاغا، کە سەرۆکی خێڵی زوودی بوو، لەگەڵ حەسەن ئاغای قومقەڵا هاتنە وەتەمیش و لەلایەن شێخزادە و هەمزە ئاغاوە راسپێردرا بوون بچنە جەوانمەرد و بە هەرجۆرێك بێت وا بکەن قادر ئاغا بنێرن بۆ ناو ئۆردووەکە. نیوەرۆژەیان لەوێ کرد و لە کاتی قسەکردندا سەریان لە داروباری گوڵاوی ئاغا سوور مابوو، دەیانوت: لە کاتی وادا بۆچی دەبێ دوورەپەرێز بێ و لە ماڵی خۆیدا دانیشێت و لەگەڵ هەمووواندا یەك نەبێ! وتوویژ لەمبارەیەوە دەستی پێکرد و گوڵاوی ئاغا لە وەڵامی سوار ئاغادا، کە هەر لە سەر باسەکە دەرۆیشت، وتی: هەڵسوکەوتی شێخزادە و هەمزە ئاغا منداڵبازارە و خەسارەتە بۆ خاکی موکریان. ئەگەر ئێوە کەسانێکی راستگۆ و پاکن، بۆچی ژن و منداڵی خۆتان ناهێننە ناو شار، تا خەڵکەکەش باوەڕی پێتان هەبێت! ئێوە کە خەڵکی عەشایەر و دەشتنشینن، دیارە کاتی لێقەومان و تێشکان بەرەو کوێستانە بەرزەکان هەڵدێن و خەڵکی لەبەردەستی دوژمندا جێدێڵن.

رووی قادر ئاغا رەشبێ ئەگەر هەڵوێستێکی راستی بووایە، کارەکە ئاوای لێنەدەهات. دڵنیام ئێستا پەشیمانە. بەڵام کەڵکی نییە. دوای ئەم وتوویژە سوار ئاغا و حەسەن ئاغا لە وەتەمیش دەرکەوتن. چونکە قادر ئاغا لە هەوشاردا نەمابوو، لەوێشەوە چوو بوو بۆ گەرووس بۆ لای حەسەنعەلیخان، ئەوان بێئەوەی بە ئاکام بگەن لە رێگەیەکیترەوە و لەوکاتەدا کە هێرشەکە بەرەو بناو بوو، گەیشتنەوە ناو ئۆردووەکە.

عوسمان ئاغای گەورك کە تا ئێستاش لە شوێنەکەی خۆیەوە (سەردەشت) رێنەکەوتبوو، ئەمجار نیوەی لەشکرەکەی خستە رێ و تێکەڵاوی ئۆردووی شێخزادە بوون. ئێمەش لەم کاتەدا لە وەتەمیشەوە هاتینە ناو شار و چەند رۆژێك لەو شارە چۆڵەدا ماینەوە. رۆژێکیان لە شاردا برایم خانم بینی، عەبدوڵڵاخان و برایم خان سەرۆکی خێڵی زەرزان، لە

---

[1] ٩ – ی زیقەعیدەی ١٢٩٧ کۆچی – ٢٢ / ٧ / ١٢٥٩ هەتاوی.

سەرەتاوە تا ئێستا هەر سەر بە شێخ و لە ئێران یاخیببوون. بە دیتنی مـن سـەریان سوورما. وتم من لە ئێوە زیاتر سەرم سورماوە. من ئێوەم بە پیـاوێکی زانـا و وردبـین دەهاتـە بـەرچاو، ئەی ئێستا چۆن وا تێکەڵاوی ئەم شۆڕش و خراپەکارییە بوون و بە دەستی خۆتان بیرتان بۆ خۆتان هەڵکەندووە و داوی بەڵاتان بۆ خۆتان تەنییوە؟ هەروا برێ لە سەری ڕۆییم. وتی: تـۆ ڕاست دەکەی. بەڵام هەرکەس دەست لە گیانی هەڵگرێ، هـەرچی لەدەسـتبێت دەیکـات. ئەو زوڵم و بێدادییەی کـە مـن لـە فـەرمانڕەوای ورمـێ (موعینولدەولـە) و کوڕەکـەی حـاکمی (شنۆ)م دیوە، چۆن لە یادم دەچێ! تۆ منت لـە تـەورێزدا دی، دوای ئـەوەی موعینولدەولـە لابرا، بـەلای کاربەدەسـتانی ئازەربایجانـەوە گەلـێ سـکاڵا و شـکاتم لـە دەسـتدرێژییەکانی شازادە کرد. هەموو ئەو بێدادییەم بە بە لگەوە سەلماند کە شازادە نزیکـەی (١٢٠٠٠) تمـەنی لە ئێمە بە زۆر سەندووە. هەمووشیان ڕاستی وتەکانی منیان بۆ دەرکەوتبوو،بەڵام کەس گوێـی نەدایـە داد و بێدادییەکـەی مـن و نـەمتوانی ئـەو کچانـە بهێنمـەوە کـە بـە زۆرەملـێ لـە قەومەکەمیان زەوت کردبوو. هەرچی داوای من بوو، بوو بە (٨٠٠) تمەن و ئەویشـیان نـەدا. لەبەرئەوەیە ئاگری تۆڵە لە دڵمدا هەڵگیرساوە و هانیداوم بۆ شۆڕش و یاخیبوون.

سەرەڕای ئەمانەش کە شێخ شنۆی وەرگرت و ئێمە هاتینە ژێر دەسـەڵاتییەوە، بـەرگری لە چوونم دەکرد بۆ تەورێز و بەڵێنی پێدام حەقم بسێنێ، بەڵام من گوێم نەدایـە. هەرچـەندە لە ژێر دەسەڵاتیشیدا بووم، چووم بۆ تەورێز و شکاتم کرد. تەنانەت بەدرێییەوە باسی شێخ و ڕادەی دەسەڵات و هێزەکەیم کرد. بەڵام وەڵامێکی بەکەڵکم نەبیست، بەڵکو سووکایەتیشـیان پێکردم و دەیانوت: جا شێخ چییە و چی پێدەکرێ؟ وتم شێخ موریدی زۆرە و کاتی پێویسـت دەتوانێ ٢٠٠٠٠ کەس کۆبکاتەوە. بە کورتی زامی دڵم زۆرە و دەبێ شەڕ بکەم.

هەروەها ڕۆژێ حاجییەکم بینی، دەیوت تا ئێستا بانگدان بە شـێوەی شیعە لـێرەدا بـاو نەبووە، مانگی ڕەمەزان لە حکومەتی شازادەدا ئەویش پەیدا بوو. برێ ئاکاری لە حاکمـەکان دەگێڕایەوە هەموو دژ بە مەزهەبی سوننی بوو. هـەموو ئەمانـە لـە دڵـەوە ببـووە هـۆی قـین، باسی ئەوانە لێرەدا جێگەی نییە. لە نمونەی ئەوانەدا دەیوت: لە ماوەی حکومـەتی شـازادە میرزا تەقی دا، بناغەی زۆر یاسای تازە دانراوە، وەکئەوەی کاتی قـاتوقڕی، فەراشـەکانی حکومەت لەباتی ئەوەی ئاگایان لە خەڵك بێ، لە بازاڕدا دەگەڕان و بە زۆر شتیان لە خەڵك دەسەند.

لە (٢٠ / ١٠ / ١٨٨٠ن)دا[1]، ئۆردووی شێخزادە لە میاندواوەوە بـەرەو مەڵکـەندی چـوو. ئەمجارەیان تەماحی تاڵان، کۆمەڵـێ لە ژمارەبەدەری کۆ کردبووەوە. (٨ – ٩) هەزار سوارە و تفەنگچی خەڵکی بەرەڵلا و بێسەروبەری بێ چەکیش کـە لـە هـەموو لایەکـەوە بـە هیـوای تاڵانی کۆببوونەوە، لە (١٠)هەزار کـەمتر نـەبوون. بـەڵام ئـەم ئـۆردووە لەوپـەڕی بێسـەر و

---

[1] ٩ – ی زیقەعیدەی ١٢٩٧ کۆچی – ٢٢ / ٧ / ١٢٥٩ هەتاوی.

بەریدا بوون. نە مەزنێك، نە سەرۆكێك، نە فەرماندەیەك، نە رابەرێكیان هەبوو. هەر كەسێ بەدەسەڵات ببووایە دەبووە فەرماندە. چونكە ئەم لەشكرە گەورە و گرانە هیچ جۆرە ئازوخەیەكیان پێنەبوو. بەڵكو نانیان لە سابلاخەوە بۆ شێخزادە بەتایبەت دەهێنا. ئاغا و بەگزادەكانیش لە ئاواییەكانی خۆیانەوە دەیانهێنا. بەشێكیش لەم لەشكرە كەنەفت و زەبوونە، بەو دانەوێڵەیە دەژیان كە لە دێهاتە كاولكراوەكاندا بەجێما بوون. (١٠٠٠٠) كەسێك لەبەر نەبوونیی، ئازەربایجانیان دەرووتانەوە و زیاتر ئەو مەڕ و ماڵاتەی لە دەشت و دەردا بەر چنگیان دەكەوت تاڵانیان دەكرد.

شێخزادە كە داروباری ترسناكی لەشكرەكەی دی و زانی هۆردوو بێبژێو و برسین، ئەوسا لە خەوی بێخەبەری راچەنی و فەرمانیدا هەرچی ئازوخە لە دێهاتەكاندا هەیە، كۆی بكەنەوە و بیبەنە سابلاخ و لە رێگەی (نایبولحكومە)، كە كوڕی فەیزوڵلابەگە، بگاتە دەست حاجی سەیید ساڵحی موریدی تایبەتی شێخ.

بەمجۆرە نزیكەی (٧٠٠) بار دانەوێڵە لە چەند رۆژێكدا هەمار كرا. لەو كاتەدا شێخزادە لە مەڵكەندی بارگەی خستبوو.

گوڵاوی ئاغا بە تەنیا لە ماڵەوە دانیشتنی بە كارێكی بێهودە زانی و بۆ بەكارخستنی خەیاڵاتی خۆی، یانی یەكخستنی دیبوكرییەكان هاتە دڵێ و خۆی گەیاندە لەشكرەكە. ئەوسا لەگەڵ كەسوكار و خزم و خوێشەكەیدا كۆ بووەوە و راوێژی كرد. بۆی دەركەوت ئەوانیش دژی شێخن. ئینجا خان بابا خانی خستە پێش خۆی و ویستی كارە خوارەكانی شێخی پیشاندا، تا بەڵكو دڵی لە هاوكاریكردنی شێخ هەڵكەندرێ و دەست لە شۆڕش هەڵگرێ. كاتێ هەموویان پێكەوە دەچنە ناو چادرەكەی شێخزادە، گوڵاوی ئاغا سەرنجدەدا خان بابا خان پێچەوانەی پەیمانەكەیان سست بۆتەوە و ملكەچی و فەرمانبەری خۆی بە شێخزادە دەنوێنێ. گوڵاوی ئاغا گیانەسەر دەبێ و دەست دەكا بە خراپە وتن و قسەی ناخۆش كردن. دەڵێ ئەم چەشنە جووڵانەوە درندانە و كوشتوبڕە، كە پێچەوانەی ئایین و رەوشتە و لەگەڵ یاسای وڵاتگرتندا یەكناكەوێ.

شێخزادە كە دوای هاتنی گوڵاوی ئاغا بە هۆی یەكێ لە ئاغا دڵسۆزەكانییەوە نیازی خراپ و گەلە كۆمەكی دیبوكرییەكانی بۆ دەركەوت، بە گوڵاوی ئاغا دەڵێ: من لە تۆ باشتر ئاگاداری ئایینم و وڵاتگرتنیش بێكوشتار و تاڵان نابێ. گوڵاوی ئاغا بە پێچەوانەی ئەوەوە دەڵێ: من شەڕ ناكەم. ئەگەر بێتو ئێوەش ببنە خاوەنی مەملەكەت، من لەم وڵاتەدا نامێنم و دەچمە جێگایەكیتر. بەمجۆرە دەتۆرێت و لەوێ دەچێتە دەرەوە.

هەر لەم كاتەدا نامەیەكی هەڕەشە ئامێز لە شێخعوبەیدوڵڵاوە دەگاتە دەست شێخعەبدولقادری كوڕی، كە ئەم چەشنە ئاكارە و ئەم كوشتن و تاڵانەی میاندواو، هەمووی پێچەوانەی بیروڕا و رەفتاری ئەو بووە. لەولاشەوە هەمزە ئاغا ئاگادار دەكەنەوە كە دیبوكرییەكان قەستی كوشتنی تۆیان هەیە. ئیتر گوڵاوی ئاغا و برا و برازا و كوڕ و

تفەنگچییەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان. بەڵام دوای خۆرئاوا ڕێ دەگۆڕن و ماڵ و ژیانی خۆیان لەبەر دەستی دوژمندا بەجێدێڵن و لە بناو خۆ بە دەست هێزەکانی ئێرانەوە دەدەن. لەو سەروبەندەدا ئێرانییەکان لە بناودا مەتەرێزیان دامەزراند بوو. چوونی گوڵاوی ئاغا بۆ ناو ئۆردووی ئێرانییەکان مەترسی لەولا کەمتر نەبوو. چونکە ئەگەر شێخزادە سەر بکەوتایە، گیان و ماڵ و موڵك و ژن و منداڵی هەموو لە مەترسیی تیاداچووندا دەبوون. بەڵێ هەواڵی ناکۆکی و جیاوازیی بیروڕای ناو هێزەکەی شێخزادەی بە ئۆردووی ئێران گەیاند و تیژی کردن تا بچنە سەریان و پێی وتن کە نابێ لە زۆری ژمارەی سپای دوژمن بترسن. چونکە گەرچی زۆرن بەڵام برێکیان شەڕ دەکەن و ئەوانیتریان کەسوکاری خۆمن، یان دێبوکرین و لەگەڵ مندا پەیمانیان بەستووە، دەست ناکەنەوە. ئەمجار لەو سەرەڕێگانەدا، کە سەنگەر و مەتەریزی پێویست بوو، لەشکری ئێران گوێیان نەدابویە، سەنگەری پێدرووستکردن. گوڵاوی ئاغا بۆ لەشکری ئێران خێر و بەرەکەتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. دیار بوو ئەوەی سەبارەت بە لەشکرکێشیی و خەیاڵی پووچ و بێهودەی شێخزادە و ئاکامەکانی ئەم لەشکرکێشییە، کە بە نموونە هێنانەوە وتبوومان، لە دڵی گوڵاوی ئاغادا کاری کردبوو. ئەگەر ئاغاکانیتریش وەك ئەو لە سەرەتاوە قسەی شارەزایانیان ببیستایە، ئاگربڕی هەزار جۆرە خراپە و ماڵوێرانییان دەکرد.

کاتێ شێخزادە و هەمزە ئاغا بە ڕۆیشتنی گوڵاویئاغایان زانی، ئێجگار توورە بوون و بە چاوی خیانەت سەیری قەوم و خێڵی دێبوکرییەکانیان کرد و دڵڕەقانەتر هەڵوێستیان لە بەرامبەردا گرتن. تەنانەت دەیانویست ئاواییەکانی گوڵاوی ئاغا و خزمەکانی بسووتێنن، بەڵام چونکە محەمەد ئاغای مامش و دێبوکرییەکانیتر هاوکاری خۆیان بوون، ئەم کارەیان لەگەڵدا نەکردن.

لەم گیرودارەدا مەنگوورێك و پیاوێکی فەیزوڵڵابەگ لە سەر شتێکی تاڵانیی دەبێتە قڕەیان. وردەوردە وای لێهات کوڕانی هەمزە ئاغا و کوڕانی فەیزوڵڵابەگ بە پیاوەکانیانەوە تێوەگلان. هەرکەس دەست و پێوەندی خۆی جیا کردەوە، بەڵام شێخزادە ناوبژی کردن و ئاشتی کردنەوە.

دڵساردیی و دژایەتی نێوان دەستەودایەرەکەی شێخزادە و دێبوکری و هەندێ لە بەگزادەکان تەشەنەی سەند. بە جۆرێك کە ئۆردووەکە بوو بە دوودڵ و دوو دەستە. بۆ شەوێ دێبوکری و محەمەد ئاغای مامش و هەندێ لە بەگزادەکان چونکە زانیبوویان ئەوەی لە دڵیاندایە دەرکەوتووە و بە خاین ناویان دەرچووە، هەڵسان و یەکترییان دەنگ کرد و (١٠٠٠) کەسێك پیادە و سوارە، ڕەشماڵیان بەجێهێشت و بەرەو ئۆردووی ئێران بەڕێ کەوتن، دوای سەعاتەڕێیەك بەرەو بناو، لە ڕێگەدا بیریان کردەوە و لەو کارەی کردبوویان دڵکرمێ بوون و لەبەر دوو هۆ گەڕانەوە. یەکەم: دەیانوت چۆن لەم ئۆردووەی ئێران دڵنیا بین؟ لەوانەیە هەر لە خۆوە بێ پرسوڕا هەمووممان بگرن و بمانکوژن. ئەگەریش بڕوامان

پێبکەن، کەی بە قسەی ئێمە دێن و لەگەڵماندا لەشکری شێخزادە دەشپرزێنن؟ کە وابێ شێخزادە و هەمزە ئاغا بەیانی بەرلەوەی خۆر هەڵبێ بەم کارەی ئێمە دەزانن و لە تۆڵەیدا ئاوابییەکانمان ئاگر دەدەن و ژن و منداڵمان بە دیل دەگرن. چاکتر وایە بگەڕێینەوە و دیسانەوە رەشماڵ دامەزرێنین و بێلایەن دانیشین و بزانین سەرئەنجام چ دەبێ.

بەیانی شێخزادە سەیر دەکا هۆردوو شپرزە و زۆربەشیان بە هیوای تالان پەرتوبڵاو بوونەتەوە و شیرازەیان هەڵوەشاوەتەوە، لەولاشەوە هەواڵ دێت گوایە (٦٠) مەنگوور و (٥٥) پیادە و (٥) سوارەیتر، کە لە تالانی گوندەکانی دەوروبەری مەراغە گەڕاونەتەوە، لە نزیك مەراغە تووشی سەرباز و سوارەی مەراغە دەبن، چواریان دەرباز دەبن و ئەوانیتر هەموو دەکوژرێن.

شێخزادە فەرمان دەدا کە بەرەو بناو بجووڵێن. کارێزە بازار کە لە نیو قۆناغەرێی بناو دایە، دەکاتە بارەگای لەشکرە سەرەرۆکەی خۆی و لەوێوە لە سەر تەپۆڵکەکانی دەوری شارەوە هێرش دەباتە سەر بناو، هەر کە لە شاریش نزیك دەبنەوە، فەرمان بە لەشکر دەدا کە هەموو پێکەوە لە سەر تەپۆلکەکانەوە شۆڕ ببنەوە و لە شیوەکانەوە هەڵمەت بەرن. بەیداخەکەش دەداتە دەست سەیید کەمال و دەیخاتە پێش لەشکرەوە، خۆیشی بە دەنگی بەرز و زوڵاڵ خەڵکەکە هاندەدا بۆ هێرشبردن. نزیکەی چارەکە سەعاتێ بە هەموو جۆرێ لەشکرەکەی خۆی بۆ جەنگ هان دەدا، بەڵام ئەوانەی نەیاندەویست شەڕ بکەن هەریەکە لەگەڵ دەست و پێوەندی خۆیاندا لە شیوو دۆڵەکاندا خۆیان دەخلافاند و هیچ بە تەنگی سەرکەوتنەوە نەبوون، ئەگەر جارجار تەقەیەکیان بکردایە، بێئامانج و رووی تفەنگەکانیان دەکردە ئاسمان.

شێخزادە لەبەرئەوەی شەرمەزاری خۆی نەبێ و بە هۆی لووتبەرزییەوە لەگەڵ سوارەی خۆی و هەمزە ئاغا و مەنگوور و زەرزا و زوودی و پیران و عەزیزی فەتاح و مینا ئاغای قادر ئاغا، بە هەموویانەوە ٤٠٠ –٥٠٠ سوار و ٣٠٠ پیادە دەبوون، دابەزین و لە خوار تەپۆڵکەکان و پشت دیواری باخەکانی بناوەوە دەست دەکەن بە شەرکردن و بێپسانەوە وەك تەرزە، گوللەی تفەنگی مارتینی بە سەر چادری ئێرانییەکاندا دادەبارێنن و کونکونی دەکەن، ولاغ و چوارپای زۆر، کە لە پشت سەنگەرەکانەوە بوون تیاچوون. بەڵام خەڵکەکە لە پشت سەنگەرەکانەوە پارێزراو بوون و پەیتاپەیتا تۆپیان دەتەقاند. سەرۆکەکانیش لە چادرەکانی خۆیاندا سەنگەری قووڵیان بۆ خۆیان هەڵکەندبوو، خۆیان دەپاراست؛ کە جگە لە هەندێ نۆکەر و پێشخزمەت نەبێ، کەس نەکوژرا. ئۆردووی شێخزادەش چونکە دوور و لە سەر تەپۆڵکەکان و ناو شیوەکاندا بوون، ئەوانیش ئەوەندەیان زیان لێنەکەوت. لەولاوە سوارەی کورد گەرەکەکانی دووره شاریان تالانکرد و ئاگریاندا و تێی رژان. هەر کوێیەکیش دەستیان بیگەیشتایەتێ بە گوێرەی توانایان کاولیان دەکرد.

ئەو کوردە سوارە و پیادانەی کە بە گەڕەك و باخەکانی شاردا بڵاو بوونەوە و بە دەستی ئاغا عەلی قازی و خەڵکی بناو، کە دەستەدەستە بۆ پارێزگاری شار دەگەڕان - دەکوژران. چەندان جاریش بە فەرمانی شێخزادە کوردی پیادە بە خەنجەری رووتەوە هەڵمەتیان بردە سەر تۆپەکان. بەڵام سوارەی بەختیاری بە فەرمانی محەمەد حسەین خان و بە هاوکاری سوارەی‌تر لە سەنگەرەکانەوە دەهاتنە دەرەوە و پێشیان دەگرتن. سوارەکان دەپانزەیەکیان لێ‌دەکوژن و ئەوانیتر هەڵدێن. دە رۆژ و دە شەو بڵێسەی ئەم شەڕە هەر دایسا. لە هەردوولاوە گوللەی بێ‌شومار تەقێنرا. بەڵام هەر چەندە ئەوان بە تفەنگی مارتینی دەستریژیان لەمان دەکرد. ئەمان بە گوللە تۆپ وەڵامیان دەدانەوە.

شێخزادە لەبەر بێ‌لایەنی بەشێکی گرنگی لەشکر و بڵاو بوونەوەیان و بێ‌بژێوی و بێ‌کەڵك بوونی ئەم شەڕە و بە هۆی ئەوەوە کە تفەنگی ئەمان دەگەیشتە سەنگەرەکانی ئەوان، ئۆردووی کێشایە دواوە بۆئەوەی لە گوللە تۆپەکانیان کە زەندەقیان لێی چووبوو، دوور بکەوێتەوە. لە کاتێکیشدا کە شێخزادە لە ژێر بورجەکەدا خەریکی چا خواردنەوە دەبێ، گوللە تۆپێك بەر بورجەکە دەکەوێ و خانووەکە دەلەرێنێتەوە، شێخزادە دەتۆقێ و هەڵدێ و تا کارێزەکەندی ناوەستێ و شەو لەوێ دەمێنێتەوە و بەیانی بەرەو مەڵکەندی دەگەڕێتەوە. هەر چەندە مەراغە بە قەد بناو بورج و قەڵا و سەرباز و کەرەسەی تیا نەبوو و داگیر کردنیشی زۆر ئاسان بوو، بەڵام شێخزادە هەر رووی نەکردە ئەوێ. شێخزادە لەوە دەترسا لە نێوان دوو شاردا گیر بخوا و مەترسی گەورەشی تووش ببێ. لە لایەکی‌تریشەوە بە هیوا بوو دوای ماوەیەك دیسانەوە بگەڕێتەوە و بناو بگرێ و دوای ئەویش مەراغە داگیر بکات. لەم شەڕەدا وەك لە دواییدا دەرکەوت نزیکەی (٣٠٠) کورد چ لە سەنگەردا و چ لە گەڕەکەکانی بناودا کوژران.

تەنیا هۆیەك کە بووە مایەی ئەوەی بناو نەگیرێ، ئەمە بوو کە زۆربەی دیبوکرییەکان نەکەوتنە شەڕەوە و بێ‌لایەن دانیشتبوون، ئەگینا بە (١٥٠٠٠) کەسی یەکگرتووەوە کارێکی ئاسان بوو. چونکە لە سێ فەوج سەرباز زیاتر و چەند دەستە سوارێکی‌تر لە بناودا نەبوون. لەم کاتەدا گوندنشینەکانی دامێنی بناو هەموویان لە عەجەبشێر کۆ ببوونەوە و چووبوونە سەنگەرەوە و خۆیان بۆ شەڕی کورد ئامادە کردبوو. سوارەی کوردیش کە (٥٠٠) کەسێك دەبوون، لەوێ نائومێد بوون و ئاواییەکانی‌تریان تاڵان دەکرد و دەرۆشتن.

لەم سەروبەندەدا کاکەڵڵا خانی برای هەمزە ئاغا و برێ لە خزم و کەسی لەبەرئەوەی پێشبینی ئایندەیان کردبوو و سەرئەنجامی ئەم شۆرشەیان بۆ دەرکەوتبوو، هەروا لەبەر برێ کۆنە قینی کە لەگەڵ هەمزە ئاغادا بوویان کەوتنە تەشقەڵە و دەسکەوتە بێ‌ئەندازەکەی لەم شەڕەدا هەڵگرت و بە سوارەی مەنگورەوە کە لە دەست و پێوەندەکانی خۆی بوون، لە ئۆردودا برا. بە هیوای ئەوەی لە سنووری ئێران دەرچێ و بگاتە خاکی عوسمانی و بەرەو موڵکەکانی خۆی بگەڕێتەوە. بەڵام لەسەر سنوور رێی دەرباز بوون بەسترا بوو. سەربازی

عوسمانی لە هەموو لایەکەوە بەرگری گەڕانەوەیان دەکرد. ناچار گەڕایەوە ناوچەکەی خۆی بەڵام دیار بوو هێشتا ئەو تاڵانییە تێری نەکردووە. لەبەر چاوچنۆکی و بە هیوای هێنانەوەی تاڵانیتر، (٨٠) سواری خۆی بەرەو بناو رەوانە کرد بۆئەوەی کاتێ ئەو وڵاتە بکەوێتە ژێردەسەڵاتی لەشکری خراپەکار، لە تاڵان و بڕۆی ئەوێدا بێبەش نەبێ، بەڵام چونکە سوارەکان بۆیان دەرکەوتبوو کە بناو ناگیرێ، رەنج بە با و دڵتەنگ بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە.

شێخزادە یەك دوو رۆژ لە مەڵکەندی مایەوە، ئەوسا لەوێوە چوو بۆ چلیك. لەوێ لەبەر بێبژیوی و برسێتی، سوارە و پیادەی ناردەوە.

ئێمە لە شاردا بووین، چاومان لێبوو پیادەکانی زەرزا و مەرگەوەڕ لەوێوە تێپەر دەبوون، لەبەر برسێتی کەوتبوونە کوڵانان و هەرچییەکیان بەر دەست بکەوتایە لە توێکڵە کاڵەك و گەڵا کەلەرم و چەوندەر و لەو جۆرە شتانە دەیانخوارد.

لە چلیك شێخزادە و هەمزە ئاغا، سوارەی قەرەپەپاخ و مامش و سەرۆکەکانیان ناردنەوە، چونکە لە دەروونەوە ئەمانەیان بە خاین و نەیار دەزانی و مانەوەیان هەر دەبووە هۆی خراپە و دووبەرەکی و خەیاڵی تۆڵەسەندنەوە داوایان لێکردن بچنە ناو ئۆردووی شێخی گەورەوە کە لەو کاتەدا هێرشی هێنا بووە سەر ورمێ، نامەیان بۆ شێخ نووسی و باسەکەیان گێڕایەوە و داوایان لێکرد لەباتی ئەم چەشنە سوارانە سواری ملکەچ و بە دڵ خزمەتگوزار بنێرێ.

محەمەد ئاغای مامش بە سوارەی خۆی و قەرەپەپاغەوە لە ئۆردووی شێخزادە جیا بوونەوە، لەباتی ئەوەی لەگەڵ شێخی گەورەدا یەك بکەون، هەر کەس گەڕایەوە ناوچەکەی خۆی و چاوەڕێی رووداوی تازە بوون.

سەلیم خان کە گوندەکانی کەوتبوونە قەڵەمرەوی موکریانەوە، هەر لە سەرەتای ئەم شۆڕشەوە چۆڵی کرد بوون و لەگەڵ سوارە ئازاکانی خۆیدا چووبوونە شوێنە قایمەکانەوە کە لەبەر سەختی پێیان دەوترا (تەلیسمات)، ئیتر لەوێوە بەرامبەر بە دوژمن سەنگەر هەڵدەکەنێ و جارجاریش هێرشێ دەکاتە سەریان و دەستیان لێ‌دەوەشێنێ و چەند کەسێکیان لێدەکوژێ. جارێکیان کۆمەڵێکی زۆری ئەم قەرەپشییانە بۆ دزیکردن دەچنە گوندەکانی نزیك مەراغە. سەلیم خان چەند کەسێك لەمانە دەکوژێ و سەریان دەبڕێ و ئەوانیتریشیان تەفروتونا دەکات. سەلیم خان تەنیا کەسێکە کە لە بەرامبەر لەشکری شێخزادەدا خۆی گرتووە و ئازایانە هەموو جۆرە زیانێکی بە لەشکری شێخزادە گەیاندووە و تا دوایین ساتیش هەنگاوێکی بەرەودواوە نەناوە بەمجۆرە دلێری و پیاوەتی و خزمەتکردنی بە دەوڵەت و بە خەڵکیش لەبەر چاو بوو.

شێخزادە کاتێ لە چلیك بوو. لە گەڕانەوەیدا بەرەو بناو (٥٠٠) سواری هەڵکەوتووی هەڵبژاردو ناردنیە سەر سەلیم خان تا خۆی و داروودەستەکەی تەفروتونا بکەن و بیانکوژن و

نەیەڵن بچنەوە ناو لەشکری بناو. بەڵام ئەم سوارانە دوای سەعاتە ڕێیەك داروبارەکە هەڵدەسنگێنن و لە ترسی ئەوەی نەکا لە لایەکەوە یارمەتی زۆر گەیبێتە سەلیم خان و زۆربەی ئاغایان دانیشتوون و خۆیان لە مەترسی پاراستووە و ئەمانیش مەرگ و لە ناو چوونی خۆیان ناوێ و هەروا دەگەڕێنەوە.

شێخزادە کە ئەم هەڵسوکەوتانەی لێدەدین نەیدەتوانی خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێ، بۆیە گەڕانەوەی سابلاخی کەوتە سەر، تا لای باوکییەوە نامەی تازەی پێدەگات.

لەم کاتەدا ئاغایانی موکری جگە لە چەند کەسێکیان کە بە دڵ لەگەڵ شێخزادەدا بوون وەك سەرۆکەکانی زەرزا و مەنگووڕ و زوودی و پیران، مۆڵەتیان خواست بۆئەوەی بڕۆن و دوای چەند ڕۆژێکی‌تر بە هێزی‌تر و ئامادەترەوە بگەڕێنەوە. دوو ڕۆژ دوای ئەم مۆڵەت خواستنە، خانباباخان کە لەلایەن شێخزادەوە کرا بووە فەرمانڕەوای سابلاخ لە گوندەکەی خۆیەوە ڕوو دەکاتە لەشکری ئێران و تێکەڵیان دەبێ. ئاغاکانیتر بێ‌ئەوەی بچنەوە ناو شار لە جێی خۆیانەوە چاوەڕێی نزیکبوونەوەی ئێرانییەکان دەکەن، تا وەك خانباباخان تێکەڵیان بن.

لە (٢ – ١١ – ١٨٨٠ز)(٢٧ زیقەعیدە – ی ١٢٩٧ کۆچی ١٠ – ٨ – ١٢٥٩ هەتاوی)دا کونسولی ئینگلیز لە ورمێ گەیشتە سابلاخ و نامەی تایبەتی لە شێخی گەورەوە بۆ شێخزادە هێنا بوو. شێخزادەش هەمزە ئاغا و عەزیزی فەتاح و مینا ئاغا و قادر ئاغای بە (١٠٠) سوارەوە خستە تەك تا لە خاکی موکری بیپەڕێننەوە. ئەوانیش تا گردە ڕەش لە گەڵیدا چوون کە دەکەوتە چوار قۆناغەڕێی میاندواو، لەوێ ئیتر بەجێیانهێشت و دوو ڕۆژ دوای گەشت و گەڕان بەو ناوەدا گەڕانەوە بۆ شارەکەی خۆیان. کونسولی ئینگلیزیش وەك خۆی گێڕایەوە چووە بناو و دیداری سەر کردە و فەرماندەکانی کرد و هانیدان بۆئەوەی هێرش بکەنە سەر دوژمن و لەبارەی هێز و توانای دوژمنەکەیانەوە ئاگاداری کردن.

حەسەنعەلیخانی وەزیری (فەواید) بە فەوجی گەڕووسی لەگەڵ قادر ئاغادا کە لەو ڕۆژەوە هەڵاتبوو چووبوو بۆ گەڕووس لە لای وەزیر بوو. گەیشتنە نزیکی مەراغە. خەڵکی ئەم شارە ئاگاداری ئاکارە شەڕانییەکانی قادر ئاغا و مینا ئاغای کوری بوون، لەبەرئەوە ڕێیان پێنەدا بچێتە ناو شار و میوانداریيان نەکرد. قادر ئاغا ناچار دەبێ شەو لە ئاواییەکی نزیك مەراغەدا ڕۆژ بکاتەوە. حەسەنعەلیخان دەچێتە ناو شاری مەراغە و خەڵکەکەش بە جوانی پێشوازی لێدەکەن، ڕۆژی دوایی فەوجەکەی خۆی هەڵدەگرێت و لەگەڵ قادر ئاغادا دەچن بۆ بناو.

بەڵام لەشکری ئێران لەوکاتەدا کاتێ لە دەست خۆی‌دا بوو و چەند ڕۆژێك چاوەڕێیان کردبوو. لە (٥ – ١١ – ١٨٨٠ز)(١ زیحەجەی ١٢٩٧ کۆچی – ١٣ – ٨ – ١٢٥٩ هەتاوی)دا بەرەو چلیك ڕێ‌دەکەوێ. ئۆردووی ئێران دەگاتە چلیك بە (٦٠٠٠) پیادە و (٥٠٠) سوارەوە دەیتوانی گورج بکەوێتە شوێن لەشکری شێخزادە کە بە هەموویانەوە مشتێ

سواره و پیادەی سەرلێشێواو بوون لە سابلاخدا، ئەم کارەش زۆر ئاسان و بێقۆرت بوو. کەچی لە بری ئەوە، ئەم چەند رۆژەیان هەروا بەسەر برد. هەر چەندە گولاوی‌ئاغا هێز و دەسەلاتی لەشکرەکەی شێخزادەی بە ئیعتیمادوسەلتەنە راگەیاندبوو و داواشی کردبوو هەزار سواری بدەنێ تا بچێ و دەوری شار بگرێ و هەمزە ئاغا و شێخزادە یان بگرێ یان بیانکوژێ، بەلام داخوازییەکەی پەسەند نەکرا بوو.

لە چلیك دوو خزمی گولاوی ئاغا: سمایل ئاغا و باییز ئاغا ملکەچی و فەرمانبەری خۆیان بە ئیعتیمادوسەلتەنە رادەگەیێنن و وا بە باش دەزانن بەو زووانە بکەونە شوێن شێخزادە.

لەم ماوەیەدا (٥٠٠) سوارەی شاهسەوەن لە سەر داوای خۆیان بە سەرۆکایەتی فەرزی خان و نەجەفقولی یۆرتچی لە تەورێزەوە هاتبوون، بێئەوەی لە چلیك تێکەلاوی ئۆردووی ئیعتیمادوسەلتەنە بن، لە رێگەیەکی‌ترەوە دەچنە ناو خاکی موکری و تێکرای بەفرەوان و قوسقولان[1] و قزلجە تالان دەکەن و دەیسووتێنن و کۆمەلێکی زۆر لە ژن و پیاو دەکوژن و بە تالانی زۆر و سەری براوی کوژراوەکانەوە تێکەلاوی ئۆردووی ئیعتیمادوسەلتەنە دەبن. ئیعتیمادوسەلتەنەش لە سەرەتادا لەوەی سەربەخۆ کاریان کردووە، سەرۆکەکانیان سەرکۆنە دەکات و فەرمان دەدا تالانییەکانیان لێبسیننەوە، بەلام سوارەی شاهسەوەن دەلێن فەرمانی کوشتار و تالان و دیل کردنمان لە تەورێزەوە پێدراوە، ئەگەر تۆش قایل نەبیت تێکەلاوی هۆردوونابین. دوای ئەم وتووێژە تالانییەکانیان پێدەدەنەوە شاهسەوەنەکان دیسانەوە خوازیار دەبن بدەن بە سەر شێخزادە و هەمزە ئاغادا، بەلام ئیعتیمادوسەلتەنە رێی پێنەدان.

لەم کاتەدا شێخزادە بە (٤٠٠ – ٥٠٠) کەسەوە لە شاردا دەمێنێتەوە، بۆی دەردەکەوێ هیچکام لە ئاغا و بەگزادەکان ناگەرێنەوە شار. چەند کەسێکیشیان لەگەل ئێرانییەکاندا رێکەوتوون. دەزانێ دەرەقەتی ئۆردووی ئێران نایە، توورە دەبێ و چەند ئاواییەك لەوانەی کە لەگەل ئێرانییەکاندا هاو پەیمانن ئاگر تێبەر دەدا و دەگەرێتەوە ناو شار. لەگەل هەمزە ئاغا و زەرزاکاندا خۆیان ئامادە دەکەن تا لە شار دەرباز بن. خەلکیش هان دەدەن بۆئەوەی شار چۆلکەن.

دوای رۆیشتنی ئەوان دەستەیەك سوارەی مەنگوور، کە دوا کەوتبوون، دەکەونە کولان و بازار و هەلدەکوتنە سەر گوزەری بازرگانانی ئێرانی کە تا ئەو کاتە دەستیان بۆ نەبرا بوو. بەلام خەلکی شار دەست دەکەنەوە و تەقە لە هەردوولاوە دادەمەزرێ و چەند کەسێك لە هەردوولا دەکوژرێ. سەرەرای ئەمەش هێشتا هەر دوانزە دوکانی کاسبکارانی کورد دەشکێ و تالان دەکرێ. شێخزادە لە ترسی ئەوەی نەك تووشی ببێ بە تووشی لەشکری ئێرانەوە، رێی لاجان دەگرێتە بەر تا لەوێوە بگاتە شنۆ و مەرگەوەر.

---

[1] قزقەلاشی پێدەلێن.

به باوەری نووسەر: گەرچی سەرەتای رووداوەکان لە میاندواوەوە بووە هۆی مەرگ و خوێنرشتن و تالآنی و کاولی و ئێمە یەکەم کەسێك بووین بۆ خووی دڕندەیی و شێتیی بنەچەی مرۆڤ گریاین و فرمێسکمان رشت و وتمان ئەمەش مێژوویەکیتری فاناتیزمە و دەستکەوتەکانی ئەمەیە، کە راستە دەسەلآتی پێشەوایانی ئایینی هەمیشە بۆ دنیا زیانی هەبووە، بەلآم ئەگەر کەسێ باش ورد بێتەوە تێدەگا کە لە کارەساتی میاندواودا، لە ناو بردنی خراپە بە خراپترکراوە. بەمجۆرە ئەم سەرەتایە بووە هۆی لێکبرانی هەموو ئاغایانی موکری. لە پێشدا قادر ئاغا لێیان بێزار بوو و ئەوانیتریشی هاندا. شێخی بە مرۆڤێکی بێمێشك و نەفام لای ئەوان نواند، کە گوایە خۆی و ئەو رێگەیەی گرتویەتییە بەر، هۆی لەناوچوون و زیانە بۆ هەموو خەلکی موکریان. کوشتار و تالآنی میاندواو بووە هۆی لێکپچڕانی لەشکری شێخزادە و دواکەوتنی هێرشەکەی بۆ سەر ناوچەکانیتر تا ئەو کاتەی یارمەتی لە ئێرانەوە گەیشت. ئەگەر وا نەبوایە و ئۆردووی بێوەستان و بە کۆمەل و بە هەموو توانایەوە، هێرشی بکردایەتە سەر بناو و مەراغە کە (ئەو کات هێزی شەڕکەری تیا نەبوو، خۆشیان توانای بەرگرییان نەبوو) ئەم شوێنانە ناچار خۆیان بە دەستەوە دەدا و دەرپەڕاندنیان دەبووە کارێکی دژوار و دەبووە هۆی خوێنرشتنی پەیتاپەیتا و برێ رووداوی ناشایست و ناخۆش روو دەدا کە دژ بە ئابرووی میللەت بوو، ئەوانەی کە زانا و بینان و سەریان لە سیاسەت دەردەچێ تێدەگەن. ئەوەش بلێین کە ئەم یەکێتییە پێویستی بە کوشتن و تالآن نەبوو. هەموو تەکبیرێکی سەربازی و ئەرك و کاریان بە دەست هەمزە ئاغاوە بوو، ئەویش وای بیر دەکردەوە، هەقیشی بوو، ئۆردوویەکی ئاوا برسی و تینوو و رەش و رووت و بێپارە هەلناکا، بۆیە ئەم کوشتار و تالآنە چەشەی کردبوون و هەر لە سەرەتای لەشکرکەشییەوە کوشتن و برۆیان کردبووە مەرجی کارەکە، لەبەرئەوە بوو لە سەفەری دووەمیدا، ئەوەندەی لەشکر لێکۆببۆوە ئەم هەلە گەورەیە بە قازانجی دەولەتی ئێران تەواو بوو. بەر لەوەی لەشکری شێخزادە لە بناو پاشەکشێ بکات و بێتە ناو ئێمە، شارمان بەجێهێشتبوو چونکە دەمانزانی لەشکر دێت و شێخزادە و هەمزە ئاغاش کە خۆیان بە لاواز دەبینی و ئاغاکانیش بلاوەیان لێکردووە، ئەوە یا دەبێ دەرباز بن، یان راوەستن و لە بەرامبەر لەشکری ئێراندا خۆ بگرن. ئەگەر هەلێن ئەوە لەگەل دەرچوونیاندا تاقمێ رێگریان ئەوەندەی بتوانن زیان لە خەلکی شار و لە شار دەدەن، ئەگەریش بمێننەوە ئەوە لەشکری ئێران شار دەداتە بەر تۆپ. لە هەموو سەرێکەوە ئاسایش لە ئێمە تێك دەچوو! لەبەرئەوە چووین بۆ گوندەکانی مەجید خان لە نزیکی میاندواو، لەوێ هاتنی لەشکری ئێران بۆ تیکانتەپە و هەوالی مەرگی سەرداری مەزنی لەشکری ئێران (هەمزە میرزا) و چ لە باری راگرتنی ئۆردوو و چ لە بابەت سزادانی کوردانەوە هەموویمان بیست. لەوێشەوە چووین بۆ محالی شاروێران، کە لە نێوان چلیك و سابلاخدایە و بریتییە لە پەنجا ئاوایی پڕ پیت و بەرەکەت. ئەم دێهاتانە هەموویان لەلایەن سەرباز و لەشکری ئێرانەوە تالآن و چۆل

کرابوون. کە گەیشتیینە لەج، تووشی رەحیم خـان بووین، بـۆ سـابلاخ دەچـوو، تـا ببێتـە جێگری فەرمانداری ئەوێ (نایب‌الحکومە)، خان‌باباخانی کـوڕی مـەجید خانیشـی لەگـەڵدا بوو.

لێرەدا حاجی بایەزید و قازی و شیخولئیسلامم لە شـاردا چـاو پێکـەوت کـە بـە هـەزار چەرمەسەری لە دەست لەشکر دەرباز ببوون و خۆیان گەیاندبووە لەشکری ئێران بۆ دەربڕینی ملکەچی و فەرمانبەری حاجی سەیید بایەزید لە نێوان قسەکانیدا وتـی: هـەر ئـەو رۆژە کـە تفـەنگی مـارتینیم لـە دەسـت خێـڵ و عەشـایردا بینـی، وتـم ئـەوەی رۆژی مـن رەش بکـا، شتێکی‌ترە، کە چەکێکی نادیارە، بەڵکو چەکی فیتنە و خراپەکارییە لە دەست ئەم تاقمەدا و هەرگیز بۆ دەوڵەت باش نییە. لەم بارەیەوە چەند جار هەواڵم ناردە تاران و بەرپرسانی وڵاتـم لەم مەبەستە ئاگادار کردەوە. بەڵام وەڵامیان نەدامەوە. جارێکیش لە تـەورێزەوە فەرمانبـەرێك هاتبوو بۆ موکریان.بۆ کۆکردنەوەی چەکەکان، بەڵام بەرتیل کاری خۆی کرد.

ئاوایی لەج و (٢٠) گوندی‌تر، چ گوندەکانی مەجید خان و چ گوندەکـانی‌تر بـە دەسـت رەعییەتی رووسەوەن و تا ئەوکاتەش لە تالان و بڕۆی لەشکری کورد پـارێزرا بـوون، چونکـە ئەم ئاواییانە چ لەلایەن تەورێزەوە پێش بزووتنی لەشکری ئـێران و چ لـە بنـاوەوە بـە نامـەی تایبەتی ئیعتمادوسەڵتەنە داوای پاراستنیان کراوە و دەبوایە لە زەبری سـپای ئـێران بـە دوور بوونایە، بەڵام بە پێچەوانەوە سەربازی گەرووسی تالانیان لە لەج – ەوە دەست پێکـرد. لـەم کاتەدا هەر تەنیا چوار گوندی ئاوەدان بە خەڵکەکەیەوە مابوونەوە: قەرەقشلاخ کە لەشـکری ئێرانی لە پاڵدا بوو، ئیندرقاش کە حەوسەد ماڵە و موڵکی قادر ئاغایە، دارەلەك کە زۆربـەی دانیشتووانی ئەرمەنین و قومقەلا، ئەمانەش هەر جێی مەترسی بوون.

ئیعتمادوسەڵتەنە لەشکرەکەی لە چلیکەوە بەرێخست و لە قەرەقشلاخی موڵکـی گـولاوی ئاغادا چادری بۆ هەڵدان، لەوێ لە سەر داوای ئەو ئاغایانەی ملیان دابوو، ئیعتمادوسەڵتەنە فەرمانیدا بەو سەرۆك سەربازانە، کە گوندە چۆڵەکان دەپارێزن لە تالان و سـووتاندنی ئـەو لەشکرە بێ‌شیرازەیەیان بپارێزن کە پۆل‌پۆل بە نیازی تالانی لەوپەڕی جەغەتووەوە روودەکەنە ئاواییەکان. بەڵام سەربازیش هەر چەند رۆژێك ئاگایـان لێیـان‌بوو و دوایـی ئـەوانیش لەگـەڵ تالانکەراندا یەکیان گرت و پێکەوە خەریکی راو و رووت بوون، ئیتر چ ئاوایی ئاغاکانی سەر بە دەوڵەت و چ ئاواییەکانی شارۆیران بەو بۆنەیەوە پێشێل و کـاولکرا ن و کەسـێکیش نـەبوو سزایان بدات.

قەرەپەپاخ هەر کە هەواڵی هەڵاتنی شێخزادە و بە رێکەوتنیان بـەرەو شنۆ، بیسـت لـە ترسی ئەوەی ئەو ئاواییانەیان کە لە سەرە رێگەدان و کاول و تالان نەبن، بە پەلە دێنـە لای ئیعتیمادوسەڵتەنە و داوای یارمەتی لێدەکەن. بۆئەوەی بڕۆن و بەرەنگاری شێخزادە بن و ئەم بەڵایە دوور بخەنـەوە، ئیعتیمادوسـەڵتەنەش (٧٠٠) سـواری شاهسـەوەنیان دەخاتـە تـەك و فـەرمانیان پێدەکا کـە دەبێ بگەنـە شـنۆ و لـەوێ شـەڕی شـێخ بکـەن. رۆیشـتن و دوای

تێکەڵچوون و کوشتار، هەندێ لە قەرەپەپاخەکان دەکوژرێن. سەرئەنجام شنۆ داگیر دەکەن، شێخزادە دەبەزێنن و سەرلەبەری شنۆ تالان و کاول دەکەن.

ئێمە چەند رۆژێك لە دارەلەك بووین، رۆژی دووەم لەگەڵ برای تاجرباشی رووسدا چووین بۆ ناو لەشکر، کە قۆناغ و نیوێك لەوێوە دوورە. دەشت و دەر پڕ ببوو لەو سەرباز و سوارە و پیادانەی کە لەوبەر جەغەتووەوە بە نیازی راووڕووت و چنینەوەی داهاتی گوندە چۆڵەکان هاتبوون. دوایی چووینە ناو ئۆردوەکەوە و چادرگەلێکی یەگجار زۆرمان دی. لە سەرەتادا چووینە ناو چادرەکەی حاجی سەدەرودەولە، کە کرا بووە فەرمانداری سابلاخ. دانیشتبوو نوقمی بیر و خەیاڵ بوو، لە پێشدا برێ وردە باسمان لە بابەت قازانجی تایبەتی خۆمانەوە بۆ کرد و دوایی باسی ئەو هەڵانەی ئیعتیمادولسەڵتەنەمان بۆ کرد کە لە گرتنی شێخزادە و هەمزە ئاغا و تەمێ و سزادانی یاخییە کوردەکاندا کردوونی و هەمووشی پێچەوانەی تەکبیر و دژی قازانجی لەشکرەکە بوون. وتیشمان، ئەم هەڵسو کەوتە پڕ هەڵانە بووە مایەی ئەوەی یاخی و خراپەکارە دەستڕۆیوەکان و تاوانبارە سەرەکییەکان هەموو دەرباز بن و بەردەست نەکەون.

بە سەدرولدەولەم وت من یەکێکم لەو خێرخوازانەی دەوڵەتی ئێران و ئاواتم ئەوەیە ئەم کوردە دڕندە و عەشایەرە بێڕەوشتە کێوییە، بەقەرایی ئەوە سزا بدرێن کە ئەم هەموو زیانەیان بە خاکی ئێران گەیاند و ئەو هەموو خوێنەیان بە ناڕەوا رشتووە. بۆئەوەی دەستکەوتێکی وەهای ببێ، رێوڕەوشتێکی دیکە پێویست بوو. یەکەم ئیعتیمادولسەڵتەنە دەبێ ئۆردووەکەی خۆی بێنێتە سەر یاسایەکی رێکوپێکی وا کە هیچ کەس، بێفەرمانی ئەو نەتوانێ کوردێك سزا بدات، بۆئەوەی ئەوان ئاوا نەتۆقن و ئاواییەکانی خۆیان چۆڵ نەکەن و هەڵنەیەن. هەروەها دەبێ هەموو ئاغاکان دڵنیا بکەنەوە و لە ئاواییەکانی خۆیاندا نیشتەجێیان بکەن. بە مجۆرە دەتوانێ وایان لێبکات کە لە گەڵ پیادە و سوارەی خۆیاندا تێکەڵاوی ئۆردووی ئیران ببن و ئەوسا دابەشیان بکات و بیاننێرێتە سەر هەمزە ئاغا و شێخزادە و مینا ئاغا و عەزیزی فەتاح و تێکرای سەرکردە گەورەکانیتریان کە بیانگرن و بیانکوژن و هەروەها هانیان بدا بۆ کوشتار و تالانی هەموو ئەو شوێنانەی عەشایەری مەنگووڕ و زوودی و پیران و زەرزایان لێیە، کە هەموو خەلکی موکریانیش بەمە رازین کاربەدەستی بکاتە سەر ئەو گوندانەی شێخ کە لە خاکی ئێراندایە و داگیری بکات، ئینجا فەرمان دەرکات بۆ هەموو ئاغا و بەگزادەکان و دەست و پێوەندەکانیان تا هەرچی ماڵاتێکی مەراغەیان بردووە بیاندەنەوە دڵنیام بەمە هیچ نەبێ نیوەی ماڵ و تالانییەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە. دوای ئەو کارانە و بۆ رێکخستەوەی سەرەتای هەموو کارەکانی دەبێ هەموو ئاغا و بەگزادەکان بانگ بکرێنە تەورێز یا لە سابلاخدا کۆ ببنەوە و لە کۆڕێکی دادگایی کردندا هەڵسوکەوتیان چ پێش شەڕ و چ دوای شەڕ هەڵسەنگێندرێ و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێ تا سزای تاوانبارە سەرەکییەکان بدرێ و دەست بە سەر موڵکەکانیاندا بگیرێ و هەر کەسیش بە

گوێرەی تاوانی خۆی سزا بدرێ و لە وڵات دوور بخرێتەوە. ئەو چەند کەسانەش کە سەر بە دەوڵەت بوون و بەرژەوەندی دەوڵەتیان لەبەرچاو گرتووە، نەك هەر شەڕیان نەکردووە بەڵکو خزمەتیشیان کردووە، ئەوانەش بە قەدەر خۆیان ئاوڕیان لێبدرێتەوە و سۆز و خۆشەویستییان بەرامبەر بنوێنرێ. بەمجۆرە هەم بەرژەوەندی دەوڵەت دەپارێزرا و هەم بارێ لە ئەستۆی ئەم کۆمەڵە سووکتر دەبوو، هەم دوژمن بە توندی سزا دەدرا و هەم داد و تۆڵە بە پێی یاسای ئێران لە هەموو شوێنێك دەچەسپی و هەم هەژارانیش شتێکیان بەر دەکەوت و بێبەش نەدەمانەوە.

لەم کاتەدا ئەو لەشکرەی لە تارانەوە هاتبوو بێڕاگیر بوون چوو بۆ ورمێ، ئەوێشی دامرکاندەوە و ڕێکوپێکی کرد و یاخییەکانی سزادا. بەڵام دڵی سەربازەکانی ئیعتیمادولسەڵتەنە بە ئاگری تۆڵە بڵێسەی سەندبوو و بە بێ لێك جیاکردنەوەی چاکە و خراپە و بەبێئەوەی بەرژەوەندی دەوڵەت لەبەر چاو بگرن بە چاك و خراپ دەیانویست ناوی کورد لە سەر لاپەڕەی ڕۆژگار بسڕنەوە و گوندەکان ئاگر تێبەردەن. سەربازیش خۆ سەری لە رامیاری دەرناچێ. باشترین شێوە لە روانگەی ئەوەوە کوشتن و تالانییە. ئەمەش بووە سۆنگەی ئەوەی سەرلەبەری دانیشتوانی موکریان چ ئاغا و چ مسکێن گوندەکانیان چۆڵ بکەن و پەنا بەر کێوە سەختەکان بەرن، تاوانبارە گەورەکانیش لە بەرزاییە سەختەکاندا خۆیان حەشاردا، بۆیە ئیتر گرتنیان دژوار و خەرج و ماندو بوونی زۆری دەویست، چونکە ئەمانە عەشایەرن و شەڕی ڕێکوپێك نازانن، هەر کامێکیان لە سوچێکدا خۆیان شاردوەتەوە و کێشانە دەرەوەیان سەختە، لەبەرئەوە ئەوەی چوو چوو، ئێستاش لە باتی ئەوە فەرمان بدەن و ئاوایییە چۆڵەکان کە پڕن لە شت و ئالیك و مالات، لە چنگ تالانکاران و سووتێنەران بیانپارێزن ،یان لە جێگایەکدا بۆ خۆراکی سەرباز و باربەرەکان کۆیانبکەنەوە، یان بیانبەن و لە یەکێ لەو شارانەدا بیانفرۆشن و داهاتەکەی بدەنە دەوڵەت، چونکە ماڵی دوژمن ماڵی دەوڵەتە، لەبەرئەوەش کە ماڵی دوژمن ماڵی دەوڵەتە، بیاندەن بەو خەڵکە تالانکراوە داماوەی لە گوندەکانیتردا بێخانومان ماونەتەوە، چونکە خێریان پێدەشێ، یان ئەو گوندنشینانەی گوندەکانیان تالان کراوە بیانهێنن بۆ ئەم گوندە ئاوەدانانە و ئەم زستانە چاودێریان بکەن، کەچی لە جیاتی ئەوەی ئەم کارانە بکەن، ئاوایییەکان بە تفاق و ئالفەوە دەسووتێنن. ماڵی ئاغاکان چ دۆست بێ و چ دوژمن دەڕووخێنن. ئەم کارەش نە لە بەرژەوەندی دەوڵەتە و نە ئۆردوو، نە تالانکراوی بێچارە. چونکە ئەم شوێنانە، ئەو سوارانە تێیاندا دەسووڕێنەوە کە لە ژێر دەستی بەگزادە و ئەو سوپاسالارانەدان کە بۆ چاودێری دانراون و تەنانەت ئەگەر شتێ بە دەست کەسێکی هەژاریشەوە ببینن، لێیدەسێنن و ئەوەش دەمێنێتەوە بە ئاگری تۆڵەی سەرباز و چەتە دەسووتێ. کەواتە سەرچاوەی ئەم کارانە هەر خودی ئیعتیمادولسەڵتەنەیە کە ڕێ لە لەشکر ناگرێ، یان لە بێدەسەڵاتی و بێ شیرازەیی ناو لەشکرەوەیە کە ناتوانێ قەدەغەیان بکات. هەرچییەك بێت، چاك و خراپ ئەو بەرپرسە

و لەوانەشە لەم نەزانکاریانە زۆرتر رووبدا. واتە کاتێ کە خەڵکی موکری، ئاغا و بەگزادە، زانا و رەشۆکی چاویان لێبوو سەرۆك لەشکری ئێران بێهیچ چاودێری و جیاوازییەك، تاوانبار و بێ تاوان پێکەوە دەداتە بەر کوشتوبڕ و تالان و سووتان، تا لە توانایاندا بێ دەسووتێنن و بە دیل دەگرن و دەکوژن، ناچار بۆ رزگاری خۆیان پەنا دەبەنە بەر ئەو شێخانەی کە لەسەر سنووری ئێران و عوسمانیدا نیشتەجێن. ئەگەر ئەو شێخانەش تا ئەوکاتە هیچ جولانەوەیەکیان دژی دەوڵەتی ئێران نەبووبێ. تەنانەت لە وەلامی شێخزادەدا کە بۆ هاوکاری بانگهێشتنی کردبوون، وتبوویان ئێمەومانان دەروێشین و خەریکی پارانەوە و نوێژین و کاری ئێمە هەر ئەمەیە. بەلام دوای ئەوەی زانییان ئێرانییەکان بۆ سزادانی ئاژاوەچی و رێگر و بکوژ نەهاتوون، بەڵکو نیازیان ئەوەیە سەرلەبەری موکریان رەشەکوژ بکەن، ئەوسا ئەم کارەیان وەك جۆرە شەڕێکی مەزهەبی و میللی هاتۆتە بەر چاو و ناچار کراون هەموو کوردانی سەر سنوور هان بدەن و زستانی پار دەست بکەن بە ئاژاوە و ببنە هۆی ئەوەی هەزار چەشنە زیانی لەرادەبەدەر بە دەوڵەت بگەیەنن. دەوڵەتی عوسمانیش کە هەموو مەبەستێکی دژایەتیکردنی ئەمانەیە و ئەیەوێ خراپەکار تەمێ و سزا بدرێ، بەلام پێملکردنیانی لە سەرووی دەسەلاتی خۆیەوە دیوە. هەموو ئەم زیان و نالەباریانەش لە هەڵە و تاوانی سەر کردەی نەزانەوە پەیتاپەیتا روو دەدات.

حاجی سەدرودەولە کە بە وردی گوێی بۆ هەموو ئەم قسانە شل کرد و پیشەی ئیعتیمادولسەڵتەنە و سەرکردەکانی‌تری نەك هەر بە درۆ دەخستەوە، بەڵکو سەرکۆنەشی دەکردن و دەیوت: منیش هەر بیرم لەمانە دەکردەوە کە لەم کاتەدا لەشکری ئێمە لەوپەری بێ سەروبەریدایە و هەریەکە بە دوای تالانیدا و بە لایەکدا چوون و لە یەکتر دابراون، لەبەرئەوە ئەگەر لەناکاوێکدا (٣٠٠) سوار بدەن بە سەرماندا کێ توانای بەرگری هەیە. پاشای گەورەش نایەوێ سەرلەبەری میللەتێك بە جارێ رەشەکوژ بکات و لایەکی ولاتەکەی کاول بکات، بەڵکو دەیەوێ یاخی و خراپەکار تەمێ و سزا بدرێ. دەشیوت گوایە منیان کردۆتە بەرێوەبەری سابلاخ. بەلام چ سابلاخێك؟ ئەو شارەی کە هەر چواردیواری چۆڵ و هۆڵە وگیانلەبەرێکی تێدا نییە. بەرێوەبەری کێ بم؟ دیسان دەیوت: دوێنێ هەندێ لەو سەرکردانە برێ لەو گوندانەیان پیشان دام کە بڵێسەی ئاگری لەشکریان لێ بەرز دەبووەوە و دووکەڵیان دەگەیشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان و دەیانوت ئەوە چراخانی جەژنی جەنابتە! بەلام من لە باتی ئەوان شەرمەزار دەبم. من ئەمجۆرە قسانەی ئێوەم چەندان جار بۆ سوپاسالار نووسیوە. چاکتر وایە تا زووە ئێوە خۆتان بچنە تەورێز و بیروبۆچوونی خۆتان بە دەمیی عەرزی سوپاسالار بکەن تا بەڵکو چارەیەکی بەپەلەی بۆ بدۆزێتەوە. بەڵێنی زۆریشی دا، نامەیەك لەم بارەیەوە بۆ سوپاسالار بنووسێ و بە هۆی منەوە بینێرێ. ئەمجار پێی وتم: برۆن بۆ لای ئیعتمادولسەڵتەنە و ئەوەی بە منتان وت، بەویشی بڵێن. مونشی‌باشییەکەی خۆیشی لەگەڵ ناردین و لە ئیعتیمادولسەڵتەنەی گێڕایەوە کە فلانەکەس هەر لە سەرەتاوە تا

ئێستا لە هەموو ڕووداوەکان ئاگادارە و لە هەرچی بووە و نەبووە بێ کەموکووڕی تێتان دەگەیێنێ و هەواڵی بە کەڵکتان دەداتێ.

کە ئێمە چووینە چادرەکەی ئیعتیمادولسەڵتەنە لەوێ نەماندی، چووین بۆچادری وەزیر «فەواید»، قاوەڵتییان دەکرد. ئیعتیمادولسەڵتەنە لەگەڵ چەند کەسێکدا بێئاگا دانیشتبوو، وەك ئەوەی لە کۆڕی بەزمدا بێ و ئاگای لە هیچ نەبێ، بە جلوبەرگی ناوماڵەوە تەنانەت بێ پانتۆڵ و گۆرەوی و کڵاو قسەی خۆشی دەکرد. ئەم نیوەڕۆژە کردنەی هیچ لەو نیوەڕۆژەی ناپلیۆنی نەدەکرد کە لە مەیدانی شەڕدا دەیخوارد.

بەڵێ ئێمە باسی ئەو گوندانەمان کرد کە لە بندەستی ئێمەدا بوون و هەمووشیان لە بەر مەترسی لە ناوچووندا بوون. ئیعتیمادولسەڵتەنە دڵنیای کردین کە لە هەندێ لەو دێهاتانەدا سەربازی داناوە و لە هەموو سەرێکەوە پارێزراون. بەڵام وتمان کە هەر ئەو سەربازانەی بۆ پارێزگارییان دانراون، لەگەڵ خەڵکی‌تردا ڕێك‌کەوتوون و خۆیان خەریکی تاڵان‌کردنن و ئەو ئاواییانەی کە سەرباز سووتاندبوویانن نیشانماندان. وەڵامی ئێمە ئەوە بوو: بە ئێوە چی؟ وەزیری فەواید وەڵامی دایەوە کە ئەمجۆرە سووتاندن و کاولکردنانە لە شەڕی فەرانسە و پرووسیشدا بوون. بەمجۆرە ئێمەش بە باشمان‌نەزانی باسی دەوڵەتخوازی ئێران بکەین.

ئیعتیمادولسەڵتەنە ئەوەیشی وت: فەرمانی توندم دەرکردووە تەنانەت بۆ میرزا ئەبولقاسمیشم نووسیوە کە لە میاندواو و لە بەردەم گوندەکانی مەجیدخانە، تەنانەت ئەگەر جلوبەرگی خۆشتان لەبەر کوردێکدا دییەوە، نابێ لەبەری داکەنن، وادیاربوو ئەوەی ئۆردوو دەیکا پێچەوانەی بۆچوونی ئیعتیمادولسەڵتەنە بوو. بەڵام ئەو نە ڕاوێژ و نە دەسەڵاتی کۆنترۆڵ کردنیانی بوو. لەمەوە دەردەکەوێ کە پلەی سەرکردایەتی بۆ ئەو زۆربوو. بەوجۆرەی ئێمە تێیگەیوین، ئیعتیمادولسەڵتەنە و وەزیری فەواید و سەدرولدەولەش هەر چاویان لەیەك دەکرد. هیچکامیان لەوە نەدەچوون ئەویتر تاوانبار بکەن. لەوانەشە یەکێ لە هۆگەلی ئاژاوە و شڵەژاوی ئەم ئۆردووە، هەر ئەوە بووبێ.

ئەمجار ئیعتیمادولسەڵتەنە فەرمووی فەرمانێك بۆ ئەو بەرپرسە بنووسە کە بە چەند سەربازێکەوە لە گوندی دارەلەکی ئەرمەنییەکانە، تا ئاگایان لەو گوندە بێ کە ئەرمەنن و شەڕ و دەست‌درێژیان پێ‌نەکەن. ئیتر ئێمە ئیعتیمادولسەڵتەنەمان بەجێهێشت و هاتینە دەرەوە. بەڵام کاربەدەستەکەی لە باتی ئەوەی فەرمان‌نامەکە بنووسێ، ئەو تفەنگە مارتینییەی بە شانی پیاوەکەی ئێمەوە بوو، وەکوو دیارییەك هەڵیگرت و دواییش نە نامەی نووسی و نە تفەنگەکەشی دایەوە.

کە لە چادرەکە هاتینە دەرەوە چاومان بە بڵێسەی ئاگری ئاوایی لەج کەوت کە بە دەست تاجر باشییەوە بوو. ئیتر بەرەو ئەوێ چووین، سەیرمانکرد کە هەموو خانووەکانی ناو دێ و کۆشکی ئاغاکان ئاگریان تێبەر ببوو، هەمارەکان تاڵانکرابوون و هەریەکەیان ببوونە

مشتیّ خۆڵەمێش. لەمبارەیەوە دیسانەوە نامەمان بۆ ئیعتیمادولسەڵتەنە نووسییەوە و ئاکامی ئەو بەڵێنەیمان تێگەیاندەوە کە سەعاتیّ لەوەوبەر پێی‌دابووین!

نیشانەی پشێویی لە ناو لەشکرەکەی ئیعتیمادوسەڵتەنەدا

ئەو کاتەی ئێمە لە چادرەکەی وەزیری فەوایددا، لە خزمەت ئیعتیمادولسەڵتەنەدا بووین، خانێکی قەرەپەپاخ بە هەناسەبرکیّ هاتە ناوەوە و بە دەنگی بەرز کردییە هاوار و سکاڵا، کە ئەوە چ پیاوەتی و دادگەرییەکە، ئێمە خۆ کورد و کافر نین و پیاوەکانی ئێمە لە شنۆ لەگەڵ شاهسەوەنەکاندا لە بەرامبەر دوژمندا سەریان داناوە و چل کەسمان لیّ‌کوژراوە، کەچی لەملاوە گوندەکانمان تالاّن دەکەن و لەوانەیە ژنەکانمان بە دیل ببەن، ئەوەتا تالاّنییەکانمان دەهێنن.

ئیعتیمادولسەڵتەنە فەرمانیدا ئەو تالاّنییانە بگرن و بیدەنەوە دەست خاوەنەکانیان. بەلاّم ئاوی رژاو کۆناکرێتەوە.

لەم ناوەدا میناغا یەکیّ لە ئاژاوەچی و خراپەکارە سەرەکی و دەستڕۆییوەکان و هۆی چەندین خوێنڕشتن و ئاژاوە بووە، بە دوو هەزار پیاوی جەنگییەوە لە قەلاّی ئیندرقاش‌دا خۆی بۆ بەرگری و شەڕ تەیاردەکا. قادرئاغا بە خەیاڵی ئەوەی کە گوندە گەورەکەی خۆی لە تۆپباران و تفەنگ و خوێنڕشتن و تالاّن رزگار بکات، ئەگەر ئەمە بە کوشتنی کوڕەکەی خۆشی بێتەدی - کە لەم کارەدا لێی یاخی ببوو - لەگەڵ محەمەد سادق‌خانی ئاجودانباشیدا سازدەبیّ و لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێت و لە (١٨٨٠/١١/١٣ز)دا[1] بەرەو گوندەکەی خۆی دەچیّ، تا کوڕەکەی خۆی دڵنیا بکات و پەشیمانی بکاتەوە و لەگەڵ خۆیدا بیگێڕێتەوە بۆ ناو لەشکر. بەلاّم بێئەوەی رێی بدەن بچێتە ناو دیّ، قسەی رەق دەبیستیّ و بەرەو هۆردوودەگەڕێتەوە. ئەوسا ئیتر لەشکر کەوتە تۆپبارانی گوندی ئیندرقاش. بەلاّم قادرئاغای دووروو بە هەرجۆرە فێلّ و تەڵەکەیەك بوو کوڕەکەی خۆی بە (١٠٠)سوارەوە بلاّوە پێدەکا و ئاواییەکەی خۆی لە تۆپ دەپارێزیّ.

خانباباخانی کوڕی مەجیدخان بە نامەی راسپێری ئیعتیمادولسەڵتەنەوە بۆ پاراستنی گوندەکانی، کە دەکەوتنە سەر رێی لەشکری تاران، بە چەند سوارێکەوە رووەو لەشکری تاران دەڕوا و ملکەچی خۆی رادەگەیەنی و دەگەڕێتەوە. لە کاتی گەڕانەوەدا لە یەکیّ لە ئاواییەکانی خۆیدا خەریکی ئامادەکردنی کەرەسە و پێویستی سپا بوو، کە لە نێوان پیاوەکانی ئەم و سەربازەکانی لەشکردا دەبێتە قڕە و خۆی و چەند نۆکەرێکی بە دەست سەربازی تاران دەکوژرێن.

---

[1] ٩ زیحەجەی ١٢٩٧ کۆچی - ١٢٥٩/٨/٢١ هەتاوی

ئێمەش کە داروباری لەشکرەکەمان بەمجۆرە دی، ئەو هیوایەی بە لەشکری ئێرانمان بوو بۆ چاکەی خۆمـان، نەهاتـە دی. لەولاشـەوە ژنـەوتمان دوای مردنـی شـازادە هـەمزەمیرزا، لەشکری تاران بە حاجی سیهامولدەولە سپێردراوە و لە رێی هەوشارەوە دێن و تێکەڵاوی ئـەم ئۆردووە دەبن. هەرچی گوندێکیش لە سەرەرێگەدا هەیە دەیسووتێنن و تالآنیان دەکەن و هـەر کەسێکیشـیان بەردەسـتکەوتووە کوشـتوویانە، کـە بەشـێکی گـەورەی ئەوانـــە گوندەکـانی فەیزوڵڵابەگ بوون. فەیزوڵڵابەگیش لە مەبەستی کوشتوبڕی ئەو تێدەگا و دوو کوری خۆی بـە بارمتە و (١٠)هەزار تمەنیش بە ناوی دیارییەوە دەنێرێ تا دەست لە گوندەکانی ئەو نە دەن. بەڵام لێی قبوڵ ناکەن و سەرلەبەری گوندەکانی تالآن دەکەن، تا ئەو رادەیەی کە ژمارەیەکی زۆریش لە سوارەکانی لە کاتی بەرگریدا دەکوژن.

ئـۆردووی تـاران هـەموو ئاوایـیـەکانی سـەرە رێگـــا، جەوانمــەرد و پــانزە گوندیتـری مـەجیدخان، کـە بەدەسـت بیانیـیـەوە بـوون سـەرلەبەریان تـالآن دەکرێـن و ئاگریـان تێبـەر دەدرێن. خەڵکەکـەی ئەوبـەریش کـە ئەمانـە دەبیسـتن، شـوێنەکانی خۆیـان چۆڵدەکـەن و دەستی ژن و منداڵیان دەگرن و بـــەرەو شـوێنە سـەختەکان هـەڵدێن. چونکـە لەشـکرەکە هـەر کەسێکی بەردەست بکەوێ، بێ سـێ و دوو دەیکـوژن. بۆیـە مانـەوەمان لـەم داروبـارەدا پڕ مەترسی بوو و خۆمان کۆکردەوە و بەرە و بناو کەوتینە رێ. کە چووینــە نـاو بنـاوەوە، دوای ١٠ رۆژ، لە (١٨/١١/١٨٨٠ز)دا جەنابی سوپاسالاری ئـەعزەم کـە دەیویسـت بچـێ بـۆ نـاو لەشکرەکە، تەشریفیان هێنـا و لـە ماڵـی حـاجی عەلـی قـازی لایـدا. لـەوەی هـەرچیم بـە خزمەت راگەیاند و بەو وەڵامانەشدا کە لێیم بیست ئەوەی دەرخسـت کـە هـەرچی کـارێکی بێسەروبەری و بێیاسایی لەلایەن لەشکرەوە کراوە، پێچەوانەی خواسـتی ئـەوبووە، ئـەوەی ئێمـە تێگەیشـتین ئەوەیـە کـە ئـەم هـەموو ئـاژاوە و پشـێوی و کـارە ناشایسـتانەی لەلایــەن ئۆردووەوە کراون، بوونەتە هۆی پێویستی هاتنی، بۆیە هاتنی ئەو بووە هۆی شادی و خۆشـی هەمووان. خوازیار بووین کە تەشریف بردنیان بۆ ئۆردوو، ئەو تــەکبیر و راوێژانـەی ئـەم بـۆ ئۆردووی دەکات، قەرەبووی هەموو هەڵە و خەتا و نەشارەزایی سەرکردەکانی هۆردووبکاتـەوە و لەشکر رێکوپێك بکات و سەرئەنجام ئـەم شـەڕ و شـوڕە بـە لێهـاتوویی و کـارزانی ئـەوەوە ئاکامی خێری بێت.

لە بناودا لە هەرچی شوێنە، لە باسی ئازایەتی و پیاوەتی ئاغا عەلـی قـازی بنـاو زیـاتر هیچیتر نەبوو، هەمووان بە رزگارکەر و پارێزەر ناویان دەبرد و دەیانوت ئەگەر ئەو نەبوایـە بنـاو لەدەسـتچووبوو، چونکـە چ لـە رووی یارمـەتی لـە ئازەربایجانـــەوە بێـت و چ دوای ئەوەش، قازی وەك کەسێکی شەرکەری ئازار و نیشتمانپەروەر، کە شاری لە مەترسـیدا دی، لە هەر لایەکی شاردا مەتەرێزی درووستکرد و خەڵکی کردەیەك و لای خۆی کۆیکردنـەوە. لە کاتی نەبەرددا ماوەی هەفتەیـەك بـە بێئـەوەی مـاندووبوونی پێـوە دیـاربێ، یـان تـۆزێ بحەسێتەوە، لەگـەڵ کوڕەکـەیدا هـەموو خـەڵکی شـاری لـە بەرامبـەر دوژمنــدا راگـرت و

جارجارەش سەری لە سەنگەرەکان دەدا و هەرچییەك پێویست بوایە لە گوللە و باroot بە سەریاندا دابەش دەکردن و لە هیچ چەشنە یارمەتییەك چ بە پول و چ بە نان دریغی نەدەکرد. پیاوی زانای ئاوا لە ئێراندا بە دەگمەن هەڵدەکەوێ. من چوومە زیارەتی ئەم زاتە گەورەیە. برێ لە زانایان و برای حاجی میرزا جەلیلی موجتەهیدی مەراغەشمان لەوێ دی. شێوە و قەڵافەتێکی پیاوانە و باڵایەکی بەرزی بە ئەندازەی هەبوو. ڕەفتار و هەڵسوکەوتی عالمانە و گفتوگۆی زانایانەی ئەم پیاوە تاقانەیە هەموو ئەوانەی دەسەلماند کە لەبارەیەوە وترابوو. بە پێویستی دەزانم وتەکانی ئەو بێ کەموزیاد کردن سەبارەت بە شەڕ لێرەدا بنووسمەوە، چونکە وتار و ڕاگەیاندنەکانی ئەمجۆرە پیاوە مەزن و بێوێنانە قازانجی هەمووان و جێی متمانە و باوەڕی هەموو خەڵکە.

سەبارەت بە شازادەی فەرمانڕەوای سابلاغ وتی: کە شازادەی فەرمانڕەوای سابلاغ بە هەڵاتن ڕووی‌کردە ئێرە، پێکەوە وتووێژمان کرد. ڕەخنەی زۆرم لێگرت. شازادە لە وەڵامدا وتی: لە کاتێکدا ئێمە ئاشت ببوینەوە و خەڵاتم کردبوو و بۆ تەورێزیشم نوسیبوو، کەچی حکومەتی تەورێز. نامە لەسەر نامە جەختی لەسەر گرتنی هەمزاغا دەکرد و فەرمانی گرتنی بە من دەدا، ئیتر تاوانی من چییە؟ ئەوسا ئیتر ئەو چەند فەرماننامەیەی کە میرزا ئەحمەد مونشی باشی نووسیبوونی، هەموویانی نیشاندام و ناوەڕۆکی هەمووشیان ڕاستیی قسەکانی ئەویان دەسەلماند.

سەبارەت بە حکومەتی تەورێز و مونشی‌باشی وتیان: کاتێ کوردەکان چلیکیان تالانکرد، کە دێی ئیمامقولی میرزایە، من نامەیەکم بۆ ئیمامقولی میرزا نووسی تا بەرلەوە شۆڕش و یاخیگەری کوردان دەست‌پێبکات بەری بگرن. ڕاوێژی پێویست و ڕێگاچارەی باش بدۆزنەوە و بیخەنەکار. شازادە نامەکەی ناردبوو بۆ میرزا ئەحمەد مونشی باشی پێشکاری ئازەربایجان. منیش ویستم نامەیەك بۆ مونشی‌باشی بنووسم و باسەکان شی‌بکەمەوە، بەڵام ترسام نامەکەی من نەگاتە خزمەتی پیرۆزی بەڕێز و ئەم لەسەررۆیشتنەش بێ‌کەڵك بێت. لەبەرئەوە وتم خۆم ڕاستەوخۆ بیدەمە خزمەتی پێشگای وەلیعەهد، ئەویشم پێ باش نەبوو. لە ئاکامدا چۆنێتی باسەکەم بۆ جەنابی موجتەهید نووسی، بەو هیوایەی کە بە هۆی ئەوانەوە بگاتە بەر دیدەی پیرۆزیان و حەقیقەتی ڕووداوەکەیان بۆ دەرکەوێ. نامەکەی بۆ موجتەهیدم ناردبوو مونشی باشی ئاوای وەڵام دابووەوە؛ ئەوەی ڕویداوە ئەوەندە گرنگ نییە. ئەمانە چەند ڕێگرێکن. جارجارە دێن و شرەخۆری و کاولکارییەك دەکەن و دەگەڕێنەوە. لە پەراوێزی ناوەکەی ئیمامقولی میرزاشدا کە بۆ منی نوسیبوو: تۆ چەنێ ترسنۆك و کەمجیکەلانەی، بەم وردە هەوالانە دەشپرزێی. کۆمەڵێك دز و چەتە ئەگەر هاتوون و تالانییەکیان کردووە، لەسەرهەڵدانی ناوێ. ئەی گوایە (مقرب الخاقان) قادر ئاغا و محەمەد سادق ئاجودان‌باشی لەوێ نین! وا تۆ ئەوەندە خۆت تەنگەتاو کردووە؟

که باسەکە گەیشتە ئێرە، وتی: دوای تالاّن و کوشتاری میاندواو بۆ ئاغەمونشی باشیم نووسی: ئەمانە چەند دزێکی بەرەڵلاّ نین، بەڵکو لەشکرێکی گەورە و راپەڕیوی کوردن و شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلاّ یە و دەبێ بەریان پێبگیرێ، بەلاّم ئێوە کەمتەرخەمن. راستە من پیرەپیاوێکی ترسنۆکم، بەلاّم بە ئەزموونم و دەزانم ئەم کارە گەورە دەبێ و دەتەنێتەوە، دەبێ هێز بنێرن و تەدارەك سازبکەن. مونشی باشی لە ولاّمدا نووسی: «هیچمان پێ‌رانەگەیندراوە، جەنابی بەڕێز شێخ عوبەیدوڵلاّش ئەمجۆرە بەرنامانەی نییە، چونکە خۆی نامەی بۆ نووسیوین و لەم رووەوە ئەرخایەنی کردووین.

براکەی موجتەهیدی مەراغە لە کۆڕەکەدا بەشدار بوو، وتی: دوای رووداوی میاندواو کاکم نامەی بۆ مونشی‌باشی نوسیبوو و ئەم رووداوانەشی بۆ گێڕاوەتەوە، ئەویش ئەم وەلاّمانەی بیستووە. لە دوانامەیدا زۆر زبر وەلاّمی مونشی‌باشی دابووەوە و وتبووی: هەموو دنیا کاول بوو، تۆ هەر دەڵێی هیچ نییە! مونشی‌باشیش بە بیر و بۆچوونی خۆی ئەوەندەی لە لەشکر ناردنذا درەنگ کرد، تا هەموو گوندەکان کاول و تالاّن کران. سەیفولعولەما وتی: ئەو کاتە ئۆردووی شێخزادە لە میاندواوەوە بەرەو بناو کەوتبووە رێ، محەمەد ئاغای مامش بە شێخزادەی وتبوو: پێشتر دەبێ پەیامنێرێك بنێرینە لای قازی بەڵکو بێ‌خوێنرشتن بناو بگرین. ئەوسا کەسێکیان ناردە لای من، کەسەکەش ئیسماعیل‌ئاغای قەرەپەپاخ بوو. دوای ئەوەی مەبەستەکەیان راگەیاند من پێموت، شێخ عوبەیدوڵلاّ مەلایە. منیش مەلام، من لە مەلامحەمەدی زەنگان کەمتر نیم وا ئەو هەمووە لە بەرامبەر دەوڵەتدا خۆی راگرت و شەڕی کرد. منیش دەتوانم بە یارمەتی ئەوانەی لەگەڵمدان لە بەرامبەر مەلایەکدا خۆم راگرم. بێ‌شەڕکردن ملکەچی نابم. بە زمانی خۆش برێ وەلاّمی دیکەشم دانەوە. یەك دوو رۆژ دوای ئەوە، حاجی سەدرولدەولە و ئاغاخانی سەرتیپ گەیشتنە شار. دیسانەوە بەراوێژی محەمەدئاغا پەیامنێرێکیان ناردەوە و قسەمان کردەوە. ئەمجار من وەلاّمم دایەوە: ئەگەر تا ئێستا من تەنیا بووم، ئەوە ئێستا کاربەدەستی سپای دەوڵەتیش لێرەیە. پرسیار و وەلاّم بەدەست ئەوە. ئەگەر لە دەست ئەو دەرچوو، ئەوسا منیش پیاوانی ئایینی مەراغە کۆدەکەمەوە و لەو بارەیەوە راوێژیان لەگەڵدا دەکەم و وەلاّم دەدەمەوە. ئەمکارەش پێویستی بە چەند رۆژێك هەیە قسەی لە سەر بکرێ. مەبەستیشم لەم خۆخلاّفاندنە ئەوە بوو، بەڵکو چەند رۆژێك سەری کوردەکان قاڵبکەم تا یارمەتی لە تەورێزەوە بگات.

پەیامنێرێك لەلایەن محەمەد ئاغای مامشەوە نامەیەکی نهێنی بەم ناوەرۆکەوە هێناوە: لە کاتی شەڕدا بەیداخەکەی ئێمە سەوزە، ئەگەر هێزەکەی ئێمە و قەرەپەپاخ بکەوینە پشتی لەشکرەکەوە، ئەوە ئێمە لە پشتەوە و ئێوەش لە پێشەوە تێیان دەکەوین. بەلاّم ئەگەر ئێمە لەبەرەوە دەبین، چونکە شێخزادە و هەمزاغا دڵیان لێمان رەشە و ئێمە بە خایەن دەزانن، لەوانەیە بمانخەنە بەر لەشکرەکەوە، ئەگەر وابێ ئیتر ئێمە توانای بەرەنگاری لەشکری

ئەوانمان نییە. پەیامنێرەکە لەگەڵ حاجی سەدەرولدەولەشدا راوێـژی کـرد، بـەڵام وەڵامێکـی راست و درووستی دەستنەکەوت.

دەربارەی ئیعتیمادولسەڵتەنە لە بناو

ئــەمجار قــازی باســی بێشــیرازەیی ئیعتیمادولســەڵتەنەی کــرد لــە بنــاو و وتـــی ئیعتیمادولسەڵتەنە لە سەروبەرکردنی ئۆردووەکەیدا ئێجگــار دەستەوەسـتان بـوو. هیچ نـەبێ دەیتوانی دەستدرێژیانی بۆ ســەر خــەڵکی بنـاو نەهێڵــێ. زۆربــەی باخــەکانی بنـاویش هـەر لەشکرەکەی ئەو خراپیان کردبوون و خەڵکیشیان لە رادەبەدەر ئازار دابوو.

ئیعتیمادولسەڵتەنە نەیدەتوانی سەروبەریان بکا! نەیدەتوانی سزایانبدا. لە ماوەی شەڕدا شکوربەگ ناوێك لە بۆکانەوە بۆی نووسیبووم کە لە تەورێزەوە چەك دەهێنن. دەبــێ سوار لـە ئیعتیمادولسەڵتەنە وەرگرێ و بیاننێرێ، چونکە هەر دە سواریان لەگەڵدایە. سوارەی کوردیش لەم ناوەدا بینراون، دەترسم ئەم چەکانە ببەن.

منیش چووم بۆ لای ئیعتیمادولسەڵتەنە و نامەکەم پیشاندا، وتیان درۆیە چیدەڵێی؟ هیچ نەبێ بیست سواریان لەگەڵە. ئەمجار فەرمانیدا سوارەی رەحیمخــان و محەمــەد سادقخانی ئاجودان باشی برۆن و چەکەکان بێنن. سوارەکان بە دەم رێـوە هـێرش دەکەنـە سـەر ئـاوایی قــەرەزکری موڵکــی باباخانئاغـا کــە جێگـری پێشـووی میرئـاخوڕ بـووە و رەعییەتەکانیشـــی هەموویان شیعە بوون، لەوێ کابرایەکیان گرتووە بەناوی حاجی عەلـی عەسکەر، کــە برێـك مـاڵ و سـامانی بـووە و گونیـان خستۆتە نێـوان دار و ئەشـکەنجەیان داوە و داوای پارەیــان لێکـردووە. حـــاجی عەلـــی عەســکەریش ناچــار هەرچییــەکی بــووە داویــەتی. دوایــی شایەتینامەیەکی لەمبارەیەوە کۆکردبۆوە و هێنای بۆ من و وتـی: ئـەوەی شیعە بـە شیعەی دەکـا، بڵبـاس پێینـەکردوون. حـاجیم بـردە لای ئیعتیمادولسـەڵتەنە و باسـەکەم گێرایــەوە. ئیعتیمادولسەڵتەنە بەڵێندەدا ئەوەی لە حاجییان سەندووە بیدەنەوە، دواییــش ئـەم بەڵێنـەی لەبیرچووەوە و هەرگیزیش ئەنجامنەدرا.

کۆمەڵــێ سـەربازیش ئـاوایی ئـەرزەواق تـاڵان دەکـەن و کەسـیش هیچیـان پێنــاڵێت. قەرەچەپۆق کە لە ئاقاری بناودایە لە بەردەم هێرشی کوردەکاندا خـۆی راگـرت و ئـەوەندەی زیـان پێنەگەیشـت. بـەڵام لـە دەســترێژی عەسـکەر نـەپارێزرا و سـکاڵایان بـردە بــەر ئیعتیمادولسەڵتەنە، ئەویش لە وەڵامدا وتبووی «بیلــەبیل» «گوێـی مـەدەرێ، وابزانـە بڵبـاس هێرشی کردوەتە سەرتان!» خەڵکی ئەو ئاواییە کاتێ ئەمەیان بۆ گێرامەوە، زۆرم پێگرانبوو. بووە مایەی دڵتەنگیم. دیسان وتیان: بەشێك لە لەشـکرەکەی شـێخزادە گـەرەکێکی دەرەوەی بناویان داگیرگردەوە و ویستوویانە لەوێوە گەمارۆی لەشکری ئـێران بـدەن. ئەمـە بـووە هـۆی ترس و لــەرز و تۆقـاندنی خـەڵك و هـەڵهاتنیان بـە هـەموو لایـەکدا. کـە مـن بـەوەم زانـی، خەڵکەکەم کۆکردنەوە و بۆ شەڕ هانمدان و کوردانمان دوورخستەوە.

شەوێکیان لە گەرمەی شەڕدا ئیعتیمادولسەڵتەنە نامەی بۆ نووسیبووم کە ئەگەر ئەمشەو نان بۆ سەربازەکان نەکەن، هەموویان بڵاوە دەکەن و منیش بە پەلە و هەڵەداوان نانی تەواوم بۆ پەیدا کردن و ناردم. دەیانوت: کاتێ لەشکری شێخزادە پاشەکشێی کردوە و من ئەم هەموو ئاژاوەیەم لە ئۆردووی ئێراندا دی، خۆم پێنەگیرا، ویستم سوار بم و بچم بۆ مەراغە. خەڵکی بناوم لێکۆبووەوە و پاڕانەوە و لالانەوە و نەیانهێشت بناو بەجێبهێڵم و هۆی ئەم ڕۆشتنە بێوادەیان لێدەپرسیم، منیش لە وەڵامدا وتم: سوپاس بۆ خوا کە مەترسی لێرە ڕەویوەتەوە و دەبێ بچم و یارمەتی خەڵکی مەراغە بدەم. بەڵام نەمتوانی هەموو شتێکیان بۆ ڕوونبکەمەوە. خەڵکی بناو دەیانوت ئەگەر خوانەخواستە لە ڕێگا تووشی مەترسییەك بیت، ئێمە وەك لاشەی بێسەرمان لێدێ. لە ئەنجامدا چوونی منیان بە ئیعتیمادولسەڵتەنە ڕاگەپاند. منیش کە چووم بۆ لای و هۆی ئەمچوونەی پرسی، وتم: سەربازەکانت کەوتونەتە خراپە و بەرەڵلایی و تۆشی هیچیان پێناڵێی، لەبەرئەوە دەترسم خەڵکی بناو بە هۆی ئەم بێشیرازەیی سەربازانەتەوە بێزار بن و ڕاپەڕن، ئەوسا دەڵێن من هانمداون و ئەو گشتە خزمەتەی بە خەڵك و دەوڵەتم کردووە دەبێ بە هیچ. بۆیە دەمەوێ چەند ڕۆژێك دوورەپەرێز بم. ئیعتیمادولسەڵتەنە نەیهێشت من بڕۆم و بەڵێنیدا لەشکرەکەی ڕێكوپێك بکا. ئیعتیمادولسەڵتەنە دوای ئەوەی لە بناو ڕۆیی، بۆینووسیوم کە ناوی ئەوانەی بۆ بنووسم کە لەگەڵ مندا ماندووبوون تا منیش بۆ دەوڵەتی بنووسم و پاداشتێکیان بۆ وەرگرم. منیش وەڵامم دایەوە، کە من پارێزەری شار نەبووم، بەڵکو ئەرکی نیشتمان پەروەری خۆمم بەجێهێناوە. پارێزەران و خزمەتگوزاران، تۆپچییەکان بوون و قەرەبووکردنەوەی خزمەتی ئەوان پێویستە. پاداشتی من و ئەوانەش کە لەگەڵ مندا بوون ئەوەیە کە فەرمان دەرکەیت سەربازەکانت تەنگ بە کەس هەڵنەچنن.

سەبارەت بە گوڵاوی ئاغا

دیسانەوە وتیان: بەراستی هاتنی گوڵاویئاغا بۆ ناو لەشکر، کەڵك و قازانجی زۆر بوو. برا و برازاکەش لە بەرامبەر دوژمندا شەڕێکی تەواویان کرد، بەڵکو زیانیشیان لێکەوت. هەرچەند لە جێی خۆیدا باسی دید و هەڵەکاری ئیقبالودەولەمان کردووە، بەڵام دووبارە لێرەشدا بە پێویستی دەزانم باسیان بکەمەوە، وەك بیروڕای گشتی خەڵکی ورمێ دەڵێن کە ئەگەر بە وردی سەرنجی بدرێتێ، هۆی ئەم شۆڕش و ئاژاوەیە تا ڕادەیەکیش ئیقبالالدولە بوو.

لە مانگی شەعباندا محەمەدئاغای مامش هات بۆ ورمێ و ملکەچیی خۆی نواند. بە ئیقبالالدولەی وت: لەبەر خاتری ئێوە ئامادەم دژی شێخ عوبەیدوڵلا ڕاوەستم. دوایی تکا دەکا بەڕێوەبەرایەتی شنۆ و دەوروبەری پێبدرێ، چونکە لەمکاتەشدا عەلیخانی شکاك یاخیببوو. دوورخستەوە و لەناوبردنی پێویست بوو، لە سەر داوای ئیقبالالدولە

محەمەدئاغای مامش ٤٠٠ سواری مامش لە ورمێ ئامادە دەکا. چەند ڕۆژێ دوای ئەمە محەمەدئاغا هاتنی لە ناکاوی شێخ عوبەیدوڵڵا و عەبدوڵڵاخانی زەرزا بۆ ورمێ و دیداریان لەگەڵ ئیقبالالدولەدا دەبینێ. ئەنجامی ئەم دیدارەش محاڵی شنۆ و سۆما و برادۆست و دەشتەبێل و مەرگەوەڕ بە شێوەی کرێ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی شێخ عوبەیدوڵڵا وە، محەمەدئاغا لەوە دەڕەنجێ و نائومێد دەبێ و هەموو سوارەکانی خۆی کۆدەکاتەوە و لە ورمێوە دەچێ بۆ لاجان، کە شوێنی خێڵی مامشە. کارەکە بەمجۆرە مایەوە تا شێخ کوڕەکەی خۆی لەگەڵ هەمزاغادا نارد بۆ سابلاخ و خۆشی بەوپەڕی دەسەڵاتەوە میوانداریی ئیقبالالدولە بوو، کەچی لێی ڕاپەڕی و هێرشی هێنایە سەر ورمێ.

لە ١٣/١٠/١٨٨٠[1]دا خەلیفەیەکی شێخ، کە ناوی محەمەد سەعید بوو لە قۆڵی برادۆستەوە بە چوار هەزار تفەنگچی و سوارەوە هێرشی هێنایە سەر ورمێ و لە قەڵای ئیسماعیلدا دادەمەزرێ، کە سێ قۆناغەڕێ لە شارەوە دوورە. ئیقبالالدولە فەرمانڕەوای ورمێ بە هێرشی دوژمن دەزانێ و خەسرەوخان و محەمەدرەزاخانی سەرتیپ بە چەك و دوو فەوج سەرباز و دوو تۆپەوە ڕوو دەکەنە کوردەکان لە قەڵای (بەدربود)[2]، بەرامبەر بەوان سەنگەر لێدەدەن. سەرەتا سوارەی کورد هێرش دەبەنە سەر ئاوایی (گولان). گەرچی کونسوولی ئینگلیس فەرمانی پاراستنی ئەم ئاواییەی (کە خەڵکەکەی هەموو فەلەبوون)، لە شێخ وەرگرتبوو، بەڵام نەك هەر لە تاڵان و ڕووتانەوە دریغیان نەکرد، بەڵکو شەش کەسیشیان لێکوشتن. ئەوسا چوونە پێشترەوە و شەش ئاوایی‌تری فەلەکان و ١٠ ئاوایی شیعەنشینیان تالانکرد و بێپەروا چەند کەسێکیان لێکوشتن. خەڵکی گوندەکان لە ترسی تاڵان و کوشتارەکەی میاندواو تۆقیبوون و سەرلەبەریان ڕایاندەکرد و خۆیان دەگەیاندە ناو شار، ئەمجار ئیقبالالدولە ڕوودەکاتە کوردەکان و لە هەردوولاوە ئاگری شەڕ خۆش دەبێ و دەمەوئێوارە هەردوولا دەست لە شەڕ هەڵدەگرن. لە گەڕانەوەدا تۆپەکانی ئیقبالالدولە لە چەمێکی قووڵدا گیردەکەن و هەرچی دەکەن بۆیان دەرنایەن. ئیقبالالدولە خۆی دەچێتە ناو قەڵاکە و دەرهێنانەوەی تۆپەکانیش بە محەمەدرەزاخان دەسپێرێ. ئەویش (٦٠) کەسێك دەداتە دەست عەلی سوڵتانی بۆ هێنانەوەی تۆپەکان و خۆیشی بە دوای ئیقبالالدولەدا دەڕوا.

کوردەکان بەمە دەزانن. ئەم هەلە دەقۆزنەوە و لە قەڵا دێنە دەرەوە و هێرش دەبەنە سەر ئەو (٦٠) کەسە. ئەو سەربازە داماوانە و سوڵتانیش دەدەنە بەر شمشێر و تۆپەکانیش دەگرن. لەوکاتەدا کە سەربازەکان هاواریان لێبەرز بووەوە، ئەگەر خەڵکی ناو قەڵاکە بە هاواریانەوە بچوونایە، یەك کەسیان لێنەدەکوژرا و کوردەکانیش سەرنەدەکەوتن. بەڵام

---

[1] ٧ زیقەعدەی ١٢٩٧کۆچی ٢٠/٧/١٢٥٩ هەتاوی

[2] بە دەلبوو–یشی پێدەڵێن

ئیقبالدولـه قـەڵای چـۆڵ نـەدەکرد. کوردەکـان دەوری قـەڵایان گرتبـوو و تـــەنگیان پێهەڵچنیبوون. هەرچەندە لە قەڵاوە بە گوللە تۆپ و تفەنگ کوردەکانیان دەکوشت، کـەچی ئەوان جەربەزانەتر هێرشیان دەهێنا و خەریكبوو دیواری قەڵاکە کون بکەن. شێخ عـەلیخانی سەرتیپی ئامۆزای تەیمووریاشاخان و فەوجی «خـۆی» کـە بەسـتێنێك بـوو لـە نێـوان شـار و لەشکردا، لەم رووداوە ئاگادار دەبنەوە و بـە شـەش دەسـتە و فـەوجی «خـۆی» بـە هـاواری گەمارۆ دراوانەوە دێن. دانیشتووانی ناو قەڵاش بە هاتنی شێخعەلـیخان، گیانی تازەیـان بـە بەردا چـووەوە، دەروازەیـان بـۆ کردنـەوە و هێرشـیان کـردە سـەر لەشـکری دوژمـن، چـەند کەسێکیان لـێکوشتن و راویاننان و دیسانەوە خۆیان کردەوە بە قەڵادا.

شێخ عوبەیدوڵڵا کـە لـە شـەڕی محەمـەد سـەعید و ئیقبالدولـە ئاگـادار بـوو، لـە ١٨٨٠/١٠/٢٠[1]دا لە قۆڵـی مەگەوەڕەوە بـە(٣٠٠٠) سـوارە و پیـادەوە لـە عەشـایر و خێڵاتـی هەرکی و زەرزا و دەشتەبێڵ هێرشیان هێنایە سەر ورمێ و لە چیای (سیر)ی سەنسێرکیسدا ئۆردوویان خست. چیای (سیر) هەوارگەی مسیۆنێرەکانی ئەمریکایە و لە دامێنی ئەم کێـوەدا کۆشکی بەرز و قەڵا درووستدەکەن. شێخ فەرماندەدا لـە هـەموولاوە ئـاوی شـار دەبەسـتن. محەمەد سەعیدی خەلیفە ئاگاداری هاتنی شێخ دەبێ و لە قەڵای ئیسماعیل دێتە خوارەوە و تێکەڵاوی ئۆردووی شێخ دەبێ. ژمارەی لەشکرەکە بە هەردوویانەوە نزیکـەی (٧٠٠٠) کـەس بوو. بەڵام بەشێکی زۆری ئەمانە بەرەڵڵا و لات و لووت بوون و چەکەکانیشیان گورز و گۆپاڵ و نێزەی شکاو و شـمشێری خـوار و تفـەنگی قۆناغداکـەوتوو بـوو. خـەڵکی شـار لـە ترسـان هاواریـان دەگەیشـتە ئاسـمان و چـەند رۆژێکیـش لەوەوبـەر بـازاڕ و دووکانیـان داخسـتبوو، خەریکی مەتەرێز سازکردن بوون و بە چەکەوە ئامادەی جەنگ بوون.

شێخ عوبەیدوڵڵا دوای راوێژ لەگەڵ خەلیفە و ئاغاکاندا. نامەیەکی هەڕەشـەئامێزی بـۆ شێخولئیسلام و موجتەهیدی شار بەمجۆرە نووسی: ئەگـەر خوازیـاری خوێنڕشـتن و ئـازار و زیانی خەڵك نین و کوشتار و تاڵانی خەڵکیتان ناوێ، دەبێ شار بدەن بە دەسـتەوە. دڵنیـابن کە من رێسا و یاسا لەبـەرچاو دەگـرم و چـاودێری خـەڵك دەکـەم و شـار رێـك دەخەمـەوە و رێگەش نادەم دەستدرێژیی بکرێتە سەر کەس و زیانی ماڵـی و گیانی و نامووسـیی بـە کـەس ناگات.

دوای گەیشتنی ئـەم نامەیـە پیـاوانی ئـایینی لـە شـوێنێکا کۆدەبنـەوە و راوێـژ دەکـەن. لەبەرئەوەش کە نە ئیقبالدولە و نە سـوارە و سـەربازێك لـە شـاردا بـوون تـا لـە بەرامبـەر دوژمندا بوەستن و بیانخلافێنن، بۆیە تا یارمەتی لە لایەکەوە دەگات وا بە چاك زانرا، کات بەسەر ببرێ. وەڵامی شێخیان بەمجۆرە نووسـییەوە: جـەناب. ئێـوە کـە داوای پاشـایەتی و عالەمگیری دەکەن. پادشایان دەبێ لەگەڵ هاوشانی خۆیـاندا قسـە بگۆڕنـەوە، نـەك لەگـەڵ

[1] ١٤ زیقەعدەی ١٢٥٩ کۆچی ١٢٥٩/٧/٢٧ هەتاوی

دەست و پێوەندی بێدەسەڵاتدا. لە کاتێکدا کە لە ئێمە گەورەتر سەریان دانەواندبێ ئێمە چمان پێدەکرێ. لە دابینکردنی (سیورسات / پێویستی)شدا هەر دریغی ناکەین.

شێخ گوێی نەدایە قسەی ئەوان، بەڵام دوو رۆژ دەرفەتی پێدان تا شار بە دەستەوە بدەن. لەملاشەوە ئیقبال‌الدولە ئاگادار دەکەنەوە. چەند کەسێکیش لە دانیشتووانی شار (کە لایەنگری شێخ بوون)، برێ هەوڵیاندا تا شار بە دەستەوە بدرێ، بەڵام تەقەللاکەیان کەڵکی نەبوو.

لەم سەروبەندەدا کلۆزێل، خەلیفەی کاتولیکەکانی دانیشتووی ورمێ بە مەبەستی پاراستنی هاوئایینەکانی خۆی کە مەسیحی بوون، خواجە داودی نوێنەری کۆنسولی عوسمانی لەگەڵ مسیۆ سولۆمانی واعیزدا، ناردە خزمەت شێخ تا داوای پاراستنیان بکات لە ترسی ئەوەی لەم شەڕ و کوشتارەدا ئەوان کە بێلایەنن، بەر زەبر و زیانی کوردان نەکەون. ئەم دوو کەسە بە راسپاردە دەچنە خزمەت شێخ. لە کاتی چاوپێکەوتندا مەبەستەکەی خۆیان رادەگەیەنن. بەمجۆرە وەڵامیان دەدرێتەوە: شێخ دەپرسێ: ئێوە کێن؟ مسیۆ سولۆمان دەڵێ : ئەمکەسە هاورێی من و جێگری کونسۆلی عوسمانییە لە ورمێ. شێخ دەڵێ : من بڕیارم داوە ئێران و توران و خاکی عوسمانی بخەمە ژێر دەسەڵاتی خۆم، ئیتر پێویست بە کۆنسۆڵ و گەورە باڵوێز ناکات.

سەرەتا دەمەوێ ئێران بگرم و دایمەزرێنم و زوڵم و زۆر لەسەر هەمووکەس هەڵگرم. دواییش نۆرەی عوسمانی دێت، لەوێش بە گوێرەی یاسایەکی دامەزراو، ئاسایش بۆ خەڵکی دەستەبەر بکەم و درەختی زۆرداری لەبن دەرکێشم و درەختی ئازادی بروێنم.

دوای ئەم قسانە چەند کەسێ کە لە خزمەتیدا کەمەربەستە وەستابوون، نیشانی ئێمەی دان و پێمانی وت: ئەمانەی لێرەدا دەیانبینن هەریەکەیان سەرۆکی خێڵاتی خاکی عوسمانین کە لەدەست زوڵمی کاربەدەستانی عوسمانی هاتونەتە لای من، ئێستا ئاوا لێقەوماو و نائومێد ژیان بەسەر دەبەن. دەبێ تۆڵەی ئەمانە وەربگرمەوە.

تێکڕای ئەو خەلیفە و پیاوە ئایینییانەی لە خزمەت شێخدا بوون، ئەم قسانەیان سەلماند.

دیسانەوە بە نوێنەرەکانی وت: ئەگەر ورمێم بە بێشەڕ و شۆر نەدەنەدەست، دڵنیابن دەیکەم بە میاندواو و هیچی لێناهێڵمەوە. بەڵام لەمکاتەدا تەنگ بە پاراستن و چاودێریکردنی مەسیحییەکان هەڵناچنین.

لەم داروبارەدا کە ئەم دوو نوێنەرە لای شێخ بوون، ئیقبال‌الدولە هەواڵی رووداوەکانی پێگەیشتبووەوە و رۆژی (٢٤/١٠/١٨٨٠ز)[1] گەڕایەوە ناوشار و دەستە و سەربازەکانی بە دەوری شوورەی شاردا دابەشکرد و تۆپەکانیش کە لە ناوشاردا بوون هێنایە، سەر قولیپەکان

---

[1] ١٨ی زیقەعدەی ١٢٩٧ کۆچی ١٢٥٩/٨/١ هەتاوی

و لەگەڵ خەڵکی شاردا خەریکی قایمکردنی سەنگەر و مەتەریزی دەوری شار دەبن. ئەو سوارانەش کە لە شاردا بوون بە سەر گەڕەکەکاندا دابەشیکردن تا بۆ پاریزگاری شار ئامادە بن. بە مەبەستی کات بەسەربردنیش، بە هۆی حەکیم ساحیبی کاتۆلیکەوە،[1] میرزاکەی دەنێرێتە خزمەت شێخ و دووبارە داوای سێ ڕۆژ مۆڵەتی‌تری لێدەکەن، بۆئەوەی لە بابەت بەدەستەوەدانی شارەوە بتوانن وەڵامێکی تەواو بە شێخ بدەنەوە، شێخیش لە وەڵامدا بە نوێنەرانی کاتۆلیکەکان دەڵێ : من دەزانم ئەوان بەهیوای چین. دەیانەوێ دەستی دەستیم پێبکەن، تا یارمەتی لە تەورێزەوە دەگات. دەمێکە لە نیازی ئەوان گەیشتووم. ئەم زانیارییانەی (لەو نامە و ڕۆژنامانەوە زانیبوو کە تەتەرێکیان گرتووە و بردوویانەتە لای لە مەبەستی حکومەتی تەورێز و هاتنی تەیمووریاشاخان بە هاواری ورمێ و هەرچی سەبارەت بە لەشکری دەوڵەتی ئێران بووە، دەیزانی) بەڵام خەیاڵیان خاوە چونکە هەرچی سەرباز و لەشکرێك بە هاواری شارەوە بێت، من هەموویان تەفر و توونا دەکەم. بە هەرحاڵ ئێستاش تا سبەی نیوەڕۆ مۆڵەتیان دەدەم. ئەگەر تا سبەینێ ئەم کاتە، شارم نەدەنە دەست، جەنگ دەستپێدەکەم و ئاگرتان بە سەردا دەبارێنم. ئەوسا کەس بەهیوا نەبێت لە رق و قین دەرباز بێت. ئینجا نوێنەرەکان چ ئەوانەی ئیقبالالدولە و چ ئەوانەی کلۆزیل دەگەڕێنەوە و باسەکە بۆ ئیقبالالدولە دەگێڕنەوە. ئیقبالالدولەش بەرەنگاری دوژمن دەبێ.

ڕۆژی دوایی، واتە (٢٥/١٠/١٨٨٠ز)[2] شێخ عوبەیدوڵلا ، سدیقی کوڕە گەورەی و خەلیفە محەمەد سەعید بە (٥٠٠٠) کەسەوە دەنێرێتە سەر ورمێ. ئەم لەشکرە لە دەروازەی عەسکەرخانەوە – کە دەکەوێتە خۆرئاوای ورمێوە، هێرش دێننە سەرشار و ئابلۆقەی دەدەن و سێ ڕۆژ شەڕ درێژە دەکێشێ. بەڵام دەستڕێژی گوللە و تۆپبارانی سەربازان لە سەر قولییەکانەوە و سەنگەری خەڵکەکەش کە لە نزیك دەروازەکانەوە بوون، دەرفەتیان نەدان بێنە پێشەوە و دوای ئەوەی (٣٠٠) کەسیان لێ‌دەکوژرێ، پاشەکشێ دەکەن و لە ئاوایییەکی پچووکدا دەگیرسێنەوە. لەم شەڕەدا چونکە لەشکری دەوڵەت لە پشت سەنگەرەکانەوە خۆیان قایمکردبوو، لە چەند کەسێ زیاتریان لێ‌نەکوژرا. لەمکاتەدا کونسولی ئینگلیز (لە تەورێز) کە بە سەردان هاتبووە ورمێ، بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ بچێ بۆ لای شێخ. یەکەم بۆ مۆڵەت‌خوازی خەڵکی شار لێی بپارێتەوە! بەڵکو خوێنڕشتن و کوشتار و تاڵان راگرن و دووەمیش بە نیازی پاراستنی مەسیحییەکانی ناوشار، کە لەبەر مەترسیدا بوون. بە شێخ دەڵێ ئەمانە نابێ بە هیچ چەشنێ لەلایەن لەشکرەکەتەوە زیان بە سەر و ماڵیان بگا. هەروەها برێ داخوازی‌تر سەبارەت بە هێشتنەوەی ئاشتی و لەناوبردنی خراپە دێنێتە ئاراوە. دوایی لەگەڵ سیمۆن پێشکار و هەمەکارەی شێخدا دەگەڕێنەوە بۆ شار و پەیامی شێخ

---

[1] مەبەست لە «کۆچران»ی پزیشکی میسیۆنێرەکانی ئەمریکاییە.

[2] ١٩ی زیقەعدەی ١٢٩٧ کۆچی ١٢٥٩/٧/٢ هەتاوی

دەگەیێنێتە ئیقبالدولە و مەسیحییەکانیش لە شار دەگوێزێتەوە و بۆ شوێنێکی‌تریان دەنێرێ.
بەڵام کە دەگەنە نزیك باخ و سەنگەرەکان، لە سەنگەرێکەوە بە قەستی کوشتن تەقەی لێدەکەن. کۆنسوڵ کە چاوی بەمە دەکەوێ، بەوپەڕی ترس و لەرزەوە نائومێد دەبێ و جڵەوی ئەسپ وەردەسووڕێنێ و لەگەڵ سیمۆن و خزمەتکارەکانیدا بەرەو لای شێخ دەگەڕێنەوە. شێخ کە ئەوە دەزانێ چەند سوارێکی دەخاتە تەك و لە ڕێی سندووسەوە رەوانەی سابلاخی دەکاتەوە. نامەیەکیش بۆ شێخ عەبدولقادری کوڕی دەنووسێ، کە سوارەی بخاتە تەك و بیگەیێنێتەوە تەورێز. کاتێ ئیقبالدولە دەزانێ تەقە لە کۆنسوڵکراوە؛ بێئەوەی ئاگای لەوەبێ کە بەرەو سابلاخ رەوانە کراوە، بە مسیۆ سولۆماندا پەیامی بۆ دەنێرێ، کە مانەوەی کۆنسوڵلە هەلومەرجێکی ئاوادا لە ورمێ چاك نییە. چونکە خەڵکەکە بڕوایان وایە هێرشی شێخ بە هاندانی کونسولی ئینگلیزە، بۆیە چاك وایە ناوبراو لە شاردا نەمێنێ نەکا ڕووداوێکی ناخۆش ڕووبدا و ببێتە هۆی قڕەوچڕەی نێوان هەردوو دەوڵەتی مەزن و من بەرپرس ببم.

ئیقباڵدولە و کوڕەکانی هاتنە سەر بورجەکە و فەرمانی تۆپباران کردنیاندا. ئەو باڵەخانەیەی کە شێخ سدیقی کوڕی شێخ کردبوویە بارەگا، بە گوللە تۆپ داڕووخا. محەمەد سدیق دەتۆقێ و دەترسێ و سواری ئەسپەکەی دەبێ و هەڵدێ. تۆپچییەکە تۆپێکی‌تری تێگرت و بەر ئەژنۆی ئەسپەکە و پێی سدیق کەوت و هەردووکیان بریندار‌بوون. کوردەکان کە ئەمە دەبینن لە ترسی گوللەی تۆپ، تێکڕا هەڵدێن. ئەوشەوە چوارسەد کەسێك لە کوردان کوژران. شێخ لە بریندار‌بوونی کوڕەکەی و شکانی لەشکرەکەی ئاگادار دەبێ. بڵێسەی قینی هەڵدەکشێ و فەرمانی تاڵانکردنی ئاواییەکان دەردەکا. شێخ فەرمان دەردەکا تا شەوانە هێرش بکەنە سەر سەنگەرەکان و گوللەبارانیان بکەن، بەڵام نەیاندەتوانی هیچ چەشنە زیانێك بە ئۆردووی ئێران بگەیێنن و بەپەلەش دەگەڕانەوە و سوارەکانی خۆشی دەنارده سەر گوندەکانی ئەو دەوروبەرە تا تاڵانی بکەن و هەر کەسێکیشیان دەستبکەوێ بیکوژن. ئەم چەتە زاڵمە، بێدەسەڵات کوژانە! ڕوویان دەکردە هەرلایەك کاولیان دەکرد و دریغیان لە خراپە نەدەکرد. پانزە ڕێبواری داماوییان لە دەرەوەی شاردا گرت و بردیان بۆ لای شێخ. گەرچی شێخ حەزی‌دەکرد ئازادیان بکەن، بەڵام کوردەکان، کوژراوە زۆرەکانی خۆیانیان بیری شێخ هێناویەوە و لەت و کوتیان کردن.

لەم ڕۆژانەدا ڕێی هاتووچۆ لە هەموولایەکەوە بەسترابوو، قات و قڕی لە ورمێ-دا پەرەی‌سەند و نان بوو بە نرخی گیان. شێخ لەشکرەکەی خۆی جووڵاند و لە خۆرئاواوە بەرەو باشووری برد. باخی دلگوشای ئیقبالدولە و باخی نەزەر، کە لە دەرەوەی شاردایە کردییە مەتەرێزی خۆی و فەرمانی هێرشیدا. باخی نەزەر بەرامبەر بە دەروازەی ئەرك بووە، کوردەکان هاتنە سەر سەربانی باخی نەزەر و لەوێوە ئەرکیان دایە بەر گوللە. تۆپچییەکەی سەر قولیپەکەش بێ فەرمانی ئیقبالدولە بەو چەند سەربازە کەمەیەوە کە لە

سەنگەری قولیپەکەدا بوو، باخی نەزەری کردە نیشانەی گوللە تۆپ. کۆمەڵێ لە کوردان کوژران و ئەوانیتر خۆیان لە دیوارەکەوە خستە خوارەوە و لە لای دەشتەکەوە خۆیان گەیاندە باخی دڵگوشا.

ئیقبال‌الدولە کە زانی کوردەکان چوونەتە باخی دڵگوشاوە، کە باخی خۆیەتی، فەرمانی بە تۆپچی‌دا بە گوللە تۆپ دڵگوشا بڕووخێنێ. بێئاگا لەوەی ئەو دیوارە ئەستوورەی دڵگوشا بە گوللە تۆپی شەش پۆندی ناڕووخێ. هەرچەند تۆپچی هاواریکرد ئەم تۆپە دڵگوشا ناڕووخێنێ، ئەو سەردارە گەوجە گوێی ناداتێ و فەرمانی تۆپباران دەدات. تۆپچیش دڵگوشا دەداتە بەرتۆپ. هەر گوللە تۆپێك کە لە دیوارەکەدا دەتەقێتەوە، لەجیاتی ئەوەی بیڕووخێنێ دەلاقەیەك دەکاتە دیوارەکە و کونێ بۆ تفەنگەکانی دوژمن دەکرایەوە!

کوردەکان لوولەی تفەنگەکانیان دەخستە ئەو کونانەوە و لەوێوە شاریان پێ‌گوللەباران دەکرد. ئەمکارە لە نیوەڕۆدا تەشەنەی کرد. کوردان ئەو شەو و ڕۆژەیان بە دەسکەوتی خۆرایی دەزانی، کارێکی وایان بە شار کرد کە چاوی گەردوون شتی وای نەدیوە.

ئەمیر ناوێکی تۆپچی کە جێگری سەرۆکی تۆپخانە بوو، لەم ڕۆژەدا لەگەڵ چەند کەسێکی‌تردا بەم گوللانە کوژران. ئیقبال‌الدولە ناچار دەروازەی بەست و کەوتە بیری ڕزگارکردنی دڵگوشا. ڕۆژێکی‌تر گەمارۆدراوان سەیری دڵگوشایان کرد و هیچ نیشانەیەکی کوردەکانیان تێدا نەدی، شاد و خۆشحاڵ دەروازەیان کردەوە و بەرەو باخ هەڵاتن. ئیقبال‌الدولەش سەد سەربازی ناردە ناو باخەکە. خەڵکی شار و سەربازەکانی دەستبەجێ لە ترسی ئەوەی نەوەك دووبارە شێخ بێتەوە و دیواری باخ بکاتەوە بە سەنگەر، دیوارەکەی ڕووەو شاریان بە پاچ و خاکەناز هەڵتەکاند.

کوژراوێکی زۆر لە باخەکەدا بەجێمابوون. دەرکەوت لەو کاتەدا کە لە دڵگوشادا بوون ژمارەیەکی زۆری کوردان بەر گوللە تۆپ و تفەنگ کەوتبوون. بە کورتی چونکە شێخ لە هیچ‌لایەکەوە نەیتوانی دەست بەسەر شاردا بگرێ، ناچار دەوری شار چۆڵ دەکا و لە چیای «سیر»دا دادەمەزرێ.

لەم ڕۆژانەدا نزیکەی (٥٠٠) بار چەك و جبەخانە بە یارمەتی محەمەدبەگی یاوەر، لە تەورێزەوە بۆ ورمێ دێت. خەڵکی شار ئەوەندە بۆ شەڕکردن بێ‌ئارام ببوون، هەموو ڕۆژێ ورد و درشت داوای کردنەوەی دەروازە و هەڵمەتبردنە سەر کوردەکانیان دەکرد. ئیقبال‌الدولە لە ناو شاری گەمارۆ دراودا و شێخیش لە دەرەوەی شاردا، خەریکی ئازاردانی خەڵکی بوون! دوای پازدە ڕۆژ هەوڵ و تەقەللا، لە کوشتنی کوردەکان بەولاوە، شێخ هیچ دەستکەوتێکی نەبوو.

تەتەرێك هەواڵی هێنا کە تەیموورپاشاخان بە ٦ فەوج سەرباز و (٢٠٠٠) سوارەی ئازا و ٦ عەرادە تۆپەوە گەیشتوونەتە نزیك شەش قۆناغەڕێی شار، تەیموورپاشاخان خۆی لە هاتنە ناو شار دەپاراست و خەڵکی دەیانوت لە بەر دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی نێوان ئەو و

ئیقبال‌الدوله و خێڵەکەیدا نایەتە ناوشار و خۆی دوادەخات، بۆئەوەی ورمێ بکەوێتە دەست کوردان و ئیقبال‌الدولەش لەناوبچێ. بەڵام تەلگرافی سوپاسالای ئەعزەم کە لەمبارەیەوە بۆ تەیمووریاشاخانی ناردبوو، بواری ماتڵبوونی نەهێشتبۆوە، ئەگەرچی درەنگیش بوو، بەڵام سپاکەی رووەو ورمێ رەوانە کرد. شێخ هەواڵی زانی و سەرەتا سدیقی برینداری بە (٥٠٠) کەسەوە بۆ پێشوازی نارد و خۆیشی بە هەموو لەشکرەکەیەوە رۆیشت. دوو لەشکر بەرەنگاری یەكبوون و بگرە و بەردە کەوتنە نێوان. کوردەکان نزیکەی (٣٠) بار وشتر چەك و جبەخانەیان بەبەر لەشکرەکەی تەیمووریاشادا برد، بەڵام تەیمووریاشا لە دواوە هێرشی‌هێنا و گەلێکی لێکوشتن و زۆریشی لێ بەدیل گرتن و ئەوانیتر پەنایان‌بردە بەر کێوەکان. تەیموورخان ئیتر دوای دوژمن نەکەوت و بەرەو شار هات. کە هەواڵی سەرکەوتنی تەیموور گەیشتە شار، ژن و پیاو بە پیریەوە چوون. لەشکرەکەی تەیموور لە باکووری ورمێ، لە دەرەوەی دەروازەدا چادریان هەڵدا.

شێخ دوای تێشکان لە چیاکەوە چووە قەڵای ئیسماعیل. دێی عەسکەرئاوا کە (٣٠٠) بنەماڵەیە و سەنگەریان لە دەور هەڵکەندبوو. لە تێشکانی شێخ ئاگاداربوون و بەریان پێگرتن. شێخ هێرشی کردە سەر ئەم گوندە و خەڵکەکەش بەرگرییان کرد و (٣٠) کەسیان لە لەشکری کورد کوشت. بەڵام چونکە گوللە و باروتیان نەما و لە بەرامبەر شێخدا خۆیان پێ‌نەدەگیرا، شێخ بە زۆر بە سەریاندا زاڵبوو و هەموو خەڵکی ئەوێی دایە بەر شمشێر.

تەیمووریاشا و لەشکرەکەی لە نزیك ئەم ئاواییەدا بوون، بەڵام بە دەنگییانەوە نەهاتن و هۆی ئەم چەشنە بێ‌دەروەستییانە لە کاتێکی ئاوادا نادیارە. تەیمووریاشاخان لە رۆخی شار و لە دامێنی کێوێکدا بە ناوی (چواریاش)، دادەمەزرێ. شێخ لە ناکاوێکدا هێرش‌دەکاتە سەر چواریاش، واعیزێکی کاتۆلیك لەوێ بووە، هەواڵ دەداتە تەیمووریاشاخان کە ناوبراو گەیشتووە و جەنگ دەستپێ‌دەکا. ئەم جەنگە تا نزیك گوندی ئالوجی دەتەنێتەوە کە قۆناغەرێیەك لە شارەوە دوورە، کوردەکان دیسانەوە تێدەشکێن و (٢٠) کوژراویان لێ‌جێدەمێنێ. چەند کەسێکیش لە ئێرانییەکان دەکوژرێن. شێخ پاشەکشێ دەکا و چەند گوندێکی ئەو ناوە کاول و تالاندەکا، گەرچی مەودای نێوان ئۆردووی شێخ و تەیمووریاشاخان لە چل و پێنج دەقیقە رێگە زیاتر نەبوو، بەڵام تەیمووریاشاخان هێرشی نەکردە سەریان تا بە یەکجاری لەشکرەکەیان لەناوبەرێ و رەگ و ریشەی فیتنە هەڵکەنێ.

لە (١٨٨٠/١١/١٢ز)[1]دا شێخ بە بەردەم لەشکرەکەی تەیمووریاشاخاندا تێدەپەرێ و بەرەو برادۆست کۆچ‌دەکا؛ بێئەوەی، تەیمووریاشاخان هێرش بەرێتە سەری و بیگرێ. چونکە ئەم دەیتوانی ئەمکارە بکات.

---

[1] ٨ی زیحەجەی ١٢٩٧ کۆچی ١٢٥٩/٨/٢٠ هەتاوی

وەك دەرکەوت لەشکری شێخ لە برادۆست لەبەریەك هەڵدەوەشێ و شێخ بە تەنیا دەمێنێتەوە. لە خەفەتدا نەخۆش دەکەوێ و لە ترسی ئەوەی نەکا تووش بێتەوە، لەوێوە دەچێتەوە ناو موڵك و ماڵەکەی خۆی لە نەهری.

دوای ئەوەی شێخ گەڕایەوە بۆ نەهری، یان نوچە، خاکی ورمێ بەدەست ئۆردووی تەیموور پاشاخانەوە پێشێل و تالانکرا. خەڵکێکی لە رادەبەدەر کوژران و خەڵکیش زیانێکی بێ‌سنووریان لێکەوت. لەشکرەکەی تەیموور پاشاخان گوێی بە هیچ ئایینێك نەدا. لە روانگەی ئەوانەوە شیعە و سوننی و موسوڵمان و فەلە و گاور و بتپەرست و جوو وەك‌یەك بوون. باکیان لە رووتاندنەوەی کەس نەبوو. ژنانی شاریان بە زۆرەملێ و تۆپزی لە ماڵ دەکێشایە دەرەوە و شەوان رایاندەگرتن و دواییش بە رووت و قووتی دەیانناردنەوە. هەرشتێکیان لە شاردا بکڕیایە، پارەیان نەدەدا. ئەگەر بچوونایەتە چێشتخانە سەرەڕای ئەوەی پارەیان نەدەدا سەرانەشیان لێ‌دەسەندن. کەمترین کاریان دزی و رێگری بوو. هاواری خەڵك دەگەیشتە ئاسمان. روو دەکەنە ئیقبالالدولە و سکاڵا دەکەن و رەحمەت بۆ کفندز دەنێرن و و دەڵێن شێخ گەرچی قینی ئایینی لە دڵیدا بوو بەڵام ئەم بێ‌ئابڕوویی و بەدناوییەشی بە سەردا نەهێناین. هۆی چییە تەیموورپاشاخان خۆی خزمەتکاری دەوڵەتە، کەچی هەر خۆیشی بۆتە جەللادمان؟ ئیقبالالدولە لە وەڵامدا دەڵێ: تەیموورپاشاخان دوای مەرگی شوجاعالدەولەی برام چاوەڕێی رۆژێکی وابووە کە بە مەبەستی تۆڵە و دوژمنایەتی، هەرچی خراپە و دڵڕەقی لە دەست بێ، دەرحەق خەڵکی ورمێ و ئێمە بیکات، چونکە سەردەمانێك براکەی من لەلایەن دەوڵەتەوە راسپێردرابوو تا بچێ و خۆی و بنەماڵەکەی سزا و تەمێ بکات. ئێستاش کاری من نییە بچمە ناو ئەم کێشەیەوە.

کە سکاڵا و هاواری خەڵکی ورمێ لە سنوور تێپەڕی و لە توانادا نەما و خەریك بوو راپەڕن و یاخیبوونێك ورمێ بگرێتەوە، بۆیە تەیموورپاشاخان چۆڵکردنی ورمێی بە قازانجزانی و بە بیانووی ئەوەی دەچێ بۆ مەرگەوەڕ بۆ سەر شێخ، لە دەوروپشتی ورمێوە دەگوێزێتەوە و ئەو شوێنانەش تالان دەکا و کاروانی بێ‌ئەندازە و لە ژمارە نەهاتووی تالانی دەنێرێتەوە بۆ ولاتەکەی خۆی. بەشێ لە سوارەکانیشی بە دەوروپشتی ورمێدا بلاو دەکاتەوە و هەرکەسێکیان بەردەست بکەوتایە رووتیان دەکردەوە.

لەم ماوەیەدا هەموو رێگەکان بەسترابوون، لە هیچ لایەکەوە هاتووچۆ نەبوو، کەسیش نەیدەوێرا نە لە شار دەرچێت و نە بۆ شار بێت، بەم بۆنەیەوە قاتوقڕی لە شاردا تەشەنەی کرد. بە کورتی خراپە و کاولکاریی تەیمووریاشا لە چاو شێخدا، دە ئەوەندە بوو.

سونییەکانی ورمێ چ لە شار و چ لە دەرەوە هەموویان تالانکران. شت و مەکیان برا، بەڵام خۆیان لە ترسی ئەوەی نەبن بە ژێردەست و پێی لەشکری ئێرانەوە، شوێنەکانی خۆیان جێهێشت و لەو سەر سنوورانەی ئێران و عوسمانی، لەو کەژ و کێوانەدا برسی و تینوو دەژیان.

لەمکاتەدا شێخ‌هیدایەت ناوێك بە (٦٠) کوردەوە هاتنە ناو شاری ورمێ و لە سەردەستی شێخولئیسلامدا بوون بە شیعە. برایم‌خان و عەبدوڵڵاخانی زەرزای هاودەستانی شێخ، ژن و منالی خۆیان هەڵگرت و لە سەر سنووری ئێران و عوسمانیدا نیشتەجێ بوون. لە دەوڵەتی عوسمانییەوە فەرمان بە قایمقامی ڕەواندوز دەکرێ تا نەیەڵن شێخ و لایەنگرەکانی بچنە ناو خاکی عوسمانییەوە. نیعمەت‌ئاغا ناوێك کە ئاغایەکی کوردی قەڵەمڕەوی عوسمانییە، لە شێخ دادەبڕێ و دەیەوێ بچێتەوە بۆ ناو خاکی عوسمانی. لەوێ پارێزەرانی سنوور دەیگرن و سەری دەبڕن و ماڵ و سامانی داگیر دەکەن.

پاشكۆی ژماره(٨)

نامەی كارگێڕی سابلاخ بۆ وەزارەتی كاروباری دەرەوە
هەواڵی (ئەبولقاسم) سەبارەت بە بارودۆخی سابلاخ[1]

ساڵی حەوتەمی سەركەوتنەكانی ئێوەی (ئەستێرە)، كە وەكو بەختێكی گەشاوە، جیهانی مرۆڤایەتیتان گەیاندۆتە هەموو راستییەكان و تا دوا ترۆپكی گەورەیی، هەڵتانكشاندووە.

... نیازمە بابەتێك باس بكەم، ئەگەر بەرچاوی جەنابتان بكەوێت و گەورەییتان ببینێت، لەوانەیە بێكەڵك نەبێت. هەروەها دەبێتە هۆی داچڵەكان و پەند و عیبرەتیش بۆ ئەو بەختەوەرانەی كە دەیخوێننەوە.

پوختەی رووداوەكە، بە حوكمی پێویستی جیاواز نووسراوە و لێرەدا من بە كورتی عەرزی دەكەم. من قتل نفساً بغير نفس او فساد في الارض فكأنما قتل الناس جميعا

دوای ئەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای مەلعوونی ئاوەز كورتی چارەڕەش، بە هۆی خەیاڵی شەیتانیی و نەفسی خراپی خۆیەوە، كەوتە بیری حوكمداریی و دامەزراندنی وڵاتەوە... ئەو گێلە پێیوابوو تەختی دەسەڵات و خونكاریی، بە یارمەتی دەستەیەك چەتە و دوژمن، كە بەر رق و نەفرەتی دەوڵەتە بەتواناكانی ئێران و عوسمانی كەوتوون وەكو هەمزاغا و هەروەها چەند سەرۆك خێڵێكی بێشارستانیی و درندە، پێدەستێنرێت و دەكارێ سەربەخۆیی لە دەوڵەتانی عوسمانی و ئێران دەست بكەوێت. لەبەرئەوە شێخ عەبدولقادری كوڕە ناوەنجی خۆی، لەگەڵ هەمزاغادا بەرەو شنۆ و سابلاخ بەرێكرد.

رۆژی دووشەممە: (١٨٨٠/٩/٢٧ز) نەواب لوتفعەلی خانی حاكمی سابلاخ، لەگەڵ ئاغاكان و حەشیمەتەكانیاندا بەرەومیانداو بەرێكەوتن.

رۆژی چوارشەممە: (١٨٨٠/٩/٢٩ز) ، دوای دوو رۆژ، شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا لە نیوەڕۆدا، بە (٢) هەزاركەسی دەرەوەیی و ناوخۆییەوە، چوونە ناو سابلاخەوە و رۆژی پێنج شەممە: ١٨٨٠/٩/٣٠ ز ، خان باباخانیان كردە حاكمی سابلاخ. لە ماوەی (٣) رۆژدا جەماوەری ژێر سێبەری وەحشییەتی عەبدولقادر، خۆیان بۆ (١٢) هەزار كەس دەكوتا.

رۆژی هەینی (١٨٨٠/١٠/١ز) ، پێش هەتاو كەوتن، بەرەو (مەرەحەمەت ئاوا) بەرێكەوتن. دوای نیوەڕۆی هەینی، هەواڵی كوشتوبڕ و تاڵانی مەرحەمەت ئاوا و تەرمی

---

[1] ئەم بەڵگەنامەیە لە زنجیرەی بەڵگەنامەكانی پاشكۆی ژمارە (١)دا، ژمارەی ٥٨٠ی درابوویە.

(نوری بەگ)[1]ی ئالآهەلگر و خاڵۆی شێخ عەبدولقادر گەڕایەوە سابلاخ. جگــە لــە مەسیحی و جووەکــان و منــدالآن، کــە سووتاندبوویانن، (٣/٤٠٠) پیــاو و ژنــی کوژراویــان لێکەوتــەوە و هەندێ مزگەوتی بەناوبانگ بە قورئانەکانیانەوە لە ئاگردا سووتان.

لام وایە شێخ عوبەیدوڵلآ ، جگە لە سەرشێتی، بروایەکی ڕاست و پتەویشی بــە یاسـای بەرێز و حورمەت نییە؛ کە ڕاستەقینەی ئیسلامە. ئەمەش لــە کــردەوەی دەســت و پێوەنـد و لایەنگرەکانیدا دەردەکەوێت. چونکە ئەوان قورئان دەســووتێنن، ژن و منــداڵ بــە بێ‌ســووچ و تاوان دەکوژن و ئەتکی نامووسی ئافرەتــان، لــە ژنــی (٥٠) ســاڵەوە، تــا کچــانی (٥) ســالآن بەرەوا دەزانن و جیاوازیی لە نێوانیاندا ناکەن.

لە کاتێکدا ئەوەی ئەم تاقمە لارێیە گرتوویانەتە بــەر، کــە لــە ســەرەتای خلقەتــەوە، تــا ئێستا شتێکی وا سەیر و نارەوا و چەپەڵ نەبووە و نەبیستراوە.

لە (مەرحەمەت‌ئاوا) و (مەلکەندی) و (مەحالــی تۆپخانــە) و (ســاتلەمیش) و (مەحالــی چیچەك) و (قەرەوێران)ەوە، تا دەگاتە (هەشترود)[2] و هەوێلــی تەورێز؛ لە هەموویانەوە مالــی تالآنییان هێنا. مەرحەمەت ئاوا لە هەمویان خراپتری لێقەوماوە، کە تێیدا هەرە چاکەکان بــە پەند بوون و بە دەستی ئــەم تایەفــە وەحشــییە چــوون. بێ‌گــەورە کردنــەوە، نزیکــەی (١٠٠ کرور) تمەن، هەر ڕەعیەت زیانیان پێگەیشتووە. ئیتر جگە لە زەرەر و زیانی دەوڵەت.

لــە (١/١٠/١٨٨٠ ز)ەوە تــــا (١٥/١٠/١٨٨٠ ز) ، هــــەر بــــەم نــــاوەدا تــــەراتێن و رمبازێنیان‌بوو، بە دڵــی خۆیان ئەسپیان تاودەدا. خێڵی مەنگوور و پیران و زوودی و مامش و تایەفەی زەرزا، کە خزمایەتییان لەگەڵ شێخدا هەیە و هەروەها ئاکۆیی و باڵەکی و گــەورکی و ... هتــد. دەسکەوت و دیلــەکانی خۆیــان بــردەوە لای خۆیــان. ئــەم تالآنــــە، تــا ســەر ســنوورەکانی عوســــمانیش دەنگی‌دایــەوە و بــەردەوام لــەو سنوورانەشــەوە پووزەوانــەیان لێهەڵکێشاوە و بەرەو خوار دەبنەوە و دێن.

لە (١٥/١٠/١٨٨٠)ەوە، تا (٢٥/١٠/١٨٨٠) ، لــە ســابلاخ بارگــە و بنــەیان خستووە و ژمارەیــان گەیشــتۆتە (٤٠) هــەزار، لــەبیری تــالآنی و داگیرکردنی (بناو)یشــدان. تایفــەی قەرەپەپاغ و خەڵکی سابلاخ بۆ ئەم سەفەرەیان ناچار دەکرێن.

باسی ئەمری (ئیعتیمادسەڵتەنە) بۆ (بناو) و سەنگەرگرتنی گەیشتووە و دەمگۆی ئــەوەش داکەوتووە، کە شێخ عەبدولقادر، هەر بە ئاســمانەوە گوللــە تــۆپ دەگرێتــەوە و ئــەم تایەفــە سەرلێ‌شێواوەش بەهیوای تالآنیی تازە، لەوانەیە باڵ بگرنەوە.

ڕۆژی ٢٥/١٠/١٨٨٠، هێرشــیان کــردە ســەر (بنــاو) تــا (٣/١١/١٨٨٠) ، چــەندجارێك ســەنگەرەکانیان تــاقیکردەوە و تێکشــکان و گەڕانــەوە. ئەگــەرچی لــەو کاتــەدا ژمــارەی

---

[1] ڕاستییەکەی (میربەگ)ە.

[2] هەشتەڕۆ – یشی پێدەڵێن

سـەربازەکانی (ئیعتیمادسـەڵتەنە) نەدەگەیشتنە (٣) هـەزارێش. لەشـکری مـەرحومی (حشمت‌الدولە)ی بە ناوبانگ لە تارانـەوە ڕێکـەوتووە و جـەنابی (حەسـەن عەلـی خـان)ی وەزیری فەوائیدیش لەگەڵ فەوجی گەرووس و سوارەی هەوشاری (سـاییەن قـەڵا) و سـوارەی (شاهسەوەن) و (دەویرون)دا، فرمانیان پێکراوە، تا زووە خۆیان بگەیەننە هۆردووی بناو.

ئەم هەواڵەش بەرگوێی دارودەستەی شێخ عەبدولقادر گەیشتووە و ترسیان لـێ‌نیشتووە و لە چاوتروکاندنێکدا دەردەچن و دەتوێنەوە.

گوڵاوی ئاغای دیبوکری و خان باباخانی حاکمی سابلاخ، خۆیان دا بە دەست لەشکری بناو و گەلێك چاکەیان لەگەڵدا کرا[١] . شێخ عوبەیدولقادریش خـۆی پـێ ڕانـەگیرا و گەڕایـەوە سابلاخ. جەنابی وەزیری فەوائیدیش لەگەڵ فەوج و سوارەی هەوشار و سوارەی دەویروندا لـە ڕێگەی کوێستانەکانی مەراغەوە خۆیان گەیاندە لای هۆردووی بناو.

لەم کاتەدا دانیشتووانی (مەحاڵـی شاروێران) ئاژەڵ و ماڵ و منداڵـی خۆیان هەڵگرتووە و لە ترسـی لەشـکری دەوڵـەت، بـەرەو سـندووس و سەردەشـت و لاجـان بڵاوەیـان کـردووە و بێ‌هەدادان دەڕۆن، هۆردووش لە بناوەوە بەرەو سابلاخ کەوتۆتە ڕێ.

شـێخ عـەبدولقادریش دوای گەڕانـەوە لـە بنـاو، خـەڵکی سـابلاخی لـە تـاڵان و بـڕۆی هێزەکـانی دەوڵـەت ترسـاندووە و دانیشـتووان لـە ترسـاندا دەسـتی ژن و منداڵیـان گرتـووە و داویانەتە کوێستانەکانی ئاقاری شار و دەڕەون.

شەوی (١٨٨٠/١١/١٠ز) ، شـێخ عـەبدولقادر و هـەمزاغا، سـابلاخیان بەجێهێشـتووە و نزیکەی (٥٠٠) بنەماڵەش، هەر ئەو شەوە سابلاخیان بەجێهێشـتووە و بـەرەو سەردەشـت و بانە ڕادەکەن. دەنگی شریخەی تفەنگ و دەمانچە و هاوار و ناڵەی ژن و منداڵ لـە سـابلاخ و دەور و پشـتیدا دەبیسـترێ. هـەواڵ هـاتووە دارودەسـتەی شـێخ عـەبدولقادر و هـەمزاغا، کاروانسەرایەکی بازرگانییان تاڵانکردووە. هـەروەها ئـەو ڕەعیەتـەش کـە بـە قسـەی ئـەوان، پەرەوازە و ئاوارە بوون، هەر لە سەردەستی ئەم دارودەستەیە، ڕووتدەکرێنـەوە. (٧) کەسیان کوشتووە و دەستەیەك برینداران و ئەتکی نامووسیش کراوە.. ئەوەی ڕەحـم بـە دایکـی خـۆی نەکات، بڵێی چی لە خەڵکی بکات!

تا بەرەبەیان شریخەی تفەنگ و دەمانچـە و هـاوار و زریکـە، لـە سـابلاخ و دەوروبـەری نەکـەوت، کـە ڕۆژ بـووەوە؛ لـە (١/٤٠٠) بنەماڵـەی دانیشـتووی سـابلاخ، تـەنیا (٣٠٠) ماوەتەوە.

---

[١] ئەمە ڕاست نییە، چونکە هەر ئەو ڕۆژەی خان باباخان، خۆی بەدەستەوەدا، لەگەڵ (١٥) کەسیتردا کوشتیان.

تـەلارەکان بوونەتـە گۆڕسـتان، زانایـان و قـازی و سـەییدەکان و ئـەو دانیشـتووانەی ماونەتەوە. ئەمڕۆ چوونە لای لەشکری دەوڵەت، لە گوندی (قەرەقشلاق-ی سـێ قۆناغـەڕێی سابلاخ) گەلێك نەوازش کران و ڕێزیان لێگیرا.

(ولکم فی‌القصاص حیوه یا اولوالالباب). ئەم ئایەتانە بۆ پاراستنی گیان وماڵە و دەوڵەت مافی خۆی بوو، تا بە حوکمی ئەم ئایەتە پیرۆزە، سزای تاوانباران بدات و سیاسەت بکات. بەڵام چونکە بنەڕەتی ئەم بەڵا ناوەختە، لە خاکی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو؛ سزادان چـاوی لـێ پۆشرا. بە پێی ئایەتی (**الکاظمین الغیظ والعافین عن الناس**)یـش، لێخۆشبوون بـۆ هـەموو بەشداران و تاوانبارانی ئاژاوەی ئەم سنوورانە دەرکرا.

لەم ڕۆژانەشدا (حشـمت‌الدوله) لە گوندی (تیکان‌تەپە)ی هەوشار، بە ڕەحـمـەتی خـوا چوو.

ڕۆژی (١٢/١١/١٨٨٠ ز)، حاجی (سەدردەوله)یان لـە لەشـکری قەرەقشـلاقەوە لەگـەڵ فەوجی گەرووس و سوارەی نەسرەت‌دا، بۆ فەرمانڕەوایی سابلاخ بەڕێکرد. مانگێك فەرمانڕەوا بوو، چونکە شێوازی بەڕێوە بردنەکەی لەگـەڵ خواستی بەرپرسـانی دەوڵـەتدا نـەدەگونجا، بۆیـە بـەڕێز و خاوەن‌شـکۆ، سوپاسـالاری مـەزن، حـاجی سـەدردەولەی بـۆ هێمنایـەتی و دامەزراندنی ئەم ناوچەیە بە پەسەند نەزانی و جەنابی حەسەن عەلـی وەزیری فەوائیدی بۆ ئەم ئەرکە هەڵبژارد، کە پیاوێکی بڕوا پێکراو و پەروەردە کراوی لە کڵ دەرهاتوو بوو. سابلاخ و لاجان و سندووس و سایین قەڵای هەوشاریشی خستە سـەر ناوچـەی دەسـەڵاتدارییەکەی.

جەنابی وەزیر فەوائیدیش دوای ئەوەی کە داروباری شپرزە و پەشـێوی دانیشـتووانی بینـی و زاڵبوونـی ترسـی لـە هـەموو ئـەندامێکی گیانیـاندا هەسـت پێکـرد و زانـی کـە ئەگـەر بـۆ چارەسەرکردنی ئەم ناخۆشیی و دژوارییە، کـاری پێویسـت نـەکرێت، زۆر ناخایـەنێت ئـەم وڵاتە سەرپاکی دەبێتە کەلاوە و بەردی بە سەر هەردەوە نامێنێ. بۆیە بەڕێزیان هـەموو کـات توانای خۆیان ݛ حکوومەتیان بۆ دڵدانەوەی خەڵك و چاکەکردن و بەخشـینەوە تـەرخانکرد و ئەم کارەشی گەباندە لووتکەی خۆی... ئەو خەڵکـەش کـە لـە ترسـاندا پـەنایان‌بردبووە بـەر خاکی عوسـمانی ە لە شارانی بێگانەدا پەرتەوازە و بێ‌چارەنووس و داماوبوون و چارەنووسـی کردەوەکانی خۆیان نەدەزانی، لە ماوەیەکی کورتدا لەوپەڕی دڵخۆشیدا ڕوویـان‌کردەوە وڵاتـی خۆیان و وەکوو جاران دوعابێژی خاوەن‌شکۆ بـوون. سـووتان و وێرانییـەکانی مەحاڵـی شـار وێرانیش گەلێك چاکتر لە خۆیان چاککرانەوە و خەڵکە ڕەیوەکەش هەموویان گەڕاونەتەوە.

کە باسـی بەخشـش و چاکـە و دڵگـەورەیی وەزیـری فـەوائید گەیشـتە سەرسنوورەکانی عوسـمانیش، ئەو تاوانبارانـەی لـە خـاکی عوسـمانیدا بـوون نامەیـەکیان بـەڕێکرد و باسـی پەشیمانیی خۆیان تێدا نووسی و داوای لێبووردنیان لێکرد، بەڕێزیشـی بـە پێـی بـەرژەوەند، بڕیاری توند و پڕ لە هەڕەشەی دەنووسییەوە. تا ئەوەی کە کاکەڵڵای برای هەمزاغا، لەگەڵ دەست و پێوەندەکانیدا بە ناوبژیی محەممـەد ئاغـای سـەرۆك‌خێڵی مـامش، هاتـە سـابلاخ و

داوای لێبووردنی کرد، چاکە و دلۆڤانیی لەگەڵدا کرا و کرایە سەرۆکی تایەفەی ناوبراو، بە بڕیار و خەڵاتەوە نێردرایەوە.

بەمبۆنەیەوە هەمزاغا غیرەت گرتی و نامە و پیاوی ناردە لای وەزیر فەوائید و جەنابیشیان دوای پرس و راوێژ بە سەرانی دەوڵەت، گەڕانەوەی هەمزاغایان بە پێی چەند خاڵ و مەرج بە چاك زانی و گەورە پیاوانیش لە ڕێگەی سیاسەتەوە ئەم گەڕانەوەیەیان پەسەندکرد، قادر ئاغا، گەورە و ریش‌سپی تایەفەی دێبوکری و بەڕێز میرزا ئەبولقاسم برای بەڕێز میرزا عەبدولوەهابی قازی لە وەڵامی هەمزاغادا و گەڕانەوەی بۆ سابڵاخ، ئەوەی بە پێویستیان دەزانی، نووسییان.

پاش دوو سێ ڕۆژ، سوارئاغای برازای هەمزاغا - سەرۆك تایەفەی زوودی و سولێمان ئاغای برازای هەمزاغا هاتن بۆ سابڵاخ، لەو کاتەدا بەڕێز وەزیری فەوائید لەگەڵ تاقمێك سوارەی قوجەبێگلووی شاهسەوەن و هەوشاری ساییِنقەڵا و نزیکەی ٥٠ سەربازێکی فەوجی پێنجەمی شوقاقدا لە نزیك باخی موزەفەردەولە خێوەتیان هەڵدابوو و دامەزرابوون، ئەوان لەم کاتەدا لەگەڵ میرزا ئەبولقاسمدا هاتن و جەنابی وەزیریش گەلێك دڵنەوایی‌کردن.

سەبارەت بە هەمزاغاش بڵێم کە جەنابی وەزیر ئەمری بە سوارەی قەرەپەپاغ و سوارەی مامش کرد، کە پاراستنی سنوورەکانی لاجانیان پێ سپێردراوە، کە ئەگەر هەمزاغا و دارودەستەکەی سنووریان شکاند و دەرباز بوون، بە چەك وەڵامیان بدەنەوە.

لەم کاتانەدا بوو کە نامەیەك لەلایەن هەمزاغاوە بۆ میرزا ئەبولقاسم هات، تێیدا نووسیبووی: ئێستە من دێم بۆ گوندی بستام بێگ (کە لە مووچەکانی نەعلەین و ماڵی هەمزاغایە) و لەوێ یەکتر دەبینین. دوای ڕۆژێك نامەیەکی دیکەی هەمزاغایان هێنا، نووسیبووی ئەمجارە نەکرا یەکتر ببینین.

جیاوازی نووسینەکانی بوونە هۆی دڵەخورپە و مەترسیی. بەڕێکەوتیش تەتەری تایبەتی هەمزاغا کە دەهات بۆ سابڵاخ، لە لاجان تووشی سوارەی قەرەپەپاغ و سوارەی مامش دەبێت و هەواڵی هەمزاغای لێدەپرسن، ئەویش دەڵێ لەگەڵ ١٠٠ سواردا لە بستامبێگە و ئەمەش نامەی ئەوە، کە دەیبەم بۆ سابڵاخ. سوارەی قەرەپەپاغ و مامش بە پێی ئەو ئەمرەی پێیان‌کرابوو، هێرش دەبەنە بستام بێگ و دەبینن کە هەمزاغا و سوارەکانی لە سەر زنارێکدا سەنگەریان‌گرتووە و ئەمانیش گەمارۆیان دەدەن. دوایی چەند کەسێکی مامش و قەرەپەپاغ دادەبەزن و روودەکەنە سەنگەرەکان. هەمزاغا بەرەنگاری پێ ناکرێت و لە یاڵی پشتەوەی زنارەکەوە سەرەوخوار دەبنەوە و دەردەچن، دەیانەوێ لە بواری چۆمەوە بپەڕنەوە، کە کەکەڵڵای برای هەمزاغا، سوارەکانی و سوارەی مامش و قەرەپەپاغ ڕێگەیان پێدەگرن. هەمزاغا و سوارەکانی دادەمێنن و ناچار لە چۆمەکە دەدەن و بە سەلامەت دەردەچن. هەرچەند لە پەڕینەوە چەند ئەسپ و پیاوێك ئاو دەیانبات.

پاش ئەوەی تەتەری هەمزاغا هاتــە سـابلاخ و نووسـیبووی: مـن ئێسـتا لـە بسـتام بینگ چاوەنوارتان دەکەم، بەڕێز و خاوەنشکۆ وەزیری فەوائید، خـێرا میرزئەبولقاسـمی بـۆ لایـان بـەڕێکرد. هەرچـەندە تـا ئـەو کاتـە خەبـەری ئـەم ڕووداوە تازەیـەی (ڕاکردنـی هـەمزاغای پێنەگەیشتبوو)، میرزا، هەمزاغای لەوێ نەبینی و هەواڵی ڕووداوە تازەکانیشی پێگەییشـت. سەرەڕای ئەمانە هەمزاغای بینی و دڵنەوایی‌دەکات و ئەویش بەڵێن‌دەدات کە خـێراتر بـەرەو سابلاخ بەڕێکەوێت.

ڕۆژی ١٨٨١/٧/٢٩ (ڕۆژی هـەینی ٢ی ڕەمـەزانی ١٢٩٨)[1] محەمـەدئاغا سـەرۆك‌خێلی مامش و کەکەڵلای برای هەمزاغا لە سابلاخ بوون، کە خەبەریان هێنا ئـەوا هـەمزاغا و ١٥٠ سوارە ئەمڕۆ دێنە سابلاخ، جەنابی وەزیر دوای بیستنی ئەو هەموو بەڵێنە درۆیە و پاش ئەو هـەموو ئاژاوەیـە، کـە هـەمزاغا بـۆ یارمـەتیدانی شـێخ عوبـەیدوڵلای مـەلعوون نابوویـەوە، بڕوای‌نەدەکرد هەمزاغا جەسارەتی وەها بکات متمانە بە بـەڵێنی چـەند کەسێکی ناوچەکـە بکات. لە لایەکی‌دیکەشەوە هەڵسوکەوتی نەزانراو و چاوقایمی و سەرەڕۆیی هـەمزاغا، شـتی وەهایـان بـە دوور نـەزانی، بۆیـە خـێرا پێویسـتی کوشـتنی خـۆی و هاوڕێکـانی دابـین و دەستنیشان‌کرا.

دوو سەعاتێك بۆ ئێوارەی هەینی مابوو، کە هـەمزاغا و سـێ بـرازای، کـە بـۆ ئـازایی و جوامێری لەو ناچەیەدا بەناوبانگ بوون، پیاوەکـانی هـەمزاغا بـە تفـەنگی مـارتین و خـودی هەمزاغاش بە تفەنگی تۆکمەدارەوە لەگەڵ میرزا ئەبولقاسـمدا گەیشـتنە نـاو شـار و یەکسـەر خۆیان کرد بە خێوەتی جەنابی وەزیری فەوائیددا.

«داماوە پەلەی تێداچوونی خۆی بوو». سوارەکانی هەمزاغا لە پشت باخی قیبلـەدا، کـە دوو هەزار مەترێك لە ئۆردووگاکەوە دووربوو، چاوەڕێیاندەکرد کە ئاخۆ چی ڕوو بدات.

جـەنابی وەزیـر دووسـەد مـەترێك لـەولاترەوە بەوپـەڕی وریاییـەوە خـۆی دادەگرێـت و پیلانیشی بە سوارەی هەوشار و قوجە بێگلوو ڕاگەیاندووە. بەڵـێ هەمزاغا و هاوڕێکانی خۆ بە خێوەتیکی چۆڵ و هۆڵدا دەکەن.

سوارەی کاکەڵلاو سوارەی تایەفەی مامش و قەرەپەپاغ لە پاڵ باخدا چاوەڕێدەکەن، کـە ئاخۆ چ حەشر و قالووبەلایەك بەرپا دەبـێ؛ کـە لـە ناکـاو دەنگـی هـاوار و تەقینـەوە لـەناو خێوەتی جەنابی وەزیرەوە هەڵدەستێ. بەلـێ لە یەك چرکەدا سوارەی هەوشار و قووجەبێگلوو ڕەگوڕیشەی هەمزاغا و هاوڕێکانی دەردێنن و سەری ناپاکیان لە لـەش دەکەنـەوە و زەوی لـە بوونی ناپاکیان، دەسڕنەوە.

---

[1] لـە ڕاسـتیدا هـەمزاغا و هاوڕێکـانی لـە ڕۆژی هـەینی: (٢)ی ڕەمـەزانی (١٢٩٨) کۆچـی، (١٨٨١/٧/٣٠) کوژراون. (بنواڕە: گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظامی گرووسی – ل ٤٤٨).

روودانی ئەم ئاژاوە و فیتنەیەی شێخ عوبەیدوڵڵاو پاڵدانی هەندێ لە ئاغاکانی ئەم هەوێڵە بە هەمزاغاوە، هەروەها یاریدەدانی شێخ عەبدوڵقادر لەلایەن هەندێ تایەفەی وەحشی و تەبەعەی (ئێران) و (عوسمانی)ەوە، باسی تالآنی میاندواو و ...هتد، بووە هۆی هەڵگیرسانی دوژمنایەتییەکی گەورە و قووڵ لە نێوان دوو رەعیەتی خزمەتکاری دەوڵەتی ئێران، واتە تورکان و کورداندا، کە بەردەوام خزمەتکار و دوعابێژی شای ئێران بوون (خودا پایەداری بکات).

لە سەرەتای ئەو فیتنەیەوە تا ئێستە کە ساڵێکی رەبەق دەخایەنێت، یەك تاکە کەسی کوردیش بە هۆی ئەو کردەوە دزێو و وەحشیانەی ئەم تایەفە تالآنکەرەوە لە ترسی سزادان نەیانوێراوە قەرەی بەشی تورکنشین بکەون و لە بیر و پەژارەی ئەوەدان کە چۆن و بە چ شێوەیەك دڵنەوایی تورکان بدەنەوە.

کە جەنابی وەزیر بەم باسەی زانی و چارەرەشی و داماوی خەڵکی ئەم ناوچەیەی بینی، لەبەر خێرخوازی و لەبەر مەسڵەحەتی دەوڵەتی بەرێز، هەوڵیدا ئەم دوو دەستەیە رێك‌بخاتەوە و ناوبژییان‌بکات، بەم بۆنەیەوە، جەنابی حاجی میرزا یوسفی دایی تەورێزی و جەنابی حاجی مەلا عەلی قازی بەیات - ناسراو بە سیف‌القضاة - دەستەیەك لە ریش‌سپیانی ناوچەی میاندواو و کاربەدەستانی مەراغە لە تورکان و لەملاش بەرێز جەنابی میرزا عەبدولوەهابی قازی و میرزا عبدالقادری قازی و ئاغایان و گەورەکانی سابلآخی لە یەك کاتدا لە میاندواو کۆکردنەوە و جەنابی وەزیریش خۆیان لە گوندی سابلآخەوە چوونە میاندواو و چەندرۆژێك مانەوە و هۆی یەکیەتی تورکان و کوردانی سەرلەنوێ درووست کردەوە. لە سایەی سەری دەوڵەتی بێ‌کۆتایی و هەمیشەیی ئێوە و نەفەسی خێری خۆی، وڵات چاکتر لە هەوڵی دامەزرایەوە.

چونکە لە سەروبەندی هەڵمەتەکەی شێخ‌عوبەیدوڵڵای نەفرەتی و هاتنی شێخ عەبدولقادر بۆ سابلاخ، بەندە ماوەیەکی کەم بوو بە ماڵ و منداڵەوە و بۆ هەڵسووراندنی کاروباری وەزارەتی دەرەوە لەوێدا نیشتەجێ ببووم، لەوکاتەدا تەنیا شیعەیەکیشی تێدا نەمابوو، بۆیە هەستی میللی و نەتەوەپەرستی بووە بەربەستێك لەبەردەم بەندەدا. هەرچەندە تیاچوونی خۆم و بەدیلگرتنی ماڵ‌ومنداڵیشم لەبەرچاو بوو، بەڵام بە پارانەوە لە حەزرەتی یەکێتا و پێغەمبەران و پیاوچاکان (دروودی خوایان لێ‌بێت) توانیم بە دڵێکی قایمەوە تێیدا بمێنمەوە.

هاتن و هەڵاتنی عەبدولقادر نزیکەی ٥٠ رۆژ درێژەی کێشا، کە لەم ماوەیەدا و لە یەك رۆژدا سێ جار دەستەی سەرلێشێواوان و چەواشەبووان پەلاماریان داین، بۆ ئەوەی بەندە بکوژن و ژن ومنداڵم بە دیل‌بگرن، بەڵام پارێزەری راستەقینە پاراستینی. ئیتر لەم پێشەکییەوە دەتوانرێ حاڵ‌وباڵی بەندە و ماڵ‌ومنداڵی بێچارە هەڵبگوزرێ و بزانرێ لە سەروبەندی دەسەڵاتی ئەو خێڵە بێ‌ویژدان و درندەیەدا، رۆژگاری چۆن بەسەر بردووە. نەناردنی زانیاریی تەواویش هەر لەبەر ئەمە بووە. ئەگەریش تەمەن مەودا بدا، ئەوا لە

سەرەتاوە تاکۆتایی دەنووسرێ و بۆ شوێنی تایبەت دەنێردرێ. ئەڵبەتە باسی ئەو رووداوانە و بزووتنەوەی چەواشەبووان، هەرچی پێوەندی بەو کێشەیەوە ببێ، بە دوورودرێژی و بەقەرایی دوو نامێلکە یادداشت کراوە. بۆیە ئەم نووسراوە کە بۆ جەنابتانی دەنێرم، ئەگەر کورت بێت، ئەوا فەرمایشی جەنابی وەزیری فەوائیدم خستۆتە سەرچاو.

ئەبولقاسم

(پشتەوەی پاکەتی نامە، دەستنووسی ناسرەدین شا):

جەنابی وەزیری دەرەوە، تەلەگرافێکی رەمزی بۆ موعینولولک بنێرە بەڵکو بە هەر شێوەیەك بووە وێنەی چەپەڵ و ناپاکی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ئەستەموول دەستبخات و بە پۆستەدا بۆمانی رەوانە بکات.

پاشکۆی ژماره ٩

یادداشتی میرزا حەسەن مونشی

ئەم بیرەوەرییانە، میرزاحەسەنی کاتب ئەسرار نووسیوێتی، کە ساڵانێکی زۆر نووسەری میرزا حسینخانی سوپاسالار و هاوسەفەری و هاودەمی سەردانەکانی بووە لە ئەستەمووڵ و تاران. ئەم بیرەوەرییانە (کە تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکدا ئاماژەی بۆنەکراوە) لە کۆتایی ئەو کتێبەدا نووسیوێتی، کە ناوی‌ناوە: «تبصره المسافرین» و بریتیە لە رووداوە گرنگەکانی ژیان و شەرحی سەفەرەکانی خۆی، لە ساڵی ١٢٧٢ کۆچی - ١٢٩٨ - کۆچی (١٨٧٣ز - ١٨٨١ز)دا؛ ئەم بیرەوەرییانەی تایبەتن بە راپەرینی کوردەوە، ئاوا دەستپێدەکەن:

کاتێ کە میرزا حسینخان بە فرمانی شا، بوو بە فەرمانڕەوای قەزوین (٨ی شەوالی ١٢٩٧ کۆچی - ١٨٨٠/٩/١٤ز)، شا فرمانی پێکردبوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی: دەشتی قەزوین‌ئاوا، چۆمی شاهروود دابینبکات.

میرزا حسینخان داوای ناردنی ئەندازیارێکی کردبوو، تا لەو کارە بکۆڵێتەوە. نەسروڵڵاخانی سەرتیپ - ئەندازیار لە تارانەوە نێردرا. گەیشتنەکەی هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا.

میرزا حسەین بە فرمانی شا، بۆ ئازەربایجان دەنێردرێ، ئەمەش ئەو باسەیە، کە لەوبارەیەوە لە «تبصره المسافرین»دا نووسراوە: (بیرەوەرییەکان لە زمانی حسینخانی سوپاسالارەوە دەگێڕێتەوە)

نامەی دەستخەتی هومایوونیم بە تەلگراف بەم ناوەڕۆکە پێگەیشت:

لە هەموو سنوورەکانی ئازەربایجاندا ئاژاوەیەك بە هۆی بزووتنەوەی چاوقایمانەی کوردەکان، بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا دەستی‌پێکردووە، کە سەرکردەیانە. ئامادەبوونی نۆکەرێکی لێوەشاوە و بەراوێژ و کارزانی وەك ئێوە لەو ناوچەیەدا پێویستە، تا کاروبارەکانی ئەو پارێزگەیە رێكبخاتەوە، بەتایبەتیش لێدان و گەڕانەوەی کوردەکان.

دوای ئەوەی کە دەستووری کارەکانت لەلایەن فەرەجخانی تفەنگداری سەرکارەوە پێگەیشت؛ بێ دواکەوتن بەرەو ئازەربایجان برۆن.

مانەوەمان لە قەزوین، لەبەر چەند هۆیەك، (١٧) ڕۆژی خایاند. بـەندەی دانـەری ئـەم لاپەڕانە، چــەند ڕۆژێـك لـە نووسینگەی دەوڵـەتی و بـە ئامـادەبوونی مسـتەوفییەکانی ئـەو پارێزگەیە، پەراوێزی بەراتەکانم نووسی و مۆرمکرد.

فەرەجخانی تفەنگدار گەیشت. نامەی پڕ لە نیشـانەکانی بـەزەیی شـای جیهانموتـاع و دەستوورکارێکی تێروتەسەلـی (١٦) بەشی، کە بە خەتی موعجیزەنووسی خۆی نووســرابوو، زیارەتکرا و لە فەرمایشت و فەرمانە بەرزە شاهانەکەی ئاگادار بوومەوە.

ڕۆژی ١٠/١٠/١٨٨٠ز، هــەموو ئەرکــەکانی قــەزوینم بەجێهێشــت و بــە مەبەســتی بەجێهێنانی فرمانی هومایوونی، بە پەلە و تەنیا بە چەند سوارێك و کەژاوەیەکەوە، جەنابی ئەشـرەف و جـەنابی حاجیمـیرزا محەمـەد وەلـی پـیرزادەی نـائینی و بـەندەی نووســەر، بەشێوەی چاپاری کەوتینە ڕێ.

لە ١٦/١٠/١٨٨٠دا، لە دارولسەڵتەنەی تەورێز گەیشتینە خزمەت حــەزرەتی ئەشـرەفی ئەعزەم، شازادەی مەزن: موزەفەرەدین وەلیعەهدی دەوڵەت بەردەوام و فەرمانڕەوای ناوچەی بەرینی ئازەربایجان.

شـێخ عوبـەیدوڵڵا کـوڕی شـێخ تەهایـە و لـە ســەردەمی ســەڵتەنەتی شــای پێشــوو: محەمەدشـای غـازی - قاجـار (طيب الله مضجعه) و لـەم دەورە و ســەردەمی هومــایوونی، مووچەخۆری دەوڵەتی هەمیشە بەردەوامی ئێران بووە و چــەند گوندێکــی بــە - تیـول - پـێ مەرحەمەت کرابوو. ناوبراو لە جلوبەرگی دەروێش و سۆفیگەرییدا (کە جۆرێکە لە تەفرەدانی خەڵك و بە ڕواڵەت چاکـەخوازە) ژیـانی دەبـردە سـەر و لای کوردانـی وان و هـەکاری (کـە بەشـی وڵاتـی عوســمانییە) گـەورەیی و پێگەیـەکی پـەیداکردبوو. بەگــەورەزانین و ڕێــز و حورمەتیان بە ئەرکی پێویستدەزانی و لە نەفسی پاکژی، داوای یارمەتییان دەکرد. تا ساڵی ١٨٧٧ز، کە جەنگێکی سەخت لە نێوان وڵاتانی ڕووس و عوسـمانیدا دەســتیپێکرد. نـاوبراو وێڕای کوردانی ئەو وڵاتە، لـە بایـەزید بـەناوی یارمـەتیدانی عوســمانییەوە لـە گوندەکـاندا دەستیدایە ڕاووڕووت و سووکایەتی بە دەوڵەتەکەی. هەندێ کەرەسەی جـەنگ، وەك تفـەنگ و شـتیتری چنگکـەوت و بـە خەیاڵــی خـاوی ویستوویەتی سـەرجەمی کــوردی ئــێران و عوسـمانی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. ئـەمر و نـەهی - یـان بکـات و بـە کورتـی ببـێ بـە حاکمی هۆزە کوردەکان و ئەم تاکە بەیتەی لە سەر زمان بووە:

ئەمە منم، تاوسی بەرزترین جێگەی بەهەشت.

لەم سەروبەندەدا هەمزاغای مەنگووریش، کە لەدەست فـەرمانڕەوای سـابڵاخ هـەڵاتبوو، خۆی گەیاندە لای شێخ عوبەیدوڵڵا و بووە مایـەی هـاندان و جێگـیربوونی ئـەو بیروبـاوەڕە و لەگەڵ شێخدا یەکدڵ و یەکلایەن بوون.

لەو ماوەیەشدا، کە هێزەکانی ئێران بە گوێرەی داوای دەرباری هومایونی، بۆ قایمکردنی سنوورەکانی وڵات نێردرابوون، ئەوان بە هەلیانزانی و ناوچەکـەیان بێهـێز و پـارێزەر هاتـە

بەرچاو. شێخ قادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا دەرفەتی هێنا و بە سوارەیەکی زۆرەوە لە ناکاو دەستی دایە کوشتار و تالاّن و حاکم و دراوغەی بۆ سابلاّخ دانا. لەوێوە هێرشی بردە سەر میاندواو و بناو. هەرچیشی لەدەستهات؛ لە تالاّنیی ماڵ و کوشتاری ژن و پیاو و منداڵ، درێغی نەکرد. گوندەکانی دەوروبەریشی تالاّنکرد و خانووەکانی بە ئاگری رق سووتاند.

تا ئەم هەواڵە سامناکە گەیشتە تەورێز و فەرماندەکان هێزیان لە شارەکان کۆکردەوە و ناردیانە سەریان، ئەو شەرفرۆشانە ئاگرێکیان لە ئازەربایجاندا کردەوە، کە هەرگیز عوبەیدوڵلاّی کوڕی زیاد لە رووداوی کەربەلادا نەیکردبوو.

پێش گەیشتنی جەنابی موشیردەولە بۆ تەورێز، میرمیرانی گەورە: مستەفا قولیخانی ئیعتیمادسەڵتەنەی قەرەگوێزلووی هەمەدانی، کە فەرماندەی هێزی چەکداری تەورێز بوو، بە لەشکرێکی کەمەوە، بۆ سەرکوتکردنی کوردان، لە تەورێزەوە کەوتە رێ و لە میاندواو ژمارەیەکی زۆریانی کردە خۆراکی تۆپ و تفەنگ. جەنابی حەسەن عەلی خانی گەرووس- ئەمیر تومان و وەزیر موختاری پێشووی دەرباری ئێران لە فەرانسا و عوسمانی و وەزیری فەوائیدی عام، بە هێزەکەیەوە، کە بریتیبوو لە سوارە و پیادە، لەگەڵ ئیعتیمادسەڵتەنەدا پێکەوە بەرەو سابلاّخ کەوتنەرێ.

جەنابی ئەشرف (موشیردەولە)، کە گەیشتنە تەورێز، هەرچۆنێك بوو قشوونێکیتری رێکخست و بەدوای ئەواندا رەوانەیکرد.

لەولاشەوە، لە تاران لەشکرێکی (١٥) هەزاری لە سوارە و پیادە و (١٢) تۆپ، بە سەرۆکایەتی نەوابی بەرێز: حشمتالدولە - هەمزەمیرزا بە پەلە بەرەوسابلاّخ کەوتە رێ.

هەر کە گەیشتنە سایینقەلاّ، نەوابی سەرۆك لەشکر بە هۆی نەخۆشییەوە لە گوندی «گۆك ئاغاج»ی سەر بە سایینقەلاّ، بە گوێرەی ئایەتی: کل نفس زائقە النفس - دنیای فانی بەرە و ماڵی هەتاهەتایی جێهێشت.

بە پێی دەستخەتی تەلگرافی هومایونی، نازناوی گەورەی سوپاسالاری ئەعزەم، وەکو چۆن لە رابووردوودا بووە، جەنابی ئەشرەف موشیردەولە - حاجی میرزا حسینخان، مەرحەمەتکرا و مۆرەکانی ئەم کار و نازناوە، کە لە رێگەی موتمن السلطان - میرزا رەحیمخان پێشخزمەتی تایبەتی هومایونی، کوڕی خوالێخۆشبوو: مستەفاخان (بهاالملك)ی هەوشاری ورمێ؛ بەرەو سابلاّخ و ورمێ و خۆی و سەلماس بروات، سەردانێکی سنوورەکانی ئەو ناوچەیە بکات و دەرباری هومانی، لە شەرحی کەموکوورییەکانی ئاگاداربکاتەوە.

جەنابی سوپاسالاری ئەعزەم دوای وەرگرتنی مۆر و ئاگاداربوونەوە لە فەرمانە بەرزەکانی شاهانە، رۆژی ١٨٨٠/١١/١٤ز، جەژنی قوربانی ١٢٩٧ کۆچی، بە (٥) هەزار سوار و پیادە و چەند عەرادە تۆپەوە لە تەورێزەوە بەرەو سابلاّخ بەرێکەوت. رۆژی ١٨٨٠/١١/٢٠ز، گەیشتە سابلاّخ و دڵنەواییدا بە جەماعەتی کوردان، کە زۆر دەترسان.

لەوێوە بەرەو خۆی و سەلماس و ورمێ رۆیشت و دوای گەڕان و ڕێکخستنەوەی کاروبـاری ئەو ناوچانــە، رۆژی ١٨٨١/١/٢١ز، هاتــەوە تــەوریز. گەشــتەکەی (٢) مــانگ و (١٠) رۆژی خایاند.

دەستێك خەرقەی تورمەی خەزی زێرکفت، لەلایەن خاوەنشەرەفی شاهانە پێبەخشرا.[1]

[1] گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیرنظام گرووسی – ل ٥٤٩–٥٥١

یادداشتی عەلی‌ئەکبەر فەیز

زانیارییەکانی سەرۆکی تەلگرافخانەی گەڕووس

میرزا عەلی ئەکبەری فەیز (١٨٢٩-١٨٩٤)، کە لە زانایان و ئەدیبانی بەناوبانگی قوم بووە؛ بە خۆشییەوە فرەیەك لە بەرهەم و نووسینەکانی بەجێماون. شەرحێکی ڕووداوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای لە کەشکۆڵێکدا، لە زمانی «میرزا عەلی ئەسغەر» نووسیوەتەوە، کە ئەم کوڕەی لە کاتی ڕاپەڕینەکەی شێخدا، سەرۆکی تەلگرافخانەی گەڕووس بووە و لە بیجاڕ دانیشتووە. ئەم نامێلکەیە ساڵی (١٨٨٥) نووسراوە و ئێستا لە کتێبخانەی ئایەتوڵڵا مەرعەشی لە قوم، ژمارە (١٥٢)ی دراوەتێ.

دکتۆر سەیید حسین تەباتەبایی، ئەم نامێلکەیەی بە پێشەکییەکی خۆیەوە لە گۆڤاری (وحید) ژمارە (٢٥٤-٢٥٥) ل ٢٣-٢٦ بانەمەڕی ١٩٧٩دا بلاوکردبووەوە؛ کە ئەم دەفە، وتاری ناوبراوە.

شێخ عوبەیدوڵڵا کوڕی سەیید تەهایە و باوکی ڕێبەری زنجیرەی نەقشبەندی بوو. زیاتر لە کرۆرێك (٢٠٠هەزار) موریدی گیانفیدای بووە و لە خوالێخۆشبوو: شای پێشوو - محەمەد شای غازی - انارالله برهانە- موڵکی پاوانی و مووچەی پێدرابوو. دوای مردنی؛ کوڕەکەی دەبێتە جێگری. هەمیشە لە مێشکیدا بیری سەروەریی و لەشکرکێشیی بوو، تا کێشەی جەنگی ڕووس و عوسمانی هاتە ئاراوە. ئەویش کەوتە بیری جیهاد. (٦) هەزار تمەنی وەك یارمەتی لە دەوڵەتیِ عوسمانی وەرگرت. ئەو پارەیەی بەناوی ئەوەوە پێشکەشکرا. وێڕای (٥) هەزار سوارەی کوردی بڵباس و هۆزەکانیتر، خۆی گەیاندە خاکی بایەزید و لەبری جیهاد و شەڕی ڕووس، شەبەیخوونێکی لە ئۆردووی حەوتەمی عوسمانی کرد و نزیکەی (١٠) هەزار تفەنگی مارتینی دەستکەوت. کاتێ بە ئاواتی خۆی گەیشت، بۆ بارەگاکەی خۆی گەڕایەوە.

خەیاڵی خاو لە کەللەی ئەو ئاخر شەڕە دابوو، تا سەرەتای ڕەمەزانی ١٢٩٧ کۆچی - مانگی ١٨٨٠/٨، کە نەواب لوتفعەلیخانی کوڕی خوالێخۆشبوو موئەیدودەولەی سەرۆك‌کێشکچییەکانی حەزرەتیِ وەلیعەهدی فەلەك بێشکە، خوا شەوکەتی زیاد بکات - شانازیی حکومەتی سابلاخی موکری پێدرا.

هەمزاغای بڵباس، کە سەرۆکی مەنگووڕ و سەرهەڵداوێکی دەوڵەتی ئێران و ڕۆم بوو، ماوەیەك لە دارولسەعادەی ئەستەمووڵ دەستبەسەر بوو، هەڵاتبوو. پیاوێکی جەربەزە بوو، عەرەبی و تورکی عوسمانی و کوردی بە باشی زانیوە. وەك کوردەکانی قزڵباش دەڵێن:

سەرێکی زلـی هەبووە. هەمیشە وتوویەتی: لەم سەرە زلەی مندا، سەودایەکی مەزن هەیە...
هەرچۆنێك بێت لوتف‌عەلـــی‌خانی حـاکم هـەمزاغای دڵنیـاکردبوو، هێنابوویـەوە بـۆ قـەڵای سابلاغ. چەند رۆژێك بە فێڵ (لطائف الحيل) رایدەگری. رۆژی ١٢ی رەمەزان، لەگەڵ چـەند کەسێکدا لە ژووری فەڕاشباشی خەریکی ئاس‌کردن (جۆرە یارییەکە بە وەرەقە) بوون. حـاکم فەڕاشباشی بانگدەکات. کە دەگەڕێتەوە زنجیرێکی پێیە و رووەدەکاتە هـەمزاغا و پێی‌دەڵـێ: ئەم زنجیرەم بۆ ئێوە هێناوە. هەمزاغاش دەڵــێ: تـۆ ئـەو پیـاوە نیـت کـارێکی وا بکـەیت و دەست بۆ خەنجەرەکەی دەبا و فەڕاشباشی هەڵدێ. هەمزاغا لە ژوورەکە دێتە دەر و دەچێتە حەوشە. حاکم لە تالار بووە، هاوڕێیەکی هـەمزاغا دەپێکـێ. پاسـەوانەکان دەرگـای حەوشـە گاڵەدەدەن. هەمزاغا بە خەنجەرەکەی سەربازێك دەکوژێ. دەرگا دەشـکێنێ و دەردەپـەڕێ و دەستبەجێ سوار دەبێ و تا لای شێخ عوبەیدوڵلا ناوەستێ. لەوکاتەدا شێخ لە قەڵای «نوچـە – ناوچیا» بوو، کە لە سەر سنووری ئێران و رۆمدایە و لـە قـەڵا سـەختەکانە. شـێخیش کـە چاوەنوار و ئارەزووی رۆژێکی وابووە، بە پیاوەتی دەزانێ یارمەتی‌بدات و هەواڵ بۆ دەوروبـەر دەنێرێ لە نوچە ئامادەبن. نزیکەی (٢٠) هـەزار سـوارەی چـەکدار و رەشـۆکی ئامـادەدەبن. پێیان‌دەڵێ: دوێنێ‌شەو، حەزرەتی رەسووڵ(د.خ) و باوکم هاتنە خەوم. حەزرەت بـە بـاوکمی فەرموو: بە کوڕەکەت بلـێ راپەڕێت! ئامادەبووان نەیاندەویست شۆڕش‌بکەن. دەڵـێ گوایـە ئێوە باوەڕتان بە باوکم نییە؟ دەڵێن: بەڵـێ باوەڕمان پێی هەیە. دەڵێ چـوار شـەوی‌تر، کـە دەکاتە شەوی هەینی، بڕۆنــە سـەر مەزارەکـەی و پرسـیاری لــێ‌بکەن، ئەوسا دەزانـن کـە فرمانی راپەڕین دەدات. لەو چوار شەوەدا لە بارەگاکەی خۆیـەوە تـا سـەر مـەزاری بـاوکی، رەهەندێك لێدەدا. رۆژی هەینی، کە دێنەوە، پێیان دەڵێ: تێکڕا بچنە سەر مەزاری سـەیید تەها و پرسیاری لـێ‌بکەن. من هەر لێرەم، هەتا هەواڵم بۆ دێننـەوە. دوای رۆیشـتنی ئـەوان، لەو رەهەندەوە دەچێتە سەر گۆڕی باوکی. ئەو جەماعەتـەش کـە دەگەنـە مەزارەکـە، دەڵێـن کوڕە ئازیزەکـەت وادەڵـێ. ئایـا ئـەم هەواڵـە راسـتە و ئێمـە ئـەمر کراویـن راپـەڕین؟ شێخ عوبەیدوڵلا لە ژێرزەوییەوە دەڵــێ: ئـەوەی کـە کوڕەکـەم ئـەمری پێتـان کـردووە، راسـت و بێ‌خەوشە و دەبێ گوێڕایەڵ وملکەچی فەرمایشتەکانی بـن. ئامـادەبووان لـە سـەر مەزارەکـە کۆڕی زیکر دادەبەستن.

شێخ دەگەڕێتەوە بۆ جێگاکەی خۆی، کاتژمێرێك دواتر، کە ئەو جەماعەتە دەگەڕێنەوە، دەستی شێخ ماچ‌دەکەن و بەڵێنی پێدەدەن و رۆژی دواتر بەرەو سابلاخ بەڕێ دەکەون.

نەوابی حاکم کە هەواڵەکەی پێدەگات، هەڵدێ. ئەو جەماعەتە دەگەنە سابلاخ و (٣) رۆژ دواتر، شێخ بەرەو ورمـێ دەڕوا و عـەبدولقادری کوڕیشـی رەوانـەی میـاندواو دەکـا، کـە دراوسێی موکریانە. کاتێ کوڕەکەی دەگاتە (١) قۆناغە ڕێی میاندواو، شێخ سدیقی خاڵی[1] لـە

[1] راستییەکەی «میربەگ»ە.

میاندواو رادەسپێری تا بیاندوێنێ و رازی‌بن تەسلیم‌بن. سـەلیم‌خانی چـەرداوەروو[1] لـە ئـاوایی دەرکەوت و بێ‌سـێ‌ودوو دەیانداتـە بـەر گوللـە. شـێخ سـدیق دەکـوژێ و رادەکـات. هـەواڵی ڕووداوەکە دەگاتەوە بە عەبدولقادر. ئەویش دوای بیروورا گۆڕینەوە، لەگەڵ هەمزاغا، فرمانی قەڵاچۆکردنی میاندواو دەدا و لە پەلامارێکدا دەست بەسەر میاندواودا دەگرێ. ژن و منـداڵ، گەورە و بچووك دەسووتێنێ و دەکوژێ و لەوێوە بەرەو مەڵکەندی و بناو ڕێ‌دەکەون، کـە دوو شارە دێی گەورە و نزیکی یەکترن.

ئیعتیمادسەڵتەنە لە دەرەوەی بنـاو ئـۆردووی خستووە. سـەیفولعولەمای بنـاو، کـە لـەو کاتەدا قازی بوو و دواتر ئەم ناوەی پێ‌بەخشرا؛ دەکەوێتە پێش و فرمانی نیشانەگیریی دەدا. لە هەموو کۆڵانەکان‌دا دەروازە هەڵدەخەن و سەنگەر و مەتەرێز دادەمەزرێنن.

جەماعـەتی کـوردان هـێرش دەکەنـە سـەر بنـاو، کـە لەشـکری تێدابـوو. خـەڵکی بنـاو پەیتاپەیتا تۆپەکانیان پڕدەکردەوە و پێیانەوە دەنان. ئەم شـەڕ و هەرایـە (٣) ڕۆژ دەخایـەنێ. لە ئەنجامدا هێزی سوارەی پەلاماردەران دەکشێنەوە و هەڵدێن و سـەرجەم ئاغاکـانی موکـری پاشگەز دەبنەوە. چارەی خۆیان لە پەنابردنە بەر تۆپخانە دەبینـن. یەك‌یـەك و دوودوو پـەنا دەبەنە بەر ئۆردوو. ئەوانیتریش کە سەیری ئەم دیمەنە دەکەن، تێکـرا بـە تاڵانییەکانیانـەوە ڕوو لە عەبدولقادر وەردەگێڕن و بەرەو ماڵ و جێگاکانی خۆیان دەگەڕێنەوە.

لەولایشـەوە حەسەن‌عەلـی‌خانی وەزیـری فـەوائید و سـالاری لەشـکر، لەگـەڵ فـەوجی گەڕووس بە هانای ئیعتیمادسـەڵتەنەوە هـات. لـە تەورێزیشـەوە سـوارە و هـێزی یارمـەتیدەر دەگات.

هەواڵی هاتنی نەواب حشـمت‌الدولەی هەمزەمیرزاش بە فەرماندەیی هێزێکی ڕێکوپێك لە پایتەختەوە دەگاتە بەرگوێی شێخ عوبەیدوڵلا. هەمزەمیرزا بەرەو سابڵاخ دەڕوا و لەوێوە بەرەو ورمێ و لە باخی ئیقباڵدەولە، کە لە دەرەوەی شاردایە، نیشـتەجێ دەبـێ. لـە تەورێزیشـەوە تەیمووریاشاخانی سەرتیپ و برازای ئاغاقاسـمی وەزیری محەمەدشا، بە (١٠) هەزار سـوارە و سەربازەوە، بە مەبەستی یارمەتیدانی ئیقباڵدەولە، بەرەو ورمێ دەکەوێتە ڕێ.

شێخ کە لە باخێکی دەرەوەی ورمێ بوو، شەوێك لە سـەر دەروازەی شـارەوە، پیـاوێکی شێخ دەپێکن کە بەلایەوە وەستابوو. بە شێخ دەڵێـن ئـەم کـوژراوە بـە نەفەسـی پـاکی خـۆت زیندوو بکەوە. دەڵێ فۆتەیەك بەسەر تەرمەکەیدا بـدەن. خۆیشـی دەچێتـە ژێـری. هـەندێ ورتەورت دەکات. بە پێکەنینەوە فۆتەکە لە سەرخۆی لادەبا و دەڵـێ: پێـموت بگـەڕێوە بـۆ سەر ئەم دونیا. وەڵامی‌دایەوە: ئیتر بەسـمە لە دنیای فانیدا بم و پێم‌خۆشە لە دنیای بـاقی و بەهەشتی لە عەنبەر سازکراودا بمێنمەوە.

---

[1] لە بەڵگەنامەکاندا چواردۆڵی نووسرابوون، بەڵام لە کوردەواریدا پێیان‌دەڵێن چەرداوەروو

بە کورتی دوای گەیشتنی تەیموور پاشاخان، شێخ خۆی پێنەگیرا و هەڵات و لەو ماوەیەدا هۆردووی تاران لە ڕێگەی گەڕووسەوە گەیشت.

حشمت‌الدوله، کە بە هێزێکی سوارە و پیادەوە لە تارانەوە بەڕێکەوتبوو، کاتێ گەیشتە گۆك ئاغاج، کە خاکی هەوشار و نزیك گەڕووسە، بە ڕەحمەت چوو. کەسانێکی‌تر کە لەم ئاژاوەیەدا و لەلایەن دەوڵەتەوە ڕاسپێردران، یەکێکیان جەنابی حاجی‌میرزا حسین‌خانی سەدری ئەعزەم، کە لەوکاتەدا سوپاسالار و حاکمی قەزوین بوو، کاری ڕێکوپێك‌کردنی لەشکر و کاروباری وڵاتی ئازەربایجانی پێسپێردرابوو، هاتە بناو و لەوێ هۆردوویەکی جێ‌متمانەی تەیارکرد و بەرەو سابلاخ کەوتە ڕێ. لە تەورێزیشەوە حەزرەتی وەلیعەهد، حاجی سەدردەولەی کوڕی خاڵی سەدری ئەسفەهانی لەگەڵ هێزی گەڕووس، بە فەرماندەیی خەسرەوخانی برای حەسەن‌عەلی‌خانی سالار لەشکر هاتن و خەسرەوخان کرایە حاکمی سابلاخ. پاشان خەسرەوخان وێڕای ژێردەستە و پێوەندەکانی بەرەو ورمێ کەوتنە ڕێ.

یەکێکی‌تر: عەزیزاللەخانی سەرکردەی شاهسەوەن و ئەسفەندیارخانی بەختیاری و عەلی‌ڕەزاخانی سەرتیپی تۆپخانەی گەڕووس، کە ئەویشیان بەرەو سەردەشت نارد، کە شوێنی دانیشتنی هۆزی مەنگوور و مامشە.[1] حیسامولمولکیان بە فەرماندەیی هێزی سییانەی هەمەدان ناردە مەرگەوەڕ لە سنووری عوسمانی. ئیعتیمادسەڵتەنە و نصرالملك وێڕای هێزی ژێردەستیان نێردرانە ورمێ.

کاتی شێخ لە ورمێوە بەرەو بارەگاکەی خۆی گەڕایەوە، حاجی میرزا حسین‌خانی سەدری ئەعزەم، کە سوپاسالار بوو بانگکرایەوە بۆ تاران و بۆ پیرۆزبایی لە ئیمپراتۆر – نیکۆلا ئەلێکساندەری سێیەم، ناردیانە ڕووسیا.

لەم ماوەیەدا سوڵتان موراد میرزای حسام‌السلطنه، کە تەشریفی چووبووە مەککەی پیرۆز، گەیشتە ئەستەموول، لەگەڵ حەزرەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی گفتوگۆیان کرد و پێکهاتن.

ساڵی (١٨٨١ز) شێخ عوبەیدوڵڵا یان بۆ ئەستەموول بانگکرد و گرتیان. لەمکاتەشدا محەمەدڕەحیم‌خان (علا الدولەی ئەمیرنیزام) لە تەورێزەوە بەرەو سابلاخ و ورمێ و مەرگەوەڕ چوو. تێکڕای هێزەکانیان مۆڵەت‌دا.

دوای گرتنی شێخ، هەمزاغا (کە بناوانی هەموو ئەم ئاژاوانە بوو)، تەنیا و بێ‌یاوەر مایەوە. داوای‌کرد چاوپۆشیی لێبکەن و لە تاوانەکانی ببوورن. تکای لە حەسەن‌عەلی‌خانی وەزیری فەوائید کرد، کە بچێتە ماڵەکەی و لە خزمەت حەزرەتی شاهەنشا شیفاعەتی بۆ بکات. وەزیری فەوائید ڕێگەی‌دا و قازی قاسم، کە دۆستێکی هاوبەشی وەزیر و هەمزاغا بوو، ناردە لای هەمزاغا و هێنای.

---

[1] ئێستا شوێنی هۆزی مەنگووڕ و گەورکە.

ڕۆژی هەینی ١١ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی - (١٨٨١/٨/٧ز)،[1] دوو سەعات بەر لە خۆرئاوابوون، گەیشتە هۆردووی جەنابی سالار لەشکر، کە لە باخی« قیبلە»ی نزیك سابلاخ هۆردووی لێدابوو. چادرێکیان بۆ هەمزاغا تەرخانکردبوو. دەوروبەریشی بە چەکدار ئامادەکرابوو. سالارحسەینی قولیبەگی یاوەر و فەوجی شقاقی تێگەیاندبوو هەر کە هەمزاغا دانیشت، فەرمانی تەقە و دەستڕێژ بدات.

خودی سالار لە چادرەکەی هاتەدەر و چووە جێگەیەکیتر. هەمزاغا و هاورێکانی کە دەچنە ناو چادرەکە و هەواڵی وەزیر دەپرسن، دەڵێن ئێستا دێت. هەمزاغا و یاوەرەکانی کە دادەنیشن، حسینقولیبەگ فرمانی تەقە دەدا و گوللەبارانیان دەکەن. هەریەکێکیان چەند گوللەیەکیان بەرکەوتبوو. نۆکەرەکانی وەزیر دەچنە ناو چادرەکە سەریانببڕن. سواراغای برازای هەمزاغا، کە پێکرابوو، بەڵام گیانی تێدا مابوو، دەستدەداتە تفەنگێکی مارتینی وەزیر، کە لە سووچێکی چادرەکەدا بووە. لەپێشدا حسین قولیبەگ دەپێکێ و پاشان خەنجەرێك بە سنگی سوڵتان قوجەبێگلوودا دەکات، کە لە پشتییەوە دێتەدەر. هەمزاغاش هەرچەند بە خەستی بریندارکرابوو، چوار پێنجێکی بەوجۆرە کوشت. سەرئەنجام نۆکەرەکان ڕژانە ناو چادرەکە و سەری هەموویانیان بڕی و کردیانن بە نێزەوە و لە سابلاخەوە بردیاننە ورمێ بۆ لای علاالدولەی ئەمیرنیزام.

حسین قولیبەگ دوای بریندارب‌وون بە دەستی سواراغا، دوای ماوەیەك مرد و چەند نۆکەرێکی دیکەی سالار لەشکریش کوژران.

خەڵکی گەڕووس بەم نیعمەتە شاد و شکور بوون و (٣) ڕۆژ و شەو چراخانیان کرد.

لە ناسراوانی ئەو کەسانەی لەم ئاژاوەیەدا دەوریان دیوە، ئەمانەن - کە بە ڕەحمەتی خوا چوون: حشمتالدولەی هەمزەمیرزای مامی - شا - کە لە تارانەوە لەگەڵ فەوجێکی لێهاتوو، سوارە و چەندین تۆپ، ڕاسپێردرابوو، لە مانگی زیحەجەی ١٢٩٧ کۆچی (١٨٨٠/١١ز) بە ڕەحمەتی خوا چوو. ئەکبەرخانی سەرتیپی ورمێ، کە لە مانگی شەوالی ١٢٩٨ کۆچی (١٨٨٠/١٠ز) کۆچی دوایی کرد. ئیقباڵدەولە لە مانگی زیقەعدەی ١٢٩٨ کۆچی (١٨٨٠/١١ز) کۆچی دوایی کرد. ئیعتیمادسەڵتەنە کە لە مانگی زیقەعدەی ١٢٩٨ کۆچی (١٨٨٠/١١ز) لە ورمێ بە ڕەحمەتی خوا چوو. حاجیمیرزا حسینخانی سەدری ئەعزەم سوپاسالار لە مانگی زیالحەجە ١٢٩٨ کۆچی (١٨٨٠/١١ز) لە مەشهەد مرد. ئەمیر نیزام علاالدولە، لە زیقەعدەی ١٢٩٩ کۆچی ١٨٨٢/١٠ز) لە ورمێ مرد. خەسرەوخانی سەرتیپ، برای سالار لەشکر، لە زیالحەجەی ١٢٩٩ کۆچی (١٨٨٢/١١ز) لە سابلاخ مرد.

---

[1] وەك پێشتر وتمان: هەمزاغا و هاورێکانی لە ڕۆژی هەینی: ٢ی رمەزانی ١٢٩٨ کۆچی(١٨٨١/٧/٣٠ز) کوژراون. بنوارە: گزارشها و نامەهای دیوانی و ... ل ٤٤٨ .

لە سەرەتای مانگی شەوالی ١٢٩٩ کۆچی (١٨٨٢/٩ز) شێخ عوبەیدوڵلاّیان بۆ ئەستەموولّ برد. کە گەیشتە ئەویّ، پەیامی بۆ سولّتان عەبدولحەمید ناردبوو، کە خەتمێکی (٤٠) شەوەم هەیە و نابیّ لە مالّ بێمەدەریّ. بەم فێڵە سیّ چوار رۆژ لە مالّ نایەتە دەر و شەوێك بەرەو نوچە هەڵدیّ. کە هەوالّ دەگاتە بەرگوێی سولّتان، هێزێك بۆ گرتنی رادەسپێریّ و دەیگرن و دەیبەنە مووسلّ، شێخ و عەبدولقادری کوڕی و چەندێکیتر لە دەست و پێوەندەکانی، تا ئێستاش لەویّ دەستبەسەر کراون و رێگەی هاتنەوەیان بۆ ئێران نادریّ.

لەم ئاژاوەیەدا (٦٠ تا ٧٠) گوندی سابلاّخ و شوێنی دیکەیان وێرانکرد. ماڵەکانیان بە تالاّن برد و ژن و پیاو و گەورە و بچووکیان کوشت و ئاگریان تێبەردان. بە کورتی نزیك دوو تا سیّ کروور زیانیاندا و نزیکەی (١٠) هەزاریان کوشت.

ئەمەش کورتەیەك بوو لە رووداوی شێخ عوبەیدوڵلاّی مەلعوون، کە میرزا عەلی ئەسغەری کوڕی بەندە و سەرۆکی ئەوکاتەی تەلگرافخانەی گەڕووس نووسیبووی، کە لە بیجاڕ دادەنیشت و رۆژانە هەواڵی هۆردووی هەردوولای بۆ پایتەخت دەنارد. زانیارییەکی تەواوی لەو رووداوانە هەبوو، کە دەینارد. لە توێی ئەو نامانەدا کە بۆ قوم بۆی دەناردن، هەندێکی پیٚرادەگەیاندن. ئێستاش بەندە ئەو زانیارییانەی نووسیوەتەوە.[1]

عەلیئەکبەر فەیز – ساڵی ١٣٠٣ کۆچی ١٨٨٥ز

---

[1] گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیرنظام گرووس – ل ٥٤٤–٥٤٨

پاشکۆی ژماره (١٢)

دوو نامەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بۆ سەییید تاهای نەهری

سواد نامهٔ که حضرت مولانا خالد قدس الله سره العزیز در جواب حضرت سید طه ... فرموده اند

[illegible]

پاشکۆی ژمارە ١٣

«ئابۆت»ی سەرکونسۆلی گشتی ئینگلستان لە تەوریز، (٣) مانگ دوای گرتن و بردنی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ ئەستەموول، ئەم راپۆرتەی بۆ وەزیری دەرەوەی ئینگلستان (ئێرل گرانڤێل) نووسیوە، کە تیایدا باری سەرنجی خۆی بەرانبەر شۆڕشی ١٨٨٠ و داهاتووی کێشەی کورد دەردەبڕێ.

لە کۆنسۆلی گشتی «ئابۆت»ەوە بۆ ئێرل گرانڤێل
(ژمارە ١٦، نهێنی)
(١٨٨١/٩/٦ وەرگیراوە)

شانازی ئەوەم هەیە لەگەڵ ئەم نامەیەدا نووسینێکتان بۆ بەرێ بکەم، کە هەر خۆم نووسیومە و لەسەر پێوەندی کێشەی کوردە، بە کۆمەڵە ئەرمەنییەکانەوە.

ساڵی پار، بازی بەختی ئەرکی پشکنین لە هەموو لایەنەکانی ئەم کێشەیە، لەسەر شانی من نیشتەوە. کە دەبێ بڵێم: کەسێکی تر لە قەڵەمڕەوی ئەم دەزگا مەزنە، بەختی وای نەبووە.

داوای لێبووردنیشتان لێدەکەم ئەگەر بە ناردنی ئەم هاوپێچە، سەرئێشەتان بۆ ساز دەکەم. چونکە ئەوی راستی بێت ئەم نووسینە، زیاتر بۆ ئیدارەیەکی سیاسی دەبێ؛ تا بۆ ئەفسەرێکی کۆنسوڵ.

ئەم داوای لێبوردنەشم لە بارودۆخێکی نائاساییدایە، واتە: لەو ماوەیەی کورد هێرشی کردە سەر ئێران، من لێرە کاربەدەست بووم.

من بە نیاز بووم ئەم هاوپێچەی بەردەستتان، هەر زوو بە مۆرەوە بۆ بەرپرسی باڵوێزخانە بنێرم، بەڵام بە چاکم زانی خۆ لەمە ببوێرم، چونکە پێم وایە جەنابتان باشترین دادوەرن بۆ ئەوەی کە بزانن ئەم نووسینە، شتێکی وا بەکەڵکی تێدایە بۆ ئەوەی جەنابت سەرنجی پێبدات.

ئیمزا: ویلیام جی، ئابۆت

نهێنی:

کاتێك شێخ عوبەیدوڵلا دەگاتە قوستەنتەنیە؛ ئێران داوا لە لەشکری تورکیا (porte?)دەکات تا نەهێڵێ شێخ و لایەنگرەکانی بگەڕێنەوە بۆ سنووری هەردوو وڵات. لەوە دەچێ فەرماندەکانی لەشکری تورکیا هەموو فێڵ و تەڵەکەیەك بەکار دێنن و بەپەلەش هەوڵدەدەن بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ ئەم کێشەیە رووبەڕوو ببنەوە.

بێشك حکومەتی تورکیا خۆی لە پشت ئەم قسەیە حەشار داوە، کە ئەم هێرشەی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ سەر ئێران، هێرشێکی زۆر ئاساییە و یەکێکە لەو هێرشە دەگمەنانەی هەندێك یاخی و جەردە، کە جاروبارە هەڵدەکەوێ لەو ناوچە هاوبەشانەی نێوان سنووری ئێران و تورکیا سەر هەڵبدات.

دووپاتبوونەوەی شەڕ و پێکدادان و خوێنڕێژیی، کە دوابەدوای شۆڕشەکەی ساڵی پاری کورد درێژەی بووە و بووەتە هۆی کوشت و بڕی خەڵکی بێ پەنای ئەرمەنی و مەسیحی و هەروەها راسانی جوولەکە و موسڵمانەکان، بە هۆی هەندێك هۆی تەواو مرۆڤانە، پاکانە بۆ دژایەتی یەگکرتووانەی لەشکری تورکیا و هێزەکانی ئەوروپا لەو ناوچەیە دەکات. بەڵام لەشکری تورکیا دەبێ لەو راستییە ئاگادار بێت کە غافڵ بوون لەو بزووتنەوەیەی، کە بوونی ئەرمەنەکان دەخاتە مەترسییەوە، کارێکی زۆر نائاقڵانەیە. هەروەها بە شێوەیەکی ترسناکیش بنچینەکانی برگەی (٦١)ی پەیماننامەی بەرلین دەخاتە مەترسییەوە.

من پێم وایە پێزانین بەم راستییە دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی گێرەوکێشە تازەکانی کوردان، کە ئەم کێشانە، ئاسایشی کۆمەڵی مەسیحییە ئاشتیخوازەکانی ناو قەڵەمرەوی (شا) و (سوڵتان) دەخاتە مەترسییەوە.

بە سەرنجدان بە پێکهاتنی کوردستان بۆ حکومەتێکی جیاواز و ئەو پێوەندییە نزیکەی کە من بە ناچاری ساڵی پار لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلا هەمبوو، هەروەها ئەو وتووێژەی پێکەوە هەمانبوو لەسەر ئەوەی پارێزەرم لەگەڵدا بنێرێ بۆ ئەو ناوچانەی شۆڕشیان تێدا کراوە، ئەمانە هەمووی وام لێدەکەن بڕوای خۆم بەمجۆرە دەرببڕم، کە ئەگەر «ئەو»، ئەم خەیاڵانەی لە مێشکمدا بووایە، ئەوە شتێکی تەواو فریوکارانە بوو.

ئاکاری جوانی شێخ عوبەیدوڵلا، هوشیاریی و تێگەیشتوویی خواپێداوی، دڵپاکیی و میهرەبانیی لە هەڵسوکەوتیدا، دەروون پاکیی و میواندارییەك ئەو پیشانی منی دا، ئەوکاتەی من تەواو لە بەردەستی ئەودا بووم، ئازایی و زانایی شێخ لە کاتی باس و دەمەتەقێدا، ئەوانە هەمووی راستیگەلێکن، کە من دەبێ وەك بەشێکی سەرنج راکێشی ژیانم پیایاندا بچمەوە. کاتێك کوردەکان شایانی وەرگرتنی ئۆتۆنۆمین و لە هەمان حاڵدا شێخ، یان هەر سەرۆکێکیتری هاوتای ئەو، لە ژیاندا هەن، کاتی ئەوەیە سەرنجێکی وردی کێشەکە بدرێتێ. ئەگەر لەشکری تورکیا بەڕاستی پێی وایە شێخ خەیاڵی وای لەسەردا بوو؛ دەی پیاو سەری سووڕ دەمێنێ، ئەی بۆ بەرگرییان لێنەکرد!

بە چاوگێرانەوەیەك بەسەر رابووردوودا، بۆ من دەردەکەوێ کە شۆڕشی کورد رەنگە دەبێ وەك یەکێك لە نیشانەکانی ئەم سەردەمەی لە خۆرهەڵاتدا تیایدا دەژین، لە بەرچاو بگرین.

ئەم شۆڕشە لەناو شۆڕشەکانی تردا یەکێك لەو پرووسە (رەوت) سرووشتییانە بوو، کە بە نیازی لێك‌جیاکردنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانییە. بەڵام ئەوە هەڵەیە ئەگەر وابزانین کە ئەم

بزووتنەوەیە بەتەمابوو بۆ هەمیشە حکومەتێکی کوردی سازبکات، کە ئەمە هۆکارێکی گرنگە لە کێشەی خۆرهەڵاتدا، یان ئەم شۆڕشە دەیتوانی وا وەرسووڕێت، کە وەك کەرەسەیەك بۆ کەمکردنەوەی شێواویی ناوچەکە لەبەرچاو بگرین.

لەوە دەچوو پەرەسەندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردان، کۆمەڵی عەرەبەکانیشی بۆ داواکردنی ئەو مافانە بوروژاندایە.

بـاردۆخێکی لـەمجۆرە لـەوە دەچـوو دەسـەڵاتی خەلیفـەی تـا رادەیـەکی زۆر، کـەم کردبایەتەوە. ئێستاش من پێم وانییە ئەوروپا دوایین دەنگی ئەو کێشـەیەی کـوردی بیستبێ. رەنگە دواڕۆژ ئەم پرسیارە بێتە ئاراوە: دەبێ لەگەڵ کوردستان چ بکرێ؟

با بگەڕێینەوە بۆ سەر ئێران: کاتێك ئێران بەوە بزانێ کە لەشـکری تورکیـا هەسـت بـە مەترسیی و جـموجوڵ و هەوڵـی بەردەوام بۆ سەر سنوور دەکات؛ ئینجا ئامادە دەبێ گوێ بۆ رێنوێنییەکانی ئینگلستان شل بکات و پرسیاریان پێبکات، تا بتوانێ هەوساری عەلـی خـانی شـکاك و خێڵـە کوردەکـانیتری ئـێران بگرێتـە دەسـت، کـە زۆر لـە مێـژە تورکیـا شـکاتیان لێدەکات، ئەوا دوای مانەوەیەکی دوور و درێژ لەم وڵاتە، بێ دوودڵـی دەتوانـم بڵێـم: ئـێران پێوەندی خۆی لەگەڵ رووسیا، دژی تورکیا پتەو دەکات، بەو مەرجەی ئەگەر تورکیا دیسـان ئاشتی و هێمنیی سنوور وەکو پار بشێوێنێ.

بەڵام ئەگەر ئێران لە پێکهێنان و راگرتنـی ئۆقـرە و رێکوپێکیـی خێـڵ و عەشـیرەتەکانی خۆی خافڵ بێـت، ئـەوا وەك چـۆن ئێسـتا ئـەم ئەرکـەی تـەواو بـەجێهێناوە، ئەوسا دڵـە راوکەیەك سەرهەڵدەدا و جۆرە حاڵەتێکی ئاڵۆزیی و شێواویی بەدی دێت، هەروەك چۆن لـە پارێزگەی ئازەربایجان روویداوە، ئەوکاتەش (شا) ناتوانێ خۆی لە پێشـنیار و داوای رووسـیا ببوێرێ؛ ئەو رووسیایەی لە سنوورەکانی نزیکە و هەموو جارێك وەك هاوسێیەك لێـی نزیکـتر دەبێتەوە.

تەوریز ١٠/١٠/١٨٨١

CONFIDENTIAL.

No. 1.

Consul-General Abbott to Earl Granville.—(Received September 6.)

(No. 16. Confidential.)

My Lord, *Tabreez, August* 11, 1881.

I HAVE the honour to transmit herewith to your Lordship a Memorandum which I have drawn up regarding the Kurdish question in its relation to the Armenian communities.

It fell to my lot last year to have an opportunity, which no other member of Her Majesty's Service has had, of investigating that question from every point of view.

At the same time, I beg to solicit your Lordship's indulgence towards me for having troubled you with the present Memorandum, which belongs rather to the department of a Diplomatic than a Consular Officer.

My apology for doing so is the exceptional position in which I was placed during the Kurdish invasion of Persia.

I had intended sending the present despatch to Her Majesty's Ambassador at the Porte under flying seal, but, on consideration, deemed it proper to abstain from doing so, as your Lordship will be the fittest judge whether the Memorandum contains anything likely to interest his Excellency.

I have, &c.
(Signed) WILLIAM G. ABBOTT.

(Confidential.)

WHEN Sheikh Obeidullah arrives at Constantinople, and Persia calls upon the Porte to prevent him or his adherents returning to the vicinity of the two frontiers, the Porte's officials will probably bring forward endless subterfuges, and hesitate to deal with the question in a straightforward manner.

The Turkish Government will, doubtless, intrench itself behind the assertion that the invasion of Persia by Sheikh Obeidullah was merely an ordinary raid—one of those isolated acts of brigandage incidental to conterminous States, situated as Turkey and Persia are.

A repetition of the havoc and bloodshed which followed in the wake of the Kurdish insurrection last year, resulting in the massacre of unoffending populations of the Armenian and Nestorian, as well as Mahommedan and Hebrew persuasions, would, on purely humanitarian grounds, justify a joint remonstrance to the Porte on the part of the European Powers; but the Porte must be aware that to connive at proceedings which imperil the existence of her Armenian subjects would be highly impolitic on her part, and strangely at variance with the principles involved in the LXIst Article of the Treaty of Berlin.

A recognition of this fact on the part of the Porte would, I believe, tend to obviate a renewal of Kurdish troubles which endanger the safety of peaceful Christian populations in the dominions of the Sultan and the Shah.

With regard to the formation of Kurdistan into a separate Principality, the close relations in which I was unavoidably placed with Sheikh Obeidullah last year, and the conversation I had with him on the occasion of his furnishing me with an escort through the revolted districts, enable me to express the opinion that, if he entertained such a scheme, it was perfectly illusory. The charm of the Sheikh's manner, the intellectual gifts with which nature has endowed him, the nobility of his demeanour, the courtesy and hospitality he showed me when I was entirely in his hands, his powers of persuasive argument, are facts which I shall look back upon as forming an interesting episode in my life. If the Sheikh or any other Chief of equal attainments be in existence when the Kurds are fit for autonomy, it will be time to give serious attention to the subject. If

the Porte really believed that the Sheikh entertained such views, it is surprising that they did nothing to restrain him.

On reviewing past events, it appears to me that the Kurdish rising may be considered as one of the signs of the times in which we live in the East. It was one of the natural processes which, amongst others, is at work for the disintegration of the Ottoman Empire; but it would be a fallacy to suppose that such a movement could have contributed to building up a permanent Kurdish Principality; that it was an important factor in the Eastern question, or could have been turned to account as an instrument for reducing order out of chaos. The probabilities are that the extension of autonomy to the Kurds would have prompted the Arab populations to clamour for the same privileges. Such a condition of things would have curtailed the power of the Caliph to a great extent. Still, I am far from thinking that Europe has heard the last of this Kurdish question. It will probably be asked hereafter, What is to be done with Kurdistan?

Reverting to Persia, the probabilities are that, when she perceives that the Porte recognizes the danger of fomenting chronic strife on the frontier, and is disposed to be guided by the lights of common sense, she will be ready to listen to the advice of England, counselling her to place an effectual control upon Ali Khan Shekak and other Persian Kurds and tribes of whom Turkey has long complained.

After a lengthened residence in this country, I have no hesitation in saying that Persia will strengthen her relations with Russia against Turkey if the latter again disturbs the peace of the frontier in the way she did last year.

But if Persia neglect to maintain order amongst her own tribal subjects after Turkey has fulfilled her duty in that respect, there would be reason to fear that, as far as the Province of Azerbaijan is concerned, a state of anarchy would take place, and that the Government of the Shah would find it difficult to resist the overtures of Russia, who is so close to her frontiers, and becomes a nearer neighbour every day.

(Signed) WILLIAM G. ABBOTT.

Tabreez, August 10, 1881.

پاشکۆی ژماره (١٤)

تەلگرافی میرزا حسین خان (سوپاسالار) لە تەورێزەوە بۆ ناسرەدین شا
بەڕێوەبەرایەتی تەلگرافخانەی دەوڵەتی مەزنی ئێران
لە تەورێزەوە بۆ تاران:

بۆ خاکی بەرپێی وەك گەوهەری هومایوونانەی شاهەنشاهی سێبەری خوا (ڕۆحمان بە قوربانی بێت). بەوپەڕی لالآنەوە و نۆکەرایەتی و خاکەسارییەوە عەرز دەکەم کە: ئەمرۆ، هەر لە سەرەتای هاتنمەوە تا ئێستا، کە سەعاتێك لە شەو تێپەڕیوە، دەتوانم بڵێم ماوەی ئەم مانگە، کە لە کاردام، پێویستییەکانی فەوجی گەرووس، لە فیشەك و چادر بارکردووە و ناردوومە. هەندێ توورەکە ساچمەی تۆپی هێزەکەی ئیعتمادولسەلتەنە، کە پێم وابوو کەمی بۆ ناردوون، بە قەرایی (٤٠٠) گوللەیەکی‌تریش ساچمەم بۆ پەیدا کردوون و سبەی عەسر دەیاندەمێ. لە سەرلەبەیانیشەوە تا ئێستا لەگەڵ تەیمووریاشادا خەریکی تەلگرافین.

چەند رۆژێك لەمەوبەر (٥) هەزار تمەنی داواکردبوو، وەك عەرزی دەروازەی پیرۆز کراوە، ئێستا وردەوردە گەیوەتە (١٥) هەزار تمەن و هێشتاش هەر لەگەڵیدا خەریکی تەلگرافم. ڕەنگە ئەو زووتر بیزوێنم. ئێوە لەو ڕووەوە دڵنیا بن، هەرچی لە تواناما بێ و بکرێ؛ بەڵکو لە سەروو تواناشەوە بێت، بەجێی دەهێنم.

هەندێ نامە، کە شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ئیقبالدەولەی نووسیون و بەرنامەی کارێکیش، کە بە نوێنەرەکەی خۆیدا بۆ کۆنسۆلی ئینگلیسی[1] ناردبوو تا لەگەڵیدا بدوێت، ئیقبالدەولە هەموویانی بۆ ناردووم. ویستم ئەوانە بە تەلگراف عەرز بکەم، بەڵام کە زانیم ئەم کارە بەلای کەمەوە، دەبێتە مایەی سەرقاڵکردنی یەك رۆژی تەواوی تەلگرافخانە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لەو رۆژەدا عەرزی ترم هەبن، یان فرمانی‌تری پەلەی ئێوە هەبن و لێی بێبەش بم، بۆیە سبەینێ بە ڕێگەی پۆستدا دەیانگەیەنمە خاکی بەرپێی موبارەکتان.

پوختەکەیشی ئەوەیە کە: مانەوەی کۆنسۆلی ئینگلیس لەم کاتەدا لە ورمێ، بە چاك نازانرێ (باش نییە)، بۆیە بەندەی خانەزاتان، بە شێوەیەکی جوان نامەم بۆ نووسیوە و بانگهێشتنم بۆ تەورێز کردۆتەوە. بە جیاش تەلگرافم بۆ خاکی بەر پێی موبارەکتان کردووە، تا وەزیری دەرەوە، هەمان تەلگراف نیشانی گەورە باڵوێزی ئینگلیس[2] بدات و لە ورمێ بانگی بکەنەوە.

---

[1] مەبەست لە «ئابۆت»ە.

[2] مەبەست لە «تۆمسن»ە.

ئەوەندە داوا زۆرن، نازانم کامیانت عەرز بکەم. داواکان بەرودوا عەرز دەکرێن... ئەوەی ئێستا بە پەلە دەیلێم ئەوەیە کە یەك دەقیقەش خەیاڵتان سەبارەت بە کورد، ئالۆز نەبێ و خوا یار بێ بەم زووانە هەواڵي لەناوبردنیان عەرز دەکەم. **الامرالاقدس الاعلی مطاع مطاع مطاع.**

نۆکەری خانەزاتان: حسەین.[1]

١٨٨٠/١٠/١٨ (١٢ زیقەعیدەی ١٢٩٧ کۆچی)

[1] رۆژنامەی «همشهری» رۆژی دووشەممە: ١٩٩٤/١٢/١٩ ، ژمارە ٥٧٧ ، ساڵی سێیەم.

پاشکۆی ژمارە (١٥)

بەیتی هەمزاغا:

ئەگەرچی ئەم بەیتە وا ناونراوە، بەڵام وەک دەردەکەوێ باسێکی پچرپچڕ و ناتەواوی شۆڕشی ١٨٨٠ بێت.

خالق هەر ئەتۆی لەسەر | رەببی هەر ئەتۆی لەسەر
چی تۆ پێت بێ ئیرادە | رانابرن هیچ موقەددەر
سێ موقەددەرن بەسەر دێن | مردن و کوشتن و گرانی
لە موکریان دوو خێڵ بوون | بەگزادە و قارەمانی*
یەکێك بوو لە بەگزادان | حەیفێ بۆ عەلیخانی
بانگی خانبابای بکەن* | لە ئەحمەدبەگی وەگێڕن
قادرئاغا پێبزانێ* | ئەو دەبیرێکی چاکە

گەورەی دێبوکریانی

کاغەزێکن بۆ بنووسێ | خزمەت پادشای ئێرانی
حاکمێکن بۆ بەرێ کا | چاك بێ پێ بە هەرزانی
پادشا تەکبیری دەکرد | شازادێکی بانگ دەکرد
زۆر چاکی نسحەت دەکرد | بەو دەیارە و زەمزەمە
بۆ سابلاخی بەرێ کرد | دە بڕۆ رامەمێنە
خەڵکی تەفرەقە مەکە | مەخلووقی مەتۆقێنە
دەسەر ئاغەوەتان کە | حەمباراتان بشکێنە
بەو قەتار و بە باران | لە بۆ سابلاخی بێنە
حاکم هات و وای نەکرد | دەسبەجێ ناموسی کرد
پیاوێکی وسێن ئاغای گرت | ئەو بێ سووچ لووتی کون کرد
وسێنئاغا مودەبیر بوو | زۆر چاکی خزمەت دەکرد
دەچۆوە بۆ ماڵە خۆی | لە حەیفی ئەو قسەی دەمرد*
لە ئاغاوەتان بوغوڵو | راو و بێڕایان دەکرد
گەر ئەمە هەمزاغا نەگرین* | ئەو وڵاتی خەرا کرد
هەمزە مەردی کارخانی | هیچ بەو کارەی نازانی

بەخۆ و بە قلیانداری / دەهات لە بۆ دیوانی
لە خواجا بێداریان دا / حاکم چوو باڵەخانی
خەڕەی زنجیران دەهات / فەڕاش گەیینە پێشخانی
کاك هەمزە تۆ ماچی کە / موقەسیری دیوانی
دە لاقەت دەکەم، کۆتی / دە ملەت دەکە زەولانی
لێرەشت لێناگەڕێم / دەتنێرم بۆ تارانی
لەو هەمزاغای جووت غیرەت / دەستی برد بۆ خەنجەری

هەڵدەکێشێ دەبانی

بە زەبرینگان لێی دەدان / زیڕەی برد بۆ عاسمانی
تەقەتەقی مارتینان / لە بلێسەی دە شەشخانان
چرپانچرپان پەیدا بوو / لە کووچە و لە دالآن
هەمزاغا دەنەڕێنێ / تفەنگم لە بۆ بێنن
دەرزی و دەمەرقۆپانی / دە ئەسپم لە بۆ بێنن

مەتاڵ و حەیزەرانی

بە گەل وەدەردەکەوتن / کادروێشی* کوێستانی
دەچوون بۆ باغی قیبلەی / لەوی دەدران لە سانی
هەمزاغا ئاوری داوە / حەمەد و سلەیمان کوانی
حەیفێ لەبۆ حەمەدی / گوژاوە مەردی مەیدانی
سێتەلاقەی فڕێدەدان / بە سی جزمەی قورعانی
لێرەشی لێناگەڕێم / دەیمالم تا تارانی
کۆنە خوێنم وەبیر دێن / وی سالی سەربڕانی
دەبێ بچمە نەهرییەی / بە سەنەد شێخی بێنم*

لە بۆ عەجەم قڕانی

ئەو دەمەی دەچووە نەهری / ئەگەل وەردووی شێخی هات
ئەو دەمەی شنۆی دەگرت / لە مامەشان بوغولو

را و بێڕایان دەکرد / حەمەدئاغا سوار دەبوو*
دەهات لە بۆ سابلاغی / پرسی بە حاکمی دەکرد
ماشەڵڵا چەند نادرم / بە تیپ و بە لەشکرم
پیاوێکی ساحێب نێوم / بە بێ ئەجەل نامرم
دەستم لەگەڵ بدەنێ / ئەز رێیەی لێ دەگرم
مەجلیسی وا هەڵدایە / بەگزادە و قارەمانی
گەر ئەمە لەشکری بکەین / وەك دەوری نۆشیروانی
دەڵێن شێخی دەگەڵە / پاك تەلاقن دەکەوێ

دەمرین بە بێئیمانی

حەمەدئاغا سوار دەبوو / قەرەپەپاغی گاز کرد
دەگەڵ وەردووی شێخی هات / تاجران خۆیان خەلاس کرد
لە هەمووی هەڵاتهەڵات / وەخەر بوو هەزار میللەت
خرنەڵ دە بەیتی دەکات / ئەگەر حاکم وایزانی
هیچکەس لە سەری ناکات / دەستبەجێ حاکم هەڵات*
با بدەین دەنگی لەشکری / دەبا بێن رەمەك و پیران
زەرزا بێن بە نادری / مەنگوور و مامش و پیران
گەورك بێنە لەشکری / خێڵی فەیزوڵڵابەگی
بەگزادە و دێبوکری / ئەوها دەڵێ کاك هەمزە
پاك کاغەزم بدەنێ / سەبەب بە سبحەی رۆژێ
کەس خەتای کەس نەگرێ / شێخ داوای مولکی دەکا
تا تەورێزێ دەگرێ* / تا تەورێزم ئێ وییە
یەکێ وا لە شارییە / ئەو برای تاجرباشییە
حوجرەی نەکرد خۆراییە / دەڵێ ئەو ئالایەی بە شێخییە
سابلاخیان دروست کردییە / لە لرفەلرفەی ئالایە
تەماحی ماڵی دنیایە / زۆر بترسن لەدوایە

بێن وەگێڕن ئەو قەزایە

هەمزاغا سوار دەبوو / دە نۆکەران دەفکرێ
دە کوڕە بدەن لە تەپڵی / دەگەڵسبحەینێ تاو دەنگوت

دەورەی میاندواوی دەگرێ   هەمزاغا دەنەڕێنێ
سەلیمخانی چەرداوەڕوو*   وەك پۆڕێ دەچریکێنێ
دەگەڵ تفەنگی دەیهاویت   لە خاڵی شێخی دەدا*

لە زینی دەترازێنێ

وەك جەللاب دەبڕێ سەری   وەك هەلۆی دەڕفێنێ
فەسڵێکی وا قەڵماوە   هێندێك لە پیاوی شێخی
«کاڵە موونی»یان ناوە   جوابیان دێنا بۆ شێخی*
یا شێخ خاڵت گوژاوە   شێخ ئەوە گوێی خۆی لێیە
پیاوێکی خوێندەوارە   هەم مەلایە و فەقێیە
دە بڕۆن لەو قسەی گەڕێن   چبکەم کاری خودێیە
دە بڕۆن ڕەدوای کەون   بزانن مزڵی لەکوێیە
ئاوری بەردەنە شاری   بێت بە ڕۆژی حەشرێیە
تەقەتەقی مارتینان   لە بلێسەی دە شەشخانان
چرپانچرپان پەیدا بوو   لە کووچە و لە دالآن
منداڵ و خێزان قوریەن   دەپەڕێنە سەر بانان
چەندیان عەجەم دەکوشتن   لەسەر باغ و بێستانان
دە دەڕێنن کلیلان   دە بشکێنن دووکانان
ئەتڵەس و کیمخوا و خارا   بۆ گاوان و شوانان
بۆ گاوان و شوانی   لەو حەمەدئاغای مامش
چەن پیاوێکی زۆرزانی   دەگەڵ عەجەمان یەکە*
بە مەنگووڕان غەیانی   لای بناوی لێدەگرتن
بەری بەرەڵلا کردن   خلاسی کردن کرمانی
میاندواویش تالآن دەکرا   دەگەڵ بەری بەیانی
ئەو تالآن و ماڵی هات   پاکی تاقەت کراوە
یەکێك لە دێبوکریان   مینەی قادرئاغای ناوە*
لە بنەبنەی سەهەندی*   تالآن و ماڵ گێڕاوە
بەوەش ڕازی نەدەبوو   بەو حەڕابەی کێشاوە
نایب و مودەبیران   لە تێلگرافیان داوە
سەلام لە شاری ئێرانی   خەراپن لێ قەڵماوە
ئەو ڕەژیفرۆشی گەورکی   پاکی هاتو لەولاوە

ئـــــەو سەردەشـــــتی وا دیوتـــــە	مـــــاڵ بـــە مـــاڵی ســـووتاوە
ئـــەو حەجـــەمی میـــاندواوێ	بـــە ســـیکبەریش نـــەماوە*
شـــا دەڵـــێ ئـــەهوا ناکـــەم	بـــە قســـەی ئـــەنگۆ بـــروا ناکـــەم
ولاتـــی خـــۆ خـــەرا ناکـــەم	لـــەو شـــێخەکەی چاومەســـتە
ســـبحەینێ لـــە خـــەو هەســـتا	لـــەو شـــێخەکەی دە چاومەســـت
کـــە تفـــەنگی گرتبـــوو بـــە دەســـت	بـــانگی هـــەمزەی کـــرد لەقەســـت
هـــەمزە بڵـند بـــوو لـــە نـــاوی	لـــە بریقـــەی زرێ و قـــەڵاوی
ئەوچـــەل دەچمـــە ســـەر بنـــاوی	هـــەمزاغا ســـوار دەبـــوو
«ســـوارە»ی بـــرازای کەوتـــە دوو*	هـــەمزە لەلـــێ بـــرازا
دەمانچـــەی پشـــتیم ســـازە	لێـــیدەن راوە بـــەرازە
هـــەمزا خـــۆ دەخێـــوێ	ســـەرتاپای خـــۆی دەبزێـــوێ
رمبـــی لـــێکردوون بـــە گـــەز	خـــارا و کیمخـــوای دەکـــەوێ*

---

* قارەمانی: لە عەشرەتی دێبوکریانن، چونکە لە بەرەی «قارەمان»ی کوڕی بارامئاغای دێبوکرین و پێیان دەڵێن قارەمانی.

* مەبەست لە خانباباخانی کوڕی مەجیدخانە کە لە ئازادکردنی سابلاخدا کرایە فەرمانبەری ئەوێ.

* مەبەست قادرئاغای ئیندرقاشی دێبوکرییە، کە لەو کاتەدا دژی شۆڕشی کورد، هاوکاریی لەشکری دەوڵەتی ئێرانی کردووە. ئەو تایفەیە لەنێو دێبوکرییەکاندا بە تایفەی «هەباسئاغا» ناسراون.

* مەبەست لە هەمزاغای مەنگوورە.

* باسی زوڵمی لەڕادەبەدەری لوتفعەلیخانی فەرمانڕەوای سابلاخە.

* مەبەست لە مەنگوورەکانە. وەك دەڵێن رەچەڵەکی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ سەر کاك «دەرویش».

* مەبەست شێخعوبەیدوڵڵای نەهرییە.

* مەبەست لە محەمەدئاغای مامشە.

* مەبەست لە لوتفعەلیخانی فەرمانڕەوای سابلاخە.

* دیارە بەرنامەی شێخ عوبەیدوڵڵا گرتنی تەوریز بووە.

* سەلیمخانی چواردۆڵیشی پێدەڵێن.

* مەبەست لە میربەگی خاڵی شێخ عەبدولقادرە.

* مەبەست لە کێوی سەهەندە.

* مەبەست لە «سوارئاغا»ی برازای هەمزاغایە.

* مەبەست لە شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخعوبەیدوڵڵایە.

* دەیسەلمێنی کە محەمەدئاغای مامش، هاوکاریی لەشکری عەجەم دەکات.

* مینەئاغای کوڕی قادرئاغای دێبوکری، خۆی لەگەڵ لەشکری کورد و باوکیشی لەگەڵ لەشکری ئێران (لەگەڵ هێزەکەی حەسەنعەلیخانی گەڕووس) بووە. وەك لێرەدا دەردەکەوی مینەئاغا بەوناوەوە کە لەگەڵ لەشکری کوردە، هەر خەریکی دزی و تاڵانییە.

* واتە لە سێ بەشی عەجەمی میاندواو، دوو بەشی کوژراوە.

* قیام ملا خلیل و رد فرمان رضاخان ، ابراهیم افخمی، انتشارات محمدی، چاپ اول ١٣٦٨شمسی

فارسی:

١- مارتین ڤان‌برۆیین‌سن - (آغا، شیخ و دولت) جامعه‌شناسی مردم کرد - ترجمه: ابراهیم یونسی - نشر بانیذ تهران چاپ اول ١٣٧٨ش
٢- هراند پاسدر ماجیان - تاریخ ارمنستان - ترجمه محەمەد قاضي - انتشارات زرین - تهران چاپ دوم - ١٣٧٧ شمسی
٣- رابرت اولسن - قیام شیخ سعید پیران - ترجمه ابراهیم یونسی - مؤسسه انتشارات نگاه - تهران چاپ اول ١٣٧٧ ش
٤- ایرج افشار - گزارشها و نامه‌های دیوانی و نظامی امیرنظام گروسی - بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار - چاپ اول - تهران ١٣٧٣ش
٥- اسکندر غوریانس - قیام شیخ‌عبیدالله شمزینی در عهد ناصرالدین شاه - به اهتمام عبدالله مردوخ - انتشارات دنیای دانش - چاپ مسعود - چاپ اول، تهران ١٣٥٦ش
٦- علی‌اکبر دهخدا - لغت‌نامه - مؤسسه لغت‌نامه دهخدا - چاپ دوم تهران ١٣٧٧ ش
٧- شرح حال عباس‌میرزا (ملك‌آرا) به کوشش دکتر عبدالحسین نوایی - جلد ٢ تهران بابك - ١٣٥٥ش
٨- میرزا رشید ادیب‌الشعرا - تاریخ افشار - به کوشش محمود رامیان - ضمیمه: شورش شیخ عبیدالله - پرویز شهریارافشار - تبریز - چاپخانه شفق - ١٣٤٦ ش
٩- استاندارد. جی. شاو و ازل کورال شاو - تاریخ امپراتوری عثمانی و ترکیه جدید - ج ١ و ٢ ترجمه: محمود رمضانزاده - انتشارات معاونت فرهنگی آستان قدس رضوي - چاپ اول - ١٣٧٠ش
١٠- جورج. ن. کرزن - ایران و قضیه ایران - جلد ١ و ٢ - ترجمه: غ. وحید مازندرانی - مرکز انتشارات علمی و فرهنگی - چاپ دوم ١٣٦٢ش
١١- گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی - دفتر مطالعات سیاسی و بین‌المللی (وزارت امور خارجه) واحد نشر اسناد - جلد ٣ - چاپ اول ١٣٧٠ ش
١٢- محمدرضا نصیری (دکتر) - اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه) جلد ٣ - انتشارات کیهان - چاپ اول ١٣٧١ش
١٣- کریس کوچرا - جنبش ملی کرد - ترجمه ابراهیم یونسی - مؤسسه انتشارات نگاه - چاپ اول تهران ١٣٧٣ش
١٤- حمید احمدی - - قومیت و قومیت‌گرایی در ایران - از افسانه تا واقعیت - نشر نی - تهران چاپ اول ١٣٧٨ش

١٥- شيخ محمد مردوخ - تاريخ كرد و كردستان (توابع) - انتشارات غريقى - سنندج - جلد دوم - چاپ اول ١٣٥١ش
١٦- اسكندربيگ تركمان - تاريخ عالم‌آراى عباسى - جلد ٢ تهران اميركبير - ١٣٥٠ ش
١٧ - نصرالله فلسفى - زندگانى شاه عباس اول - ج ٣ و ٤ - علمى - پاييز ١٣٦٩ش
١٨- مجير شيبانى (دكتر) - عالم‌آراى صفوى - تشكيل شاهنشاهى صفوى - تهران - دانشگاه تهران - ١٣٤٦ش
١٩ - بابامردوخ روحانى - تاريخ مشاهير كرد - جلد ٣ - انتشارات سروش - تهران ١٣٧١
٢٠- محمدرضا عباسى - حكومت سايه‌ها - اسناد محرمانه و سياسى ميرزاحسين سپهسالار - انتشارات سازمان اسناد ملى ايران - تهران ١٣٧٢ش
٢١- على دهقان - رضائيه يا سرزمين زردشت - تهران - ابن سينا - ١٣٤٨ ش
٢٢- مرتضى راوندى - تاريخ اجتماعى ايران - ج ٢ - تهران اميركبير
٢٣- ابراهيم افخمى _ قيام ملا خليل و رد فرمان رضا خان - انتشارات محمدى ١٣٦٨ ش.
٢٤- روزنامه «همشهرى» دوشنبه: ١٩/١٢/١٩٩٤ _ شماره ٥٧٧ _ سال سوم.
٢٥- حديقه ناصريه: على اكبر وقايع نگار. به اهتمام محمد رئوف توكلى. تهران ١٣٦٤
٢٦- تحفه ناصرى: ميرزا شكرالله سنندجى (فخرالكتاب)، دكتر حشمت‌الله طبيبى. ١٣٦٨ شمسى - ١٩٨٩ م -

عربى:

٢٧- هەڵکەوت حەکیم - ابعاد ظهور الطريقة النقشبندية فى كردستان فى اوائل القرن التاسع عشر- مجله دراسات كرديه - العدد ١ - كانون الثانى - پاريس ١٩٨٤
٢٨- سيامەند . ز . عثمان - ملاحظات حول نشأه الحركة القوميه كرديه - مجله دراسات كرديه - العدد ١ - كانون الثانى - پاريس ١٩٨٤ - ص ٢٢
٢٩- كمال مظهر احمد (الدكتور) دراسات من تاريخ ايران الحديث و المعاصر - بغداد - مطبعة اركان - ١٩٨٥
٣٠- عباس العزاوى - مولانا خالد النقشبندى - مجله المجمع العلمى الكردى - العدد الاول - بغداد ١٩٧٣
٣١- الشيخ محەمەدالخال - الشيخ معروف النودهى البرزنجى - بغداد ١٩٦١
٣٢- فصيح البغدادى - المجد التالد فى مناقب الشيخ الخالد - استانبول ١٨٧٢

٣٣- مینورسکی - الاکراد - ترجمه الدکتور معروف خزنەدار - بغداد ١٩٦٩٣٤- علی الوردی (الدکتور) - لمحات اجتماعیه من تاریخ العراق الحدیث - الجز الثالث - مطبعة الشعب - بغداد ١٩٧٢

کوردی:

٣٥- کەمال مەزهەر ئەحمەد (دوکتۆر) - کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا - کۆڕی زانیاری کورد - چاپی یەکەم - بەغدا ١٩٧٥
٣٦- ن. ا. خالْفین - خەبات لە ڕێی کوردستاندا - وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە بۆ کوردی: جەلال تەقی - چاپی یەکەم - چاپخانەی ڕاپەڕین - سلێمانی ١٩٧١
٣٧- ساڵح محەمەدئەمین - کورد و عەجەم - چاپی دووەم - سلێمانی ١٩٩٢
٣٨- جەلیلی جەلیل (دوکتۆر) - ڕاپە ڕینی کوردەکان - ١٨٨٠ - وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە : دوکتور کاوس قەفتان - چاپی یەکەم - چاپخانەی الزمان - بەغداد ١٩٨٧
٣٩- عەزیز شەمزینی (دوکتۆر) - جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان - وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: فەرید ئەسەسەرد - چاپی سێیەم - سلێمانی ١٩٩٨
٤٠- جەمال میرزاعەزیز - لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی - بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ١٨٨٠ - چاپی یەکەم - سلێمانی ١٩٩٩
٤١- جەمال میرزا عەزیز - دەنگوباسەکانی کوردستان لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ - ژمارە ٢٠٦٣ - ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠٠/٢/٢
٤٢- فەیسەڵ دەبباغ - یەکەمین کۆمەڵەی کوردیی - ڕۆژنامەی برایەتی - ژمارە ٢٩٤٦ ڕۆژی چوارشەممە ١٩٩٩/١٠/١٣
٤٣- دیوانی حاجی قادری کۆیی - لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی : سەردار حەمید میران و کەریم شارەزا - پێداچوونەوەی مەسعوود محەمەد - ١٩٨٦
٤٤- کلودیوس جیمس ریچ - گەشتی ریچ بۆ کوردستان (١٨٢٠) - گۆڕینی لە عەرەبییەوە بۆ کوردیی: محەمەد حەمەباقی - چاپی دووەم تەورێز ١٩٩٤
٤٥- وەفایی - بیرەوەرییەکانی وەفایی - وەرگێڕانی لە فارسییەوە محەمەد حەمەباقی - چاپی یەکەم هەولێر ١٩٩٩
٤٦- بلەچ شێرکۆ (دوکتۆر) - کێشەی کورد - گۆڕینی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی : محەمەد حەمەباقی - چاپی سێیەم - هەولێر١٩٩٢
٤٧- ژیننامەی سەیید تەهای شەمزینی - لە تورکییەوە کراوەتە فارسی و ئێمەش کردوومانەتە کوردی (هێشتا چاپ نەکراوە)

فەرهەنگی ناو

«ئ»

« ب »

« پ »

« ت »

« ج »

« خ »

« د »

« ر »

« ز »

« س »

«ش»

«ص»

«ع»

« ف »

«ی»

فەرهەنگی جوگرافیا

«ب»

«ش»

«ع»

«ف»

«ق»

«ڤ»

ك

«گ»

شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری
لەگەڵ «دکتۆر کۆچران»ی پزیشکی مسیۆنێری دەستەی ئەمریکایی و
دوو پێشمەرگە بە «پێوە وەستاون» لە شاری ورمێ، لە ساڵی ١٨٨٠ دا

بەرهەمی چاپکراو:

١ ـ **زووان ـ شیعر** ـ چاپی یەکەم ـ چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ١٩٨٠
٢ ـ **گەشتی ریچ بۆ سلێمانی** ـ وەرگێڕان ـ چاپی یەکەم ـ بەرگەڵوو ١٩٨٤
٣ ـ **کێشەی کورد** ـ وەرگێڕان ـ چاپی یەکەم ـ یاخ سەمەر ١٩٨٦
چاپی دووەم ـ ئێران ـ تەورێز ـ ١٩٩٠
چاپی سێیەم ـ هەولێر ـ ١٩٩٢
٤ ـ **گوڵەکانی دۆزەخ** ـ شیعر ـ چاپی یەکەم ـ ئێران ـ تەورێز ١٩٩٠
چاپی دووەم ـ هەولێر ـ ١٩٩٢
٥ ـ **گەشتی ریچ بۆ کوردستان** ـ وەرگێڕان ـ چاپی یەکەم ـ ئێران ـ تەورێز ـ ١٩٩٢
چاپی دووەم ـ ئێران ـ تەورێز ـ ١٩٩٥
٦ ـ **ئەفسانەی ئەدۆنس** ـ وەرگێڕان ـ ئێران ـ تەورێز ـ ١٩٩٤
٧ ـ **گۆرانی کوردی** ـ وەرگێڕان ـ چاپی یەکەم ـ ئێران تەورێز ـ ١٩٩٤
٨ ـ **مێژووی مۆسیقای کوردی** ـ چاپی یەکەم ـ ئێران ـ شهر کرد ـ ١٩٩٦
٩ ـ **سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی** ـ چاپی یەکەم ـ هەولێر ـ ١٩٩٨
١٠ ـ **راوە گزنگ** ـ وتارو رەخنەی ئەدەبیی ـ چاپی یەکەم ـ هەولێر ـ ١٩٩٨
١١ ـ **بیرەوەرییەکانی وەفایی(تحفة المريدين)** وەرگێڕان ـ چاپی یەکەم ـ هەولێر ـ ١٩٩٩
١٢ ـ **کەروێشکی زیرەک و گورگی دانا** ـ چیرۆکی منداڵان ـ وەرگێڕان ـ چاپی یەکەم ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٠
١٣ ـ **شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی قارجاری دا** ـ چاپی یەکەم ـ هەولێر ـ ٢٠٠٠

بەرهەمی داهاتوو:

١ ـ **شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیدا**
٢ ـ **شینی خواوەند** ـ شیعر
٣ ـ **کورد لە بەڵگەنامەی قاجاریدا و عوسمانیدا**
٤ ـ **کورد لە سەفەرنامەی بیانی دا** ـ وەرگێڕان لە فارسییەوە
٥ ـ **دیوانی مەولەوی تاوەگۆزی**
٦ ـ **خوێندنەوەیەکی نوێی مەولەوی تاوەگۆزی** ـ لێکۆڵینەوە

Therefore because of following reasons Shaikh Obaidolla can be . viewed a different leader from previous ones who wanted to establish only a self-determined govement:

1. It was for the first time that a political Kurdish leader didn't belong to the class of capitalists; on the contrary the majority of previous leaders were either capitalist or chiefs of tribes.

2. Unlike former leaders Shaikh Obaidolla tried to unite different Kurdish tribes, thus being able to change the matter of Kurds from a regional crisis to an international problem.

3. More important than two previos mentioned cases was the pla of shaikh to communicate with representatives of foreign countries because he always liked to get them acquainted with the problems of Kurds diplomaticall. He is the unique leader of Kurds who could build a safe bridge of dialogue for exchanging views between his rivals and himself.

It was because of these characteristics of Shaikh that the revolution of 1880 commenced a new epoc of political life in Kurdistan. Though the life of this revolution lasted no longer than a few months, it could draw the attention of lovers of freedom. Once Earl Granville, the minister of foreign affairs of England, said, "I think Europe has not heard the last voice of Kurds' matter. One day this question may be propounded, "what should be done with Kurdistan?"".

sides a destroying war broke out on a plain called Chalderan in which a large number of soldiers of two sides were Killed, resulting in Safavi army's terrible defeat. Because of this irreparable failure subsequent Iranian kings considered Kurds their old enemy for the reason that they had protected Ottoman empire during the wars. On the other hand, as a rewar for Kurds' protection, Sultan Salim (1512-1520) returned all emirates to Kurd emirs.

After 20 years hositile quarrelling two goverments came to an agreement to stop fight and made peace. According to their conciliatory convention Kurdistan was diveded into two devisions, the western and southern parts was annexed to Ottoman empire and eastern part to Iranian Kingdom. This convention is called Amasieh (1555).

But after 84 years occasional wars another contract was concluded. This contract, Knwn as Zahaw (1639), is considered as the first step to divide Kurdistan. Like previous instances, after concluding several contracts which caused to lessen the political tension between two sides Kurdistan underwent a historical change. Because of dividing of Kurdistan, as mentioned above, Kurdish emirates couldn't take a step to be united. On the other hand, most of them, according to directions of two intrigant goverments, tried to fight and defeat each other. Thereafter, from the middle of the nineteenth century, Kurdistan faced a more confusing condition which brought more disturbance for all Kurds.

At the very time Shaikh Obaidolla made known himself as a political and religous leader and announced his political plans to settle the affairs of Kurdistan. Doubtless he has really been the first, and perhaps the greatest, religous and mundane Kurdish leader who revealed his intention to establish an independent Kurdistan most clearly.

Introduction

There is no doubt that among those democratic movements and revolutions of Kurds, taken place in the nineteenth century, the revolution of 1880 is the most important and considerable one which was paid a carefull attention by leaders and Kings of neighbour countries. At the same time there are a lot of historical, social and political researches, carried out by both foreigner and Kurd writers, on the different aspects of this movement. The documents of the world archives attach much importance to this revolution for the reason that it happened in a strategic geographical site. In addition, the leader of this revolution, Shaikh Obaidolla Nahri, had some contemporaneous opinions which affected next events. Much of information on Sheihk's revolution stems from these excessive documents.

When Seikh Obaidolla, as a religous and political leader, tried to establish an independent Kurdish goverment, all people of Kurdistan were oppressed by two goverments, i.e, Ghajar and Ottoman. Whithin a period of four centuries these two goverments have rivaled each other on the land of Kurdistan, and in each bloody battle Kudrs' villages and towns became the main slaughter-house of innocent people. Consequently the society of Kurds couldn't progress both politically and economically.

At the beginning of the fifteenth century Shah Ismaiel I (1487-1525) attempted to spread the frontiers of his realm and impose Shiite, as the formal religion of all parts of the country, on Kurds. Subsequently he made an attack on Lorostan and Diarbakir, two regions of Kurdistan, and massacred a lot of Sunnite Kurds.

These threatening raids, as a result, created contradiction between two goverments. After some continious conflicts between two

Shaikh Obaidolah's Revolution
«1880»

in
Gajarian Documents

By:

Muhammad Hama Baqi

2000

سمیوئل نوآ کرامر

الواح سومری

مترجم

داود رسائی

تهران ۱۳۸۵

سرشناسه	:کرامر، سمیوئل نوآ م ۱۸۹۷ - Kramer, Samuel Noah
عنوان و پدیدآور	:الواح سومری / نویسنده سمیوئل نوآ کرامر؛ مترجم داود رسائی
مشخصات نشر	:تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، ۱۳۸۳.
مشخصات ظاهری	:سیزده، ۲۸۵ ص. نمونه
یادداشت	:چاپ سوم: تابستان ۱۳۸۵
یادداشت	:عنوان اصلی: From the tablets of sumer
کتابنامه و واژه‌نامه	:نمایه
موضوع	:سومریان
موضوع	:کتیبه‌های میخی سومری
شناسه افزوده	:رسائی، داود، مترجم
شناسه افزوده	:شرکت انتشارات علمی و فرهنگی
ردەبندی کنگره	:DS۷۲ / ک ۴ الف ۷ ۱۳۸۳
ردەبندی دیویی	:۹۳۵/۰۱
شابک	:ISBN 964-445-552-5
شماره کتابخانهٔ ملی ایران	:۱۸۵۷۷ - ۸۳م

الواح سومری

نویسنده: سمیوئل نوآ کرامر

مترجم : داود رسائی

چاپ نخست : ۱۳۴۰

چاپ سوم : تابستان ۱۳۸۵؛ شمارگان : ۲۰۰۰ نسخه

حروفچینی و آماده‌سازی : شرکت انتشارات علمی و فرهنگی

لیتوگرافی، چاپ و صحافی: شرکت چاپ و نشر علمی و فرهنگی کتیبه

شرکت انتشارات علمی و فرهنگی

○ **ادارهٔ مرکزی :** خیابان افریقا، چهارراه حقانی (جهان کودک)، کوچهٔ کمان، پلاک ۴، کد پستی ۱۵۱۸۷۳۶۳۱۳؛ صندوق پستی ۳۶۶ ـ ۱۵۱۷۵؛ تلفن : ۷۱ ـ ۸۸۷۷۴۵۶۹؛ فاکس: ۸۸۷۷۴۵۷۲

○ **مرکز پخش:** شرکت بازرگانی کتاب گستر، خیابان افریقا، بین بلوار ناهید و گلشهر، کوچهٔ گلفام، پلاک ۱؛ کد پستی ۱۹۱۵۶۷۳۴۸۳ ؛ تلفن: ۴۲-۲۲۰۲۴۱۴۱؛ تلفکس: ۲۲۰۵۰۳۲۶

آدرس اینترنتی: info@ketabgostarco.com www.Ketabgostarco.com

○ **فروشگاه یک:** خیابان انقلاب ـ روبروی در اصلی دانشگاه تهران؛ تلفن : ۶۶۴۰۰۷۸۶